ئامادە کردنی:

ناوەندی کوردەکا

بۆکان:

محەمەد ئەمین شاسەنەم: ٦٢٢١٣٤٠

عەلی جەوشەنی: ٦٢٤٢٩٢١

بەم هەمووە تاوانەوە لێبووردنی چی؟!

ئاشنایەتیم لەگەڵ کوردستان

نووسەر: جاناتان ڕەندڵ
وەرگێڕ: سەلاحەددین ئاشتی

ناوی کتێب: بەم هەمووە تاوانەوە لــێبووردنی چی؟
نووسەر: جاناتان ڕەندڵ
وەرگێڕ: سەلاحەددین ئاشتی
پێداچوونەوە: ئەحــمەد مەولانی
تیــراژ:
ژمارەی سپاردن:
چاپی یەکەم: 2003

پیتچن: کوردستان حوسێنی – ئەسرین بانەیان (گۆڤاری مەهاباد)

پێشەکی

گەلێ جار مرۆی لاوەکی لەسەر شکڵی ڕێبوار، ڕاسپاردە، توێژەرەوە، دینپەروەر، کارناس و هەواڵنێر هاتوونە کوردستان. گەڕاون، وردبوونەوە، بارودۆخیان هەڵسەنگاندووە و چی پێویست بێ کردوویانە. خەڵکیان بۆ ڕاپەڕین یا خۆ دووبەرەکایەتی هان داوە؛ هەزاران داویان ناوەتەوە و خڕ کردۆتەوە. بە شادی بەرەو ماڵ بوونەوە یان سەریان بە فەتەڕات چووە. بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ هەر ئەم کەسانە توانیویانە زانیاری یەکجار ورد و بەپێز کۆ بکەنەوە. پاشان هەر هێندەی کرابێ و سنووری بەرژەوەندی خۆیانی نەبەزاندبێ، بۆ ئێمەشیان گێڕاوەتەوە. ئێمەش زۆر چەلان بە تووڕەیی لە ماڵی خۆمان و لێر و لەوێ بە دەمیاندا چووینەوە و ئەوەی شایانیان نەبووە پێمانگوتوون. هەندێ جاریش بە ڕووی خۆشەوە پێشوازیمان لێکردوون و هەزاران دوعای بەخێرمان بۆ ناردوون و دانمان بە هەق داهێناوە، جا با تاڵیش بووبێ ...

جاناتان ڕەندڵ، هەواڵنێری چاوکراوەی ئەمریکایی و نووسەری ئەم کتێبە، یەکێ لەم کەسانەیە کە شایانی ڕێزگرتن و بە پیرەوە چوونە. وتەکانی ڕەندڵ هەڵدەگرێ شیکردنەوە و لێکدانەوەیان لەسەر بکرێ و کامەیان ڕاست و هەقن ئۆباڵیان بۆ بکێشرێ و کێهەیان وانەبوون بە بەڵگەوە بەرەو پاش سەرەوخوار کرێنەوە. ئازایەتی و دەقودۆغربێژی ئەم ئینسانە لە بابەت درکاندن و لە قاودانی دەوری دزێو و نامرۆڤانەی تەواوی غەوارانی دوور و نیزیك و دوژمنانی گەل و نیشتمان و لێنەزانین و خەیانەتی تاقمێ لە ڕێبەران و سەرکردەکانی کورد جێی سەرنج و خوردبوونەوەیە. بەڵێ ڕاستە بەشێك لە زانیارییەکانی لە زمان دوژمن و خەنیمانی یەکترەوە وەرگرتوون، بەڵام ڕوونە کە زۆربەیان ڕاستن و خۆمان هەستمان پێکردوون و بە چاو دیتوومانن. کەچی زۆر بەداخەوە بێتوو ئەم وتانە لە زمان ڕووناکبیر و خاوەن شعوورێکی نیشتمان بێنەدەر، ئالای بۆ هەڵدەگرن و تەنەکەی لە دوو دەکوتن و تەرەکەمەی دەکەن.

بەحەقیقەت ڕەنگە کەسی وا نەبێ کە لە ژیانیدا کردەی وا نابەجێی لێڕوونەدابێ کە لێی پەشیمان نەبووبێتەوە، بەتایبەت لە نێو بەرەی سەرجەلە و سەرۆك و ڕێبەراندا. جا ئەوەی وێراویەتی و پێی لە هەڵەی خۆی ناوە، هەم ئۆخژنی خستۆتە دەروونی خۆی و هەم تۆزێك ئاوپڕیشکێنی دڵی خەڵکی کردووە و تیشکی خستۆتە سەر هەتلەڕێیان، بەڵام ئەوەی نەوێراوە و فیز و دەماری لێینەگەڕاوە بیدرکێنێ، لەسەر دڵی

خۆی و جەمـــاوەر بۆتە ناسۆر و پەردەی بە سەر چەوتییەکاندا کێــشاوە. هــەر بۆیــە پێداچــوونەوە و پــشکنیــن و لێکدانــەوەی مێــژوو دەتوانــێ زۆربــەی کونوکەلەبــەرە تاریـك و ونــەکان وەدرەبــخاو خــواروژوور پەنــدیان لــێوەربگیــرێ و هێنــدێك لــە گرێکان بڕەون. هیوادارم ئادەمیزادی کورد ئەوەندەی ئازایەتی هەبێ کـە بـە ڕەخنـەی ڕوون و بە ڕێوجێ دەرهەڵنەبێ، بەڵکوو بە مەبەستی ڕاست کردنەوەی هەڵەکانی بـە خۆیدا بێتەوە. هەڵبەت مرۆڤـ هـەتا گـەورەتر و بـەکردەوەتر بـێ، لــە تلاسـابوون و هەڵەی زلتـر نیزیکتـرە و لێرەدا پای سەرۆك و سەرکردەکانــمان دێتـە گـۆڕێ؛ ئـەو کەسانەی بە هەق یا بە ناهەق، لە ڕووی ساکاری و کاڵی و نەکوڵیوی کۆمەڵ یان بـە گوێرەی چەشنێك لێکدانەوەوە جڵەوداران؛ بۆیە دەبێ ئـەوان سـینگیان لـە هـەمووان فرەوانتـر بێ و خەڵك هان بدەن بۆ ڕاست و ڕەوابێژی ...

پێمخۆش بوو لە کوردستانێکی سـەربەخۆدا لـە دایـك بووبـام، کوردسـتانێك کـە نـموونەی ئازادی و دێموکراسی بوایە. کارم بە سیاسەتـمەداران نـەداوە دەڵـێن چـی، کەیفی خۆیانە، بەڵام هەتا ئەو ڕۆژەی سێبەردەکەم بە سەر ڕایەڵ دەکـەن چـاوەڕوانی ئەو ڕۆژەم ...

لە ئاخریدا با ئەوەتان وەبیـر بێنمەوە کە ناوی ئەم کتێبە بە پێـی نووسـینی ڕەنـدڵ دەبوو "پاش ئەم هەمووە زانیارییە لێبووردنی چی؟" بوایە، بەڵام بـەڕێز دوکتـۆر "بـرایم یۆنسی" کە کردوویەتە فارسی و منیش لە فارسیڕا کردوومەتــە کــوردی، ئــاوای لــێ بەسەر دەهات: "بەم هەمووە ئابرووتکانەوە لێبووردنی چی؟"، بـەڵام هیـچیانـم بـە دڵ نەبوو، بۆیە ناوم نا: "بەم هەمووە تاوانەوە لێبووردنی چی؟". بەڕاستی زۆر خـۆم بـە ئەمـەگداری ڕێزدار کـاك "ئەحـمەد مەولانی" دەزانـم کە بە وردی پێیداهاتـــــەوە و هەڵە و پەڵەی بۆ هەڵگرتـمەوە و ڕاستەوپاستەی کرد.

سەلاحەددین ئاشتی – مەهاباد ۸۱/۱۰/۱۷
2003/1/7

بەشی ١

وەسیەتی خۆت کردووە؟[1]

بۆ ئەم کەسانەی لە هەرێمێکی ڕازاوەی کۆمەڵایەتیدا
پێیان ناوەتە جەغزی ژیان، هیچ شتێك
ئۆقرەوورووژێنتر لە بەرەبەری سەفەر بۆ مەڵبەندێکی فرە سەخت و سەرکەش نیە.
گێرترووودبێل, سارا و ئاوایی (١٩٠٧)

بیری نووسینی کتێبێك سەبارەت بە کوردان و کوردستان, پاشنیوەڕۆیـــــەکی تاووساوی مانگی ئووتی ١٩٨٦ لــە پـلاژی تـەواو تەنکەخـەڵکی "سـاوس بـیچ"، لــە لێواری "مارتا وینیارد" زەینی ئەنگاوتـم. تەنانەت ئێستاش گوێم بـە وتـەکانی ئەوسـای

1- Have you notified your next of kin? بە کەس‌وکارت گوتووە؟

خۆم دەزرینگێتەوە و لە بیرمە لەو دەمەیدا بادەی ڕوونم, بە پەرداخی پڕی پەلاستیکی فڕ هەڵدەدا, خێزانم کە لەم بابەتەوە دوودڵ بوو، ئاوای لێدەبیستم: "ئەم کارە دەکەم: سەرنجم داوێمە سەر سووچێکی لە بیراننەماوی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و بە دابی سەدەی نۆزدە, سێ مانگێك ئەم وڵاتەی لە بوون بێبەرییە, تێیدەگەڕێم." ئەم گەڵاڵەیە, خەیاڵاتێکی مەودای ڕۆژانی پشوودان بوو. دەبوو بمزانیبا. بەڕاستی زانیارییەکی زۆر کەمم لە بارەی کوردانەوە هەبوو. کەم بوون ئەو ڕۆژاواییانەی زانیارییەکی دروستیان لەسەر ئەم خەڵکە هەبوو. یەکەم ئەزموونەکانم بە ڕواڵەت چی وا لە دڵان خۆش نەبوون, بەڵام لە گەڕیانی ڕووداوەکانی بەیرووتا هەستی قوژبن پشکنیان بزاوتبووم: ئەوان سەردەمان لە بەیرووت هەواڵنێری "واشینگتۆنپۆست" بووم. لە ڕۆژانی دەسپێکی شەڕی نێوخۆی لوبنان, یانی ساڵی ١٩٧٥, چەکدارانی کوردی ئەو کەسانەی خۆیان بە مائۆئیست دەزانی بە زەبری تفەنگ منیان لە ئاپارتمانی شوێنی کارەکەم وەدەرنابوو.

بڕاویەکی خراپی تایبەتییان سەبارەت بە من نەبوو, لەوان دەورووبەران پەلامار و چالاکییان دەس پێکردبوو و من بۆیان "سەر و دڵگر" بووم. ئەوەی هەمبوو بە تالان چوو و ئیتر لە خێروبێری هەمووی چوومە دەر. چەند مانگێك دواتر خۆم شایەدی ڕەپاڵنانی ئەم کوردانە و فەلەستینی و شیعەکانی لوبنان لە لایەن چەکدارانی مەسیحیی مارۆونییەوە بووم, کە بۆ "دابین"ی بنکەی سەرکردایەتی خۆیان ئەم خەڵکەیان بە زەبری چەك لە کۆخەکانی گەڕەکی هەژارنشین و لاپەڕی شار دەرپەڕاند. ئاخرییەکەی لە بەرەبەری هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر لوبنان لە ١٩٨٢دا, تاقمێك کوردی تر کە لە خزمەت ئەربابانی نەناسراوا بوون, ماڵی ئەو دۆستانەی کە پەنایان دابووم, دایایە بەر خۆمپارە. ئەمە ڕاست ئەو دەمە بوو کە من خەریکی نووسینی کتێبێك بووم لەسەر قەیرانی لوبنان.

ئەوەی کە بە ناوی زانیاری قووڵتر لە بابەت کوردانەوە زارەوزار دەگەڕا, دەکرێ لە چەند ڕستەی پووچ و بێتاما ئاوا کورت کرێتەوە: سەدەیەك لێرەوبەر

ئورووپایی‌یەکان کوردستانیان بە شوێنێکی لاپەڕی مەترسیدار دەزانی, جێیەکی چەشنی ڕۆژاوای وەحشیی ئەمریکا, (بە شێوەیەك کە کارۆل مەی ئەڵمانی, نووسەری گەلەچیرۆکی خەیاڵاوی و پڕ کارەسات, تەنانەت هێندێك چیرۆکی لەمەڕ گالەوەڕێن و سووریێستان و ئەم شێوە شتانەوە نووسی, کە خۆی پێی‌دەگوت "کوردستانی وەحشیی".) یەکێ لە کەسایەتییەکانی سازکراوی ترولـلوپ[1] لە ڕۆمانێکدا بە ناوی." داخوا دەتوانی لێی ببووری؟" وەها باسی کوردستان دەکا هەر دەڵێی شوێنێکە و کەوتۆتە بنەبانی جیهان و کوێی لێ کێوێتر نیە. لە شەڕی یەکەمی جیهانی‌دا, چواردە بەندی "ڤود ویلسۆن" سەرکۆماری ئەمریکا بەڵێنی پێکهاتنی وڵاتێکی دا بە کوردان, کە بڕیار وابوو لە هەرێمی ئیمپراتۆرییەتی تێکشکاوی عوسمانیا بگوورێ. سنووری ئەم وڵاتەی گفتی لەسەر درابوو بە وردی دیاری نەکرابوو. گەلێ دواتر کە تورکیای مستەفا کەمال لە ژێر هەرەسی عوسمانیا سەری قوت کردەوە, لە پێش‌دا کوردانی بە دژی دوژمنانی دەرەکی وەخۆخست و هانی دان و پاشان ئاوات و ئامانجی نەتەوەیی پێخوست کردن و تێك‌وپێکی هەڵشێلان. بریتانیا کە لە لایەن کۆمەڵی نەتەوەکانەوە کرابوویە سەرپەرستی وڵاتی تازەسازی ئێراق هیچ مەیلی لە وەدیهاتنی ئاواتی نەتەوەیی خەڵکی کورد نەبوو. ئەو خوازیاری چەسپاندنی دەسەڵاتی بەسەر هەرێمێکا بوو کە کوردان بە ئی خۆیان دەزانی و بە زەبری تفەنگ ئەم خەڵکەی بۆ یەکێتییەکی خوێناوی لەگەڵ وڵاتێکی تازەساز و دەسکردی خۆی ناچار کرد, ئەم وڵاتەی کە دەسەڵات و حکوومەتی لە دەس کەمەنەتەوەی عەرەبی سوننی مەزەبا بوو.

لەو سەردەمەوە بەرەو ئێستا دەوڵەتانی هەمەڕەنگی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بۆ تێکشکاندنی شۆڕشی پەیتاپەیتای کوردان و بە دەرفەت هێنان لە شێوە بۆچوونی ئورووپایی‌یەکان لەسەر مانای "وڵاتێکی پێشکەوتوو و کۆدەسەڵات" لە کاتی خۆیا بە دژی کورد پاڵیان وێك‌داوە, لە ترسی ئەوەی نەکا کوردانی ژێردەستەی سەربزێویان

١- Trollope (ئانتۆنی), نووسەری ئینگلیسی, ١٨١٥ – ١٨٨٢.

لەمبەروبەری کەوشەنی سیاسی دەسکرد, خۆ ڕێك‌بــــخەن ... چــــونکە کــــوردان چوارەمین کۆمەڵی فرەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ڕەنگە گەورەترین دۆڕاوانـی شـانۆی سیاسی ئەم مەڵبەندە بن. کەسێ حاشا لـەمە ناکـا کـە ئـەم خەڵکـە فرەتـرین کۆمـەڵی نەتەوەیین کە بێ وڵاتی سـەربەخۆن. ترسـی دەسـەڵاتدارانی لاوەکـی لـەم خەڵکـە بـە ڕادەیەك بـووە و هەیـە کـە بـە درێـژایی دەیـان سـاڵ سـەرژمێرییەکی جـێ متمانـەیان لـێ‌وەدەست نەهاتووە و ڕێژەی نفووسیان تەنیا لـە ڕووی بۆچوون و گومانەوە دەکـرێ دیاری بکرێ. زۆر وێدەچێ ڕێژەی نفووسی ئـەم خەڵکـە ٢٥ میلیـۆن کـەس بـێ. بـۆ کۆڵینەوە و پرس و توێژینەوە لـە دەرەوەڕا [سەبارەت بە جـەماوەری کـوردان] ڕووی خۆش نیشان نادرێ.

کوردان کە بەڕاستی لـە وڵاتی خۆیان غەوارەن و لـەم سـەدەیەدا تـەنیا دەتـوانن بـە سەرســوڕمانەوە لــەم ســەروەت و ســامانە ڕامێــنن کــە کۆمــەڵانی عــەرەب لــە ڕێــی ناسیۆنالیزمی فەلـەستینییانا بەختی دەکـەن, هـەر بەڕاسـتی منـاڵانی بێ‌ئـەنوا و تێمـاو و لێقەوماوی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستن. ئەم خەڵکە کە لـە نەوتی خۆیان بێ‌بەش کراون و لـە وڵاتێکا نەمرنەژی دەیانژێن و لـەوی ترا جل‌وبەرگی نەتەوەیی‌یان لـەبـەر دادڕنـن و لــە وڵاتی سێهەما پەیڤین بە زمانی زگماکییان لـێ بەربەست کراوە و لـە بنەڕەتیتـرین مـافی ئینسانی بێ‌بەهرەن, لە سەردەم و شوێنی جیاوازا کەوتوونە ژێر تـەوژمی چەوسـانەوەی توند و تیژ ... سەرەڕای ئەمانە, بەم خۆڕاگرییەی لە بەرامبەر توانەوە و قاڵ بـوون لــە نێو فەرهەنگی دەسەڵاتدارا کردوویانە, "ئاغاکانیان" خستۆتە گێژی گێژەوێ. قورسـایی یەکەمین بۆمبارانی وڵاتانی جیهانی سێهەم, کەڵك وەرگرتن لـە گازی ژاراوی، خـاپوور کرانی بە ئانقەستی گوندان لـە ئێراق[1] و ڕاگـوێزران و دوور خرانـەوە بـۆ ناوچـەکانی

١– لە تورکیاش.

ڕۆژاوای وڵات لــە تورکیــا کەوتۆتــە سەرشــانیان و لێــی خەڵەســتوون و کــوژرانی ڕێبەرانیان لە لایەن ئێرانەوە بە چاوی خۆیان دیتووە.

هێــزی ئاســـمانیی پاشــایەتی بریتانیــا لــە ژانوییــەی ١٩١٩دا کوردەکــانی ئێراقــی بۆمباران کرد. ئەمە یەکەم کەڵك وەرگرتنە لە هێزی ئاســمانیی بۆ سەرکوتی شۆڕشان. بە بڕوای ئینگلیسییەکان بۆمبارانی ئاسـمانیی هەرزانتر بوو لە هێــزی زەمینــی. دواتــر, هەر لەو ســاڵەدا – یــانی لــە ســێهەم شــەڕی بریتانیــا لەگــەڵ ئەفغانــستانا – هێــزی ئاســمانیی پاشایەتی کە بنکە و فڕگەی لــە هیندووســتان بــوو, شــارەکانی ئەفغانــستانی بۆمباران کرد و "ئەمیر ئەمانوڵڵاخان"ی بۆ پێکهاتن ناچار کرد. وینستۆن چرچــیل, لــە پلەی وەزیری موستەعمەراتا, لە ساڵی ١٩٢١دا بەرپرســایەتی چەســپاندنی هێــوری و تەکووز و یاسای لەو ناوچانەی کە بریتانیا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستا سەرپەرســتیان بــوو بە تــەواوی دایــە دەس هێــزی ئاســـمانیی پاشــایەتی. یــەکێ لــەم ئەفــسەرانەی هێــزی ئاســمانیی بریتانیا کە لە ئێراق کــاری دەکــرد "ئــاتوور هــریس" بــوو کــە لــە شــەڕی دووهەمی جیهانیدا لەبەر دڵڕەقی و بێبــەزەیی لــە کــاتی بۆمبــارانی ئامانـــجە غــەیرە سەربازییەکانی ئاڵمان بە "هریس بۆمبی" ناوبانگی دەرکردبوو.

کوردەکانی دانیشتووی بەغدا و دەمیشق و ئیــستامبووڵ و تــاران, هــەروا ڕووحــی کوردێتی خۆیــان دەگەشــێننەوە و ســەرەڕای کاردانــەوەی "وە یەکــسان گێڕانــی" ئــەم ناوەندە جەماوەرییانە, دەیپارێزن.

وەچەیەك پێشتر, یەکێك لــە هاوکــارانی ڕۆژنامەنووســی فەڕانــسەویم ســەری لــە هەستی "کوردێتی" لاوێکی دیپلمانــجی سەردەمی شەڕی کوردستانی ئێراق ســوڕمابوو: ئەم لاوە لە بەغدا هەڵیدابوو و زمانی کوردیشی بە چاکی نــەدەزانی. بــەڵام ســەرەڕای ئەوەش لەسەر کورد بوونی پێداگربوو و لــەم بابەتــەوە گــوتی: "لــەم بــارەوە چــم بــۆ ناکرێ, بە دەس خۆم نیە." مــن خــۆم لــەم هێــزی نەتەوەخوازییــەی لــە نــاخی لاوانــی کوردی تورکیادا سەری هەڵداوە, سەرم سوڕماوە. ئەم لاوانە بێگرێ بە تــورکی دێنــە ئاخافتن و نووسین, بەڵام ئامادەن بۆ ئەم کوردستانەی زمانەکەی بە باشی نازانن گیانیــان

بەخت کەن. تەواوی کوردان, تەنانەت ئەوانـەی کەوتوونـە دوورتـرین مەڵبەنـدەکانی چەشنی ئوسترالیاش, هەر ئەوەن.

وا مەنشوورە کە مێژوو بە دەستی سەرکەوتوان دەنووسرێ, یانی دوژمنانی خەڵکی کـورد. کـوردان لــە سـای سـەری چـیا و دوور بـوون لــە ناوەنـدەکانی دەسـەڵاتی ئیمپراتۆرییـەتی تـاران و قوسـتەنتەنییە جارناجارێـك, بـە گـوێرەی لاوازی و بـەهێزی ئاغاکانیان، تامی ئازادییان چێشتووە. بەر لـە شەڕی یەکەمی جیهـانی وێـرای تـەفروتونا بـوونی ئیمپراتـۆری عوسـمانی، کـە زۆربـەی کـوردان لــە هـەرێمی ئـەوا دەژیـان, بیروبۆچوون لـەسـەر "نەتـەوەخوازی نـوێ" کـورد و عـەرەبی وەخـۆ هێنانـەوە, بـەڵام تامەزرۆیی توند و تێژی کوردان بۆ وە دەس هێنانی ئـازادی و دارِنینـی نـیری کۆیلـەتی بێگانەکان لە ئەسـتۆ, قـەت نـەیتوانیوە هاوسـەنگ و هاوهـەنگاوی مـرخ و توانـستی سیاسییان بێ بۆ جیا بوونەوە. ئەو کوێرەوەری و چەرمەسەرییەی کە ئـەم گەلـە, تـەنیا لەم سەدەیەدا لـە رۆژهـەڵاتی نێوەڕاسـت تووشـی هـاتووە و خـۆی لـەبـەر ڕاگرتـووە، ناخرێتـە تـای تـەرازووی هـیچ دەرد و چەوسـانەوەیەك لــە هـیچ کـوێی دنیـا. ئـەم "نوێخوازییە" کە وەها زەبرێکی لە کوردان وەشاند, دەس کیـــــسی و چـــــاوەدزکەی ئاشکرای تەواوی هێزەکانی دەرەکی — لە هاوسێی شان بە شانەوە بگرە هەتا ئیـسرائیل و ئەمریکا — ی پێوە دیارە. دەستێوەردانی دەرەکی قەت بە خۆڕایی نەبووە. کوردستان لە بەختی باشی و — بە بڕوای تاقمێك لە بەختی ڕەشی — خاوەنی گەورەترین کانگـا و سەرچاوەی نەوت و ئاوە لەم ناوچە ویشك و قاقڕەی جیهانا.

پێشینەی ڕاپەڕینی نەپساوە و سزادانی پەیتاپەیتای کوردستان لـە سەدەی ڕابردووشـا لە دنیادا وێنەی بۆ پەیدا نابێ. مـخابن, یەکی دیش لـە چارەڕشییەکانی خـەڵکی کـورد نەبوونی ڕێکخـراوە و ڕێبەرایـەتی لێوەشـاوەیە.لــە سـەردەمی باڵـەفڕە و چـەکی دژی سەرهەڵدان, ئەم ئیستلاحەی کوردی کە دەڵێ: "تەنیا چیا دۆستی کوردانە!" تـازە وەك جـاران نرخـی نـەماوە, چـونکە تەنانـەت چـیاکانیش پارێزگـاری ئـەو سـەردەمانەیان لـێناکەن کە کوردستانیان بە ناوی "سەرزەوی گەردنکەشان" بە جیهان دەناساند.

گەیشتنە کوردستان بۆ من – چ کوردستانی ئێران و چ کوردستانی ئێراق – تەنیا سەرەدای کێشە و گیروگرفتان بوو. لە ڕابردوودا کوردستان شتێ نەبوو جگە لە ئاخروئۆخری سەفەرێکی دوور و درێژی تر بە سواری ئوتۆمبیل یا لە ناخۆشترین دۆخا, سەفەرێکی چەند ڕۆژە بە سواری یەستر. بەڵام لە گەرمەی شەڕێکی شەش ساڵەدا, هیچکام لەم دوو وڵاتە تێکهەڵچووە میوانداریی غەوارانی نەدەکرد. بەر لە ئێستا, بێ ئیزن چوونە کوردستان, بە هەڵبواردنی سنووری تورکیا بووزی دەخوارد. بەڵام ئێستا ئیدی ئەوەش نەدەکرا. ئەم شۆڕشەی لە ساڵی ١٩٨٤ەوە لە نێو کوردانی تورکیا هەڵگیرسابوو ئانکارای وا لێ‌کردبوو کە چەند هێزێك بۆ باشتر تەنینی کەوشەنی بەستراوی لەگەڵ ئێراقا بەرێ بکا و ئەمە پەڕینەوە لە سنووری سامناك دەنواند. پەڕینەوە لە سووریارا لەمەش دژواتر بوو. بۆ ئەم کارە دەبوو شەوانە لە دیجلەوە بە سواری "کەڵەك" و "تیووب"ی با کراوی ئوتۆمبیل وەپەڕی. ئەم کردەیە بۆ خۆ پاراستن و لادان لە یاساولانی ئێراقی و تێلەدڕوی چەك لە پشت پێویست بوو. دیارە ئەم شێوە سەفەرانە دەبوایە بەر لە تاوهەڵات کۆتایی پێ‌هاتبا. من ئەو کات ٥٣ ساڵم تەمەن بوو و پاش ئەم سی ساڵەی کە بە ناوی هەواڵنێری شەڕ چالاکیم نواندبوو ئیتر توانستێکی ئەوتۆم نەبوو کە بتوانم لەم هات و نەهاتانەدا دەکاری بێنم.

جا بەڵام ئێران. پاش ئەو هەمووە هات‌وچۆیەی لە سەردەمی ڕووخانی حکوومەتی شا و دەسپێکی حکوومەتی ئیسلامی‌دا بۆ ئەم وڵاتەم کردبوو, دیار بوو کەوتوومە سیایی سیای حکوومەتەوە. ئەگەر بەختم هێنابای و ویزایەکی سێ ڕۆژەم وەرگرتبا – ئەو کات لە ئێران وایان دانابوو – ئەمجار لەبەر شەڕ لەگەڵ ئێراق، ئیزنیان بە هیچ هەواڵنێرێکی لاوەکی نەدەدا پێ بنێتە کوردستان.

سەرەڕای ئەوانەش, ئەم مەبەستە زەینی وەها وروووژاندبووم کە بەر لە وەڕێ‌کەوتنم لە "مارتا وینیارد" بەرەو بنکەی پاریسم, جووتێکم پێڵاوی ئیتالیایی تایبەتی شاخەوانی و برێکم کەلوپەل کڕی. جاری وایە بە خۆسەلماندن بە ڕادەی خودی شانس, بۆ کاری هەواڵنێری پێویستە و ئەم شانسە لەڕێوە ڕووی تێکردم یا من خۆم هەرچۆنێك بێ وام دانا" هەر گەیمە پاریس توانیم سرنجی عەبدوڕڕەحمان قاسملوو, ڕێبەری

پێگەیشتوو و بەڕاستی ئازادیخوازی خەڵکی کورد, ڕاکێشم. قاسملوو بۆ ئەنجامی سەفەرێکی دەرەوەی کوردستان لە پاریسەوە تێدەپەڕی" لە شۆڕشی ئیسلامیەڕا بەرەوخوار – یانی لە نیزیك دەساڵ لێرەوبەرەوە – یەکترمان دەناسی. لە تاران و بەتایبەتی لە کوردستانی ئێرانا پێکەوە بووینە دۆست. ئەو لەم دیدارەدا, سەرەڕای بەربەست کرانی مەیخۆشی لە لایەن کۆماری ئیسلامی ئایەتوڵڵا خومەینییەوە, بە ئەرکی سەرشانی خۆی دەزانی کە میوانەکانی بە ویسکی میوانداری بکا. بڕیارمان دا لە چایخانەیەکی سەر لێواری چەپی "سێن" یەکتر بگرینەوە. کاتێك چوومە شوێنی دیاریکراو, نوێنەرەکەی داوای لێبووردنی کرد و سواری "پێژۆ"یەکی کۆنی کردم, لە دەوری باڵەخانەکە قۆرتی دایەوە و لە "کلۆزری دێ لیلا" پیادەی کردم. قاسملوو لەوێ چاوەڕێم بوو. من ئەو کاتە ئەم کردەیەم بە کردەیەکی "مێلۆ دراماتیك" لێکدایەوە, بەڵام زۆر بەر لەوەی کە ئەم دووە[1] لە ساڵی ١٩٨٩دا لەبەر کەمتەرخەمی ئەم خۆپاراستنانە وەلا بنێن و بە دەس پیاوەکانی ئێران بکوژرێن, ئەم بۆچوونەم وەلایەکی نابوو.

قاسملوو گوتی هەوڵ دەدا بە ئێراق بسەلمێنێ کە ناوم لە لیستەی ڕەشی گۆرین دەرباوێ و پسوولەیەکی هاتوچۆم بدەنێ, کە وەرەقەیەکی کەم بایەخترە لە ویزا و ڕێی بۆ خۆش دەکردم لە جیاتی ئەوەی لە بەغدا وەمێنم، بچمە سنووری ئێران و ئێراق. ئەوەش لەم سەیرە و سەمەرە کۆنانەی ژیانی خەڵکی کورد بوو کە دەوڵەتی ئێراق لە خەبات دژی ئێران, هاوپشتی قاسملووی دەکرد. قەرار وابوو قاسملوو لەوێ, یانی لە ناوچەکانی سەرسنوور, بمداتە دەس هەڤاڵانی جەلال تاڵەبانی. تاڵەبانی لەگەڵ ئەو – نەك لەتەك بەغدا – نێوانی خۆش بوو. بەڵێن وابوو ئەوانیش بە پێی پێویست بمدەنە دەس تاقمێکی تری کوردەکانی ئێراقی, واتە هەڤاڵانی پارتی

١– دوکتۆر عەبدوڕڕەحمان قاسملوو و عەبدوڵڵا قادری. "وەرگێڕ"

دێموکراتی بارزانی. دوودڵی قاسملوو لەم بابەتەوە دەگەڕایەوە سەر دڵمەند بوونی لە بارزانییەکان کە لە شەڕی لەگەڵ ئێراقا لانی ئێرانیان گرتبوو و بە دژی کوردەکانی ئێران کەوتبوونە شەڕ. نێوانی تاڵەبانی و بارزانی ئەشتەکی وا بوو.

بە گوێرەی ئەم کۆسپانە, دەرکەوتنم لە کوردستان دژوار دەبوو, چونکە مادام ئێراقییەکان زانیبایان پێم لەو جەغزەی قاسملوو باسی کردبوو ناوەتە دەر, تازە گەڕانەوەم قسەی لێنەدەکرا. قاسملوو بە ڕاشکاوی گوتی دەبێ وای دابنێم کە سیخوڕەکانی دەزگای پاراستنی ئێراق و ئێران دەکەونە پێ و شوێنم و تەواوی جووڵە و جووڵانەوەم دەخەنە ژێر چاوەدێری.

ئەگەر ئەو کات بمزانیبا ئەم بۆچوونە چەند ورد و دروستە بێونەبێ پەلەم نەدەکرد. سیخوڕانی ئێراق شوێنی غەوارانیان هەڵدەنا و بە کاربەدەستانیان ڕادەگەیاند و نرخێکی باشیشیان بۆ سەریان دادەنا.

هەرچۆنێك بێ, سبەی ئەو ڕۆژە لە پاریس چوومە نووسینگەی قاسملوو و بەرگەی پێویستم بۆ خۆم و هاوڕێیەکی وێنەگرم پڕ کردەوە و وێنەی خۆشمانم ڕەگەڵ خست. وتیان ئەم بەرگانە دەدەنە دەس کاربەدەستانی ئێراق و ئەوە ئەوانن کە تەما دەگرن داخوا ئەوەندەی دێنێ ڕووی خۆش نیشان بدەن یان نا. چەند ڕۆژێك دواتر بە شەمەنەفەری شەوانە چوومە بێرلەن و لە وێندەرێ چوومە کۆنفرانسێکی کە لە لایەن خوێندکارانی لایەنگری بارزانییەوە لە هۆتێلی گچکەی کروتسبێرگ, لە نیزیك دیوارەوە پێکهاتبوو. جگە لە دیپلۆماتێکی لیبی کە لە بێرلەنی ڕۆژهەڵاتییەوە هاتبوو، من تەنیا کەسی غەیرە کورد بووم. لەم تاقمە دەیان کەسییەی بەشداران تەنیا چەند کەسێکیان تەمەنیان لە چل ساڵ بەرەژێر بوو. زۆربەیان قەڵەو و بەساڵاچوو بوون و هێندێکیشیان تووکی سەریان وەریبوو.

دوو ڕۆژ مامەوە و گوێم دایە قسەی چالاکانی بارزانی. ئەوان ئەم مەبەستەیان شی دەکردەوە کە بۆ چی بوونی نەوت و ئاوی ئەم ناوچە ژێئۆپۆلۆتیکە بۆتە هۆی پشتیوانی نەکردنی گەورە هێزانی ڕۆژاوایی و تەنانەت ناوچەییش لە مافی خەڵکی کورد, جا چ بگا بە خودموختاری یان سەربەخۆیی. لەسەر ئەم بڕوایە بوون کە ڕەنگە تەنیا

یەکێتیی‌سۆڤیەت یارمەتی کوردان بکا. هەڵبەت ئاسۆی ئەم بۆچوونەش روونی نەدەنواند. سەرەنجام لە بۆ ورە وەبەرخۆ نان ئاماژەیان بۆ رێژەی لەسەری زا و زێی کوردان دەکرد. (ئەمە هەر ئەو شتە بوو کە هەر کات فەلەستینییەکان لە گشت لاوە تووشی تەنگ و چەڵەمە دەبوون, قامکیان لەسەردا دەنا.) بەم هیوایە کە هەر چەشنە بەدگومانییەکی ئەم شۆڕشگێڕە کۆنەکارانە سەبارەت بە رۆژاوایی‌یەکان – بە تایبەت ئەمریکایی‌یان – رامالم, تووشی هەر کەسێ بووم کە حازر بوو گوێ رابگرێ, باسی ئەوەم کرد کە دەمهەوێ کتێبێك سەبارەت بە کوردستان بنووسم. کوردەکان, وەك هەمیشە, زۆر بە رێزەوە بەڵێنی هاوکارییان دا, بەو مەرجە خۆم توانییام بگەمە کوردستان.

گەرامەوە پاریس و لە "ئەنستیتۆی کورد" دەستم کرد بە خوێندنەوە و وە دەس هێنانی زانیاری لە بابەت کوردانەوە ... چەند حەوتوویەك پێچوو, بەلام لە نووسینگەی قاسملوو لە پاریس هیچ باس و هەواڵێکم بۆ نەهاتەوە. ئاخرییەکەی وەختێك کەوتمە پرسیاران گوتیان "بەرگە"یەکیان بە دەست نەگەیوە. سەریان سوڕمابوو لەوەی دەبێ بەرەو کوێ چووبم, بەلام زەحمەتیان وەبەر خۆیان نەنابوو کە تەلەفۆنێك بکەن. داکۆکیم کردە سەر نیازپاکیی خۆم ... ئەمە سەرەتای ئاشنایەتیم لەگەڵ دەزگای ئیداری کوردان بوو.

گیرە و دمەوەری بێ‌فایدە بوو. "بەرگە"کانم سەرلەنوێ پڕ کردنەوە و وێم دان. مانگێکی تریش پێچوو و سەرەدای مانگی نوامبر کاتێك "چرای سەوز" هەڵبوو, دۆستە کوردەکان منیان لە چوونی ئەم سەفەرە دڵسارد کردەوە.

زستانی کوردستان زۆری بە بەرەوە و زۆر سالانیش یەکجار سەخت و ساردە. منیش هیچ مەیلم لەوە نەبوو کە لە کوێستانان بکەومە گەمارۆی بەفر و هەتا بەهاری داهاتوو راوەستم. بە گەش‌بینییەوە لام وابوو کە "پسوولەی هات‌وچۆ"م لە ئێراقەوە بۆ دەنێرنەوە“ هەڵبەت ئەم هیوادارییەم پووچەڵ دەرچوو.

بەرەبەری کریسمەس لە واشینگتۆن، ویلیام ئێگلتۆن، کارناسی باڵای وەزارەتی دەرەوەم دۆزییەوە. گەلی کورد لەبەر نووسینی مێژووی کۆماری مەهاباد خۆیان بە قەرزداری دەزانی. لەگەڵ ئێگلتۆن دۆستایەتی لەمێژینەم هەبوو، چاکی گوێ دایە قسەکانم، بەڵام ڕوون و ڕاشکاو نارەزامەندی دەربڕی. تەنیا ئەوەندەی گوت: "وەسیەتی خۆت کردووە؟" من لەم گوتەیەی دڵمەند بووم، چونکە دەمزانی لە داهاتوویەکی چاوەڕوان کراوا بۆ چوونە کوردستان هەر کارێك پێویست بێ دەیکەم.

وەك ڕوون بوویەوە تەنیا دەبوو لێبڕانیشم و چاوەڕێ بم. سەیر و سەمەرەی ژیانی هەواڵنێریش ئاوان، یانی وەختێك ئەیالەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ساڵی ١٩٩١ حەوت مانگ پاش داگیرکرانی کوەیت ڕێبەرایەتی هێزە هاوپەیمانەکانی بۆ ڕەپاڵ نانی سەدام لە وێندەرێ وە ئەستۆ گرت، ڕاسپێرام هەواڵەکانی سەبارەت بە کوردستان بنێرمەوە! دەتگوت دوعام گیرابوو. کوردستان سەرەڕای تەواوی دیاردە خۆش و ناخۆشەکانی، چەشنی کێشندەیەکی نەمر و پتر ناباو، خۆی بۆ نواندم.

چەند ساڵان بە پێیان زنجیرە چیای زاگرۆسم بری بێ هیچ ویزا یا بەڵگەنامەی هاتوچۆ، یان تەنانەت بە بێ پارێزگارێکی چەکدار سنوورم پەڕاند و زۆریشم پەڕاند" ئەویش لە ناوچەیەکی کە چەند ڕۆژ پێشتر لە یەکێ لەم هاتوچۆیانەدا، هەر لەو ئارامانە سێ هەواڵنێری ئینگلیسییان بۆ خاتری پووڵەکانیان کوشتبوو.

لەگەڵ پەناخوازانی شەکەت و ماندووی کورد کە ناچار بوون زارۆك و باپیرە و داپیرەکان لە پەنا ڕێیان بنێژن، ڕێگای زۆرم بریوە. خەڵك بۆ ناشتنی مردوان، لە ترسی تەقینەوەی مین بە پارێزەوە دەگەڕان و نەیاندەوێرا لە ڕێیان کلا بن. بە سواری باڵەفڕ بە سەر کوێستانەکانی سەخت و هەڵەمووتی سنووری ئێراقا هاتوچۆم کردووە و بە جوانی دەشت و دۆڵ و زەویوزاری تاقەوە کەوتوو و دەرەی بەردەڵان و شەپۆلی ئاوی مەیلەو شیری دیجلەی خوڕی کەفچەرێنم دیوە، کە بە دەشتی کاکیبەکاکیدا بەرەو دیاربەکر - پێتەختی غەیرە ڕەسمی کوردستان - دەخوشی. بەرزەفڕی باز و زرەچێرگ و هەڵۆیانم بینیوە کە بەسەر لێڕەواری چڕ و تەپك و کێوی ڕووتەندا باڵیان ئەنگاوتووە هەتا لە دەرفەتێکا دابێنە نێچیر.

دۆستانی کوردم بە مەبەستی پارێزرانـم ناچاریان کـردم کـە بـۆ برینـی ڕێ و بـانی کوردستان پارێزەری چەکدار بە کرێ بگرم و تـەنیا بـە ڕۆژ بـەم شـوێنانەدا هاتوچـۆ بکـەم" کۆخیـوم و بەڵغـەمی تـەپ و تـۆزاویم لـە سـینەوە دەرداوە و لـە گـەرمای تاقەتپرووکێنا برژاوم. شانبەشانی ئەو کـوردە ڕووت و بێئەنوایانـەی کـە لـە نزیـك یەکێك لە گەورەترین سەرچاوە نەوتییەکانی جیهانا لەتکە قیلەتاویان بۆ دابـین کردنـی گەرما دەسووتاند, سڕ بووم. لەگەڵ سـەرۆك عەشـیرەتەکانی کـوردی ئێـران و ئێـراق چا و ویسکیم خواردۆتەوە" گوێم داوەتە وتەی چالاکانی کـوردی مـافی مـرۆص لـە تورکیـا کـە مـەرگ دەم لەسـەر پـشت هەڕەشـەی لـێدەکردن. لـە گـش شـوێنێ, گەیشتوومە کوردی هەر تاقم و چینێ کەوتوومە وتوویژی سیاسی. لە ئێراق تووشـی گوندییانێك بووم کە بە کەرەسەی سەمەرەی وا کە تەمـەنیان دەگەیـشتەوە سـەردەمی کەونارای بەر لە مێژوو دروویان دەدروو؛ لەگەڵ جووتیارانی خاوەن تـەراکتۆر باسـی قیمەتی گەنـمم کردووە" جەرگم سووتاوە بۆ چینی مامناوەندی شارنشین کە بۆ زیندوو مانەوە ناچار بوون زەوی, زێڕ و جـەواهێرات, ترۆمبیـل, ڕادیـۆ و تلـەفیزیۆن, دەرك و پەنـجەرە, نوێن و بان و خانووبەرەکانیان بفرۆشن.

بە بیـستنی بەسـەرهاتی ڕۆژەڕەشـی کـوردان گریـاوم. نـەقڵ و نەزیلـەی گەلـێ تاڵوتوونتـر لەم پەندانەی ڕێبەرانی وڵات بە سەریان هێنـاون. نەزیلـەی خـاپوورکرانی هەزاران گوندی بچووکی کورد کە سەردەمانێك هەوێنی هـەبوونی کوردسـتان بـوون. لە کۆنە میوانـخانەی یەکێ لە شارەکانی کوردسـتانی تورکیـا بەریبـەیانی بـە تەقـەی تفەنگ لە خەو ڕاپەڕیوم کە سەت گەزێك لـەولاترەوە دەهـات, پاشـان لـە چـالاکی کاربەدەستانی دەزگای ئاساییش ڕاماوم کە بـە لێهـاتوویی و تونـد و تیـژی تاقمـەکانی وڵاتانی کۆلەدار دەور و بەری خۆیان دەپشکنی و سەریان وەبەر هیچ مقامێـك نـەدێنا. ڕچەی بەفری کوێرەڕێی قاچاغم بڕیـوە هـەتا گـوێ بـۆ مـەیل و تامـەزرۆیی شـاراوەی ڕاوێژی کاڵ و خاوی مارکسیستیانەی لاوانی کوردی تورکیـا ڕادێـرم. ئەمانـە لاوانـێ بوون کە حازر بوون هەزار هـەزار لـە ڕێـی پێکهـاتنی وڵاتێکـی سـەربەخۆدا بـمرن.

هەروەها لە ئێران و ئێراقا لە ئامانجی سنووردارتر, یانی خودموختاری, فێدرالیسم, لە چوارچێوەی کەوشەنی ئەم هەرێمانەدا کە هەن, حاڵی بووم. ئەو مەبەستەی کە کوردەکانی ئێران و ئێراق پاش تێکشکانی پێکهاتنی خەیاڵ و ئاواتی دوور و درێژ و هەڵگرتنی باری قورسی چەند دەیەی پڕ لە کوێرەوەری و وێرانی, پێملی بوون.

لەگەڵ زۆر کوردان لە هۆتێلی وڵاتانی ڕۆژاوایی, لە ژێر خێوەتان, لە بن کەپری بابردەڵەی بە چرپی و چاڵ و لە مەودای سەفەری دوور و درێژ بە ئوتۆمبیلی شڕ و تەنگەشکاوا قسە و وتوویژم کردووە. لە گەڕیانی ئەم وتوویێژ و باسانەدا, ڕەنگە لەبەر بەساڵاچوونم بووبێ کە جگە لە ڕێز و حورمەت چی ترم نەدیوە. من زۆر جار سەرم لە تێکەڵایەتی لەسەرەخۆیی و ڕەقەوەنی سەیری ئەم خەڵکە سوڕماوە. بەتایبەتی کاتێ دیمەنێکی ساڵی **١٩٩٢** کە لە دوای بارینی بەفرێکی قورس لە بڵندان ڕووی دا دێنمەوە یاد: دوو ئوتووبووسی پڕ لە کورد کە بەرەوڕووی یەك دەهاتن لە باریکەڕێیەکی کە تەنیا بەفرخۆرکەی ئەو ناوچەیە ماشتبووی تێکهەڵەنگووتن. من سواری لەندروێرێك ببووم. ئەو دوو ئوتووبووسە هیچیان حازر نەبوون بکشێنەوە یا خۆ کلا بن. ڕێ ئەوەندە تەنگەبەر بوو ئاوا دەرچوونیان نەبوو. چەند پشوویەك پێچوو. لە پڕ موسافیرەکان دابەزین و لەم بەفرەدا یەکتریان دایە بەر شەپ و مست. وە بیر سووکایەتی پێکرانەکانی پێشوو کەوتبوونەوە یان وایان دەنواند کە کەوتوونەوە یادی. تێکهەڵدان بەرەو ڕۆمرکان نەدەچوو, هەمووشیان چەشنی کوردانی دڵاوا کەڵەشینکۆفیان لە خۆیان شەتەك دابوو. من لە ترسی ئەم خوێنڕژانە لە نەکاوەی هەستم پێدەکرد ئاخرییەکەی دەستم دایە پێمەڕەیەکی نێو ئوتۆمبیلەکەمان و ئەوەندەم ڕێ دری هەتا ئوتۆمبیلەکەی خۆمان و یەکێك لە ئوتوبووسەکان تێپەڕ بێ. هاوارم کردە کوردان کە من بە پەلەم. ئەوان تەنانەت لە قسەیەکیشم حاڵی نەبوون.

بێگومان بە لای ئەوانەوە من مرۆیەکی تەواو شێت بووم, چونکە لەپڕ لێکبوونەوە و هێدی و هێمن گەڕانەوە لای ئوتووبووسەکانیان و سوار بوونەوە. من بوومە ڕێنوێن, یەکێك لە ئوتوبووسەکانم کلا کردە ئەو شوێنەی کە ماڵیبووم و ئەوی تر تێپەڕی.

ئەم ڕووداوەم بۆیە لا خۆشەویستە چونکە بۆ جارێکیش بێ بێگانەیەك لە بری ئەوەی گرفتەکە پتر بابدا, ڕەهای کرد, گرفتێکی کوردی, جا با ئەشتەکی ئەوتۆش نەبێ. هەروەها ئەم ڕووداوە نیشان دەدا کە بۆ چی من هەبوونی "کرۆمۆزۆم"ێکی زیت و بزۆزم لە ڕەگەزی کورداندا پێشك دێ کە دەبێتە هۆی هەمان شتێ کە ڕەنگە سوورپێستانی وردبین و خاوەن چێژە بە مەیلی "Fissiparous"[1]ی ناودێر بکەن.

١– لە ژینەوەرناسیدا وەدیهاتنی بەرهەم لە ئاکامی کەرت بوون, لێکدابڕان (؟) مەیلی کەرت بوون, لێکدابڕان (؟)

بەشی ٢

بەم هەمووە زانیارییەوە لێبووردنی چی؟

لە کلکەی سەدەی نۆزدەهەمدا عوسمانییەکان بە پێی دابێکی لەمێژینە تەواوی هۆزی "هەمەوەند"یان بە تاوانی سەربزێوی و ڕێگریی هەوسارپساو, لەم مەڵبەندەوە کە دەبێتە ئێراقی ئەمڕۆ, دوور خستەوە بۆ لیبی. ئەم هۆزە لە ماوەی حەوت ساڵاندا بە قوونەشەڕ تەواوی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی تەقاندەوە و گەڕایەوە زێدی خۆی و شەڕوەنی جارانی دەس پێکردەوە. هەموو کوردێك تۆزێك لەم خدە"هەمەوەندی"یەی تێدایە, ئەویش لایەکەم کاتێك دەگاتە دژکردەوە لە بەرامبەر ئەم نەهامەتییانەی کە لە لایەن هۆکارێکی غەوارەوە داسەپاوە. لەگەڵ ئەمانەشدا ئەوەی کە چاوەدێرێکی دەرەکی خەمبار دەکا ئەم زامە تازانەن کە دەگەڕێتەوە سەر بەڵای بە پێچ و دەور کە چەشنی میراتێکی نەبڕاوە بەسەر ئەم خەڵکەدا دەسەپێ. لە شێعرێکی کۆندا گوتراوە, بەش و

چارەنووسی کوردان "هەزاران ئاخ, هەزاران ئەسرین, هەزاران شۆڕش و هەزاران هیوایە."

لە یەکەم نیگادا, خۆڕاگری و بوێری کوردان خۆی لە خۆیا زۆر سەیر شوێن لەسەر بینەر دادەنێ, بەڵام زۆر جاران کاتی پێداهاتنەوەی دوور و درێژی ڕووداوەکان, توێژەر دەبینێ کە هێڵەکانی, شەق بردن و لێکدابڕان لە سەرەتاوە شۆڕشی کوردیان

لەگەڵ تێکشکان بەرەوڕوو کردووە. نەتەوەخوازانی کورد, چ لە ولاتێکا یا تەواوی ئەم ولاتانەی کوردستان دەگرنەبەر, سەریان لە سەرنەکەوتن سوڕماوە. کوردان کە هیچ کاتێ گەلێکی "یەکگرتوو" نەبوون, هەمیشە گیرۆدەی ناکۆکی قووڵ بوون و مەیلی خەیانەتکاری لە ریزی خۆیانا تووشی خەساری کردوون. ئەم خەڵکە کە لەتەك حکوومەتە چەکدار و بێبەزە و زاڵمەکان بەرەوڕوو بوون, چ کردەوەیەکی وا نانوێنن کە نیشانەی پەند وەرگرتن بێ لە هەڵەکانی ڕابردوو, جگە لەوەی خەم بخۆن بۆ لووزەوی ڕوو لە زیاد بوونی شەپۆلی خوێنی ئینسانی کە لە بابەت شۆڕشانەوە, بەتایبەت لە ئێراق و تورکیادا, دراوە و دەدرێ, کارێکی تریان نەکردووە. لەم دوو ولاتەدا پێکهاتەی کۆمەڵی گوندنشینی کۆن تەواو بنەبڕ کراوە.

لە کۆمەڵی کوردەواریشدا چەشنی کۆمەلانی گەشە نەکردوو ناشییەتی و لێنەزانینی سیاسی نیشانەی کاریگەر بوونی سەرکوت و چەوسانەوەی بێپسانەوەی نەتەوەیییە. کوردان گەلێ ڕێبەریان بەخۆوە بینیوە, بەلام هیچکامیان نەیتوانیوە "نەتەوەخوازی" ئەم خەڵکە بگەیەنێتە سەربەستی یا خۆ خودموختارییەکی سەقامگیر, جا ئەمە لە کاتێکایە کە تەنانەت دوڕگەی بچووك بچووك شاندازی بەمە دەکەن کە ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانن. نەتەوەخوازانی کورد زۆر جاران لەگەڵ حکوومەتانی دەرەکی دەستیان تێکەڵ کردووە و ئەم حکوومەتانەش بە ڕووی خۆشەوە وەریانگرتوون و وەکوو داردەستێك بە دژی ولاتانی دراوسێ یا خۆ تەنانەت خەڵکی کورد کەلکیان لێوەرگرتوون.

ئەربابان و دەسەلاتدارانی بێگانەی کوردستان بە درێژایی مێژوو کەوتوونە شوێن سیاسەتی "زمانبڕ کردنی" ئەم خەڵکە, کە ئەویش دەبێتە خاشەکێشانی هەر شتێکی کە نیشانەی گووران و سەرهەڵدانی توێژێکی هەڵبژێراوی پێوە بێ و بتوانێ "ڕێبەرایەتییەکی" لێوەشاوە بێنێتەڕوو. ئەم "دەسەلاتدارانە", خوێندەواران و چاوکراوانی کوردیان کێشاوەتە نێو ڕیزی خۆیان, لە بەندیخانەیان توند کردوون, دووریان خستوونەتەوە و کوشتوویانن و بەم شێوەیە خەڵکی کوردیان لە بوونی ڕێبەرانی خۆڕسکاو و سیاسەتزان و بەئەزموون بێبەری کردووە. لەم سەدەیەدا جگە لە چەند کەسی دەگمەن, ڕێبەرانی کورد هەموویان خەڵکێکی لێنەوەشاوەی بیرتەسکی

گوندەکی بوون و لەم جیهانەدا کە چارەنووسی گەلان لە دەرەوەی هەرێمی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دیاری دەکرێ, بۆ هەڵس‌وکەوت لەتەك جیهان و داب و نەریتی جیهانی دەرەوەدا دوور لە ڕاهاتن و پەروەردە کرانی شیاو بوون. سەردەمێك ڕێبەری جوولانەوەی کورد ڕێبەرێکی سوننەتی بووە, هەروەك لە ئێراقا وابوو, جاری واشە لە داوێنی چینی بێ‌ڕیشە کراوی خوارەوە سەری هەڵداوە, هەروەك لە تورکیای ئەمڕۆدا دەیبینین.

لەم دوایی‌یانەدا کوردەکانی ئێران و ئێراق و تورکیا هەموویان هاوکات خەریکی شۆڕش بوون, بەڵام بە بێ هاوکاری و هاوهەنگاوی لەگەڵ یەکتر. هەر کە لە وڵاتێکا تاقمێك بە پەند وەرگرتن لە هەڵەکانی ڕابردوو و هەڵسەنگاندنی ئەو نرخە قورسەی بۆیان دراوە ڕوو دەکەنە بەرژەوەندی و لانی پارێز دەگرن, دەبینی ئەوانەی لە پەنایانن ڕوودەکەنە زێدەخوازی و لانی زۆری ویستەکان دینە گۆڕ و بەم شێوەیە بەسەر کاری بەرژەوەندخوازنەوە هەڵدەوێستن و قوت دەبنەوە. تەنانەت ئەوانەی لە ماوەی دەیان ساڵدا لانی پارێزیان گرتبوو, تەنیا بە مەبەستی وە دەستهێنانی سەرکەوتن لە شەڕ و بەرزەخوازی پووچی خۆکەسیدا لانی بەرژەوەندییان بەردا. لە ١٩٩١دا پاش حەفتا ساڵ چەند کوردێك وەك نوێنەری ڕاستەقینەی قازانجەکانی خەڵك چوونە پارلەمانی تورکیا. بەڵام ئەمانە لەبەر لێ‌نەزانیی سیاسی لەم بوارەدا نەیانتوانی خۆیان لە تاق بوونەوە و گیران و زیندانی حکوومەتی ژێر ڕکێفی هێزە چەکدارەکانی ترك بپارێزن. بێ ئەزموونیی ئەم نوێنەرانە خود بە خود یارمەتی درێژەدرانی ئەم شەڕ و کێشەیەی دا کە لە کوردستانی تورکیا گەڕی دەدا, ئەم کێشەیەی ئەمانە هیوادار بوون دوایی پێ‌بێنن.

بە سرنجدان بە نەبوونی وڵاتێکی کورد و پێشینەی گەلێ ڕاپەڕین و جوولانەوەی سەرنەکەوتووی تێك‌شکاو, هەر ئەوەندەی کە زۆربەی کوردان هێشتاش لە ناوچەیەکی جوغرافیایی پان و بەرینا نیشتەجێن و وەك کۆمەڵێکی نەتەوەیی بۆ ناسین دەشێن, خۆی جێی سەرسوڕمانە. وتەی "شیاوی ناسین" پێویستی بە لێکدانەوە و تێگەیشتنی باڵایە, بەڵام هەرچۆنێ بێ کوردان دەزانن کە کێن.

كۆمەڵی كوردەواری ئەگەرچی خاوەنی چەندین زمان[1] و تۆرەمە و مەزهەبی جیاوازە, دیسانیش خەڵكەكەی لە ئەزموون و ئاوات و یەكئامانجیدا هاودەنگ و بەشدارن. لە پێشدا و لە هەموان گرینگتر ئەمەیە كە كوردان دەزانن عەرەب نین, ترك نین و فارسیش نین. كوردان سەرەڕای ئەم هەمووە گۆڕین و چەواشەكارییەی حكوومەتان بۆ تێدا بردنی "كوردستان" دەیكەن, لێیان سوورە كە كوردستان كوێیە.

توركیای نوێ پتر لە حەفتا ساڵە كە بە ڕێبازی تواندنەوەی پێناسەی فەرهەنگی و سیاسی كورداندا دەئاژوێ. لە مارسی ١٩٢٤ەوە, بڕێ كەمتر لە ساڵێك پاش دامەزرانی كۆمارێتی لە توركیای مستەفا كەمالا, فەرهەنگ و زمانی كوردی و تەنانەت ناوی كوردی شوێنەكانیش یاساغ كرا. لە توركیای نوێدا ڕەوشتی ڕاكێشان و تواندنەوە هەتا ڕادەی "حوكمی ئاقیدەیی" بێهەڵاچوو. ئەمەش بەم مانایە بوو كە هەر كوردێك لە دەرەوەی هەرێمی "كوردستان"دا دەبێ ئامانجی سیاسی "وە تركگێڕانی" وڵات بسەلمێنێ و ئیتر یان كورد نەبێ یام لای كەم هەستی كوردایەتی نەمابێ. ئێران و ئێراق قەت حاشایان لە بوونی كوردان نەكردووە, بەڵام بە وریایی تێكۆشاون ژمارەی جەماوەریان كەمتر لە ڕادەی ڕاستەقینە بنوێنن.

تەنانەت ئێراق — هەر جینایەتێكیشی دەرهەق كوردان كردبێ دیسانیش خودموختاری كوردستانی سەلماندووە — بۆ ناساندنی "ناوچەی شیمال" كە خودموختاری وێداوە لە بە كار هێنانی وشەی "كورد" خۆ دەپارێزێ. دەیان ساڵ توركیا لەسەر ئەم مەبەستە پێیدادەگرت كە كوردان "تركی كێوی"ن كە لە ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵاتی وڵاتا — نەك لە كوردستان — دەژین. ئەم شێوە زمانبازییە تۆزێكە لەم فەرامۆشییەی حكوومەت بە خۆی دەسەلمێنێ. بەم شێوەیە ئەگەرچی لە سەدەی سێزدەی زایینی بەم لاوە وشەی "كوردستان" ئیستلاحێكی جوغرافیایی ناسراو و بنەگرتوو بوو, ئەمرۆ تەنیا لە ئێرانا ئەم پلە و ناوە ماوە و جوغزی یەكێك لە پارێزگاكان دەگرێتە بەر — هەڵبەت ئەم پارێزگایە تەنیا بەشێك لە

[1] — كورد خاوەنی چەند زمان نیە, بەڵكوو خاوەنی چەند زاراوەیە.

کوردەکانی وڵات دەگرێتەوە. کوردستان لە ئێراقا بریتییە لەم مەڵبەندەی کە هەمان ناوچەی خودموختاری سەر و کلك پەڕیوە.

بۆ هەرکەس جگە لە دیوانداران, هەرێمی کوردستان دەبێتە ناوچەیەکی دووسەت هەزار میلی چوارگۆشە یانی نیزیك ڕووبەری وڵاتی فەڕانسە یا کۆی ئەیالەتەکانی کالیفۆرنیا و پێنسیلوانیا. ئاو و هەوای کوردستان لە ناوچەکانی بنار و دەشتەکانی "دووچۆمان" خۆش و فێنکە و لە کوێستانەکانی ڕۆژهەڵاتی تورکیا ساردە. ناوچەکانی سەخت و کێوپارەی زۆر ساڵان هەتا پێنج مانگان بەفریان ناچێتەوە. لە زۆربەی خاکی کوردستانا, بە پێچەوانەی ناوچە قاقڕ و کەم ئاوەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست, ئاو زۆرە و ڕۆژایەکی لێرەوارێکی پڕ و چغور بووە. ئێستا زۆربەی کوردستان بێ دار و دەوەنە, ئەم ڕووتەنییە نیشانەی خەسارێکە کە سەردەمی شەڕ و دەورانی ئاشتی, سروشت بە خۆیەوە بینیوە؛ بێ‌پێز بوونی خاك بە هۆی بۆمبای ناپاڵم و ژاری شیمایی گەڵاوەرێن و لەوەڕانی لە ڕادەبەدەر تێکرا دەستیان تێك‌گرتووە و ئەم بارەیان برەو پێداوە. بێجگە لە لووتکەی بەفرگری چیاکانی کوردستانی تورکیا, کوردان خۆیان بە خاوەنی دوو شوێنی تریش دەزانن کە کەشتی "نووح" لەنگەری لێ‌گرتووە و یەکیان چیای جوودییە لە ناوچەی باکووری ناوچەی هاوسنووری تورکیا و ئێراق و ئەوی تر بەرزترین نووچکەیەتی کە دەبێتە ئارارات. بەرزایی ئەم چیایە لە ڕێکی دەریاوە ١٦٩٤٦ پایە و کەوتۆتە سەر کەوشەنی تورکیا و ئەرمەنستان.

ئەم نەخشانەی بە دەستەوەن, نیشتمانی کوردان لە سێ سووچێکی ناتەواوی بەراوەژوودا نیشان دەدەن کە قۆڵەکانی لە سنووری تورکیا و ئازەربایجانەوە بەرەو باکووری ڕۆژاوای ئێران ڕادەکشێن و لە درێژەی زنجیرە چیای زاگرۆس‌دا دەچـــــتە پێش هەتا دەگاتە مەدارێکی تۆزێك لە شانی مەداری بەغداوە کلا. لە ئێراقا ئەم هێڵە لە کەوانەیەکی بەرینا و لە درێژەی سنووری ئێران و تورکیادا دێتە پێش و هەتا بنەبانی گۆشەی باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا دەڕوا و لە باشووری ڕۆژاوای تورکیادا دەبێتە تاشە و بەردەڵانێکی سەخت کە وردە وردە لە دامێنی باشووری و ڕۆژاوای ئەوێ‌دا گرێ و گەوەی لێك ڕەها دەبێ و شانەوشانی کەوشەنی ئێران لەگەڵ ئەرمەنستان هەتا ڕۆژاوای فورات سەر تێك‌دەنێ. مەڵبەندی پان و بەرینی کوردنشین, بەتایبەت لە قۆڵی

ڕۆژهەڵاتی ئێران یانی خوراسان و شانبەشانی سنووری تورکەمەنستان هەن. هەروەها لە بلووچستان, نیزیك پاکستان, لە باشوور, لە دەر و دەشتی ئاناتۆلی تورکیا, لە ڕۆژاوا و باکووری ڕۆژاوای ئانکارا و لە سووریاش, لە باکووری حەلەب و باشووری چیای عەفرین – لە نزیك سنووری تورکیا – بە مەودای چەند میلێك لە دەریای مەدیترانەوە, کورد نیشتەجێن.

لە تورکیادا جگە لەمە, تاقم و کۆمەڵی بچووك و تاق و وازی کورد لەسەر کەوانەیەکی گرێ گرێ و پچڕ پچڕ و دروست لە لای باکووری ئەم مەڵبەندە پەراگەندەن. هەر وەها کۆمەڵی تری کوردان لە ئەرمەنستان و گورجستان و بەتایبەت ئازەربایجانی سۆڤیەت و چەند مەڵبەندی تری یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو وەبەر چاو دێن. هۆی پەرەمپەرەم بوونی ئەم خەڵکە دەگەڕێتەوە سەر ترسی شێتانەی ئیستالین لە غەیانەتی کورد بەو وڵاتە. لە لێواری دەریای خەزەر لە ئێرانا تاقمی بچووکی کورد وەبەر چاو دێن. شارە گەورەکانی ڕۆژاوای تورکیا وەك ئانکارا, ئەدەنە, ئەنتالییە, ئیستامبووڵ و ئێزمیر پڕن لە کۆمەڵانی کورد. زۆرێك لەم کەسانە نوێپەڕەوازە کراوی دەستی هێزە چەکدارەکانی تورکیان کە لە گوندەکانیان ڕەتێنراون. ئەم هێرش و ڕاماڵینە هەر لە سەرەتای دەسپێکی شۆڕشی کوردان لە ١٩٨٤ەوە گەلێك ناوچەی هەراوی کوردستانی تورکیای بە دانیشتوانی چۆل کردووە. لە دەمیشقی پێتەختی سووریادا گەڕەکێکی کوردنشین, لەسەر شانی گرد و باسکانەوە چەند سەدەیە دەڕوانێتە ناوەندی شار. تاران, تەوریز و ناوەندە نەوتییەکانی باشووری ئێران کۆمەڵانێکی فرەی خەڵکی کوردیان تێدا نیشتەجێیە. بەغداش هەرووەتر. لە ئەڵمان و سوئێد و وڵاتانی تری ئورووپاش کۆمەڵانی فرەی کورد دەژین.

ئەم شێوە ناوەندە جەماوەرییانە بە گوێرەی ڕێسا دەبێ کاری سەرژمێری کوردان هاسان کەنەوە, بەڵام سەرەڕای ئەوانەش ژمارەی نفووسی باوەڕ پێکراو لە هیچ شوێنێ نیە. بێگومان نەتەوەخوازانی کورد لەمەڕ ڕێژەی جەماوەری خەڵکی خۆیانا زۆری فوو لێدەکەن, هەروەك وەچەکانی ڕابردوویان بە گوێرەی نەخشەکەی کە ساڵی ١٩٤٥دایانە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان, لەسەر یەکگرتوویی خاکی کوردستان, لە دەریای مەدیتەرانەوە تا کەنداوی فارس, سوور بوون. کوردان کە

ولاتێکیان نەبووە, کەرەسە و ئامرازی پێویستی سەرژمێرییان بە دەستەوە نیە. حکوومەتانی تر (مەبەست داگیرکەرانی کوردستانە – وەرگێر) سەردەمانێك کە دەیانویست بە باشی کورد و نەتەوەکانی تری ولاتەکەیان سەرژمێری بکەن, وردە وردە وایان بە باش زانی تازە باسی ژمارە و ڕێژەی نفووسیان نەکەن یا خۆ زانیاری چەواشە کراو لەم بارەوە بلاو کەنەوە. بەم شێوەیە ڕێژەی بەرەو سەری جەماوەری کوردیان شاردەوە. ئەم هەلدانی ڕێژەی نفووسە زیاتر تۆلەیەکە کە ئەم خەلکە لە ئەربابەکانیانی دەستێننەوە. بایخی کەم و زۆری ڕێژەی نفووسی کوردان لە بەرامبەردا بۆتە هۆی ئەوەی کە دەولەتان ئەوان لە بەشە داهاتی نەوت و پەرەپێدانی ئابووری بێبەش کەن, چونکە بە بێ هەلاواردن و جوێ کردنەوەی ژمێران بە گوێرەی تێکەلایەتی ڕەگەزیی, دەولەتانی داگیرکەر دەیانتوانی دەهۆل و زوڕنا بۆ ڕێبازی قال بوونیان هەلبگرن. لە ئێراقا سەددام حوسێن زۆر جاران خۆی لە سەرژمێری بوارد, چونکە نەیدەویست داهاتی نەوت بە گوێرەی نفووسی ولات دابەش بکا, لە حالێکا بەشی زۆری ئەم نەوتە هی خودی کوردان بوو. بە نەبوو دانانی ڕەگەزی کوردان لە تورکیادا, بە پێی ئەم بەلگانەی نیشاندەری پێهەلاچوونی ڕێژەی بەرچاوی نفووسیانە لە ڕێی زا و زێوە, ڕەنگە تەنیا خۆ فریودانێکی نەفامانە بێ. لە سالی ١٩٨٩ ئامارە ڕەسمییەکان وایان دەنواند کە پلەی مامناوەندی پاکنەکردەی زیاد بوون و هەلدانی زا و زێ لە کوردستان ٢/٧٥ و لە پاشماوەی تورکیادا لە سەتا ١/٤٩ بووە, یانی لە جەماوەری ژێر ١٥ سالا بە ڕیز, نزیك لە سەتا ٥٠ و ٢٥ بووە.

لەبەر بە دەستەوە نەبوونی چ ئامارێك, کارناسانی ڕۆژاوا بە تێکڕای دەنگ ڕێژەی نفووسی کوردان بە ٢٥ میلیۆن کەس و جاری وایە بە بڕێك زیاتریشی دەقەبلێنن. ئێستا کە کوردان – پاش عەرەب و ئێرانی و ترکان – چوارەمین کۆمەلی نەتەوەیی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاستن, بێتوو ئەم پێشوەچوونەی هەلدانی جەماوەرییە تووشی ئالوگۆڕ نەبێ, زۆر وێدەچێ لە ماوەی پەنجا سالی داهاتووا هەم لەم هەرێمە و هەم لە خودی تورکیادا پێشاوبڕکەی ترکان دەنەوە. بەلێ ئەوەیە هێزی زا و زێی کوردان, پاش تێپەڕ کردنی سەدەیەکی ئاوها کاولکەر.

هێندێك زیاتر لە نیوەی خەڵکی کوردستان لە تورکیا دەژین. ناوەنـدی جـەماوەری کـوردان لــەم وڵاتــەدا زیـاتر بـەرەو ڕۆژاوای وڵات دەکـشێ. کۆچـی کـوردان لــە کوردستانەوە بۆتە هۆی پێکهاتی جەماوەری بەرچاوی کوردان لــە شـارەکانی ڕۆژاوای تورکیادا کە لە سەردەمی حکوومەتی "بیزانس"ەوە – کە ئەوانی دەرپەڕانـد – بێوێنـە بووە. ئەگەر – هەر وەك بڕوای گشتی لەسەر ئەوەیە – کوردان پتر لە ٢٠٪ نفووسی شێست میلیۆنی تورکیا پێك‌بێنن، هەر ئێستا نیزیك بە سێزدە میلیۆن کورد لــە تورکیـا دەژین. نیزیك نیوەی ئەمەش لە ئێران نیشتەجێن کە دەبێتە ١٠٪ی ڕێژەی نفووسی ئەم وڵاتە. ٤/٢ میلیۆن کەس بە هێندێك ژێر و ژوورەوە دانیـشتووی ئێـراقن, کـە دەبێتـە ٢٣٪ نفووسی وڵاتی ١٨ میلیۆن کەسی وێندەرێ. دیارە ئەمە دەبێتــە زیـاترین ڕێـژەی جەماوەری کورد بە گوێرەی ڕادەی نفووسی ئـەم چـوار وڵاتـە کوردنـشینەی ناوچـە. ڕێژەی باڵای ئەم جەماوەرە, هەروەها شاخاوی بوونی ناوچە و دەس تێوەردانی دەرەکی و ناکۆکی نێوان کەمینەی عەرەبی سوننی مەزەب و زۆرینەی عەرەبی شیعە مەسەب کە لەم وڵاتەدا بە شـێوەیەکی سـاختەکارانە سـاز کـراوە, یارمـەتی شـی کردنـەوەی ئـەم مەبەستە دەدا کە بۆچی و لەبەر چی لەم وڵاتەدا سـەرهەڵدانی پەیتاپـەیتا و نەپـساوەی کوردان زیاتر لە وڵاتانی تر بەهرەوەر بوون.

ڕێژەی نفووسی کوردەکانی سووریا دەگاتە میلیۆنێك یان نیزیکـەی ٩٪ی تـەواوی جەماوەری ١٣ میلیۆنی ئەم وڵاتەیە. جەماوەری کوردانی ئازەربایـــجان و ئەرمەنـستان لەسەر یەك دەگاتە نیزیکەی سێسەد هەزار کەس. نزیکەی حەوسەد هــەزار کـورد لــە ئورووپای ڕۆژاوایی‌دا دەژین؛ تەنیا جەماوەری کوردەکانی دانیشتووی ئەڵــمان دەگاتـە چوارسەد هەزار کەس.

لە ڕاستی‌دا ڕێژەی نفووسی کوردان دەگاتە لە سەتا پازدەی جەماوەری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست, کە لە درێژخایەن‌دا لە باری جەماوەرییەوە, دەتوانێ بۆیان ببێتە ئـامرازێکی سەرکەوتن. تەنیا لە مابەینی سەدەی هەژدەدا بوو کە جـەماوەری کـوردان لــە ڕەوتـی هەڵدانی ساڵەکانی بەر لە سەردەمانی ئەفسانەیی نزیك بۆوە, یانی ساڵانی بەر لە کـاول

بوونی وڵات لە سای سەری شەڕی پەیتاپەیتا, تاعوون و گەڕانی "واسکۆ دێ گاما"[١] بە دەوری قەپۆزەی "ئومیدنیك" لە ١٤٩٧دا. ئەم سەفەرە ڕێی گواستنەوە و گەیاندنی دەریایی نێوان ئورووپا و ڕۆژهەڵاتی دووری کردەوە و کۆتایی بە گرینگایەتی ڕێگای ویشکایی مەنشوور بە "ڕێی ئاوریشم" هێنا کە لە کوردستانەوە تێدەپەڕی. ئەم کارە وێڕای تەواوی کوێرەوەرییەکان یارمەتی دابەزینی چۆنیەتی باری ڕامیاری و ئابووری ئەم ناوچەیەی دا کە ڕۆژگارێك بە شێوەیەکی باش کشتوکاڵی لێدەکرا و لە باری ئابوورییەوە دەوڵەمەند بوو. ئێستا کە بازەرگانییەتی بە ڕێی ویشکانیدا بڕەوی نەمابوو, ئیتر نیازێك بە کێشانی ڕێ و بان و دامەزرانی دام و دەزگای پێویستی ئیداری بۆ بێڕاگەیشتن و ڕاگرتنیان نەبوو. لە ئاکامی شەڕانی لە پەستا, کۆمەڵی سەکنیو و نیشتەجێی کوردستان کە بە دەوری کشتوکاڵەوە گیرسابۆوە, لێكبەڵاو بوو و دەوارنشینی جێی گرتەوە. جێی گومانە کە کوردان بەم بارودۆخە تەواو وەخۆ هاتبنەوە. کوردان لە سەدەی نۆزدەدا بە ڕادەیەك دواکەوتوو بوون کە پەیوەندی نێوان خۆیان و ڕووسیای ڕووەو گەشەیان بە لاوە چەشنی وە دەست هێنانی کۆمەڵێکی هەرە پێشکەوتووی خاوەن ژیار بوو, لە حاڵێکا ڕووسیا خۆی لە هەڵسەنگاندنی لەگەڵ وڵاتانی ئورووپای ڕۆژاوایدا وڵاتێکی دواکەوتە بوو.

کوردستان گرفتاری دابڕانێکی "چیایی" هات و پەیوەندیی لەگەڵ دەوروبەری هەڵبڕی. ئەم تاق کەوتنەوە و دابڕانە هەتا لێكهەڵوەشانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی لە کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهانیا نەپسایەوە. کوردەکان نە تەنیا باشترین دەرفەتی وە دەس هێنانی سەربەخۆییان لە درێژایی مێژوودا دۆڕاند, بەڵکوو لەبەر بەشدار بوون لە کوشتاری پتر لە میلیۆنێك ئەرمەنی لە ساڵی ١٩١٥دا کەوتنە بەر لۆمە و سەرکۆنەی جیهانی؛ لە حاڵێکا بە واتەی سەرچاوە کوردییەکان خۆیان تەنیا لە شەڕەکانی نێوخۆی عوسمانی چوارسەد هەزار کەسیان لێ کوژرا بوو؛ دیارە ڕۆژاوا بە ئاشکرا ئەم مەبەستەی خستە پشت گوێ. لە جەنگەی شەڕی عوسمانی و ڕووسیادا – لە

١- دەریاوانی پورتەغاڵی (١٤٦٩؟ – ١٥٢٤).

ڕۆژهەلاتی توركیا – خودی تركان لە گەرمەی ئالۆزبلۆزی شەڕا و بەڕێوە بردنی ڕێبازی "زەوی سووتاو" حەوسەت هەزار كوردیان لە مەوتەنی خۆیان ڕاگواست و دووریان خستنەوە. لەم تاقمە نیوەیان تێدا چوون. زۆری تریان لە ئێران كە بە ناو بێلایەن بوو و هەروەها لە ئەیالەتەكانی پێشووی عوسمانی كە ئێستا ولاتی ئێراق پێكدێنن لەبەر قاتی و قڕی شەڕ سەریان نایەوە. كاتێك لە ١٩١٨دا ئاشتی گەڕایەوە ناوچە "كوردستان ئیتر هەرێمێكی ژێرخان تێكجمیو و خاوەن جەماوەرێكی تەواو لێكدابڕاو بوو، توێژی خوێندەوار و پەروەردە كراوی پەرانپەران ببوو و ئەوەی مابۆوە بە گشتی كەتبووە ژێر دەسەلاتی سەرۆك عەشیرەت و شێخان."

ئێران و ئێراق، بەتایبەتی توركیا – یانی ئەم ولاتە كۆدەسەلاتەی بە پێودانی ئورووپایی ساز كرابوون – ڕێبازی حاوانەوەی ئیمپراتۆرییەكانی پێشوویان لە پەیوەندی لەگەڵ ولاتانی فرەنەتەوەدا بە قازانجی نەتەوەخوازییەكی بیرتەسكانە وەلا نا. كوردان لە بەرامبەر ئەم حكوومەتانەدا كە یەكبین تێدەكۆشان دڵخۆشی و ئۆگرییان بە زمان و جلك و فەرهەنگی نەتەوەیی تەفروتونا بكەن، تەنانەت ئەو دەمانەی هەزار میل یا زیاتر لە تۆرەمە و زێدی بەردەلان و كێوپارەی جەغزی خەیالاتی خۆیان دوور بوون، پێشانیان داوە كە هەروا كورد ماونەوە.

ئەم خەڵكەی كە لە لای ڕۆژهەلاتەوە لە بلووچستان و توركەمەنستان و لە قۆڵی ڕۆژاوا هەتا تەنەكاواكانی ئیستامبووڵ و باژێرەكانی ئەلمان و سوئێد پرژ و بلاون، سەرەڕای تەواوی ئەم قڕ بوونانەی لە جەنگەی دوورخرانەوە یا كۆچی ئابووریا تووشی هاتوون، بە درێژایی سەدان ساڵ نەختۆكە گومانێكیان سەبارەت بە پێناسەی خۆیان ڕێ نەداوەتە دڵیان. ولاتانی ناوچە بە بیر و بۆچوونی جیاوازەوە – لە ئیستالینەوە بگرە هەتا سەددام حوسێن، هەتا توركیای ئەمڕۆ و سووریای دەیەكانی ١٩٦٠ و ئێرانی سەردەمی ١٩٢٥ تا ١٩٤١ – ئەم خەڵكەیان لە زاگەی خۆیان هەڵكەندووە و پۆلپۆل بەرەو گوندانی دوورەدەست ڕەتاندوویانن، بەم هیوایەی كە بێتوو لە كۆسار و دەر و دەشتی خۆیان دوور كەونەوە ئیتر كورد یان لانیكەم نەتەوەپەروەر نابن. بەلام بەڕێوە بردنی ئەم گەلالانە بە ڕوالەت چ سەركەوتنێكی بە دواوە نەبووە.

کوردان بە پێچەوانەی خەڵکێکی پڕکێش کە پێیانخۆشە شکۆ و مەزنایەتی ڕابردوو بۆ سەلماندنی داهاتووی باشتر بێننە کایەوە, زۆر هۆگری تێکۆشانی زەینی نین. فەرهەنگی ئەوان لە پێکگرتن لەگەڵ فەرهەنگی گەلانی تری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستا, فەرهەنگێك نیە کە ڕیشەی بچێتەوە نێو دەقان و – چەشنی جوولەکان بشتەوە "سەردەمی کۆن"[1] و وێنەی ئاسۆرییەکانی مەسیحی دابەزێتە سەر "سەردەمی نوێ"[2] یا وەك ئەرمەنییەکان بگەڕێتەوە سەر پێشینەی دەوڵەمەندی کلیسا – بە پێچەوانەی ئاوماڵە مسوڵمانەکانیان شتێکیان نیە کە پێكبگیرێ لەگەڵ قورئان بۆ عەرەبان.

کوردان ئەو هاوبەندییە فەرهەنگی و ئیدارەیییەی ئێرانی و ترکانیشیان نیە کە بتوانێ هەستی کەسایەتی مێژوویییان بپارێزێ. بەڵام وەکوو زۆرێك لە بەجێماوانی مێژوو, دەبێ ڕابردوویان لە درێژەی مانا و واتایەکا بگونجێنن کە لە پێچ و گەوەی یەك دوو قوژبنانەوە نەکەوتوونە بەرچاوی سەرکەوتووان. خوێندەوارانی کورد لەو ماکە ڕووناکبیرییەی دیتران دۆزیویاننەوە بۆ بردنەوەی مێژووی کورد بۆ سەردەمانی کۆن, کەلك وەردەگرن. یەکێك لە توێژەوانان بە پەژارەوە دەڵێ: "ساز کردنەوەی مێژووی کورد کارێکی دژوارە؛ ئەم کارە زیاتر پێویستی بە گەڕان و پشکنینی ئەو دەقانەوە هەیە کە نە بۆ کوردان و نە لەمەڕ ئەوانەوە نووسراوە."

تەنانەت کاتێ سەرچاوەکانی ئیلهامیش کوردین, دیسان پەیامی پەیوەندیدار هەمیشە دوورە تەپومژ نین. زۆرێك لە فەرهەنگەکان بۆ ڕاڤە و شیرۆڤەی سەرینچاوەی خۆیان خاوەنی کۆمەڵێك ئەفسانەن. کوردان لانیکەم لەم بارەدا دوو ئەفسانەیان هەیە. بە گوێرەی یەکێ لەم ئەفسانانە بنەچەکەی ئەم خەڵکە دەچێتەوە سەر ڕەگەزی ئەو کچ و کوڕانەی کە لە ژێر چنگی داگیرکەری تانج و تەختی پاشایەتی ئێران یانی زوحاك گیانیان دەرباز کردووە. ئەو مارانەی کە لەسەر شانی ئەم زاڵمە ڕوابوون بە مێشکی سەری لاوان بەخێو دەکران. وەزیرێکی بە مشوور لێبڕا هەتا ڕەگەزی لە تێدا چوون و

١و٢– وەسێتەکانی کۆن و وەسێتەکانی نوێ (کتێبی پیرۆزی جوولەکان و مەسیحییان).

برانەوە ڕزگار بکا, مێشکی گوێلکی لە جێی مێشکی لاوان دانا و ئەو تاقمە کیژ و کوڕەی ئاوها لە مەرگ خەلەستبوون بە دزی بەڕێی کردنە چیا و کوردان لەم کچ و کوڕانە کەوتنەوە. ئەفسانەیەکی تر سولەیمان پێغەمبەر تێوە دەدا کە فەرمانڕەوای هەرێمی سەرووی سروشت و جنۆکەی وێندەری بوو. ئەو دەستووری دا بە جنۆکان بەرەو ئوورووپا "هەڵفڕن" و پێنسەد کچی جوان بێنن بۆ حەرەمخانەی. جنۆکە کاتێك گەڕانەوە کە سولەیمان پێغەمبەر مردبوو, جا بۆخۆیان کیژانیان بە دەس گرت, زارۆکی ئەم جندۆکانە و کچانی ئوورووپایی بە کورد دەرچوون.

کوردان سەبارەت بەم دوو ئەفسانە جیاوازە تووڕەییەکی ئەوتۆ دەرنابڕن, هەروەك لە بابەت ئەم هۆز و نەتەوانەی لە کوردستانەوە تێپەڕیون یان خۆ لێی نیشتەجێ بوون و لە پێکهێنانی دەسمایەی ژیانی وێندەریدا بەشدار بوون خۆ شلوێ ناکەن. بەڵگەی "فیزیکی" زۆرن لەسەر ئەوەی کە گەلێ تۆرەمە هاتوونە کوردستان یا لێیەوە ڕابردوون. کوردانی ڕیزەڵە و گەنمڕەنگ (لە باری ڕواڵەتی قەلافەتەوە) لە خەڵکی باشووری ئوورووپا و مەڵبەندەکانی لێواری مەدیتەرانە و عەرەب و فارسان لێکهەڵناوێردرێن. کەمینەیەکی بەرچاوی کوردی بالابەرزی قژکاڵی چاوشین و مەڕی کە دانیشتووی دەوروبەری گۆلی ورمێن لە ڕۆژاوی ئێران و باکووری ئێراق هەتا سنووری سووریا, بێگومان تۆرەمەی هۆزەکانی باکوورن کە لە سەدەکانی پێشوودا, لە ئوورووپاوە بەرەو ناوچە ئاژاوتوویانە. سەرەڕای تەواوی ئەمانە نیوسەدە لێرەوبەر, ویلیام لین وێستێرمان, بە پێی ئەوەی کە کوردان لە ٢٤٠٠ ساڵ بەر لە زایینەوە شوان و دەوارنشین بوون, وتی: "کوردان دەتوانن پتر سوور بن لەسەر یەکڕەگەزیی و درێژەی ڕەوتی مێژوویی, بۆ ماوەیەکی زیاتر لەوەی هەر کام لە نەتەوەکانی دانیشتووی ئوورووپا بتوانن خۆی لێ بە خاوەن بکەن."

تاقمێکی تر لە زانایان شانازی سەرڕەوی کشتوکاڵ دەدەنە کوردانی چیایی (لە ١٢٠٠٠ ساڵ بەر لە زایینەوە.) ئەوانە بوون کە مەڕ و بزن و بەرازیان کەوی کرد و چاندنی دانەوێڵەی چەشنی گەنم و جۆ و چێودان و پەڕش و نیسکیان کردە باو. دەستەیەك لەسەر ئەم باوەڕەن کە یەکەم جار لە هەزارەی حەوتەمی بەر لە زایین تواندنەوەی مز لە دەوروبەری دیاربەکر (لە کوردستانی تورکیا) کراوە و کەرەسەی

برۆنزی لە سەرەتای هەزارەی چوارەمی بەر لە زایینەوە لەوێ خۆیان نواندووە. سەرەڕای ئەم دەسکەوتە مەزنانە ناوەندی ژیاری کەوتە دەشتەکانی دووچۆمان. لەم دەشتانەدا تەختایی زەوی پێویستی بە دامەزرانی بنکە و ئامرازی بەڕێوەچوونی دەزگایەکی حکوومەتی ڕێکوپێك بوو بۆ مانەوە. ئەویش بریتی بوون لە داهاتی باج, سازدانی هێزی چەکداری بەربلاو, دەزگای ئیداری و نووسین ... کە بۆ سەربەخۆیی لە چیادا پێویست بە بوونیان نەبوو.

گەلێ پەلاماردەر لە کوردستانەوە تێپەڕین. کۆچی دەوارنشینانی هیند و ئورووپایی لە ١٢٠٠-٩٠٠ بەر لە زایین کوردستان و بەشی زۆری ئاسیای ڕۆژاوای ئاڵۆز و وێران کرد. یەکێ لەم ملۆزمانە "کی ئەخشارش"ی گەورە بوو, کە ساڵی ٦١٢ی بەر لە زایین "نەینەوا"ی گرت و حەیاتی لە ئیمپراتۆرییەتی ئاشۆر و ١٥٠٠ ساڵ دەسەڵاتی چیانشینانی دووچۆمان بڕی. ئەوان سەردەمان کوردان بە ئازایەتی شەڕی پارتیزانی مەنشوور بوون. لە درێژایی سەدە و سەردەمانەدا زۆر کورد لە ڕیزی سپای بێگانەدا – جگە لە سپای خۆیان – خزمەتیان کردووە, بۆ وێنە لە یەکێك لە هەنگەکانی تایبەتی سپای سوور[1]دا کە لە جەنگەی شەڕی دووهەما شاری "مینیسك"ی لە ژێر چەکمەی سپای نازی دەرکێشایەوە.

گزنفۆن لە شوێنەواری خۆیا بە ناوی ئاناباسیس (لەشکرکێشی سەرنەکەوتوو)دا باسی هونەرنوێنی کوردان یا خەڵکێ دەکا کە بە "کاردووخووی" ناودێر کردوون و وەك شەڕکەرانی ترسێنەر کراسی مەنشووری و هەرمانی بە باڵای بڕیون. ئەم بەرهەمە ڕاپۆرتی کشانەوەی دەهەزار بەکرێگیراوی یۆنانییە لە ساڵی ٤٠١ی بەر لە زایین بەرەو دەریای ڕەش. ئەم دەستەیە لە خزمەت خوازەری تانج و تەختی ئێرانا بوون. گزنفۆن دەنووسێ: "یۆنانییەکان شەوێکی خۆشیان ڕابوارد. خواردن بە پێی فیلان بوو. باس باسی ئەو شەڕانە بوو کە دیبوویان و لێی خەلەستبوون, چونکە بە وڵاتی

١- سەرهەنگ سەمەند سیابەند کە کوڕی کرێکۆلێکی کورد بوو بە پاداشی ئەو ئازایەتییانەی بۆ پارێزگاری لە مەسکەو و شەڕی مینیسكدا کردی, بوو بە قارەمانی یەکێتی سۆڤیەت. یەکی تر لە کوردە بەناوبانگەکانی سپای سوور فەریق پۆلا بەگۆف بوو کە بە دەستی سپییەکان کوژرا.

کاردووخییاندا تێپەڕیبوون و بێ پسانەوە شەڕیان کردبوو, ئەو خەسار و مەرەدەی کاردووخوورییەکان بەسەریان هێنابوون زۆر لە هی شای ئێران و سەرکردەکەی "تیسافرێنس" زیاتر بوو."

هێندێك دواتر مێژوونووسێکی یۆنانی تر بە ناوی "دیئۆدۆروس" گەیشتە ئاکامێك کە گەلێ کەس بە درێژایی مێژوو هەتا ئێرە ئۆبالیان بۆ کێشاوە. ئەو دەنووسێ: "کوردان لە قەڵا سەختەکانیانەوە زۆر بەرهەڵستی سپا و ئیمپراتۆرییەکانی بێگانەیان دەکرد. دەبوو بە زۆرەملێ یا بە مۆر کردنی پەیمان لەگەڵیان بەری بەرهەڵستبوونەوەیانت لە دەشتەکانا گرتبا." بەڵام وەك "وێستومان" دەنووسێ: "لەبەر ئەوەی کوردەکان هۆگری تیرهاویشتن بەرەو ئامانجی بزۆك بوون – بە تایبەتی بەرەو ئادەمیزادان – هەمیشە [پێکهاتن لەگەڵیان] هاسان نەبوو. ئەمە هەرهەمان ئۆگری و مەیلەیە کە لە سەردەمی گزنفۆنەوە تا ئێستا ئەشتەکی وا کەم نەبۆتەوە." هەروەها دەنووسێ: "کوردان لە بەرامبەر دانی باج و سەربازگری حاکماندا بۆ مەبەستی نیزامیی سەربزێوییان دەکرد."

چارەنووسی کوردان زیاتر بەم سەرکەوتنەوە گرێ درابوو کە لە ڕەتاندنی هێزە پەلاماردەرەکانەوە وە دەستیان دێنا. ئەم پەلامارانە بە ڕیز لە زەمانی "شەلمانسەر"ی سێهەم و "سارگێن"ی دووهەم, لە سەدەکانی هەشت و نۆی بەر لە زایینەوە دەستی پێکرد. ئەم دوانە هێزی سەرکوتیان ناردە کوردستان. سەردەمایەکی کە وڵات هێور و بارودۆخەکە بەکاو بوو, کوردان لە هەموو شوێنێ بوون, یانی لە ڕۆخی مەدیتەرانەوە هەتا نیزیك کەنداوی فارس. لەم دەورانەدا کە کوردان جارناجار پێیان دەگوتن سەدەکانی ئیسلامی کوردی – یانی لە سەدەی دەهەم تا دوازدەهەمی زایینی – سنووری دەسەڵاتی سیاسییان, یا ئەوەی کوردان پارێزگارییان لێ دەکرد, ئاسیای ناوەندی هەتا هیلالی خەسیب و لیبی و یەمەنی دەگرتەوە و لە سۆنگەی دەستوبرد و لێزانینی شەڕ و کۆچاوکۆچی بەجێ, جەرگەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیان لە بەرامبەر هێرشی پەلاماردەران, بە تایبەت خاچپەرەستانا, پاراست. ئەو دەورەی دەیانگێڕا وەك دەوری ئیسکاتلەندییەکانی ڕیزی سپای ئینگلیس دەچوو. کوردان لە بواری نژیارڤانی, ئەستێرەناسی, مێژوو, ڕیازیات, فەلسەفە و مووسیقیشا درەوشانەوە. بە ناوبانگترین

کوڕی کورد, سەلاحەددین, لە باژێری تکریت لە مەڵبەندی سەر لێواری دیجلە پێی نایە ژیان, کە زێدی سەددام حوسێنیشە. بنەماڵەی ناو بە دەرەوەی سەلاحەددین لە خزمەت ئەمیرانی غەیرە کوردا بوو. مێژوونووسان لەوەی کە هەر ڕێوڕێ سەلاحەددین خۆی بە کورد زانیبێ و نەزانیبێ دڕدۆنگن و لایان وایە قەت پێی نەناوەتە کوردستان. بە کرێگیراوی بۆ هەندەران پیشەی باب و باپیری بوو, هەر چەند تاقمێك لە مێژوونووسان لایان وایە کە ئەو زیاتر خۆی بە گیانبازی ئیسلامپارێز دەزانی تا کورد.

سەلاحەددین و باوك و مامی هەر لە بنەڕەتەوە خزمەتکاری حاکمانی ترکی سووریا بوون و زۆرێك لە پیاوەکانی سپای سەلاحەددین ترك بوون. خانەدانی حاکمانی ئەییووبی کە سەلاحەددین بە ناوی باوکییەوە کرد, کۆتایی بە دوو سەدە حکوومەتی شیعەکانی فاتمی لە میسر هێنا و خەلیفەی سوننی بەغدای گێڕایەوە سەر دەسەڵات. سەلاحەددین خاچپەرەستانی لە ساڵی ١١٨٧, لە شەڕی "حوتتەین"دا بەزاند و ساڵێك دواتر "ئوورشەلیم" [قودس]ی لێ ئەستاندنەوە و ڕیچاردی شێردڵی تێكشکاند. سەلاحەددین لەبەر کردەوەی مرۆڤانەی کە لەگەڵ مەسیحییانی بەزیو و بەدخوازانی جوولەکەدا نواندی بە "میری جوامێران" ناوبانگی دەکرد ولە ١١٧٤ تا ١١٩٣حکوومەتی کرد و سنووری دەسەڵاتی ئەییووبیانی بەرین کردەوە. ئەم حکوومەتە هەتا کۆتایی سەدەی پازدەی زایینی هەروا بە شێوەیەك دەسەڵاتی خۆی پاراست. خانەدانەکانی تری کورد لە قەوقاز و کوردستانی باشووری و ناوەندیدا حکوومەتیان کرد.

لە سەرەتای سەدەی سێزدەوە تورکانی دەوارنشین وردە وردە پەلاماری ئاسیای ڕۆژاواییان دا. هێرشکەرانی مەغوول وەها خەسارێکیان گەیاندە کشتوکاڵی کوردستان کە سەدەیەك دواتر کوردستان تەنیا دەیتوانی دەیەکی بەر لە پەلامار بێنێتە بەرهەم. کوڕی تەیمووری لەنگ لە ١٣٩٣دا دیاربەکر و ماردین و تەواوی ناوەندە کوردییەکانی کە ئێستا کەوتوونە خاکی تورکیا, تالان کرد. دوابەدوای ڕاپەڕینێکی کوردان, تەیمووری لەنگ بۆخۆی لە ١٤٠١دا شارەکانی هەولێر و مووسڵ و جزیرەی تالان کرد.

کەمتر لە سەدەیەك دواتر شەڕەکانی نێوان ئیمپراتۆرییەتی ئێران و عوسمانی, لە دوای شەڕی چاڵدران لە ١٥١٤دا, زۆربەی خاکی کوردستانی تاپۆ کرد. (لە شەڕی چاڵدراندا, عوسمانییەکان شای سەفەوی ئێرانیان لە نزیك گۆلی وان, لە ڕۆژهەڵاتی تورکیا, بەزاند.) شەڕ و ماڵوێرانی بەربلاوی ئەم ڕووداوانە بۆ ماوەی سەدەیەك لە کوردستانا درێژەی کێشا. لە درێژەی ئەم ماوەیەدا عوسمانییەکان لە پەستا ئێرانییەکانیان زۆر زیاتر بەرەو ڕۆژهەلات ڕاماڵی, هەتا سەرەنجام لەسەر هێڵی سنوور پێکهاتن و بۆ ماوەی ٣٠٠ ساڵ ئەم پەیمانە پێخوست نەکرا. هەردوو ئیمپراتۆری هەر بە وەندە ڕانەوەستان کە کوردستانیان کردبووە شەڕگەی خۆیان, بەڵکوو بۆ کورت کردنەوەی دەستی یەکتر لە وە دەسهێنانی هێزی چەکداری [کوردی], هەڵوێست و ڕێبازی "زەوی سووتاو"یان گرتە پێش و هاتنە سەر دەرکردن و دوورخستنەوەی کوردان.

کۆچ پێکردن لە زەمانی کۆنەوە یەکێك لە شێوە باوەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بووە. سەرکەوتووی چاڵدران سوڵتان سەلیمی خوێنمژ, هۆزە کوردەکانی بۆ ئاناتۆلی ناوەندی و باکووری, بەتایبەت بۆ ناوچەکانی خوارووی ئانکارا دوورخستەوە؛ زۆرێك لە تۆرەمەی ئەم دوورخراوانە ئێستاش هەروا لەم ناوچانە نیشتەجێن. درێژەی دوور خرانەوە هەتا بولغارستان پەلی هاویشت. بەڵام ئەم کردارە لە چاو کردەوەی سەفەوییان نموودێکی وای نەبوو. سەفەوییەکان سەدان هەزار کورد – هەروەها ژمارەیەك ئازەری و ئەرمەنی و تورکمانیشیان – بە زۆرەملی ڕادایە جەرگەی ئیمپراتۆرییەتی خۆیانەوە. لە ساڵەکانی ١٥٣٤-١٥٣٥ کە چەکدارانی سەفەوی لە بەرامبەر هێزەکانی عوسمانیا ڕایاندەکرد, لە ڕووی لێکدانەوە و بە هەڵبژاردنی ڕێبازێکی دیاری کراو گەلێك شار و گوندی کوردستانیان خاپوور کرد, تەرمی کوژراوانیان ئاگر دا, کانی و کارێز و بیرەکانیان کوێر کردەوە و بەند و بنەوانەکانی ئاوداشتنیان تێكوەمەکان دا.

هێندێك دواتر هەر لەم سەدەیەدا, "شاعەبباس"ی یەکەم ئەم ڕێبازەی توند و تیژتر درێژە دا و ئەو کوردانەی کە لە زێدی خۆیان هەڵقەندرابوون, بەرەو ڕۆژهەڵاتی ڕەتاندن؛ لە پێشا بۆ ئازەربایجان و پاشان لە بۆ خوراسان و لە بەرابەر تورکمانان کە

هێشتاش لە وێندەرێ ماون ڕایگرتن؛ یانی هەزار میلێك لە زێدی خۆیان ئەولاتر. بەم شێوەیە سەفەوییەکان هۆزە سەرکێشە کوردەکانیان لە سنووری ڕۆژاوای خۆیان هەڵکەند و سەیر ئەوەیە ئەوانیان کردە پارێزەری کەوشەنە ئاڵۆزەکانی تری ولات. هۆزەکانی تری دوورتر خستەوە, واتە بۆ هیندووکوش لە ئەفغانستان و بلووچستانی ئێستا.

دەسەلاتی دەوارنشینان بەسەر جەماوەری نیشتەجێی کوردا بوو بە هۆی ئاڵوگۆڕی زمان و زاراوەکانی کوردستان. زمانی کوردی سەر بە لکی ئاریایی زمانەکانی هیندوئورووپایییە و زۆر لە زمانی فارسی نیزیکە. بە گوتەی کارناسان ئەم نیزیکایەتییە چەشنی وێکچوونی زمانی دانمارکی و ئالمانییە. کوردانی پێشوو بە زمانێك بە ناوی "پەهلەوانی" دەهاتنە ئاخاوتن, کە لە زنجیرە چیای زاگرۆس, واتە جەرگە و ناوەندەی کوردستانا کە ئێستا بەشێکە لە خاکی ئێران و ئێراق, باو بوو. بە درێژایی سەدان ساڵ, کۆچی بەرەو باکووری ڕۆژهەلات, ئەو شوێنەی ئێستا بە کوردستانی تورکیا ناودێر کراوە, هەرێمی دەسەلاتی ئەو زمانەی بەرین کردەوە. بەلام بە دەسپێکی لێكهەڵوەشانی کۆمەڵی نیشتەجێی کورد لەسەر سنوورەکانی ئێران و عوسمانی و ناوچەکانی ئەولاتر لە سەدەی شازدەدا, زمانی پەهلەوانی ڕۆژ بە ڕۆژ پتر لە برەو کەوت و کوردی کرمانجی جێی گرتەوە, یانی ئەم زمانە [زاراوە]ی کوردانی دەوارنشینی چیاکانی هەکاری لای ڕۆژاوای گۆلی ورمێ پێیدەدوان. کرمانجی و پەهلەوانی هەرتکیان دوو زاراوەی هەراوی تایبەت بە خۆیان هەیە. زمانی پەهلەوانی ئێستا لە دوو جەمسەری بەرەوڕوودا برەویان هەیە. نزیك بە میلیۆن و نیوێك کورد بە ڕاوێژێکی کە پێیدەگوترێ گۆرانی و بە گشتی دەکەوێتە باشووری کوردستانی ئێران, داخێون. زاراوەیەکی تری "زازا"یە لە کوردستانی تورکیا و بە گشتی لە تونجلی و بینگول و سیوەرەك و دەوروبەری ئەوێندەری قسەی پێدەکەن. جگە لەوەش لە ناوچەکانی لای مەلاتیە و ئادیامان و "مەرعەش"یش پێیدەدوێن. عەلەوییەکانی ترك و کورد و تەنانەت هێندێك لە کوردانی سونی مەزەبیش قسەی پێدەکەن. عەلەوییەکان فیرقەیەکی مەزەبین کە خاوەنی ماکەی ئیسلامی و پێشتریشن. زمانی گۆرانی لە لایەنی مێژوویییەوە زمانی ئەدەب و کۆمەڵی ئاکارپاکی تەواوی کوردستان بووە.

کرمانجیش بۆتە دوو لکی باکووری و باشووری. لکی باشووری بە سۆرانی ناسراوە و زۆربەی کوردانی ئێران و ئێراق قسەی پێدەکەن. لکی باکووری, یانی بادینانی ڕاوێژی کوردەکانی لای سەرووی ئێراق و ئێران و زۆربەی کوردانی کوردستانی تورکیایە. وای دادەنێن کە سێ چوارەمی کوردان ئێستا بەم زاراوەیە دەئاخێون. ئەم خەڵکەی بە کرمانجی و پاڵەوانی دەدوێن بە لای زۆرەوە لە نیوەی قسەی یەکتر حاڵی دەبن. کارناسان خزمایەتی ئەم دوو زمانە [دووزاراوەیە] بە پەیوەندی و نزیکایەتی زمانەکانی فەڕانسەوی و ئیتالیایی دەشوبهێنن.

تەنیا بەشێك لە نووسراوەکانی بەر لە سەدەی حەوتەم لە خەسارۆمەنی و ئاڵۆزبڵۆزی دەور و زەمان پارێزراون. کرمانجی لە سەدەی شازدە و حەڤدەدا وەها جێی خۆی کردبۆوە کە بۆ ڕۆنانی سێ حیماسەی نوێی کوردی هاتە کایەوە. شەرەفنامە, نووسراوی "ئەمیر شەرەفەددین بتلیسی" بە یەکەم مێژووی سەرانسەری کوردستان دەزانن. خاوەنی ئەم کتێبە گلەیی لە "تووك"ێ دەکا کە پێغەمبەری ئیسلام بۆ یەکانگیر نەبوونی هەتاهەتایی دەرهەق کوردان کردوویەتی لە ترسی ئەوەی نەکا بوێری و ئازایەتییان خەڵکی جیهان بخاتە ژێر ڕکێفیان. قورسایی و نرخی ئەم یەك نەبوونە لە شوێنەواری "ئەحمەدی خانی" بە ناوی "مەم و زین"دا خۆی دەردەخا و مەبەستی سەرەکی چیرۆکەکەیە. "مەم و زین" شێوەیەك "ڕۆمیو و ژولیت"ی کوردییە کە باسی ئاوات و ئامانجی خەڵکی کورد دەکا. "دم دم" حیماسەی خۆڕاگری "ماسادا"یانەی حەسەنخان [ئەمیرخان]ی لەپ زێڕین لە بەرامبەر شاعەبباسدا بە هۆنراوە دەگێڕێتەوە. حەسەنخان [ئەمیرخان] لە سەرۆکانی عەشیرەتی برادۆست بووە کە ئێستا نیشتەجێی باکووری ئێراقن.

لەم سەدەدا سۆرانی لەبەر نەبوونی زاراوەیەکی بەربڵاوی تر بۆتە زمانی گێڕانەوە و ئامرازی ڕاوێژی فەرهەنگیی خەڵکی کورد. کەترەخەمی ئێراق لە هەر بارێکەوە هەر چەندیش بێ دیسانیش ئاشکرایە کە ئەم وڵاتە لە سەردەمی سەرپەرستێتی بریتانیا و دەورانی دەسەڵاتی عەرەبانیشدا هەر چۆنێك بێ – با دڵنیگەرانیش بووبێ – هێندێکی ئازادی ڕۆشنبیری داوە بە کوردان.

ئەگەرچی بەغدا بە وردی بڵاوکراوە کوردییەکانی قەڵتوبڕ دەکرد, دیسانیش زمانی کوردی لە ڕۆژنامە و گۆڤار و کتێب و ڕادیۆ و تەلەفیزیۆندا دەسەڵماند. هەروەها لە پەروەردەدا, لە سەرەتایىڕا بگرە هەتا زانکۆ. لە ئاکاما پتر لەسەتا هەشتای کتێبە بڵاوکراوەکانی ئەم سەدەیە بە زمان [زاراوە]ی سۆرانین. ئەم ڕوودارە لە هیچ کام لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستا پێشینەی نیە. بۆ وێنە لە تورکیادا هەتا ساڵی ١٩٩١ کە سەرکۆمار تورگوت ئۆزەل قانوونی گۆڕی, نیزیکەی حەفتا ساڵ کە لە دامەزرانی کۆماری ترك تێدەپەڕی بڵاڤۆکی کوردی تەنیا ئەوانە بوون کە لە ئورووپا چاپ دەکران و بە یاساغی سنووریان دەپەڕاند و دەهاتنە وڵاتەوە.

لەم پەیوەندییەدا زیاترین گوناه دەگەڕێتەوە سەر ئەستۆی وڵاتانی ئورووپایی. لە ژووئیەی ١٩٢٣دا ئاتاترك بۆ ڕاکێشانی سرنجی وڵاتانی ڕۆژاوایی و کۆتایی هێنان بە داگیرکرانی ئیستامبووڵ لە بەندی ٣٨ی پەیمانی لۆزاندا بەڵێنی دا کە "هیچ چەشنە بەرگێرەوە و جەغزێك بۆ کەلك وەرگرتن لە زمانە خۆماڵییەکانی تورکیا, چ لە وتوویژی تایبەتی, بازەرگانی, مەزەبی یا بڵاڤۆك و بڵاوکراوە و هەروەها کۆبوونەوە گشتییەکانا، داناندرێ." بەڵام شەڕ توانستی هێزە ڕۆژاواییەکانی بریبوو و بەتایبەت بریتانیا پێیخۆش نەبوو پووڵ و پشتیوانییەکی دیپلۆماتیکی زیاتر بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ ئاتاترك کە ساڵی پێشوو یۆنانییەکانی هاوپەیمانی تێكشکاندبوو, بدا و بکا. هەروەها لەندەن پێیخۆش بوو هاریکاری ئاتاترکی بە دژی یەکێتی سۆڤیەت لە پشت بێ و تەمای وابوو کە لەسەر دیاری کردنی سنووری تورکیا لەگەڵ ئێراقی ژێربالی کە دەبوو هەرێمە نەوتییەکانی بپارێزێ, نەوی بکێشێ و پێك بێ. ئاتاترك کە بە دروستی لە بێمەیلی ڕۆژاوا بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ خۆی حالی ببوو, هەر ئەو ساڵە, لە مانگی ئۆکتۆبردا دامەزرانی کۆماری ڕاگەیاند و پاش چەند مانگێك خەلافەتی تێکەوەپێچا و تەواوی فێرگە و ڕێکخراو و بڵاڤۆکە کوردییەکانی وێڕای تەریقەتە بەهێزەکانی سۆفیایەتی و دەروێشایەتی و ناوەندە دینییەکانی کۆ کردەوە و دەرگای لە ڕوو داخستن ... بەڵێ ئەوەش مافی ڕۆشنبیری کوردانی تورکیا!

لە سووریادا, لە سەردەمی سەرپەرستێتی فەڕانسەوییەکانا, بڵاوکراوە کوردییەکان برەویان پێدەدرا, بەڵام وێڕای وەرگرتنی سەربەخۆیی سووریا لە ١٩٤٦دا ئەم

بلاڤۆکانەش بەربەست کران. فەرمانڕەوایانی ئێران لە "ڕەزاشا"وە – لە مابەینی دوو شەڕا – بگرە هەتا ڕێبەرانی مەلای کۆماری ئیسلامی زمانی کوردییان لە پەروەردە و بلاوکراواندا یاساغ کرد,[1] هەڵبەت بێجگە لە دوو هەڵکەوتی بەرچاو و کەم تەمەن: یەکەم سەردەمی کۆماری مەهاباد لە ١٩٤٦ و چوار ساڵی سەرەتای شۆڕشی ئایەتوڵڵا ڕووحوڵڵا خومەینی لە ١٩٧٩دا. لە یەکێتی سۆڤیەتا, لە کۆمارەکانی ئەرمەنستان و ئازەربایجانا کە جەماورێکی زیاتری کوردییان لێبوو, فێر کردنی زمانی کوردی لە قوتابخانەکاندا ئازاد بوو, بەلام ئەم کردەیە ئەم کۆمەڵە بچووکە کوردانەی نەدەگرتەوە کە سەردەمی شەڕی دووهەمی جیهانی بە فەرمانی ئیستالین بە سەرکۆمارەکانی تری ئاسیای ناوەندیا دابەش کرابوون.

ئەگەر بۆ هەڵبژاردنی زمانێکی یەکگرتوو یا ئیستاندارد, بە مەبەستی فێرکاری, ئەم جیاوازییانە کەندوکۆسپێکی تەواو نەبن، دیسانیش کێشەی چەن چەشنی ڕێنووس کوردانی لێك‌ترازاندووە. گۆرانی لە ئێرانا ڕێنووسی فارسی دەکار دەکا, سۆرانی لە ئێران و ئێراقا لە ڕێنووسی چاك کراوی فارسی و عەرەبی کەلك وەردەگرێ و بادینانیش لە ئێراق هەروەتر. بەلام کوردەکانی پەڕەوازەی تورکیا بەم ڕێنووسە لاتینە دەنووسن کە ئەمیر کامران بەدرخان سەردەمی سەرپەرستێتی فەرانسە لە سووریا دایهێنا. ئەو کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤارانەی کە قاچاغ دەچنە تورکیا, بەم ڕێنووسە نووسراون. کوردەکانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو بە ڕێنووسی سیریلیك دەنووسن.[2]

تەواوی ئەم هۆکارانە, وێڕای تاق کەوتنەوە و دابڕانی مەڵبەندە سەخت و شاخاوییەکان تەواو بۆتە هۆی نیگەرانی ئەم نەتەوەخوازانەی لەسەر ئەم بڕوایەن کە بە وەگەڕ خستنی ئەلفوبێ و ڕێنووسێکی یەکگرتوو کە تێگەیشتنی بۆ هەموو کوردان بلوێ, هەڤگرتن باشتر دابین دەکرێ. ئەم خەڵکە بە دەرد و پەژارەوە دەبینن کە سەرەڕای ئەوەی عەرەبی هەموو ولاتان لە زمانی یەکتر حاڵی نابن, زۆر لەمێژە زمانێکی ئیستانداردی عەرەبییان بەسەر هەموانا سەپاندووە. بێگومان کێش و ڕێزی

١– لە کۆماری ئیسلامیدا زمانی کوردی لە بلاوکراوە و بلاڤۆکاندا ئازادە. "یۆنسی"

٢– "ئەلفوبێ"ی ڕووسی, داهێنانی سەن سیریل (سەدەی نۆیەمی زایینی). "یۆنسی"

زمانی قورئان پشتیوانی ئەم کارە بوو. لـە کـەو دان و هەڵپـەرتاوتنی زمـان لـە لایـەن ئاتاترکەوە لـە دەیەی ١٩٢٠ و ١٩٣٠دا ئەلفـوبێی ترکی وە لاتـین گیـرا و گـەلێکی وشـەی عـەرەبی و فارسـی لـێدەرهاویـشت. ئـەدەبیاتی کـۆنی ئێـران هێـشتاش وەك هۆکارێکی بەهێز بۆ یەکێتی لە وڵاتا دەور دەگێڕێ.

تەنانەت لـە بواری مەزەبیش‌دا کوردان پێکەوە ناکۆکن. هەروا نیزیکـەی لـە سـەتا حـەفتا و پێنجـی ئـەم خەڵکـە سـوننی مەسـەبن و بـە کرمانـجی دەئـاخێون, بـەڵام کەمایەتییەکی یـەك هـەتا و نیومیلیـۆنیش هـەن, ئەوانـە لـە کلکـەی باشـووری کوردستانی ئێران, لای هەمەدان و کرمەشان و ناوچـەی کوردنـشینی ڕۆژاوای ئێـران, یانی خوراسان نیشتەجێن. سروشتی سەختی کوردستان چەشنی چیای لوبنان لە کۆنەوە پەناگای ئەم کەمینە دینییانە بـووە کـە پـەیڕەوانیان لـە ترسـی ئـازار و ئەشکەنـجەی حاکمانی دینە دەسەڵاتدارەکان وایان بە باش زانیوە کە مەزەبی خۆیان ئاشـکرا نەکـەن. لە ژێر ئاسـمانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستا ئەشتەکی زۆر نوێی لـێ نیە: بەم کـردارە دەڵـێن "تەقیە", بەم مانایە کە فیرقەی وەك "دەرووز"ی و "عەلـەوی"یەکان کـە لـە لایـەن دوو مەزەبی خاوەن دەسەڵاتی سـوننی و شـیعەوە بـە دانـانی ڕێوشـوێنی چەواشـە تاوانبـار کراون, بە ڕواڵەت پەیڕەوی لـە مەزەبی دەسەڵاتداری شوێنی ژیانیان دەکەن و بـە دزی بە مەزەبی خۆیانەوە خەریك دەبـن. خـەڵك کـە خوویـان بـە ئـاڵوگۆڕی لەنـەکاوی دەسەڵاتی سیاسی گرتووە, فێـر بـوون کـە لـە وەختـی خۆیـدا ئـایین بگـۆڕن یـا بـە دۆزینەوەی ڕێچارەیەك بکەونە بەربەرەکانی و ڕەنگی باوی ڕۆژ و شوێن لـە خۆ بگرن. بە درێـژایی سـەدەکانی ڕابـردوو جـەماوەرێکی بەرچـاوی کـورد بوونـە جوولـەکـە و مەسیحی و مسوڵمان. (زۆربەی جووەکانی کوردستان کە لـە ئێـراق دەژیـان ماوەیـەك پاش دامەزرانی دەوڵـەتی ئیـسرائیل لـە ١٩٤٨دا, کۆچیـان کـرد و ئـەو چەندسـەت کەسـەی مابووشـنەوە لـە نێوەڕاسـتی دەیـەی ٩٠دا وڵاتیـان بـەجێ هێـشت. مەسیحییەکانیش ڕۆژ بە ڕۆژ پتر ڕوو دەکەنە ئورووپای ڕۆژاوایی.)

هەروەها جەماوەرێکی گەورەی کوردی غەیرەمسوڵمان بریتین لە پەیڕەوانی دینێکی زۆر کۆن کە بە گشتی بە ئایینی پەرستنی "فرشتەکان" ناسراوە. ئەم ئایینە کە بڕوای بـە "ڕزگاری" دنیاییـیە و گەلـێ لە ئیسلام کۆنترە, هێشتاش لـە نێو سێ فیرقەی تەواو دیار

و لێك جیاوازی یەزیدی [ئیزەدی]، ئەهلیحەق و عەلەویدا لە کوردستان هەرماوە. هەڵبەت جگە لە بڕوا بە "ڕزگاری" دنیایی لایەنی هاوبەشی تریان نیە. ژمارەی پەیڕەوانی ئەم ئایینانە ڕوو لە کەمین, هێندێك لە کارناسانی ئەم بوارە ڕێژەی نفووسیان بە چوار یەك – یا تەنانەت سێ یەك – ی تەواوی جەماوەری کوردستان دادەنێن, هەر چەند ڕەنگە ئەم حیساباتەش وەك تەواوی ئەو شتانەی سەبارەت بە کوردستانن, پێهەڵاچوونی تێدا بێ. ئەم سێ ئایینە وێکڕا لەسەر یەك بڕوای بنەڕەتی هاوبەشن و جارجار لە کتێبە پیرۆزەکانیاندا نووسراوە, ئەگینا مەبەستەکانی تر پشتاوپشت و زارەوزار گەڕاون و بریتین لە: درەوشانەوەی حەوت شێوەی پەیتاپەیتای پەروەردگارەکە کائینات لە بەرامبەر هێزەکانی حەوتەوانەی ئاوێزان و زۆر تاریك و سیای ماددەدا دەپارێزێ.

جیهانی پەروەراندن بە گوێرەی ئافراندنی "مرواری" یا "تۆوی جیهان" باسی لێوەدەکرێ کە سەردەمانێك ڕووح یا جەوهەری پاك کردەی تێدا بووە. بۆ وێنە "مەسحەف", کتێبی ئایینی یەزیدییەکان تیا نووسراوە: "لە پێشا خواوەند مرواریيەکی سپی لە ڕوونترین جەوهەری هەبوونی خۆی پەروەراند. پاشان مەلێکی بە ناوی "ئەنفار" ئافراند, پاشان مرواریيەکی خستە سەر پشتی مەلەکە و "خۆی" چل هەزار ساڵ تیا مایەوە." ئەم ئایینە بڕوای بە تەناسوخی ڕووح هەیە لە ڕێی خۆ نواندنەوەی پەیتاپەیتای لەسەر شێوەی زاتی پەروەردگار کە لە پێکهێنەری بوونەوەری گەورە و بچووکە. پەیڕەوانی ئەم ئایینە لەسەر ئەم باوەڕەن کە پێکهاتنی جیهانی ماددیدا خێر و شەڕ بە قەد یەك گرینگن.

تەواوی ئەم ئایینانە لەپەستا کەوتوونە بەر شاڵاوی ئازار و ئەشکەنجەی ڕێبەرانی سوننی و جاری واشە شیعە و زۆربەی ئەم ئازار و ئەشکەنجانە هەر بە دەستی هاوڕەگەزە کوردەکانیان ئەنجام دراوە. ئازاردەران, پەیڕەوانی ئەم ئایینانەیان بە داهێنانی دابی دزێو لە دنیا هەتا دەگاتە ژن گۆڕینەوە لە جێژن و لە پەنادا تاوانبار کردووە. ئەم ئایینە بە سانی ڕاهێنان و ڕێبەرانی دینەکانی تر قبووڵ دەکا و بەتایبەت ڕێز بۆ مەزنی دینەکانی یەهوود, مەسیحایەتی, ئیسلام و زەردەشتی دادەنێ. هەروەها بۆ گەورەکانی بەر لە ئیسلام و وەرگیراو لە ئایینی "شەمەنی"یش کە هێرشکاران لەگەڵ

خۆیان لـە ئاسیای باکوورییەوە هێناویانە حورمەت دادەنێن. ئەم "ڕێککەوتن و پێکهاتنە" زۆر جار هەروا سادە و ساکار نەبووە, بەڵکوو لـە ڕاستیدا قانێك بووە کە بە مەبەستی فریودانی دژدینان و پاراستن و ڕاگرتنی هەڵومەرجی خۆیان و شوێن تێکردنیان, داویانە.

بۆ وێنە عەلـەوییەکان کە لـە سەدەکانی پازدە هەتا حەڤـدەوە زیـاترین دەسـەڵات و پێشکەوتیان هەبوو, زۆر توند شوێنیان لـەسەر مەزەبی شیعە دانا و بە بڕوای هێندێك لـە مێژوونووسان تەنانەت ئەم مەزەبەیان تەواو لـە خۆیانا توانـدەوە. تەنانـەت یەزیدییـەکان کە ئێستا بچووکترین ئایینی ئەم شێوەن لـە سەردەمی سەلاحەددیندا خـــــــــــاوەن جەماوەرێکی تێر و تەسەل بوون و هەرێمی دەسەڵاتیان هەتا ئەو کێوانەی کـە دەڕواننـە ئەنتاکیە و مەدیتەرانە پەلی هاویشتبوو. لـە سەدەی سێزدەدا هێز و دەسەڵاتیان هێندە بوو کە زۆر ناوچەی پان و بەرینیان لـە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست – چ هــەرێمی مەسیحیـنــشین و چ مسوڵمانـنشین – لـە مەدیتەرانەوە هەتا تورکیـای ناوەنـدی و کـەرکووك و گـۆلی ورمێیان وەسەر دینی خۆیان گێڕا. بـە پێـی گوتـەی "شـەرەفنامە" لــە بنـەبانی سـەدەی پازدەدا لـە سی عەشیرەتی کورد, حەوتیان سەروبەر یەزیدی بوون.

عوســمانییەکان لـە پلەی فەرمانڕەوایانی دینی و دنیایی جیهانی سوننی مــەزەبا, ئــەم ئایینانەیان جارێك لـەبەر پاراستنی وڵات و ڕایەك بە خاتری چەواشەکاری لـە دینا ئـازار و ئەشکەنــجە دەدا. بەر لـە هەموان عەلـەوییەکان کەوتنە بەر گەڕ و گەف؛ ئەویش ئەو زەمانەی کە سوڵتان سەلیمی خوێنڕێژ دوای شەڕی چاڵدران ئەو بەشە خاکەی ئێرانـی کە لـە ڕۆژهــەڵاتی ئانـاتۆلی هەڵکـەوتبوو, خــستە ســەر عوســمانی. ســوڵتان ســەلیم چلهەزار عەلـەوی بە تاوانی نەسەلــماوی "ئێراندۆستی" کوشت. چوارسەد ساڵ دواتر کۆماری لادینی کەمال ئاتاترك لــە ســاڵی ١٩٣٧ تـا ١٩٣٨ هــەر ئــەم شــێوەیەی بـۆ سەرکوتی "بەرگێڕەوانە" و دوور خستنەوەی عەلـەوییەکان درێژە پێدا و بەمــجۆرە ڕقی وەچەکانی داهاتووی عەلـەوییانی قووڵتر کردەوە. چاکی مەزەبی عەلــەوی لـەمـە دایـە ئەوەندەی پەیڕەوی کوردی هەیە بەم ڕایەدەیەش پەیڕەوی ترکی هەیە؛ ئەگەر تـرك پــتر نەبن. ئەم خەڵکـە پــتر لــە دەوروپــشتی تونــجلی و مەلاتیــە (لــە ئانـاتۆلی ناوەنـدی)

نیشتەجێن. هێندێك لە خاوەنڕایان لایان وایە ڕێژەی نفووسی عەلەوییەکان دەگاتە لە سەتا بیستی سەرجەم جەماوەری کوردستان.

یەزیدییەکان کە پتر لە هەموان کەوتوونە بەر گەف و گەڕ و بە هەڵە پێیان دەڵێن "شەیتانپەرست", پەیڕەوی دینێکی تێکەڵاون کە ماکەی دینی زەردەشتی و دووخودایی ئێرانی و هەروەها یەهوودایەتی و مەسیحایەتی و ئایینی ئیسلامی پێوە دیارە. ئەم خەڵکە لە کەندوقووڵی لێكدابڕاوا, بەتایبەت لە باشووری تورکیا و نیزیك سنووری سووریا و ئێراق, لە ناوچەکانی جزیرە و عەفرین لە باکووری سووریا, لە باکووری ڕۆژاوای ئێراق, یانی لە دەوروپشتی چیای ژەنگار و باکووری مووسڵ نیشتەجێن. بە پێی ئەو بەڵگانەی بە دەستەوەن, دەوڵەتی عوسمانی بۆ مسوڵمان کردنی ئەم خەڵکە لە مابەینی سەدەی حەڤدە هەتا بیست, نیزیك بیست جار پەلاماری داون و لەشکری کردوونە سەر و ئەم پەلامارانە هەمیشە قەتڵ و تالان و بڕۆ و دەسدرێژی و داگیرکردنی ژن و کیژانی بە دواوە بووە. ئاخرییەکەی ئەم هێرشانە زۆربەی ئەم خەڵکەیان بەرەو باکوور و قەفقاز ڕادا. لەم سەدەیەدا زۆرێك لەوان بەرەو ئورووپا بەتایبەت ئاڵمان کۆچیان کرد. ئەم خەڵکە بە پێی بڕوای ئایینی خۆیان پۆشینی جلی شین و وتنی وشەی "شین" لە ترسی ئەوەی نەکا شەیتان بێنێتەوە یاد و هەروەها خواردنی کاهوو بە حەرام دەزانن. لە ئێراقا کە ٦٠/٠٠٠ کەسێك دەبن بە پێی ڕێژەی جەماوەری خۆیان کەوتوونە بەر پەلاماری حکوومەتی سەددام حوسێن.[1] ئەهلیحەق کە زیاتر بە ئەهلی باتن (باتنییە)ش مەنشوورن لەسەر سنوورەکانی ئێران و ئێراق نیشتەجێن.

بێتوو جوان ورد بینەوە دەبینین کە ئەم بیچم و چۆنیەتییە تایبەتییانە بە گشتیی تایبەمەندیی زۆربەی جەماوەرانی سەر چیان و لەگەڵ کوردان بە ڕواڵەت خۆیان ڕێك دەخەن: لە شوێنێك دنەی ڕووحی نەتەوەیی و نەتەوەخوازی دەدەن و لە جێیەکی تر دەبنە یاریدەدەری کاری چاوەدێری و سەقامگیر بوونی دەسەڵاتی حکوومەت.

١- چونکە ئامادە نەبوون حاشا لە کوردێتی خۆیان بکەن و بڵێن عەرەبن و بە ڕەگەز دەچنەوە سەر یەزیدی کوڕی موعاویە.

ڕقەبەرایەتی و گێرە و کێشەی عەشیرەتی گەلێ جار جووڵانەوە نەتەوەخوازییەکانی کوردی پشووبڕ کردووە و کاری دەوڵەتانی پەلاماردەریان هاسان کردۆتەوە. شەڕ و کێشە و دوژمنایەتی کوردان پێکەوە تەنیا وێنەی ڕۆژهەڵاتیی دوو بنەماڵەی "هەت فیلد" و "مەك کۆی" نیە کە بە ڕق و دوژمنایەتی تاقمێك خەڵکی هەژاری گوندەکی مانا بکرێتەوە.

دوژمنایەتی کۆنەباوی عەشیرەتی هێندە توند بوو کە تەمای هۆزێك بۆ هاتنە نێو ڕیزی جووڵانەوەی نەتەوەخوازی زۆرجار دەبوو بە هۆی ئەوەی هۆزێکی تر خۆی وەکێشێ یان تەنانەت پووڵ و چەك‌وچۆڵ لە حکوومەت وەربگرێ و شانبەشانی دەوڵەت دژایەتی شۆڕش بکا و تفەنگی پێوەبنێ. تەنانەت تایفەی نێو عەشیرەتێکی هەڤگریش دەگژ یەك ڕاچوون. مەلامستەفا بارزانی کە لەم سەدەیەدا تەنانەت توانی هەستی نەتەوایەتی خەڵك لەوبەری سنوورەکانی ئێراقیش بزوێنێ, گەلێ جار لەگەڵ تاقمێك لە هێزەکانی عەشیرەتیی دەوڵەتخوا شەڕی بوو کە ڕادەیان هاوتای شەڕکەرانی ئەو بوون.

خەیانەت لە مێژووی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستا پێشینەیەکی زۆر دوور و درێژی هەیە. لە حیماسەی بابلی بە ناوی "گیل‌گەمیش"دا کە چوارهەزارساڵی بەسەرا تێدەپەڕێ, "ئەنکیدۆ" کە پیاوێکی ساکاری ناوچەی زاگرۆسە, دەکەوێتە داوی ئەوینی کیژێکی چاومەستی عیبادەتگای ئەوینی پێدەشتان و بەم شێوەیە خەیانەت بە بوونەوەرانی کێوی دەکا کە بوونە دۆست و ئاواڵی. چیرۆکێکی لەم چەشنە بەسەرهاتی "فەرهاد"ی پەیکەرتاشی کورد دەگێڕێتەوە کە ئەویینداری "شیرین" هاوسەری خوسرەوی دووهەم, پاشای ئێران لە سەدەی حەوتەمی بەر لە زایین دەبێ. شیرین لێی‌دەخوازێ و دنەی دەدا چیای زێدی خۆی برووخێنی, بەڵام هەر وەك خووخدەی خەڵکی دەشتەکییە سەرەنجام خەیانەتی پێدەکا.[1] فەرهاد لە حەیبەتی نائومێدی خۆی لەم کێوەڕا هەڵدەدێرێ.

١– ئەوە لەگەڵ "شیرین و فەرهاد"ی کوردی یەکتر ناگرنەوە. "وەرگێڕ"

بەڵام مێژووی کورد تەژیشە لە غەدر و خەیانەتی کورد بە کورد. "قارەمانی" حیکایەتی ئەم خەیانەتانە جاری وایە سەرۆك عەشیرەتی نەخوێندەوار بوون کە دەکەوتنە بەرەورووی خوێندەواران و پەروەردەکراوانی شار. هەروەها ناکەس‌بەچە و نەفامان لە هەردوو تاقمدا کە ئامادە بوون لە بۆ پاراستنی قازانج و ئامانجی تیژتێپەڕ بە سازی حکوومەتان بکەونە چەقڵەسەما. لەم سەدەدا سەرۆك عەشیرەتانی چیانشین کە توانستی کۆ کردنەوە و ڕێکخستن و سەرکردایەتی هێزی خاوەن تەکووزیان هەبوو بە شوێن ویست و مەیلی خۆیانەوە کەوتنە تاڵان و برۆ و ئامانجی بەرچاوتەنگانەی خۆجێیی و بەرەورووی کەسانی وریا و هەڵکەوتەی شارەکی, کە پشتیوانییان لە ئاوات و ئامانجی نەتەوەپەروەرانە دەکرد بەڵام هێزی بەکاو گەیاندیان نەبوو, ڕاوەستان.

ئەم گێرە و کێشە و تێکهەڵچوونانە ڕەنگدەرەوەی ئەو بارگرژییانەن کە هەر لە کۆنەوە لە نێوان چیانشینانی شەڕکەر و خەڵکی نیشتەجێ و ژیارمەندی دەشتەکیدا هەبووە. بە دەسپێکی ئەم سەدە سامناکە (لە بۆ کوردان) ئەم هەڵتەزینەوە و ناتەبایی‌یانەی کوردانی لە بەرامبەر دەوڵەت و بەتایبەت بەرەورووی یەكدا ڕاست دەکردەوە زۆری تەنییەوە. دابڕان, نەزانی, پیلان و لێك تیژ کردنی حکوومەتان و سەرکوتی چاوەڕوان نەکراو, نابەختەوەری, دڕدۆنگی و خەیانەتی بە ئاشکرا ... بەڵێ, هەموو وێکڕا خۆیان نواند. کۆچ پێدان و دوورخستنەوەی سیاسی هاتە ئاراوە و گەشە نەکردوویی و دواکەوتوویی ... وێکڕا یەکگرتوویی نەریتی کۆنیان لاواز کرد. کاتێك کوردان لەگەڵ پەروەردە و ژیاری ئاشنا بوون عەشیرەگەری کەوتە سەرەولێژی فەوتان, هەتا پاشان لە دەیەکانی ١٩٨٠ و ١٩٩٠دا دەوڵەتانی تورکیا و ئێراق بە کەڵك وەرگرتن لە دەربەگانی ڕووەو نەمان و بێ‌پشتیوان بۆ چەکدار کردنی چریکی کورد بە دژی نەتەوەخوازان, عەشیرەگەرییان بە شێوەیەکی دەسکرد زیندوو کردەوە.

مۆجزەی ساڵی ١٩٩١, ئەو کاتەی وا عەشیرەتانی کۆنە دەوڵەتخوای کورد, چەشنی سوورچی و برادۆستی کە بەختی خۆیان لە بەختی برایانی نەتەوەخواز گرێ دا, ڕووداوێکی ناوازەی لەسەر ڕێسابوو. لە ڕابردوودا هێندێك مەکۆی خوێندکاری کردبوویانە باو کە بارزانی و "حیزبی دێموکرات"ەکەیان بە ناوی خەڵکێکی شەڕخواز و دەرەبەگ و حیزبێکی تەواو گوندەکی بێننە ناسین و جەلال تاڵەبانی و یەکێتی

نیشتمانی ئەویان بـە خـاوەن خووخـدەی شارسـتانییانە و پێـشکەوتوو و هێمنیخـواز دەناساند و تاریفیان دەکرد. چالاکی بەربلاوی سەددام حوسێن لەسەر ڕێبازی تێکدانی پێکهاتەی جەماوەری کۆن وەها لـە زەبـر بـووە کـە زۆربـەی جیاوازییـەکانی لاواز و بێبایخ کردووە. ئەم دوو تاقمە نەتەوەخوازە — واتـە پـارتی دێمـوکراتی کوردسـتان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان — کە گەورەترین ڕێکخراوە نەتەوەخوازەکانی ئێراقن, لـە مەودای شەڕی ١٩٩١دا یەکتریان یاریدە دا و لە بەهاری پاشی بە کەڵك وەرگرتن لە چەتری ئاسـمانیی هاوپەیـمانان هەڵبژاردنێکی بەڕاستی ئازادیان — گەرچی لە هێنـدێك بارەوە نوقسانی هەبوو — بەڕێوە برد. چون ئاکامی هەڵبژاردن زۆر لێـك نیزیـك بـوو, یەکێتی و پارتی لێبڕان دەسەلات بە نیوەونیوە لە نێو خۆیانا دابەش کەن. لـە ژووئیـەی ١٩٩٢دا پارلەمان و دەوڵەتی هەرێم لـە ناوچـەی خودموختـاری پێـشوودا دامـەزرا. "وڵاتی پەنامەکی" ئێستا وەك ڕاستەقینەیەکی ژیان خۆی دەنواند, ئەگەرچی کوردان بـۆ خۆ پاراستن لـە ڕەخنـەی غـەواران سـەبارەت بەمـەی کـە دەوڵـەتێکی سـەربەخۆیان پێکهێناوە, هەروا ئاڵای ئێراقیان هەڵدەدا و هێزەکانی پۆلیسیان جلـی ڕەسـمی وڵاتـی ئێراقیان دەپۆشی.

بەڵام لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٤دا, ئەوە نەك عەشیرەتان, بەڵکوو پێـشمەرگەکانی دوو ڕێکخراوی نەتەوەخواز, یانی پـارتی دێمـوکرات و یـەکێتی نیـشتمانی کوردسـتان بوون کە تێکهەڵچوونەوە و ئـەم ڕووداوە ئاکـامی گەلـێ پـەژارەهێنی لـێکەوتەوە. کەموزۆر هەموو دەیانزانی کە سێ هۆکاری جوغرافیایی و زمانی و کۆمەڵایـەتی بوونـە هۆی هەڵگیرسانەوەی شەڕ و لێك تەوەلا بوون. یەکێتی نیشتمانی شارەکانی هـەولێر و سلێمانی لە ناوچەکانی سۆرانی لەهجـەی ڕۆژهـەلاتی زێـی گـەورەدا خـستبووە ژێـر دەسەلات, کەچی پارتی دێموکراتی کوردستان لـە مەڵبەنـدەکانی سـنووری تورکیـا و ئێراق لە ناوچـەکانی کرمانـجی لەهجـەی بـاکوور و ڕۆژاوای زێدا, کـە زۆربـەیان گوندەکی بوون, خاوەن دەسەلات بوو.

هەڵوێـستی "هاوپەیـمانان" یاریـدەی تەنینـەوەی ئـەم گرژییـەی دا. بەرپرسـانی "دەوڵەتی هەرێم" ئەو داهاتەیان نەبوو کە بتوانن دەزگای ئیداری خۆیانی پێدابین بکەن و مووچـەی کارمەنـدان بـدەن. زیـادە لـەوەش گـەمارۆی ڕێکخـراوی نەتـەوە

یەکگرتووەکان لەسەر ئێراق و گەمارۆی ئابووری سەددام حوسێنیش لەسەر باکووری ئێراق, ئەوەندەی دیکەی بارەکە ناخۆش کردبوو. هەروەها دەکرێ ترسی ڕۆژاواش بۆ یارمەتیدانی ناوچەی خودموختاری بخرێتە سەر. ئەگەرچی ئەیالەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەڵێنی ڕووخاندنی حکوومەتی سەددام حوسێنی دابوو و بەم مەبەستە خەرج و بەرجی "کۆنگرەی میللی ئێراق"ی کە بنکەی لە کوردستان بوو, دابین دەکرد, بەلام هیچکام لە زلهێزەکان قازانجێکی لەمەدا نەدەبینی کە یارمەتی خۆنواندنی زیاتری کوردان بکا. بەلام کوردان دەیانزانی کە لە بابەت ئەم شەڕ و گەرەی کە خەڵکی ئاسایی و لە فرەکەوتوو پێیاندەگوت "خۆکوژی", جگە لە خودی کوردان کەس بۆ سەرکۆنە ناشێ.

لە سەرەتای **١٩٩٥**دا دەزگای پاراستنی ئەمریکا (سیا) لە پێشا کۆنگرەی میللی ئێراقی دنە دا هەتا پشتیوانی دوو ڕێکخراوی گەورەی کورد یانی پارتی دێموکرات و یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆ بەشداری کردن لە چالاکی سەربازی دژی سپای ئێراق لە کەرکوك و مووسڵ ڕاکێشێ. ئامانجی ئەم کردەیە یارمەتیدانی پیلانێکی لە پێشا دارژاوی نێو سپای ئێراق بوو بە دژی سەددام حوسێن. ئەیالەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ئاخر ساتەکانا بە ئاگادار بوونەوە لە پەیامگەلێك کە لە نێوان ڕیزەکانی سپای ئێرانیدا ئاڵوگۆڕ دەکرا و باسی چاوپۆشی ئەمریکای لە بەرامبەر هێرشی هێزەکانی ئێرانی لە زەلکاوەکانی باشووری ئێراق دەکرد, دەستی ڕاگرت و پەشیمان بۆوە. پەلاماری کۆنگرەی میللی ئێراق درێژەی کێشا و دوو لەشکری لە هێزەکانی سەددام تێكشکاند, بەلام حیزبی بارزانی لە خۆی تەوەلا کرد و نەیتوانی حکوومەتی سەددام بڕووخێنێ. ئەم ناکامییە لە چارەنووس و داهاتووی ناسیۆنالیزمی کوردا هەنگاوێکی زۆر مەترسیدار بوو. ساڵێ دواتر بارزانی بە دژی تاڵەبانی داوای یارمەتی لە سەددام حوسێن کرد و ئەم کردەیە بوو بە هۆی ئاڵۆزی و سەرلێشێواوی گەلاڵەداڕێژانی سیاسەتی ئەمریکا و سەرسوڕمان و پەشۆکانی دۆستانی دەرەوی کورد.

بەشی ٣

هەڵخەڵەتاوەکان

بەیانی ڕۆژی جێژنی "پاک"ی ساڵی ١٩٩١ بوو. کاروانی بچووکی ئێمە – هەواڵنێران – لە گەوەیەکی ئاستەمی ئەم ڕێیەی لە شارۆچکەی هاوینەهەواری سەلاحەددینەوە بەرەوخوار دەخوشێ لە ڕێبەندانێکی پاڵەوپاڵ و دەم لەسەر پشت گیری کردبوو. سەلاحەددین بنکەی سەرکردایەتی هێزەکانی کورد بوو کە ئێمە دەمانویست لێی دوور کەوینەوە و خۆمان بگەیەنینە شوێنێکی پەنا و نەماندەزانی ئەم خواستەمان چەندە وەدی دێ. لە پێشمانەوە بە سەدان ئوتۆمبیل و ئوتووبووس و لۆری و تاکسی و ترێلێری پڕ لە حەشیمەت پاڵیان وێکدابوو. لە دۆڵی بەرپێمانەوە, لەسەر ئەو باریکەڕێیەی بەرەو لامان دەکشا, ئەم ڕەوەیە تێک‌گیرابوون. هیچکام لەم دوو ڕیزە خۆی بۆ ئەوی تر کلا نەدەکرد. کۆسپی سەرەکی ئێمە ڕێ‌گیران نەبوو, بەڵکوو هەندێك لەولاتری سەلاحەددین, دوور لە هەتەری چاو, باڵەفڕە تۆپدارەکانی ئێراقی خەریکی تەق‌وتۆق بوون. لە گرمەیانڕا دیار بوو کە ئەو ڕیز ئوتۆمبیلانەی دوو سەعات درەنگتر لە هەولێرەوە دەرباز ببوون, دابوویاننە بەر تۆپ و مووشەك. کەی یەکەم باڵەفڕ لەم تەپکەوە خۆی دەنوێنێ و نۆرەمان دێ؟

وا ئێستا دوای چەند ساڵ خوێندنەوە و توێژینەوەی کەلێن و قوژبنی کتێبان بە دوای فێڵێك‌دا کە بتوانێ بمگەیەنێتە کوردستان, تێگیرابووم و نائومێدانە هەوڵم دەدا بە شێوەیەك لەم هەرێمە دەرباز بم, هەڵبەت وێڕای ئەم هاوکارانەی هاتبوونە لام.

لەخۆوە بیرم لــە لایــەنی جۆراوجــۆر و نەفامانــەی ئــەم خیـــرەسەرییە کــردەوە. خــۆم دەهاتەوە بەرچاو کە چەند ساڵ پێشتر بە جووتێ پێڵاوی ئیتالیایی تایبەتەوە ڕێی بــەفر و

سەهۆڵی "ڤۆژ"[١]م دەبڕی؛ ئەوەندەم باسی گرینگایەتی کوردستان کردبوو کە تەنگم بە سەرنووسەرانی ڕۆژنامەکانی واشینگتۆن هەڵچنیبوو. هێندەم گوت و گوتەوە کە دامان و تکایان لە ڕێبەرانی کوردی سەرقاڵ بە کاری گرینگترەوە کرد, من بەرنە کوردستان. وا ئێستا تێدەگەیشتم کە بە شێوەیەك واقعییەتە توند و تیژ و مەترسیدارەکانی کوردستانم وەبەرچاو نەگرتووە.

بێتوو ئێوەش چەشنی کوردان هێندە سیابەخت بن کە خوازیاری هەبوونی دەوڵەتی خۆتان بن, ئەو کات جێی سەرسوڕمان نیە ئەگەر شۆڕش و شەڕ و شێواوی و لێكهەڵوەشانی حکوومەتوو مەزن بێتە بەرچاو, وەك ئەو هەڵکەوتەی دە فریای خەڵکی لەهێستان هات, چونکە سێ ئیمپراتۆریی لە ئاخری سەدەی هەژدەڕا هەتا کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهانی وڵاتی لەهێستانیشیان داگیرکردبوو. ئاوماڵە چنۆکەکان سەرەڕای گەلێ ڕاپەڕین ناوی لەهێستانیان لەسەر نەخشەی جوغرافیایی سڕییەوە. کوردانیش هەروەتر, ئازادی ڕاپەڕاندنی کاروباری نێوخۆیان لە دەس دەرچوو و قەت بە شێوەی ڕەسمی نەبوونە خاوەنی وڵاتێکی سەربەخۆ. ئەوەندەی بۆیان کرا پاڵیان وەو میرنشینانە دا کە ئیمپراتۆریی ئێران و عوسمانی دەیانبوغزاندن و جاری وایە هەتا وەختایەکی هێزی سزادەر لە پایتەختەوە گەیشتۆتێ و تێکی شکاندوون زۆر ناوچەی بەربڵاوی کوردستانیان لە ژێر ئاڵای ئەمیرێکا یەكخستووە. بەڵام مێژووی نەتەوەخوازی نوێ و هیوا بە پێکهێنانی وڵاتێکی کورد تەنیا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی لێكهەڵوەشانی ئەم ئیمپراتۆرییانە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا. شەڕی یەکەمی جیهانی کوردانی لە ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریی عوسمانی ڕزگار کرد و بەڵێنی سەربەخۆیی پێدان, بەڵام پاشان ئەوانی دایە دەس تەوژمی دەوڵەتانی "نەتەوەیی و کۆدەسەڵات" کە لەگەڵ هیچ حاوانەوە و ڕێكکەوتنێك ئاشنا نەبوون. کوردستان کە وڵاتێکی دەورگیراوە و سەری ناگاتەوە دەریا, سەرەڕای بوونی کانگا و کانیاوی نەوت و ئاو، فرە دواکەوتووە و دوو جۆر ئیسلام و پێنج سنوور و سێ زمان [سێزاراوە] و

١- vosges, زنجیرە چیایەك لە باشووری ڕۆژهەلاتی فەڕانسە, ڕۆژاوای ڕاین.

ئەوەندەش ڕێنووس بەشبەشی کردووە؛ بەڵام ئەوەندەی بە هۆی حەشیمەتی کوردەوە زیندووە، ئەوەندەش بە ویستی وانەوە قیت ڕاوەستاوە. چونکە کوردان جەماوەرێکی گیانسەخت و دۆڕاوانێکی خۆڕاگرن. لەبەر گەرموگوڕی و قسەخۆشی و بوێری و کێشندەیی خۆیان کە تێکەڵاوی ڕق و هەڵچوونێکی چاوەڕوان نەکراوە, شیاوی خۆشەویستین. سەرکردەی لەشکری ڕەگەزە غەوارەکان, چەشنی گزنفۆن لە سەدەی چوارەمی بەر لە زایین و فیلد مارشاڵی داهاتووی پرۆس, "هێلمۆت فۆن مۆلتکە"[1] لە ساڵەکانی دەیەی ١٨٣٠دا باسیان کردوون. مۆڵتکەی لاو تێگەیی کە کورد و عەرەب هەرتك "ئیشتیا و مەیلی ڕێگرییان هەیە", بەڵام ئەوەی هەیە کە مەیلی عەرەبان پتر دەگەڕێتەوە سەر باندۆری دزی و سەرچاوەی مەیلی کوردان لە ورەی شەڕکەرانەوە هەڵدەقوڵێ.

بەڵام تەنانەت هەڵکەوتەیەکی "پرۆس"یش دەکرێ بە پێچەوانە لە ڕووداوەکان حاڵی بێ. سەت و پەنجا ساڵ دواتر تاقمی ئێمە شایەدی سزادانێ بوو کە بە دەستی عەرەبان و لە قەوارەی سپای تێكشکاو بەڵام "مەرگهێنی" سەددام حوسێنا بەسەر ئەم خەڵکەدا داسەپا. تاقمی ئێمە بریتی بوو لە دە دوازدە هەواڵنێر کە بۆ چارەڕەشییان لەرێوە لە تێكشکان و ڕاکردن حاڵی دەبوو. وەچەیەك بەر لە ئێستا کێشەی وێنەم یەکەم شەڕ بوو کە من وێڕای "مەك کالین"ی وێنەگر و "مارتین ڤولاکۆت", هەواڵنێری "گاردییەن" دیبووم و ئەم دووە لێرەش بوون. "جوولی فلینت" لە "ئابزێروێر", "مارك کراوتس" لە "لیبراسیۆن", "چارلیز گلاس" و گرووپی "بیبیسی" هەموو وەك من پاشماوەی شەڕۆچکەی بێبڕانەوەی ساڵەکانی ١٩٧٠ و ١٩٨٠ی لوبنان بوون. "گۆڤین ڕۆبێرتس" لە بیست ساڵ پێشترەوە خەریکی سازکردنی فیلمی بەڵگەداری تلەفیزیۆنی بوو بۆ "ڕۆیتێر" و ئێستاش هەر خەریکی ئەو کارە بوو. نوێنەرانی بەرەی لاو بریتی بوون لە "جراڵدین برووکس" لە "وال ئیستریت جورناڵ", "ئایوز هارتە" لە "سووداودێستێ", "بوردوو" و "ئیسکات پیتێرسۆن" لە "دیلی تێلگراف".

١– هێلمۆت یوهانس مۆلتکە ١٨٤٨ – ١٩١٦, سەرکردەیەکی ئاڵمانی بوو.

هەروا کە گوێمان دەدایە فڕکەی باڵەفڕە تۆپدارەکان, لەوپەڕی ترسا وێنایەکی کە "ئاندرێ مالرۆ"[٢] لە ترس و خۆفی خۆی دەکا, ئەو کاتەی لە ١٩٤٠دا تانکەکەی دەکەوێتە قوڵکەیەك و تۆپی ئەڵمانی سێرەی لێدەگرن, لە بیرگەمدا سەری هەڵدا. لە نزیك ئێمەوە پیاوێك دڵنوایی منداڵێکی دەکرد کە بە ئاوری مووشەکی باڵافڕ تەواو سووتابوو. چوار پێشمەرگەی کورد کە چەند نەخشەی گلۆڵەکراوی دەسکەوتیان لە سپای ئێراق وە ژێر هەنگڵ دابوو, لە پێشماندا بە غار دەڕۆیشتن, ئەم چوارە ڕایاندەکرد و پتر لە میلیۆنێك کورد بە شوێنیانەوە بوون. شۆڕشی کورد جارێکی تر بە سەرڕەو تەفروتونا دەبوو. ئەمریکا ڕایەکی تر کوردانی لە تەنگەژەدا بە جێهێشتبوو.

من لە ڕۆژی هەینی پیرۆزا[١]– ٢٩ی مارس – لە شاری سلێمانی هەروا کە بە چڕوچاوێکی خەواڵووەوە گوێم دەدایە هەواڵەکانی سەعات پێنجی پاش نیوەڕۆی بی‌بی‌سی, لە ڕوودانی کارەساتی بێگەڕانەوە حاڵی بووم; بی‌بی‌سی تەنیا ئامرازی پێوەندیم لەگەڵ دنیای دەرەوە بوو. وێژەری ڕادیۆ وتەکانی وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکای گێڕایەوە کە دەیسەلماند سپای ئێراق دوێشەو شاری کەرکوك, ناوەند و کانگای گەورەی نەوتی لە باکوور, گرتۆتەوە. بەم ئاکامە گەیشتم کە واشینگتۆن پێشتر بە یارمەتی وێنەی هەوایی لە ڕووداوەکان ئاگادار بووە. زۆر وێدەچوو پتری ئەم وێنانە لە لایەن ئەو فڕۆکانەوە هەڵگیرابنەوە کە ڕۆژی سێشەمۆ بەسەر کەرکووکەوە دیبوومانن. گومانی تێدا نەبوو کە ڕێکخستن و دامەزرانی هێزەکانی ئێراقیان خستبووە ژێر چاوەدێری. داخوازی ڕوون و ئاشکرای ڕێزدار بووش لە پازدەی فێوریەدا کە ڕایگەیاند "دەبێ تاقمەکانی سپای ئێراق و خەڵك خۆیان کارەکان وە دەس بگرن," بوو بە ئەوەی کە ئەمریکا دەس لەسەر دەس دابنێ و تەنیا خەریکی "بەڵگە سازکردن" بێ لەمەڕ ئەم چورتە لێبڕانەی. ئیزگەی ڕادیۆی سەر بە دەزگای پاراستنی ناوەندی (سیا) کە بنکەی لە عەرەبستانی سعوودی بوو بێوچان

---

٢ -Andre malraux، نووسەر و دەوڵەتداری فەرانسەوی ١٩٠١ -؟

١–Good Feiday، ئەو هەینییەی کە یادگاری چوارمیخەکێشانی حەزرەتی عیسایە, هەینی بەر لە چێژنی پاك.

هەتا ڕۆژی سێهەمی مارس – یانی سێ ڕۆژ پاش ئەو ئاگربەسەی کە چالاکی سەربازیی "تۆفانی سارا"ی هاوپەیمانانی کۆتایی پێهێنا – داوای لە خەڵکی ئێراق دەکرد کە حکوومەتی سەددام حوسێن بڕووخێنن.

پەك کە پەتپساوی ئەم ڕادیۆ نهێنییە چەندەی وتەکانی بووش وە بیر دێنایەوە! لەساڵی ١٩٥٦ من لە ئورووپا سەرباز بووم, ئەوکات واشینگتۆن بەوە تاوانبار کرا کە بە بڵاوکردنەوەی قسەی نەجووراوی هەڵنەسەنگاو لە ڕادیۆ "دەنگی ئازادی ئورووپا"وە کە "سیا" خەرجوبەرجی دابین دەکرد, شۆڕشی مەجارستانی هەڵگیرساند و کاتێك تانکەکانی سۆڤیەت ڕاپەڕینیان تێكدەشکاند, ئەوان بێشەرم و متەق خۆیان کەنار دا. ئەمە پەندێك نەبوو کە هیچ ئەمریکایییەکی هاوتەمەنی من لە بیری بردبێتەوە. بەڵام ئەمجار ئەم دنەدان و پاڵپێوەنانە لە لایەن دەزگایەکی ڕادیۆیی لە جەرگەی شەڕی ساردا نەبوو, بەڵکوو لە لایەن سەرکۆماری ئەمریکا و بە قەولی پڕوپاگەندەکەرانی, لە لایەن تەنیا گەورەهێزی جیهانەوە بوو.

سەرباقی ئەوانەش دەسەڵاتی کوردان بەسەر ناوچە ئازادکراوەکانیاندا گەلێ لەرزۆك و متمانە پێنەکراو بوو. ئێمە هەر لە حەوتوویەك پێشترەوە کە هاتبووین لەم بارودۆخە حاڵی ببووین. تەنانەت ئەو دە ڕۆژەی کە کوردان کەرکووکیان بە دەستەوە بوو – پاش حەفتا ساڵان ئەمە یەکەم جار بوو ئەم شارەیان دەکەوتە ژێر دەسەڵات – نەیانتوانی تەواوی مەتەرێزەکانی پارێزەری بنکەی گرینگی زەمینی و ئاسمانیی "خالیدی بنی وەلید" داگیر بکەن. شەوی چوارشەممۆ ئەوکاتەی گلاس و تاقمی "بیبیسی"یەکەی و مەككالین لە کەرکووکەوە بەرەو هەولێر گەڕانەوە لە قەراخ جادە تەقە و لێكدانیان دیبوو. بۆ سبەی تانکەکانی ئێراقی توانیان شاری گرینگی ئاڵتوون کۆپری لەسەر زێی بچووك و نێوان هەولێر و کەرکووك داگیربکەنەوە. هەر چۆنێکت چاو لێدەکرد لەم شارێ زۆر باشەوە [ئاڵتوون کۆپری] کەرکووك و سلێمانی ئێستا سەعاتێکیان پتر مەودا نەبوو, جا هەر کات ئێراقییەکان ویستبایان هێز و ئامرازی تێكشکاندنی بەربەرەکانی کوردانیان بە دەستەوە بوو. تەنیا مانگێك پاش ئەوەی کە هێزە هاوپەیمانەکانی دژی سەددام بە ڕێبەرایەتی ئەمریکا لە بیستوهەشتی

فێوریەدا و لە شەڕێكی زەمینی سەت سەعاتەدا كۆتاییبیان بە داگیركرانی كووەیت هێنا, پاشماوەی سپای خوێڕیكراوی سەددام كە هەر چەند ڕۆژێك پێشتر دەسەڵاتی خۆی لە ناوچەكانی شیعەنشینی باشوور وە دەس هێنابۆوە, ئێستا ئامادەی تێكشـــــــكاندنی ڕاپەڕینی كوردستان بوو.

لە هوتێل "سەلام"ی سلێمانی لە پێخەفەكەما بیرم لە بارودۆخی تاڵی خۆمان و كوردان كردەوە. زگچوونی بە خوێنم بوو, ئەو نەخۆشییەی گەلێ ساڵ بوو شوێنەواری نەمابوو. تاقەتی ئەوەم نەبوو هەستم و بچمە نێو شار و بە دوای هاوكارەكانمدا بگەڕێم كە بۆ كۆكردنەوەی هەواڵ چووبوون. بە ڕوونی مەترسیم هەست پێدەكرد. هەر سێ ڕۆژ پێشتر سەروسۆراغی سێ وێنەگری لاو و لەزۆقمان ون كردبوو كە لە سووریاوە وێرامان هاتبوون. تەواو نیگەرانیان بووین.[1] سەرەڕای پاڕانەوە و پێداگریمان بۆ ڕۆیشتن, ئەوان سوور بوون لە كەركووك وەمێنن. كاتێك "ڤولاكوت" گەڕایەوە میوانخانە, هەواڵەكانی كەركووكم بۆگێڕایەوە. گوتی: "دەی, ئەوەش چوونە بەغدامان بە یەكەم زرێپۆشەكانی كورد!" هەواڵمان دا بە هاوكاران و پاشان خێرا بە ئوتۆمبیل بەرەو سەلاحەددین لە باكوور كەوتینە ڕێ كە لە سلێمانییەوە سێ سەعات ڕێیە. بوولێڵی ئێوارێ لە دەوروبەری سلێمانی هێندێك ڕاوەستاین و دەستمان كرد بە وتوویژ لەگەڵ ئەو پەناخوازە ترساو و شەكەتانەی حەفتا میل نێوان كەركووك و سلێمانی بە پێیان هاتبوون. گوتیان باڵەفڕە تۆپدارەكان لە پێشا لە كەركووك داویاننە بەر بۆمبی فۆسفۆریی سپی و پاشان لە شارێ وەبەر مووشەك و ڕەشاشیان داون. ئەوەندە دینارە ئێراقییەی پێمانبوو وێمان دان. خەڵكێكی خانەخراپ بوون و پێداویستییان بە پووڵ بوو.

دەبوو هەرچی زووتر لە ئێراق دەرباز بووباین و بەسەرهاتی ئەم خەڵكە خۆ لێ بێخاوەن كراوەمان گێڕابایەوە و خۆمان لەم ئاوربارانە ڕزگار كردبا.

١- جاد گروس Jad gross, دەرچووی هاروارد كە یەكەم ساڵی ڕاسپێراوی خۆی تێپەڕ دەكرد, بە دەس هێزەكانی داگیركەرەوەی كەركووك كوژرا. دووەكەی تر بە دیل گیران و دواتر ئازاد كران.

هەر لە دەسپێکەوە تێکشکانی شۆڕشی کورد خۆی دەنواند, بەڵام لێکهەڵوەشان و دەس لێکبەردانێکی وەها خێرا, ئەشتەکی چاوەڕوان نەکراو بوو. ئێمەش هەموو دەمانزانی کە چوونە باکووری ئێراق کارێکی مەترسیدارە. ڕەشبینی ئێمە بەرهەمی ئەزموونی ڕابردووە لە ئیشێکدا کە پتر خوازیاری شك و گومانە هەتا خەیاڵات. ئەوەی مابووین یەکتر گیر بووینەوە. زۆربەمان ئەوەندەمان شەڕ دیبوو کە بە پێی ڕێسا زۆر شتان بێنینە حیساب، وەك: بەدشانسی, درۆ, ڕووداوی تاڵی چاوەڕوان نەکراو، دواکەوتن بە هۆی کەترەخەمی, هەوای ناخۆش, نەخۆشی لەپڕ, برۆکراسی و ڕێوشوێنی لەخۆوە, پاشەکشەی لەنەکاو, فیفی بوونی باڵادەستانی ڕەسمی، لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی هەڵەی سەربازی, ئامۆژگاری خراپ و زیاتر پڕ لە بەدخوازی, ڕێنوێنە تێنەگەیوەکان, دوژمنایەتی, ڕانندە بێ دەسوپلەکان، ئوتۆمبیلی ناتەیار, بەتایبەت ئەو ئوتۆمبیلە متمانە پێنەکراوانەی تورمزێکی ئاوهایان نەبوو, کەم بوونی بێنزین, تەگەری سواو و پواو و ویسکی خراپ.

کاتێك ئەو دوو هێڵە تەلەفۆنە ئاسمانییەمان کە قەرار وابوو سەرەڕای تێکدانی ناوەندەکانی تەلەفۆنی ئێراق لە لایەن هاوپەیمانانەوە پەیوەندی ئێمە لەگەڵ دنیای دەرەوە دابین بکەن, هەر لە ئەوەڵەوە دابڕان, ناڕەحەتێکی ئەوتۆمان هەست پێنەکرد. ناڕەحەتی زیاترمان تەنینەوەی تاڵوتوونی و شێواوی ناوچەکان بوو: لێکهەڵوەشان و تێکشکانی بە سەرڕەوی خۆڕاگری شیعەکان لە باشووری ئێراق, کۆبوونەوە و لێکهاڵانی هێزەکانی سەربازی لە باشووری کەرکوك, کشانەوە و خۆ لادانی تاقمەکانی "سپای یارمەتیدەر"[١] کە هاتبوونە ڕیزی شۆڕشەوە و دیسانەوە بەرەو کۆشی حکوومەتی بەغدا گەڕابوونەوە, پێشڕەوی موجاهیدینی خەڵق کە بە چەکی قورس تەیار کرابوون. (موجاهیدینی خەڵق هێزی دژ بە کۆماری ئیسلامی بوون و ئێستا بۆ دابین کرانی بنکە و ئامرازیان لە لایەن ئێراقەوە ببوونە گوێ لەمستی بەغدا) هەروەها دیدارێك لە وێستگەی گەورە و پێشکەوتووی شەمەنەفەری کەرکوك لە بەشی

١– سپای بەکرێگیراوانی خۆماڵی. [جاش]

پێشەوەی بەرەکانی شەڕ, کۆڵان و شەقامەکانی چۆڵوهۆڵی بێجریوەی مناڵ و ترپەی پێی ڕێبواران, بە دیارەوە نەبوونی ئامرازی هاتوچۆ, ئەو بێدەنگییەی کە تەقەی تاکوتەرا و لێرولەوێ دایدەسەپاند و شریخەی لە نەکاوی خۆمپاران, تێکڕا نیشانەی ترسیان سەلماندبوو.

بە درێژایی حەوتوو سەبارەت بەم مەبەستە ئەگەر هاتوو ڕاپەڕینی کوردان تووشی تێشکان هات چلۆن خێرا شار جێبێڵین, باس و ڕاوێژمان کردبوو. ئێراق لە باشترین کات و دۆخی خۆیا بە بەدکرداری مەنشوور بوو لەگەڵ ئەم غەوارانەی بە بێ ئیزن دەچوونە وێندەرێ و دەگیران و ئێمەش بێ هیچ بەرگە و بەڵگەیەك سنوورمان پەڕاندبوو. گەڕانەوە بۆ سووریا بە ڕێی پێشوودا بێبواری دەنواند. بۆ چوونە کەرکووك و هەولێر سێ ڕۆژی بارانی لە قوڕ و زەلەقدا مابووینەوە, بە ڕێی کەندوقووڵ و کوێرەڕێی سەرسەوز و جلێتاو تەنیوی گوندان‌دا کە "دێلتا"ی "مێکۆنگ"ی وێنامی دێنایەوە یاد تێپەڕیبووین. تەنانەت ئەو کاتەی کە وێدەچوو کوردان خەریکن دەسەلاتیان لە ناوچەدا سەقامگیر کەن, دەسەلاتیان بەسەر ئەم ڕێیانەدا نەبوو. چوون بەرەو باکوور و تێپەڕین لە بەشی ڕۆژاوا بەرەو کەوشەنی تورکیا لە ڕێی مەنشووری بارزانەوە وێدەچوو دەس بدا, بەلام وەك دەیانگوت ئەم ڕێگایەی لە ڕۆژهەلاتەوە بەرەو ڕۆژاوا دەخوشی, لەبەر ئەوەی لەمێژ بوو کەس خۆی تێنەگەیاندبوو, تەنیا ترۆمبیلی دوو دیفرانسییەل دەیتوانی لێی باژوێ و ئێمەش نەمانبوو.

تەنیا ڕەوگەی ڕەسمی لەم سنوورە بەردەلانە دووسەتوشەش میلییە لەگەڵ تورکیا, پردێك بوو لەسەر ڕووباری خابوور لە قولینچکی باکووری ڕۆژاوا, نزیك زاخۆ. یانی نیزیك ئەو شوێنەی کە وەختی هاتن لە سووریاوە بە سواری کەڵەکی پەلاستیکی لە دیجلەی لافاوییەوە پەڕیبووینەوە و لە "پێش‌خابوور" هاتبووینە خاکی ئێراق. تەنانەت ئەو کاتیش لە وێزەی خۆمپارەهاوێژانی ئێراقا بووین. لە سەرەتای مانگی مارس‌دا ئێراقییەکان وەختی پاشەکشە پردەیان تەقاندبۆوە, ترکانیش بە گشتی تەقەیان لە تەواوی ئەو کەسانە دەکرد کە دەیانویست بچنە خاکی تورکیاوە. لەسەر کاخەز, ئێران باشترین ڕێ بوو. لە هەموان نیزیکتر بوو و پاش چەند سەعات

ڕێکوتان بە ئوتۆمبیل بە جادەیەکی خاکیـدا دەسـتی ویڕادەگەیـشت و هـەموو ڕۆژێ فڕینێکی نەوەد دەقیقەیی، فڕۆکەخانەی لای سـنووری بـە تارانـەوە دەبەسـتەوە. بـەڵام هیـچمان بەڵگـەی هاتوچـۆی ئێرانیمـان پێنـەبوو و دوژمنایـەتی ئێـران لەگـەڵ ڕۆژاوییەیان, بەتایبەت ئەمریکایییەکان بـە ڕادەیـەك بـوو کـە دەترسـاین لـە سـنوور بکەوینە دەس یەکێك لـە پاسدارانی مرچومۆنی شۆڕش و بـمانگێڕنەوە.

چاك دە گەرداوێ کەوتبووین و مـن هەسـتم دەکـرد کـە بـۆ ئـەم مەبەسـتە خـۆم تاوانبارم. من بەر لـەوەی یەکەم فیشەك بۆ ئازاد کردنی کووەیت لـە شـازدەی ژانویـەدا هاویژرابێ, کەوتبوومە شوێن کوردان, بەتایبەت شوێن مەسعوود بارزانی ڕێبەری پـارتی دێموکراتی کوردستان کە کۆنترین حیزبی نەتەوەخوازی کوردە. لەمـە گـرینگتر, ئـەو ئێستا یەکێ لـە سەرۆکانی "بەرەی یەکگرتووی کوردستان" بوو کە لـە هەشت حیزب و ڕێکخراو پێکهاتبوو. بە پێکهێنانی ئەم بەرەیە کوردان سەرەنـجام ڕق و کەڵەوەکێشی و دووبەرەکایەتی نێوخۆیی, کە هێزی لـە جووڵانـەوەی کـورد بڕیبـوو, وەلانـا بـوو. لـە سەرەتای فێوریە بەخت باڵی گرتبووم و توانیبووم ویزای ئێرانـم نـوێ کەمـەوە, بـەڵام ماوەی ئەم بەڵگەیەش هەر ئەوەندە بوو کە من لـە تارانەوە بگەیەنێتە بنکەی بارزانی لـە سنووری ئێران و ئێراق لـە نزیك ورمێ.

بێشك سەفەر بە فڕۆکە ئەم کارەی هاسـان دەکـردەوە. بـەڵام پیاوەکـانی بـارزانی نەیانتوانیبوو بلیتی فڕۆکە وەگیربێنن. لـە جیاتیـان دوو ڕاننـدەی لاوی کـورد لەگـەڵ دیلمانـجی بەر سرنـجی بارزانی – سیامەند بەننا – بە سـواری ئوتـۆمبیلێکی پـەیکانی مۆنتاژی ئێران پەیدا بوون, ئەویش پاش دانێك دوا کەوتن. لەم کاتەدا کە خەریك بـوو ماوەی ویزاکەم تەواو دەبوو دەمویست لـەم کارە پاشەگەز ببمەوە, زۆر وەڕەز و گرژ و تاڵ بووم. لـە دیداری جارانی پێشوومڕا دەمزانی کە سەفەر بە سواری پـەیکان جگـە لـە گەڕانی نێو شاران دەبێ چەندە ناخۆش بێ. تەنیا زەمانێك چاك حاڵی بـووم کـە لـە ڕێی کوێستانان لـەسەر سەهۆڵ هەڵدەخلیسکاین. بەڵێ شازدە سەعات ئاژوانی بێوچان بە ڕێی پڕ ترس و خۆفا, سێ سەعات خەوتن, سێ سەعات وتوویژ لەگەڵ بـارزانی و شازدە سەعات گەڕانەوە بۆ تاران ئاکامی ئەم هاتوچۆیە بوون.

لە سۆنگەی شریتەكانی دەنگی سیروان پەروەر [شوان پەروەر], بەتایبەتی چەمەری پەژارەبارێنی كە بە بۆنەی مەرگی هەزاران ئینسانی ئاسایی بێچەكوچـۆڵی هەڵەبــجە تۆماری كردبوو, نەمانهێشت خەومان لـێبكەوێ. سەددام حوسێن لە مارسـی ١٩٩٨ [١٩٨٨]دا هەزاران مرۆڤی بە گازی شیمیایی لەم شارە خنكاند. ئەمە یەكەم جار بـوو لـە مێـژوودا كـە دەوڵـەتێك دژی خـەڵكی بێچـەكی خـۆی لـە ڕووبـەرێكی وەهـا فرەواندا, لـە گـازی كوشـندەی شـیمیایی كـەلكی وەردەگـرت. (ئێـراق پێـشتر لـە زنـجیرەیەك چالاكی سەربازیدا دژی كوردان لە گازی شیمیایی كەلكی وەرگرتبوو و كۆمەڵی جیهانی لە ڕووی ئاگاداری و زانینەوە – هەروا بە تێكڕایی– چاوی لـە حانـد قووچاندبوو.) من و بەننا كە لە سەندەڵی دواوەدا لە باڵیەكڕاچـووبووین كەوتبووینـە دەمەتەقەیەكی بێكۆتایی كە لە ڕاستیدا دەرسێكی بایـخدار بوو لەسەر ناسـیۆنالیزمی كورد. شەكەتی ئەم سەفەرە دوور و درێژانە بە ڕێگیرانی لە پەستا كە لە كوردسـتانی ئێران تووشیان دەهاتین, دەڕەوین. كوردان كەیفیان بە نارەحەتی كاربەدەستانی دەزگای ئاساییشی ئێران دەكرد كە تێمابوون: لە لایەك بەدگومان لە ئەمریكایی بوونی من و لە لایەكی ترەوە لە بەڵگەی هاتوچۆم كە سپای پاسـداران, یەكـە دەسـەڵاتداری وڵات بۆی دەركردبووم.

وتوویژی گەڵ بارزانی كە لە حەشارگەیەكی دژی بۆمـب لـە چـیای بـەفرگری ساماڵ سپیدا ئەنـجام درا, وتوویژێكی چڕ و پڕ بوو. ئامانـجی ئـەو بـە گـشتی لـەم وتوویـژە هـەناردنی پـەیامێك بـوو بـۆ تركـان كـە لایـان وابـوو كـوردان لـە جێـی خودموختاری لە چوارچێوەی ئێراقا, خوازیاری سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵـەتێكی كوردن. بارزانی وتی: بەم شێوەیەی كە دنیا بۆ پاراستنی سنوورەكانی كووەیـت هاتۆتـە شەڕ, كوردان تێگەیون كە هیچ كەس پێیخۆش نیە كوردستانێكی سەربەخۆ لە ئێـراق ... یان ئێران و بەتایبەت توركیا جیـا بێتـەوە. ئەمـە ڕاسـپاردەیەك بـوو كـە بـارزانی و ڕێبەرانی تری كـوردی ئێـراق هەمیـشە بـۆ بـاوەڕ پێهێنـان و مـرزەم كردنـی وڵاتـانی دڕدۆنگی ئێران و سووریا و توركیا چەنپاتیان دەكردەوە و چشیان وەگیر نەدەكەوت و ئـەمریكاش بـە تەقـەی دەهـۆڵ و زوڕنـا پێویـستی پاراسـتنی تـەواێتی خـاكی ئێراقـی

ڕادەگەیاند. بارزانی گوتی كوردان هەقیانە وڵاتێكی سەربەخۆیان هەبێ, بەڵام دەبێ بە ئامرازی سیاسی بگەنە ئەم ئامانجە نەك بە چالاكی چەكدارانە. جا ئەم ویستە بە سرنج دان بە هەڵوێستی سەرەتایی و كردەوەی پتر توند و تیژی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ڕەنگە یەك سەدەی پێبچێ.

چەند ساڵێك بوو بارزانیم نەدیبوو, پێی وردیلە و خاڵی ڕوخساریم لە بیر چووبۆوە, هەر چەند گلە و گازندەییم لەسەر چەوسانەوەی ئاشكرای نەتەوەكەی لە بیر مابوو. بە بڕوای وی هەستی سڕی ئەمریكا بەتایبەت و كۆمەڵی جیهانی و دەسەڵاتەكانی ناوچە بە گشتی بوونە هۆكاری ئەم مەرەدانە. وێنەیەكی ژێنێراڵ بارزانی مەزنی باوكی كە بۆ ماوەی نیوسەدە شێوەی قەڵافەتی ڕێبەرێكی نەتەوەخوازی ئەمرۆیی كورد بوو, لەسەر دیوارەوە تێمان ڕامابوو. ڕوخساری هەڵۆیانەی بارزانی مەزن وەبیر مەسعوودی دێنایەوە كە چۆن ئەمریكاییەكان؛ بەتایبەت هێنری كیسینجێر لە ساڵی ١٩٧٥دا كوردیان فریودان و پێیانسەلماندن كە واشینگتۆن یارمەتی ئێران دەستەبەر دەكا و پاشان كاتێ محەممەد ڕەزاشای پەهلەوی بە ئێراقی فرۆتن, متەقی لە خۆ بڕی و دەسی لە سەریەك دانا و سووك و چرووكی كردن.

مەسعوود گوتی: دەوڵەتی "ڕێگان"یش لە وان باشتر نەبوو. ئەو ئاماژەی كردە سەركەوتنی ئێراق لە بابەت شكاندنی ئەم گەمارۆیەی بە زۆربەی دەنگ و بە مەبەستی سزادانی ئێراق بە خاتری كەلك وەرگرتن لە گازی شیمیایی لە ١٩٨٨دا بە دژی كوردان لە لایەن مەجلیسی "پیران"ەوە خرابووە سەری. هەروەها باسی یارمەتی درانی ئێراقی لە لایەن دەوڵەتی ڕێگانەوە كرد كە ڕێی بۆ وەرگرتنی وامی هەڵومەرج هاسان و تێكنۆلۆژی سەربازی خۆش كرد. دیسان ڕوونی كردەوە تا ئێستا كە نیزیكەی چل هەزار گوندی كوردان خاپوور كراون و سەدان هەزار كورد لە شارۆچكەی بە ناو "سەركەوتن" خزێندراون و تەواوی خەڵك لە هێرشی شیمیایی تۆقیون, ئەو نایەوێ لەم جەنگەی شەڕی ڕزگاری كووەیتا بەرەیەكی دیكەی دژی سەددام بكاتەوە.

هەر چۆنێك بێ, لە ڕۆژی دووی ئووتی ١٩٩٠ەوە كە ئێراق پەلاماری كووەیتی دا, دەوڵەتی سەرۆك بووش كەمترین مەیل و ئۆگری خۆی سەبارەت بە ڕاوێژ

لەگەڵ کوردان, چ بە جۆی یان وەك پاژێك لە تێکڕای "بەرەی دژی سەددام" نیشان نەدابوو, جا چ بگا بە هاواهەنگی لەگەڵیان. چەند ڕۆژ پاش "پەلامار" جەلال تاڵەبانی, سەرۆکە هاوبەشەکەی تری "بەرەی کوردستانی" و ڕێبەری ڕێکخراوی ڕقەبەری بارزانی, بەم باوەڕەوە کە ئاخری سەددام حوسێن بەرگەی مەرگی خۆی ئیمزا کردووە و ئێستا لە کۆڕ و کۆمەڵی نێونەتەوەییدا بە ڕووی خۆشەوە پێشوازی کوردان دەکەن, بە پەلە خۆی گەیاندە واشینگتۆن. بەڵام وەزارەتی دەرەوی ئەمریکا ڕوویەکی وای نیشان نەدا. کەوایە بۆچی دەبێ کوردان خۆیان بدەنە دەس پێشهات؟ بارزانی بە دووپات کردنەوەی هێندێك لە وتەکانی تاڵەبانی کە دوو حەوتوو پێشتر, هەر لەم زستانەدا, لە دەمیشق کردبونی و من بیستبووم, گوتی: "سەددام دەسەڵاتی لاوازە, بەڵام ئێمە لاوازترین." کوردان کێشەکەیان دەبردەوە باری ئەخلاق و بەڵێنییان دەدا لەبەر ئەوەی سەددام لەگەڵ دوژمنانی دەرەکی, لە قالبی کۆمەڵی جیهانیدا دەستەویەخەیە, ئەوان بە دژی چ کردەوەیەك نانوێنن.

ئەم بۆچوونە، ئاقڵانە دەهاتە بەرچاو. ڕێبەرانی بەرەی کوردستانی تێگەیبوون کە ڕێبەرانی هەڤگری دژی سەددام ناتوانن و نابێ لە کوردانی ئێراق بخوازن پتر خۆیان بخەنە مەترسی, مەگین ئەوەی بە شێوەی ڕەسمی خۆیان دەستەبەر بن. ڕێبەرانی کورد بە ورد بوونەوە لە هەڵەکانی ڕابردوویان کە کوردستانی بە قوڕ گرتبوو, دەیانزانی کە ناتوانن خەڵك بۆ جووڵانەوە هان بدەن. پاشماوەی ئەم ڕێبەرایەتییە خەساربارە ئێستا لە مەترسیدا بوو. سەردەمی کەینەوبەینەی ئاڵوگۆڕی پەنامەکی زانیاری بە سەرچوو بوو و هەڵبەستنی پێوەندێتی ڕامیاری لەگەڵ گەورەهێزانی دەرەکیش – ئیتر جگە لە دەستەبەر بوون – پتر خەون و خەیاڵێکی پڕ مەترسی بوو. کوردان ئەم ڕوونبینییەیان بە نرخێکی گران وە دەس هێنابوو. دە ساڵ پاش تێکشکانی مەلامستەفا, مەسعوودی کوڕی و تاڵەبانی بەختی خۆیان و مەلاکانی کۆماری ئیسلامییان تێکخستبوو و ئەمانەش لە ماوەی شەڕی ئێران و ئێراق لە ١٩٨٠ تا ١٩٨٨ەوە کەلکیان لێوەرگرتبوون و فریویان دابوون.

لە ڕاستیدا تۆڵەی ئێراق سنووری بۆ نەبوو. کەڵك وەرگرتن لە چەكوچۆڵی ژاراوی دژی خەڵکی کورد لە ڕاستیدا شێوەی جووڵانەوەی سەددام حوسێن لەگەڵ خەڵکێ بوو کە بە خەیانەتکار و خراپکاری تاوانبار کردبوون. سەددام ئەم چەکە ژاراوییانەی لە پێشدا ساڵی ١٩٨٧ و پاشان ١٩٨٨ لە هەڵەبجە دەکار هێنا و هێندێك دواتر لە زنجیرە هەڵمەتی ڕاونان و پشکنین و شوێنگێران و پلێشاندنەوە بە ناوی "ئەنفال"دا کەلکی لێوەرگرتن. ئەم کردەوە دزێوانە شتێ نین کە لەسەر پەردەی بیر و زەینی خەڵك وەشۆڕێن. بێ بانگەوازی بووش لە بۆ شۆڕش, چەن کورد بە پیر هەڵگیرسانەوەی شەڕەوە دەچوون؟ وەك ئەوەی بیرگەی خەڵکی کورد پێویستی بە وە بیر هێنانەوە بێ, لە پایزی ١٩٩٠دا عیززەت ئیبراهیم, یارمەتیدەری سەرکۆماری ئێراق چووبووە سلێمانی هەتا ئاوا هەڕەشە بکا: "ئەگەر ڕووداوی هەڵەبجەتان لە یاد بردۆتەوە, پێمخۆشە وە بیرتان بێنمەوە کە ئێمە حازرین دووپاتی کەینەوە."

وتوویژم لەگەڵ مەسعوود بارزانی کۆتایی پێهات. هەستام بڕۆم, بەڵام فراوین چێ کرابوو و داوای کرد نەڕۆم. ڕاوێژمان گۆڕا. کاتی خواردنی مریشك و پلاو, وتوویژمان خۆشتر بوو. ئەو بە ئاشکرا گوتی کە بە پێچەوانەی ڕواڵەتی ئەوەندەش بێلایەن نیە کە هەتا ئاخری هەروا دانیشێ: "ئەوەی کە بە ئاشکرا بەڵێنیمان داوە لە کێشەی کووەیتا حازر نین لە پشتەوەڕا خەنجەر لە ئێراق بوەشێنین, تاکتیکە." ئەم مەبەستە ڕەنگدانەوەی ترس و پارێزی ڕێبەرایەتی بوو لە تۆڵە ئەستاندنەوەی سەددام, بەڵام لە بەرامبەردا بەغدای وەها دڵنیا کردبۆوە کە چەن تیپ و ئامرازی شەڕی لە کوردستانەوە بۆ کووەیت ڕاگوێزتبوو. مەسعوود بێ ئەوەی من چیم پرسیبێ گوتی ئەوەندەی بووز دەخوا پیاوەکانی هەر زانیارییەك سەبارەت بە خەسارەت و زەرەدی بۆمبارانەکان یان مەبەستە تاکتیکییەکان وە دەسی دێنن دەیدا بە هاوپەیمانان. زۆربەی ئەم زانیارییانە سەبارەت بە کوردستان بوون, بەڵام بەشێکی لە لایەن ئەم کوردانەوە وە دەس دەهات کە لە ڕیزەکانی سپای ئێراق لە کووەیت بنەگر ببوون. لە کووەیت ئەم کوردانەیان کردبووە بەشە گۆشتی بەر دمی تۆپ و ئەوانیان لە پڕ مەترسیترین شوێنەکانی شەڕگە دامەزراندبوو.

لــە تــەواوی مــاوەی ئــەم وتوویــژەدا کۆگایــەك کاخــەزی بــچووکی نوشــتاوەی هەڵڕێژراوی سەر مافوورە زەینی منی لە خۆی شـەتەك دابـوو. ئـاخری پرسـیم ئەوانـە چین؟ مسعوود گوتی, ئا, بـەڵێ ئەمانـە نامـەی کاربەدەسـتانی بەعـسی سووسیالیـستی عەرەبی, ئەفسەرانی سپا و جاشانە. (کوردی بەکرێ گیراوی چەکداری حکوومەتی بـۆ پەست کردن پێیدەگوترێ جاش.) ئەم نامانـە نیـشانیان دەدا کـە لایەکـەم جاشـەکان پێیانخۆشە بەر لە زیان و زەردەی زیاتر بگرن. نیگەران بوون کە سـەددام لـە شـەڕدا تێبشکێ و ئەوان بۆ پێشمەرگان بـەرەڵڵا بکـا. مەسـعوود گـوتی تـەواوی ئـەم نامانـە بەیعەت کردنە بە پێشمەرگان و نووسندەکانیان بەڵێن دەدەن کـە لـە وەختـی خۆیـدا یارمەتی پێویست دەکەن. وا دیاربوو کە ئەو, ئەم دەربڕینانە – ئەگەر زۆریش جێباوەڕ نەبن – بە شتێکی ئاسایی دەزانێ. گوتی ئەمە کـردەی بەرژەوەندخوازانەیـە دەیکـەن و نەخشەیەکە بۆ داهاتوو, بۆ ئەو کاتەی ئەگەر هات و سەددام ڕووخا, دایدەڕێژن.

لە ڕاستیدا ئەم نامانە ئاکام و دەسکەوتی چەند مـانگ چـالاکی ورد و پەنامـەکی بوو. لە دەسـپێکی هێرشـی ئێراقـەوە بـۆ سـەرکوویت, کادرەکـانی پـەروەردەکراوی نەهێنیکار بە مەبەستی نەرم کردن و هێنانە سەر ڕێی کاربەدەستان, خزانە شارەکانەوە. تێکۆشانی سەخت و شێلگیرانە و پڕ مەترسی ئەم کادرانە لە پایز و زستانا بوو بە هـۆی پێکهاتنی بواری ئەوبارەوبار بوونی جاشان و ڕوو وەرگێڕانیان لە حکوومەتی ناوەندی و داگیرکردنی هاسان و بێ لەمپەر و بەرگری بنکـە و قـەڵاکانی سـپای ئێـراق و شـار و شارۆچکەکان, ئەویش بە جۆرێ کە تەنانەت بـارزانی و گەڵاڵەرێـژانی سـەرکردایەتی لەم سەرکەوتە کوتوپڕ و سانایە تەواو سەریان سوڕما. بە سرنجدان بــە هــەڵگڕان و تەنینەوەی ئەو ئاورەی داگیـرسان و بڵاوبوونەوەی یەكبــوو, ڕادەی قازانــجی ئــەم چالاکییە نەهێنییانە بە دروستی دیاری ناکرێ. بانگەوازی یەکێتی نیشتمانی کوردسـتانی تاڵەبانیش بۆ "ئاشتی نەتەوەیی" کە شتێکی زیاتر لە لـێخۆش بوونی گشتیی دەگرتەوە, کردەوەیەکی زیرەکانە بوو و بێشك ڕێی زیاتر بۆ ئەم کارە خۆش کرد. ئەم ڕاپەڕینە لە شارۆچکەی ڕانیە لە نیزیك سنووری ئێرانەوە دەستی پێکرد و کـوردان لــە مـاوەی دە دوازدە ڕۆژاندا بە دانی کەمترین خەسارەت, زۆربەی کوردسـتانیان گرتـەوە, ئـەویش

زۆر زیاتر لە پێشوو. لێرەدا ئەوە جاشەکان بوون کە بە داگیرکردنی خێرای ڕانیە ئاورگی ڕاپەڕینیان هەڵگیراند. جاشەکانی تەواوی کوردستان کەوتنە شوێن ئەم کارە، لە حاڵێکدا هێزەکانی پێشمەرگە بە سرنجدان بە ناخۆش بوونی لەپڕی ئاو و هەوا لەم وەرزەدا، ١٠ تا ١٥ی مارسیان دیاری کردبوو بۆ ڕاپەڕین.

جگە لە چەند هەڵکەوتی بەرچاو، تەنانەت لە شارەکاندا هاسانتر لەوەی کە بیری لێدەکرایەوە ڕووداوەکان قەومان. سلێمانی کە پێتەختی ڕووناکبیریی کوردستانی ئێراقە، بە ڕاپەڕینێکی لەپڕ گیرا؛ ئەگەرچی دوو ڕۆژی پێچوو هەتا خەڵك و پێشمەرگە توانیان بەسەر تاقمەکانی موجاهیدینی خەڵقدا کە بە توندی بۆ پاراستنی حکوومەتی ئێراق شەڕیان دەکرد، زاڵ بن. ئەوکات خەڵك بەوپەڕی لەسەرەخۆیی نیزیکەی چوارسەد کەسیان لە کاربەدەستان و پۆلیسی نەهێنی کە لە بنکەی پاراستنا پەنایان گرتبوو، کوشت.[1] وە هەر حاڵ، هەر لە سەرەتای مارسەوە سەدان پۆلیسی نەهێنی و پیاوی بەعسی کە نەیانتوانیبوو دەرباز بن دە داو کەوتن و بە دیل گیران و بە دەستی ئەو خەڵکەی ڕێز و شەرافەتیان بە پای ئەوانەوە پێخوست کرابوو کوژران. بێگومان سلێمانی تەنیا شارێك نەبوو کە کوردان بێ ئەنجام دانی ڕێ و ڕەسمی یاسایی ئازاردەرانی خۆیان دەگوشت. لە هەولێر و دهۆکیش وەها تۆڵە ئەستاندنەوەیەکی گەلیی ڕوویان دا.

چوونە سوێی بنکەی پۆلیسی نەهێنی سلێمانی ئەم مەبەستەی باشتر ڕوون و شی دەکردەوە کە بۆچی کوردان خۆیان بەڕێوەبردنی دادپەروەرییان گرتە دەست. دەرانەی سامناکی ئەم ناوەندە کە بە وێنەی چاوێکی درنجاوی و چاوەدێر ڕازاوەتەوە، بە مانایەکی قووڵ، وەك یادگاری خراپەکاری، پاك نەکرابوویەوە. ئەم بنکەیە گەلێ

١– نامەی یەکێك لە شاهیدانی ڕووداوەکانی سلێمانی تیا هاتووە: "جەماوەر لە ٨ی مارسی ١٩٩١دا لە سلێمانی قوربانییەکانیان بە تۆڵەی ئەوەی لە هەڵەبجە و شوێنەکانی تر ڕووی دابوو ونجڕ ونجڕ کرد، هاواری قوربانییەکان دەگەیشتە تەشقی ئاسمان، بەڵام خەڵك ڕوحم و بەزەیی سەبارەت بەم تاقمە لاڕێیە نیشان نەدەدا. ٧٠٠ کاربەدەستی پاراستن و ئەندامی حیزبی بەعس لە ئاخرین پەلامارا بۆ سەر بنکەی پاراستن کوژران. ئەوان کە گیانیان لە شەڕ قوتار کردبوو، لەڕێوە بە دەستی ئەو کەسانەی بۆ کوشتنیان چەقۆ و مشاریان هێنابوو، کوژران، لە حاڵێکا دەگریان و دەیانزیڕاند."

ژوورۆچکەی بێ ڕۆچنەی لێ هەڵخرابوو, دار و دیوار شەتلاّنی شۆڕاوگەی خوێن و جەڵتە بوو, ئاسنی تیژکراوی چەقیو, چنگڵەی قەسابی, کابل و ئامراز و کەرەسەی ئەشکەنجە خۆیان دەنواند. بینایەکی تایبەت کە دەیانگوت بۆ دەسدرێژی بە کیژانی کورد تەرخان کرابوو, دەهاتە بەرچاو. دەربیچەگەلێ لە تەرکی ژوورەکانا کە بەرەو دیوەکانی ژێرخان دەکرانەوە, دیار بوون. لەم دیوانەدا, ئەو کەسانەی وێنەدەرێیان گرتبوو, تاقمێ ژن و منالی ڕووت کراوەیان بە خنکاوی و نیوەماوی دۆزیوەوە. دەستەیەك لەم زیندانییانە پتر لە دە ساڵ بوو کە لەم سیاچاڵانەدا بەند کرابوون.

بارزانی دواتر وەبیردێنێتەوە: "خەریك بووین نەخشەی گیرانەوەی هەولێرمان دادەڕشت, کە یەکێك گوتی: خۆ هەولێر گیراوەتەوە." وەها ڕووداوێك لە بازنە و دەسەلاّتی کۆنی چالاکی سەربازیی کوردانْدا نەبوو. تەنیا لە کەرکووك پێشمەرگە شەڕیان کرد و بەڕاستی چاکیشیان دەس وەشاند و ئەم کانگای نەوتەیان, کە لەمێژ ساڵ بوو مشت و مڕی لەسەر بوو, لە ٢٠ی مارسا بە دانانی سێ هەزار کوژراو گرتەوە. جێی سەرسوڕمان نیە کە لە چڵەپۆپەی ئەم شەڕە "بەراوەژوو"وەدا, تەنانەت مەسعوود کە پیاوێکی لەسەرخۆیە, وەها تووشی هەستبزووتن و ئۆقرەوڕووژاوی ببێ کە لە شاری کۆیە بەرەوڕووی خەڵکێکی شادمان بڵێ: "چرکەیەکی ئەمڕۆ تەواوی سامانی دنیا دێنێ." چەند ڕۆژ دواتریش هەر لە جەغزی ئەم هەستەدا بوو کە پێی گوتین: "ئاکامی حەفتا ساڵ خەبات ... ئێستا لەبەر دەستایە. ئەمە گەورەترین شانازی منە, ڕاست ئەو شتەیە کە بە درێژایی ژیانم چاوەڕوانی بووم."

ئەم فراوینەی کە لە مانگی فێوریەدا لەو بنکە کوێستانییە خواردبووم, ئەم دەرفەتەی لێیدەگەڕام بۆی ڕەخساندبووم. کاتێك شەڕی زەمینی دەستی پێکرد لە بارزانیم پرسی داخوا یارمەتیم دەکا بێمە کوردستان و هەواڵەکانی سەبارەت بەوێ بنێرمەوە؟ دەمزانی کە کوردەکانی ئێراق, بەتایبەتی ئەندامانی پارتی, بۆ یارمەتیدان و پاراستنی هەواڵنێران بەناوبانگن و ئامادەن سەریان بکەنە بەردەباز. سەرەڕای ئەمانە گەرچی نیوەڕاست مانگی زستان بوو, بەلاّم داواکەم ئەشتەکی کەم نەبوو. مەسعوود لەوپەڕی شادمانی منا وڵامی دڵخوازی دامەوە. من قەت نەمپرسی بۆچی, لام وایە ئەمە

پێزانینێك بوو سەبارەت بەم سەفەرە سەختەی بۆ دیداری ئەو وە ڕێی خۆم هێنابوو. وەك من تێیگەیوم، کوردان هەر عەیبێکیشیان هەبێ، خەڵکێکی گەرموگوڕن و سەبارەت بەو کەسانەی حازرن لەبەر ئەوان و شانبەشانیان خۆ بخەنە مەترسی هەستێکی سەیریان هەیە.

بەم شێوەیە کاتێ شەڕی زەمینی لە ٢٤ی فێوریەدا هەڵگیرسا، من لە خاکی تورکیادا بە فڕۆکە چوومە وان. لەوێ یەکێ لە کادرەکانی بارزانی هاتە دیدارم. وا دیار بوو بارزانی لە هەموو شوێنێ دەستی هەیە – پۆلیسی تورکیاش هەروەتر. شەو لە هوتێلێکی هەرزانبایی بنەگربووم و شەوەکی بە نێو بەفر و کرێوەدا بە سواری ئوتووبووس بەرەو باشوور کەوتمە ڕێ. پۆلیس پەیتاپەیتا چاوی لە پەساپۆرتی من و بەرگەی موسافیران دەکرد. ئەمە کارێکی ئاسایی و ڕۆژانە بوو. ئێمە ئێستا لە ناوچەیەکی بارناسکی نیزیك سنووری ئێران و ئێراق بووین کە پارتی جوداییخوازی کرێکارانی کوردی تورکیا[1] – کە پتر بە ناوی پ‌ك‌ك ناسراوە – بنکەی پەروەردە و ڕاهێنان و تاقمی پشتیوانی لەوێ بوو. من تەنیا موسافیری غەوارەی ئوتووبووسەکە بووم و ڕوحم پێنەمابوو کە نەکا ڕامگرن و هەڵمپێچن و بمگێڕنەوە یان لەوی خراپتر.

تەنیا ئومێدم ئەمە بوو کە هەمیشە هەنگاوێك لە پۆلیس لە پێشتر بم. پۆلیسێ کە هەمیشە لە ڕۆژنامەنووسانی بەرەو کوردستانی تورکیا دووشکە. لە چلەی زستاندا خۆ بازەرگان و گەرۆکی دەرەکی سەر و سۆراغیان نیە، من هیچ بیانوویەکی ئاوالەم بە دەستەوە نەبوو. پاش سێ سەعاتان گەیشتینە "یوکسەکوا" کە شارۆچکەیەکی خەمبار و دڵگیراوە و لەبەر ئەوەی کە ناوەندی قاچاغە ناوبانگێکی هەیە. لێرەش پیاوەکانی بارزانی بردیانمە میوانخانەیەکی بچووك و تێریان کردم و پاشان درگایان لەسەر گاڵە دام و گوتیان وەحەسێ هەتا دێینەوە. قەرار بوو شەو بکەوینە ڕێ و بە شاخاندا بچینە کوردستانی ئێراق. لێم ڕوون بوو کە پۆلیس ناسیومی و بە درەنگ گەڕانەوەی بارزانییەکان نارەحەت بووم. لای ئێوارە بە چەند هەواڵی ناخۆشەوە هاتنەوە: "لە

١– پارتی کرێکارانی کوردستان، (P.K.K). "وەگێڕ"

بەرزاییەکانی چیای زاگرۆس دوو گەزونیو بەفر باریوە, کە وابوو سەفەر پەکی دەکەوێ." وام هەست پێکرد بێتوو چاوەڕوانی ئوتووبووسی دواتر بم لەگەڵ پۆلیس تێکدەگیرێم, هەر بۆیە لێی سواری تاکسییەك بووم و خێرا لە شارۆچکە دەرباز بووم. کارێکی بەجێم کردبوو. لە گەڕانەوەمدا بۆ "وان" پۆلیس هەر نیوسەعات جارێك ئوتۆمبیلەکەی ڕادەگرت و دەیپرسی داخوا من هەواڵنێرەکەی تایمز نیم؟ چونکە من بە مانای ڕاستەقینە ئەوەی ئەوان دەیانویست هەو نەبووم, متەقم نەدەکرد و ئیزنی ڕۆینیان دەدام. دواتر بارزانی قەولی دا ئەم ڕووداوە لە پەیوەندی لەگەڵ خۆم و هاوکارانی هەڵبژاردووەمدا قەرەبوو کاتەوە. بارزانی بەڵێنی خۆی بردە سەر و وای کرد کە ئێمە یەکەم دەستەی هەواڵنێرانی ڕۆژاوایی بین کە لە سووریاوە بچینە خاکی کوردستانی ئێراق. بارزانی گفتی خۆی بردەسەر و وەفای پێکرد, بەلآم ئێستا کە لە پەنامانەوە شۆڕش پەرانپەران دەبوو, ئەو لوتفە دڵخۆشییەکی وەهای لە دوا نەبوو. تا ئەو کاتەی کە هەواڵی "بیبیسی"م لە سلێمانی بیست, سەفەرەکەمان بۆ کوردستان وەك تەواوی ئەو شتانە نەدەچوو کە تا ئەو کاتە دیبوومان: تێکەڵاوێك لە مەترسی, ئازادی و ڕزگاری مەسیحایی و شادمانی. وام هەست پێدەکرد. ئەوەی کە ڕۆژهەڵاتی‌نێوەڕاست بتوانێ بینوێنێ, دیتوومە. وەچەیەك پێشتر ژنانی سعوودیم لە فڕۆکەی بەرەو ڕۆژاوادا بینیبوو کە بە چارشێوی ڕەش و درێژەوە دەچوونە ئاودەستی فڕۆکە و بە مینی‌ژۆپ و کراسی چەسپی لەش‌نوێنەوە دەهاتنەوەدەر. بەلآم ئەم مەبەستە لە چاو شەوق و شادمانی عومەرسیندی لە کاتی گەڕانەوەی بۆ نیشتمانی, ئەشتەکی ئەوتۆ نەبوو. (عومەر سیندی کرێکاری ڕستوورانێکی بچووکی قەراخ شاری واشینگتۆن بوو.) عومەر کاتێك دوولینگەی بۆری لە پێی خۆی دامالّی و کراواتی ئاوریشمینی لە ئەستۆ دارنی و فانیلەی سپۆرتی دانا و لە باتیان پاتۆڵی هەڵکێشا و جامانەی کردە سەر و پشتێندێکی لە پشتی هالآند کە لە تافی لاویدا و کاتی تێك شکانی ١٩٧٥ و هەلآتن لە کوردستان لە مالّەوە جێی هێشتبوو, شادی و شادمانییەکەی وەها لێوەگری نواند کە ئێمەش لە وەختی پەڕینەوەمان بە سواری کەڵەکی پڕ لە بار و موسافیر بە ڕووباری خوڕێنی دیجلەدا و چوونمان لە سووریاوە

بۆ ئێراق, مەترسی خۆمپارەهاوێژەکانی ئێراقمان لــە بـیر بـردەوە. بـۆ لــێ‌خوڕینی ئـەم کەڵەکە, دوو تابلۆی ڕێنوێنیی سەر جادانیان کردبوویە سەوڵ.

بۆ ئاشنایەتی لەگەڵ کوردستان چ شتێك لەمە سرنجڕاکێشتـرە کە هەر بەرێبەیانی ڕۆژی گەیشتنە زاخۆ, لە ماڵی یەکێك لـە سـەرۆك عەشـیرەتەکان بـە قرمـەی تـەپڵ و گۆرانییان کە هەر دەهات و نیزیك دەبۆوە, وە خەبەر بێی؟ ئەم بـەزم و ڕەزم و شـادییە بە بۆنەی هاتنی جێژنی نەورۆز, سەری ساڵی تازەی کوردانە و ڕێوڕەسـمێکی بەر لـە ئیسلامە و پێشوازییە لە بەهار و هیوا.

بە چاوی خۆت هەوێنی مانەوەی کوردانت لـە ڕوخساری خانـەخوێ و کوڕانی‌ـدا بەدی دەکرد. "ئاغا"ی خانەخوێ, پیاوێکی بە قەڵافەت بوو کـە زۆر بـە بێ‌خەیاڵییـەوە گوتی خاوەنی ١٢١ گوندە. ئەم پیاوە کوڕێکی نـاردبووە ڕیـزی سـپای ئێـراق, یـەکی دیکەی کردبوو بە جاش و یەکیشی کردبوو بە پێشمەرگە. هەرسێکیان لە ماڵ بوون و لە دیوەخانی گەورەی فەرشکراوا کە لەم شـوێنانە هـەم ژووری شـێوخواردنە و هـەم هۆدەی دانیشتن و میوانان, لێی ڕۆنیشتبوون.

لە ماڵ بوونی کوڕان بۆ ڕوون بوونەوەی ئەم مەبەستە یاریدەی دایـن و تێگەیـشتین کە بۆچی لە زاخۆ سەدان کوردی چەکداری کەڵەشینکۆف لــە شـان و دەمانـچە لــە قەد, بە شێوەیەکی سەرخۆش و شاد بە دەوری قوتابـخانەیەکی ناوەندی‌دا کـە بنکـەی سەرکردایەتی پێشمەرگە بوو, ڕاوێچکەیان دەکرد و بە چەپڵەڕێزان پێشوازییان کردین. زۆرێك لەمانە ئەوجاشانە بوون کە کەوتبوونە ڕیـزی ڕاپـەڕین و بـەم کردەیـە شانـسی سەرکەوتنی ڕاپەڕینیان پێهەڵابردبوو, یانی بێتوو بە پێـچەوانە بوایـە بـەختی سـەرکەوتن زۆر کەم بوو. ئەوەی لێرە گرێوی لەسەر کرابوو زۆر لـە "ئینتیفازە" گەورەتر بـوو کـە لەبزێکی عەرەبییە بە مانای "لەرزاندن" و کوردان بۆ پەسنی ڕاپـەڕین خواسـتبوویانەوە. لە ڕاستی‌دا یەکێك لـە ماکە سـەرەکییەکانی سیاسـەتی "ئـاژاوە نانـەوە و حکوومـەت کردن" کە بە درێژایی سەدان ساڵ ئامرازی حکوومەتی حاکمان بوو, لێك‌هەڵوەشـــا بوو. کوردان و مێژوونووسان, هەرتك لە کۆنەوە پاڵ وێك‌نـــەدان و دووبەرەکایـــەتی

نێوخۆیی بە هۆی چارەڕەشی خەڵكی كورد دەزانن و مەیلی ساز كردنی هاوبەندی لەگەڵ دوژمنانی دەرەكیشی لێ زیاد دەكەن كە بارتەقای خۆكوژییە.

هەر كوردێك دەتوانێ ئەم چەند شێعرەی حیماسەی "مەم و زین"ی ئەحمەدی خانی كە لە سەدەی هەڤدەهەمدا هۆنراوەتەوە, وەخوێنێ, كە شاعیر دەس دەكا بە گلە و گازندان لە دەس پرژ و بڵاوی و هەڤنەگرتن:

حاسل كو دنێ ب شویر و ئیحسان — تەسخیر دبت ژ بۆی ئینسان
ئەز مامە د حێكمەتا خودێ دا — كورمانج د دەولەتا دنێ دا
ئایا ب چ وەجهی مانە مەحرووم — بیلجوملە ژ بۆچی بوونە مەحكووم

***

ئەص ڕۆم و عەجەم بوان حسارن — كورمانج هەمی ل چار كنارن
هەردوو تەرەفان قەبیلێ كورمانج — بۆ تیری قەزا كرینە ئامانج

***

لەو پێكڤە هەمێشە بێ تفاقن — دائم ب تەمەررود و شقاقن
گەر دێ هەبوویا مە ئتفاقەك — ڤێكرا بكرا مە ئنقیادەك
ڕۆم و عەرەب و عەجەم تەمامی — هەمیان ژمەرا دكر غولامی

تەواو ڕوونە كە سەركەوتنی دەوڵەتانی هاوسا بۆ بە چۆك داهێنانی شۆڕشی كوردان دەگەڕێتەوە سەردابین كردنی پووڵ و چەكوچۆڵ و پشتیوانی سیاسی بۆ عەشیرەتان و ڕاست كردنەوەیان بە دژی یەكتر. لە كوردستانی ئێراق ئەم دوژمنایەتی و عەداوەتانە هێندە قووڵ و ڕیشەدار بوون كە تەنانەت پاش زەماوەندی عەشیرەتیش كە بە مەبەستی "خوێنكوژانەوە" دەكران, نەدەبڕانەوە. بۆ وێنە دایكی مەسعوود بارزانی كە خاتوونێكی تەواو جێیڕێزە, زێبارییە. تەواوی عەشیرەتی زێباری جگە لە تاكوتەرایەك, بەردەوام و شێلگیرانە دژایەتی بارزانییان دەكەن و هاوپەیمانێكی توند و تیژی سەددامن. بەر لە ئێستاش هاوكار و هاودەستی حكوومەتی پاشایەتی و هێزەكانی بریتانیا بوون كە لە لایەن كۆمەڵی نەتەوەكانەوە بە دەمڕاستی ئێراق دەناسرا. زۆر پێشتریش پیاوی حكوومەتی عوسمانی بوون.

بارزانی و تەواوی ئەندامانی "بەرەی کوردستانی" خۆیان بە ئەمەگداری جاشان دەزانی و لێی حاڵی ببوون کە پێویستە دڵنوایی بکرێن و ڕابردوویان وەڕوو نەهێننەوە. هەر ئەو ڕۆژەی کە دژەهێرشی ئێراق بۆ گرتنەوەی کەرکووک دەستی پێکرد, بارزانی کۆبوونەوەیەکی یەکڕۆژەی لە باشترین هوتێلی هاوینەهەواری شەقلاوا پێکهێنا. گردبوونەوەیەك بوو بە مەبەستی وە خەبەر هێنانی ویژدانی گشتیی و سەرۆك عەشیرەتەکانی بانگێشتن کرد. سوورچی, برادۆستی, هەرکی و تەواوی هۆزەکانی هاوپەیمانی پێشووی بەغدا پۆل پۆل بە دووی یەکدا جەللە بوون و هاتن و بە ئامێزی گەرم و ئاوەڵاوە پێشوازییان لێ‌کرا. تاوانەکانی پێشوویان چاوپۆشی لێ‌کرا و پەسنی کردەی ئێستایان درا و هیوایان خواست کە بۆ پاراستنی کەرکووك یاریدەی شۆڕش بکەن. وایان دانا لەوی بەولاوە لە جیاتی جاش بە "شۆڕشگێڕانی چەکدار" ناودێر بکرێن. عومەر سوورچی بەڵێنی دا شەش هەزار تفەنگداری بنێرێتە بەرەی بەرگری کردن لە کەرکووك: "پیاوەکانم بە سەرکردایەتی کوڕەکەم دەنێرم."

پرسیم چلۆنە توانیویەتی وەها وەرسووڕانێکی گرینگ بکا؛ خۆ هەتا ئەم ئاخرییانە چەکدارەکانی هاوپەیمانی پتەوی سەددام بوون و چەشنی چاووگوێی سپای ئێراق خزمەتیان دەکرد و پێشمەرگەیان دەگرت و دەیانگوشت!؟ ئەو وڵامێکی تێکەڵ پێکەڵی سەبارەت بە شەڕی سارد تێك‌خستەوە. وا دیار بوو نەیتوانیبوو لە چۆنیەتی سەرکەوتنی "هاوبەندی" هاوپەیمانان بۆ ئازاد کردنی کووەیت حاڵی بێ, کە دەگەڕایەوە سەر تێك‌شکانی یەکێتی سۆڤیەت لە شەڕی ساردا. ڕووس ئەوەندەی پێویست بە پاڵپشتی ڕۆژاوا بوو کە پشتی ئێراقی هاوپەیمانی بەردابوو. وڵامێکی ئەو دایەوە نیشانەی بێ‌خەبەرێکی قووڵ بوو کە زۆربەی کوردانی گوندەکی بە جاش و پێشمەرگەوەی دەگرتەوە. ئەم کۆمەڵانە هێندە لە چیا و چۆلان ماونەوە کە ئیدی گوێیان بەوە نابزوێ بێن و خۆیان لەگەڵ ئاڵوگۆڕی ڕووداوەکانی دنیای دەرەوە ڕێك خەن. دیار بوو سوورچی بێ‌باوەڕی منی سەبارەت بەم وتانە هەست پێکردووە و هەر بۆیە باسەکەی گۆڕی. وتی: "ئێمە دەزانین ڕۆژاوا پاڵپشتی کوردانە نەك ڕۆژهەلات. ئیدی ئێمە هەڵەی ڕابردوومان دووپات ناکەینەوە." بەڵام چونکە زانی شی‌کردنەوەکەی لێڵ و

ناتەواوە, لە کاتێکا وێڕای پارێزەری شەنگ و خۆشقەلافەتی کۆبوونەوەی جێدەهێشت, بە دەنگی بەرز پەیامی خۆی ڕاگەیاند: "ئێمە پێویستمان بە یاریدەی ولاتی ئەمریکایە." تاوێك پێشتر مەسعوود پەیامی خۆی دووپات کردبۆوە و داوای لە تەواوی دژبەرانی ئێراق کردبوو, بێنە کوردستان و دەولەتی ئەمریکای بە خاتری ئەوەی بالەفڕە تۆپدارەکانی ئێراقی بەرناداتەوە, بە توندی مەحکووم کردبوو.

لە سەرانسەری کوردستاندا هەست و بیرێکی وەها و هەندێك جار جیاواز لەمە لە زانیاری ڕێبەران و خەلکی ئاسایییەوە هەلدەقولی. یەکێك لە شاعیرانی دهۆك لە هۆنراوەیەکا بەلێنی دەدا کە "ئاغای بووش لە بنجی موویەوە ڕامووسیێ" ئەگەرچی ناسکی و جوانی ئەم خوازەیە لە وەرگێڕاندا تێدا دەچێ, بەلام هەرچۆنێك بێ شۆر و شەوقی شاعیر بە جوانی دەردەخا. نووسەرێکی خوێندەواری سلێمانی دەیگوت, ئۆگریی هاوبەشی نێوان ئەمریکایی و کوردان "زەماوەندێکە" کە "مارە"یان لە ئاسمانان بڕیوە. چونکە ئێمە نەوتمان هەیە و دیموکراسیمان دەوێ و ئێوە لە ئەمریکا دیموکراسیتان هەیە و نەوتوو دەوێ." وێنەی ڕێبەرانی نەتەوەیی کوردستان کە لەمێژ بوو دیتنیان بەربەست کرابوو, لە ئاوێنەبەندی شەقامەکانی سلێمانیدا ڕیز کرابوون و خەلکێکی زۆریان بۆ لای خۆیان ڕاکێشابوو. پلەی شانازی تایبەت درابوو, بە ژێنێرال بارزانی مەزن, باوکی مەسعوود. لە یەکێك لە سینەماکانی هەولێر بینەرانی تامەزرۆ ڕۆژێ شەش جار تەماشای فیلمێکی ویدۆیی هێرشی بۆمبارانی شیمیایی ئێراقیان بۆ سەر هەلەبجە دەکرد کە فیلمبەردارێکی ئاسایی هەلیگرتبۆوە. لەم سەردەمەدا فیلمی ئاگاداربوون لە کردەی "بەربەند کراو"ی سەرکوتی دەولەتان مەبەستێکە و دیتنیشی مەبەستێکی تر. بەلگەی بەرچاوی ئەم شەڕەنگێزییەی لە گێڕانەوە نایا, لەو ڕادەیەشدا شتێکی خەیالاوی و بێبنەڕەت نەبوو, چ بگا بەوەی کە بلێن لە گێڕانەوەی پەیتاپەیتادا زۆرشتیان پێوە ناوە.

ئەم فکرەی کە لایەنی سەرنجی دابووە سەر سڕینەوەی شوێنەواری چەوسانەوەکانی ڕابردوو, هەنووکە ترس بۆ ژیان و مان لە گەڕیانی ئەو ماوەیەی خراپترین ڕەوین لە درێژەی تێكشکانە مێژووییەکانی کورداندا خۆی دەنواند, لە

نـموودی خست. شتێ کە تاڵایی ئەم سەرلـێشێوانەی پتر دەکرد هەر ئەم بێدارییە بـوو کە لـەم سێحەوتووە ئازادییەڕا سەری هەڵدابوو. ئـیتر هـاواری "حـاجی بـووش!" کـە هەواڵنێرانیان پێ بەخێرهاتن دەکرد, بنـەی بڕابـوو. ئـەم تامەزرۆیییـەی کـە کـوردان سەبارەت بە بووش دەیاننواند, ببوو بە هۆی سەرسـوڕمانی هـەواڵنێران. بـووش داوای لەم خەڵکە کردبوو شەڕ و گەڕی سـەددام خاشـەبڕ بکـەن و پاشـان بـۆ سـەرکەوتنی ڕاپەڕینیان چی نەکردبوو. ئێستا کوردان بە قەڵسی غەوارە سـست و بێخاسـیەتەکانیان تاوانبار دەکرد کە دیسانەوە ئەوانیان بە هەویای هەوا و هەوەس و تۆڵە ئەسـتاندنەوەی بەغدا خۆڕایی کردووە. ئێـستا لـەپڕ هـەموو دەیـانتوانی قـسە نـەجووراوەکانی ڕۆژی پازدەی فێوریەی بووش, وشە بە وشە دووپات کەنەوە و دەیـانکردەوە کـە ئـەوانی بـۆ ڕاپەڕین هان دەدا. تاقمی ABC کە تێکۆشا بوون پـاش گیرانـەوەی کـەرکووك لـەو شارە نیزیك بنەوە, ڕووداوی تاڵ, بـەڵام شـیاوی لـێ حـاڵی بـوونی نێـوان خۆیـان و شەڕکەرانی کوردیان دەگێڕایەوە کە هەتا دوێنێ دۆستیان بوون.

تەنانەت ئەگەر کوردان خۆشیان پێیاننەگوتباین – هەڵبەت یەکێ لـە دڵبزوێنتـرین تایبەتـمەندییان ئەمە بوو کە هیچیان لـێنەدەشاردینەوە – هیچ پێویست نەبوو تا کلاوز ویتس (ژێنێراڵی پرۆسی، ١٧٣٠ – ١٨٣١) کەسـێکی وابـێ کـە تێبگـا پێـشمەرگە شەڕکەرانی خۆفناکن, هەڵبەت تەنیا کاتێك لـەگـەڵ دوژمنێکـی ورە دۆڕاو بـەرەوڕوو بن. پێشمەرگە چەکی پێشکەوتە و دژیتانك و فڕۆکەیان نەبوو. ئەم تانکانەی لە سپای ئێراق بە خەنیمەت گیرابوون, تەقەمـەنییان نـەبوو, کەسـیش نەیـدەزانی سـپای ئێـراق تەقەمەنی لە کوێ حەشار داوە. تۆپچی ئێراقی لە ماوەی پاشەکشەدا دەرزی تۆپەکانیان دەرهێنابوو. کوردان ناچار بوون بۆ بەربەرەکانی لـەگـەڵ تانـك و زرێپۆشـان هـەر لـە نارنـجۆکهاوێژی کۆنی خۆیان کەلك وەرگرن. چەند مووشەکی سـام ٧ی دەسـکاری یەکێتی سۆڤیەتیشیان هـەبوو, بـەڵام قـەت لـەگـەڵ ئـەو مووشـەکە "ئێـستینگێر"انـەی ئـەمریکا, کـە دابـوونی بـە ئـەفغانیان و فڕۆکـە و باڵـەفڕی یـەکێتی سـۆڤیەتیان پـێ بەردەدانەوە, بۆ پێکگرتن نەدەبوون.

هێزەکانی پیادەیان نەیاندەتوانی کار بەم چەکە قورسە بـە کەلکانـە بکـەن کـە لـە سپای ئێراقیان بە خەنیمەت گرتبوو. ئەمەش ئاکامی سیاسەتی لەمێژینەی ئێراق بوو کـە کوردی لـە فێربوونی کـارکردی چەکوچـۆڵی سـپا دوور ڕاگرتبـوو. گۆیـا یـەکێ لـە سەرکردەکان پێشنیاری کردبوو کە لەم کادرانەی لەشکریی کە هاتوونە ڕیزی شۆڕش بۆ ڕاهێنانی کوردان و فێرکردنیان لەم بوارەدا کەلك وەربگیرێ, بـەڵام ئـەم ئیـشە لـە پلەی یەکەما نەبوو. کوردان خاوەنی ئەزموونی بەڕێوەبردن و ڕاگرتن نـەبوون. خۆیـان پێیان لـێدەنا کە پێـشمەرگە پـسپۆڕی شـەڕی چیا و چـۆڵن و بـۆ شـەڕی نێـو شـار ڕانەهاتوون؛ دیارە ئەگەر ڕاهاتبان ڕەنگە توانیبایان شارەکانی دەرە و دۆڵان کە گـەلێك جار بە بێ کوێرەوەری دەستیان بە سەردا گرتبوونەوە, ڕاگیر بکەن.

بـەڵام لاوازی هێـزی پێـشمەرگە لـە جێیـەکی تـر بـوو, کوردەکـان سـەرەڕای هەڵێنانەوەی هەنگاوی بەپارێز لە دەسپێکەوە, هێزی دوژمنیـان بـە کـەم دانـابوو, زۆر کـەمتر لـەوەی کـە هـەبوو. هێزەکـانی ورە دۆڕاوی سـپای ئێـراق و تەنانـەت تیپـە هەڵبژاردەکانی گاردی کۆماری, هەر لە داگیرسانی شەڕ و ڕووەوەرگێڕانـی جاشـەکان لە سەددام, لێكهەڵوەشابوون. بە قسەی خودی کوردان پەنـجاهەزار کەسیان بە دیـل گرتبوو کـە زۆربـەیان ئـەو سـەربازانە بـوون وا چـەکیان دانـابوو و هاتبوونـە ڕیـزی پێشمەرگان. کوردەکان هەندێك ئەفسەر و دەرجەداریان ڕاگرتن و هـەروەك ڕابـردوو زۆربەی دیلـەکانیان ئازاد کرد و سەریان لـە پـلاو و گۆشـت نـەگرتن. بـەڵام هەرکـە سەرخۆشی سەرکەوتن کۆتایی هات, ڕوون بۆوە خەڵکێ ئاسایی کە لە کەرکووکـەوە ڕایانکردووە, سەبارەت بە هێـزی یارمەتیـدەر کـە بـەرەو بـاکوور بـەڕێوە بـوون, لـە سەرکردەکانی هاونیشتمانیان زانیارییان زۆرترە و بەم پێیەش نیگەرانترن. چوار ڕۆژ بـەر لە گیرانی کەرکووك, کاربەدەستانی غەیرە نیزامی دایاننابوو کە نیزیکەی بیست هـەزار کەس لە هێزەکانی ئێراقی بـە گـاردی کۆمارییـەوە بـەڕێوەن هـەتا خـۆ بگەیەننـە ئـەو چاردەهەزار کەسەی هەروا لـە چەند بەشی بنکەی خالیدی بنی وەلید مابوونەوە.

هەر ئەو شەوە لـە ناوەندی سەرکردایەتی لە سەلاحەددین, نۆشیروان مستەفا ئەمین, جێگری سەرکردایەتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان, گوتی ئـەم بـەراوردەی خـەڵکی

زۆریان پێوەناوە و جێی باوەڕ نیە و دەگەڕێتەوە سەر ڕەش‌بینـــی. ئـــەو لەســـەر ئەمـــە پێداگربوو ئەگەر تەنانەت کەرکووکیش لە دەس بدەنەوە, هێزی پێشمەرگە دەتوانن لە مەتەریزەکانی داوێنی گرد و لاباسکی باکووری شارەوە – کە شان‌بەشانی ڕێی هەولێرە – پێشی تانکەکانی ئێراق بگرن. (ئەو زۆر دواتر لە لەندەن بە منی گـوت: بـە ڕاسـتی من هیچ لام وانەبوو سەددام حوسێن بتوانێ هێزێك بـە قەدرایـە لەشـکرێکیش بنێرێتـە کەرکووك.) ئەمریکایی گوتبوویان کە هێزە چەکدارەکانی ئێراقیان تەفروتونا کـردووە. کورد ئەوەندەی بۆیان کرابوو لە بنکەی نوێنەرایەتی دەرەوەیانەوە لەم بارەوە توێژینەوە و لێکۆڵینەوەیان کردبوو. نۆشیروان وە بیری دێنایەوە کە: "ئێرانی, سووری, سعوودی, فەڕانسەوی و ئینگلیسی تێکرا دەیانگوت کە هاوپەیـمانان ٤٢ لەشکری ئێراقیـان, بـۆ وێنە گاردی کۆماری و هێزی ئاسـمانییان تێك‌وپێك شکاندووە." ڕایەڵـەی سـیخوڕانی کورد لە نێو هێزە چەکدارەکانی ئێراقیش‌دا, تێك‌شکانی سپای ئێراقیان زیاتر لـە ڕادەی ڕاستەقینە بەراورد کردبوو.

حەقیقەت ئەمەیە کە سەددام حوسێن تـەواوی هێزەکـانی کـە پاڵپـشتی دەسـەڵاتی بوون, نەیبردنە سەر کووەیت و ڕێکخستنی پۆلیسی‌نەهێنی و گـاردی کۆمـاری هـەروا مانەوە. سێ ڕۆژ بەر لە گێرانەوەی کەرکووك لە لایەن سپای ئێراقـەوە کاربەدەسـتانی لەشکریی ئەمریکا دانیان بەمەدا هێنا کە "ژمارەی تانك و زرێپۆشەکانی ئێراقـی کـە بـە ساغی دەرچوون, زۆر زیاتر لەوەن وا لە پێشا ڕاگەیەندراوە ..." ژێنێراڵ ئـێچ, نۆرمـەن شوارتسکۆف, سەرکردەی ئەمریکایی هێزەکـانی هاوپەیـمان دوو ڕۆژ دواتـر گـوتی: "ئەگەر شەڕ بیست و چوار سەعاتی زیاتر درێژە کێشابا, دەمانتوانی خەسارەتی قورسیان لـێ بدەین." هەڵبـەت بڵێی داخوا مەیل بۆ تێداچوونی سپای ئێراق ڕەنگدانەوەی شـێوە بیرکردنەوەی ئەمریکا بووبێ یان نا, قسەی لەسەرە. شـێوەی لـەرزۆك و بێ‌دەربەسـتی هەڵوێستی دەزگای دەوڵـتیی ئەمریکا لە مـانگی مارسـا, تەنانـەت گریـمان چـش لـە گۆڕێ‌دا نەبووبێ, دیسانیش قسەی ئەو کەسانە دەسەلـمێنێ وا بەم ئاکامە گەیبوون کە واشینگتۆن – سەددام حوسێن بە یەکێك لـە هۆکـارە گرینگـەکانی هێمنایـەتی ناوچـە دەزانێ – گەڕاوەتەوە سەر سیاسەتی بەر لە ساڵی ۱۹۹۰.

تەواو هەروەك مەسعوود بارزانی پێشبینـی کردبـوو, سـەددام حوسـێن لاواز بـوو, بەڵام کوردان لاوازتر بوون. تەنانەت ڕاپەڕینی شیعەکان کە دروست پـاش ئاگربەسـتی یەکلایەنەی هاوپەیـمانان لـە ٢٨ی فێوریە, لـە خوارووی ئێراق هەڵگیرسا, بە قازانـجی سەددام حوسێن تەواو بوو. نیزامییەکانی ئێراقی کـە لـە پڕکێـشی و تونـدڕەوی سـپای "بەدر" تۆقیبوون, لە بەسرە بۆ پشتیوانی سەددام حوسێن ڕاست بوونەوە. (سـپای بـەدر بریتی بوو لـەم دیلە ئێراقییانەی لـە ماوەی شەڕی نێوان ئێران و ئێراقا بۆ ماوەیـەکی زۆر لە ئێران مابوونەوە و لـە درێژەی مانەوەیاندا کەوتبوونـــە ســـەر ڕێبـــازی ئیـــسلامی بنیاتـخواز و پاشان لـە سنوورەوە ئاودیوی ئێـراق کرابـوون.) دیـــمەنی پـەلامارەدەرانی سپای بەدر کە وێنەی خومەینییان ڕادەوەشاند, ئەو ئەفسەرە ئێراقییانەی کە زۆربەشـیان شیعە بوون و چووبوونە ڕیزی خۆپیشاندەران, وەخۆ هێنایەوە. قەت تەواوی شیعەکانی ئێراق هاومەراقی ئیسلامی شۆڕشگێڕی هاومەزەبانی ئێرانییان نەبوون. هەر لـە سـەرەتای ساڵی ١٩٨٠وە ئەم خەڵکە لـە شەڕ دژی ئێران هەزاران کەسی کردە قوربانی سـەددام حوسێن. ئێستا زۆرێك لـەم ئێراقییانەی هەرگیز نەبوونە ئەندامی لیژنەی دەسەلاتدارانی کەمینەی سوننی مەزەبی وڵات, هەرچـەند بـە نابـەدڵیش, بـەڵام لـە ترسـی ڕاپـەڕینی شیعەکان و داهاتووی ئاڵۆزی ئەم هەڵوێستە, پشتیوانییان لـە سەددام حوسـێن دەکـرد. لـە نێوەڕاستی مانگی مارسا ئیدی ئەوەندەی ڕێ دەس هەبوو کە باداتەوە سـەرکوردان. پاشـماوەی هێزەکانی ئێراق لـە ماوەیەکی کەمتر لـەوەی کوردسـتانی تێـدا ئـازاد کـرا, سەرلـەنوێ وێندەرێیان گرتەوە.

کوردەکانی ئێراق تێشکان و – کۆڕەوە – ی خۆیان دەخەنە ئەستۆی تەمای ورد و باریکی ئەمریکا بۆ نەخستنە خوارەوەی باڵەفڕە تۆپدارەکانی ئێـراق. پێـنج سـاڵ دواتـر جۆرج بووش لـە دیـمانەیەکی تلەفیزیۆنیدا کە خۆی ناوی نا "کەپـەنکی پـاش بـاران" وتی: "هاوپەیـمانان دەیانتوانی بۆ بێهێز کردنی سەددام حوسێن چـالاکی پـتر بنـوێنن." بووش ڕێوڕاست پێی لـێنا کە دەبوو ئەمریکا حەسـار و گوشـاری زیـاتری خـستبایە سەر فڕینی باڵـەفڕەکانی ئێراق. ئەم شێوە بیر کردنەوەی کوردان ڕەنگە بگەڕێتەوە سـەر سـافیلکە بـوون, بـەڵام هەرچـی بـێ، بـوو بـە "بڕوایـەکی" پتـەو. خـودی ژێنێـراڵ

شوارتسكۆف گوتی لە دەسپێكی وتووێژەكاندا ئێراقی "فریو"یان داوە و ئیزنی فڕینی باڵەفڕیان لێ‌خواستووە. فڕینی باڵەفڕی بێ‌چەك لە چوارچێوەیەكی دیاری كراوا و تەنیا بە مەبەستی دابین بوونی پەیوەندی. كوردان دەپرسن باشە وەختێك سەركردەی هێزە هاوپەیمانەكان زانی فریو دراوە, بۆچی نەیویست تۆڵەی ئەم فریوە بكاتەوە و باڵەفڕە تۆپدارەكانی ئێراقی كە خەڵكی بێ‌چەك و پێشمەرگەی كوردیان بێ‌جیاوازی دەدا بەر دەسڕێژ, بخاتە خوارەوە؟ ئەگەر ئەو جۆرە بووبێ كە ئەم كەسانە دەڵێن, زۆر سروشتییە كە ئاكامی ئەم خەڵەتان یان هەڵەیە ــ ئەگەر هەڵەیەك كرابێ ــ خێرا پێیان گەیوەتەوە لایان: ئێمەی هەواڵنێر كە دەسمان بە دنیای دەرەوە ڕانەدەگەیشت و تاق كەوتبووینەوە, بۆ حاڵی بوون لە چۆنیەتی ئەو چالاكییانەی لە واشینگتۆن و پایتەختی هاوپەیمان لەم بوارەدا دەكرا, تەنیا دەمانتوانی سەر بەرین بۆ شك و گومان و هەواڵەكانمان بە تەتەردا بنێرینە ئێران بەو هیوایەی ڕەوانەی شوێنی مەبەست بكرێن.

ئەوەی بە بڕوای ئێمە ڕوون و بێ‌گرێ دەهاتە بەرچاو, ئەمە بوو كە ژێنێڕاڵ شوارتسكۆف یا هەر كەسێكی تر لە واشینگتۆن كە دڵەخورپەی كوردانی بوو, بێ‌شك دەیزانی كە باڵەفڕە تۆپدارەكان خراپترین هۆی ترس و خۆفن و دەتوانن خەسارێكی گەورە بگەیەننە خەڵكی ئاسایی و شاران وە سەر چۆڵی بگێڕن و جەماوەر بتۆقێنن. باڵەفڕەكان كە گرینگترین چەكی دژی پارتیزانین, لە نێو "دیمۆنۆلۆژی[١]" كورداندا خاوەن شوێنێكی تایبەت بوون. چونكە هەر ئەم باڵەفڕانەیان زۆرجاران لە مەودای شەڕ لەگەڵ ئێرانا و پاشان شانبەشانی فڕۆكە و مووشەكهاوێژە چەند لوولەكان لە هێرشی شیمیایی دژی كوردان دەكار هێنابوون. هەڕەشەی ئەمریكا لە فڕۆكەكانی ئێراقی كە "مادام بفڕن دەخرێنە خوارەوە." بۆ سڕینەوەی ئەم بیرەوەرییانە ناتەواو بوو. شوارتسكۆف و ژێنێڕاڵەكانی هاوپەیمانان هەمیشە دڵەڕاوكەیان بوو كە نەكا ئێراق لە چەكی ژەهراوی دژی هێزەكانیان كەڵك وەربگرێ؛ ئەگەرچی سپای هاوپەیمانان بە ئامرازی دژی شیمیایی تەیاریش كرابوون. گەڵاڵەڕێژانی لەشكریی و غەیرە لەشكریی

١- Demonology، دێوناسی، (هۆی خۆف).

هاوپەیمانان, زۆر بە هاسانی چاویان لە حاند وێنەی ترسێنەری ئەو خەڵکەی لە هەڵەبجە کەوتبوونە بەر پەلاماری شیمیایی و مردبوون نووقاند؛ هەروەها گۆڤار و ڕۆژنامەکانی تەژی لە وتەی ئەو شێستوپێنج هەزار کوردەی لە ترسی هێرشی شیمیایی ئێراق لە ئووتی ١٩٨٨دا بازرە ببوون و پەنایان بردبووە بەر تورکیا, خستە پشت‌گوێ. ئەو سەردەمی کۆمەڵی نێونەتەوەیی هەر چەشنە تێکۆشانێکی بە مەبەستی ڕاگرتنی ڕشتنی خوێنی کوردان یا هەڵپێچان و لێ‌پرسینەوە لە سەددام حوسێنی لەگەڵ تێک‌شکان بەرەوڕوو کردبوو. (هەر چەند ئەم هەڵوێستە نەیتوانی ڕێ لە بووش بگرێ کە لە گەرمەی هەڵبژاردنی ١٩٨٨دا وێنەی قوربانی‌کراوانی هەڵەبجە لەبەرچاوی دەنگ‌دەران ڕاوەشێنێ.) هەڵبەت ئەم سستییەی ڕۆژاوا بەر لەمە بوو کە بووش لە ١٩٩٠دا سەبارەت بە نەوتی کووەیت, بە بێ ئەوەی هیچ تەمایەك لەسەر سەددام حوسێن بگرێ "شەقڵی هاویشتە سەر ڕەڵمی بیابان."

لە سەر ئەرد, لە کوردستان, لە بابەت چالاکی باڵەفڕەکانەوە ئێمە چ پێویستمان بە بێ‌سەلمان نەبوو. ئێمە لەگەڵ بەسەرهاتی ئەم گەریانە ئاشنا بووین. تەنانەت ئەگەر ئاشناش نەبووباین, هەر لەم هەوەڵ ڕۆژەی کە پێمان نایە کوردستان, تووشی هەر کوردێك دەهاتین بێ‌پسانەوە ترسی خۆی دووپات دەکردەوە. لە دهۆك دیمان کە کوردان بە ڕەشاش و نارنجۆك‌هاوێژی مووشەکی تەقەیان لە باڵەفڕێك دەکرد و پاشان بیستمان کە چەند سەعاتێك بەر لە چوونمان یەکیان بەرداوەتەوە. هەروەها لە کەرکووك چوار باڵەفڕمان دیبوو کە پەلاماری هێزەکانی کوردیان دەدا. بەر لە دژەهێرشی ئێراقییەکان نۆشیروان و ڕێبەرانی دیکەی لەشکریی کورد باسی توانایی باڵەفڕانیان لە تۆقاندنی خەڵکا, بۆ کردبووین، بەڵام هەروا پێداگر بوون کە پێشمەرگە دەتوانن خۆڕابگرن و خۆش ڕادەگرن.

کوردان هەتا ئاخرین ساتەکانی بەر لەم کۆڕەوەی کە لەم دنیا نوێیەدا خێرا وڵاتی دەتەنییەوە, وایاندەنواند کە باشترین هەلی جیهانییان وە دەس هێناوە. هەر نەبێ دەیانویست وەها شوێنێك لە بینەرا بەدی بێنن. کوردستان لە دوایین ساتەکانی بەر لە تێك‌چوونی, هێشتا بە شێوەیەکی غەریب لە پاکی و سەفایەکی قووڵا تلاوتلی دەکرد,

یان ڕەنگە ئەم کوردانەی ئێمە دەماندواندن, بە ئەرکی خۆیان دەزانی کە لە بەرامبەر یەکەم پۆلی ئەم ڕۆژاواییانەی پاش گەلێ ساڵ ئازادانە ویلدەکەوتن, خۆ شلۆی نەکەن ... بەڵێ ئاوان ئەو کوێرەوەرییانەی دەچنەوە سەر ڕزگاریی ناکاو لە بێدزکە و هەنگاوی بەپارێز لە وڵاتێکی پۆلیسیدا.

هەر لە سەرەتای چوونمان بۆ زاخۆ, بەرەوڕوو بوونی کوردان لە هەر تاقم و چینێک لەگەڵمان, وەك ڕووبەڕوو بوون لەگەڵ کەسانێ بوو کە لە ئەستێرەی دیکەوە هاتبن یا ئەوەی کە کاراکتێری سینما یان قارەمانی وەرزشی بن.

– "دەتوانن بچنە هەر شوێنێکی کە پێتانخۆشە. هەرچێکی لە هەر کەسێ دەتانهەوێ بپرسن, بپرسن." ئەم تەکیەکەلامە غلڵوورانەیەی خەڵك لە بارودۆخێکا بوو کە پێیاندەگوت "پرۆستریکا"ی کوردی.

ئێمە ٢٨ی مارس, یانی لە هەینی پیرۆزا, بەر لە جێژنی پاك (ڕابوونەوە) گەیبووینە سلێمانی. پێنج شەشێکمان لەگەڵ ئەندازیاران و بازەرگانانی پەروەردەبووی ڕۆژاوا شێومان خواردبوو کە لایان لە پەرۆشی ئێمە, سەبارەت بە لێكهەڵوەشانی ڕاپەڕین نەدەکردەوە. لە جیاتیان دواییین قودوولە ئابجۆی شاریان کۆ کردەوە و کردیانە جێژن و ژن و کچانیان هان دا کە باشترین جلوبەرگ بکەنە بەریان و زێڕ و زەمبەریان وە خۆ هەڵاوەسن. بە شەرمەوە ویستمان ئەوان لەم پەرۆشییەی خۆماندا سەبارەت بە "جەگەنات"[١]ی ئێراق کە بەرەو باکوور دەهاتە پێش و ئێمە لە کەرکووك هەواڵیمان بیستبوو, بەشدار کەین. پرسیمان داخوا کورد کاری چاکیان کرد کە پشتیان لە چیا کردەوە و دارژانە دەشتان و شارەکانی دهۆك, هەولێر, کەرکووك و سلێمانی و کوێ و کوێیان گرتەوە؟

خانەخوێیەکانمان دەیانزانی کە سەددام حوسێن لە سەرکوتی ڕاپەڕینی شیعەکانی باشوور بۆتەوە, بەڵام بە ڕواڵەت ئەمە زەنگی مەترسی بۆ وەدەنگ نەهێنابوون. ئەمانە

١– Jagannath: لە خوایانی هیندوو, بتی جەگەنات کە زیاتر بە عارەبانەیەکی سەنگین ڕادەگوێزرا و گۆیا گیانبەختکەرانی ئەو خوایە خۆیان لە ژێر تەگەری عارەبانەکەدا دەپلیشاندەوە.

وەها گیـرۆدەی دابین کردنی ئاو و کارەبای شـاران و خـستنە گـەڕی ئـابووری وڵات بوون کە هەلی دەربڕینی دڵپەرۆشـییان نـەبوو. هەڵبـەت یـەکێك لـە حـازران گـوتی: "ئەگەر کەرکوك بگیرێتەوە قەڵاچۆکردنێك دەس پێـدەکا." بـەڵام ڕاوێـژی زاری ئـەم ئیمکان و ئەگەرەی وەك ئەگەرێکی تەواو ئاماریی لەسەر خـۆی وە لا دەبـرد. نـا, ئـەم کوردانەی چینی مام ناوەندی بـە ڕادەیـەك پەرۆشـی کـاری خۆیـان بـوون و ئەوەنـدە خاترجەم بوون کە زەحـمەتیان وەبـەرخۆ نـەدەنا بـۆ شـاردنەوەی دەوری کۆمەڵایـەتی گرینگیان. کردەوەی پارێزگارانەی بەرچاویشان نەدەکرد. بۆ بیکەن؟ لە کرداریانڕا وا دەهاتە بەرچاو ... خۆ تـازە سـەرکەوتبوون و داگیرکرانـی خاکیـان لـە لایـەن سـپای ناخۆشەویستانەوە کۆتایی پێهاتبوو. دەیانگوت بریـا جەلـلـەی بـێ جەمـسەری تـانکی زنـجیرپساو و زرێپۆشی تێك‌شکاو و کامیۆنی وەستاو و ناوەندەکانی بـەعس و بنکـەی ئاگردراوی پۆلیستان دیتبا.

ئێمە ئەوانەمان بینیبوو. قەڵای بەردینی سازکراوی سەددام حوسێنیشمان لەبەر چاو بوو کە ئێستا بە دووکەڵ ڕەش هەڵگەرابوون. ئەم بنکانەیان لە مەوادی دیاری کراوی شارێیان بنیات نابوو, لە مابەینی قەڵایاندا, بنکۆکەی چیمەنتۆ بە مەودای میلێك کەمتر و زیاتر خۆیان دەنواند. ئەگەرچی گەڵاڵە و دیـمەنی قەڵاکان ڕووسی بوون, بەڵام ئـەو کۆنەقەڵا و مەتەرێزە کۆڵەدارییانی وەبیـر دێنایـەوە کـە لـە ئەڵــجەزیرە هـەتا ویێتنـام دیبوومن. سەرەڕای ئەمانە گەڵێك کۆگا دیار بوون کە بە شێوەیەکی یەك‌دەســـــــت هەڵدرابوونەوە. ئەم کۆما گەورانە زەمانێکی گوند و باغ و ڕەز بوون. ئەمە مەرگێ بوو کە سەددام حوسێن لە ساڵی ١٩٧٥ەوە بەرەوخوار بـە ئاشـکرا بـۆ گەلـێ ناوچـەی کوردستانی کردبووە دیاری. کوردان بـیرەوەری تـاڵی ئـەم پلێـشانەوە و سـووکایەتی پێکرانــەی ڕابردوویــان بــە شــێوەی تایبــەتی خۆیــان لــە خــۆ دوور دەکــردەوە. لەم سەرەوسەری کوردستان وێنەی بە پێوەی سەددام حوسـێنیان کـە لـە چوارچـێوەی چیمەنتۆدا و لە هەموو شوێنان دەهاتە بەرچاو, دەدایە بـەر دەسـڕێژی کەڵەشـینکۆف. فیشەك یەك لە دوای یەك خەت و کووزی قەڵافەتی سەددامیان ون دەکـرد. هـەر وەك ئەوەی ئێستا لە ئاشپەزێك دەچوو بە کڵاوی تایبەتەوە. ئەم وێنانە لە هـەموو چەشـن و

ڕەنگی بوون: لە جلی نیزامییەدا و بە قایشق و قووروش و میدالیاکانی سەرکردایەتی هێزە چەکدارەکانەوە, لە بەرگی بازەرگان و بانکداری سوننی مەزەبدا و لێو بەبزە, لە لۆتکەی چۆماواندا, بە کڵاوی پاناما و لیباسی سپێوە و لە هەر جلێکی تردا, بەتایبەت لە بەرگی کوردیدا, بە ڕانك و چۆغە و شەدەوە, کە تەواو سووکایەتی بوو بە کوردان.

هەناو پڕی ئاور دەگرت وەختێك دەمانبینی خانەخوێیانمان هیچ شکیان نیە کە لەمە بە دوا ئیتر مافی مرۆڤ دەپارێزرێ و دێموکراسی سەقامگیر دەبێ. بەم لێبوردنە گشتییەی ڕێبەرانیان ڕایانگەیاندبوو و ئیزنی دابوو بە کرێگیراوانی بەغدا بە ئازادی لە نێویانا ڕاوێچکە بکەن, بە خۆیان دەنازین. ئەم خەڵکە سزایەکی کە سەددام حوسێن بە گرتنەوەی شارەکان تووشی دەکردن, لەبەرچاو نەدەگرت.

کوردان هەر بەو جۆرەی کە هەزاران دیلی ئێراقییان ئازاد کرد, هەرواش ڕایانگەیاند هەر کەسێکی بە ئاشکرا دژبەریان نەبێ لەگەڵ ئەوانە. ئەم "بەخۆ سەلماندنە" زیاتر بە خورد بوونەوە لەم سزادانە توند و تیژ و خۆفناکەی بەغدا بە درێژایی دەیان ساڵ کوردی پێ چرووساندبۆوە, ببوو بە هۆی سەرسوڕمان. جا ئەم مەبەستە بێخەیاڵی بوو یان بە پێچەوانە, زەمانێك گێرانەوەی سەرلەنوێی کەرکووك خانەخوێیەکانمان و خەڵکی ئاساییان لەناکاو ڕاچڵەکاند و لەسەر لێکدانەوەی چەواشەی چەند حەوتوو ئازادی وە خۆی هێنانەوە, بوو بە هۆی بزووتن و کۆڕەوی بە کۆمەڵ. ئەمە لە خەو هەستانێکی ترسێنەر بوو و کەسی وە پاش نەدا؛ ترس و یەك نەگرتوویی کۆمەڵی کوردەواری — کە چەندین ساڵ دەسەڵاتی بەعس دایسەپاندبوو — پتر پێهەڵابرد.

فەرماندەرانی باڵای هێزی پێشمەرگە ڕەنگە لەبەر ئەوەی بنەماڵەی خۆیان و کادرەکانیان لە دەرەوەی ئێراق بوون, بایەخێکی ئەوتۆیان بۆ گرێ و گرێژەنەی بنەماڵەیی دانەنا بووبێ, هەر کە کۆڕە و دەستی پێکرد هیچ کوردێك — لە پێشمەرگەڕا بگرە هەتا جاش و خەڵکی ئاسایی — حازر نەبوو کە ئەم مەترسییە وە سەر خۆی بگێڕێ و خاوخێزان و خزمانی لە جەغزی تەمای تۆڵە ئەستاندنەوەی سەددام حوسێندا

جێبێڵێ. کوردەکانی چینی مامناوەندی ترس هەڵیگرتن, ئەمانە لەمێژ بوو دەیانزانی کە کاربەدەستانی بەعس هەموو چەشنە هەل و دەرفەتێکیان بووە هەتاکوو هاتوچۆ و هەستان و دانیشتنیان بە دوور و درێژی بخەنە ژێر چاوەدێری و بەغدا بۆ ئەم مەبەستە خاوەنی سیخوڕی ورد و وریایە. ئێستا جاشەکان لەم کەسانە بوون کە ڕایاندەکرد, چونکە ڕوویان لە سەددام حوسێن وەگێرابوو و بەختی خۆیان بە ڕاپەڕینی نەتەوەپەروەرانی کوردەوە بەستبۆوە. بنەماڵە و چەکدارەکانی سەرۆك عەشیرەتانیش لە ترسی سزادان و تۆڵە ئەستاندنەوەیەکی توند و تیژ کە چارەنووسی کەسانێکە بەرەی خۆیان دەگۆڕن, ڕەوین. هیچ کوردێك نیازی بە وە بیر هێنانەوە نەبوو کە لەبزی "خائین" — وشەی خۆشەویستی سەددام حوسێن — نەك هەر پێشمەرگە, بەڵکوو هەموو کوردان دەگرێتەوە. ڕیزی ئەم پێشمەرگانەش کە بە ژمارە لەوانی تر کەمتر بوون, بەڵام وا دەهاتە بەر بیر کە خاوەن ڕێكخستنێکی پتەوترن, لێكهەڵوەشان. ئەم تاقمانەش بە ئەرکی سەرەکی خۆیان دەزانی کە ئێستا بنەماڵەکانیان بەرنە پەنا و پەسیوێکی هێور لە تورکیا یان ئێران. سەرکردەکانی پێشمەرگە کە سەردەمێ فەرماندەری هەزاران کەس بوون, زۆر دواتر گوتیان بەختەوەر بوون ئەگەر توانیبایان, دڵیان بە چەند پارێزەری خۆیان خۆش بێ. تەنانەت کەمینەی مەسیحییانیش کە دەوڵەت کەم و زۆر لێی توند نەدەکردن, بازرە بوون. ئەم خەڵکە تا ڕادەیەکی زۆر لە ترسی ئەوەی کە لە سەردەمی ڕاپەڕیندا دەستیان لەسەر دەست داناوە و متەقیان لە خۆ بریوە و هێندێکیش هاوپشتی خۆیان بۆ کوردان دربڕیوە, سەددام تۆڵەیان لێدەکاتەوە یا لە خۆفی ئەوەی ئەگەر وەمێنن کوردان بە لایەنگری بەغدایان تاوانبار دەکەن, نەمانەوە.

ترسان لە باڵەفڕ و گازی شیمیایی بە ڕادەیەکی وا پنجی لە گیانی کوردانا داکوتابوو کە سەددام ئەمجار کەڵك وەرگرتن لە چەکی شیمیایی بە پێویست نەزانی. لە ڕاستیدا لە ترسی تۆڵەی هێزە هاوپەیمانەکان نەوێرا دەس بۆ کردەی ئاوا بەرێ, بەڵام کوردان بە هیچ چەشنێ لەم بابەتەوە دڵنیا نەبوون. هێزە چەکدارەکانی ئێراق بە وردی دەیانزانی چ دەکەن, هەروەك چەن حەوتوو دواتر "نزارحەمدوون" باڵوێزی ئێراق لە واشینگتۆن ئەم مەبەستەی بە من گوت. تۆقاندنی خەڵکی ئاسایی کردەیەکی

ورد و زیرەکانە بوو. دیارە ئامانـجی سەرەکیش گێڕانەوەی دەسەڵاتی سەددام بـوو بـۆ باکووری ئێراق بە شێوەیەکی هاسان و خێرا. زۆر باشتر بوو کە ئەم چەشـنە تاکتیکانـە توانیبایان دەسەڵاتی سەددام لـە کوردستانی چۆڵ کراوا سەقامگیر و دابین کەنەوە. دیارە ئەمەش ئامانـجی لـەمێژینەی سەددام بوو. بە بەربەست کرانی هەستانی فڕۆکە لـە لایەن هاوپەیـمانانەوە, ئێراقییەکان بە دروستی و بە پاڵپـشتی ئـەم تـرس و خۆفـەی باڵـەفڕان بەسەر زەوی دڵی خەڵکا پڕژاندبوویان, هەڵیانفڕاندن و کەلکیان لـێوەرگرتن.

کاتێ کوردان کەرکووکیان لـە چنگ دەرهاتـەوە, سـەرەدای شـەپۆلی پـەناخوازان گەیشتە هەولێر و سلێمانی و زاخۆ. کوتوپڕ وەها کۆڕەوێك دەستی پێکرد کـە هـیچ کەس لـە واشینگتۆن و لـەندن و پاریسا پێشبینـی نـەکردبوو, جـا چ بگـا بـە بنکـەی سەرکردایەتی ژێنێراڵ شوارتسکۆف. ئەم گەڕیانە چ جێـی سەرسـوڕمان نـەبوو, بـەڵام مەبەستێکی ڕاچڵەکێن بوو. بە گوێرەی ئەم بەڵگانەی دیارن دەوڵەتی بووش, چ بەر لـە داگیرکرانی کووەیت, چ لـە وەختی داگیرکرانا و چ پاشتر تەواو لێبڕابوو کـە خـۆ لـە کێشە ئاڵوزبڵۆزەکانی ئێراق وەرنەدا, هەر بۆیە بوو کە لـە بەنـدیواری لـەتـەك تـاقم و دەستەکانی دژبەری ئێراقی, لـە شیعە و سونن‌ییڕا بگرە هەتا کورد کلا دەبوو و لـە هـەر کردەیەکی پێی بگوترێ کردە، خۆی پاراست. لـە مـەودای مێـژووی گێـرە و کێـشەی ئینسانی‌دا بە هەڵکەوت دیتراوە کـە هێزێکـی وەهـا گـەورە ئـەم گـشتە هاوپەیـــمانە لێك‌گرد کاتەوە و ئەم هەموو کەرەسە و چەك‌وچۆڵ و حەشامەتە وەکۆ و تـەیار بکـا, بەڵام سەبارەت بە ناسینی سرشت و کاکڵ و داڕشتی کۆمـەڵی دوژمـن و مێـژووی بـە خوێن شەڵاڵی ئەوها کەترەخەم بووبێ.

لـە سـەرۆك بووشـەوە بگـرە هـەتا خوارخـوارەوەی کاربەدەسـتانی دەوڵـەت ئـەم حەقیقەتەیان نەشاردەوە کە یەکـەم مەبەسـتی گـرینگ دوای ئـازاد کردنـی کووەیـت, ڕاگەیاندنی سەرکەوتن و گێڕانەوەی هێزکانە بۆ نیشتمان. هەر کە بووش لـەپڕ کۆتـایی بە شەڕ هێنا, ژێنێراڵ کالین, ئێل, پاوێل, سەرکردەی هێزە هاوبەشەکانی ئـەمریکا لێـبڕا کە هەرچۆنێك‌بێ, نەهێڵێ هێزەکانی ئەمریکا بکەونە داوی گێرە و کێـشەی ئێراقـەوە. ئەم ڕووداوانەی کە لـە بەغدا و شوێنەکانی تری ئێراق دەقەومان پـووش بەسـەر کـران

هەتا ڕەوت و ڕەوگەی "سروشتی" خۆیان بپێون, ئەگەرچی دەوڵەتی بـووش بـە ئیمـا و ئیشارە دەریـخستبوو کـە سـوننییەکی "بـە دەسـەڵاتی" دیکـەی لـە سـەددام حوسـێن بێباشترە. یانی ئەگەر سەددام حوسێن بە بێ خۆتێوەردانی هاوپەیـمانان لە کار لادرابـا, واشینگتۆن وای پێ باشـتر بـوو کـە ژێنێراڵێکـی دی بێتـە سـەر دەسـەڵات. هـەر لـە دەسپێکی ئاگربڕەوە, قوت بوونەوەی ئەمریکا لە کەنـداوی فـارس بـوو بـە گرێیـەکی نێوخۆی ئەمریکا. بووش تەنانەت ئەو زەمانەی لە بەر ئازادی کووەیت, لە چـڵەپۆپەی خۆشەویستیدا بوو, تێگەیشت کە بۆ هەڵبژێرانەوەی دووبارەی لـە سـاڵی ١٩٩٢دا, دەبێ بە باری لاوازی ئابووریدا بێتەوە و تـەنیا سـەرکۆمارێکی تایبـەت بـە سیاسـەتی دەرەوە نەبێ. لە ڕوانگەی بووشەوە تەمای پاوێل کە سوور بوو لەسەر تێوەنـەگلان لـە کێشەی نێوخۆی ئێراق, هەڵوێستێکی بە جێ‌وڕێ بوو, چونکە بە پێـچەوانە هـیچ دوور نەبوو کە شەڕ و گەڕی وێتنام و خوێڕی کرانی هێزە چەکدارەکانی ئەمریکا لە دەیـەی ١٩٦٠دا و گیرۆدەی بوونی ساڵەکانی دەیەی ١٩٧٠ی بەیرووت دووپات ببنەوە.

دەوڵەتی بووش کە گیرۆدەی ئەم کێشە سیاسی و نیزامییانە بوو, بۆ بەرەوڕوو بوون لەگەڵ وەها کۆڕەوێك لە کوردستانی ئێراقا چ خۆی حازر نەکـردبوو. لـــە ئـاکـامدا بووش بە دەستی خۆی پەڵەی هاویشتە سەر سەرکەوتنی مەنـشووری کووەیـت. وا تـۆ بڕوانە گەمەی ڕۆژگار کە بەم کردەوە دەوڵەتی خـۆی و پـاش خۆشـی بـۆ ماوەیـەکی دوور و درێژ خستە داوی کێشەیەك کە هەوڵی دابوو خۆیان لـێ بپارێزێ, کەچی هەر پێداچوونەوەیەکی سەرسەرەکیش, لە شەوی دەسپێکی شەڕ و گـەڕەوە, دەوڵەتەکـەی لەم تێمانە ڕزگار دەکرد و تاوانی "تەما بۆ نەبوونی هیچ هەڵوێستێك" لـە ئێراقـی پـاش شەڕی دەخستە ڕوو.

زۆر نیشانەی بەرچاو لەم بوارەدا خۆیان دەنواند. بۆ وێنە لە کلکەی ڕۆژانـی بـەر لە دەسپێکی شەڕ لە ژانویەی ١٩٩١دا سەدان هەزار کـوردی تورکیـا لــە باشـووری ڕۆژهەڵات لە ماڵ‌وحاڵی خۆیان تەرەکەمە ببوون. خاوخێزانـە تـەقیو و تۆقیوەکـان لـە بەریبەیانیڕا هەتا شەقەی نیوەشەو لە وێـستگەی ئوتووبووسـی دیاربـەکر, کـە هـەتا سنووری ئێراق چەند سەعاتەڕێیەك دەبێ, کۆزیان دەبەسـت. شـەریکەی گواسـتنەوە و

گەیاندن ئوتووبوسی زیاتریان دەخستە ڕێ, سەرەڕای ئەوەش وڵامـدەرەوەی داخـوازی خەڵك نەبوون بۆ چوونە ئانكارا و ئێزمیـر و ئیـستامبووڵ و شـارەكانی تـری ڕۆژاوای توركیـا کـە جـەماوەرێکی فـرت و فراوانـی کوردیـان لـێ‌نیـشتەجێ بـوون. مـن شەودەرنگانێ لە وێستگەی ئوتووبووس بە چاوی خۆم پۆلـێ پیاوی تێماوی پەرێـشانـم دیت کە ژن و زارۆکیان بەرێ دەکردە شوێنی دی. بۆ هەر شوێنێ, هەر ئەوەنـدەی لـە هەرێمی کوردستان بەدەر بوایە, کە وێدەچوو لـەمەترسیدا بێ. تەنانەت ئەگەر سـەرنج بدرێتـە کـردە و جووڵانـەوەی دوورەئـاوەز و نابـەجێ لـە ناوچـەدا دیـسانیش ئـەم سەرشێواوییە خۆی وەك شێوەیەك شێتی دەچوو.

وێڕای ئەمەش دەوڵەتی تورکیا کـە هێـزە کـۆك و تـەیارەكانی تانـك و تۆپخانـە و هەزاران سەربازی کە زیاتر لە بەرامبەر یەکێتی سۆڤیەتا لە دەوروبەری سنووری ئێـراق مۆڵ دەدا, هێنابوویە ئەم ناوچەیە, ئەگەرچی هەم ئانكارا و هـەم بەغـداش بـە کـردەوە دەریانـخستبوو کە مەیلیان لـە کرانـەوەی بەرەیـەکی تـر لـەم مەڵبەنـدە نیـە. بـەڵام هەرچـۆنێك بـێ ئـەم کـرداره نـەیتوانیبوو بـڕوا بـە کوردەکـانی تورکیـای نیـشتەجێی سەرسنوور بێنێ لە شوێنی خۆیان بازرە نەبن. تەنیا خەڵکی زۆر هەژار و نەدار بوون کە لە شارۆچکە سنوورییەکانا مابوونەوە، چونکە هیچ کوردێك پەندی ساڵی ۱۹۸۸ی لە بیر نەبردبۆوە. وشەی "هەڵەبـجە" ئێستا تەنیا ناوی شارۆچکەیەکی کوردسـتانی ئێـراق بە لای سنووری ئێرانەوە نەبوو. ئەم ناوە پێشاندەری "ماکەی تۆوبڕکردن"ێك بـوو کـە تەواوی جەماوەری کوردی دەگرتەوە, چونکە هەڵەبـجە شوێنێ بـوو کـە حکوومـەتی ئێراق لە وێندرێ خەڵکی بە گازی ژاراوی پەلامار دابوو.

کوردەکانی تورکیا لە دوایین ڕۆژانی بەر لە دەسپێکی شەڕی کووەیت بە ڕادەیـەك ترسابوون کە دەوا فرۆشەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی وێندەرێ دەیانگوت کە خەڵك بۆ کڕینی "ئاترۆپین" بڕەم بڕەمێکیانە هەر مەپرسە. ئاترۆپین دەوایەکی ژارکوژە لە بەرامبەر گازێکی زۆر کوشندەدا بە ناوی "سارین." لـە هـیچ شـوێنێك دەمـامکی دژی گـاز بـۆ دابەشین بە دەستەوە نەبوو. کوردەکانی تورکیا لە جیاتی دەمامك توورەکەی مشەمایان دەکڕی و بە سەر خۆیان هەڵدەکێشا (لە ڕاسـتیدا یەکـەم قوربـانی کراوانـی شـەڕی

كووەیت ژنێكی كورد و منداڵەكانی بوون. ئەوان بەر لەوەی یەكەم بۆمبی هاوپەیمانان داباریێتە سەر هێزەكانی ئێراقی, وەها خزابوونە ژێر ئەم مشەمایە كە خنكابوون.) دیپلۆماتەكانی ڕۆژاوایی لە ئانكارا تاوانی ئەم سەرشێواوییەیان دەخستە ئەستۆی نووسراوەكانی ڕۆژنامە و بڵاڤۆكانی توركیا كە بۆ بێدەربەستی بەناوبانگن. ئەم جەماوەرە بۆ هەڵسەنگاندنی ڕادەی ترس و خۆفی كوردان لە چەكی شیمیایی, تەنانەت لە توركیا – چ بگا بە ئێراق – دامابوون.

***

هیچ شتێك چاوەڕوان نەكراوتر و مەترسیدارتر لەو كاتانە نیە كە خەڵك خۆیان لە گێژاوی خەیانەت پێكرانا دەبیننەوە. لەپڕ نیشانەی شوم خۆیان نواند. خەڵك لە پێشا بەم بارودۆخە پێكەنین و پاشان كاتێ ڕووداوەكان وەڕاستگەڕان بە ڕق و قینەوە دەرد و پەژارەیان قووت دایەوە. ئەو هەینییەی بەر لە جێژنی پاك, كاتێك لەگەڵ "ڤولاكووت" گەڕاینەوە سەلاحەددین, تاقمی ABC گوتیان لە دوو ڕۆژی ڕابردوودا كە ویستوویانە لە ڕۆژاواوە لە كەركووك نزیك ببنەوە بە كوێرەوەری توانیویانە خۆیان لە دەس پێشمەرگەی تووڕەی گڕ گرتوو ڕزگار بكەن. ئەم دوو شەو و ڕۆژەی ئاخری مانەوەمان لە ئێراق, لە حاڵێكا مێشكی خۆمان ڕێكدەكوشی و سەرمان دێنا و دەبرد كە ڕێگایەك بۆ دەرباز بوون لە چنگ كوردانی قەڵس و دەرهەڵبوو و هێزكانی تۆڵەئەستێنەوەی ئێراق بدۆزینەوە, زەمان بوو بە فیلمێكی "نەرم خول"ی خوێندنەوەی دوژمنایەتییەكان. نێوان سەلاحەددین و هەولێر بە ئوتۆمبیلێكی خۆشئاژۆ, نیو سەعاتێك زیاتر نابێ. هاوكارەكانمان لەوێ مابوونەوە و ترس باڵی بەسەر شارا كێشابوو, جا بۆیە دەبوو بە ترۆمبێلی پێشمەرگە و پارێزوانانی چەكدار لەم گەرداوەمان ڕزگار كردبان. ئەم تاكسییەی بۆ حەوتەیەكمان بەكرێ گرتبوو و بە شوێنیانا چووبوو, وەك ئاو بخۆیەوە لەبەر چاوان ون بوو. تاقمی ABC[1] بەشی زۆری ڕۆژی شەممۆی لە سەلاحەددین بە شوێن ئەم و ئەو ڕاننده و دۆزینەوەی ئوتۆمبیلدا

١– (بنكەی هەواڵنێری ئەمریكا) ABC = Americaen Broadcasing Company

بردەسەر. هیوادار بووین بەیانەی جێژنی پاك لە ناوچە دەرباز بین. تاقمێك لە هەواڵنێران پێشتر فیزماڵکیان دابوویە. ڕانندەکانی ABC لە ئاخرین ساتەکانا پێیان چەقاند و گوتیان ئوتۆمبیلەکانیان بۆ ڕاگوێزتنی خاوخێزانی خۆیان پێویستە و تەنیا فەرمانی مەسعوود بارزانی بوو کە ئەوانی لەم کردەیە پەشیمان کردەوە. بارزانی لە پاشەکەوتی خۆی بێنزینی ڕێیەی بۆ دابین کردین. وێڕای ئەمەش وەرەقەی هاتوچۆی بۆ کردین. ماڵاوایی لێ‌کردین, ڕوخسارێکی تەنیا, کە ئاخرین وتەکانی هاوار بوو لە کوردان هەتا "لە کوردستان وەمێنن و چەشنی ئەرمەنییەکان پەرەوازە نەبن", کە بە بڕوای ئەو خەڵکێکی دەرکرابوون لە نیشتمانی خۆیان.

لەو تەنگاوتەنگ بوون و ڕێبەندانەڕا پاش جیابوونەوە لە [بارزانی] تووشی هاتین وا دیار بوو کە کەس گوێ بۆ بانگاوازی ناگرێ. من کە هێشتاش پاش نەخۆشی زگچوونی خوێنی بناوبێر بووم و هێزێکی وام لەبەردا نەمابوو لە ئوتۆمبیلەکە دابەزیم و پاڵم وە کورتە کەندێکی قەراخ ڕێیە دا. باڵەفڕە تۆپدارەکان لەوپەڕ کێوەکان خەریکی کاری خۆیان بوون و من هەستم دەکرد لێرە زیاتر جێم ئەمینترە هەتا نێو ئوتۆمبیلەکە. بۆ کەم کردنەوەی ترس و خۆفم دەستم کرد بە هەڵدانەوەی پەڕی یادداشتەکانم و ڕیزێکم لە وشە و ڕستەی کوردی هاتەوە بەرچاو کە بەر لە هاتن بۆ کوردستان لە ڕووی نامیلکەی فێربوون ڕوونووسم کردبوون. دەرفەتێکی وام وەگیر نەکەوتبوو هەتا زۆر بیر لەم وشانە بکەمەوە. جگە لە ژمارە و وشەگەلی وەك نان, ئاو و شتی لەم چەشنە سرنجم نەدابوویە چی تر. بەرەوڕووی Friend نووسیبووم "دۆست"؛ You are our friend "دۆستی مەی". بۆ ئەوەی بڵێم فیشەك مەتەقێنە, نووسیبووم "تەقە مەکە". ئەمەم بە پیتی درشت نووسیبوو و جەغزم لە دەوری دابوو. بە گوێرەی ئەو دەسخەتە شەقلەوبەقلەیەم لە جیاتی "هاوکاری" نووسیبووم "هاریکاری"[١] دیسانیش بەم وشەدا هاتمەوە. بەلای خۆم گوتم بێ‌گومان دروست نیە, بەڵام دیسانیش هەر

١- هەردووکیش هەر دروستن. "وەرگێڕ"

٢- خۆکوژی بە دابی ژاپۆنی, زگی‌خۆدڕین.

ئەوە بوو کە دەمبینی: "هاریکاری", زۆر لــە "هــاراکیری"[٢] دەچــوو. کــاتی نووســینەوە سرنــجم نەدابوویە تام و چێژی ئەم مەبەستە. پێکەنیم و پتر هەستم بە تەناهی کرد.

وەختایەکی – لە واز و حاڵێکا نەبووم کە بزانــم کەنگێ – پێنج شەش پێــشمەرگە پەیدا بوون و لە ڕانندە سەرکێشەکانیان خوڕی ... لەپڕ کەوتینە ڕێ, هەروا ســووك و سادە. تیژ بەسەر جادەی "هامیلتۆن"دا تێمانتەقاند. بە گشتی هامیلتۆن ڕێیەکی نیزامییــە کە ئینگلیسی لە نێوان ساڵەکانی ١٩٢٠ – ١٩٣٠ بۆ هێــور کردنــەوەی هۆزەکــان, کێشابوویان و لە هەولێرەوە یەکڕاست دەچتە سنووری ئێران. بارزانی مانگی فێوریە لە ڕایان پێیگوتبووم: "نازانــم داخوا ئەم هەلە باشتــرین هــەلی کوردانــە یــان نــا, بــەڵام دەزانــم کە ئەمە ئاخرین هەلی ئێمە نیە. هەر چەند مانگێك لێرەوبــەری کــێ دەیتــوانی هەر بیریش لە وەها بارودۆخێ بکاتەوە." بیرم لە تاڵی ئەم وتەیەی بارزانی کردەوە. بــە پێی مێژووی کورد ئەم دۆخە تاڵوتوونە زۆریش چــاوەڕوان نــەکراو نــەبوو. ســەرەڕای تەواوی ئەمانە پاش ئەوەی هێندێکمان ڕێ بڕی پترمان لانكولۆرکی دابەســتراوی ســەر باربەند و بانی ترۆمبیلان هاتە بەرچاو. پاشان وە پێش نەوتکێــشێکی قــوڕاوی کەوتیــن کە بە قامك ئەم بانگەوازە شۆڕشگێڕانەیەی بە ئینگلیسی لەســەر نووســرابوو: "کــەس نەڵێ کورد مردووە!" ئەگەرچی ڕێنووسی نووسراوەکە هەڵەی تێدابوو, بەڵام پەیامەکــە بە ڕوونی هاواری دەکرد.

پتر لە نیوسەعاتی پێنەچوو کە گەیشتینە دیانا. نووسراوەی مەسعوود ئیعجــازی بــۆ کردین و عەبدولــموهەیــمەن کــە ئــەقرەبای مەســعوود و بەرپرســی بنکــەی جیزبیــی وێندەرێ بوو, پێی کەوتە هەڵسووڕداسووڕ و بە دەورداهاتنمــان. ئێمــە هێــشتا دوودڵ بووین کە داخوا بچینە تورکیا یان ئێران ... کە بە ئوتۆمبیل سەعاتە ڕێیەك بوو. یــەکێك لە ئەندامانی گرووپی ABC دەیگوت کە ســمێڵی ئێرانییــانی لەســەر ســنوور چــەور کردووە, بەڵام ئێمــە زۆرمــان بــڕوا بــەم وتەیــە و دەزگــای ئیــداری ئێرانییــان نــەبوو. عەبدولــموهەیــمەن تەمای بۆ گرتین: ئەو گوتی هیچ چارەیەکتان نیە و ئێران هەر ئەمڕۆ دەرگای سنووری گاڵە دا. ئوتۆمبیلەکانی بــە کرێمــان گرتبــوون, بــۆ دەربــاز کردنــی خاوخێزانیــان گەڕانــەوە ســەلاحەددین. عەبدولــموهەیــمەن وانێتێکــی وێ دایــن و

شرِوشاڵاتـمان لـێ بار کرد و بەرەو کانیڕەش کەوتینە ڕێ. ئەم شوێنە لـەسەر نەخـشە دروست دەکەوتە سنووری تورکیا. تاریك داهاتبوو کە گەیشتینە دەشـتێکی سەرسـەوز و زەنوێر و دەبوو بارگەی لـێ بـخەین. وانێتەکـە ڕۆیـی. ڕووناکـایی مانگەشـەو هـەر ئەوەندە بوو کە بـۆ بـەکریگرتنی چـەند سـەر ولاخ لـەگـەڵ قاچاخـچییەکانی ناوچـە قسەیەك بکەین و شتێك بـخۆین و کیسە خەوەکانـمان ڕاخەین.

لـە ناکاو جرالدین برووکس, لـە وال ئیـستریت ژوورنـاڵ, گـوتی دەترسـێ و لـێـی سووره کە ئەمشەو هەموومان لـە خەوا دەکووژن. بەڵام هەموومان لـەمە پـتر شـەکەت بووین کە گوێمان بە وەها وتەیەك ببزوێ, ئەویش بەتایبەت بە وتـەی ئـەو: ئـەم کـیژە بەژنباریکە ئازاترین ئەندامی گرووپەکە بوو و بـۆ ئـەوەی هەڵوێـست و دژکـردەوەی خاوخێزانە کوردەکان لـە بەرامبەر تۆپبارانی سپای ئێراق وەك هەواڵ بنێرێتەوە, شەو لـە کــەرکووك مــابۆوە. لـــە ڕاســتیدا شــانس ڕووی تێکــردین و چ نەقــەوما. ئــەم کوێستانەڕێیەی بەرەو تورکیا دەچوو یەکێ لـەم ڕەوگە دەگمەنانە بوو کە میـنڕێـــــــژ نەکرابوو. باران نەدەباری, ئەگەرچی ئەوەندە ئاونگ کەوتبوو کـە لـەوسـەرانە هـەموو خەریك بوو لـە سەرمان کەسیرە دەبووین.

شــەوی مانگیــچاردە بـوو. چـەند جارێـك وەخەبـەر هاتـم و هـەموو جـارێ ڕێچکەیەکی نەپساوەی پەناخوازانـم بینی کە ملی کوێرەڕێی پڕ هەواز و لێژی ڕەوگەی کەلێکی بەرزیان گرتبوو, کە دەچۆوە نێو تورکیا. بەربەیانی لـەسـەر یـاڵی چـیا, پۆلـە بەرزایێکی هەشت جووتی چەقیبوون و لـەم خەڵکەیان دەڕوانی. "بیبیسی" هـەواڵی دا کە هەولێر و دهۆك و زاخۆ کەوتوونە دەس هێزەکـانی دەوڵـەتی. ئـەم هەواڵـە بـەجێ بوونی تەمای ئێمەی بۆ هەڵبژاردنی ئەم ڕێیەی گرتبوومانە بەر نیشان دا. بە پێـچەوانەی بەڵێنی شەو ولاخ سەر و سۆراغیان نەبوو. کەلوپـەل و شرِوشاڵاتــمان تێکـەوە پێـچا, لـەسەر ئەم برِوایە کە ناچارین چەمەدان و شتە قورسەکانـمان بەجێ بێڵین. چوومە سەر جۆگەیەك و دەس و چاوم شۆرد و ڕدێنم تاشی. پاش چەند حەوتە نەخۆشی بـۆ یەکـەم جار هەستم بە نەخۆشی و نارەحەتی نـەکرد, ئەگەرچـی پێـنج کیلۆیـەك کـز بـووم و هەستم بە بێتاقەتی دەکرد.

سەرەنجام دوو کوڕی مێرمنداڵی چاردە پازدە ساڵانە بە خۆیان و سێ ئەسپ و گوێدرێژێکەوە پەیدا بوون. بارمان لێنا و وەڕێ کەوتین. لە پێهەڵاچوون بەم توولە ڕێیەدا کە خێرا پڕ دەبوو لە لینگە کەوش و چەمەدان و شڕوشاڵاتی فڕێدراوی پەناخوازان, جراڵدین کیسەخەوی منی دەس دابوویە. نێوە نێوە بۆ پشوودان و سەیرانی دەرودەشتی بە گوڵ و سەوزە خەملّیوی بەهاری و لووتکەی بەفرگری دەورووبەرمان و گوێ هەڵخستن بۆ ڕەخنەی ڕەپ و ڕاست و بێباوەڕانەی پەناخوازان لە جۆرج بووش و کارەکانی, ڕادەوەستاین. دەیانپرسی: "بۆ خاشەی سەددامتان نەکێشا؟ بووش دۆستی سەددامە." ئەوانە هەڵبژاردەی کۆمەڵی کورد بوون, لەم یەکەم کەسانە بوون کە تێگەیبوون تێكشکاون و دەبێ هەڵێن. زۆریان کارمەندی خانەنشین و ئەندازیارانێك بوون کە کۆت و شاڵوار و جلیتقەی لەباریان لەبەر دابوو؛ ئەو دایکانە بوون کە منالّیان لە ئامێز کردبوو.

ئەمە یەکەم جار نەبوو کە لە ماوەی تەمەنی کارمدا, لەبەر ئەمریکایی بوونم هەستم بە ناڕەحەتی دەکرد. بەڵام هیچ کات بەجێ بوونی ئەم ڕەخنەیەم هێندە هەست پێنەکردبوو. پێنج سەعات دواتر گەیشتینە ئەستوونێکی چیمەنتۆ کە دیاردەی سنوور بوو. سێچارەگ دواتر لە بنکەیەکی سەربازیی ترکان بووین لە "یەسیلۆڤا" و لە ژێر وێنەی لە هەموو شوێن هەڵزەقاوی مستەفا کەمال, باغەدانەری تورکیای تازە و سەرکوتکەری خەڵکی کورد, خۆمان گەرم دەکردەوە. ئەفسەرێکی لاو کە ئینگلیسی دەزانی, سەری لەم تاقمەی ئێمە کە بریتی بووین لە هەواڵنێرانی ڕۆژنامە و تەلەفیزیۆنەکانی ئینگلستان و فەڕانسە و ئەمریکا, سوڕمابوو؛ هەر لەرێوە بە بێتەل ئەم مەبەستەی بە بنکەی سەرکردایەتی خۆی ڕاگەیاند. ماوەیەك دواتر باڵەفڕێکی "هوویی", هی سەردەمی شەڕی "وێتنام", سەرۆکی ژاندرمەری و سەرکردەی سپای ناوچەی هێنا و نیشت.

کابرای سەرتیپ بە ڕووی ساردەوە لە قەڵافەت و بەژن و باڵای قوڕ و چڵپاو گرتووی هەڵڕوانین و فەرمایشتی فەرموو: "من دەتوانم ئێوە بە تاوانی سنووربەزاندنی بێ ئیجازە گوللەباران بکەم, دەتوانم دەو دیوی سنوورتان کەمەوە و دەشتوانم ئیزنی

تێپەڕبوونتان بدەمێ." پاشان لە قاقای پێکەنینی دا, قاقای لە زگی زلیڕا دەهات و ئێمەی ئیزن دا. پاشان داوای باڵەفڕێکی تری کرد کە دوکتۆرێک و دوو پەرستار و چەند نردوو نان بێنێ. ئەم یارمەتییە پزیشکییە و خورد و خۆراکە بۆ ئەو چەندسەد کەسە پەناخوازە بوو کە لە ماوەی سیوشەش سەعاتی ڕابردوودا گەیبوونە وێندەرێ و بەشی زۆری ئەم ماوەیە بێ خورد و خۆراك و پەنا و پەسیو باران خووساندبوونی. لانیکەم لەوێ بوونی ئێمە بوو بە هۆی ئەوەی کە نیزامییانی دڕدۆنگ و جارجار دڕ و تووڕەی ترك لەتەك ئەم پەناخوازانەدا تۆزێك مەیلەو مرۆڤانە بجووڵێنەوە. ترکان هیچ نەیاندەزانی کە ئەم پەناخوازانە سەرەدا و پێشەنگی نیزیك دوو میلیۆن کوردن کە لە ترسی تۆڵە و سزای سەددام ڕایانکردووە.

بەشی٤

مرد و چووە بەهەشت

ئێمە کوردان چاك دەناسین ... هەموو ساڵێ
هاوینان لەگەڵیان تێكهەڵدەچووین.

"فریا ئێستارك" گەشتنامەنووس و کاربەدەستی حکوومەتی لە "سەفەری سوارە (١٩٥٨)دا بۆ دیجلە."

"جگە لە چیاکان دۆستێ شك نابەین", ئەمە پەندێکی کۆنی کوردییە. بەڵام لە ئاوریلی ١٩٩١دا هەر ئەم چیا و کێوانە هەزاران کوردیان کوشت و کوردان لە دژوارترین ڕۆژانی پڕنیازی خۆیاندا تێگەیشتن کە لە واشینگتۆن و لەندەن و پاریس و زۆر شوێنی دی دۆستی گەرموگوڕ و بەدەسەڵات و فیداکاریان هەیە. لەمانە: سەرکۆماری تورکیا, هاوسەری سەرکۆماری فەڕانسە و یەکێ لە وەزیرانی فەڕانسەوی, یەکێك لە یاریدەدەرانی خاوەن دەسەڵاتی مەجلیسی پیران لە واشینگتۆن, یەکێ لە ئەندامانی ئیرلەندیی مەجلیسی مەزنانی ئینگلستان و گەورە دیپلۆماتانی ئینگلیسی و فەڕانسەوی و زۆرێك لەم دیپلۆماتانەی کە لە شوێنی باڵا کاربەدەست بوون و هەروەها ڕۆژنامەنووسانی قسەڕۆیشتوو ... بەڵێ، هەمووی ئەوانە هەرکام لە

شوێنی خۆیان بۆ دەربڕینی پشتیوانی لە کوردانی ئێراق خەریکی کار و چالاکی بوون. لەگەڵ ئەوەشدا کوردەکان بۆ ڕزگاری, بەر لە هەموو شتێ قەرزدار و ئەمەگداری تەلەفیزیۆن بوون, چونکە هەر ئەم دەزگا دوورەهەست و سۆزە خێرا بیروڕای گشتی جەماوەری فەرانسە

و بریتانیای بەرەو ئاوات و ئامانجێك ڕاکێشا کە لەوە پێش زۆرتر بە نەناسراوی مابۆوە و هەر ئەم جەماوەرە هەراوەی کۆمەلآنی خەڵك دەوڵەتانی لەندەن و پاریسی بۆ هەڵوێست گرتن پاڵ پێوەنا.

سیاسەتوانانی ئورووپایی سەریان لەم شەپۆلی هەست و سۆزە سوڕمابوو کە تەلەفیزیۆن بزاوتبووی و بە واتەی یەکێ لە هاوکارانی ڕەشبینی ئەمریکایی بۆ یەکەم جار ئورووپاییەکانی وا لێکرد کە کردەوەیەکی ئینسانی و مرۆڤدۆستانە بنوێنن. یەکێ لە ئەندامانی واقماوی دەفتەری فرانسوا میتران کە سەرەدەری لە مێژوو دەردەکرد پێی سەیر بوو کە خەڵك لە جیاتی ئەم ئاواتە پشتیوانی لەو ئامانجە دەکەن و بە سوڕماوی دەیپرسی: "باشە بۆچی خەڵك ئەم هەمووە بۆ کوردان خۆیان دەچۆقێنن, خۆ نە جوولەکەن و نە مەسیحی, جگە لەمەش لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا دەستیان لە کوشتاری مەسیحییانی ئەرمەنیشدا بووە!" لەگەڵ ئەوەشدا سەرەڕای پێداگری دەوڵەتانی ئینگلیس و فەرانسە کە خوازیاری کردەوە بوون و وێڕای دەربڕینی نارەزامەندی و ڕاگەیاندنی ڕەخنەی پەرەئەستێنی کەسانی چاوناسی باڵی دژبەری دەوڵەت – یانی دێموکراتەکان – هەروەها پاش ئەم هەمووە تەبلیغاتەی تەلەفیزیۆنەکان کردیان, دەوڵەتی بووش دوو حەوتوو خۆی گێل کرد و ئەمپێ و ئەوپێی کرد.

خۆشییەکەی لەوەدابوو, کوردان لەوپەڕی سەرسوڕماندا خۆیان لە بارودۆخێکا بەدی کرد دەتگوت هەر بۆ هێنانە سەر شاشەی تەلەفیزیۆن خولقابوون. جا ئەم هەڵکەوتە هەموو لە سۆنگەی ئەو چلۆنایەتییە بوو کە هەم ئەوانی باش نیشان دەدا و هەم هەستی تاوانی لە بینەرانی ڕۆژاواییدا دەبزاوت کە پاش ئەم گشتە شادمانییەی بە خاتری وەدەرنانی ئێراق لە کووەیت دەریانبڕیبوو, ئێستا ئەم خەڵکە تووشی وەها دەرد و مەرەدێك هاتبوون. ئەم کارەساتە – لەو پەڕی دڵناخۆشی و سەرشێواوی دەزگا ڕامیارییەکانی ڕۆژاوادا – مێژووی تەڵەکەبازی ڕۆژاوای سەبارەت بە کێشەی کورد, کە پتر لە حەفتا ساڵ بوو لەبەر چاوان بزر کرابوو, کردە ناوەندی سەرنجی گشتی.

زۆرێك لە ئینگلیسییەكان سەبارەت بە كوردان هەستیان بە گوناهێك دەكرد كە یەكێك لە سیاسەتوانان بە "گرێی گوناهی مێژوویی" ناودێر كرد. ئەم گرێیە ڕیشەی قووڵ ڕۆیوە و دەگەڕێتەوە سەر بەڵێنی بێ‌كردەوە و وەفا پێنەكراوی پاش شەڕی یەكەمی جیهانی بۆ دامەزراندنی وڵاتێكی سەربەخۆی كورد. پاشان خودموختاری لە چوارچێوەی ئێراقێكی ژێربالْدا, یانی ئەو سەردەمەی كە ئۆگری بریتانیا پتر ڕاگرتنی ناوچە نەوتییەكانی كەركووك بوو بۆخۆی نە دابین‌كردنی ئاوات و ئامانجی نەتەوەیی خەڵكی كورد. لە فەڕانسەدا وەچەیەك لە دەوڵەتانی ڕاست و چەپ بۆ قازانج و بەهرە وەرگرتن لە دووهەمین كانگای نەوتی خاوی جیهان و بۆ پاراستنی ئەو جێپێیەی فەڕانسە لە وێندەرێ وە دەستی هێنابوو, لامەلامەیان لەبەر سەددام حوسێن كردبوو. ئێستا جەماوەری خەڵك بە گشتی ڕاست و دروستی ئەم سیاسەتە و ئەخلاقی بوونی ئەوكارەیان – كە جگە لە كومۆنیستەكان, تەواوی گەورەپیاوانی سیاسی فەڕانسەی كردبووە بڵیندگۆی ماستاوكەری بۆ بەغدا – بردبووە ژێر پرسیار. ئاكام و بەرهەمی ئەم ڕەوت و كێشەیە ئاشكرا بوونی سیایی حیساباتێكی پێنج میلیارد دۆلاری بوو كە لە بابەت فرۆشی چەك‌وچۆڵەوە بەغدا فلسێكی نەدابوو و هێندێكیان هەر دژی ئەم كوردانە دەكار كرابوون.

جا بەتایبەت لە جیهانێك‌دا كە نژم و بیچمی بێ‌پسانەوە لە ئاڵ‌وگۆڕا بوو, پاش دەیان ساڵ دیتنی پەیتاپەیتای ڕوخساری پەناخوازانی ئەفریقایی و ئاسیایی، كوردان شتێكی سەرنج‌ڕاكێش و نوێ بوون. بینەرانی تەلەفیزیۆن كە لەمێژ ساڵ بوو خوویان بە دیتنی دەرد و كوێرەوەری لە ناوچەكانی گەرمەسێری جیهان گرتبوو ئێستا كوردیان دەدیتن كە لە كوێستانان بە شڵێوە و باران ڕەق هەڵدەهاتن؛ لە بەفر و قوڕ و زەلەق و چلپاوا سەریان دێنا و دەبرد و بۆ دۆزینەوەی كوتەدارێكی بكرێتە دەستەچیلەی ئاگر گیانیان دەخستە مەترسیی تەقینەوەی مین و لەسەر ئەم پركە یارمەتییەی لە لۆرییانڕا بۆیان حەوا دەدرا بە شەڕ دەهاتن. تێهەڵدران لە لایەن نیزامییانەوە – لەم بابەتەوە نیزامییەكانی توركیا دڕن – مەبەستێكی ئاسایی بوو, هەروەك تێكۆشان و پێشبڕكە بۆ مانەوە و وە دەس هێنانی خورد و خۆراكیش كارێكی سروشتی بوو. پیاوان چەشنی

زۆربەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست مێژەریان لەسەر دەنا و ڕەنگی ئاڵ و واڵای جلوبەرگی هاوسەرانیان بۆ چێشکەی ماندووی بینەرانی ڕۆژاوایی هەوایەکی تازە بوو.

ئالێن پیزی, هەواڵنێری CBS هۆی بڵاوکرانەوەی هەواڵ و ڕاپۆرتی تەلەفیزیۆنی سەبارەت بە کوردستان بۆ ماوەی بیستویەك ڕۆژی یەكپشوودا ئاوا دەبڕێتەوە: "منداڵەکان جوانن, پیاوەکان دڕ و غلوورن و ژنەکان بێ پەچە و ڕووبەند و چارشێو و بەژن و باڵایان ڕێك و تەرزە." ئەوەی بوو بە هۆی سەرسوڕمانی جیهانی دەرەوە قژی کاڵ و چاوی شینی ژمارەیەك لە کوردان بوو. جا لەبەر ئەوەی جەماوەری چینی مام ناوەندیش ڕایانکردبوو, بە ڕادەی پێویست ئینسانی وایان تێدا بوو کە بە ڕاوێژێکی پەسندی تەلەفیزیۆن مەسەلە و گرفتی خۆیان شی بکەنەوە. بە قەولی "پیزی" پەیامەکە زۆر ئاشکرا بوو: "کوردان ببوونە قوربانی دەستی سیاسەت و هەڵوێستی ئەمریکا کە داوای ڕاپەڕینی جەماوەریی کردبوو. دیارە بۆ سوور کردنەوەی ئەم داوایەیان باوەشێکیان کاغەزی بێ ئیمزای بە عەرەبی نووسراو بە دەستەوە بوو کە فڕۆکە ئەمریکاییەکان بە وڵاتیان وەرکردبوو و داوای لە سەربازانیش کردبوو ڕیزەکانی سپا جێ بێڵن. [1]

کوردان دوای تێپەڕبوونی چەندین هەزار ساڵ, کە لە پلەی قەڵافەتی گەلێکی یەكنەگری بێ دەوڵەتا نوا بوون, لەناکاو بە چارەگەسەعاتێك گەیبوونە ناو و ناوبانگێ

١– ئێریك ڕۆلۆ باڵوێزی فەڕانسە لە تورکیا وە بیر دێنێتەوە کە لە سەرەتای ئاوریلدا "بێرنار کۆشنە" وەزیری "کاروباری مرۆڤدۆستانە" دەباتە سنوور هەتا لەگەڵ نیزیکەی ئەم چوارسەد کەسە پەناخوازە بدوێ و هانیان بدا وردە وردە بگەڕێنەوە ئێراق. پەناخوازان یەك بە دوای یەکا, وەك بەڵگەی خەیانەتی هاوپەیمانان باسی ئەم کاغەزانەیان کرد کە فڕۆکە ئەمریکاییەکان بەریاندابوونەوە. وەك ڕۆلۆ دەڵێ پوختەی مەبەست ئەمەبوو: "لە بابەت ئەم وتە جوانانەوە سپاسگوزارین, بەڵام دوای ئەوەی سەددامتان تەیار کرد و بە ئێمەتان وت بە دژی ئەو ڕاپەڕین و پاشان ئێمەتان بەرەڵڵا کرد, بڕوامان بە ڕۆژاوایییان نەماوە. ئێوە لە ماوەی ئەم دوو حەوتووەدا کە بۆمبی بەسەردا دەڕشتین و قەڵاچۆی دەکردین تەنانەت قامکیشتان بە نیشانەی پشتیوانی لێ هەڵنەهێناین. کردەوەی کۆمەڵەی پاراستنی جانەوەران لەگەڵ سەگەلی بەرەڵڵا باشترە لە کردەوەی ئێوە لەتەك ئێمەدا. ئێوە مافی پەنابەری سیاسیمان لە فەڕانسە بۆ وەرگرن." کاتێك کۆشنە گوتی: "ئەم وتانەیان هەر بەڕاستی وایە کە ئێمە یارمەتی سەددامـمان داوە ..." ڕۆلۆ پێیگوت لێیگەڕێ "ئێوە ناتوانن ٥٠٠٠٠ پەناخواز وەربگرن."

کە "ئەندی هۆڵ" لای وابوو لە سەردەمی تەلەفیزیۆنا هەرکەس دەتوانێ بیگاتێ. دۆستانی دەرەوەیان کە لە هەموو شوێنێ پەرانپەران بوون, تەواوی هەوڵی خۆیان دا بۆ ئەوەی ئەم چارەگەسەعاتە نەمر بمێنێتەوە, تەنانەت ئەگەر بۆ بردنەوە پاشی وتەی ڕەشبینانەی یەکێکی وەك ئەو باڵوێزەی جیهانی سێهەم لە بەغدا بوایە کە پێش‌بینیی کردبوو, ئۆگری و خۆشەویستی ڕۆژاوا سەبارەت بە کوردان مەودای لە مەیل و تاسەی سەمای "هۆلا هۆپ"ی تافی لاوی ئەو پتر ناخایەنێ.

لە فەرانسە دانیەل میتران, هاوسەری سەرکۆمار و پشتیوانی بەدەنگ و هەرای کوردان و تەواوی کەمەنەتەوە چەوساوەکان, بۆ ڕاکێشانی سرنجی شووەکەی بۆ سەر کوێرەوەری و مسەوەدەی ئەم خەڵکە نیازی بە هاندان نەبوو. ئەو لەگەڵ "کەندال نزان" کە فیزیك‌زانێکی بە ڕشتی کوردە بوو بە دۆست و بۆ دامەزرانەدنی "ئەنستیتۆی کورد" لە ساڵی ١٩٨٣دا لە پاریس یارمەتی دابوو. (کەندال کوردێکی تورکیا بوو کە کۆچی کردبوو بۆ فەرانسە.) کاتێك لە کلکەی مانگی مارسی ١٩٩١دا هێرشی سەرلەنوێی ئێراقییەکان کەوتە سەردەور, دانیەل میتران وریایی دا بە کارناسانی نێوخۆ و دەرەوەی دەوڵەت. لە یەکەم حەوتەی سامناکی ئاوریلدا کە شەپۆلی کۆچ و پەرەوازە بوون لە گری خۆی دابوو, مێردەکەی وا لێ‌کرد کە فیلمەکانی سەبارەت بە کوردانی بێ‌نوا و پەسار لە کوێستانان تەماشا بکا.

دانیەل میتران بە پێی ئەزموونی تافی لاوی خۆی لە فەرانسەی داگیرکراوی نازییەکان, تەنگی بە کاربەدەستانی نیزامیی و غەیرە نیزامیی کۆشکی "ئیلیزە" هەڵێنا کە بزانن هەر چۆنێك دەکرێ بەرێی ئاسماندا یارمەتی بگەیەننە کوردان, بەڵام ئەوان لە ئاکامدا گوتیان ناکرێ. ئاغای فرانسوا میتران وەها کەوتە ژێر شەپۆلی پەژارەی مەرەدی کوردان کە لەرێوە داوای لە سکرتێری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کرد لەم بارەدا دەس بە کار بێ, ئەگینا پاریس خۆی ڕاستەوخۆ دەچتە مەیدان. لافاوی دەربرینی هاودەنگی بە تەلەفۆن بەرەو باڵوێزخانە و کۆنسوولخانەکانی فەرانسە لە ئەمریکا لووزەوی بەست و دەوڵەتی "بووش"ی تووشی نارەحەتی کرد کە هەروا بە تەمابوو دەس لەسەر دەس دابنێ.

هەڤگرتوویی قووڵ و پتەوی یای میتران لەگەڵ کوردان وێنەیەك بوو لە "داب"ێکی لەمێژین, کە پێشینەی دەگەڕایەوە سەردەمی پاشایەتی, بە گوێرەی ئەو دابە, جاری وابوو نزیکانی تانج و تەخت گیرۆدەی "ئامانجێکی" دوور و درێژ و دژوار دەبوون. ئەو کەسەی ئەوی بۆ لای کوردان ڕاکێشابوو "بێرنارد دۆرێن"ی سیاسەتوان بوو کە لەناکاو بۆ ئەوەی بێتە یاریدەی کوردان, دەستی لە کاری خۆی کێشایەوە, بێ ئەوەی شتێکی ئەوتۆ لەمەڕ ئەوانەوە بزانێ. لە ساڵی ١٩٦٤دا پاش دمەقاڵەیەکی کورت لەگەڵ "ئێریك دو کاربۆنێل", سەرۆکی ڕاستەوخۆی, کە سکرتێری گشتیی وەزارەتی دەرەوە بوو, دەسی لە کار کێشایەوە و وەزارەتی دەرەوەی بەجێهێشت. کاربۆنێل حوکمی لێکردبوو تا ئۆباڵ بۆ بریتانیا بکێشێ کە لە بابەت فرۆشتنی فڕۆکەی هاوکێر – هانتێر بە دەوڵەتی ئێراق, فەڕانسەی ئاگادار کردۆتەوە. دۆرێن لێرا هێندێك زانیاری لە بابەت ئەم خەڵکەدا کۆ کاتەوە کە پێشینەی خزمەتی سیاسی خۆی بەختی ئەوان کردبوو. لە ساڵی ١٩٦٨دا دەستی کرد بە موتالای زمانی کوردی و لێرا کە بێت و لە نزیکەوە بە چاوی خۆی ببینێ و بزانێ لە کوردستانی ئێراق چ دەبوورێ. ئەوان سەردەمان "دۆرێن" لە دەفتەری وەزیری توێژینەوە زانستییەکاندا کاری دەکرد. وەزیر هەم ئیزنی دا و هەمیش بەڵێنی دایە پاش گەڕانەوە بیباتەوە سەرکار: "ئەگەر نەکوژرای." لە ماوەی ئەو شەش مانگەی لەگەڵ مەلامستەفا بارزانی بوو هێندەی نەمابوو بکوژرێ. ئەوکات ڕاست ئەو سەردەمە بوو کە بارزانی بۆ وە دەس هێنانی خودموختاری دیسان لەگەڵ سپای ئێراق تێکهەڵچووبۆوە و شەڕی دەکرد. لە ساڵی ١٩٧١دا دۆرێن سەرلەنوێ ئیزنی گەڕانەوەی بۆ وەزارەتی دەرەوە درایە, ئەویش وەك باڵوێز لە هائیتی, ئەفریقای باشووری, بێرێزیل, ژاپۆن و پاشان بریتانیا کاری کرد و لە ڕۆژانی قەیرانی ئاوریلی ١٩٩١دا, ئەو کاتەی کە بریتانیا و فەڕانسە لە ئۆین‌گێڕانێکی دەگمەندا سەبارەت بە دیاری کردنی زەمانی ئاشتی بۆ ڕزگاری کوردان و پێمل کردنی ئەمریکا لە بابەت ئەو لێپراسرووییەی وە ئەستۆی بوو, دەستیان وێك دا, دۆرێن لەگەڵ دەوڵەتی ئینگلیس هەوڵی دا و خەریك بوو.

لـە بـەینی دۆسـتانی دەرەوەی کوردسـتان, یەکـەم کەسـێکی هاتـە مەیـدان پیتێـر گالـبـریس, یەکێ لـە ئەندامانی فرە کارای کومیتەی دەرەوەی مەجلیسی پیرانی ئەمریکا بوو. ئەو لە وەختی لێکهەڵوەشان و تێکشکانی ڕاپەڕینی کـوردان, لـە دهـۆك وێـڕای جەلال تاڵەبانی بوو. گالبریس کە لـە بەرگروانانی ماندوویی‌نەناسی کوردان بـوو, لـەو کاتەوە کە کێشەی تەفروتونا بـوونی ژیـانی گونـدەکی کوردسـتانی بـە دەس سـەددام حوسێن, پاش دیدارێکی ڕەسـمی خۆی لە باکووری ئێراق بـە نووسـینی ڕاپۆرتێـك بـۆ مەجلیسی پیران, چقڵێك بوو کە لـە ژێر هەنگڵی سەددام حوسێن و دەوڵەتانی ڕێگـان و بووش هەڵچەقیبوو. لـەو یەك‌شەمـمەی جێژنی پاكدا, ئەو یـەکێ لـەم ئـاخر کەسـانە بوو کە بـەر لـە بەسـتزانی ڕێـی دەربـازبوون بـە دەسـتی ئێـراق, لـە ژێـر ڕەهێڵـەی خۆمپارەهاوێژانی ئێراقی بە دیـجلـەدا گەڕابۆوە سووریا. گالبریس هەر کـە گەیـشتەوە دەمیشق تەلـەفۆنی بۆ باڵوێزخانەی ئەمریکا کرد لـە ئانکـارا و سـەبارەت بـە لێـشاوی سەرەولێژی پەناخوازانی بەرەو سنوور وریایی دا و گوتی کە هەواڵنێرانی ئـەمریکایی و دەرەکیشیان لـەگەڵە. هەر ئەم تەلـەفۆنـە وریـا کردنـەوەك بـوو کـە باڵوێزخانـەی بـۆ سەرەتەقە و بەربەرەکانی لـەگەڵ قەیراندا وە جووڵە خست.

ئەو فیلـمە ڤیدۆیی‌یەی گالبریس لـە پـەناخوازانی بـازرە بـووی هـەڵگرتبۆوە, لـەم یەکەم فیلـمانە بوو کە تەلـەفیزیۆنی ئەمریکا نیشانی دا و چۆنیەتی ئەم کـۆچ و کـۆڕەوە مەزنەی بە خەڵکی جیهان ڕاگەیاند. گالبریس هەر کە گەیشتەوە ئـەمریکا زۆر جـاران هاتە سەر شاشەی تەلـەفیزیۆن و لـەسەر کوردان وەجواب هات. ئەو بۆ یەك‌خـــــستنی تێکۆشانێکی بەربلاو, کە دەوڵەتی بێ‌مەیلی بووشی ناچـار بـە کـردەوە کـرد, دەوری بەرچاوی گێڕا و بە شێوەیەکی ماندوویی نەناسانە تینی بـۆ وەزارەتـی دەرەوە کـە هـیچ وازی لـەم کارە نەبوو هێنا, کە نوێنەرانی کورد وەخۆ کا. لـەو دەستە کەسانەی تر کـە لـە شێوەی هەڵوێـستی دەوڵـەت لـەگـەڵ کـوردان تـووڕە بـوون دوو ڕۆژنامەنووسـی وەرگـری خـەڵاتی "پۆلیـستز" بـوون. ئـەم دوو کەسـە, یـانی "جـیم هۆگلانـد" لـە واشینگتۆن‌پۆست و "ویلیام سافایر" لـە نیۆیۆرك تایـمز, لـەمێژ بوو پشتیوانی خۆیـان لـە ئاوات و ئامانـجی خەڵکی کورد دەربڕیبوو.

لە سێهەمی ئاوریلدا فرانسوا میتران, "بێرنار کۆشنە" وەزیری کاروباری مرۆڤدۆستانە کە ئادەمیزادێکی زۆر چالاك بوو, بۆ بەڕێوەبردنی ئیشی مرۆڤدۆستانە هەناردییە ئانکارا. کۆشنە لەوێ لەگەڵ ترکان بۆ دارشتنی گەلاڵەیەکی حقووقی بە مەبەستی نووسرانی بڕیارنامەی شووڕای تەناهی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پشتیوانی لە کوردانی ژوورەوەی ئێراق دەس بەکار بوو. کۆشنە لە دەسپێکی دەیەی حەفتادا لە ئەندامانی دامەزرێنەری ڕێکخراوی ناحکوومی "پزیشکانی بێسنوور" بوو. ئەم ڕێکخراوەیە دواتر لکێکی بە ناوی "پزیشکانی جیهان" پێوە زیاد بوو کە ئیشی خزمەتگوزاری بە پەلە و پێویستی پزیشکییە لە جیهانی سێهەما. کۆشنە بۆ دامەزرانی ئەم ڕێکخراوەش گەلێکی دەورگێڕا. کۆشنە هەڵکەوتەیەکی دەگمەن بوو, سیاسەتوانێ بوو کە لە پرسی کورد چاك ڕاهاتبوو و بێگرێ و بە بیر و بۆچوونەوە دەهاتە سەر شاشەی تەلەفیزیۆن. "پزیشکانی جیهان" چەند ساڵان تاقمێکی نۆژدار بۆ خزمەت بە کوردانی ئێران, لەسەر سنووری ئێران و ئێراق, دامەزراندبوو. کۆشنە کە لە پێخوستکرانی مافی مرۆڤ لە سەرانسەری دنیادا تۆقیبوو, لەمێژ بوو خوازیاری خۆ تێهەڵقوتاندنی کۆمەڵی جیهانی بوو لە بەستێنی پرسی ئینسانی و مرۆڤدۆستانەدا کە بە گوێرەی مێژوو بە خۆتێهەڵقوتاند و دەس خستنە نێو کاروباری وڵاتان مانا دەکرایەوە. ئەو لەم بەڵا و پەژارەدا کە ڕووی لە کوردان کردبوو, سەرەنجام هەلی بۆ هەڵکەوت کە بتوانێ تێئۆری دڵخوازی وە سەر کردەوە بگێڕێ.

بە پێی ئەزموونەکانی پێشوو تەواو وێدەچوو کە تورکیا وەها پێشنیارێك کە ڕێی خۆ تێهەڵقوتاندنی دەرەکی خۆش دەکرد, بێ سێودوو بەرێتەوە پاش. ترکانی ناسیۆنالیست و توندەتەبیات, دەستێوەردانی پڕ سووکایەتی دەسەڵاتدارانی دەرەکی, بەتایبەت لێژنە مەزەبییەکان بۆ پاراستن و دەربڕینی پشتیوانی بۆ کەمینەکانی مەسیحی لە مەودای سەردەمی ڕووخان و تێداچوونی پێداپێدای ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیان قەت لە بیر نەبردبۆوە و لەم بابەتەوە ئورووپاییەکانیان نەبەخشیبوو. هەروەها تێکۆشانی بریتانیا و فەڕانسە و یۆنانیشیان پاش شەڕی یەکەمی جیهانی, کە دەیانویست ناوەندی

عەنەدۆڵ لە پاشماوەی ولات جیا بکەنەوە, لە یاد نەبردبۆوە. سەرەڕای ئەمانە, ئەم ولاتە تەواو "کۆدەسەلات"ەی کە کەمال ئاتاترك لەسەر ویرانەی عوسمانی پێشوودا بنیاتی نابوو, تەنانەت حاشای لە بوونی کوردان دەکرد, کە گەورەترین کەمینەی هەر ولاتێك پێكدێنن و رێژەی نفووسیان بە لە سەتا بیستی ولات دەقەبلێنن. ئەم دوایی‌یانە دەوڵەتی ترکان وای هەست پێکردبوو کە غەواران لە بابەت شێوەی ئاکار و جوولانەوەی ئەوان لەگەڵ ئەو هەزاران کوردەی لە ترسی چالاکی شیمیایی مانگی ئووتی ١٩٨٨ی سەددام حوسێن ڕایانکردبوو و چووبوونە خاکی وێندەرێ و لەبەر پرسی مرۆصدۆستانە وەرگیرابوون, زۆریان بە خراپە باس کردوون.

بەلام فەڕانسەوییەکان دەیانزانی کە سەرۆك ئوزەل لە تەرکێن پێی‌خۆش نیە و نایهەوێ کە نیو میلیۆن کورد برێژنە تورکیاوە, کە بە قەولی یەکێك لە نێردراوانی ڕۆژاوایی شتێك بوو "بۆ دەوڵەتی تورکیا وەك خۆکوژی". ئەوان سەردەمان ئوزەل لە ئەمریکا بوو و لە ئاخری ئەو پشوودانە بێ‌فەڕەی جێژنی پاك‌دا گەڕاوە تورکیا. ئەو لەڕێوە شووڕای تەناهی نەتەوەیی تورکیای کە بەهێزترین بنکەی دەسەلاتی ولاتە و لە ژێر چەپۆکی نیزامییان دایە, بۆ کۆبوونەوە بانگهێشتن کرد. تێڕژانی پەناخوازان تەنیا دەیتوانی ئالۆزبلۆزی کێشەی باشووری ڕۆژهەلاتی تورکیا زیاتر بکا, کە لە ١٩٨٤ەوە بەرەو ئێرە ١٢٠٠٠٠ کەس لە هێزەکانی ئاسایش و لەشکریی خستبووە جەرگەی شەڕێکی نێوخۆ لەگەڵ سەربەستی‌خوازانی کورد کە پەساپەسا پتر خوێنی پێوە دڕژا. ئێستا ڕۆژنامەکان بە خراپە باسی تورکیایان دەکرد, چونکە تاقمە نیزامییەکانی ئەم ولاتە بە ئاشکرا ڕێیان لە شەپۆلی پەناخوازان دەگرت بۆ چوونە نێو خاکی وێندەرێ و هەلی وابوو تەنانەت ئەوانیان ناچار دەکرد بگەڕێنەوە کوێستانە سەخت و بەفرگرەکان.

ئەو ڕیککەوتنەی کۆشنە لەگەڵ ترکان کردی, شتێکی لێ پەیدا بوو کە دواتر یەکێك لە دیپلۆماتە فەڕانسەوییەکان لە پاریس بە "کەلامی سێحراوی" ناودێر کرد و بە بۆچوونی ترکان چارەسەرکەری ئەم کەندوکۆسپە چارەسەر نەکراوە بوو. تورکیا ئەندامی شووڕای تەناهی نەبوو و بۆ پشتیوانی لەم گەلالەیە پێویستی بە لایەنگری

یەکێك لە ئەندامانی هەمیشەیی شوورا هەبوو. فەڕانسە کە لەو وەختیەدا سەرقاڵی پێشنووسی بڕیارنامەی خۆی بوو زۆر بە تامەزرۆیی ئەم خزمەتەی قبوول کرد. ئەم ڕێککەوتنە پاکانەیەك بوو بۆ تورکیا سەبارەت بە ڕێگرتن لە پەناخوازان و سنووربەڕاندنیان و پشتیوانی لە ناردنی هێز بە مەبەستی دابین کردنی ڕێگای گێڕانەوەیان بۆ سەر ماڵوحاڵی خۆیان – جا چ سەددام حوسێن پێیخۆش یان پێیناخۆش بێ – لە سەر ئەساسی پەیڕەوی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان, واتە ئاماژە بە "هەڕەشە لە ئاشتی و تەناهی جیهان". کاربەدەستانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لووتیان هەڵدەپێچا و بەم کارەیان دەگوت: Refoulement, کە زاراوەیەکی تایبەتە بۆ گێڕانەوەی پەناخوازان. وێڕای ئەوە تورکیا کاتی ئیمزا کردنی کۆنوانسیۆنی نێونەتەوەیی پاش شەڕی دووهەمی جیهانی, کە مافی پەنابەری سیاسی دەدایە پەناخوازان, بە ئاشکرا پەنابەرانی سەر بە سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی و باشووری ڕۆژهەڵاتیی لەم جەغزە دەرهاویشتبوو. (هەڵبەت ئەم مەبەستە ڕێی لەوە نەگرت کە تورکیا پاش شۆڕشی ئیسلامی ئێران و ڕووخانی خانەدانی پەهلەوی لە ١٩٧٩دا نیزیکەی میلیۆنێك ئێرانی داڵدە بدا. هەروەها لە ساڵی ١٩٨٨دا گەلێکی کوردی ئێراقی پەنا دابوو, کە لەو تاقمە هێشتاش پتر لە بیستوهەشت هەزار کەس لە وێندەرێ مابوونەوە و لە بارودۆخێکی تاڵوتووندا لە هۆردووگاکانی باشووری ڕۆژهەڵاتیی تورکیادا دەژیان. زۆربەی ئەم مشەختییانە لە ساڵی ١٩٩١دا گەڕابوونەوە ئێراق.)

ئێستا لە بەرەکەتی دیداری کۆشنە, فەڕانسە و تورکیا بە هاوبەشی, پێشنووسی بڕیارنامەیەکی شۆڕشگێڕانەیان بردە شووڕای تەناهی, کە شوورا لەوپەڕی واقوڕمانی زۆرێك لە سیاسەتوانە بەئەزموونەکان, لە ڕۆژی پێنجی ئاوریلدا پەسندی کرد. (ئەم سیاسەتوانانە چاوەڕوان بوون کە یەکێتی سۆڤیەت یا چین یان هەرتکیان وێکڕا بیبەنەوە پاش.) پاش تێپەڕبوونی حەفتا ساڵ بۆ یەکەم جار لە بەڵگەنامەیەکی نێونەتەوەییدا, یانی بڕیارنامەی ژمارە ٦٨٨ی شووڕای تەناهی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا

ڕاستەوخۆ باسی کوردان و ناوی "کورد" کرا. ئەم کارە خۆی لە خۆیا بە لاوەچوونێك بوو کە تورکیا بە بێمەیلی ملی پێداهێنابوو. لە ڕاستیدا چارەیەکی تری نەبوو جگە لەمە. دەوڵەتی بووشیش هەروا بوو. دەوڵەتی بووش لەم کارە نارەحەت بوو, بۆچی؟ چونکە ئەم گەلاڵەیە خوازیاری تێوەگلانی تاقمە نیزامییەکان بوو لە باکووری ئێراق, کەچی سیاسەتی دەوڵەتی بووش بەر لە هەموو شتێ گێرانەوەی هێزەکانی بوو لە کەنداوی فارسەوە بۆ ولات و دیارە گەلاڵەکەی خۆی ئاوها لێپووچەڵ دەبۆوە.

بەلام جۆرج بووش مەیلی لە یاریدەدانی تورگوت ئوزەل بوو کە لەم ڕەوت و ڕووداوانەدا تێمابوو. لە یەکەم ڕۆژانی ئالۆزبلۆزی پاش پەلاماری ئێراق بۆ سەر کووەیت, ئوزەل بە بەستنی شالوولەی نەوتی ئێراق کە بە تورکیادا تێدەپەڕی, لە سەروبەر پێکهێنانی یەکێتی دژی سەددامدا, بوو بە هاوپەیمانێکی گرینگ بۆ ئەمریکا. زیادە لەمەش, ڕەوتی بەدەنگ و هەرای "تەکووزی نوێباوی جیهانی"ش لە بەرەکەتی فیلمەکانی تەلەفیزیۆنی کە سەرکوتی ڕاپەڕینی تێکشکاوی شیعە و کوردانی پێشان دەدا, خەریك بوو دەبوو بە هەڵمەدووك. بە قەولی یەکێك لە لایەنگرانی گەرموگوڕی "مافی دەستێوەردان", "شووڕای تەناهی بە پەسندکردنی بڕیارنامەی ٦٨٨, بۆ ناردنی یارمەتی مرۆڤدۆستانە بۆ کوردان و تەواوی جەماوەری ئێراق, بێ ئەوەی سرنج بداتە ڕەزامەندی و نارەزامەندی دەوڵەتی پەیوەندیدار, بێگومان ئەم مەبەستەی دەستەبەر نەکرد کە لێرە بە دواوە تازە نابێ دەوڵەتان لەگەڵ خەڵکانی خۆیان خراپ بجووڵێنەوە یان قەلاچۆیان نەکەن, بەلام سەرەڕای تەواوی ئەمانە تازە هیچ ولاتێك دەسەلاتی نیە کە بە سانایی بتوانێ بەر لە ناردنی یارمەتی مرۆڤدۆستانەی دەرەوە بگرێ."

کوردەکانی ئێراق دۆستێکی لەمێژینەی تریشیان لە ئانکارا هەبوو. ئەم کەسە ئێریك ڕۆلۆ باڵوێزی فەڕانسە بوو لە تورکیا. ئەو بەر لە کەوتنە جەغزی کاری دیپلۆماتیك بۆ ماوەی چەند دەیە یەکێك لە کارناسانی خۆرهەلاتی نێوەڕاستی ڕۆژنامەی بە برشتی "لۆمۆند" بوو. ڕۆلۆ لە مەودای ئەو مانگانەی ئاخریدا کە شەڕی تێدا قەوما "مورتون ئای. ئابراموویتس", گەورە باڵوێزی ئەمریکای لەگەڵ باری ناسك و ورد و باریکی

سیاسەتەکانی خۆرهەلاَتی نێوەڕاست, بەتایبەتی سرشت و چۆنیەتی کۆمەڵی ئێراق, کـە ئەو بەڵگەی دێنایەوە پڕ پێچوفلۆوچترە لـەوەی کە دەوڵـەتی بووش بیری لـێدەکاتەوە, ئاشنا کرد. ئەو زانیارییانە پەندێکی گرینگ بوون و دەورێکی بەرچاویان لـەم کێـشەیەدا گێڕا.

ئابراموویتس پێشتر قەت لـە ڕۆژهـەلاَتی نێوەڕاسـت کـاری نـەکردبوو, بـەلاَم لـە کاروباری پەیوەندیدار بە پەناخوازانەوە پیاوێکی لێزان و بەئەزموون بوو. لـە سـاڵـەکانی ئاخری دەیەی حەفتادا, ئەو کاتە باڵوێزی ئەمریکا بـوو لـە تایلـەنـد, لـە بەربـەرەکانی لـەگەڵ لێشاوی پەنابەرانی ویێتنامی کە بـە "لۆتکەنـشینان" مەنـشوور بـوون, یـەکجار سەرکەتوو بوو و لـەم گەڕیانەدا لـەسەرەخۆیی و دان بـەخۆ داگرتنـی ڕەوشـتییانەی بـە شێوەیەکی کارا لـەتەك لێزانینەکانی ڕامیاری و ئیداری تێکەڵ کـرد. دەوڵـەتی تورکیـا وەك هەمیشە لــە پەیـدا بـوونی سەروسـۆراغی دیپلۆماتـەکانی لاوەکـی لــە مەڵبەنـدە بارناسـکەکانی وڵات, بەتایبـەت لــە ناوچــەکانی سـنووری, نارەحــەت بـوو. بــەلاَم ئابراموویتس بە بیانووی نیگەرانی لـە بابەت ساغی و سلاَمەتی تاقمێك لـە هـەواڵنێرانی ئەمریکایی کە لـە ئێراق ڕەوی بوون و ئێستا بۆ وە دەس هێنانی زانیاری گەرمەتەنـدوور لـەمەڕ بارودۆخی ژیانی ئەو پەناخوازانە لـە کەوشەنی تورکیا ئاپۆرەیان دابـوو, وێڕایـان بوون, تاقمێکی زۆری لـە کاربەدەستانی باڵوێزخانە بە ناوچەدا بلاَو کردبۆوە.

لـەگەڵ ئەوەشدا ئـابراموویتس بـە مەبەسـتی وە خۆخـستنی دەوڵــەتی خـەواڵووی بووش پەیتاپەیتا پەیوەندی بە واشینگتۆنەوە دەکرد. لێکدالێکدا تێلگرافی بۆ وەزارەتـی دەرەوە بەرێ دەکرد و لـەگەڵ ڕایەڵـەیەکی بەرین لـە دۆسـتانی خـاوەن دەسـەلاَتی نێـو دەوڵەت و دەرەوەی بە تەلـەفۆن قسەی دەکرد و تەنانەت پەیامی بۆ خـودی بووشـیش دەنارده کۆشکی سپی. ئـەو بـە ئـەزموونێکی کـە لـەسـەر پـەناخوازانی "لۆتکەنـشین" هەیبوو, بڕوای وابوو کە سەرکەوتن بەستراوەتەوە بەوەی کە چلۆن بتوانێ بـە خێرایـی ئەم خەڵکە وەخۆ بـخا. دیگوت: "لـە وەها بارودۆخێکا ئەمە شـێوەی کـاری منـە کـە نالـەبارترین هەلومەرجم لـەبەر چاو بێ و پـێ لـەسـەر دژوارتـرین بـارودۆخ دابگـرم."

برینت ئێسکۆ کرافت, ڕاوێژکاری سەرکۆمار لە شووڕای تەناهی نەتەوەییدا, ئاگای لە چالاکییەکانی بالۆیز لە زەمانی کێشەی پەناخوازانی "لۆتکەنشین"دا بوو و لێی سوور بوو ئەو نەهامەتی و چارەڕەشییەی بەرێوەیە بۆ تورکیا و ئەمریکا "لە ڕادەبەدەر جیددی" دەبڕێتەوە, هەڵبەت ئەمە وتەی یەکێك لە دیپلۆماتە ئاگادارەکانی ئەمریکایی بەسەر ڕایەڵەی پەیوەندییەکاندا بوو. ئابراموویتس لە ئانکارا بێ‌نێوبڕ شوێنی ڕەوتی ڕووداوەکانی هەڵگرتبوو و سەرۆك ئۆزەلیش پتر بە تەلەفۆن لەگەڵ بووش لە پەیوەندیدا بوو.

بالۆیز لایەنگری بەردانەوەی یارمەتی خزمەتگوزارانە بوو لە ڕێی فڕۆکەوە و هێزی ئاسمانیی ئەمریکا لە ڕۆژی حەوتی ئاوریلەوە ملی لەم کارە نا. بریتانیا و فەڕانسە خێرایەکی وە شوێنی کەوتن و کاتێك ئەم مەبەستە بووزی خوارد و ڕێی بۆ خۆش بوو کە تورکیا ڕەزامەندی خۆی سەبارەت بە کەلك وەرگرتنی فڕۆکان لە بنکەی "ئینجرلیك"ی هەڵکەوتوو لە "ئادەنە" دەربڕی. هێزی ئاسمانیی ئەمریکا گەورەترین پۆلە پاپۆڕی گواستنەوە و گەیاندنی ئاسمانیی جیهانی لە ئینجرلیك وەگەڕ خست؛ بەڵام وێڕای ئەم تێکۆشانە, کاربەدەستانی باڵای نیزامیی لە واشینگتۆن کە لەمێژ بوو دەیانزانی ئەم کارە شوێنێکی ئەوتۆی نابێ, لە کۆڵ خۆیان کردەوە. لایان وابوو وەك ئەمە وایە کە چەند دەنکە سەرداری باوێیە پێش پۆلە کۆترێکی زۆر و زەوەند. جا دەردی سەرباری دەردان ئەمە بوو کە هێندێك لە بەستە فڕێ دراوەکان لە ڕەوگەی خۆیان تلاسا ببوون و بەسەر پەناخوازاندا کەوتبوون و کوشتبوویانن. تاقمێکیش کە بۆ هەڵگرتنەوەی خورد و خۆراکی داباریو هەوڵیان دەدا لەسەر هێڵی سنوور وە سەر مین پەڕین و تێداچوون. بەڵام ئەم کاروبار و چالاکییە بۆ فیلم لێ‌هەڵگرتنەوە دەبوو و سەرنجڕاکێش دەهاتە بەرچاوان و لانی کەم دەریدەخست کە هاوپەیمانانیش خەریکی کارێکن. بووشیش نیازی بەوە بوو کە لە تەلەفیزیۆندا بدیترێ و خەڵك ببینن کە دوای خۆ شل کردن و ئاوڕ لێ‌نەدانەوەی پێشدا, ئێستا وە خۆ کەوتووە و بە کردەوەی شێلگیرانەوە هاتۆتە مەیدان.

پاداشتی ئابراموویتس هەر ئەمە بوو کە توانی بڕوا بە وەزیری دەرەوە "جیمز ئێی. بێیکێر"ی "سێهەم" بێنێ هەتا سەردانی جوکورجە – یەکێك لە هۆردووگاکانی زۆزانی پەناخوازان لە سەر سنوور– بکا. لە وەختی دیدارەکەدا, لە حەوتی ئاوریلا, ڕۆژنامەکان ئاوڕێکی ئەوتۆیان لەم "بێیکێر"ەی چەکمەی گالەوەڕێنانی لە پێ بوو نەدایەوە, کە دوای ئەمەی چارەگێك بە باڵەفڕ هاتە نێو ئەم دەیان هەزار خەڵکە لێقەوماوە, باڵی گرتەوە و فڕی. ئەو ئێستا لە خێروبێری وێنەیەکیش دەرچوو کە لێیهەڵگرنەوە, ئەگەرچی وا مەنشوور بوو کە زۆری بایخ دەدا بە خۆ نواندن و زەق بوونەوە لە بەرامبەر ڕاگەیەنەرە گشتییەکاندا. لەگەڵ ئەمەشدا ئەگەر لایەنی سیاسی کەسایەتی بێیکێر لە سەرەتادا بۆ ڕووبەڕوو بوون لەتەك ئەم قەیرانەدا هێندێکی دوودڵی نواندبوو, ئێستا بە بینینی جوکورجە زۆر پەشێو و پەژار دەگەڕاوە. "ئەمە ڕەنگە باشترین دوازدە دەقیقەیەك بوو بێ کە بەختی کاروباری ڕزگار کردن کرا." ئەمە کۆبەندیی تێکەڵ بە ڕەزامەندیی ئابراموویتسیش بوو.

بێیکێر ئێستا تێگەیشت کە چارەسەری ئەم قەیرانە پێویستی بە جووڵانەوەیەکی بنەڕەتی نێونەتەوەیی هەیە و هەر ئەمەش بۆ یەکەم جار لە مێژووی سەردەما کوردانی خستە بازنەی کاروباری دەسەڵاتدارانی جیهانی. هەر کە گەیشتەوە دیاربەکر لە فڕۆکەی تایبەتی خۆیڕا کە دەچوو بۆ ئیسرائیل بە تەلەفۆن پەیوەندی کرد بە بووش و ڕیچارد چێنی وەزیری بەرگری و سکرتێری گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان, خاویە پریز دوکۆئلار. هەرچۆنێك بێ, ئاغای بووش وردە وردە ناچار بوو لە مل نەدانی کەللەڕەقانە و دوورە هەست و عاتیفەی خۆی سەبارەت بەم کوردانەی خۆی تەواو دنەی پەرانپەران بوونی دابوون, دەس هەڵگرێ, چونکە ئەگەر کەسێکی جێی متمانەی بوایە, ئەو یەکە کەس نەبوو جگە لە بێیکێر.

هاوپەیمانانی بووش کە هەر دەهات و تووڕەتر دەبوون, لەسەر بارێکی وا نەبوون بتوانن دان بەخۆ دابگرن. جان مێیجێر, سەرۆکوەزیری ئینگلستان, لە هەشتی ئاوریلا, لە لۆگزامبوورگ لایەنگری و پشتیوانی تەواوی ئەندامانی کۆمەڵەی ئورووپای بۆ

کەلك وەرگرتن لە تیپەسازاوەکان هاوبەندان بۆ دابین کردنی "ناوچەی پارێزراو" لە باشووری ئێراق بە مەبەستی دنە دانی خەڵك بۆ گەڕانەوە, وە دەس هێنا. تەواوی خەڵکی ئینگلستان لەوەی بەسەر کوردان دەهات تووڕە بوون و "مارگارێت تاچێر"یش دەستی کردبوو بە سەرکۆنە کردن. مێیجێر تەمای وابوو سووری کاتەوە کە فەرمان لە کەس وەرناگرێ و مەسەلەی هەوڵی بەجێ لە بابەت کوردانەوە بوو بە کارێکی لە رادەبەدەر گرینگی ڕامیاری. ئەو نیازی بەمە بوو کە دەریخا کارێکی ئەوتۆی لە دەس دێ و ئەمە یەکەم قەیرانی سیاسی گەورە بوو, کە لە وەتی لە چوار مانگ پێشترەوە پێی نابووە ماڵی ژمارەی ١٠ ی داونینگ‌ئیستریت, تووشی هاتبوو.

تەنانەت فەڕانسەوییەکانیش کە لەم چەند ساڵەی دوایی‌دا ئەوەندەی خەنیمی ئینگلستان بوون, هێندەی هاوکار و هاوبەند نەبوون, کەوتنە ژێر کاریگەری ئەم هەڵوێستەوە. دیپلۆماتە فەڕانسەوییەکان بە مەبەستی سەلماندنی نیازپاکی وچاکەخوازی خۆیان لەم هاوکارییەی ئەم بەرە و بەری خەندەکەدا, دەستیان لەم قسەیەی خۆیان هەڵگرت کە "بیری ناوچەی پارێزراو" لە پێش‌دا ئەوان هێناویانەتە گۆڕ و داکۆکییان کردە سەر مەیل و تاسەی نائاسایی مێیجێر بۆ گرتنی وەها تەمایەکی گرینگ بە بێ پرس و ڕاوێژ لەگەڵ واشینگتۆن. بۆ دەوڵەتی فەڕانسەش کە ماوەی چوارمانگ بوو کەوتبووە شوێن ئەمریکایی‌یەکان و ڕێبەرایەتی ئەوانی قبووڵ کردبوو و ئەوە لە دڵی مەزنەکەسانی نەتەوەخوازی فەڕانسە گران دەهات, کردەوەی دروست لەگەڵ کوردان, یارمەتی سڕینەوەی شوێنەواری ئەم مەبەستەی دا. ئەم ڕووداوە یارمەتی جوان کردنەوەی ڕووکاری فەڕانسەشی دا کە وەك ڕێ خۆشکەری دابین کردنی چەکوچۆڵ بۆ سەددام حوسێن دەناسرا, ئەگەرچی نەیتوانی بە تەواوی بیسڕێتەوە.

فەڕانسە و بریتانیا و تەواوی گەلانی ئورووپایی سەرەڕای ئەم گشتە مەیل و تاسەیەی بۆ یارمەتی‌دانی کوردانیان هەبوو, خۆیان ئەمەیان لە دەس نەدەهات و بە تەنیایی توانایی ئەنجامی کارێکیان لە ناوچەدا نەبوو. جا هەر لە سەرەتاوە تێگەیشتن کە تەنیا چالاکییەکی نیزامیی دەتوانێ لەگەڵ وەها کۆڕەوێکی بەربلاو, لە وڵاتێکی

وەها سەخت و سەرکەشا بەربەرەکانی بکا. هەروەها زانیان ئەوە تەنیا ئەیالەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە کە دەتوانێ کارەکانی "لۆژێستیکی"[١] ڕێکبخا و بەڕێوەی بەرێ. زیادە لەمەش بڕیارنامەی ٦٨٨ و بیری ناوچەی پارێزراو هەروا لەخۆوە خاوەنی مانا و واتایەکی تایبەت نەبوو. دەوڵەتانی فەرانسە و ئینگلیس وەك یەکەم هەنگاوی بە کردەوە بە مەبەستی هاندانی پەنابەران بۆ گەڕانەوە سەر ماڵوحاڵی خۆیان, واشینگتۆنیان ڕازی کرد کە فڕینی هێزی ئاسمانیی ئێراق لە باشووری هێڵی ٣٦ — بە ڕواڵەت بە مەبەستی دابین کردنی فڕینی فرۆکە بارهەڵگرەکانی هێرکۆلیسی ١٣٠ — C, کە بۆ یارمەتیدان و هاویشتنە خوارەوەی کەلوپەلی پێویست کەلکیان لێوەردەگیرا — بەربەست بکا.

ئەم بەستە و بارانەی فرۆکە ١٣٠ — C یەکان دایاندەباراند, لە ڕاستیدا یارمەتییەکی ئەوتۆ نەبوون بۆ پەنابەرانی کورد. کوردانی تورکیا خۆیان لە ماوەی چەند ڕۆژاندا یارمەتییەکی یەکجار زۆرتریان لە "مانگی سوور"ی تورکیا و ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان و فرۆکەکانی یارمەتیدەری هاوپەیمان, دا بە پەناخوازان. سەرەڕای ئەمانە فرۆکە هێرکۆلیسەکان ئەرکی سەرەکی خۆیان بەجێ هێنا. چونکە ئەم فرۆکانە لە لایەن فرۆکە شەڕکەر و باڵەفرە تۆپدارەکان و فرۆکە پارێزەرەکانی بنەگر لە "ئینجرلیك"ەوە پارێزگارییان لێدەکرا و لەگەڵیان دەهاتن و دەچوون. وێڕای ئەمەش بۆ حاڵی کردنی تیپەکانی ئێراقی, لە پۆلەفرۆکەی پشتیوانیی ١٠-A کەلك وەردەگیرا کە زایەڵەی "زیرە"ی تایبەتییان بە مانای وریایی دان بوو: پەیامێکی بێ هەڵە بوو کە هاواری دەکرد کاتێك هێزەکانی هاوپەیمان دێنە باکووری ئێراق, دەبێ فرۆکە "غەوارەکان" ناوچە بەجێ بێڵن. ئەمەش بە مەبەستی دنەدانی پەناخوازان بوو بۆ هاتنەوەخوار لە کێوان. بۆ دڵنیا بوونی کوردان و بە مەبەستی هەڕەشە لە ئێراقییەکان

١- کاروباری دابین کردنی شوێن و پەنا و کەلوپەلی پێویست بۆ ژیان و ...

کە ئیتر نابێ کۆڕەوێکی تر بەرەو سنوورەکانی تورکیا و ئێران وەڕێ بخەن, بە مانگ و ساڵان ئەم فرینانە درێژەیان بووە.

کەلك وەرگرتن لەم بنکانە کە هەر بە شەش مانگ و پاشان هەر بە سێ مانگ جارێك نوێ دەکرایەوە (و دەوڵەتی تورکیا بە ناسەرسەنگی ملی پێدا دێنا) تەنیا هۆکاری بەرگێڕەوەی کەڵکەڵەی بەغدا بوو بۆ گرتنەوەی سەرلەنوێی ناوچەیەکی بەرفرەوانی باشووری وڵات کە ئێستا کەوتبووە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی بە کردەوەی کوردستان. ئەم هێڵەی بە دڵخواز ڕاکێشرابوو تەنیا هێڵی ٣٦ی دەگرتەوە کە پتر لە سەتا شێستی جەماوەری کوردستانی بێ لەمپەر دەهێشتەوە, بەتایبەتی زۆرێك لەم میلیۆن و چوارسەد هەزار کەسەی بەرەو ئێران ڕایانکردبوو. بەڵام ئەم هێڵە زۆربەی ئەم ناوچانەی دەگرتەوە کە شوێنی داسەکنینی ٤٠٠ تا ٥٠٠ هەزار پەناخوازێ بوو کە هەڵاتبوونە تورکیا. (هەروەها ئەم هێڵە ناوچە نەوتییەکانی کەرکووکی نەدەگرتەوە و ئەمەش بە مەبەستی کەم کردنەوەی ترسی دەروجیرانەکانی ئێراق بوو, بۆ ئەوەی وا بیر نەکەنەوە کە هاوپەیمانان ڕازی بە پێکهاتنی وڵاتێکی کوردن لە باکووری ئێراق.)

هەڤگرتنی هاوپەیمانان ئێستا دەبوایە بیری بە ئیستلاح "کۆڵانەکانی مرۆصدۆستانە"ی برەو پێدابا, یانی لە ڕێوبانان بنکەی تەیار و پڕ لە خورد و خۆراك و ئاو و بێنزین و پێداویستییەکانی پزشکی دامەزراندبا, هەتا پەناخوازان دنە درابان بۆ دابەزین لە چیا و گەڕابانەوە هۆردووگاکانی پێدەشتان کە هەوایان لە کوێستانان خۆشتر و خاوەنی تەناهیش بوون. گەڵاڵەی کرانەوەی ئەم کۆڵانانە کە بە وردی لەگەڵ بنکەی ڕێکخراوی نەتەوەکان لە "ژنێڤ" توێژینەوەی لەسەر کرابوو, خۆی کۆسپێك بوو کە دەبوایە هاوکاری نەتەوە یەکگرتووەکانی بۆ هەڵسووڕاندیان ڕاکێشرابا و کێشەی تاوانی دەستێوەردان لە نێوخۆی ئێراقی بردباوە پاش. دەوڵەتی بووش بە ڕادەیەك تەماداری کێشانەوەی هێزەکانی بوو لەم گێرە و کێشەیەدا کە پێداگربوو هەرچۆنێك بێ ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کە هیچ وازی لەم کارە نەبوو, بخاتە جەغزی تەواوی ئەو چالاکییە مرۆصدۆستانەیەی لە ئێراق بەڕێوە دەچوو و ئەویش هێشتا پێمل نەدەبوو. تەنانەت پەیوەندی گەرموگوڕی نێوان

ئینگلستان و ئەمریکا کە دەهۆڵ و زورنای بۆ هەڵگیرابوو و هاوکاری دۆستانەی بریتانیا لە مەودای ئازادکردنی کووەیتا لە سەرەتاوە کەلکی نەبوو. ئەندامانی پارلەمان وگۆڤار و ڕۆژنامەکان و خەڵکی ئاسایی بریتانیا لە دەسپێکی ئاوریلەوە ڕۆژ بە ڕۆژ پتر تووڕەیی و نارەزامەندییان دەردەبڕی. یەکێك لە ئەندامانی پایەبەرزی وەزارەتی دەرەوەی ئینگلیس دواتر گوتی: "ڕۆژانێکی سامناك بوون, لە واشینگتۆن کەس بە لای تەلەفۆنانەوە نەدەچوو, ئەگەر هێڵی تەلەفۆنیش ڕێی دابا, دیسان کەس نەبوو وڵامم بداتەوە!"

لە نێو کورداندا شەکەتی و توانەوە و بێپەساری – ئیتر جیا لە نەبوونی خورد و خۆراك و ئاوی خواردنەوە و پاك و خاوێنی – بوو بە هۆی پەرەگرتنی زگچوون و زگچوونی خوێن و تەواوی نەخۆشییەکانی لێوەگر. ڕێژەی قڕانی خەڵك خێرا پێهەڵاچوو, ئەگەرچی ڕەنگە هەر نەگەیبێتە ئەو ڕادەی کە کاربەدەستانی ئەمریکایی و وتەبێژی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ئاخری ئاوریلدا لە ئێران ڕایانگەیاند. ئەم دوو سەرچاوەیە ڕێژەی مردنی پەنابەرانیان لە خاکی ئێراندا, ڕۆژانە لە هەزارەوە تا دووهەزار کەس قەبلاند. زۆربەی تێداچووەکان منالانی کەمتر لە پێنج ساڵ و پیرەکان بوون. کاربەدەستانی ساخڵەمی ئەمریکا وایان دانا کە لە ماوەی سێ حەوتوو کۆچ کردندا لە سنووری تورکیا ٦٧٠٠ کەس کوردی ئێراقی مردوون, کە ئەمە خۆی ٦٢٠٠ کەس زیاترە لە ڕێژەی مەرگی ئاسایی لە باکووری ئێراق. کۆمیسێری باڵای ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەران, ژمارەی ئەوانەی لە گەڕیانی پەناخوازی لە ئێران تێداچوو بوون بە ١٢٦٠٠ کەسی لە قەڵەم دا. هەر خودا دەزانێ چەند کورد لە نێوخۆی ئێراق یان لە ڕێگاوبان و کوێرەڕێی کوێستانان کە بەرەو سنوور دەچوون, مردن. بەڵام گەلێك کێل و بەردی ساکار کە نیشانەی نێژرانی خەڵکن و هەروەها کۆمەڵەیەك گڵکۆی دیکەش لە هەموو شوێنان وەبەر چاو دێن.

ئەم شەپۆلی قڕانە ئاخرییەکەی دەوڵەتی بووش و کاربەدەستانی نیزامیی و غەیرە نیزامیی ئەمریکای وریا کردەوە. (ڕەخنەگرانی توند و تیژی تاقمی هاوپەیمانان و

ڕەخنەگرانی نێوخۆ، ئاغای بووشیان بەم وتانە بەسەر کردەوە: گولی ئەخلاقیی، خوێڕی و بێهەست و سۆز.) لە شازدەی ئاوریلا، یانی دوو حەوتوو پاش کۆڕەو، بووش لە ناکاو هەڵگەڕایەوە؛ هەڵبەت نیو سەعاتێك بەر لەوە، "دیوید ماك"، لە وەزارەتی دەرەوە، بە لێژنەی نێردراوی دژبەرانی ئێراقی گوتبوو کە ئەیالەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا "تەنانەت دۆلارێك و سەربازێك"یش بۆ ڕزگاریی کوردان خەسار ناکا. کەچی ئێستا بووش تیپەکانی ئەمریکایی دەنارده جەغزی ئەم بزووتنەوەی بە "چالاکی بۆ تەناهی" ناودێر دەکرا! ئەم چالاکییە سەربازانی بریتانیا و فەڕانسە و هولەند و ئیسپانیاشی تێوەردەدا، کە سەرجەم ٢١٧٠٠ کەس دەبوون. دە ڕۆژ پاش دامەزرانی یەکەم دەستەی ئەم هێزانە، کوردان بەرەبەرە گەڕانەوە ماڵی خۆیان. ئەم خەڵکە لە گەڕانەوەدا زۆر جاران ئەم هۆردووگایانەیان دەور لێدەدا کە سەربازانی هاوپەیمانان لە دەرەوەی شاری زاخۆ بۆیان ساز کردبوون. زۆربەی سەرکەوتنی ئەم گەلاڵەیە دەگەڕاوە سەرچالاکی تیپەکانی ئەمریکایی بە ناوی "هێزەکانی تایبەت" کە بە کەلوپەلی پزیشکی و ئامراز و ڕایەڵەی پەیوەندیداری تەواوەوە تەیار کرابوون و بە ڕێی کوێستانان کرابوون. ئەم هێزە هەرخێرایەکی پەناخوازانی بە گوێرەی شار و شارۆچکە و گوندان ڕێكخست و شوێنی نیشتنی باڵەفڕە زلحۆرتەکانی کە بە دەستوبرد خواردەمەنی و خێوەت و پەتوویان دەگەیاندە جێی مەبەست، دیاری کرد، بێ ئەمەی تازە ئیدی مەترسی مردن بە داباراندنی کەل و پەلان لە ئاسمانەوە لە ئارادا بێ.

هەر ئەم دەستوبردە سەرکەوتوانەیە، خۆ گنخاندنی ڕابردووی کە بە ئانقەست دەهاتە بەرچاو، زەقتر کردەوە. "زانایانی" کۆشکی سپی هەروا شێلگیر بوون لەسەر ئەمەی کە "تەکووزی نوێباوی جیهانی" بووش هەروا بەرقەرارە و چ بڕ نەڕووشاوە. لەگەڵ ئەمەشدا تەما گرتنی بۆ ئەم مەبەستە گرینگەی هێندە وە درەنگخستبوو کە ئەگەر ڕاشیگەیاند خەڵك بە کردەیەکی نابەدڵ و بە ناسەرسەنگییان لە قەڵەم دا.بووش بەم گوێخەواندنە کەوتە بەر ڕەخنەی توند و تیژ، سەرزەنیشتیان دەکرد لەم بارەوە کە "قەت هیچ هەلێك بۆ کەمتەرخەمی سەبارەت بە مەبەستەکانی بنچینەیی لە دەس نادا،

بە بردنەوەیەکی کەم ڕازی دەبێ و لەسەر قومار هەڵدەستێ هەتا بە وەندووکەی بردوویەتەوە، بگەڕێتەوە ماڵ."

بۆ ئەو کەسانەی کە لە دەرەوەی بازنەی نێوخۆی ڕایەڵەی حکوومەت بوون، ئەم گشتە خۆ گنخاندنەی بووش بۆ گۆڕینی هەڵوێست، ئەویش لە بەرامبەر ئەم هەمووە دەرد و چارەڕەشییەی شەو و ڕۆژ لە تەلەفیزیۆنەوە نیشان دەدرا، مەبەستێکی پڕ پێچ و قەمچ و سەرەدەر لێنەکراو بوو. هۆیەکانی ئەم کارە پێچاوپێچ بوو و بە زۆر هۆکارانەوە دەبەستراپەوە کە بریتی بوون لە: جەغزە دیاری کراوەکانی سیاسەتی ئەمریکا،ساریێژ نەبوونەوەی کۆنەبرینەکانی پێنتاگۆن لە سەردەمی شەڕەکانی ڕابردۆوە، تێکهەڵچوونی سیاسەتی نێوخۆ و سیاسەتی دەرەوە و ڕێکخستن و دانانی ڕایەڵەیەکی سەیر و سەمەرەی دەوڵەتی بووش لە بەشی سیاسەتی دەرەوەدا. بەڵام تەواوی ئەم هەڵوێستانە خاوەنی لایەنێکی هاوبەش بوون: خۆ دزینەوە و کلا بوونی بێنێوبڕ لە دژبەرانی ئێراقی، بەتایبەت گرینگترین لایەنی ئەوان، یانی نەتەوەخوازانی کورد. دژبەران هەر خاڵێکی لاوازیشیان بووبێ — کە زۆریشیان هەبوو — تامەزرۆی یاریدەدانی هێزەکانی هاوپەیمان بوون. دژبەران بریتی بوون لە ڕێبەرانی بەئەزموونی تاقمەکانی پارتیزانی، ئەندامانی سوننی مەزەب و نارازی حیزبی بەعس و عولەمای شیعە و سیاسەتوانان. هەر ئادەمیزادێکی ئاقڵ دەزانێ کە پەیوەند گرتن و ئاشنایەتی لەگەڵ ئەم تاقم و مرۆڤە فرەبیچمانە لە هیچ باشترە و هەر چەشنە پەیوەندییەك لەتەك خەڵکەکەیان لە کاوێژی تیئۆرییەکان چاکتریان دەرس دادەدا.

خۆ دزینەوەی ئیدارەی دەوڵەت لە دیداری دژبەرانی ئێراق و نەهێنانە گۆڕی کێشەکانی چ بەر لە شەڕ چ لە گەڕیانی تێکهەڵچوونی کووەیت و چ پاش حەوت حەوتەی دواتری، نیشاندەری بوونی فرە ڕەنگی جیاوازە لە ترس و دڕدۆنگی. گەلاڵەڕێژانی کاروباری ئەمریکا قسەیان ئەوە بوو کە دژبەرانی ئێراقی بریتین لەم کەسانەی کە لە مێژە پەیوەندییان بە زێدیانەوە نەماوە و بە ڕادەیەك لە جەغزی سیاسەتی ئێراق دوور بوون کە خاوەنی ڕوانگەی بەکەلکی ڕامیاری نین، جا چ بگا

بەوەی کە بتوانن یارمەتییەك بەم چالاکییانە بکەن. پێنتاگۆن متمانەی بـە هـیچ کـام لـە تاقمەکانی دژبەر نەبوو و دەترسا هەر نهێنی و زانیارییەکی لـەگەڵیان بێنێتە گۆڕ لـەڕێوە بگاتەوە بەغدا. گەلالـەرێژانی نیزامیی کاتێك کێشەکان بـە ئـاڵوگۆڕی نێـو کۆمـەڵانی بێگانەوە گرێ دەدرێن، لایەکی وایان لـێ‌ناکەنەوە.

نە ئەیالـەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نـە شـەریکە هاوپەیـمانەکانیـشی، هیـچکامیان ماکە و سەرچاوەی ئاگادارییەکانی نیزامیی یا غـەیرەنیزامیی گرینگیـان لـە نێـو وڵاتـی چورتـمیش‌کراوی سەددام حوسـێنا نـەبوو. واشـینگتۆن بـەم مەبەسـتەوە وەڕەز نـەبوو چونکە خۆی مەسەلـەکەی ئاوەژوو دەکردەوە و دەیگوت لـەبـەر ئـەوەی بەشـی زۆری شەڕی ئازادی کووەیت لە ڕێی ئاسـمانەوە کـراوە، هـیچ نیازێـك نـەبووە بـۆ وە دەس هێنانی زانیاری لـەمەڕ چلۆنایەتی پێکهاتەی کۆمەڵی ئێراق و مێـژووی پێـچەڵـفلۆوچ و خوێناوی؛ هەڵبەت دیارە ئەگەر هێزەکانی ئـەردەکی تێوەدرابـان و "گـرتن و ڕاگرتنـی زەوی" لـە گۆڕێدا با، ئـەم کـارە پێویـست دەبـوو. وێـڕای ئـەوە شـەڕی ئاسـمانیی، شەڕێکی "خاوێن" بوو بە کەمترین خەسارەوە، لانی کەم بۆ هێزەکانی هاوپەیـمان.

ئەم مەسەلـە کۆن و سواوە، هەڵگری ئەم حەقیقەتەیە کە سەربازان بە یادی شـەڕی پێشۆوە دەچنە مەیدانی شەڕی تازەوە و بە ناچار هێـزی نەتـەوی لـە ڕادەی خـۆی پـتر دەقەبلێنن، لـەگەڵ بۆچوونی پێنتاگۆنیش‌دا یەکتری دەخوێندەوە. ژێنێـراڵ کـالین پاوێـل کە سەرنەوی بوون و شکستی هێزە چەکدارەکانی ئەمریکا لـە وێتنام و بەیرووت بـیری هەژاندبوو، بۆ وە دەس هێنانی ئامانـجی ناچیزە داوای لانـی زۆری هێـز و کەلوپـەل و چەك‌وچۆڵی کرد و وەریشیگرتن. کووەیت ئازاد کرا بێ ئەوەی هـیچ دەسـتێکمان لـە بەندا بێ و لـە شەڕی "کۆرە" بەملاوە هـیچ کـۆت و زنـجیرێ دەس و پێـی پێنتـاگۆنی نەبەستبۆوە. دەگوترا کە دەبێ هێـزە چـەکدارەکانی ئێـراق برسـتی کـردەوەی شـەڕی ناوکی و بیۆلۆژیکی و شیمیایی لـێ ببڕێ. هەڵبـەت پروپاگەنـدەی "هاوپەیـمانان" بـۆ دروسـت نوانـدنی ئـەم لەشکرکێـشییە بــە سـەرکردایەتی ئـەمریکا، ڕادەی هێـزە چەکدارەکانی ئێراقـی بـە زیـادەوە هـەتا پلـەی "چـوارەمین سـپای گـەورەی جیهـان" پێهەڵادەبرد.

كاتێك شەڕ دەستی پێكرد, پاوێل سەبارەت بە سپای ئێراق گوتی: "لە پێشدا لەتوپەتی دەكەین و پاشان خاشەی دەكێشین." بەلام بە پێی بار و كەشی سیاسی, پەلەی ئەمریكا بۆ كۆتایی هێنان بە شەڕ بە ڕادەیەك بوو كە پاوێل پشتیوانی لە گەلاڵەی "شەڕی خاوێنی سەتسەعاتە"ی بووش كرد و ئەم خاشەبڕ كردنەی بەڵێنی دابوو, ڕووی كردەوەی بە خۆوە نەبینی. ئەم وردوخاش بوونەی لە باشوور ئاوقای هێزەكانی ئێراق ببوو قەت نەگەیشتە ئاكام. هێزەكانی سەددام حوسێن تەنیا قەبارەیان كەم ببۆوە, ئەگینا تیپەكانی هەڵبژاردەی نیزامیی و پۆلیسی نەهێنی كە بوونیان بۆ سەپاندنی دەسەلاتی حكوومەت بەسەر خەڵكا پێویست بوو, بە گشتی دەستیان لێ‌نەدرابوو. هەروەها ئەوەندەش بەهێز بوون كە ئێران بخەنە تەنگەژە, بەلام نەك بەو ڕادەی كە هەڕەشەیەك بن بۆ دۆستانی عەرەب لە كەنداو.[١] هەنتەشی تاكتیكی هێزەكانی هەڤگر لە ئێراق سنووردار بوو, چونكە هەر پاش ئەوەی كووەیت ڕزگار كرا, پاوێل دەیویست بە پەلە هێزەكانی ئەمریكا لە كەنداو بەرێتە دەر. دیارە ئەمەش ئەركێك بوو ئەگەر جم‌وجۆڵ و ئاڵوگۆڕی نێوخۆی كۆمەڵی ئێراق – هەروەها دژبەرانیش – خرابایە پشت‌گوێ زۆر هاسانتر بوو.

دەوڵەتی بووش لە سەردەمی داگیر كرانی كووەیتەوە بەرەوە ئێرە, بۆ خۆ بواردن لە مەسەلەی هەڵس‌وكەوت لەگەڵ دژبەراندا, خۆی دەگنخاند. بەرپرسایەتی ئەم گەریانە خرایە ئەستۆی بریتانیا كە ڕۆژگارێك ئەربابی كۆڵەداریی ئێراق بوو و وێدەچوو كە لانی‌كەم پێی‌خۆشە بە كاروباری وێندرێ ڕابگا. بەرپرسانی ڕاستەوخۆ لە واشینگتۆن زۆر هاسان بە خۆیان سەلماند كە ئینگلیسییەكان بۆ ئەم كارە تەیارترن, چونكە هەرچۆنێك بێ ئەندامانی تاقمە دژبەرەكانی لە لەندەن كۆ بوونەوە. كاربەدەستانی ئینگلیسی كە زیاتریان پەیوەندی بە دژبەرانی ئێراقییەوە بوو, پێیان وابوو

١– دیارە ئەمەش هەمووی وا نەبوو, چونكە لە ماوەی چەند ساڵی دواترا سەددام حوسێن زۆر جاران هێزەكانی ناردەوە سنووری كووەیت یا وای نواند كە خەریكە بیانێرێ و ئەمریكاش بە خەرج‌وبەرجێكی زۆرەوە تیپەكانی ئاسمانی و زەوینی بۆ بەربەرەكانی لەگەڵ ئەم هێزانە نارده ناوچە.

کە دەوڵەتی بووش مەیلێکی ئەوتۆی لەم زانیارییانە نیە کە ئەوان دەیخەنە بەر دەستی. لە وەها هەلومەرجێکا گەلاڵەرێژانی واشینگتۆن کە دەیانگوت خەبەریان لە راپەرینی کوردان و سەرکەوتنی بەربلاو و دەسپێك و تێکەڵگلانی پاشان و کۆچ و کۆڕەویانەوە نەبووە, درۆیان نەدەکرد. بەلام نەزانین بەخشش و بەختەوەری نیە. پەناخوازانی بێئەنوا و کێل و بەردی نەتاشراوی قەراخی ڕێوبانان کە نیشانەی گڵکۆی کۆچ کردوانن, ئەم وتە پشتڕاست دەکەنەوە.

ئەم خراپ بەڕێوە بردنە هەر لە سەرەتاوە پێشبینی دەکرا. گەلاڵەی ئەمریکا تێکەلاوێك بوو لە خۆشباوەری و Realplitik و[2] تاکتیکی زیاتر و ئیستراتیژی کەمتر. دیارە ئەگەر ئەو شیمانە و بڕوا سەیر و سەمەرانە وەڕاست گەڕابان, شتێکی ناحەز نەبوو. نەرمکێشان شتێکی سەیرە, وەختێك کەسێك بیهەوێ ئەوەی لە خۆرهەلاتی نێوەڕاستە تێیبگا – ئەم ناوچەیەی کە لە باری ئاڵوگۆڕی لە نەکاوەوە بە ناوبانگە و لێرە بە شتێکی ئاسایی دێتە ژمار – جا چ بگا بە وەی لەگەڵی بەرەوڕوو بێ و خۆی پێوە خەریك بکا. هیچکەس نابێ سەری لە ڕووداوەکانی دووهەمی ئووت هەتا ئاخری مانگی مارسی ئەوێ دەمێ سوڕ بمێنێ: دووهەمی ئووت ڕۆژێکە کە سەددام حوسێن پەلاماری کووەیتی دا و مانگی مارس زەمانێکە کە شۆڕشی شیعە و کوردانی تێكشکاند.

سەرەڕای تەواوی ئەمانە هەڵوێست و سیاسەتی ئەمریکا هەروا بە "یەك لایەن"ی و قەتیس و چەقیو مایەوە و گوێی نەدایە ڕەنگدانەوەکانی شەڕ کە ڕەنگە حکوومەتی سەددام بگرنەوە. زۆر بەر لەوەی فیشەکێك بۆ ڕزگار کردنی کووەیت بتەقێ, ئەم چەشنە هەڵوێستە بە شێوەیەکی بێفکرانە ساکاری دەنواند. بۆ وێنە ئەیالەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بریتانیا نەیانشاردەوە کە تەمایان وایە وەك بەشێك لە شەڕ هێزەکانیان بنێرنە ئێراق. چاوخشاندنێك بە نەخشەدا دەریدەخست کە وەها خۆنواندنێك تەنیا تاکتیکێکی ساکاری لەشکرییە و ئەقڵیش دەیگوت تەنانەت ئەگەر

٢– واقعبینی, بە واتای ڕووبازاری.

ئەم هێزە سیهەزار کەسییەی ئەمریکا پەلاماری بەغداش نەدا, زۆر وێدەچێ بوون و هەنتەشی هەڵلا و ئاژاوەیەکی چاوەڕوان نەکراو لە وڵاتا بنێتەوە و زۆر وێدەچوو شوێن لەسەر کۆمەڵی ئێراق دابنێ.

دروست بەر لە کریسمەسی ١٩٩٠, لە سەردانێکی کورتمدا بۆ واشینگتۆن و دیدار لەگەڵ یەکێك لەم دەگمەن کارناسانەی کە لە یانەی خۆرهەلاتی نێوەڕاستی وەزارەتی دەرەوەدا لە تەماگرتندا بەشداری دەکرد, هەستم کە سۆسەی بە ڕووداوێکی تاڵی داهاتووی دەکرد, گری گرت. بەلام ئەو کات ئاشکرا بوو کە دەوڵەت ڕەپوڕاست دەیهەوێ سەددام تووشی سووکایەتی تێكشکان بکا و هیوادار بوو کە بە خۆشی خۆی کووەیت بەجێ نەهێڵێ.

پاش دامەزراندنی سەرەدای قسان لە کارناسی ئاماژە پێکراوم پرسی داخوا دەوڵەت دەیەوێ ئێراقی دوای شەڕ چلۆن ئێراقێك بێ؟

بە داخەوە هەر دووبەدوو نەبووین, یەکێکی تر لە بەرپرسان یادداشتی لە وتوویژەکەمان هەڵدەگرتەوە و ئەم دیدارە لە لای ئەو بێ نێوەرۆك دەرچوو. بێدەنگییەکی تەواو پاش پرسیارەکەم باڵی بەسەر دانیشتنەکەمان کێشا. دەمویست پرسیارەکەم دووپات کەمەوە, دەترسام پرسیارەکەم ڕوون نەبووبێ. پاشان ئەو کاربەدەستەی هاتبوومە دیتنی, بێ ئەوەی چ بلێ بە شێوەی خۆی وڵامی دامەوە: زۆر لەسەرەخۆ چاوی لە دیواری باڵەخانەی پێشووی یانەی بەڕێوەبەرایەتی بڕی, کە شانبەشانی کۆشکی سپی بەرزی دەنواند و هەر ئەوەندە. بەم شێوەیە سەرلێشێواوی هەر تەنیا تایبەتی سەردەمی شەڕ نەبوو, بەڵکوو پاش شەڕیشی دەگرتەوە.

تەنانەت نیزیك ساڵێکیش دوای شەڕ, کاربەدەستانی ئەمریکایی لە هەڵوێستی خۆیان دانەدەبەزین. ڕیچارد هاس, بەرپرسی خۆرهەلاتی نێوەڕاست لە شووڕای تەناهی نەتەوەییدا کە خاوەنی هیچ ئەزموونێکی بە کردەوە نەبوو لەم بەستێنەدا, یەکێك لە دەورگێڕانی سەرەکی کێشەکان بوو. ئەویش جگە لە چەندپات کردنەوەی قسەیەکی کۆن و سواو و بێبایخ چی دیکەی لە جانتادا نەبوو: "هەڵوێست گۆڕین بۆ دەوڵەتان

کارێکی ساکار نیە." لە دێسامبری ١٩٩١دا کاتێـک هـاس هـەر لـەم عیمارەتـەدا بـۆ چاوپێکەوتنم ئامادە بوو, نە تەنیا لەم شێوە هەڵوێستە هەستی بـە پەشـیمانی نـەدەکرد, بەڵکوو فیزیشی پێوە لـێدەدا. دەیگوت دەوڵـەتی بووش هەقی بووە کـە سـەبارەت بـە پەناخوازانی کورد بێمەیلی نواندووە: دەوڵـەت کە ناچار بوو بۆ ئەوەی بەری قڕ بوونی کوردان لە برسان بگرێ بە فڕۆکە خورد و خۆراکیان بۆ دابارێنێ و پاشان بە مەبەستی دنەدانیان بۆ گەڕانەوە, ناوچەی هێور و پارێزراوی بۆ دابـین کـردن, لـە تـەواوی ئـەم ماوەدا لە ترسی تێوەچوون لە پیسایی تۆقیبوو. هەڵبەت مەبەستی [هـاس] تێـوەگلان و تلاسا بوونی ئەمریکا بوو بۆ دەرەوەی جەغزی ئامانـجە دیاری کراوەکانی شەڕ.

تـەواوی گەلاڵـەدارێـژانی هاوپەیـمانان چ لـە واشـینگتۆن و چ لـە پایتەختـەکانی ڕۆژاوا تەمادار بوون کە خۆیان لەو شتەی پێیان دەگوت "پشتێندەی غـەززە"یـەکی تـر خۆ بپارێزن. هەڵبەت ئەمە زاراوەیەکی دیپلۆماتیکە بۆ ڕۆچوون بە زۆنگـی کۆسـپێکی بێ چارەسەردا. هاس گـوتی: "زۆران بڕوایـەکی ڕۆمانتیکییـان سـەبارەت بـە کـوردان هەبوو و گەلێکیان پێخۆش بوو کە ئەیالەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا تێوەدەن." ئەو لـە مەبەستی بە تاوانبار زانینی قوربانیاندا بەتەنێ نەبوو. یەکێك لـە کاربەدەسـتانی لـەگوڕ نەکەوتووی پشت مێزان لـە وەزارەتـی دەرەوە, وەك ئاوخواردنـەوە بانگـەوازی ڕۆژی پازدەی فێوریەی سەرۆك "بووش"ی بۆ ڕاپەڕین و بلاوکردنەوەی ئاگاداری بە فڕۆکـان بۆ هارووژان و شـۆڕش دژی سـەددام دەخـستە پـشت گـوێ و دەیگـوت: "کـوردان سەبارەت بە ڕاپەڕینیان لە پێشدا پرسوڕایان بە ئێمە نەکردووە و تەنیا پاش قەومانەکان بوو کە گوتیان بانگەوازی بووش شۆڕشی هەڵگیرساندووە."

فیبی مار, پسپۆڕی زانستی سیاسی و یاریدەدەری مامۆستای زانکۆ و ئەندامی بـالآی ڕایەڵەی بەڕێوەبەری زانکۆی بەرگری نەتەوەیی, کە ڕاسـپاردەکانی گـەلێکی یارمـەتی دەوڵـەت دا, لەم بارەوە گوتی ئەم گەلاڵـەیە لە ترسی ئەمە بـووە کـە نـەکا هێزەکـانی ئەمریکایی بکەونـە بـەر پـەلاماری تـووڕەیی ئـەم خەڵکـەی ئـەوانیان نـاخۆش دەوێ, بەتایبەت لە ناوەندی مەڵبەندی عەرەبە سوننییەکان, بەڵگە هێنانەوەی ئـەم خاتوونـە — ئەگەرچی تاقمێکی زۆریش تێیدا بەشدارن — بۆ کەسێکی کـە لایـەنگری چارەسـەری

شەڕی چەکداری بوو, بەڵگە هێنانەوەیەکی سەیر بوو, چونکە لە جبەخانەی کەسانێك قەرزکرابوو کە دژی شەڕ بوون بۆ ئازاد کردنی کووەیت. ئەم تاقمـە خەڵکـە بڕوایـان وابوو کە تەنیا سزا و گەمارۆی ئابووری بۆ وە خۆهێنانەوەی سەددام حوسێن تـەواوە و هەڵگیرساندنی شەڕ دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی دژی ڕۆژاوا کە حکوومـەتانی نەرمـەڕێی سەرانسەری جیهانی عەرەب بەرەڕووی مەترسی دەکاتەوە.[١] ملانە و کەڵەوەکێشی بـۆ وە دەس هێنانی بەغدا یا ناوەندی کەمینەی جەماوەری سوننی مەزەبی خاوەن دەسـەڵاتی ئێراق, تەنیا بەربەرەکانی حکوومەت توند و تیـژتر دەکاتـەوە و ئەگـەر بـە شـەوێکیش حکوومەت خاشەبڕ بکرێ, ئەوکات ئەم حکوومەتەی لە جێی سەددام دێتە سەر حوکم مۆرکی ئەمریکایی وێدەکەوێ و ئەم کارە خۆ کێشانەوەی ئـەمریکا لـە ڕووداوەکـان ئاڵۆزتر دەکا و پای ئەمریکا دەخاتە نێو کەند و کۆسپی بێبڕانەوە. "مـار" ئـەم وتەشـی لـێ زیـاد کـرد گـوتی بەتایبـەت ئـەم بڕیـارەش لـە گۆڕابـوو کـە "ئێمـە خوازیـاری کـــوردستانێکی سەربـەخۆ نەبووین." نە "مار" و نە هیچ کەسی تر لە دەوڵەتی بووشدا سەرنـجی نەدایە ئەم وە درۆخـستنەوە پەیتاپـەیتا و چـەن پـات کـراوەی کـوردان کـە دەیانگوت ئامانـجیان وە دەس هێنانی سەربەستی نیە. کوردان چ بەر لە شەڕ و چ پاش ئەو زۆر جاران ئەم وتەیان چـەند پـات کردبـۆوە و داکۆکییـان لەسـەر کردبـوو. لـە ڕواڵەتی قسەکانی "مار"ەوە وا دەردەکەوت کە کوردان خـەڵکێکی درۆزن یـا بێبـایخ یان هەردووکیانن.

کاتێك ڕاپـەڕین لـە ئێـراق سـەری هەڵـدا و ئێراقییـەکان بـە هـاودەنگی لەگـەڵ هاوپەیـمانان هەست و سۆزیان دەربڕی و تامەزرۆیی خۆیان بۆ ڕزگاری لـە ژێـر نـیری حکوومەتی سەددام حوسێن نیشان دا, دەوڵـــەتی ئـــەمریکا کـــاس و ناشـــاد بـــوو و نەیدەویست پەیوەندییەکی پێیانەوە هەبێ. لە بەختیڕەشی لایـەنگرانی بـووش چـەندین

١– ئەم دژکردەوە پەیتاپەیتایەی لێی تۆقیبوون قەت ڕووی نـەدا. لـە ڕاسـتیدا وڵاتانێـك پـتر پـشتیوانییان لـە دەوڵەتی بەغدا کرد کە مەودایان لەگەڵ کەنداوی فارس زیاتر بوو – بۆ وێنە وڵاتانی باکووری ئەفریقا – کەچی دەوڵەتانی ناوچە ناچار بوون لە بەرامبەر بیروڕای گشتیی خەڵکی خۆیانا سەر داخەن.

بەڵگە سەبارەت بە دنەدانی ئەم خەڵکە بۆ شۆڕش و ڕاپەڕین بە دەستەوە بوو: یەکەم بانگەوازی بووش و ئەو کاغەزانەی بەریان دابوونەوە و داوای لە نیزامییان دەکرد کە ڕیزەکانی سپا جێ بێڵن. پاشان دامەزراندنی ئەو ڕادیۆیەی کە بە خەرجوبەرجی "سیا" لە عەرەبستانی سعوودیڕا بەرنامەی بڵاو دەکردوە, بە سرنج دان بە کردەوەی دەوڵەتی ئەمریکا لە دەیەی ١٩٧٠دا, ئەو کاتەی کە هێنری کیسینجێر لەسەر دەسەڵات بوو و خەیانەتی بە میرات بەجێهێشت (ئەو داستانەی کە لە بەشی شەشدا با دەدەمەوە سەری) گوتنی ئەمەی کە کوردان بە فێڵبازی دەیانویست سیاسەتمەدارانی زیرەکی واشینگتۆن هەڵفریوێنن, تەنیا دەکرێ نیشانەی نەزانی و بێخەبەری و دڕدۆنگی و یان دەرکەوتنی هەستی گوناهێکی لەمێژین بێ. تەنیا هەستی تاوانێکی کە نیزیکە لە نەخۆشی دەتوانێ پاساو بۆ وتەی پەیتاپەیتای دەوڵەتداران — لە بووشەوە بگرە تا ئەوانی تر — بێنێتەوە کە دەیانگوت ئەیالەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕێی لە کەس نەشێواندووە.

ترسی ڕۆچوون بە قوڕ و زۆنگا, مەبەستێکی تر بوو کە زیاتر لە مانگەکانی مارس و ئاوریلدا لە کۆشکی سپی قسەی لێدەکرا و ئەم ترسە بە یانگەری دەرسێکی تاڵ بوو کە گەلاڵەڕێژانی سیاسەتی ئەمریکا لە وێتنام و بەیرووت فێری ببوون.[1] مەترسی

١– گەلاڵەڕێژانی سیاسەتی ئەیالەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە کوژرانی ٢٤٣ تفەنگداری دەریایی ئەمریکا لە بەیرووت بە دەس خافڵکوژانی شیعەی ژێربالی ئێران تەواو ڕاچڵەکیبوون. بەڵام ئەم گەڕیانە ڕاستەوخۆ دەگەڕایەوە سەر نەبوونی گەلاڵەیەکی دیاری کراو بۆ ڕاسپێراوی چەکداران و هەر ئەمە بوو کە ئەوانی لە پێشدا لە سیاسەتەکانی لوبنان و پاشان هی ناوچە وەردا. لە مەودای پەلاماری ئیسرائیل بۆ سەر لوبنان لە ساڵی پێشترا, ئەم تفەنگدارانە و هەروەها هێزەکانی هاوپەیمانان بۆ چاوەدێری بەسەر ڕاگوێزرانی ڕێکخراوی ڕزگاریدەری فەلەستین لە بەیرووت, نێردرابوونە لوبنان. پاش تەواو بوونی ئەم ڕاسپێراوییە تفەنگدارانیش بەیرووتیان جێهێشت. پاش ئەوەی ئیسرائیل بەڵێنی خۆی لەسەر داگیر نەکردنی ڕۆژاوای بەیرووت, خستە ژێرپێ و نیمچە نیزامییانی هاوپەیمانی مەسیحی خۆی بۆ قەلاچۆکردنی خەڵکی هۆردووگاکانی سەبرا و شەتیلا دنە دا, تفەنگدارانیان گێڕایەوە لوبنان. بە پێچەوانە, دەرد و مەرەدی پەناخوازانی کورد ئاکامی ڕاستەوخۆی ئەم چالاکییە نیزامییە بوو کە بە ڕێبەرایەتی ئەمریکا کرا و خەڵکی ئەمریکا جیاوازی نێوان ئەم دوو تێکهەڵچوونەیان بە لاوە ڕوون بوو.

٢– ئاماژیە بە دە حوکمی ئایینی.

سیاسی هەڵگیرساندنی شەڕ بە بێ ڕاکێشانی پشتیوانیی ڕاستەقینەی خەڵك ببوو بە "حوکمی یازدەهەم"ی "ئەحکامی ئایینی"[٢] پێنتاگۆن. هەروەها کۆشکی سپی لە کەڵەکە بوونی کوژراو و بریندارانی شەڕ تۆقیبوو و تێوەچوون بۆ نەجاتی کوردان دەبوو بە لە مەترسی خستنی گیانی هێزەکانی هاوپەیمان. بەڵام لێکدانەوەی بووش چەواشە دەرچوو, چونکە هەروەك هەڵسەنگاندنی بیروڕای خەڵك دەریخست, هەر چەندی بووش خۆی لە یارمەتیدانی ئەوان دەپاراست, شەپۆلی هەستی لایەنگری لەوان پتری پەرە دەگرت. خەڵکی ئەمریکا فام و تێگەیێکی ئەخلاقیی ڕوونتریان هەبوو, تێگەیبوون کە ئێراقییە بێتاوانەکان بۆیە سەریان دادەنێن کە گەلاڵەڕێژانی سیاسەتی واشینگتۆن بە هەڵە وایان بیر دەکردەوە کە ئەمریکایییەکان بە هیچ شێوەیەك خۆ لە قەرەی شەڕێکی بەرفرەوانتر نادەن.[١]

ترسی تایبەتی "مار" لە بەرەوڕوو بوون لەگەڵ "دوژمنایەتی خەڵك" نیشاندەری بڕوایەکە سەبارەت بە بێگانەنەویستی نەتەوەخوازیی عەرەب بە گشتی و حیزبی بەعسی سووسیالیستی ئێراق بەتایبەتی. سەرنجی "مار" کەوتبووە سەر ئەو ساڵانەی کە لە درێژایی ئەوا و دوابەدوای هەرەسی پاشایەتی لە ١٩٥٨دا گۆدەتای پەیتاپەیتا لە بەغدا دەقەوما و دەوڵەت بە دوای دەوڵەتا دەهاتە سەر حوکم و دەڕۆیشت. ئەو قەت ئەم بیرەی بە هاسانی نەدەبردە مێشکەوە کە ئێراقییەکان بۆ وە لانان و دەرباز بوون لە ژێر هەڤدە ساڵ دەسەڵاتی بەعسدا کە پڕاوپڕە لە شەڕ و کارەساتی دەرەوە و سەرکوتی توند و تیژی نێوخۆ, پێشوازی لە یارمەتی غەواران دەکەن. لێرەدا وا وێدەچوو کە سیلەچاوێکی داوەتە پڕوپاگەندەی بەعسییەکان کە ئیددیعا دەکەن ئێراقیان کردۆتە وڵاتێکی "پێشکەوتوو" و بەهێز و باوەڕبەخۆ و لە دین تلاسا.

١- بە گوێرەی وەرگرتنی بیروڕای خەڵك لە لایەن دامەزراوەی "گالوپ"ەوە کە لە ١١ی ئاوریلی ١٩٩١, لە ئینتر نەشناڵ هێراڵدتریبیۆن دا بلاوکراوە, لە سەتا پەنجاونۆی ئەو کەسانەی بڕوایان وەرگیرابوو, لایان وابوو کە هاوپەیمانان دەبوو هەتا ڕووخاندنی سەددام حوسێن دەستیان هەڵنەگرتبایە و هەروەها لەسەتا پەنجاوحەوتیان ڕازی بە خرانەخوارەوەی باڵەفڕە تۆپدارەکانی ئێراق بوون.

ئەگەر ئێراقییەکان خۆیان بە شێوەیەك حکوومەتی بەعسیان ڕووخاندبا – کە لەم ڕووەوە بێشك لەگەڵ تەواوی پشێوی و ئاڵۆزییەکانی پێویست بۆ بڕینەوەی خاشەی دەسەلاتی درێژخایەنی بەعس بەربەرەکانی دەکرا – ئەم خاتوونە لەم بیری دەستێوەرنەدانە لە نوێ کردنەوەی بنەڕەتی دارشتنی فکری کۆمەڵی ئێراقا بە تەنیا نەدەبوو. کاربەدەستانی وەزارەتی دەرەوە لە "خۆڕاگری شۆڕشگێڕانە" لە بەرامبەر هەنتەشی هێزەکانی هاوبەندا لە ئێراق ترس و خۆفیان دەنواند. کەچی لە تەواوی خۆرهەلاتی نێوەڕاستا, ناسیۆنالیزمی عەرەبی سوننی مەزەب و کاکڵ و نێوکی کە هەڤگرتنی عەرەبان بگرێتەوە, دوای سەرکەوتنی ئیسرائیل لە شەڕی شەش ڕۆژەی ١٩٦٧دا, کەوتە هەڵدێری نەمان و داڕزان؛ ئەگەرچی ئەم ناسیۆنالیزمە هێشتاش هەروا شوێنی بەرچاوی دەکردە سەر گەلاڵەدارێژانی سیاسەتی ڕۆژاوا کە بە هۆی سەرهەڵدانی ئیسلامی بنەماخواز و ئەم دژوارییانەی کە پەرەپێدانی دامەزراوە دێموکراتیکەکانی پێدەویست, توند ڕاتڵەکابوون. بە بڕوای عەرەبە نەتەوەخوازەکان, لە نێوان سالانی ١٩٧٠–١٩٨٠وە جگە لە ناسیۆنالیزمی کورد, چ شتێك هەڕەشەی لە بایەخەکانی نەدەکردن, چونکە ئەم نەتەوەخوازانە, ئەم نەتەوە غەیرە عەرەبەی کە لە ژێر ئاسمانا شوێنێکیان دەویست و لە لایەن ئێران و ئیسرائیل و ئاخرییەکەی ئەیالەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە چاوەدێری دەکران, بە چاوی سەمبولی هێرشی زایۆنی و ئەمپریالیستی سەیریان دەکردن کە ئاوقای بایەخەکانیان دەبوونەوە. لە دەیەی ١٩٨٠دا تامەزرۆیی کوردانی ئێراق بۆ دامەزراندنی دامەزراوە دێموکراتیکەکان بە دابی ڕۆژاوا, بە ڕادەیەك بوو کە هەوڵە بێوچانەکانی ئایەتوڵلا خومەینی بۆ ڕاکێشانیان بەرەو ئیسلامی بنەماخواز لە چەشنی ئێران, نەزۆك هێشتەوە و ئەمە تەنیا لەبەر هەندێ نەبوو کە ئەوان سوننی مەسەب بوون و لە ئاست شیعەگەری ئایەتوڵلادا سەریان با دەدا.

ئەو شتەی کە بە شێوەیەك لە ناوەندی سەرنجان کلا دەکرا, زوڵم و زۆر و چەوساندنەوەی حکوومەتی خۆ بە زلزانی سەددام حوسێن بوو کە تا ڕادەیەکی زۆر لە سەر تەوەرەی "کەمینە"ی خۆمەخۆمە لە نێوخۆی کەمینەیەکی عەرەبی سوننی مەزەبا

بوو کە تاقمی دەسەڵاتداری بەغدای پێکدێنا. دوای تێپەڕبوونی ماوەی چەند ساڵان, خۆ ئەوە کۆمەڵی عەرەبی سوننی مەزەبی ئێراق نەبوو, کە لە سەتا بیستی سەرجەم جەماوەری وڵاتی پێکدێنا و ڕۆژ بە ڕۆژ پتر دەسەپاند, بەڵکوو بنەماڵەی بەربڵاوی خودی سەددام لە شاری "تکریت"ی زاگەی بوو کە بەسەر وڵاتا حکوومەتی دەکرد.

ئاوها بوون کارگێڕانی ڕامیاری و سپایی سیاسەتی ئەمریکا کە زۆر بەر لە دەسپێکی شەڕ لە نێوەڕاستەکانی ژانویەی ١٩٩١دا لە شوێنی خۆیان دامەزرا بوون. ئەگەر گەڵاڵەدارێژانی واشینگتۆن جارێك بیریان لە ئێراقی پاش شەڕ کردبێتەوە, ئەم بیرە هەمیشە لە چوارچێوەی گۆدەتایەکی سپایی یا بە واتەیەکی تر حکوومەتی "سوننی مەزەبێکی بە دەسەڵاتی تر" و بە شیمانەی زۆر لە بنەماڵەی بەربڵاوی خودی سەددام حوسێنا, خولی داوە. بێمەیلی سروشتی لە وەگەڕ خستنی بیر و مەشق پێکردنی پەیوەندیداربە نوێ کردنەوەی پێکهاتەی ئێراقی دوای شەڕ بە هۆی خۆشاردنەوەی وەزارەتی دەرەوە و بەتایبەت پسپۆڕانی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست لە کۆبوونەوەکانی گەڵاڵەڕشتندا پتری خۆ نواند, چونکە هەر ئەم پسپۆڕانە بوون کە ڕەوگەی پەیرەوەکانیان دیاری دەکرد.

یەکێك لە کۆسپەکانی جێسرنجی وەزارەتی دەرەوە بێمەیلی بێیکێر, وەزەریری دەرەوە بوو, سەبارەت بە کاروباری خۆرهەڵاتی نێوەڕاست. ئەو کە بیری بە لای وێككەوتنەوەی سەرلەنوێی ئەڵمان و ئاویلکەدانی کومۆنیزم لە ئورووپای ڕۆژهەڵات و یەکێتی سۆڤیەت و وتوویژەکانی سەبارەت بە کەم کردنەوەی چەکە ناوکییەکانەوە گیرسابۆوە, هەتا ١٢ی ئووتی ١٩٩٠ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی لەسەر پێوشوێنی خۆی ڕەها کردبوو و دوای ئەودەمیش لە ماوەی چەند حەوتووی سەرەتای ڕووداوەکانەوە, لە قەراخا مایەوە. وەڕەز بوونی لە چنگ چۆنیەتی جووڵانەوە و وێككەوتن لەگەڵ سەرەكوەزیری سەربزێوی ئیسرائیل, واتە ئیسحاق شامیر, یارمەتی تێگەیشتن لە بابەت بێمەیلی ئەو سەبارەت بە ناوچەوە دەکا. بەڵام هەرچۆنێك بێ بێیکێر, ئەم یەکە

سەوداچییە, هەر ئەوەندەی ئۆگری بە سیاسەتی دەرەوە بوو کە بزانێ لە واشینگتۆن چ ڕەنگدانەوەیەکی دەبێ و چ شوێنێك دەکاتە سەر ئاواڵی لەمێژینی, واتە جۆرج بووش. یەکێك لە کەڵە یاریدەدەرانی دەیگوت: "ئەگەر هەتا کۆتایی ئەم هەزارەیە لە بابەت داهاتووی درێژخایەنی یەکبوونەوەی ئەڵمان یام لێكبڵاوبوونی یەکێتی سۆڤیەت قسەت لەگەڵ بێیکێر کردبا, هەست و مەیلێکت لە چاویدا بەدی نەدەکرد; بەڵام ئەگەر لەتەك ئەوا تێکەڵاوی و هەستان و دانیشتنێکی زیاترت بوایە قسەی ئاوات نەدەکرد." ئەو وەزارەتی دەرەوەی بە شێوەیەك ڕێكخستەوە کە پیشاندەری خواستی خۆی بێ. ئەو هەر لە سەرەتاوە پتر پشتئەستوور بوو بە دەستەی هەڵبژاردەی بچووکی خۆی و لای لە ناوەند و دەفتەرە پسپۆڕییەکانی وەزارەتی دەرەوە نەکردەوە.

لە دەوڵەتێکی ترا "دەفتەری کاروباری ڕۆژهەڵاتی نیزیك و باشووری ئاسیا" دەبوو بە ناوەندی تەما گرتن سەبارەت بە چۆنیەتی پەیوەندی پڕ پێچوفلووچی نێوان کوردان و شیعان و توێژی دەسەڵاتداری سوننی مەزەبی ئێراق. لە سەردەمی بەرپرسایەتی بێیکێردا ئەم دەفتەرە بە دەگمەن هاتە کایەوە. کاتێك ئێراق پەلاماری کووەیتی دا دژکردەوەی بێیکێر, دژکردەوەیەکی تووڕانە بوو. وای هەست پێکرد کە "دەفتەر" بە کەمتەرخەمی خۆی ئەوی خستۆتە بارێکی نالەبارەوە و هەلومەرجی دروست بۆ هەڵنەسەنگاوە و هەلی دۆڕاندووە. دیزە و گۆزە هەموو لە سەروسەکوتی "ئیپریل گلاسپی", باڵوێزی ئەمریکا لە ئێراقدا, شکا. ئەم کارەش بە ڕەزامەندی جیمز بێیکێر و کۆڕی تایبەتی خۆی و "جان ئیچ. کلی", سەرۆکی ڕاستەوخۆی خاتوو گلاسپی بوو, کە یاریدەدەری وەزارەتی دەرەوەش بوو. تەواوی تاوانەکانیان لە بابەت شکستی سیاسییەوە کە بنج و بناوانیان دەگەڕایەوە کێشەکانی بەر لە چوونی ئەو بۆ بەغدا و لە دەوروبەری ١٩٨٩دا ڕوویان دابوو, خستە ئەستۆی ئەو. تەواوی ئەندامانی "دەفتەر" لەبەر چاوی کۆمای تایبەتی بێیکێر, ئەگەر بە تاوانباریش نەناسران, هەر نەبێ کەوتنە بەر شك و گومانەوە. هەروەها یەکێك لە یاریدەدەرانی باڵا گوتی: "کاتێك مەسەلەی کاری کارناسی و زانستی پسپۆڕی لەمەڕ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئێراقەوە لە گۆڕا

بوو, بێیكێر و كەسانی دەورەبەری هەموو چاویان لە زاری ئیپریل گلاسپی بوو, بەلاّم ئەو لە جەغزی باس و وتاری كەسانێكا نەدەگونجا كە بە چاكە باسی كەس بكەن."

لە ڕاستیدا دەزگای بەڕێوەبەرایەتی ئەمریكا بە گشتی و بێیكێر و كۆزیلەی كارگێڕانی بەتایبەتی, تاوانی نەبوونی قوژبنپشكنی بیر و زەینی خۆیان دەكەوتە ئەستۆ كە دەمێك بوو لەسەر یەك كەڵەكە كرابوو. لەو وەختیدا كە شۆڕشگێڕانی ئیسلامی باڵوێزخانەی ئەمریكایان لە نوامبری ١٩٧٩دا, لە تاران داگیر كرد و دیپلۆماتەكانیان بۆ ماوەی ٤٤٤ ڕۆژ بە دیل گرت, تەواوی سەرۆكانی "دەفتەری كاروباری ڕۆژهەلاّتی نیزیك و باشووری ئاسیا" و ولاّت بە گشتی, هەستیان بە دژی ئێران لە گڕی خۆیدا بوو. دەوڵەتی بووش لە ڕەنگدانەوەی هەر چەشنە كردەیەكی سیاسی كە ڕەنگ بوو بە باری بوونی پەیوەندی لەگەڵ حكوومەتی بنەماخوازی تاراندا مانا بكرێتەوە, تۆقیبوو. بێزاری زۆرێك لە ئەمریكاییەكان [سەبارەت بە ئێران] بوو بە ناخۆشویستنی تەواوی شیعان. هەڵبەت با ئەوەشمان لە بیر نەچێ كە شیعەكانی ئێراق لە حكوومەتی پاشایەتیدا بە ڕادەیەك تەركەدین ببوون كە زۆربەی ئەندامانی حیزبی كۆمۆنیستی ئێراق لە ڕیزەكانی ئەوانا سەریان هەڵدابوو. خومەینی ئێستاكە بەتایبەتی ولاّتی ئێران و شیعەكانی بە گشتی كردبوو بە هەوێنی ڕق و ناخۆشەویستی خەڵكی ئاسایی ئەمریكا. لە سیاسەتی نێوخۆی ئەمریكادا شتێك بە ناوی شیعەی چاك وجوودی نەبوو.

بۆ چما هەر ئەم ئێرانییانە نەبوون كە دەوڵەتی "ڕۆناڵد ڕێگان"یان لە ماوەی شەڕی خۆیان و ئێراق لە نێوەڕاستی ساڵەكانی ١٩٨٠دا و لە گەڕیانی بەرنامەی مامەڵەی "چەك بە دیل"دا هەڵفریواند؟ تەنیا خۆشەویستی فرەی خودی ڕێگان بوو كە توانی سەرەك‌كۆمارێتی ئەو لەم كەند و كۆسپەی بە "ئێران – كۆنترا" ناودێر كرا, ڕزگار بكا. ئەم گەلاّڵە نەفامانەیە لە لایەن شووڕای تەناهی نەتەوەیی و "سیا" و ئیسرائیلەوە داڕێژرابوو كە بە گوێرەی وی قەرار بوو لە بەرامبەر دانی چەك‌وچۆڵ و ئامرازی پێویستی شەڕ بە ئێران, ئەو كەسانەی لە لایەن هاودەستانی ئێرانەوە لە لوبنان بە دیل گیرابوون, ئازاد بكرێن و قازانجی دەسكەوتی ئەم سەودایە – بە پێچەوانەی یاسای

پەسند کراو – بۆ دابین کردنی خەرجوبەرجی ئەم "کۆنترا"یانە کـەلکی لــێوەربگیرێ کە لـەگەڵ حکوومەتی مارکسیستی نیکاراگۆئەدا شەڕیان دەکرد.

وەها کردەوەیەکی نەفامانە تەنیا دەیتوانی بە قازانـجی ئێراق بێ. پاش وەدەرکەوتنی دەریاوان "جان پۆئین دێکستێر" و سـەرهەنگ "ئۆلیـوێر نـورس" لـە شـووڕای تـەناهی نەتەوەیی وڵات, بۆ کەڵتە کردنەوەی وێرانییـەکان, کارناسـانی پـسپۆڕ و بەئـەزموونی کاروباری دەرەوەیان گێڕایەوە شووڕای تەناهی نەتەوەیی. دەوڵـەت گەیشتە ئەم ئاکامـە کە دەبێ سەبارەت بە بەغدا هێندێك چاوپۆشی هەبێ. هەڵـدانی ئـاڵای ئەستێرەنیـشانی ئەمریکا لـە ١٩٨٧دا لەسەر نەوتکێـشەکانی کووەیـت کردەوەیـەکی ئاشـکرای دژی ئێرانـی و هـاودەنگی لـەگـەڵ ئێـراق بـوو بـە تۆڵـەی کـردەوەی ئێـران لـە گـەڕیانی "ئێران – کۆنترا"دا. بەم شێوەیە واشینگتۆن پێداپێدا سیاسەتی نزیك بوونەوە لـە سەددام حوسێنی دەس پێکردەوە. دوو ساڵ بەر لـە هێرشی سەددام حوسێن بۆ سـەر ئێـران لـە ١٩٨٠دا, ئەیالـەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا خۆی لـە سیاسەت و هەڵوێستی بێلایـەنی بواردبوو و دەسـمایەیەکی زۆر و زەوەندی بۆ کڕینی بەرهەمی کشتوکاڵی دابـوو بـە ئێراق. پاشان ساڵی ١٩٨٣ دەستی کرد بە هەوڵ و تێکۆشان بۆ گەمارۆی چەكوچـۆڵ دژی ئێران. لـە ساڵی ١٩٨٤دا پەیوەندی دیپلۆماتیکی لـەگەڵ ئێراق دەست پێکـردەوە و ساڵی دواتر دەوڵـەتی ڕێگان لـە پەیوەندییەکانی خۆیدا ئێراقی دایە بەرەو. ئێستا, لـە دوا قۆناخەکانی شەڕا, دەوڵەتی ڕێگـان وێـڕای هاوبەنـدانی ئورووپـایی خـۆی هـەروا توندتر لـە جاران مەیلی بەرەو بەغدا بوو و تـەواوی ئـەم شـتانەش تـەنیا بـە مەبەسـتی بەرەگە بڕینەوە لـە هەر چەشنە سەرکەوتنێکی شۆڕشی ئیسلامی دەهاتنە گـۆڕ, چـونکە شۆڕشی ئیسلامی خـەریکی ڕووخانـدنی حکوومـەتانی نەرمـەڕێی و ڕووەو ئـەمریکا و پەلامار بۆ سەر ئیسرائیل بوو. واشینگتۆن وردە وردە ئەو وێنانەی کە مانگـە دەسـکردە سـیخوڕییەکانی ئـەمریکا لــە شـێوەی دامــەزران و مەتـەرێزەکانی هێزەکـانی ئێرانـی هەڵیاندەگرتنەوە, داینی بە ئێراق و ئێراقیش ئەم زانیارییانەی کـە بـە وردی ئامانــجیان دیاری دەکرد, بە شێوەیەکی بەرچاو لـە شەڕی شاراندا کــەلکی لــێوەرگرتن. ئـەم شەڕە هێرشێکی مووشەکی بوو, بە مووشەکی "ئێسکاد" کە سەرەنـجام ڕێـی شکـستی

یەکجارەکی ئێرانی لە بەهاری ١٩٨٨دا خۆش کرد. ئەمریکا تەنانەت لە کۆتایی شەڕی ئێران و ئێراقا بە سافیلکەیی پشتیوانی لە ئێراق کرد – وەك بەهێزترین دەسەڵاتی نیزامیی لە ناوچەی کەنداوی فارس.

سیاسەتگێرانی واشینگتۆن بە خۆیان سەڵماندبوو کە سەددام حوسێن لەمپەرێك دەبێ لە بەرامبەر ئێراندا کە کوەیت, عەرەبستانی سعوودی و تەواوی وڵاتانی خاوەن نەوتی عەرەب نیازیان پێی بوو. بەڵام کۆسپی بنەڕەتی ئەمە بوو کە سەددام حوسێن سەرەڕای نەمانی سامانی, میلیاردها دۆلاری لە ڕێکخستنەوە و سازدانەوەی هێزە چەکدارەکانی خەرج دەکرد، ئەم پشتیوانی کردنەی ئەیالەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای وەك بانگهێشتن بۆ سەر ڕێبازی فام و تێگەیشتن لێك‌نەدەدایەوە. بە پێچەوانە وای لێك دەدایەوە کە ئەگەر بێتوو کوەیت بگرێ هەروا مفت بۆی دەرباز دەبێ و ئەمریکاش کە بە وتەی خۆی حازر نیە گیانی دە هەزار ئەمریکایی لە گۆڕەپانی شەڕا فیدا بکا, دەترسێ و نایەتە بەرەوە.

ئەمجۆرە هەڕەشەوگوڕەشانە شێوەی ئەزمواوی سەددام حوسێن بوون و نەدەبوو جێی سەرسوڕمان بن. وێڕای ئەمانەش دەوڵەتی بووش بە ڕواڵەت وای بیر دەکردەوە کە ڕەنگە سەددام حوسێن لەم کارە پەشیمان بێتەوە, هەروەك لە ساڵانی دەیەی ١٩٧٠دا پەشیمان بۆوە. ئەو لەوان ساڵاندا هەر ئەم وڵاتە عەرەبییانەی کە ئێستا بە ڕەزامەندی ئەمریکا بەڵاگێڕەوەیان بوو, هەڵچۆقاندبوو. لە ڕاستیدا سەددام قەت ئەم فرتوفێڵەی وەلا نەنابوو, چونکە لە گەرمانی شەڕی ئێراق و ئێراندا کە بێ پرس یا ئاگاداری واشینگتۆن دەستی پێکردبوو, ئەم وڵاتە عەرەبییانەی بە چاکی دۆشیبوو و کاتێکیش شەڕ کۆتایی پێهات, لە حاند دانەوەی ئەم پووڵانەی بە کەڵەزەری لێیوەرگرتبوون – بە بیانووی ئەوەی لە چنگ تەفروتونا بوون بە دەستی ئێران نەجاتی داون – سەری بادا.

سەرەڕای ئەمانەش, لە واشینگتۆن هیچ کەس کەمترین گومانێکی سەبارەت بە قەوارە و نێوەرۆکی حکوومەتی زاڵمانەی بەعسی ئێراق نەبوو. پرسێکی کە لە گۆڕێدا

بوو کەڵك وەرگرتن لەم دەسەڵاتە مرۆکوژەی بەغدا بوو بە دژی حکوومەتەکەی دیکە لە تاران. پێشینەی حکوومەتی ئێراق بۆ ژێر پێ‌خستنی بە ئاشکرا و دڕندانەی مافی مرۆڤ و کەڵەگایی لە وڵاتانی تری عەرەبی، هاوسەنگی پێشینەی پێخوست کرانی مافی مرۆڤ لە ئێران و تەمای ئاشکرای ئەم وڵاتە بوو بۆ ڕووشاندن و بێ ئابڕوو کردنی ئەیالەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ناردنی شۆڕشی بنیاتخــــــوازی ئیسلامی بۆ وڵاتانی دی. هەرچۆنێك بێ ئەم هەڵوێست و سیاسەتەی لە گەڕیانی شەڕی ئێران و ئێراقدا بەجێ بوو، تەنانەت دوای ئەوەی کە خومەینی ڕایگەیاند کە ناچار بووە "پیاڵەی ژار بخواتەوە" و سەددام لەسەر دەسەڵات بێڵێتەوە، پێداهاتنەوەی لەسەر نەکرا. ئەم وتە نەخشینە کە بۆ بەجێ نواندنی پێمل بوونی ئاگربڕ لە ٢٠ی ئووتی ١٩٨٨دا دەکار کرا، زۆر بە توندی خەون و خەیاڵی ناردنی شۆڕشی بۆ وڵاتان کۆتایی پێهێنا و ئەمە نرخێك بوو کە دەبوا خومەینی بۆ پاراستنی کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆی وڵاتا بیدابایە.

***

کۆتایی هاتنی شەڕی ئێران و ئێراق بەڕێوەبەرانی سیاسی ئەمریکای وا لێ‌نەکرد کە لە بەرامبەر ئێراقدا بە هەڵوێستی خۆیانا بێنەوە. نابێ لە هەق لادەین کە سەددام حوسێن هەلی ئەم کارەی ڕەخساند: چوار ڕۆژ پاش ڕاگەیاندن و بەڕیوەچوونی ئاگربەس، هێزەکانی ئاسمانیی و تیپەکانی زەوینی ئێراق لە هەڵمەتێکی کە بە وردی گەڵاڵەی بۆ داڕێژرابوو، بە پانەوە دژی کوردان دەستیان بۆ چەکی شیمیایی برد و دەیانهەزار کەسیان ئاودیوی تورکیا کرد و تاقمێکی بێ ژماریشیان کوشت. کەڵك وەرگرتن لە گازی ژاراوی "سەرکۆنەیەکی توند و تیژتێپەڕ"ی "جۆرج شوولتس"ی وەزیری دەرەوەی بە دواوە بوو. وتەبێژێکی وەزارەتی دەرەوە دەس بردنی سەرلەنوێی بۆ چەکی ژاراوی وەك کردەوەیەکی "دزێو و بێ‌جێ و قێزەوەن و هەرگیز نەسەلماو بۆ جیهانی پێشکەوتوو" مەحکووم کرد. ئەوان دەمان من ڕاپۆرتی سەبارەت بە هاتنی پەناخوازانی تۆقیوم بۆ کوردستانی تورکیا ئامادە دەکرد و لە بیرمە کە بە دەیان سکەم خستە داخڵەی ئەو تەلەفۆنەی بۆ سەیری ڕۆژگار لەسەر ئەم کێوە قوت بوەوە، هەتا

بتوانم یەکێك لە هاوکارانم لە واشینگتۆن بدوێنم و لێی‌بخوازم کە پەیوەندی بە وەزارەتی دەرەوە بکا: داخوا هەر ئەم بەڵایەی بەسەر کوردان هاتبوو, دەرفەتێکی بەجێ نەبوو کە دەوڵەت لە سەددام دوور کەوێتەوە و هەڵوێستێکی بەئینسافانە و بێلایەنانە سەبارەت بە ئێراق وە بەر چاو بگرێ؟ (چەند ساڵ دواتر کە تەراز و هاوسەنگیی خۆرهەلاتی نێوەڕاست گۆڕابوو, دەوڵەتی کلینتۆن بۆ دوور بوونەوە لەم دوو حکوومەتە تووك لێ‌کراوەی بەغدا و تاران, هەڵوێستی هەوساری دوولایەنەی دەکار هێنا. ئەگەر ئەم هەڵوێستە لە ۱۹۸۸دا بەڕێوە چووبا, زۆر لەوانەبوو کە بەری بە هەڵگیرسانی شەڕی کووەیت گرتبا. بەڵام لە نێوەڕاستی ساڵەکانی دەیەی ۱۹۹۰دا مانایەکی ئەوتۆی نەبوو و سیاسەتی ئەیالەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای پتر تووشی گرێ و گۆڵ کرد.)

ئەم قسە کردنەم لەگەڵ واشینگتۆن گەرچی تا جێیەك شوێنی خۆی دانا, بەڵام ئاکامێکی بەرچاوی لێ‌نەکەوتەوە و نەدەبوو خۆم ماندوو کردبا, ئەگەرچی شادمانم لەمەی کە هەرچۆنێك بێ چیم بینی گێڕامەوە و نووسیم. چی بێ و چۆن بێ, کۆتایی شەڕی ئێران و ئێراق ئاکامێکی بەرچاوی کە لێی‌کەوتەوە ئەمە بوو تەواوی دەوڵەتانی ڕۆژاوایی بە هیوای نووسینی ڕێککەوتنامەی چاك و چەور بۆ سازدانەوە و نوێ کردنەوەی ئێراق وەك شێتان کەوتنە لامەلامەی سەددام حوسێن. ئەم چنۆکییە نەفامانەیە تەنانەت سەرەنجی نەکەوتە سەر ئەم خاڵە ساکارە کە سەددام حوسێن چل میلیارد دۆلار – بە بڕوای هێندێکان هەشتا – میلیارد دۆلار یەك‌جێ بە عەرەبان و یەکێتی سۆڤیەت و وڵاتانی ڕۆژاوایی قەرزدار بوو. ناردنی کەلوپەلی ئەمریکا بۆ ئێراق وردە وردە دەستی پێکرد و لە ۱۹۸۹دا دەوڵەتی بووش بە ئاشکرا بۆ پێشکەش کردنی یارمەتی پتر بە ئێراق ڕووی‌خۆشی نواند و پاوانی سەردەمانی شەڕی نێوان ئێراق و ئێرانی کەم کردەوە؛ هەروەك دواتر ڕیسوایی فرۆشتنی بە دزی چەك و تەقەمەنی لە لایەن شەریکە و دامەزراوە ئەمریکایی و فەڕانسەوی و بریتانیایی‌یەکان, کێشەکەی بە ئاشکرا ڕوون کردەوە.

چەند ڕۆژ پاش کەلك وەرگرتنی ئێراق لە چەك و تەقەمەنی شیمیایی, مەجلیسی پیرانی ئەمریکا بە هۆی ژێر پێخستنی بەڵێنامەی ساڵی ١٩٢٥ی ژنێف لە بابەت قەدەخە بوونی کەلك وەرگرتن لە چەکی شیمیایی, بە زۆربەی دەنگ گەمارۆی توند و تیژی ئابووری خستە سەر ئێراق. چالاکانی بواری مافی مرۆڤیش وردە وردە کەوتنە پێوشوێنی ئیددیعاکانی ڕابردووی کوردان کە دەیانگوت کەوتوونە بەر پەلاماری سیاسەت و هەڵوێستی تۆوبڕکران و کەس لای لێنەکردبوونەوە. بەڵام ئەو پەسندکراوە بە هۆی شەڕ و گیرەیەکی لە کۆنگرەدا لەسەر "سنووری دەسەڵاتی قانوونی" هەڵگیرسابوو, نەزۆك مایەوە. دەڵاڵە دەسەڵاتدارەکانی فرۆشی گەنم و برینج کە لەگەڵ سەددام حوسێن سەودایان هەبوو, قسەیان لێکردبوو. دەوڵەت زۆر بەدەماخ بوو کە وەها بازاڕێکی قەوغای بۆ بەرهەمەکانی کشتوکاڵ دۆزیوەتەوە و نیگەرانییەکی سەبارەت بە چاك بوون یان نەبوونی دەستێوەردانی ئەم دەڵاڵانە لە داسەپاندنی سیاسەتی خۆیاندا لە پەیوەندی لەگەڵ وڵاتێکی ئەم گشتە قسەی لە دوو بوو, دەرنەبڕی.

هیچ کەس لە دەوڵەتی کۆماریخوازاندا پەرۆشی ئەم مەبەستە نەبوو کە بڵێی سەددام حوسێن ئەم دڵاوایییە چلۆن لێك بداتەوە, هەتا چەند ساڵ دواتر کە دەوری ئێراق لە چەپەڵکاری بنکەی "ئەتلانتا"ی بانکی "بانکا ناسیۆنالە دێل لاڤرۆ"دا ئاشکرا بوو. هەروەها هیچ کاربەدەستێکی ئەمریکایی واقی نەبردەوە کە ئاخر چۆنە ئەم وڵاتە عەرەبییەی لە کۆنەوە بە لایەنی کشتوکاڵدا خۆبژیو بووە, ئێستا نیازی هەیە کە بایی چەند میلیارد دۆلار دان و دانەوێڵە لە دەرەوە بکڕێ. وڵامی ئەم پرسیارە سادە بوو: داهاتی نەوتی ئێراق و دەسگیرۆیی هەلومەرج هاسانی ئەمریکا باڵی ئەم وڵاتەی دەگرت کە لە خێروبێری زەویوزاری بەرپێژەوی کوردستان بچێتەدەر کە ئێستا بە مەبەستی سزدانی خەڵکی ئاسایی و پێشمەرگان چۆل کرابوون. حکوومەتی ئێراق بە ڕادەیەك لە داهاتووی نەمانی ئەم هەرزانبژیوییە تۆقیبوو کە خۆنیشاندانێکی "خۆڕسکی" لە دەرەوەی باڵوێزخانەی ئەمریکا لە بەغدا ڕێکخست. هەر لەو وەختەیدا کاربەدەستانی بانکی ناوەندیی ئێراق "بەدزی" بە تاقمێکیان گوتبوو کە خەزێنەی

پـوولّی ولاّت وەهـا هەڵـچۆڕاوە كـە ئێـراق تەنانـەت لـە بەرامبـەر گەمارۆیـەكی كەمخایەنیش‌دا خۆنەگرە.

شكانی گەمارۆی پێشنیاركراو، "دەفتەری كاروباری ڕۆژهەلاّتی نیزیك و باشـووری ئاسیا"ی هەتا ڕادەی تەواو خاترجەم كرد. ئەم دەفتەرە قەت دژایەتی خۆی لـەگەڵ ئـەم كارە نەشاردبۆوە و بە جۆرێك كە یەكێك لـە كۆنە ئاواڵەكانـم لـە ساڵی ١٩٩١دا لـەم دەفتەرە پێی‌گوتـم دەترسان كە: "ئورووپاییـەكان شـتێكی زیـاتر بفرۆشـن و ئێمـە شوێنەوارمان نەمێنێ." ئاواڵەكەم گوتی: "ئەگـەر وا بوایـە سـەددامی تووشـی كارێـك دەكرد" كە دوو ساڵ دواتر كردی، یانی دەسدرێژی بۆ كووەیت. "لامان وابـوو دەبـێ پەیوەندیـمان لـەگەڵ ئێراق، كە یەكە دەسەلاّتداری لـەشـكریی ناوچـە بـوو و چەشـنی دێوێك بەسەر كەنداوا زاڵ بوو، بپارێزین، هەتا بتوانین سەددام حوسێن هەس دەینەوە و دەستی پێ لـە ئاژاوەی پـتری شـەڕخوازی هـەڵگرین و لـە هارووژانـدنی سرشـتە زۆر خراپەكانی خۆ بپارێزین." بەلاّم بۆ چـما هێرشـی شـیمیایی سـەددام حوسـێن بـۆ سـەر كوردان – ئـەویش خـەڵكی ئاسـایی خـودی ئێـراق – بـۆ سـوور بوونـەوەی شـێتێتی هەوسارپساوی بەس نەبوو؟ ئەم ڕووداوە پاش ئاگربـەس قـەومابوو و كردەوەیـەكی بـە ئاشكرا تۆڵەوەرگرانەوە بوو و تەمایەك نەبوو كە بڵـێین لـە گەرمـە و جەنگـەی شـەڕا گرتوویەتی.

جگە لـەو مـاوە كورتـەی كـە تێی‌دا گومانێـك كەوتـە دەروونـی گەلاّلەرێـژانی غەیرەنیزامیی و هەرخێراش وە درۆیـان خـستەوە، هـەتا بـەهاری سـاڵی ١٩٩٠ تـەنیا كاربەدەستی ڕەسـمی ئەمریكا كە سەددام حوسێنی پاش ئـاگربڕی سـاڵی ١٩٨٨ وەك باجگرێكی سەربزێو هێنایە ژمار، ژێنێراڵ شوارتسكۆف بوو كە لـە سـاڵی ١٩٩١دا بـۆ سەركردایەتی ئەو هێزەی هاوپەیـمانان هەڵبژێرا كە كووەیتی ئـازاد كـرد. لـە هـاوینی ساڵی ١٩٨٨دا ئەم ژێنێراڵە سیاسەت‌زانـە، "سـەركردایەتی ناوەنـدیی سـپای ئەیالـەتـە یەكگرتووەكانی ئەمریكا"ی وە ئەستۆ گرت، كە لـە سـاڵی ١٩٨٣دا بـۆ بەربـەرەكانی لـەگەڵ مەترسی هەڕەشەی یەكێتی سۆڤیەت لـە كەنداوی فارس پێكهاتبوو. ئەو تەواوی

ئەو گەلالانەی کە لە ١٩٤٧ەوە تا ئێستا, سەبارەت بە ناردنی هێز بۆ باکووری ئێراق ڕێکوپێک کرابوون و هاتبوونە پای نووسران, وەك مۆتەکەیەکی لۆژێستیکی, وە لایەکیان. جا هەرچۆنێك بێ شەڕی سارد وردە وردە کۆتایی پێدەهات. بەلام شوارتسکۆف لەم پلە و پایەدا سەرنجی دایە شتی باشتر: ئەو بە هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی ورد و دروستی ئاگربەسی ئێران و ئێراق بەم ئاکامە گەیشت کە ئێراق لە کاتێکا ئەم شەڕەی تەواو کردووە کە یەك میلیۆن کەسی چەکدار هەیە و باری ئابووریشی لەوە لاوازترە کە بتوانێ ئەم گشتە سەربازە بگێڕێتەوە سەر ژیانی ئاسایی.

هەڵبەت وەزارەتی دەرەوە جارناجارێك و لە مەودای شەڕی نێوان ئێران و ئێراقدا, دەکارهێنانی چەکی ژاراوی مەحکووم کردبوو و ئەوە تەنیا وەزارەتی دەرەوەی ولاتانی ڕۆژاوایی بوو کە کەلك وەرگرتنی ئێراقی لە چەکی شیمیایی, لە ئووتی ١٩٨٨دا بە دژی کوردان, بە ئاشکرا مەحکووم کرد و بەڵێنی لە دەوڵەتی ئێراق وەرگرت کە ئیتر لەم جۆرە چەکوچۆلانە کەلك وەرنەگرێ. بەلام دەسەلاتی بەعسی بۆ پەیمانشکێنی لە نێو ورد و درشتیدا مەنشوور بوو. جا هەرچۆنێك بێ بەڵێننامەی ژنێڤیش دەس بردن بۆ چەکی شیمیایی لە لایەن دەوڵەتانەوە بە دژی هاوولاتیانی خۆی نەدەگرتەوە. کاتێك ئێراق ڕەزامەندی خۆی دەربڕی بۆ بەشداری کردن لە کۆبوونەوەیەکدا کە لە ژانویەی پاش کەلك وەرگرتن لە چەکی ژاراوی, لە لایەن گەورەهێزانی ڕۆژاوایییەوە پێکهات و مەبەستیش سەلماندن و دووپاتی سەرلەنوێی کەلك وەرنەگرتن لەم چەکانە بوو, بەغدا تەنیا وەختایەکی بانگهێشتنەکەی قبووڵ کرد کە دەوڵەتی فەڕانسە بەڵێنی دا کوردان تەنانەت وەك چاوەدێریش بۆ بەشداری کردن بانگێشتن نەکا.

لە پایزی ساڵی ١٩٩٠دا, "دەفتەری کاروباری ڕۆژهەلاتی نیزیك و باشووری ئاسیا" کە لە سیاسەتی خۆیدا بە مەبەستی هەسدانەوەی سەددام حوسێنا تێشکابوو, گیرۆدەی قەیرانێکی نێوخۆییش هاتبوو کە ئەوەتەی هەبوو شتی وای بە خۆوە نەدیبوو و ئەم قەیرانە یەکجار کزی کرد. لەم تاقمە خەڵکە باوەڕ پێکراوەی کە بێیکێر بە یاریدەی ئەوان وەزارەتی دەرەوەی هەڵدەسووڕاند, کەسێك لە "دێنیس ڕاس" گرینگتر نەبوو. ڕاس یەکێك لە هەڵبژێراوانی سیاسی دەوڵەتی ڕێگان بوو و ئێستا سەرۆکی

"دەستەی بەرنامەدارشتن" بوو کە گرێ و کۆسپی وەزارەتی دەرەوەی ڕەها دەکرد, ئەگەرچی کەمتاکورتێك پارسەنگی لە "دەفتەران" کەمتر بوو, بەلام لە وەزارەتی بێیکێردا ئەم شتانە هەمێتێکی وایان نەبوو. پرشتی ڕاس دەگەڕاوە سەر دەسوێراگەیشتنی سووك و هاسانی بە بووش, چونکە لە گەڕیانی چالاکی هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٨٨دا ڕاوێژکاری بواری سیاسەتی دەرەوەی بوو. ئەو کە لە بەرەی "نوێپاریزگاران" بوو و ئۆگریی خۆی سەبارەت بە ئیسرائیل نەدەشاردەوە, تەمای وابوو کە پەر و باڵی "دەفتەری کاروباری ڕۆژهەلاتی نیزیك و باشووری ئاسیا" هەڵپاچێ, کە هەر لە کۆنەوە یەکێك لە پرشنگدارترین یانەکانی وەزارەتی دەرەوە بوو.

کاتێك بێیکێر و دارودەستەی لە "کار"ی دەفتەر بوونەوە, ئیتر "دەفتەری کاروباری ڕۆژهەلاتی نیزیك و باشووری ئاسیا" وەك دەزگایەکی قورمیشیی ساکار دەچوو. بەرپرسایەتی کێشەی پڕ ژانەسەری ئیسرائیل و عەرەبان خرابووە ئەستۆی دانیەل کورتسێر, کە دیپلۆماتێکی بەتوانا بوو و لە قاهیرە و تلاویو کاری کردبوو. جا سەیر لەوە دایە کە کورتسێر وەك یاریدەدەری جێگری دەفتەر, لە جیاتی ئەوەی ولامدەرەوەی سەرۆکی ڕاستەوخۆی بێ, ولامدەرەوەی سەرۆکی "گەلالەدارشتنی سیاسی" بوو. پێوەندییەکانی بیست گەلی عەرەب خرابووە ئەستۆی دەفتەر, بەلام بێیکێر بۆ ئەمەی سووکایەتیشی خستبێتە سەر ئازاردان, "جان کلێی" کردبوو بە سەرۆکی, کە بە بڕوای هەموان قالۆرترین و ئاژاوەگێرترین سەرۆکێ بوو کە "دەفتەری ڕۆژهەلاتی نیزیك و باشووری ئاسیا" بە خۆیەوە بینیبوو. لە ڕابردوودا ئەم ئیشە دەدرا بە کارناسانی ئاشنا بە کاروباری جیهانی عەرەب کە خاوەن ئەزموونی بەکردەوەی نەپساوە بوون, چەشنی سەرۆکی ڕاستەوخۆی پێشووی, ڕیچارد مۆرفی یا کارناسێکی بەلەد لە کاروباری ناوچەدا وەك "ئالفرێد لوروی ئاترتۆن" و بورۆکراتێکی بەتوانای وەك "جۆزێف سیکۆ". بەلام تەنیا ئەزموونگەی "کلێی" لە خۆرهەلاتی نێوەڕاستا, بالۆێزخانەی ئەمریکا لە لوبنان یان بە واتەیەکی تر "مارۆونستان", یانی هەر ئەو قولکە سەروکلكپەڕاوە مەسیحینشینە بوو کە لە مەودای گەشت و گەڕانیدا لە ساڵانی

لای نێوەڕاستی دەیەی ١٩٨٠دا بۆ دیپلۆماتێکی ئەمریکایی بە شوێنێکی پەنا ناسـرابوو. کلێی کە پیاوێکی توند و تیژ و خۆ بە زلـزان بوو و تـەواوی هاوکـاران و بەردەسـتانی زۆریان ڕق لێی بوو, توانی ئەو جێیەی کە لـەمێژ بوو ڕێكوپێك و بەکارترین دەفتـەری وەزارەتی دەرەوە بوو بۆ ڕاپەڕاندنی کاروباران, تەواو دڵسارد کاتەوە.

"دەفتەری ڕۆژهەڵاتی نیزیك و باشووری ئاسیا" بەر لـەوە قەت لـە درێژایی مێـژووی پڕ گێرە و کێشەی خۆیدا — کە کارناسانی جیهانی عەرەب بێبڕانەوە دەکەوتنـە بـەر تاوانبار کران بە دەس دەڵاڵانی زایۆنی — ئاوا هێزی لـێنەبڕابوو. ئـەم کـارە ئەوپـەڕی ئاواتی دەڵاڵاکانی زایۆنی بوو و ئاخرییەکەی بوو بە کارەساتێکی ناخۆش.

لـەگەڵ پەلاماری ئێراق بۆ سەر کووەیت "دەفتەری کاروباری ڕۆژهەڵاتی نیزیـك و باشووری ئاسیا" کە بایخ و ورەیەکی بۆ نەمابۆوە, چورتەی لـە خۆی بـڕی و مـەیلێکی وای لـە دەروونیدا بەدی نەکرد کە دابنیـشێ و دەس بداتـە شـێوەیەك خـۆ پـشکنینی ئەوتۆ کە مەبەستی وەدەرخستنی بیری نوێ بێ لـە ژێر هەرەسـی وێرانـەکانی سیاسـەتی ئابڕووتکاوی ڕابردۆوە. یەکێك لـەو دیپلۆماتانەی ئەوان سەردەمان بە توندی خـەریکی بەرنامەدارشتن بوو گوتی: "هەر بەڕاستی دەفتەری ڕۆژهـەڵاتی نێوەڕاسـت و باشـووری ئاسیا ئەوەندە بـێهێز و نەشـە بـوو کـە وازی قـسە کردنـی نـەبوو. کەسـیش پرسـی پێنەکرد." هەر ئەم دیپلۆماتـە ئـاوای درێـژەدا: "کۆشـکی سـپی و شـووڕای تـەناهی نەتەوەیی تەما سیاسییەکانی دەگرت، جیـا لـە لایـەنی تـەواو نیزامیـی, کـە بـە بـوونی "هاس"ەوە لـەوێ, خاوەنی کەسێکی پسپۆڕ نەبوو لـە کاروباری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستا.

ڕەخنـەگران لـە وەزارەتـی دەرەوەی ئـەمریکا و تـەواوی وڵاتـانی ڕۆژاوایـی یـان کوردان, کارێکیان بەم هۆك و بەرهۆك و لـەنگ‌ولۆرییانە نەبوو. ئەمانە بڕوایـان وابـوو کە تەواوی پسپۆڕانی جیهانی عەرەب تەنیا سەرنـجیان داوەتـە سـەر شـوێن تێکـردن و بەسـتنی ڕێککەوتننامـە بـە خێروبێرەکـان لـە وڵاتـانی خـاوەن نـەوتی ناوچـەدا و زۆر لـەمێژیشە کە حکوومەتـە زۆردارەکـان و تەنانـەت ئەوانـەی کـە خـراپترین پێـشینەی نەپاراستنی مافی مرۆڤیان بووە, کەوتوونـە بـەر لاواندنـەوە و بەسـەر کرانـەوە. چـون ئاقیبەتەکەی ئەوە کێ بوو کە ماك و کەرەسەی شیمیایی و زانستی پسپۆڕی و تەنانـەت

زۆرجاران ئەندازیار و كارناسی پێویستی بۆ كارخانە شیمیایی‌یەكانی ئێراق دابین كـرد, كە سازكراوەكانیان ئەم گشتە كوردەی كوشت؟ كوردان ڕۆژنامـە ئورووپایی‌یـەكانیان دەخوێنــدەوە و دەیــانتوانی باســی زۆر نووســراوەتان ســەبارەت بــەم شــەریكە ئورووپایی‌یانەوە بۆ بكەن كە دروست لـە وەختی ئەنـجامدانی چەپەڵی‌دا, لـە گـەڕیانی ئەم بازەرگانییە گومان لـێ‌كراوەدا كەوتبوونـە داو؛ ئـەو بازەرگانییـەی كـە لەمێـژبوو دەوڵـەتانیان لـە حاندی چاویان دەقووچاند. پوختە و ناوكی ئەم بڕوایـە لای وابـوو كـە بەرپرسانی پسپۆڕی جیهانی عەرەب – لـە وەزارەتی دەرەوەدا – یـا بـە قەسـتی خۆیـان گێل دەكەن یان كەسانێكی زگماك تەنكەبیرن یان هەردووكیان. ئەویش نەك بـەم هۆیـە كە سرشتی زاڵمانەی زۆربەی حكوومەتـەكانی خۆرهـەڵاتی نێوەڕاسـت, بـەڕێوەبردنی ئەركی دیپلۆماتیكی ئەوانی كە ئاشنا بوونە لـەگەڵ خەڵك لـە مەودای كار و پاشكـارا, بـەرووەڕووی تەنگـەژە دەكاتـەوە, بـەڵكوو لەبـەر ئـەوەی بـە بـڕوای ڕەخنـەگران، كاربەدەستانی ڕۆژاوایی سەرەڕای كەندوكۆسپی سەرڕێیان بۆ پەیوەندی گـرتن لـەگـەڵ خەڵكی ژێردەسەڵاتی ئەوان حكوومەتان, زۆرتر مەیلیان لـە پێهەڵاگوتنی فەرمانڕەوایانە.

بـۆ لەســەر وەجـواب هـاتن لــەم كاربەدەسـتانە دەبـێ بێـژین كـە ئـەم دیپلۆماتـە ئەمریكایی‌یانە درەنگ لـەگەڵ بەعس بەرەوڕوو ببوون.[1] پێوەنـدی دیپلۆمـاتێكی نێـوان ئێراق و ئەیالەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا لـە سـاڵەكانی ۱۹٦۷-۱۹۸٤ پـسابۆوە و تـەنیا ڕێـی پێوەنـدی ئـەمریكا و بەغـدا دەفتــەرێكی بـچووك بـوو كـە پـارێزەری بەرژەوەندییەكانی خەڵكی ئەمریكا بوو. زۆر بەر لـە هێرشی سەددام حوسـێن بـۆ سـەر كووەیت، حكوومەتی چەك لـە شـانی وەهـا زاڵبـوو دیپلۆماتـەكان بـە ڕادەیـەك تـاق كەوتبوونەوە و خەڵك هێندە ترسابوون كە باڵوێزخانەی ئەمریكا یا هەر نوێنەرایەتییەكی سیاسی تر كەمترین زانیاری لـە مەڕ حـاكم و مەحكوومـەوە نـەبوو. "دێویـد نیۆتـۆن",

---

۱– هەرچۆنێك بێ, لەمێژ بوو كە گومان دەكرا ئەیالەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا و بریتانیـا لـەگـەڵ گۆدەتـای یەكەم و دووهەمی ۱۹٦۳ و ۱۹٦۸ی بەعسا دژایەتییان نەبووبێ, چونكە بەعسییەكان دژایەتی ئەم كومۆنیست و ناسرییانەیان دەكرد كە دەیانویست دەسەڵات وە دەس بگرن.

باڵوێزی پێشووی ئەمریکا دەیگوت: "چمان دیبا هەر ئەوە بوو, سەرچاوەی کۆ کردنەوەی زانیاریمان زۆر کەم بوو. ئێمە قەت بە ڕاست و دروستی نەماندەزانی لە وڵاتا چ ڕادەبرێ. تەنیا دەنگۆ بوو, ئەوەی ئێمە بە "تەلگرافی ڕووح"مان ناودێر کردبوو." هەر دەتگوت کامووسی ڕووخانی دەزگای پاشایەتی ئێران – کە بێخەبەریی دەزگای دەوڵەتی سەبارەت بە هێزەکانی دژبەری ئێرانی بە ڕوونی نیشان دابوو – لێرەش دووپات دبۆوە. لە هەردوو بابەتەوە کارناسانی ڕۆژاوایی ناچار بوون نژمێکی "نوێخواز"انە و "چاکساز"انەی کە بنکەکانی بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندە لە سەددام حوسێن و شای ئێرانیان دەنواند و وێیان دەدان, وەك خۆیان وەربیگرن.

لەم بابەتەوە دیپلۆماتە ڕۆژاوایییەکان جیاوازییەکی ئەوتۆیان لەگەڵ بەرەی پێش خۆیان نەبوو. دیپلۆماتەکانی بەرەی بەر لەوانیش بە گیان و دڵ پشتیوانییان لە ئاتاترك و ڕەزاشا کردبوو لە تورکیا و ئێران. ئەم دوو پیاوە لەشکرییە ملهوڕە کەسانێ بوون کە سەپاندنی دەسەڵاتی خۆیان بە ناوی "نوێ کردنەوە", بەسەر هەرێمەکانی کەونارادا بە گوێرەی سیاسەتی کۆدەسەڵاتیی ناسیۆنالیزمی ئورووپایی و بە ڕەنگی لێنەبووردوویی "ژاکوبنی"[1] شۆڕشی فەڕانسە, بە خەڵك دەسەلماند. هەردوو حکوومەت کەمینەنەتەوەی وڵاتی خۆیان متەقمردوو کرد. بەر لە پەلاماری ئێراق بۆ سەر کووەیت, کوردەکان و تەواوی لقەکانی تری دژبەری ئێراق دەیانزانی کە ڕۆژاوایی بە شتێکی ئەوتۆیان دانەناون. پاش پەلاماری کووەیت لە لایەن ئێراقەوە کارناسانی ئەمریکایی کاروباری جیهانی عەرەب کەوتبوونە بەر شەپۆلی توورەیی و لە ناوەندی بنکەی سیاسەتداڕێژی ئەمریکادا نەبوون.

ئەندامانی زانستگایی قوتابخانەی "نوێخواز" – یەکێکی وەك "مار" و "کریستیەن مووس هێلمێر" کە لە ڕابردوودا لە پەسندەرانی بەعسییەکانی بەغدا بوون – لەم کەسانە بوون کە دەوڵەتی بووش لەم بابەتەوە کە دەبێ ئێراقی پاش شەڕ چلۆنی لەگەڵ وەجووڵێ, پرسی پێدەکردن. هەروەك چاوەڕوانی دەکرا ئەم تاقمە لە ترسی

١- دێموکراتە توندڕەوکان لە شۆڕشی ساڵی ١٨٧٩ی فەڕانسەدا.

ئەوەی کە ڕەنگە ئێراق لە دابەشینەوەی دووبارەی دەسەڵاتا لەتوکوت بێ وایان بە باش دەزانی کە حکوومەت – تەنانەت بە بێ سەددام حوسێنیش – نەڕووخێ و ئەمە ڕاسپاردەیەکی "بەجێ" بوو کە لە ئاکامدا دەسەڵاتی کەمینەی سوننی مەزەب بە سەرۆکایەتی ژێنێراڵێکی لەم تایفە و هۆزە و بە شیمانەیەکی زۆر لە خزمانی تکریتی سەددام لە شوێنی خۆی دەمایەوە. بەڵام پاش ئەو هەمووە ترس و تۆقین و ساڵگاران دەسەڵاتی زۆردارانە، ئەم ڕێوشوێنە تەنیا لەسەر ڕووپەری کاغەز دەیتوانی ڕێچارەیەکی خۆڕاگر بێ. لەم پێشنیار و ڕێوشوێنەدا سەرنجێك نەدەدرا ئەو زوڵم و زۆرە پەرەگرەی کە بۆ پاراستنی مانەوەی ئێراق دادەسەپا، ئەم ئێراقە دەسکردەی کە بریتانیا پاش شەڕی یەکەمی جیهانی لە پاش ماوەی لەتوکوتی ئەیالەتەکانی پێشووی عوسمانی تێکیکردبۆوە. گرینگترینی ئەم هەرێمانە مووسڵی کوردنشین بوو بە نەوتەوە، پاشان "بەسرا" کە ناوەندی شیعەکانی وڵاتی تازەساز بوو، ئەمجار بەغدا وەك پایتەخت و مەکۆی کەمینەی عەرەبی دەسەڵاتدار. پرسی هەڵوەشاندنەوەی حیزبی بەعسیش لە گۆڕا نەبوو. دیپلۆماتێکی ئەمریکایی لە ژانویەی ١٩٩١دا لە باڵوێزخانەی لەندەن کە بەرپرسی پەیوەندی کردن بە تاقم و دەستەکانی خۆرهەڵاتینێوەڕاست بوو بە دزی پێیگوتم چونکە ویستوویەتی چاوی بە یەکێك لە ڕێبەرانی نەتەوەیی کورد بکەوێ کە بۆ دیدارێك چۆتە ئینگلستان، خەریکبوون لە فەلاقەی کەن.

"دەفتەری کاروباری ڕۆژهەڵاتی نیزیك و باشووری ئاسیا" داخوا ئەگەر بارو ناوبانگێکی باشتریشی بوایە، دەیتوانی شوێن بخاتە سەر ڕووداوەکان؟ بووش هەر لە سێبتامبری ١٩٩٠ەوە ڕازی بە هیچ کردەیەك نەبوو کە ببێتە کۆسپی سەر ڕێی تەمای شەڕ کردنی، کە ڕۆژ بە ڕۆژ لە دەروونیدا پتری پەرە دەگرت. ئاوا بوو تەنگەژەی بووشی "ڕاڕا و پووچەکە" کە دەیەویست خۆیەك بنوێنێ؛ بە قەولی یەکێك لە خۆیان، بە شێوەی شپرێو و بێدار و لەلەی کۆشکی سپی. کەس ڕەزامەندی لەسەر ئەو قسانەش نەبوو کە دەگوترا ڕەنگە ئازاد کردنی کووەیت بتوانێ لە ترس و خۆفی

کۆمەڵی ئێراق کەم کاتەوە و دابەشینی دەسەڵات بێتە سەرباری دادپەروەرانە. لە واشینگتۆن بەرواڵەت دروشم ئەمە بوو: "بێخەبەری باشترە لە پڕ خەبەری." بووش خۆی لە حەساری تەنگی چارەسەری لەشکریی قەتیس کردبوو, ئەویش زیاتر لەسەر بناغەی هەلومەرجێکی "پاوێل" بۆ ئەم کاروبارەی دیاری دەکرد. (جا خۆش ئەوەیە, ئەم گشتە هێزە ئاگرین و بەرفرەوانەی پاوێل لە هێزەکانی هاوپەیمانا کۆی کردبۆوە, تەنیا لەم پرسیارانەی زیاد کرد کە جیهانی وڕ وکاس لە بەرامبەر خۆگنخاندنی ئەمریکادا سەبارەت بە شۆڕشەکانی ئێراق نواندی.)دیپلۆماسی کاری ئەمە بوو کە هەتا ئەوجێیەی دەکرا و بووزی دەخوارد هاوبەندی پتر پەیدا بکا. بێیکێر لەم بابەتەوە ئەندامانی دەزگای خۆی و دنیای دەرەوەی واقوڕماو کرد. ئەو بۆ بێبەش کردنی سەددام حوسێن لە پشتیوانی یەکێتی سۆڤیەت, کە بە بڕوای سەددام قەت یەکودووی لێنەدەکرا, لە دۆستایەتی نێوان خۆی و "ئیدوارد شوارد نادزە", وەزیری دەرەوەی سۆڤیەت کە لە کۆبوونەوەی کێشەکانی تەناهی ئوورووپادا داگیرسابوو, کەلکی وەرگرت. ئەم شاکارە هەلی بۆ بێیکێر رەخساند کە هاوپەیمانان بە رەزامەندی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان وێکبخا و لەم رێبازەدا تێگەیشتنی قووڵتری بووشی لە سیاسەت لەگەڵ تواناییەکانی خۆی لە مامەڵەگەریدا بەهێز و پتەو کرد.

بەڵام لەم پێکەوەساچیانە پیرۆزەدا, هەر ئەم گەریانەش لەسەر بناغەی بچووکترین وێکچوونی هاوبەشا کەوتە گەڕ: بۆ وێنە, ئەیالەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نیازی بە بەشداری کردنی میسر و فەڕانسە بوو لەم هەڵڵایەدا: یەکەمیان لەبەر ئەوەی بەشدار بوونی پڕ جەماوەرترین وڵاتی عەرەبی نیشانەی ئەمە بوو کە شەڕێکی تری خاچپەرستانە بە دژی وڵاتێکی مسوڵمان لە گۆڕێدا نیە و دووهەمیش بە خاتری ئەمەی کە سەددام حوسێن هەوڵی دەدا فەڕانسە, ئەم وڵاتە ڕۆژاواییە گرینگە کە پەرۆشی ڕەنگدانەوەی شەڕ بوو لەسەر هەرێمە کۆلەدارەکانی پێشووی لە ئەفریقای باشووری, کە بە باری ئیحساسیدا مەیلیان بەرەو عەرەبان دەبزووت, بۆ لای خۆی ڕابکێشێ. پاریس و قاهیرە لە ترسی عەرەبە نەتەوەخوازەکانی هەر لە ئێستاوە دەنگیان هەڵبڕیبوو و نەیاندەخواست کە هێزەکانی هاوپەیمانان ئەو گشتە ڕێیە بەرەو بەغدا

بکوتن و سەرۆکی وڵاتێکی عەرەبی لێ بخەن, ئەوەش لە جێی خۆیدا لەگەڵ بیری واشینگتۆن لێکبوو.

بووش سەرەڕای ئەم هەمووە شتەی دەربارەی سەددام حوسێن دەیگوت و ئەوی لەتەك هیتلێرا پێکدەگرت و داکۆکی دەکردە سەر بەرەوی دێموکراسی لە خۆرهەڵاتیناوەڕاست, لە بابەت دەستێوەردان لە حکوومەتی تاقمێك کەمینەی سوننی مەزەب و تێكهەڵچوونیدا پارێزی دەکرد. تەنانەت ئەگەر کەڵکەڵەی وەها کردەیەکیش کەوتبایە بیری, دەزگای دەوڵەت بە بێ بەشداری چالاکانەی "دەفتەری کاروباری ڕۆژهەڵاتی نیزیك و باشووری ئاسیا" خاوەنی زانستێکی ئەوتۆ نەبوو کە بتوانێ چوارچێوەیەکی لەبار بۆ دامەزراندنی حکوومەتێکی نوێ لە بەغدا پێكبێنێ. بەڵام دەست لەسەر دەستدانان و هیچ نەکردنیش دەیتوانی کارەساتی لە دوو بێ, وەك لە دووی بوو. ئەم شتە چاوەڕوان دەکرا. بەم پێیە وە بیر هێنانەوە و بە گوێهەڵێنانی ئەم قسەیە کە ئەگەر بێتوو چالاکی نیزامیی بە نیوە تەواوی وەمێنێ و بەعسی هەروا لەسەر کار بێ, مەترسی لە دوا دەبێ, خرایە ئەستۆی ویلیام ئێگلتۆن, کە لە ڕیزەی کارناسانی پسپۆڕی کاروباری کوردستانە و ئێستا خانەنشینە. ئێلگتۆن زۆر بەر لەوەی بووش شەڕی ئەردەکی دوای سەتسەعات زەبر و هەڵمەت لەپڕ ڕابگرێ, قەومانی کارەساتی چاوەڕوان کردبوو. ئەو زانیبووی کە سەددام حوسێن تەواوی هێزەکانی گاردی کۆماری کە بیستوچەند لەشکر بوون و هەروەها دەزگای پۆلیسی نەهێنی کە ڕاپەڕاندنی ئەرکێکی زۆری لە ئەستۆ بوو نەهێناونە جەغزی شەڕەوە. هەر ئەم هێزانە بوون کە حکوومەتی بەعسیان لەسەر دەسەڵات هێشتبۆوە. ئێلگتۆن ئەوەندە ئازا بوو کە تەواوی ئەم شتانە خێراخێرا وە بیر هاوکارانی بێنێتەوە لە "دەفتەری کاروباری ڕۆژهەڵاتی نیزیك و باشووری ئاسیا". دوای ئەوەی تەمای لەنەکاوی واشینگتۆن بۆ کۆتایی هێنان بە شەڕ لە ٢٨ی فێوریەدا بۆ کوردان و شیعان بوو بە کارەسات, کاربەدەستێکی باڵای "پێنتاگۆن" باسی هێشتنەوەی سەددامی لەسەر

دەسەڵات ئاوا بڕییەوە: "ئیتر هەڕەشەیەك نەبوو بۆ ئێمە، تۆڵە و هەڕەشەشی بۆ خەڵکی خۆوڵاتی بە لای ئێمەوە قسەی لێنەکرابوو."

بەشێك لە ڕیس و گوریس هێنانەوەی کۆماریخوازان نیشاندەری لێکدانەوەی ئاسایی واشینگتۆن بوو لە ژیئۆپۆلۆتیکی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست بەتایبەت ژیئۆپۆلۆتیکی گەورە هاوپەیمانی لە کەنداوا, واتە عەرەبستانی سعوودی. واشینگتۆن پێی سەلمابوو کە عەرەبستانی سعوودی لە بیری دێموکراسی بەم مانایە کە "هەرکەسێك خاوەنی دەنگێك"ە بێزارە و دەترسێ ئەگەر وای لێ بێ زۆرینەی جەماوەری شیعە مەزەبی ئێراق حکوومەتێکی لە چەشنی حکوومەتی ئیسلامی ئێران دامەزرێنن, کە تەنیا وڵاتی شیعەمەزەبی جیهانە: حیساباتی سیاسی لەم چەشنە کە حیساباتێکی تەواو ڕیازی بوو, پێشینەی مێژوویی خەڵکی شیعەی ئێراقی کە قەت سەر بە ئێران نەبوون و لە درێژایی شەڕی ١٩٨٠-١٩٨٨ی ئەم دوو وڵاتەدا بێ تلاسا بوون, سەبارەت بە حکوومەتی بەغدا وەفادار مابوونەوە, لەبەر چاو نەدەگرت. بەڵام بنەماڵەی پاشایەتی سعوودی کە لەسەر گەورەترین سەرچاوەی نەوتی جیهان ڕۆنیشتووە و ئەوێش وەختایەکی هەرێمی شیعەنشینی پارێزگای ڕۆژهەڵاتی سعوودی بووە, دژی هەر چەشنە خۆ خستنە مەترسی و خۆ دانە دەس هەڵوهەڵکەوتی داهاتووە. لە ڕاستیدا ناردنی هێزەکانی ئەمریکایی بۆ کەنداوی فارس لە ١٩٩٠دا, نەك بە مەبەستی ڕزگاری کووەیت بەڵکوو بۆ پاراستنی نەوتی سعوودی بوو. (ئەو وەختە ئێران و کووەیت و عەرەبستانی سعوودی و لە ڕاستیدا تەواوی وڵاتانی ناوچە, لە ناخۆشویستنی دەسەڵاتی دێموکراتەکاندا هەستی هاوبەشیان هەبوو؛ ئەمە شێوەی بیروڕای باوی ناوچە بوو.)

لە ماوەی مانگەکانی بەر لە ئازاد کردنی کووەیت, بریتانیا و فەڕانسە و ئەیالەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا بە شێوەی سەربەخۆ لەم بارەوە توێژینەوەیان کردبوو. سەیر ئەمەیە کە هیچکام لەم وڵاتانە لایان وانەبوو کە سەددام حوسێن بتوانێ لەم شەڕە بە ساخی ڕزگاری بێت, هەتا دەس بەرێ بۆ سەرکوتی زۆرینەی شیعە مەزەب و کوردان. ئاکامگەلێکی لەم توێژینەوانە وە دەس هاتن جۆرە مەشقێکی خۆشخەیاڵی بوو. هیوای هەرە گەورە لە واشینگتۆن ئەمە بوو کە بە قەولی مار "ئەگەر بەخت یار

بێ, خودی سپای ئێراق هەڵدەتەزێتەوە و سەددام حوسێن تیدا دەبا." سەرەڕای تەواوی ئەوانە, ئەم سێ دەوڵەتە هاوکات وایان بیر دەکردەوە کە ئەگەر سەددام لەشەڕی کووەیت قوتار بێ, دیسانیش بەرگر و تەگەرەیەك دەبێ لە بەرامبەر ئێراندا, با زۆریش لاواز بووبێ. هەرچۆنێك بێ وەك کۆسپ و بەرگێڕەوەیەك بە کاری ڕۆژی خۆی دێ.

ئەم شێوە بیرئالۆزییە وێڕای ئەمە دوو ئاکامی بە ڕواڵەت تەواو دژ بە یەکتری لەبەر چاو بوو: سەددام حوسێن دەسەڵاتی کز دەبێ, بەڵام لەسەر دەسەڵات دەمێنێتەوە یان لە مەودای هەڵگەڕانەوەی شیعە و کورداندا تەختی وەردەگەڕێ، بەڵام سەرکردە نیزامییە سوننی مەزەبەکان ئاخرییەکەی هەم بەسەر وی‌دا و هەم بەسەر ڕاپەڕیواندا زاڵ دەبن. تەنیا خاڵی هاوبەش لەم "کایە"دا بڕوا بە ڕاگرتنی کەمینەی عەرەبی سوننی مەسەب بوو لەسەر تەختی دەسەڵات. "خەبەر"ی نەوێژراوی ئەم "دەسپێك"ە بڕوای بێ بنەڕەت و بناغە بوو لەسەر ئەم مەبەستە کە چونکە ئێراق پێکهاتەیەکی وەها دەسکردە و بە ڕادەیەك لە لایەن عەرەبە سوننی مەزەبەکانەوە چەوسێنراوەتەوە, کە بێتوو زۆرینەی شیعە مەزەب و کوردان پاڵێکی توند بە حکوومەتەوە نێن دەکەوێ و لەبەر یەك بڵاو دەبێ. بەڵام ئەم بیرە شتێ نەبوو کە لە پێشدا گەڵاڵەی بۆ دارێژرابێ و بەستێنی بۆ خۆش کرابێ. بە سرنج دان بە پێشینەی بەزەیی‌بزوێنی ئێراق لە ماوەیەکی پتر لە حەفتا ساڵ تەمەنی‌دا, تەما گرتن بە مەبەستی ڕاگرتن و هێشتنەوەی وەك هەرێمێکی یەکپارچە, نیشانەی ئەوینێکی کۆیلانە بوو بۆ پاراستنی سنوورە دیاری کراوەکانی لە کۆمەڵی نێونەتەوەیی‌دا, کە مەبەستێکی چەواشە بینانە بوو. ئەوجار جگە لە نیاز بە هەبوونی پارسەنگێك لە بەرامبەر ئێراندا, تەنانەت لە وەختایەکدا کە ئێران بە هۆی شەڕەوە فرە لاواز ببوو چاکتر وا بوو لەبەر دڵی دەروجیرانان ئێراقیش شەقێکی وێ‌کەوێ.

ئێران و سووریا و تورکیا بێ‌پسانەوە ئۆگریی خۆیان سەبارەت بە پاراستنی سەربەخۆیی و تەواوێتی خاکی ئێراق دووپات دەکردەوە, بەڵام ئەمە "نەهێنی‌گەلی" دیپلۆماتیکی بوون بۆ دژایەتی کردن لەگەڵ هەر شتێك کە لا لە سەربەخۆیی کوردان

بکاتەوە. ئەم هەڵوێستە تەنانەت ئەم خودموختارییەشی دەگرتەوە کە سەددام حوسێن لە ١٩٧٠دا وەك بەڵێن دابووی بە کوردان. ئەمەش شتێکی نوێ نەبوو: ئەم بەیاننامانە چەندپاتی نێوەرۆکی پەیمانی سەعداباد بوون کە لە ساڵی ١٩٣٧دا لە کۆشکێکی بەم ناوەدا لە تاران بەسترا. بە گوێرەی ئەم پەیمانە وڵاتانی ئەفغانستان, ئێران, ئێراق و تورکیا بەڵێنیان وابوو کە لە سەرکوتی هەر چەشنە جووڵانەوەیەکا کە خوازیاری ڕووخاندیان بێ, یاریدەی یەکتر بدەن. جگە لە ئەفغانستان, دڵپەرۆشی تەواوی وڵاتانی هاوپەیمان, نەتەوەخوازی کورد بوو, کە نەخۆشییەکی پەرەگری لێوەگر بوو, جا بۆیە بۆ وڵاتانی هاوپەیمان کە ئەوان سەردەمان دەیانویست حکوومەتی تەواو کۆدەسەڵات بە شێوەی ڕۆژاوا دامەزرێنن, لێی زەنین بوون. وەچەیەك دواتر هەر ئەم پەرۆشییە لە "پەیمانی بەغدا"دا هاتەوە گۆڕ کە لە ساڵەکانی دەیەی ١٩٥٠دا بەسترا و دوای لێدەرکەوتنی ئێراق لە ساڵی ١٩٥٨دا ناوی گۆڕدرا و بوو بە "ڕێکخراوی پەیمانی ناوەندی".

بەرێوەبەرانی سیاسەتی دەوڵەتی بووش ئەم مەبەستەیان وەك بنەمایەکی بڕوای خۆیان بە خۆیان سەلماندبوو کە "دژبەران"ی ئێراق پێشاندەر و نوێنەری چ شتێك نین جگە لە پۆلێك بووکەڵەی بێ‌بەجان خانمی دە نێوەوەچوو, کە بوونە داردەستی ئێران و سۆڤیەت. پێوەندی سووریا لەگەڵ دژبەرانی ئێراق, پێوەندییەکی لەمێژینەیە, هەروەها ئێرانیش هەر لە کۆنەوە نێوانی لەگەڵیان خۆش بووە, ئەگەرچی هاوکات لەتەك تاقمەکانی ڕەقەبەر دانووی کوڵاوە. (کاربەدەستانی عەرەبستانی سعوودی هێندە لە هەڵڵا بەدەر و دوور بوون کە لە پایزی ١٩٩٠دا باسی کەسایەتی وایان دەکرد لە ڕیزی دژبەراندا کە بەینێکی خۆش‌بوو مردبوون.) ئێران جێی متمانە نەبوو, ئەمە شتێکی بەرچاو بوو؛ سووریاش سەرەڕای بەشدار بوونی لە ڕیزی هاوپەیمانانندا واشینگتۆن بە هێندی نەدەگرت, چونکە سەرکۆماری گەردنکەشی وێ – حافز ئەسەد – دژایەتی هەڵوێست و سیاسەتی ئەمریکای کردبوو سەبارەت بە ئاشتی بە جوێی نێوان لوبنان و ئیسرائیل لە دەوروبەری ساڵەکانی دەیەی ١٩٨٠دا تا دەگاتە بە غافڵکوژ ناسرانی وڵاتەکەی لە لایەن واشینگتۆنەوە. ئەمجار لەگەڵ ئەوەش‌دا دەوڵەتی بووش بەردەوام

نیگەرانی ئەمە بوو کە نەکا دراوسییەکانی ئێراق پەیوەندی ئەمریکا و دژبەرانی ئەم ولاتە خراپ لێکدەنەوە و بەم بیانووە لە هاوبەندی دەرکەون.

***

ئەوەی بە لای بووشەوە گرینگی دەنواند تورکیا بوو, کە تەنیا هاوپەیمانی "ناتۆ"ی واشینگتۆن بوو لە خۆرهەلاتی نێوەراستا. لە درێژەی هاتنە سەرکاری گەلەحکوومەتانی چل سالی رابردوو لە ئەنکارا و واشینگتۆن, رازی راگرتنی تورکیا زۆرتر مەبەستێکی فرە ورد و باریك و گرینگ بوو و ئەیالەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەوپەری هەولی خۆی دەدا کە خۆ لە هەر کردەیەك بپارێزی کە بە شێوەیەك وەك سیلەچاوێك بۆ سەر ئاوات و ئامانجەکانی خەلکی کورد — لە هەرکوێیەکی ناوچە — لێكبدرێتەوە. تورکیا بە کۆتایی هاتنی شەری سارد کە ئەو سەردەمی ئەرکی پاراستنی بالی باشووری ناتۆ بوو لە بەرامبەری سۆڤیەتا, لە بابەت بەکەلك مانەوەی لە داهاتوودا بۆ شەریکە خۆراوایییەکانی تووشی ترس و پەرۆشی ببوو. داگیرکرانی کوویت لە لایەن سەددامەوە بۆ ئانکارا پیت و بەرەکەتێکی چاوەروان نەکراو بوو, بەلام بۆ بەدبەختییان هەر ئەم گێرە وکێشەیە سەرنجی گشتی خستە سەر کێشەی کوردەکانی خۆی کە لە کۆنەوە باسێکی قەدەخە و پاوان بوو. ئەندامانی ناتۆ بۆ ماوەی نیزیك بە چل سالان لە بەرامبەر پێخوستکرانی مافی مرۆص و تەواوی چەوتی و لاری و لوێرییەکانی شێوەی جێبەجێ کردنی دێموکراسی لە تورکیادا, بە تایبەت لە پێوەندی لەگەل کوردستانا, چاویان قووچاندبوو. ئانکارا هەر لە سەرەتای دامەزرانی کۆمارەوە لە ١٩٢٣دا بە وردی و وریایی لە ترسی هارووژاندن و دنەدانی کەمینەی زۆر و زەوەندی خۆی, لە هەر چەشنە وێك کەوتن و پەیوەندییەکی قوول لەگەل کوردەکانی ئێراق خۆی پاراستبوو. تورکیا لە ١٩٨٤ەوە بەرەوسەر گیرۆدەی شەرێکی نێوخوێی بوو لە کوردستانی خۆیا کە تازە دەکەوتە سەر گەر و ئێستا بەوپەری پەرۆشییەوە تەماشای دەکرد کە پێوەندییەکی لەتەك کوردان و دژبەرانی تری ئێراقا نیە و لە چاو ئێران و سووریا کەوتۆتە بارێکی نابارەوە.

بەڵام سەرۆك "ئوزەل"یش بە دابی خۆی هەروەك ئاتاترك نەریتشكێنێك بوو. ئوزەل سەرەڕای نفرەتێكی هەڵسەنگاو كە ئاتاترك لە نیزیك بوونەوەی ورد لە هێزەكانی غەیرە ئورووپایی نواندبووی, لە گەڕیانی شەڕدا, لەگەڵ ئێران و ئێراق كەوتە سەودا و مامەڵەی پڕ بەهرەی ئابووری. سەددام حوسێن كە لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٢دا هێزەكانی لە بەرامبەر هێزەكانی ئێرانیدا لە جێی خۆیان چەقیبوون, ئیزنی دا بە هێزەكانی ترك هەتا بۆ پەیكەردەی كوردانی سەرهەڵداوی توركیا, كە ناوچەكانی سەرسنووری ئێراقیان كردبووە بنكەی دژی ئانكارا, بچنە خاكی ئێراقەوە. لەگەڵ ئەمەشدا توركیا سەبارەت بە هەموو چەشنە خورد بوونەوەیەكی دەرەوە لە كوردانی ئەوێندەرێ دڕدۆنگ بوو. تەنانەت پێناسەی ئەم كوردانە لە لایەن حكوومەتی ئانكاراوە بە نەبوو داندرابوو, تا ڕادەیەك كە كاربەدەستانی ترك, بۆ ئەوپەڕی كەیف و گەمەی وڵاتانی تری خۆرهەڵاتی نێوەڕاست, پێیاندەگوتن "تركی كێوی".[١]

توركیا ئەوەندە سەبارەت بە پەیوەندی غەواران لەگەڵ كوردان – هەر كوردێك – دڕدۆنگ بوو, وەختێك یەكێك لە كاربەدەستانی پلە نێونجی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریكا لە ژووەنی ١٩٨٨دا چاوپێكەوتنی تاڵەبانی بۆ بیستنی گلە و گازندەی سەبارەت بە دەكار هێنانی چەكی شیمیایی ئێراق لە هەڵەبجەدا قبووڵ كرد و دیتی, گلەیی لە ئەمریكا كرد. مەبەستی تاڵەبانی لە دیداری كاربەدەستی دەرەوەی ئەمریكا ئەمە بوو كە ئەمریكا پەیامێكی نارەزامەندانە و توند و تیژ سەبارەت بە كەڵك وەرگرتنی ئێراق لە چەكی ژاراوی بەرێ كاتە ئەم وڵاتە, وا چاوەڕوان دەكرا كە ئەمریكا كردەوەی ئێراق بە توندی مەحكووم بكا. ئەم كاربەدەستە هەم ناتێگەیشتوویی نواند و هەمیش بە لایدا خوار بۆوە. تاڵەبانی كە مرۆیەكی زار بە هاوارە و خۆشی پێی لێ دەنێ, بۆ وتوویژ لەگەڵ بلاڤۆكان هەلی لە دەس نەدا. (ئەم كردەیەی تاڵەبانی بە

١– كاتێك لە ساڵەكانی دەیەی ١٩٦٠دا توركیا سەبارەت بە بەرنامە كوردییەكانی ڕادیۆ "سەوتولعەرەب"ەوە گلەیی كرد – ئەم ڕادیۆیە لە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستا گوێگری زۆر بوون – ناسر وە نێو قسەی كابرای دیپلۆماتی ترك پەڕی و پرسی: "داخوا ئێوە لە وڵاتەكەتاندا كوردیشتان هەیە؟" كابرا لێبڕاوانە گوتی: نەخێر! ناسر گوتی: "دەی كەوایە گلەیی چی دەكەن؟!"

سرنجدان بە سیاسەتی ورد و هەڵسەنگاوی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لەسەر دانانی ڕێوشوێنێکی سەخت و دژوار بۆ دانی ویزا بە ڕێبەرانی کورد, شیاوی تێگەیشتن بوو.)[١] خراپی کارەکە زیاتر لەمەدا بوو کە کابرای کاربەدەستی ئەمریکایی نەیزانیبوو کە ئاغای "کەنعان ئێورێن"یش لە واشینگتۆنە. ئێورێن بێگومان بەم ڕووداوە دڵی ئێشا.

جۆرج شووڵتس وەزیری دەرەوەی ئەوێ دەمێش لەم بابەتەوە نارەحەت بوو: ئەو پێیخۆش نەبوو کاتێك بەتایبەت پێی هاوبەندێکی ئەمریکا لە ناتۆدا لە نێوان دایە وەها کارێك بکرێ. ئەو بە قەڵسی و تووڕەیی, بوونی وەها کاربەدەستێك و دیداری لەگەڵ تاڵەبانی وە درۆخستەوە. ئەوەی چاوەڕوان دەکرا هەڕەشەیەك بێ بۆ ئێراق ئێستا کەوانەی کرد و ئاکامی پێچەوانەی لێکەوتەوە و ئێراق هەر لە مانگی ئووتی ئەو ساڵەدا بە دژی پێشمەرگە و خەڵکی ئاسایی, بە شێوەیەکی بەربڵاو دەستی بردەوە بۆ چەکی شیمیایی. دەستەیەك لە کارگێڕانی وەزارەتی دەرەوە بڕوایان وابوو کە ئەم ڕووداوە بە سەددام حوسێنی سەلماند کە هەرچی بیکا بە بێگرێ لە هەڵلایە ڕزگار دەبێ و پەلاماری کووەیت و داگیرکردنی بە چوارمانگ دواتر یەکێك لەم کردارانە بوو.

گلەیی تورکیا بێگومان لە وەزارەتی دەرەوەدا کەوتە بەر سرنج. هەروەك دیپلۆماتێکی ئەمریکایی زۆر دواتر گوتی "پەیوەندی ڕەسمی بە کوردانەوە هەمیشە گیرەی لەسەر بووە." جا ئێستا کەس مەیلی لە وەها کارێ نەبوو و تەنانەت وەختێکی

١– ڕێبەرانی کورد بە ڕادەیەك لە بەر چاوان "بێزرا" بوون کە هێندێك لە باڵوێزخانەکانی ئەمریکا – وەك باڵوێزخانەی ئەمریکا لە دەمیشق – کە لە باری دیپلۆماتیکییەوە زۆر بارناسك بوون و دەمیشق شارێ بوو کە کوردەکانی ئێراق و تەواوی هێزەکانی دژبەر لەوێ دەفتەرێکیان هەبوو, خۆیان لە کوردان دەبوارد. کاربەدەستانی "دەفتەری کاروباری ڕۆژهەڵاتی نیزیك و باشووری ئاسیا" پێداگر بوون کە شتی وا هەر نەبووە, بەڵام لە ڕاستیدا هەر ئەوەی کە بۆ هەر پێوەندییەك "دانە بە دانە" تەما دەگیرا, ئەم کردەویە ناتوانێ خاوەنی مانایەکی تر بێ. ئەو ڕێبەرە کوردانەی بە پاریسدا تێدەپەڕین بۆ ئەوەی دەستیان بگەیبایە باڵوێزخانەی ئەمریکا, ناچار بوون دەستەوداوێنی کەسانێکی وەك نووسەری ئەم کتێبە بن ... وەرگرتنی ویزا بۆ چوونە ئەمریکاش با هەر بمێنێ ...

بارودۆخیش لە بنج و بناوانەوە گۆڕانی بەسەردا هات, دیسانیش ئەو مەیلە هەر نەبوو. لە ماوەی قەیرانی کووەیتا, سەرچاوە ئاگادارەکانی باڵای دەزگای پاراستنی کوردان و سەرچاوەکانی تریش ئەوەندە بەم کردارەی وەزارەتی دەرەوە وڕ وکاس و سەرلێشێواو بوون کە بڕوایان بەم دەنگۆیەی سەرزاران دەکرد: بە گوێرەی ئەم دەنگۆیە سەرکۆمار دەستووری دابوو کە تەنیا کەسانی سەر بە دەزگای پاراستن ئیزنیان هەیە پێوەندی بە دژبەرانی ئێراقەوە بکەن.

لە ئووتی ١٩٩٠دا دوابەدوای ئەوەی عەرەبستانی سعوودی دابەزینی تیپەکانی ئەمریکایی لە خاکی خۆیدا قبووڵ کرد, بە دنەی سەرۆك ئوزەل ترکان یەکەم کەسانێك بوون کە پاڵیان وە هاوبەندی ئەمریکای جڵەوکێش دا. سەرۆك ئوزەل خێرا شالوولەیەك کە نەوتی ئێراقی بە خاکی تورکیادا دەگەیاند دەریای مەدیتەرانە بەستی, کە دیارە ئەمە خۆی تەمایەکی گرینگ بوو. ئەگەرچی سەرەنجام تورکیا ناچار دەبوو بۆ پاراستنی قەراروبڕی گەمارۆی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دژی ئێراق هاوهەنگاو بێ, بەڵام ئەم تەمایە لەم کاتەدا بۆ پێکهێنانی هاوبەندی, زۆری یارمەتی ئەمریکا دا. ئوزەل پێداگری کرد لەسەر ناردنی هێزەکانی بەرگری دژی ئاسمانیی ناتۆ بۆ تورکیا و تیپەکانی ترکی کە بەرەڕووی هێزەکانی سۆڤیەت دامەزرابوون ڕایگویزتنە سنووری ئێراق و بە مەبەستی خۆش کردنی کەش و هەوای چالاکی ئاسمانیی بە دژی ئێراق, ئیزنی دا بە هێزی ئاسمانیی ئەمریکا کە لە پێگەی ئینجرلیك کەلك وەربگرێ. ئەو تەنانەت ڕەزامەندی لەسەر بوو بۆناردنی هێزەکانی ترك بۆ عەرەبستانی سعوودی و بەشداری کردنیان لە شەڕی هەردەکی دا و ئەوە تەنیا خۆ تێهەڵقوتاندنی ناوەندی سەرکردایەتی سپای تورکیا کە یەکەم دەسەڵاتی وڵاتە, ئەوی لەم کارە پاشگەز کرد. بەم شێوەیە خۆ پاراستن لە تێوەچوون لە کاروباری هەرێمەکانی پێشووی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا کە بۆ دامەزراوە نیزامیی و غەیرە نیزامییەکانی وڵات وەك مەبەستێکی پیرۆز وا بوو, بە ئەنقەست خستیە ژێر پاوە. بەندێکی نەگۆڕیش کە ئاتاترك لە بابەت پاراستنی بێلایەنی لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاستا دایناوو, ڕووی کردە زبڵدانی مێژوو: یانی بەندی "ئاشتی بۆ نیشتمان, ئاشتی بۆ جیهان". ترکان ئەم هەمێت وێنەدانەیان سەبارەت

بــە دەروجیرانــەکانی باشــووریی, لــە بازنــەی وتــەی گەڵتەجارانــەی "عــەرەبی مارمێلکەخۆر"دا دێنا بەر زار و زمانان.

لەگەڵ ئەوەشدا, لە کاتێکا کە واشینگتۆن لە ترسی هەڵتەزاندنەوەی تورکیا خۆی لە هەر چەشنە پێوەندییەك لەتەك کوردانی ئێراق دەپاراســت, ئـوزەل خـۆی لـە بـیری کردنەوەی دەرگای وێکەوتنیاندا بوو. لە هیچ قۆناخێكدا هیچ دەوڵـەتێکی ڕۆژاوایـی بیری لەمە نەکردەوە کە هەر ئەم ئوزەلەی بەنـدە پیرۆزەکـانی ئاتـاترکی بـە قازانــجی هاوبەندی تێکەوەپێچابوو, ڕەنگە بتوانێ قەدەغە و قۆرغ لەسەر نێـوان پەیـدا کـردن و وێکەوتنی کوردان لابەرێ, بەڵام ئەمە ڕاست هەمان کارە کە ئوزەل کردی.

ئوزەل پیاوێکی زۆر تێگەیشتوو بوو. ئـەو هـەر لـە دەسـپێکی قـەیرانی کووەیتـەوە ڕایگەیاند کە دەبێ سەددام حوسێن لـێ بکەوێ. تورکیا وەك تەنیا دراوسێی ئێراق کـە نێوانێکی لەگەڵ دژبەران نەبوو, بە سەختی دەیتوانی لاسای کردەوەی دوورەپەرێزانەی تێکەڵ بە سووکایەتی واشینگتۆن بکاتەوە و ئاگای لە سیاسەتی ئێراق نەبێ. ئێراقـی بـە بێ سەددام حوسێن زۆری ڕێ بۆ تورکیا خۆش دەکرد و دەرگایـەکی باشـی لـە ڕووی ئەم وڵاتە دەکردەوە. یەکێك لە ئاکامەکانی ئەم بابەتە ئەمە بوو کە لەگـەڵ هەرکـەس کە لەم ٢٠٦میل سنووورەدا بتوانـێ هێـوری و هێمنایـەتی باشـتر دابـین بکـا چـاکترین دۆستایەتی دامەزرێنێ. جا بە شیمانەی زۆر ئەوە ئاماژە بوو بە کوردەکانی ئێراق و ئەمە لە خۆیدا بە مانای پێخۆش بوونی دیدار لەگەڵ لێژنەی ڕێبەرایەتی کوردەکانی ئێـراق بوو. بەتایبەت مەسعوود بارزانی و پارتی دێموکراتی کوردستانی ئەو.

لە کلکەی ژانویەی ١٩٩١دا بێ ئەوەی خۆم بزانـم لەم تەما نەریتشـــــکێنانەی ئوزەلدا بەشداریم کرد. بە گـشتی ئـوزەل پـتر لــە نیـو سـەعات لەگـەڵ هـەواڵنێران وتوویژی نەدەکرد و لەم دیـمانەیەشدا هەواڵنووسان یەك بە دوای یەكداوەك لەسەر هێڵی بەرهەم هێنانی کارخانە بڕۆن, دەچوونە ژوور, بەم شێوەیە خـۆی پـتر لـە هەموانی قسە دەکرد و دەرفەتی پرسیار و مەبەستی تری نەدەدا. ئەم شێوە وتوویژانـە بە پێچەوانەی دیـمانەی تێکڕایی کە زۆر بە مەیلی گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ترك بوو, چی

وای بە دەستەوە نەدەدا. لە ماوەدای یەکێك لەم دیمانە بە هەشتاوانەدا من هەرچۆنێك بێ پرسیارەکانم هێنا گۆڕ: لێم پرسی بۆ چی لێکدالێکدا دەڵێ تورکیا دامەزرانی کوردستانێکی سەربەخۆ لە باکووری ئێراق قبووڵ ناکا؟ تازە لە دەمیشق گەڕابوومەوە, ئەو شوێنەی کە تاڵەبانی و تەواوی کوردانی ئێراق بە تووڕەیی وەها ئامانجێکیان وە درۆ دەخستەوە و داکۆکییان دەکرد کە دەزانن خودموختاری لە نێوخۆی ئێراقێکی دێموکراتیکدا ئەوپەڕی ئەو شتەیە کە دەتوانن هیوای دەسکەوتنیان پێی ببێ. لە ئوزەلم پرسی: بێتوو کوردەکانی ئێراق بتوانن خودموختاری خۆیان بە دەوڵەتی پاش سەددام بسەلمێنن و سنوورەکان بە چاکی بپارێزن, بۆچی دەبێ ئەو دژایەتی ئەم مەبەستە بکا؟ ئوزەل بە تێك‌کردنەوەی چەند مەبەستی تێکەڵ‌پێکەڵ دەربارەی پێکهێنانی فێدراسیۆنێك لەگەڵ کوردەکانی ئێراق وڵامی دامەوە, بەڵام کاتی دیاری کراو بنەی هاتبوو و ناچار لە هۆدەکە دەرکەوتم.

ڕۆژی دواتر "کایا توپری", وتەبێژی ئوزەل و سەرۆکی پێشووی بەڕێوەبەرایەتی بڵاوکۆکانی وەزارەتی دەرەوە وەیدۆزیم و بە جۆرێك کە هەواڵنێرێك ئارەزووی بێ, گەرم و گوڕیی نواند و گوتی: "پرسیارەکانی تۆ لە وڵامەکانی سەرکۆمار سەرنجڕاکێشتر بوون. ئێوە لاتان وایە باشترە ئێمە لەگەڵ کوردەکانی ئێراق بکەوینە گفت‌وگۆ؟" گوتم: "من هەواڵنێرێکم ... نەك دیپلۆمات." چاکم دەزانی کە تەنانەت دۆستێکی تێگەیشتووی وەك "توپری"ش سەبارەت بە هەواڵنێرانی لاوەکی بڕە دڕدۆنگییەکی هەیە, ئەم دڕدۆنگییەی کە لە زەینی خەڵکی خۆرهەڵاتی نێوەڕاستا بنەی داناوە: ئەم خەڵکە لایان وایە هەواڵنێران سەریان بە شوێنێکەوە بەندە. بە شێوەیەك کە هیچ چەشنە دەربەست بوونێك نەخەمە سەرئەستۆی خۆم, گوتم وەها دیدارێك ڕەنگە زەرەدێکی نەبێ و بەڵکوو بەڕاستی بە کەلکیش بێ. لە گەڕانەوەدا بۆ ئورووپا, کە هەر ئەوەندەم دەرفەت هەبوو لە فڕگە دابەزم و سواری فڕۆکەیەکی دیکە بم بەرەو تاران, چەند خاڵی گرینگی شیلە و هەوێنی وتەکانی "توپری"م دا بە پەیامگری تەلەفۆنی یەکێك لە نوێنەرانی کوردەکانی ئێراق لە لەندەن. هۆی هەرە بەرچاوی ئەوەی بارزانی منی بۆ ماوەی حەوتوویەك لە کوێستانی "ڕایان" میوانداری کرد دووپاتی

ئەم مەبەستە بووکە حیزبەکەی سنووری وەها هێور کردۆتەوە کە لە زەمانی شۆڕشی ١٩٦١ی باوکیڕا بەرەو ئێرە پێشینەی نەبووە.

ئەمەی کە داخوا ئوزەل وەختایەك هاتە مەیدانی کردەوە کە وتەکانی سەروگوێ شکاوی بارزانی لە واشینگتۆنپۆستدا بلاوکرایەوە, خۆی جێی باس و لێداونە. (تەنانەت ئەگەر واش بووبێ, پاش ئەوەی کە ئوزەل خۆی لە ١١ی مارس پەردەی لەسەر دیدار و چاوپێکەوتنی لەگەڵ کوردان هەڵدایەوە, دیسان ڕۆژنامەکانی تورکیا کە بۆ باس لەسەر شێواندنی ڕاستەقینەکان پابەندی هیچ شتێك نین, نووسیان کە هەواڵنێرێکی ئەمریکایی سەر بە "سیا" دەورێکی بەرچاوی لەم گەریانەدا گێڕاوە. بەختەوەرانە ناویان نەبردبووم.) بەڵام لە حەوتەی دواتردا کە هێشتا شەڕی هەردەکی سەری لە حەوتوویەك نەدابوو, ئوزەل لەسەر دەستی دوو ڕۆژنامەنووسی تر تەکانێکی بە ڕووداوەکان دا و بانگهێشتنی ڕێبەرانی کوردی لێکەوتەوە کە بە نهێنی سەردانی ئانکارا بکەن. ئوزەل بۆ دیدار ساز و ئامادە بوو. زۆر بەر لە چوونی کوردان بۆ ئانکارا فەرمانی دابوو بە وەزارەتی دەرەوە و "توپری" کە سەنەد و بەڵگە پەیوەندیدارەکان لە کۆلکەی دەوڵەتی دەرکێشن. زۆر دواتر پێیگوتم: "سێسەت چوارسەت لاپەڕەم خوێندەوە, لە بەڵگەنامە و سەنەد و ڕۆمانانڕا بگرە هەتا دەگاتە پێشینەی عوسمانی و وتوویژی تێکرایی کۆمەڵی نەتەوەکان و پەیماننامەی لۆزان." هەرووەك پێشتر وتم, لەمەی ئاخریدا واتە پەیمانامەی لۆزان, بە فەرمانی ئاتاترك ناوێك لە کوردان نەهاتۆتە گۆڕ و لەو دەمەیڕا کوردان دیزە بە دەرخۆنە کران.

لەم دوو ڕۆژنامەنووسەی باسم کردن, یەکیان گنجیز چاندار بوو کە لە زەمانی مانەوەیەوە لە بەیرووت, لە ساڵەکانی دەیەی ١٩٧٠دا لەگەڵ بارودۆخی جیهانی عەرەب چاك ئاشنا ببوو. ماوەیەك پاش داگیرکرانی کووەیت لە لایەن ئێراقەوە, ئوزەل و چاندار کە پێشتر یەکتریان نەدەناسی پێکەوە دیداریان کرد, ئەم چاوپێکەوتنانە چەند جار دووپات بوونەوە. لەم دیدارانەدا سەرکۆمار بە چرپە بە چانداری گوتبوو کە وا دیارە ئەو شتگەلێك دەنووسێ کە خودی خۆی, واتە ئوزەل هێشتا بیری

لـێنەکردوونەوە. ئەم دووە بەتایبەت لـەسەر پێویـستی فڕێدانـی میراتـی پـیرۆز بـەڵام پـواوی ئاتـاترك و چارەسـەری کێـشەی کـوردی خـودی تورکیـا و هەڵـسەنگاندنی سەرلـەنوێ پێوەندی لـەگەڵ دەروجیرانە عەرەبەکاندا, هاوبیر بوون.

چاندار وێڕای ئەوەش دەیتوانی لە دۆزینەوە و هەڵبـژاردنی جێنـشینێکی شـیمانەیی بۆ سەددام حوسێنش‌دا بەکەلك بێ و ئەمەش دیسان بە مانـای داگیرسـاندنی وتوویـژ بوو لـەگەڵ کوردەکانی ئێراق. هەر وەها لـەبەر ئەمەی کـە سـەرۆك ئـوزەل پابەنـدی و گیرسانەوەی وەزارەتی دەرەوەی لـەسەر نەریتی ئاتاترك لـێ ڕوون بوو, متمانەیـەکی بـە وەزارەتی دەرەوە نەبوو. چاندار بە ئاگـاداری و ئیزنـی ئـەو ڕێ درا هـەتا کوردەکـانی ئێراق لـە لـەندەن بدوێنێ و لـە بابەت چوونیان بۆ ئانکارا بە مەبەستی وتوویژ لــە مـەڕ داهاتووە تامی زاریان بزانێ. جا ئەم کۆنە فێڵەی کایەی هەواڵنێری کاری خـۆی کـرد. چاندار لە لـەندەن کەسێکی نەدەناسی, بەڵام لـە ١٦ی فێوریەدا توانی لـەگـەڵ یـەکێك لە ڕێبەرانی دژبەرانی ئێراق بە ناوی ئەحـمەد چەلـەبی دیدار بکا. چەلـەبی بانکـدارێکی شیعە مەزەب بوو کە لـە تافی لاویـڕا, یانی لـە دەیەی ١٩٧٠وە باڵـی ژێنێـڕاڵ بـارزانی بۆ کڕینی چەكوچۆڵ گرتبوو و یەکێك بوو لـە دۆستانی نیزیك و گەرموگـــــــــوڕی کوردان.

کاتێك چاندار مەبەستەکەی لای چەلـەبی درکاند, چەلـەبی تەلــەفۆنی بـۆ تاڵـەبانی کرد کە بە هەڵکەوت ئەو کات لـە لـەندەن بوو. بۆ سبەینێ چاندار لـە لـەنـدەن چـاوی بە تاڵـەبانی و موحسین دزەیی نوێنەری بارزانی کەوت. لـە زەمانی دیداری پڕ ناهومێـدی مانگی ئووتی ڕابردووی تاڵـەبانی لە واشینگتۆن, ڕێبـەرانی کـورد ئەوەنـدە لــە بابـەت دژایەتی کردنی تورکیا لـەگەڵیان بێشك بـوون کـە سەرنـجێکی ئـەوتۆیان نەدابوویـە کردنەوەی دەرگای پەیوەندییەك لـەگەڵ ئـوزەل. بـەڵام لــە کاتێکـا شـەڕی هـەردەکی خەریك بوو دەستی پێدەکرد تاڵـەبانی و دزەیـی مـەیلی خۆیـان بـۆ دیـدار لــە تورکیـا دەربڕی.

ئەو ئەمبارەوبار بوونە جێی سەرسوڕمان نەبوو. شەوی پێش وی کـامران قـەرەداغی لـە ئیستامبووڵـەوە تەلـەفۆنی بۆ تاڵـەبانی کردبوو. کامران قەرەداغی لـە کوردانی ئێراق و

سەرنووسەری دەرەوەی "ئەلحەیات" بوو, كە رۆژنامەیەكی سعوودییان بوو لە لوبنان و تازە لە دیمانەیەكی یەكسەعاتونیوە لەگەڵ ئوزەل بوو. ئەم وتوویژە نەوەد دەقیقەیەش شتێكی زۆر باش بوو. قەرەداغی لەوپەری سەرسورماندا لە لایەن ئوزەلەوە بەرەورووی پرسیارێك ببۆوە. لەم دیمانەیەدا ئوزەل بە لەسەرخۆیی گوێی دەدایە وڵامەكان و زۆر كەمی قسە دەكرد و لە زانیاری گەرمەتەندووری قەرەداغی بەهرەی وەردەگرت و كۆمەڵێكی پرسیار سەبارەت بە كوردانی ئێراق و رێبەرانیان دێنایە گۆڕ و لە هەرێمی ژیانی دەپرسین و بەم مەبەستە نەخشەیەكی لە داخڵەی مێزەكەی دەرهێنا. ئوزەل زۆری بە لاوە سەیر بوو كە كوردەكانی ئێراق ئیزنیان هەیە بە زمانی خۆیان بدوێن و بنووسن و زانكۆیان هەیە.

ئوزەل بە قەرەداغی گوت: توركیا دەتوانێ پشتیوانێكی باش بێ بۆ كوردان و زیادی كرد: "تكا دەكەم ... تكا دەكەم بە كوردان بڵێی متمانەم پێبكەن." هەروەها لە زمانی دەرپەڕی كە دایەگەورەی كورد بووە و دەیەوێ هەر بەم زوانە ئەم یاسا زۆر دزێوانەی زمانی كوردی بەربەست دەكەن و میراتی حكوومەتی فەرماندەرانی نیزامیی ساڵەكانی ١٩٨٠-١٩٨٣یە كۆكاتەوە. كاتێك ئوزەل سەبارەت بە دۆستایەتی نێوان كوردەكانی ئێراق و پارتی كرێكارانی كوردی توركیا (پ.ك.ك) پرسیاری كرد, قەرەداغی بە دەسپێشخەری وڵامی داوە: "ئاغای سەركۆمار, ئێوە بۆچی خۆتان لەگەڵ رێبەرانی پێشمەرگان دیدار ناكەن؟ من دڵنیام كە ئەوان تامەزرۆن زۆر زوو چاویان پێتبكەوێ."

ئوزەل متەقی نەكرد, بەڵام بێگومان بە سەرنجدان بە دەسپێشخەری چاندار چاوێكی ماناداری لە توپری كرد, كە یادداشتی لەم وتوویژە هەڵدەگرتەوە. جگە لە مەبەستی ساكار و ئاسایی, مەبەستی سەبارەت بە دیدار لەگەڵ كوردان لە دەقی وتوویژەكە دەرهاوێژرابوو. قەرەداغی جارێكی تر لە مانگی ئۆكتۆبردا چاوی بە ئوزەل كەوتبۆوە و لە رێبەرانی كوردی راسپاردبوو پەیوەندی بكەن بە ئانكاراوە, بەڵام رێبەرانی كورد بە پاڵپشتی ئەم بڕوایە كە توركیا دوژمنێكی كەللەڕەقە و نەرم نابێ, هیچیان نەكردبوو. كاتێك دیمانەی دووهەم تەواو بوو, قەرەداغی ڕێوڕاست

گەڕایەوە میوانخانە و تەلەفۆنی بۆ تاڵەبانی کرد کە لە لەندەن بوو و گوتی: "داوام لە ئوزەل کردووە پەیوەندیتان پێوە بکا, ڕازی یان نا؟" هەڵبەت کە ڕازی بوو. تاڵەبانی بە قەرەداغی گوت کە دەقودۆغر بە ئوزەل بڵێ کە ئەو و بارزانی پێیانخۆشە چاویان بە دەوڵەتی تورکیا بکەوێ. (هەڵبەت پاشان موحسین دزەیی بە جێی بارزانی چوو, کە باوەڕ پێکراوی بوو.) قەرەداغی بۆ بەیانی, بەر لە فڕین بەرەو لەندەن تەلەفۆنی بۆ توپری کرد هەتا پەیامەکەی بگەیەنێ, بەڵام توپری لە ماڵ دەرکەوتبوو. وا ئەوەی پاش حەفتا ساڵ وەك یەکەم پەیوەندی نووسراوی کوردان لەتەك تورکیا دەهاتە ئەژمار یادداشتێکی کورت بوو بە زمانی ئینگلیسی کە قەرەداغی نابوویە پاکەتێك و لەسەری نووسیبوو "تایبەتی و نهێنی" و بۆ توپری بەجێ هێشتبوو.

هەفتەیەك پێچوو هەتا توپری بە قەرەداغی ڕاگەیاند کە دەوڵەتی تورکیا پێیخۆشە ئەگەر بکرێ لە لەندەن یا ستۆکهۆڵم چاوی بە کوردەکانی ئێراق بکەوێ, بەڵام هەرچۆنێك بێ بەر لە یازدەی مارس کە ئوزەل سەردانی "مەسکەو"ی دەکرد. ئاخرییەکەی هەردوو لا لەسەر دیدارێك لە ڕۆژانی ٨ و ٩ی مارسدا لە ئانکارا ڕێك کەوتن. وەکوو ڕوونە دەبوایە کوردان بە مەبەستی ڕاکێشانی یاریدەی ئوزەل سەبارەت بەوەی دەستیان بگەیبایەتە واشینگتۆن, بۆ دیدارێکی خێرا پێداگرییان بکردایە, چونکە مرزەم بوونی ئەمریکا بۆ وەرگیرانیان لە لایەن کۆمەڵی نێونەتەوەیییەوە مەبەستێکی بنەڕەتی بوو. ئەگەر خێراتر جووڵابانەوە, ڕەنگە توانیبایان بەر لە دەسپێکی "ڕاپەڕین" لە پێنجی مارسا، چاویان بە ئوزەل بکەوتایە و بەمجۆرە بەری زۆرێك لە کوێرەوەری و بۆندژییەکان گیرا بایە. لە جیاتی ئەم کارە تاڵەبانی لە پێشدا چوو بۆ واشینگتۆن, بەم هیوایە کە بە ئەمریکا بسەلمێنێ هەتا شوورەی پەیوەندی کردن بە کوردانەوە لابەرێ و ڕێی نێوانیان لەتەك ئانکارا بکرێتەوە. هەروەك چاوەڕوانی دەکرا, تاڵەبانی ڕایەکی تر بە خۆیدا شکایەوە.

ئەمەش پێشبینی دەکرا کە کوردان بۆ جارێکی تریش هەتلەڕێ بوون. ڕێبەرانی کورد هەرگیز سەرنجیان نەدایە ئەم مەبەستە کە زەمانێك شۆڕش هەڵگیرسێنن کە هێشتا شەڕی هەردەکی لەگەڵ ئێراقا نەبڕاوەتەوە. وەها کردەیەکی ئازایانە, وەك

یەکێك لە دیپلۆماتە بەئەزموونەکانی ئەمریکا گوتی، ڕەنگبوو بە قازانجیان تەواو بوایە: چونکە ئەو کات "هێزەکانی ئێراقی بە دژی کوردان دەهاتنە مەیدان و بەم شێوەیە بەربەرەکانی کردنیان بۆ شوارتسکۆف شتێکی سرشتی و بەجێ و ڕێ دەبوو؛ ئەو دەم نیازی بە سەلماندنی کاربەدەستانی بالاّ نەدەبوو؛ هێزی ئاسمانییش بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە کاری خۆی دەکرد." دیپلۆماتی ناوبراو لە درێژەی قسەکانیدا گوتی: "ئەگەر کوردان زانیبایان ئێمە چیمان دەکرد, بێگومان جیهان ئیتر گیروگرفتێکی نەدەبوو." بەلاّم مل نەدانی ئەمریکا بۆ پەیوەندی گرتن لە گەڵ کوردان, کۆسپی وەدیهاتنی وەها ئاکامێك بوو. بەمجۆرە هەل و شانسی بەدیهاتنی ئاڵوگۆڕ لە ئێراقا فەوتا.

بە نەبوونی ئەم ڕووداوانە, دەوڵەتی بووش هەروا بە بیروڕای ڕزیوی خۆیەوە نووسابوو و ئەم مەبەستە پێچەوانەی هاواری مەترسییەك بوو کە لە ئاخرین دەقیقەکاندا خۆی نواند. ئابرا موویتس هەر ئەوەندەی بۆنی کرد لە ئانکارا چ ڕادەبرێ, تێلگرافێکی بۆ وەزارەتی دەرەوە لێدا و گوتی وەختی وەی هاتووە کە کوردانی ئێراق وتوویژیان لەگەڵ بکرێ, بەتایبەت ئەگەر پاژێك بن لە تەواوی لێژنەی نوێنەرایەتی کە تەواوی دژبەرانی ئێراق بگرێتەوە و هەڵبەت پێویستە بەم پێیە لە پێشدا تورکیا ئاگادار بکرێتەوە. ئابراموویتس زۆر دواتر گوتی کە کاربەدەستانی وەزارەتی دەرەوە کە ئەم گفتوگۆیەی لەگەڵ کردوون, چونکە ئەو لە ڕابردوودا, لە ترسی ڕەنجاندنی تورکیا هەمیشە دژی وەها کردەیەك بووە, پێکەنیون و گوتوویانە: "ئەتۆ چت لێهاتووە!؟" ئەم پێوە ماندوو نەبوونە, یەکی تر لەم هۆکارانە بوو کە پاڵی بە واشینگتۆنەوە نا بۆ خۆگنخاندنی زیاتر لە بەرامبەر ئەم قەیرانەدا کە وا خەریکی گووران بوو.

کاتێ لە ڕۆژانی نۆ و دەی مانگی مارسا "تونگای ئوزچری", جێگری وەزارەتی دەرەوەی تورکیا لە میوانخانەی دەزگای پاراستنی ئەم وڵاتانە چاوی بە تاڵەبانی و موحسین دزەیی کەوت, کوردان و ترکان هیچکامیان چ بڕ ئاگایان لە ڕەوەندی ڕووەو

هەرەسی لەنەکاوی ڕاپەڕین نەبوو. ئوزچری لە کاتێکا گوێی دابوویە وتەی ڕێبەرانی کورد, کە بە شادمانییەوە باسی ئاخرین دەسکەوتەکانی پێشمەرگەیان دەکرد لە ئێراق و لەسەر هاوکاری خۆیان و تورکیا دەدوان, لێرەدا ئوزچری لە مەبەست حاڵی بوو: کوردان خوازیاری یارمەتی تورکیا لە کۆڕ وکۆما نێودەوڵەتییەکان دان, بەتایبەت دەیانهەویٚ ئەمریکا حەساری وتوویژیان لەسەر هەڵبگریٚ و دانیشتنیان لەگەڵ بکا. وەبەر چاو نەگرتنی پاوانی دامەزراوی ئاتاترك لەم سەردەمەدا کە شەڕی سارد کۆتایی پیٚهاتبوو و ترکان لەتەك دوژمنەکەی تریان لە ئەرمەنستان خەریکی وتوویٚژ بوون, ئاقلانە دەهاتە بەرچاو. ئوزچری هاودەنگی ڕاسپاردەی ئوزەل بۆ دیپلۆماتەکانی هاوکاری بوو کە بڕوایەکیان بەم مەبەستە نەبوو. ئوزەل گوتبووی: "لە سەردەمێکا هەموو ویٚکڕا کەوتوونە وتوویژ ئێوە دەبیٚ لە قاپۆڕی خۆتان بێنەدەر."

ئوزەل پاش یەکەم چاوپێکەوتنی ئوزچری لەگەڵ کوردان کۆبوونەوەیەکی بە بەشداری ئەندامانی سەرەکیی کابینە و سەرۆکی ناوەندی سەرکردایەتی سپا پێکهێناو ئەوانی لەم ڕەوتە پڕ دەمەتەقەیە ئاگادار کردەوە. ئەو لەم کۆبوونەوەدا لیٚگەڕا هەموو لە پێشدا قسەی خۆیان بکەن و هەر ئەمەش ڕێی بۆ سەلمانی پێشنیارەکانی خۆش کرد. ئەو بە هێنانە گۆڕی ئەم مەبەستانە کە تورکیا ئەوەندەی لە پشتیوانی کردنی کەمینە ترکەکانی بولغارستان یا قوبروسدا بەرژەوەندیی هەیە, هێندەش لە پشتگیری خزمانی کوردی لە ئێراقدا خاوەنی قازانجە, چی بە دەس ناسیۆنالیستە توند و تیژەکانی دژبەری ئەم گەڕیانەوە نەهێشت. لەگەڵ ئەمەشدا کاتێك باسی ئەم کارانەی کرد کە کردوونی, دەزگای دەوڵەتی تورکیا و ڕۆژنامەکانی ترك ترس و خۆفیان دەربڕی. وێڕای ئەمەش یەك دوو حەوتوو دواتر ئوزەل بە ئاشکرا چاوی بە ڕێبەرانی کورد کەوت, ئەندامانی دیکەی دەوڵەتی تورکیا و سیاسەتوانانی "دژبەر"یش هەر وایان کرد. ئوزەل بەڵێنی خۆی بردەسەر, خێرایەکی لە دەوڵەتی بووشی ڕاسپارد کە لەگەڵ کوردان بکەوێتە وتوویٚژ.

ئابراموویتس سەرەڕای تەواوی ئاگادارییەکی کە پێشتر سەبارەت بەم گەڕیانە هەیبوو, نەیتوانی کاکڵی کار و کردەوەی ئوزەل بدۆزێتەوە. ئابراموویتس کە لە ئوزەل

دڵمەند بوو چونکە پێشتر ئەم باسەی لای ئەو نەدرکاندبوو, لە ڕێی گۆڤار و ڕۆژنامانەوە چاوپێکەوتنی تاڵەبانی و دزەیی بە گوێ ئاشنا بوو. وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا هەر بە پێی دابی خۆی دەربەسی ئەم ڕووداوانە نەبوو. هەڵبەزینەوەی تەواو شان بەشانی ئەو بێمەیلییە بوو کە پێنتاگۆن لە بەرامبەر زانیارییە تاکتیکییەکانی وا کوردان لە مەودای شەڕا بۆیان بەڕێ دەکرد, لە خۆی نیشان دەدا. هەر بۆیە کوردان لە پێشا ئەم زانیارییانەیان دەنارد بۆ یەکێك لە کوردانی دانیشتووی "میشیگان"ی ئەمریکا و ئەویش ئەم هەواڵ و زانیارییانەی دەدا بە پیتێرگالبریس لە مەجلیسی پیران و ئەویش بە نۆرەی خۆی دەیدان بە پێنتاگۆن.

***

لە ٢٨ی فێوریەدا, یانی ئەو ڕۆژەی کە لەپڕ شەڕ برایەوە, کاربەدەستانی ڕەسمی ئەمریکا حارز نەبوون چاویان بە لێژنەیەکی ڕێبەرانی کورد بکەوێ کە لە واشینگتۆن بوون. ئەم ڕێبەرانە کە لەسەر بانگهێشتنی سێناتۆر کالی بورن پۆل , سێناتۆری دێموکرات لە ڕوودئایلەند و سەرۆکی کومیتەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی مەجلیسی پیران هاتبوونە ئەمریکا, لە دیدارە ڕەسمی و غەیرە ڕەسمییەکانی خۆیانا مەسەلەی ئەگەری ڕاپەڕینێکی گشتییان لە داهاتوویەکی نیزیکا هێنایە گۆڕ و داکۆکییان کردە سەر بزووتنی هەستی خەڵك بە دژی سەددام و بە لایەنگری ئەمریکا لە ئێراقا. هیچ کاربەدەستێکی باڵا مەیلی لە بیستنی ئەم شتانە نەبوو. تەنانەت ڕیچارد شیفتێر, یاریدەدەری وەزارەتی دەرەوە لە کاروباری مرۆڤدۆستانەدا, لە ئاخرین ساتەکانی قەراروبڕی چاوپێکەوتندا، دیدارەکەی لەگەڵ لێژنەکە هەڵوەشاندەوە. کاتێك سێ کەس لە ئەندامانی لێژنەکەی کوردان بۆ چاوپێکەوتنەکە گەیشتنە ڕاڕەوی وەزارەتی دەرەوە, بەرەوڕووی کارمەندێکی بەرەژێر بوونەوە کە داوای لێ کردن بۆ خواردنەوەی قاوەیەك لە دەرەوەی عیمارەتەکە میوانی بن. ئەمە سووکایەتی پێکردنێکی دیپلۆماتیك بوو کە کوردان چاکی لەگەڵ ڕاهاتبوون. لە ڕابردوودا کاربەدەستانی "دەفتەری ڕۆژهەڵاتی نیزیك و باشووری ئاسیا" لایەکەم دەیانسەلماند کە بە گوێرەی

پێشینەی ئێراق لە بەستێنی نە پاراستنی مافی‌مرۆڤ‌دا, لای‌کەم پێویستە ئەم خەڵکەش پرسێکیان پێ‌بکرێ و پاشان ئەوانیان حەوا دەدا بۆ لای کەسێك لە دەزگای شیفتێردا. پەیامی پڕ لە سووکایەتی و بە هیچ نەگرتن لەمە ڕوونتر هەر نەدەبوو.

لە بەشی بەڕێوەبەریی‌دا تەنیا "زال وی خالدزە" کە یەکێك لە پەیڕەوەڕێژانی پێنتاگۆن بوو لە حاند ئەم بارودۆخە ڕاوەستا و دژایەتی نواند. لە ماوەی چاوپێکەوتنی نارەزامەندان لە واشینگتۆن یەکێك لە کارگێڕانی دەفتەرەکەی و لە دامەزراوەی بروکینگز چاوی بە کوردان کەوت و قەراری دیدارێکی لەگەڵ دانان. کاتێك وە بیر ئەم کەسەیان هێنایەوە کە ئەم کارە دەبێ ڕەزامەندی "دەفتەری ڕۆژهەڵاتی نیزیك و باشووری ئاسیا"ی لەسەر بێ, داوای ئیزنی کرد, بەڵام داخوازەکەی ڕەت کراوە. ئەو گوتی: "هەر ریس‌وگوریسێکیش کە بەر لە ئازاد کردنی کووەیت بۆ بەڕێوەچوونی وەها سیاسەتێك هەبووبێ, من لام وانەبوو کە وەها جەغزێك پاش شەڕیش دەبێ بەردەوام بێ. تەواو واق مابووم."

کاتێك چەند ڕۆژ دواتر ڕاپەڕین لە کوردستان و باشوور سەری هەڵدا, ئاکامی ئەم نیزیك‌بینییە سیاسییە وەدەرکەوت. یەکێك لە ئەندامانی شووڕای تەناهی نەتەوەیی لە سەرەتای مانگی مارسا گوتی: "ئامانج و سیاسەتی ئێمە لە کۆڵ بوونەوەی سەددامە نەك حکوومەتەکەی." وەك ئاشکرایە ئەمە "شیلە و هەوێنی" سیاسەتی واشینگتۆن بوو لە ئێراق. وا هەر ئەم هەڵوێست و سیاسەتە بوو کە حکوومەتی سەددام حوسێن و داروودەستەکەی بۆ داهاتوویەکی چاوەڕوان کراو خستە کۆڵی کۆمەڵی نێونەتەوەیی و خەڵکی ئێراق و سیاسەتی بە هیچ نەگرتنی ئاشکرای دژبەران یارمەتی پاش دەوەن بوونی کردەی حکوومەتێکی دا کە وەك دیارە "شووڕای تەناهی نەتەوەیی" لووتی تێی‌بوو. ئەو تاقمە سەرکردە نیزامییانەی ئێراق کە ڕەنگ‌بوو دژی سەددام حوسێن بێنە مەیدان, نەیاندەزانی واشینگتۆن چی دەوێ. ئەوە سرشتی حکوومەتە زۆردارەکانە. ئەم نیزامییانەی لە ناخی خۆیان‌دا دژبەری حکوومەتی سەددام بوون, نیازمەندی نیشان‌درانی "نیشانەیەك" بوون لە لایەن ڕێبەری هێزەکانی هاوپەیمانەوە. لەگەڵ پەرەسەندنی ڕاپەڕین, گەورە پیاوانی نیزامیی ئێراق کە ویستبوویان پەیوەندی بە

دژبەرانەوە بکەن, کە چاویان بە بێ‌مەیلی ئەمریکا کەوت, هاتنەوەخۆ و دەستیان ڕاگرت.

ئەم مل نەدانە بۆ وت‌وویژ لەگەڵ دژبەران, لەڕێوە هێندێك کێشە و تەنگەژەی بە کردەوەی نایەوە کە پتر بۆیە خۆفناك بوون کە ئەمریکایی‌یەکان بە ئانقەست نەیانویستبوو پێش‌بینییان بکەن. ئەمانە مانگێکی ڕەبەق دانیشتبوون و چورتەیان لە خۆ بڕیبوو, وەك ئەوەی لۆی هیچ داوێکی ڕووداوەکانی ئێراق نەگەڕێتەوە سەر وان. تەنیا لە ئاوریلدا بوو کە زەنگی مەترسی زیڕاندیان و ئەمەش کاتێ بوو کە کوردان سەت سەت لە کوێستانان دەمردن. پاشان قەیرانی پەناخوازان لە ناخافڵ بەرۆکی گرتن. قەیرانێکی کە خێرا پەرەی دەسەند و لە مێژوودا پێشینەی نەبوو. "فێریدریك کۆنی" گوتی: "لە ڕۆژانی دەسپێکی ئاوریلا واشینگتۆن تووشی سەر لێ‌شێواوی و تێکەولێکەیەکی تەواو بوو. لە وەزارەتی دەرەوە هیچ‌کەس نەیدەزانی دەبێ چ بکرێ و هەرکەس وایدەزانی ڕاگەیشتن بەم قەیرانە ئەرك و بەرپرسایەتی کەسێکی ترە."

کۆنی ئەمەی بە لاوە سەیر نەبوو. ئەو کە پیاوێکی ڕەندی سەربەستی خەڵکی تێگژاس بوو و بە گوێرەی چێشکەی خۆی لێزانینێکی سەبارەت بە کاروباری خەڵکی بەلا لێ‌دراو وە دەس هێنابوو و چەندین دەیە بوو کە شێوە توند و نوێباوەکانی ببوو بە هۆی سەرێشەی "کاغەزبازان"ی خاوەن ئەزموون, لە مانگی دێسامبردا ئەم "سێناریۆ"ی بۆ "دەفتەری کاروباری پەنابەران" نووسیبوو: ڕاپەڕینی گشتیی و هەڵقولێوی کوردان, هەرەسی تێکڕایی ڕاپەڕین و کۆڕەوی بەربلاوی کوردان. ئەو, ئەوان سەردەمان خەریك بوو دەوڵەتی دوورخراوەی کووەیتی ڕێنوێنی دەکرد کە پاش ئازادی وڵات دەبێ چ بکا و بەتایبەت چ نەکا. پشتی مێزنشینانی وەزارەتی دەرەوە گوێیان دایە قسەکانی, بەلام جوولەشیان نەکرد: گەڵاڵەدارشتن بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ ئەم ڕووداوانەی کوردیان دەگرتەوە دەیتوانی بە مانای دنە و پاڵ پێوەنانیان بێ بۆ ڕاپەڕین و لێك‌هەڵوەشانی ئێراق! زۆر بەر لەوەی "کۆنی" هیچ بەرپرسایەتییەکی لە پەیوەند لەتەك کووەیتا بخرێتە ئەستۆی, پاشەملە بۆ گەپجاری باسیان دەکرد و ئەو لە حاڵێکا

ڕۆژگاری بە خۆشییەوە تێپەڕ دەکرد, چاوەڕوانی کارەساتی پێش‌بینی کراوی بوو بـەڵام دەزگای حکوومەت هەر بە پووچی سەیری دەکرد.

لـەگەڵ ئەوەش‌دا پشتی مێزنشینان هەر بەڕاستی بـە دیتنـی بـەربڵاوی و تەنینـەوەی توند و لـەپڕی شۆڕشی کوردان لـە کوردستان و شیعەکان لـە باشـووری ئێـراق — ئـەو شوێنەی کە هێزەکانی ئەمریکایی بە کردەوە تەماشـاوانی سـەرکوتی ڕاپـەڕین بـوون — ڕاچڵەکین. وەزارەتی دەرەوە چاوەنواری ڕێ کەوتنی پەنـجا تا سەتهـــــــــــەزار پەناخوازیشی نەکردبوو و بە زمـانی خـۆی پێـی لێنـا کـە ئـەو وەهـا گێـرە وکێـشە و تێکهەڵچوونە هەراوەی پێش‌بینی نەکردبوو, ئیتر چ بگا بـە وەهـا کـۆڕەوێکی مـەزن و بەربڵاو. هیچ سەیر نیە کە گەڵاڵەڕێژانی حکوومەتی بە سەرنج‌دان بـــەم حەســـارەی خرابوویە ســـەر وت‌وویـّـژ لـەگـەڵ دژبـەران, لــە وت‌ویـّژەکانی دوایی‌دا بێ‌پـسانەوە ئاماژەیان بۆ ئەم مەبەستە دەکرد کە ئـەوان بۆچـوونەکانیان لـەسـەر بناغـەی هـەواڵ و کۆمەڵێك زانیاری فرە ئاڵۆز ولێڵ دامەزراندبوو.

یەکێك لـە کەسانی زانستگایی کە کۆچی ساڵی ١٩٧٥ی کوردانی بەرەو ئێران وە بیر دەهات و تێوەنەگلانی ڕاستەوخۆی شارنشینانی بە لای زۆردا لـە یاد بوو و لـە بـیری چووبۆوە کە سەددام حوسێن بە چ شێوەیەکی ڕێك‌وپێك و ڕێ‌وشوێن بـۆ دیـاری‌کراو کۆمەڵی گوندنـشینی کوردسـتانی تـەفروتونا کردبـوو, گـوتی: "پێمـان سـەیربوو کـە شارنشینانیش کەوتوونە گەڵ کۆڕەو." بە هەر بارێك‌دا لـــە کوردانـــت دەڕوانـــی بـــە کردەوە شارەکی بوون: یا خۆیان لە شار دەژیـان یـان سـەددام حوسـێن بـە زۆرەملـی ئـەوانی لـە "موجەمـــمەع"ەکـان پەسـتاوتبوو. ئـەم مەکۆگایانـە کـە لـە کەرەسـەی هەرزانبایی ساز کرابوون, بە مەبەستی "چاوەدێری" سووك و سانا لـە قـەراغ شـارێیان هەڵخرابوون و هەموو دەترسـان کـە سـەددام حوسـێن بـە چـەکی شـیمیایی تۆڵـەیان لـێ‌بکاتەوە, ئەگەرچی هەرچۆنێك بێ ساڵی ١٩٨٨ ئەم کارەی کردبوو. یـەکێك لـە کارەبەدەستانی وەزارەتی دەرەوە ڕێ‌وڕاست گوتی: "هەر بەڕاستی نەماندەزانی."

هەروەك زۆربەی ڕووداوەکانی‌کە لـە دەیەی ١٩٨٠دا قەومان, ئەوە تەنیا تێمـان و داماوی بوو کە دەوڵـەتی نێو گێژی تەنگەژانی ناچار کرد کە بەسەر گومان و بێرەبێـری

خۆیدا زاڵ بێ و بە نابەدڵی "کۆنی" ڕاسپێری هەتا خەریکی شۆردنەوە و سەروبەر ویلکهێنانی کردەوەی ناشیاویان بێ سەبارەت بە کوردان. تەنانەت کۆنیش کە لە نێوەڕاستی ئاوریلدا چووە کوردستان لە "بێخەبەری چەقبەستوو"ی کاربەدەستانی ئەمریکایی – بە نیزامیی و غەیرەنیزامییەوە – سەری سوڕما. "هیچ کەس هەر بە خەیاڵیشیدا نەدەهات کە دەبێ لەگەڵ کێ وتوویژ بکرێ و تەنانەت کەسیش نەیدەزانی کە کورد کێن." کاتێك ژێنێراڵ "جێ ئیم. گارنێر" بۆ وەرگرتنی پلەی سەرکردایەتی هێزەکانی هاوپەیمان لە خاکی ئێراق هاتە ناوچە و کورتە ڕاپۆرتی ویست, هیچ کەس نەیدەتوانی وڵامێکی پرسیارەکانی لە مەڕ بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد, ڕێکخراو و ئاوات و ئامانجەکانی بداتەوە. "ئەم مەبەستانەی کە لە نامیلکەی زانیاری و ڕێنوێنیدا نووسرابوون وەك شۆخی دەچوون, تەنانەت ڕێبەرانی حیزبی و پەیوەندەکانیانی پێکەوە لێکدابوو. هێشتا دوو مانگێك لە بڵاوکرانەوەی تێنەپەڕیبوو, کەچی ئاوها پڕ هەڵە بوو." هەرچۆنێك بێ ئەگەر کەسێك بۆ سەرکۆنە شیا با, ئەوە خودی کۆماریخوازان بوون: دەوڵەتی ڕێگان کارناسان و پسپۆڕانی شوێنی لاپەڕ و دوورەدەستی وەك کوردستانی بژار کردبوو. لە پێت و بەرەکەتی ئەم پەیوەندییانەی بریتانیا لەگەڵ دژبەرانی ئێراق هەیبوو, هێزی دەریایی پاشایەتی چەند ئەفسەرێکی عەرەبزمان و ئەفسەرێکی پایەبەرزی هەنارد کە زانیارییەکی زۆریان دەر بارەی هێزەکانی پێشمەرگە و ڕایەڵەی دارِشتی هۆز و عێل و داب و ئاکاری کوردانی پێبوو. هێزەکانی دەریایی هولەندیش چەند لاوی کوردیان لەتەك خۆیانا هێنابوو کە لە هولەند مافی پەنابەری پێدابوون و ئێستا لە جلوبەرگی هێزەکانی هولەندیدا وەك ڕێنوێن و دیلمانج ئیشیان دەکرد.

لە باری ڕامیارییەوە کەترەخەمییەکانی دەزگای دەوڵەت لە مەڕ خۆرهەڵاتی نێوەڕاستا, پتر لەبەر "نیشانەگەلی" لێڵ و ئاڵۆزی خودی واشینگتۆن لە بیچم و قەڵافەت دەترازان. بۆ وێنە, سعوودییەکان لایەکەم لەبەر چاوان وایان دەنواند کە چ ترسیان لە دێموکراسی و خراپەکاری شیعەکان نیە. کەڵەمێردانی شیعە لە ڕیزی

دژبەرانی ئێراقدا, بەتایبەت ئەندامانی "ئەددەعوە" سعوودییەکانیان دڵنیا کردبۆوە کە هیچ مەبەست و ئامانجێکی تاڵ و ناخۆشیان سەبارەت بە ناوچە نەوتییەکانی پارێزگای ڕۆژهەڵاتییەوە نیە. لە ڕاپۆرتێکی مەجلیسی پیراندا نووسرابوو: "لە جەنگەی شۆڕشدا کاربەدەستانی سعوودی پێشنیاریان کرد کە ئەیالەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و عەرەبستانی سعوودی وێکڕا سەرهەڵداوانی کورد و شیعە بە باری نیزامیی‌دا یاریدە بدەن." ئەم پێشنیارە دەگەڕاوە سەر "دەسکەوت"ەکانی دەزگای پاراستنی سەرۆك کۆماریی کە دروست بەر لە دەسپێکی شەڕ لە ژانویە بەڵێنی یارمەتی دەدا بە دژبەرانی ئێراق.

دەوڵەت خۆی لە بەرامبەر زەرەدی بە هەڵکەوتا بیمە کرد: "ئەمجار خەرجوبەرج لە ئەستۆی کووەیتی و سعوودییەکان بوو و سەرەنجام هەردوولا ترسیان ڕێنیشت کە نەکا جگە لە ئێراق, ئێران و سووریا و تورکیاش تووشی ئالۆزی بن. ئەمە وتەی یەکێك لە ئەفسەرانی ئاگاداری دەزگای پاراستن بوو: "کە وابوو لێبڕان بە دوای کێشەکەدا نەچن." سعوودییەکان دەبێ لە خۆیان پرسیبێ کە ئەمریکا بە شوێن چ ئامانجێکەوەیە, چونکە دەوڵەتی ئەمریکا لە کلکەی مارسیشدا وڵامێکی سەبارەت بە پێشنیاری یارمەتی سپایی نەدابۆوە. لەگەڵ ئەمەشدا, لە سێهەم حەوتەی مارسا سعوودییەکان "وشیار زێباری", یەکێك لە یاریدەدەرانی بارزانییان بانگ کردە "ڕیاز" و لە بابەت "چالاکی بەگەرمە"وە پێشنیارگەلێکیان هێنا گۆڕ. پاشان "برێنت ئێسکوو کرافت" و کارناسەکەی خۆرهەڵاتی نێوەڕاستی ئەو یانی "ڕیچارد هاس" لەپڕ بۆ بەڕێوەبردنی ڕاسپێراوییەك لە واشینگتۆنەوە هاتن. سعوودییەکان لە مەبەستەکە حاڵی بوون, کوردەکانیش هەروەتر. پاش ئەوەی کە ئێسکووکرافت و هاس هاتنە سەر گەڕانەوە, بلیتێکی فڕۆکەی لەندەنیان دایە وشیار زێباری و گوتیان کە ئیتر پێویست نیە پتر وەمێنێ.

ڕاسپێراوی و هاتنی ئێسکووکرافت کە دروست پاش چاوپێکەوتنی بووش و حەوت کەس لە ڕاوێژکارانی بەرزی, بۆ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەستی پێکرد, چارەنووسی ڕاپەڕینی کوردانی گۆڕی. هەموو دەیانسەلماند کە ئێراق گوێی نەداوەتە

مەبەستی كەلك وەرنەگرتن لە باڵەفڕە تۆپدارەكان لــە شەڕ لــەگەڵ سەرهەڵــداواندا, سەرەڕای ئەمەش تەما هاتە سەر ئەوەی كە بۆ ڕاگرتنی ئەم ڕەوتە هیچ كارێك نــەكرێ. ڕاپەڕینی باشوور تێكشكابوو و ئەمەش هێندێكی تاوانی سستی و دەسنــەبزاوتنی هێــزە هاوپەیــمانەكان بوو. لەگەڵ سەرەوژێر بــوونی هێزەكــانی گــاردی كۆمــاری, شــەپۆلی سپای ئێراق و باڵەفڕان و هێزەكانی زرێداری موجاهیدینی خەڵق – ئەم تاقمە دژبــەرەی ئێران و بە كرێگیراوەی سەددام حوسێن – بۆ كەركووك, سەرەنــجام ئــەم تەماگرتنــە ئارام و بزووتنەوە كیسەڵییەی واشینگتۆن "ئاكامی لــێ بەدی هات." كــوردان زۆر بــە كەمی خاوەنی چەكی باشی دژی فڕۆكە و تانك بوون و بە شێوەیەكی تەواو دەســەڵاتی خۆیان لە هەرێمدا دابین نەكردبوو. وتەبێژانی دەوڵەت بە قسە وایان دەنوانــد كــە لــە وان هەڵومەرجاندا, بە دەنگەوە چوونی كوردان بۆ بەردانەوەی باڵــەفڕە تۆپــدارەكانی ئێراقی پتر وەك كردەیەكی بۆش و سەمبولیك دەبوو و ڕەنگە ئەیالەتە یــەكگرتووەكانی ئەمریكا و شەریكەكانی گیرۆدەی كێشەیەكی بێبڕانەوە كردبا. یەكێك لــە بەرپرســان, لە كۆتایی كۆبوونەوەیەكی گرینگا لە وەختێكا كە دیسان بانگەواز و ڕاخورینی بووشی بۆ ڕاپەڕین و ئاكامەكەی پاش دەوەن دەكرد, گوتی: "ئێمە قەت هیچ بەڵێنییەكمان بــەم خەڵكە نەدا. هاوبەندان ئیتر وازیان لە چالاكی ســەربازی نیــە." هــەتا هاوپەیـــمان پــتر خۆیان گێل دەكرد و لە پێستی خۆیــان نەدەجووڵانــەوە, ئــەم قــسەیە كــە ئــیتر كــاری كوردان كراوە و خۆ تێوەردانی هاوپەیــمانان تــەنیا ڕوودانــی كارەســات وە پــاش دەدا, ڕاستتــری دەنواند.

لە ماوەی ڕۆژان و حەوتاندا دەوڵـــەتی بـــووش هێـــدێكی قـــسە بڵاوكردنـــەوە و پێیلێنان كە وەك بەڵگە لە سەر تەمای ورد و باریك بۆ ڕێگــەدانی پاشـــماوەی ســپای سەددام بۆ سەركوتی ڕاپەڕینی باكوور و باشوور دەهاتنە ئەژمار. بە گــوێرەی پێلێنــانی خودی ژێنێراڵ شوارتسكۆف یەكەم هەڵە لە لایەن ئەوەوە لە كۆبوونەوەی سێی مارس لە سەفوان ڕووی دا, كــە تێیــدا هەڵومــەرجی ئاگربــەس بــە ئاگــاداری ســپای ئێــراق گەیشت: لەم كۆبوونەوەدا ئەو ڕەزامەندی خۆی سەبارەت بــە داخــوازی سەرلەشــكر

سولتان هاشم ئەحمەد بە مەبەستی هەڵگرتنی پاوان لەسەر فرینی باڵەفران – ئەویش باڵەفری تۆپدار – دەربڕی. وەك خۆی دەڵێ: "دەبوایە بیرم لێ کردبایەوە." چونکە خێرا تێگەیشت کە "ئەو حەرامزادەیە فریوی داوە." چونکە بە پێچەوانەی ئەوەی کە گوتبووی لەم باڵەفرانە بۆ هاتوچۆی بەرپرسان بۆ ئێرەوئەوێ کەڵك وەردەگیرێ, بۆ "سەرکوتی ڕاپەڕینەکان" بەهرەیان لێ وەرگیرا و سەرەڕای ئەمەی کە بێیکێر دروست دووحەوتوو دواتر گوتی کە هێزەکانی ئێراق وەها پڕووزقابوون کە "دەمانتوانی هەتا جەرگەی بەغداش بڕۆین", لەگەڵ ئەوەشدا نە ئەو, نە شوارتسکۆف و نە هیچ کەسی تر لە دەوڵەتی ئێراقی ڕانەخوری کە فرینی باڵەفران لەڕێوە ڕابگرێ. لە ڕاستیدا شوارتسکۆف بەرپرسایەتی لە ئەستۆی خۆی دارنی و لە ئەستۆی یەکی دیکەی پەستاوت. ئەو گوتی: "ئەوکات" یانی ئەوکاتە کە زانی باڵەفر کەلکی نابەجێی لێیوەردەگیرێ "ئەمە لە ئەستۆی کۆشکی سپی بوو کە تەما بگرێ ئەمریکا تا کوێ دەیەوێ خۆ لە کاروباری نێوخۆی ئێراق هەڵقوتێنێ."

لە واشینگتۆن کەم و زۆر هەموو ڕۆژێ مەبەستێکی لێڵ خۆی دەنواند کە جاری وابوو بە هۆی تەوژمی تووڕەیی خەڵك "چاك" دەکرا, بەڵام هەر بە دوایدا شتێکی نوێ خۆی دەنواند. لە ٩ی مارسا بێیکێر سەبارەت بە کەلك وەرگرتنی ئێراق لە چەکی شیمیایی بۆ سەرکوتی سەرهەڵداوان, گەفی لەم وڵاتە کرد. بۆ سبەینێ ژێنێراڵێکی پێنتاگۆن ڕایگەیاند کە "هاوپەیمانان" هیچ حەسار و پاوانێك ناخەنە سەر ئەو ١٣٠ فڕۆکەی کە ئێراق لە ترسی تێداچوون بۆ ئێران ڕاگوێزتبوون, یانی ئەگەر ئێران وێیداباوە, کە وێنەدەچوو. یەکێك لە کاربەدەستانی پایەبەرزی ئەمریکا هەر ئەو وتە سواو و ڕزیوەی دڵخوازی کاغەزبازانی دووپات کردەوە کە بەڵێ "تێکەوتن لەگەڵ سەددام حوسێنێکی مل کەچ ونەویکێش, ساکارترە لە تێکەوتن لەگەڵ کەمینەیەکی نەناسراودا."

بەڵام هاواری تووڕەیی جەماوەر هێندە بەرز و بەرزتر دەبۆوە کە لە ١٣ی مارسا بووش لە چاوپێکەوتنێکی هەواڵنێریدا لە "ئۆتاوا" گوتی: "بۆ شەڕ لە نێوخۆی ئێراقدا نابێ لە باڵەفران کەڵك وەرگیرێ" و دەکار هێنانیان دژی ڕاپەڕیوان دەبێتە ژێر پێ

خستنی پێکهاتنی هێزەکانی هاوپەیمان و بەغدا. یەکێك لە ئەفسەرانی پایەبەرز لە ١٧ی مارسا لە چاوپێکەوتنی لەتەك هاوتایانی ئێراقی خۆی لە سەفوان, وریایی دا کە درێژەی کەلك وەرگرتن لە باڵەفڕە تۆپدارەکان وەك "هەڕەشە لە هێزەکانی هاوپەیمان" دێتە ئەژمار. بەڵام سەرەڕای ئەم هەڕەشانەی کە هاوپەیمانان بە مەبەستی سوور بون لەسەر قەدەغە و قورغی فڕینی فڕۆکان دەریانبڕی و دوو جێتی ئێراقیشیان سەرنخوون کرد, تەنانەت قەت باڵەفڕێکیان نەخستە خوار.

پاش چەند ڕۆژی دی ئاخرین مەتەرێزی خۆڕاگری و شیعەکان لە باشوور تێكشکا. بەڵام کوردەکان لە بیستی مارسا کەرکووکیان گرت و ئەمە سەرکەوتنێکی گوماناوی و مەترسێدار بوو و بە ئاشکرا تای تەرازوی لە واشینگتۆن بە زەرەدی وان داهێنا. لە ٢٦ی مارسا هەڵوێستی تازەی واشینگتۆن ئاوای لێهات کە: "تەنیا زەمانێك باڵەفڕەکانی ئێراق دەخرێنە خوار کە هەڕەشەیەك بن بۆسەر هێزەکانی هاوپەیمان." مارلین فیتس واتێر, گوتەبێژی کۆشکی سپی کە هەوڵی دەدا پاساوێك بۆ ئەم سووکبارییە کردارییە وەدۆزێ گوتی کە هەڵپێچانی سەرەتایی کارەکان لە لایەن شوارتسکۆف لە سەفوان "شتێکی سەرزارەکی بووە و چ شتێك نەنووسراوە." یەکێك لە پایەبەرزانی ئەمریکا کە ناوی ئاشکرا نەکرا، گوتی: تەماگران لە واشینگتۆن لەگەڵ ئەوەی سەددام دەیکا "هاودەنگ نین, بەڵام پێشیان ناخۆش نیە کە ببینن لەم ڕووداوە تاڵانە ڕزگاری بێ."

"کریستیەن مووس هێلمێز" بە ڕادەیەك لە تاوانبارکرانی هاوبەندان بۆ دنەدانی شەڕی نێوخۆی ئێراق پەرۆش بوو کە دژی "کردنەوەی مجری پاندوورا"[1] وریایی دا بە هێزەکانی هاوپەیمان. یەکێکی تر لە کاربەدەستانی ئەیالەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا

١- بە نەزانێوە دەس بۆ کاری بردن و کۆسپ سازکردن: (ئەساتیری یۆنان) مجری پڕ لە خراپە و دزێوکاری مرۆص کە ئیپیمەئووس لە ڕووی نەزانێوە کردییەوە. بە گێڕانەوەیەکی تر ئەم مجریە پڕ بووە لە تەواوی ئەم شتە باشانەی خوایان دابوویان بە پاندوورا ... کە هەر کرایەوە لێکڕا ڕەوین, جگە لە هومێد کە لە بنی مجرییەکەدا مابۆوە.

کە لە ڕووی ڕاویژ و ناو حەشاردانیڕا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ گوتی: "با ڕێوراست بیلێم, ئێمە دەمانویست ئەم شەڕە نێوخۆیییە بڕێتەوە, هەتا دەستێوەردانمان وەك تەمای یارمەتی دانی سەرهەڵداوان نەیەتە بەرچاو, بەڵکوو چەشنی دابین کردنی یارمەتی مرۆڤدۆستانە بێتە حیساب." ڕۆژی پاش گیرانەوەی سەرلەنوێی کەرکوك لە لایەن هێزەکانی ئێراق لە کاتێکا کە کۆڕەو دەستی پێکردبوو بارزانی و تاڵەبانی لە داخوازێکی بەزەیی‌بزوێن‌دا بۆ داوای یارمەتی لە بووش گوتیان: "خودی خۆت داوات لە خەڵك کرد کە دژی ملهوڕیی دڕی سەددام حوسێن ڕاپەڕن. پاشان بەرەڵات کردن و بە شەوڕەشی زۆرداریی سەددام حوسێنت ئەسپاردن."

***

ڕاست لەو شەوڕەشەدا هێزەکانی پێشمەرگە لێك‌هەڵوەشان و پێشمەرگە لە بازرە بوونێکی مێژوویی‌دا ڕێبەرانیان بەجێ هێشت. بارزانی و تاڵەبانی بە جیا کەوتنە خۆڕاگری و لێبڕان وەمێنن و لە گەرمەی شەڕا بکوژرێن و هەڵنەیەن. تاڵەبانی و هێرۆی هاوسەری و تاقمێکی چەند کەسی لە هاوڕێیانی لە کاتێکا پێنج پێشمەرگەیان پتر بە دەورەوە نەمابوو, لە شوێنێکی دەوروبەری ڕۆژهەلاتی سلێمانی بنکەیەکیان دامەزراند و بێ ئەوەی گوێ بدەنە داخوازی کشانەوە بۆ جێیەکی دوورتر و هێورتر, چەقین. ئەم لێبڕان و مانەوەیە توانی کەمۆکە هێزێك لە دەوریان کۆ کاتەوە و لە گەروولەیەکی ئەستەم‌دا بەری پەلامارەکانی ئێراق بگرن.

لە باکوور, بارزانیش کە هێزەکانی لێی تەوەلا ببوون, نیوە بە هەڕەشە و نیوە بە دنەدان ئەوندووکە پارێزەرانەی خۆی کە مابوونەوە و هێندێکیان کەسانی خاوەنی ئەزموونی سەردەمانی ڕێپێوانە مێژوویییەکەی باوکی بوون کە لە ساڵی ١٩٤٧دا لە مەهابادەوە[1] بەرەوە یەکێتی سۆڤیەت چووبوون و ساڵانی دوورخرانەوەیان وێڕای ئەو تێپەڕکردبوو, هێنانیە سەر خۆڕاگری و بەربەرەکانی. (هەتا پاش چەند ساڵان کەلاك و قاپۆڕی تێك‌شکاوی هێزێکی زرێداری ئێراق لەسەر کوێستانەڕێی نێوان سەلاحەددین و

١- "لە بارزان"ەوە دروستە. "یۆنسی"

شەقلاوا, وەك نیشانەی ئازایەتی مەسعوود لە سەركردایەتی هێرشێكدا كە بەرەگەی لە پێشرەوی هێزەكانی ئێراق بریەوە, خۆیان دەنواند. لە كۆمەڵێكی خاوەن فەرهەنگێكی ترا ئەم قاپۆڕانەیان دەپاراست و بێ نێوبڕ ڕەنگیان دەكردنەوە و بە یادی سەركەوتن ڕایاندەگرتن. بەلام من هەركات بە "دەربەندی كۆرێ"دا بە سەر پاشماوەی ئەم كاروانە تێكشكاوەدا تێپەڕ بووم قاپغ و قاپۆڕی كەمترم بینی. كەرەسەی سیارەكانیان یا بە تەواوی لێ كردبۆوە یان هەر شوێنەواریشان نەمابوو. هەر چۆنێك بێ قارەمانەتی وەها دەگمەن بوون.)

لە سەردەمی ڕاپەڕینا، دوكتۆرێكی لاوی پێشمەرگە بە ناوی سەبراخان گرینگ، بەڕێوە بردنی نەخۆشخانەی كەركووكی وە ئەستۆ گرتبوو. تەرمی پێشمەرگان لە بەر دەرگای نەخۆشخانە چەشنی كۆمایەك ویشكەڵەدار لە سەریەك كەڵەكە كرابوون و كاتێك من وتوویژم لەگەڵ دەكرد تۆپخانەی سپای ئێراق نەخۆشخانەی دابووە بەر ئاگری بێوچان. بەیانی ٢٨ی مارس ئەو هێشتاش هەر لەوێ بوو: كاتێك لە پەنجەرەوە بۆ دەرەوەی ڕوانی لەوپەڕی ترسا چوار تانكی ئێراقی بینی كە بە بێهەست و خوست نەخۆشخانەیان گەمارۆ دابوو: دەسڕێژی پەیتاپەیتای فیشەكان بوو كە نەخۆشخانەی دەنجنی. ئەو و "پێشمەرگەی ئێشك گر" زانیان هەر ئێستایە كە پەلامار بدرێن و فیزماڵكیان دایە. پێشمەرگە زامارەكان لەبەر گرینگ دەپاڕانەوە كە جێیان نەهێڵێ. یەكێك لەوان كە لاقێكی پەڕیبوو, خۆی لە جێوبانەكەی فڕی دا و دەلینگی گرت هەتا ڕێی هەلاتنی لێ بگرێ.

گوتی: "یارمەتیم بكە!"

گرینگ پاڵێكی پێوەنا: "من خۆم تێماوم, چلۆن دەتوانم یارمەتی تۆ بكەم؟"

گرینگ بە زلـلەیەك دوكتۆرێكی كوردی پەشۆكاوی وە خۆ هێناوە و ئەم دووە لە وەختێكا پەرستارانی عەرەب لە خۆشی گەڕانەوەی دەسەلاتی سەرلەنوێی بەغدا قریشكە و قریوەیان ولاتی داگرتبوو, پێكەوە ڕایانكرد. لەو دەمەیدا

هەڵدەهاتن گوللـەیەك وە نەخۆشخانە کەوت و کەوانەی کرد و بە ویـزە ویـز بـە بـن گوێیاندا ڕۆیی.

گرینگ لـە ڕانیە ئەم بەسەرهاتەی بۆ گێرامـەوە. مانگێـك دواتـر کـە بـە قاچـاغی گەڕامەوە کوردستانی ئێراق بە هەڵکـەوت چـاوم پێیکەوتـەوە. ئـەم ماوەیـە هـەواڵی سەبارەت بە بارودۆخی تاڵوتوونی کوردسـتانی ئێـراقم لەوبـەری سـنوور, لـە خـاکی ئێرانڕا کۆ دەکردنەوە و بەڕێم دەکردن. لـەو دەمەیدا سەدانهـەزار پـەناخواز هێـشتا چاوەڕوان بوون هەتا بگەنە ئەو نزیك میلیۆن کەسەی کە پێشتر پـەنایان بردبـووە بـەر ئێران. هـۆی گەڕانـەوەم ئەمـە بـوو کـە سەرنووسـەری ڕۆژنامەکـەم لێیخوازتبـووم بگەڕێمەوە ئێراق و لـەم مەبەستە بکۆڵمەوە کە بۆچی لەوپـەڕی واق وڕمـانی جیهـانی دەرەوەدا, کوردان هاتوونە سەر وتوویژ لـەگەڵ بەغدا بەتایبەت تاڵـەبانی بۆچـی وای بە باش زانیوە کە لەبەر چاوی کامێراکانی تەلەفیزیۆنیدا سەددام حوسێن بگرێتە ئامێز.

ئەم داخوازی گەڕانەوەیەم ڕەنگە لـە واشـینگتۆن وەك شـتێکی زۆر ئاسـایی خـۆی نواندبێ, بەڵام من دڵنیا نەبووم بتوانـم بچمەوە کوردستانی ئێراق. پێویستیم بە پێوەندی گرتن لـەگەڵ نوێنەرانی کورد لە ئورووپا بوو کە ئێستا لـە واشـینگتۆن ئـاوارە بـوون و دۆزینەوەیان دژوار. ئەمانە بوون کە دەبوو ڕێبەرانی پێشمەرگەیان لـە ویستی گەڕانەوەم ئاگادار کردباوە. هەرچۆنێك بێ ئەوەندە لـەگەڵ یەساوڵانی سنووریی ئێران ئاشنا ببـووم کە تەنانەت بیریشم لـەمـە نـەکردەوە کـە داخـوا ئیـزن دەدەن غەوارەیـەك — ئـەویش هەواڵنێرێکی ئەمریکایی — سنوور ببەزێنێ و بچتە ئێراق؛ نەشـمدەویست خۆ بـخەمە مەترسی و بە قاچاغی ئاودیو ببم. ئەگەرچـی لـەبـەر تێنەکـەوتن لـەگـەڵ کاخـەزبازی" ئێرانییەکان دەبوو کارێکم کردبا پەساپۆرتەکەم مۆری دەرچوونی لـێدرابا. وەرگرتنـی ویزا لـە ئێران دژوار بوو و من نەمدەوێرا کارێك بکەم ڕۆژنامەکـەم بکەوێتـە لیـستەی ڕەشەوە.

کۆسپی سەرەتایی ئەمە بوو کە کاربەدەستانی ئێرانی هەرکەسێکی ویستبای بە ڕێـی ئەردەکیدا لـە ئێران دەرکەوێ لێی دووشك بوون. بە منیان گوت باشتر وایە هـەروەك هاتبووین, چەشنی هاوکارانـم لـە فڕگەی تارانەوە, ئێران جێبێڵم. بەڵام من دەمویـست

ئیزن بـخوازم لـە کەوشەنی تورکیا و ئێران تێپەر بـــم. بـەم شـێوەیە دەمتـوانی ڕێـم لار کەمەوە و بە ڕێی ناوچەیەکی سـەخت و کوێـستانیدا کـە سـنووری ئێـران و تورکیـا وێکدەکەونەوە، بگەڕێمەوە. هیوادار بووم بەم شێوەیە بتوانـــم ڕێـی خـۆم بکەمـەوە و بچمە دیداری بارزانی و ڕێبەرانی تـری کـورد. ئومێـدوار بـووم نیازپـاکی هـەڵقولاوی یارمەتییەکانی مرۆڤدۆستانەی هاوبەندان بتوانێ باڵم بگرێ و بتوانـم بە شێوەیەك لــە تێکەوتن لەگەڵ سنووردارانی دڕدۆنگـی تورکیـا، کـە چـاوەدێری کەوشـەنێکی پتـــر بەسراون، دەرباز بـم.

بەتایبەت دەمویست لـە فڕین لـە تارانەوە بۆ ئورووپا خۆ بپـارێزم. چـونکە ئـەوکات دەبوایە ئەوسەرەوسەری تورکیام هەتا "وان" بە فڕۆکە بڕی بـا و کـە وا بوایـە بێشـك پەیدا بوونەوەی سەروسۆراغم لـە ماوەی دوو مانگاندا، زەنگـــی مەترســـی لــــە مـــەڕ مەبەست و ئامانـجم تەنانەت بۆ کێهە پۆلیسی هەرە هێڕی ترکە وە جرینگە دەخست و وە ئاگای دێناوە. لـە تاران گەلـێ ڕۆژ پرتە و بۆڵەی بێپسانەوە ئاخرییەکەی وە ئاکـام نیشت. ئێرانییەکان ئیزنیان دا کە بە سنووری ئەردەکیدا ولات جـێبێڵم. کـە وا بـوو بە فڕۆکە بەرەو ورمێ باڵم گرت و لـــەوێش چـوومە دەفتـەری نوێنەرایـەتی بـارزانی و چاوەڕوان مامەوە. پاش ماوەیەك ڕاوەستانی پڕ دڵەڕاوکێ یادداشتێکیان لـەگەڵ لیستەی چەند کەسان لـە "یوکسەکوا" وێدام، کــــە یارمـــەتیم بکــــەن. یوکـــسەکوا هـــەمان شارۆچکەیە کە بۆ کەلوپەلی قاچاغ بەناوبانگە و هەر ئەو شوێنەشـە کـە لــە فێوریـەدا توانیم لـەوێوە پێوەندی بە پێشمەرگانەوە بکەم.

ئەمـجار وا دیار بوو دەستەودەیارەی بارزانی کاریان بۆ پۆلیسی ترك دەکـرد. هـیچ یارمەتییەکیان نەدام: هاتن، نامەکەیان خوێندەوە و ڕێورێ شرتوگوم بوون و ئـیتر نــە هاتنـــەوە و نـــە وڵامـــی تەلـــەفۆنیان دامـــەوە. ڕۆژی دواتـــر چـــوومە هـــەکاری کـــە شارۆچکەیەکی تەمی خەم لـەسەر نیشتووی ژێر چـەپۆکەی ترکانـە. لــەم شارۆچـکەدا ترس لـە ڕاپەڕیوانی کورد ئەوەندە بوو کە تەنانەت لـە باشترین ساتەکانیشا کە هیچ باس

و خواسێك نـەبوو, پـۆلیس و كۆمانـدووەكانی سـپا و هێزەكـانی تایبـەتیی ژاندرمـە و "مەئموورانی ئاسایی" شەو و ڕۆژ لـە كۆلان و شەقامان دەخولانەوە.

لـە چاكەی ئەو دۆستە كوردانەی بە ڕێكەوت تووشیان هاتـــم دوو ڕۆژ دواتـر لــە شارەوانی دانیشتبووم و لـەگەڵ یەكێك لـە كاربەدەستانی شار چاییم دەخـواردەوە. ئـەم كاربەدەستە وای كرد كە بتوانـم پێوەندی بكەم بە نوێنەری بارزانی لـە واشـینگتۆن. وا قەراروبڕی كرا نوێنەری بارزانی بە مەبەستی "دەسـتەبەر" بونـــم لــە كـاتێكی دیـاری كراوا بە تەلـەفۆنێك پەیوەندەی بكا بەم كاربەدەسـتەوە. مـن لــەم كاروبـارە دڕدۆنـگ بووم, شكم نەبوو كە فریو دراوم, بەلام لـەگەڵ ئەمەشدا لـە ئالی خـۆم دەمگـوت هـەر ئەوەی كە داخوازەكەم بردۆتە لای كاربەدەستێكی ترك خۆی شتێكە ... وە هـەر حـاڵ جگە لـەمە چارەیەكم نەبوو.

پاشنیوەڕۆیەكی درەنگ هاتـمەوە شارەوانی. پاش چا خواردنەوەیەكی زۆر گوتیـان هەرچۆنێك بێ یارمەتیم دەكەن. هەر ئەوشەوە بەر لــەوەی ئـەم كاربەدەسـتە مـەودای پەشیمان بوونەوەی هەبێ, گەڕامەوە "یوكسەكوا", پاشان چوومە "سەمەدینلی" كە لــە سنوور نیزیكتر بوو و شەوم لـەگەڵ پەسندەرانی بارزانی ڕابـوارد. وەك دیـار بـوو ئـەم خەڵكە لـە هەموو شتێكم ئاگادار بوون. بۆ سـبەینێ بـە ڕێیـەكی پـڕ كەنـدوقوولا, بـە تێپەڕینێكی سەرسوڕهێنەر, بە بەردەرگای بنكە نیزامییەكانی تركاندا بالـمـــان گـــرت و دیاربوو كە سەگورگی زنـجیركراویان پرخەیان دەهات.

لـە یەكێك لـە ئوردووگاكانی خێوەتنشینی نیزیك سنوور "ڕێنوێن"ێكم دیتـەوە كـە ئینگلیسی دەزانی. گومانـم نیە كە سنووردارانی توركیا دەیانزانی كە هەوالێرم, بـەلام لاسای لالانـم كردەوە و بەخت بالی گرتـــم. بـە بـوونی فریاڕەسـانانی نێونەتـەوەیی و كارگێڕانی ماندوویینەناس و ڕاهاتووی سەر بە هێزی ئاسـمانیی بریتانیا و تەواوی ئـەو جەماوەرە ڕەنگاوڕەنگەی لـەو قەیرانەدا وەبەركار نرابوون, من تەنیا بێگانەیـەك نـەبووم كە لـە كەوشەن تێپەڕ دەبووم و كەس داوای نەكرد كە پەساپۆرتەكەم مۆر بكـا (و ئـەم كارە مەسەلـەی گەڕانەوەمی بۆ توركیا لــە حالێكـا پەسـاپۆرتەكەم مـۆری دەرچـوونی وێنەكەوتبوو هەروا دەهێشتەوە.)

لە ئاخرین گوندی تركان ئەسپێكم بۆ هەڵگرتنی كەرەسە و شرۆشاڵاتەكەم بەكرێ گرت. كاتێك ڕێنوێنەكەم بە كابرای كرێبارچی گوت كە دەچمە دیداری بارزانی، پوولەكەی لێوەرنەگرتم. كابرای ڕێنوێن كە یەكێكی پشووسواری ناقۆڵا بوو، خێرا لە كاروان بەجێما و لەسەر داخوازی من سواری ئەسپەكە بوو. چوارسەعات دواتر بە داوێنی ئەو لووتكانەدا تێپەڕ بووین كە یەك لە دوای یەك هەستابوونە پێ و هێندێكیان هێشتا ساماڵ سپی بوون و بە لاپاڵی ڕازاوە بە مێلاقەی سوور و شەشپەڕ و سمڵدا ڕابردین. لە لای خوارتر، لە خڕ و دۆڵاندا خاشخاشكی كێوی و گەزیزە و چاوكسكە و گوڵاڵەسوورە چاویان پێ ڕوون دەبۆوە. ڕێ ڕۆینمان خۆش بوو، هەور بوو، بەڵام نە دەباری و نە گەرم بوو. كاتێك لە ڕێی خۆمان لامان دا و پاش نیوەڕۆیەكی زۆر درەنگ گەیشتینە ڕێگایەكی قیلەتاوی تەواو لەتوكوت و كرووز و نێوە نێوە ماو و نەماو، بە ڕێكەوت تووشی بارزانی هاتین كە چاوەڕوانمان بوو.

ڕۆژی دواتر بارزانی بە سواری ئوتۆمبیل ناردمی بۆ دیداری تاڵەبانی لە ڕانیە. تاڵەبانی لەبەر ئەو ماچومووچەی لەگەڵ سەددام حوسێن كردبووی و لە تەلەفیزیۆنەوە بڵاو كرابۆوە، كەوتبووە پاكانە و لەسەر خۆكردنەوە. گوتی تەنانەت ژنەكەشی هەڵپیپێچاوە كە چلۆن توانیویەتی وەها دیمەنێكی دڵژاكێن نیشانی جیهانی دەرەوە بدا، ئەویش لە كاتێكا هەر ئەم جیهانەی دەرەوە ڕاست ئەم بەینانە — ئەویش بە ڕێكەوت — كوردی دۆزیبوونەوە و كەوتبووە بەرگری لێكردنیان؟ ئەگەر دانیشتن و وتوویژ لەگەڵ ئێراق پێویست بوو، بۆچی نەدەبوو لە خاكی وڵاتێكی بێلایەن بایە هەتا بەغدا؟ لەوەش بترازێ، باشە بۆچی بە بێ هەنتەشی چاوەدێرانی نێونەتەوەیی یان چاوەدێریی ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان؟

ئیتر لە كومیتەی هاوبەشی دژبەرانی ئێراق، كە لە دیسامبری ڕابردوودا بەو هەمووە كوێرەوەرییە تێكخرابۆوە، چ شتێك مابۆوە؟

تاڵەبانی لە كردەیەكی ناشیانەدا كە لە سەرانسەری دنیادا بەدی كرا، دیمەنێكی كە باسی كاڵی و نەكوڵیوی سیاسەتوانانی كورد دێنایە گۆڕ و ئەوانی وەك كەسانێك

دەنواند کە ئەو هەلانەی مێژوو بۆی هەڵخستبوون دۆڕاندبوویان, سەلماندی و سووری کردەوە. تەنانەت کەڵە دەوڵەتدارێکی وەك سەرۆك فرانسوا میتران کە مەیلێکیشی سەبارەت بەرەو ئێراق هەبوو, کەندال نەزان, سەرۆکی ئەنستیتۆی کوردی لە "پاریس" سەرکۆنە کردبوو کە بۆچی ڕوانگەی کوردان لەسەر خودموختاری چەقبەستوو دەکا. گوتبووی: "ئەرکی ئێوە ئەمەیە کە پارێزگاری لە مافی خەڵکی کورد بکەن بۆ هەبوونی وڵاتێکی سەربەخۆ." وا ئێستا کوردەکانی ئێراق باشترین دەرفەتێکی کە لە زەمانی تێکچوونی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانییەوە تا ئێرە وە دەس هاتبوو, تووریان هەڵدابوو.

بە هەر حاڵ, تاڵەبانی گوتی کە دەوڵەتی بووش کوردانی دنە داوە: واشینگتۆن لە پێشدا ئەوانی بۆ ڕاپەڕین هان دا و پاشان بە نەخستنەخوارەوەی باڵەفڕە تۆپدارەکانی ئێراق لای لە سەددام حوسێن کردەوە کە پەلاماری کوردستان بدا.

جا ئەگەر کێشەکە وەها بوو, داخوا ئەم ڕاپەڕینە بەو کۆڕەو و ڕەوێنە سەر بە سووکایەتییە ئەو گشتە تێداچوون و کوێرەوەرییەی دێنا, ئەویش بۆ دەزگایەکی ڕێبەرایەتی کە پێشتریش لە بابەت خۆخستنە نێو شەڕی ئێران و ئێراقەوە بەر تەوس و توانجی خەڵك کەوتبوو.

تاڵەبانی گوتی: "بەڵێ, دەکرێ بڵێین تەواوی ئەو دەرد و کوێرەوەرییانەی دێنا. بیری گشتیی جەماوەری جیهان تەوژمی خستە سەر دەوڵەتانی ڕۆژاوایی. بۆ یەکەم جار کێشەی نەتەوەیی کورد کەوتە نێو جەغزی کاری ڕۆژانەی ڕێکخراوەکانی نێونەتەوەیی. بڕیارنامەی ٦٨٨ی شووڕای تەناهی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە ناو باسی کوردانی کرد و لە ماوەی حەفتا ساڵدا ئەمە یەکەم جارە کە ئەم ناوە لە بەڵگەنامەیەکی نێونەتەوەییدا دێ. تەنانەت وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا گوتی کە کێشەی کورد, تەنیا مەسەلەیەکی " مرۆڤدۆستانە" نیە, بەڵکوو کێشەی دابین بوونی مافی سیاسییە لە چوارچێوەی وڵاتی ئێراقدا. بۆ یەکەم جار تورکیا لێژنەکانی نوێنەرایەتی کوردی وەرگرت و بەڵێنی پشتیوانی دا. بۆ یەکەم جار کۆمەڵی ئورووپا ..."

تاڵەبانی بە پێچەوانەی هەمیشە لە قسە کەوت؛ سەرم لەسەر کامپیووتێرەکەم هەڵگرت کە مەبەستەکانم تێدا دەنووسی. تاڵەبانی دەرکەی کامپیووتیرەکەی پێوەدام کە ئیتر چ شتێك نەنووسمەوە و گوتی: "پێویست بە نووسینەوە ناکا ... بۆخۆمانین, کەسی دیکەی لێ نیە. پووڵمان نیە, تەقەمەنیمان نیە, چەکی دژی تانکمان نیە, چەکی دژی فڕۆکەمان نیە. کەس پشتیوانیمان لێناکا. بە بێ یارمەتی دەرەوە چلۆن دەتوانم هاوڕێیانم دابین کەم؟ ئەو یارمەتییانەی بۆمان دەنێرن ئێرانییەکان لێمان قووت دەدەن, ئوتۆمبیلەکانمان دەدزن و لەسەر سنوور چەکمان دەکەن."

ئەو شتانەی کە بۆ بەرگری کردن لە خۆی وتنی، کۆمەڵەمەبەستێکی زۆر ڕاست بوون و لەگەڵ ڕاستەقینە موویان نەدەبوارد. پێی واشینگتۆن و شەریکە ئورووپاییەکانی تێوەچووی "چالاکی فریارەسانی"شی هەتا ڕادەیەکی زۆر تێوەدەدا. دەوڵەتی بووش دەیەویست هەروا سەرسەرەکی بۆ دابین کردنی پەناخوازانی گردەوەبووی سنووری تورکیا کارێك بکا و پاشان خێرا خۆی کەنار بگرێ و کوردان بداتە دەستی چارەنووسیان. بەڕێوەچوونی چالاکی بە مەبەستی گێرانەوەی پەناخوازان بە بێ کەمترین زیان و زەرەد بوو, چالاکی بە وردی و - بە بڕوای هێندێك لە ڕەخنەگران - هەتا ڕادەیەکی پڕ مەترسی لە لایەن واشینگتۆنەوە تەنگەبەر کرابۆوە. ئەو ناوچە کەمتاکورت بچووکە "هێور"ەی کە هاوبەندان دیارییان کردبوو تەنانەت شاری دهۆکی نەدەگرتەوە, یانی سەری ئەو سێ کوچکەی کە شوێنی حاوانەوەی زۆربەی پەناخوازان بوو. "کۆنی" لە بەرەکەتی سەرژمێرییەکی کە بە یاریدەی هێزەکانی تایبەت لە کوردانی گردەوەبووی سەرسنووری تورکیا کرابوو, ئەوەی دەزانی.

زۆربەی پەناخوازان هەتا هێزەکانی هاوپەیمان نەچوونە نێو بازێری "دهۆك"ی ناوەندی پارێزگا, لە چیا نەهاتنە خوار. بنکەی پۆلیسی نەهێنی و بەندیخانەکان بۆ وان سەمبولی سەرکوتی بەعس بوون. ئینگلیسی و فەڕانسەوییەکان بە نارەحەتی تەماشایان کرد کە ژێنێراڵ پاوێل دژی چوونی هێزەکانی هاوپەیمانە بۆ دهۆك, لە ترسی وەی نەکا هەنتەشی وان لەوێ ئاگری شەڕەکە خۆش کاتەوە. تیپەکانی ئێراقی لە ترسی

فرۆکەکانی ١٠-A و تۆقین لە شریخوهۆڕی شکاندنی دیواری دەنگ دهۆکیان چۆڵ کرد, بەڵام پاشان گەڕانەوە.

سەرەنجام پۆلێك سەربازی ئەمریکایی و ڕاوێژکارانی غەیرە نیزامیی, بە ناچاری و فێڵ و دەهۆ – سەرەڕای بیری بەڕێوەبەرانی خۆپارێز لە واشینگتۆن – بە نوێنەرایەتی هێزەکانی هاوپەیمان بە شێوەی کاتی چوونە دهۆکەوە. یەکێك هەر لەمانە دەیگوت: لەوێ, یانی لە واشینگتۆن لە ئێمەیان دەویست کە بە پێی ڕێسای "مارکسیّ کوئیزبێری"[1] کایە بکەین, بەڵام سەددام پیاوەتیومیاوەتی نەدەزانی و ئێمە بە ناچار چاوی ئەو و واشینگتۆنمان نووساند.

سەرهەنگ ریچارد ناب, ئەفسەری پێوەندییەکانی ئەمریکایی کە لە گەڕیانی پێوەندی لەگەڵ هێزەکانی سۆڤیەت لە ئاڵمانی ڕۆژهەڵاتی, فێری هێندێك گزە ببوو, لە پێشدا بە شاتوشووت هاوتای ئێراقی خۆی ناچار کرد تاقمێك لە پیاوانی بێچەکی ئەمریکایی بۆ چوونە دهۆك بانگهێشتن بکا, ئەمە فێڵێك بوو کە ئەو ئەوی بە "مامەڵە" لەگەڵ هیتلێر شوبهاند. پاشان ئەمریکاییەکان گەڕانەوە و بە واشینگتۆنیان گوت کە دڵنیان ئەمریکاییەکان بانگ دێڵنە ناوەندی ئەم پارێزگایەی کە بە لای بارناسکی نیزامییەوە شوێنێکی گرینگە. ئەم ڕووداوە بە ڕادەیەك سەیر بوو کە هاوکارانی واشینگتۆن گوتیان: "دەیجا کە وایە ئەگەر دەتوانن کارێکی وا بکەن کە ئێراقییەکان بانگتان بکەنە دهۆك, ئێستا کە وەخۆ کەوتوون بۆچی ناچنە بەغدا؟" لێرەوە کار کەوتە سەر دەور. تیپەکانی چالاکیی نیشتمانی و چالاکانی ڕێکخراوە تایبەتییەکانی فریارەسانی چوونە دهۆك و هێزەکانی ئێراق کشانەوە. واشینگتۆن لەم بابەتەوە قەڵس ببوو". هەتا ئەوەی کە پەیامی پیرۆزبایی ئەمجار لە لایەن دەوڵەتانی هاوبەندەوە بەرەو کۆشکی سپی و پێنتاگۆن بە ڕێ کرا.

١- ڕێوشوێنی شەڕەمست کە لە لایەن مارکسیّ کوئیزبێری دامەزرا (١٨٤٤-١٩٠٠). یانی پاراستنی ڕێوشوێنی کایە.

لە ٣٠ی مانگی مەیدا پاوێل بە فڕۆکە چووە "زاخۆ" هەتا ڕایبگەیەنێ کە هێزەکانی هاوپەیمان "زووتر لەوەی ئێمە بیرمان لێدەکردەوە" ناوچەکە چۆل دەکەن. ئێستا تەنیا هەشتهەزار کەس پەناخواز لە سنووری تورکیا مابوونەوە. بەلاّم ئەم وتانە کورد و فەرانسەوی و ئینگلیسییەکانیشی زۆر پەرۆش کرد. ئەگەر بێتوو سەددام حوسێن ویستبێتی بەڕاستی لەگەڵ کوردان بکەوێتە وتوویژ, ئێستا پاوێل تەواو هەلی بۆ دەرەخساند کە خۆی لێبگنخێنێ. لەندەن و پاریس هیوادار بوون کە هەنتەشی هێزەکانی ئورووپایی ببێتە هۆی پێکهاتنی وتوویژێك و پاشی ئەو هێزەکانی ئێراقی بە شێوەیەکی ئابڕوومەندانە وە دەرکەون. بەلاّم تەنیا کارێکی کە توانیان بیکەن ئەمە بوو کە بۆ پاراستنی ئابڕووی خۆیان دوو حەوتوو ئیزن لە واشینگتۆن بخوازن. لە پازدەی ژووئیەدا دوایین کەرت لە هێزەکان کە بریتی بوون لە ٣١٧٠ کەس وێڕای ژێنێڕاڵ گارنێر, سەرکردەی هێز, لە سنوور پەڕینەوە و چوونە خاکی تورکیاوە. کوردان کە سەبارەت بە ڕاستی و دروستی ئەم کردەوەیە دڕدۆنگ بوون, ژێنێڕاڵ گارنێر دڵنیای کردنەوە: "گازم بکەن دەنگتان دەمگاتێ, هەر تەلەفۆنێك بکەن بەسە." بە بارێكدا ڕاستی دەکرد. فڕۆکە شەڕکەرەکانی ئەمریکا و بریتانیا و فەرانسە کە لە پێگەی تورکیادا بنەگر ببوون, بۆ پارێزگاری کردن لە کوردەکانی دەرەوەی ناوچەی پارێزراو, لە باکووری هێڵی ٣٦دا خولیان دەدا.

"هاوپەیمانان" کوردانیان وریا کردبۆوە کە ئەگەر بێتوو قەڵسە لە ئێراقییەکان بگێڕن و تووشی تەنگەژ بن, یارمەتییان نادەن. بەلاّم پاشی چەند ڕۆژان پێشمەرگەی کورد دەستیان دایە چالاکی بە دژی هێزەکانی ورەدۆڕاوی ئێراق. لە مانگی ئۆکتۆبردا بڵێسەی شەڕ وڵاتی داگرت و کوردان بە سانی سلێمانی و هەولێریان گرتەوە, لە کاتێکا کە هەزاران سەربازی وەڕەز و بێمەیلی ئێراقی لە باتی شەڕ کردن چەکیان دانا و خۆیان بەدەستەوە دا. سەددام حوسێن لێی قەومابوو. بە تۆڵەی ئەم کردەیە مووچەی کارمەندانی کوردستانی ڕاگرت و ناردنی خورد و خۆراك و سووتەمەنی بۆ وێندەری تەواو کەم کردەوە و زیادە لە گەمارۆکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کە

تەواوی وڵاتی دەگرتەوە, حەسارێکی تایبەتی خستە سەر هەرێمی کوردستان. واشینگتۆن لە ترسی ئەوەی بەغدا لابردنی هەر گەمارۆیەك لەسەر کوردان بکاتە بەڵگە دژی حەساری ڕێکخراوی نەتەوەکان, داخوازی پەیتاپەیتای کوردانی بۆ شکاندنی گەمارۆ لەسەر کەرەسە و ئامرازی پێویستی ئەو چەند کارخانەیەی بوویان و ڕەنگبوو داهاتێك دابین بکەن و پووڵێك بخەنە سەریەك, بردەوە پاش. لە بەرامبەردا ئەیالەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانانی ئێستا بە سەدان میلیۆن دۆلاریان لە چوارچێوەی یارمەتیدا بەخت دەکرد هەتا بتوانن کوردان لە مردن ڕزگار بکەن. هەروەها ناچار بوون کە هاتوچۆی نەوتکێشەکانی تورکیا کە سنووری گەمارۆیان دەشکاند و سووتەمەنی دزێلیی ئێراقیان بە ناوچەی کوردنشیندا ڕادەگوێزت, بخەنە پشت گوێ. ئەم سووتەمەنییە بە نرخێکی زۆر هەرزان دەفرۆشرا, بەڵام هەرچی بێ پوولی زۆر پێویستی بەغدای دابین دەکرد کە تەواوێك بۆی زەروور بوو. ئەم چەرخوخولە بوو بە سەرچاوەی داهاتی گوومرگانەیەکی گرینگ بۆ کوردان و لە ڕاستیدا چەشنی شادەماری ژیانەکی ناوچە وابوو و وێڕای ئەوە ڕوحێکی تازەی وە بەر ئابووری خۆجێیی تورکیا نایەوە, کە سەردەمایەکی گەشە و نەشەیەکی هەبوو و ئێستا بە هۆی پسانەوەی پردی هاتوچۆی ئەمبەرەوبەری سنوور قەتیس مابوو. سەرەڕای ئاڵۆزبڵۆزان, ڕەوتی پڕ پێچ و گەوە و تایبەتیی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست ڕەوگەی خۆی دیبۆوە و وە سەرگەڕ کەوتبوو.

گەورەهێزانی ناوچەیی و ڕۆژاوایی بە ڕادەیەك تەماداری سنووردار کردنی هەڵسوکەوت و چالاکی کوردان بوون, کە هەڵتەزینەوەیان لە بەرامبەر گەمارۆی ئێراقدا بە باری ناباردا لێك دەدایەوە, سەددام حوسێنیش تووشی وەها هەڵەیەك هاتبوو. ئەم گەمارۆیە لە جیاتی ئەوەی وورەی کوردان تێك‌شکێنێ، وورەی بەرز کردنەوە. تەنانەت مەسعوود بارزانیش کە هەتا نێوەڕاستی نوامبر بە شێوەیەکی سەرسەختانە درێژەی وتوویژی دا لەگەڵ بەغدا, بەم ئاکامە گەیشت کە گفتوگۆ لەتەك بەغدا ئیتر بێ‌فایدەیە و بۆ پێکهێنانی پارلەمانی هەرێم داوای بەرێوەچوونی هەڵبژاردنی کرد لە ناوچەی خودموختاری پێشوودا. بە دوای ئەوەدا لە مانگی مەی,

لە نێو ئەوپەڕی تووڕەیی و نارەزامەندی بەغدا و ئانکارا و دەمیشق و تاراندا, کە هەموویان وێکڕا ڕق و ترسیان لە هەر بیچم و ڕوخسارێکی نەتەوەخوازیی کورد بوو, کوردەکانی ئێراق یەکەم هەڵبژاردنی ئازادی خۆیان بەڕێوە برد و پارلەمانی خۆماڵییان هەڵبژارد.

خوایینەخوایی واشینگتۆن لاقی لەو کێشە و هەرایەوە چوو, هەر بۆیە بە ناچار کەوتە سەر گرتنی هەڵوێستێکی نوێ کە لە دەوڵەتی کلینتۆندا دانی لانیکەم یارمەتی بە دژبەرانی ئێراقی بە مەبەستی بەر پەرچدانەوەی هێزەکانی ئێراقی گرتەوە. ڕێبەرانی کورد و دژبەرانی ئێراق ئێستا "ماکەی خراپە" نەبوون. بەڵام ئەمە بەم مانایە نەبوو کە واشینگتۆن هەر لەسەر ئەو هەوایە دەڕوا, ئەوەی لێرەدا دیار و بەرچاو بوو ئەمە بوو کە واشینگتۆن مادامێکی سەددام حوسێن لەسەر دەسەلات بێ, لەگەڵ لابردنی گەمارۆکان دژایەتی دەکا. هەروەك یەکێك لە کارگێڕانی سیاسەتی ئەمریکا پاش چەند ساڵان گوتی, واشینگتۆن بە ڕەچاوکردنی سیاسەتێکی لاڕێ کە پێویستی بە هەڵسووڕان و بەڕێوە بردنی بەردەوام و خەرجوبەرجێکی باڵا بوو, ئەویش نەك بە مەبەستی ڕێكوپێکی و تەکووزی کارەکان بەڵکوو بۆ شێواندن و تێكدانی بارودۆخی ئەوسا, تێما بوو. کوردەکانی ئێراق لەم دژاودژ کەوتنە پڕ خەرجەی ئەمریکا کە ئەوانی دەس بەتاڵ ڕاگرتبوو و ببوو بە کۆسپی سەرڕێی هەڵدان و خۆبژیو بوونی ئابووری ناوچە و ڕێی بۆ کۆچی توێژی خوێندەوار و مامناوەندی کوردستان خۆش کردبوو, نارەزامەند بوون و بە خراپە باسیان دەکرد. لەگەڵ ئەمەشدا و وێڕای ئەم گشتە سووکایەتی پێکران و هەمێت وێنەدان و دەستێوەردانە نەهێنییە, جا هەر بە شێوەی کاتیش بووبێ, هەروا لە مەیدانی شەترەنجی جیهانیدا مانەوە.

یەکێك لە ئەندامانی "دەفتەری ڕۆژهەڵاتی نیزیك و باشووری ئاسیا" بە مەبەستی پاساو هێنانەوەی بۆ هەڵەکانی ساڵی ١٩٩١ دەستی لەسەر هێندێك هۆکار دادەنا, کە لە چاردە سەعات کاری ڕۆژانەوە بە مەبەستی خۆ سازدان بۆ شەڕ و گەیشتن بە ئامانجەکانیڕا بگرە هەتا ئەو پەیامانەی بە چەواشە لێكدرابوونەوە و بەتایبەت

نەبوونی توخمی وریا کردنەوە لە دەروونی دەزگای سیاسەتی دەرەوە یان ڕۆژنامەکان و خوێندەوارانی باڵای زانکۆیدا دەگرتەوە. ئەم کەسە وەك شی کردنەوەی مەبەستەکە دەیگوت: "لە شەڕی کۆرەوەکە بەم لاوە هەتا شەڕی کەنداو, بەتایبەت لەم بیست ساڵەی ئاخریدا, لە شەڕی ویتنامەوە تا ئێرە, دەقی نێوەرۆکی زۆربەی نووسراوەکانی بلاّڤۆکان و وتەی کارناسان ئەمە بووە کە "جەغزی خۆتان بناسن."

وێڕای ئەمە ڕووداوەکە تا ئێستا کارەساتێکی تەواو نەبوو. بە تێپەڕینی زەمان وتەکانی "شێتانە"ی تاڵەبانی ئیتر فیتوو لێدان نەبوو لە تاریکیدا بۆ ورە وە بەر خۆنان. ئاخرییەکی بارزانی و تاڵەبانی دەگژ یەك ڕاچوون و شەڕەکەیان گیانی هەزاران ئادەمیزادی کردە دەستەچیلە.[1] ئەم لێکدانە ڕقێکی ئەستووری لە نێو کوردان و دۆستانی غەوارەیاندا وەدی هێنا. سەرەڕای ئەمەش ئەو هەرێمەی ئێستا بە دەس کوردانەوە بوو لە باری بەرفرەوانیدا زیاتر بوو لە تەواوی ئەو ناوچانەی کە لە مێژووی تازەیاندا حوکمیان بەسەردا کردبوون. لە ژوەنی ١٩٩١دا یەکێك لە غەوارانی ئاشنا بە کاروباری ناوچە, کە پاش کۆبوونەوەی لەگەڵ ڕێبەرانی خۆجێیی, لە دهۆك لە پاشنیوەڕۆیەکا تووشی هاتم, لێم پرسی: "ئەرێ لە کشانەوەی هێزەکانی هاوپەیمان نارەحەت بوون؟ ئەگەر دیسان بقەومێ ڕوو دەکەنەوە چیا؟"

گوتی: "نا, بە هیچ شێوەیەك."

وتم: "پێم سەیرە!"

– "بڕوانە, ئەمانە لایان وا نەبوو کە پاش ئەو کارەساتە بمێنن. جۆرێکە هەر دەڵێی مردوون و چوونە بەهەشت."

١– دیپلۆماتێکی بریتانیایی لە گەرمەی گفتوگۆیەکدا, لە ١٢ی فێوریەی ١٩٩١دا ڕادەی کوژراوانی بە ٢٠٠٠ کەس قەبلاند. ژمارەیەکی جێ متمانەم لەم بارەوە بە دەستەوە نیە. لێبوردنی نێونەتەوەیی" کە لە مانگی ئۆکتۆبری ١٩٩٤دا لە کوردستانی ئێراق خەریکی کۆ کردنەوەی زانیاری بوو, ڕادەی کوژراوانی نیزامیی و غەیرە نیزامیی بە ١٦٠٠ تا ٢٠٠٠ کەس قەبلاند. وشیار زیباری لە پارتی دێموکراتی کوردستان ڕادەی کوژراوانی بە ٣٠٠٠ کەسێك دادەنا, کەچی سامی عەبدوڕەحمان هەر لەم حیزبە ڕێژەی کوژراوانی تا ٢٠٠٠ کەسێك بەراورد دەکرد, کە زۆربەیان پێشمەرگە بوون.

لەم سەدەیەدا, بۆ یەكەم جار لە درێژایی مێژووی ژیانی خەڵكی كوردا, هێزەكانی دەرەكی بۆ لایەنگری و پاراستنیان خۆیان لە كاروباری كوردستان هەڵقوتاندبوو.

بەشی ٥

ئەو سکە زێڕانەی بە کوتەناڵ دەرچوون

لە ساڵی ١٩٩٣دا وێنەی پێنج شەش کەس لەو کوردانەی کە لە درێژەی خەباتی نەتەوایەتی ئەم سەدەیەدا شوێن و پلە و پایەیەکی بەرچاویان وە دەس هێنابوو, لە گۆڕەپانی گشتیی شاری سلێمانی, لەسەر دیوارێکی بەرزی بەرەوڕووی گۆڕەپانەکە خرابوونە بەر چاوان. ئەمانە ئەو شەهیدانە بوون کە لە گەرمەی گەڕیانی شۆڕشا گیانیان فیدای کوردستان کردبوو, یانی ئەو مێرانەی کە سەردەمانێك لە پێش پێشەوەی دیمەنگای سیاسی ناسیۆنالیزمی سیابەختی کوردا ڕاوەستا بوون. زۆربەی ئەم کەسانە لە مەیدانی خەباتا گیانیان بەخت کردبوو و تێکڕا قیمەتی شۆڕشیان لە ئێران و تورکیا و ئێراقا بە بەخشینی ڕووحیان پێشکێش کردبوو. ئەم ڕێز لێ‌گرتنە لاسا کردنەوەی کردەی سەددام حوسێن نەبووکە ئەم گشتە ساڵە لە شکڵ و شێوە و جلوبەرگی جۆراوجۆردا وێنەی خۆی لە دار و دیواری وڵاتی قایم کردبوو. وێنەکانی سەددام کە لە هەموو شوێنێك وە بەرچاو دەهاتن, بەرهەمی هونەرێکی توجارەتی و بە لێشاو بوون و تێکڕا زریقە و بریقەی تایبەتی ئەم ڕەوتەیان پێوە دیار بوو. بەڵام وێنەی ئەم کوردانە

کە پتر ساکار و کەمتر وێچووی خۆیان بـوو, بەشـێك لـەم نەریتـە کۆنـەی تـەبلیغاتی وێنەیی جیهانی سێهەم بوو کە مێژوو و پێشینەکەی دەگەڕایەوە بۆ بـەر لــە پەیـدابوونی وێنەی چوارڕەنگ و تەلەفیزیۆنی.

ساکاری ئەم ڕێز لێنانەی ڕابردوو, ڕاستەوڕاست ناکارامەیی لە بەستێنێکی ترا دێنایە بەرچاوان. بەڵام ئەوەی کە زۆر گرینگی دەنواند ئەمە بوو کە بۆ یەکەم جار بە درێژایی تەواوی ئەو مێژووەی کوردان وە بیریان دەهات دەیانتوانی بە ئازادی لە شوێنێکا تێفکرنە ڕێبەرانی نابەختیاریان و تماشایان بکەن و تێبگەن کە نەتەوەخوازیی کورد ئەم سنوورە دەسکردانەی بەزاندووە کە وڵاتانی ناوچە بە سەریدا سەپاندوون. کەسانی هەڵکەوتەی ئەم دەستەیە شوێنپەنجەی دەسەڵاتیان لە سنووری مەڵبەندی زێدیان تێپەڕاندووە و جاری وایە تەنانەت بە شێوەیەکی کاتی کەوتوونە بەر سەرنجی گەورەهێزانی جیهانیش, هەڵبەت دیارە ئەگەر پەی دابا پێیان خۆش بوو هەر شتێکی ڕەنگ‌وبۆنی کوردی هەیە وە بەرچاوی نەگرن, کەچی ئێستا لە پێت و بەرەکەتی پشتیوانی بە کردەوەی ڕۆژاوا لە باکووری ئێراق ئەم وێنانە خرابوونە بەرچاوی تەواوی خەڵك.

لەم مەزنانەی ڕێزیان لێ‌دەگیرا, ئەم کەسانە بەرچاو بوون: شێخ سەعیدی پیران, یەکێك لە پێشەوایانی دینی کە شۆڕشێکی کەم تەمەنی لە **١٩٢٥**, لە تورکیا هەڵسووڕاند و بەم تاوانە لە سێدارە درا. قازی محەممەد, پێشەوایەکی مەزهەبی[١] دیکە کە محەممەد ڕەزاشا پەهلەوی بە تاوانی دامەزراندنی کۆماری کورد لە **١٩٤٧**دا لە مەهاباد سێدارەی بۆ هەڵخست. هەروەها عەبدوڕڕەحمان قاسملوو کە لە ساڵی **١٩٨٩**دا, لە ویەن بە دەس پیاوەکانی دەزگای پۆلیسی نهێنی کۆماری ئیسلامی ئێران کوژرا. وێنەی مەلامستەفا بارزانی تەواوی ئەوانەی لە بەرەو دەخستن، ئەو کەسەی کە ژیانی تێکەڵاوی ئاڵ‌وگۆڕ و هەڵس‌وکەوتی نیوسەدە ناسیۆنالیزمی کورد ببوو. ئەم شوێنی شانازییەی پێیان تایبەت دابوو, شوێنێکی "شیاو" بوو, ئەگەرچی هەڵە و خەتاشی زۆر بوون.

١- پێشەوای شەهید دیارە لە حوجرە خوێندبووی و بەرگی مەلایەتی لەبەردابوو, بەڵام وەك کەسایەتێکی نەتەوەخواز و سیاسی هاتە مەیدان, نە ڕێبەرێکی ئایینی. وەرگێڕ.

لە نێو ئەم قارەمانە شەهیدانەدا, [تەنیا] وێنەی بارزانی لە هەموو شوێنێ وە بەرچاو دێ, لە کاولاشی خەڵکی ئاسایی کوردی تورکیا یان ئازەربایجانەوە بگرە هەتا دەفتەری کاری ڕۆژنامەنووسانی هەڵکەوتە لە واشینگتۆن. ژیانی دوور و درێژی بارزانی ماکە و هەوێنی گەلێ چیرۆك و ئەفسانە بوو: هەر شوێنێکی کوردی لێ با نەقڵ و نەزیلەی چالاکی و دەستەوەکەری بارزانی سەدان جار دەوێژرا و دەوێژرایەوە ... ئەم چیرۆك و بەسەرهاتانە هەوێنی شانازی و فیز و دەمارن و بە درێژایی دەیان ساڵ بیری نەتەوەخوازیی کوردیان نەمر ڕاگرتووە. ئەو خاوەنی ئەو توخمە سەرەکییە پێویستەی ڕێبەرایەتی بوو کە حوکمڕانی بەسەر هەرێمی هەست و سۆزا دەکرد و پیاوان و ژنانی وەها هاندەدا کە تەواوی کاروباریان جێ دەهێشت و سەرەڕای دەرد و کوێری تاقەتپڕووکێن, دەکەوتنە شوێنی.

بارزانی لە پۆپەی هێز و دەسەڵاتی خۆیا, شەڕکەرانی نەخوێندەواری خێڵەکی و هەزاران دوکتۆر و ئەندازیار و فێرکار و پۆلیسێکە لە ژیانی بە ئێروو و ئاسوودەی باژێران بووردبوون و تاڵی و سوێری ژینی چیایان هەڵبژاردبوو, وێك‌خستن و کردنی بە هاوپشت. سەرەڕای تەواوی ئەمانەش هەمیشە ناچار بوو لەگەڵ عەشیرەتە ڕەکەبەرەکان و هێزەکانی سیاسی, واتە جاشەکان, کە بە مەبەستی لێك‌دەرکردنی ڕەقی کۆنە و نوێ, ببوونە بە کرێگیراوی دەوڵەت و چەکیان هەڵگرتبوو, بە شەڕ بێ. ئەو بە نابارترین باری خۆیدا, پیاوێکی خیرەسەری کەم سەواد بوو کە پێی‌خۆش نەبوو دەسەڵاتی لەگەڵ خوێندەواران و پەروەردە بوانی کورد دابەش بکا. توانی خەباتکارانی کوردی ئێرانی بداتە دەس دوژمنیان و بە متمانە کردن بە غەواران جووڵانەوەی کورد بەرەورووی کارەسات کاتەوە. ئەم جیاوازی و دژاودژ کەوتنە, سووچە تیژەکانی کەسایەتی پیاوێك دەنوێنن کە لە ڕەوتی تێپەڕینا, لە نێوان دوو جیهاندا تێمابوو: جیهانی ئازاد لە چنگ تەکووزی تافی لاوی و جیهانی هێزەکانی خاپوورکەری وڵاتێکی تەواو چەق‌بەستووی پۆلیسی, یانی ئەم وڵاتەی کە ئەو وەك ڕێبەرێکی شیاو لەگەڵی تێکەوتبوو.

لە پێش‌دا بارزانی وەها کەتبووە ژێر کاریگەریێتی بەند و داوی عەشیرەتی و دەرەبەگی کە لێرا کۆت و زنجیر و جەغزی دەوڵەتی ناوەندی بنێتە لایەك و ئەمەش سەرقاڵیی زۆربەی چیانشینانی شوێنەکانی دیکەشە. ئەوەندەی کە ئەم ڕەوتە شوێنی تێکردبوو, قەت ئەوەندەی بڕوا بە پێویستیی کاروباری ڕێکخراوەیی نەبوو, چونکە هەم نیازی بە دان بەخۆ داگرتن و لەسەرەخۆیی هەیە و هەم بۆ سەرکەوتنی هەر جووڵانەوەیەکی ڕزگاریدەری نەتەوەیی تەواو پێویستە. بەڵام کاتێك بارودۆخ لەبار و بەکاو بوو, بارزانی ساف و ساکار "ئاغای کوردستان" بوو, یانی یەکەم سەرکردەی لەشکریی بوو کە تەنانەت هێندێکیش وەك سەلاحەددینی مەزن دەچوو کە وەختێکی بوو بە سەرۆك و جڵەوکێشی سپای ئیسلام, خاچپەرستانی تێك‌شکاند و ئەم وێچوونەی بارزانی وە وی لە هەر کوردێکی تر زیاتر بوو. کاتێك بارودۆخ هەڵگەڕایەوە تەنانەت یەکێك لە کوڕەکانی خۆی – عوبەیدیللا – ئۆگریی بارزانی سەبارەت بە خودموختاری کە پێشتر وەك ئامانجی نەتەوەیی ڕایگەیاندبوو, بردە ژێر پرسیار. عوبەیدیللا دەیگوت بێتوو سەرکەوتن بە مانای بەخت کردنی هێز و دەسەلاتی دەرەبەگایەتی بێ و لە خۆیەوە دەس پێ‌بکا, هیچ مەیل و تاسەیەکی بۆ ئەم خودموختارییە نیە. ئەو توێژەرە کورد و بێگانانەی کە بە گشتیی بارزانییان لەبەر چاو بووە "دژاودژی و نەحاوانەوەی دەروونیی" لە نەتەوەخوازیی کوردا دەبینن. یەکێك لە خاوەن‌ڕایان دەنووسێ: "خەبات و ململانیی نەتەوەیی خەڵکی کورد لە درێژەی سەدەی بیستەما, تەنیا ململانیی لە نێوان کوردان و دەسەلاتدارانی غەیرە کوردا نەبوو, بەڵکوو هاوکات مل بە ملەیەك بوو لە نێوان مانای حکوومەتی عەشیرەتی و دەوڵەتی نوێ‌دا: ململانی نێوان هەرێمە سەربزێو و ناوچە هێورەکان و مل‌بە ملەی نێوان چیانشینان و خەڵکی نەرم و هێدی پێدەشتان بوو, کەڵەوە کێشی و ململانییەك کە جووڵانەوەی نەتەوەیی کوردی لێك‌دابڕیوە و لاوازی کردووە." نەتەوەخوازیی کورد هێشتاش, ئەگەرچی خاوەنی شێوە و بیچمی جۆراوجۆرە, بەڵام هەروا بە دووکەرتی ماوەتەوە.

مەلامستەفا کە لە ساڵی ١٩٠٤دا پێی نابوویە جەغزی ژیان, چرۆی ئیلهامی دەگەڕاوە سەر پلە و پایەی بنەماڵەکەی کە بە ناوی "ئاغا"ی خاوەن زەوی‌وزار و شێخ

ناسرابوو, دیارە تێکەڵ بوونی ئـەم دووە لـە کوردسـتانی گوندەکیـدا سەرەینـچاوەی دەسەلاّت بوون. بـارزانی سـەردەمایەکی کـە لـە ١٩٧٩دا وەك دوورخراوەیـەك لـە ئەمریکا وەفاتی کرد تەواوی قوناخەکانی شۆڕشێکی نەتەوەیی هـەتا قـوولایی بڕیـوو و تواناییـەکانی ئـەوی بـەتاقی کردبـۆوە و هـەتا بنـەبان شـوێنی لـە دووگێـڕا بـوو؛ جوولانەوەیەکی کە هەولّی دەدا لە بازنە و گەمارۆی دەوڵەتانێكدا کە قەت دەسـتیان بە خوێنڕێژی نەدەلەرزی, دریژە بە مانەوە بـدا. لـە ڕۆژگارێکیـدا کـە بـارزانی وردە وردە خەریك بوو گەورە دەبوو, بارزانییەکانیان بە خیرەسەرترینی عێلەکانی کوردستان دەزانی. ئەم عێلە کە بریتی بوو لـە ٧٥٠ خێزانـی هـەژار لـە ناوچـەیەکی سـەخت و ڕەقەن و کەم داهات, لەسەری ئەو سەری باکووری ناوچـەیەکی کـە بـوو بـە ئێراقـی ئەمڕۆ, پەڕاگەندە ببوون: ئەم خەڵکە لەم بابەتەوە کە بۆ دەس و پەنــجە نـەرم کـردن لەگەڵ دوژمنـانی بـەهێزتری خۆیـان خۆفیـان ڕێ نەدەنیـشت بـەناوبانگ بـوون. لـە سەردەمی حکوومەتی عوسـمانیدا لەبـەر ڕەوشـتی ئازایانـە و جێ‌کردنـەوە لـە نێـو تەریقەتی نەقشبەندیدا ئاوازەیان دەنگی دابۆوە.

ئەوان سەردەمان هێشتا دەوارنشینی لە برەودابوو و بارزان – ناوەندی ئەم خانەدانە – کـە شارۆچـکەیەك بـوو لـە بادینـان, هـەرێمێکی سـەربزێو و سـەرکێش بـوو لـە ئیمپراتۆرییـەتی عوسـمانیدا و کـەتبووە نیزیـك کوێـستانەکانی هـەکاری کـە هێڵـی سنووری نێوان ئێراقی ئێستا و تورکیایە. ئەم شوێنە بە شێوەیەك شـاری ئاواتەخواسـتەی چاوناس بوو کە جووتیارانی خێڵـەکی و پـەناخوازانی مەسـیحی و مـسوڵمانی بـۆ لای خۆی ڕادەکێـشا. عوسـمانییەکان باوەگـەورە و بـاوك و بـرای مەلامـستەفایان لەبـەر کەڵەوەکێشی و ڕاپەڕین و پێمل نـەبوونی لێکدالێکـدا, لـە سـێدارە دا و مەلامـستەفا بەوەی دەنازی کە هێشتا بەرمەمکانە بووە چۆتە بەندیـخانە. لە حەقیقەتیشدا نـــــۆ مانگانە بوو کە لەگەڵ دایکی و تەواوی ئەندامانی بنەماڵەی کەوتـە زینـدانی مووسـڵ. بەم شێوەیە وەك برا چکۆلەیەك, لە کۆمەڵێکا کە دەسەلاّتداریی مافی کـوڕە گـەورەی بنەماڵەیە, هیچ شتێك بارزانی بۆ پێشەوایەتی پەروەردە و ئامادە نەدەکرد.

مەلامستەفا — كە ناوی مەلایەتێكەی ناگەڕێتەوە جەغزی خوێندن بۆ مەلایەتی — پەروەردە كراوی دەستی "شێخ ئەحمەد"ی كاكۆیەتی. شێخ كە سێزدە ساڵ لەوی گەورەتر بوو تەواو كاری تێدەكرد و شوێنی لەسەر دادەنا. لە نێرینەی سەدەی نوزدەدا بەشداری كردنی باوەگەورەیان لە تەریقەتی نەقشبەندیدا بوو بە هۆی ناو و ئاوازەی عێلی بارزانی و پڕ بوونەوەی بۆ شایەیەك كە سەرینچاوەی دەچۆوە سەر تێكچوون و لێكهەڵوەشانی میرنشینە كوردەكان. شێخ ئەحمەد ڕێبەرێكی دینیی جێی ڕێز بوو، هەرچەند هێندەش لەسەر خەتی پێشەوایانی كۆن نەبوو و بە توندی لایەنگری پاراستنی ژینگە بوو. ڕاوی كەو و بزن و بەرانەكێوی قەدەخە كرد و ڕەنگە بە بوونی مەیلی سیلەچاوێك بۆ سەر بیر و بڕوای بەر لە ئیسلام، پاوانی لەسەر داربڕین دانا. دوژمنانی ئیددیعایان دەكرد كە نوێژی هەینی بە فەرمان و ناوی ئەو بەجێ دێنن و مریدەكانی لە جیاتی مەككە "بارزان"یان كردۆتە ڕووگە و خواردنی گۆشتی بەراز و خواردنەوەی شەرابی حەڵاڵ كردووە و دڵداریی و ئاشقێنی بە ئاشكرایی دەخاتە پشتگوێ. ئەم چیرۆكە، چ ڕاست بێ و چ درۆ، بۆ ناوبانگی شێخ ئەحمەد بە لانی سەمەرە بوونیدا، زۆری باڵ لێناوە. مەلامستەفا زۆر دواتر كە ناو و ناوبانگی كەوتە پێش ئاوازەی تەواوی بنەماڵەكەی، بە بۆنەی ڕێز گرتن لە كاكی، هەمیشە لە هەوێڵیدا بە پاوە ڕادەوەستا و سوور بوو لەسەر ئەمە كە شێوی شێخ بەر لە هەموان دابندرێ.

بنەماڵەی شێخ خۆیان بە نیمچە پیرۆز دادەنا و زۆرێك لە كوردان لایان وابوو كە دەستێكی نەبەدی هەمیشە لە كاتی قەیرانیدا، بارزانییەكانی یاریدە دەدا. بارزانییەكان ڕەنگە لەبەر وەی كە زەویوزارێكی ئەوتۆیان نەبوو و ئەوەی بووشیان ڕێژەوی نەبوو، لە ڕاستیدا كۆمەڵێكی وا نەبوون كە لە ئاكامی شەڕا ئەشتەكی بەرچاویان تێدا بچێ. پەندێكی كوردی هەیە كە دەڵێ: "شەڕ چاكترە لە بێكاری". یەكی دیكەیان دەڵێ: "بەرخی نێر بۆ سەر بڕینە". بارزانییەكان بۆ پاراستنی ڕێكوپێكی لە هەنگامەی شەڕیدا، بە تەبی عالەم مەنشوور بوون. تێكەڵ بوون و تێكەڵایەتی كارتێكردنی ماددی و مەعنەوی بۆ وەدیهێنانی داڕشتی فەرماندەرێتی گەلێكی یاریدە دان. زۆر جاران بە

دیدارکەرانی غەوارەیان دەگوت پەیڕەوی کردن و ملکەچـی خـەڵك بـۆ شـێخ بـە ڕادەیەکە ئەگەر بێتوو پێیان بڵێ خۆتان لە هەڵدێران هەڵدێرن بێ سێ و دوو دەیکەن.

مەلامستەفا پیاوێکی کورتەباڵای چاو و برۆ ڕەشـی پەیوەسـت و خـەت و کـووزی ڕوخساری بەرچاوی دەنواند و زۆر بەهێز و گـوڕ بـوو. [بـارزانی] بـە چـاوی ڕەش و نیگای تیژی مرۆی دێنایە سەر ڕێزدانان. هێزی کەسایەتی و قورسـاغی وەهـا بـوو کـە کوردان بە قسەی خۆیان لـە دوورەوە هەسـتیان پێـدەکرد. یـەکێك لـە فەرمانـدەرانی هاوسەنگەری دەیگوت: "هەر کام لە ئەنـدامانی بنەماڵـەی بـارزانی خـۆی بـە میرێـك دەزانێ." هەر ئەم کابرایە کە هاتە سەر باسی تافی لاوی مەلامستەفا لە بارزان, گـوتی: "لـەو کێوانە و لە ژێر ئەوان داربەڕواندا, مـرۆ دەتوانـێ سـەر بـەرێ بـۆ هـەموو خەیاڵاتێك. ئادەمیزاد بۆی هەیە تەواو لە ڕاستەقینە دوور کەوێتەوە. بەڵام خەیاڵاتی ئەو ڕووی ڕاستەقینەیان بە خۆوە بینی." ئەم ئاڵوگۆڕە زەمانی بە سەردا هـات. مەلامـستەفا جارێکی بە یەکێك لە نزیکانی گوتبوو کە لە تەمەنی بیست و ششساڵیدا زانیویـەتی دەبێ دەوری ڕێبەرایەتی بگێڕێ, ئەم قسەیە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانی یەکەم ڕاپـەڕینی گەورەی.

مەلامستەفا پتر بە پشتیوانی هێزی غـەریزەی خـاوەنی فـام و تێگەیـشتنێکی خێـرا و لـەڕێوە بوو, نەك بە گوێرەی ئەزموون و لێکدانـەوەی ڕووداوەکـان و ئەمـەش ئاکـامی کـەم خوێنـدنی بـوو: شـەش سـاڵ پـەروەردەی تایبـەتی و چـوار سـاڵ خوێنـدن لـە مەکتەبـخانەی گوندێکی دوورەدەست. (سەیر ئەوەیە چـینی دەرەبـەگی کـورد — کـە بارزانی تێیدا گوورابوو — هەروەها خەنیمەکانی ئەم چینەش, یانی حکوومەت هـەرتك وێکڕا ماوەیەکی دوور و درێژ لە دردۆنگیدا سەبارەت بە پرسی فێر کردن و بارهێنان و شـوێنەوارە ڕزگاریـدەرەکانی کـە بـەرەوڕووی خـەڵکی چـینی خـوارەوە دەبـوون، هاودەنگ بوون.) بارزانی جگە لە زاراوەی کرمانـجی کە زمانی زگماکی بوو, بێ گرێ بە عەرەبی و فارسی و ڕووسی دەهاتە پەیڤین. ئەو وتەکانی خۆی بـە نـەقڵ و نەزیلـەی ئەخلاقیی, کە کەسایەتی و دەورگێڕانیان جانەوەران بوون، دەڕازاندەوە. لە سـاڵەکانی کۆتایی تەمەنیدا بە گوێ گرتنی یەك‌پشوو لەو هەواڵانەی بە زمانی عـەرەبی لـە ڕادیـۆ

"ماك براون"ە ئەڵمانییەکەی بڵاو دەبۆوە لە ڕووداوەکانی جیهان ئاگادار دەبۆوە, ئەم ڕادیۆیە یەکێك لە کەلوپەل و ئامرازە گرینگ و پێویستەکانی بوو.

مەلامستەفا لە پێهەڵاگوتن و مەرایی کردن بێزار بوو و خێرا لە فێڵوفرتان حاڵی دەبوو. هەروەك زۆربەی ڕێبەرانی جیهانی سێهەمی هاوسەردەمی پێیخۆش نەبوو کەس لە بەرامبەریدا خۆ بنوێنێ؛ دێموکرات نەبوو. لە بازنەی دنیای ئەوا ڕێبەر لای سەرووی دیوەخانی دەگرت, یانی ئەگەر بکرێ وەها لەبزێك بۆ خدەوخووی ساکاری وی بەجێ بێ. خەنجەرێکی درێژ و نووك هەڵگەڕاوەی لەبەر پشتێنی دەچەقاند، ڕانکی فشەڵۆکەی دەکردە بەر, جگەرەی هەڵپێچراوی خۆماڵی بە مۆدنەی درێژی بەلاڵووك دەکێشا و کاتێك میوانی دەبوو چوارمێردەکی دادەنیشت و شووڵی دەتاشی. وەك ئێرانیان چای بە قەند دەخواردەوە. زۆر جاران بە کایەی "شەترەنج" وەڕەزی دەشکاند. بارودۆخ هەرچەندە تاڵ وتوونیش بوایە ئەو هەمیشە بۆ دیتنی غەواران و کوردان لە هەر تاقم و چینێك، لە پێشمەرگەی ساکارەوە بگرە هەتا فەرماندەرانی سپا, دەرفەتی هەبوو.

زۆر بێدەنگ و هەرا سەفەری دەکرد. ئەزموون پێی سەلماندبوو کە هەموو شەوێك جێ بگۆڕێ و لەگەڵ حەرەسەکانی گونداوگوندان بکا, ئەوەش بە مەبەستی تێكشکاندنی چالاکی و پیلانی سیخوڕانێ بوو کە لای وابوو شوێنی لە دوو دەگێڕن. بەڵێ, ئیوهایە میراتی بنەگرتووی خەیانەت لە کۆمەڵی کوردەواریدا. بارگە و بنە و کەلوپەلی سەفەری ئەوەند ساکار بوون کە شوێنێکی بۆ نووسینەوە و تۆمار کردنی ڕووداوەکان نەدەهێشتەوە, بەڵام قەند و چاو برینجیان لەو کۆمەڵە ئەشکەوتانەدا تاقەت دەکرد کە خۆیان وەك پەسار و پەناگا لە بەرامبەر هێرشی ئاسمانییدا پەنایان بۆ دەبردن. ئەو بەشداری ژیانی ساکاری هاوسەنگەرانی دەبوو و لە دەرێ دەخەوت. ترکان مەسەلێکیان هەیە کە دەڵێ: "کورد تەنیا ئەگەر لەگەڵ کافر پێکی بگری مسوڵمانە", ڕاستە مەلامستەفا هەر پێنجفەڕزان نوێژی نەدەکرد, بەڵام قەت نوێژی بەیان و خەوتنانی نەدەچوو. پیاوێکی ئازا بوو و لەم بابەتەوە کە لە کاتی بۆمبارانانددا شلۆی نابێ بەناو و دەنگ بوو. تەمای شەڕ و دامەزران و کشانەوەی دەخستە ئەستۆی

سەرکردەکانی کە لە خێڵی خۆی بوون و زۆر جاران دەربارەی هاوڕێیانی دەیگوت: "بە خۆم و هەزاروپێنسەت کەس بارزانییەوە دەتوانم وڵات وە تەنگ بێنم." جاری وابوو نەتەوەخوازانی تری کوردی بەم هەستە تاڵەوە جێدەهێشت، کە بۆ وی بارزانی بوون گرینگترە بوو لە کورد بوون.

ئەو خاوەنی لان و لایەنی زەبروزەنگیش بوو, هەروەك "مارگرێت جۆرج" کاتێ لەبەرچاوان کەوت, پێی زانی. مارگرێت جۆرج ژنێکی کوردی مەسیحی بوو, ژنێکی جحێڵی بەدەنگ و ناو. لە ساڵەکانی سەرەتای دەیەی ١٩٦٠دا کە فەرماندەی مەفرەزەیەکی پیاوان بوو, لە شەڕێكدا چاك درەوشایەوە و ناوبانگی دەرکرد. تاقمێك لە تەبلیغاتکارانی کورد خێرا کردیانە "ژاندارك"ی کورد و پێشمەرگان وێنەی ئەویان وەك "نوشتوو" دەبردە مەتەرێزان. بەڵام سەرکەوتن بادیهەوای کرد و داوای مافی هەبوونی دەنگی لە شووڕای باڵای سیاسیدا کرد. ڕەوتی ئەم داخوازە بوو بە هۆی وەرگەڕانی تەخت و بەختی, جگە لەو حیکایەتانەی کە سەبارەت بە دەستێکەڵ کردنی بێتامی لەگەڵ عوبەیدیللا، کوڕە گەورەی بارزانی و زۆر کەسی تر کەوتبووە سەر زمانان. زۆر دواتر, کاتێ هەواڵنێرانی دەرەکی کە دەهاتنە کوردستان و خوازیاری وتوویژ و دیداری بوون, پێیاندەگوتن کە تووشی گولییەکی زۆر مەترسیدار هاتووە و گەڕاوەتەوە گوندی خۆی. بەڵام حەقیقەت ئەمەیە کە مەلامستەفا گەرچی زۆری هەوڵ دەدا گیانی هیچ پێشمەرگەیەك بە خۆڕایی نەخاتە مەترسی، فەرمانی کوشتنی دابوو.

ئەو زۆریش لەسەر داب و نەریتی عەشیرەتی سوور بوو. ئەفسەرێکی ئیسڕائیلی چۆنیەتی بەسەرهاتی پێشمەرگەیەکی دەگێڕایەوە کە گوێی بۆ ڕێوشوێنی سەرخوێن و بەرخوێن شل نەکردبوو و بۆخۆی بە کوشتنەوەی کابرا, کارەکەی یەکسەرە کردبوو. گوتی: مەلامستەفا خودنووسی زێڕ و چەپکێك کاغەز و چاویلکەی قاپێلکە تەلای — لە ڕاستیدا ئەوانە تەواوی کەلوپەلی دەفتەری کارەکەی بوون — لە ژێر پەتوو هێنانەدەر و فەرمانەکەی نووسی: تاوانبار دەردەس بکرێ, دادگایی بکرێ, مەحکووم بکرێ بە کوژرانەوە و بکوژرێتەوە و تەواوی ئەم کارانە بەر لە کازیوەی بەیانی بگەنە ئاکام. کاتێك کابرای ئەفسەری ئیسڕائیلی لێی پرسی باشە بۆچی زەحمەتی ئەم

هەمووە كاغەزبازییە وەبەر خۆی دەنێ، بارزانی بە ڕاوێژێكی زیرەكانـەی گاڵتەجاڕیانـە گوتی: "باشە ئەگەر وا نەبێ ئەدی ئەركی دادپەروەری چی لـێ دێ؟"

بیروردان بە تاڵی باسی ئەم ڕەوتە دەكـەن كـە بـارزانی لـە پلـە و پایـەی سـەرۆك عێلێكڕا هەتا ڕێبەرایەتی گەلێك بڕیوێتی. ڕۆژگاری لـە دایك بـوونی بـارزانی، ڕەنگـە بیری نەتەوەخوازی بە حاڵ و دووبەلا یەك بووبێ و نەبووبێ و بـە بـڕوای زۆرێـك لـە مێژوونووسانی كورد، نەتـەوەخوازیی "پێـشكەوتوو" تـەنیا لەگـەڵ گەشـە و هەڵـدانی توێژی ڕووناكبیر و پـەروەردە كـراوی خـەڵكی شارنـشین پێكهـات و خـۆی نوانـد و كوردستان یەكێ لـە ئاخرین هەرێمەكانی عوسـمانی بوو كە لـەم ڕەوتەدا هـەنگاوی نـا. "بابی عالی" لـە جوولانـەوە و بـەرەوڕوو بـوون لەگـەڵ هـۆزە كوردەكـان و ئەوانـەی لەگەڵ توركیا تێدەكەوتن و بەربەرەكانیان دەكرد تـەواو خـاوەن ئـەزموون بـوو: یـان دەیكوشتن یان لـە بەندیـخانەی دەپەستاوتن یا قانی دەدانێ و دەیكڕین.

لـە دەسپێكی سەدەی نۆزدەڕا كوردان گەلـێجار تێكۆشابوون لـە ئاست حكوومەتی ڕاستەوخۆی عوسـمانیدا خۆڕابگرن و كوتولـەتەكانی كوردستان وێكخەنەوە. هۆی سەرهەڵدانی ئەم ڕاپەڕینانە زیاتر خـودی عوسـمانییەكان بـوون: عوسـمانییەكان كـە هەوڵیان دەدا بەر بە داڕمانی ڕووەو هەشتاوی خۆیان بگرن كە پاش مرادمردوو بوونیان بۆ گرتنی "ویەن" لـە ساڵی ١٦٨٣دا، بە ڕوودانی چەندین شـۆڕش و ڕاپـەڕین پـەرەی دەگـرت و ترسـی پـەلاماری ڕووسـیاش لــە گـۆڕێدا بـوو، دیـسانەوە تێدەكۆشـان دەسەڵاتیان پتر بچەسپێنن و هەر بۆ ئەم مەبەسـتە ڕوویـان كـردە ڕەوتـی پێمـل كردنـی میرنشین و هەرێمە زۆر و زوەندە خودموختارەكانی كوردستان.

ئامانـجی پێداچـوونەوە و چاكـسازیی قـانوونیی سـاڵی ١٨٣٩، ناسـراو بـە "تەنزیـمات"، كۆتایی هێنان بە سێ سەدە حكوومەتی چەندبنەكی بوو كە لـە سـەردەمی سەركەوتنی سوڵتان سەلیمی خوێنڕێژ بـە سـەر شاسـمایلی سـەفەوی دا، لـە شـەڕی "چاڵدڕان"ەوە (١٥١٤) بە میرات هاتبوو. لەم شـەڕانەدا زۆربـەی هـۆزە كوردەكـان چووبوونە یاریدەی سوڵتان. تەنیا لـە ساڵی ١٦٣٩دا بوو كە عوسـمانی و ئێران دانیـان بەم سنوورانەدا هێنا كە كوردستانی باكووری دابەش دەكرد و هێڵێكی بەدی دێنـا كـە

ئەمڕۆکە سەرهەدی ناسراوی وڵاتانی تورکیا و ئێران و ئێراقە. دەوڵەتی عوسمانی لە چاکەی ڕاستەوخۆی کوردان شازدە میرنشینی پێکهێنا کە لە بەرامبەر دانی باج و خەراج و ناردنی شەڕکەر لە کاتی پێویستا و پاراستنی لانی کەمی تەکووز، خاوەنی ئازادییەکی تەواوی هەڵسوکەوت و جموجۆڵ بوون لە کردەوەدا.

لە درێژەی ئەم ڕەوتەدا کە چل ساڵی دەوام هێنا, زۆربەی کوردستان لەژێر تەوژمی چالاکی توند و تیژی سزا دان و لەشکر لێ کردنی پەیتاپەیتا کە بە مەبەستی خاشەبڕ کردنی ئەم میرنشینانە بوو وا سەرۆکە کوردەکان دەیانهەویست دەست و دەسەڵاتیان تێیانا هەتاهەتایی بێ، پێمل بوو. هەندێك جاران کوردەکانی عوسمانی و ئێران بە دژی حاکمانی ئیستامبووڵ و تاران ڕێك دەکەوتن، بەڵام زۆر وەختان لە شەڕی نێوان عوسمانی و ڕووساندا لانی عوسمانییان دەگرت, لە کاتێکا ئەوانی دی هەوڵیان دەدا بێ لایەن بمێننەوە. هەلی وابوو خێڵە مەسیحییەکان دەچوونە ڕیزی شۆڕش و ڕای وابوو وەفادار دەمانەوە. عوسمانییەکان هەمیشە دەیانتوانی تاقمێك لە کوردان بە دژی ئەو سەرهەڵداوانەی بە دووی وەرگرتنی یارمەتی لە ڕووسیا یان بریتانیاوە بوون — کە جاری واش بوو یارمەتی دەدران — بۆ لای خۆیان ڕاکێشن. مرخی فێڵەبازی و دەمچەورانە دانی عوسمانییەکان ئەوەندە تیژ بوو، تەنانەت ئەو جارانەی کە کوردان لە بەرەکانی شەڕا سەردەکەوتن هەر لەڕێوە هەڵدەخەڵەتان و تووشی ئاکامی دوورخرانەوە و زیندان و کوژران دەهاتن.

ئەوەندەی کوردان سافیلکە بوون, چەند هێندە ڕکەبەرانیان زیرەك و لە بنەوەبڕ بوون. لە ساڵی **١٨٨٥**دا ئەمیرنیزام, یەکێك لە سەرکردەکانی ئێرانی, هەمزاغای [مەنگوڕ]، سەرۆکی هۆزی [مەنگوڕان] بە فێڵ و تەڵەکە بانگ دێڵێتە خێوەتی خۆی و دڵنیای دەکاتەوە "مادامێکی لەسەر ئەم خاکە بێ, زەرەدی پێناگا." بەڵام هەر کە هەمزاغا پێی دە خێوەتێ نایەوە کابرای ئێرانی دەستووری دا بە چەکدارانی ماتە هەڵگرتووی, تەقە لە میوان بکەن و بەم شێوەیە کوشتیان. ئەمیر نیزام ئیددیعای دەکرد کە پێی لە بەڵێنی خۆی نەناوە. چونکە لە پێشدا دەستووری دابوو ترکی خێرەتەکەیان کۆڵیبوو و مافوورەیان لێ ڕاخستبوو، بە شێوەیەك ئەو دەمەی [هەمزاغا]

پێی ناوەتە خێوەتەکە دەسرێژی لـێ‌کراوە و لـە ڕاستیدا [هەمزاغا] ئیتر خۆ لـەسەر ئەو خاکە نەبووە. کوردانیش دەیانتوانی وەها زاڵم و غەددار بن: سـمایل ئاغای سـمکۆ کە لە سێ دەیەی دەسپێکی سەدەی ئێستادا یەکێك لـە سەرۆکانی عێلی شکاك بـوو, خـۆ بەدەستەوەدانی تاقمێك لـە یارانی پێـشووی خـۆی قبـووڵ کـرد و بـەڵێنی پـێدان کـە نایانکوژێ و ئازادیان دەکا. ئەو کات پیاوەکانی جومگەی دەستی برادەرانیان ورد کرد و لـە ڕێـسەی ملیـان دان و ئازادیـان کـردن – لـە حاڵێکـا بـێ ئیختیـار سـەریان بەسەر شانیانەوە تەکەتەکی‌بوو.

نیـشانەگەلـێ لـە "نەتـەوەخوازی"یـەکی بـەرەو ڕسـکان, جاروبـارە وە بەرچـاو دەکەوت. شێخ عوبەیدیللا شەمزینان دوو ساڵ بەر لەو شۆڕشەی کـە لـە ١٨٨٠دا, لە نیزیك کەوشەنی ئێران و عوسـمانی بە دژی دەوڵەتی ئێـران هەڵگـیرساند و لـە پێش‌دا بەرەورووی چەند سەرکەوتنێکیش بۆوە, لـە نامەیـەکا بـۆ جێگـری قونـسوولی نیشتەجێی بریتانیا لە وێندەرێی نووسی: "گەلی کورد, گەلێکی جیاوازە. مەزەب و یاسـا و ڕیسا و داب و نەریتی لەگەڵ ئەوان جودایە." لە درێژەدا زیادی دەکرد: "سەرۆك و میرانی کوردستان, چ جەماوەری عوسـمانی بن و چ ئێـران یـان خـەڵکی کوردسـتان, هەموو یەكدڵ و یەکگرتوو هاودەنگن لـەسەر وەی کە لـەگـەڵ ئـەم دوو حکوومەتـەدا هیچ کارێکیان بەم شێوەیە بۆ جێبەجێ نابێ."

شۆڕشی شێخ عوبەیدیللا بە هاودەستی سپای ئێران و عوسـمانی تێك‌شـکا. ئەمـە وێنەی سەرەتایی ئۆگریی و تامەزرۆیی بنەگرتووی هێزەکانی ناوچەیە بـۆ هاوکـاری لـە بەستێنی سەرکوتی تەواوی ئەم جووڵانەوانەی مۆرکی نەتەوەخوازیی کوردیـان پێوەیـە, ئەم نەتەوەخوازیەی وەك هەرەشەیەك لـەسەر کوتولـەت بوونی وڵاتیان خـۆ دەنوێنـێ. لە سەدەی ئێستادا وەها هەڵوێستێك نەیتوانی بەر بە تلاسـابوون لـەم ڕێـسایە بگـرێ: گەلـێ جاران وڵاتانی ناوچە بۆ شوێن دانان لەسەر سیاسەتەکانی دراوسێیان قامکیان لە کوردان بزاوتووە و بۆ شۆڕش دژی وڵاتـەکانیان دنـەیان داون. دەوڵـەتانی ناوچـە لـە کاروباری دەس‌تێـوەردانی ورد و باریـك لـەم ڕەوتـەدا – لـە چاوپۆشـی کـردن لـە سنووربەڕاندنڕا بگـرە هـەتا یارمـەتی بـە کـردەوەی ئـابووری و نیزامیـی – چـالاك و

لێوەشاوەن. کوردەکانی وڵاتێکی تایبەتیش فێر بوون کە هاوکات تەنیا پاڵ وە لایەك بدەن. ئاکامیش ئەمە بوو کە زۆر جاران کوردان نیازیان بە پشتیوانی یان بێلایەنی وڵاتێکی ناوچە بوو.

لەگەڵ بەرێوەچوونی پێداچوونەوە و چاکسازی قانوونیی (تەنزیمات) هاوکێشی کۆنباو تێكچوون و لەگەڵ هۆز و عێلی شەڕخواز جێگۆڕکەیان کرد کە ئەستێرەی بەخت و دەوڵەتەکانیان جاری وابوو لە حەویقی ئاسمان بوو و کەڕەتی واش بوو لە بە قوڕدا دەچوو. تەکووز و ڕێكوپێکی دەستیان لێك بەردا و لە شارە گەورەکاندا نەبێ دیزە بە دەرخۆنە کران. ئەم ئاڵۆزبڵۆزییە لە سایەی هەبوونی تەریقەتی نەقشبەندی و قادری تۆزکاڵێك ئەهوەن دەبوونەوە, چونکە ئەم دوو تەریقەتە ئەم هۆز و عەشیرەتانەی وا لە کۆنەوە پێکەوە دوژمن و لێك ترازابوون, وێكدەخستەوە. بەڵام بە تێکڕایی کۆمەڵی کوردەواری بەرەو تێیاچوون هەنگاوی دەنا. ڕێبەرانیان یان دوور خرابوونەوە یا خۆیان "هەڵبژاردە"ی حکوومەتی ئیستامبووڵ بوون. ناسیۆنالیزمی تازە ڕسکاوی کورد هاوشانی ناسیۆنالیزمی تاقمەکانی تری "هاوفکری" عوسمانی لە عەرەبستان و باڵکان گەشەی کرد, کە پاشان لە لایەن "ترکانی لاو" کە لە ١٩٠٨دا هاتنە سەردەسەڵات, سەرکوت کرا.

ئەم ڕووخان و شێوانە لە وەختێکی خراپدا ڕووی دا: شەڕی یەکەمی جیهانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی و ئۆتریش و مەجارستان و ڕووسیای ڕامالّی و گەلێکی هیوا و هومێد خستە نێو دڵی گەلانی زوڵم لێکراوی هەرێمەکانی عوسمانی. کوردان کە لە کوشتاری ساڵی ١٩١٥ی دراوسێ ئەرمەنەکانیاندا بەشدارییان کردبوو, حکوومەتی عوسمانی خوێنێکی قورسی خستە ئەستۆیان و ئەوانی چەشنی ئەرمەنییەکان, لە ترسی ئەوەی نەکا پاڵ وە ڕووسان بدەن, لە ناوچەی باکووری ڕۆژهەڵاتیی وڵاتەوەڕا کۆچ پێدا و لە ماوەی ئەم چلووبڕ پێکردنەی زستانی ١٩١٦-١٧دا بە دەیان هەزار کەس لەبەر بێ پەساری مردن و کەسیرە بوون.

بەمجۆرە کوردان, بۆ دەرفەت هێنان لەم هەلەی بۆ سەربەخۆیی ڕەخسا بوو, ساز و ئامادە نەبوون. بەندی دوازدەی, چواردە بەندی "ڤودرۆ ویلسۆن" سەرکۆماری

ئەمریکا, بە ئاشکرا و ڕاستەوخۆ کەمینە غەیرە ترکەکانی عوسمانی دڵنیا دەکردەوە کە لەمە بە دوا دەتوانن "بێ ئەوەی کەس ڕێیان لێ بگرێ ببنە خاوەنی خودموختاری و سەربەستی و تەواو بگەشێنەوە." بەڵام بریتانیا و فەرانسە و ڕووسیای خونکاری, هاوپەیمانانی پەیمانی سایکس – پیکۆ کە لە ساڵی ١٩١٦دا ئیمزا کرا, پێکهاتبوون کە ئیمپراتۆری عوسمانی لە نێو خۆیانا دابەش کەن.

لەم قوناخەدا کۆمەڵانی هەمەچەشنی خەڵکی کورد لایەنگری سەربەخۆیی تەواو بوون, کەچی هەر لەم کاتەشا تاقمێکی تر لە عەنەدۆڵ لایەنگری مانەوە لە جەغزی عوسمانیدا بوون؛ بەڵێ, هێزی کێشندەی مەزەب و تێکەڵاوی کۆنەباو لەگەڵ خەلافەت تا ئەم ڕادەیە بوو. شێخ و ئاغاکانیش کە دەسەڵاتداری هەرێم بوون, لەوەی دەترسان کە ڕووناکبیرانی شارەکی کە بیری ئاڵوگۆڕیان لە سەردا بوو و لایەنگری سەربەخۆیی بوون, هێندێکیان هێز و دەسەڵات پێهەڵویژنن. لۆرد کورزۆن, سەرۆکی لێژنەی نوێنەرایەتی بریتانیا لە کۆنفرانسی ئاشتی پاریسا, تێمابوو و نەیدەزانی کە "کوردان چیان دەوێ", ئەو گوتی: "پاش لێکۆڵینەوەیەکی کە لە قوستەنتەنیە و بەغدا و شوێنەکانی تر کردوومە, نەمتوانیوە کەسێ بدۆزمەوە کە نوێنەری خەڵکی کورد بێ ... وا دیارە هیچ کوردێك جگە لە خۆی و عێلەکەی نوێنەری کەسێکی تر نیە."

لەگەڵ ئەم گشتە وتووێژانەی کە لە نێوان هاوپەیمانانەدا, بە مەبەستی دابەش کردنی عوسمانی بەڕێوە دەچوو بۆ کوردان "دیاردەیەکی" ڕوون و ئاشکرا بوو، (یەکێتی سۆڤیەت لە ١٩١٧دا لە خواستەکانی سەردەمی خونکاری پاشگەز بۆوە.) بۆ یەکەم جار بە شێوەی ڕەسمی مافە سیاسییەکانی خەڵکی کورد دانی پێداهات. ئەم مافانە لە بەڵگەنامەیەکدا سەلمێندرا کە لە شارۆچکەی سێڤر، هەڵکەوتوو لە مەڵبەندی پاریس, کە لەبەر چینیی جوان و ناسکی چاوناسە, مۆر کرا بەڵام دواتر دەرکەوت کە ئەم بەڵگەنامەیەش بۆ ناسکییان چی وای لە چینیی و بلووریاتی سێڤر کەمتر نیە. ئەم پەیمانە کە لە ١٠ی ئووتی ١٩٢٠دا بەسترا, پاش سێ ساڵان ئیتر "بەڵگەیەکی مردوو" بوو. بەڵام خەڵکی کورد چەند وەچەیە کە وەك بەڵگە لەسەر سەلماندنی مافی خۆیان لە یاسا نێودەوڵەتییەکاندا و هەروەها چەشنی سەنەدی

خەیانەتی گەورەهێزان, قامك لەسەر بەندی ٦٢و٦٣و٦٤ی ئەم پەیمان‌نامەیە دادەنێن و بە شاهیدی دەگرن.

بەندی ٦٢ کۆمیسیۆنێك ڕادەسپێرێ کە بۆ دامەزراندنی خودموختاری کوردان لە ژێر چاوەدێری کۆمەڵی نەتەوەکان دەس بەکار بێ؛ بەلاّم ئەم ناوچە خودموختارە، مەڵبەندە شاخاوییەکانی کوردستانی نەدەگرتەوە کە ئەمڕۆ دەکەونە خوارووی تورکیا, لە ڕۆژهەلاّتی چۆمی فورات. بەشێکی زۆری کوردستانیش هەر لە ڕۆژاوای ئەم چۆمە نەدەکەوتنە ناوچەی خودموختار. فەڕانسە و بریتانیا پێیان‌خۆش نەبوو دەس لە سەرپەرستیی و کەیخودایەتی ئەو ناوچانە هەڵگرن کە دواتر بوونە بەشێك لە وڵاتانی تازەسازی سووریا و ئێراق. قەرار وابوو کوردستانی باکووری کە سەربەستی بەر دەکەوت, لەگەڵ وڵاتێکی ئەرمەنی سنووریان لێك بگەڕێتەوە. سەرەڕای ئەم وتە بەتام و خوێیانەی کە ویلسۆن لەمەڕ ئۆگریی خۆی سەبارەت بە سەربەخۆیی گەلان دەریدەبڕی, لە ڕاستیدا ئەیالەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەسەر بیری قبووڵ کردنی سەرپەرستێتی ئەم دوو وڵاتەی کورد و ئەرمەنی – لە ڕۆژهەلاّتی تورکیای ئێستادا – کایەی دەکرد. بەلاّم ئەم گەلاّلانە بە گوێرەی دەنگی مەجلیسی پیرانی ئەمریکا, کە بەشدار بوونی ئەمریکای لە کۆمەڵی نەتەوەکاندا بەربەست کرد، تێك‌چوون.

بە گوێرەی بەندی ٦٣ی پەیمانی سێڤر، حکوومەتی عوسمانی دەبوو دان بە دەسکەوتی لێکۆڵینەوەکانی کۆمیسیۆندا بێنێ. بەندی ٦٤ شاکاری "تەفرەدانی" سیاسی بوو؛ بە گوێرەی ئەم بەندە: ئەگەر دوای تێپەڕینی ساڵێك بەسەر بەڕێوەچوونی ڕێوشوێنی پەیمانی سێڤردا کوردان سووری کەنەوە کە "زۆربەی خەڵکی ئەم ناوچانە خوازیاری جوێ بوونەوەن لە تورکیا (عوسمانی) و هەروەها ئەگەر شووڕای کۆمەڵی نەتەوەکان ئەو کات زانی کە ئەو خەڵکە شایانی سەربەخۆبوونن, تورکیا هەر لە ئێستاوە ڕازییە کە ئەم ڕاسپاردەیە قبووڵ بکا و لە تەواوی ماف و دەسەلاّتی خۆی لەم ناوچانەدا دەس هەڵگرێ." هەر بە گوێرەی ئەم بەندە: "هەر کات ئەو کوردانەی کە کەوتوونە ئەو بەشەی کوردستان کە هەر ئێستا کەوتۆتە سەر پارێزگای مووسڵ, ئەگەر

بخوازن بنە خەڵكی ولاتی تازەسازی كورد، دەسەلاتدارانی هاوپەیمان ئیرادیان لێناگرن." ئەم "ئەگەر"انە هەموو مانایان وابوو كە كوردستان سەربەخۆ نابێ.

لوانی سەربەخۆیی "كوردستانێكی بەهرەدار" – یانی پارێزگای پڕ لە نەوتی مووسڵ، لەگەڵ چاڵە نەوتەكانی نزیكی كەركووك – بەسترابۆوە بە بوونی ولاتێكی كوردی كە لە داهاتوودا لە توركیا دادەمەزرا. مانای ئەم ڕەوتە تەواو ڕوون بوو: ئینگلیسییەكان كە پارێزگای مووسڵیان چوار ڕۆژ پاش ڕانەوەی گێرە و كێشەكان لە ئۆكتۆبری ١٩١٨دا داگیر كردبوو، تەمایان وابوو كە بە كردەوە ئەم پارێزگایە و كانگا دەس لێنەدراوەكانی بخەنە ژێر ڕكێفی خۆیان. (لە ڕاستیدا تەواوی ئەم پارێزگایە درابوو بە فەڕانسە، بەلام پاریس لە بەرامبەر وەرگرتنی سەتی ٢٣/٥ی نەوتی كەركووكدا لەم بەشە خۆش بوو.) تێكڕانەوە و ڕاوێژی بەندی ٦٤ بە كردەوە ئەم مەبەستەی دەستەبەر دەكرد كە شووڕای كۆمەڵی نەتەوەكان لە بریتانیای دەوێ كە سەرپەرستایەتی مووسڵ و نەوتەكەی وە ئەستۆ بگرێ.

پاش چەند سالان بریتانیا وای بە بەرژەوەند بینی كە شەریكە نەوتییەكانی هولەندی و فەڕانسەوی و ئەمریكاییش بكاتە شەریك. بەڵگەنامەیەكی "سیا" كە لە باڵوێزخانەی ئەمریكا لە تاران كەوتە دەستی خوێندكارانی شۆڕشگێڕ و بلاوكراوە، بە ڕاوێژێكی ڕوون هاوار دەكا: "دۆزرانەوەی نەوت لە ١٩٢٧دا لە نزیك كەركووك و بەشدار بوونی شەریكە نەوتییەكانی ئەمریكایی و ئورووپایی لە بەهرە و بەرهەمیدا بوو بە هۆی لا لێنەكردنەوە و هەمێت وێنەدانی ولاتانی ڕۆژاوایی وە جوولانەوەی سەربەستیخوازانەی كوردان." ئەم مەڵبەندە پڕ لە نەوتانەی كەركووك و تەواوی ئەم كانگایانەی لە ناوچەكانی ترا كوردان بە هەق بە هی خۆیانی دەزانن، لە نێوەڕاستەكانی دەیەی ١٩٧٠دا، لە سەتا ٧٥ی نەوتی ئێراقیان بەرهەم دێنا.

پەیمانی سێڤر قەت "ئۆباڵ"ی بۆ نەكێشرا و ئاكامەكەی بۆ لای كوردان خوار بۆوە، یانی ئەوان تەنیا جەماوەری عوسمانی بوون كە نەك نەیانتوانی ولاتێكی سەربەست پێكبێنن، بەڵكوو لە نێوان ئێراق و سووریا و توركیاشا دابەش كران و تاكوو ئەمڕۆش هەروا ماونەوە. مستەفا كەمال ئاتاترك چارەنووسی كوردانی گۆڕی و

ئاوەژووی کردەوە. ئاتاترك لە پێشدا فریوی دان هەتا یارمەتی بدەن و پاشان خۆشیانی قڵپەوە کرد. ئەو لە سەرەتاوە بۆ ڕزگار بوون لە شەڕ و گەڕی دوژمنانی – یانی هێزەکانی داگیرکەری فەڕانسە و یۆنان لە ڕۆژاوا و هێزەکانی ئەرمەنی لە باکووری ڕۆژهەلات – ئەوانی وەك "برابەش" وەخۆی خستن و هەر ئەوەی کە لە ١٩٢٢دا ئامانجەکانی وەدی هاتن, ئەوجار بایداوە سەر هاوپشتانی کورد و ئاوات و ئامانجی نەتەوەیی "براکانی". بریتانیا و فەڕانسە وەها لە شەڕ وەڕەز ببوون کە هیچ مەیلیان لەوەی نەبوو بۆ خاتری کوردان بکەونە شەڕی مستەفا کەمال و پووڵ و گیانی کەس بەخت کەن؛ هەر بەم هێندە دڵخۆش بوون کە هەرێمە عەرەبنشینەکانی عوسمانی بۆ خۆیان پاش قول دەن و لە بەرامبەر هەڕەشە و دەسدرێژی نەکاوی سۆڤیەتا, تورکیا بپارێزن.

کەنداڵ نەزان, مێژوونووسی کورد, دەڵێ: "پەیمانی سێڤر بۆ ترکان سووکایەتی و بۆ خەڵکی کورد زۆر ناعادڵانە بوو." پەیمانی لۆزان کە لە ٢٤ی ژووئیەی ١٩٢٣دا بەسترا, وڵاتی تازەی تورکیای لەسەر حیسبی کوردان, کە بە گوتەی کەنداڵ ئەوانی "خستە قۆناخێکی نوێی کۆیلایەتی"، بە ڕوسمی ناسی.

لە پەیمانی لۆزاندا هەر لە تەرکێن باسی کورد و مافی نەتەوایەتییان نەهاتە گۆڕ, گەرچی هەندێك بەڵێنی دایە کەمینە غەیرەمسوڵمانەکانی وەك جوولەکە و مەسیحییەکانی ئۆرتۆدۆکس. چەند مانگێك دواتر ئاتاترك بە قازانجی کۆمار کۆتایی بە تەمەنی عوسمانی هێنا. بۆ ساڵی دوایی خەلافەتی هەڵوەشاندەوە کە دەستوپێوەندی سوڵتانی لەباری دینی و سیاسییەوە وێكخست. هەروەك دیتمان زمان و جل و بەرگ و قوتابخانە و ئەنجومەن و بلاڤۆکانی کوردی و تەریقەتەکانی بەربەست کرد و تەنانەت "بیری کورد بوونی"شی ڕاماڵی. لەو دەمەڕا کوردان بوونە "ترکانی کێوی". ئەم دروشمە کەمالیستییە بە خەتی زۆر درشت لەسەر تەپك و دیواران نووسران: "خۆزگە بۆ بەختەوەریی ئەو کەسەی کە دەتوانێ خۆی بە ترك بزانێ."

ئەوتەکانەی لە ئاکامی ئەم بارودۆخەدا کوردانی ڕاتڵەکاند, لەسەریەك تەقینەوەی لە دوو بوو. لە سەرەتای ساڵی ١٩٢٥دا شێخ سەعیدی پیران بە ناوی نەتەوەخوازیی

كورد و بە دژی هەڵوەشاندنەوەی خەلافەت شۆڕشێكی كەم تەمەنی لە كوردستانی توركیادا هەڵگیرساند, كە لەوپەڕی خۆیدا سێیەكی ناوچەی گرتەوە, بەڵام حوكماتی ئانكارا بە سانی تێكیشكاند.

كۆماری تازە دامەزراوی توركیا هەر لەڕێوە ئەو مەبەستەی پێشینیانی عوسمانی لە درێژەی سەدان ساڵ شۆڕش و ڕاپەڕینا حارز نەبوون پێی لێبنێن, دانی پێدا هێنا: كوردان خوازیاری وڵاتێكی سەربەخۆ بوون. دادوەری نیزامیی دیاربەكر لە دادگای تایبەتی سەربەخۆییدا, كە زۆر بە توند و تیژی چاوناس بوو, بەرەورووی شێخ سەعید و چل پەنجا كەس لە هاوڕێیانی گوتی: "ئێوە هەمووتان لە بابەتێكەوە هاوبەشن و ئەویش دامەزراندنی كوردستانێكی سەربەستە كە بیری بزاوتوون و وا بە سێدارە باربەهاكەی دەدەن" و دایان. بەر لە هەڵوەشانەوەی "دادگاكانی سەربەخۆیی" بۆ دوو ساڵ دواتر, ٧٤٤٠ كورد گیران و ٦٦٠ كەسیان لە سێدارە دران؛ سەدان گوندی كوردان ئاوری تێبەردرا و نیزیكەی چل هەزار تا دووسەتوپەنجا هەزار جووتێر لە گەڕیانی چالاكی هێور كردنەوەی پاش شۆڕشدا پلێشانەوە و تێداچوون. لە ماوەی دوازدە ساڵی دواتردا نزیكەی میلیۆنێك ژن و پیاو و زارۆكی كورد لە شوێنی خۆیان هەڵقەندران و بۆ عەنەدۆڵی ڕۆژاوا دوور خرانەوە. لە مەودای پازدە ساڵی دواتردا شازدە شۆڕشی دیكە لە چیاكانی توركیا ڕوویان دا و هەمووشیان بە توندی سەركوت كران. هەر تەنیا كوردان نەبوونە قوربانیی شۆڕشی شێخ سەعید. ئاتاترك ئەم هەلەی قۆزتەوە و بۆ كووژاندنەوەی گڕی ئەم ناڕەزامەندییەی لە ڕیزی خودی تركان و بلاڤۆكاندا خەریك بوو خۆش دەبوو, كەڵكی وەرگرت و ئەمە شتێك بوو كە پازدە ساڵ دواتریش هاتەوە گۆڕ.

بریتانیا و توركیا لەسەر نەوتی مووسڵ دە گژ یەك ڕاچوون, هەر كام لەم دوانە بێ ئەوەی گوێ بدەنە خواستی ئاشكرای كوردان, واتە سەربەخۆیی, خۆیان بە پاڵپشت و دەمڕاستی وێندەرێ دەزانی. لە ١٩٢١دا ئینگلیسییەكان هەڵبژاردنێكیان بە مەبەستی دانانی ئەمیر فەیسەڵ بۆ پاشایەتی ئێراق بەڕێوە برد. ئەمیر فەیسەڵ لە شۆڕشی عەرەباندا هەڤاڵی لۆرێنسی عەرەبستان و بۆ ماوەیەكی كورتیش پاشای سووریا بوو,

کە فەرانسەوییەکان لە ١٩٢٠دا لێیان خست. بەڵام هەڵچوونی کوردان دژی تێکەڵ بوون لەگەڵ وڵاتی عەرەبیی ئێراق بە ڕادەیەك توند و تیژ بوو, کە کوردەکانی ناوچەی سلێمانی هەڵبژاردنیان وەلا نا, کوردەکانی ناوچەی کەرکووك تەما گرتنیان خستە ماوەیەکی تر و تەنیا مووسڵ و هەولێر لە هەڵبژاردنی فەیسەڵدا بەشدار بوون.

بە باری ڕامیاریدا, بریتانیاش هەروەك عوسمانییەکانی بەر لە خۆی, کەمینەی سوننی مەزەبی بێ لە زۆرینەی شیعە مەزەب چاکتر بوو کە لە سەتا ٥٥ی ڕێژەی نفووسی وڵاتیان پێك دێنا؛ کوردانیش لە سەتا ٢٣ی ڕێژەی جەماوەری وڵات بوون. وێڕای هەمووی ئەمانەش, لە نێو تەواوی جەماوەری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستا, کوردەکانی ئێراقی – بە ڕێژەی نفووسی بەرچاو و خووخدەی شەڕکەرانە و بارودۆخی جوغرافیایی خۆیانەوە – شانس و بەختیان لە هەموان زیاتر بوو. یەکێك لە ڕاپۆرتەکانی دەزگای زانیاری بریتانیا لە ١٩٤٥دا یارمەتی ڕوون بوونەوەی ئەم مەبەست و مانایە دەکا کە "بۆچی کوردەکانی ئێراق پاش تێپەڕ بوونی گەلێ ساڵان قەت لە حوکمات و ئەربابەکانیان ڕازی نەبوون و نیشانەیەك وەبەر چاو نایە کە ئەم خدە نەتەوایەتییە گۆڕانی بەسەردا هاتبێ. کەمن ئەم وڵاتانەی لە باشترین هەلومەرجا لە بواری پرسی تەناهیدا, گرێ و کۆسپیان بە قەت ئێراق بێ. ئێراق تەنگەژەی قەومی و عەشیرەتی هەیە. پاراستنی تەناهی بەم گشتە کەندوکۆسپە سیاسییەوە نە تەنیا بۆ ئێراق, بەڵکوو بۆ وڵاتێکی پێشکەوتووش جێبەجێ نابێ."

ئینگلیسییەکان فێرە زەبروزەنگ ببوون, بەڵام وێڕای ئەمەش جاری وابوو هەستیان بە گوناهـ و تاوان دەکرد, کە کوردیان دابوویە پاڵ وڵاتێکی دەسکرد وا خۆیان بە ناوی ئێراقی ژێربالی کۆمەڵی نەتەوەکان دایانمەزراندبوو. هەر کە تووشی تەنگەژە دەهاتن دەکەوتنە ئەم بیرە کە ملکەچی خواستی کوردان بن: لایەکەم لە بابەت دەکارهێنانی زمانی کوردی لە دەزگاکانی حکوومەتیدا, یانی ئەم کارەی کە حوکماتی نەدەخستە مەترسی. لە ڕاستیش چارەیەکی تریان نەبوو جگە لەمە, چونکە دەیانویست کە بە بێ خەرجوبەرجێکی زۆر وڵات بەڕێوە بەرن و لە جیاتی هێزەکانی ئەردەکی کە ڕاگرتنیان پێویستی بە خەرجێکی فرەیە پتر لە هێزی ئاسمانیی کەلك وەربگرن. لە

سەرەتای کاردا چەند بۆمبێك کە بە مەبەستی ئامانـجی گشتیی دەخرانەخوار بۆ چاندنی تۆوی ترس و تۆقین لـە نێو کورداندا و کۆتایی هێنان بە شۆڕش بەس بوو.

لـە ۱۹۲۲دا بریتانیا کە بەرەورووی پێداگری تورکیا بۆوە لـەسەر مووسڵ و دانانی پێگەیەکی ترکان لـە ڕەواندز, هەڵکەوتوو لـە باکووری ڕۆژاوای ئێـراق, بـە مەبەسـتی چەسپاندنی قسەی خۆی کە دەیگوت کوردان هیچ وازیان لـە حکوومەتی ترکـان نیـە, شێخ مەحـموودی بەرزەنــجی لــە تاراوگــەڕا هێنایــەوە. سـێ سـاڵ پێــشتر هــەر ئــەم ئینگلیسییانە ئەوەیان کردبوو بە "حوکمدار"ی سلێمانی, بەڵام پاشان دەسـتیان بـۆ ئـەم کارە شکاندبۆوە و پەشـیمان ببوونـەوە, چـونکە شـێخ لــە ئـاوریلی ۱۹۱۹دا ئـاڵای کوردستانی – کە مانگێکی سوور بوو لـەســەر تــەختی شـین – هەڵــدا و ســەربەخۆیی ڕاگەیاند. تیپەکانی سپا کە بۆ سـەرکوتی شـێخ نێردرابـوون تـەفروتونا بـوون و تـەنیا بۆمبهاوێژانی هێزی ئاسـمانیی پاشایەتی توانیان بە چـۆکی دابێـنن؛ شـێخ مـەرگی بـۆ بڕایەوە, بـەڵام ئینگلیـسییەکان حوکمەکـەیان شـکاندەوە و بـۆ هیندووسـتانیان دوور خستەوە. ئێستا ئەویان گێڕابووەوە سلێمانی و ئەویش هەر لـەڕێوە سەری لـێ بـادان و خۆی بە مەلیك مەحـموودی یەکەم, پاشای کوردستان, ناودێر کـرد. دەوڵــەتێکی بــە هەشــت وەزیــرەوە پێکهێنــا, تــەمری پۆســتی چــاپ کــرد، خــەرج و پیتــاکی دانــا و حەوتەنامەیەکی بە ناوی "ڕۆژی کوردستان" بڵاو کردەوە کە لـەسەر "مافی گەلی مەزنی کورد بۆ ژیان و وڵاتێکی سەربەخۆ" دەڕۆیی.

دەوڵـەتانی بریتانیا و ئێراق لـە بەیاننامەیەکدا، لـــە ڕێکـــەوتی ۲۲ی دێـــسامبری ۱۹۲۲دا بە ناوی کۆمەڵی نەتەوەکان دەیانگوت کە: "بە مافی کـوردانی چوارچـێوەی ئێراقـی دەزانــن کــە دەوڵــەتێك لــە وێنــدەرێ دامــەزرێنن و هیــوادارن کــە لایەنــە جۆراوجۆرەکانی کورد هەرچی زووترە لـە نێوخۆیاندا لـەسەر سنووری ئەم وڵاتـەی بـە ئاواتی دەخوازن, پێكبێن و نوێنەرانی خۆیان بــە مەبەسـتی تـاوتوێ کردنـی پەیوەندییـە سیاسی و ئابوورییەکان لـەتەك دەوڵـەتانی بریتانیا و ئێراق, بنێرنە بەغدا." ئەم بەیاننامەیـە قەیرانەکەی ڕۆمرکاند. لـە بەهاری ساڵی ۱۹۲۳دا ترکـان لــە ڕەوانــدز ڕەپـاڵ نـران, بــەڵام پاشــان ئینگلیــسییەکان شــێخ مەحــموود و ڕێبــەرانی کــوردی مووســڵ و

کەرکووکیان پێکەوەرکرد کە بە گوێرەی ڕابردوو چ بڕ دڵیان بە ڕابەرایەتی وی خۆش نەبوو. کاتێک شێخ مەحموود بۆ چوونە بەغدا بە گوێی دەوڵەتی نەکرد, ئینگلیسی لەشکری پیادەیان ناردە سەری و ڕایەکی تر هێزی ئاسمانیی پاشایەتی, هێزەکانی بۆردومان کرد. شێخ مەحموود لە ڕۆژی سێی مارسی ١٩٢٣دا پەنای بردە کوردستانی ئێران, بەڵام ماوەیەك دواتر گەڕاوە ئێراق, کەچی بە پشتیوانی بوردومانی نێوە نێوە و دامەزرانی پێگەیەکی دەوڵەتی ئێراق لە وێندەرێ, دەستی وە سلێمانی ڕانەگەیشت.

بەڵام لەو کاتەدا کە ئاتاترك سەرقاڵی وتوویژێك بوو کە پەیمانی لۆزانی لێکەوتەوە و بوونی هەر چەشنە مافێکی بۆ کوردانی تورکیا پاش دەوەن کرد، ئەم بەندەشی بردەوە پاش کە لە پەیمانی سێڤردا ئیزنی بریتانیای دەدا وەك دەوڵەتێکی سەرپەرست بۆ تێکەڵ بوونەوەی کوردەکانی پارێزگای مووسڵ لەگەڵ ئەم وڵاتە کوردەی لە تورکیادا ساز دەکرێ, دەستی ئاوەڵا بێ. بەم کارەی تورکیا, ئێستا کە شێخ مەحموودیش لەسەر ڕێ وەلا برابوو, بەیاننامەی دەوڵەت و ئەم بەڵێنە دوور و درێژانەی لە بابەت "خودموختاری خۆ جێیی"دا دەیدا بە کوردان, بە سانی و لەوپەڕی بیر ئاسوودەیی ئینگلیسییەکاندا فەرامۆش کرا. کۆمیسێری باڵای بریتانیا لە ئێراق گوتی: "بە سەرنجدان بە جەغزی تەنگەبەری بڵاو کرانەوەی ئەم بەیاننامەیە, لام وا نیە تازە باسی بکرێتەوە." لای وابوو ئەگەر ڕۆژێك کوردان کەوتنە پێوشوێنی و قامکیان لەسەر دانا, دەبێ پێیانبگوترێ کە ئیدی ئەم مەبەستە "چۆتەوە پاش".

کۆمەڵی نەتەوەکان لە ١٦ی دێسامبری ١٩٢٣دا لەم بارەوە هیچ تەمایەکی نەگرت. لەم ڕێکەوتەدا بوو کە بریتانیای بۆ ماوەی ٢٥ ساڵان کردە سەرپەرستی ئێراق. پارێزگای مووسڵ ڕێوڕاست خرایە سەر حکوومەتی بەغدا. حەوت مانگ دواتر ئاتاترك بە گرێدانی پەیمانێك لەگەڵ بریتانیا بە وەرگرتنی لە سەتا دەی بەش لە شەریکەی نەوتی ئێراق (کە ناوی نوێ کردبۆوە) و دانی بەڵێنی بریتانیا بۆ خۆ پاراستن لە دنەدانی کوردان و ئەرمەنییەکان, چاوپۆشی لە سکاڵاکانی تورکیا کرد.

ئەو لیژنەیەی لە لایەن کۆمەڵی نەتەوەکانەوە بە مەبەستی لێکۆڵینەوە لەسەر کێشەی مووسڵ ڕاسپێرابوو, بە پێی ئەوەی کە کوردان لانیکەم پێنج هەشت و بە حیسێب کردنی کوردەکانی یەزیدی و جەماوەری تورکمانان کە لەگەڵیان هاودڵ و دەنگن و هیچ هەستی لایەنگری و خۆشەویستییان سەبارەت بە وڵاتی ئێراق نیە, سەرجەم دەبنە حەوت هەشتی وێندەرێ, بە لای سەربەخۆیی کورداندا قسەیان کردبوو. وێڕای ئەمانەش "شووڕای کۆمەڵی نەتەوەکان" بەڵگە هێنانەوەی بریتانیای سەلماند کە دەیگوت ئەم پارێزگایە بۆ خاتری هاوسەنگی باری ئابووری پێویستە بخرێتە سەر ئێراق. لە وێدا تەنیا بەم هێندە وازیان هێنا کە لە قوتابخانانەدا بە زمانی کوردی بخوێندرێ و کوردی زمانی دەزگای بەڕێوەبەرایەتی وێندەرێ بێ. خۆ ئەم بەڵێنەش بە ناسەرسەنگی درا, بۆ وێنە خوێندنی زمانی کوردی تەنیا قوتابخانەکانی سەرەتایی سلێمانی و چەند بەشێکی پارێزگای هەولێری گرتەوە. لە گەڕیانی ئەم پەیمانشکێنییانەدا تەنیا خاڵی ڕووناك، وریایی دانێکە کە سەرەكوەزیری ئێراق، عەبدوولموحسین سەعدوون, لە وتەیەکدا، کە ساڵی ١٩٢٦ پێش دەس لە کارکێشانەوەی بە زاریدا هات: "ئێمە دەبێ لە چارەنووسی تورکیا پەند وەربگرین ... ئیمە دەبێ مافی کوردان بدەین." کەس لای لەم نسحەتە نەکردەوە و بریتانیا کە بۆ پاراستنی دەسەڵاتی خۆی پتر بە چەند کۆنە فرۆکە و هێندێك زرێپۆش و تاقمێك هێزی خۆجێیی پشتئەستوور بوو, زۆر جاران ئەم مەبەستەی وە بیر بەغدا هێنایەوە. بەڵام ئەم دەوڵەتانە قەت پەندیان لەم ڕاپەڕینە پەراگەندانە وەرنەگرت کە لە درێژەی چەند ساڵاندا لە وڵاتا هەڵگیرسابوون. لە ئاخروئۆخری هەمان دەیەدا بەرپرسانی ئینگلیسی بە گلەیی بوون کە "ئێراق هێشتاش هەر زاراوەیەکی جوغرافیاییە."

لە ژوەنی ١٩٣٠دا، بە گوێرەی پەیمانێکی کە لە پورتمووسدا ئیمزا کرا بریتانیا لەناکاو کۆتایی بە سەرپەرستیێ خۆی هێنا و سەربەخۆیی ڕواڵەتیدا بە ئێراقکە لە ماوەی دوو ساڵاندا جێبەجێ بکرێ. لەم پەیمانەشدا هەروەك پەیمانی لۆزان لە تەرکێن باسی کورد و مافەکانی نەکرا. دەوڵەتانی بریتانیا و ئێراق پێداپێدا سکاڵاکارانی کوردیان لە کۆڵ خۆیان دەکردەوە. لە ڕاپۆرتێکی ئینگلسییاندا هاتبوو: "کوردان بە

گشتیی لەم یەكبوونـە سیاسـییە بـە دوورن کـە بـۆ دانـانی حکوومـەتێکی سـەربەخۆ پێویستە." لە درێژەدا زیادی دەکرد: "دەبێ بەم سـکاڵاکارانە بگـوترێ کـە شـتێك بـە ناوی دامەزراندنی وڵاتێکی کورد و دابڕاو لـە ئێراق کە بکەوێتە بەر سەرنج و پشتیوانی کۆمەڵی نەتەوەکان, ناتوانێ لە گۆڕا بێ."

شێخ مەحـموود بۆ جاری سێهەم لـە ١٩١٨وە بەرەو ئێرە شۆڕشی هەڵگیرساندەوە. ئەو لـە نامەیەکا کە ڕووی قسەی لـە کۆمەڵی نەتەوەکان بوو دەیگوت: "کۆتایی هـاتنی سەرپەرستێتی ئینگلستان بە گوێرەی مەنتیق, دەبێ بـە واتـای ئـازادی کـوردانی وڵات بێ." هەروەها داوای دەکرد کە: "تەواوی پەیوەندییەکان لەگـەڵ بەغـدا بپـسێنەوە ... ئێمە بۆمان قبووڵ ناکرێ مافی سەربەخۆیی کە لـە گـەلانی کێویلکـەی ئـەفریقایی وەك لیبێریا درێخ نەکراوە, لـە ئێمە درێـخ بکـرێ ... ئەگـەر دەوڵـەتی عـەرەبی ئێـراق بـە پشتئەستووری فڕۆکە و چەکدارانی دەوڵەتی ئینگلیس نەبوایە کە کۆمەڵی نەتەوەکان سەرپەرستیی ئەم هەرێمانەی پێسپاردبوو هەتا بە ناوی ئەوەوە بەڕێوەیان بەرێ, دووپات کرانەوەی مێژوو و پەلاماردانی بەغدا و گرتنی تەنیا کاری چەند ڕۆژان بوو."

هەروەك شێخ مەحـموود بە دروستی پێشبینـــی کردبـــوو, فڕۆکـــەکانی هێـــزی ئاسـمانیی پاشایەتی وەك ڕابردوو بە مەبەستی تێكشکاندنی شۆڕش, هێزەکانی ئێراقیـان یاریدە دا, بەڵام بەر لـەوی مانگرتنێك لـە سلێمانی ڕووی دا و بوو بە سەرمەشقێك بـۆ داهاتوو. لـەم مانگرتنەدا تەواوی چین و توێژەکانی خەڵکی، لـە کرێکـار و بازرگانـەوە بگرە هەتا خەڵکی ئاسایی بەشدار بوون و بۆ یەکەم جار هەستی نەتەوەخوازانەی خۆیان نواند. لـەگەڵ ئەمەشدا کاتێك ئەم شۆڕشە شەش مانگەیە لـە ئاوریلی ١٩٣١دا کۆتایی پێهات, شۆڕشێکی تر هەڵگیرسا, بەڵام ئەمـجار لـە بادینانی سـەرکێش و چاونەترسـا. لێرەش کـوردان سـەبارەت بـە وەرگیرانـی ئێـراق لــە لایـەن کۆمـەڵی نەتەوەکانـەوە نارەزامەنــدییان دەربــڕی. گەلـــێ دادخـــوازی و ســـکاڵای خۆجـــێیی بەرچـــاوتر و ڕوونتریــشیان هـــەبوو. دژی پـــیلان و گەلاڵـــەی دەوڵـــەت بـــوون کـــە دەیویـــست مەسیحییەکانی نەستووری کە لـە ناوچەی هەکاری لای سنووری تورکیـا ڕادرابـوون و وەك چریکی چەکدار خزمەتی ئینگلیسییەکانیان کردبوو و گەلـــێ جـاران چـووبوونە

شەڕی کوردان, لەم ناوچەیەدا نیشتەجێ بکرێن. ئەم خەڵکە بوونی بنکەی ژاندرمە و هەنتەشی کاربەدەستانی کۆ کردنەوەی خەرج و پیتاکیشی بە لاوە خۆش نەبوو.

لە بەهاری ۱۹۳۲دا ئەم ڕاپەڕینە بە یارمەتی هێزی ئاسمانیی پاشایەتی تێكشکا. بەڵام ئەم ڕاپەڕینە پەیدابوونی شێخ ئەحمەدی بارزانی و مەلامستەفای برای بۆ سەرشانۆی سیاسەت ڕاگەیاند, کە کەوتبوونە شوێن ڕێبازی ئەم بارزانییانەی دژی حکوومەتی ناوەندیی عوسمانی ڕاپەڕیبوون. هەرتك برا هەڵاتن بۆ تورکیا, لە وێندەرێ دەردەست کران و درانەوە بە کاربەدەستانی ئێراقی. جارێکی تر حکوومەتانی ناوچە وایان بە سەلاح زانی کە لە بەستێنی کاروباری پەیوەندیدار بە کوردستانەوە هاوکاری یەکتر بکەن. دوو برالە کەوتنە بەر سزادانی دیاری کراو: دوور خرانەوە بۆ ناوچە عەرەبنشینەکانی باشوور. ماوەیەك دواتر بۆ سلێمانی ڕاگوێزران و لەوێ لەماڵەکانی خۆیانا کەوتنە ژێر چاوەدێری. لە سلێمانی – ناوەندی ڕۆشنبیری کوردستانی ئێراق – بوو کە وردە وردە گۆڕانی مەلامستەفا لە ئەشقیایەکی چیانشینڕا بۆ بوون بە ڕێبەری ڕزگاریدەری خەڵکی کورد, دەستی پێکرد. لە ماوەیەكدا کە مەلامستەفا لە سلێمانی بوو هەر بە دوو سێ ساڵان جارێك تەكولۆ سەرهەڵدانی جۆراوجۆر لە کوردستانی ئێراق ڕوویان دەدا و سەرکوت دەکران.

ئەو نەتەوەخوازانەی لە سلێمانی دەیانناسی دەیانگوت کە ڕەوتی ئاڵوگۆڕی مەلامستەفا شل و دژوار چۆتە پێش. ئەمانە بەرەی چەپی شارەکی بوون – کوردان لە حیزبەکانی کومۆنیست و پارتەکانی نەتەوەیی و ڕێکخراوەکانی سیاسی نەهێنیدا, کەسانێکی هەڵکەوتە و لێوەشاوە بوون. لە سەرەتاوە ئەویان زۆر خۆپارێز هاتە بەرچاوان. بەڵام هەمیشە ڕێزی بۆ "زانست" دادەنا و بەرە بەرە سەبارەت بە بیروڕای سیاسی و جیهانبینی و نەتەوەپەروەرییان مەیلی نواند. بەڵام ئەم تێکەڵایەتییە هەمیشە بە ڕەوتێکی دژواردا ملی ناوە. کاتێك باس دەهاتە سەر پرسی سیاسی بە کردەوە ئەم پیاوە خودبەسەرە ناپەروەردەیە لە نێو ئەم خوێندەوارە شارستانییانەدا کە لە قوتابخانە و زانکۆکانی ئێراقی ژێربالدا پەروەردە کرابوون، هەستی بە ناڕەحەتی دەکرد. ئەمانە زۆر توند دژی ئینگلستان بوون و دژایەتی خۆیان بە ئاشکرا دەردەبڕێ. یەکێك لە

کارناسان دەڵێ: "هەر ئەمەی کە ئەم بارزانییە چیانشین و دەرەبەگ ڕەوشـــانە ببوونـــە پێشرەوی ناسیۆنالیزمی چەپخوازی کـورد, خـۆی یـەکێك لـە گاڵتـەکانی ڕۆژگـارە, چونکە نەتەوەخوازانی شارستانی ڕەقیان لـە ژیانی عەشیرەتی بوو و خوازیاری هەڵتەکان و دارمانی دارشتی دەرەبەگی بوون." بەڵام ئەم کوردانەی شارەکی دەیاندی کە خۆیـان چەکداریان نیە و تەنیا بارزانییەکانی و ئەم هۆز و عێلانەی توانیویانـە کاریـان تێبکـەن دەتـوانن هێزێـك کـۆ کەنـەوە کـە ئـاوات و خـەیاڵی پێکهێنـانی کوردسـتانێکی خودموختار – ئیتر با لـە کوردسـتانی سـەربەخۆ گـەڕێن – وەدی بێـنن. جووڵانـەوەی ڕزگاریـخوازی نەتەوەیی کورد لـە ئێراق زۆر جاران بە هۆی دەگژ یەك ڕاچوونی چـین و توێژەکانی پێکهێنەریدا لاواز بـووە. سـەیر ئەمەیـە کـە دەسـەڵات و خۆشەویـستی مەلامستەفا قەت بە ڕادەی ئەم کاتانەی لەگەڵ دەوڵەت تێكهەڵـــچووە, گـــوڵی نەکردووە. لەم وەختانەدا هەزاران کوردی خوێنـدەواری پـەروەردە کـراو لـە ترسـی سەرکوت و بە مەبەسـتی ڕاکـردن لـە دەس سـەربازی, لـە شـوێنە دوورەکـانی وەك بەغداوە بەرەو چیا دەڕەوین و دەچوونە ڕیزی خەباتی نەتەوەیی.

مەلامستەفا دوای دە سـاڵ دوورخرانـەوە و دەس بەسـەر بـوون ئاخرییەکـەی لـە ١٩٤٣دا بە دەرفەت هێنان لـە چاو خافڵ کردنی ئینگلیسییەکان لـە سـەردەمی شـەڕی دووهەمی جیهانیدا, ڕایکرد. بـە گـوێرەی دەنگۆیـەك مەلامـستەفا لـە بۆیـە بـەرەو چیاکانی زێد و ناوچەی خۆی تێیتەقاند، چونکە ئەو معاشەی دەوڵەت بـۆی بڕیبـۆوە, لەبەر پێهەڵاچوونی نرخی کەلوپەل ، پێی بەرێ نەدەچوو. دەڵێن ئـەو تـەنیا وەختایـەك بەم بارودۆخە نالەبارەی بنەماڵەکەی زانی کە دەستی بە سەر و پرچی ژنەکەی داهێنا و تـماشای کرد لـە جیاتی ئەو سکە زێڕانەی بۆ ڕۆژی تەنگانە تێیا دەشاردەوە, کوتـەناڵی وێخستووە: خێزانی ناچار ببوو زێڕەکان خورد کاتەوە. ئەو کە لەم ڕووداوە وە تـەنگ هاتبوو ڕای کرد, لە پێشا چووە خاکی ئێران، پاشان سەرلەنوێ گەڕایەوە ئێراق و ملی ڕێی "بارزان"ی گرت. هەر کە گەیشتەوە بارزان هاوبەندییەکی لەم عێلانـەی بـاکوور, یانی دوڵەمەری, شیروانی، مزووری و بارووشی پێکهێنا کە تێکرا بە بارزانی دەناسـران شۆڕشی هەڵگیرساند. لە پێشدا ڕووی کـردە هۆزەکـانی ڕکەبـەر و بـە کـرێگیراوی

حكوومەت كـە چـەند سـاڵ پێـشتر لـە پـشتەوەڕا خەنـجەریان لـێدابوو و تۆڵـەی لـێئەستاندنەوە. هەروەها ئـەم هێـزە تـەواو مەشـق پێنەكراوانـەی كـە دەوڵـەت بـە مەبەستی سەر پێدانەواندنی ناردبوونی سەری بێشۆڕ كردن و هەڵبڕهەڵبڕی وێخستن.

كاربەدەستانی تووڕەی ئینگلیسی هەر دوا بە دوای ئەم ڕووداوەدا, دەسـتیان كـرد بە گلە و گازندان لـە چنگ ئەم سەرۆك عێلە سەربزێو و فێڵـەباز و نەحاواوەیـە. ئـەم باڵادەستانە زۆر جاران بە ناوی تاڵانچی و دیكتاتۆر و ویشكەسوێ دەكەوتنە تاریفـاتی. ڕاپۆرتێكی دەزگای پاراستن دەڵێ: "وای دەنوێنێ كە نوێنەر و ناسـێنەری ناسـیۆنالیزمی كوردە. بەڵام لـە ڕاستیدا دەیەوێ بۆ تاڵان و بڕۆ بە شێوەی ڕابردوو بەری ئاوەڵە بێ." "سێر كینان كورنوالیس"، كۆمیسێری باڵای بریتانیا لـە بەغدا, قـەڵس بـوو و دەیگـوت ئەمە كۆسپێكە كە خـودی دەوڵـەتی بەغـدا بۆخـۆی سـاز كـردووە: "هـیچ كـام لـە بەڵێنەكانی جێبەجێ نەكرد و لەو سكاڵایانەی نەپرسییەوە كە هـەقیان بـە دەس بـوو و یەربەیەركردنی هەر هەموویانی خستە دوا. ئەو گوتی: "بە چۆك داهێنـانی مەلامـستەفا، ماقوولتری دەكا و شەهیدێكی لـێ ساز دەكا!" چونكە هێزێك یا فڕۆكەیەك بە دەستەوە نەبوو, سەرەكوەزیری ئێراق نووری سەعید كە خۆی كـوردێكی لەبنـەوەبڕ و فێڵـەباز بوو كە لـە بارگای سپای عوسـمانیا پەروەردە كرابوو، لێبڕا پێكبـێ. مەلامـستەفا و تەواوی سەربزێوانی كـورد لـە ئـاوریلی ١٩٤٥دا وەبـەر لـێخۆش بـوون كـەوتن. مەلامستەفا ئەم كردەیەی بردەوە سەر بێدەسەڵاتی حكوومەت.

یەكێك لـە ڕەخنەگرانی ئـەمریكایی كـە بێلایەنانـەتر لـەم بـارەدا دەدوێ لـەگـەڵ گومانی ئینگلیسییەكان سەبارەت بە نەتەوەخواز بوونی مەلامستەفادا هاودەنگ نیە. ئەو دەڵێ: "گەرچی مەلامستەفا پەیكەرەی ئازایەتی و چاونەترسی و هێز و تابشت بوو, لـە هەمان كاتا كردەوەی وای لـە خۆی دەنواند كە چیوا بۆ تاریف نەدەشیان: خـۆ بـە زل زانـی، هەلپەرسـتی, بـیر تەسـكی و سـەربزێوی." كـەم بـوون ئـەو كوردانـەی وەهـا هەستێكیان هەبوو. بە پێچەوانە, مەلامستەفا ئەوانی وە قلە دێنا. موحـسین دزەیـی كـە تەواوی سەردەمی هەڵدانی بۆ خزمەتی بارزانی تەرخان كردووە, باسی وە قلە هـاتنێكی سەیر دەكا, ئەو دەمەی كە لـە ساڵی ١٩٤٣دا خۆی قوتـابی بـووە و بیـستوویەتی كـە

بارزانی لە سلێمانی دەربـاز بـووە. ئـەو دەڵـێ: "هەسـتی نەتەوایـەتی زۆر تونـد بـوو، تەنانەت لە نێو ئێمەی قوتابیدا." نزیك ساڵێك دواتر، لە نێوان کۆزیلـەی دە دەوازدە کەس حەرەسی خۆیا کە لە چەکاندا ڕەش هەڵگەرابوون و برنووی چێکۆسـلۆواکییان کردبووە شان و جامانەی سووری تایبەتی بارزانییان لەسەر نـابوو، پێـی نایـە هـەولێر. دزەیی دەڵێ: "ئێمە هەمووومان بۆ دیتنی لە قوتابـخانە دەرپـەڕین، مرۆیـەکی چوارشـانە نەبوو، بەڵام لەبەر چاوی ئێمە لەو جلوبەرگـە کوردییـەدا کێوێـك بـوو." وەچـەیەك دواتر یەکێك لە هاوڕێیانی داهاتووی دێتەوە یادی: بۆ هەوەڵ جار کە مەلامستەفام بینی بەهار بوو، بارزانی بە سـواری ئەسـپێکی شـێ، لـە پێـشەوەی ئاپۆرایـەکی شـکۆداری پارێزەرانی، لە مەزرایەکی گوڵە بەرۆژەوە دەرکەوت و من دڵم وە کوتەکوت کەوت.

لـە ئـووتی ١٩٤٥دا، ڕاسـت ئەودەمـەی شـەڕی دووهـەمی جیهـانی بڕایـەوە، مەلامستەفا دیسانەوە ڕاپەڕی و سەرهەڵدانی گشتیی ڕاگەیاند. بـەڵام پـاش ئـەوەی لـە سەرەتاوە هێندێکی سەرکەوتن لە شەڕ لەتەك هێزە بـێ ئەزموونـەکانی دەوڵەتیـدا وە دەس هێنا، وەزیری نێوخۆی ئێراق بـە وریـایی پـووڵێکی زۆری بـە سـەر دوژمنانیـدا دابەش کرد، ئەوانیش کەیفساز بەوەی کە بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ کۆنەخەنیمی خۆیان پـووڵ و چـەکی بەلێـشاویان وەرگرتـووە، وە خـۆ کـەوتن و هێنـدەی پێنەچـوو کـە بارزانییەکان بە ناچاری ڕەویـن و بـارزانی لـە نێوەڕاسـتەکانی ئۆکتـۆبردا بـە خـۆی و دەهەزار کەسێکەوە، کە سێیەکیان شـەڕکەر بـوون و هەمووشـیان بـارزانی نـەبوون سنووری ئێرانی هەڵبژارد. پەڕینەوە لە کەوشەن بە سـانی بـوو: سـنوور ئـاوەڵا بـوو و بارزانی و جەماوەرەکەی لـە لایـەن نەتـەوەخوازانی کـوردی ئێـران و دەوڵـەتی تـازە دامەزراوی مەهابادەوە پێشوازییان لـێکرا. هـیچ هێزێکـی ئێرانـی بـەری لـێنەگرتن، چـونکە زۆربـەی خـاکی کوردسـتان بـوو بـە ناوچـەی لەمپـەری نێـوان هێزەکـانی داگیرکەری سۆڤیەت و ئینگلیس. پێـشینەی هەنتەشـی سـپای سـوور لـە وێنـدەرێ و نـەبوونی دەزگـای دەوڵـەتی ناوەنـدی لـە ناوچـەدا، دەگـەڕاوە سـاڵی ١٩٤١، کـە ئینگلستان و یەکێتی سۆڤیەت لە ترسی مەیل و ئیشتیای ئەڵـمانخوازانـەی ڕەزاشـا، دەستیان بەسەر ئێراندا گرت و ئەویان لە پاشایەتی خست و بەرەو تاراوگەیان ڕەتاند.

ئەم دوو دەوڵەتە هەر بۆ خۆ پاراستن لە تێکهەڵچوونی چاوەڕوان نەکراو, ناوچەیەکی لەمپەریان لە نێوان هێزەکانیاندا دیاری کرد. هەرتك دەوڵەت زۆر بەگەرمە سەرقاڵی ناردنی چەكوچۆڵ و تەقەمەنی لە لایەن دەوڵەتانی هاوپەیمانەوە بوون لە کەنداوی فارسڕا – بە خاکی کوردستانا – بۆ سنووری یەکێتی سۆڤیەت. یەکێتی سۆڤیەت بە باری نەبوونی چەك و تەقەمەنیدا کەوتبووە تەنگەژە.

کوردەکانی ئێران و سۆڤیەت دەرفەتیان لەم بۆشایی دەسەڵاتە هێنا. کوردان هەلێکی مەزنیان وەچنگ هێنابوو و ئەوەتەی دەوڵەتی ئێران, لە ١٨٧٨دا میرنشینی ئەردەلانی تێدا بردبوو, هەڵکەوتی وایان بە خۆوە نەدیبوو. ئەم ژێنێراڵە ڕووسەی لەسەر سنوور دیداریان لە گەلا کردبوو, هێزەکانی بارزانی وەبەر دەستی قازی محەممەد نا. قازی محەممەد مەلایەکی پەنجا ساڵانە و زۆر لەبەر چاوان بەڕێز و قازیی شاری مەهاباد. قازی بە یارمەتی ڕووسان کۆمارێکی بە سەرۆکایەتی خۆی دامەزراند کە پاشان مەنشوور بوو بە "کۆماری مەهاباد". قازی لە بنەماڵەیەکی چاوناس و پیاوێکی بەقورساغ و خۆشەویست و بە کردەوە حاکمی ناوچە بوو. هاتنی بارزانییەکان بۆ ئەو نیعمەتێکی خوداداد و چاوەڕوان نەکراو بوو، چونکە هەتا ئەو دەم سپای نەبوو و تەنیا هێزی هیوای وەفاداریی تەواوی خەڵکی مەهاباد و هێندێك کەسی نێو عێل و عەشیرەتان بوو. بارزانییەکان کە چازانی شەڕی چیا بوون, هێزێکی زەبروەشێنی بزۆکیان نایە بەردەستی.

کۆماری مەهاباد وێنەیەکی کاڵەوەبووی کۆماری خودموختاری ئازەربایجان بوو کە لایەنگرانی سۆڤیەت بە یارمەتی سپای سوور لە دێسامبری ١٩٤٤دا دوای داگیرکرانی تەورێز, دایانمەزراندبوو. قازی محەممەد بە ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستان، کە لە شازدەی ئووتی ١٩٤٥دا بە ئاماژەی ڕووسان پێکهات، بە نابەدڵی کەوتە شوێن ئازەربایجان و لە ٢٢ی ژانویەی ١٩٤٦دا لە مەیدانی "چوارچرا"ی مەهاباد دامەزرانی کۆماری ڕاگەیاند. (چوارچرا مەیدانێك بوو کە لەوێ تەنیا دوو

شەقامی قیلەتاو کراوی شار وێکدەکەوتنەوە.)[1] قازی محەممەد لەبەر چاوی ئەو جەماوەرەی کە وا لە مەیدانەکەدا کۆببوونەوە و بریتی بوون لە سەرۆك عەشیرەت و کاربەدەستانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و سێ کەس لە ئەفسەرانی سۆڤیەت و مەلامستەفا بارزانی, ئالای کوردستانی هەڵدا: سێ ئەفسەرەکەی سۆڤیەت ڕەشاش بە دەس لە قەراخ جەماوەرەکە لە جیپێکدا دانیشتبوون. پاشان بارزانی بە جلوبەرگی ژێنێراڵییەوە بە دابی ڕووسان — بە جووتێك چەکمەی ملدرێژ و سەرشانەی شەق و ڕەقەوە — هاتە نێو جەماوەر.

هەم دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان و هەم ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کورد, ئاکامی سەفەرێکی باکۆیە بوو کە لە سێپتامبری ١٩٤٥دا ڕووسەکان بۆ قازی محەممەد و سەرۆك عەشیرەکانیان ڕێکخستبوو. باوباوێنی ئیستالین بۆ خاتری دابڕینی باکووری ڕۆژاوای ئێران و خستنە سەر خاکی سۆڤیەت بوو و کوردانیش دەکەوتنە جەغزی ئەم بیرە. لە باکۆ بەڵێنی پووڵ و چاپخانەیەك و چەکی قورس و وەرگرتنی خوێندکاریان لە خوێندگەی سپادا پێدان. حیزبی دێموکرات بە ڕواڵەت خوازیاری "خودموختاری" بوو لە چوارچێوەی وڵاتی ئێراندا نەك سەربەخۆیی و تاکوو ئێستاش سەبارەت بە ئامانجی کۆمار, لەسەر وە دەس هێنانی سەربەخۆیی تەواو, دووشکن. ئالای کۆمار, سوور و سپی و سەوز و سەرنخوون کراوی ئالای ئێران بوو, هەر دەتگوت کوردان نەیانتوانیبوو جیا بوونەوە لە ئێران بە خۆیان بسەلمێنن. بەڵام ئەم وردەکارییانە بۆ دەوڵەتی لاوازی ئێران و دۆستە ئینگلیسی و ئەمریکایییەکانی لەو دەمدا ئەشتەکی وا نەبوو سەرنج ڕابکێشێ. محەممەدڕەزا شای لاو و بێئەزموون کە لە جێی باوکی لەسەر تەختی تاوس پاڵی دابۆوە دەیزانی کە کورد و بلووچ و ئازەربایجانی و تورکان و عەرەب وێکڕا دەبنە نیوەی جەماوەری وڵات و تەنانەت بوونی خودموختارییەکی نە هێندەش دەبێتە هەڕەشەیەکی مەترسیدار بۆ دەسەڵاتی ناوەندیی. هاوپەیمانان لە بەشداربوونی کوردان لە نەخشەکانی سۆڤیەتا

[1] – مەهاباد ئەوێ دەمێ شەقامی قیلەتاوکراوی نەبوو.

گەلــێ دڵپەرۆش بوون. ئەم ڕەوتە خێرا دەبوو بە دەسپێکی گێـرە و کێـشەی "شـەڕی سارد".

ڕووسەکان هەر لـە هەوڵەوە تێکەڵایەتی لـەگەڵ سەرۆك عێلانی خۆپارێزی کـورد و کەسانێکی وەك قازی مـحەمــمەدیان پـێ باشــتر بـوو لــە تێکـەوتن و پێوەنـد لـەتـەك ئەنـدامانی ڕێکخراوەکــانی حیزبــی دێمــوکراتی کوردســتان کــە بریتــی بــوون لـــە نەتەوەپەروەرانی چاوناس و [کۆنە ئەندامانی] کۆمەڵەی ژیانی کـورد و چـەند کەسـی کومۆنیست و نوێنەرانی خۆجێیی حیزبی نەهێنی کوردەکـانی ئێـراق بـە نـاوی هیـوا.) کۆمەڵە کـە ڕێکخراوەیـەکی نـەهێنی بـوو و لــە سـاڵی **١٩٤٢**دا دامـەزرابوو، هـەر خێرایەکی پەلوپۆی هاویشت و لکی لــە هــەولێر, کـەرکوك، ڕەوانـدز، شـەقلاوا و سلێمانی و هەروەها لـە سووریا و تورکیا دانا. سۆڤیەتەکان کە بە دڕدۆنگی دەیانڕوانییە شــێوەی جوولانــەوە ئازادیــخوازانەکەی, پێــداگر بــوون قــازی مـحەمــمەد کــە کەسـایەتییەکی بەدەسـەلات، بـەلام خـاوەن ڕاوێـژی نـەرم و نیـان بـوو، وەك ئەنـدام وەربگرێ. قازی مـحەمـمەد لـە ئاوریلی **١٩٤٥**دا بوو بە کۆمەڵە.

دەسەلاتی کۆمار قەت پتر لـە سێیەکی ناوچە کوردنـشینەکانی ئێرانـی نەگرتـەوە و سنووری لـە شێست میل ئەولا تری مەهاباد وێوە نەچوو کە خـۆی ناوچـەی لـەمپـەری هێزەکانی یەکێتی سۆڤیەت بوو. بەلام بۆ تەواوی کوردەکانی ولات، بەتایبـەت لاوانـی نارازی کە بە تێكشکانی حیزبەکانی پێشوو سەرشکستە ببوون, وەك ئاسنڕفێنێــــــك وابوو. لێژنەکانی نوێنەرایەتی کوردان سووریا و تورکیا و ئێراق بەگـەرمی پێـشوازییان لـێکرا. حکوومەتی مەهاباد سەرەڕای پشتگیری بە ئاشکرای ڕووسان – بە پێچەوانەی حکوومەتی ئازەربایـجان کە دەکەوتە قـۆڵی بـاکووری و حکوومـەتێکی سـەرکوتکەر بوو– بە شـێوەیەکی تـەواو بەرچـاو ئـازاد و کـراوە بـوو. لــە هـیچ شـوێنێ ڕاهێـانی مارکسیستی، پۆلیسی نـەهێنی و دابەشـینی زەوی‌ـوزار بـە شـێوەیەکی پتـەو و پتـوون نەدەهاتە بەرچاوان. لـە پیت و بەرەکەتی چاپـخانەیەکی کە سۆڤیەتان بەڵێنییان دابـوو و سپای سوور وێی‌دان, چەند کتێبی خوێندن، ڕۆژنامەیەك, مانگنامەیەکی سیاسـی و دوو گۆڤاری ئەدەبی بلاو کرانەوە. کۆماری مەهاباد لـە سەردەمی ژینی کورتی خۆیا هیوادار

بوو بتوانێ وەك "ناوەندی فەرهەنگ و جوولانەوەی نەتەوایەتی کورد" لەگەڵ دەمیشق و سلێمانی بەزێنە بکا.

بەڵام هەر کە دۆستانی سۆڤیەتی سەردەمانی خۆشی، پشتیان لێ کردەوە تەمەنی کۆماری مەهاباد بڕایەوە. تەوژمی بێ وچانی بریتانیا و بەتایبەت ئەمریکا ئیستالینی ناچار کرد کە ڕێز بۆ بەڵێنەکانی دەورانی شەڕ دابنێ و لە مانگی مەی ١٩٤٦دا کۆتایی بە هەنتەشی سیاسی خۆی بێنێ. بەڵێنی ئێران لەسەر دانی ئیمتیازی نەوتی باکوور، تالایی دەرکەوتنی سپای سووری لە ئێران لە زاری ڕووسان سڕێوە، هەر ئەم بەڵێنەی دانی ئیمتیازی نەوتە دنەدەرێکی تەواو بوو کە سۆڤیەتەکان ئازەربایجانی و کوردانی ژێر داڵدەیان بەڕەڵڵا کەن. (هەر کە ڕووسان خاکی ئێرانیان چۆڵ کرد، ئێران کەوتەخۆ بە مەبەستی دۆزینەوەی بیانوویەك و تێكدانەوەی پێکهاتنەکە.) کوردەکان و ئێرانییەکان زوو تێگەیشتن کە تازە سپای سوور ناگەڕێتەوە. هەر کە ئەمەشیان زانی، کۆماری مەهاباد وەکوو میوەیەکی گەیشتوو وەری. کوردان کە وەك ڕێسایەکی کۆن بە دڕدۆنگی دەڕواننە هەموو حکوومەتان لە حاڵی بوونی ئەم مەبەستەشدا تێمان و نەیانزانی کە ئەمجار کوردانی هاوڕەگەزیان حکوومەتیان بەسەردا دەکەن و وا باشە پشتیوانییان لێ بکەن؛ لە بری ئەم کارە خۆیان لە قازی محەممەد کەنار دا، چونکە تێکەڵایەتی ئەو لەگەڵ ڕووسان وە بیرهێنەوەی کوشت و کوشتار و تالانێك بوو کە سپای ڕووسی خونکاری لە سەردەمی شەڕی یەکەمی جیهانیدا لە کوردستان پێیهەستابوو.

قازی محەممەد کە بەرەوڕووی سپای کەڵتە کراوی ئێران بوو بە ناچاری و لەوپەڕی تێماویدا دەسی یارمەتی بۆ لای سەرۆك عێل و عەشیرەتان درێژ کرد. زۆربەی ئەم سەرۆکانە کەسانێکی بێ بەرووپشت و پووچەکە و ئاژاوەگێڕ بوون، جگە لە هێزەکانی بارزانی، تەنیا یەکێك لە عەشیرەکانی دەوروبەری مەهاباد و قۆڵێك لە عێلێکی تر پێی وەفادار مانەوە. قازی محەممەد چەند جاران بۆ سەرکوتی دژایەتی ئاشکرای عەشیرەتان و شەڕ لەگەڵ ئازەرییەکان و سپای ئێران، بارزانی دابوونە بەرەوە. ئەو تانك و تۆپ و ڕەشاش و چەكوچۆڵ و کەرەسانەی سۆڤیەتەکان بەڵێنییان

دابوو, قەت نەدیتران. قازی محەممەد ئاستی دەزگای دەوڵەتەكەی بەرەوژێر برد و پلەی خۆی وەك ڕێبەری حیزبی دێموكراتی كوردستان هێنایە خوار و وەزیرەكان بوون بە سەرۆكی یانەكان و قازی بێبڕانەوە لای دیداركەرانی پێداگر بوو كە ئامانجی هەوەڵ و ئاخری ئەو خودموختارییە.

ئەو هەوڵی دا بە كاربەدەستانی بەرپرسی ئێران بسەلمێنێ كە بیكەنە پارێزگاری پارێزگایەكی تازە, پارێزگایەكی بەربلاو, كە لە سنووری سۆڤیەت هەتا خوارووی كرمەشانی دەگرتەوە, بە هێندێك دەسەلاتی خودموختاری نێوخۆوە. بەلام ئەم گەلالەیە نەیگرت. لە مانگی مەیدا, دروست ئەو كاتەی هێزكانی سۆڤیەت خەریكی كشانەوە بوون، تێكهەڵچوونی تاكوتەرا ڕوویان دا. لە بەرەی نێوخۆدا, سەودا و مامەڵە لەگەڵ شوێنەكانی دیكەی ئێران دابڕابوو؛ تەنیا بەرهەمی لە بڕەوی ناوچە كە توتن بوو, نەفرۆشرابوو و ڕوخساری خەڵك تۆزی خەمی لەسەر نیشتبوو. خورد و خۆراك لە كەمێی دابوو، زیاتر لەبەر وەی كە هێزەكانی بارزانیش – كە بە درێژایی ماوەی مانەوەیان "خانەخوێیان" وەڕەز كردبوو – دەبوو تەسەل بكرێن. بارزانی خۆی بڕوایەكی وای بە خانەخوێ نەبوو. زۆر دواتر بە خراپە باسی قازی محەممەدی دەكرد و بە ناوی پیاوێكی كە ئامانجی "ئاخینینی گیرفانی خۆی" و خاوەن كردەوەی غەیانەتكارانەی "نادیار" بوو، تاوانبار دەكرد. گوناهباری دەكرد و دەیگوت بازەرگانێتی بە كوردستانەوە دەكرد, ئەگەرچی پێشی لێدەنا كە هێزەكانی ١٢٥٠ تفەنگ و ٣٠ ڕەشاشیان لێوەرگرتووە.

لە ١٠ی دێسامبری ١٩٤٦دا هێزەكانی ئێرانی پەلاماری دەرەیەكی گرینگیان دا كە بە دەس دێموكراتەكانی ئازەربایجانەوە بوو؛ دیارە پاش شەو و ڕۆژێك خۆڕاگری، تێكشكان و بەم شكانە كۆماری ئازەربایجان هەرەسی هێنا و ڕووخا. قازی محەممەدیش لەرێوە بۆ پێمل بوون ڕەزامەندی دەربڕی. ئەو بە پێچەوانەی ڕێبەرانی ئازەربایجان كە ڕایان كردە سۆڤیەت لە مەهاباد مایەوە و تاوانی كردەی خۆی وە ئەستۆ گرت. ئەو بە پێچەوانەی ڕێسای كۆنی كوردان وە دەس نەهات و بێ

ئەملاوئەولا دەستی بەردانەوە و زۆر دواتر لەم بابەتەوە بە توندی کەوتە بەر لۆمە و لەقەمی نیشتمانپەروەرانی لاوی کورد. ئەو تەنانەت لە ٢٧ی دێسامبردا، بێ ئەوەی فیشەکێك بێتە تەقین, پێشوازی لە هێزەکانی سپای ئێران کرد. بۆ دوو ڕۆژ دواتر گیرا. قازی و [سەدرولئیسلام]ی برای و [حەمەحوسێنخان]ی ئامۆزای لە سەعات سێی بەرەبەیانی ڕۆژی ٣١ی مارسی ١٩٤٧دا لە مەیدانی چوارچرای مەهاباد لە سێدارە دران. تاقمێکی تریش لە شارەکانی کوردستان ئیعدام کران. بەمجۆرە تەنیا ولاتی سەربەخۆی کوردی سەدەی بیستەم لە بێ پەڕی.

بارزانی هەر بەڕاستی ئەم پلە ژێنێراڵییەی قازی محەممەد پێی بەخشیبوو هەقی خۆی بوو. بە تێپەڕینی هەر ڕۆژ و مانگێ، کۆمار پتر لە جاران بە هێزەکانی ئەو پشتئەستوورتر دەبوو, چونکە پشتیوانی عێلە بێ بەروپشتەکانی کوردی خودی مەهاباد هەر ڕووی لە کەمی بوو. کێشە و کۆسپی قازی محەممەد وێنەیەکی کۆنی گرێ و کۆسپی ڕووناکبیرێکی سیاسی شارستانییە کە لەگەڵ هێزەکانی عەشیرەتی بەرەوڕوویە کە سەریان لە کاروباری سیاسی دەرناچێ و چ ڕێزێك بۆ ڕێبەرانی سیاسی و هەڵوێستەکانیان دانانێن. زۆربەی ئەم هۆز و عەشیرەتە کوردانەی ئێران کە وەفاداری کۆمار بوون خێرا بایان داوە و کەوتنەوە سەر ڕێوشوێنی پێشوویان: ڕووت کردنی ڕێبواران و دادۆشینی جووتیاران.

بارزانی قەت هەستی بە چاوی سووکەوە ڕوانیی خۆی سەبارەت بە کوردەکانی ئێران نەشاردەوە و هەر ئەمەش بوو بە هۆی نێوانگرژی چەندین و چەند ساڵەی لەتەك کوردەکانی ئێران. وا دیار بوو ئەو پشووی لەسەر مەترسی پاڵوێدانی کوردانی وە هێزێکی غەوارەوە نەخواردەوە و سەرنجی نەدایە پەندێکی ڕوون و ئاشکرا کە کۆماری مەهاباد دابوویە دەس، بەڵکوو ئەزموونی مەهاباد وای لێکرد کە ئەم تین و گوڕەی تێدا بەهێز بێ کە لە تەواوی کوردان بخوازێ بێ ئەملاوئەولا ڕێبەرایەتی ئەو قبووڵ کەن. ئەم بەندیوارییەی کە زۆر دواتر لەتەك شای ئێران لێکی گرێ دا لەسەر کەوڵی کوردەکانی ئێران بوو. ئەو زۆرجار و کەرەتان ئەم مەبەستەی ڕوون کردەوە کە خەباتی کوردەکانی ئێراق گرینگایەتی یەکەمی هەیە. بارزانی قەت لەسەر ئەم

بڕوایەی کە کوردەکانی ئێران – هەروەتر کوردەکانی سووریا و تورکیا – دەبێ ئـاوات و ئامانـجیان فیدای ئاوات و ئامانـجی وی بکەن، دووشك و دوودڵ نەبوو.

لـە ساڵی ١٩٦٨دا کاتێك دەستەیەك لـە کوردەکانی ئێران بە پێچەوانەی پێـداگری و فەرمانی وی جووڵانەوەیەکیان خستە گەڕ, بارزانی یەکێك لـە ڕێبـەرانیانی بـە نـاوی سولـەیـمان مـوعینی, کـە پـەنای بردبـووە ئێـراق، کوشـت و تەرمەکەشـی داوە دەس حکوومەتی شا و ئەوانیش بە شارەکانی کوردستاندا گێڕایان. لانیکەم ٤٣ کەسی تـر لە ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کـە لـە مابـەینی ساڵانی ١٩٦١ تـا ١٩٧٥ لـە [کوردستانی] ئێراق ماتەیان هەڵگرتبوو بە دەستووری بارزانی کـوژران یـام گـیران و درانـەوە بـە حکوومـەتی ئێـران. کاتێـك بـارزانی نیـازی بـە یارمـەتی بـوو, کوردەکانی ئێران لەوە لاوازتر و تووڕەتر بوون کـە قازانـجێکان لـێ‌هەڵوەرێ. جـا ناکۆکی نێوان کوردەکانی ئێراق و ئێران و تورکیا هەروا بـەردەوام مایـەوە. وەچـەیەك دواتر کوردەکانی ئێراق کە بـە گـشتی بـۆ دەس ڕاگەیـشتن وە دنیـای دەرەوە پاڵیـان وە تورکیا دابوو, کاریان گەیشتە جێیەك بە چەك بەرەورووی برا کوردەکانی تورکیایان ببنەوە, کە لایان وابوو خەباتی ئەوان گرینگایەتی پتری هەیە.

دەبێ بە قازانـجی بارزانیش ئەمە لـە یاد نەکەین و بیلێین کە تەنانـەت پـاش ئـەوەی عێل و عەشیرەتەکانی مەهاباد پشتیان لـە قازی مـحەمـمەد کردەوە, ئەو هەروا دەرهەق بە کۆماری مەهاباد وەفادار مایـەوە. بـەڵام جگـە لـەوەش چـارەیەکی نـەبوو، چـونکە شـوێنێکی نـەبوو ڕووی تێکـا. جارێکیـان گـوتی: "کـوردان بـە دەس سـپای ئێـران تێ‌نەشکان، بەڵکوو ئەمە یەکێتی سۆڤیەت بوو کـە لـە بەرامبـەر ئـەمریکا و بریتانیـای گەورەدا تێك‌شکا." چەند ڕۆژ پاش هەرەسی کۆماری مەهاباد بـە گـوێرەی لـێ‌خۆش بوون و دەستەبەرێتی حکوومەت چووە تاران و پـتر لـە مانگێـك مایـەوە. لـەم نێـوەدا هـەوڵی دا بـەرگروانی بریتانیـا وە دەس بێنـێ هـەتا وەگەڕێتـەوە بـارزان یـا ئەیالـەتـە یەکگرتووەکانی ئەمریکا مافی پەنابـەری وێ بـدا, بـەڵام سـەرکەوتنێکی لـەم کـارەدا وە دەس نەهێنا. شا پێشنیاری کـرد کـە بارزانییـەکان لـە هەمـەدان، هەڵکـەوتوو لـە

باکووری ڕۆژاوای ئێران نیشتەجێ بن. بەڵام هەمەدان لە بارزانەوە زۆر دوور بوو و مەلامستەفا بەڕاستی دەیزانی کە شا دەیەوێ ئەو و هاوڕێیانی "وەخۆی خا".

بەڵام مەلامستەفا وای نواند کە ئەم پێشنیارەی ڕەت نەکردۆتەوە و تەنانەت واشی نواند کە سەلماندوویەتی. لە ڕاستیدا دەرفەتی لەم هەلە دێنا: لەم زستانەدا کە بەفرێکی قورس تەواوی وڵاتی داگرتبوو، بارزانییەکان لە "نەغەدە" هەلیان بە خەنیمەت دەزانی. ئێستا خۆیان بە باشترین چەكوچۆڵ و جبەخانەی کۆمار تەیار کردبوو: ٣٠٠٠ تفەنگ، ١٢٠ ڕەشاش و دوو تۆپی گەورە[1] و هێندێکیان نارنجۆك پێبوو. سەرەنجام کاسەی سەبر و دان بەخۆ داگرتنی سپای ئێران کەلاوی کرد و سپا بە ڕاکێشانی هاوکاری چەکدارانی ئەم عێل و عەشیرانەی کە تا ئێستا لەگەڵ مەلامستەفا یەك بوون و بە دانی بەڵێنی لێبوردن, کەوتە شوێن بارزانی. بارزانییەکان لەم پاشەکشە ئازایانەی خۆیاندا کە تەقە و لێكدانیشی بە دواوە بوو و لە ١١ی مارسەوە دەستی پێکرد "نیشانیان دا کە دوژمنێکی وریا و لەبنەوەبڕ و فێڵەبازن. لە هەلومەرج و بارودۆخی خۆیا ئاشنا بوون و لە شوێنێکی کە بە پێویستیان دەزانی شەڕیان دەکرد و هەروەختایەکی پێیانخۆش با شەڕیان بە ئەستۆی دوژمندا دەبڕی." لەم شەڕ و تێكهەڵچوونانەی مەگین بە هەڵکەوت، دەنا هەموو ڕۆژێ بێ نێوبڕ دەقەومان, کوردان زۆر زیاتر لەوەی خۆیان کوژراو و برینداریان لێدەکەوتەوە, کەلاکیان دەخستە سەر دەستی سپای ئێران. بەڵام بۆردومانی پەیتاپەیتای دە دوازدە فڕۆکەی کۆن و تەوژمی بێوچانی هێزەکانی ئەردەکی, وردە وردە کاری کردە سەر ورەی پیاوان و ژنان و زارۆکان. بارزانییەکان هێزەکانی خۆیان کردە چەند قۆڵ. لە سەرەتای ئاوریلا شێخ ئەحمەد و چوار ئەفسەری ڕاکردووی سپای ئێراق و زۆربەی پیاوان و خێزانەکان لێبڕان بگەڕێنەوە ئێراق و چی دەبێ با ببێ. ئەم تاقمە لەسەر سنوور خویان دایە دەستی هێزەکانی ئێراق. شێخ ئەحمەد بۆ ماوەی یازدە ساڵان لە بەندیخانەدا مایەوە و زۆربەی هاوڕێیانی بۆ خوارووی ئێراق دوورخرانەوە. مەلامستەفا بە بێهوودە وریایی

١- تۆپی ٧٥ی چیایی. "یۆنسی"

دابوو بە چوار ئەفسەرە ڕاکردووەکە و پێیگوتبوون کە تووشی چ چارەنووسێك دێـن، چونکە ئەوان تەمای خۆیان گرتبوو، ئەم چوار ئەفسەرە لـە سێدارە دران.

لـە ١٣ی ئاوریلا مەلامستەفا بە خۆی و ٤٩٣ کەس لە هاوڕێیانی شـەڕکەری, بـە لاڕێیەکدا کە کەمتر لەبەر چاوان بوو, لە کاتێکا هێزەکانی ئێرانی دەم لەسەر پشت بـە شوێنیانەوە بوون, هەر بە شـەو گـەڕاوە ئێـراق و بـەرەو چیا و چـۆڵی دوورەدەستـی باکووری بارزان ئاژوای. بەڵام دوو حەوتەی تریش هەر بەڕێوە بوو, چونکە نەیتوانیبوو لێبووردنی دەوڵەتی ئێراق بۆ خۆیان دابین بکا و چاوەڕوانیی سۆز و پەنای لـە ئێرانییـان و ترکان نەبوو. هەمووی کۆ کردنەوە هەتا بۆیان شی کاتەوە کە بۆچـی تـەنیا ڕێگایـان کۆتان بەرەو سنووری سۆڤیەتە. گوتی: "شەکەت دەبن، برسی دەبن, پێخـاوس دەبـن." جا بێ ئەوەی ڕوونی کاتەوە کە کەی و لە کوێ و چلۆن، درێژەی دا: "من ڕووسانـم دواندووە. گوتیان ڕەنگە ڕێگاتان بدرێ." وەك ئەوەی هەموو باسی دەکەن مەلامـستەفا لـەم بارەوە خۆی دایە دەس چارەنووس, چونکە چـارەیەکی تـری نـەبوو. بـارزانی لـەم پاشەکشە بیستویەك ڕۆژانەی خۆیا, لە ٢٧ی مەیدا بۆ کورتە ماوەیەك لـە ئێراقـەوە پێی نایە تورکیا, پاشان دوو ڕۆژ دواتر سەروسۆراغی لە ئێران پەیدا بـۆوە، لـە کاتێکـا بەرەو باکوور ملی دەنا. لـە شوێنێك دیسانەوە بۆ ماوەیەکی کەم گەڕاوە و سـەرلـەنوێ ڕووی کردە خاکی تورکیا, ئەوجار هاتەوە ئێران، لـە وەختایـەکا دوو گـوردانی ئێرانـی شوێنیان لـە دوو دەگێڕا.[1] بارزانییەکان تەنیا چەن یەستێرێکیان پێبوو کە بڕە کەلوپـەل و بریندارەکانیان لـێ شەتەك دابوون. بەمـجۆرە بارزانی و شەڕکەرانی چوست و ئازای تەواوی ئەم دووسەت و بیست میلـەیان بڕی, ئەویش لـە کاتێکـا بـەفر تـەواوی وڵاتـی داگرتبوو و لـە هێندێك شوێنان بارستایی لـە سێ گەز و نیوان زیاتر بوو.

ئەنارادە دۆلـەمەری [ئەمەر ئاغا دۆڵـەمەری]، یەکێك لـە حەرەسەکانی بـارزانی کـە لــە ١٩٩١یــش دا لــە خزمــەت کـوڕانی بـارزانی دابـوو, لــەم کەسـانەیە کـە لــەم "پاشەکشەیە" ماوەتەوە. ئەو دەیگـوت: "مەلامـستەفا مرۆیـەکی زۆر خـاکی بـوو کـە

١- زۆر لەوە زیاتر بوون، بڕوانە پاشکۆ. "یۆنسی"

نەیدەهێشت کەس کەلوپەلی تایبەتی خۆی بۆ هەڵبگرێ. هەمیشە گاڵتەی لەگەڵ هەموان دەکرد؛ هەمیشە هەوڵی دەدا خۆی لە ناوەندی شەڕەکاندا بێ." ئەو بە فیزێکەوە زیادی کرد: "من ئەوەندەی شەڕم کردووە هەر لەبەر خاتری مەلامستەفا بووە, نەك لەبەر کوردستان." هاوڕێیانی بارزانی بۆ ئەوەی نەکەونە بەر ویزەی دوژمنان, شەوانە ڕێی کوێستانانیان دەبڕی, کەوش و پێتاویان لە تەگەری ئوتۆمبیل چێ کردبوو. ئەم پێڵاوانە زۆر "شتی چاك بوون, چونکە چرپەیان نەدەهات." هەرچی ڕەشاشی قورس و ناقۆڵا بوون تووڕیان دان و تێکڕا برنوویان کردنە شان کە لە دەستان خۆشتر بوون و "شا" ئەوان سەردەمان کە نێوانی لەگەڵیان خۆش بوو، ویَیدابوون.[٢] هەر چەکدارەی پێنسەت فیشەکی درابوویە. ئەم خەڵکە خۆڵاتییەی تووشیان وە تووشیان دەهات، ئەوەندە دەترسان کە نەیاندەوێرا پەنچکە نانێکیان بدەنێ و هەر لەبۆیە پێشمەرگەکان (بارزانییەکان) بە هەڵکەوت لە گوندان دەخەوتن، لە جیاتیان لەسەر تاشەبەرد و لە بەفرا "دەحەسانەوە". کۆسپی گەورەیان بێ ئاوی بوو(!) – "لە تەواوی ئەم ماوەدا لە توونیان گەزارەمان کێشابوو ... جلوبەرگمان شڕ و پەتوور ببوون، چونکە بۆ ئەوەی نەمانبینن زۆرتر زگەخشکەمان دەکرد." لە هێندێك شوێنان وڵات ئەوەندە هەڵەت و هەڵەموت بوو کە "تەنانەت یەسترەکانیش دەرنەدەچوون ... ناچار دەبووین بریندارەکانمان جێ بێڵین." لە درێژەی ئەم ڕێپێوانەدا بارزانی سەرجەم ٢٨ پێشمەرگەی لە شەڕاندا کوژرا و بیست کەسێکی تریش لەبەر برینی ئەستەم و شەکەتی مردن. سێجار تێكهەڵچوونی بەگەرمە و پێنج شەش لێكدانی سووکەڵەی وەبەر هات, بەڵام هێزەکانی ئێران قەت نەیانتوانی تێکیشکێنن.

پاش چلوچوار ساڵان هۆی ئەم تێكنەشکانەم بۆ ڕوون بۆوە: لە وەختی ڕاکردنم لە چنگ هێزەکانی ئێراقی، لەسەر سنووری ئێراق و تورکیا شوێنێکیان نیشاندام کە بارزانی و چەکدارەکانی لەوێوە لە جۆبارێك پەڕیبوونەوە کە بە لووزەوی بەفراوان کەنداوکەند هەستابوو. بە ڕواڵەت هیچ شتێك ئەم حاندەی لە حاندەکانی تری

٢– ئەوێ دەمێ شا چەکی وە بارزانییەکان نەدابوو. "یۆنسی"

جۆبارەکە جیا نەدەکردەوە. ئەو جۆرەی بۆمنیـان گێـڕاوە, ئـەم ئاسـتە تـەنیا جێیـەك و دەراوێك بوو کە بە درێژایی ڕۆژەڕێیەك تووشی دەهاتی و دەکرا لێی وەپەڕێ. بـارزانی گوڵوگیا و گیانلـەبەرانی ناوچەشی بە باشی دەناسی و وای ئیددیعا دەکرد کە بەڵـەدی تەواوی ئەو ڕێ و ڕەوگانەیە کە ئەسکەندەری گەورە پێیاندا چـۆتە هینـد. تەمـەنێك ئاشـنایەتی نزیکـی لـەگـەڵ زەوی یارمـەتی دا هـەتا ئەوانـەی بـە دوویـدا دەگـەڕان بیانـخافڵێنێ.

هەڵبەت ئێرانییەکان هەرچۆنێك بێ ئاخرییەکەی لە ١٨ی ژوەن دا لـە لێوارەکـانی ڕووباری ئاراز, کە دەبێتە کەوشەنی ئێران و ئەرمەنـستان, گەیـشتنە سـەریان. ئـەوەی چاوەڕوانی دەکردن تەرمی دوو شەڕکەران بوو کە لە پەڕینەوەی ڕووبارا خنکـابوون و هێندێك تەقەمەنی و چەند تفەنگێکی شـەق و شـڕ. بـارزانی و هاوڕێیـانی هەشـت ڕۆژ پێشتر گەیشتبوونە ٢٥ میلی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئارارات [چیای ئاگری] کە بـە بـەر چاوانەوە بوو و لووتکەی بەفرینی خۆی دەنواند. دوو کەسیان بـۆ وتوویـژ نـاردبووە لای ڕووسان. لـە ٢٥ی ژوەندا ڕووباریان بڕی. سەردەمی دووری لە نیشتمان پـتر لـە یازدە ساڵی کێشا.

یەکێتی سۆڤیەت کوردەکانی پۆل پۆل کرد و هەر تاقمەی لـەم وڵاتـە بەرینـەدا بـۆ لایەك حەوا دا. ئەمە شێوەی جووڵانەوەی دامەزراوی ئیستالین بوو لـەگەڵ کەمینەکانی نەتەوەییدا. لـە زستانی ١٩٤٩–١٩٥٠دا بارزانی بـە قبـووڵ نـەکردنی سـەرۆکایەتی دەوڵـەتی لە تاراوگەدا کـە ڕووسـان دەیانویـست وەك دەسـپێك بـۆ هەڵگیرسـانەوەی شۆڕشـی کـورد پێکیبێـنن, سـۆڤیەتەکانی هەڵتەزانـدەوە و تـووڕەی کـردن. ئـەم هەڵوێستەی گرتی, هەڵوێستێك نەبوو لەسەر ڕەوتی "ئیدئۆلۆژیك", بەڵکوو هەڵوێستی خۆی بوو. ئەوەندەی ڕق لە قازی مـحەمـمەد بوو کە لـەسـەر پێـداگری ڕووسـان بـۆ هەڵبژاردنی ڕەحیم [ی سەیفی قازی] ئامۆزای قازی مەزن بـۆ وەزیـری دەرەوە، تـۆرا. کردەوەی مەلامستەفا وەبەر دڵی ڕووسان نەدەکەوت. گیرا و دوورخرایەوە: لـە بـاکۆ بۆ تاشکەند و لە وێوە بۆ مەسکەو ... تەنانـەت دۆزینەوەشـی کـارێکی زۆر ئەسـتەم و مەترسیدار بوو. جەلال تاڵەبانی کە لە پێداهەڵدەرانی ئەو بوو و لێبڕابـوو کـە "بـت"ی

خۆی وەدۆزێ, دێنێتەوە یاد کە بە فێڵ و تەڵەکە بانگێشتنامەیەکی بۆ بەشداری لە فێستیواڵی ساڵی ١٩٥٧ی لاوانی کومۆنیست کە لە مەسکەو بەڕێوە دەچوو, وە دەس هێنا و توانی چاوەدێرانی بخافڵێنێ و پاش هەوڵ و تێکۆشانێکی زۆر بارزانی لە یەکێك لە ئاپارتمانە بچووکەکانی مەسکەو بدۆزێتەوە. لەم چاوپێکەوتنەدا تاڵەبانی هەواڵ و وێنەکانی خاوخێزانی وێدا. پاش ئەوە, تەواوی مەودای قوتار بوونی تاڵەبانی بە وتوویژی نێوانیان دەربارەی داهاتووی کوردستان تێپەڕ بوو. تاڵەبانی ئەو کات مارکسیستێکی دیندار بوو، بەڵام خێرا لێی حاڵی بوو کە بارزانی وا نیە. (بارزانی خۆی بە ئاشکرا دەیگوت کە ئۆگریی بە مارکسیزمەوە ئەوەندە کەم بوو, کە هەر دوابەدوای ئەزموونێك خوێندنگەی حیزبی کومۆنیستی جێهێشتووە و لەم تاقیکارییەدا لە بیری نەبووە کە وەك بناغەدانەری وڵاتی سۆڤیەت باسی لێنین بکا و ناوی بنووسێ.)

بەڵام ئەم مەبەستە نەبوو بە هۆی ئەوە کە دەسەڵاتەکانی ڕۆژاوایی بەتایبەت ئەیالەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ناوی نەخەنە لیستەی بێبەجانەکانی یەکێتی سۆڤیەت. بۆ وێنە لە ڕاپۆرتێکی ساڵی ١٩٥١دا کە ڕاوێژکاری سەرکۆمار لە بەشی تەناهی نەتەوەییدا نووسیبووی پێداگری دەکرد کە سۆڤیەتەکان "بە دانی بەڵێنی خودموختاری، لە لایەن پیاوەکەی خۆیانەوە, بارزانی, کە هەر ئێستا لە سۆڤیەتە, سەرنجێکی تایبەتیان خستۆتە سەر کوردان. لە بەرامبەر هاوکاری کورداندا — لەگەڵ سۆڤیەت — وادەی خودموختاری دراوە." ئەم بۆچوون و لێکدانەوەیە بە دوو باراندا هەڵە بوو: بارزانی لەوەی نەتەوەخوازتر بوو کە فریوی سیستەمی سۆڤیەت بخوا و ئۆگری بێ, سەرەڕای ئەوە دابی [کۆشکی] کرێملینیش وا نەبوو کە بەڵێنی بداتە پەناگرانی, وادەیەکی وا کە دوولکی لە سەرملی دابنێ. زۆر دواتر، بارزانی بۆخاتری ئەوەی گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ڕۆژاوایی بە ناوی "مەلای سوور" باسیان دەکرد تەواو نارەحەت بوو و ئەمە نازناوێکی دووقات هەڵە بوو و خۆی بێپشوو بە دیدارکەرانی ڕۆژاوایی دەگوت: "من کومۆنیست نیم. بۆیە پەنام بردە ڕووسیە چارەیەکی ترم نەبوو."

پاش چەند ساڵان بۆ گوێگرانی دەگێڕایەوە کە کەیفێکی ئەوتۆی بە مانەوە لە سۆڤیەت نەهاتووە و ڕیسوگوریسیشی بۆ دیناوە. ڕەشبینان دەیانگوت بەڵێ, ئێستا کە بەختی خۆی لە بەختی ئێران و ئیسرائیل – لە دەیەی شەستا – و ئەیالەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا – پاش ١٩٧٢ – گرێ داوە, هەر دەبێ واش بڵێ. لە ڕاستیدا زۆر پێشتر ئەو ئەم قسەیەی کردبوو. لە دەورانێکدا کە بە هۆی شەڕی ویتنامەوە ئەمریکا خەریك بوو سەخت ئابڕووی دەچوو, بە دیدارکەرانی واق ورماوی ڕۆژاوای گوتبوو کە پێیخۆشە کوردستان ببێتە پارێزگای پەنجاویەکەمینی ئەمریکا: وەرسووڕان لەم گەورە هێزەی شەڕی ساردەوە بو لای ئەو گەورە هێزەی تر، لە ڕاستیدا شێوەکاری ڕێبەرانی جوولانەوە ڕزگاریدەرەکانی ولاتانی جیهانی سێهەم بوو. هەروەها بارزانی بە ڕەوتی دەرەبەگیدا هەنگاوی دەنا: شتی وای بە میوانان دەتگوت کە دڵیان پێیخۆش بێ. تاڵەبانی دەگێڕێتەوە ڕۆژێکیان لە سەرەتای دەیەی شەستا کە بارزانی بە جوێ چاوی بە چەند هەواڵنێری غەوارە کەوتووە و ئەو دیلمانجی بووە بە ئەمریکایییەکی گوتووە "پێیخۆشە کوردستانی ئێراق ببێتە پارێزگای پەنجاویەکەمی ئەمریکا." بە هەواڵنێرێکی ڕووسی وتووە کە "دەیەوێ شازدەهەمین کۆماری سۆڤیەت" بێ. وا دیارە بارزانی هیوادار بووە کە شەڕی سارد ناهێڵێ هەواڵنێران بیسراوەکانیان بۆ یەکتر بگێڕنەوە. سەرەڕای ئەمانە کەسانێکی کە دەیانناسی بە دڕدۆنگییەوە دەیانڕوانییە ئەم خۆ شیرن کردنانەی وا بە مەبەستی پێشکەوتی کاری شۆڕش دەیکرد و کوردستانی بە دڵاوایی بە ئەم و ئەو دەبەخشی.

جان فۆستر داڵس، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە مابەینی ساڵەکانی ١٩٥٢-١٩٦٠دا، سەبارەت بە هەر ڕێبەرێکی کە خڕ و پتوون لە جەغزی هەوارگەی ڕۆژاوادا نەبوو, دووشك بوو. بەڵام هەروەك جەمال عەبدونناسر بە ڕوونی بۆ هەموانی دەرخست, ڕێبەرانی جیهانی سێهەم وایان بیر دەکردەوە کە لەم کایەدا, گەلان وەها کەوتوونە بارێکی تاڵوتوون و نابارەوە کە بۆ گەیشتن بە ئامانجیان ئامادەن بە بێ هیچ ژاکانی ویژدانێك لەتەك شەیتانیشا ببنە هاوپەیمان. بارزانیش لەم ڕێسایە بەدەر نەبوو. بەڵام ئەم پیاوەش کە وا بە ئاشکرا و بە شێوەیەکی سەیر و سەمەرە دڵبەستەی ئەمریکا بوو

جارجار دەیتوانی دەقێك بە باری ڕەزامەندی سۆڤیەتا بخولقێنێ. تەنیا شوێن و ناوەندی سەرنجی کوردستان بوو، ئەگەرچی ڕەخنەگرانی لایان وابوو کە لە ڕاستیدا کوردستانی لەگەڵ عێلەکەی خۆی هەڵدەسەنگێنێ. توانەدنی کەلوپەل و کانگای کوردستان, بۆ وێنە نەوتی کەرکووك، یەکێك لەم چەند تیرانە بوو کە لە تیردانی بەتاڵیدا بوون.

وا وێدەچێ کە لە ڕووسیا جگە لە فێربوونی زمانی ڕووسی کارێکی ئەوتۆی تری نەکردبوو: لەگەڵ هاوڕێیانی دوورخراوەی و میوانانی ڕووسی بەم زمانە دەدوا, بەتایبەت کاتێك نەیدەویست ئەندامانی بنەماڵە یان ئەوانەی کاری لەگەڵ دەکردن، لە باس‌وخواسەکە حاڵی بن. بەر لە خواردنەوەی مەشرووب کولێرە چەورەی بە ڕۆنی کەرەوە دەخوارد, کە خوماریەڕێنە و ئەمە شتێ بوو کە لە مەودای مانەوەی ڕووسیادا فێری ببوو. هەتا ساڵی ١٩٧٢ پەیوەندی لەگەڵ ڕووسان نەپساندەوە, لەم ساڵەدا بوو کە یەکێتی سۆڤیەت توانی پەیمانێکی ١٥ ساڵانەی دۆستایەتی و هاوکاری لەتەك دەوڵەتی بەعس ببەستێ. ئەم پەیمانە کە تا ئەو کات گەورەترین گۆدەتای کرێملین بوو لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستا, یەکێتی سۆڤیەت سووسیالیستی خستە نێو ڕەوگەی دەسەڵاتی یەکێك لە گەورەترین فرۆشەرانی نەوت و بازارێکی قەوغای بەرەورووی چەك‌وچۆڵ و ڕاوێژکارانی نیزامیی و غەیرەنیزامیی ڕووسیدا کردەوە. بەم کردەیە دەس تێکەڵ کردنی پێشووی ڕووسان و کوردانی ئێراق کێشرایە پەنا و پەسیوان. (بۆ وێنە, لە ساڵی ١٩٦٣دا یەکێتی سۆڤیەت بە ئاشکرا لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەو مەبەستەی کە "بە سیاسەتی تۆوبڕکردنی" ئێراقی بەرامبەر بە کوردان ناودێر دەکرد, مەحکوومی کردبوو و بۆ هێنانە سەر کار و لابردنی حکوومەتانی جۆراوجۆر لە ئێراقا کوردی کردبوونە داردەست.) با بە قازانجی یەکێتی سۆڤیەت ئەوەشمان گوتبێ کە لە ١٩٧٤دا بە مەبەستی بەرگری کردن لە هەڵگیرسانی شەڕی نێوان ئێراق و کوردان هەوڵێکی ڕاست و ڕەوانی دا, بەڵام ئاکامێکی لێ‌نەکەوتەوە.

لەگەڵ ئەوەشا, بێشك كاتێك لە ئۆكتۆبری ١٩٥٨دا پاش ڕووخانی حكوومەتی پاشایەتی ژێر باڵی بریتانیا, یەكێتی سۆڤیەت مەلامستەفای بۆ گەڕانەوەی ئێراق دنە دا, ئامانجی ئەمە بوو كە هۆكارێكی ئالۆزیی بەرێتەوە وڵات. گێڕانەوەی مەلامستەفا بۆ ئێراق تەمایەك بوو كە لە شێوەی خۆیا و بەم ئاكامانەی لێیدەكەوتنەوە وەك تەمای ئەڵمانییەكان دەچوو بۆ داهاتووی شۆڕش لە سەردەمی شەڕی جیهانیی یەكەما كە "لێنین"یان لە شەمەنەفەرێكی دەركە داخراوا ناردەوە ڕووسیا.

ئێراق و كوردستان لە دەورانی دووركەوتنەوەی مەلامستەفا و حكوومەتی نووری سەعیدا – بە دەكارهێنانی ئەو دەور و دەرسانەی لە هەوێڵ عوسمانییاندا فێری ببوو – كەوتبوونە سەر ڕەوتی هێمنی و گەشە كردن. لەم چاخەدا دوو كەس لە سەركردەكانی دەزگای ناوەندیی سپا – یەك لە دوای یەك – و فەرماندەی هێزی ئاسمانیی ئێراق كورد بوون. زۆربەی كەسانی ڕیزەكانی یەكێك لەم تەنیا دوو لەشكرەی ئێراق كورد بوون, زۆربەی سەرۆك هۆز و عەشیرەتەكان لە هاوكاری لەتەك حكوومەتا ڕازی بوون؛ ئەگەریش خوازیاری خودموختاری بوون یا هەستیان دەكرد كە گەشەی پەروەردە و ڕاهێنان و تەنینەوەی دەزگای ئیداری بناغەی دەسەڵاتیان لەرزۆك و تەفروتونا دەكا، هەرچۆنێك بێ دەریانەدەبڕی. دیپلۆماتە غەوارەكان بە بێ پارێزەر دەچوونە دوورەدەسترین چیا و چۆڵی ئێراق. بەڵام گەڕانەوەی بارزانی شۆڕشێكی ڕاستەقینەی لە یەكێك لە سەخت و چڕترین ناوچەكانی جیهان هەڵگیرساند. لە ماوەی حەڤدە ساڵ پاشی ئەو, پێنج شەڕی گەورە دژی كوردان داگیرسا و سەرجەم ماڵوێرانی و خاپووركران و كوژراو و شەلوكوتێكی فرتوفراوانیان لێكەوتەوە.

لە یەكەم ڕۆژەكانی سەركەوتنا، عەبدولكەریم قاسم، ڕێبەری تازەی ئێراق كە دایكی كورد بوو، "مافی نەتەوایەتی" خەڵكی كوردی بە ڕوسمی ناسی و ئەوانی بە ناوی "شەریكانی" نێوخۆی ئێراق ناساند. لە سەردەمی حكوومەتی ئەوا ئاڵای ئێراق بە نیشانەی ئەم هاوبەشییە بە نەخشی بازنەی زەردی خۆر و بە حەوتیشكەی سوورەوە, كە دروشمی تایبەتی كوردانە, ڕازایەوە. شێخ ئەحمەد كە لە ١٩٤٧ەوە لە

بەندیـخانەدا بوو و تین و گوڕی توابۆوە, ئازاد کرا: وا قاوە کـە ئـەو دنـەی قاسـمی داوە بۆ بانگهێشتنەوەی مەلامستەفا بـۆ وڵات. مەسـکەو بـۆ ئـەوەی مانـەوەی دوور و درێژی لـە یەکێتی سۆڤیەتا لـەبەر چاوان ناچیزە بنوێنـێ, مەلامـستەفای نـاردە پـراگ و لـەوێشەوە بۆ قـاهیرە. ئـەو کوردانـەی بـۆ پێـشوازی مەلامـستەفا لـە فڕگـەی بەغـدا کۆببوونەوە, ئێستاش باسی ئەم بە پیرەوە چوونە پڕ لـە شـادی و قلیـوبلییـە دەکـەن و دەیگێڕنەوە. ماوەیەك دواتر پاپۆڕێکی سۆڤیەت لـە لـەنگەرگای بەسرە لـەنگەری خست و هاوڕێیانی بارزانی لـە "ئۆدێسا"وە گەڕانەوە وڵات.

هەر کە سەرخۆشی سەرەتای شۆڕش تەواو بوو, قاسـم زانی کە خاوەنی ناوەندێکی بەهێزی دەسەڵات و سەقامگیر نیە, بۆیە هەوڵی دا بە تێكبەردانی حیزب و ڕێکخـراوە ڕکەبەرەکان خۆی لـەسەر دەسەڵات وەمێنـێ. لـە ڕاسـتیدا دەسـەڵات لـە کـۆڵان و شەقامان بوو. دە ساڵ شەڕ و شێواوی لـە بەغدا هەر لـە دەسـپێکەوە کـوردانی تێـوەدا. قاسـم هەتا ئەودەمەی لـە گۆدەتایەکی خوێنیی بەعسیدا, لـە فێوریـەی ١٩٦٣ و لـە دەفتەری کارەکەیدا کەوتە بەر دەسـڕێژ, کۆشـشی کـرد لـە زنـجیرە چـالاکییەکی سەرەگێژەهێندا دژبەرانی خافڵگرکا. لـە پانزە مانگی سەرەتای حکوومەتیدا, بـارزانی بەرچاوترین هاوپەیـمان و بەڕێوەبەری بیر و بڕوای بوو.

لـە ١٩٥٩دا چەکدارانی عێلی بارزانی هێزێکی زەبروەشێن بوون کە دژی ئەو عێل و عەشیرەتانە کەوتنەخۆ کە وا لـەگەڵ گەلاڵەی دابەشینی زەویوزاری قاسم دژایەتییان دەکرد. (زۆربەی ئەم دەربەگانە سەرۆکی ئەم هۆز و عەشیرەتانە بوون کە لـە سەردەمی حکوومەتی پاشایەتیدا لـەگـەڵ بـارزانی شـەڕیان کردبـوو.) دیـسان لـەو سـاڵیدا — ١٩٥٩ — بارزانییەکان ڕاپەڕینی نەتەوەخوازان و لایەنگرانی حوکماتی پاشـایەتییان لـە مووسڵ تێكشکاند و[1] وێڕای کومۆنیستەکان لـە کەرکووك تورکمانەکانیان سـەرکوت کرد. پاشان بارزانییەکان بە فیتی قاسـم کەوتنـە گیـانی کومۆنیـست و بەعـسییەکان و ئەمانەش قەت ئەم ڕووداوەیان لـە بیر نەبردەوە و لـە بارزانی خۆش نەبوون. لـە چـاکەی

١- ڕاپەڕینی ژێنێراڵ عەبدولوەهاب شەوواف.

ئەم چالاکی و دەسبزاوتنانە قاسم لە ژانویەی ١٩٦٠دا حیزبی دێموکراتی کوردستانی پاشی دە ساڵێك بەربەست کران لە لایەن حکوومەتی پاشایەتییەوە بە گوێرەی یاسا بە ڕوسمی ناسی و ئازادی کرد. ئەمە ئەوپەڕی نێوانخۆشی قاسم و بارزانی بوو. بارزانی لەم لێكدەرکردن و تۆڵەوەرگرتنەوانەی عەشیرەتیدا, سەرۆکی عێلی زێباری کوشت. قاسم کە زانی "بارزانی" یەکە دەسەڵاتداری تەنیا ڕێکخراوێکی سیاسی و یاسایی وڵاتە کە دەتوانێ هەڕەشەیەك بێ لەسەری، زۆر بە گەرمی پێشوازی کرد لە هاتنەوەی ئەم سەرۆك عەشیرانەی پێشتر بارزانی بازرەی ئێرانی کردبوون.

بۆ بارزانی, پرسی گرینگتر لە دامەزرانەوە و سەقامگیر بوونەوەی هێز و دەسەڵاتی لە باکوور, گوڵبژێر کردنی لایەنگرانی سیاسی بوو لەم ماشەرە ئاڵۆزکاوەی نەتەوەپەروەرانی شارەکیدا کە پاش دەرچوونی ئەو لە وڵات ڕێژەیان تەواو بەرەوسەر چووبوو. لە نەبوونی ئەوا زۆربەی کوردانی شارنشین تێکەڵاوی حیزبی کومۆنیست ببوون کە لقێکی تایبەتی کوردی دامەزراندبوو و قورساغ و خۆشەویستی زۆر لە حیزبی دێموکراتی کوردستان پتر بوو. ئەو حیزبەی کە بە گوێرەی پەیڕەوی نێوخۆی حیزبێکی مارکسیست – لێنینیست بوو. لە ناخی خودی حیزبی دێموکراتی کوردستانیشدا تۆوی ناکۆکی و دژایەتی داهاتوو داچێندرابوو.

برایم ئەحمەد سکرتێری گشتیی حیزب, ئەو کاتەی بارزانی لە یەکێتی سۆڤیەت بوو و جگە لە تاقمێکی کەم ئەندامی وەفادار، تێکڕا ئەویان لە بیر بردبۆوە، حیزبی زیندوو ڕاگرتبوو. برایم ئەحمەد کە مرۆیەکی مافناس بوو, ئێستا لە بەرامبەر مەلامستەفادا کە هیچ دەسەڵاتێکی بۆ خوێندەوارانی شارەکی وەبەر چاو نەدەگرت, ڕادەوەستا و پێملی هەموو خواستێکی بارزانی نەدەبوو. بارزانی بە لادانی و هێنانەوە کایەی هەمزە عەبدوڵڵا دژ کردەوەی نواند. هەمزە عەبدوڵڵا لەو کۆنە کومۆنیستانە بوو کە برایم ئەحمەد لە زەمانی بزر بوونی مەلامستەفادا لە حیزب وەدەری نابوو. بەڵام بارزانی خێرایەکی بایداوە و تفەنگچییەکانی ناردە بنکەی حیزب و هەمزە عەبدوڵڵا و لایەنگرانی وەدەرنا. لێرەدا سیاسەت و کەسایەتی هەرتك دەوریان گێڕا.

هەمزە عەبدوڵلا ویستبووی لەگەڵ هۆز و عەشیرەتە خۆپارێزەکانی کورد تێکەوێ و ڕێك‌کەوێ, چونکە دەیزانی خاوەنی ئەم هێز و دەسەلاتەن کە نەتەوەخوازیی کورد پێویستی پێیەتی. برایم ئەحمەد مافی دەنگ و بڕوای پتری بۆ پەروەردە کراوانی شارەکی دەخواست و بارزانی سەبارەت بە یەکێتی نێوان هەمزە عەبدوڵلا و کومۆنیستان دڕدۆنگ بوو. خوێندنەوەی سەرلەنوێی ئەو قسە سارد و سووکانەی پارتی دێموکراتی کوردستان دەیخستنە پارسەنگی "ئەمپریالیزم" و "دەرەبەگ‌خوازان" و بورژواکانی ئەوان سەردەمان, بارودۆخی سالانی دەیەی ١٩٥٠ بە ڕوونی دێنێتەوە بیر و سووری دەکاتەوە کە ئەم پەیامانە بۆ زۆربەی کوردان, بەتایبەت جەماوەری نەخوێندەواری چیانشین، لە ڕادەی فام و تێگەیشتنیان بەدەر بووە.

نێوانناخۆشی و گرژی بە ڕادەیەك بوو کە ئەو دەمەی وا لە سێپتامبری ١٩٦١دا لە باکوور بەگەرمە شەڕی نێوان هێزەکانی حوکمات و بارزانی دەستی پێکرد، پارتی دێموکراتی کوردستان و برایم ئەحمەد هەوڵیان دا بێلایەن وەمێنن. کوردان و دەوڵەت هەتا ١٩٧٥ هەروا شەڕیان نەبڕایەوە, مەگەر نێوە نێوە و لە مەودای ئاگربڕاندا. کاتێك قاسم لە دێسامبری ١٩٦١دا چالاکی پارتی دێموکراتی کوردستانی بەربەست کرد، خوایێنەخوایی پارتی پێی لە کێشەکان وەردرا. ئەوکات برایم ئەحمەد و زاوای خاوەن مرخ و بەرزەفڕی – جەلال تالەبانی – هێزێکی جودایان لە باشوور و ڕۆژهەلات ڕێك‌خست کە لە دەورووبەری سلێمانیڕا هەتا سنووری ئێرانی بە دەستەوە بوو. ئەمە یەکەم تیشکەی ناکۆکی و لێك‌دابڕانی ڕیزەکانی کوردان بوو، چونکە بارزانی و برایم ئەحمەد هەرکامیان تەنیا خۆیان بە ڕێبەری لێوەشاوەی جوولانەوەی کورد دەزانی.

ئەگەرچی ئەم ڕووداوانە پڕ پیچ‌وفلۆوچ بوون, بەلام پرسی سەرەکی – و ساکاری – ڕەوتەکە بۆ کوردان و دوژمنانیان گۆڕانێکی بەسەر نەهاتبوو: لە ئووتی ١٩٤٦ەوە کە لقی پارتی دێموکراتی کوردستان لە ئێراق دامەزرا، ئامانجەکانی سیاسی ئاشکرای بارزانی نەگۆڕ مانەوە: کوردان خوازیاری سەربەخۆیی نەبوون و بەڵکوو کەوتبوونە شوێن دروشمی "دێموکراسی بۆ ئێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان". ئەم ویستە لەسەر

کاغەز تەواو ئاقڵانە دەهاتە بەرچاو، بەڵام ناحەزانی بارزانی لە بەغدا — یانی پاشایەتیخوازان، نەتەوەپەروەرانی عەرەب، بەعسی و کومۆنیستەکان — بڕوایان بە قسەکانی نەدەکرد. ئەمە لایەنی ساکار و پاککردەی ئیشەکە بوو.

بە گومانی ئەم دژبەرانە کوردان خوازیاری دابڕینی بەشێکی ئێراق بوون، ئەو بەشەی بە هەق بە هی خۆیان دەزانی (و ئەگەر توانیباشیان بەشەکانی کوردەواری ئێران و تورکیا و سووریاشیان دەخستەسەر.) جا ئەگەر لەم کارەدا سەرکەوتوو بان، بە بڕوای دژبەران بە مانای تێکچوونی بنەڕەت و هەڵوەشانی ئێراقی بارناسك بوو. ئەم بۆچوونە بە گشتیی بۆچوونێکی هەڵە نەبوو: پاش دەسپێکی شەڕ لە ١٩٦١دا زۆربەی کوردانی ئێراق هەر بەڕاستی لایان وابوو کە ئێستا هەلێکی وایان وە دەس هێناوە کە دەتوانن "پلە و بارودۆخێکی" تایبەتی بۆ خۆیان دابین بکەن, جا کە وایە ئەم پلە و بارودۆخە بۆچی سەربەخۆیی نەبێ؟ یەکێك لە یارانی نیزیکی بارزانی دەیگوت: "ئێمە تەنانەت ئەو وەختیش دەمانزانی کە ئەو بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی تێدەکۆشێ."

لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست, بەتایبەت ئەو شوێنەی کە یۆنانییەکان بە "دووچۆمان"یان ناودێر کرد، دەسەڵات هەمیشە شتێکە وەك کۆ کردنەوەی سیفران پێکەوە, ئێوە یان خاوەنی دەسەڵاتن یام نین. ئەگەر ئێوە نەتانبێ, یەکی تر هەیەتی, هەر نەبێ کەسێك لە بابەت دەسەڵاتەوە وەك ئێوە بیر دەکاتەوە. کە وایە دەسەڵات بۆ دابەشین نابێ. ئەم ڕێوشوێنە لە هیچ جێیەك بە ڕادەی ئێراقی نوێ یەکتری نەدەخوێندەوە, کە وڵاتێ بوو دەسکرد و ئینگلیسییەکان لەسەر پێوشوێنی بەرژەوەندی جۆراوجۆر تێکیان کردبۆوە و ئەویش ئەم هەرێمانە بوون کە لە سەردەمی زۆر کۆنەوە هەتا ئێستا مێژوویان لەگەڵ مێژووی زۆرەملیداتێکەڵاو بووە. چاو خشاندنێك بەسەر پەیکەرە زلحۆل و بە هەیبەتەکانی پاشایانی ئاشۆریدا لە موزەی "لوور"ی پاریس و مووزەی "بریتانیا" لە لەندەن و مووزەی "مێترۆ پۆلیتێن"ی نیۆیۆرك بۆ لابردن و سڕینەوەی هەر شك و گومانێ لەم بارەدا کیفایەتە. جا بە هەر حاڵ هیچکام لە گەورەهێزانی سەدەی بیستەم لەسەر ئەم بڕوایە نەبوو کە پشتگیری سەربەخۆیی کوردستان بکا یا تەنانەت بۆ

پشتیوانی لە "خودموختاری" جوولە و چورتەیەکی بێ. لە خودی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستا لەبەر وەی ئێراق هێندێك وە پێش دراوسێکانی کەوتووە و تابشتی هەبوونی کوردانی هێناوە و ئیزنی داون جلوبەرگی کوردی بکەنە بەریان و لە فێرگە و دەزگا ئیدارییەکان و بلاڤۆك و کتێباندا بە کوردی بنووسن و بئاخێون، بە دڕدۆنگی و بێباوەڕی بۆیان دەڕوانی.[1]

ئەم بێ باوەڕییە ڕێشەدارە بە ڕەسمی لە پەیمانی سەعدابادا خۆی نواند کە لە ساڵی ١٩٣٧دا ئیمزاکرا و بە گوێرەی ئەو وڵاتانی ئێران و ئێراق و تورکیا بەڵێنییان وابوو پێکەوە دژی کوردان بکەنەوە چالاکی. پاشان ساڵی ١٩٥٥ لە پەیمانی بەغدادا, کە دەوڵەتانی بریتانیا و ئەیالەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە ڕواڵەت لە جل و قاپێلکی بەربەرەکانی لەگەڵ کومۆنیزمدا بەسەر وڵاتانی ناوچەیاندا سەپاند، ڕەنگی دایەوە. پێداهاتنەوەی ئەم ڕەوتە ساکارە و دەکرێ بڵێین کە ئەم هەزارە و دوولایەی بارزانی بۆ دەرباز بوون لە ڕێوشوێنیکایەی "کۆی سیفران" دەیکردن هەر لە هەوەڵەوە تێکشکانیان لە دوو بووە. کوردان چ بەر لە بارزانی و چ پاش ئەو بە دروستی بڕوایان وابوو کە بە تەنێ حکوومەتیان بۆ ناڕووخێ، هەروەك چۆن دوڵەتیش ناتوانێ ناسیۆنالیزمی کورد بنەبڕ بکا. وێڕای ئەمانەش تەواوی ئەم حوکماتانەی یەك لە دوایەك لە بەغدا دەهاتنە سەر دەسەڵات جار لەگەڵ جار توند و تیژ و شڕ و دڕتر دەبوون و لە پیت و بەرەکەتی داهاتی نەوت کە زۆربەی لە چاڵاوەکانی کەرکوك هەڵدێنجرا و لە نێوەرۆکا دزی بوو لە ماڵی کوردان، ڕۆژ بە ڕۆژ تەیارتر دەبوون. پڕی سەرکەوتنەکانی بارزانی، تەنانەت ئەو کاتەی کە لە پۆپەی دەروشانەوەدا بوو و کوردان لە هەموو شوێنێ گوێیان دەدایە ئەم ڕادیۆ شەپۆل کورتە پڕ "پارازیت"ەی بە سەرکەوتنەکانی ئەوی هەڵدەگوت, قەرزداری پشتیوانی تەکولۆی دەرەکی بوو. ئەم کارە هەمیشە بەغدای هەڵدەگراند. مەبەستەکە زۆر سادەیە و دیسان دەکرێ بە هاسانی بارزانی سەبارەت بە وەی وا لە بەرەی شەڕا وە دەستی هێناوە لە پشت مێزی

١- ئێراق خۆی ئەم ئیزنەی نەدابوو, بۆ ئەستاندنی ئەم تۆزکاڵەش کوردان گەلێ ساڵان خەباتیان کرد. "یۆنسی"

وتوویژا دۆڕاندوویەتی، سەرکۆنە بکرێ. ئەم شێوە کارە هەر لە کۆنەوە بۆتە خاڵی لاوازی کوردان. بارزانی جاری وایە ئەوەندە تامەزرۆی هەرەوگیفی ڕووخاندنی حکوومەتانی بەغدا بوو کە قەت هێندە ئۆگری بیر کردنەوە لەم بارەدا نەبوو کە بۆچی هەلومەرجی دانی خودموختاری کەمتاکورتی وەك یەکەم هەنگاو بۆ وەرگرتنی قانی بالاتر ڕەت دەکردەوە. لەگەڵ تەواوی ئەمانەشدا کاتێك لە تاراوگە گەڕایەوە هیچ کەس تەنانەت بە خەون و خەیاڵیشیدا نەدەهات کە دوژمنانی خەڵکی کورد دەس بەرن بۆ هەموو شێوەیەکی خۆفناك کە ئاخری کردیشیان. هێشتا ساڵی ١٩٦١ نەبڕابۆوە کە هێزی ئاسمانیی قاسم ١٢٧٠ گوندی کوردانی وێران کرد؛ ئەمە سزادانێك بوو کە لە چوارچێوەیەکی "شیاو"دا دەهاتە ژمار.

لە خەیاڵ و فەرهەنگی بارزانیدا، واتەی "گەورە هێزان" بە مانای زەخت خستنە سەر هێندێك کرداری حوکماتان بوو. ئەو پیاوێکی شەریف بوو کە بەڵێنی خۆی دەبردە سەر و بڕوای بە وادەی دیتران دەکرد. ئەو لەسەر ڕەوتی جەغزی ئەم دنیا تایبەتەی خۆی پێی وابوو شانسی وەی هەیە کە ئەم "بڕوا" کوردییەی لای وایە کوردان لەتەك نەتەوەکانی ترا جیاوازن و — واتە عەرەب نین، فارس و ترك نین — شیاوی ئەوەن ڕەوشتی باشتریان لەگەڵ بکرێ، بپارێزێ. بەڵام دنیا بایەخەکانی خۆی گۆڕیوو و یاسای "گرشام"[١]ی دەکار دێنا و بێوچان لەسەر حیسێبی کوردان و زۆرێك لە گەلانی تر لە بایەخی ئەخلاقی کەم دەکردەوە.

یەکەم شەڕی کوردستان بە کوژرانی قاسم بە دەس بەعسییەکان لە فێوریەی ١٩٦٣دا ڕاگیرا. بەعسییەکان لەڕێوە بە کوشتن و قەلاچۆ کردنی هەزاران کۆمۆنیست بە فیتی ئەمریکا، کە کەیفی بەم دەرفەتە سازبوو هەتا گەورەترین حیزبی کۆمۆنیستی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست لاواز بکا، مەیل و تاسەی خۆیان سەبارەت بە نواندنی زەبروزەنگ نیشان دا. وتوویژی لێرولەوێ دەستی پێکرد. ئەم وتوویژانەش

١- تامس گرشام، پسپۆڕی دارایی، خەڵکی ئینگلستان، ١٥١٩-١٥٧٩.

هەروەك زۆرێك لە وتووێژەكانی دواتر لەسەر كێشەی كەركووك شكستیان خوارد. ئەو دەوڵەتانەی لە بەغدا بە دوای یەكا هاتنە سەردەسەڵات، تێكڕا خواستی كوردانیان لەسەر كەركووك و نەوتەكەی بردەوە پاش, ئەویش بە گوێرەی ئەم بەڵگەیە كە كەركووك لە سەرەتای سەدەی بیستەما و بەر لە هەڵێنجانی نەوت لە چاڵاوەكانی, هەر لە بنەڕەتەوە شارێكی توركماننشین بووە و جەماوەرێكی زۆریشی كورد و عەرەب لێ بوون. لە مانگی ژوەنا بەعسییەكان شەڕیان دەس پێكردەوە. ساڵح مەهدی عەماش، وەزیری شەڕ، بە هەڕوگیفەوە دەیگوت ئەمجار سپا ئامادەیە و لە ڕاستیدا چالاكی تەنیا "ڕێپێوانێكی سادەی نیزامیی" یان "گەشت و گوزار و ڕابواردنێكی سەرچیا"یە. بەڵام سپا ڕایەكی تریش زەبری قورسی وێكەوت. لە ١٨ی نوامبری هەر ئەو ساڵەدا بەعسییەكان سەرنگوون كران و عەبدوسەلام عارف دەسەڵاتی گرتە دەس. وتووێژێكی تر لە ١٠ی فێوریەی ١٩٦٤دا ئاگربەسێكی دیكەی لێكەوتەوە.

شەڕی دووهەمی كوردستان بە دوولەت بوونی ڕیزەكانی نەتەوەخوازانی كورد كۆتایی پێهات: تاقمی ئەحمەد – تاڵەبانی ڕایگەیاند كە قبووڵی ئاگربەس لە لایەن بارزانییەوە خەیانەت بووە بە خەڵكی كورد، ئەویش زیاتر لەبەر ئەوەی دەفتەری سیاسی كە ئەوان ئەندامی بوون تەنانەت پرسیشی پێنەكراوە. بارزانی لە مانگی ژووئیەدا بە ناردنی هێز و ڕاماڵینیان لەسەر سنوور دژكردەوەی نواند و تاقمی ئەحمەد – تاڵەبانی لەگەڵ كۆمەڵێكی چوارهەزار كەسی پەنایان بردە بەر ئێران. دەوڵەتی ئێراق دڵنوایی كردن و گێڕانیەوە وڵات و بۆ شەڕ لەگەڵ بارزانی كێشانیە ژێر ڕكێف. ئەم ڕقەبەرایەتییە هێزی بارزانی لاواز كرد. ئیتر ئێستا بارزانی بە هێنانی ناوی تاڵەبانی، كە ڕقەبەرێكی لاو و خاوەن مرخ و لە باری نیزامییەوە هاوسەنگی خودی ئەو بوو, بە ئاشكارا هەڵدەچوو.

لە مانگی مارسی ١٩٦٥دا شەڕێكی زیاتر لە كوردستانا قەوما. عارف لە ڕووداوێكی گومان لێكراوی كەوتنە خوارەوەی باڵەفڕا كوژرا و "عەبدوڕڕەحمان عارف"ی برای جێی گرتەوە. لە مانگی مەی ١٩٦٦دا ئێراقییەكان هێرشێكی قورسیان دەس پێكرد كە ئامانجی دوولەت كردنی بەرەی كوردان و قوتبڕاو كردنی بارزانی

لە کەلوپەل و کەرەسەی "لۆژێستیکی" و دابرانی بوو لە ئێران، کە ژیانێکی خودای بە وێوە بوو. بەڵام سەرەڕای یارمەتی جاشەکانی تاڵەبانی، دیسانیش تووشی تێکشکانێکی سەرشۆڕانە هاتن. لە چیای هەندرێن کە دەڕوانێتە ڕەواندز، بارزانی گەورەترین سەرکەوتنی وە دەس هێنا و مانگێك دواتر عەبدوررەحمان بەززاز، سەرۆك وەزیری غەیرە نیزامیی ئێراق، یەکێك لە گەورەترین داواکانی کوردانی قبووڵ کرد و بە ڕوسمی دانی بە دوو تۆو بوونی نەتەوەیی ئێراقا هێنا. بەڵام سپای ئێراق بە دەسپێکی وتوویژ لەگەڵ تاڵەبانی، بەر لە داگیرانی وتوویژ لەتەك بارزانی، چەتی لەم کارە خست. بارزانی دەرهەڵبوو و وریایی دا کە "جەلال تاڵەبانی غەیانە و بێتوو ئەو بەشداری هەرچەشنە ڕێككەوتنێك بێ تازە من وتوویژ لەتەك هیچ کەسێکا ناکەم." هەروەها زیادی کرد: "تاڵەبانی نۆکەری هەموو لایەکە." لایەنگرانی بارزانی هەتا ئەمڕۆش بە تاقمی تاڵەبانی دەڵێن "جاشەکانی ٦٦". هەرچۆنێك بێ, لە بری ئاشتی، لەسەر ئاگربەسێکی تر ڕێككەوتن.

حیزبی بەعس لە ژووئیەی ١٩٦٨دا سەرلەنوێ هاتەوە سەر حوکم و سەددام حوسێن وەك پیاوێکی خاوەن توانای ئێراق هاتە سەر شانۆ و "ئەحمەد حەسەنولبەکر"ی سەرکۆماری لە نموود خست. بەعسییەکان لە پێشدا بۆ تێکەوتن لەگەڵ کوردان دەستیان لەسەر دەست دانا و چاوەڕوانی دەرفەت مانەوە: جارێ گیرۆدەی پاڵاوتنی ڕیزەکانی سپا بوون و هەل و دەرفەتی گەڕانەوەی سەر بارزانییان نەبوو. لە باتیان "جاشەکانی ٦٦" ببوونە دەمڕاستیان و درێژەیان بە شەڕ دەدا. کاتێك لە مانگی ئاوریلی ١٩٦٩دا شەڕ بەگەرمە دەستی پێکردەوە, سپای ئێراق تووشی وەها زەرەد و زیانێك هات کە لە ژانویەی دوای ئەوا, سەددام حوسێن بۆ وتوویژ و دیدار لەگەڵ بارزانی چووە کوردستان و لە ١١ی مارسی ١٩٧٠دا, "ئەلبەکر"ی سەرکۆمار، بەشی ئاشکرای ڕێككەوتنی نێوان بارزانی و سەددام حوسێنی لە سەر ڕادیۆ خوێندەوە: ئەم ڕێككەوتننامەیە هەبوونی "گەلی کورد"ی دەسەلماند؛ پێشمەرگەی دەکردنە سنوورپارێز و مافی خوێندن بە زمانی کوردی و دەکار هێنانی ئەم زمانەی لە دەزگاکانی دەوڵەتی دا و دامەزراندنی ناوچەیەکی خودموختاری بە

ناوەندێتی شاری هەولێر قبووڵ دەکرد و بە قەرار دەبوو یەکێك لە یاریدەدەرانی سەرکۆمار کورد بێ و کوردان چەند وەزیرێکیان لە دەزگای دەوڵەتی ناوەندیدا هەبێ. کوردان هەتا ئەمڕۆش کە باس دێتە سەر چوار ساڵەی پاش ئەم ڕێککەوتنە بە ناوی سەردەمی زێڕینی ئاشتی و تەسەلی و گەشە و هەڵدانی فەرهەنگی یادی دەکەنەوە.

بەڵام دەتگوت سەرلەنوێ کوردان هەڵخەڵەتاون: بارزانی نەیتوانی دەوڵەتی ئێراق بۆ چارەسەر کردنی کێشە بنەڕەتییەکان پێمل بکا: کێشەی کەرکووك، دیاری کرانی هەرێمی خودموختار و کات و هەلومەرجی سەرژمێرییەکی ورد و باریك کە بۆ سوور بوونەوەی ئیددیعای کوردان – لەسەر کوردنشین بوونی کەرکووك – تەواو پێویست بوو، هەر وا مایەوە و بارزانی ملی دا بە ڕێککەوتننامەیەکی لێڵ و نادیار کە بۆ دیاری کردنی کەوشەنی ناوچەی خودموختار ماوەی ساڵێکی بۆ سەرژمێری دانابوو. ئەمە بەم مانایە بوو کە هەتا ڕاگەیەندرانی خودموختارییەکی خڕ و پتوون لە ماوەی چوار ساڵان دا نێوەرۆکی ئەم ڕێککەوتننامەیە جێی باوەڕ و ماکەی بەڕێوەچوون دەبوو. کوردەکانی ئێراق لەسەر ئەم خاڵە پێدادەگرن کە خۆ گنخاندن و فریو و تەفرەدانی دەوڵەت هەمووی لەسەر ئەمە ساغ بێوە کە سەرژمێری قەت بەڕێوە نەچێ. وێڕای ئەمەش سیاسەت و ڕەوتی "وە عەرەب گێڕان"ی ناوچە کوردنشینەکانی دەورووبەر و نێوخۆی کەرکووك و تەواوی ناوچە نەوتییەکانی بە دەستوبرد بەڕێوە دەچوو. تەواوی کرێکارانی کورد لە مەڵبەندە نەوتییەکانی کەرکووك دەرکران. توێژەرانی کورد حیسابیان کردووە کە لە ماوەی سەردەمی "تێپەڕ" یا گواستنەوەدا تەنیا لە سەتا ٧ تا ١٢ی بودجەی ئاوەدان کردنەوەی ئێراق تایبەت دراوە بە ناوچەی خودموختار و تەنیا چوار گەلاڵەی ئاوەدان کردنەوە و گەشە پێدان لە کوردستان بەڕێوە چوون. ئیزنی خوێندکارانی کورد بۆ خوێندن لە زانکۆکانی ئێراق و وەرگیرانیان لە خوێندنگەی ئەفسەریدا زۆر لەمەش کەمتر بووە.

لە وەختایەکا وتووێژ و دانیشتنی تەکولۆ و لێرولەوێ هەر وا درێژەی هەبوو، بەغدا ڕایگەیاند کە جۆری خودموختاری بەر بیری خۆی بە شێوەیەکی یەکلایەنە لە ڕۆژی چوارەمین ساڵوەگەڕی مۆر کرانی پەیماننامەی "ی مارسی ١٩٧٠دا دەخاتە

گەڕ. بە خورد بوونەوە لەم کەش و هەوا لەرزۆك و بێمتمانەیەی بە هۆی شەڕ و پێکدادانی نێوە نێوەش هەر دەهات و خراپتر دەبوو، دەردەکەوێ کە کاسەی سەبری بەعسییان کەلاوی کردووە و تەمایان وایە بێتوو کوردان قبوولّی نەکەن — کە وێدەچوو نەشیکەن — دەس بکەنەوە بە شەڕ. بەلاّم هێندێك لە کوردان دووشکن سەبارەت بە وەی بارزانی ئەم ڕێك‌کەوتنەی بە ڕاست و پتەو زانیبێ. (خودی بارزانی بە دەربڕینی ئەم مەبەستە کە ڕێك‌کەوتن هەر لە بناغەوە فێلّ و فریو بووە و ئەو بەر لە ئیمزا تێیگەیوە, پتر پەلوپۆی ئەم گومانەی دا.)

یەکێك لەم کەسانەی لە نیازپاکی بارزانی دووشك بوو، "عوبەیدیللا"ی کوڕە گەورەی بوو کە هەلاّتە بەغدا و ڕایگەیاند باوکی "ناخوازێ خودموختاری وەگەڕ کەوێ، تەنانەت ئەگەر کەرکوك و تەواوی نەوتەکەشی بدەنێ. سەلماندنی یاسا و ڕێسای خودموختاری هەموو شتێکی لێ‌دەستێنێتەوە، کەچی ئەو دەیەوێ خۆی هەر وا تەنیا فەرمانڕەوای کوردستان بێ." بەلاّم مەسەلەکە هەرچۆنێك بێ، دروست سێ ڕۆژ بەر لە ساڵوەگەڕی ئیمزای ڕێك‌کەوتنامەی مارس — کە ئاخرین دەرفەتی قبووڵ کردنی مەرجەکان بوو — سەددام حوسێن پێشنیاری کرد کەرکوك نیوە بە نیوە دابەش بکرێ. بارزانی ئەم پێشنیارەی بردەوە پاش، کە لە یەکەم نیگادا بە ڕادەی تەواو وەك هەڵوێستێکی شیاو دەنوێنێ: پاش ئەم گشتە زوڵم و زۆر و زەبروزەنگە — بۆ وێنە گێڕانی پیلانی کوشتنی بارزانی بە چەند جار — هیچ لایەك متمانەیان بە یەگدی نەمابوو و لە پێداچوونەوەدا ڕوون دەبێتەوە کە ڕێك‌کەوتننامەی ١١ی مارس تەنیا هەل و دەرفەتێك بوو بۆ خۆ سازدانەوە و پشوو نوێ کردنەوەی هەردوولا.

عەبدوڕڕەحمان قاسملوو، ڕێبەری کوردەکانی ئێران کە بە مەبەستی خستنە ژێر پرسیاری ڕێبەرایەتی بارزانی بەڵگە و بۆنەی تەواوی بە دەستەوە بوو، لەم کردەیەی بارزانی، واتە ڕەت کردنەوەی پێشنیاری سەبارەت بە کەرکوك، گەلێ نارەحەت بوو. قاسملوو لەم وتانەدا کە دە ساڵێك دواتر دەریبڕی، پەرۆشی و پەژارەی نواند کە ئەم ڕێك‌کەوتننامە زۆری قازانج بۆ کوردان بووە و لە خۆوە پێملی نەبوون. ئەو لێرەدا بارزانی بە تاوانبار دەزانی. قاسملوو لای وا بوو کە ئەم تەمایەی بارزانی

هەڵەیەکی دزێوی ئاشکرا بووە، ئەویش نەك لەبەر وەی کە بەغدا یاریدەی قاسملووی دەدا. دەیگوت: "کوردەکانی ئێراق هەتا ئێرە چیان وە دەس نەهێناوە، چونکە لە سیاسەتدا پتر کەوتوونە شوێن پێی هەست هەتا ئاوەز. ئەوان یان هەموو شتێکیان دەویست یان هیچ شتێك، هەموو شتێکیان یان ڕەشیڕەش دەبینی یام سپیسپی. هەر لە بۆیە ئەشتەکیان وەگیر نەکەوت. لە سیاسەتدا ناتوانی یا ڕەشیڕەش بی یا سپیسپی. ئەوەی ئەمڕۆ دەڵوێ سبەی بووز ناخوا، من لام وایە دەبوو بارزانی مامەڵەی کەرکووکی قبووڵ کردبا، چونکە ئەم هەلە، خودموختارییەکەی سەقامگیر دەکرد و لە داهاتوودا دەیتوانی بۆ ئەوی تر شەڕ بکا. ئێوە بیهێننە بەرچاو، بێتوو خودموختارییەکەی هەبوایە و هێزەکانی بە دەق نەشکاوی مابانەوە, ئەو کاتەی لە ١٩٧٩دا شۆڕشی ئێران قەوما چ هەل و دەرفەتێك دەبوو بۆ کوردەکانی ئێران؟"

وە هەر حاڵ، لە ١١ی مارسی ١٩٧٤دا بەغدا ناوچەی خودموختاری ڕاگەیاند کە هێندێك زیاتر لە نیوەی ئەو ٢٩٠٠٠ میلە چوارگۆشەیە بوو کە کوردان داوایان دەکرد. کەرکووك لەم بازنەیە دەرهاویژرا بوو. هەر لەرێوەش شەڕ هەڵگیرسا و کەسیش واقی نەبردەوە. هۆردووی بارزانی زۆر لە خۆی خاترجەم بوو: کوردان ٤٠٠٠٠ پێشمەرگەیان لە بەرەکانی پێشەوە دامەزراند بوو کە لە لایەن ٦٠٠٠٠ چەکداری هێزی بەرگری میللییەوە پشتیوانییان لێ دەکرا. لە ناوچە دوورەدەستەکانەوە هەتا دەگاتە بەغدا، خەڵکێکی زۆریان ڕەگەڵ کەوتبوو: ٦٠ دوکتۆر، ٤٥٠٠ مامۆستای قوتابخانە، ٥٠٠٠ پۆلیس و ژاندرمە، ١٦٠ ئەندازیار و ١٠٠ ئەفسەر. لەگەڵ ئەمەشدا شەڕ گەلێ قورس و ماڵوێرانکەر بوو، ورەی تێك شکاندبوون و لە هەمان کاتا هەستی تۆڵەئەستاندنەوەی توند و تیژی لە نەتەوەپەروەرانی کوردا گڕ دابوو. هەر لەرێوە پێشمەرگەکانی بارزانی تۆقین و بازرە بوون و لە ماوەی شەش مانگێکا ناوچەی وایان بۆ دوژمن چۆل کرد کە لە ١٩٦١ەوە بەرەو ئێرە دەسەلاتی دەوڵەتی تێدا نەمابوو. زۆر بەر لە بارینی بەفر، ناوچەی چالاکیی نەتەوەپەروەرانی کورد کەوتبووە جەغزێکی بەرتەسك کە پاڵی وە باکووری ڕۆژاوای خاکی ئێران دەدا. ئا لێرە تۆپخانەی دوورهاوێژ و مووشەکەکانی زەوی بۆ حەوای

ئێران پشتیوانی لێدەکردن. لە ڕاستیدا ئەوەندە سەر بە دەوڵەتی شا بوون کە دەوڵەت تەنانەت خورد و خۆراك و جگەرەی ئەمریکاییشی بۆ دابین دەکردن و وای لێهاتبوو کە ئیدی تۆو و دانەوێڵەی پێویستی خۆیان نەدەچاند. پاشان لە ٦ی مارسی ١٩٧٥دا شا لەپڕ یارمەتییەکانی خۆی بڕی. بارزانی قەت بە ڕاتڵەکانی ئەم ڕووداوە وە خۆ نەهاتەوە. وەها ئاڵۆزکاو و پەرێشان بوو کە فەرمانی شەڕوەستانی خۆیانی دا — تەمایەکی کە نەتەوەخوازیی کوردی لە بنج و بناوانەوە لەرزاند — ئەویش بە گوێرەی ئەم بەڵگەیە کە درێژەی شەڕ لەگەڵ ئێران و ئێراق سەری دەگاتەوە سەر قەڵاچۆ کرانی گەلەکەی.

وە هەر حاڵ پارتی دێموکراتی کوردستان ڕایگەیاند کە لە درێژەی شەڕا دوو هەزار پێشمەرگەی کوژراوە. کوژراوی کوردان، تەنانەت بە بێ حیسێب کردنی خەڵکی ئاسایی، ڕەنگە زۆر لەوە پتر بووبێ. یەکێك لەو نەتەوەپەروەرانەی ئەوێ دەمێ بیست ساڵانە بووە، زۆر دواتر بە هەڵوەراندنی فرمێسك باسی ئەم تەمایەی بارزانی دەکرد: "بارزانی بۆ ئێمە چەشنێ بوو لە خوا، ئەو ئێمەی بە دنیا ناساند و چما درێژەی بە خەبات دابا، یەکێك دەبوو وەك لێنین بۆ سۆڤیەتەکان و جۆرج واشینگتۆن بۆ ئەمریکاییەکان."

ئەم ڕاتڵەکانی بیر و زەینە تەواوی ئەم کوردانەی — لە هەر چین و توێژێك — کە دژی دوژمنان و سەرکوتکەرانیان یەکیان گرتبوو پرزەی وێخستن و لێکیبڵاو کردن. زۆربەی ئەو کوردانەی غەیبەتی بارزانییان دەکرد — بەتایبەتی لاوان — لێیان سوور بوو کە بارزانی وای بە باش زانیوە هەرەس بە شۆڕش بێنێ و ڕێبەرایەتی نەکەوێتە دەس کەسی تر. جارێکی تر نەتەوەپەروەرانی کورد تێکبەربوون. دە ساڵێك پتر پێچوو. هەتا توانیان ڕیزەکانی خۆیان ڕێکخەنەوە و دیسان دژی سەددام حوسێن بچنەوە مەیدانی خەبات.

جا بەڵام ژێنێراڵ بارزانی: بارزانی پاشماوەی تەمەنی نزم و نەوی لە تاراوگەی ئێران و ئەمریکا، واتە ئەم دوو وڵاتەی خەیانەتیان پێکردبوو، ڕابوارد. ئەو لەم ماوەیەدا هەل و دەرفەتێکی چاکی هەبوو هەتا نەك تەنیا بیر لە ئاقڵمەندانە نەبوونی ڕەت

کردنەوەی پێشنیاری سەددام بۆ دابەشینی کەرکووك بکاتەوە، بەڵکوو دەکرا نەفامانە بوونی بڕوا و متمانە بەم غەوارانەی وەها تەمایەکیان پێگرت، وەرداتەوە. وەها پاڵویدان و متمانەیەك باویکی لەمێژینە بوو, ڕەوتێکی دوور و درێژ کە دوای گەڕانەوەی لە تاراوگەی سۆڤیەت سەرەتا بە نابەدڵی و پاشان وەها بە سووك و سافیلکەیی وە شوێنی کەوتبوو کە ڕەخنەگران و وردبینان تەنانەت سەبارەت بە تێگەیشتوویی و هەستی لێكهەڵاواردن و بیروبڕوای نەتەوەخوازانەی کەوتبوونە شك و گومانانەوە.

بەشی ٦

کیسینجێر: چالاکی تەبلیغاتی لە نێو هۆزێکی چیانشیندا

فڕین لە مەسکەو و دابەزین لە تاران، لە ڕۆژی ٣٠ی مانگی مەی ١٩٧٢دا بۆ ڕێزدار ڕیچارد ئێم. نیکسۆن سوکنایی دڵ و ئۆخژنی بیر بوو. بە قەولی دوکتۆر هێنری کیسینجێر، ڕاوێژکاری تەناهی نەتەوەیی وی، "دەرباز بوون لە جەغزێکی تەنگی بێ جەمسەر." هەشت ڕۆژی لە کرێملین تێپەڕ کردبوو کە خۆی پێی دەگوت: "ئازار و ئەشکەنجەی خەستوخۆڵ." لەو ماوەیەدا نیکسۆن بە حەولودەولێکی زۆر کۆبوونەوە و کاری وتوویژی لەمەڕ پەیمانی ساڵتی ١ی سەبارەت بە چەکوچۆڵی ئیستراتیژیکی فرە خاپوورکەر ڕاپەڕاند. بەهارێکی پڕ وەڕەزی، بەڵام سەرکەوتووانە بوو کە کاردانەوەی بەرچاوی هێرشی هێزەکانی ویێتنامی باکووری بوو بۆ سەر ویێتنامی باشووری لە ماوەی ڕۆژانی جێژنی پاکدا و هەروەها وەستانی پەلامارەکەی لە ژێر تەوژمی بۆردومانی قورسی ئەمریکا و مینڕێژ کردنی بەندەرەکانی ویێتنامی باکووری لە لایەن ئەیالەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای لێکەوتەوە. تەماکانی نیکسۆن سەبارەت بە ویێتنامی باکووری چڕەوگوڕە و دمەقڕەیەکی زۆری بە شوێنەوە بوو، بەتایبەت بۆ یەکێتی سۆڤیەت – گەورە پشتیوانی ویێتنامی باکووری – ئەوەندەی سەرشۆڕی لە دوا

بوو کە سەفەری نیکسۆن بۆ یەکێتی سۆڤیەت هەتا سەعاتی ئاخریش بە تاڵەموویەکەوە بەندبوو. کە بێتە سەر پێکگرتنی مانەوە لە مەسکەو و لەنگەر خستنێکی بیستودوو سەعاتە لە تاران و باس لەسەر ئەم ڕوانگانەی نێوەنێوە کیسینجێر سەبارەت بە سیاسەت بە

گشتی لەتەك محەممەد ڕەزاشادا دەیهێنانە گۆڕ و چێژی لێوەردەگرتن, دیداری تاران بۆ ئەمریکاییەکان شتێکی ئازاد و دوورە بەند و بەسترانەوە بوو. بەڵام بۆ شا وەها نەبوو. ئەو ئەم دیدارەی بە خورد بوونەوە لە ملانەیەکی گەورەی نیزامیی ڕێك خستبوو کە جێی خۆی بوو لە سەر وردەکارییەکانی قسە و باس بێنەگۆڕ. دوو خولی وتووێژان – زیافەتێکی گەورەی شەو و نێوەڕۆژەمێکی ساکاریشی لەسەر بێ – چاك بەڕێوە چوو. نیکسۆن و شا هەرتك دەیانزانی چیان دەوێ و خواستەکانیان یەکتری دەگرتەوە: نیکسۆن تەمای وابوو کە ئەیالەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە شەڕی هیندوچین دەرباز کا و دەیویست پشتیوانی لەم دەسەڵاتانەی ناوچەی ئاسیا بکا کە دەتوانن لە بەرامبەر کومۆنیزمدا پارێزگاری لە خۆیان – و واشینگتۆن – بکەن، بەڵام بە بێ هەنتەشی نیزامیی ئەمریکا لە ناوچەدا.

ئەوەی زۆر دواتر بە ڕەوشتی نیکسۆن ناودێر کرا، تەواو ئەو شتە بوو کە لەگەڵ حاڵوباڵی شا دەهاتەوە. ئێستا کە بریتانیای گەورە لەبەر کەم کردنەوەی خەرجوبەرجان هەنتەشی مێژوویی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی سۆئێز کۆتایی پێهێنابوو، ئێران خۆی بە دەسەڵاتێکی فامیدە و لێوەشاوە دەزانی بۆ ئەوەی ئەم بۆشایی هێز و دەسەڵاتە پڕکاتەوە و هێوری و ئارامی کەنداوی فارس کە دووبەش لە سێبەشی بەرێکردنی نەوتی جیهان بە وێدابوو, دابین بکا. بێگومان ئەسپاردنی وەها ئەرکێك بە ئێران, عەرەبستانی سعوودی کە گەورەترین بەرهەمهێنەری نەوتی ناوچەی کەنداو بوو و هەروەها ئێراقیش کە وڵاتێکی خۆ بە زلزانی بنیاتخواز و خاوەنی دووهەمین سەرچاوەی نەوتی ناوچە بوو و خۆشی بە جڵەوکێشی وێندەرێ دەزانی، تووڕە و پەرێش دەکرد. "هەرچی شا دەیەوێ وێی دەن." لە وتارێکا هەر بەم سەردێڕەوە کە لە گۆڤاری "هارپێر"دا چاپ کرابوو، پێشبینی دەکرد کە ئەم هەڵوێستە بە مانای تەیار کردنی شایە بەم ئامرازانەی دەوڵەتانی پێشووی ئەمریکا خۆیان لێ کلا کردبوو: دەس ئاوەڵا بوون بۆ کڕینی ئامراز و چەكوچۆڵی پێشکەوتە و زانستیی پسپۆڕیی ئەمریکا. نرخی نەوتی خاو کە لەمێژبوو دابەزیبوو، ئێستا ڕووی لە هەستانەوە بوو و شا بۆ دامرکاندنی مەیل و تاسەی نیزامیی خۆی پووڵی تەواوی بە دەستەوە بوو.

كاتێك ئەمیر ئەرسەلان ئەفشار، گەورە باڵوێزی ئێران لە واشینگتۆن لە شای پرسی كە داخوا ڕێزدار نیكسۆن لە وەختی دیدارەكەی تارانیدا وڵامی خواستەكانی داوەتەوە یان نا، شا وتی: "بەڵێ، زۆرتر لەوەی من دەمەویست، پتر لەوەی چاوەڕوانیم دەكرد." لە ڕاستیدا ئەم دیدارە بە ناچار بۆ شا و مەلامستەفا بارزانی وێنەی ئەو حیكایەتەیە كە مەترسی دوعا و پاڕانەوە گیرابووەكان دەخاتەوە بیر: نیكسۆن بێ ئەوەی خۆی بزانێ بەستێنی شڵەژانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ڕووخانی حكوومەتی شای خۆش كرد. بە جووڵاندنەوە و دنە دانی لا و لایەنی خۆبەزل زانانە و زۆردارانەی كەسایەتی شا و ئیشتیای تێرنەخۆرەی بۆ وە دەس هێنانی چەك وچۆڵی نیزامیی ئەمریكا, پاڵی پێوە نا هەتا ئابووری ئێران بەرەو خاشەبڕ كردن بەرێ و هورمی سست و لاواز كا و بەم شێوەیە ڕێگا بۆ شۆڕشی ئیسلامی ئایەتوڵڵا ڕووحوڵڵا خومەینی لە پێنج شەش ساڵی دوایىدا تەخت بكا.

سەركۆمار بێ ئەوەی بە وردی بیر لە ئاكام و داهاتووی شیمانەیی ئەم كارە بكاتەوە, لێبڕا هەرچۆنێك دەبێ و دەكرێ شا پتر ڕازی بكا. نیكسۆن ڕزامەندی دەربڕی كە بەشێكی كەم لە خەرج وبەرجی درێژەی شەڕی بارزانی لەگەڵ دەوڵەتی ئێراق دابین بكا. ئەم تەمما سەیرە كە بە مانای دەس هەڵگرتن لە هەڵوێست و سیاسەتێك بوو كە ئەمریكا لەمێژ بوو بە توندی كەوتبووە شوێنی, كوردانی مەحكووم بە یەكێك لە مسۆگەرترین شكستەكانی مێژووی خەباتی خۆیان كرد و كۆتایی بە ڕۆژگارانی دەسەڵاتی بارزانی بەسەر جووڵانەوەی نەتەوایەتی كوردا هێنا.

یەكەم كەسێكی كە لە "میكانیسم"ی ئەم دوو كارەساتە حاڵی بوو، جۆرج دابلیوو. باڵ، یاریدەدەری پێشووی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریكا بوو. كۆشكی سپی لە تێكۆشانێكی یازدە سەعاتە و سەرنەكەوتوودا، لە ساڵی ١٩٧٨بانگی هێشتەوە هەتا بە جۆرێك شا لەم گێرە و كێشەی كە ئاكامی نەفامییەكانی خۆی بوون ڕزگار بكا. "باڵ" لە یەكێك لە ڕاپۆرتەكانیدا نووسی: "هەر ئەو دەمەی شامان بە ناوی پارێزەری بەرژەوندی و قازانجی خۆمان لە كەنداوی فارسا قبووڵ كرد سەرمان وێ هێنا ...

وامان نواند کە دەتگوت هێزێکی هاوشانی ئەمریکایە." لە ڕاستیدا "ڕادەی شوێنی ئەم هاوپەیمانە لەسەر سیاسەتی ئەمریکا وەها بوو کە شا زەحمەتی وەبەر خۆی نەنا شەریکی ئەمریکایی گچکەتری ئاگادار کاتەوە کە کۆتایی بەرنامە نیزیکە." ئەمە ڕستەیەك بوو کە کومیتەی هەڵبژێراوی مەجلیسی پیرانی ئەمریکا, بە سەرۆکایەتی سەناتۆری دێموکرات، ئووتیس جی. پایك، لە نیۆیۆرك، لە ساڵی ١٩٧٥دا لە کاتی پێداچوونەوە بە بەڵگەنامە نەهێنییەکانی سەبارەت بە چالاکی پێدزکانەی "سیا" دەکاری هێنا. ئەم کومیتەی توێژینەوەیە پاش گەڕیانی واترگێت پێکهات کە لە ئووتی ١٩٧٤دا نیکسۆنی ناچار کرد دەس لە کار وەکێشێ.

ڕاپۆرتی نەهێنی کومیتەی پایك بە دوور و درێژی باسی چالاکی پێدزکانەی "سیا"ی لە ئانگۆلاوە بگرە هەتا کوردستان دەخستە ڕوو. ئەم ڕاپۆرتە کە لە ساڵی ١٩٧٦دا سەری لە ڕۆژنامە و گۆڤاراندا قوت کردەوە دەریدەخا کە شا چلۆن بە پێی بۆرەبەڵێنی و ڕەزامەندی ئەمریکا, لە پێشدا بارزانی بۆ هەڵگیرساندنەوەی شەڕ و شووڕ دنە دا و پاشان هەر کە لە ساڵی ١٩٧٥دا خواستەکانی دابین بوون – بێ ئەوەی بە قەت سەرەموویەك واشینگتۆن ئاگادار کاتەوە – لەپڕ کوردانی خۆڕایی کرد و بۆ تۆڵەی بەغدای بەجێ هێشتن. ڕاپۆرتەکە دەیگوت کە کوردان بۆ تاران و واشینگتۆن ئەشتەك نەبوون جگە لە "پەتەی کایە". "گۆپاڵ و ئامرازێکی یەگجار باش بوون کە بۆ لاواز کردنی دەسەڵاتی ئێراق و بەرگری لە تەنینەوەی فیتنە و ئاژاوەگێڕی ئەم وڵاتە کەلکیان لێوەرگیراوە." ئەم ڕاپۆرتە سەرەڕای ڕاتلەکان و سەرسوڕمانێکی کە بە ئاشکرا کردن و لە هەرادانی بەدی هێنا، بە ناخی سەمەدە جیا جیاکان و زۆرتر دژاودژ و بۆندژی و لێکدانەوە چەواشەکانا ڕۆنەدەچوو, کە ئەم تێکەڵییەی لەگەڵ کوردان بە شێوەی کتێبێکی سەرلەبەر خەیانەت و غەدر و فریو دەخستە ڕوو.

ئەم تەما بنەڕەتییانەی کە نیکسۆن لە وەختی دیدارەکەی تارانا گرتی، لەگەڵ سیاسەتی ئەمریکا یەکتری نەدەخوێندەوە کە پەیتاپەیتا دووپات دەکراوە و داکۆکی دەکرد کە نابێ بەرزەفڕی نیزامیی و ژێئۆپۆلۆتیکی شا گەشە و پەرەیان پێبدرێ. شا لە هەڵگێڕانەوەی دژایەتی ئەیالەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ یارمەتی دانی بارزانی بە

دژی دەوڵەتی ئێراقیش سەرکەوتوو بوو. لە هیچ شوێنێکی ڕاپۆرتی چلوسێ لاپەڕەیی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکادا کە هەڵگری گەلێ خاڵی گرینگ لە بابەت وتوویژ و بەڵێنەکانی نیکسۆن بوو لە مەودای دیدارەکەی تاراندا، ئاماژەیەکی سەبارەت بە یارمەتی بارزانی تێدا نەبوو. (زۆر وێدەچێ کیسینجێر لەم بابەتەوە هیچ ئاگادارییەکی نەدابێتە "ویلیام ڕاجرز"، وزیری دەرەوەی ئەمریکا، چونکە یەکبین لە پای سەری دەدا و ئاخرییەکی ساڵێك دواتر جێگاکەی گرتەوە.) کیسینجێر بە گوێرەی شێوەی نەهێنیکاری باوی خۆی قەت نەیگوت کە ڕاست کەنگێ کەوتە سەر ئەم بیرە کە دەبێ ئەمریکا پشتگیری کوردان بکا. داوید کیمچە، لە کاربەدەستانی باڵای دەزگای پاراستنی ئیسرائیل، بە شێوەیەکی لێڵ و تەماوی دەنووسێ کە کیسینجێر بەر لەوەی – سەرەڕای ناڕەزامەندی وەزارەتی دەرەوە – بێتە سەر بڕوای ئێمە (ئێران و ئیسرائیل) بۆ دنە و یارمەتی دانی بارزانی، بێبڕانەوە لە ڕەوتی هەوڵ و تێکۆشانەکانمان ئاگادار دەکراوە. بە پێی بەڵگەنامە ڕەسمییەکان شا لە نیکسۆن و کیسینجێری ویستووە لە بارزانی ڕابسپێرن و ئەوانیش وەهایان کرد. ڕەوتەکە ئاوا ساکار دەکەوتە گەڕ. گۆڕینی هەڵوێست بە ڕادەیەك گشتیی بوو کە کیسینجێر ئەم چالاکییەی لە پەردەیەکی نەهێنیکارییەوە پێچا و تەنانەت وەزارەتی دەرەوەشی ئاگادار نەکردەوە. لە ماوەی سێ ساڵاندا وەزارەتی دەرەوە و "سیا" بە دژی ناردنی یارمەتی نەهێنیی بۆ کوردان بە پێی داخوازی ئیسرائیل و ئێران ڕایان دەربڕیبوو. (لە ڕاستیدا سێ مانگ بەر لە دیداری تاران خودی کیسینجێر بە هاودەنگی وەزارەتی دەرەوە لەسەر بەڕێوەچوونی وەها گەڵاڵەیەك ناڕەزامەندی دەربڕیبوو.) بارزانی لە نوامبری ١٩٧١دا توانیبووی پێوەندی بکا لەگەڵ تامس کارۆلان, کاربەدەستی باڵای بەشی سیاسی باڵوێزخانەی ئەمریکا لە بەیرووت، بەڵام واشینگتۆن پێداگری کردبوو کە کارۆلان تەنیا گوێ بداتە قسەی کوردان و وریایان نەکاتەوە, چ بگا بە دانی بەڵێنی یارمەتی. پەیوەندی بەیرووت هەروا مایەوە و پاش پێکهاتنی تاران ئیتر تەواو لە برەو کەوت. گۆڕانی هەڵوێستی نیکسۆن هەتا ڕادەیەك پەردەی نەهێنی بەسەر کێشرا کە لە ئووتی ١٩٧٢دا ڕیچارد هێلمز,

سەرۆکی سیا، دەستووری دا بە ئارتور کالاهان، بەرپرسی "سیا" لە تاران کە لەم بابەتەوە هیچ شتێك بە جۆزێف فارلەند، بالۆیزی ئەمریکا لە ئێران، نەڵێ. ئەم کردەیەی هێلمز کارێکی دروست بوو، چونکە "ڕاجرز" وەزیری دەرەوە بۆ ئەم کارە ئاگادار نەکرابۆوە.

بناغەی ئەم هەڵوێستە نوێیەی ئەمریکا وەرگرتن و ناسینی دەوڵەتی ئێراق وەك وڵاتێکی "دەسکرد" بوو: بریتانیا پاش شەڕی یەکەمی جیهانی بە پێی بەرژەوەندی کێشەی نەوت، پارێزگای زۆربە کوردنشینی موسڵی خستبووە سەر بەشی عەرەبنشین و پڕجەماوەرتری باشوور و وڵاتی ناوبراوی بەدی هێنابوو. ئەیالەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە دەسپێکەوە ئەم وڵاتە نوێسازەی دەسی بریتانیای بە ڕەسمی نەناسیبوو و تەنیا زەمانێك ڕەزامەندی دەربڕی کە بە دە ساڵ دواتر شەریکە نەوتییەکانی ئەمریکای لە ناوچە نەوتییەکانی کەرکووك بەشدار کرد. لەوە بە دوا ڕێز دانان بۆ سنوورە ناسراوەکانی نێونەتەوەیی کەوتە ناوەندی بازنەی ئەم ڕێوشوێنەی کە ئەیالەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ پشتیوانی لە سەربەخۆیی و دەسەڵاتدارێتی و پاراستنی تەواوێتی خاکی وڵاتان کردبوویە ڕەوت و ڕێباز. ئەم کارە بۆ کوردی تەواوی وڵاتان بەم مانایە بوو کە هەر شتێکی وا بۆنی خودموختاری لێوە بێ، لە ڕوانگەی واشینگتۆنەوە گومان لێکراوە. واشینگتۆن بێپسانەوە لە بەرامبەر کوردانا پشتیوانی لە ئێران و ئێراق دەکرد و تێکۆشانی بێوچانی ئەوانی لە بۆ تواندنەوەی کوردانی نەدێنایە بەرچاوانی. (کاغەزبازی وەزارەتی دەرەوەش یارمەتی ئەم ڕەوتەی دەدا: بۆ وێنە وەزارەتی دەرەوە قەت هەڵوێستێکی وای نەگرت کە هەموو کوردان بگرێتەوە یا ئەوان بە ناوی تاقمێکی قەومی یان جەماوەرێکی بەرچاو بێنێتە ژمار. وەزارەتی دەرەوی ئەمریکا و تەواوی وڵاتانی ڕۆژاوایی تورکیایان بە بەشێك لە ئورووپا و ئێران و ئێراقیان بە بەشێك لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست دەزانی و کوردانی ئەم وڵاتانەیان وەك خەڵکێکی پێخوستی زۆرەملی، بەڵام جاری واش چەشنی کۆسپی سەرەڕێ دێنایە بەرچاو.)

ئەمەی کە نیکسۆن بەر لە پاشگەز بوونەوە لەم هەڵوێست و سیاسەتە کۆنباوە هەتا کوێ بەم ڕەوتەی زانیوە، هێشتاش ڕوون نیە. وتەکانی کیمچە دەیسەلمێنێ کە بەر لە

دیداری مانگی مەی ١٩٧٢ی تاران زۆریان بیر لە ئاکامی ئەم ڕەوتە کردۆتەوە. هەتا ئێستا بەڵگەیەك لەمەڕ وتوویژەکانی سەرۆك نیکسۆن و شا بڵاو نەکراوەتەوە. ئەوەی نیکسۆن و کیسینجێر دەربارەی کوردان دەیانزانی – ئەگەر زانیبێتیان – یا باشتر بڵێم، پێیان‌خۆش بوو بیزانن، هێشتاش جێی باس و لێپرسینەوەیە. بیست ساڵ دواتر، کیسینجێر لە وتەیەکدا کە دەکرا بیخەیە سەر حیسێبی خەفەت خواردن یان دان هێنان بە پارێزڕانەگرتنی ڕابردووە، پێی لێ نا: "ئەشتەکی ئەوتۆمان سەبارەت بە کوردان نەدەزانی ... لامان وابوو جۆرە هۆزێکی چیانشینن." بەڵام بە گوێری وتەی هێلمز کە پاش ئەوەی نیکسۆن لە سەرۆکایەتی "سیا"ی لا دا و بوو بە گەورە باڵوێزی ئەمریکا لە تاران، ئەم نرخاندنە دوورە لە حەقیقەت. هێلمز دەڵێ: "لە پیت و بەرەکەتی هەبوونی "کالاهان"ەوە، سەرۆکی بەشی "سیا" لە تاران، کە یەکێك لە کارناسانی کاروباری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بوو، زانیارییەکی زۆرمان لەمەڕ کوردانەوە هەبوو." کەترەخەمی سەرکۆمار سەبارەت بە کەلك وەرگرتن لە ڕاپۆرتەکانی دەزگای زانیارییەوە، گیروگرفتێکی کۆنی ئەم پلە و پایەیە، بەڵام سەرەڕای ئەمەش هێلمز لای وابوو کە خاڵی سەرەکی دەگەڕایەوە سەر ئەمەی کە "سەرکۆمار و کیسینجێر ئامانجیان ڕازی کردنی شا بوو و زۆریان بیر لەم پرسە نەدەکردەوە." لە ڕوانگەی مووریس درپیێر – ئەم کارەبەدەستەی ئەوان سەردەمان وە پێوشوێنی کاروباری ئێراق دەکەوت – "کوردان لە بۆ هێنری [کیسینجێر]، بەشێك بوون لە مامەڵەی چەك و چۆڵ."

سێ ڕووداو چەند سەرەداوێك بۆ حاڵی بوون لەم گۆڕانی هەڵوێستەی ئەمریکا وە دەس دەدەن. یەکەمیان ڕێککەوتننامەی ١١ی مارسی ١٩٧٠ی بارزانی و سەددام حوسێن کە بۆ یەکەم جار لە مێژووی هاوچەرخا خودموختاری دا بە کوردان و کۆتایی بە ٩ ساڵ شەڕی تەك‌ولۆ هێنا. ئەمە مەبەستێك بوو کە شای تەواو تووڕە کرد. ئەو لەمێژ بوو بە مەبەستی لاواز کردنی ئێراق یارمەتی بارزانی دەدا، بەڵام ئێستا پشتیوانی

لە گۆدەتایەکی نابەجێ دەکرد کە بە کارەسات بڕایەوە.[١] هەڵبەت لـەم گەڕیانـەدا بـە ڕەســمی پرس و ڕاوێژی پێنەکرابوو، بەڵام واش نیە کە بڵێـی ڕووداوێکـی لـەنـەکاو و ناخافڵ بوو، چونکە تەنانەت بەر لە ئیمزای ئـەم قەراروبڕییــەش، شـا بــە "ئەســەدوڵڵا عەلـەم"، وەزیری دەرباری گوتبوو کە دەترسێ "ئێراق هێزەکانی بێنێ و لەسەر سنووری ئێران دایانــمەزرێنێ."

ئاشکرایە کە شا بە دنەدانی بارزانی بۆ دەس پێکردنەوەی شەڕ بە مەبەستی وە دەس هێنانی خودموختارییەکی پتەو و سەقامگیر، ئاواتی لـەم چەشنە و تەمای مەترسیداری لە نێو کوردانی ئێران و تورکیادا دەگەشاندەوە. ئـەو پـەردەی لـە ڕووی ئـەم دژاودژییـە دەگێڕا و دەیگوت بە یارمەتیدانی بارزانی کوردەکـانی خـۆی ڕازی ڕادەگـرێ و ئـەم کارە هێوریان دەکاتەوە. لە ڕاستیدا شا دەقودۆغر دەیویست سەرێشەیەك بـۆ وڵاتـی ئێراقی ڕقەبەری ساز بکا و کوردان ئەوێندەرێ مۆرەی کایـەی جـەغزی ئـەم ئامانــجە بوون. شا ڕاستەوڕاست دەیەویست کە کوردانی ئێراق لاواز بکەن و کوردانیش پتر بە فیتی نیکسۆن و کیسینجێر، لە مارسی ١٩٧٤دا وایان کرد.

ئیسڕائیلیش لـەم خواستەدا شەریکی شـا بـوو و هــەوڵی دەدا بـە شـێوەیەك ئێـراق نەپرژێتە سەر گێرە و کێشەی عەرەب و ئیسڕائیل. بەڵام شا ئەمەشی دەزانی کە بارزانی وەك کۆنە ئاشنایەك، بڕوای بە ئێران نیە. هەر نەبێ شای ئێـران کۆمـاری کـەم تەمــەنی "مەهاباد"ی کە بارزانی پارێزگاری لـــێدەکرد ڕووخانـدبوو و لــە مـەودای ڕێپێوانـە

١- کەیـخودای ئەم مامەڵەیە یەکێتی سۆڤیەت بوو کە لــە ئۆکتـۆبری ١٩٦٩دا, دارا تۆفیـق کـە یـەکێك لـە کوردانی مارکسیست بوو لە پراگەوە ناردیە لای بارزانی و ڕایـسپارد کـە لـەگـەڵ بەغـدا بکەوێتـە وتوویـژ. بارزانی لـەڕێوە مەبەستەکەی گەیاندە ژێنێڕاڵ نەسیری، سـەرۆکی "سـاواك"ی ئێـران و نەسـیری چـوو بـۆ لای. بارزانی پێیگوت چما شا یارمەتییەکی کەمیشی پێ بکا، ئەو ئەم پێشنیارە ڕەت دەکاتەوە. ئێران بەڵێنی دا، بەڵام یارمەتی نەکرد. لەم بەینەشدا، شا بە بێ ئاگاداری کوردان، پشتیوانی لە گۆدەتایەك دەکرد کە وا خەریك بـوو حکوومەتی بەغدا بڕووخێنێ. پیاوەکان و سیخوڕانی حوکمات خزانە ڕیزی گودەتاچییەکان و کارەساتێك قەوما: لە ٢٠ی ژانویەی ١٩٧٠دا نیزیکەی حەفتا کەس لە ئەفـسەرانی سـپای ئێـراق گـیران و لــە دار دران. ئـەوە وەختایەك بوو کە وتووێژی سەبارەت بە خودموختاری بە شێوەیەکی گەرم دەستی پێکرد.

حیماسییەکەیدا بە ئێران و ئێراق و تورکیادا بۆ سۆڤیەت، گەلێکی گرێ و کۆسپ وەبەر پێی هێنابوو. شا کە ئاگاداری هەورمی کوێرانەی بارزانی سەبارەت بە ئەیالەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا بوو، هیوادار بوو بە ڕاکێشانی ئەمریکا بۆ پشتیوانی کردنی شۆڕشی کوردان، دردۆنگی بارزانی سەبارەت بە ئامانجەکانی ئێران بەرێتەوە پاش. بەڵام بارزانی خۆی داوی بۆ خۆی نایەوە: تەنگی بە شا و ئیسرائیل هەڵچنی کە ڕێیەکی وا وەدۆزن کوردان دەستیان بگاتە دامێنی کاربەدەستانی ئەمریکا. سەرەڕای ڕەت کردنەوەی لێکدالێکدای ئەم داخوازە، شا قەت شوێنی ئەم مەبەستەی بەرنەدا.

هەر لە سەرەتای ساڵی ١٩٤٦ەوە پشتیوانی ئەمریکا لە شا بەری پەرەگرتنی ڕووسانی لە ئاسیای ناوەندیدا گرتبوو و یارمەتی شای دابوو کە حوکم و دەسەڵاتی بگێڕێتەوە ئازەربایجان و کوردستان. ئێستا دیسانەوە جارێکی تر شەڕی سارد وە فریای شا کەوت. دووهەمین ڕووداوی گرینگ کە بوو بە هۆی گۆڕانی سیاسەت و هەڵوێستی ئەمریکا, بەستنی پەیمانی پازدە ساڵەی دۆستایەتی و هاوکاری ئێراق و یەکێتی سۆڤیەت بوو کە لە ڕێکەوتی ٩ی ئاوریلی ١٩٧٢دا مۆر کرا. جا ئێستا لەپڕ شا توانی "جگە زەردی گەورەهێز" بێنێتە کایەوە, بەتایبەت کە یەکێتی سۆڤیەت پەیمانی لەم چەشنەی لەگەڵ میسر و سووریاش بەستبوو. واشینگتۆن کە دڵپەرۆشی ئەمە بوو ڕەنگە یەکێتی سۆڤیەت زەخت بخاتە سەر وڵاتانی کەم جەماوەری عەرەبستانی سعوودی و میرنشینە پڕنەوت و بێدەسەڵاتەکانی کەنداوی فارس، وای بە بەرژەوەند زانی کە گوێی بۆ بەڵگە و بۆنەکانی شا کلۆر کا و لە بەستێنی شەڕی ساردا هاوهەنگاو بێ.

ڕۆژی دوای گەڕانەوەی نیکسۆن لە تارانەوە، شا بە "عەلەم"ی گوت کە: " کیسینجێر لای وایە کە ڕووسان لە دۆستایەتی لەگەڵ ئێراقا زۆر چوونە پێش." هەروەها درێژەی دا: "دەبێ کارێك بکەین و بەری ئەم داڕزانە بگرین." خودی کیسینجێر چەند ساڵ دواتر گوتی: "ئیستراتیژی زۆر ڕوونی ئێمە لاواز کردنی تەواوی وڵاتانی سەر بە یەکێتی سۆڤیەت بوو. چون ئەوکات سۆڤیەتەکان پێوەندی لەشکرییان

لەگەڵ ئێراق داگیرساند, ئێمەش لە بابەت یارمەتیدانی كوردانەوە ڕووی خۆشمان نواند."

ئەمە ڕاست هەر ئەو شتە بوو كە شا دەیەویست. ئەو یارمەتییە نهێنییەی كە لە ماوەی دە ساڵاندا لە ڕێی مووسادەوە (دەزگای زانیاری ئیسرائیل) دابوویە بارزانی، هانی بەستنی پەیمانی دۆستایەتی ئێراق و سۆڤیەتی دا. (لەم هەلومەرجەدا خاتوو گوڵدامایەر، سەرەكوەزیری ئیسرائیلیش كە بە گوێرەی هۆكار و هەڵوێستی تایبەتی خۆی زۆر توند لایەنگری یارمەتیدانی بارزانی بوو، لە ماوەدای یەكێك لە گەشتەكانیدا، نەناسیاوانە ڕووی كردە تاران و لەم بگرە بەردەدا چاوی بە شا كەوت، هەڵبەت ئەم سەفەرە هەروا لەخۆوە و بە هەڵكەوت نەبوو. مەسكەویش بە پێچەوانەی پێشوو لەناكاو پشتگیری خۆی بۆ خودموختاری كوردان كە تا ئەوكات بە ئاشكرا دەریدەبڕی, ڕاگرت. شا لەم مەبەستەش بە شێوەی ناڕاستەوخۆ كەلكی وەرگرتبوو.) بەڵام ئێستا شا دڵپەرۆشی شوێنكەوتەكانی پەیمانی بەغدا بوو: وێكچوونی زۆری نێوان ئەم پەیمانە و شوێنی ئەیالەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا لە ئێران و سەرقاڵ بوون و دامەزرانی هەزاران ڕاوێژكار و كارزانی ئەمریكایی لە وڵاتا دەهاتە بەرچاو و ئێستا لێی ڕوون بوو كە تاقمێكی گەورەی ڕاوێژكاران و ڕێخۆشكەرانی سۆڤیەت دەرژانە وڵاتی دراوسێی.

لە ماوەی شەڕی ساردا، قەت لەوە بۆ ئیسرائیل خۆشتر نەدەبوو كە دوو كەڵەهێز دە بەریەك ڕادەچوون. بە لای نیكسۆن و كیسینجێرەوە هاوهەنگاوی لەگەڵ شا بەم مانایە بوو كە "بیردۆزیی نیكسۆن" دەتوانێ لەم ناوچە نەحەجمیوەی كەندوا وە ڕاست بگەڕێ و سەرەڕای ئەمەش بایی چەندین میلیارد دۆلار چەكوچۆڵ بە ئێران دەفرۆشرا. ئەوەندە خەرجوبەرجەی لە ماوەی ساڵانی ١٩٧٢-١٩٧٥ ئەمریكا وەك یارمەتی دایە كوردان تەنیا ١٦ میلیۆن دۆلار بوو، كە ئەویش بەشی زۆری ئەو چەكانەی پێ كرد‌را بوو كە ئیسرائیل لە شەڕی شەش ڕۆژەی ١٩٦٧دا لە عەرەبانی بە خەنیمەت گرتبوو. یارمەتی مانگانە بۆ كوردان لە ڕێی ساواكەوە دەدرا؛ ساواك درانی یارمەتی بە بارزانی

وەها بە وردی دەخستە ژێر چاوەدێری کە تەنانەت مووچـەی پێـشمەرگانی بـە پـووڵی ئێرانی دابین دەکرد.

ڕێبەرانی کوردی ئێراق، ژێنێراڵ نیعمەتوڵڵا نەسیری، سـەرۆکی سـاواك و تـەواوی ئەفسەرانی باڵادەست و چنۆکی ئێرانیان تاوانبار دەکرد کە بەشێك لەم یارمەتییانـەی وا بە ڕێی ئێراندا بۆیان تەرخان کراوە، لێیان پاش قول دەدەن.[1] بەلام هەرچی بێ یارمـەتی ئەمریکا بۆ شۆڕشـی کـوردان شـتێکی بەرچـاو نـەبوو؛ لـە ڕاسـتیدا ئەمانـە لەگـەڵ بەڵێنەکانی شا – پووڵ، خورد و خۆراك و کەلوپـەلی تیپـە چـەکدارەکان – یـەکتریان نەدەخوێندە و هەر وەبەر چـاویش نـەدەهاتن. بـەلام لـە بـۆ بـەهێز کردنـی خـەیالاتی خەساربار و زۆر مەترسیداری بارزانی – یانی دەسـتەبەر بـوونی ئـەمریکایییان لـە بـۆ یارمەتی کوردان – لەوپەڕی گرینگی دابوو.

ڕووداوێکی گرینگی تر ڕۆژایەك قەوما کە نیکسۆن و کیسینجێر لە تارانەوە بەرەو واشینگتۆن گەڕانەوە: ئەو ڕۆژە ئێراق "شەریکەی نەوتی ئێراق"ی کە لـەمێـژ بـوو هـی شەریکە نەوتییەکانی بریتانیا و هولـەند و فەڕانسە و ئەیالـەتە یـەکگرتووەکانی ئـەمریکا بوو، میللی کرد. ئەمە ڕووداوێکی گرینگ بوو و لەم سالانەدا کە پیتەکانی سـەرەتای ڕێکخراوی ولاتانی فرۆشەری نەوت (ئۆپێك) لـە سەرانسەری دنیادا ناوێکی ئاشـنا بـوو و لـەوان سالاندا ولاتانی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست سەرپەرستێتی ڕۆژاوایان تـووڕ هەڵـدا, وەرچەرخانێکی بایـخدار بوو. میللـی کرانـی "شـەریکەی نـەوتی ئێـراق" بـۆ ئێـران و بارزانی و ئەیالـەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا خۆی بۆنە و بەڵگەیەکی تـر بـوو هـەتا بـە گوێرەی ئەو "مامەڵە"ی خۆیان بە ڕاست بنـوێنن, چـونکە هـەر کـام لـەوان بەڵگـە و

---

[1]– گلە و گازندەی کوردان لە "دەس‌پیسی" ئێرانییان گلە و گازندەیـەکی نـەبڕاوە بـوو. ئـەم گلەییيانـە لـە بەهاری ١٩٩١یش دا نوێ کرانـەوە: ڕێبـەرانی پێـشمەرگان باڵادەسـتانی ئێرانیـان بەمـە تاوانبـار دەکـرد کـە خواردەمەنی و پەتوو و پۆشەمەنی و تەواوی کەلوپەلی بە دیاری نێردراوی ڕێکخراوە نێونەتەوەیییەکان بۆخۆیان گل دەدەنەوە و هی کۆن و کۆنەونوێیان لە جێی دادەنێنەوە و (وێیان دەدەن).

بۆنەی سەبارەت بە ترس ڕێنیشتنیان لە ڕەنگدانەوە و شوێن‌کەوتەکانی کارتێکردنی سۆڤیەت لەم وڵاتە پڕ نەوتەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست هەبوو.

لەگەڵ ئەمەشدا ئەم هەڵوێستە نوێیە بە ڕادەیەك دمەتەقە هەڵگیرسێن بوو کە دژبەرانی نێو دەزگای دەوڵەت – زۆر وێدەچێ لە وەزارەتی دەرەوەڕا – خێرا مەبەستی یارمەتی ئەمریکایان گەیاندە لاپەڕەی بلاڤۆکان. (ئەم کارە نەیتوانی ڕێ لەمە بگرێ کە وەزارەتی دەرەوە بوونی هەر چەشنە پەیوەندییەك لەتەك کوردانا لەبەر چاوی دیپلۆماتە سەرلێشێواو و شەمزاوەکانیدا وە درۆ بخاتەوە. بۆ وێنە، واشینگتۆن، تامس کارۆلان، گەورە کاربەدەستی باڵوێزخانەی لە بەیرووت تەواو گێژ کردبوو، چونکە سەرچاوە ئاگادارەکانی لێکدالێکدا بەڵگە و بۆنەی سەبارەت بە تێوەگلانی "سیا"یان لە پەیوەندی لەتەك کوردان لە تاران لە بۆ دەنارد و ئاگاداریان دەکردەوە.) ئۆگریی نیکسۆن سەبارەت بە نهێنکاری تا ڕادەیەك بوو کە هەر بۆ ئەوەی شا دڵنیا کاتەوە کە وا هەموو کارەکان کەوتوونە سەر خولی خۆیان، "جان بی کانالی"، وەزیری خەزێنەداریی بە دزی ناردە تاران. ئەم دیدارەی نێوان شا و کانالی لە مانگی ژوەندا، بە واتای "ڕاپۆرتی کومیتەی پایك" دیداری "دوو کەسایەتی کاروباری نەوتی بوو پێکەوە. تەنیا پاش گەڕانەوەی کانالی بۆ ئەمریکا بوو کە "کومیتەی چل" – ئەویش تەنانەت بە گوێرەی ڕێوشوێنی شلی خودی کومیتەکە – بە شێوەیەکی سەرسەری چەند ڕاسپاردەیەکیان ڕاسپارد. ئەم "کومیتەی چل"ە تاقمێك بوون کە چاوەدێرییان بەسەر چالاکی کۆکردنەوەی باس و خواسی نەهێنیدا دەکرد. لەم کومیتەدا دمەتەقەیەکی ئەوتۆ ڕووی نەدا, جا چ بگا بە دەنگ وەرگرتن. ئەم یادداشتەی وا باو بوو کە لە سێ لاپەڕاندا دەنووسرا و بە کورتی باسی چۆنیەتی وێك‌کەوتنەوەی سەروبەری کارەکانی دەکرد, نەدرایە ئەندامان. لە جیاتیان، هەروەك ڕاپۆرتی "پایك" باسی دەکرد، پێیان گوتن کە وەرگیرانی "کورتەی ڕاوەی چالاکی" کە بەندێك زیاتر نەبوو، ڕابگەیەنن. تەنیا پاشی چوار ساڵی دواتر بوو کە ڕاسپێراوانی لێکۆڵینەوەی کۆنگرە لە گەڕیانی توێژینەوەدا یادداشتێکی "تەواو نەهێنییان" بە ئیمزای کیسینجێرەوە دۆزیوە.

بارزانی هەر لە سەرەتاوە دەیویست بۆ ڕوون کردنەوەی وردەکارییەکانی ئیشەکە بچێتە واشینگتۆن. ئەو هەروەك كوێران بڕوای بە ئەمریكا بوو، بەڵام ئەوەندەشی لە ڕێوشوێنی دنیا دەزانی كە بیهەوێ خۆی ئەم كەسانە هەڵسەنگێنێ كە لەگەڵیان تێكەوتووە و پاشان داوەری بكا. كیسینجێر بەرهەڵستی هاتنی كرد بۆ ئەمریكا و پاشی چەند جاران ئەمە یەكەم جار بوو كە بە بیانووی ئەوەی چما سەروسۆراغی لە ئەمریكا هەست پێبكرێ، چالاكییەكان دەكەونە مەترسی، ویزایان نەدایە. بارزانی كە لەمێژ بوو لەگەڵ ڕەوتی كاری نەهێنی و شاراوە ڕاهاتبوو, پێی لە غرووری خۆی نا و متەقی نەكرد. لە مانگی ژووئیەدا ئیدریسی كوڕی و دوكتۆر مەحموود عوسمانی ناردە واشینگتۆن. دوكتۆر مەحموود عوسمان لە واتادا وەزیری دەرەوەی بوو و لەو دیوی جەغزی بنەماڵەی نزیكترین هاوكاری بوو. ئەم دووە لە ناوەندی "سیا" لە لایەن ڕیچارد هێلمز، ژێنێراڵ "ئیم. هیگ"ی (كوڕ)، سەرۆكی كارمەندانی كۆشكی سپی و سەرهەنگ ڕیچارد كێنێدی، یاریدەدەری یەكەمی كیسینجێر لە شووڕای تەناهی نەتەوەییدا پێشوازییان لێكرا.

دوكتۆر مەحموود عوسمان دەڵێ: "هێلمز زۆری درێژ نەكردەوە و پێیگوتین لە بۆیە ئێمەی ڕێداوە كە شا ویستوویەتی دەوڵەتی ئەمریكا یارمەتیمان بدا و یارمەتی واشینگتۆنیش هەر لەبەر هەندێیە. جا تا هەر وەختایەكی شا لەسەر ئەم ڕێبازە بێ، ئەیالەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكاش وەها دەكا. من خۆم زۆر هەستم بە خاترجەمی نەكرد. من لە بۆیە چوومە واشینگتۆن كە بارزانی گوتبووی بچم. ئەركی خۆم بەجێ هێنا، بەڵام وام بیر نەدەكردەوە كە ئەم پەیوەندە بۆ ئێمە پەیوەندێكی ڕاستەكی بێ، چونكە دەمزانی لێرەدا كێشەی سەرەكی بۆ ئەمریكا خودی شایە. ئەمریكاییەكان خڕ و پتوون خۆیان تێوەنەدابوو. دەسبەر بوونێكیش لە گۆڕێدا نەبوو. من زۆر گەش بین نەبووم."

بەڵام بارزانی گەشبین بوو، هەر نەبێ لە دەسپێكەوە. ئەو پاشی تێپەڕبوونی دە ساڵێكی كە تێیدا وای دانابوو هەر ئەمریكاییەكی كە دەیبینێ – تەنانەت

هەوالنێرانیش – کاربەدەستانی خۆگۆڕیون،[١] ئاخرییەکەی تووشی تێکەڵایەتی بە کردەوە ببوو لەگەڵ ئەمریکاییەکان. هەڵبەت لە بابەت ئەم کاربەدەستە خۆگۆڕیوانەشدا زۆر هەتڵەڕێ نەببوو: چونکە هەرچۆنێك بێ، بە شێوەیەکی زۆر ورد و باریك پێوەندگەلێ هەبوو. وە هەر حاڵ هەوالنێرانی ڕۆژاوایی و تەواوی ئەو کەسانەی لە ڕۆژاواوە دەچوونە دیداری بارزانی، وای تێدەگەیشتن کە بڕابڕا بارزانی دڵپەرۆشی ئەمە نەبوو کە ئەیالەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە زۆنگی شەڕێکی ئیدئۆلۆژیکدا لە وێتنام خەریکی پەلەقاژەیە و خەریکە لە دەستودوو دەکەوێ. جا ئەمە شەڕێك بوو کە دەبوو بە هۆی تێداچوونی گەلێك لە ناسیۆنالیستەکانی جیهانی سێهەم و هەروەها زۆرێکیش لە ئەمریکاییەکان. دوکتۆر سامی عەبدوڕڕەحمان، یەکێك لە کەڵە یاریدەرانی بارزانی دەیگوت: "بارزانی ئەمریکاییەکانی لە قووڵایی دڵەوە خۆش دەویست." ئەمە ئۆگرییەك بوو کە سی سالێك بەر لە هەنگێ داگیرسا، یانی ئەو دەمەی کە لە ڕۆژی جێژنی ساڵی **١٩٤٧** لە تاران چاوی کەوت بە ئارچی ڕۆزوێڵت، جێگری وابەستەی نیزامیی باڵوێزخانەی ئەیالەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. کوردان تەنانەت هەتا ئەمڕۆش لەتەك کێشەیەکا دەستەویەخەن کە لەوان سەردەمانڕا هەڵگیرساوە و بیری شەمزاندوون و نارەحەتی کردوون: بۆچی بارزانی وەها دڵبەستەی ئەمریکا ببوو؛ ئەویش تا ڕادەیەك کە بە خۆی و گەلەکەی سەلماند کە ئەمریکا ئەم گەلاڵەیەی "شا"ی سەرەڕای دەرکەوتنی بەڵگە و بۆنەی پێچەوانە و ڕوو لە زیادی، بەڕاستی دەستەبەر کردووە؟

ئاشکرایە کە بارزانی بوو بە قوربانیی جەغزی ژیانی خۆی: پیاوێك بوو کەمخوێندەوار و ئاسۆی بیری زۆر تەسك بوو، هەتا ئەو شوێنەی کە هورمی

١– دووشك بوونی بارزانی لەم بابەتەوە زۆریش لە خۆوە نەبوو. ئیسرائیلییەکان لە دەیەی ١٩٦٠دا ڕۆژنامەنووسێکیان کردۆتە ڕاسپاردەی داگیرساندنی دۆستایەتی و ئاشنایەتی لەگەڵ بارزانی. زیادە لەمەش "سیا"ش لە پێوەندی لەتەك کوردەکانی ئێرانا لە ڕۆژنامەنووسان – چ ئەمریکایی و چ غەیرە – بەهرەی وەردەگرت.

گەرموگوڕ و ناسیاری خۆی لەسەر گەلەکەی نایە پێناوی بێدەروەستیی کەڵەهێزێك کە دەیویست لەسەر کەوڵی وی چاکە لەگەڵ یەکێك لە وڵاتانی ژێر سێبەری خۆی بکا؛ ئەویش پاش ڕاوەستان و دوودڵییەکی تەواو. ترکان، ئینگلیسییەکان، عەرەبەکان و ئێرانییەکان کە ئەو ساڵگاران ئارای لەگەڵیان ببوو، سەرەڕای تەواوی عەیبەکانیان، هێندەی ئەمریکایییەکان بێدەربەس نەبوون، کە ئەو گەلێ ساڵان ئەوانی لە زەینی خۆیا کردبوو بە هەوێنی ئەوپەڕ دڵخوازی. کە لەم سووچەوە بڕوانین بارزانی تووشی گوناهێکی سیاسی هاتووە، کە بۆ لێبووردن ناشێ و ئاکامی کەم هەڵدان و نەبوونی وردبینییە. چونکە هەرچۆنێك بێ کیسینجێر لە ساڵی ١٩٦٨ەوە سیاسەتی واقعبینیی خۆی ڕاگەیاندبوو [و گوتبووی] کە مشتەری خۆی دەبێ "ئاگای لە کاری خۆ بێ ..."

لەگەڵ ئەمەشدا تامەزرۆیی بارزانی لە گەڕیانی ئەم چالاکییە نەهێنییەی کە گەورە و گچکە هێزانی ویكدەخستەوە و بێگومان هەڵگری گەلێك مەترسیش بوو ئیشێکی تەواو ناسراو بوو. کە باس دێتە سەر بارزانی ئەمە ئەزموونی خودی خۆی بوو کە سەرەگێژەی دەنایەوە, چونکە خەڵك لایان وابوو کە بێشك سەمەدەکانی ئەمریکای لەم یارمەتییانەدا وەبەر چاو گرتووە. دەی چلۆن بوو کە ڕێبەرێکی بەئەزموون کە ئەو ژیان و ئەو هەوراز و نشێو و دوورخرانەوەیەی تووش هاتبوو و بە زیندوویی لە گێرە و کێشان قوتار ببوو, ئەوەهای بڕوا بە کەڵەهێزێك دەکرد و هیچ بیری لەمە نەدەکردەوە کە ڕەنگە ئەم کەڵەهێزە لەوپەڕی دڵڕەقیدا بە شوێن قازانج و بەرژەوەندی خۆیەوە بێ؟ ئەم غەوارانەی بارزانییان دەناسی و چاویان پێیکەوتبوو بڕوایان نەدەکرد کە ئەو تا ئەم ڕادەیە سافیلکە بێ کە خۆی دەینواند. لایان وابوو، بەڵێ کاتێك پێشنیار دەکا کە کوردستانی ئێراق ببێتە ئەیالەتی پەنجاویەکەمی ئەمریکا یان پێشنیار دەکا کە شەریکە نەوتییەکانی ئەمریکا نیوەی ناوچە پڕنەوتەکانی کەرکووکیان بە دەستەوە بێ، ئەمە ڕەوت و ڕێبازێکی چازانی و زیرەکانەیە. ڕاستە ئەو جگە لە مانەوەی لە سۆڤیەت و دیداری لە ئێران و ئیسرائیل و ڕۆمانی قەت هیچ کوێیتری نەدیبوو و لە بەستێنی ژێئۆپۆلۆتیكدا پەروەردە نەکرابوو، بەڵام ئەو غەوارانەی دەچوونە دیداری بەم ئاکامەوە

دەگەڕانەوە کە ئەو یەکێك لە سەرسەختترین ڕێبەرانی نەتەوەییە کە بینیویانە؛ پیاوێکە هاوشانی خاتوو مایەر و چەشنی ئەو هەلومەرج و بارودۆخێکی زۆر دژوار و پڕ دوژمنایەتی بۆ ماوەیەکی پتر لە پەنجا ساڵان تێپەڕ کردووە.

بارزانی ئەمجار ئەگەریش باشتر و زیاتر لە ناخی کارەکان ڕاهاتبا، دیسانیش لە ساڵی ١٩٧٢دا ئیتر هیچ چارەیەکی نەبوو جگە لەمەی ئەو ڕێیەی وەبەری داوە درێژەی بدا. سەرخۆشیی پاش ئیمزا کرانی ڕێککەوتننامەی خودموختاری شتێکی کەم تەمەن بوو. لە بەهاری ساڵی ١٩٧٢دا پاشی گێڕانی دووجار پیلان بۆ کوشتنی بارزانی و ڕوون بوونەوەی ئەم مەبەستە کە حیزبی بەعس نایەوێ بە دانی خودموختاری لەسەر بێ‌وشوێنی هەلومەرجی دیاری کراوی بارزانی پێمل بێ، نێوان و پێوەندی لەگەڵ دەوڵەتی ئێراق وە ناخۆشی گەڕا. بەغدا لە باتی بەڕێوە بردنی ئەم سەرژمێرییەی کە ڕێککەوتننامەی ئاماژە پێکراو دیاری دەکرد، کوردانی لە کەرکووك و تەواوی ناوەندە نەوتییەکان وەدەرنا و عەرەبی لە جێی خزاندن؛ هەڵبەت ئەم گەلاڵەیەی لەسەر زەوی‌وزاری بەرێژەویش بەڕێوە برد.

وێڕای ئەمەش پێکهاتن لەگەڵ شا و ئەمریکاییەکان بێ‌گومان لەسەر هەڵوێستی ئەو سەبارەت بە پێشنیاری ئێراق لە ١٩٧٣دا بۆ دابەش کردنی کەرکووك و داهاتی نەوتەکەی، شوێن‌دانەر بوو. بارزانی ئەم پێشنیارەی لەڕێوە نەبردەوە پاش. تاقمێك لە کوردان لەگەڵیا کەوتنە باس و ڕاوێژ و بڕوایان وابوو کە دەبێ لەم هەلە بەهرە وەرگیرێ و پێشنیارەکە قبووڵ بکرێ. هەر ئەم تاقمە پاشان ئیددیعایان کرد کە قبووڵ کردنی ئەم پێشنیارە بە هەموو کەم‌وکووڕییەکانییەوە کوردانی لە شکستی مارسی ١٩٧٥ قوتار دەکرد و باڵی دەگرتن هەتا لە شەڕی ئێران و ئێراق بە دوور بن. بەڵام شا زەختی خستە سەر بارزانی هەتا پێشنیاری ئێراق کە لەگەڵ داخوازە نوێ‌کراوەکانی کوردانا دەهاتەوە، نەسەلمێنێ. بارزانی دروست هەتا ئاخرین ساتەکان هەر دڵاودڵی کرد، بەڵام کاتێك لە مارسی ١٩٧٤دا دەوڵەتی ئێراق دیسان لە بەربڵاوی خودموختاری ساڵی ١٩٧٠ی کەم کردەوە و ڕایگەیاند کە جەغزی تەنگەبەر کراوی

خودموختاری، خوایینەخوایی لە ماوەی دوو حەوتواندا پیـــادە دەکـــرێ، ئـــیتر چارەنووسی ئیشەکە ڕوون و ئاشکرا بوو. ئێستا هەردوو لا دەیانزانی کە قەومانی شـەڕ مسۆگەرە.

بارزانی هیچکام لە کوردانی دیکەی چ لە گەڕیانی شۆڕشدا و چ بـێنێوبڕ پـاش هەرەسـی **١٩٧٥** بەشـداری تـەماگرتنی نـەدەکردن. تـەنیا دوای دەس بـەکار بـوونی دەوڵـەتی سەرۆك جیمی کارتێر لە ژانویەی **١٩٧٧**دا بوو کە بارزانی بەند و داوی بـیر و زەینی خۆی وەلا نا و بە هیوای وە دەس هێنانی پشتگیری دەوڵـەتی نـوێ کەوتـەخۆ هەتا بە ئاشکرا باسی پرس و تەنگەژەی خوی بکا. بـارزانی کـە ئێـستا پیـاوێکی نـزم و نەوی و گیرۆدەی شێرپەنـجەی ڕیـخۆڵە بوو و بە دوورخراوەیی لە نیزیك واشـینگتۆن ژیانی ڕادەبوارد، لە فێوریـەی هـەمان سـاڵا لـە دوو نامـەدا بـۆ نوێنـەرانی کـۆنگرە و مەجلیـسی پـیران ڕایگەیانـد ئەگەرهـەر وەختایـەکی ئاگـاداری ئـەو فریـو و کـردەوە نامرۆڤانەیە ببوانەوە کە هەر لە دەسپێکی **١٩٧٢**وە هاتبوونـە کایـەوە "یـان بـە دژی دەوێستان و ئێمەیان بۆ هەڵبڕاردنی ڕێچارەیەکی ئەو کات لەبەر دەستا بـوو ئـازاد دا دەنا – بێ ئەوەی ئێمە تووشی خەسارێك بووبـاین – یـا پـشتیوانییان لـەو ڕێوشـوێنە دەکرد و نەیاندەهێشت کورد خەیانەتیان پێکرابا." لە نامەیەکا بە ناوی کارتێرەوە هـەر لەو مانگەیدا دەیگوت کە تەنیا بەڵێنەکانی ئەمریکا لە **١٩٧٢**دا نەیهێـشتووە لەگـەڵ ئێراق ڕێكبکەوێ کە "لـەتەك بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا یـەکتری نەدەخوێنـدەوە و بـۆ دراوسێکانی ئێراق زەرەربار بوو." هەروەها زیادی دەکرد: "من ئەگەر بە پتەوی بـڕوام بە بەڵێنەکانی ئەمریکا نـەهێنابا دەمتـوانی بـەری ئـەم چارەڕەشـییە بگـرم کـە ئاوقـای گەلەکەم بوو." بارزانی لــە درێـژەدا دەیگـوت دڵنیـا کرانـەوەی لــە لایـەن بـاڵاترین کاربەدەستانی ئەمریکاییەوە وایـان بـڕوا پێهێنـابوو کـە هاوکـاری لەگـەڵ ئێـران و ئەیالـەتـە یـەکگرتووەکانی ئـەمریکا یارمـەتی دابـین بـوونی خودموختـاری کـوردان و چەسپانی دێموکراسی لە ئێراقدا دەکا. ئەم وتانەی بارزانی، جا بـە هـەق بـێ یـان بـە

ناهەق، بە تێپەڕ بوونی ساڵگاران لە ڕوانگەی زۆربەی کوردەکانی ئێراقەوە ڕەنگی ڕاستەقینەی لە خۆ گرتووە.

وا دێتە بەرچاو کە لەم ڕەوت و ڕووداوانەدا پەیمانی دۆستایەتی نێوان سۆڤیەت و ئێراق لە ١٩٧٢دا دەورێکی بە برشتی لەم بوارەدا گێڕابێ. بۆ یەکەم جار بوو کە ئێراق دەستی دەگەیشتە ئەو توانا نیزامییەی کە تا ئێستا نەیبوو و بارزانی بەرەو داوێك پاڵپێوەنرا کە شا و واشینگتۆن لەسەر ڕێی نابوویانەوە. هەرکە پەیمانەکە مۆرکرا مەسکەو یارمەتی خۆی لە کوردان بڕی و ناردنی ڕادەیەکی زۆری چەك‌وچۆڵ و ئامرازی شەڕ بۆ ئێراق دەس پێکرد: فڕۆکەی شەڕکەر و بۆمباهاوێژ، تۆپخانەی دوورهاوێژ، باڵەفڕ و گەلێك چەکی پێشکەوتوو. لە ساڵی ١٩٦٣دا یەکێتی سۆڤیەت هەڕەشەی کردبوو کە مەسەلەی تۆوبڕکردنی کوردان لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دێنێتە گۆڕ, بەڵام ئێستا گەرموگوڕی لەگەڵ عەرەبان, بەتایبەت وڵاتانی خاوەن نەوت و بێ حوکماتی مەزەبی چەشنی ئێراقی بە لاوە باشتر بوو. کومۆنیستەکانی ئێراق کە گەلێك کوردیان لە گەلا بوو, پشتوانییان لە حکوومەت دەکرد و هەر ئەم ڕەوشە بارزانی پتر تاق دەکردەوە. وێڕای ئەمەش بە دەرکەوتنی باڵەفڕە خێراکان بۆ سەر شانۆ, دەورانی چرپان‌چرپانی باوباوێنی شەڕی پارتیزانیش لە کۆتایی خۆی نیزیك دەبۆوە.

لە وەها هەلومەرجێکا بەشداری خودی ئەمریکا لەم گەریانەدا بێ‌گومان باشتر بوو لە پاڵوێدان بە شاوە. وە هەرحاڵ زیاتر لە سایەی یارمەتییەکانی ئێرانەوە بوو کە بارزانی توانیبووی لە ١٩٦١ەوە بۆو لایە دەسەڵاتداری بەشێکی بەرینی کوردستانی ئێراق بێ و بە قەولی خۆی پێنج حکوومەت و حەوت دەوڵەتان لە بەغدایە دە ناخێ ڕۆکا. دەستەیەك لە کوردان بڕوایان وابوو کە لایەنی قوماربازانە و گێچەڵخوازانەی [کەسایەتی] بارزانی دەیزانی کە لەم قومارەدا ئەمە دوایین جاری مۆرە هەڵخستنەوەیەتی. ئەوان سەردەمان بارزانی شێست‌وحەوت ساڵانە و لە باری ئەندامەوە بەهێز و بە لایەنی بیر و زەینا وشیار بوو. ئەگەر وەها بووبێ دەبێ بارزانی بە لای خۆیەوە لێکی دابێتەوە کە ئەو سیاسەتە نەقوستانەی وا دوکتۆر مەحموود

عوسمان لە ژووئیەی ۱۹۷۲دا لە واشینگتۆن تێیگەیبوو، دەتوانێ لە داهاتوودا بە قازانجی كوردان خولی پێ بدا. بارزانی لە ۱۹۷۳دا بە "جیم هۆگلەند"ی "واشینگتۆنپۆست"ی گوت: "ئێمە بڕوامان بە شا نیە، بڕوامان بە ئەمریكایە. ئەمریكا گەورەترە لەوەی خەیانەت بە گەلێكی بچووكی وەك گەلی كورد بكا."

لە مارسی ۱۹۷۵دا كە بارزانی بەرهەمی عومرێك هەوڵ و تێكۆشانی ببوو بە خاك و خۆڵەمێش بە ڕواڵەت چلۆنایەتی خراپ لێكدانەوەی خۆی هاتە بەرچاوی. هۆگلەند كە بۆ نووسینی ڕاپۆرتی تێكشكان و هەرەسی شۆڕش چووبووە كوردستان, بارزانی پێیگوت: "دەوڵەتی ئەیالەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا هیچ چەشنە دەستەبەربوونێكی ڕەسمی نەدایە ئێمە. بەڵام ئێمە لامان وابوو قەت پشتن بەرنادا. ئێستا دەزانین كە بە هەڵە چووین." بەڵام بڕوای بارزانی بە ئەیالەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا لە هەمان كاتدا دژكردەوەیەك بوو كە – پاشی ئەو گشتە چەرمەسەی و بێبەشییانەی لە مەودای دوورخرانەوەیدا لە سۆڤیەت كێشابووی – لە بەرامبەر دڵساردی سەبارەت بە هەر شتێكی ڕووسی دەینواند. وێڕای ئەمەش "شێخ ئەحمەد"ی كاكیشی كە ساڵگاران شوێنێكی گەورەی تێكردبوو, ڕایسپاردبوو كە تێكەڵایەتی لەگەڵ ئەمریكا درێژە پێبدا. موحسین دزەیی كە یەكێك لە گەورە یاریدەدەرانی بوو دەیگوت: "بارزانی بڕوای وابوو كە هیچ كارێك لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و زۆربەی ناوچەكانی جیهاندا بە بێ پشتیوانی ئەمریكا جێبەجێ نابێ." دوكتۆر مەحموود عوسمان دەڵێ: "هەروەها بارزانی وای بیر دەكردەوە كە ئەیالەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا یەكە كەڵەهێزە و سەرەنجام دەركەوت كە لێرەدا ڕووی نەكردۆتە هەتڵە ڕێیان."

لە "هۆردووگا"ی كورداندا ڕایەڵەی ورد و باریك سەبارەت بە ڕادەی بەڵێنداری ئەمریكا لە دەسپێكەوە تا ئاخر, جگە لە ئەندامانی سەرووی بنەماڵەی بارزانی و هێندێك لە گەورە یاریدەدەرانی, لە وانی تر حەشار درا. لەگەڵ ئەمەشدا هەموویان بوونی شێوەیەك پێوەندییان لەگەڵ ئەمریكا بە لاوە سوور بوو. یەكێك لە مێژوونووسانی كورد دەنووسێ: "لە ڕاستیدا هەركەسێكی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستا

خاوەنی زەینی سیاسی بوو باوەڕی نەدەکرد کە شا بە بێ پرسی دەوڵەتی واشینگتۆن دەس بەرێ بۆ وەها کارێکی گەورەی نیزامی وماڵی." لە سەرەتای هەڵگیرسانەوەی گرژی نێوان کوردان و ئێراقییەکان لە مارسی ١٩٧٤دا، کادرەکانی باڵا و بەپارێز چەند پرسیارێکیان لە بابەت چۆنیەتی دەستەبەریی یارمەتییەکانی دەرەوە بە گوێی بارزانی و "مەکۆی تایبەتی و ئاگاداریی" ئاشنا کرد و گفتوگۆ هەتا بەرەبەری بەیانی درێژەی کێشا. بارزانی و ئیدریس و دوکتۆر مەحموود عوسمان بێ ئەوەی خۆ لە قەرەی درێژدادڕی بدەن گوتیان لەم بوارەدا دەستەبەر بوونی تەواو لە گۆڕێدایە. کەس گوێی بۆ هاواری پارێز کردن کلۆر نەدەکرد. تا ئەوەی کە تازە درەنگ بوو, بەڵام هەتا ساتەکانی ئاخریش بارزانی بڕوای وابوو کاتێك ئەیالەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا "وەك کەڵەهێزێك ڕزەامەندی لەسەر دامەزراندنی پێوەندی نێوانمان دەربڕیوە, کوردان بەرەڵڵا ناکا." بەڵام هەر ئەو لە ١٩٧٧دا، لە نامەی خۆیا بۆ کارتێر بە ئاشکرا پێیەلێنا کە بەرعودە بوونی بە نووسراو لە گۆڕا نەبووە و زیادی دەکا: "کوردان بڕوایان بە دەستەبەر بوونی سەرزارەکی ئەمریکا و ئێران کردووە." هەروەها کوردان "بە گیان و دڵ لەسەر ئەم بڕوایە بوون کە بەرعودە بوونی ئەمریکا, چ سەرزارەکی بێ و چ بە نووسراو ناچێتەوە پاش."

وێڕای ئەمەش هەروەك بارزانی چاکی دەزانی بەڵێنی سەرزارەکی لەگەڵ دەستەبەریی بە نووسراو جیاوازن. لە کۆمەڵێکی وەك کۆمەڵی ئەمریکادا کە خەڵکەکەی خاوەنی "زەینی حقووقی"ن، بەڵێن و بەرعوودە بوونی بە نووسراو دەیتوانی ئەگەر هەر لە ترسی ئاشکرا بوون و سەرێشەی پاشانیش بێ، دەوڵەت وا لێبکا بەڵێنی خۆی بە تەواوی بەرێتە سەر. بەڵام با بێ لە جەغزی ئینساف نەبەینە دەر؛ لەم سەدەیەدا کە دیومانە پیاوێکی بەدەسەڵات قانوونیترین پەیمانی دڕاند و فڕێی دا, داخوا تەنانەت پەیمانێکی ڕەسمیش دەیتوانی بەرگێرەوی شا بێ و نەهێڵێ خەیانەت بە کوردان بکا؟ بە دەستەوە نەبوونی هیچ چەشنە سەنەد و بەڵگەیەکی بتوانێ لەم بوارەدا کەس پێملی ڕاپەڕاندنی بەڵێن بکا, مەیلی کیسینجێری بۆ شاردنەوەی

شوێنەواری کردەوەی و هیواداریی بارزانی لەوپەڕی بەزەیی پێداهاتنا دێنێتە بەرچاو. بارزانی هەڵەی کرد و ژیا هەتا دان بە گرینگترین چەواشە هەڵپێچان و لێکدانەوەی درێژایی ژیانیدا بێنێ. تاڵ و تیژی ئەو نزم بوونە پتر لەوە دایە کە ساڵەکانی ئاخری تەمەنی لە تاراوگەی ئێران و ئەیالەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا تێپەڕ کرد؛ لە کاتێکا دەمیان گرێ دابوو کە تەنانەت نەتوانێ هیچ شتێك سەبارەت بەو کەسانەش وا خەیانەتیان پێکردبوو دەربڕێ. لە ڕۆژانی دوایی ژیانیدا بە گاڵتە دەیگوت: "هیوادارم چارەنووسم بماتە "پێکەن"، کە لەوێوە بتوانم ئەوەی دەمەوێ لەمەڕ سۆڤیەتان و ئەمریکاییەکانەوە بیڵێم." وە هەر حاڵ لە کتێبێکی وەك کتێبی "ڕێکۆرد شکێنانی گێنێس"[1]دا – سەبارەت بە جیهانی سێهەم – وەك تەنیا ڕێبەرێکی کە بۆ ماوەی پتر لە دە ساڵان تەمەنی لە یەکێتی سۆڤیەتا تێپەڕ کرد و لە قایمەی مووچەخۆرانی "سیا"دا بوو و ئیستالین و شای ئێران بەهرەیان لێ بینی و پاشان پشتیان بەردا – کەسێکی وەك بارزانی – خاوەنی ڕێکۆرد دەبوو.

بەڵام ڕازی کەسایەتی بارزانی و ئەم دەوڵەتانەی لە ژێرەوە تیژیان دەکرد و چۆنیان هەڵدەسەنگاند و حوکمیان لەسەر دەدا لە بازنەی ئەم نموونە و بابەتە پەندلێوەرگرەدا حەشاردراوە کە چلۆن گەورەهێزێك تەنانەت کەمینەیەکی دوورەدەست و تاقەوە بوو و ناهومێد دەهارووژێنێ. ساکاری و ساویلکەیی بارزانی لە بواری ئیمان و بڕوا بە ئەمریکاوە جۆرێك بوو کە دەبوو بە هۆی ئەوەی ئەمریکاییەکان وەك کەسێکی گومان لێکراو یا خەرفاو بۆی بڕوانن. بیست ساڵ دواتر کە کیسینجێر کەتبووە سەر هەڵوێستی بەرگری کردن لە خۆی پێیگوتم: "تەنانەت ئەگەر لە هەستیی ڕەزامەندانەی بارزانی سەبارەت بە ئەمریکاش حاڵی بووبا – کە ئەو لێی حاڵی نەبوو – "چ فەرقێکی دەکرد؟" هێلمز ڕەنگە لەبەر وەی هەر لە

---

[1] – Guiness Book Of Records، کتێبێکە هەڵگری ناوی ڕێکۆردداران یا ڕێکۆردشکێنانی جیهان وەك: باڵا بەرزترین پیاوی جیهان، کورتەباڵاترین پیاوی جیهان، زۆرخۆرترین، قەڵەوترین و ...

سەرەتاوە هەستی دەکرد کە لـە شیکردنەوەی دەوری بەرتەسـکی ئـەمریکا لەگـەڵ کوردانا سەرڕاست بـووە, دەیگـوت تـەواوی ئەوانـەی کـە لـەم کێـشەیەی کوردانـا دەوریان دەگێڕا, پاش تەمەنێك پیلان و فێڵ و تەڵەکە و شۆڕش، بارزانییـان بـە چـاوی "منالێکی ریشدار" چاو لـێدەکرد. بەڵام نەتەوەخوازانی کورد – جگـە لـە ئەنـدامانی مەکۆی نێوخۆی کە زانیاری پتریان هەبوو – لایان وابوو کە رێبەرەکەیان قەت بـە بـێ دەستەبەر بوونی ڕەسـمی ئەمریکا لـە مارسی ١٩٧٤دا ملی لە شەڕ نەدەنایـەوە, بـەڵام ئەم دەستەبەربوونە ئەگەر زۆریش پتەو و پتوون بوایـە, دیـسانیش دژاودژکـەوتنی تێـدا بەدی دەکرا.

بـەڵام کورت‌وکرمانـجی هـیچ شـتێك بـەرگێڕەوی بـارزانی نـەبوو لەسـەر رێـی هەڵگیـرساندنەوەی شەڕ. ژێنێراڵ ئاندرێی گرچـکۆ, وەزیـری بـەرگری سـۆڤیەت کـە بارزانی لـە سەردەمانی دوورخرانەوەی لە سۆڤیەتا دەناسی, چونکە هەسـتی بەمـە کـرد هەڵگیرسانەوەی شەڕ لـە نێوان کوردان و بەعسییاندا کارەسـاتی لـێدەکەوێتەوە, بـە مەبەستی وەدی هاتنی ڕێككەوتنێك لـە نێوانیاندا چووە بەغدا. بارزانی بە فیتی تـاران و واشینگتۆن ئـەم داخـوازەی بـردەوە پـاش. لـە دەسـپێکی هەڵگیرسـانەوەی گێـرە و کێشەکاندا, سەددام حوسێن لە دیداریکا دیسانەوە پێشنیاری دابەش کردنی کەرکووك و نەوتەکـەی هێنـاوە گـۆڕ, بـەڵام "ئیـدریس"ی کـوڕی بـارزانی پێـشنیارەکەی ڕەت کردەوە. گوتی: "ئێمە لەوە بەهێزترین وا ئێوە بیری لـێدەکەنەوە و ناچـارتان دەکـەین داخوازەکانـمان لـێ قبووڵ کەن." سەددام حوسێن کـە قـەت پیـاوێکی وا نـەبوو لـە هەڕەشەوگوڕەشە بتۆقی, وتەکانی بە هەڕەشە وڵام دایەوە و تێی ڕاخوڕی: "ئەگەر شەڕ دەس پێبکاتەوە ئێمە سەردەکەوین." ئەو ئێستا نە تـەنیا چەك‌وچـۆڵی سـۆڤیەتی لەبـەر دەستا بوو, بەڵکوو دەیزانی کە ئەوە پاڵوێدانی بارزانی وە شایە کە لێـبڕاوە دەسـەڵاتی بەشێك لـە "ئەروەندڕوود" – ئەم ڕێگـا ئاوییـەی کەنـداوی فـارس و بەنـدەری نـەوتی ئابادان و بەسرە لێك گرێ دەداتەوە – لـە چنگ ئێراق دەربێنێ.

لـە ساڵی ١٩٣٧دا ئینگلیسییەکان کە وەك جێنـشینانی عوسـمانی تـەواوی ئـەم "ڕێگا ئاوەیان" لـە ژێر دەسەڵاتا بوو، بە دەوڵەتی ئێراقیان سەلـماند کە لـە خوڕڕەمشار و

ئابادانـدا بڕە هەقێ بداتە ئێران: لێرە ئەم پاپۆڕانەی لەنگەریان گرتبوو لـەمە بەدوا ئاڵای ئێرانیـان هەڵـدەدا. ئینگلیـسییەكان لـەمـە دەترسـان کـە هـەر چەشـنە پێداهاتنـەوە و بیرگۆڕینێك لـە بابەت ئەم تەکووزەوە هاتوچۆیان بە ڕەوگـەی ئـەم ئاوەڕێیـەدا بـەرەو پاڵاوگەیان لـە ئابادان و بەسرە تووشی ئاڵۆزبڵۆزی بکا. هـەتا سـاڵی ١٩٦٩ ئـاژاوتنی تەواوی ئە پاپۆڕانەی لـە ئەروەنـدڕوودەوە دەچـوونە بەنـدەرەکانی ئێـران لـە ئەسـتۆی پاپۆڕەوانانی ئێراقی بوو. شا ئەم ڕێوشوێنەی بە سووکایەتی دەزانی و لای وابوو بەسـەر باوکیا سەپاوە, چونکە ئێران ناچار بوو سنووری نێونەتەوەیی لـە ڕۆخی ئـاوەڕێی ئێـران بسەلـمێنێ و بەمە ڕازی بێ کە ئەم پاپۆڕانەی بە ڕووبارەکەدا هاتوچۆ دەکـەن ئـاڵای ئێراقیان لەسەر بێ.[1] — سەددام حوسێن هەڕەشەی کـرد: "بێتـوو بکەوینـە تەنگـەژە و ناچار بین یا دەس لـە نیوەی یەکاویعارەبان هەڵبگرین یان تەواوی ئێراق بدۆڕێنین, ئـەو کات دەس لـە یەکاویعارەبان هەڵدەگرین، هەتا تەواوی ئێراق بـە شـێوەی دڵخـوازی خۆمان بپارێزین و ڕایبگرین."

چەند مانگێکیش دواتر سەددام حوسـێن خـەریکی ئـەم گەلاڵـەیـە بـوو کـە خـۆی دایڕشتبوو: بەمـجۆرەی "سیا" بۆی دەرکەوت پێـشینەی ئـەم گەڕیانـە دەگەڕایـەوە بـۆ ئۆکتۆبری ١٩٧٢. یەکاویعارەبان کەتبووە ناوەندی ئەم وتوویژانەی کە لــە مـانگی ئووتا لـە نێوان وەزیرانی دەرەوەی ئێران و ئێراقـا لــە ئیـستامبووڵ سـەری گـرت. ئـەم دیدارە لەسەر داخوازی ئێران و بە نێوبژیوانی ئەلـجەزایر سـەری گرتبـوو کـە تـەمای وابوو بۆ قایم و پتەو کردنی "ئۆپێك" کۆتایی بەم ملبەملـەیە بێنـێ. بـارزانی هـەر خێـرا سەرنـجی کەوتە سەر ئەم وتوویژە و ئەگەری ڕێككەوتنی نێوان ئێـران و ئێراقـی بـە چەند جار لـەگەڵ "مەکۆی نێوخۆی" خستە بەر بـاس و گفتوگـۆ، بـەڵام "سـەروبەری ئاکامی کارەکەی بۆ نەچۆوە سەریەك." بارزانی لـە تێگەیشتنی ئەم مەبەستە کـە ڕەنگـە شا تەواوی یارمەتییەکانی لـێبڕێ و تەنانەت بۆ پێمل بوون و بە چۆكداهاتنی کـوردان

---

[1] – ئەم سنوورە زۆرتر هێڵی تالۆگ یان نێرینەی ئاوە کە بە نێوەڕاستی ڕووبارا تێدەپەڕێ. "یۆنسی"

هاوکاری ئێراق بکا، تێما. هەروەختایەکی بارزانی ئەم مەبەستەی دێنا گـۆڕ ئێرانییـەکان پێیان‌دەگوت هەر بیریشی لـێ نەکاتەوە؛ بەڵام دەبێ دڕدۆنگی کوردان دواتر لـە هاوینـا پتر بووبێ: ئەمە وەختایەك بـوو کـە ئێریـك ڕۆلـۆ، سەرنووسـەری بەشـی ڕۆژهـەڵاتی نێوەڕاستی "لۆمۆند" بە کوردانی گوت کە شا لـە دواپین دیـمانەیدا خۆی درکاندوویە و گوتوویەتی بوون و نەبوونیان بە شێرەیەکەوە بەستراوەتەوە, کە ئەو دەتوانێ هەرکات مـەیلی لـێ بێ بیکاتـەوە یـا بیگرێتـەوە. ڕۆلـۆ سـەری لەمـە سـوڕما کـە کـوردان گرینگایەتییەکیان نەدایە ئەم پلارە تیـژ و نـەکاوەی شـا و دەتگـوت بێ ئـەوەی بـیری لـێ‌بکەنەوە گوێیان لـە ئاکامەکەی ئاخنیوە و بەم ئاکامە گەیشت کە ئەمانە (کـوردان) خاوەنی توانـایی شـی‌کردنەوە و لێکدانـەوەی ڕووداوەکـان نـین. دەڵـێ: "وەختایـەك تەماشام کـرد ئـەم هەواڵـە چـاو و گـوێی نەکردنـەوە, ئـەم مەبەسـتەم بـردەوە سـەر بێ‌ئەزموونی ئەوان لـە بابەت بارودۆخی جیهانەوە." لـە ڕاستیش‌دا زۆربـــەی ڕێبـــەرانی پـارتی دێمـوکراتی کوردسـتان, بەتایبـەت دەورووبەرییـەکانی بـارزانی, بـە خۆیـان سەلـماندبوو کە ئێران قەت لـەگەڵ ئێراق سەودا ناکا؛ کاتێك وەخۆ هاتنەوە تـازە کـار لـە کار ترازابوو. بەڵام هەر بەڕاستی واشینگتۆن چلۆن دەیتوانی شا لـە وەها سـەودایەك — بێتوو ویستبای — پەژیوان کاتەوە و نەیهێڵێ؟ ئەم ڕازە هەروا سەر بە مۆر مایەوە.

هەر دەتوانین ئەوەندە بڵێین کە ئەم ملنەدانەی کوردان سـەبارەت بـە سەلـماندنی ئەو دیاردە شومانەی بێ‌پسانەوە پتر لـەسەریەك کەڵەکە دەبوون ڕەنگێکی بـەزەیی‌بزوێن و هومێدپرووکێنی هەبوو. ئەمانە بە خۆیان سەلـماندبوو کە چـەند مانگێکیـان لـەگـەڵ خودموختاری‌دا — لـە ڕاستی‌دا لـەتەك سەربەخۆیی‌دا — پتر مەودا نیە. ئەو کەسانەی بە شەوق و تامەزرۆیی‌یەکی کەمترەوە لـە ڕووداوەکانیان دەڕوانی دەیانتوانی بە هێنانەوەی بەڵگە و نیشان‌دانی لایەنـەکانی وریـا کردنـەوەدا, ئـەم هەسـتەیان ڕۆمـرکێنن. بـەڵام کوردان وەك بنچینەیەکی پتەوی ئیمان و بڕوا لایان وابوو کە ئەوەی پێویستە لـە بابەت ئێرانییەکانەوە بیزانن, دەیزانن؛ دەتگوت بەدگومانی و دڕدۆنگی سەبارەت بە تـاران لـە تایبەتییەکانی ژیانی ئەم خەڵکە بوو. وێش دەچێ هەر ئەم فرە دڕدۆنگییـە بـوو بێ کـە

ئەوانی هەڵفریواند و نەیهێشت بیری لێبکەنەوە و ڕێی نەدا دیاردە و بەڵگە زۆر و زەوەندەکان لە پەنا یەك دابنێن و سەرجەمی چەرخ و خولی ڕووداوەکان بێتە بەرچاویان. هەتا ئاخرییەکەی کە ئیدی چی بە بەرەوە نەمابوو. بارزانی قەت نەیزانی کە شا چەندە ورد و زیرەکانە هەڵومەرج دەناسێ و تا چ ڕادەیەك تاسەباری زەبروزەنگێکە کە بە لەسەرەخۆیی بەڕێوەی دەبا و چەندە بێبەزەیە. ئەم ڕەوت و ڕووداوە لە سەرەتاوە تا کۆتایی تەنیا و تەنیا گۆڵمەزی خودی شا بوو.

خۆش ئەمەیە کە بە باری نیزامییدا کوردان بۆ وڵامی پەلاماری ئێراق کە تەواو بەهێز ببوو, ساز و ئامادە نەبوون. لەسەر کاخەز کوردان قەت ئەوەندە هێزدار نەبوون: لە ژێر دەستی ڕاوێژکاران و پسپۆڕانی ئەمریکایی و ئیسرائیلی و ئێرانی پەروەردە کرابوون و ئەمجار بە پێچەوانەی ساڵانی دەیەی ١٩٦٠ کە تەنیا خاوەنی هێزی پیادە و چەکی سووك بوون، ئێستا تۆپخانەشیان بە دەستەوە بوو و بە چەکی نوێی هێزی پیادە تەیار کرابوون. بەشی هەرە زۆری چەك و جبەخانەیان ڕووسی بوون؛ (ئەم چەکانە بوون کە یان ئەمریکاییەکان لە شەڕی ویێتنام بە خەنیمەتیان گرتبوون یان ببوونە دەسکەوتی ئیسرائیل لە شەڕی شەش ڕۆژەی عەرەباندا.)[1] ئەمەش تەگبیرێك بوو کە باڵی یارمەتیدەرانی دەگرت هەتا دەستێوەردانی خۆیان بە شێوەیەکی باش وە درۆ بخەنەوە. زۆر دواتر کوردەکانی ژوورەوەی ئێراق لە لایەن دوو گوردان و نیو تۆپخانەی دوورهاوێژەوە پشتیوانییان لێدەکرا. ئەم هێزانە کە خاوەنی پتر لە سەت تۆپ و مووشەکی زەوی بۆ حەوا "ڕاپیەر"ی ئینگلیسی بوون و پسپۆڕەکانیان خانەنشین

١- ... "پاش هێرشی مەلیك حوسێن بۆ سەر فەلەستینییەکان و تێکشکاندن و ڕاونانیان، جارێکیان لە سەفەرێکیدا بۆ تاران بە شا دەڵێ، چەكوچۆڵێکی زۆرمان لە جبەخانەی فەلەستینییەکان وە دەس کەوتووە کە بە کەلکی سپای ئۆردۆن نایەن. ئێوە دەتوانن ئەم چەکانە بدەنە کوردانی بارزانی لە ئێراق. شا پێشوازی لەم پێشنیارە دەکا و بە ١٤ کەڕەت فڕینی فڕۆکەی هێرکوولێسی C-١٣٠ چەكوچۆڵەکان لە عەمانەوە دێنێتە شارەکانی تەورێز، سنە و کرماشان و دەیانداتە بارزانی." سەرچاوە: بیرەوەرییە تایپکراوەکانی سەرتیپ "قەدەر" لە واشینگتۆن، ڕەزبەری ١٩٧٤ی هەتاوی، یادداشتەکانی سەرتیپ قەدەر، باڵوێزی ئێران لە عەمان. "یۆنسی"

کراوانی سپای ئینگلیس بوون، لەسەر سنوور دامەزرا بوون. لەگەڵ ئەمەشا خێرا خێرا بەرەو چیا دەکشانەوە و تەنانەت لەم کۆنە وارگە و مەتەریزانەشدا تەنیا لە سۆنگە و سایەی پشتیوانی ئاگری تۆپخانەی ئێرانەوە بوو کە توانیان خۆ ڕابگرن. کۆسپی گەورەی کوردان ئەمە بوو کە پاڵپشتە غەوارەکانیان پێیان سەلماندبوون وا شێوەی شەڕی دەس‌وەشاندن و دەرباز بوونی خۆیان کە بەڕاستی چاکیان لێ‌دەزانی, وەلا بنێن و ڕوو بکەنە شێوەی شەڕی بەرەنگار بوونی ڕاستەوخۆ؛ لەوەشدا پێشمەرگە نە توانستیان هەبوو نە بۆ ئەم شێوە شەڕەش پەروەردە کرابوون.

لەمەش خراپتر ئەمەبوو کە ئەم گۆڕانی تاکتیکە کوردانی پتر لە جاران بە پشتیوانانی غەوارەوە, بەتایبەت بە "شا"وە گرێ دا. بارزانی لە نامەکەیا بۆ کارتێر لەمە گلەیی دەکا کە "درەنگ وە خۆ هاتینەوە ... کاتێك وە خۆ هاتینەوە کە بەرەورووی هەشت لەشکری ئێراق, سەدان تانك و پتر لە سەت فڕۆکەی پێشکەوتە بووینەوە کە فڕۆکەوانی هێندێکیان ڕووس و هیندی بوون ... ئەو یارمەتییانەی کە دۆستەکانمان پێیان کردین هەم بە باری چەندێتی و هەم بە باری چۆنێتی زۆر [لە چەك‌وچۆڵی سپای ئێراق] لە خوارتر بوو." ئێران زۆرجاران ئەو وەختانەی کوردان دەکەوتنە پێشڕەوی، چەتی دەخستە ناردنی چەك‌وچۆڵ و هەرکە پاشەکشەیان دەکرد و دەگەڕانەوە سەر سەنگەرەکانی خۆیان، سەرلەنوێ دەستی پێدەکردەوە و پتریش وایان دادەنا کە کوردان قەت لە بەشی سێ‌ڕۆژیان زیاتر پاشەکەوتی گوللەی تۆپخانە بە لاوە نەبێ. ئاخرییەکی کوردان تێگەیشتن کە ئەم ئەرکەی هاوپەیمانانیان خستوویانەتە ئەستۆیان ئەمەیە کە سپای ئێراق لە شوێنی خۆیان ڕەق ڕاگرن, نەك بە سەریاندا زاڵ بن.

لە پێداچوونەوەدا وا دێتە بەرچاو کە کوردان یان خەڵکێکی گێل‌وحۆل بوون یان زۆر وێڵی چارەنووس. بەلام بۆ بەرگری کردن لە بارزانی دەبێ بێژین کە کوردەکانی ئێراق گێڕانی دەوری "سەرودڵگر"انەی خۆیان بە تەواوی پێ بێ‌جێ نەبوو. ئەوان خۆیان هەمیشە بڕوایان وابوو و دەیانگوت کە دەتوانن بشێوی بخەنە ولاتی ئێراقەوە, بەلام قەت ناتوانن پەلاماری بەغدا بدەن و داگیری بکەن و خۆیان ڕاستەوخۆ دەسەلات

بگرنە دەس، لە ١٩٦١ەوە بۆو لایە توانیبوویان کەم و زۆر بە سەرکەوتنەوە خۆڕاگری بکەن.

هەتا سێپتامبری ١٩٧٤ ئێراقییەکان پێشکەوتی زۆر بەرچاویان وە دەست هێنابوو و حاڵوباڵی کوردان وەها تاڵوتوون بوو کە ئێران تۆپخانەی دوورهاوێژ و چەکی تانك شکێنی وێدان. وێڕای ئەمەش لە دەوروبەری ساڵی تازەدا کوردان کەوتبوونە هەلومەرجێکی تەواو ناخۆش و پڕ مەترسی. عەلەم لە بیرەوەرییەکانیدا کە پاش مەرگی بڵاوکرایەوە, کە دێتە سەر باسی ڕۆژی سێی ژانویە دەنووسێ: "شا کە ڕاپۆرتی چالاکی هێزەکانی ئێرانی بۆ هاتبۆوە و باسی ئەمەی دەکرد کە وەك شێر شەڕیان کردووە و نەیانهێشتووە کوردان تێكبشکێنن و ورەی بەرەنگارییان بەرز کردوونەوە, زۆری پێ خۆشحاڵ بوو." سەرەڕای ئەم فیز و شادییەی کە شا بە بۆنەی شکستی پڕ سووکایەتی ئێراق هەستی پێدەکرد, بارزانی بە ئاشکرا دڵنیگەران بوو. چەند حەوتوویەك ئەویان بە هیوای چوونە خزمەت شا کە هەموو جارێك وە دوا دەخرا، لە تاران بە سەرگەردانی ڕاگرت. دەنگۆ دەربارەی کەیخودایەتی ئۆردۆنی و ئەلجەزایرییەکان بۆ کۆتایی هێنان بە نێوانناخۆشی ئێران و ئێراق لەسەر حیسێبی کوردان، هەر دەهات و پتری پەرە دەگرت. بارزانی لە نامەی ڕێکەوتی ١٩٧٧ی خۆیا بۆ کارتێر دەڵێ کە ئێراق "ناڕاستەوخۆ" لە واشینگتۆنی حاڵی کردبوو ئەگەر بێتوو شا دەس لە کوردان هەڵگرێ، نێوانخۆشیی لەگەڵ ڕووسان کەم دەکاتەوە. بەڵام ئەم مەبەستە جێی گومانە کە بارزانی ئەوان سەردەمان لەم ڕەوتە ئاگادار بووبێ. هەرچۆنێك بێ بارزانی لە دوایین ساتەکانا، خۆی پێشنیاری مامەڵەیەکی دایە سەددام حوسێن کە لێی قبووڵ نەکرد، چونکە وتووێژی لەگەڵ شا گەیبووە شوێنێك کە ئیدی پاشگەز بوونەوەی لێ نەدەکرا.

شا پیاوێکی گەلێك متمانە پێنەکراو بوو؛ ئەو کوردانی خستە پێوشوێنی شیری چۆلەکە و گوتبووی بچنە لای مەلیك حوسێنی پاشای ئۆردۆن و لە بابەت پێکهێنانی دەوڵەتی لە تاراوگەدا وێڕای تەواوی دژبەرانی ئێراق پرسی پێبکەن. نێردراوەکان لە

ژانویەدا گەیشتنە عەمان, ئەوانیان حەوتەیەك ماتڵ کرد و ئاخرییەکەشی مەلیك حوسێن چاوی پێیان نەکەوت. پاشان لە فێوریەدا سەرۆك ئەنوەرسادات داوای لە بارزانی کرد کە سامی عەبدوڕڕەحمان بنێرێتە قاهیرە. لەم دیدارەدا سادات سامی هەڵفریواند کە ڕازی بێ میسر پێشنیارێکی پێکهاتن لە لایەن کوردانەوە بداتە سەددام حوسێن؛ بەڵام بە بێ ئاگاداری کوردان دەستووری دا بە نەهێنی وتوویژەکان لەسەر شریت تۆمار بکرێن و پاشان شریتەکەی بۆ شا نارد و شا زۆری پێ تووڕە بوو.

هیچ سەیر نیە کە بارزانی دیسانیش ویستی بچێتە واشینگتۆن و کارێکی وا بکا کە ئەمریکایییەکان بۆ چاك کردنی ئەم بارودۆخە نیزامیی و سیاسییەی تەواو بەرەو ناخۆشی و تەمتومان ئاژاوتبووی، چارەیەك وەدۆزێ، کە ئەم هەنگاوەش بە هیچ کوێ نەگەیی. ئەو کە هیوادار بوو بە ڕێیەکی دیکەدا لە کاربەدەستانی باڵای ئەمریکا نیزیك بێتەوە و سەرنجیان ڕابکێشێ سێ قالیچە و پاشان ملوانکەیەکی مرواریینیشانی وەك دیاری بە بۆنەی زەماوەندی لەتەك "نانسی ماگینێز" نارد بۆ کیسینجێر. بەڵام ئەم دەربڕینی نیزیکایەتییەش ئاکامێکی لێ نەکەوتەوە. کیسینجێر کە ئێستا وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بوو، لە ١٩٧٣ەوە بۆو لایە, ناردنی یارمەتی ئەمریکای لێ کەم کردبۆوە. سەرەڕای تەواوی ئەمانەش بارزانی لە نامەی ڕێکەوتی ٢٢ی ژانویەی ١٩٧٥دا دیسان مەسەلەی دیدەنی لە واشینگتۆنی هێنایەوە گۆڕ. هەروەك دوکتۆر مەحموود عوسمان زۆر دواتر گوتی " کیسینجێر ماوەیەکی درێژ بە وردەکاری ڕەوتی ڕووداوەکانی" دەزانی. تەواو مانگێکی ئازگاری کێشا هەتا کیسینجێر وڵامی "ژێنێراڵی عەزیز"ی داوە و ئەوی لە بابەت "ڕێز و تاریفمان سەبارەت بە خودی خۆتان و خەڵکەکەتان و هەوڵی بوێرانەتان" دڵنیا کردەوە و لە مابەینی ئەو قسە پووتانەدا داخوازەکەی بردەوە پاش: "ئەم کەندوکۆسپانەی ئێوە لەگەڵیان دەستەویەخەن سامناکن." نامەکە دەیگوت:

سەبارەت بە لێکدانەوەتان لەسەر بارودۆخی سیاسی و نیزامیی یەگجار خۆشحاڵ بووم. دڵنیا بن کە ڕاسپاردەکانی ئێوە لەبەر گرینگایەتییەکی بە لامانەوە هەیانە،

دەکەوتە بەر سەرنجی وردی باڵاترین کاربەدەستانی دەوڵەتی ئەیالەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

بێتوو بخوازن بۆ دانی زانیاری پتر بە دەوڵەتی ئەیالەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە بابەت هەلومەرجەوە, کەسێکی باوەڕ پێکراو بنێرنە واشینگتۆن، بە شادی و شانازییەوە وەریدەگرین. من لام وایە کە پاراستنی نەهێنیکاری تەواو لە دابین کردنی توانایی ئێمەدا بۆ ڕاپەڕاندنی ئەوەی هەتا ئێرە کردوومانە, هۆکارێکی گرینگ بووە. تەنیا بەم هۆیەیە – و نیگەرانی لە بابەت پاراستنی خودی خۆتانە – کە من لەم بابەتەوە کە خوازیاری دیداری ئێوە بم لێرە، دڵاودڵ دەکەم. بە تاسەوە هیوادارم خێرا هەواڵی زیاترم لە لای ئێوەوە پێ بگا.

تکایە ئاواتی باش و ڕێزی بێ سنوور و هەرەچاکم لێ قبووڵ بکەن.

لە ڕاستیدا هەروەك ئەم لەکۆڵ خۆ کردنەوەیە – ئەویش بە شێوەیەکی ئاوها ویشك و پڕگرێ – دەریدەخست، کیسینجێر هیچ پێیخۆش نەبوو کە هیچ شتێك لە بارزانی ببیستێ. بەڵام بێپسانەوە پەیامی دڵپەرۆشی لە لایەن کالاهان، سەرۆکی بەشی "سیا"ی تارانەوە دەهاتن؛ ڕێکەوتی یەکەم پەیام دوو حەوتە پاش ئەم نامەی سەرەوەیە و هەر دوای ڕێككەوتنێك بوو کە شا لە سەعات دووونیوی پاش نیوەڕۆی شەشی مارس لە دیدارێکی نەهێنیدا لە کەنار کۆبوونەوەی سەرۆکانی ئۆپێكدا لەگەڵ سەددام حوسێن کردبووی. شا لە بەرامبەر چەسپاندنی دەسەڵاتیدا لە لایەکی یەکاویعارەبان و چاوپۆشی ئێراق لە داوای خۆی لەسەر خووزستان – پڕ نەوتترین پارێزگای ئێران – و کۆتایی هێنان بە نانەوەی ئاژاوە لە بلووچستانی ئێران, لەپڕ کوردانی بەرەڵڵا کرد. (لەمێژ ساڵ بوو کە ئێراق لە خووزستان یا بە قەولی خۆی, عەرەبستانا، کە ئیددیعای دەکرد بە ناهەق لە گەلی عەرەب دابڕاوە, یارمەتی ئاژاوەگێرانی دەدا.)

کیسینجێر و هێلمز و ویلیام ئی.کولبی، سەرۆکی سیا و تەواوی کاربەدەستانی ئاگاداری گەڕیانەکە هەموو ئیددیعایان دەکرد کە لە هەڵبژاردنی زەمانی ڕووداوەکە – نەك لە نێوەرۆکی ڕێککەوتنەکەی ئەلجەزیرە – بەڕاستی تەواو سەریان سوڕماوە. ئەو

جۆرەی کە کۆلبی دەیگوت، سیا ئەم ڕووداوەی "بە هـەق و دەسـەڵاتی شـا دەزانـی."

سەرەڕای تـەواوی ئەمانـە و لـەگـەڵ ئـەم گـشتە داخـوازە هیوابڕاوانەیـەی کـوردان، دەوڵـەت هیچی نەکرد. کۆلبی دواتر گوتی: "داستانێکی پڕ کارەسات بوو، داسـتانێکی جوان نەبوو. بەڵام هەر ئەوێ بەهارێ گەلێك داستانی پڕ کارەساتی ترمان لـە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیادا بە ڕیشەوە ببوو, کە زۆر لـەمە گرینگتر بوون." مەبەستی کـامبۆ ج و ویتنامی باشووری بوو.

لـەگەڵ ئەمەشدا کە ئەیالـەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هێـشتا کەڵـەهێزێك بـوو – ئەگەرچی برینـدار – کیـسینجێر هـەر لـەو بەهاریـدا لـە گـەڕیانی وتوویـژەکانی سەبارەت بە لێككردنەوەی هێزەکانی میسر و ئیسرائیل لـە دەمـی درا و پاشـانیش لـە هیندوچینا خوێڕی کرا و سووکایەتی بەسەر هات. دەوڵـەتی ئەمریکا – بـە پێـچەوانەی ئیسرائیل – ئەو بۆنە و بیانووەی بە دەستەوە نەبوو کە بڵێ دەوڵـەتێکی بچووك بـووە و نەیتوانیوە دەنگی بۆ بەرگری کردن لە هاوپەیـمانێکی بەرڵاڵاکراو هەڵبڕێ. بەڵگەیەکی ئەوتۆ هەتا ئێستاش بڵاو نەکراوەتەوە کە نیشانی بدا دەوڵـەتی "فۆرد" تەنانەت بیری لـە وەها بۆنە و بیانوێك کردبێتەوە: هەروەك گەلـێ دواتر هێلـمز لـە بابـەت هەڵوێـستی خۆی سەبارەت بە مامەڵەی ئەلـجەزیرە گوتی: "من لام وابوو واشینگتۆن کـەیفی پێـی سـاز دەبـێ" چـونکە هەرچـۆنێك بـێ ئێـران کـە هاوپەیـمانی ئـەمریکا بـوو، ئێراقـی هاوپەیـمانی سـۆڤیەتی شکـست دابـوو. هـەروەك کیـسینجێر لـە بیرەوەرییەکانیـدا نووسی: "شا بۆ ئێمە لە ڕیزەی ئەو ڕێبەر و هاوپەیـمانە دەگمەن و توند و پتەوانـە بـوو کە تێگەیشتنی لەسەر هەلومەرج و بارودۆخی جیهان، زانیاری ئێمەی پێهەڵادەبرد."

سـەرەڕای تـەواوی ئەمانـەش واشـینگتۆن بـە گـوێرەی ڕەوتـی ئـەم گەڕیانـە وای لـێحاڵی ببوو کە شا لە ڕێككەوتننامەی نێـوان خـۆی و کیـسینجێر کـە لـە سـاڵی ١٩٧٢دا مۆرکرابوو, لای داوە. تەلگرافێکی "سیا" لە ڕێکەوتی ٢٢ی مارسی ١٩٧٤ کە لـە "ڕاپۆرتی پایك" لـە ١٩٧٦دا لە قـاو درا ڕووداوەکـە بـە کـورتی دەگێڕێتـەوە: ئێران وەك ئێمە, قـازانج و بەرژەوەنـدی "لــە پێکهێنـانی حاڵوبـاری نـە شـکان و نـە سەرکەوتندا دەبینـێ." هیـچمان نامانـەوێ ببیـنین کـە کێـشەکە لایـەکی وە لایـەکی

کەوتووە. بەڵام ئێستا شا بە مەیلی خۆی کۆتایی بەم بارودۆخە هێنابوو و گێرە و کێشەکەی بە بێ ئاگاداری کوردان و بە ڕواڵەت بە بێ ئاگاداری ئەمریکایییەکانیش چارە کردبوو. واتە ئەگەر بشێ وتەی کاربەدەستانی ئەم دەوڵەتانە بڕوایان پێبکرێ. کیسینجێر زۆر دواتر گوتی وەختایەك گوێبیستی پەیماننامەی ئەلجەزیرە بۆتەوە واقی بردۆتەوە و هەر لەڕێوە بایداوەتەوە و چۆتە زووریخ کە چاوی بە شا بکەوێ کە خەریك بوو بگەڕێتەوە ئێران. کیسینجێر بە ڕاوێژێکی کە بۆنی شەرم و شوورەیی لێدەهات گوتی: "بڕوا و بۆچوونی ئێمەی نەپرسی." بەڵام لێرەدا بیرگەی کیسینجێر کڵاوی دەنایە سەر: ئەم دیدارەی زووریخ بەر لە هەڵکەوتی ئەلجەزیرە بوو و ئەگەرچی شا وا بە ئاشکرا مەبەستەکەی لا نەدرکاندبوو، بەڵام دەیزانی چ دەقەومێ.[1]

بە باری سیاسەتی ئەزموونیی و کردەوەییدا (Realpolitik)، شا بۆیە ئەم کارەی نەکرد کە هاتبووە سەر تێشکانی سەربازیی, ئەگەرچی هێزەکانی چورتمیش کرابوون و بەربەرەکانی کوردان لە وەرزی شڵتێپەڕی زستانا بە کردەوە کۆتایی پێهاتبوو؛ ئێراقییەکان بۆ یەکەم جار لە چیاکان مابوونەوە و نەگەڕابوونەوە بنکە زمسانییەکانی خۆیان. وەرزی هەڵگیرسانەوەی شەڕەکانی بەهاری بە خۆی و مەترسییەکانی چاوەڕوان نەکراوی نیزیك دەبۆوە. بەڵام لە ڕاستیدا شا بۆیە ئەم کارەی کرد کە بە قازانجی بوو و هەروەها شەریکە غەوارەکانی نەیانویست یا

١– ئەحمەد چەلەبی، لە شیعە دوورخراوەکانی ئێراق, کە ئەو کات لاو و بنکەی لە بەیرووت بوو "هەستی بە ڕەوتی ڕووداوەکە کردبوو." هەر بۆیە دروست بەر لە کۆبوونەوەکانی ئەلجەزیرە بەرەو تاران باڵی گرت و بارزانی ئاگادار کردەوە. ئەو شتەی کە سەرنجی چەلەبی ڕاکێشایە سەر ڕەوتی ڕووداوەکان تەنیا دیداری زووریخ نەبوو, بەڵکوو ڕێ کل کردنی شا بوو بە مەبەستی ئاگادار کردنەوەی پایەبەرزانی گرینگ بەر لە کۆبوونەوەکانی ئەلجەزیرە. سادات و مەلیك حوسێنیش هەرتك لەم سەودایەی خەریك بوو سەری دەگرت, ئاگادار بوون. نەسیری دەستووری دا بە چەلەبی کە خێرا بگەڕێتەوە بەیرووت: "چما بەرژەوەندی و چاکەی خۆت دەوێ، بڕۆوە." لەگەڵ ئەمەشدا چەلەبی لەم ماڵە پارێزراوەدا کە بارزانی پێ لەوێ میوانداری دەکرا، چاوی پێیکەوت. لە ژوورەوەدا ئامرازی دەنگدزینیان دانابوو, لە بۆیە وتوویژەکان لە باخچەی حەوشە کران. بارزانی هەناسەی هەڵکێشا و تف و لەعنەتی کاربەدەستانی ساواکی کرد کە نەیانهێشت چاوی بە شا بکەوێ.

نەیانتوانی پێشی بگرن. ئەوەی دیپلۆماتە بەئەزموونەکان بە شوێنییەوە بوون و دەیانخواست بیزانن، ئەوە بوو کە داخوا سەددام حوسێن چاوپۆشی لە چەندەی یەکاویعارەبان کردووە کە ئێستا هێڵی سنوور بە نێرینەیدا تێپەڕیوە و داخوا نێرینەی گرتۆتەوە یان نا؟ ئەمەش شتێ بوو کە بەتایبەت بە هۆگەلی تاکتیکی و بنەماڵەیی و خۆکەسی مەبەستی بەرچاوی شا بوو.

هەتا ساڵی ١٩٩١ کیسینجێر شی کردنەوەی تەواوی ئەم کێشە و ڕووداوانەی تەنیا لە کورتە بەندێکی پەراوێزی بیرەوەرییە قەبارەمەندەکەیدا باس کرد، جا سەیر ئەمەیە کە لەم کورتە پەراوێزدا هەر باسی یەکاویعەرەبانی نەکردبوو و بەڵێنی دەدا کە لە بەرگێکیترا باسی "گێرە و کێشەی پڕ کارەساتی کوردان و ئاکامەکانی" دەکا؛ هەڵبەت قەت وای نەکرد. لەم پەراوێزەدا کە بە ڕواڵەت وا دیارە دیهەوێ ڕیس‌وگوریس بۆ کردەوەی شا بێنێتەوە دەڵێ: "تەمای شا لەسەر بناغەی ئەم تێگەیشتنە زۆروکەم دروستە کە وا کوردان گەیشتوونە هەڵدێری بەزین و بە بێ خۆتێوەردانی دوو لەشکری ئێرانی و ٣٠٠ میلیۆن دۆلار یارمەتی ئێمە قوتار نابن." ئەمەی کە بەڕاستی هێزەکانی بارزانی تا چ ڕادەیەك گەیبوونە سەر هەڵدێری بەزین و تێشکان، تەنانەت تاکوو ئەمڕۆش هەر لەسەر بنەمای شك و گومانە. دروست بەر لە دیداری ئەلجەزیرە, ئەوکاتەی کە چەلەبی بارزانی وریا کردەوە "ئەوی بە ژاکاوی هاتە بەرچاو, ئەو گازندەی کرد کە تەنیا لە سەتاسێی هێزی پێشمەرگە سەرقاڵی شەڕن." وێڕای تەواوی ئەمانەش کوردەکانی ئێراق هەروا پێیان وابوو کە ڕەنگە شا لانیکەم هەڵومەرجێکی ئابڕووداڕانەیان لە ئەلجەزیرە بۆ بڕەخسێنێ. کیسینجێر لە بیرەوەرییەکانیدا شی ناکاتەوە کە بە گوێرەی کام بناغە و بنەڕەت حوکم دەدا کە "کردەوەی شا زۆروکەم دروست" بووە و بە پێی چ حیساباتێك گەیوەتە ئەم ٣٠٠ میلیۆن دۆلارە و ئەمریکا کە ساڵگاران بە نیشانەی دەورگێڕان لەم گەڕیانەدا پوولێکی کەمی خەرج دەکرد، بۆچی چاوەڕوان دەکرا ئەم هێندە پووڵە بدا. کیسینجێر بە بێ هیچ چەشنە ڕەخنەگرتن و هەڵسەنگاندنێکی ئەم هەڵوێستە یەكلایەنەیە تەنیا دەیگوت

كە خۆڕایی كردنی كوردان "تەمایەك بوو كە دەبوو شا بیگرتبا." ئەم شەڕە هەر لە دەسپێكەوە هەتا كۆتایی شەڕی شا بوو نەك واشینگتۆن.

لەگەڵ تەواوی ئەمانەشدا كوردان بە دردۆنگی دەیانڕوانییە ئەم "پەڕاوێزە"ی كیسینجێر و ئەویان بە پاكانە كردن بۆ خۆی لێكدەدایەوە.

كیسینجێر لە ژێر گوشارا, ئەویش لە ١٩٩٢دا، لە وتووێژێكی ڕۆژنامەوانیدا ئاشكرای كرد كە "چوار یا شەش حەوتوو" بەر لە كۆبوونەوەكانی سەرۆكان لە ئەلجەزیرە, شا لە بابەت ٣٠٠ میلیۆن دۆلارەوە پێوەندی پێوەگرتووە و پێی لێنا كە ڕەنگە شا بە هێنانە گۆڕی ئەم هێندە پووڵە ویستبێتی سەرەدای سەودا یەكلایەنەكە خۆش بكا و بە شوێن بەڵگە و بیانوویەكدا گەڕاوە بۆ ئەم كردەوەی خۆی. بەلام بە هەر حاڵ ئاشكرای نەكرد كە داخوا ئەو كاتی ئەو بە هیچ شتێكی زانیبوو یان نا. بەلام هێنانە گۆڕی ئەم هێندە پووڵە بەرچاوە بە ئاشكرا ئاماژەیەكی ڕوون بوو؛ نیشانەی ئەمە بوو كە شا لە پشتیوانی كردنی كوردان ماندوو بووە و لە شوێن بیانوێك گەڕاوە كە كوردان بەرەڵلا كا و تاوانی ئەم كردەیەش بخاتە ئەستۆی دیتران, یانی ئەمریكا.

هێنانە گۆڕی ٣٠٠ میلیۆن دۆلار یارمەتی ڕاستەوخۆ بە مانای سازكردنی كۆسپ و تەگەرە بوو لەسەر ڕێ. شا كە بە وردی واشینگتۆنی خستبووە بەر سەرنجی، باشتر لە هەر كەسێكی تر دەیزانی كە لە ساڵی ١٩٧٥دا ڕوخساری "كەڵەپیاوانەی" كیسینجێر توڵخ هەڵگەڕاوە و لە تروسكە و درەوشانەوە كەوتووە و ئەم چالاكییە نەهێنییانەی كە ئەو لەم سەرەوسەری دنیا پشتیوانی لێدەكردن هاتوونە ئەستۆی. لە ویتنام بارودۆخ گەیشتبووە ئاستی تەقینەوە و لێك بلاو بوون و ئیسرائیلییەكان دەیانویست وتووێژەكانیان لەگەڵ میسر سەبارەت بە كشانەوە لە سارای سینا ڕابگرن. "شا"ش وەك هەموان دەیتوانی ببینێ كە كیسینجێر ناتوانێ تەنانەت كۆنگرە بۆ تەرخانی پووڵێك بە مەبەستی بەرگری كردن لە گیرانی سایگۆن ڕازی بكا, جا چ بگا بە ٣٠٠ میلیۆن دۆلار بۆ كوردان. بە پێچەوانە شا كە چوارقات بوونی داهاتی نەوت ئەنگراندبووی و یارمەتی دابوو كە پاش شەڕی ساڵی ١٩٧٣ی عەرەب و

ئیسرائیل ببێتە مێشکی بیرۆمەندی ئۆپێك، لە باری ماڵییەوە لەگەڵ وەها تۆڕ و داوێکی یاسایی بەرەوڕوو نەبوو. پووڵ بۆ شا هۆکارێکی بنەڕەتی نەبوو.

بارزانی لە ڕاسپاردەی ڕێکەوتی ١٠ی مارسی خۆیا بۆ کیسینجێر، یانی پاش مۆرکرانی پەیمانی ئەلجەزیرە, نێوکی قسەکەی دڕی:

جەرگمان خوێن دەدەڵێنێ کە دەبینین یەکێك لە زنجیرە ئاکامەکانی ڕێککەوتنیان لە ئەلجەزیرە تەفروتونا کردنی خەڵکی بێپەسارمانە بە شێوەیەکی وا کە ئێران سنوورەکانی خۆی خڕ و پتوون لێبەستین و ئێراق گەورەترین پەلاماری خۆی دەس پێکرد و هەروا درێژەی هەیە. شۆڕشی ئێمە و گەلەکەمان بە شێوەیەکی باوەڕ نەکراو تێدا دەچن و کەس متەقی لێوە نایە. ڕێزداری بەرزەجێ, ئێمە لامان وایە کە ئەیالەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ئاست گەلی ئێمە, کە خۆی کردۆتە پابەندی سیاسەتی وڵاتی ئێوە, بەرپرسێتی ئەخلاقیی و ڕامیاری هەیە ... جەنابی وەزیر, ئێمە بە دڵپەرۆشییەوە چاوەڕوانی وڵامی ئێوەین.

دوازدە ڕۆژ دواتر کالاهان لە تاران, تەلگرافێکی بۆ کۆلبی، سەرۆکی "سیا" لێدا و گوتی کە کیسینجێر هەتا ئێستا وڵامی نەداوەتەوە و وریایی دا و گوتی: "ئەگەر واشینگتۆن دەیەوێ بەری کوشت و کوشتار بگرێ دەبێ لەڕێوە لە لای شا کەیخودایەتی بکا." هیچ شتێك لەم بارەدا نەگوترا و هیچیش نەکرا. هەر ئەو بەهارە کیسینجێر بە توندی لەگەڵ داخوازی پەیتاپەیتای یارمەتییەکانی مرۆڤدۆستانە بە مەبەستی دابین کردنی خێوەت و کەلوپەل بۆ هەزاران پەنابەری کورد دژایەتی کرد. لەم دەستوورەدا دەیگوت: "چالاکی نەهێنی نابێ لەگەڵ کاری لێژنەی میسیۆنێران بکرێنە یەك." ڕاپۆرتی پایك لە بابەت ئەم "بەرگری نامەیەوە" دواوە. ڕاپۆرتەکە باسی کیسینجێر دەکا و بە ناوی بەرپرسێکی بالادەستی دەوڵەتی ئەیالەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ناوی دێنێ.

بارزانی قەت ئیددیعای نەکردبوو کە کوردان دەستەبەربوونی ڕەسمییان لە ئەمریکا وەرگرتووە و هەڕەشەشی نەکردبوو کە ئەم سووکایەتی پێکرانەیان لەگەڵ بلاڤۆك و ڕاگەیەنەران دێنێتە گۆڕ. بارزانی بە بارێکی ئەوەندە ناسكدا کەوتبوو کە هەر

چەشنە تاوانێکی زیاتر بێگومان دەبوو بە هۆی ئەوە کە شا سنوورەکان توندتر بتەنێ و بیانبەستێ. بەڵام کالاهان پەرۆشی ئەوە بوو کە ڕەنگە کوردان گلەوگازندەیان هەر لە جەغزی نەهێنی و پشتی پەردەدا نەهێڵنەوە و ئەم تاوانانە لەو سەرەوسەری دنیادا بڵاوکەنەوە. کالاهان پرسی:

داخوا ئیدارەی ناوەندیی (سیا) لەم بابەتەوە پێوەندی بە کیسینجێرەوە هەیە؟ بێتوو دەوڵەتی ئەیالەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەم گەڕیانە بە وریایی و کارزانی و بە شێوەیەکی وا ڕانەپەڕێنێ کە بتوانێ بەری ئەم مەبەستە بگرێ کە کوردان وا بزانن پشتمان تێکردوون، هیچ دوور نیە ڕەوتی ڕووداوەکان بدرکێنن و لە قاوی دەن. کردەوەی ئێران نەك تەنیا ئاواتە ڕامیارییەکانی بە با داون بەڵکوو گیانی هەزاران کەسیشی خستۆتە مەترسی.

پەیام و ڕاسپاردەی لێکدالێکدای بارزانی بۆ سیا و سەرۆك جراڵد فۆرد و کیسینجێر هەر لە بەهاری ئەوساڵەدا بێ وڵام مایەوە. لە تەواوی ئەم مەبەستانەی کە "ڕاپۆرتی پایك" لێفەی لەسەر هەڵدانەوە، ڕەنگە ئەم ڕاپۆرتە کە سەرەتا لە لایەن "دانیەل چۆر"، هەواڵنووسی خاوەن ئەزموونی "سی بی ئێس"ەوە لە قاودرا و پاشان دەقی تەواوی لە ژمارەی تایبەتی فێوریەی ١٩٧٦ی "دەنگی گوند"دا بڵاوکرایەوە کە حەوتەنامەیەکی لیبراڵە، ویلیام سافایەر، وتارنووسی خۆپاریزی "نیۆیۆرك تایمز"ی سەیر ڕاتڵەکاند. سافایەر کە قەت لە ڕێبازی بەرگری کردنی بەگەرمەی لە کوردانی ئێراق تلاسا نەبوو، ئەم "هەراجکردنە بێویژدانانە"ی بارزانی مەحکووم کرد و داوای لە فۆرد کرد کە کیسینجێر لەبەر داسەپاندنی "ئەم کردەوە بێویژدانانەیە بەسەر دەوڵەتدا" لە کابینە وەدەر بنێ.

سافایەر لەم کەترەخەمییەی دەوڵەت کە نەك تەنیا گوشاری نەخستە سەر شا کە "کردەوەیەکی شیاو سەبارەت بە دابین کرانی خودموختاری [لە بۆ کوردانی ئێراق] لە خۆی بنوێنێ، بەڵکوو تەنانەت دینارێکیشی "یارمەتی مرۆیانە" تەرخان نەکردبوو، زۆر نارەحەت بوو. "ڕاپۆرتی پایك" دەگەیشتە وەها ئاکامێك کە هەر لە دەسپێکەوە:

سەرکۆمار و دوکتۆر کیسینجێر و شا هیوادار بوون کە "سایەنشینانی ئێمە" واتە کوردانی بارزانی, سەرنەکەون. لە باتی ئەمە وایان پێباش بوو کە سەرهەڵداوان ململانێ و کێشەیان لە ئاستێکا درێژە پێبدەن کە هەر بەشی لاواز کردنی وڵاتی دراوسێی هاوپەیمانەکەمان [ئێران], واتە ئێراق بێ. ئەم هەڵوێست و سیاسەتە بۆ سایەنشینانی ئێمە ڕوون نەکرایەوە کە هان دەدران هەروا درێژە بدەن بە شەڕ. کردەوەی ئێمە تەنانەت لە جەغزی چالاکی "نهێنی"شدا کردەیەکی دوور لە هەست و سۆز بوو.

زێدە لەمەش "ڕاپۆرتی پایك" دەیگوت "ئەم بەڵگانەی هاتنە بەر دەستی کومیتە" بە گوێرەی قۆناخەکانی یەك لە دوای یەکی ئەوان سەردەمان دەریاندەخست کە چلۆن دەوڵەتی ئەمریکا, لە گوێن "شەریکێکی نزمۆکەی شا هاوهەنگاوی ئەم گەلاڵەیە بووە و لە ڕاستیدا وەك دەستەبەرێك خۆی نواندووە کە شا تاقمی سەرهەڵداوان (یانی کوردەکان) لەپڕ بەرنەدا." سەرەڕای ئەم بەرعودە بوونە سەرزارەکییانە شا پاشی سێ ساڵان و کوژران و بریندار بوونی هەزاران کەس و بەختی ١٦ میلیۆن دۆلاری ئەمریکا لەپڕ کوردانی بەرەڵلا کردووە. "ڕاپۆرتی پایك" لە کۆبەندی خۆیا کە لە جەغزی وشە و وتەگەلی زۆر ڕووداپۆشراوا هەڵپێچرابوون زیادی دەکرد: "وا وێدەچێ ئەگەر هاتبا و ئەیالەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دنەدانەکانی شای نەسەلماندبا ڕەنگە کوردان لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندیی ئێراق گەیشتبانە ڕێككەوتن و پێکهاتنێك. بەمجۆرە لایکەم هێندێکیان خودموختاری وە دەس دێنا و پێشی کوشتوبڕی زیاتریان دەگرت. لە جیاتیان کوردان درێژەیان بە شەڕ دا, هەزاران کەسیان کوژراو و نەقوستان لێکەوتەوە و ٢٠٠٠٠٠ کەس بوونە پەنابەر."

ڕەنگە ڕاپۆرتی پایك سەبارەت بە ئەگەر و لوانی ڕێككەوتن زۆری تێهەڵێنابێ, بەڵام دەس پێکردنەوەی شەڕ لە ١٩٧٢دا بێگومان ناوچەیەکی بەربڵاوی کوردستانی ئێراقی تاپۆ کرد و خەسارێکی گەورەی لە ناسیۆنالیزمی کورد دا. ئەوەی لەم نێوەدا بە ڕوونی خۆی دەنواند شادی و بەدەماخی شا بوو لە ١٩٧٥دا. لە گەڕانەوەی ئەلجەزیرەیدا کەیفساز بوونی تێکەڵ بە بێهەستییەکی لەم فەرتەنەبازییە

ماکیاولیییانەی لەسەر حیسێبی بارزانی کردبووی سنووری نەدەناسی. عەلـەم، وەزیـری دەربـاری ئێـران، باسـی ئـەم کـەیف قنجییـەی شـا دەکـا کـە پێیگـوت: "سـەفەری ئەلـجەزیرەی یەکێك لـە سەرکەوتووترین، سـەرکەوتەکانی ژیـانی بـووە. شـا هەسـتی دەکرد کە "دوو کۆسپی بە میراتبردەی زەمانی بـاوکی" چارەسـەر کـردووە. یـەکیان سەرشۆڕی و سووکایەتی سەبارەت بە داسەپان و قبوولّی دەستووراتی شەریکەی نەوتی ئینگلیس و ئێران[1] و ئەوی تر چەسپینی دەسەلاتی ئێراق بەسەر یەکاویعارەباندا. کاتێك سەبارەت بە چارەنووسی کوردان پرسیاری لـێکرا بێ ئەوەی خـۆ شـلوێ کـا وڵامـی داوە کە هەر لـە سەرەتاوە خودموختارییەکەیان شتێکی قالۆر و لـەخۆوە بووە. بەلاّم ئەم شایەی کەوا بە زەبروزەنگ قسەی دەکـرد هێـشتاش بـارزانی بـۆ هـەوێلّی خـۆی ڕێ نەدابوو و بە بڕوای عەلـەم وا دیار بوو کە نیگەران و بێشك تـۆزێکیش نارەحەتـە کـە لـەگەلّ ئەم پیاوە بەرەوڕووبێ. شا بە ڕاوێژێکی وا کە بیهەوێ پاکانە بۆ کـردەی خـۆی بکا بە عەلـەمی گوت کە کوردان لێکدالێکدا تێكشکاون و "بە بێ یارمەتی و پشتیوانی ئێمە نەیاندەتوانی دە ڕۆژانیش لە بەرامبەر ئێراقییەکاندا خـۆ ڕابگـرن." لـەسـەر زمـانی سەددام حوسێنەوە کە لە ئەلـجەزیرە پێی لـێ نـابوو گێڕایـەوە: "چـەند جـاران تـەنیا هۆکـارێکی کـە ئێراقییـەکانی لـە سـەرکەوتنی تـەواو گێڕاوەتـەوە هەنتەشـی تیـپ و تۆپخانەکانی ئێمە بووە." عەلـەم دەنووسێ کە لـە **١٩٧١**دا تەنیا خۆتێوەردانی شـا بـوو کە نەیهێشت بارزانی ڕەزامەندی خۆی سەبارەت بە پێشنیارەکانی ئێـراق دەربـڕی کـە داخوازەکانی کوردانی سەلـماندبوو. "هەر دوو لا دەیانزانی کە ئێراق تەمای وا نیە ڕێز بۆ قەول و بەلّێنەکانی دابنێ." عەلـەم لـە بیرەوەرییەکانیدا دەگێڕێتەوە کـە شـا گـوتی: "زیاتر فەرتەنەیەکی پووچ بوو هەتا وادە و بەلّێنییەك."

جا ئەم ڕەوت و ڕووداوە چ فێلّ و فەرتەنە بوو بێ یان نا، کوردان بە بێ ئاگـاداری و وریا کرانەوەی پێشوو لـە شەوی شەشی مارسا بە ڕێككەوتنی ئەلـجەزیرەیان زانـی:

١- سەیرە!

لە میوانخانەی ساواك، کە بارزانی لە وێندەرێ ڕۆدەنیشت, خەریك بوون گوێیان دەدایە هەواڵە عەرەبی و فارسییەکانی بی‌بی‌سی. (بارزانی و موحسین دزەیی و دوکتۆر مەحموود عوسمان بێ نێوبڕ گوێیان دەدایە هەواڵەکانی بی‌بی‌سی.) دزەیی گوتی: "ئیتر کارمان کرا." دوکتۆر مەحموود عوسمان هەواڵەکەی وەك "کایەیەکی دیپلۆماتیك" لە ئەستۆی خۆی دارنی. بارزانی ژاکابوو بەڵام هیچی نەگوت. هەر ئەو شەوە تەلەفیزیۆنی ئێران "شا"ی لە کاتی دابەزینی لە فڕگە نیشان دا. شا شەکەت بەڵام بە دەماخ بوو و تەنیا سەرۆکی ستادی هاوبەشی دواند. دزەیی دەڵێ: "گوێمان لە قسەکانی نەبوو, بەڵام دیمان. من گوتم لام وایە باسی ئێمەیە." دیسان دوکتۆر مەحموود عوسمان نەیسەلماند و دیسانیش بارزانی متەقی نەکرد.

بۆ سبەینی پاش بەرچایی خواردن نوێنەری کوردان لە تاران بە خۆی و کۆڵێك هەواڵی تاڵوتوونەوە کە سەری‌شەو ئیدریس لە کوردستانی ئێراقەوە هەناردبووی سەروسۆراغی پەیدابوو: بە گوێرەی هەواڵەکە تیپەکانی ئێرانی بە خۆیان و تۆپخانە و چەکوچۆڵ و کەلوپەلەوە بە بێدەنگی ئاودیوی سنوور بوونەوە و گەڕاونەوە ئێران و هاوکات هێزەکانی ئێراقی هێرشێکی گەورەیان دەس پێکردووە. دزەیی بە دوکتۆر عوسمانی گوت: "دوێشەو پێم گوتن کە وتەکان سەبارەت بە ئێمە بوون." سەرلەشکر عەبدولعەلی مەنسوورپوور کە خۆی لە کوردانی ئێران و ئەفسەری بارگای سەرۆکی ساواك، نەسیری بوو, بە تووڕەیی هەر چەشنە خەیانەتێکی وە درۆ خستەوە و داکۆکی کرد کە "شا قەت پشتی ئێوە بەرنادا." دوایە ڕۆیشت و پاش ماوەیەك بە قەڵافەتێکی خەمبارەوە گەڕایەوە و ترس و دڵپەرۆشی کوردانی سەلماند. بارزانی بردە پەنایەك, چەند خولەك دواتر کە ڕۆیی دەگریا. بەڵام پاشان تەلەیفوونی کرد و تکای لێ‌کردن لای کەس باسی گریانەکەی نەکەن.

شا کاری ئامادە کردنی کوردانی بۆ دیداری خۆی و ئەوان خستە ئەستۆی نەسیری. هەر بەڵگە و بۆنەیەکی خووی دڕندانەی شای پەردەپۆش دەکرد, بەجێ بوو. نەسیری پێی‌گوتن ئەم شریتەی ساداتی دووڕوو ناردوویەتە تاران "شا"ی وەها تووڕە کردووە کە ئەم ڕێککەوتنەی مۆر کردووە. نەسیری زیادی کرد کە شا لە لایەن سادات و

ئەمریكایی و دیترانەوە كە دەیانویست بە پێی پێشنیاری سەددام حوسێن بۆ دژایەتی سۆڤیەت و خۆش كردنەوەی نێوانی لەگەڵ ئێران, دەس لە كوردان هەڵبگرێ, گوشاری لەسەر بووە و پشتگیری ئێران بۆ كوردان تەنیا كۆسپی سەرڕێی برانەوە و پسانەوەی سەددام حوسێن بووە لە سۆڤیەت.

دەزەیی دەڵێ: "بارزانی بە ڕادەیەك تووڕە بوو هەر خۆی دەخواردەوە. لە سەرۆكی ساواكی پرسی: "بۆچی پێشتر پێتان نەگوتین؟ چلۆن دەتوانن بڕوا بە سەددام حوسێن بكەن, كە هەر پاش ئەوەی لە كاری شۆڕشی كوردان بۆوە و هێزێكی هاتەوەبەر لە قسەی خۆی پاشگەز نەبێتەوە؟ لەم كارە پەشیمان دەبنەوە." نەسیری گوتی كوردان ئازادن درێژە بە شەڕ بدەن، بەڵام بێ پشتیوانی ئێران و ئەگەریش بخوازن بنە پەنابەری ئێران وا بە ئامێزی ئاوەڵاوە پێشوازییان لێ دەكرێ. دزەیی بێ سێ و دوو نێردرایەوە كوردستان هەتا بارودۆخەكە هەڵسەنگێنێ. ئەو پاشان لە بارزانی ڕاسپارد كە ڕێبەرانی پارتی دێموكراتی كوردستان و سەركردەكانی پێشمەرگە ئەگەرچی زۆر پەشێو و سەرشكستەن بەڵام دەخوازن درێژە بە خەبات بدەن. شا لە ئەلجەزیرە چەند بەڵێنی نەهێنی تریشی دابوو بە سەددام حوسێن، بەڵام وا دیارە وای بە باش زانی وردە وردە بە گوێی كوردانی هەڵێنێ.

شا دیداری لەگەڵ بارزانی هەتا ١١ی مارس وە دوا دا, بە باوەڕی هێندێك لە كوردان بۆیە وای كرد كە تاڵی و سووكایەتی ئەم ڕۆژە كە ڕێكەوتی هەیە لەگەڵ ڕۆژی مۆر كردنی ڕێكەوتننامەی خودموختاری، كە گوێیان بۆ نارەزامەندی ئەو كاتی [شا] كلۆر نەكردبوو, زیاتر كا. چاوپێكەوتنی كۆشكی نیاوەران وێنەیەكی بەرچاوی فڕڵداغی بوو، كە بارزانی لە ژێر پەردەی ڕووكاری ئەوا — سەبارەت بە داسەپینی وەها پەستی و سووكایەتییەك بەسەر كوردانا — شێوەیەك ڕەزامەندی و ئۆخژنی هاتە بەرچاوان. شا گوتی كە كوردان نابێ لە خۆیان واوەتر بەسەر كەس بڕۆن و سەركۆنەی كەس بكەن؛ هەر ساڵێك دوای دەس پێكردنەوەی شەڕ ئەوان نەك نەیانتوانیوە حكوومەتی سەددام بڕووخێنن، بەڵكوو ئەوەندەشیان پاشەكشە كردووە كە

ئێران بە ناچاری هێزی زیاتری بردۆتە مەیدان و ئەمەش لە خۆیا وەك شەڕێکی ڕاستەوخۆ و بەگەرمە وابووە دژی ئێراق. ئەوجار بە هێندێك ئێروئەوێ و درێژدادڕینەوە کەوتە شوێن ڕیس‌وگوریس هێنانەوەکانی نەسیری و گوتی هاوپەیمانانی ئێستای ئێران تاوانی ڕوو کردنە مەسکەوی ئێراق دەخەنە ئەستۆی ئەو.

بارزانی باسەکەی هێنایەوە سەر ڕەوت و جەغزی ئەخلاق و گوتی: "ئێمە دەستمان نایە دەستی ئێوەوە. ئێمە چاوەڕوانیمان نەدەکرد کە دەستمان بپەڕێ." دوکتۆر مەحموود عوسمان پرسی: "ئێمە کە متمانەمان بە ئێران کرد، ئێستە چ جوابی خەڵکەکەمان بدەینەوە؟" شا غەزری و کوردانی سەبارەت بە زۆربڵەیی سەرکۆنە کرد. دزەیی وە بیری هێنایەوە کە کوردان ئەزموونێکی زۆریان لەسەر سەددام حوسێن هەیە و دەزانن کە "بەڵێنیی خۆی ناباتە سەر و کاتێك هێزی گرتەوە خەیانەتوو پێدەکا." ئەو بە ئاماژە بەم سەردەمانەی کە خۆی باڵوێزی ئێراق بووە زیادی کرد: "من دەزانم؛ بۆ ئەم مەبەستە بەڵگە ڕەسمییەکانی ئێراقم لە بابەت کەنداوی فارس و خووزستانا دیوە کە "ئێردانتیسم"[1] لە نێو کەمینەی عەرەب‌زمانا پەرە و دنە دەدرێ."

شا دووپاتی کردەوە کە کوردان دەتوانن درێژە بە شەڕ بدەن, بەڵام بە بێ پاڵپشتی ئەو و ئێران تەنانەت ئەو پەنابەرانەش کە بیانهەوێ دواتر یانی پاش تێپەڕبوونی دوو حەوتووی مەودای ئاگربڕەکەی وا سەرەتای ئاوریل تەواو دەبێ بگەڕێنەوە ئێراق بەگەرمە ڕێیان بۆ خۆش دەکا. (هەڵبەت ئێراق هەر خێرایەکی ئەم بەڵێنەشی بردەوە پاش.) بەڵام ئەو جۆرەی کە عەلەم دەنووسێ, شا لە سەرکۆنەی دەرەکی سەبارەت بە کردەوەی لەگەڵ کوردان نارەحەت بوو. گوتی: "کۆمەڵانی جیهانی ئێمە بە خەیانەت کردن بە کوردان تاوانبار دەکەن." بەڵام "بە هەر حاڵ ڕەنگە کوردستانێکی سەربەخۆش قازانجێکی ئەوتۆی بۆ ئێمە نەبوایە." لە ٢٠ی مارسا عەلەم لەم دەرد و

---

١ – Irredentism: لە بناغەوە یانی گێڕانەوەی تەواوی ئەم شوێنانەی بە ئیتالیایی قسە دەکەن بۆ سەر ئیتالیا. (لێرەدا گێڕانەوەی هەرێمە عەرەب زمانەکانە بۆ وڵاتانی عەرەبی.)

مەرەدەی ئاوقای دەیان هەزار پەناخوازی کورد ببۆوە هەڵچزی؛ ئەو لەم بارەدا ئاماژە دەکاتە داخوازەکانی بارزانی بە مەبەستی دەرفەتی زیاتر بۆ پەڕینەوەی بنەماڵەکانی پێشمەرگە لە سنوور؛ پەناخوازیی تەنیا تایبەت درابوو بە پێشمەرگان، بەم هیوایە کە ئێراق کاری بە ژن و زارۆکان نابێ. عەلەم دەنووسێ: "من وڵامم داوە ئەگەرچی ڕەنگە ئەم وتەیەی ئێراق وا بێ, بەڵام سەختە کوردان بڕوا بەم بەڵێنە بکەن یان ژن و زارۆکان بەرەڵڵا کەن." تەنیا هەڵوێستی شا ئەمە بوو کە پێشنیار بکا کومیتەی خاچی سووری جیهانی باڵی بەسەر ئەم بنەماڵە ئاوارانە بکێشێ. وا دیارە ئەمە تەنیا دەسکەوتی هەوڵ و تێکۆشانی واشینگتۆن بوو لە بەرامبەر پاڕانەوەکانی بارزانیدا.

بارزانی لە ١٢ی مارسا گەڕایەوە حاجی ئۆمەران لەسەر سنووری ئێران و ئێراق؛ باس لەسەر سەرکردایەتی پێشمەرگە هەتا شەودرەنگانێ درێژەی کێشا و ڕۆژی دواتریشی وەبەر دا. وتەکانی بارزانی بە شێوەی گشتیی و لە بواری سەلماندنی گوتەی کەسانێدا بوو کە – ئەگەرچی بە هێزێکی کەمەوە – خوازیاری درێژەی خەبات بوون. پاشان سەرلەشکر مەنسوورپوور گەیشتێ، کە شا ناردبووی و هەواڵی ناخۆشتری پێبوون: شا ئێستا وە بیری هێنابۆوە کە لە ئەلجەزیرە بەڵێنی داوە بە سەددام حوسێن کە چاوپۆشی لە درێژەدانی شەڕی کوردان نەکا و بۆجێبەجێ بوونی ئەم وادەیە ئیزنی داوە کە ئێراقییەکان سنوور بپەڕێنن و هێزەکانیان بێننە خاکی ئێرانەوە؛ ماوەی ئاگربڕی ڕەسمی – کە مەبەستێکی خەیاڵی بوو – نوێ ناکرێتەوە، کە تەنیا دەرفەتی ئەوەندە بدا کوردەکانی بادینان لە سووچی ئەوسەری باکووری ڕۆژهەڵاتی ئێراق هەر بە پێیان ئەم ڕێگا دوور و درێژە هەتا خاکی ئێران ببڕن. مەنسوورپوور گوتی: "دەتوانن خۆتان یا تەسلیمی ئێراق بکەن یان ئێمە. چارەیەکی ترتان نیە."

بارزانی کە بەم شێوەیە چۆڵەپێچ‌کراو و تەواو ناهومێد بوو بە تەلگراف پێشنیاری وتوویژی دایە دەوڵەتی ئێراق. بەغدا هەر ئەو شەوە ئەم پێشنیارەی سەرلەبەر بردەوە پاش. بارزانی هەر ئەو شەوە کە دەستەیەك مافناس بۆ بیستنی وتەکانی کۆببوونەوە, پاش پێداهاتنەوە بە سەربوردەی خەباتی خۆی و ئەم خەیانەتانەی پێیکرابوون و بۆنی

مالاواییان لـێدەهات، لەپڕ فەرمانی بڕانەوەی خەباتی دا. بۆ گرتنی ئەم تەمایـە, جگـە لە بنەماڵەی خۆی و "مەکۆی [تایبەتی] نێوخۆی" پرسی بە کەس نەکرد. ئاشکرایە کـە هیچ پرس و ڕاوێژێکی بە کومیتـەی ناوەنـدی و دەفتـەری سیاسـی پـارتی دێمـوکراتی کوردستان نەکرد. بارزانی گوتی کە زەرەدی شەڕڕاوەستان کەمترە لە درێـژەی شـەڕ؛ هەرکـەس پێیخۆشـە بـڕوا, دەتوانـێ بـڕوا. کـوردان تکایـان لـێکرد، لەبـەر ئـەم هەلومەرجەی تێیکەوتبوو – بە سەرنجدانـە تەمـەنی زۆری – هـەڤگرتنیان نوانـد و لەبەری پاڕانەوە و داوایان لـێکرد: "ئیزن بدەن یەکێك لە کوڕەکانت درێژەی خەبات وە ئەستۆ بگرێ." ڕۆژی دواتر کادرە باڵادەستەکانی بنکەی سەرکردایەتی دەیانگوت و دەیانگوتەوە: "شۆڕش تەواو بوو!"

ئەم تەما بە ڕواڵـەت لەپڕەی بـارزانی هـەتا ئـەمڕۆش هـەر بۆتـە هـۆی تـووڕەیی و بێزرانی خەڵك و شێواوی شۆڕشی کورد و لـێڵ بـوونی بیـچم و ڕوخـساری بـارزانی. زۆربەی ئەم خەڵکەی ئاگـاداری بـوار و بەسـتێنی ڕەوتـی ڕووداوەکـان نـەبوون، ئـەم تەمایەیان چەشنی برووسکەیەکی ئاسـمانی ساو هاتە بەرچـاو. بـۆ پـەژیوان کردنـەوەی لەم تەمایە هەوڵی تریش درا. بەڵام "بێسـوود بـوو." سـامی عەبدوڕڕەحـمان دەڵـێ: "ئەوەی بزانن کە بارزانی ئەوان سەردەمان نیمچە خوایەك بوو. من لام وایە چما خـۆی جحێڵتـر و بنەماڵـەکەی هـەژارتر بوایـەن درێـژەی بـە شـەڕ دەدا. بـەڵام پـیر ببـوو و ئێرانییەکان بە میلیۆنانیان پووڵ وێـدابوو."[1] ئـەم پـشتیوانییەی ئـەمریکا کـە "مـەکۆی [تایبەتی] نێوخۆی" ئاماژەیان پێدەکرد سەروسۆراغی دیار نـەبوو. ڕۆژ بـە ڕۆژ هەسـتی شڵـەژان و "خەیانەت" و بێبڕوایی پتر سەبارەت بە هێزی و نـەفامی تـاقمی ڕێبەرایـەتی کوردان لای خەڵکەکەیان – لە هەر تاقم و چینێك – تەشەنەی دەکرد. سپای پەنــجا هەزارکەسی پێـشمەرگەی بـارزانی لـە مـاوەی دوو حـەتوودا دەسـتووری ڕێبەرایـەتی جێبەجێ کرد و شوێنەواری بڕا. تەنانەت کەسـێکی وەك دزەییـش کـە سەرسـپێراوی

١– ڕەخنەگران لایان وایە کە بارزانی بە خۆی و ٧٠ میلیۆن دۆلارەوە کوردستانی بەجێهێشت.

بارزانی بوو ئەو دەمی پێی وابوو: "ئەم ڕووداوە بارزانی وردوپرد دەکا." دیتران ئەوەندەیان خۆش نەدەویست. یەکێك لە کادرە کۆنەکارەکان دەیگوت: "ئەگەر بارزانی ماباوە و سەرکردایەتی شەڕی کردبا یان خۆی کوشتبا، هەتا هەتایە دەبوو بە قارەمانێك و هیچ‌کەس نەیدەوێرا بە خراپەی باس بکا."

بەر لەوەی کە بارزانی بۆ دوایین جار لە سنوور وەپەڕێ و لەسەر ڕوخساری پیاوێکی ژاکاوی شکاوەی نەخۆشا بێتە ئێران، زووخاوی کۆوەبووی دڵ و دەروونان سەبارەت بە شێوەی ڕێبەرایەتییەکەی کەلاوی کرد: بە خراپە باس کرانی هەموو شتێکی دەگرتەوە، لە سەرنجی تایبەتی بۆ سەر عێل و بنەماڵەکەی خۆیڕا بگرە هەتا دەگەیشتە ئۆگریی سەبارەت بە ڕازداری و نەهێنیکاری، ملهوڕی و زۆرکاری, بڕوا و متمانەی بێ‌جێی بە هاوبەندانی دەرەکی. لەناکاو خەڵکی ئاسایی تێگەیشتن کە وەی هاوار, ڕێبەرەکەیان تا چ ڕادەیەك پیاوێکی کاڵ و نەکوڵیو و خۆبە زلزان و بیرتەسك بووە کە چارەنووسی جووڵانەوەیەکی ڕزگاریدەری نەتەوەیی ئەسپاردەی فرت‌وفێڵی شا کردووە, ئەو کەسەی وا زۆر جار و کەڕەتان فریویان لێ دیبوو و یان دڵبەستەی تراویلکەی پشتوانیی کەڵەهێزێك بوو کە پێشینەی دوژمنایەتی لەگەڵ ئاوات و ئامانجەکانی خەڵکی کورد وەکوو ڕۆژ ڕوون بوو. تالایی ئەم سووکایەتییە لە سەردەمێکا کە هێشتا قورسایی باری بیر و بڕوای چەپی بە کۆڵەوە بوو، زۆر زیاتر لە ڕادەی ڕاستەقینە هەستی پێدەکرا. ئابڕووی ئەمریکا لەبەر شکانی لە ویێتناما بە توندی زەبری وێکەوتبوو و کوردان بەم بارەدا خۆیان بە کەترەخەم دەبینی کە نەیانتوانیوە بیرورای گشتیی خەڵکی جیهان بۆ لای خۆیان ڕابکێشن و هەلیان بۆ ئازاردەرانیان ڕەخساندووە کە لەژێر داڵدەی "ئۆردووگای سووسیالیستی" و هێزە پێشکەوتن‌خوازەکانا بسرەوێن و پەنا بگرن. هێندێکیش لایان وابوو کە گیروگرفتی بارزانی خەتای پشتیوانانی خۆپارێزی نەبوو, بەڵکوو دەگەڕاوە سەر ناوبانگی "مەلای‌سوور"ی کە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی بریتانیا پاش مانەوەی دوور و درێژی لە یەکێتی سۆڤیەت خستبوویانە دووی.

کوردان ئێستا لەوپەڕی ترس و تۆقینا تێگەیشتن بێتوو بیانەوێ خۆیان بە تەنیایی دەس بدەنە شەڕێکی پارتیزانی درێژخایەن، چەك و جبەخانەی پێویستیان نیە. شکستی نیزامیی بۆ ئەم خەڵکە چیانشینە شەڕکەر و غللووره لەمەش بە ژانتر بوو. کوردان بە تۆپخانەی شاوە شەتەك درابوون و شا ئێستا لەپڕ پشتی بەردابوون. بارزانی بە خاتری پێخۆش بوونی شا ڕێبەرانی کوردانی ئێرانی پەناگرتووی کوردستانی ئێراقی بە قۆڵبەست کراوی وێدابۆوە. "شۆڕشی کورد" لە ماوەی دووحەوتواندا زۆر بە سانی دەستی لێك بەردا و لێكبڵاو بوو! یەکێك لە مێژوونووسانی کورد لەم بابەتەوە گلەیی دەکا و دەڵێ: "من وێنە و نموونەیەکی دیکەم لە نێو جووڵانەوەی گەلیدا پێشك نایە کە بەم شێوە تاڵ و بەزەییبزوێنە و تەنیا پاش دەستوورێکی ڕێبەرایەتی کۆتایی پێهاتبێ, ئەویش لە کاتێکا خەڵك هێشتاش تەماداری شەڕ بوون و ئامرازی ئەم کارەشیان بە دەستەوە بوو." کوردان لە ڕووی نەزانییەوە لەبری ئەوەی خەریکی کشتوکاڵ بن، تەنانەت بۆ خۆراکیش خۆیان بە خورد و خۆراکێکەوە گرێ دابوو کە ئێران بە "لۆری"یان بۆی دەناردن. بەڵێ ئاوها بوون دۆزی گشتیی ئەم باسانەی کە لە کوردستانی ئێراقا خولیان دەدا و جووڵانەوەی نەتەوەیی کوردی دیسانیش لاوازتر دەکرد. هەرچۆنێك بێ ئەم مەبەستانە ئەمڕۆش بە شێوەیەك هەر دمەتەقەیان لەسەرە. وەك هەمیشە دەوڵەتانی دراوسێ کەیفیان سازبوو.

لەو کاتەدا زۆربەی کوردەکانی ئێراق سەریان بۆ فەرمانی بارزانی نەوی کرد، جا ئەگەر لەبەر ئەمەش بووبێ کە لەو ترس و سەرشێواوییەدا ڕێیەکی تریان وەبەر چاوان نەهاتبێ. چ پێمانخۆش بێ و چ پێماناخۆش بێ ئەم وتەیەی شا ڕاست بوو کە دەیگوت: "ئێران تەنیا پەنجەرەی کوردانە بەرەو دنیای دەرەوە" و ئێستا شا ئەم پەنجەرەیەی گاڵە دەدا. تاقمێك لە پێشمەرگەکان سەریان وەبەر باری ئەم فەرمانە نەهێنا و درێژەیان بە شەڕ دا, دەستەیەك خۆیان کوشت. هێندێکیشیان بەر لەوەی بە پێیان لەم سەهۆڵبەندانەدا ڕێی قوڕ و زەلەقی کوێستانان بگرنە بەر هەتا ئاودیوی سنووری ئێران بن و بچنە ڕیزی ئەو ٢٥٠٠٠٠ پەنابەرەی لەو وڵاتەدا پەنادرابوون, کەلوپەلی ماڵیان

وردوپرد کرد و ماڵەکانیان ئاگر دا. ئەمە پاشەکشەیەکی ڕێکوپێك بوو؛ دەیان هەزار کەس لەم خەڵکەی زۆربەیان پێخواس بوون و جگە لە جلوبەرگێکی ناسکی پەمۆ و پەلاستیێك چیان لەبەردانەبوو کەوتنە ڕێ ... وە هەر حاڵ هەرچییەك بوو پاشەکشە بوو. تورکیا هەر بەم بیانووە کۆنە کە جگە لە ئورووپاییەیان پەناخوازانی تر وەرناگرێ، سنوورەکانی بە ڕووی کورداندا نەکردەوە.

بارزانی زۆر جاران هەوڵی دا پشتگیری ئەمریکا و ئێران بۆ درێژ کردنەوەی ئاوربەس ڕابکێشێ هەتا ئەو پێشمەرگانەی بنکەیان دوورتر بوو بتوانن لەگەڵ بنەماڵەکانیان بگەنە پەناخوازان و لە تۆڵە و زەبروزەنگی مسۆگەری سەددام قوتار بن، بەڵام چ ئاکامێکی لەم هەوڵ و تێکۆشانانە وە دەس نەهێنا. تەنیا کارێکی کە توانی بیکا ئەمە بوو کە ئوتۆمبیلێکی بۆ هێنانی عیسا سوار, سەرکردەی کۆنەکاری پێشمەرگەکانی بادینان و بنەماڵەکەی هەنارد. بەڵام هەر کە پێشمەرگەکانی زانیان دەیەوێ بەجێیان بێڵێ بە تۆڵەی ئەم کردەوەیە کوشتیان: ئەم پێشمەرگانە زۆر چاك دەیانزانی کە لە گەڕیانی تۆڵە ئەستاندنەوەی سەددامدا تووشی چ چارەنووسێك دێن. لە ڕاستیشدا هەزاران کورد کە زۆربەشیان غەیرە نیزامی بوون, لەم گێرە و کێشەدا گیانیان لە دەس دا و دەیان هەزارکەس ڕادرانە ئێران.

زۆربەی هەرە زۆری ئەم خەڵکە کە بێهوودە بوونی درێژەی خەباتی چەکدارییان لێ سوور ببۆوە بە زوویی کەلکیان لەم لێخۆش بوونە گشتییە وەرگرت و لە ماوەی چەند مانگاندا گەڕانەوە ئێراق. تاقمێکی تریش ئێرانییەکان ئیزنی سنوور بەزاندنیان نەدان. پاشان بەغدا بۆ بەڕێوەبردنی بەشێك لەم هەڵوێست و سیاسەتەی کە کوردانی بە ناوی ئەم دوژمنانەی کە قەت چاك نابن، وەسپ دەکرد، دەستی دایە خاشەکێشانی کوردان. ئەم ١٢٠٠٠٠ تا ٣٠٠٠٠٠ کوردەی بە گوێرەی لێخۆش بوونی گشتیی لە ئێرانەوە گەڕابونەوە, بەرەو ناوەند و باشووری ئێراق دووری خستنەوە و بۆ ماوەی نزیك ساڵێك لەوێی ڕاگرتن. شۆڕشگێڕان, بەتایبەت خوێندکاران

و مامۆستایانی قوتابخانە بۆ تۆڵە ئەستاندنەوە هەڵبژێران یام خرانە زینـدان یـان پاشی ئەشکەنجە و ئازار ئیعدام کران.

ماوەیەك دواتر بۆ دابڕینی پەیوەندی کوردەکانی ئێراق لەگەڵ هاوڕەگەزانی دراوسێیان پشتێندەیەکی هێمنایەتی بە قووڵایی پێنج تا پازدە میل و بە درێژایی نزیك شەشسەت میل شانبەشانی سنوورەکانی خۆی لەگەڵ ئێران و تورکیا و سووریا دابڕی. نیزیك ١٥٠٠ گوندی نێو ئەم جەغزەی بە دینامیت خاپوور کرد و بە بۆلدزێر تێکیهەڵشێلان، باخ و ڕەزی هەڵکەندن و کانی و چاڵاوەکانی بە سمیت دارشتن و کوێری کردنەوە. ٧٥٠٠٠٠ کەسی دانیشتووی ئەم گوندانەی کۆ کردەوە و لە تاراوگەی ئۆردووگای تازەسازی "شارۆچکانی سەرکەوتن"ی پەستاوتن. ئەم ئۆردووگایانە بۆ چاوەدێری و ئاگاداری لێکرانی سادە و ساکار لە نیزیك بنکەی ژاندرمە و سپا هەڵخرابوون. عەرەبی دنە دان کە ملك و ماشی کوردان بە ناوی هەڵوێستی درێژخایەنی حیزبی بەعس داگیر بکەن. ئەم هەڵوێستە درێژخایەنە کوردانی لە ناوچەکانی سنووریی و مەزرای بەرێژەوی وڵات و هەروەها لە کەرکوك و تەواوی ناوچە نەوتییەکانی قڕ لەسەر هەڵکەند. ئەمانە تۆوێك بوون کە چێندران و بە "تۆوبڕکردنی فەرهەنگی" ناوبانگی دەرکرد؛ یانی بنبڕ کردنی پێداپێدای ژیانی گوندەکی خەڵکی کورد, کە جەرگ و هەناوی کۆمەڵی کۆنی کوردان بوو. لە کلکەی پاییزی ساڵی ١٩٧٥دا کورتە ڕاپۆرتێك لەم گەلەڕاپۆرتە دوور و درێژانەی لە بواری پێشێل کرانی مافی مرۆص لە ئێراقا, لەسەر کوردان, لە لایەن "ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی"یەوە بڵاو کرایەوە و لە بەشێکیدا نووسرابوو کە ٣٨٩ کەس ژن و منالی کورد هەر بە تاوانی ئەوەی کە شوویان یا باوکیان کەوتوونە ڕیزی چالاکی پارتیزانی، لە ئێراقا گیراون.

لەگەڵ ئەمەشدا کالاهان، سەرۆکی "سیا"ی تاران پێشنیاری کردبوو کە "کەم و ئەهوەن کردنەوەی کوێرەوەری و دەردی کوردان باشترین کارێکە کە ئەیالەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەبێ بیکا." ئێستا لانیکەم لە بابەتێکی بەرچاوی دیکەوە

نیگەران بوو. لە ئاوریلدا وە بیری هێنابۆوە کە "ئەگەر بێتوو کاربەدەستانی باڵای ئەمریکایی، یانی کەسانێکی وەك کیسینجێر، کارێك نەکەن بۆ یارمەتی کوردان، دەکرێ لێمان سوور بێ کە ئەوانیش بێدەنگ نەبن و حیکایەتەکە بۆ تەواوی خەڵکی دنیا وەگێڕن." بەڵام ساڵگار تێپەڕین هەتا بارزانی لەم بارەوە وە قسە هات و ئەمجار ئەو وەختیش هیچی نەگوت. متەق نەکردنی بارزانی کورد و غەوارانی وەك یەك سەرسوڕماو کرد. لەگەڵ ئەمەشدا ئەم خۆ پاراستن و ئەم بێدەنگییە بۆ کۆنە شۆڕشگێڕێکی کە لە سەردەمانی تاڵوتوونا فێر بووە نابێ داهاتوو بە وتەی عاتفی کە پلە و پایەی لاوازتر دەکا ڕەش هەڵگێڕێ، بێ واتا و مانا نەبوو. دەیزانی کە نابێ هیچ چاوەڕوانییەکی لە شا هەبێ، بەڵام هێشتاش هیوای بە پشتیوانی ئەمریکا هەبوو. چەند حەوتوو پاش ڕێككەوتنەکەی ئەلجەزیرە لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەوانیدا لە مانگی مارس، لە حاجی ئۆمەران، "جیم هۆگلەند"ی ڕۆژنامەوانی کە پێشتریش دەیناسی و سەرەڕای حاشا کردنی لە هەردوو دیدارەکەیدا، بە پێداگرییەوە ئەوی بە یەکێك لە کاربەدەستانی ئەمریکا دەزانی، کێشایە کەنارێك. ئێستا بارزانی لێی خواست کە ڕاسپاردەی وی سەبارەت بە دانی مافی پەنابەری سیاسی بۆ خۆی و پشتیوانی لە خەڵکی کورد بگەیەنێتە دەوڵەتی ئەمریکا.

بارزانی کە لەمێژ ساڵ بوو گیرۆدەی تووتن و پەڕ بوو و گەلێکی جگەرە دەکێشا ئێستا ئێشێکی لە ژێر گرێی قەبەزەی سینەیا هەست پێدەکرد کە دواتر ڕوون بۆوە شێرپەنجەی ڕێخۆڵەیە و پێی ژاکا و قەڵافەتی داتەکی. دەیوست هەم بۆ چارەسەری دەردەکەی و هەم بە مەبەستی خۆپاراستن بچێتە ئەیالەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. لە ڕووی سرنجدانەوە بۆ سەر تاسەی ئێراق بە مەبەستی نواندنی زەبروزەنگ و تۆڵە ئەستاندنەوە کە زۆرجاران سوور بۆوە، بەڵگە و بۆنەی تەواوی بە دەستەوە بوو کە لە گیانی خۆی بترسێ. بارزانی دەیزانی مادامێکی لە تاران وەمێنێ ساواك دەوری دەتەنێ و لە بری ئەو برە یارمەتییەی دەیداتە پەنابەرانی دەمی دەدروێ و تاکی دەکاتەوە. هەر بۆیە کاتی دیمانەی لەگەڵ هۆگلەند و تەواوی هەواڵنێران، بە پارێزەوە و بە

شێوەیەکی گشتیی باسی خەیانەتی کرد. بە دزی پێیگوت کە ئەیالەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەوانی بەرەڵڵا کرد هەتا بەرەورووی شالاوی تۆوبرکران ببنەوە. "ئێران زۆری ئێمە بۆ ئەم کارە دنە دا و بەڵێنی فرەی پێداین و وەفای پێنەکردن. بە ئێمەیان گوت بە هەموو بارێكدا پشتیوانیتان لێدەکەین." پرسیارێکی پڕ گلەیی کە لەم بوارەدا هێنایە گۆڕ زۆر بەجێ بوو: "داخوا خەڵکی کورد جینایەتی وەهایان خۆڵقاندبوو کە تەواوی خەڵکی جیهان لێیان ڕاست بنەوە؟"

ژانی سینگی ئەوەندە پێهەڵاچوو کە لە ژوەنی ۱۹۷۵دا ئیزن درا بۆ چارەسەری بچێتە ئەیالەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. کاربەدەستێکی ساواکیان ڕەگەڵ خست و ئەو لەم بابەتەوە زۆر تووڕە بوو. کاتێکیش لە فڕگەی کێنێدی نیویۆرك کارمەندێکی "سیا" و мووریس دریپێر، سەرۆکی دەفتەری کاروباری ئێراق لە وەزارەتی دەرەوەیدا چاو پێکەوت، هەر نەهاتەوە سەرخۆ. ئەم دوو کەسە بە سواری فڕۆکە هەتا کلینیکی مایۆ، لە "ڕۆچستێر"ی "مینەسووتا" وێڕای بوون. لەوێ ڕوون بۆوە کە شێرپەنجەی ڕیخۆڵەی بارزانی چارەسەر ناکرێ و گوتیان شەش مانگێکی دیکە پتر ناژی. دەیویست یەکڕاست بچێتە واشینگتۆن، ئەو شوێنەی کە وا محەممەد دۆسکی، دیپلۆماتی پێشووی ئێراق، کە دواتر بوو بە نوێنەری بارزانی لە ئەمریکا، سەرنج و بروای باشی سێناتۆر هێنری ئێم. جەکسۆن، سێناتۆر ڕیچارد ئێستۆن و هەروەها جۆرج مێنی، سەرۆکی "یەکێتی کاری ئەمریکا و کۆنگرەی ڕێکخراوە پیشەییەکانی ئەمریکا"ی بۆ لای جوولانەوەی کورد ڕاکێشابوو. بارزانی هیوادار بوو ئەم دۆستانە بتوانن بە بێدەنگیی و لە ژێرەوە دەوری خۆیان بگێڕن و شوێن دابنێن. جارێکیان تەنانەت کەوتە ئەو فکرە کە لە "مێنی" بخوازێ فڕوکەیەکی گچکە بەکرێ بگرێ و "بیرفێنێ" و بیباتە واشینگتۆن، بەڵام فرشتەکانی پاسەوانی پیلانی تریان بە دەستەوە بوو. لە کاتێکا دۆسکی سەری سوڕمابوو کە چلۆنە بارزانی و تاقمۆکەی هاوڕێی نەگەیشتنێ، بارزانی و هاوسەفەرانی لە ئەمریکا دەگەڕان و چووبوونە دیداری لیكتائۆ و کالیفۆڕنیا. ئەم دیدارە مانگێکی کێشا و مەبەست ئەوە بوو کە لەبەر چاوان دوور بێ.

سەرەنجام یەکێك لە یاریدەرانی بارزانی بە بیانوویەك بە دزی لە ماڵە پارێزراوەکە, هەڵکەوتوو لە "مەکلین"ی ویرجینیا, کە بارزانی تێیا ڕاگیرکرابوو و پەیوەندی لەگەڵ دنیای دەرەوە دابڕابوو, دەرکەوت و تەلەفۆنی بۆ دۆسکی کرد. یەکدوو جاران باسی چوونە سویس هاتەگۆڕ کە بە بۆچوونی "مەسعوود"ی کوڕی بارزانی, باشتر لەم "بەند"ە بوو کە لە ئەمریکا بە سەریا سەپابوو. دۆسکی وەهای غوربەتی هەستا کە سەری لە ئاست دەستووری بارزانی بۆ خۆ دزینەوە لە ڕۆژنامەکان، با دا. ئەو لەسەر ئەم تەمایە کە دەوڵەت پێملی کردەوەیەکی باشتر بکا لەگەڵ بارزانی، پێوەندی کرد بە "دانیەل چۆر" لە دەزگای "سیبیاس". چۆر دەیویست کە بارزانی بەرێتە سەر تەلەفیزیۆن هەتا چیرۆکی خەیانەتی ئەمریکا بە کوردان بگێڕێتەوە, بەڵام بارزانی ملی نەدا: ئەو دەیەویست لە ئەیالەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وەمێنێ و لە بارودۆخێکدا نەبوو کە ئەم هەڵومەرجە لەرزۆك و ناسکەی وەك میوانێك بخاتە مەترسی.

هەروەها بارزانی بە دروستی هەستی پێدەکرد کە بە نیزیك بوونەوەی چالاکی هەڵبژاردن دەوڵەتی فۆرد دەیهەوێ بینێرێتەوە ئێران. لە نوامبری **١٩٧٥**دا، دەوا و دەرمانی شەش مانگی داهاتووی بۆ دابین کرا و بە وێ قسێ کە پزیشکانی ئێرانی تای پزیشکانی دەرمانگەی مایو دێنەوە, نێردرایەوە تاران. درپیێر کە وەك زۆر کەسانی تر ڕموودەی بارزانی ببوو و بە دیتنی حاڵوباڵی زۆر پەژار بوو، دروستی بیر کردبۆوە. بۆ یەکەم جار کە کرابووە ڕاسپێراوی پێوەندی لەگەڵ بارزانی پێیان گوتبوو کە لەم بابەتە ورد بێتەوە کە ڕەنگە بیەوێ لە ڕاگەیەنێرەکاندا سەرێشە بۆ دەوڵەت ساز بکا، بەڵام ئەو لەسەر ئەم بڕوایە بوو کە هیچ گرفتێك ساز ناکا و بۆچوونەکەشی وەڕاست گەڕابوو.

خێرایەکی لە جیاتی بارزانی کۆنگرە کاری ڕاگەیشتن بەم ئابرووچوونەی وە ئەستۆ گرت. کاتێکی ئەو لە ئێران بوو "ڕاپۆرتی پایك" تەقێوە و کەوتە لاپەڕەی بلاڤۆکانی ئەمریکا. سەرەڕای ئەوەش بارزانی هەروا متەقی نەکرد. کۆلبی دەڵێ: "ئەگەر پێشتر

کەڵکەڵەی گێڕانەوەی نەقڵ و نەزیلەی سەربوردەی خۆی بوایە, بێ گومان بە شێوەیەك نەماندەهێشت مەبەستەکان لە قاو بدا و چاوەدێری کرانی بارزانی لە ماوەی شەش مانگی مانەوەی لە ئەمریکا هەر لەبەر هەندێ بوو. لە بەهاری ساڵی ١٩٧٦دا ئێمە لە کۆنگرەدا هەتا ملان نوقمی توێژینەوە بووین." ئەم وتەیەی کۆلبی زۆر دواتر درا و وا دیارە ئاماژەیەکە بەم لێکۆڵینەوانەی لە بابەت چالاکییە نەهێنییەکانی "سیا" لە ئانگۆلا و تێشکانی "هیندوچین"ەوە کران. کۆلبی زیادی کرد: "هیچ نەماندەویست لەگەڵ تاوانەکانی سەبارەت بە بارزانیش بەرەورِوو بینەوە. ئەگەرچی سەرێشەیەکی واشی ساز نەدەکرد."

لەگەڵ ئەوشا دەوڵەتی فۆرد لە ساڵێکا کە هەڵبژاردن بەرێوە دەچوو, هیچ نەیدەویست خۆی بداتە دەس هەڵکەوت و ئەگەران. بارزانی کە گیرۆدەی ژان و ئیشێکی بەرەو سەر بوو و لە ژێر کارکردی "شیمی دەرمانی"دا توابۆوە و هەروەها دەوا و دەرمانیشی لێبڕا بوو, کاتێك ویستی بۆ "ئەزموون" و موعایەنەی نوێ بێتەوە ئەیالەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەرەورِووی تەنگەژە بۆوە. دۆسکی بە گوێرەی بەڵگە و بۆنەی پزیشکی داخوازی ویزای بۆ کرد لە دەفتەری جۆزیف سیسکۆ، جێگری وەزارەتی دەرەوە لە کاروباری سیاسیدا, بەڵام بە توورەیی لە کۆڵ خۆیان کردەوە. پاش ماوەیەکی درێژ و خۆ گنخاندنێکی زۆر ئاخرییەکەی یەکێك لە یاریدەدەرانی سیسکۆ رێی دا. پێیگوت چ ناکرێ, چونکە بارزانی بە پەساپۆرتی ئێرانی سەفەر دەکا و تارانیش داخوازەکەی ڕەت کردۆتەوە. دۆسکی بە توورەیی واشینگتۆنی تاوانبار کرد کە کارەکان لە ئەستۆی خۆی دادەڕنێ: "ئێوە بارزانیتان بە باری سیاسیدا کوشت، ئێستا دەتانهەوێ وەکی دی هەر یەکجاری بیگوژن."

ئاخرییەکی دۆسکی توانی وەزارەتی دەرەوە ڕازی بکا ویزا بداتە بارزانی, ئەگەرچی تازە هیچ قازانجێکی بۆی نەبوو, چونکە ئێرانییەکان ئیزنی چوونە دەرەوەی وڵاتیان پێنەدەدا. دۆسکی کە لە سەرەتەقەی وەزارەتی دەرەوە بۆ ئەوەی خۆی لە ژێر شاقەلی شادا حەشاردا وەگیان هاتبوو, هەڕەشەی کرد کە ئیتر ئەمجار ڕەنگە بارزانی نەقڵ و نەزیلەی سەربوردەی بۆ خەڵکی جیهان وەگێڕێ. ئەم هەڕەشەیە وەزارەتی دەرەوەی

وەخۆ هێنایەوە. بە مەبەستی قسە کردن لەسەر هەلومەرجێکی کە قەرار بێ بە گوێرەی ئەو بارزانی لە ئەمریکا وەمێنێ, دۆسکیان بانگهێشتە وەزارەتی دەرەوە و وتیان: بە پێی هەلومەرجی سەردەمانی هەڵبژاردن نابێ چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەوانی بکا و بە پێچەوانەی جاری پێشوو کە سیا خەرجی نەخۆشخانەی دابوو, دەبێ ئەمڕا خۆی بیدا, بەلام ئەیالەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پاسەوانی بۆ دادەنێ. کەچی دۆسکی پێیداگرت کە بارزانی ئازاد بێ و بتوانێ بە بێ چاوەدێر سەفەر بکا و هەرکەسێکی پێیخۆش بوو چاوی پێی بکەوێ.

بەلام کاتێك بارزانی لە ژوەنی ١٩٧٦دا لە فڕگەی کێنێدی نیۆیۆرك دابەزی, کاربەدەستێکی ساواك و درێپێر و کاربەدەستێکی سیا، خۆی و هاوڕێیانیان هەتا دەرمانگەی مایۆ بەڕێ کرد. پاش موعایەنە کرانەوەی لە واشینگتۆن بنەگر بوو. لە هۆتێلەوە گوێزرایەوە ئاپارتمانێك و لەوێشەوە بەر لەوەی کە لە خانووبەرەیەکی "کۆلەداریی" خاوەنی پێنج دیوی خەودا لە "مەکلین" وەمێنێ، هاتە خانوێکی نێو شار. ژانی سینگی جاری وابوو گڕی دەگرت و هەلی وابوو هەندێك ڕۆدەمرکا؛ بۆ دیداری دوکتۆران بە فڕۆکەیەکی تایبەت دەچۆوە "مینە سووتا". زۆربەی شەوان و ڕۆژان لەگەڵ ژانێکی تاقەتپڕووکێن دەستەویەخە بوو, بەلام پیاوانە خۆی لەبەر ئێشەکە ڕادەگرت, تەنیا ڕوخساری هەلۆیانەی بوو کە تەوژمی ژان و ئێشەکەی دەدرکاند.

ئەم غەوارانەی بارزانییان دەناسی بە دیتنی ئەم حاڵە تۆقین ... هۆگلەند کە وێنەی بارزانی لە یەکەم دیداریا لەگەڵی لە نووسینگەی کاری خۆی ڕاگرتووە, چەند جار پێشنیاری هاوڕێیانی بارزانی بۆ دیدار نوێ کردنەوەی بردەوە پاش. گوتی: "ناتوانم غیرەت وەبەر خۆم بێنم کە ئەم هەلۆیە لە قەفەزدا بەدی کەم – بەڕاستی هەستم لێم نەدەگەڕا." حەئیم لە واکۆف، کاربەدەستێکی پێشووی مووساد لە کوردستان, ئەو کاتەی وا بارزانی "لە ماڵەوە دەسبەسەر بوو ویستبووی چاوی پێیبکەوێ, بەلام ئەمریکایییەکان بەریان لێگرت. کابرای ئیسرائیلی دەیگوت بێتوو منی دیبا دەیگوت

"وەرە با پێکەوە بمرین." بارزانی هەروا بە ڕووی خۆشەوە مانەوەی خۆی لە واشینگتۆن قبووڵ دەکرد.

ئەو کە پێیخۆشنەبوو بیسەلمێنی کە لە تاراوگەیە و تەمادار بوو بە شێوەیەك ئەمریکایییەکان بێنێتە سەرڕێگا، زۆر جار بە بانگهێشتنکردنیان دەیەویست پێوەندی لەگەڵ دەوڵەتی ئەمریکا ڕابگرێ. بەڵام گیروگرفتی "زمان" کۆسپێك بوو؛ سەرەڕای هەوڵێکی بوێرانەی کە بە یارمەتی فەرهەنگێکی دوو زمانەی وشان دەیدا، قەت لە بازنەی ڕستە و وتەی زۆر ساکاری وەك: "بەتامە ... سپاسمەندم." وێوەتر نەچوو. لە مەودای ئەم نیوەڕۆکردن و شێو خواردنانەیدا کە لەگەڵ سێناتۆر جەکسۆن و سێناتۆر ئێستۆن و درییێر و ڕۆژنامەوانانێکی وەك جەك ئەندرسۆن و ئێسمیت هەمپێستۆن، پێکەوە بوون زۆر بە سانی دەهاتە ئاخاوتن، بەڵام سەرەڕای تێکۆشان و دنەدانی لێکدالێکدای دۆستەکانی بە مەبەستی تۆمار کردنی بەسەرهاتی لەسەر شریت یا نووسینەوەیان، ملی بۆ ئەم پێشنیارە نەدا. بە بۆچوونی درییێر بارزانی هەر بەڕاستی لای وابوو کە نووسینی بیرەوەری، مەرگی وە پێش دەخا.

وێدەچێ کە خۆ پاراستنی بارزانی لەم بابەتەوە بەجێ بووبێ، چونکە هەوڵێکی دیکەش بە مەبەستی گێڕانەوەی بۆ ئێران درا. لە سەرەتای پایزا، زۆریش وێدەچێ بە پێشنیاری ئەمریکا، شا بە تەلگراف لە بارزانی خواست بگەڕێتەوە تاران. زۆر لەوانەیە ئەم کردەوە پتر بە مەبەستی دڵهێوری دەوڵەتی ئەمریکا بووبێ لە بابەت نیگەرانی سەبارەت بە گڕ و گفی ئاخرین مانگەکانی چالاکیی هەڵبژاردن. بەڵام ئەمجار بارزانی ملی نەدا بۆ گەڕانەوە، دەیزانی کە ئێستا دەتوانێ بە پشتیوانی دۆستانی لە مەجلیسی پیران و جووڵانەوەی کرێکاری پشتئەستوور بێ. بارزانی نەقڵ و نەزیلەی سەیر و سەمەرەی ژیانی خۆی بۆ ئەم ئەمریکایییانەی بە شێوی کوردی میوانی دەکردن دەگێڕایەوە. باسی خەیانەتی لێکدالێکدای ئێران و ئێراق و تورکیا و یەکێتی سۆڤیەت و ئیسرائیل — و ئێستا هی ئەیالەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا — ی بۆ دەکردن، ئەویش لە بارودۆخێکی پڕ ناهومێدی و شەڕوشووڕی ئەوسایدا. درییێر دەیگوت: "وەهابوو

دەتگوت چینییەکان ڕووداوەکانی ڕێپێوانی مەزنیان دەگێڕایەوە." بارزانی زۆر بە ئاشکرا پێی لە هەڵە و بۆچوون و لێکدانەوە چەواشەکانی دەنا. لەگەڵ تەواوی ئەمانەش‌دا سەرپشکایەتییە رامیارییەکانی ئەمریکای لە ڕۆژهەلاتی نێوەڕاستا — وێڕای ئەم ئۆگرییەی سەبارەت بە گێرە و کێشەی عەرەب و ئیسرائیلەوە هەیبوو — بۆ نەدەچوونەوە سەریەك. داخ و کەسەرێکی دریێژ لێی‌هەڵکڕاندبوو، ئاوها بوو:

پاش ئەم گشتە هەڵس‌وکەوتە پیاوێکی بەئەندێش و خۆڕاگر و پتەو بوو ... من زۆری لەگەڵ هەستام و ڕۆنیشتم و دوانم ... بەلام ئەگەر ئەمریکاییەکان ڕەزامەندییان دەرنەبڕیبا، قەت خۆی نەدەدایە پاڵ گەڕیانی ساڵی ١٩٧٢ . ئەو ئێرانیی پێ لە ئێراقییان خراپتر بوون, متمانەشی بە ترکان نەبوو.

بارزانی هەمیشە دووپاتی دەکردەوە کە ئامانجی وە دەس هێنانی "خودموختارییەکی سنووردار" بووە و وەك پارێزەر و ڕاگری زمان و فەرهەنگی کورد باسی دەکرد و بەشێکی عادلانەی داهاتی نەوتیشی دەخستە سەر. دریێژ دەیگوت: "من تەواوی ئەم شتانەم دەنووسییەوە و بە سەرڕاستی دەمکردنە ڕاپۆرت. بەلام بۆ هێنری (کی‌سینجێر) لە قاتی حەوتەمی وەزارەتی دەرەوەدا تەواو ڕوون بوو کە ئەم گەڕیانە تەنیا سەرێشەیەکە." لە ڕاستی‌دا کی‌سینجێر وەها سوور بوو لەسەر ڕاگرتنی نێوان‌خۆشیی لەگەڵ ئێران کە خۆی و شا لە کۆشکی هاوینەی پاشایەتی لە لێواری خەزەر, هەر لەو مانگی ئووتەدا, لە دیمانەیەکی دوور و درێژدا "ڕاپۆرتی پایك"یان بە شتێکی ناچیزە دانا.

فرۆشتنی چەك‌وچۆڵی ئەمریکایی پتری باڵ و برەو دەگرت و شا بە فیزیکەوە دەیگوت: "چما چارەیەکی تریشتان هەیە؟" لە نێوبەندی ئەو قسانەدا کە کی‌سینجێر خۆی پێی‌خۆش بوو چەن‌پاتیان کاتەوە ئەمەشی گوت: "ئەگەر ئەیالەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا یارمەتی دۆستەکانی نەدا, ئەو کات تەنیا ڕێیەکی تر کە دەمێنێتەوە کوشتارێکی ناوکییە و ویێتنام‌گەلێکی تر." وەکی ئەمرۆ بە ڕوونی بۆمان دەردەکەوێ, کی‌سینجێر کوردانی لە ڕیزەی دۆستان دانەناوە. لە بەرامبەردا کوردان خۆیان تالآیی ئەم

مەبەستەیان لا شیرینە کە بە وە بیر هێنانەوەی ناویان دەرهەڵدەبوو و کەفی دەچاند. لە وەزارەتی دەرەوەدا دەنگۆ بوو کە هەرکەس لای کیسینجێر ناوی کوردان بێنێ خۆی تووشی مەترسی وەدەرنان کردووە.

بارزانی بە سەرکەوتنی کارتێر و شکانی فۆرد لە هەڵبژاردنی مانگی نوامبری سەرکۆماریدا و کۆتایی هاتنی ئیشی کیسینجێر کەیف سازبوو. لەگەڵ ئەم گرینگایەتییەی کارتێر لە ڕێكخستنی سیاسەتی دەرەوەیدا بۆ "مافی مرۆڤ"ی دانابوو، هیوای بارزانی بۆ وەبەرچاو گرتنی هەڵوێست و سیاسەتێکی ئەهوەنتر سەبارەت بە کوردەکانی ئێراق، گەشایەوە، بەڵام ئەم هیوایە خێرایەکی بەسەر هیوابڕاویدا کەوت. بۆ دانیشتنێکی تەشریفاتی و خواردنەوەی چایی و دەربڕینی هاودەردی بانگهێشتن کرایە وەزارەتی دەرەوە و هەر لەم دانیشتنەدا پێیان گوت کە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا هیچ ئاڵوگۆڕێکی بەسەردا نایا، جا چ بگا بە دیداری لەتەك سەرکۆماردا. بەڵێ گرینگایەتی شا بۆ ئەم دەوڵەتانەی دوا بە دوای یەکا دەهاتن ئەوەندە زۆر بوو. بارزانی بە دڵپەرۆشی و نابەدڵی سەری وەبەر چارەنووسی هێنا. درپییر دەڵێ: "چەند هاواڵێکی لە مەجلیس پیران و گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا هەبوو، بەڵام قەت نەیتوانی پەیوەندی لەگەڵ بەرێوەبەرانی باڵای دەوڵەت پێكبێنێ. من تەواو دەقودۆغر بە کوردانم گوت کە ئەشتەکی ئاوا ڕوو نادا." بارزانی ئەو دەمانەی غەوارانی دەچوونە دیداری لەوپەڕی بە ئەدەبی و سەنگینی و بە دەماریدا ئەم ناهومێدی و تێماوی و قەڵسییەی دەخواردەوە. لە نێوەڕاستەکانی ژانویەی ١٩٧٩دا ئەو دەمەی کە شای شێرپەنجاوی بازرە کراوی دەستی هێزەکانی شۆڕشگێڕی لە تەلەفیزیۆندا هاتە بەرچاوی بە شادمانی گوتی: "بڕوانە، بڕوانە ئەم کابرا گۆڕینەی ئێمەی فریو دا تووشی چ ڕۆژێك بووە!"

بارزانی ئەو وەختی تیژ بۆخۆی دەتوایەوە. درپییر کە ئیتر نەیدەتوانی ئەم دیمەنە ببینێ و تابشتی نەدێنا پێی لێنا کە "خۆی کەنار دا" و لە باتی خۆی "ماری ئان کیسی" ناردە سەردانی ئەم ڕێبەرە تێشکاوەی زۆری ڕێز بۆ دادەنا. ماری ئان کیسی یەکێك لە بەرپرسانی "دەفتەری کاروباری سەر بە ئێراق" بووە. کاتێك "ماری ئان" گەیشتێ

بارزانی تەواو پشووی سوار بوو, بەڵام چونکە هەستی دەکرد کە ئەمە دوایین هەلێکە وا دەتوانێ تەواوی ئەم دەرد و زووخاوەی لە دڵی دایە بەسەر کاربەدەستێکی ئەمریکاییدا هەڵڕێژێ، ملی نا لە باسی خراپەی ئەیالەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بە دوور و درێژی و هەست و سۆزەوە تەواوی ئەم مەبەستانەی پێشتر خۆی لێپاراستبوون درکاندنی و لە بنی کوولەکەی دا: ئەم بێدادییەی هەستی پێدەکرد، خەیانەتەکان و جێمتمانە نەبوونی ئەمریکا. دۆسکی دەڵێ: "لەگەڵ درێژەی وتەکانی هێزی وەبەرهات, دەتگوت دەیزانی کە تازە دەمرێ." تا ئەمڕۆ کیسی ئەشتەکی لە بابەت ئەم دیدارەوە نەدرکاندووە.

لە دوایین ڕۆژانی فێوریەی **١٩٧٩**دا بارزانی بێ سەروزمان لە نەخۆشخانەی زانکۆی "جۆرج تاون" کەوتبوو. ئەندامانی بنەماڵەی شەو و ڕۆژ بە نۆرە بە سەریەوە بوون. دەیویست لە گوندەکەی خۆی, بارزان, بنێژرێ, کە لەمێژ بوو لە لایەن هێزەکانی تۆڵەئەستێنی ئێراق, کە لێبڕابوون داری لەسەر بەردی نەهێڵن، خاپوور کرابوو. بەڵام ئێراق لەسەر هەوایەك نەبوو کە لەم بابەتەوە خۆ شل و کل کا. شوێنی هەڵبژاردەی دیکەی بۆ نێژرانی "شنۆ" بوو، سی ساڵ پێشتر لە وێندەری شەڕی پاراستنی "کۆماری مەهاباد"ی کردبوو. بەڵام هەرچۆنێك بێ دەیەویست لە کوردستان, لە ئامێزی بنەماڵەکەیدا بنێژرێ. لەمە نەخۆشتر بوو کە بە فڕۆکەی مسافیربەری ئاسایی سەفەر بکا، هەر بۆیە فڕۆکەیەکی تایبەت و تەیاریان بەکرێ گرت، هەتا لە **٢**ی مارسا بیباتەوە تاران. لە **١**ی مارسا بارزانی گوتی دەیەوێ دانیشێ. دۆسکی هەستا هەتا باڵنجێك بێنێ, بەڵام بارزانی گوتی نا، دەیەوێ لەسەر کورسی دابنیشێ. دۆسکی دەڵێ: "سەری کەوتە سەر سینگی، مردبوو."

***

بارزانی سیودوو ساڵ بەر لەو کاتە لە تاران چاوی بە "ئارچی باڵد ڕۆزوێڵت" کەوتبوو: ئەویان کێشابووە تاران هەتا بە تاوانی پارێزگاری لە "کۆماری مەهاباد"ی تازە تێكشکاو تۆڵەی لێ بکەنەوە. بارزانی بەم یەکەم کاربەدەستە ئەمریکاییەی کە

دیداری لەتەکا کرد گوت: "من لە مردن ناترسم. من تەنیا دەربەستی دوو شتم: شەرافەتم و بەڵێنیم." تەنانەت ئەمەشیان پێ ڕەوا نەدی.

داخوازی بارزانی بەڕێوەچوو, لە کوردستان نێژرا، بەڵام ئەم گەڕیانەش ڕووداوێکی تاڵی بە دوادا هات: تابووتەکەیان بە فڕۆکە هێنایەوە تاران و لەوێوەش لە سایەی هاوکاری دەوڵەتی شۆڕشگێڕی ئێران بردیانە ورمێ. لە ڕاستیدا قەرار وابوو کە تەرمی بارزانی بە ڕێورەسمێکی ڕەسمی لە ورمێڕا بە ئوتۆمبیل بەرنە شنۆ. بەڵام لە دوا کاتەکانا کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی پاشگەز بوونەوە و بە گوێرەی هەنگاوی بەپارێز و بوونی نیگەرانی لە بابەت سەرهەڵدانی نێوانناخۆشی لە مابەینی لایەنگرانی بارزانی و زۆرێك لە کوردەکانی ئێران کە ئەویان سەبارەت بە گرتن و کوشتنی ڕێبەرانیان لەبەر دڵی شا نەبەخشیبوو, تەرمەکەیان بە باڵەفڕ بردە شنۆ.

تەرمی بارزانی لە شنۆ لە نێوان ئەم دەهەزار کەسەی لە شوێنە دوورەدەستەکانی وەك سنە لە باشووری کوردستانی ئێران و بادینانی باکووری ڕۆژهەڵاتی ئێراقەوە هاتبوونە بەرێ کردنی، تەسلیم بەخاك کرا. ڕووداوێکی دزێو نەقەوما. لە دەسپێکی ساڵی ١٩٨٠دا مارکسیستە توند و تیژەکانی کورد حورمەتی گڵکۆی ساکاریان ڕانەگرت و تەرمەکەیان فڕاند. بارزانییەکان تەرمەکەیان دۆزییەوە و لە قەڵای سەختی خۆیان لە ڕایان کە کەوتۆتە سەر سنووری ئێران, ناشتیانەوە.[1] لە پایزی ساڵی ١٩٩٣دا تەرمەکەیان بە باڵەفڕ بردەوە سنوور و لە وێوە جەماوەر بە ڕێوبانانەوە بردیانەوە بارزان. لەم کەسانەی وا بە پیرییەوە چووبوون و هێنایانەوە یەکیان جەلال تاڵەبانی بوو کە لە پێشدا قوتابی و مریدی بارزانی بوو و دواتر ببوو بە نەیاری ... یەکێکی تر مەسعوودی کوڕی بوو. ئەویان وەك چۆن خۆی وەسێتی کردبوو لە بارزان ناشت. دووباڵەفڕی شەڕکەری ئێف ١٦ بۆ ڕێز گرتن دووجار بەسەر مەزاریدا فڕین:

١– تەرمەکەیان بردەوە گوندی هەڵەج لە نزیك شارۆچکەی زێوە و نێوانێکی وای لەگەڵ سنووری ئێراق نیە. "وەرگێڕ".

ئەیالەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئاخرییەکەی بایداوەتەوە سەر قەرەبوو کردنەوەی خەیانەتی ساڵی **١٩٧٥**.

ئەمریکاییەکان لە ڕیزەی ئەم گشتە غەوارانە بوون کە لە ڕێی پەڵەدار کردنی شەرەف و بەڵێنی بارزانیدا هەنگاویان نا. ئەیاڵەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەر لە تەمای کیسینجێر لە **١٩٧٢**دا بۆ پشتیوانی کردن لە شا، چارەگە سەدەیەك بوو کە لەگەڵ ڕەوتەکە تێکەڵاو ببوو. زۆر پێشتر، یانی لە **١٩٤٧**دا ئارچی ڕۆزوێڵت ئەوەندەی وریایی و تێگەیشتن ببوو کە ئاوات و ئامانجەکانی نەتەوەیی کۆماری مەهاباد بەرێتەوە سەریەك. زۆربەی چاوەدێران تەنیا سەرنجیان دابووە سەر "دەسپێکی" شەڕی سارد کە لە درێژەی ئەوا مەسکەو لە بەرامبەر شایەکی سەرکەوتووا کە کەوتبووە ژێر باڵی بریتانیا و ئەمریکا، پشتیوانی لە کوردان و ئازەربایجانییان دەکرد. ڕۆزوێڵت پاش بیستنی هەواڵی دەرکرانی حوکمی ئیعدامی سێکەس لە مەزنە ڕێبەرانی کۆماری مەهاباد لە **٢٣**ی ژانویەی ئەو ساڵەدا، جۆرج ئالێن، گەورە باڵوێزی ئەمریکای هەڵپێچا کە لە لای شا تکایان بۆ بکا. بە بڕوای ڕۆزوێڵت "بێتوو ئەمانە لە سێدارە بدرێن نەتەوەخوازانی کورد لە هەموو شوێنێك ئێمە بە شەریکی ئەم تاوانە دەزانن." شا لەرێوە "جۆرج ئالێن"ی ڕێ دا بچتە دیداری و بە بزێکەوە لێی پرسی: "دەترسێی گوللە بارانیان کەم؟ ئەگەر پێتان وایە، خاترجەم بن کە وەها کارێك ناکەم." شا بە شێوەی سەمەرەی ئێرانیی وەفای بە قەولی خۆی کرد, گوللەبارانی نەکردن، لە داری دان.

بەم شێوەیە پێشبینی ڕۆزوێڵت لەمەڕ بێبڕوایی کوردان سەبارەت بە ئەیالەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وردە وردە خۆی نواند. بارزانی لە مەودای دوورخرانەوەی لە واشینگتۆن لە سەر ڕێوشوێنی کۆنباوی خەڵکی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست, پەڕ و پۆی زیاتری وەو مەبەستە خست و بەرەبەرە بە بەکەمگرتنی هەڵەکانی خۆی لە بابەت هەڵسەنگاندنی بارودۆخانەوە, تەواو قورسایی باری تاوانی خستە ئەستۆی غەوارەکانی فێڵەبازی لە بنەوەبڕ. بارزانی لە نامەی ڕێکەوتی **١٩٧٧**ی خۆیا بۆ کارتێر, کە

پوختەی کوێرەوەری و چەوسانەوەکانییەتی نووسی: "دوژمنەکەمان بە لانی سەربازییدا ئێمەی تێکنەشکاند، دۆستەکانمان خاشەی ئێمەیان کێشا." پاشان پرسی: "داخوا گەلێکی مەزنی وەك گەلی ئەیالەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە ڕێوشوێنی بنەڕەتیی و ڕاگەیاندراوی شەرەف و ڕاستی و ئازادی و دیموکراسییە بۆ تەواوی گەلان, دەتوانێ پاش ئەم دەورەی کە لە تێکشکان و تەفروتونا بوونی خەڵکی کوردا گێڕای سەری بەرز کاتەوە؟"

لە چاردە ساڵی دوایی‌دا جگە لە تاقمێك لە کارگێڕانی وەزارەتی دەرەوە و سیا کە ڕاستەوخۆ لەگەڵ کوردان پێوەندییان هەبوو و هەستیان بە ئازاری ویژدانیان دەکرد، ئەم دەوڵەتانەی کە لە ئەمریکا هاتنە سەردەسەڵات وا دیارە هیچ دڵپەرۆشی ئەمە نەبوون کە چ شتێك قەوماوە. واشینگتۆن لە کلکەی شەڕی ئێران و ئێراقا سەبارەت بە کەلك وەرگرتنی ئێراق لە گازی ژاراوی کە لە مارسی ١٩٨٨دا هەزاران مرۆڤی بێدەسەڵات و بێچەکی لە هەڵەبجە کوشت، بچووکترین سزای تۆڵە ئەستاندنەوەی نەخستە سەر ئێراق. هەزاران کەسی تر لە مانگەکانی ئاخری شەڕا بە هۆی کەلك وەرگرتن لە چەکی شیمیایی تێداچوون و دیسانەوە هەزاران ئادەمیزادی دی تەنانەت پاش ئاگربڕی ٢٠ی ئووت کە کۆتایی بە شەڕ هێنا, کوژران. لە فێوریەی ١٩٩١دا سەرۆك بووش کوردانی بە دژی سەددام حوسێن بۆ ڕاپەڕین وەخۆ خست, پاشان لەبەر ئەوەی دەوڵەتەکەی باڵەفڕەکانی ئێراقیی کە لە باکوور تۆوی ترسیان دەپرژاند نەیخستنە خوارەوە و هەرەسیان بە شۆڕش هێنا, هەوڵی دا ڕەوتی ڕووداوەکان تەواو بخاتە پشت گوێ. تەنیا دیمەن و وێنەی تەلەفیزیۆنی کە کوردانی لە کوێستانان نیشان دەدا کەوا خەریك بوون لە سەرمان کەسیرە دەبوون, ناچاری کرد دەس ببزێوێ.

هەر ئەم دیمەنە بوو کە ئاخرییەکەی "کیسینجێر"ی وا لێکرد بە شێوەی خۆی, لەگەڵ بەشێك لە بێباوەڕی کوردان سەبارەت بە ئەیالەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا "پێك بێ." لە ٥ی مانگی مەی ١٩٩١دا بە وەرگرتنی پوولێك وتارێکی بۆ یەکێك لە ڕۆژنامەکان نووسی: "هەرکەسێك ئەم دیمەنە دڵتەزێنانەی لەسەر سنوورەکانی تورکیا

و ئێران دەقەومێن, ببینێ, ناتوانێ بە باشی پێشوازی لەم كردانە نەكا كە ڕەنگە بەری قەومانی كارەساتی نێو كوردان بگرن." ئەو لە ساڵی ١٩٧٥دا بە دیتنی وەها دیمەنگەلێ هەڵنەچۆقیبوو كە ئەم هێندەش بە ئێش و ژان بوون, ئەگەرچی لە لەسەر شاشەی تەلەفیزیۆن بڵاو نەكرابوونەوە. هەروەك لە "ڕاپۆرتی پایك"دا نووسراوە, ئەو كاتی تەنانەت بۆ دابین كردنی یارمەتی مرۆڤدۆستانە بۆ پەنابەرانی كورد هیچ كارێكی نەكرد. كیسینجێر ئێستا بۆ یەكەم جار دەیگوت: "بۆ ئێمە كە لە دەوڵەتا بووین ئەو تەمایە تەمایەكی تاڵ و دڵتەزێن بوو." ئەو كە هەروا پابەندی "سیاسەتی واقعبینانە"ی خۆی بوو، درێژەی دا: "پەندێكی كە دەبێ لەم ڕووداوانە وەرگیرێن دەگەڕێتەوە سەر "بەڵێنی" سەرەتایی, نەك ئاكامی دوایی, ئەیالەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا دەبوو لە هەوەڵەوە دیاری كردبا كە بۆ یارمەتی دانی كوردان دەیەوێ هەتا كوێ بچتە پێش و بەر لە ناردنی هەر یارمەتییەك دەبوو جەغزی ئەم گەڕیانەی بە ڕوونی دیاری كردبا."

لە ئووتی ١٩٩١دا لێژنەیەكی كوردان كە خەریكی دیدار و سەردان بوو لە واشینگتۆن، بوو بە پێشقەدەم و چاوپێكەوتنێكی لەگەڵ كیسینجێر ساز دا. ئەم كردەیە بە ئاشكرا بەم مانایە بوو كە ئەوان لە تاوانی – نەوەك لە لێپرسراوییەكەی – ساڵی ١٩٧٥ی خۆش بوون. یەكێك لە بەشداربوانی ئەم كۆبوونەوەیە بە مەبەستی شیكردنەوەی گەڕیانەكە گوتی: "ئێمە هەر دۆستێكی بتوانین پەیدای كەین نیازمان پێیەتی."

ساڵێك دواتر كاتێك سەرەنجام توانیم ڕەزامەندی كیسینجێر بۆ پێكهێنانی دیمانەیەك بە مەبەستی باس و دوان لە بابەت كوردانەوە وە دەس بێنم, ئەم كارناسەی سیاسەتی دەرەوە كە پتر خۆی لە بزركان و شەمزان دەپارێزێ، بە ئاشكرا هەڵگڕابوو. بێپسانەوە دەربارەی كاتی دیاری كراوی دیدارەكە تەفرەی دەدام و ئاخرییەكەی وەختەكەی وا دانا كە بكەوێتە زەمانی چوونی بۆ فڕگە, بە بیست دەقیقەیەك پێشتر. لە تەواوی مەودای دیدارەكەیدا پەیتاپەیتا چاوی لە كاتژمێرەكەی دەكرد. لەگەڵ ئەمەش

دا وڵامەکانی پڕ بوون لە وتەی لەم چەشنە: "ئەگەر خۆم بە شیاوی سەرکۆنە کردن بزانم" و "لە پێداهاتنەوەدا – وا هەست دەکەم – دەبوو پتر ورد بووبامەوە." و "هەلومەرجم بە وردبینی تەواوەوە هەڵنەسەنگاند و شیم نەکردەوە."

– دەی، دەربارەی کردەوەی شا لەگەڵ کوردان چۆن بیر دەکەنەوە؟

کیسینجێر لە وڵاما گوتی: "وام بیر دەکردەوە کە کایەیەکی دڕاندانە دەکا و کردەوەی لەگەڵیاندا لە ڕادەبەدەر توند و تیژە ..." جا بە ڕاوێژێکی کە بۆنی شەرمەزاری لێوە دەهات بە ڕواڵەتێکی گوناهبارانەوە زیادی کرد: "بەڵام شا – بەر لە مۆرکرانی پەیمانی ئەلجەزیرە – بیروڕای ئێمەی نەپرسی."

داخوا ئەم نامەیەی کە نووسیبووی – و ئێستا لە دەس دۆسکی دایە – و تێیدا دیدارەکەی بارزانی کە دڵپەرۆش بوو و دەیەویست لە ژانویەی ١٩٧٥دا بۆخۆی بە مەبەستی وتوویژ بێتە واشینگتۆن و ئەو هاتنەکەی وە پاش دابوو, لە بیر مابوو؟

وە بیری نەدەهات, بەڵام لای وابوو کە هێنانی ئەم بیرانە بۆ سەر کاغەز و نووسینیان کردەوەیەکی بێپارێزانە بووە، ئەگەر وەهای کردبێ.

ئەو مەبەستەی کە لە "ڕاپۆرتی پایک"دا، لەسەر زمانی ئەوڕا گێڕدرابۆوە کە گوتبووی چالاکی نەهێنی لەگەڵ کاری "لیژنەی میسیۆنێران" جیاوازە, چۆن؟ داخوا ئەمە وتەی ئەوە؟

گوتی ڕەنگە شتێکی ئەوتۆی گوتبێ: "بەڵێ، ڕەنگە گوتبێتم" بەڵام "هەر بەڕاستی ئەشتەکی ئەوهام گوتووە؟"

بە بڕوای ئەو پاش تێپەڕینی ئەم هەمووە ساڵە لە دیداری لەگەڵ کوردان چ شتێك لە هەموان گرینگتر بووە؟

وڵامی داوە: "دەمەویست ڕێوڕاست پێیان بڵێم من کارێکم کرد کە بە ئەرکی خۆمم دەزانی."

بەشی ٧

گەدای کوێر: چلە

بوولێڵی ئەم ئێوارەی ڕۆژی ٢٧ی ئاوریلی ١٩٧٩ لە یانەی هێزە چەکدارەکانی ئیسرائیل، تەنانەت لە مێژووی چالاکی دەزگاکانی زانیاری ڕۆژهەڵاتی‌نێوەڕاستیش‌دا ڕووداوێکی سەمەرە بوو. چەن‌سەد کەسێك بە بانگێشتننامە بۆئەم ڕێ وڕەسمە لێیان گێڕدرا بۆوە: هێندێکیان بریتی بوون لە سەرۆك وەزیر ئیسحاق ڕابین، سەرۆکی پێشوو و ئێستای مووساد، ڕێکخراوی سیخوڕی ئیسرائیل و کارگێڕانی سپا و مووساد و تەواوی ئەوانەی کە لەم چالاکییەدا بەشدار ببوون کە ئیسڕائیل خێرەسەرانە بە چالاکی نەهێنی ناودێر کردبوو؛ ئەگەرچی ئەم چالاکییە خراپترین ڕازێك بوو کە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستا پارێزرا بوو.[1] لەم ڕێوڕەسمەدا کە سێ‌چارەگی درێژە کێشا، وتارەکان

١– یەکەم کاربەدەستی ڕەسمی ئیسڕائیل کە ئاشکرای کرد ئیسڕائیل پووڵ و چەك‌وچۆڵ و فێرکاری ڕاهێنانی لە ئیختیار کوردان ناوە، سەرۆك‌وەزیر مناخم‌بگین بوو. ئەو ئەم مەبەستەی لە ٢٩ی سێپتامبری ١٩٨٠دا ئاشکرا کرد و بەم کردەوەی بالادەستانی "مووساد"ی تووڕە کرد. بۆ سبەی ئەوێ ڕۆژێ بلاڤۆکانی ئیسڕائیل نووسیان کە ژێنێڕاڵ بارزانی لە مەودای ساڵەکانی دەیەی ١٩٦٠ و سەرەتای دەیەی ١٩٧٠دا چەند جاران بە دزی هاتۆتە ئیسڕائیل.

کورت و گەرم وگوڕ و جارجاریش تێکەڵ بە هەست و سۆز بوون. شەپوورەکانی دەستەی موزیکی سپا هەوای بێدەنگییان لێدا, ئاڵای ئەستێرەی داود هەڵدرا و بۆ ڕێزگرتن لە هاوکاروانێکی خزمەتکار داکێشرایەوە سەر دۆخی نیوەهەڵدراو.ئەوەی ئەم ڕێوڕەسمەی تایبەت و تاق دەکردەوە ئەمە بوو کە چل ڕۆژ پاش کۆچی پیاوێک بەڕێوە دەچوو کە ئەم ڕێوڕەسمەی بۆ گیرابوو و ئەمڕۆ چلەی بوو, کە باوێکی ئیسلامییە لە بیرەوەری ڕێز لێنانی مسوڵماناندا.

جا بەڵام ئەم پیاوەی ڕێزی لێگیرابوو مەلامستەفا بارزانی بوو کە لە ماوەدای دە ساڵی قەیرانییدا هاوبەندی ئەم هەوڵانە بوو کە ئیسرائیل بە مەبەستی لاواز کردنی دەوڵەتەکانی ئێراق بەڕێوەی بردبوون. لە نەخۆشخانەی زانکۆی "جۆرج تاون"ی واشینگتۆن کۆچی کردبوو. تەنیا شتێکی هێندێکی لە مەسەلەی دوورخرانەوەی تاڵ و پڕ کوێرەوەری ئەوی لە ئەمریکا کەم کردبۆوە, تۆڵەیەکی بەجێ بوو کە ئاوقای بەرۆکی دەوڵەتدارانێکی بەهێز ببۆوە کە پیلانی ئەم خەیانەتە پڕ شەرمەزارییەیان سەبارەت بە وی – لە مارسی ١٩٧٥ – گەڵاڵە کرد و بەڕێوەیان بردبوو: سەرۆک ڕیچارد نیکسۆن لەسەر ڕیسوایی "واترگێت" لە ١٩٧٤دا دەسی لە کار کێشابۆوە؛ وەزیرە ڕەنگوروو کاڵەوەبووەکەی دەرەوەی, واتە هێنری کیسینجێر, وێڕای تێشکانی سەرۆک جراڵد فۆرد لە هەڵبژاردنی سەرلەنوێی ١٩٧٦دا، لە لووتکەوە بەرەوخوار تلی بوو؛ هەواری بوومیدیەن، ڕێبەری ئەلجەزیرە ڕێکخەری سەودای فرۆتنی کوردان لە لایەن شاوە بە سەددام حوسێن, لە دێسامبری ١٩٧٨دا بە مەرگێکی پێداپێدا و پڕ ژان دەسی لە دنیا بەردابوو و تەنیا شەش حەوتە پاشی ئەو شۆڕشی ئیسلامی ئێران محەممەدڕەزاشای پەهلەوی لە ئێران بەرەو تاراوگە ڕادابوو.

وەك لە ڕێوڕەسمی "چلە"کەوە دەردەکەوت بەشداران گوناهێکیان لە بابەت ئابڕووتکان و تەرتوتونا بوونی بارزانییەوە لە دەروونی خۆیانا هەست پێنەدەکرد، ئەگەرچی زۆریشیان ڕێز بۆ مەلامستەفا و ئامانجەکەی دادەنا؛ هەروەك زۆر دواتر یەکێك لە ئەفسەرانی باڵادەستی مووساد گوتی: "ئەم مەبەستانەی فکریانی بە خۆیەوە خەریك کردبوو بیرەوەرییەکی سادە و ساکار نەبوون." بەڵام لای‌کەم بە بڕاوی ئەم

كەسانە خوارەكەوپێچەكەی دۆستایەتی نێوان ئیسرائیل و كوردەكانی ئێراق بە گشتیی بۆ بیرئالۆزكان و بەخۆداهاتنەوەدا نەدەشیا. بە تێپەڕ بوونی زەمان ئەم ئیسرائیلییانەی كە دەستیان لە كێشەی كوردانا هەبوو بە خۆیان سەلماند كە براب‌را لە خەیانەتی شا و ئەیاڵەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكادا بەشدار نەبوون و دەوریان نەگێڕاوە. ئەمانەش وەك زۆرێك لە كاربەدەستانی دەزگاكانی زانیاری تر كە بە كردەوە لە سەرانسەری دنیادا خەریكی چالاكی زانیاری لەم چەشنەن پێیان باشتر بوو داكۆكی بكەنە سەر لایەنەكانی تروووسكەداری ئەم كارانەی كردوویانە و ئەم دۆستانەی لەم سەرەوسەری دنیادا پەیدایان كردبوون.

لە دوو ساڵی فرە قەیرانیی نێوەڕاستەكانی دەیەی ١٩٦٠دا، یارمەتی ئیسرائیل لە شەڕێكی وا دا كە شتێكی ئەوتۆی لێ نەزانرا بوو گۆیا جووڵانەوەی بارزانی لە تێداچوون ڕزگار كردبوو و بۆ ماوەی دە ساڵان یاریدەی دابین كرانی شوێن و دەسەڵاتی لە باكووری ئێراق دابوو، بە شێوەیەكی وا كە ئەم حوكم و دەسەڵاتە وەك سەربەخۆیی دەچوو. ئەو برە یارمەتییەی ئیسرائیل وە كوردانی دابوو كە هەزاران كەس لە هێزەكانی ئێراقیان لە جێوە چورتمیش كردبوو، لە قیمەتی فڕۆكەیەكی بۆمباوێژی میراژ كەمتر بوو. چما وا نەبووبا ڕەنگە ئەم هێزانەی ئێراق لە شەڕەكانی ١٩٦٧ و ١٩٧٣ی عەرەبان و ئیسرائیلدا بە دژی ئیسرائیل بەشداری شەڕ بووبان. ئاخرین كارەسات دەخەینە پشت‌گوێ و كارمان نەداوە بەسەر ئەمەوە كە ئەم یارمەتییانە بۆ دابین كرانی ئامانجی دیاری كراو كە بریتی بوو لە برست‌برین و چورتمیش كردنی تەواوی لەشكرەكانی ئێراق كورتی هێنا. دە ساڵ دواتر بۆ ئەم ئیسرائیلییانەی كە كەوتبوونە جەغزی كێشەی كوردستان، لە وت‌وویژیاندا لەگەڵ هەمووكەس، ڕوو وەرگێڕانیان لە ئاوات و خەیاڵاتی ڕابردوو و سەرنج دانە جیهانی ڕاستەقینەی دەورووبەر و دامركاو دژوار بوو. ئەم تاقمە بە فیز و سەربەرزییەوە ئەم وێنانەیان نیشان دەدا كە لەتەك ڕێبەرانی كوردا گرتبوویان: لە دەوری مێزی قاوەخۆری دیمەنی شەڕەكانیان نوێ دەكردەوە، تاكتیكەكانیان دەخستە بەر ڕەخنە، دەكەوتنە پێ‌وشوێنی دۆستە كوردەكانیان و ئاواتیان دەخواست كە سەرلەنوێ چاویان پێیان‌بكەوێتەوە. یەكێك لە

باڵوێزەکانی بریتانیا لە ئێراق لە مەودای دەیەی ١٩٤٠دا کە بۆ هاوخەمی کوردان چ ناوبانگێکی نیە، جارێکی بە ڕاوێژێکی دزێو گوتی: "ئانگلۆ ساکسۆنەکان هەمیشە دەبنە ئۆگری خەڵکی سەیر و سەمەرە." ئیسرائیلییەکانیش هەر وەوتۆیان لێ‌هاتووە: ئەوان لەبەر دەقودۆغر بێژی و ساکاری تایبەتی خەڵکانی چیانشین و مەردازایەتییان لە شەڕ و خۆڕاگری پیاوانەیان لە بەرامبەر کوێرەوەری‌دا بە کوردان هەڵدەڵێن. یەکێك لە کارمەندە لێوەشاوەکانی مووساد بە شۆق و زۆقەوە دەیگوت: "کوردێك بە خۆی و تفەنگێك و کولێرە جۆیەك و چەن سەلك پیوازەوە بنێرە سەر تەپۆڵکەیەك، بە تەنێ پێشی پۆلێك سەرباز دەگرێ." ئیسرائیلییەکان هەروەها دانیان بەمەدا دێنا کە وێك چوونێك لە مابەینی خۆیان و کوردان‌دا دەبینن، ئەویش ئەوان سەردەمان کە کەمینەیەکی چەوساوە بوون؛ ئەگەرچی کوردان بە پێچەوانەی ئیسرائیلییەکان خەڵکێکن کە خاوەنی ڕایەڵەی پێوەندی دەرەکی و توێژی خوێندەوار و پەروەردە کراو نین لە سەرانسەری دنیادا و تەنانەت بە پێچەوانەی ئیسرائیل ڕێیان بۆ دەریاش نیە. دژبەرانی کەللەڕەقی کوردان وە بیریان دێناوە کە یارمەتی ئیسرائیل بۆ وان بە مەبەستی بەهرە وەرگرتن لەبەر گەیشتن بە ئامانج و ئاکامی خۆیانە.

هەروەك دەرکەوت ئەزموونی کوردستان دواتر بۆ ئیسرائیلییەکانیش بەری تاڵی لێ‌کەوتەوە و بوو بە هۆی گەشە و پەرەی مەیل و ئیشتیای مەترسیدار بۆ بەرێوە بردنی چالاکی پڕمەترسی و گومان لێ‌کراو. کارگێڕانی کۆنەکاری ئیسرائیل کە لە کوردستان کاریان کردبوو پاشان بەشداری گەلێك چالاکی بوون؛ لە باشووری سوودان و ئێتیۆپی‌ڕا بگرە هەتا لوبنان و ئەمریکای لاتین و ئەم ڕەوتە بۆ ماوەی بیست ساڵان ئیسرائیلی گیرۆدەی گێرە وکێشە کرد. تاقمێك لەو ئیسرائیلییانەی کە لە کوردستان خەریکی ڕاپەڕاندنی کاران ببوون دواتر سەریان گەیشتەوە نێو ڕایەڵەی چەپەڵکاریی: لە ماڕوونییەکانی لوبنان و کارتێلی مەودای موخەدیری مدلین و ملهوڕانی ئەمریکای ناوەندی، لە "ئاناستازیۆ سوموزا دێبایلە"ی "نیکاراگۆا"ڕا بگرە تا "مانۆئێل ئانتۆنیۆ نوریەگا"ی پاناما.

ئەم چالاکییە چەپەڵکارانە و بەربڵاوە دوابەدوای شەڕی ساڵی ١٩٥٦ی عەرەبان و ئیسرائیل، (ئەو شەڕەی کە لەسەر کانالی سوئێز هەڵگیرسا)، دەستی پێکرد و ئەوکات کە ئیسرائیل یەگجار بەپارێز سیاسەتێکی گیرا کە بە "سیاسەتی دەوروبەر" ناودێر کرا و ئامانجی دەرباز بوون لە دوورەپەرێزی بوو لە ناوچەکەدا، مەبەستێکی چاوەڕوان نەکراو بوو. ئەم سیاسەت و هەڵوێستە شیلەی بیری "ڕووڤێن شیلواه" یەکەمین سەرۆکی مووساد بوو، کە بنج و بناوانی دەگەڕاوە سەر هەڵسووڕان و چالاکی تافی لاوی خۆی لە ئێراق. ئەو ئەوان سەردەمان کاری بۆ ئاژانسی یەهوود دەکرد، کە ڕێکخراوێکی زایۆنی بوو و لە فەلەستینی ژێربال و سەرپەرستێتی بریتانیا دەوری دەوڵەتی دەگێڕا. شیلواه لە ساڵانی دەیەی ١٩٣٠دا بۆ ماوەی سێ ساڵان وەك مامۆستای قوتابخانە و ڕۆژنامەنووسی نیوەڕۆژکاری دەکرد و لەوان دەوروبەراندا دەکەوتە گەڕان و بە ناوی کۆکردنەوەی زانیاری بە مەبەستی نووسینی وتارگەلێکی کە قەت بڵاونەکرانەوە، لەگەڵ کوردان و تەواوی کەمینەکانی دانیشتووی ئێراق نێوانی دادەگیرساند.

کەینەوبەینەی نێوان کەمینەکانی غەیرەعەرەب لە وڵاتانی بەناوعەرەبی و لەتەك وڵاتانی دراوسێی مسوڵمان و غەیرەعەرەبدا بوو بە یەکێك لە خاڵە سەرەکییەکانی چالاکی سیخوڕی ئیسرائیل. شیلەی ئەم سیاسەتە هەر ئەم وتە مەشهوورە بوو کە دەیگوت: "دوژمنی دوژمنەکەم دۆستمە." ئامانجی ئەم سیاسەتە کە ساز کردنی کەند و کۆسپ لەسەر ڕێی حکوومەتانی عەرەبی و پشوودانی ئیسرائیل بوو، ڕیشەی دەچۆوە سەر ڕێكخستنی ڕەسمی تێکەڵ بە چالاکیی سیخوڕی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و بە مسوڵمانانی غەیرەعەرەب لە ئێران و تورکیا و – دواتر – ئیتیۆپی لە شاخی ئەفریقاوە گرێ دەدرا، کە مەسیحییەکان حکوومەتیان بەسەردا دەکرد. بۆ گەیشتن بەم ئامانجە مووساد لە ساڵی ١٩٥٨دا ئیدارەیەکی بە ناوی ئیدارەی پەیوەندییەکانی دەرەوە دامەزراند کە سەرنجی تایبەتی دابووە سەر دەورەدانی دەسەڵاتی پەرەگری جەماڵ عەبدوننasر، سەرکۆماری میسر کە مووساد ئەوی بە هاوپەیمانی غەیرەڕەسمی کومۆنیزمی جیهانی دەزانی.

ئەو ڕێکخراوە بە ناو"سێ لکە"ی کە ئیسرائیل و ئێران و تورکیای لێکتر گرێ دەدا, لە ساڵی ١٩٥٨ەوە بۆ لایە بە شێوەیەکی ڕێکوپێک دانیشتن و کۆبوونەوەی دەبوو و بناغەشی دەگەڕاوە سەر بەندیواری نێوان ئەوان و ئەیالەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هەروەها ترس لە ناسیۆنالیزمی توندی عەرەب و کومۆنیزم. هەتا بیست ساڵ دواتر کە شای ئێران سەرەونخوون کرا، ئێران گەوهەری ترووسکەداری قووچی کلاوی ئەم ڕایەڵە بوو و هەموو شتێکی – لە نەتەوە بگرە هەتا دابین کردنی پاراستنی سەرەکی – دەدایە ئیسرائیل و بۆی دەرەخساند. ئەم پاراستنە سەرەکییە لە چوارچێوەی کڕینی چەکوچۆلێکی زۆر و زەوەندا بوو کە بە بیانووی بەربەرەکانی دژی یەکێتی سۆڤیەت لە ئەمریکای دەکڕی, بەڵام لە ڕاستیدا بە مەبەستی تۆقاندنی ئێراق و پێشبڕکە دانەوەی بوو لە بەستێنی ئاخنینی جبەخانەدا. یارمەتیدانی کوردەکانی ئێراق بۆ ئیسرائیل و ئێرانی شیعە مەزەب و ئاریایی ڕەگەز – بە پێشینەی دوور و درێژی دوژمنایەتی لەگەڵ عەرەباندا – هەرتك کارێکی بە ڕێوجێ بوون.

دێیوید کیمچە یەکێك لە کۆنە کارمەندانی مووساد دەنووسێ: "هەرتك وڵات لە بوونی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستێکی سوننی مەزەبی بەهێزی هاوچەشن تەواو تۆقیبوون. ئیسرائیل هیچ پێیخۆش نەبوو کە سپای ئێراق لە شەڕێکی داهاتوودا سووریا و ئۆردۆن یاریدە بدا." ئێرانیش مەیلی وابوو سپای ئێراق لە سنووری باشووری خۆی کە دەکەوتە شانی یەکاویعارەبان و نێوانناخۆشیی لەسەر بوو، هەروەها لە پارێزگای پڕ نەوتی "خووزستان"ی دوور ڕابگرێ. پاش شەڕی ١٩٤٨ی عەرەبان و ئیسرائیل، ئێراق تەنیا وڵاتێك بوو کە سەری لە ئاست مۆر کردنی کۆتایی هاتنی گێرە وکێشەی ڕەسمی لەتەك ئیسرائیلا با دابوو. چورتە لێبڕینی لەشکرەکانی ئێراق – جاری وابوو زۆربەیان لە پێ دەپەڕین – بوو بە هۆکارێکی بنەڕەتیی "ژێئۆئیستراتژیك"، کە بەردی بناغەی یاریدەدانی کوردانی لەسەر دامەرزا, چونکە ئەم وڵاتە جوولەکەیە تەمای وابوو کە لاوازی ڕێژەی جەماوەریی خۆی بە سازکردنی لانی زۆری گیروگرفت بۆ عەرەبان قەرەبوو کاتەوە.

ئیسرائیل بە یارمەتی تەبلیغاتی دژی زایۆنی توند و تیژی دەوڵـەتانی یـەك لـە دوای یەکی بەغدا پاساوی بۆ ئەم هەڵوێست و سیاسەتەی دێنایەوە. هەڵبەت بەشێك لەم قسە سووکانەی ئێراق دەگەڕاوە سەر تێمانی لە بابەت بێدەسـەڵاتی خـۆی کـە نەیـدەتوانی پێوەندی نێـوان ئیـسرائیل و کـوردان لێـك دابـڕێ و دوایـی پێبێنـێ. دیـسانیش ئـەم بەرژەوەندییانە نەیتوانی بەرگێڕەوەی ئێراق و ناردنی هێزەکانی بێ بۆ بەرەکانی شەڕ لـە ساڵانی ١٩٦٧ و ١٩٧٣دا، بەڵام گیرۆدە بوون لە بەرەی کوردستاندا بێگومـــــان توانایی ئێراقی بە مەبەسـتی یارمەتیـدانی پـتری ئامانـــجی فەلـستینییەکان تـەواو کـەم دەکردەوە.

جەمسەری دەسپێکی سیاسەت و هەڵوێـستی ئیـسرائیل سـەبارەت بـە کوردەکـانی ئێراق دەگەڕێتەوە سەر زەمانی ڕووخـانی پاشـایەتی بنەماڵـەی هاشــمی لـە ١٩٥٨ و کۆتایی هاتنی حوکم و دەسەڵاتی ئینگلستان لە ئێراق کە لە سەرەتای سازکرانی وڵاتی ئێراقەوە, واتە دوابەدوای شەڕی یەکـەمی جیهانییـەوە بێپـسانەوە دەسـتی پێکردبـوو. لەگەڵ شۆڕشی ژێنێراڵ عەبدولکەریم قاسم کـەم و زۆر دەسـاڵەیەکی تـەواو ئـاڵۆز و لەرزۆکی سیاسی سەری هەڵدا و ئەمە دەرفەتی بۆ ئیسرائیل ڕەخساند کە بێتە مەیـدان. ئاڵۆز و لەرزۆك کردنـی ئێـراق ئامانـــجی نەپساوە و هاوبەشـی ئیـسرائیل و ئێـران و کوردان بوو. ئیـران لە ١٩٥٠دا بە شێوەی ڕەسـمی دانی بە وڵاتی ئیسرائیلدا هێنـا و ئیزنی دا کە فڕۆکەی شەریکەی ئیسرائیلی "ئێل عال" لە فڕگەی تـاران بنیـشن, بـەڵام قەت بە ڕەسـمی ئیزنی لێژنەی سیاسی ئیسرائیلی نەدا کە ئاڵای ئەستێرەنیشانی داود لە سەردەرانەی بنکەی ڕامیاری خۆی هەڵبدا و یا تەنانەت لـەوحێکی وەرشـەو بـە نـاوی باڵوێزخانە بە دیواری دەرەوە هەڵواسێ. نێوانخۆشی لـەگـەڵ ئێـران بـۆ ئیـسرائیل بـە ڕادەیەك گرینگ و ژیانەکی بوو کە ئیسرائیلییەکان قەت پێیانخـۆش نـەبوو لـە هـیچ گەڕیانێکی گەورە یان بچووکدا بـە پێچەوانەی مـەیل و بـیری شـا بـــجووڵێنەوە. بـە خوردبوونە لە یەکتر نەخوێندنەوەی ئەم پەیوەندییە, سەرەڕای هەست و سۆزی هێندێك لە ئیسرائیلییە ڕۆمانتیکەکان کە بە چاوی دوو کەمینەی پێخوستکـــراو تـــــماشای ڕەوتەکـەیان دەکـرد کـە یاریـدەی یـەکتر دەکـەن, ئامانـــجی سـەرەکی و گرینگـی

ئیسرائیلییەکان کوردان نەبوون. جا بەڵام بۆ بارزانی – کە پووڵ و چەکوچۆڵی نەبوو و تاق کەوتبۆوە و لە ١٩٦١ەوە بۆ لایە بە دژی ئێراق ڕاپەڕیبوو – ئێران تەنیا شادەماری ژیان و مان بوو بە مەبەستی دەسڕەسی بە دنیای دەرەوە و خرو پتوون سەر بە ئێران بوو.

لە تەواوی ماوەی دە ساڵەی ئاماژە پێکراوا گەورەترین یارمەتی لە لایەن ئێرانەوە دەدرایە کوردانی ئێراق و چۆنیەتی ئەم یارمەتییەش دەگەڕاوە سەر بۆچوونی شا لەسەر سیاسەتی ئێراق و دەکەوتە هەوراز و لێژان. بۆ وێنە کاتێک "عەبدوسسەلام عارف ناسری" لە ساڵی ١٩٦٤دا لە ئێراق هاتە سەر دەسەڵات، یارمەتی شا بۆ کوردان بە شێوەیەکی بەرچاو پێهەڵاچوو. ئیسرائیل بۆ "شا" ئامرازێکی باش بوو: هەم دەوڵەتێکی بچووك بوو و هەمیش بە پێچەوانەی ئەو داوێنی بە خەیانەت بە کوردان ئالوودە نەبوو. کەلك وەرگرتن لە ئیسرائیل بۆ یارمەتیدانی کوردان لە ڕوانگەی "زانیاری"شەوە زۆر بە قازانج بوو: دەیتوانی بە شێوەیەکی شیاو و سەلماو پاکانە بکا و حاشا لە دەستێوەردانی خۆی بکا.

بەمجۆرە بە پێی ڕەزامەندی و سەلماندنی ئێران بوو کە ئیسرائیل و بارزانی هەلیان بۆ ڕەخسا لە ساڵانی دەیەی ١٩٦٠دا بکەونە باوەشی یەکتر. داخوا بڵێی کێ یەکەم هەنگاوی هەڵێنابێتەوە ڕوون نیە. یەکێك لە دەورگێڕە بنەڕەتییەکان کامران عالی بەدرخان بوو: ئەو کوردێکی تورکیا بوو کە پێشینەی شۆڕشگێڕ بوونی دەگەڕاوە سەر ساڵانی نێوەڕاستی سەدەی نۆزدە و لەوێوە دەستی پێدەکرد. بەدرخان کە ئەوان سەردەمان تەمەنی پاڵی وە حەفتا ساڵ دابوو وتەبێژی بارزانی بوو لە ئورووپا و بە مووچەیەکی زۆر کەم لە قوتابخانەی میللی زمانە زیندووەکانی ڕۆژهەڵاتیی (ناسراو بە Langueso) دەرسی دەگوتەوە. ئەو لەگەڵ چالاکی سیخوڕی نائاشنا نەبوو. دروست پاش شکانی عوسمانی لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا وەك دیلمانج و ڕێنوێنی ماوژۆر ئێدوارد دابلیو.سی. نۆئێل، کوردناس و ترکزەخوازی چاوناسی ئینگلیسی، چووبۆوە بۆ تورکیا. ئەم ڕاسپێراوییەی ئاوریلی ١٩١٩ لە کوردستانی تورکیادا بە ڕادەیەك ئاگری تووڕەیی باڵادەستانی ترکی خۆش کرد کە دەوڵەتی ئینگلستان ناچار

بوو بانگی بێڵێتەوە. ترکان "بەدرخان"یان لەبەر دەورێکی کە لە شۆڕشەکانی دواترا گێڕای لە دوورەوە مەحکووم بە ئیعدام کرد. لەوی بەو لاوە ئەو لە نێوان بەیرووت و دەمیشق‌دا هات‌وچۆی دەکرد؛ سەرپەرستێتی ئەم دوو وڵاتە لە ئەستۆی فەڕانسە بوو. بەدرخان بلاڤۆکی کوردی بڵاو دەکردنەوە و وەك پارێزەرکاری دەکرد. لە ١٩٤٧دا لەسەر تکای ڕۆژێ لێسکۆ و ڕۆژهەڵاتناسانی تری فەڕانسەوی کە خۆیان کەوتبوونە نێو ڕایەڵەی دەزگاکانی زانیاری چووە پاریس. لێسکۆ هەر خێرایەکی بە تەواوی چووە نێو دەزگای زانیاری فەڕانسە و کورسی مامۆستایەتی خۆی لە دامەزراوەی زمانەکانی ڕۆژهەڵاتی بۆ بەدرخان بە میرات بەجێ‌هێشت. بەدرخان ناوەندێکی بە ناوی ناوەندی توێژینەوەی کوردی دامەزراند، بەڵام ئەوەندە دەس‌تەنگ بوو کە زۆر جاران توانایی چاپ کردنی بلاڤۆکەکانی نەبوو و بە ناچار بە یارمەتی مەکینەیەکی دەستی "میمۆگراف" سەر و بنی کارەکانی وێك‌دێنانەوە.

بەدرخان پەیوەندییەکی کۆنی نەهێنی لەگەڵ زایۆنییەکان هەبوو. چەند مانگێك پاش دامەزرانی وڵاتی ئیسرائیل لە مانگی مەی ١٩٤٨دا، ئەو لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست — میسر، سووریا، لوبنان و ئەوبەری ئۆردۆن — خەریکی سەفەران بوو. جارێکیان هەر لەم هاوینەدا, ڕاسپێراوی "مەلیك عەبدوڵلا" بوو بۆ چارەسەر کردنی پاشماوەی کێشەکانی ئەوبەری ئۆردۆن و ئیسرائیل. ئەو لەخۆوە هەوڵی دا پشتیوانی ئیسرائیل بە مەبەستی ڕووخاندنی دەوڵەتانی سووریا و لوبنان، بە کەلك وەرگرتن لە "دەرووزی" و "چەرکێس" و مەسیحییەکانی "مارۆونی" کە هەموویان خاوەنی پلەی باڵا بوون لە دەوڵەت و هێزە چەکدارەکانی پەروەردەکراوی دەسی فەڕانسە, ڕابکێشێ, بەڵام ئاکامێکی لەم هەڵسووڕانە وەرنەگرت. بەدرخان دەیگوت وەها چالاکی و هەڵسووڕانێك دەتوانێ سووریا و لوبنان لە ئاوقا بوونی ئیسرائیل دوور ڕابگرێ و بۆ وێنە ئاوات و ئامانجەکانی نەتەوایەتی کوردانیش لە تەواوی ناوچەدا وەخۆبخا و ڕاپەڕێنێ. هەڵبەت ئەم بیرە شتێکی نوێ نەبوو. زایۆنییەکان لە "داوید بێن گۆریۆن"ەوە بۆ لایە بە بیر و بۆچوونی لەم چەشنەوە کە لای وایە تەنیا ڕێگای دەستەمۆ کردنی جیهانی عەرەب پێکهێنانی چەندین وڵاتی تر و لایەنگری کردن لە کەمەنەتەوەکانە لە

جەغزی ئەم سنوورانەی کە لـە خاپوورستانی ئیمپراتۆرییەتی عوسـمانی بـەدی هـاتوون، ئاشقێنییان کردبوو. ئاخرییەکەی ئیسرائیل ملی بۆ ئەم وەسوەسەیە ڕاکێشا و لـە دەیـەی ١٩٧٠ و ١٩٨٠دا پێی نایە بازنەی یەکێتییەکی غەیرەڕەسـمی، بەڵام چڕ و پڕ لـەگـەڵ مارۆونییەکانی لوبنان کە گەلێك ڕووداوی پـڕ کارەسـاتی لـێ کەوتەوە. زۆرێـك لـە چالاکانی پێشووی مووساد لـە کوردستان، کەوتنە نێو ڕەوتی ڕووداوەکانی وێندەرێ.

بە گومانی دۆستە فەڕانسەوییەکانی مەیلی بەدرخان بۆ کاروباری جەغزی دەزگـای زانیاری دەگەڕاوە سەر ئاکامی لێكهەڵوەشـانی خێـرای شۆڕشـی سـاڵی ١٩٣٠ی کوردان و ئەرمەنییان بە دژی ترکان کە زۆر چاکیشی گەڵاڵە بۆ دارژابـوو و خۆیـشی دەورێکی تێدا گێڕابوو. بە گوێرەی ئەم ئاکامە ئیتر شۆڕشی چەکداری نـە دەڵـوا و نـە بووزی دەخوارد.[1] ئەو پاش شەڕی دووەمی جیهانیش، لـە وەختایەکا کە شـەڕی سـارد ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی کردبوو بـە دووکـوتی دژاودژ و دامـەزرانی دەوڵـەتی ئیـسرائیل برینێکی لەسەر جەستەی عەرەبان جێهێـشتبوو و بـیر و بـڕوای جهـانی سـێهەم تـین و گوڕی وە بەر نابوو، هەروا لـەسەر ئەم قسەیەی خۆی سوور بوو. لـە وەها جیهانێكدا ئارمانـجی کورد – بەم خواستانەی کە لـەسەر ئێران و تورکیـا و تەنانـەت سووریاشـی هەیە – سنوورە ڕامیارییە دەسکردەکانی تێکەوەدەپێچا و لـە نێـو حیـزب و دەوڵـەتانی بنەگری دنیادا پشتیوانێکی قایم و پتەوی گیر نەدەکەوت. بە بڕوای بـەدرخان باشـترین شتێکی کە کوردان دەیانتوانی چاوەڕوانی بن ئەم دەسکەوتە باشانە بوون کـە لـە ڕێـی بەهرە وەرگرتنی بەپارێز لـە ڕایەڵەی دەزگا زانیارییە نەهێنییەکانەوە کۆ دەکرانەوە، ئەمە میراتی ئامۆزایەکی گوندەکی بوو کە کوردان، بەتایبەت کوردەکانی ئێـراق، نـەیانتوانی خۆی لـێ کلا بکەن و ئاخریش تووشی نەهامەتی کردن.

لـە بەهاری ساڵی ١٩٦٣دا مووساد بە کەوتنە شوێن ئەزموونەکانی سی ساڵی بەرەوەی شیلواه، ڕۆژنامەنووسێکی کە بنکەی لـە پاریس بوو ناردیە کوردستان. لـەتەك بارزانی و برایم ئەحـمەد سکرتێری گشتیی پارتـی دێـموکراتـی کوردستانـی ئێراقدا

---

[1] ١– مەبەست شۆڕشی ئاراراتە.

دیداری کرد و پێشنیاری کرد کە کەسێك بنێرنە پاریس هەتا لە هۆتێلێك لەسەر لێواری باڵی ڕاستی "سێن" لەگەڵ ئیسرائیلییەکان وتوویژ بکا. هۆتێلەکە کەوتبووە نیزیك باڵوێزخانەی ئیسرائیل، کە ئەوکات لە یەکێك لە کۆنە کۆشکەکانی "ڕۆچیلد" لە شەقامی "واگرام"دا بوو. بارزانی کە لە لایەن هێزەکانی ئێراقەوە خرابوویە جەڕ و مەنگەنەوە، پێشنیارەکەی قبووڵ کرد، ئەگەرچی ئەم ڕەزامەندییە ئەو شۆر و شەوقە چاوەڕوان کراوەی تێدا نەبوو, چونکە ئەو زۆری پێ چاکتر بوو کە لەگەڵ ئەیالەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا یا عەرەبان بکەوێتە گفتوگۆ و مامەڵە کردن, واتە ئەگەر ئەمانە مەیلێکی گەرموگوڕیان سەبارەت بەم گەڕیانە نواندبا. ڕق و کینەی نەتەوەخوازێکی کورد سەبارەت بە ئازاردەرانی گەلەکەی, واتە عەرەبەکان و ئێرانییەکان و ترکەکان زۆریش بێ, دیسانیش ئەم ڕقە بە ڕێزدانان بۆ دەسەڵاتی ناوەندیی ئەم وڵاتانە برێك دەنیشێتەوە و پتر پێیخۆشە لە بری ئەوەی تووشی تێکهەڵچوون بێ لە گەڵیان، بکەوێتە وتوویژ سەبارەت بەو قازانج و بەرژەوندییانەی کە دەتوانن لەسەری ڕێكبکەون و ئەمەش ئاواتێکە کە قەت وەدی نەهاتووە.

وەکی دیمان بارزانی قەت بیری وە دەس گرتنی دەسەڵاتی لە "بەغدا" بە لای خۆیەوە پوختە و گەڵاڵە نەدەکرد؛ ئەو لەوپەڕی ئیشەکەدا هیواداربوو کە بۆ دابین کردنی ناوچەیەکی ئازاد و دوور لە دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی حکوومەت لە باکووری ئێراق, کەلك لە یارمەتی دەرکی وەربگرێ. بە وتەی یەکێك لە مێژوونووسانی کورد بۆ گەیشتن بەم ئامانجە "ئیسرائیلییەکان ئەشتەکی بەرچاو نەبوون و چما عەرەبان شتێکیان وێ دابا، هەر لەڕێوە دەستی لەوان هەڵدەگرت." بەڵام عەرەبان هیچیان وێ نەدا. بارزانیش وەك فەلەستینییەکان چارەیەکی تری نەبوو جگە لەوەی هەر ئەسپێکی هاتە بەرچاوی گرێوی لەسەر بکا. جارێکیان بە لێژنەیەکی نوێنەرانی ژنانی فەلەستینی کە ئەویان لە بابەت هاریکاری لەگەڵ ئیسرائیلدا سەرکۆنە کردبوو، گوتبوو: "من وەك ئەو گەدا کوێرەی بەر دەرکی مزگەوتی سێلمانیم، دەستم ڕاداشتووە, نابینم کێ پووڵی ناوەتە بەری دەستم."

ئا بەم شێوەیە لە پاییزی ساڵی **١٩٦٣**دا برایم ئەحمەد چوو بۆ پاریس, لە هۆتێلی شوێنی "مەبەست" ژوورێکی گرت و تەلەفۆنی بۆ رۆژنامەنووسی "گۆرین" کرد. هەروەها ئیسرائیلییەکانیشی ئاگادار کردەوە؛ ئیسرائیلییەکان هەم سەریان سوڕما و هەمیش پێیانخۆش بوو. دڵنیا نەبوون کە بارزانی وە بێوشوێنی مەبەستەکە بکەوێ, جا چ بگا بەوەی کە بۆ ئەم کارە کەسایەتێکی گرینگی وەك برایم ئەحمەد بنێرێ. "مناحم ناهیك ناوت"، کارگێڕی مووساد لە پاریس – جێگری دواتری مووساد – یەکەم ئیسرائیلی بوو کە لەگەڵ [برایم] ئەحمەد دیداری کرد، کە ئەو کات چل ساڵی تەمەن بوو بەڵام وەك زۆربەی خەڵکانی چەوساوە بە تەمەنتری دەنواند. [برایم] ئەحمەد دواتر لەتەك "والتێر ئیتان" باڵوێزی ئیسرائیلیش دیداری کرد. ئیتان گوێی دایە حیکایەتی دوور و درێژی دەرد و مەرەد و پەرێشانی و سەرەنجام داخوازی بۆ یارمەتی. [برایم] ئەحمەد قامکی لەسەر چەند خاڵێکی گرینگ دانا. ئەو چارەنووسی کوردانی لەگەڵ چارەنووسی جولەکان پێکەوە هەڵسەنگاند و گوتی خەباتکارانی کورد بە رادەیەك دەستەنگن کە تەنانەت قەند و چای خۆشیان بۆ ناکردرێ و لێرەدا چۆوە سەر هەست و سۆزی دایکانەی خاتوو گوڵدامایەر, وەزیری دەرەوەی ئەو سەردەمی. ئەگەرچی دەزگای حکوومەتی ئیسرائیل بۆ نواندنی هەست و سۆز چاوناس نەبوو, بەڵام چەند ساڵ دواتر "ناوت" دەیگێڕاوە کە ئەو و "ئیتان" زۆر خەمبار بوون و کاتێك خاتوو مایەر ئاگادار کرایەوە لەرێوە دەستووری داگیرسانی ئەم پەیوەندییەی دا کە ئاوا بێفەر و پڕ بەڵا کەوتەوە. [برایم] ئەحمەد کە ئۆگریی ئیسرائیلی لێ روون ببۆوە, لەم بابەتەوە سەری سوڕنەما. کاتێکیش بەدرخان – کە [برایم] ئەحمەد بە ئانقەست دیداری خۆی و ئیسرائیلییانی لا نەدرکاندبوو – شەو بردی بۆ کابارەی "لیدو" لە شانزەلیزە و بە رواڵەت لەخۆوە سەری قسانی لەگەڵ کەسێکی پەنایان داگیرساند کە بە هەڵکەوت یەکێك لە نوێنەرانی کۆمۆنیستی پارلەمانی ئیسرائیل بوو، دیسانیش هەڵنەبەزییەوە. ئیسرائیلییەکان [برایم] ئەحمەدیان بە خۆی و بیست هەزار دۆلار و بەڵێنی یارمەتی زیاترەوە ناردەوە کوردستان.[١] یەکەم بارخانەی چەکوچۆڵان

١– هەر لە بۆ پێکگرتن – چەند ساڵ دواتر سامی عەبدوڕڕەحمان، نوێنەرێکی تری بارزانی, توانی فرانتس

مانگێك دواتر گەیشتە کوردستان. کاتێك [برایم] ئەحـمەد گەڕاوە کوردستان, بارزانی لە بابەت چەکوچۆڵانەوە خۆشحاڵ بوو، بەڵام سەبارەت بەم پووڵە کەمەی کـە کـۆی کردبۆوە نارەحەت بوو. [بـرایم] ئەحـــمەد لــەم بابەتــەوە گلــەیی کـرد کـە بـارزانی ئاگربڕی بە هەلومەرجێك قبووڵ کـردووە کـە بـە بـڕوای ئـەو و پـارتی دێمـوکرات ناتەواوە و ئامانـجی پێوەدی نایە؛ بارزانی گوتی کە بۆ درێژەی شەڕ پووڵی تەواوی بـە دەستەوە نیە.

کەمتاکورتێك هەموو شتێك, وەك چەکوچـۆڵ، جبەخانــە, ڕاوێــژکاری نیزامیــی و کادری ڕاهێنان، تەنانەت وەزیرێکی سەربەگێـچەڵی کابینــە, کارناسـانی کـشتوکاڵ، دوکتۆر, دانپزیشك و نەخۆشخانەیەکی دەشتەکی – و ئی شەڕیش – هـەموو دەسـتیان تێکگرت و بە دوای ئەم گەڕیانـە دا هـاتن. یـەکێك لــەم ڕۆژنامەوانانــەی چـوو بـووە دیدەنی کوردستان هەر لـە دەسپێکی ساڵی **١٩٦٣**وە باسی ئەم چەکانەی کرد کە بـە شێوەیەکی گوماناوی بە چەتر بەردەدرانــەوە. (سەرچـاوەکانی تـر دەیـانگوت کـە لــە **١٩٦٥**دا هاوکارییەکی پتەوی سەربازییان لە نێواندا بـــووە.) یـــاکۆف غـــروودی، وابەستەی نیزامیی ئیسرائیل لە تاران، لە گەڕیانی ناردنی چەکا، لە ئیسرائیلـەوە بـەرەو ئێران بۆ کوردان چالاك بوو. ئەو دواتر لە سەودا و مامەڵەی چەکوچـــۆڵا ســـامانێکی زۆری وەســـەریەك نــا و لــە گــەڕیانی ئابڕووتکــانی کێــشەی ئــازاد کرانــی بــە بارمتــە گیراوەکانی ئەمریکایی‌دا لە بەرامبەر وەرگرتنی چەکوچــۆڵا, لـــە دەیـــەی هەشـــتادا، دەوری ســـەرەکی گێـــرا. نـاردنی چـەك و جبەخانـە پـاش شـەڕی **١٩٦٧** و **١٩٧٣**ی عەرەبان و ئیسرائیل بوو بە لێشاو و ئەمانە ئەم چەکە پێشکەوتانەی ڕووسی بـوون کـە ئیسرائیل لە سپای عەرەبانی بە خەنیمەت گرتبوو.

لە دەسـپێکی ئـەم چـالاکییانەدا مووسـاد ددانـسازێکی بـە خـۆی و یـەکێك لــەم "چەرخەپێ"یانەوە، بە مەبەستی کێـشانی ددانــەکانی بـارزانی و سـازکردنەوەیان نـاردە

یوزێف ئیشتراوس, سیاسەتوانی سووسیالیستی مەسیحی لە "باواریا" ڕازی بکا کـە دوو میلیـۆن دۆلار یارمـەتی بداتە جووڵانەوەی کوردان.

کوردستان. ددانەکانیان لە تاران بۆ ساز کردەوە. یەکێك لە گرینگترین کار و هەڵسوورانەکانی ئیسرائیل لە کوردستان کە بە لای هێندێك لە کوردانەوە زۆر گرینگ بوو، یارمەتی ئەم وڵاتە بوو بۆ دامەزراندنی دەزگای زانیاری کوردان بە ناوی "پاراستن" کە "مەسعوود"ی کوڕی بارزانی سەرۆکی بوو. ئەم هەم لە کوردستان و هەم لە ئیسرائیل بە شێوەیەکی لەپەستا هاتە ڕاهاتن و پەروەردە کران. "پاراستن" لق و پۆی هاویشتە نێو تەواوی کۆمەڵانی کوردەواری لێر و لەوێ و مووساد لە هەر شتێکا کە پێویست بە ڕێنوێنی بوو, ئەوانی ڕێنوێنی کرد. ئەمە وتەی یەکێك لە کەسانی زانستگایی ئیسرائیلە کە پەیوەندێکی زۆر گرینگی لەگەڵ دەزگای زانیاری ئیسرائیل هەیە.

کارگێڕانی مووساد لە نێوخۆی کوردستان یان خۆیان بە ئێرانی دەگۆڕی یام جلوبەرگی کوردییان دەپۆشی و پشتێندیان لێ دەهاڵاند و جامانەیان دەکردە سەر. جاری وابوو بە مەبەستی لارێ کردنی بیری قوژبنپشکنی هێندێك کەس بنکەی خۆیان بە ناوی "خێوەتی بلاقۆکان" دیاری دەکرد.

قەت جگە لە تاقمێکی کەم ئیسرائیلی لە کوردستانی ئێراق نەبوون و ئەم تاقمەش زۆر جاران لە قەراغ و قولاغی سنووری ئێران وێوەتر نەدەچوون. سەیر ئەوەیە کە مووساد لەم چالاکییانەدا بەهرەی لە هیچکام لەو جوولەکانەی لە کوردستان لە دایك ببوون وەرنەگرت و وای پێ باشتر بوو کە بۆ ڕاوێژکارانی خۆی دیلمانجی عەرەب تێوە دا.[1] سەرەڕای تاوانبار کرانی پەیتاپەیتای ئێران و ئیسرائیل لە لایەن ئێراقەوە

١– ڕێژەی جەماوەری ئەم جوولەکانەی کوردستانیان بە وڵاتی خۆیان دەزانی بەر لە کۆچی بە کۆمەڵی ساڵی ١٩٥٠ بەرەو ئیسرائیل سی تا چل هەزار کەسێك دەبوو. ئەم جەماوەرە لە شارەکانی زاخۆ، ئاکرێ, ئامێدی, دهۆك، هەولێر و سلێمانی بنەگر ببوون و چەشنی مەسیحییە کوردەکان بە زمانی ئارامی و کوردی دەپەیڤین و خۆیان بە نەوە و نەتیجەی جووەکانی گراوی بابل دەزانی. (٦٥٢ بەر لە زایین). لە سەتا نەوەتی ئەم جوولەکانە نەخوێندەوار و بریتی بوون لە بازرگان و دووکاندار و لۆتکەوانانی – ڕووباری خابوور – جا سەیر ئەوەیە کە تاقمێکیان ملکدار و جووتیار بوون. زۆربەی جووەکانی گوندەکی لە دێهاتەکانی تێکەڵ بە مەسیحی و کورد ژیانیان تێپەڕ دەکرد. گوندی سوندوور, لە نێوان ئامێدی و زاخۆ بە جەماوەرێکی چوارسەد خێزانەوە تەنیا گوندی یەکسەر جوونشینی کوردستانی ئێراق بوو. ئەم جوولەکانە پاشی بیست ساڵ بنەگر بوون لە ئیسرائیل هەروا ئۆگری زێدی خۆیانن و پشتیوانی لە هەوڵی دەوڵەت دەکەن بۆ یارمەتی کوردان. تا ئەم ساڵانەی دوایی

سەبارەت بە یارمەتیدانی بارزانی, ڕۆژنامەنووسانی دەرەکی و تەواوی ئەوانەی سەردانی کوردستانیان کرد، قەت بە بوونی "تاقمی" مووسادیان نەزانی. کاتێك ئیریك ڕۆلۆ, کە ئەو سەردەمی کارناسی ڕۆژهەلاّتی نێوەڕاستی "لومۆند" بوو و ڕۆژێکی بە ڕێکەوت تووشی ئەم ئیسرائیلییانە بوو کە خەریکی پەروەردە کردن و ڕاهێنانی کوردان بوون, یەکێك لە ڕاهێنەرانی مووساد پێشنیاری کرد کە هەر ڕێوڕێ بیکوژن و ڕووداوەکە بە هەڵکەوتێکی وێڵ بقەبلێنن. کوردان دلاّودلّیان کرد، لایان وابوو – دیارە دواتر ڕوونیش بۆوە – کە ڕۆلۆ هەستی بە بوونی ئیسرائیلییان نەکردووە.

وەهەر حاڵ تەنیا چەند کەسێك لە بالاّدەستانی کورد لە دۆزی کار وچالاکی نەهێنی مووساد لە کوردستان ئاگادار بوون. (ئەگەرچی ئەفسەرێکی ئیسرائیلی کە خرابووە پاڵ لێژنەی نوێنەرایەتی وتووێژکاری کورد لەگەڵ کاربەدەستانی ئێراقی بە ئانقەست خۆی ئاشکرا کرد – بە ڕواڵەت بە ئاگاداری بارزانی – ڕاهێنانی سەربازی لە کوردستانی ئێراق و ئێران و ئیسرائیل بەڕێوە دەچوو. لە چالاکییەکی نەهێنیدا بە ناوی "ئومێنێت تووا"[٢] کوردانیان بە فڕۆکە دەبردە حەیفا ... ڕاهێنان و پەروەردە کران لە پێشدا بەلای شێوەی ساکاری شەڕ و بەرگری پیادەدا شکابۆوە. وەك کەلك وەرگرتن لە خۆمپارەهاوێژ و چەکی بێ پاشەکشە و مووشەکی دژی تانك و مووشەکهاوێژی دژی فڕۆکەی دەسکاری سۆڤیەت کە بە شان هەڵدەگیرا.

ئیسرائیلییەکان قەت نەیانویست شێوەکانی شەڕی کوردان بگۆڕن – پێویستێك بەم کارە نەبوو. حەئیم لەواکۆف, عەرەبناسی شێلگیری ئیسرائیلی کە لە ١٩٦٦ هەتا ١٩٧٣ بێپسانەوە لە نێوان ئیسرائیل و کوردستاندا هاتوچۆی دەکرد دەیگوت: "کوردان بەڵەدی زەوی بوون و دەیانزانی چۆن شەڕ بکەن." ئەو، چالاکی و هەڵسووڕانی خۆی لە نێو کورداندا لەگەڵ ئەزموونەکانی تافی لاوی لە کلکەی

تاقمێك لەم خەڵکە بۆ دیدار نوێ کردنەوە لەگەڵ زێدی خۆیان وەك گەڕۆك دەچوونە تورکیا و بە ئوتووبووس سەردانی ناوچەکانی سەرسنووریان دەکرد.

٢- Omenet Tova پەرستاری باش.

دەیەی ۱۹۳۰ و کار لەتەك تاقمەکانی جوولەکە پێکدەگرت کە لە لایەن "ئۆرد وینگێت"ەوە بۆ چالاکی پارتیزانی پەروەردە دەکران. (ئۆرد وینگێت ئەفسەرێکی ماوریكئاسای بریتانیایی مەیلەو زایۆنییەکان بوو کە دواتر بە ڕەچاو کردنی هەر ئەم ڕێوشوێن و شێوانە لە ماوەی شەڕی جیهانی دووهەمدا لە "بێرمە" دژی ژاپۆنییەکان زۆر چاك درەوشایەوە.) ڕاهێنەرانی مووساد کوردانیان لەگەڵ کەڵەشینکۆفی ڕووسی و تفەنگی پەلامار، ناسراو بە "کارۆل گوستاو"ی سۆئێدی ئاشنا کرد. ئەوان تاریفی ئەنگێوەیی پێشمەرگەی کوردیان دەکرد کە دەبوو بە هۆی خەسار نەبوونی تەقەمەنی و باسی ئەنگێوەیی کوردانیان لە پێنسەد گەزی ویەوترەوە لە زمانان نەدەکەوت کە بەم تفەنگە برنوە کۆنانەی شا وێدابوون, نیشانەیان دەپێکا. یەکێك لە پەروەردەکارانی پێشووی ئیسرائیل بە تاریف و سەرسوڕمانەوە دەیگوت: "هەرکامێکیان تیرهاوێژێکی هەڵبژاردەی سیرەڕاستن؛ ئەنگێوەترین تیرهاوێژانێکن کە هەتا ئێستا دیومن." ئیسرائیلییەکان و دیترانیش بە چاوی ڕێز و حورمەتەوە دەیانڕوانییە ئەم کردەی کوردان کە بریندارەکانیان هەرچۆنێك با لە مەیدانی شەڕ بەجێنەدەهێشت و دەربازیان دەکردن. کوردان قسەی خۆشیان بە قسەی خۆش وڵام دەدایەوە و دەیانگوت: "خودا جوولەکەی بۆ شەڕ ساز کردوون!"

ڕێنوێنی ئیسرائیلییەکان یارمەتی مەشهوورترین سەرکەوتنی کوردانی دا لە دەیەی ۱۹٦۰دا: تێداچوونی سەرلەبەری تیپێکی ئێراق لە چیای هەندرێن، لە نیزیك ڕەواندز, لە ۱۲ مەی ۱۹٦٦دا. هەڵمەتی هەندرێن هەر لە بنەڕەتەوە شانۆ و خۆنواندنێك بوو لە لایەن کوردانەوە بە سەرۆکایەتی ئیدریس، کوڕی بارزانی و جێگرەکەی لەم شەڕەدا فاخر مێرگەسووری،[1] کە یەکێك لە کۆنە خەباتکارانی بەئەزموون بوو. ئەفسەرانی کومۆنیست و سەر بە تاقمە چەپەکان کە لە سپای ئێراقەوە ڕایانکردبوو لەم تێکهەڵچوونەدا بەگەرمە یاریدەیان دا. ڕێژەی ئەم کەسانەی کە ئەم سەرکەوتنە دەدەنە

۱– زۆر دواتر دەزگای پاراستن مێرگەسووری و خاوخێزانی بە تاوانی خەیانەت ئیعدام کرد، بەڵام ئەم تاوانەی لە بابەت خەیانەتەوە هاتەگۆڕ شیاوی سەلماندن نەبوو.

پاڵ خۆیان بە ڕادەیەکە کە مرۆڤ ئەفسانە و ڕاستەقینەی بۆ لێك جیا ناکرێتەوە. لە ڕاستیدا تەنانەت لە نێو کارگێڕانی مووسادیشدا سەبارەت بە گرینگایەتی دەور و بەشداری ئیسرائیل، بەتایبەت دەوری سەرهەنگ "تیسووری ساگۆیی" دمەتەقەیە. ساگۆیی کە بە شێوەی غەیرەڕەسمی وەك سەرۆکی بارگای سەرکردایەتی هێزی پێشمەرگە چالاکی دەنواند، بە گوێ ڕاگرتن لە پەیامە ڕادیۆییەکانی سپای ئێراق بەم ئاکامە گەیشت کە ئەفسەرانی تۆپخانەی سپا لەمەڕ دامەزرانی مەتەریزی پێشەوەی ئاگربارەکانەوە ڕاپۆرتی چەواشەیان داوەتەوە سەرکردایەتی خۆیان. ئەو هەلومەرجی ناوچەکەی هەڵسەنگاند و لە تاران و ئیسرائیل کوردانی بە گوێرەی ئەم ڕاپۆراتانە ڕاهێنا. داکۆکی زیاتر هەر لەسەر ئەم مەبەستانە بوو کە کوردان خۆیان پێشتر دەیانزانی: لە مەتەریزان وەدەرمەکەون و خۆتان بە فڕۆکە و تیپەکانی زرێداری ئێراق نیشان مەدەن؛ مەتەریز و شووران ساز مەکەن، چونکە وەبەرچاو هاتنیان لە ئاسمانەوە زۆر بە سانییە؛ بۆ حەشاردان و حەشارگە هەڵگرتن لە داروبار و ڕەوەز و هەڵەتان کەلك وەربگرن.

کاتێك هێزە زۆر و زەوەندەکانی ئێراقی کەژ و کۆی دەورووبەری ڕەواندزیان یەك لە دوای یەك داگیر کرد، بێشك بارزانی و ئیسرائیلییەکان تەواو دڵپەرێش بوون. بارزانی دەیزانی کە هێزەکانی خاوەنی چەکوچۆڵ و تەکووز و ڕێکخستنێکی پێویست نین کە بۆ شەڕێکی ڕێكوپێك و قەراروبڕی لەسەر کراو هەوێنی ژیان و مانە. ئەو لە قۆناخێکی ناسکدا ناچار بوو دەستووری پاشەکشە بداتە یەکێك لە سەرکردە چاوناسەکانی کە لێی سوور بوو تاقمەکەی بەری هەر هێرشێکی ئێراقی دەگرن و دەروەستیان دێن. دەستووری کشانەوەی دا کە دوژمن بخانە بۆ سەوە — بۆسەیەکی کە چیرۆکی ئازایەتی و نەبەزینی لێ‌کەوتەوە. کوردان — کە تەنیا بریتی بوون لە پەلێك پێشمەرگەی ئەنگێوە و دوو پەلی پشتیوان — هەر بە تفەنگی ڕووت و چەند خۆمپارەهاوێژان دەستیان دایە شەڕ و ئێراقییەکان بێپشوو لە داوێنان وەسەر دەکەوتن. نیزیکەی دوو هەزار گەزێك کە لە چیا سەرکەوتن، کوردان لە دوو لاوە وەبەر دەسرێژیان دان و تیپی چواری لەشکری دووی ئێراقی بە خۆی و ١٨٠٠ کەسەوە لە

ماوەی سێ کاتەژمێراندا لەتوپەت کرا. کوردان لەم تەقە و لێکدانەدا – کە وێنامی پێی دەڵێن شەڕی "دەستەویەخە"، یانی وەها نیزیك بوونەوە لە دوژمن کە تۆپخانە و فڕۆکە لە ترسی گیانی هێزەکانی خۆیی لە فڕە بکەون – چازان و وەستا بوون. لەم شەڕ و لێکدانەدا کەمتر لە ٢٠ کورد کوژران, کوژراوی ئێراقییەکان بە گوێرەی ڕاپۆرتی سەرکردەی ئەوان هێزان کە پاش تێکهەڵچوونەکە دایە فەرماندەرانی باڵادەستی تەنیا ئی لەشکرێك ١٢٠٠ کەس بوو. ئەم تاقمەیان لە شارۆچکەی دیانا، لەوان نیزیکان ناشت و لە بری کێل یەکی قودوولەیەکی "سوێنئاپ"یان لە لای سەرینێ چەقاندن. ئێراقییەکان لە ماوەی دە ڕۆژ شەڕ و پێکدادانا لە لای ڕەواندز, بێجگە لە کوژراوی جاشان, لانی کەم ٢٠٠٠ کەسیان لێ کوژرا.

بەر لە دەسپێکی شەڕ, بارزانی گەلێك دڵپەرۆشی کوژران و زامار بوونی بەرچاوی پێشمەرگە بوو لە شەڕێكدا کە دەبوایە زەبر وەشاندنی پارتیزانی و چالاکی ڕێكوپێك و خاوەن تەکووز تێکەڵ کرابان – ماوەیەکی کێشا هەتا سەرەنجام بۆ ئەم کارە ملی دا و پێیان سەلماند. کاتێك هەواڵی شەڕەکەی پێگەیشتەوە زۆر پەرێش بوو؛ ساگۆیی کە لەم دژکردەوە سەری سوڕما, بارزانی پێیگوت: "سی چل کەس کوژراو ... ئەمە شتێکە پیاو بۆی دەسەلمێ ... بەڵام سێ هەزار کوژراو ... وەیش! من ئیدی تازە حازر نیم ڕوو بکەم جەیشی ئێراق!" ساگۆیی لە خۆوە سەبارەت بەم وتەیە نارەزامەندی دەربڕی و گوتی ئێراقییەکان حەقی خۆیان بوو ئەوهایان بەسەر بێ, چونکە ئەوان دەستیان دابوویە پەلامار. کاتێك نێردراوەکانی ئێراقی بە سواری دوو ئوتۆمبیلی جیپ و بە ئالای سپییەوە گەیشتنە جێ و داخوازی دیداری بارزانییان کرد، ساگۆیی گوتی: جا ئەگەر بێتوو ئێستا پێنج تیپەکەی تریش لەتوکوت کرێن هەلومەرجیان لەمەش باشتر دەبێ. بارزانی فکرەکەی لێ قبووڵ نەکرد و گوتی: "ببوورن، بەڵام من تەمەنێکە چاوەڕوانم کە ئەمانە وەسەر لوتف بێن و وتوویژم لەگەڵدا بکەن." لە تلاویو کاتێك ئەفسەرانی باڵادەست گوێبیستی ڕادەی کوژراوی ئێراقییەکان بوون, بە دوودڵی لە مەبەستەکەیان ڕوانی. ژێنێراڵ ئاهارون یاریف سەرۆکی دەزگای زانیاری سپا, گوتی: "شتی وا نابێ ... ئەمە شەڕیکی پارتیزانییە ... ئەوە باسی چ دەکەن؟"

سەرکەوتنی چیای هەندرێن وای لە دەوڵەتی ئێراق کرد کە لە شەشی ژوەندا ئاگربەس ڕابگەیەنێ – ئەم ئاگربڕە دوو ساڵی خۆ ڕاگرت.

ئیسرائیلییەکان لەم سەرمایە نانەوەی کە لە کوردستان کردبوویان قازانجێکی چاکیان وە دەس هێنا. کوردان لە گەڕیانی بە هەڵاتن دانی فڕۆکەوانێکی مەسیحیدا بە ناوی "مونیر ڕێدفە", لە چالاکییەکی زۆر پێچاوپێچدا یارمەتی مووسادیان دا. ئەم فڕۆکەوانە لە ١٥ی ئووتی ١٩٦٦دا فڕۆکەی زۆر پێشکەوتە و پڕ وردەکاری میگی ٢١ی خۆی بردە ئیسرائیل. پیاوەکانی مووساد بنەماڵەی ڕێدفەیان بە بیانووی گەشت و سەیران لە بەغداوە ناردە کوردستان و کوردان زۆر بە سانی لە سنووری ئێرانیان پەڕاندنەوە. ئیسرائیل میلیۆنێك دۆلاری دایە ئەم فڕۆکەوانە و خۆی و بنەماڵەکەی بە پەنابەری سیاسی وەرگرتن. لە ڕوانگەی ئیسرائیلەوە ئەمە پوولێك بوو کە زۆر بە ڕێوجێ خەرج کرابوو و ئەمریکاییەکان کە بەم ڕووداوە گوڵیان کردبوو, داوایان لێ‌کرا بچن و فڕۆکەی دەسکاری سۆڤیەت ببینن و کار و پشکنینی خۆیانی لەسەر بکەن. مووساد ئێستا نوقمی شانازی ئەم گەڕیان و ڕووداوە بوو و ناوبانگی لە واشینگتۆن پتر پێهەڵادەچوو.

کوردان لە چالاکییەکیش‌دا کە ئیسرائیلی زۆری تامەزرۆ بوون چازان بوون و ئەویش دەربازکردن و بە هەڵاتن دانی پاشماوەی کۆمەڵی ئەم جوولەکانە بوو کە ڕێژەی نفووسیان بەر لە کۆچی قانوونی ساڵی ١٩٥٠ پتر لە سەدهەزار کەس دەبوو. کوردان بە باشترین شێوە کیسیان لە هاوینی ١٩٧٠ و ١٩٧١ هێنا و بەهرەیان لە ئاگربڕەکەی دوابەدوای وەرگرت؛ کوردان بە ئوتۆمبیل جووەکانیان بردە باکوور. (لەبەر هەڵنەتەزاندنەوەی ئێراقییەکان کات و ساتی ئەم کۆچە وەها ڕێکخرابوو کە لەگەڵ دەرکەوتنی خەڵکی شار و چوونە هاوینەهەواران هاوکات بێ.) جا بەڵێ, لە باکوورەوە ئەوانیان ناردە ئێران و لەوێوە چوونە ئیسرائیل. کاربەدەستانی ئێراقی لە هیچ شوێنێك خۆیان لە کەس هەڵنەقوتاند و بەری هیچ ئوتۆمبیلێکیان نەگرت. کۆمەڵی ئەم کۆچەرانە بە ڕادەیەك زۆر بوو (نیزیك ٣٠٠٠ کەسێك) کە مووساد گەیشتە ئەم ئاکامە کە دەوڵەتی ئێراق بە پێی بەڵگە و بۆنەی تایبەتی خۆی ڕەوتەکە دەخاتە پشت

گوێی. لێپرسراوانی مووساد لایان وابوو کە هەر ئەم چالاکی قوتار کردنی جوولەکانە بۆخۆی، بەتایبەتی تێکەڵاوی و نێوانخۆشیی چڕ و پڕی کوردان و ئیسرائیلییانی وەك مەبەستێکی بەجێ دەنواند و نشانی دەدا کە بایی زەحمەتەکەی دەبوو. لەسەر سەلماندنی شا, ئیسرائیلییەکان هەروەها لە گەڵاڵە کردنی هەڵمەتی مارسی ١٩٦٩، یانی پەلاماردانی سازکراوەکانی نەوتی کەرکووك کە ئەو دەم لە سەتا ٧٥ی نەوتی ئێراقی بەرهەم دێنا, یارمەتی کوردانی دا. مەبەست لەم پەلامارە ئەمە بوو کە بە دنیای دەرەوە نیشان بدرێ کە پێشمەرگەی بارزانی دەتوانن ئابووری ئێراق لە پێ بخەن. وێنە ڕەش و سپییەکانی لەواکۆف دوو تاقمی دەمامکداری پیادە نیشان دەدەن کە بە خۆیان و چوار یەستر بە باری خۆمپارەهاوێژ و تفەنگی بێپاشەکشەوە بەرەو شوێنی زەبر وەشاندن کەوتوونە ڕێ. سەرکردەی ئەم چالاکییە سامی عەبدوڕڕەحمان بوو، کە ئەندازیارێك بوو لە ئینگلستان دەورەی دیبوو و ئەوان سەردەمان یەکێك لە ئەستێرەکانی بەختی ئاسمانی کوردان بوو. ئەم پەلامارە کە تێیدا خەزێنەکانی گازی سروشتی و هێندێك لە دامەزراوەکان تووشی خەسار هاتن، ئەم هەستی مەترسییەی مەبەستی کوردان بوو پێکیهێنا، بەڵام ئەوەندەی ئیسرائیلی چاوەڕاونییان دەکرد سەرکەوتوو نەبوو. لەواکۆف بە ڕاوێژێکی پڕ سووکایەتی لووتی هەڵپێچا و گوتی: "چاکتر لە کڵ دەردەچوو ئەگەر کوردان بەشێکیان لە تەقەمەنییەکە بۆخۆیان پاشقوول نەدابا."

ئەگەرچی پەیوەندی نێوان کورد و ئیسرائیلییان نێوانێکی چڕ و پڕ نەبوو،لقوپۆپی تریشی هەبوو کە کەمتر وەبەر چاو دەهات، یەکێك لەم مەبەستە تایبەتییانە بڕەوی دەسەڵاتی مووساد بوو. مووساد بەوە دەنازی کە ئێراقییەکانی وەها پەرۆش و پەرێش کردووە کە لە بابەت هەنتەشی کارگێڕانی لە کوردستانا زۆری فوو لێ دەکەن و تێشکان و سەرنەکەوتوویی لەشکریی خۆیان دەدنە پاڵ هەنتەشی هەزار کەسێك ئیسرائیلی لە کوردستان. ئەمریکاش سەبارەت بە چالاکی مووساد لە کوردستاندا کە ببوو بە هۆی شێوان و ئاژاوەی نێوخۆی ئێراق دڵپەرۆش بوو. واشینگتۆن پێیخۆش بوو لەم دە ساڵەدا کە پاش ڕووخانی خانەدانی هاشمی بەسەردا هات, پشتیوانی بکا لەم

دەوڵەتانەی بە دوای یەکا دەهاتنە سەر دەسەڵات و لە سەرەتای ساڵانی داگیرسانی پێوەندی نێوان کوردان و ئیسرائیلییان، بە بارزانی دەگوت "مەلای سوور" و تەواو سەر بە مەسکەوی دەزانی، ئەویش لەبەر وەی کە ماوەیەکی زۆر لە سۆڤیەت مابۆوە و جاروبارە کە دەوڵەتی ئێراق ئیزنی سەفەری دەدایە دیپلۆماتەکانی سۆڤیەت بەرەو باکووری وڵات، ڕێی‌دەدان و چاوی پێیان دەکەوت؛[1] ئیدی ئەمریکاییەکان سەرنجیان نەدەدایە ئەم مەبەستە کە بارزانی لە ماوەی مانەوەی لە سۆڤیەتا بێ‌باوەڕێکی قووڵی سەبارەت بە کومۆنیزم و کومۆنیست کەوتۆتە مێشك و وەك سەرۆك عەشیرەتێك دژ بە بیر وباوەڕێك بوو کەوا کەوتبووە بەر سرنجی کوردانی شارەکی و خاوەن دەسەڵاتی پارتی دێموکراتی کوردستان. بەڵام مووساد کەیف‌ساز بوو کە ئەمریکایی‌یەکان چالاکی و هەڵسووڕانی ئەوانیان لە کوردستانا بەگەرمە هاتۆتە بەرچاو و زەختیان دەخستە سەر دەوڵەتی ئیسرائیل کە واز لە یارمەتی کوردان بێنێ. یەکێك لە باڵادەستانی مووساد لە بیر هێنانەوەی بیرەوەرییەکانی ڕابردوودا گوتی: "ئەو کات لای خۆمان وامان دانا کە بەڵێ، ئێمە بۆ ئەوان کۆسپێکین. ئەمەش بەم واتایەیە کە وەکوو بایەخێکی سەرودڵگر واین. ساز کردنی تەنگ و چەڵەمە و درێژە پێدانی تەنگەژەی نێوان ئەیالەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و وڵاتانی عەرەبی ئامانجی بەرز و دڵخوازی مووساد بوو. بەر لەوەی کە تلاویو ڕاهاتوویی و لێزانینێکی زیاتر لە بابەت دەس ئەنگاوتن لە سیاسەتی ئەمریکادا وە دەس بێنێ، ئەم شتانە هۆی دڵخۆشی ئیسرائیل بوون.

لە ڕاستیدا ئیسرائیل لە بابەت وەدی هێنانی مەبەستی بارزانی واتە دەس وە ئەمریکا ڕاگەیشتنی بەرەورووی گەلێك دژواری بۆوە و بە لای بارزانیشەوە دەس وێڕاگەیشتن وە کاربەدەستان و سیاسەتگێڕانی ئەمریکا هەمیشە سەرەتی یەکەم بوو. لە

١- یەکێك لەم دیدارکەرانە یوگێنی پریماکۆف بوو کە لەسەر شکڵی هەواڵنێران کاری دەکرد و بنکەی لە بەغدا بوو. ئەم کەسە لەوپەڕی تووڕەیی و نارەزامەندی دەوڵەتی بووشا لە ١٩٩١، لە هەوڵێکی ١١ سەعاتەدا کۆششی کرد قەناعەت بە سەددام حوسێن بێنێ کە کووەیت چۆل بکا ... پریماکۆف لە حکوومەتی ڕووسیەی پاش سۆڤیەتا باڵاترین پلەی لە دەزگای زانیاریدا وە دەس هێنا و لە ١٩٩٦ بوو بە وەزیری دەرەوە.

ساڵی **١٩٦٣**دا برایم ئەحمەد، لە خۆوە و بە بێ هیچ سەرەدا خۆشکردنێک داوای ڤیزای چوونە ئەمریکای کرد و داخوازەکەی بە ڕووساردی و لا لێنەکرانەوە برایەوە پاش. پێیگوترا کە واشینگتۆن هیوادارە بتوانێ نێوانی ئێران و ئێراق خۆش کاتەوە و وەرگرتنی نێردراوێکی بارزانی لە وەها هەلومەرجێکا وەك کردەیەکی دوژمنانە خۆ دەنوێنێ. بەڵام بارزانی هیوادار بوو کە ئیسرائیل لەم بوارەدا یاریدەی بدا. ئیسرائیلییەکان هەوڵیان دا، بەڵام سەرکەوتنێکی ئەوتۆیان وە دەس نەهێنا. عیسمەت شەریف وانلی کە کوردێکی لە دایك بووی سوورییایە و ئەو کات لە ئورووپا کاری بۆ بارزانی دەکرد، لە **١٩٦٤**دا سەردانی ئیسرائیلی کرد. ئەمە زەمانێك بوو کە برایم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی و ئەندامانی تری پارتی دێموکراتی کوردستان پاشی گێرە وکێشەیەکی توند و تیژ لە بارزانی هەڵبڕابوون. عیسمەت شەریف وانلی چاوی کەوت بە "یاکۆف هێزۆك" بەڕێوەبەری گشتیی وەزارەتی دەرەوە, "شیمۆن پرێز" جێگری هەمیشەیی سەرۆك وەزیر و خودی سەرۆك وەزیر "لووی ئێشکول" و لە کاتێکا برووسکەی شادی لە چاوانیڕا دەتروو سکانەوە لەم کۆ بوونەوانە هاتەدەر. گوتی: "ئەم باڵادەستانەی لە ئیسرائیل چاوم پێیان کەوت گوتیان کە کوردستان بەرەو سەربەستی داژوێ. من لێم سوور بۆوە کە ئیسرائیل سەبارەت بە کوردان بڕوای باشە و لەگەڵیان هەست بە هاودەردی دەکا."

وانلی دەڵێ: "بارزانی دڵی خۆش بوو و دڵنیا بوو کە وا ئێستا هاوکاری ئەیالەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەبەر دەستانە." تا ئەم ڕادەیە ئیمان و بڕوای بە زیرەکی و کارتێکردنی ئیسرائیل هەبوو. بۆ ساڵی دواتر وانلی پەیوەندی کرد بە باڵوێزخانەی ئیسرائیل لە ئەیالەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و لەوێوە نێوانی لەگەڵ دامەزراوەیەکی پێوەندی گشتیی لە شەقامی مادیسۆن کە نێوانی لەتەك ئیسرائیلا خۆش بوو، بۆ داگیرساند. ئەو لە واشینگتۆن لە "مەکۆی بلاڤۆکانی نەتەوەیی" وتاری دا و چاوی بە هەندێك لە ئەندامانی مەجلیسی پیران کەوت. وانلی دەڵێ: "هەر خێرایەکی تێگەیشتم کە ئیسرائیلییەکان نەیانتوانیوە ئەمریکاییەکان ڕازی بکەن و ئەمریکاییەکانیش پێیانخۆش نەبوو خۆ تێوەدەن." قازی ویلیام ئوو.دوگلاس, کە لە ڕابردوودا بە باری

چاکا لەسەر کوردانی نووسیبوو, ملی نەدا بۆ چاوپێکەوتنی. وانلی دەڵێ: "لە هەموو شوێنێك بە ڕووساردی وەرگیرام. هەڵکەوتێك ڕووی نەدا." کاربەدەستانی وەزارەتی دەرەوە دیداریان لەگەڵ نەکرد، بەڵام کۆبوونەوەیەکیان پێکهێنا کە تێیدا لە بۆ کارناسان بێتە ئاخافتن. (ئەمە تەگبیرێك بوو کە وەزارەتی دەرەوە لە ماوەی سێ دەیەی پاش ئەوا گەلێك جار و بە باشی بەهرەی لێوەرگرت.)

کاتێك وانلی ڕاپۆرتی ڕەوتی ڕووداوەکانی هەناردەوە "بارزانی سەری سوڕما و بە خۆیا شکایەوە." بەڵام هەتا پشتبەردانی لە ١٩٧٥دا قەت ئیمان و بڕوای سەبارەت بە توانایی ئیسرائیل لە بابەت شوێن دانانی لەسەر ئەیالەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە دەس نەدا. بارزانی هەمیشە تکای لە ڕاوێژکارانی مووساد ئەمە بوو: "هەر لە بن گوێی سەرکۆماری ئەمریکا سرتوخورتێك بکەن بەسە." لە گەڕیانی دوایین دیدار لەم گشتە سەردانەی بۆ ئیسرائیل کە تێیدا چاوی کەوت بە هەموو وەزیران و سەرکردەکانی سپا، پێشنیاری بە شیمۆن پرێز کرد کە ئەگەر دەوڵەتی سووریا بڕووخێنێ, کوردانیش دەوڵەتی ئێراق دەڕمێنن. کاتێك ئیسرائیلییەکان پەیمانی دۆستایەتی سۆڤیەتیان بیر هێنایەوە و ئەم پێشنیارەیان بردەوە پاش، بارزانی وڵامی داوە: "ئێوە دۆگۆڵ و نیکسۆنتان لە کار لادا. ئیتر ناتوانن من فریو دەن." هیچ شتێك ئەم خەیاڵاتەی لە زەینی نەدەبردە دەر.

لە ١٩٧٢دا بەخت ڕووی کردە بارزانی، یانی بۆخۆی وای زانی. خاتوو "گوڵدا مایەر", سەرۆکوەزیری ئیسرائیل لە تاران بوو و داوای یارمەتی زیاتری دەکرد بۆ کوردان. ئەمە مانگێك بەر لە دیداری شا لەگەڵ نیکسۆن و کیسینجێر بوو کە تێیدا شا بڕوای بە نیکسۆن و کیسینجێر هێنا کە ئەم سیاسەتەی ئەمریکا لە بابەت خۆتێوەرنەدانی لە کێشەی کوردان وەلا بنێن. کیمچە, سەرۆکی مووساد ئەم ئاڵوگۆڕەی لە چاوی خۆیان دەزانی و پێی وابوو ئیسرائیل دەوری کاریگەری گێڕاوە. بەڵام ئەم گۆڕانی هەڵوێست و سیاسەتەی واشینگتۆن تەنیا لەبەر دڵی خودی شا بوو کە سەبارەت بە پێهەڵاچوونی ناردنی چەك بۆ ئێراق، بە گوێرەی پەیمانی دۆستایەتی ئێراق و سۆڤیەت دڵپەرۆش بوو (و ئەم یارمەتییە سەربازییە گرینگانەش کە ئیسرائیل و

ئێران بە بارزانییان کردبوو خۆی ڕەنگدانەوەی ئەم دڵپەرۆشییە بوو.) جا سەیر ئەوەیە سەرەڕای زۆر بوونی بەرچاوی یارمەتییەکانی سەربازیی ئیسرائیل بۆ کوردان لەو هاوینەدا، چاوەدێری تازەی ئەمریکا و پشتیوانی ئاشکرای ئێران بۆ وان ئێستا بە زەرەدی برەوی دەسەڵاتی ئیسرائیل شکایەوە.

کار و گەڵاڵەی یارمەتییە غەیرەنیزامییەکانی ئیسرائیل هەروا درێژەی کێشا و بارزانی زۆرتر لەگەڵ ئەفسەرانی سپای ئیسرائیل لە تاران ڕاوێژی دەکرد. لە مەودای شەڕی ١٩٧٣ی عەرەب و ئیسرائیلییاندا دەنگۆی وتووێژی تەکولۆ سەبارەت بە کرانەوەی بەرەیەکی دووهەم لە لایەن کوردانەوە بە مەبەستی بەرپەرچ دانەوە و ڕێگرتنی ئێراق لە ناردنی هێزی یارمەتیدەر بۆ وڵاتی سووریا لە بەرزاییەکانی گوڵان بەرگوێ دەکەوت. تا ئەمڕۆ ڕوون نەبۆتەوە کە داخوا ئەم بیرە لە لایەن کوردانەوە دەربڕابوو یا لە ئالی ئیسرائیلییانەوە, کە پتر ئەمەیان وێدەچێ. یەکێك لە یاریدەدەرانی باڵادەستی بارزانی بە لێبڕاوی گوتی ئەوە ئیسرائیل بوو کە داوای لە کوردان کرد بە کردنەوەی بەرەیەکی ئەوتۆ "ئێراق بخەنە تەنگەژە، بەڵام بارزانی لەگەڵ ئەم پێشنیارە هاودەنگ نەبوو." بەتایبەت پاش ئەمەی کە ئەمریکایییەکان ڕایانسپارد کە لەم کارە خۆ بپارێزێ.

بارزانی پتر ئەمریکای بە هێند دەگرت هەتا ئیسرائیل "ڕاپۆرتی پایك" دەڵێ ئەم ڕاسپاردەیە خودی کیسینجێر کردی کە ئەو کات وەزیری دەرەوە بوو. کیسینجێر لە بیرەوەرییەکانیدا گەڕیانەکە بە دوو شێوە دەگێڕێتەوە: بە خۆی دەنازێ کە نەیهێشتووە بەرەی دووهەم بکرێتەوە و ئەمجاریش بایەخی پێوەندی لەگەڵ کوردان زەمانێك ڕوون بۆوە کە تەنیا لەشکرێکی ئێراق – بۆ بەشداری – لە شەڕا بە دەستەوە بوو." پازدە ساڵ دواتر دەڵێ بۆیە دژی پێشنیاری ئیسرائیلییەکان ڕاوەستا چونکە دەترسا بێتوو کوردانی سووکەڵەچەك لە چیا دابڕێن – لە ژێر زنجیری هێزەکانی زرێداری ئێراقا – بپلیشێنەوە." جا هەر لە ترسی داهاتووی ئیشەکە, پاش کۆتایی هاتنی شەڕی "یوم‌کیپوور"، پێیخۆش نەبوو یارمەتی بۆ بارزانی پێهەڵابەرێ, چونکە ئەم کارە – کردنەوەی بەرەی دووهەم – پێویستیی بە پەلامارێکی بەربڵاو بوو. سەرچاوەکانی

دەزگای زانیاری ئیسرائیلیش بە پێی بەڵگە و سەنەدی تایبەتی خۆیان داکۆکی دەکەن لەسەر ئەم مەبەستە کە ئەم پێشنیارە لە لایەن خودی کوردانەوە کراوە و بۆیە ئیسرائیلییەکان پێی ڕازی نەبوون، چونکە نەیاندەتوانی پاشان بەری تۆڵە ئەستاندنەوەی ئێراقیان بۆ بگرن و باڵیان بەسەر بکێشن.

ڕەنگە هۆی یەکتر نەخوێندنەوەی ئەم وتانەمان لە داخ و مخابەتێکڕا بۆ دەرکەوێ کە کیسینجێر لە "تلاویو" وە دەستی هێنا: "ئیسرائیلییەکانی تلاویو لە مەبەستم حاڵی بوون." بەڵام ئەم ئیسرائیلییانەی لە شانۆدا – یانی لە کوردستان – بوون هاودەنگی ئەم گەڵاڵەیە بوون. هەرچونێك بێ هیچ کارێك نەکرا و هێزەکانی ئێراق کە بریتی بوون لە ٣٠٠٠٠ سەرباز و ٦٠ فڕۆکە و ٤٠٠ تانك نێردرانە بەرزاییەکانی گۆلان. سەددام حوسێن ئەوەندە لەم بابەتەوە نیگەران بوو کە لە پێشا بەڵێنی لە شا وەرگرت دەرفەت لەم هەلومەرجە نەهێنێ. شا ئەو کاتە گوتبووی: "من هیچ پێمخۆش نیە کە کوردان مۆرکی بەکرێگیراوی ئەمریکا و ئیسرائیلییان لێبدرێ." بەڵام لەگەڵ تەواوی ئەمانەشدا، لە بەرامبەر متەق نەکردنی سەبارەت بە ناردنی هێزی ئێراق بۆ سووریا، نوێ کرانەوەی پێوەندی سیاسی بە سەر سەددام حوسێنا داسەپاند. ئێراقییەکان ١٢٥ سەرباز و ٢١ فڕۆکە و ١٨٠ تانکیان لە گۆلان تێداچوو.

پاشی شەڕ، ئیسرائیل گەلێکی چەکوچۆڵی ڕووسی بۆ کوردان هەنارد: تۆپخانە، مووشەکهاوێژی دژی ئاسمانیی ئیستڕێلا کە لەسەر شانان هەڵدەگیران و شتێکی ئەوتۆ نەبوون و چەکی دژی تانکی ئیستاگێر.

بەڵام کاتێك شەڕ و هەڵڵای نێوان کوردان و ئێراقییەکان لە ١٩٧٤دا دەستی پێکردەوە, مووساد لەوپەڕی ناڕەحەتیدا لێی حاڵی بوو کە ئیتر ئێستا بۆتە شوێنکەوتەی شا و ئەمریکا. ئێران بۆ باڵگرتنی کوردان کە کەوتبوونە تەنگەژە، پۆلێك ئاگرباری ١٢٠ میلیمیتری دەسکاری سۆڤیەت و پۆلێك ئاگرباری ١٣٠ میلیمیتری تری ناردە نێو خاکی ئێراق – ئاگرباری تریش دواتر بە شوێن ئەمانەدا هاتن و هەروەها مووشکهاوێژەکانی "ڕاپیەر"ی ئینگلیسی لەسەر سنوور دامەزران. بەڵام یەکێتی سۆڤیەت ئێراقی بە چەکوچۆڵی پتر و پێشکەوتەتر تەیار کردبوو, لە باڵەفڕەوە

بگرە هەتا فرۆکە و تانـك. هێـزە زرێـدارەکانی ئێراقـی هـەر خێرایـەکی و بێپسانەوە کوردانیان لـە دەشتەکانی هەولێرەوە بـەرەو مەتـەرێزەکانی کێـو و کێوپـاران ڕامـاڵی. کاتێك کوردان ئەم پردە گرینگەیان تەقاندەوە کە ڕێی دەبردەوە سەر دەرەی سەخت و دژواری "گەڵی عەلیبەگ"، ئەندازیارانی ئێراقی بە بۆلـدزێر چیایان دابڕی و ڕێیـان بـۆ تانکان کردەوە و لقێك تانکی تەیارکراو بە لێواری داوێنی چیای هورەکدا بـــــــەرەو دەشتەکانی دەورروبـەری دیانـا و ئـەولاتری ئاژاوتیـان و چـوونە پـێش.[1] زوی زەمـیر، سەرۆکی مووساد کە کوردستانی بـە وردی دەناسـی، سـەرلەنوێ سـاگۆیی نـاردەوە، کاتێك ساگۆیی گەیشتە جێ سەری سوڕما وەختایەك دیتی بارزانی و کورەکانی ئاگایان لـــە جموجـــۆڵی هێزەکـــانی ئێراقـــی نیـــە، ســـاگۆیی دەڵـــێ: "دەســـەڵاتی ڕاگرتنـــی بارودۆخەکەیان بە دەستەوە نەمابوو."

لـە کۆبوونەوەیەکدا کە لـەتـەك فەرمانـدەرانی کـورد لــە ئەشـکەوتی زوزیـك لــە دەرەوەی ڕەواندز پێکیهێنا داکـۆکی کـرد کـە بـارودۆخ بـە بـاری تاکتیکیـدا زۆر پڕمەترسییە. سەرەڕای تەواوی ئەمانە ساگۆیی دەستی کرد بە دامەزراندنی بۆسەی تەیار بە چەکی دژی تانکی "ئێستاگێر" و "تۆپی ١٠٦ی بێ پاشەکـشە". ئیـسرائیلییەکان بـە سەرنجدان بەم مەبەستە کە ئێراقییەکان قەت لـە ڕێوبان کلا نەدەبوون و زۆر لــە ژێـر باڵی پـشتیوانی تۆپخانـە دوور نەدەکەوتنـەوە، بۆسـەیەکیان دانایـەوە کـە لــە مـاوەی نیوسەعاتێکا سەت تانکی ئێراقیان تەفروتونا کـرد. بۆسـەکانی تـر خەسـاری قورسـتری لـێدان، بەڵام ئەمـجار ئێراقییەکان بە بێ گوێدانە خەسار هەروا بەرەوپێش دەئـاژوان. بە قوونەشەڕ لـە زوزیك هەڵدەکشان و ئەم کێـوە چـەند جـاران دەستاودەسـتی کـرد. لـەگەڵ بارینی بەفر شەڕەکان لـە گەرمە کەوتن، بەڵام نەبڕانەوە. ئێراقییەکان بۆ یەکـەم جار لـە شەڕ لـەتەك کوردانا توانیان زستانێ لـە کوێستانان درێژە بە شەڕ بدەن. ساگۆیی

---

[1] – دیاردەگەلێك وەك نیشانەی خەیانەت لـە ریزی پێشمەرگەدا خۆی دەنواند: هێزی زرێداری ئێراق لـە کات و شوێنی "مناسب"دا لـە چیا دابەزین و ئەم پێشڕەوییە دروست وەختایەك بوو کە هێزەکانی پێشمەرگە بە شێوەیەکی گومان لـێکراو کشابوونەوە. هۆی پاشەکشە دەمەقڕەیەك بوو کە لـە نێو خۆیانا هەڵگیرسابوو، دیـار نـەبوو بـە ئانقەستە یان نا. تێکرا بۆ چارەسەری ئەم ناکۆکییە گەڕابوونەوە ناوەندی سەرکردایەتی خۆیان.

کە زۆر لەم بابەتەوە دڵپەرۆش بوو گەڕاوە ئیسرائیل هەتا ڕێچارەیەك بۆ ئەم کارە بدۆزێتەوە.

هێشتا خەریکی دۆزینەوەی چارەسەرێك بۆ ئەم تەنگەژە و دارشتنی گەلاڵەی بەربەرەکانی و بەرپەرچ دانەوە بوو کە لە شەشی مارسا ڕێککەوتنی ئێران و ئێراق لە ئەلجەزیرە ڕاگەیەندرا. لەپڕ دەستوور درا بە تەواوی هێزەکانی تۆپخانە و تۆپی دژی ئاسمانیی ئێران ئاودیوی خاکی خۆیان بنەوە و ئێراق جێبێڵن. ئەم هێزانە لەبەر چاوی کورد و ئیسرائیلییان کە واق مابوون "ئامراز و کەلوپەلیان تێکەوەپێچا و گەڕانەوە." ئەفسەرانی ئێرانی کە نەیاندەوێرا ڕاستییەکەی بڵێن، ئەم پاشەکشەیان وەك ئاڵوگۆڕی هێزەکان و نۆرە پێکرانیان لە قەڵەم دا. ئەم چەند کەسەی تاقمی مووساد کە هێشتا لە کوردستان بوون بە فەرمانی ساواك بارگە و بنەیان خستە نێو چەن جیپێك و خێرایەکی بۆی قوتار بوون. ئەمە کۆتایییەکی تاڵی ڕەوتی ڕووداوەکان بوو.

لە تاران "ئیوری لوبرانی" باڵوێزی لێوەشاوە و غەیرەڕەسمی ئیسرائیل کە ماوەیەکی زۆر یەکێك لە کارگێرانی "سیاسەتی لە لاوەی" مووساد بوو لە ئیتیۆپیەڕا بگرە هەتا لوبنان، سەری لە "دڵڕەقی و بێهەست و سۆزی شا" سوڕما. یەکێك لە باڵادەستانی ڕەسمی حکومەتی شا پێشبڕی و نارەزامەندی ئیسرائیلییانی ڕادایە کەنارێك و ئەوانی سەبارەت "بە تێکەڵ کردنی هەست و سۆز لەگەڵ سیاسەت" سەرکۆنە کرد. ئەم کارەبەدەستە بڕوای وابوو کە "نابێ یارمەتیدانی کەمینەکان بە شێوەیەك بێتە بەرچاو کە ئاخرییەکەی بگەڕێتەوە سەر خۆت، بەڵکوو دەبێ وەك ئامرازێك چاوی لێبکرێ بۆ وەرگرتنی ئیمتیازی باش لە زۆرینە" و درێژەی دا: "سیاسەتی باش یانی بڕینی یارمەتی لە کاتی خۆیا بۆ وەرگرتنی لانی زۆری ئیمتیاز و ئەمەش هەر هەمان کارە کە شا کردوویەتی." لوبرانی تازە لە هەڵەی ئیسرائیل حاڵی بوو کە وای بیر دەکردەوە دوژمنایەتی لەمێژینەی ئێران و عەرەبان شتێکی خۆڕاگرە و ئاڵوگۆڕی بەسەردا نایە و ئیزنی ئیسرائیل دەدا کە کوردان بۆ ئەم کارە هان بدا. ئەو بە پەرۆشییەوە تێگەیشت زۆر سەیر نیە هەر کات شا بە قازانج و بەرژەوەندی بزانێ ئیسرائیلیش تووشی وەها چارەنووسێك ببێتەوە.

بەڵام دەڵێ: "قەت دەستوورێکی ئەوتۆیان پێنەدام کە بە مەبەستی لایەنگری لە کوردان شا بدوێنم و تەنانەت سەبارەت بە دانی یارمەتی مرۆڤدۆستانە بۆ لافاوی ئەم پەناخوازانەی کە ئێستا بەرەو ئێران سەرەولێژ ببوون، متەق بکەم." لە درێژەدا دەڵێ: "ئاشکرایە ئێمە وەك ئەم ئیسرائیلییانەی کە ڕاستەوخۆ کەوتبووینە نێو گەڕیانەکە زۆرمان هەست بە تاوان دەکرد." دەیزانی کە سەدان کورد لە ئێراق کوژراون و هەزاران کەسیان ڕەپێچەکی دەشت و سارای وشك و قاقڕی باشووری ئێراق داوە. چەند ساڵێك دواتر گوتی: "ئەگەر ئیسرائیل لە بری وڵاتێکی ٤/٥ میلیۆن کەسی وڵاتێکی ٢٥ میلیۆنی با، ئەوکات بە شێوەیەکی تر قسەمان کردبوو." لێرەدا بە مست کوتایە سەر مێزەکەی. بەڵام ئەمە قسەیەك بوو کە بۆ دامرکاندنی هەست و دڵدانەوەی خۆی دەریدەبڕی. ئیسرائیل هەر ئیددیعایەکیش کە هەیبوو و لەگەڵ ئەمەشدا کە خۆی بە "چوارەمین هێز و دەسەڵاتی نیزامیی جیهان" دەزانی, قەت لە وڵاتێکی بچووکی ناوچەیی وێوەتر نەبوو و نەیدەتوانی دەسەڵاتێکی سەقامگیری دوورتر لە بنکەی مەدیتەرانەیی خۆی پەرە پێبدا و شا هەر لە سەرەتاوە بۆ ئەم مەبەستە دنەی دا خۆ لە کاروباری کوردستانەوە بگلێنێ: دەیزانی کە ئیسرائیلییەکان بە زۆر باراندا ئەمەگداری ئەون و ناتوانن لەگەڵیا بکەونە دژایەتی.

بۆ ساڵی دواتر, ئەو کاتەی وا لەوبرانی لە دورگەی کیش لەتەك شادا تاق کەوتبۆوە و وردە وردە کەش و هەوای ڕەسمی دیدارەکە دامرکا، لە شای پرسی کە ئەم یەکێتییە "بەکردەوەی" لەگەڵ ئیسرائیل بە چ مەبەستێك درێژە پێدەدا؟ شا گوتی ئیسرائیل وەك ئاسنڕفێنێك وایە کە ناخۆشەویستی و هێزی عەرەبان بۆ لای خۆی دەکێشێ و بەم بارەدا بە قازانجی ئەوە. ئەم کارە هەل بۆ ئێران دەڕەخسێنێ کە بە مەبەستی بەربەرەکانی لەگەڵ عەرەبان و نیزیك کردنەوەی تلاویو لە واشینگتۆن تەیار بێ و ئەمەش خۆی بۆ شی کردنەوەی هەڵوێستی ئێران بۆ ئەمریکاییەکان و تێگەیشتن لە هەڵوێستی خۆیان بەکەلکە. ئەو لە هیچ شوێنێك باسی کوردانی نەکرد کە ئاشکرایە لەم بوارەدا هەل و دەرفەتیان بۆ ڕەخساندبوو.

پایەبەرزانی کورد ئیددیعا دەکەن کە مەکۆی دەوروبەری بارزانی ئاگایان لە دیداری وەزیرانی دەرەوەی ئێران و ئێراق بووە کە لە نێوەڕاستەکانی ساڵی ١٩٧٤دا توانیان هێندێك گرێ و کۆسپان ڕەها کەن، بەڵام دەڵێن قەت پێیان وانەبووە کە ئاوا لەڕێوە دەگەنە سەرەنجام. وێڕای تەواوی ئەمانەش کوردان دەڵێن ئێمە بەتایبەت لە ئیسرائیل تووڕە بووین کە ئاگاداری چاوپێکەوتنی ئەلجەزیرەی نەکردینەوە, چونکە بێگومان مووساد لە پێشا بەم کەینەوبەینەی زانیوە ... ئەمەش هەر ئەم خەیاڵاتەیە کە لەمەڕ ئیسرائیلییانەوە بوویان و پێیان وابوو لە هەموو شتێك ئاگادارن. بەڵام مێژوونووسانی ئیسرائیلی لەگەڵ ئەم بۆچوونە نین و دەڵێن ئیسرائیلییەکانیش دەکرێ وەك هەر کەسانێکی تر "هێڕ" بن. بۆ مەگین هەر خودی ئەم دەوڵەتی ئیسرائیلە نەبوو کە لە ١٩٧٣دا دیاردەگەلی ڕوون و ئاشکرای هەڵگیرسانی شەڕی دەبینی, کەچی لە وەختی هێرشی تێکڕای میسر و سووریادا ئاوەها تێکەوت و خافڵگیر کرا؟

کیمچە حاشا لە هەر چەشنە "وریا کردنەوەیەکی پێشتری" ئیسرائیلی لە لایەن شاوە دەکا؛ بەڵام مێژوونووسێکی ئیسرائیلی کە توێژینەوەی لەسەر یەکێتی کورد و ئیسرائیلییان کردووە بە دڕدۆنگی و دووشکییەوە دەڕوانێتە بێتاوانی و بێئاگایی دەوڵەتی ئیسرائیل. بە ورد بوونەوە لە مەیلی بەردەوامی ئیسرائیل بۆ لاواز بوونی ئێراق, بێتوو شەڕ کۆتایی پێهاتبا، بێگومان ئیسرائیل لەم گێرە و کێشەدا زۆرشتی لە دەس دەدا و لە بەرامبەردا هیچیشی گیر نەدەکەوت، چونکە ئەگەر شەڕ بڕابایەوە, ئێراق ئازاد دەبوو کە هێزەکانی بۆ بەرەنگاری ئەو بەرەو ڕۆژاوا بخاتە گەڕ. هەر ئەو دەم جۆزێف کرافت، وتارنووسی ئەمریکایی کە لە کیسینجێر نیزیك بوو لە نووسراوەیەکدا هەر ئەم شێوە ڕوانگەیەی دەخستەڕوو: ئەو لەم وتارەدا ڕێککەوتنی ئەلجەزیرەی وەك "زەبرێك لە ئەیالەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا"، گەورە پشتیوانی ئیسرائیل، لە قەڵەم دا.

دواتر ئیوری لوبرانی گوتی: "لێی سوور نیە کە قسەی کوردان دەربارەی گوناهی هاوبەندانی ڕاڕایان کە تاوانی ڕێککەوتنی ئەلجەزیرەیان دەخەنە ئەستۆی هەتا کوێ وایە." ئەو خاڵێکی خستەڕوو: ڕەوڕەوەی شەڕ هەڵتەهەڵتەکی بوو و ئێراق پێشنیاری

سەرکەوتنێکی دیپلۆماتیکی دەخستە بەر دەستی شا کە مەترسی تێوەچوونێکی پتری نیزامیی لە دوا نەبوو کە وەکوو زۆنگ دەچوو. بەڵام بارزانی قەت لەم بابەتەوە ئیسرائیلی نەبەخشی. مەلامستەفا هەتا سەرەمەرگی، هەر کات کە باسی نێوانی لەگەڵ ئیسرائیل دەهاتە گۆڕ باسەکەی دەگۆڕی.

مەسعوودی کوڕی لەمەش ئاشکراتر هەڵوێستی دەگرت. لە ئۆکتۆبری ١٩٩١دا وەختایەك لە گەڕیانی سەردانێکمدا بۆ کوردستان پێم گوت هەر بەم زوانە دەچمە ئیسرائیل بەم هیوایە کە چاوم بە کاربەدەستانی پێشووی مووساد بکەوێ، ئەم مرۆیە کە سەرچاوەی جوانترین ڕەوشتی ئینسانی و خوددارترین پیاوی کوردە، لەپڕ دەرهەڵبوو، گوتی قەتی پێ‌خۆش نیە سەبارەت بە ئیسرائیلییەکان قسەم لەگەڵ بکا. ئەوەندەی ڕق هەستابوو پڕیشکەی لێ‌دەبۆوە. وتی وەك بارزانییەك بڕوای وایە کە تێکەوتن و دۆستایەتی لەگەڵ ئیسرائیل، باوکی، هۆزی، بنەماڵەی، حیزبەکەی و هەموو کوردانی بە ڕێیەکدا برد کە کارەساتی لێ‌کەوتەوە. ناکامی و بە پووچ دەرچوونی دۆستایەتی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی دەرەکی کە وەختایەك زۆر وەك مەبەستێکی جێی‌باوەڕ خۆی دەنواند، کۆنەڕقێکی پایەداری جێ‌هێشتبوو.[1] وا بێ و وا نەبێ، کوردان بە خۆیان سەلماندووە کە ئەگەر بارزانی سەرەتای دۆستایەتی لەگەڵ ئیسرائیلییان دانەمەزراندبا ئەوەندە سادە و ساکار نەدەبوون کە لەتەك شا و واشینگتۆنا دەس بدەنە هاوکارییەکی خڕ و پتوون.

بەو حاڵەشەوە لە ئیسرائیل پشتیوانی بێ پێچ و پەنای گشتیی سەبارەت بە ئاوات و ئارمانجی کوردان هەر لە گڕی خۆی دایە. لە بەهاری ساڵی ١٩٩١دا، کاتێك کوردان دژی سەددام حوسێن ڕاپەڕین، ئیسرائیلییە بە ڕەگەز کوردەکان لە دەرەوەی بیناکانی دەوڵەتی کۆبوونەوە و داوای یارمەتییان لە "ئیسحاق شامیر"ی سەرۆك وەزیر

١- بەڵام لە ١٩٩٢دا، لە وت‌وویژێك لەگەڵ کامران قەرەداغی – لە ئەلحەیات – ەوە، گوتی خۆ پاراستنی لە وت‌وویژ لەتەك ئیسرائیلدا ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر دژایەتی عەرەبەکانی ئەندامی کۆنگرەی ئێراق، یانی دژبەرانی سەددام، پێوەندەی بە ڕابردۆوە نیە.

کـرد، یارمـەتی مـرۆڤدۆسـتانە نێـردرا، ئەگەرچـی نیۆیـۆرك تایـمز کـە بـێ هـیچ ئێروئەویێەك پشتیوانی لـە ئیسرائیل دەکا، ئیسرائیلی لـەبەر سـرنج ویَنـەدان وە دەرد و بەلاَی کوردان "بە گوێرەی ئەم دڵپەرۆشییە لووت بەرزانەیەی کە سـەربەخۆیی کـورد رەنگە ناراستەوخۆ فەلەستین بەرەو سەربەستی پاڵ پێوە بنێ" سەرکۆنە کرد.

هەروەك کە هەر کارگێڕێکی بەئـەزموونی دەزگـای زانیـاری دەزانـێ، باوەڕگـەلی نەگۆڕ و پتـەو، چـاوەڕوانی لـە ڕادە بـەدەر و بـە خراپـە بـاس کـردن زۆرتـر نرخـی مسۆگەری ئەم جموجۆڵە پەنامەکییانەن کە لـە وڵاتانی جیهانی سێهەما بـەڕێوە دەچـن. بەم گەڕیانە لەم بابەتانەدا کـە گـەورەهێزێك لـەگـەڵ خـەڵکێکی هـەژار و پێخوسـتی زۆرکاری چەشنی کوردان, تێبکەوێ، کارێکی ئاسایی و باوە. ویلیـام کـۆلبی کـە لـە سەردەمانی بەرەڵلاَ کردنی کوردانا سەرۆکی "سیا" بوو، چەند ساڵ دواتـر پێیگوتـم: "هەتا زیاتر تێکەڵاوی ڕەوتەکە دەبێ، تێکەلاَیەتی عاتیفی بەتایبـەت لـە نێـو کـارگێڕانی چالاکی سەرشانۆ زیاتر دەبـێ."[١] کـۆلبی کـە خـۆی یـەکێك لـە کارناسـانی چـازانی کاروباری ئاسیایە لەم پلەیەدا دەیزانی باسی چ دەکا. ئیسرائیل کوێرەوەرییەکی تریـشی تووش هاتبوو: دوای ١٩٧٥ لوبرانی گـوتی: "خـەڵکی سـاکاری ناوچـە – کـوردان، ئێرانییەکان و زۆر لە خەڵکانی تر – پێیان وابوو جوولەکـە بـۆ پـووڵ هـەموو شـتێك دەکا." کە بە بڕوای ئەو, مەبەستەکە دەگەڕێتەوە سەر ئەم باسـەی کـە لـە "پەیـمانی شێخەکانی زایۆن"دا باسی کرابـوو، کـە دروشـمێکی چاوناسـی دژی جوولـەکەیـە و پۆلیسی ڕووسیای خونکاری لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا دەستی تێبردبوو.

١– دۆستایەتی "سیا" لەگەڵ کوردەکانی ئێراق ساڵگاران وەك ڕۆحێکی نەسەکنیو پێوەندی و دۆستایەتی نێـوان ئەیالـەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئێرانی کردە مەیدانی تراتێنی خۆی. هەر دوابەدوای ڕووخانی شا "ڕی کیو"، سەرۆکی پێشووی "سیا" لە بنکەی تاران بانگ کرایەوە سەر کار هەتا وتوویژێك لەگەڵ دەوڵـەتی تـازە دەس پێبکا کە لە بوونی پێوەندی شیمانەیی نێوان ئیسرائیل و کوردەکانی ئێراق دەترسا. "کیو" گوتی تا ئـەو جێیـەی ئەو ئاگادارە هیچ نێوان و پەیوندییەك لە گۆڕا نەبوو.

بەشی ٨

عەلی کیمیاوی

بۆ سەرکەوتنی خراپی تەنیا هەر ئەوەندە پێویستە کە مرۆڤە باشەکان دەس لەسەر دەس دانێن و هیچ نەکەن. *"ئێدمۆند بێرک"*

لە هاوینی ١٩٩٤دا سیمۆن وایزنتاڵ، هەروا هێدی و لەسەرەخۆ و بە ڕووخۆشی کە لە تەنیا دیدارمان بەچارەگە سەدەیەك پتر بەر لە ئێستا لەبیرم مابوو گوێی بۆ شل کردم. لە ساڵی ١٩٦٨دا، وەختایەکی بۆ یەکەم جار لە "ویەن" گەیشتمە دەفتەری کاری ئەم پیاوە ماندوویی‌نەناسە، ئەو کەوتبووە بێوشوێنی ئەم نازییانەی کە لە گەڕیانی "ئاخرین ڕێچارەی هیتلێر بۆ دۆزی جوولەکە" لێپرساو بوون، ئەوکات هەواڵنێری نیۆیۆرك تایمز بووم لە "وەرشەو". ئاشنایەتییەکم لەگەڵ شەیتان و شۆفارەکانی ئورووپای ڕۆژهەڵاتیی نەبوو و لە بابەت ئەو شتەی کە بە لامەوە وەك ڕەوت و ڕێبازێکی سووررێئالیستی دەچوو لە بەستێنی *جووئازاری* لە وڵاتێکا کە پاش تالان و قەڵاچۆی لێکدالێکدای هیتلێر بە کردەوە لە بوونی جوولەکان پاك کرابۆوە, پێویستیم بە ڕێنوێنی بوو. ئەو ساڵە مرخێش‌مرخێش لە نێو "حیزبی سالاران"ی وڵاتی

کومۆنیستی لەهێستاندا توند و تیژتر بوو. وایزنتاڵ بە هێمنی و لەسەرەخۆیی زانیارییەکی دوور و درێژی نایە بەردەستم.

ئەو کات من گەڕابوومەوە ویەن هەتا بە پێی ڕێنوێنیی ئەو ڕازی ئەم تۆڵە خۆفناکەی سەددام حوسێن بەسەر کوردەکانی ئێراقی هێنا بوو ئاشکراکەم. ژان و ئۆف و ئەشکەنجەی ئەم خەڵکە گەلێ ناخۆشتر بوو لەم ئێش و ئازارەی "شەدرەك و میشکە و عەبدنغوو"[1] کە لە "تەورات"دا بەسەرهاتیان گێڕدراوەتەوە. ئەم سێ کەسەیان بە دەستووری "نەبوکد نەسر" خستە کڵێ ئاگردانەوە (کە دڵێن چاڵەڕەشەکانی هەر ئەم سەرچاوە نەوتییە تازانەی کەرکووکی کوردستان بوون.) ئەم گەورەگەورانەی چاخی کۆن ئاخرییەکەی ڕزگارییان هات، بەڵام بۆ کوردان کە کەوتنە بەر لافاوی چەکی شیمیایی و دوورخرانەوە و خاشەبڕ کرانی گوندەکانیان، قوتار بوونێك لە گۆڕێدا نەبوو. دەیانهەزار کەس بە بێ دادگایی کران و بێ سێ و دوو ئیعدام کران و کەوتنە بەر دەسدرێژی و ئازار و ئەشکەنجە و سەددام تاوانبارە بەوە کە ئەم ئازار و نەگبەتییانەی وەك هونەرێکی ورد و باریك پێهەڵابردبوو.[2]

هیوادار بووم کە وایزنتاڵ گەیشتبێتە تێگەیشتنێکی تایبەت لەسەر ئەم واتایە کە چ شتێك بۆتە هۆ و چ شتێك زۆرکارانی ئەمڕۆیی، لە ئاڵمانیڕا بگرە هەتا ڕۆژهەڵاتی دنە

١– نەبوکد نەسر بە تووڕەیی و غەزرینەوە فەرمووی هەتا شەدرەك و میشکە و عەبدنغوو بێنن ... فەرمووی کە کڵێ ئاگردانەکە حەوت ئەوەندە نێڵ دەن و سووری کەنەوە ... پاشان فەرمووی شەدرەك و میشکە و عەبدنغوو چۆڵەپێچ کەن و بیانخەنە گڕەمشقەڵانی ئاگردانەوە. (کتێبی دانیال پێغمەر، بەشی سێ.)

٢– "لە ئێراق گوللەباران و لە سێدارەدانی بەدەر لە جەغزی قانوون هەتا ڕادەی هونەرێکی ورد و باریك پەرە و گەشەی سەندووە. شێوەی کارەکان بریتی بوون لە دەکار هێنانی چەکی شیمیایی دژی خەڵکی ئاسایی، گوللەبارانی بە کۆمەڵ لە لایەن تاقمەکانی پیاوکوژ، زیندە بەچاڵ کردن و هەڵواسینی شتی قورس بە پای بەربەڵاکان و بە دەم چۆم دادانیان، خوێن لێگرتن و ژارکوژ کردنی بەڵاگێڕەوەکان بە ژاری "تالیۆم" (کە دەرمانی مشکانە) و ژاری تر. دانە بەر دەسڕێژ و کوشتن بە کارەساتی ئوتۆمبیل یا باڵەفڕ. زێدە لە مانەش هەزاران کەس لە بەندیخانان‌دا لە هەلومەرج و بارودۆخێکی نادیارا بە هۆی ئەشکەنجەوە مردن. هەروەها تێداچوون بە هۆی بزر بوون و کوژرانی سیاسی. سەرچاوە: نامیلکەیەك لە ژێر سەردێری "قەیرانی مافی مرۆص لە ساڵانی ١٩٩٠دا – لێبوردنی نێونەتەوەیی، ١٩٩٤."

دەدا کە بۆ سەپاندنی وەها دەرد و ئازارێکی خۆفناك گەلاڵە دابڕێژن و بەڕێوەی بەرن و وەها کۆلکە و بەڵگەنامەی ورد و تەواو لەم بارەدا بەدی بێنن و ڕەوشتناسـەکانی کۆمەڵکوژی وەدی بێنن و سەرەنـجام ئەوە چلۆنە کە زۆربەی خەڵکی دنیا سـەبارەت بەم دڕندایەتییە تۆزێك خورد نابنەوە. لە ڕاستیدا بۆ تێگەیشتنی ڕووداوەکان بـە دوای بەڵگە و سەرەداوێکا دەگەڕام کە دنیا ئیزنی قەومانی دابوون و مـن دەمویـست بزانـم بۆچی؟ من هەر هیچ نەمدەزانی کە داخوا وایزنتاڵ مـەیلی بـۆ لای ئـەم دۆزەی کـورد هەیە و هیچ شتێك لەمەڕ چارەنووسیانەوە دەزانێ یان نا. بەڵام ئەو لەگەڵ هـەواڵنێران زۆر هێدی و دلۆڤان بوو، هەر بۆیە زۆر دەربەستی ئەم پرسیارانە نەبوو کـە ڕەنگـە لـە ڕوانگەی ئەوڕا گەوجانە بێنە بـەر چـاو. ئەوەنـدەم پـرس و مەبەسـتی پـڕ گرێوگـۆڵ بەرەوڕوو ببۆوە کـە هەسـتم بـە نارەحەتییـەکی ئـەوتۆ نـەدەکرد لـەوەی کـە ڕەنگـە بیشەمزێنم و ئازاری بدەم. بە لای خۆمەوە دەمگوت پیاوێك کە تەمەنێکی لەم ڕێگایەدا ڕابواردووە و ڕووداوەکانی پەیوەندیدار بە ڕەوشتی کۆمەڵکوژی و چەرخە بە دەورەی ئەم سەدەیەی بە شێوەی ڕێكوپێك و بەڵگـەدار بنووسـێتەوە و ڕاپبگـرێ، ڕەنگـە وڵام گەلێکی بۆ ڕەوتی ئەم ڕووداوانە لابێ، ئەگەرچی بە شـێوەی بەرچـاو قـەبارە و ڕادەی توانایی ئەو کوشتارە لەگەڵ ئەم قەڵاچۆکرانەی ئێستا بۆ پێك‌گرتن نەشێن.

لەگەڵ تەواوی ئەمانەشدا سەبارەت بە دەربڕینی مەبەستەکان پارێزم دەکرد. دەیان سـاڵ دەرهێنـانی ڕاپۆرتـە هـەواڵی سـەبارەت بـە شـەڕەکانی ئـەفریقا و ئاسـیا و ڕۆژهەڵاتی‌نێوەڕاست و بابەتەکانی پێشێل کرانی مافی مرۆڤ لەم ناوچانەدا و تاوانبـار کردنی وڵاتان بە ئەنـجامدانی ئـەم دەسـدرێژییانە و تەنانـەت کوشـتاری بـە کۆمـەڵ و ڕەگەزکوژی، وای لـێ‌کردبوون بەپارێز هەنگاو هەڵێنمەوە. ئەم وێك‌چوونانە جیاوازیی گەورە و بنەڕەتی دوو گـەڕیانی لەبـەر چـاوان دوور دەکـردەوە: جووەکـانی ئورووپـا تووشی کردەوەی دەسدرێژکارانەی ئاشکرا نـەببوون؛ ئـەوان قـەت بـە دژی دژبیرانـی خۆیان دەستیان بۆ چەك نەبردبوو، بێ‌شك کردەیـەکی واشـیان لـێ ڕوو نـەدابوو کـە بکرێ و بشێ لەگەڵ شۆڕشی پەیتاپەیتای ڕابـردووی کـوردان و تەنانـەت ئەرمـەنییان

پێکبگیرێ، کە جووڵانەوەی دژی عوسمانییان لە مەودای شەڕی یەکەمی جیهانیدا یەکەم "تۆوبڕکردنی" ئەم سەدەیەی خستە گەڕ. هەڵبەت کوردان خۆیان لە قەڵاچۆ کردنی پتر لە میلیۆنێك ئەرمەنیدا بێ گوناه نەبوون: بەشدار بوونیان لە کوشتاری ئەرمەنییەکانی تورکیادا، چ بە شێوەی تاکەکەسی، عەشیرەتی یان لە ڕیزی سوارەی حەمیدیدا بووبێ — کە لەسەر شێوازی قازاخی ڕووس ڕێکخرابوو — مێژووی کوردی تاڵ و تار دەکرد. سەرەڕای تەواوی ئەمانەش، ئەم توێژینەوە بەربڵاوانەی کە لە لایەن کومیتەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی مەجلیسی پیرانی ئەمریکا و ڕێکخراوی "لێبووردنی نێونەتەوەیی" و "زێرەوانی مافی مرۆڤ" و گەلێ ڕێکخراوی تر و خودی کوردانەوە کراوە، دەریدەخا کە سەددام حوسێن تاوانبارە لەسەر بەڕێوە بردنی ئەم سیاسەتە "تۆوبڕکردن"انەی کە کۆنوانسیۆنی ساڵی ١٩٤٨ی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ئاوای لەسەر دەڕوا و شی دەکاتەوە: "تەما بە تێدابردنی بەشێك یان تەواوی تاقمەکانی نەتەوەیی یان مەزهەبی و ئەخلاقی."

من لەخۆوە سەبارەت بەم بابەتە نارەحەت بووم، چونکە وایزنتاڵ سەری لەم پرسیارانەی من سوڕنەما. وەختێك لێمکۆڵییەوە دەرکەوت کە بەر لە من خوێندکارانی کورد هاتوونە دیداری: ئەوان بۆ تێگەیشتنی ئەم مەبەستە کە ئازار و کوێرەوەری کوردان دەکەونە کوێی زنجیرە ڕووداوە تاڵەکانی ئەم سەدەیە یارمەتییان لێخواستبوو. بە بڕوای ئەم ڕووداونووسە کە کەوتبووە پێوشوێنی شێوەکانی تۆوبڕکردنی نازییەکان، وێنە و پێشەنگی هیتلێر لەو کۆمەڵکوژییەدا، "ئێنکیزیسیۆن"ی ئیسپانیا بوو.[1] بە بڕوای وایزنتاڵ تەنیا پێشکەوتێکی لەم بەستێنەدا ڕووی داوە و داری تەڕ و سەڵای سەگی گۆڕیوە بە ئاگردانی مرۆڤ سووتاندنی ئاشوویتس,[2]

١- Inquisition: دادگایەکی کە کارەکەی "محاکەمەی" خەڵکانی لە دین هەڵگەڕاوە یا ڕافزی و سزادانیان بوو. (سەدەی چاردەی زایینی) دەزگای پشکنینی بیروڕا.

٢- Auschuitz: شارۆچکەیەك لە لەهێستان کە ئاگردانەکانی مرۆڤ سووتاندنی هیتلێر لەوێ نێڵ درابوون.

پێشکەوتێکی تێکنۆلۆژیکە. گوتی: "ئەگەر دەزگای پشکنینی بیرورا ئەم کەرەستە و ئامرازە نوێیانەی بە دەستەوە بووبا، هیچ جوولەکەیەك لە ئیسپانیای سەدەی پازدەهەمدا بە زیندوویی نەدەما."

وا دیارە لە ئێراقا هۆکاری تریش لە کاردا بوون. بەڵام خۆ هەر تەنیا هیتلێر نەبوو سەرۆی لە "ئێنکیزیسیۆن"ی ئیسپانیا وەرگرتبوو. "هێنری مورگێنتاو"ی باوك کە لە سەردەمی کوشتاری ئەرمەنییان لە ساڵی ١٩١٥دا باڵوێزی ئەمریکا بوو لە بارەگای عوسمانی، لە زمان "بەدری بەگ" سەرۆك پۆلیسی قوستەنتەنییەوە دەگێڕێتەوە کە پێیگوتووە: "دەوڵەت" ڕاپۆرتەکانی ئێنکیزیسیۆن"ی ئیسپانیا و تەواوی دەقەکانی سەبارەت بە ئەشکەنجە و ئازار ورد ورد خوێندۆتەوە و کەلکی لە شێوە داهێنراوەکانی ئەوان وەرگرتووە." بە بڕوای وایزنتاڵ هیتلێر ئەم بازنەیەی تەکمیل و تەواو کردبوو. جووئازاری ئەو ڕیشەی بە قووڵی دەگەڕاوە سەر ڕێسا و بنەڕەتەکانی کاتۆلیکی، بەتایبەت ئێنکیزیسیۆن و دیارە هیتلێر لەم بابەتەوە خۆی بە قەرزداری ترکان دەزانێ و دانی پێیا دێنێ. (بێگومان تەفروتونا کردنی زاهدان ئەلبی، لە باشووری ڕۆژاوای فەڕانسە، بە دەس سیمۆن دومۆنفۆر لە سەدەی سێزدەدا و لەسەر داخوازی ڕۆم، تەنانەت شایەت و بەڵگەیەکی کۆنترە لەم بوارەدا.) هیتلێر لە دەسپێکی شەڕی دووهەمی جیهانی، لە ئووتی ١٩٣٩دا دەستووری بە ژێنێراڵە پایەبەرزەکانی دا پەلاماری لەهێستان بدەن: "تەواوی ژن و پیاو و زارۆکی بە ڕەگەز لەهێستانی بێڕوحم و بەزەیی خاشەبڕکەن؛ ئەمڕۆ کێ باسی تەفروتونا بوونی ئەرمەنییەکان دەکا؟"

هیتلێر و سەددام حوسێن سەیریش ئۆگر و تامەزرۆی بەڵگەدار کردنی دەسکاری خۆیان بوون و هەروەها بڕوایان وا بوو کە لەو پەڕی تەناهیدا دەتوانن درێژە بە کارەکانیان بدەن. وایزنتاڵ گوتی: "نازییەکان بۆیە ئەم بەڵگانەیان بە لای خۆیانەوە ڕاگرت کە پێیان وابوو هەر وا مفت لەم هەڵلایە قوتار دەبن. ئەوانە بە کردەوەی خۆیان دەنازین." ئەڵمانییەکان خەڵکێکی زۆر خوردوورد بوون و دەستوورەکانیان بێ ئەملاوئەولا بەڕێوە دەبرد. گوتی: "بە بیری هیچ ئەڵمانییەکدا ڕانەدەبرد کە بتوانێ

دژی هیتلێر هەڵگەڕێتەوە و ڕاستەوەبێ." سێودوو لـێ‌کردنێك لـە گۆڕێدا نەبوو. ئەم وتەیەم بە ئاماژە بەم مەیل و تاسەوە لـێ‌دەرکێشا کـە دەزگـا ڕقەبـەرەکانی ئاسـاییش و پاراستنی حکوومەتی سەددام حوسێنی لـە شێوەی بەڵگەدار کردنی کردەوەی خۆفنـاکی خۆیان و ڕاگرتنی بەڵگە و شوێن‌پەنـجەیانی سەبارەت بەم کردەوە مەترسی‌دارانە لێکتر جیا دەکردەوە. ئەم دام و دەزگایانە کە زۆریان دڵ بە بەڵگەی نووسراو و بەڵگـەدار و وێنە و لـەم چەشنە خۆش نەبوو، زانیاری نەهێنی کامپیووتێری و شریتی تۆماری دەنگـی ڤیدۆیی‌یان لـە کردەکانی خۆیان ڕادەگرت. کاتێك گوتـم کـە "ئێـشتاسی" — دەزگـای پۆلیسی نەهێنی ولاتی کومۆنیستی ئەڵـمانی ڕۆژهەلاتیی — ساڵگاران بە نانە بەردەسـتی "ئامرازی فەننی" هاوتاکەی خۆی، یانی پۆلیسی نهێنی ئێراقی یاریدە داوە, وایزنتـاڵ بـە نژمێکی کە وای دەنواند ئاگاداری ڕەوتەکەیە ئاخێکی کێشا.

ڕژێمی ئێراق ئەوەنـدە لـە خـۆی دڵنیـا بـوو کـە وا دیـارە قـەت فکـری ئەمـەی نـەدەکردەوە کـە ئـەم بۆنـە و بەڵگـە تاوانبارکەرانـەیان ڕۆژێـك بکەوێتـە دەسـتی چەوسێنراوەکانیان. جیا لـە هـەموو شتێکی تـر، ئـەم بۆنـە و بەڵگانـە سـەبارەت بـە تێگەیشتنی زیاتری وایزنتاڵ لـە بواری هاوهەنگاوی لـەگەڵ تێکنۆلۆژی نـوێدا هـورمی پێزی دەدایە.

بۆچوون و بیروڕای وایزنتاڵ ئەگەرچی یەکجار بەکەلك بوون، بەلام "وردەکـاری" دام و دەزگای سەددام حوسێن خاوەنی تایبەتییەکی تایبـەت بـە ڕۆژهـەلاتی نێوەڕاسـت بوون کە نەهاتبوونە بەرچاوی ئەو. شریتێکی ڤیـدۆیی بەتایبـەت بـیری ئـاڵۆز و پەشـێو کردبووم: بە ڕۆژێکی بەفر و کرێوە لە سـەلاحەددین، لـە بنکـەی پـارتی دێمـوکراتی کوردستان، لەتەك هوشیاری زێباری‌ـدا گـەرمی قـسان بـووین کـە باسـی ئـەم شـریتە هاتەگۆڕ. فێوریەی ١٩٩٢ بوو و ئەو شی دەکردەوە کە سەددام حوسـێن چـی بەسـەر کوردان هێناوە. لـە سایەی بەفر و کرێوە هات‌وچۆی دیدارکەران بنەی هـاتبوو و لانـی کەم زێباری بۆ جارێك دەرفەتی هەبوو کە چالاکی پۆلیسی نەهێنی ئێراق بـە بەڵگـەوە

نیشانی من بدا. تازە خەریك بوو باسی بنەماڵەکەی دەکرد,[1] بەر لەمە کە سەددام حوسێن پەلاماری ئێران بدا و ئاوری شەڕی هەشتساڵەی ئێران و ئێراق هەڵگیرسێنێ، سێ برای زێباری لە مووسڵ لە قەڵایەکی سپای ئێراقا دەژیان. ئەم سێ برایە خۆیان لە سیاسەتی نەتەوایەتی وەرنەدابوو — بێتوو خۆیان تێوەردابا لە مووسڵ نەدەمانەوە — بەڵام خودی هوشیار هەر بەم زوانە ببوو بە یەکێك لە هاوکارانی نزیکی مەسعوود بارزانی.

هەر ئەم هاوکارییە چارەنووسی براکانی گۆڕی. براکان لە لایەن پۆلیسی نەهێنییەوە ڕاسپاردەی یەك چەشنیان پێگەیی: دەبێ هوشیار دەس لە هاوکاری پارتی دێموکراتی کوردستان هەڵبگرێ. براکان هاواریان لێبڵێند بوو و گوتیان کە هاووڵاتییەکی فەرمانبەردار و ملکەچی قانوونن و هیچ پەیوەندییەکیان بە براکەیانەوە نیە, چ بگا بەوەی کە دەسەڵاتیان بە سەریدا بێ و حوکمی لێبکەن. پۆلیسی نەهێنی یەکێك لە براکانی بانگهێشت و بە زۆری گلاسێکی ئاوپرتەقاڵ فەرموو کرد و ئەویش خواردییەوە, بەڵام پاشان ڕوون بۆوە "تالیۆم"ی تێکراوە کە ژارێکی کوشندەیە وەك دەرمانی مشکان کەلکی لێوەردەگیرێ. ڕێی هیچ دوکتۆرێکیان نەدا کە چاری بکا، بەڵام دوکتۆرێکی سەر بە پارتی دێموکراتی کوردستان بە دزی لە مردنی ڕزگار کرد. کاتێك چاك بۆوە سەرلەنوێ پۆلیسی نەهێنی بانگیهێشتەوە و پەرستارێکی بانگ کرد و ژارێکی کوشندەی بە شریقە لێدا ... دواتر دوو براکەیان وێکڕا بانگکرد و لە بابەت چالاکییەکانی هوشیار لە پارتی دێموکراتی کوردستانا سەرکۆنەیان کردن؛ براکان پێکەوە بە سواری ئوتۆمبیل بەرەو ماڵ بوونەوە و لە ڕێیە بە "تەسادوفێك" کوژران.

١– بارزانییەکانی نەتەوەخواز و زێبارییەکانی جاش کۆنەدوژمنی یەکتر بوون و سەرەڕای زەماوەندی مەلامستەفا بارزانی لەگەڵ کچی سەرۆکی زێبارییەکان – ئەو زەماوەندەی کە بە مەبەستی کۆتایی هێنان بە نێواناخۆشییەکان کرابوو – هەروا دوژمنی یەکترن. ئەم زەماوەندە زۆر پیرۆز بوو و مەسعوود بارزانی لێکەوتەوە. هوشیار زێباری لەم نێوەدا شتێکی دەگمەنە: ئەو یەکێك لە هاوکارانی نزیکی مەسعوود بارزانییە.

پاشان هوشیار هاتە سۆیی شریتێکی ڤیدۆیی کە لەم ماوە کورتە حەوت ڕۆژەیدا لە ١٩٩١ کەرکووك بە دەس کوردانەوە بوو لە پەلامار دانی ماڵی یەکێك لە سەرکردە پایەبەرزەکانی ئێراقی وە دەس پێشمەرگەیەك کەوتبوو. شریتەکە ڕێورەسمی گوللەبارانێکی نیشان دەدا کە لەبەر چاوی کادرە باڵادەستەکانی حیزبی بەعس و کاربەدەستانی تری حکوومەت و جەماوەرێکی زۆر کە هەستی شادییان دەنواند بەڕێوە دەچوو. لە پێشدا تاقمی گوللەباران دەسڕێژی کردە ئەم پێنج کوردەی بە دارەوە چۆڵەپێچ کرابوون و بە جامانەکانیان چاویان بەستبوون، پاشان ئەگەرچی کوردەکان مردبوون، بۆ ماوەیەکی درێژ بە ڕەشاش تەقەیان لێ‌کردن. دوای ئەمە ئەفسەرێك بە هەنگاوی قورس و پتەو بەرەو مەیتەکان بزووت و بە دەمانچە یەکی فیشەکێکی تەواو بوونی بە – لاجانگیانەوە – نا. شتێکی کە پتر سەرسوڕماوی کردم، ئەفسەری دووهەم بوو کە دوابەدوای ئەفسەری یەکەم دەڕۆیی، ئەو مەیتەکانی دایە بەر گوللە. شریتەکە لەپڕ تەواو بوو، بەڵام دیار بوو کە ئەفسەرەکان هەموو یەك بە دوای یەکا چوون و ئەم کردەیان چەنپات کردۆتەوە.

ئەم چەنپات کرانەوە شتێکی هێنایەوە بیرم کە خاتوو "فریا ئێستارك"ی ئینگلیسی کە لە کاروباری ناوچەدا پسپۆڕە، وێنای دەکا. ئەم وێنا کردنە باسی ئیعدامی "نووری سەعید"ی سەرۆکوەزیرە لە گەڕیانی شۆڕشی ساڵی ١٩٥٨ی ئێراقا کە کۆتایی بە حکوومەتی پاشایەتی ژێرباڵی بریتانیا هێنا. نووری پاشا هەوڵی دا بە جلوبەرگی ژنانە لەم هەڵڵا و بگرە دەرباز بێ, بەڵام خەڵك گرتیان و کوشتیان. شەوی دواتر خەنیمەکانی چاردە مەیتیان لە ژێر گڵ هێناوەدەر, هەتا ئاخرییەکەی دۆزیانەوە؛ ئەو کات ڕانندەی ترۆمبێلانیان ناچار کرد لێکدالێکدا وەسەر کەلاکی پەڕن. ئێستارك کە لە دۆستانی نیزیکی نووری سەعید بوو ئاماژە بە دڕندایەتییەك دەکا کە "ئێراق لە درێژەی مێژووی خۆیا پێیەوە بەدناو بووە." ئەم خاتوونە سەرنج دەخاتە سەر "جرینگەی نێوەنێوەی کۆنەزەنگێکی لە گوێیان ئاشنای کوشت‌وکوشتارێك کە لە قەدیمەوە لێ‌دراوە، یانی لەو ڕۆژەوە کە عەلی، زاوای پێغەمبەری ئیسلام و خەلیفەی چوارەمی

مسوڵمانان لە كووفە بە زەبری شیر كوژرا – ٦٦١ زایینی – وا وێدەچێ زۆر پێشتر گەڵاڵە و بیچمی كارەكە دارێژرابێ. تەنانەت قەڵاچۆكرانی بنەماڵەی پێغەمبەری ئیسلامیش لەم هەرێمەدا شتێكی تازە نیە."

بەڵام تۆ بڵێی جگە لەم كردەوە سامناكەی لە شریتە ڤیدۆییەكەدا چەنپات دەبۆوە، شتێكی تریش هەبووبێ كە من تێینەدەگەیشتم؟ بۆچی دەبێ پەیتاپەیتا تەقە لە مەیتی مردوو بكرێ؟ بیستبووم كە پۆلیسی نەهێنی بەر لە دانەوەی مەیتەكان بە بنەماڵەكانیان پووڵی فیشەكە هاوێژراوەكان – و خەرجوبەرجی كڕینی تابووت و ڕاگواستنیان – لە كەس و كاریان وەردەگرێتەوە. یانی مەسەلەی وەرگرتنی دمچەورانە پاش مەرگ لە گۆڕێ دایە! هوشیار بەم واقوڕمان و پەشۆكاوییەی من پێكەنی. ئەوەی بە لای منەوە زۆر سەیر بوو هاوهەنگاوی بێ ئەملاوئەولای ئێراقییەكان بوو لەگەڵ ئەم شێوە حكوومەتەی سەددام حوسێن. هەموو لە گەڕیانی پاڵاوتن و لێكدەركردنی پایەبەرزانی حیزبی بەعس كە پاش وە دەس هێنانی دەسەڵاتی لە ١٩٧٩دا ڕووی دا ئاگادار بوون. سەددام حوسێن چەندسەت كەسێكی بۆ بیستنی وتاری یەكێك لە بەشدار بوانی پیلانی ئەم گۆدەتایەی قەرار بوو بكرێ و دەسەڵات بگرێتە دەس بانگهێشتە هۆڵی كۆنفرانس. لەگەڵ ناوهێنانی هەر كام لە پیلانگێران لە وەختایەكدا كە سەددام حوسێن فرمێسكی دەهاتەخوار دەستووری دەدا كابرای ناوبراو لە نێو قریوە و قریشكەی شادی جەماوەرەكە بەرنە دەرەوە. پاسەوانەكان تاوانباریان دەبردەدەر. ئەو دەم سەددام تەواوی وەزیران و باڵادەستان و ئەندامانی پاشماوەی حیزبی ناچار كرد كە بكەونە ڕیزی تاقمی دەسڕێژكەران و تەقە لە مەحكووم كراوەكان بكەن.

ئەم كردەوە شێوەیەكی چەپەڵانەی دەس و داوێن تێوەدانی هاوكاران بوو لە كارەساتەكەدا، وێنەیەك بوو كە لە تەواوی ئاستەكانی زنجیرەی فەرماندەرێتیدا چەن پات دەبۆوە: لە ژێرووترین ئەندامی پۆلیسی نهێنیڕا بگرە هەتا باڵاترینیان، تێكڕا بەرپرسایەتی ئیعدامەكانیان كەوتبووە سەرشان. بەمجۆرە وەفاداری سەبارەت بە سەددام حوسێن و خزمەت كردنی بە ناچار دابین و دەستەبەر دەكرا. كە وایە ئەم

فیلمە ڤیدیۆییەی کە وەك شتێکی سەمەرە وەبەر چاوی من هاتبوو لە ڕاستیدا بەڵگەیەك بوو کە نیشانی دەدا دەستوور بەڕێوە چووە و هیچ بالادەستێك نەیدەتوانی سەبارەت بە وەفاداری کەسانی نێو ڕەوتی ڕووداوەکان و لێهاتوویییان دلاودڵ بکا. ئەم شریتە ڤیدۆییانە و شریتە ئاساییەکان، کە چالاکی و هەڵسووڕداسووڕی حکوومەتیان بە خۆفناکترین شێوە دەنواند، بۆ ترساندنی کەسانێکیش کە شۆڕ و شەوقێکی کەمتریان سەبارەت بە خولقاندنی ترس و تۆقاندن نیشان دەدا، زۆر بەکەلك بوون.

ڕژێم ئەم ڕووداوەی ساڵی ١٩٧٩ی لەسەر شریت تۆمار کرد و گەلێکی لەبەر گرتەوە و لەبەر چاوی گوڵبژێرکراوانی ئێراقی، بۆ وێنە جاشەکان و ئەندامە عەرەب و کوردەکانی حیزبی و کاربەدەستانی ڕەسمی ڕانا. ئەم ئامرازانە بۆ تەمێ‌گرتوویی لەگەڵ شێوەکانی تری کە حکوومەتی حیزبی بەعس بەدی هێنابوون تێکەڵ دەکران و تێکڕا سیستمێکی زۆرکارانەی هەوسارپساویان پێكدێنا کە دەرفەتی بۆ سەددام حوسێن و بنەماڵەکەی دەرەخساند بە ناوی کەمینەی عەرەبی سوننی مەزەب و ئاپۆرە داوی شارەکانی دووچۆمانی دیجلە و فورات چەشنی تکریت، زاگەی خودی سەددام، بەسەر ئێراقا حکوومەت بکەن. شەڕ لەگەڵ ئێران ئەم مەیلی بەدفەڕی و توند و تیژی و زۆرکارییەی کە لەمێژ بوو لە ناخیدا جێگیر ببوو، پێهەلابرد. ئەم ئامراز و کەرستانەی کە بۆ نواندنی توند و تیژی هەڵبژاردن کوشندە و دڕتر و خۆفناکتر بوون، هەتا سەرەنجام بۆ لێكدەرکردن و ڕقڕشتنێکی تاسەشکێن بە دژی دوژمنان دەسی ڕووی کردە گازی ژاراوی و خاپوورکەر برد، ئەویش نە تەنیا لە بەربەرەکانی لەگەڵ دوژمنانی دەرەکیدا بەڵکوو لەتەك خەڵکێك کە وەك خۆی ئێراقی بوون.

وا دیارە مەیل و ئیشتیای سەددام حوسێن بۆ نواندنی زەبر و زەنگی پتر بە دژی کوردان نابێ شتێکی لە ناخافڵ بووبێ. نەیاری و ڕق و قینی سەبارەت بە وان خاوەنی بیست ساڵ پێشینە بوو؛ سەددام تەماداری خۆی لە بابەت پاك کردە حیسێب و ڕقبێ‌ڕشتنیانی قەت لەکەس نەشاردەوە. حاڵی بوون و تێگەیشتن لە ویست و ئامانجی

لە پێشدا گەلاڵە کراوی حیزبی بەعس لە پێوەندی لەتەك کوردانا شتێکە کە مرۆڤ ناچار بە لایەنگری دەکا و وا باشە باس و خواسی ئەم بوارە بخرێتە ئەستۆی مێژوونووسان. دوژمنەکانی ئاماژە بە پێشینەیەکی نەپساوە دەکەن کە لە سەرکوت و خاشەبڕ کردنی حیزبەکانی ترا کەوتۆتە پێوشوێنی، بەڵام لاگیرانی ڕژێم دەڵێن کە حیزبی بەعس هەر پاش گەڕانەوە سەر دەسەڵات لە ١٩٦٨دا بەگەرمە تەمای وابوو کوردان لە دەسەڵاتی سیاسی و داهاتی نەوتا بکاتە شەریك و ئەو سەردەمی بۆ وڵاتێکی کە لەبەر دە ساڵان بشێوی و شڵەژانی بێ نێوبڕی شۆڕش و ڕووخانی خانەدانی هاشمی تەواو لە بێ کەوتبوو، پێکەوە سازانی تەواوی خەڵکی ئێراق بە گشتی لە عەرەبی شیعە و عەرەبی سونیڕا بگرە هەتا کوردان وەك شتێکی ئاقڵانە و مەنتیقی دەهاتە بەرچاوان. لاگیران و بەرگریکارانی ڕژێم لایان وایە کە تاسەی کوردان بە لایەنی دەس تێکەڵ کردنی لەگەڵ غەواران – بەتایبەت ئێران و ئیسرائیل لە ساڵانی دەیەی ١٩٦٠دا – لێکهەڵاواردنی چاکە و خراپەی بە لاڕێدا بردن و بوو بە هۆی ئەوەی کە داواکانیان بە شێوەیەکی گران و لاسەنگ پێهەڵابەرن و ئاخرییەکەی بەعسی وا لێبکەن کە بەجێی پێکهاتن لەگەڵ نەتەوەخوازیی کورد لە نێوخۆی ئێراقێکی یەکگرتوودا، بکەونە سەرکوت کردنی.

وە هەر حاڵ، سەددام حوسێن قەت فەرامۆشی نەکرد کە لە ساڵی ١٩٧٠دا حیزبەکەی ئەوەندە لاواز بوو کە خۆی ناچار بوو بێتە سەر دانیشتن و مامەڵەیەك لەگەڵ کوردان کە خودموختارییەکی بەرفرەوانی لێکەوتەوە. نەبوونی هاودەنگی و ڕەزامەندی لە کاروباری ئێراقا – و تەواوی شوێنەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستا – ئەوەندە زۆرە کە هەروەك دیتمان دەوڵەتی ئێراق هەرگیز بەگەرمە و سەرڕاست لێنەبڕا کە قەراروبڕییەکان بخاتە گەڕ. بە پێچەوانە هەر کە حوکمات هێزی هاتەوە بەر سەددام حوسێن ساڵمەختەی کرد و پێی لە بڕیارەکان نا و هەوڵی دا کێشە و داوای کوردان سەبارەت بەم هەرێمانەی کە بە هەق بە هی خۆیان دەزانین لە هەورم و بڕەو بخا. وێڕای ئەمەش شێوە و شێوازی کارەکانی – واتە دەسدرێژی بۆ گیانی خەڵك و خاپوور کردنی گوندان و دوور خستنەوەی بە کۆمەڵ بۆ باشوور – هەموویان لە جەغزی ئەم

نەریتە توند و تیژانەدا بوون کـە ئێراقـی نـوێ لـە حکوومـەتی عوسـمانی بـە مـیرات وەرگرتبوو.

لە ٢٩ی سێپتامبری ١٩٧١دا پیلانێکی تـر کـە بـە "پیلانـی تەقینـەوەی مـەلایان" ناوبانگی دەرکرد، هەوڵێکی دیکە درا بۆ کوشتنی بارزانی. ڕژێـم داوای لـە لێژنەیـەك مەلای شیعە و سوننی کرد کە دەیانویست بچنە سەردانی بارزانی، بیرورای بپرسن و لە ملی هێندێکیانی پەستاوت کە بۆ تۆمار کردنی قسەکانی بە وردی دەزگای وەرگـرتن و تۆماری دەنگ لە ژێر پشتێندەکانیان ببەستن. بەڵام بە بێ ئاگاداری ئەوان دەزگاکانیـان پڕ کرد لە تەقەمەنی. پۆلیسی نهێنی بە دروستی لێکی دابۆوە کە لەبەر ڕێزێکی تایبەتی کە بارزانی بۆ مەلایانی هەیە, ناهێڵێ پاسەوانانی گیانیان بپشکنن. هـەر کـە دیدارەکـە دەستی پێکرد, ئەم کەسانەی دەوری ڕانندەی لێژنەکەیان دەگێـڕا, لـە ئوتۆمبیلـەکانی خۆیانا, کلیلی تەقینەوەیان لێدا. مەلاکان چـوونەوە لای خـوای خۆیـان و پرپـشکە و پنچکە گۆشتی لەشیان چەند ڕۆژان هەر وا بە میچەکەوە ما. بارزانی لە سایەی سـەری خزمەتکارێکی کە چای بۆ دا دەنا بە سلامەت دەرچوو: قەلافەتی کـابرای خزمـەتکار, زەبری شەپۆلی تەقینەوەکەی گلدابووە. پاسەوانانی بـارزانی لـەم شـڵەژاوییەدا و بـەم بیرەوە کە ڕێبەرەکەیان کوژراوە دەستیان کرد بە کوشتاری مەلا و هاوڕێیانیـان کـە بـە سلامەت لەم تەقینەوە خەلەستبوون. بەو جۆرەی کـە لـە کـونی جێ فیشەکەکانڕا لەسەر دەرکەی ئاودەستەوە دەردەکەوت وادیاربوو یـەکێك لـە میوانـەکانیان لەسـەر پێشاوێ دابوویە بەر دەسرێژ.

دەوڵەتی بەغدا پاش ماوەیەك دیسان سنووری "دابەشینی وڵاتی" گۆڕی: کوردانیـان لە ناوچە بارناسـکەکانی نیزیـك چـاڵە نەوتـەکانی کـەرکووك یـا مەڵبەنـدەکانی لای سنووری ئێران و خودی شاری کەرکووك وەدرنا و مووچە و مەزرا بەرێژەوەکانی دایـە ئەم عەرەبانەی کە بۆ وێندەرێی هێنا بوون و بەم شێوەیە هاوسەنگی جەماوەریی پێشووی تێك دا. یەکەم گوند لەم ٤٢٤٠ گوندە کوردەی کە بە دەسـتی حکوومـەت خـاپوور کران, پاش لێکهەڵوەشانی شۆڕشی بارزانی لە ١٩٧٥دا تەخت کرا. سەددام حوسـێن سێ کوڕی بارزانی کوشت "لوقمان, عوبەیدیلا و سابیر" و دەیانهەزار کـوردی پـاش

گەڕانەوە لە ئێران دوور خستەوە بۆ دەشت و سارای وشك و قاقڕی باشوور. پتر لە ٢٠٠٠ گوندی کوردان بەر لە ١٩٨٧ لە سەر لاپەڕەی جوغرافیای کوردستان بزر بوون.

ئەم مەبەستە دروست پاش هەشتساڵ هەڵگیرسانی شەڕی سەددام حوسێن بوو لەگەڵ ئێران. ئەو لەم ساڵەدا دام و دەزگای لەشکریی خۆی کە بە مەبەستی پەلامار و زەبرێکی تۆڵە ئەستاندنەوە وەها ساز و تەیار کرابوون هەتا بە کەس چورتمیش نەکرێن, دژی کوردان خستە گەڕ. کوردان کاتێك وە خۆ هاتنەوە کە تازە کار لە کار ترازابوو. لە دێسامبری ١٩٨٧دا مەسعوود بارزانی پێیگوتم: "ئەگەر ڕەوتەکە هەر وا باژوێ ئیتر کوردێك لە کوردستان نامێنێ. پیلانی سەددام حوسێن ئەمەیە کە ئێمە وەك گەڵێك خاشەبڕ کا. یان ئەو دەیباتەوە یان ئێمە, هیچ ڕێگایەکی دیکە نیە."

***

کاتێك لە ١٩٨٠دا شەڕی ئێراق لەگەڵ ئێران دەستی پێکرد, زۆرێك لە کوردەکانی ئێراق پەند و گۆڵمەزەکانی شکانی پێنجساڵ لێرەوبەریان باش هەزم نەکردبوو. ئەم خەڵکە لەم زنجیرە شەڕانەدا کە لە مەودای تەمەنی بەرەیەکا قەومابوون, ڕۆژ بە ڕۆژ لەگەڵ جبەخانەی ئێراق کە پەساپەسا خۆفناکتر دەبوو, ڕاهاتبوون. ئەم جبەخانەیە لە فڕۆکەی تیژباڵی هەرە چالاکی "هاوکێر هانتێرە"وە بگرە هەتا ناپاڵم و باڵەفڕی هەمە چەشنی دیکەی گرتەوە و ئەمانە کۆمەڵێك چەكوچۆڵ بوون کە لە نرخ و بایخی پشتیوانێتی چیای بۆ کوردان تەواو کەم دەکردەوە. لەمە پڕخەسارتر بێدەسەڵاتی کوردان بوو لە بواری ئەگەری تێکدانەوە و زەرەد گەیاندن بە حیساباتی [دوژمنان]. کوردەکانی ئێراق بەتایبەت ئەوانەی کە بە کوڕانی بارزانی وەفادار بوون, زۆرتر وەك ڕابردوو شەڕیان تەنیا وەك هەلێك بۆ تۆڵە ئەستاندنەوە دەهاتە بەرچاو و لایەنی پارێزیان تەواو وەلا نابوو. مەسەلێکی کوردی کە دەڵێ: "کەم بژی, کەڵ بژی", ئەم خۆ دانە دەس چارەنووسەی بە باشترین شێوە دەردەخست. کوڕانی بارزانی بێ ئەوەی گوێ بدەنە ئەم سەرکوتەی ڕەنگە پاش تێشکانی ئێران و مانەوەی سەددام ئاوقایان بێ دەستیان بردەوە بۆ چەك. ڕاستییەکەی ئەمەیە, من خۆم

هەر ئەو دەم لە ماوەی چەندین کاتەژمێر دانیشتن و وتوویژ لەگەڵ کورداندا, قەت نەمبیست کە ڕێبەرێکی کورد لەسەر ئەم گومانە بێ کە ڕەنگە شەڕ بە جۆرێك کۆتایی بێ بێ کە پتر لە ڕابردوو بە زەرەدی ئارمانجەکانیان بێ. ئەوان لایان وابوو کە شەڕ برستی هەردوو وڵاتی ئێران و ئێراق دەبڕێ. نموونەی خەیانەتی "*شا*"یان تەواو لە بیر بردەوە و لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئایەتوڵڵا خومەینی کە ساڵێك پێشتر کوردەکانی ئێرانی بە توندی سەرکوت کردبوو, دەستیان تێکەڵ کرد. لە هاوینی پاش شۆڕشی فێوریەی ساڵی ١٩٧٩ی ئێراندا, دەوڵەتی نوێ داخوازی کوردانی لەسەر خودموختاری بردەوە پاش و بە پشتیوانی هێزە چەکدارەکانی کەوتە سەرکوت کردنیان.

کوردستان قەت نەبوو بە مەیدانی شەڕ و کەڵەوەکێشی ئێران و ئێراق, بەڵام هێزی پێشمەرگە بە ئازاد کردنی خێرای ناوچەکانی بەرفرەوانی کوردستان – لە سنووری تورکیارا بگرە هەتا ئێران – ئەم "خەیاڵاتەی سەرکەوتنیان" بۆخۆیان پێکهێنا, ئەویش وەختایەکی کە شەڕ لە باشوور لە گڕی خۆیا بوو. کوردستانی ئێراق عەمباری دانەوێڵەی وڵات بوو و لکی گەورەی ڕووبارەکانی دیجلە و فورات و چۆماوەکانی تر, ئێراقی لە نێو وڵاتانی عەرەبیدا ڕاستەوخۆ کردبوو بە وڵاتێکی خۆبژێو لە بابەت ئاو و بژیوەوە. هاوکاریی کوردان لە باکوور لەگەڵ ئێران زۆرێك لە هێزەکانی ئێراقی کە سەددام حوسێن لە بەرەدا تەواو بۆیان زەروور بوو لە پێ پەڕاندبوو و ئەم هاوکارییە هێندێك جاران ناوچە بارناسکەکانی وەك چاڵە نەوتەکانی کەرکووك و بەنداوەکانی "دەربەندی خان" و "دووکان"ی کە ئاو و کارەبای بەغدایان دابین دەکرد, دەخستە مەترسی. لە ئاکامدا ڕوانگە و بۆچوونی حکوومەت تەواو ژێر و ژوور بوو و ئەم ئاڵوگۆڕە شتی ناخۆشی لێکەوتەوە. لەبەر چاوی سەددام حوسێن "پێشمەرگە" چەشنی "خراپکار" خۆی نواند, ئەم لەبزەی کە لە قامووسی بەعسا تەواوی کوردانی دەگرتەوە و مافی شیاوی هاووڵاتی بوونی ئێراقی لێوەردەگرتنەوە و بە بێ ئاگاداری ئەوان, ئەوانی دەخستە ئەوبەری سنووری ژینەوە. هەر جیاوازییەکیش کە لە نێوان پێشمەرگە و خەڵکی ئاساییدا بوو, نەما. ئێستا بۆچوونی کۆمەڵانی

سەرەتایی هاتەوە گەڕ, یانی ڕەت كردنەوە و وە بەرچاو نەهێنانی هەبوونی دوژمن و گۆڕینی بە باری كەسایەتییەكی نەبوودا. وێڕای ئەمەش حوكمات پاراستنی هەر چەشنە ڕێ وشوێنێكی كە لە شەڕاندا وە بەرچاو دەگیرێ, وە لای نا. كاتێك سپاسی ئێراق كەوتە بارودۆخێك كە حیسێبی لەگەڵ كوردان ساف بكا و ڕقی خۆیان پێبڕێژێ — هەر وەك دەبینین كە لە ئاوریلی ١٩٨٧دا ئەم كارەی دەس پێكرد و لە درێژەی ساڵی ١٩٨٨دا كەوتە شوێنی — سەركردایەتی باڵای سپای ئێراق شانازی دەكرد كە بێ نێوبڕ چەكی ژاراوی دەكار هێناوە و ئەم دەس وەشاندنانەی بە "بەربەرەكانییەك دەزانی كە كەوتۆتە بەر ئافەریم و پێهەڵاگوتنی تەواوی خەڵكانی جیهان." چونكە "تەواوی ئەم غەیانەتكارانەی خۆیان بە نەیارانی دەرەكی هەرزانفرۆش دەكەن ڕەپاڵ دەنێ."

دواتر بۆم دەركەوت كە ئەم زمان و ڕاوێژە خۆفناكە لە ناوچەدا پێشینەدارە: وێكچوونێكی ئازاردەرانە لە نێوان بیروڕای بەغدا سەبارەت بە كوردان وەك خەڵكێكی "خائین" كە دەبنە هاودەستی ئێران و هەر وەها تێكەوتنی ڕێبەرانی تەك لە بەستێنی ڕیشەبڕ كردنی ئەرمەنییەكان لە ١٩١٥دا بە تاوانی هاوكاری لە ترك ڕووسیادا, وە بەرچاو دەهات. ئەنوەر پاشا, وەزیری "شەڕ"ی عوسمانی بە "مورگێنتاو"ی گوت: "ئێوە دەبێ بزانن لە كاتێكا كە ئێمە لە "داردانێل" بۆ نەفسی ژیانمان شەڕمان دەكرد و هەزاران كەسمان دەكردە قوربانی, نەماندەویست ئیزن بدەین كە ئەم خەڵكە لە پشتەوەڕا بماندەنە بەر خەنجەر." دەزگای زانیاری بریتانیا لە مەودای شەڕی یەكەمی جیهانیدا دەقی تەلگرافێكی ڕەمزی بە ڕێكەوتی ١٥ی سێپتامبری ١٩١٥ بە ئیمزای تەلعەت پاشا, وەزیری نێوخۆی عوسمانی بڵاو كردەوە كە دەیانگوت هێزەكانی ئینگلیسی لە سووریا بە خەنیمەتیان گرتووە. تەلگرافەكە دەیگوت: "دەوڵەتی عوسمانی تەمای وایە ئەم خەڵكە تۆوبڕ كا, تەنانەت ئەگەر چالاكی لەم بوارەدا زۆریش توند و تیژ بن ... نابێ هیچ چەشنە خاترگرتنێك لە بەر نێر و مێ بوون و تەمەن یان ئازاری ویژدان لە گۆڕێدا بێ."

عەلیحەسەن مەجید, ئامۆزای سەددام و سەركردەی هەرە باڵا بۆ كوردستان لە چوارچێوەی وشە و وتەی لەم چەشنەدا بیری دەكردەوە. هەر كە ڕۆژی ٣ی مارسی

١٩٨٧ وەك سکرتێری گشتیی نووسینگەی باکووری حیزبی بەعس کاروباری کوردستانی بە دەستەوە گرت, بە هەڵسووڕانێکی تێکەڵاوی دڵڕەقی خۆی تەنانەت کوردانیشی واقوڕماو کرد. کوردان لە ماوەی دوور و درێژی خەباتی خۆیان لەگەڵ ئێراقا قەت بە هیوای تاقە کەسێك خۆڕایی نەکرا بوون کە ئاوها دەسەڵاتی مەرگ و ژینی خەڵکی بە دەستەوە بێ. لە ڕابردوودا سەددام حوسێن و پێشینانی هەرگیز لە ترسی سەر هەڵێنانی ڕەقیبانی شیمانەیی دەسەڵاتی تەواویان نەدابوویە دەس کەس. ئێستا مەجید کەسی لە ئامۆزاکەی باڵادەستر نەبوو و لە گشت کاروباری نێوخۆ و نیزامیی و هێمنایەتی باکووری ئێراقا تەواو خاوەن دەسەڵات بوو. ئێستا ئیدی کوردان هیوایەکیان نەبوو بۆ ئەوەی کە بتوانن بە قوژبنی قەڵش و تەقەڵی ئەم حکوومەتە چەق بەستووەدا هەڵسووڕێن و بۆ مانەوە چاوی هیوا ببڕنە مل بە ملە و بەرچاوتەنگی نێوان ڕێکخراوەکانی زانیاری و پۆلیسی نەهێنی و حیزبی دەسەڵاتدار و هێزە چەکدارەکان و جاشەکان. مەجید هەتا ڕۆژایەکی کە لە ٤ی ئاوریلی ١٩٨٩دا کوردستانی جێهێشت بەوپەڕی کەیفسازی و تام و چێژەوە دەسەڵاتی سەپاند. هەروەك یەکێك لە خوێندەوارانی کورد بە پەژارەوە گوتی: "ساڵانی ١٩٨٧ و ١٩٨٨ بۆ کوردان لە هێرشی ئەسکەندەری گەورە لە ساڵی ٣٣١ی بەر لە زایینەوە – لەسەر ڕێی خۆی بۆ هیندووستان – بەرەو ئێرە, ناخۆشترین ساڵانی کوردستان بوون." بیستنی شریتە بە خەنیمەت گیراوەکان ئەم مەبەستەی بە ڕوونی دەردەخست. زمانی بزۆز و بەڕەڵڵا و زۆربە چەپرەکی مەجید, دەنگی زیقزیقۆکە و سەیر و ڕاوێژی دیار و گوندییانەی, سەرلەبەر تەمای حکوومەتی بۆ هەڵتەکاندنی میراتی نەتەوایەتی و شێوەی ژیانی خەڵکی [کورد] بە تەواوی دەردەخست.

مەجید لەرێوە بە کەلك وەرگرتن لە چەکی شیمیایی بە مەبەستی کوشتار و تۆقاندنی خەڵکی گوندەکی باکووری ئێراق, شێوازێکی نوێی خستە سەر ڕێوشوێنی کۆنی شەڕەکانی دژی پارتیزانی. لە نێو کوردانەدا ناوی بە عەلی کیمیاوی زڕا. تاکتیکەکانی ڕاماڵینی لەسەر شێوازی چۆڵ کردنی ناوچە گوندنشینەکان خێراتر کرد و ئەو برە پارتیزانەی کە مابوونەوە لە خورد و خۆراك و زانیاری بێبەشی کردن. تەنانەت

بەر لە هاتنی ئەو, خەڵکانی گوندەکی لە گوندەکانی خۆیان ڕەپێچەك درابوون و لە شارۆچکەکانی مەشهوور بە "سەرکەوتن"دا لە قەراخ شارێ و دەورووبەری شارەکاندا کە بە سانی چاوەدێرییان بە سەرا دەکرا, بنەگر کرابوون. مەجید بە خاپوور کردنی ئەم کۆخ و گوندانەی کە هەر لە سەردەمانی کۆنەوە بەردی بناغەی کۆمەڵی گوندەکی کوردیان پێکهێنا بوو ئەم ڕەوتەی پتر خستەگەڕ. لە قۆناخێکی ترا, دەیانهەزار گوندەکی کۆکردەوە و گرتنی و بەرەو کوشتارگاکانی بەرێ کردن. بۆ پاساو هێنانەوە لە بابەت تەخت کردنی گوندە کوردەکان و پێکهێنانی پشتێندەیەکی هێمنایەتی بە بەرفرەوانی "نیوئینگلەند" لە یەکێك لە شریتە بە خەنیمەت گیراوەکاندا دەیگوت: "ئەگەر وا نەکەین چالاکی خراپکارانە قەت, هەتا میلیۆن ساڵی تریش کۆتایی پێنایە."

ئەو نەبوونی بەرهەم و حاسڵاتی کە لە ئاکامی چۆل بوونی دێیەکانەوە بەدیهاتبوو, بەم شێوەیە و بە بایخ پێنەدان لە کۆڵ خۆی کردەوە: "گەنمەکەیانمان ناوێ, لەم بیست ساڵەی دوایدا هەر گەنممان لە دەرەوەڕا هێناوە, بلا با پێنج ساڵی تریشی بێتە سەر." کوردان لەوپەڕی دەرد و هەڵچۆقینا دەیانبینی کە داهاتی نەوت, کە بەشی زۆری لە کوردستان دابین دەکرا, هەل بۆ سەددام حوسێن دەرەخسێنێ کە گەنمی پێبکڕێ و چنۆکی ئەمریکا ئەم ڕەوتەی بۆ خۆش کردووە: زیاتری ئەو گەنمەی کە ئێراق دەیهێنا, گەنمی بە لاشی ئەمریکا بوو کە دەوڵەتانی ڕێگان و بووش جار لەگەڵ جار پتر دەیاننایە بەر دەستی ئێراق, هەتا وای لێهات لە سایەی نێوانخۆشیی چەند کەسێك لە ئەندامانی کۆنگرە, ئێراق بوو بە گرینگترین بازاڕی گەنمی ئەمریکا. لە سایەی بە لاش دان و دەستەبەر بوونەکانی "دامەزراوەی پشتیوانی بۆ کڕینی کەلوپەل" ئێراق لە ساڵی ۱۹۸۹دا بایی چوارمیلیارد دۆلاری گەنم لە ئەمریکا کڕی و لە ۱۹۸۹دا دەوڵەتی بووش ئەم دەسقەرزانەی کە "دامەزراوەی پیشتیوانی بۆ کڕینی کەل وپەل" دەستەبەریان ببوو, هەتا دوو بەرامبەری پێهەڵابرد.

لە شریتێکی ترا عەلی کیمیاوی لە وتارێکدا بۆ کادرەکانی حیزبی بەعس ئاوای پاساو بۆ کەلك وەرگرتنی پەیتاپەیتا لە گازی شیمیایی بە دژی کوردان هێنایەوە: "کێ دەخوازێ متەق بکا؟ کۆمەڵی نێونەتەوەیی؟ بێ جێ دەکەن ... کۆمەڵی نێونەتەوەیی و

تەواوی ئەوانەش کە گوێ دەدەنە قسەکانیان هەر وەترا!" لە دەسپێکی ساڵی ١٩٨٩دا لە کۆبوونەوەیەکی دەگەڵ ژێردەستانی، لە بەرامبەر کەسانێکا کە ڕەنگە غیرەت وەبەر خۆ بنێن و لەمەڕ گوللەبارن و کوشتاری بە کۆمەڵی پیاوان و ژنان و زارۆکانی کورد کە لە ١٩٨٨دا بەڕێوە چووبوو ڕەخنە بگرن، بەم وتانە کەوتە بەرگری کردن لە خۆی: "لە منیان دەوێ ئەوان ساخ و بەدەماخ ڕابگرم؟ ... نا، من ئەوان بە بۆلدزێر زیندەبەچاڵ دەکەم." لێرەدا وەك ئەوەی باس و دەمەتەقەیەکی هێنابێتەوە بیر کە لە زەینیدا هەڵگیرسابوو، درێژەی دا: "باشە، ئەم گشتە خەڵکە لە کوێ وەحاوێنم؟ ئەوانم بە سەر قەزاکاندا دابەشی. پاشانیش بە ناچار بۆلدزێرەکانم نارده ئێروئەوێ."

ئەمە خۆ هەڵکێشانێکی لەخۆوە نەبوو. هێندێك لەو کەسانەی قوتار ببوون گێڕایانەوە کە چلۆن دەیان هەزار کورد بە فەرمانی ئەو تێدا چوون: زۆربەی ئەم کوژراوانە بریتی بوون لە ژنان و منالاْن. ماوەیەك دواتر، لە بەهاری ١٩٩١دا، ئەو وەختەی کە کوردان و ئێراقییەکان هاتنە سەر زنجیرەیەك وتوویێژی بێ ئاکام، مەسعوود بارزانی و تەواوی ئەندامانی لێژنەی نوێنەرایەتی کورد هەستی خۆیان قەیتەرقوو کرد و خۆیان خواردەوە و هەر لەگەڵ ئەم "عەلی حەسەن مەجید"ە کە یەکێك لە ئەندامانی لێژنەی نوێنەرایەتی ئێراق بوو دانیشتنە سەر وتوویێژ. کوردان پێیان‌گوت وەك لێکیان داوەتەوە ١٨٢٠٠٠ کورد بزر بوون، کە وێدەچی مردبن و زۆربەی ئەوان لەم زنجیرە دەس‌وەشاندن و چالاکییە سەمەرانەدا تێدا چوون کە لە ١٩٨٨ بە ناوی چالاکی "ئەنفال" بەڕێوەچوو و زۆرتریش خەڵکی ئاسایی وەبەر خۆی دا. عەلی حەسەن‌مەجید وەهای ڕق هەستا کە لە جێی خۆی بڵیند بوو و نەڕاندی: "ئەمە وانیە، زۆریان پێوەناوە، ١٨٢٠٠٠ کەس، یانیچی؟ لە سەت‌هەزار کەس پتر نەبوو!"[1] هەتا وە دەس هێنانی بەڵگە نەهێنییەکان لە بەغدا، کە ڕەنگە سەرەداوێکی

١- عەدنان موفتی پێی‌گوتم: "لەو چل و دوو ڕۆژەدا کە وتوویێژ درێژەی هەبوو" جارێکیان عەلی کیمیاوی کە باسی خاپوور کرانی بەربلاوی گوندەکان و کەلك وەرگیران لە چەکە شیمیایییەکان بە فەرمانی ئەو هاتە گۆڕ، توند دەرهەڵبوو و گوتی: "ئەگەر باسی کوردستان دەکەن دەبێ لە سەرەتاوە دەس پێبکەن، نەك تەنیا لە زەمانی

ورد و باریك لە بابەت كوژراوانی ئەم ڕووداوانەوە بداتە دەس, ئەم كوردانەی كە خەریكی كۆكردنەوەی بەڵگە و بۆنەی سەبارەت بەم زۆركارییەن ژمارەكەی مەجید بە ڕاستر دەزانن. یەكێك لە توێژەرانی ورد و خوردی كورد بە ناوی شۆڕش ڕەسووڵ, بە گوێرەی وتووێژی بەربلاو – لە كوردستان – و پێداچوونەوەیەكی ورد بە بەڵگەناكانی بەدەستەوەی ئێراقی‌دا, لە ئاخروئۆخری ساڵی ١٩٩٤دا پاش پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندنێكی بەپارێز سەبارەت بەم گەڕیانە, واتە ژمارەی تێداچوانی كوردانی زەمانی سەرۆكایەتی مەجید, ژمارەیەك لە نێوان ٦٠٠٠٠ تا ١١٠٠٠٠ كەس دەخاتە ڕوو. ڕێكخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی وای دادەنێ كە – جگە لەم قۆناخە – لە ساڵانی دەیەی ١٩٨٠دا لە كوردستان و ناوچەكانی تری ئێراق "سەدان هەزار كەس بوونە قوربانیی ئەم شێوە ئیعدام كرانە سەرسەرەكییانە." یەكێك لە ڕاپۆرتەكانی ڕێكخراوی نەتەوەیەكگرتووكان دەڵێ: "زەبروزەنگ و فیتنەگێڕی سەددام حوسێن دەرهەقی كوردان وەها لەزەبر و بە ڕادەیەك بەربلاو بوو كە لە پاش شەڕی دووهەمی جیهانی بۆو لایە وێنەی لە كەمتر شوێنان وەبەر چاو دێ.

***

بەر لە هێرشی سەددام حوسێن بۆسەر كوەیت لە ١٩٩٠دا كە هەڕەشەیەك نەبوو سەبارەت بە گیانی مرۆڤان بەڵكوو مەترسییەك بوو لەسەر هاوسەنگی نەوتی ڕۆژهەڵاتی‌نێوەڕاست, دەوڵەتانی ڕۆژاوایی بۆ پاساو هێنانەوەیان سەبارەت بە پێشێل كرانی بە ئاشكرای مافی مرۆص لە لایەن سەددام حوسێنەوە لە شەڕی ئێران و ئێراقا, خۆیان بە باری نەزانی‌دا دەخست. هەتا ئەو دەم هیچكام لە لق و پۆپە جۆراوجۆرەكانی ڕێكخراوی نەتەوەیەكگرتووەكان تەنانەت ڕاگەیەندراوێكیان سەبارەت بە ڕەخنە گرتن لە كردەوەی هەڵە و دزێوی ئێراق نەدایەدەر, چ بگا بە زەخت خستنە سەری بۆ دەس هەڵگرتن لەكردەوەكانی, بەڵام وە سەر ئێراق گێڕانی كوەیت لە لایەن سەددام حوسێنەوە لەپڕ دژ كردەوەی كۆمەڵی نێونەتەوەیی وەخۆ

سەرۆكایەتی منا." هەر دەتگوت مێژووی دوور و درێژی پێوەندی نێوان كوردان و ئێراقییەكان بەرپرسایەتی ئەم جینایەتانەی لە ئەستۆ دادەماڵی!

خست و ئەم کۆمەڵە لەناکاو سەرنجی کەوتە سەر پێشێل کرانی ڕوون و ئاشکرای مافی مرۆڤ لە ئێراقا و لەم بابەتەوە بە توندی و دەقودۆغر ئێراقی مەحکووم کرد، ئەم مەحکووم کردنانە دوا بە دوای تەمایەك بوو کە کۆمەڵی نێونەتەوەیی بە مەبەستی سەقامگیر بوونەوەی حوکم و دەسەڵاتی خۆی بەسەر نەوتی ڕۆژهەڵاتی‌نێوەڕاستا نواندی. باسی ئەو چاوپۆشییانەی نەکرد کە لە ڕابردوودا, لە ئاست چەوساندنەوەی ئاشکرای خەڵك, بەتایبەت ئەم زوڵم و ئازارەی ئاوقای خەڵکی کوردی کردبوونەوە, خۆی لێبواردبوون و ئاماژەی بۆ ئەم واتایە نەکرد کە هەر ئەم چاوپۆشییانە بوون کە سەددام حوسێنیان دنە دا و بیر بکاتەوە لە کێشەی وەسەرخۆ گیرانی کووەیتیشا بێ‌ئەوەی ئارەقەی ڕێنیشێ لە گیرەکە قوتار دەبێ.

هەر کە کووەیت ئازاد کرا پێشێل کرانی ئاشکرای مافی مرۆڤیش لە ئێراقا فەرامۆش کرا. لە بڕیارنامەی مەنشووری شووڕای تەناهی‌دا, کە "دایکەی تەواوی بڕیارنامەکانە" و هەلومەرجی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە بابەت ئاگربڕی ئاوریلی ١٩٩١دا دیاری دەکا, باسێکی ئەم گەڕیانە نەکرا. دەوڵەتی بووشیش بە مەبەستی کێشانی سەددام حوسێن بۆ پای مەحکەمە, بە تاوانی ئەنجام دانی کوشت و کوشتار و چەپەڵکاریی جەنگی و بەڕێوە بردنی سیاسەتی تۆوبڕکردن, مەیلێکی نەنواند, ئەگەرچی لە ماوەی پتر لە دەساڵاندا ڕێکخراوە چالاکەکانی مافی مرۆڤ پێشینەیەکی وردیان لە بابەت خاپوور کرانی گوندە کوردنشینەکان و کوشتاری بەهەڕەمە دەسدرێژی و زۆرداریەکانی تری حیزبی بەعس کۆ و ڕێك‌وپێك کردبوو.

بەڵام تەنانەت وێڕای سەرنج دان بە ڕووداوەکانی ترس و خۆفی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست, سەددام حوسێن نیشانی دابوو کە لە ئاو و گڵێکی ترە. سەددام حوسێن لە یەکەم هەڵتەزینەوەی لە ١٩٨٣ لە بەرامبەر هێرشی شەپۆلی هێزی پیادەی ئێراندا کە بەرەکانی پێشەوەی ئێراقیان بەرەوڕووی مەترسی ڕووخان کردبوون, بە کەلك وەرگرتن لە گازە ژاراوییەکان یەکێك لە ئاخرین قەدەغە کراوەکانی سەربازیی جیهانی پێخوست کرد. دەیخەمەوە بیر کە ئێراق خۆی یەکێك بوو لەم سەت وڵاتانەی کە بەڵێن‌نامەی ساڵی ١٩٢٥ی ژنێڤی لە بابەت بەربەست کرانی کەلك وەرگرتن لە

چەکە شیمیاییەکانەوە مۆر کردبوو – ئەم چەکانە لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا خەڵکێکی زۆریان تێدا برد. بەڵام بەڵێنی ئەوتۆ بۆ سەددام حوسێن هیچ بایەخێکیان نەبوو, بەتایبەت لە بەربەرەکانی لەگەڵ دوژمنانی ناوچەیی دا.[1] هەر ئەو وەخت ئەیالەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئێراقی لەبەر کەلك وەرگرتن لە چەکە شیمیاییەکان مەحکووم کرد – و سێ ساڵ دواتر ئێران و ئێراقی وێکرا – بەڵام هیچی تری نەکرد. وا دیارە بوو کە ڕژێمی ئێراق ئەم هەقەی دەدا بە خۆی کە بۆ پێش گرتن لە سەرکەوتنی ئێران لە بەرەکانی باشووریی و ناوەندیدا دەس بۆ هەموو ئامراز و کەرستەیەك بەرێ.

بەڵام لە ١٩٨٨دا دیار بوو کە بێ ئەملاوئەولا ڕووپەڕی شەڕ بە زەرەدی ئێران هەڵگەڕاوەتەوە و بەرەی کوردستان پڕ لە هەموو وەختان شانۆیەکی لا دەستەیە. بەڵام لە گۆڕا نەبوونی هەر چەشنە دنە و بیانوێکی بەرچاویش بە هیچ شێوەیەك نەیدەتوانی بەرگێڕەوەی سەددام حوسێن بێ لە بابەت کەلك وەرگرتن لە چەکە شیمیاییەکان بە دژی کوردان.

لەو باس و خواسەدا سەددام حوسێن بە بەربلاوترین و خۆفناکترین شێوە لە کوردستان دەستی برد بۆ چەکی شیمیایی – ئەویش بە دژی خەڵکی لاشەڕی ئاسایی کورد, نە جارێك و دوان بەڵکوو گەلێجار. یەکەم هێرش بەم چەکانە لە ئاوریلی ١٩٨٧دا ئەنجام درا؛ لە ماوەی ساڵونیوێکدا حکوومەتی سەددام لانیکەم شێست گوندی کوردانی بە خەیاڵێکی ئاسوودە و بە بێترس لە سزا دران بە چەکە شیمیاییکان پەلامار دا و ئێمە قەت تێناگەین کە بەرپەرچ نەدانەوەی دەوڵەتانی دەرەکی هەتا کوێ بۆ دنەدانی ئەو سەبارەت بە درێژەی ئەم هێرشانە شوێندانەر بوون.

١– کێنێت تیمرمەن لە ژمارەی ڕێکەوتی ٢٠ی ژانویەی ١٩٩٦ی نیوریپابلیكدا نووسی: "بە گوێرەی سەندەکانی پێنتاگۆن و ئەم بەڵگانەی لە ئێراقییەکان وە دەس هاتوون سەددام حوسێن دەستووری دابوو بە هێزەکانی بەرەوەی بەرەکان بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ هێزەکانی هاوپەیمان بە جڵەوکێشی ئەمریکا کەلك لە چەکە شیمیاییەکان وەربگرن, بەڵام سەرکردەکانی ئەم فەرمانەیان بەڕێوە نەبرد.

ئاخرییەکەی دەوڵەتانی ڕۆژاوایی ناچار بوون هەڵتەزنەوە و ئەوەش وەختایەك بـوو کـە لـە ١٩٨٨دا ئەم شێستهەزار کوردەی لـە بەر پەلاماری شیمیایی ئێـراق ڕایـانکردبوو, ترساو و تۆقیوو سنووریان پەڕاند و چوونە "خاك"ی تورکیاوە. ئەم دەوڵـەتانـە تەنانـەت ئەو دەمیش, کە تامەزرۆی ڕاگرانتی بازاڕە بە خێروبێرەکانی ئێراق بوون بۆخۆیـان, بـە دەمڕاستی سەددام دەستیان کرد بە ڕیس وگـوریس هێنانـەوە و گوتیـان بـەڵێ چـونکە "بەڵێننامەی ژنێڤ بە ڕوونی باسی بەربەستکرانـی کـەلك وەرگرتنـی لـە چـەکە شیمیایییەکانی بە دژی خەڵکی دەوڵـەتی بەڵێنـدەر نـەکردووە" کـوردان نـاتوانن بـە شێوەی قانوونی دژی حوکماتی بەغدا سکالا بکـەن. ئـەم بێدەنگییـە جیهانییـە لـەگـەڵ هەڵوێست و سیاسەتەکانی مەیلەو ئێراقی ولاتانی ڕۆژاواییش زۆری یـەکتر دەگرتـەوە: مەترسی ئێرانی شۆڕشگێڕ بۆ سەر نـەوتی ڕۆژهـەلاتی نێوەڕاسـت و نەشـەمزانی بـاری ڕامیاری ولاتانی ناوچە — کە زۆری قسە لـێکراوە — و هەبوونی ئێراق وەك لـەمپەر و بەرگرێك لە بەرامبەر ئێرانی بنیاتـخوازدا, پاساوی بۆ وە پاش گوێ دانی دەسـدرێژی و زۆرکارییەکانی سەددام حوسێن دێنایەوە. بە پێی ئەم بەڵگە و بۆنانـە کۆمـەڵی جیهـانی پێـشتر ڕاوێـژی پـڕ نارەزامەنـدی خـۆی سـەبارەت بـە ئەسـتوور بـوونی پەروەنـدەی نەپاراسـتنی مـافی مـروص لـە ئێـراق و کـەلك وەرگرتنـی ئـەم ولاتـەی لـە چـەکە شیمیایییەکان بە دژی هێزەکانی ئێرانی, بردبۆوە سەر بارێکی نەرم و هێدیتـر.

ئەو دیپلۆماتانەی کە بە بێوشوێنی ڕووداوەکانی ئێراقەوە بوون, تەواو لـێیان سـوور بوو کە سەددام حوسـێن سـزادانێکی تونـد و تیـژ و یەکدەسـت بـە سـەر چـەکدار و بێچەکی کوردا, لەبەر هاوبەندییان لـەگەڵ ئێراندا دەسەپێنێ. ویلیام ئێگلتۆن, کە ئەو زەمانی یەکێك لە کارناسانی دەگمەنی کوردستان بوو, لـە ١٩٨٦دا بو پێشبینـــــــی تەفروتونا کردنی دڵڕەقانەی کومەڵی کوردی ئێراق, واتەی "تۆوبڕ کردنی فەرهـەنگی" دەکار کرد, چونکە ئەو وەختەی کە سەددام حوسێن دژی ئێران دەستی برد بۆ چـەکی شیمیایی و بێ ئەوەی گەردی لـێبنیشێ بۆی قوتار بوو, زۆر وێدەچوو هـەر وەختایـەك بارودۆخی نیزامیی ڕێگا بدا ئەم چەکانە بە دژی کوردانیش بـخاتە گەڕ. هۆکارێـك بـە ناوی "نەخافڵ گرتن" لە گۆڕا نەبوو: کوردان هەرکەسێك گوێی بۆ قـسەکانیان کلـۆر

دەکرد, پێیاندەتگوت کە ئینگلیسی, هولەندی, فەڕانسەوی, ئەلمانی, ژاپۆنی, ئیتالیایی و سویسییەکان کەرستەی وایان داوەتە دەس ئێراق کە توانیویەتی ئەم کارخانە بە ڕواڵەت بێ زەرەر و ئازارانەی ژاری جڕوجانەوەرکوژ بەرهەم دێنن، بکاتە کارخانەی بەرهەم هێنانی چەکی شیمیایی.

چەکە ژاراوییەکان جگە لە ترس و تۆقینێکی دەیانخستە دڵی کوردانەوە و ئەم مەرگ و نەخۆشییانەی بڵاویان دەکرنەوە, زۆریش بە هەرزان ساز دەبوون و یەگجاریش کاریگەر بوون. لەمێژ ساڵ بوو کە کوردان وەك شەڕکەرانی ترسێنەر ئاوازەیان دابۆوە و چ لە شەڕ و لێکدانی چکۆلە و چ لە شەڕ و لێکدانی گەورەدا زەبر و خەساری قورسیان لە هێزەکانی عەرەب دابوو. بەڵام کەڵك وەرگیران لە چەكوچۆڵی شیمیایی بە دژی خەڵکی ئاسایی زۆر بڕستبڕ بوو و هێزی پێشمەرگە تابشتی نەدێنا. چەند ڕۆژ پاش پەلاماری شیمیایی ئێراق لە مانگی ئووتی ١٩٨٨دا, مەسعوود بارزانی فەرمانێکی دا کە لەو فەرمانەی وا سێزدە ساڵ لێرەوبەر باوکی دابووی و بە گوێرەی ئەو ماڵاوایی لەگەڵ چەك کرد بوو, هیوابڕتر و تێکڕووخێنتر بوو. لەم پەیامەدا هاتبوو: "هەمووشتێك تەواو بووە: شۆڕش کۆتایی پێهاتووە." واتای ئەمە خۆ بە دەستەوە دان بوو, یانی ئەگەر کرابا بەم خۆ بە دەستەوە دانە ژیانی خەڵکی ئاسایی پارێزرابا: "ئێمە ناتوانین بە دەستی بەتاڵ لەگەڵ چەکە شیمیاییەکان بەربەرەکانی بکەین ... ناتوانین درێژە بە شەڕ بدەین."[1] بەڵێ دەس بردن بۆ چەکە

١– بالآدەستانی پارتی دێموکراتی کوردستان ئەودەم وایان قەبلآند کە ٤٣٠٠ کەس لەم کوردانەی هەوڵیان دەدا خۆیان بگەیەننە سنووری تورکیا کوژران, ٢٤٠٠ کەسیان کە زۆربەیان ژن و زارۆك بوون لە نیزیك گوندی کانیماسی کوژران. من خۆم کوردم دواندن, گوتیان هێزەکانی ئێراقی ناوچەیەکی بەربلآویان گەمارۆ دابوو و لە ئاکامدا تەنیا کەسانێك توانیان بە سلآمەت خۆیان قوتاربکەن و بگەنە سنوور کە کەوتبوونە باکووری هێڵی گەمارۆ.

٢– "سیا" ژمارەی کوژراوانی ئێراق بە ١٥٠٠٠٠ تا ٣٤٠٠٠٠ کەس, یانی کەمتر لە تەلەفاتی ئێران دەقەبلێنێ. بە گوێرەی قەبلآندنی "سیا" کوژراوی ئێران لە مابەینی ٤٥٠٠٠٠ تا ٧٣٠٠٠٠ کەس هاتۆتە ژمار؛ کوژراوی ئێراق بە پێی ڕێژەی جەماوەر هێندێك لە سەرێیە, چونکە جەماوەری ئێراق نیزیك سێیەکی جەماوەری ئێرانە.

شیمیایی‌یەکان پاش بڕانەوەی شەڕی ئێران و ئێراق,[٢] بە مەبەستی کۆتایی هێنان بە شڵەژاوی کوردستان تا ئەم ڕادەیە بە کەڵك بوون: خەرجێکی وایان هەڵنەدەگرت و ئەگەری تێدا چوونی هێزەکانی خۆییش لە گۆڕا نەبوو.

سەددام حوسێن هەروەها بە دروستی لێکی دابۆوە کە دەکرێ گومان و پارێزی ئەخلاقیی کۆمەڵی نێونەتەوەیی بە بەهرە وەرگرتن لە تامەزرۆیی وڵاتانی جیهان بۆ بەشدار بوون لە بە قەباڵ هەڵگرتنی سازکردنەوەی ئەم وڵاتە پڕ نەوتەدا – کە لەم ڕووەوە دەکەوێتە دوای عەرەبستانی سعوودی – بەربەس بکرێ. لە ڕاستی‌دا لە ئووتی ١٩٨٨دا دەوڵەتی تورکیا گەلێکی بەڵگە و بۆنە دەربارەی قوربانی‌کراوانی گازە شیمیایی‌یەکان بە دەستەوە بوو کە لە نەخۆشخانە و دەرمانگاکانی کەوتبوون, بەڵام لە ترسی ڕەنجاندنی بەغدا وای بە باش زانی کە لەم بابەتەوە متەق نەکا: تورکیا دراوسێیەکی خەسارمەند بوو, چەند میلیارد دۆلار بە ئێراق قەرزدار بوو و لە جبەخانەی ڕووەو ئاوسانی ئێراق, بەتایبەت لە مووشەکی زەوی بە زەوی ئەو زۆر تۆقیبوو.[١] کۆمەڵی عەرەب کە بەرەوڕووی بەڵگە و بۆنەی کەڵك وەرگرتنی ئێراق لەم چەکانە ببۆوە "هاوپشتی تەواوی" خۆی بۆ ئێراق ڕاگەیاند, کە ئەم مەبەستە خۆی لە خۆیا ڕەنگدانەوەی بە چاوی‌سووکەوە ڕوانینی ئەندامانی کۆمەڵەکە بوو سەبارەت بە هەموو شتێکی سەر بە کەمینەکانی غەیرە عەرەب و ترس لە تۆڵەی سەددام حوسێن.

١– سێ پزیشکی ئەمریکایی کە توانیان لە دیاربەکر و ماردین پەنابەران موعایەنە بکەن گوتیان کە ڕاستەوخۆ چاویان کەوتووە بە چەند بابەتی ڕوون و ئاشکرای پێکەوەنووسانی سیپەلاك و خەساری سەرپێست. "وال ئیستریت ژورنال, ژمارەی ڕێکەوتی ٢٠ی سێپتامبری ١٩٨٨." بەڵام پاشان کاربەدەستانی ترك بۆ بەرگری لە دەس وێڕاگەیشتنی ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی و سێ پزیشکی ئەمریکایی "نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی پاراستنی مافی مروص" و پزیشکانی خاچی سووری تورکیا و تەواوی ئەوانەی بە پەنابەرانی تر ڕادەگەیشتن, ئەوپەڕی هەوڵی خۆیان دا. کاربەدەستانی ترك هەروەها کۆششیان کرد دەستی هەواڵنێرانی ترك وەو دوکتۆرانە ڕانەگا و زانیارییەکی هەڵەیان سەبارەت بە دامەزران و شوێنی بنەگر بوونی تاقمێك لە پەنابەرانیان وێ دان و لەسەر سنوور بەریان بە موعایەنەی پزیشکی گرت. "ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی" لەم بارەوە بەیاننامەیەکی دایە دەر و نارەزامەندی خۆی سەبارەت بەم کردەوە ڕاگەیاند.

تەنیا ئەیالەتەیەكگرتووەكانی ئەمریكا بوو كە بە ناچار دەنگی هەڵبڕی: جۆرج شوولتس, وەزیری دەرەوەی ئەمریكا گوتی كە كەڵك وەرگرتنی ئێراق لەم جۆرە چەك‌وچۆڵانە "كردەوەیەكی ناپەسند و بێزبزوێنە." دەوڵەتی ڕیگان بە شێوەیەكی تیژتێپەڕ ئاماژەی كردە ئەم زانیارییانە كە بە هۆی گوێ هەڵخستن لە پەیامە ئاڵوگۆڕ كراوەكانی مابەینی كارگێڕانی سپای ئێراق وە دەستی هێنا بوون, كە باسی بلۆق دانی لەش و سەرەگێژە و خۆف و خەیاڵاتی برینداران و بەر هەڵمەت‌كەوتوانی گازی شیمیایی‌یان دەكرد.[1] بەڵام سەرەڕای تەواوی ئەمانەش دەوڵەتی ڕیگان لەبەرامبەر كردەوەی تەمبێیانە لەبەر ئەم "شەڕە تۆوبڕكەرانەیە" و بڕین و نەدانی سەدان میلیۆن دۆلار دەس‌قەرز بە سووتی كەم و هەڵگرتنی دەستەبەر بوونی ماڵیی كە لە مەجلیسی پیراندا بەرباس بوو, دژایەتی نواند. دەوڵەتی ڕیگان كە دڵپەرۆشی ئەمە بوو نەكا وڵاتانی تر لە سازكردنەوەی ئێراقی پاش شەڕا گەلێ قان و دەرفەتی بازرگانێتی پڕ قازانجتر وە دەس بێنن, هەر كە ئەم گەلاڵەیە لە كۆنگرەدا نێژرا, پشووی هاتەوەبەر.

من زۆر جاران سەرم سوڕماوە و لە خۆم پرسیوە تۆ لات وایە گۆڤار و ڕۆژنامەكانی دەرەوەش لەم هاوهەنگارییە شوێن‌دانەرەدا كە لە گەڕیانی كەڵك وەرگرتن لە چەكە شیمیایی‌یەكان بە دژی كوردان وەك پیلانی بێدەنگیی دەچوو, تاوانبار نەبوون؟ من بە داخەوەم كە بڵاڤۆكانی ڕۆژاوا نەیانتوانی بۆ خڕ هەڵدانی دژ كردەوەیەكی بەجێ لەم بوارەدا سەركەوتنێكی ئەوتۆ وە دەس بێنن. لێپرسراوانی كورد چەند حەوتە پاش پەلامارە شیمیایی‌یەكانی ١٩٨٧دا مەبەستەكەیان بە من و هەواڵنێرانی تری دەرەكی گوت و ئێمەش ڕەوتی ڕووداوەكانمان وەك خۆی كردە ڕاپۆرتەهەواڵ. بەڵام بڵاڤۆكانی دنیای عەرەب, جگە لە چەند هەڵكەوتی زۆر دەگمەن, بەداخەوە نەیانوێرا

١– شیلا ئاویسترین, گوتەبێژی ئەو كاتی باڵوێزخانەی ئەمریكا لە ئانكارا لە وتووێژێكی تەلەفۆنی كە لە دێسامبری ١٩٩٣دا لە واشینگتۆن لەگەڵیا كردم گوتی ئەم هەڵوێستەی‌كە ئەیالەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا بە ناچار گرتی تەواو بە گوێرەی ئەو گفتوگۆیانە بوو كە مێردەكەی لە ناوچەكانی نیزیك سنوور لەتەك هەواڵنێرانی غەوارە كردبوونی. شووی ئەم خاتوونە مایكێل ئاویسترین, خاوەن پلەی سیاسی باڵوێزخانە بوو.

خۆ لە قەرەی ئەم کارە بدەن. لە بیرمە لەم بارەوە سەرنووسەری یەکێك لە ڕۆژنامەکانی عەرەبم دواند کە دۆستایەتیم لە گەڵیا هەبوو؛ گلەییم لێ کرد کە نەیویستووە بە شێوەیەکی شیاو بەرەورووی ئەم کێشەیە ببێتەوە کە بە بڕوای خودی خۆشی گرینگ بووە. گوتی کە دەیزانی خاوەنی ڕۆژنامەکە پێیخۆش نیە شتێکی ئەوتۆ چاپ بکا. بەڵێ ... ئەوانەن جەغزی تەنگەبەری ئیشێکی ناتەواو.

کوردانیش خۆیان یارمەتی پێشکەوتی ئامانجی خۆیان نەدا. سەددام حوسێن بە نەدانی ویزا بە هەواڵنێرانی غەوارە و ڕێ نەدانیان بۆ وڵات, ڕێوڕاست کوردستانی ئێراقی لە دەسوێڕاگەیشتن دوور خستبۆوە. هەڵبەت ئاخرییەکەی هەواڵنێرانی ڕێ دایە وڵات, بەڵام نەیهێشت بچنە کوردستان و کوردان خۆشیان بە شێوەیەکی سەیر بێکیفایەتییان نواند. مەسعوود بارزانی و جەلال تاڵەبانی لەسەریەك لەسەریەك دەیانگوت و چەنپاتیان دەکردەوە کە ڕۆژاواییەکان و سۆڤیەتەکان گەلێکیان ئامراز و کەرستەی شەڕ داوەتە ئێراق و ئورووپاییەکان کارخانەگەلی بەرهەمهێنانی ژاری جڕوجانەوەرکوژیان بە ئێراق فرۆتووە و هەر ئەم کارخانە "دوو مەبەستییانە" و بە ڕواڵەت بێ زیان و زەرەرانە, گازەکانی خەردەل و پیریت و تێکدەری مێشك و دەماریان کە دژی کوردان دەکار کراون, بەرهەم هێناوە. سەرنووسەرانی ڕۆژنامەکانی ڕۆژاوایی بە بێ دەس وێڕاگەیشتن وە ئێراق و ڕوون بوونەوەی ڕادەی ڕاستی و دروستی ڕووداوەکان, مەیلێکی ئەوتۆیان سەبارەت بە بڵاوکردنەوەی ئەم گەریانە نیشان نەدەدا. ئەو کوردانەی کە وەختایەك – دەساڵێك پێشتر – بۆ ئاودیو کردنی ڕۆژنامەنووسان بە شێوەی ناقانوونی لە سنوورەوە ئەو گشتە لێوەشاوەیی و لە کارزانییەیان لە خۆیان دەنواند, ئێستا بۆ پەڕاندنەوەی ئەم تاقمە لە کەوشەنی تورکیا و ئێران یان سووریاوە دۆش دامابوون. خودا لەو سەرە ئاگای لێیە من زۆر جاران لەم بارەدا لەگەڵ لێپرسراوانی کورد دمەتەقەم کردووە – و لەم بوارەدا من تەنیا نەبووم. بەڵام ئەوانیش گیروگرفتی خۆیان هەبوو. بۆ وێنە لە ١٩٨٧دا باشترین ڕێیەکی کە دەیانتوانی نیشانی منی بدەن ئەمە بوو کە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریاوە بچمە

خاکی تورکیا و لەوێوە بچمە ئێراق. کارگێڕانی بارزانی لە دەمیشق خەت و کووزێکی لەبار و وردیان بۆ کێشامەوە کە دەراوی ڕووبارەکان و شوێنە مینڕێــــــژکراوەکان و مەتەرێزی ڕەشاشەکانی نیشان دەدا و تەواوی ئەم ڕێگایــەم دەبــوو بــە شــەوێك بڕیــا. دڵاودڵم کرد. پیاوەکەی بارزانی گــوتی: "لۆمــەت ناکــەم, خۆمــان کــە ئــاخرین جــار ویستمان لەم ڕێیەوە تێپەڕین سێ کەسمان لــێ کوژرا."

لەوپەڕی ناهومێدیدا پێشنیارم کرد کــە پێــشمەرگەکان دە دوازدە دانــە کــامێرای ڤیدۆیی هەرزانبــایی و تەنانــەت کۆنــەونوێ بکــڕن و فیلمیــان پــێ لــە ڕووداوەکــانی کوردستان هەڵگرنەوە و پاشان فیلمەکان لە دەرەوە بڵاوکەنەوە. بــۆ جووڵانەوەیــەکی نەتەوەیی دەستکــورتی وەك ئــەم جووڵانــەوە نەتەوایەتییــەی کــوردە کــە هــەر کــات خەزێنەی لیپاولیپی ڕێکخراوی ڕزگاریدەری فەلەستین دەبینــێ لــە تــاوان لیکــاوی بــە دەولەوسیدا دەیتە خوار؛ وەها پێشنیارێك لە لایەن ڕۆژاوایییەکی نــەزان و نیازپــاکی وەك من, پتر وەکوو ڕێچارەیەکی خەیاڵی و دەس وێرانەگەیو خۆی دەنواند. کــوردان گوێیان نەدایە پێشنیارەکەی من. وە هەر حاڵ, تەنیا کۆمەڵە فیلمێکی کە لە زامــاران و وەبەرهاتوانی پەلامارە شیمیاییەکان گەیشتنە دنیــای دەرەوە, ئــەم فیلمانــە بــوون کــە ساڵێك دواتر هەڵگیرانەوە. لە مارسی ١٩٨٨دا, ئێرانییــەکان هــەواڵنێرانی غــەوارەیان بۆ هەڵگرتنەوەی فیلم لەم هەزاران کەسەی کە لــە هەڵەبــجە بــە پــەلاماری چــەکی شیمیایی ئێراق کوژرابوون بردە ئەو شارە؛ دیارە ئەودەم بۆ ماوەیەکی کورت ئــەوێ بــە دەس ئێرانەوە بوو. گەلێك شریتی ڤیدۆیی هەمەچەشن لە گەڕیانی شۆڕشی کوردان لــە ساڵی ١٩٩١دا لە دەزگاکانی زانیاری ئێراق بە خەنیمەت گیران کە تەرمی کوژراوانی پەلامارە شیمیاییەکان و هەروەها درێژەی چالاکییەکانی نیشان دەدا. ئەم شریتانەشیان زۆر نیشان نەدا, ڕەنگە لەبەر وەی کە زۆرێك لە کوردانیش لەم دەسوەشــــــاندنانەدا بەشدار بوون.

لە سەردەمی "گوندی جیهانی"دا ئومێد وابــوو کــە دیتنــی شــتێکی وەك کارەســاتی هەڵەبــجە خۆش خەیاڵترین کەسیش بێنێتە جواب و بیخاتە ســەر دژکــردەوەی تونــد و

بێ‌پسانەوە. لانیکەم پاش ڕووداوی هەڵەبجە, جیهانی دەرەوە ئیتر نەیدەتوانی خۆی بخاتە سەر باری نەزانی و بێ‌خەبەری. بەڵام ئەم شانۆ دزێوە بۆ چورتمیش کردنی سەددام حوسێن یا پاڵدانی ڕۆژاوا بە مەبەستی هەنگاو هاویشتنی پتر و دەباز بوون لە جەغزی بلاو کردنەوەی ڕاگەیەندراوێکی لە قالب‌دروای کۆن بۆ مەحکووم کردنی وی ناتەواو بوو. تاقمێکی کەم لەم کوردانەی کە گەورەیی کارەساتی هەڵەبجەیان بۆ دەرکەوتبوو لە ڕووی سافیلکەیی خۆیانەوە هیوادار بوون کە دەنگدانەوەی ئەم کارەساتە لە دەرەوەی وڵات بتوانێ ببێتە پاڵپشتی پاشماوەی کوردانی ئێراق. ئەم جەماوەرە هەڵتەزینەوەی دەرەوەیان پتر لەوەی کە بوو دەنرخاند. سەددام حوسێن پێداگر بوو کە ڕووداوی هەڵەبجە کاری ئێرانییانە, بەڵام هێشتا پێنج مانگێک لەم ڕووداوە تێنەپەڕیبوو کە دژی کوردان دەستی‌دایە ئاخرین پەلاماری شیمیایی خۆی و لە ٢٥ی ئووتەوە هەتا ٩ سێپتامبری کێشا – یانی پاش تەواو بوونی شەڕی ئێران و ئێراق. ئەم هەڵمەت و پەلامارانە ئەوەندە لەزەبر بوون کە خەڵەفەمێشەکانی ئەوبەری سنوور – واتە هی کوردستانی تورکیا – شی ژاراوی کرد و مێشەنگوینەکانی کوشت. وای دەنواند کە سەددام حوسێن ئەنگوستی بەلای لووتییەوە ناوە و زارەخوارە لە کۆمەڵی جیهانی دەکا – هەر ئەو کۆمەڵە جیهانییەی شێلگیرانە هەوڵی دابوو بە دەس‌پێشخەری دیپلۆماتیك و یارمەتییەکانی پەنامەکی چەك و جبەخانە شەڕەکە بە قازانجی وی کۆتایی بێ‌بێنێ.

بەڵام بۆ یەکەمجار دەستەیەك لە پێخوست‌کراوانی ئەم هەڵمەتە شیمیایی‌یانە نەمردن و توانیان پاش چوونە تورکیا نەقڵ و نەزیلەی بەسەرهاتیان بۆ خەڵکی جیهان وەگێڕن: کۆمەڵی نێونەتەوەیی کە بەرەوڕووی شاهیدی دانی ئەم زامار و دەردەدارانە ببۆوە لەوپەڕی شەرم و شوورەیی‌دا هێندێکی دەس پێکداسوو و ئاخرییەکەی بۆ مانگی ژانویەی ١٩٨٩ و بە مەبەستی داکۆکی لەسەر پاراستنی بەندەکانی "پەیمانی ژنێڤ" لە داهاتوودا, وڵاتانی بۆ کۆبوونەوە بانگهێشتن کرد. لەسەر پێداگری سەددام حوسێن، فەڕانسە کە پارێزەر و ڕاگری ئەم پەیمانە و میوانداری دانیشتنەکە بوو, تەنیا وڵاتانی سەربەخۆی بانگهێشتن کرد و بەم شێوەیە نەیهێشت کورد و ئێراقی بەرەوڕووی یەکتر

بنەوە. "تەها مـحێدینمەعرووف", یاریدەدەری سەرکۆمار و نوێنەری دەوڵەتی ئێـراق لە کۆنفرانسی ١٩٨٨دا دانی پێدا هێنا کە ئێـراق لـە هەڵەبـجە دەسـتی بـۆ چـەکی شیمیایی بردووە, بەڵام پاش ئاگربڕ کەلك وەرگیران لەم چـەکانەی وە درۆ خـستەوە. لە ماوەی کۆبوونەوەی پاریسا, دەوڵەتی فەڕانسە خۆی بۆ هیچ ئەگەر و پێشهاتێك شل نەکرد: لە تەواوی ئەم ماوەیەدا کە کۆبوونەوەکە لە لێواری چەپی ڕووباری سێن, لـە بنکـەی یۆنـسکۆ بـەردەوام بـوو، پێـشی نیزیـك بوونـەوەی نارەزامەنـدان بـۆ شـوێنی کۆبوونەوەکە گیرا. لە سێپتامبری ١٩٨٨دا بە پەلە چووبوومە تورکیا هـەتا سـەبارەت بە لێشاوی دەیانهەزار پـەناخوازی سەرلـێشێواو و تۆقیـو کـە لـە ترسـی هەڵـمەتـە شیمیاییەکان ڕایانکردبوو, ڕاپۆرت ئامادە بکەم. زۆربـەی برینـداران و بەرکـەوتوانی هێرشەکە کەوتبوونە دوای هێزەکانی ئێراقی یان بە هۆی بێتاقەتی و بڕستبـــــــڕان نەیانتوانیبوو خۆیان بگەیەننە ئەوبەری سنوور, بەڵام چەند کەسێك گەیبوونـە تورکیـا. وێنەی یەکێك لەم قوتار بوانەیان بـە مەبەسـتی فرۆشـتن پێنیـشان دام کـە بـە تونـدی تووشی خەسار هاتبوو هەر کە ڕووداوەکەم بە سەرنووسەری ڕۆژنامـە گـوت, نـاوبراو لەوپەڕی تەریق بوونەوەی منا لە ئاست دانی ئەم ٢٠٠ دۆلارەی کە کـابرای فرۆشـەر داوای دەکرد سەری با دا, لە حاڵێکا ڕەنگە من بە قەرا ئەم پووڵـەم وەختـی دمـەقرەم لەگەڵیـدا بـە مەبەسـتی وە دەس هێنـانی ڕەزامەنـدیی لەسـەر ئـەم کـارە خـستبێتە قودوولـەی تەلـەفۆنێکی ڕێیدوور کە دەوڵـەت لـە کوردستان دایناوو. گرنە و بیانووی سەرنووسەر ئەمە بوو کە شایەتی دانی قوتار بووان بۆخـۆی ئەوەنـدە هەیـە کـە حاشـا لـێکردنی لێکدالێکدای ئێراق بە گاڵتەجاڕ بنوێنێ و پێویست بە وێنە ناکا. بـەڵام ئـەم سەرنووسەرە پیاوێك بوو کە ئەم شوێنەی دەخستە سەر مرۆص کە بۆ جەمی شـەو یـا نیوەڕۆ قەت ڕوو لە خۆراکی گەرم وەرناگێڕێ و نێوانێکی خۆشیشی لەگەڵ ئەم تونـد و تیژی و ترازان و لادانانەی ڕۆژهەڵاتیی نیە. بەڵام خەتای خۆم بـوو. بێتـوو هێنـدێکم وریایەتی نواندبا و بە بێ ئیزنخواستن لەو هەر ئەوکاتە ئەم وێنەیەم کڕیبا و ناردبامەوە, ئەو خوایینەخوایی بە گوێرەی کارتێکرانێکی کە دەیبوو لەڕێوە چاپی دەکرد.

ئەم تەریق بوونەوە کاتێك بوو بە تووڕەیی کە دەوڵەتی ئێراق هەر وەك چاوەڕوان دەکرا, دەس‌بردن بۆ چەکی شیمیایی وە درۆخستەوە و داخوازی وڵاتانی بە مەبەستی لێکۆڵینەوەی بێلایەنانە لە وێندەری بردەوە پاش. بەغدا دەیگوت کە ڕێ دانی غەواران بۆ لێکۆڵینەوەی خۆجێیی دەسەڵاتی ئێراق دەخاتە ژێر پا و لە وەرسووڕانێکی شانۆیی‌دا ئیددیعاکارانی بۆ نیشان دانی سەنەد و بەڵگە جاڕ دا! دەکرێ بڵێین سەددام حوسێن لەم هەڵلایە بێ ئارەقە ڕێنیشتن دەرباز بوو. نیزیکەی دووسەت هەواڵنێریان بۆ دیداری کوردستانی ئێراق بانگهێشتن کرد:

ئەم تاقمەیان لە بازنەی گەشت‌وگەڕانێکی ڕێك‌وپێك‌دا گێڕا و وەك چاوەڕوان دەکرا تووشی بەڵگە و شاهیدێك لەسەر کەلك وەرگیران لە چەکە شیمیایی‌یەکان, نەهاتن. حکوومەت بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ تێی‌گەیاندن کە کارتێکردنی ڕووداوی هەڵەبجە – کە خۆی هەر وا تاوانەکەی دەخستە ئەستۆی ئێران – ئەوەندە لەزەبر بووە کە دەس بردن بۆ کەرەسەی شیمیایی بە دژی خۆنیشان دانی سەرشەقامان وای کردووە کە کوردان بتۆقن و ڕاکەنە تورکیا.

بەڵام تاقمێك لەم هەواڵنێرانە لەوپەڕی ترس و خۆفی چاوەدێرانیان‌دا تووشی هێزێکی نیزامیی بوون کە سەر تا پا خوار بە چەك‌وچۆڵی شەڕی شیمیایی تەیار کرابوون. چەند ساڵ دواتر بوو کە توێژینەوە و خوێندنەوە زانستییەکان کەلك وەرگیران لە گازی خەردەل و دژی دەماری لە لایەن ئێراقەوە بە شێوەیەکی مسۆگەر سوور کردەوە.[1]

١– ئەم ئەزموونەی کە لە ئەزموونگەی چەکە شیمیایی‌یەکانی "پورتێن داون"ی سەر بە هێزە چەکدارەکانی بریتانیا لە سەر خاك و نموونەکانی تر کرا, کە لە ئووتی ١٩٩٣دا کۆکرابوونەوە, هەبوونی توخمی سازدەری گازی خەردەل و دەماری سەلماند. ئەم نموونانە لە گوندی بیرجینی کۆکرابوونەوە کە لە ئووتی ١٩٨٨دا کەوتبووە بەر پەلاماری شیمیایی. گرین ڕابێرتس هەواڵنێری ناپیشەیی ئینگلیسی و کارناسی خاوەن پێشینەی کاروباری کوردستان لە ئۆکتۆبری ١٩٨٨دا لەگەڵ بەڵەدێکی کورد بە دزی لە سنووری تورکیاوە چووبووە ئێراق, بەڵام ئەزموونی پورتێن داون ئەو کات وەها ڕوون و ئاشکرا نەبوو.

لەگەڵ تەواوی ئەمانەش‌دا هەر ئەم تووشی یەکتر هاتنە هەڵکەوتەی هەواڵنێران و هێرێکی ئێراقی زۆر لەوە گرینگتر بوو کە ئەو کات نرخێندرا. ئەم چەند باڵوێزخانە ڕۆژاوایی‌یەی کە لە بەغدا بوون و هەمیشە گوێ‌قولاغ و چاوەدێری وەها بەڵگە و بۆنەگەلێك بوون، قەت شتێکیان لەسەر ئەم مەبەستە گرینگە نیشان نەدا و بە پێچەوانەی بۆچوونی کوردان دەلیلەکەی ئەمە نەبوو کە هەوڵیان نەدەدا. نا، باڵادەستانی ئێراقی چالاکی و سەرکەوتنە سەربازییەکانی خۆیان لە کوردستان بە تەپڵ‌عالەم دەکوتا و دەهۆڵ و زوڕنایان بۆ هەڵدەگرت و بۆ وێنە لەمەڕ ئەم دەس‌وەشاندنەوە باسی پۆستخانەیەك و مەڵبەندێکی گازی سروشتیشیان کرد، بەڵام هیچیان دەربارەی وردەکاری و شێوەی چالاکییەکەدا نەدەگوت و ئیزنی هیچ دیپلۆماتێکی غەوارەیان نەدەدا بچێتە باکوور و ڕووداوەکان بە چاوی خۆی ببینێ. بیانوێکی ڕەسمی بۆ ئەم ڕێ‌گرتنەش پاراستنی خودی دیپلۆماتەکان بوو، چونکە کوردستان لەبەر هەنتەشی هێزەکانی ئێران و هێزەکانی پێشمەرگە شوێنێکی مەترسیدار بوو. بەم شێوەیە تەنانەت ئەو کاتانەی کە بە ڕواڵەت زۆریش ئارامی دەنواند کاربەدەستانی دڕدۆنگی ئێراقی پێوەند گرتنی غەوارانیان لەتەك هەر ئێراقییەك، بەتایبەت لەگەڵ هەر کوردێك، بەربەند دەکرد. لە وەها هەلومەرجێکا "سیا" تێماو و بێ‌دەسەڵات بوو. سایری دەزگا زانیارییەکانی دەرەکیش لەوی باشتر نەبوون. دەس وە کوردستان ڕاگەیشتنی بێ سەرێشە بۆ دیپلۆماتەکان بووزی نەدەخوارد و نەدەلوا: کوردستان ناوچەی پاوان و پارێزراو بوو و بێتوو وەزارەتی دەرەوە بە هەڵکەوت ئیزنی گەشت و گەڕانی ناوچەی دێهاتەکانی کوردستانی دابا، پۆلیسی نەهێنیی دڕ و دەستەوستان، شوێنی لە دووی ڕەوگەی سەفەرەکە دەگێڕا.

"ئیپریل گلاسپی"، باڵوێزی ئەمریکا لە ئێراق و "هی ڤوود ڕانکین"، یەکێ لەم دوو خاوەن پلانەی باڵوێزخانە کە سەرەدەریان لە زمانی عەرەبی دەردەکرد، لە پاش پەلامارە شیمیایی‌یەکانی ئێراق لە گەڕیانی هەڵمەتی ئەنفالی ئووتی ١٩٨٨دا ئەوپەڕی تەقەلای خۆیان خستە گەڕ کە خۆیان بگەیەننە کوردستان و بزانن کە چی قەوماوە. چەند ساڵ دواتر گلاسپی لە واشینگتۆن پێی‌گوتم کە ئاخرییەکەی بە زەبری هەڕەشە

و بە بیانووی دیداری ئەم چەند ئەمریکایییەی کە لە شەریکەی ئەندازیاریی تێکەڵاویی ترك و یوگوسلاوی کە لەسەر سەدی "***بێخمە***" کاریان دەکرد توانی بچێتە کوردستان. بەرزایی تانجی دیواری ئەم سەدە هەشتاوشەش میترونیو بوو و بە مەبەستی دابین کرانی ئاوی پێویستی کشتوکاڵ و بەرهەم هێنانی کارەبا ساز دەکرا؛ بەڵام چاکییەکەی ئەمە بوو کە هەم شوێنەزای بارزانییەکان، یانی گوندی بارزانی وە ژێر خۆی دەدا و هەمیش بارزانییەکانی لە بادینان لە یەکێتی نیشتمانی کوردستان، لە ڕۆژهەڵات و ناوەندەوە، لێکدادەبڕی. گلاسپی دەرهەڵبوو و هەڕەشەی کرد بێتوو ئێراقییەکان پێمل نەبن و نەهێڵن سەفەرەکەی بکا، کارگێڕانی باڵوێزخانەی ئێراق لە واشینگتۆن ئیزنیان نابێ بە ئازادی لە ئەیالەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا هاتوچۆ بکەن. هەڵبەت دەیزانی ئەم قسەیە یانی ئەمەی کە تازە پیاوەکانی پۆلیسی نەهێنی ئێراق ئیدی ناتوانن بە ئازادی بە وڵاتا بخولێنەوە و هەڕەشە لە ئێراقییەکانی دانیشتووی ئەمریکا بکەن.

چوونە کوردستان هیچ بەم مانایە نەبوو کە ئینسان بێگومان زانیاری وە دەس دێنێ، تەنانەت ئەگەر تووشی کەسانێکی ڕام و سەر بە فەرمانیش هاتبا کە وەفاداری حکوومەت بوون. ڕانکین لەبەر ئەوەی کە لەگەڵ یەکێك لە سەرۆك هۆزەکانی سەر بە دەوڵەت دیداری کردبوو وەك "ماکەی خراپە" ناسرا. وتوویژ کردن لەگەڵ دیپلۆماتێك بۆ هەر کوردێکی دی کردەیەکی پڕ مەترسی بوو. جارێکیان ئەم خاتوونە باڵوێزە توانی پۆلیسی نەهێنی چاوەدێری بخافڵێنێ و هێندێکی لێدوور کەوێتەوە، بەڵام چاوەدێرەکە خێرا گەیشتەوە سەری. گلاسپی بە ترس و تۆقینەوە لە ئاوێنەی پێشەوەدا دیتی کە پۆلیسی نەهێنی کوردێکیان گرت کە ئەو تەنیا ئەوەندەی لێپرسیبوو کە داخوا دەتوانێ لە کوێ هەنگوین بکڕێ. جارەکانی تر ناچار بوو کە بۆ بەراوردی ڕادەی گوندە خاپوور کراوەکان لە نێو ئوتۆمبیلەکەی خۆیەوە تەنیا بە خوێندنەوەی یادداشتەکانی ئە.ئێم. هامیلتۆن، ئەندازیاری نیوزلەندی، ڕازی بێ. ئەم ئەندازیارە هەر ئەو کەسەیە کە لە ماوەدای ساڵانی ١٩٢٠ و ١٩٣٠ لە سەردەمی

سەرپەرستێتی ئینگلستاندا یەكەم ڕێگای مەشهووری سەربازی بە ناوی "هامیلتۆن" لێدا كە بە كوردستانی ئێراقا تێدەپەڕی و هەتا سنووری ئێران ڕادەكشا.

تەنانەت چاوەدێرێكی بەئەزموونیش فریوی دەخوارد. عەبدوڕڕەحمان قاسملوو، ڕێبەری كوردەكانی ئێران كە بۆ هەڵسووڕان لە ئێراقا لەمپەری لەبەر نەبوو و تەنانەت دەیتوانی پێوەندی بە باڵوێزخانەكانی دەرەوەش بكا، لە ڕووی ئەم وتوویژانەی كە لەتەك كوردەكانی ئێراق كردبووی لێی سوور ببۆوە كە ئەم گازە شیمیاییەی وا ئێراق لە ئووتی ١٩٨٨دا لە كاری كردووە، گازێكی كوشندە نەبووە و هەر لە چەشنی ئەم گازەی فرمێسك بووە كە بۆ بەربەرەكانی لەگەڵ خۆپێشاندانی شەقامان كەلكی لێوەردەگیرێ. دەوڵەت وەهای هەوساری كاران بە دەستەوە بوو كە لە ژوەنی ١٩٨٩دا قاسملوو بۆ ڕوون كردنەوەی ڕاستی و درۆی ڕاپۆرتی "تایمز"ی لەندەن كە دەیگوت سپای ئێراق ڕانیەی لەگەڵ خاك تەخت كردووە ناچار بوو بەرەو قوولایی كوردستان سەفەر بكا. دەركەوت كە ڕاپۆرتەكە هەڵە بووە: ڕانیە زەق و زۆپ لە جێی خۆی چەقی بوو، شاری كاول كراو، بازێری "قەڵادزێ" بوو كە ٧٠٠٠٠ كەسی جەماوەر هەبوو.

خاتوونی باڵوێز (گلاسپی) گوتی لە مەودای سەفەرەكانیدا بۆ كوردستان، ئەو كوردانەی كە دیداری لە گەڵا كردوون بەرهەص بوون هەتا چۆنیەتی هەوڵ و تەقەلای خۆیان لە لای كاربەدەستانی ئێراقی بە مەبەستی بەرگری لە خاپووركرانی گوندەكانیان بۆ وی بگێڕنەوە. لە هاوینی ١٩٨٩دا خاتوونی باڵوێز بە لە سایەی تۆپ و تەشەرانەوە خۆی گەیاندە بازێری ئامێدی، كە بازێرێكە هەڵكەوتوو لەسەر بەرزایی: شەوی هەینی بوو، چاكی بۆچووبوو، دەیزانی كە كاربەدەستانی ئێراقی ناوێرن ئەم موسافیرەی كە شەوی جومعە دەچێتە شوێنێك بە پێچەوانەی داب و نەریتی میوانگریی ئیسلامی لە شوێنەكە دەریبكەن. كەس ئامادە نەبوو كە پێی بڵێ چ قەوماوە، بەڵام یەكێك لە كاربەدەستانی شار لەسەر مێزی شێو گوتی: "دوو ساڵ بەر لە ئێستا ملوانكەیەكت لە ڕووناكایی گوندەكانی دراوسێ بە دەوری شارەوە دەدیت." خاتوونی

باڵوێز تەنیا ڕووناکاییەکی دیتی ئی باڵەخانەی کۆشەکەکانی سەددام حوسێن بوو لە نیزیك سەرسەنگ. هەر ئەم کورتە باسە بۆ ئاگادار بوونەوە لە بارودۆخەکە بەس بوو.

خاتوونی باڵوێز گوتی: "سەیر ئەمەیە کە هیچکام لەم کوردانەی من توانیومە چاوم پێیان بکەوێ چ شتێکیان سەبارەت بە کۆمەڵکوژی و پەلامار و هەڵمەت بە چەکی شیمیایی باس نەکرد." باوەڕ ناکرێ کە ئەمانە لە ڕووداوەکان بێخەبەر بووبن. داخوا ئەم کەسانەی کە خاتوونی باڵوێز دواندبوونی تۆقیبوون لەمە کە بڵێن چ قەوماوە؟ داخوا جاش و سەر وە حکوومەت بوون؟ یان تەنیا کوردانی شارنشین یان کەسانێ بوون کە پێشتر لە شارۆچکەکانی "سەرکەوتن"دا نیشتەجێ کرابوون و بە شێوەی ڕاستەوخۆ نەکەوتبوونە بەر هەڵمەتی شیمیایی یا ڕاوەدوونان و گیران لە گوندان؟ ئەو کوردانەی بە مەیلی خۆیان لە باژێران دەژیان یا بە زۆری لە شارۆچکان پەستێورابوون لە پڵیشانەوە و تێداچوونی خولی ئاخری هەڵمەتەکاندا کە ئاوقای ئامۆزا گوندەکییەکانیان ببۆوە، بە سلامەتی قوتار بوون. خاتوو گلاسپی وە یادی دێتەوە کە لە دەسپێکی سێپتامبری ١٩٨٨دا، لە مەودای یەکێك لە خولەکانی لێبووردنی دەوڵەتی ئێراقا کە پاش هەڵمەتی ئەنفال ڕاگەیاندرابوو، لە سلێمانییەوە بەرەولای ڕۆژاوا سەفەری دەکرد؛ گوتی کە لە مەودای ئەم سەفەرەدا تووشی تاقمێك ژن و زارۆکی خەمباری پەرێشان هاتووە کە لە قەراخ ڕێگا لە تەنیشت کەلوپەلەکەیان وێستابوون. "پیاوێکیان لە بەینیدا نەبوو و من وای بۆچووم کە کاربەدەستان بە ئانقەست ویستوویانە کە بیانبینم." سەددام کەسێك نەبوو کە ئەم چەشنە وێك کەوتن و تووشبوونانە بە دەست هەڵکەوت بسپێرێ. ئەو بنەماڵانەی کە پەرۆشی چارەنووسی کەس و کاریان بوون و دەیانویست هەرچۆنێك بێ خەبەرێکیان وە دەس کەوێ و سەر و سۆراغێکیان بکەن، لە بێهەواڵی و تەم و مژی دڵەڕاوکەدا ڕادەگیران. حوکمات بە لاسایی شێوەی کاری نازییەکان کە هەوڵیان دەدا پەردەیەکی لێڵ بە سەر چارەنووسی گیراوەکاندا بکێشن، بە ئانقەست باس و هەواڵێکیان وە دەس خاوخێزانەکانیان نەدەدا. بەڵگەیەکی بە خەنیمەت گیراوی ٢٠ی سێپتامبری ١٩٩٠, یانی پتر لە دوو ساڵ پاش

هەڵمەتی ئەنفال، نیشانی دەدا کە دەبێ ڕستەی "بە چارەنووسیان نازانین" لەگەڵ ڕستەی پێشوو کە دەیگوت: "لە گەڕیانی چالاکی سەرکەوتوانەی ئەنفالدا دەردەست کراون و ئێستا کە گیراون." جێگۆڕکێیان پێبکرێ.

بەم شێوەیە ئاگاداری هەم کەم بوو هەم زۆر. وێڕای تەواوی ئەمانەش هیچ کوردێك کە کەوڵی پووڵەسووتاوێك بێنێ باوەڕ ناکا کە دەوڵەتانی ڕۆژاوایی، بەتایبەت ئەیالەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، تەنانەت ئەگەر تەنیا قسەی کوردانیان کردبایە پێودان، لە ڕووداوەکانی کە لە کوردستان ڕوویان دابوو، بێخەبەر بووبن. تاڵەبانی سوێند دەخوا کە لە کاتی سەردانەکەیدا بۆ واشینگتۆن لە ژوەنی ۱۹۸۸، دەربارەی کەلك وەرگرتنی ئێراق لە چەکە شیمیاییەکان و تاپۆ کرانی گوندەکانی کوردستان زانیارییەکی لە ڕادە پێویستی داوەتە سێ کەس لە کاربەدەستانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا و وێڕای ئەمەش ئەوانی لە چۆنیەتی وتوویژی پێشووی لەگەڵ سەددام حوسێن ئاگادار کردۆتەوە و هۆی سەرنەگرتن و شکانی وتوویژەکانی بۆ تەتەڵە کردوون، بەم هیوایەی کە بەڵکوو بتوانێ تەکانێك بداتە ئەم دەوڵەتەی کە لە باری ئەخلاقییەوە وەك بەردی لێهاتبوو، هەتا وای لێ بکا کە دەس بداتە لە قاودانی ئەم زوڵم و دەسدرێژییانەی دەوڵەتی بەغدا. تەلگرافەکانی باڵوێزخانە بۆ وەزارەتی دەرەوە – کە ئێستا لە ڕیزی بەڵگە نهێنییەکان هاتوونەدەر و هەموو کەس دەسی دەیانگاتێیە – لە چوارچێوەی وتە و واتای زۆر بێجەمسەر و گشتیدا بەیان کراون، کە خۆی نیشانەی ئەم تەنگەژانەن کە دەکەونە سەر ڕێی سەلماندنیان و بە کردەوە زانیارییەکی پتریان لە بەیانییە ڕەسمییەکانی دەوڵەتی ئێراق تێدا نیە. لە تەلگرافێکی ڕێکەوتی ۱۹ی ئاوریلی ۱۹۸۸دا حیساب کراوە کە ۱/۵ میلیۆن کەس کورد لە شارۆچکەکانی "سەرکەوتن"دا نیشتەجێ کراون و دەیانهەوێ شوێنی ۷۰۰ تا ۱۰۰۰ گوند "وەگوێزن". مانگە دەسکردەکانی ئەمریکایی کە بەسەر ئێراقا دەفڕین ڕادەی ئەم خەسارەیان بە وردی دیاری دەکرد. (ئەو نەخشانەی کە لە گەڕیانی ڕزگار کرانی کووەیتا لە نێو هێزەکانی ئەمریکاییدا بڵاو کرایەوە، ئەم مەبەستە بە ڕوونی دەردەخەن. نەخشە هەڵگرانی نیزامیی ئەم خاپوورکرانە بەربڵاوەی ناوچە گوندییەکان

لە لایەن سەددام حوسێنەوە بە دیاری کردنی گوندە وێران کراوەکان بە ناوی "خاپوور کراو" نیشان دەدەن.) "بە گوێرەی ڕاپۆرتەکان تاقمێکی نادیار بەڵام یەکجار زۆریان لە کوردان لــە ئۆردووگاکـانی لای سـنووری ئـۆردۆن و عەرەبـستانی سـعوودی مـرزەم کردووە." خودی باڵادەستانی کوردیش کە ئەوان سـەردەمان لــە فەڕانـسە و سـووریا چاوم پێیان کەوت وێنایەکی ڕوونتریان لە چارەنووسی ئەم خەڵکە بـە دەسـتەوە نـەبوو. یەکێك لە پەیامەکانی تەلگرافی باڵوێزخانە لە ڕێکەوتی ١٥ی ئـووتی ١٩٨٨دا، یـانی بەر لـە دەسپێکی ئاخرین کەلك وەرگرتنی ئێراق لـە چەکە شیمیایییەکان دەڵێ: "ئێران و کوردان، ئێراقییەکانیان بە کەلك وەرگرتن لە چەکە شیمیایییەکان لــە هێرشەکاندا تاوانبار کردووە."

ئەو کات خەساری یەکجاری وڵاتی تەنیبۆوە و ئەویش چ خەسارێك! مـن گـەلێکم ناوچەی شەڕ لــێ‌کراو دیوە و تێی‌گەڕاوم، زۆر پتر لـەوەی کە وە بیریـان بێنمــەوە یـان تەنانەت بـمهەوێ کە بیانهێنمەوە بیر. بەڵام بەربڵاوی وێرانی و خاپوورکرانێکی کە لە کوردسـتانی ئێـراق دیتوومـە نیـشاندەری شۆڕوشـەوقێکە کـە سـەددام حوسـێن لــەم گەڕیانەدا نواندوویەتی. چاکم لە بـیرە کـە لــە ئۆکتـۆبری ١٩٩١دا بـە ئوتۆمبیـل بـە کوێرەڕێیەکی دۆڵی "جافایەتی"دا لە کوردستانی ئێراق تێدەپەڕیم و گوێم دابوویە وتەی کوردێکی مرچ و مۆنی ڕێنـوێنم؛ ئـەم بەڵــەدە بـیرەوەری و یادداشـتەکانی خـۆی وەك پێشمەرگەیەك دەێناوە بەر بیر و دەیگێڕاوە: ئێرە گوللـەباران کرابوو، برێـك پێـشەوەتر کەوتبووە بەر پەلاماری شیمیایی، پاشەکشەی تێکەڵ بـە تـرس و تـۆقین بـە کـوێرەڕێی مێگەلـەمەڕی کێوپاراندا کە دەچۆوە سەر ئەو تەپڵۆکەی تر. کابرای بەڵەد تەواوی ئەم شوێنانەی بە وردی نیشان دەدام. پایزی ئەو ساڵە لە دەرەوەی شاری هەولێر و دهـۆك و سلێمانی، هەموو شوێنێك جوقەواری لـێبڕابوو، جگە لـە سەدان و سـەدان خێـوەت. ئەوانە خێوەتی ئەو کەسانە بوون کە ماڵ و حاڵی خۆیان لـە بەهارا خـۆڕایی کردبـوو و ئێستا بە نیگەرانییەوە چاوەڕوان بوون هەتا بە خۆ نواندنی کەمترین مەترسـی دیـسانەوە بەرەو سنوورەکان تێی‌تەقێنن.

ئەندازیارەكانی سپای ئێراق، تەیار بە بولدزێر و تەقەمەنی، لە مەودای ساڵانی پڕ هەڵمەت و دەس‌وەشاندنا، لە شۆڕوشۆڕێكی شێتانەی خاپوور كردنا، خانووبەرەكانیان تەخت كردبوو و لوولە ئاوەكانیان تەقاندبۆوە و سەری چاڵاوەكانیان سمیت‌ڕێژ و باخی لەبەریان خاشەبڕ كردبوو. بەلای خۆمەوە گوتم، تۆ بڵێی لە خاكی كوردستان، لە دەشتان، لە كەناری ڕووباران، لەسەر ئەم تەپك و كێوە ڕووتەن و بێدارودرەختانەدا، چەند كەسێكی ئەوتۆ لە چەشنی ئەم كابرا بەڵەدە هەبن كە زەینێكی وایان هەبێ و ئەم خەڵكە گوندەكییانە وەبیر بێنەوە یام خۆیان لە بیرگەی خۆیانا زیندوویان كەنەوە؟ مرۆڤ چۆن دەتوانێ، دێیەكی خاپووركراو لە كاول و هەرەسی دەیان دێی وێران كراوی تر یا ئەم قەڵا بەردینەی بە دابی ڕووسی لە قەڵایەكی تر كە هێندێك ئەولاتر دەیبینێ لێك‌كاتەوە ؟

دەوڵەتی ئێراق لەوپەڕی تووڕەیی و نارەحەتیدا، بێ ئەوەی بیهەوێ خۆی وڵامی ئەم پرسیارانەی داوە: ئەم هەژدە تۆن بەڵگە و سەنەدە دەوڵەتییانەی كە لە مەودای ڕاپەڕینی مانگی مارسی ١٩٩١دا لە كۆلكەخانە و دەزگا جۆراوجۆرەكانی پۆلیسی نەهێنی حیزبی بەعس بە خەنیمەت گیرابوو، سەرچاوەیەك بوو لە بەڵگە و بۆنەی باوەڕپێكراو كە پەردەی لە ڕووی ئامانج و پیلان و ویست و كرداری دەوڵەتی ئێراق لا دەدا. هێندێك لەم بەڵگانە دەستیان لێنەدرابوو، هێندێك شڕوپەتوور و تەپوتۆزاوی و بەشێكیش لە گەڕیانی هەڵمەتی كوردان بۆسەر ناوەند و یانە بێزراوەكانی بەعس و ئاگردرانی باڵەخانەكان تووشی خەسار هاتبوون. ئەم بەڵگانە لە سایەی هەوڵەكانی كومیتەی پێوەندییەكانی دەرەوەی مەجلیسی پیرانی ئەیالەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا، ڕێكخراوی چاوەدێری مافی مرۆڤ و هێزی ئاسمانیی ئەمریكا بە مەبەستی پارێزران ڕاگوێزرانە ئەیالەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا و بە ناوی بەڵگەنامەی ڕەسمی كۆنگرە لە "كۆلكەی بەڵگەنامەكانی میللی"دا ڕاگیران و ئێستا خەریكی وەرگێڕان و پێكگرتنیانن. ئەم بەڵگەنامانە ئەم مەبەستانە ڕوون دەكەنەوە كە لەمێژ ساڵ بوو ڕێكخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی گوتبووی و هیچكام لە وڵاتە ڕۆژاوایییەكان گوێیان پێی نەبزووتبوو، هەروەها ڕاستی و دروستی ئەم وت‌ووێژە دوور

و درێژانــە دەسەڵــمێنن کــە کــوردان و ڕێکخــراوی چــاوەدێری مــافی مــرۆڤ و ڕۆژنامەنووسان لـە کوردستان کردبوویان. بۆ یەکـەم جـار لـە مێـژوودا، ڕژێمێـك لـە حاڵێکا کە هێشتا لەسەر دەسەڵات بوو بە بەڵگە و بۆنەکانی خۆی پـەردەی لـە ڕووی چەپەڵکارییەکانی کە لـە بواری پێشێل کردنی مـافی مرۆڤـا ئەنــجامی دابـوو، لا دەدا. بەغدا بە تێماوی ئەم بەڵگانەی وە درۆ خستەوە و گوتی هیچی ئی وی نـین و تـەواوی ساز کراون و لـەسەر کاخەزی نیشانەداری دەوڵەتی نووسراوەنەوە. بەڵام ئـەم وەرام و وە درۆخستنەوە چەن پاتانەی کە دەوڵەتی ئێراق زۆر جاران لە بەستێنی دەسدرێژی بـۆ سەر مافی مرۆڤ دەریبڕیبوون ئەم کـەڕەت بەتایبـەت بـە پـووچ دەرچـوو. بارسـتایی قەبەی ئەم بەڵگەنامانە کە نیزیك چاردە میلیۆن پەڕ بوو زانیارییەکی نوێی سەبارەت بـە کاغەزبازی سەرکوتێك دەدایە دەس کە هەتا ئێستا لـەمپەری ئەم حاشا لــێ کردن و وە درۆخستنەوانە بوو.

دەستەی کارناسانی مافی مرۆڤ کە کاریان لـەسەر ئەم بەڵگانە دەکـرد، باوەڕیـان بەم مەبەستە هێنا کە ئەم کردەوانەی بە گوێرەی ئـەم بەڵگانــە کـراون دەگەنــە پلــەی "تۆوبڕکردن" و تەنیا کردەیەك نین کە وەك زوڵم و جینایەتــەکانی شــەڕ یـان جینایــەت دژی مرۆڤایەتی بێنە حیساب. بەڵام "ناسکی و وردەکاری" مافی نێونەتـەوەیی جۆرێکـە کە دەبێ دەوڵـەتێکی تر دژی سەددام حوسێن شکایەت بکا هەتا بکرێ بکێـشرێتە پـای مێــزی مــحاکەمەی دادگــای نێونەتــەوەیی لاهــە. لــە بڕیارنامــەکانی ڕێکخــراوی نەتەوەیەکگرتووەکاندا سەبارەت بە ئێراق نە ئەیالەتە یـەکگرتووەکانی ئـەمریکا و نـە هیچکام لـە وڵاتـانی ڕۆژاوایـی خوازیـاری وەهـا مــحاکەمەیەك نـەبوون. لایـەنگرانی سەددام حوسێن لـە ئێراق و تەواوی وڵاتانی عەرەبیدا بێ‌شـك وەهـا کردەیـەکیان بـە "دادپەوەری سەرکەوتوان" مانا دەکردەوە. بەڵام پێشینەیەك لـەم بارەدا بە دەستەوە بوو، ئەویش کوشتاری ئەرمـەنییان. لــە ســاڵی ١٩١٩دا دادگــای نیزامیــی خــودی وڵاتــی تێشکاوی عوســمانی لە ژێر تەوژمی ئینگلیسییەکاندا ئەنـــــدامانی ســــــەرەکی و هەڵسووڕێنی خولی کوشت‌وکوشتار و بەرپرسی "تۆوبڕکردن"ی ئەرمەنییان و تـەواوی جینایەتــەکانی شــەڕیی کێـشایە پـای مێــزی مــحاکەمە و مــەحکوومی کــردن. ئـەو

محاکەمانە "نیشانی دا کە بووز دەخوا و دەکرێ ئینسان چاوی لە دادگاکانی وڵاتی تێشکاو بێ کە تۆڵەی شەڕەنگێزی و چەپەڵکاری لەم ڕێبەرانە بستێننەوە کە سەردەمانی شەڕ بە دژی نەتەوەکانی تر کردوویانە."

ئەم بەڵگە و بەڵگەنامانەی بە دەستەوەن هاشایان لێناکرێ: توێژەران پەستاپەستا لە سەنەدەکانی سەر بە کۆلکەخانەی ناوەندەکانی سەرکردایەتیدا کە زۆر جارانیش گەلێك لێكدوورن دەگەنە بەڵگەی یەك چەشن. باشترین وێنەی ئەم چەشنە بەڵگانە، بەڵگەکانی سەر بەم یەکەم جارەن کە لە ئاوریلی ١٩٨٧دا دژی پارتیزانان و خەڵکی ئاسایی کورد لە چەکی شیمیایی کەلك وەرگیراوە و نیشانی دەدەن کە لە مەیدانی شەڕ چ شتێك ڕووی داوە. ئەگەر ئایەتوڵڵا خومەینی بەو کەللەڕەقییەی لە ئاست ڕاگرتنی شەڕ سەری با نەدابا و لە کوردستان تەوژمی زیاتر نەکردبا، زۆر وێدەچی عەلی شیمیایی ئەو فەرمانە توند و تیژانەی بۆ نەچووبا. لە وەختایەکی کەم مەترسیتر لەو کاتی, سەددام حوسێن بە هیچ چەشنێك ئامادە نەبوو دەسەڵاتی تەواو بداتە هیچ کەس، تەنانەت بە ئامۆزا تەکریتییەکەشی.

***

لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٧دا تاڵەبانی پاش دڵاودڵییەکی زۆر ئاخرییەکی بەختی خۆی لە بەختی ئێران گرێ دا. ئەو کە خۆی زەمانێك لە سەردەمی مەلامستەفا بارزانیدا ببوو بە "جاش" و "یەکێتی نیشتمانی کوردستان"ی لەسەر کەلاوە و هەرەسی تێكشکانی سەرشۆڕانەی ساڵی ١٩٧٥ی ژێنێراڵ بارزانی ڕۆنا بۆوە, ماوەیەك بە توندی لەگەڵ کوڕانی بارزانی کەوتبووە شەڕ و ئەم تێکهەڵچوونانە خەسارێکی گەورەی لە هەردوولا دابوو. بۆیە پێکهاتن لەتەك پارتی دێموکراتی کوردستانی "بارزانی"دا ماوەیەکی زۆری خایاند. یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە ماوەی شەش ساڵ شەڕی ئێران و ئێراقدا خۆی لە چوونە ڕیزی پارتی دێموکراتی کوردستان بۆ هاوکاری نیزامیی ئێران بە دژی ئێراق پاراست. (لە ڕاستیدا ساڵی ١٩٨٤ ڕێبەری یەکێتی نیشتمانی وتووێژێکی لەگەڵ بەغدا ئەنجام دابوو.) ئەم هەڵوێستەی تاڵەبانی جاری وابوو دەگەڕایەوە سەر پارێز کردن و کەڕەتی واشبوو دەچۆوە سەر ئەم چاوەڕوانییەی

کە ڕەنگە بتوانێ قانێك لە دەوڵەتی ئێراق وەربگرێ و بە هۆی ئەوەوە پارتی دێموکرات ڕاداتە پێوار. تاڵەبانی ئیددیعای دەکرد کە نوێنەری توێژی خوێندەوار و پەروەردە کراوی خەڵکی شارنشینە و لەگەڵ مافی "خاوەنێتی" بارزانییەکان لەسەر ڕێبەرایەتی تەواوی خەڵکی کوردی ئێراق یەکێتییەکەی دیکەیان لەگەڵ ئێران بە توندی دژایەتی دەنواند.

حەول و تەقەلاکانی یەکێتی نیشتمانی بۆ ئەوەی مامەڵەیەکی باشتر لە بابەت خودموختارییەوە لەگەڵ ڕژێم بکا بێئاکام مابۆوە. دژایەتی تورکیا لەگەڵ هەر چەشنە پێکهاتن و سازانێك لەتەك کوردەکانی دراوسێ – هەر واز لە کوردەکانی خۆی بێنین – وەزیری دەرەوەی ئەو وڵاتەی بە پەلە و بە پەیامێکی ئاشکراوە هەنارده بەغدا: دەوڵەتی ئێراق دەبێ وتوویژی سەبارەت بە خودموختاری نوێ لەگەڵ کوردان ڕابگرێ، دەنا تورکیا ئەم لوولە نەوتەی کە تەنیا سەرچاوەی بەرچاوی دابین کردنی دراوی بیانی ئێراق بوو دەبەستێ. (ئەم لوولە نەوتە هەروەها سێیەکی نەوتی پێویستی تورکیاشی دابین دەکرد و ساڵێ ٣٠٠ میلیۆن دۆلار داهاتی هەقی پێدارۆیشتنی وێدەدا.)

ئەم هەڵسوکەوتە بەپارێزانەی تاڵەبانی لەگەڵ سەددام حوسێن تەواو بەجێ بوو: ڕێبەری ئێراق لەبەر یارمەتیدەرانی ئێران لە لایەن پارتی دێموکراتی کوردستانی ئێراقەوە بە مەبەستی گرتنی بنکەی حاجی ئۆمەران لەسەر بەرزاییەکانی زاگرۆس، لە ژووئیەی ١٩٨٣دا تۆڵەیەکی زۆر توندی لەم حیزبە کردبۆوە: تاقمێکی پێنج هەتا هەشت هەزار کەسی لە نێرەوەزانی بارزانی، کە هێندێکیان تەمەنیان لە دە ساڵ کەمتر بەڵام زۆربەیان پتر لە پازدە ساڵان بوون و هەروەها ٤٢ کەس لە خزم و کەسانی نیزیکی مەسعوود بارزانی دەردەست کرد: ئیتر کەس ئەم تاقمەی نەدیتەوە. مانگێك دواتر سەددام حوسێن ڕایگەیاند کە "ئەم تاقمە بە توندی سزا دراون و چوونە جەهەننەم." ئەمەش باس کردنێکی ڕەمزاوی بوو لەسەر چارەنووسی دەیان هەزار کوردی دی کە دواتر "بێسەروشوێن" بوون. وەك دیمان ئەم "تۆڵە ئەستاندنەوە لە بارزانییەکان" ڕووداوێکی تازە نەبوو.

قوربانییەکانی بارزانی ئیتر ئەو شەڕکەرە ئەفسانەیانەی پێشوو نەبوون. ژنان و منداڵانی پاشماوەی بارزانییان لە ئۆردووگاکانی قەراخ ڕێوبانی سەرەکی وەك "قوشتەپە" یان گەورەڕێی نێوان هەولێر و کەرکووك نیشتەجێ کردبوون. هێندێك لە کوردان گەیشتوونە ئەم ئاکامە کە گیرانی سووك و ساناى ئەم گشتە بارزانییە غەیرەشەڕکەر و بێتاوانە بەڵگەیەکی تەواوە لەسەر ئەمەی کە "داب و نەریتی شەڕکەرانە و نەبەزین"ی بارزانییەکان ئیدی وەکی ڕابردوو پتەو نەماوە. سووکایەتی لە هەمووان خراپتر دەسدانە خۆ فرۆشیی تاقمێك لە ژنانی لێقەوماوی بارزانی بوو. لە کۆمەڵێکی ئیسلامیدا کە کەوتۆتە ژێر دەسەڵاتی شەرم و شوورەیی، چارەنووسی ئەم ژنە لێقەوماوانە سەلمێنەری پەندێکی خۆفناکە کە سەددام حوسێن بەسەر ئەم خەڵکەی هێناوە و هەروەها چارەنووسی ئەم زارۆکانەی کە پاش ساڵی ١٩٨٣ لە دەرەوەی جەغزی ژن و مێردایەتی هاتوونە دنیا. زۆرێك لە پیاوانی بارزانی لە ئاکامی هەست بە سووکایەتی و سەرشۆڕی کردنا جامانای سووریان کە نیشانەی بارزانی بوونیان بوو فڕێ دا و چەشنی خەڵکانی هۆزانی تری کورد جامانەی ڕەشی ئاسایییان کردە سەر. کوردانی دی بێدەسەڵاتی و تێماوی ئەم خەڵکەیان بە چاوی خۆیان دەبینی.

ڕۆژی ناخۆشتر بەڕێوە بوون, چونکە حوکمات بە ناچار کردنی کوردانی ئاسایی بۆ بەشدار بوون لە جینایەتەکانیدا شێوە توند و تیژەکانی دەسوەشاندنی هەتا پۆپە پێهەڵابرد. یەکێك لەم کوردانەی کە لە جوندێتی ڕایکردبوو و من بە هەڵکەوت لە ١٩٩١دا تووشی هاتم، نەقڵ و نەزیلەی باری ئەم گوناح و ئازارانەی بۆ ماوەی سێ ساڵان لەسەر ویژدانی پاپۆکەیان خواردبۆوە, بۆ گێڕامەوە. گێڕانەوەی ئەم سەربوردەیە تەنانەت بۆ غەوارەیەك باری لەسەر ئەو سووك دەکرد. ئەم کوردە لە ١٩٨٨دا ئەندامی ئەم تیپە بووە کە زۆر بە توند و تیژی دژی کوردانی هاوڕەگەزی کەلکی لە چەکی شیمیایی وەرگرتبوو. دەیگوت چاری ناچار بووە و لێکدالێکدا چەنپاتی دەکردەوە: "بێتوو فەرمانم بەڕێوە نەبردبا لەڕێوە گوللەباران دەکرام و کەسێکی تر لە جیاتی من ئەم کارەی هەر دەکرد."

جاشەکان ئەگەر وەها گوناهێکیان هەست پێدەکرد بە دەگمەن دەریاندەبڕی. زۆرێك لە عەشیرەتەکان — بۆ وێنە زێباری و سوورچی و برادۆستی — بە سەروبەرەوە لەم گەڕیانە وەردرابوون. ئەم تاقمانە لەم بابەتەوە خاوەن پێشینەیەکی دوور و درێژ بوون: هەر لە کۆنەوە بە دژی کوردان ببوونە خزمەتکار و ئیکلامکێشی عوسمانی و ئێران و ئینگلیسییان و عەرەبەکانی جێنشینی ئەم دوو ئیمپراتۆرییەتییە. بەڵام ئەم مەبەستە ڕێی لەوە نەگرت کە عەلی کیمیاوی لە وتارێکی دوور و درێژیدا کە لەسەر شریت تۆمار کرابوو بڵێ: "ئەگەر هەر بە قسەش وێچێ ڕەنگبێ کوردێکی باش لە نێو کورداندا هەڵکەوێ، ئێمە بە کردەوە تووشی ئەشتەکی ئەوتۆ نەهاتین." سەددام حوسێن سەرکردە جاشەکانی بۆ تەسەل کردنی جاشان پڕ دەکرد و هەوساری بە دەستەوە دەگرتن. ئەم جاشانە کەسانێ بوون کە بە مەبەستی خۆ بواردن لە خزمەتی سەربازی لە بەرەکانی شەڕی ئێران و ئێراقا دەچوونە ڕیزی "تیپەکانی یارمەتیدەر"ی سپای ئێراقەوە. ئەوانەی تازە دەهاتن بە دانی بەرتیل دەچوونە ڕیزی جاشەکان و لە شەڕ لەگەڵ پێشمەرگەدا دەبوونە کەوا سووری بەر لەشکر و گۆشتی بەر لوولە تۆپان لە هەڵمەتی سپادا بۆ سەر دێهاتە کوردنشینەکان بە تالانوبڕۆی ماڵ و سامانی دێهاتییەکان چاکەیان دەدراوە. کەلك وەرگرتن لە جاشان بۆ بەغدا سەرفەیەکی دیکەشی هەبوو، ئەویش ئەمە بوو کە سەرچاوەی دابین بوون و پەرەگرتنی هێزی پێشمەرگەی کەم دەکردەوە. هەروەها درێژ کردنەوەی وتوویژ لەگەڵ تاڵەبانیش زۆر بە قازانج تەواو بوو، چونکە "یەکێتی نیشتمانی کوردستان"ی کە دەسەڵاتداری سەر سنوورەکانی ئێران و ئێراق بوو لە فڕە خست.

کاتێك وتوویژ لەگەڵ بەغدا بەرەورووی شکست بۆوە تاڵەبانی بە ناچار ڕووی کردە تاران و تاران لەڕێوە هەڵپێچا کە بە ناوی "وە دەس هێنانی سەرکەوتن" لەگەڵ پارتی دێموکراتی کوردستان ئاشت بێتەوە. ئێران بۆ کەم کردنەوەی تەوژمی سپای ئێراق لە باشوور، تەواو نیازی بە کردنەوەی بەرەیەکی نوێ بوو لە کوردستان. لەتەك ئەمەشا لە ئۆکتۆبری ١٩٨٧دا سەربازانی سپای ئێران و هێزەکانی پێشمەرگە پەلاماری دامەزراوە نەوتییەکانی کەرکووکیان دا و بە هەڵبواردنی "هێڵی سوور" ئەم کانگا

ئیستراتژیکەیان خستە مەترسی. لە ژانویەی ١٩٨٧دا جارێکی دی ئێران دەسی دایەوە پەلامارێکی دیکەی مێشكپرووکێنی شەپۆلی ئینسانی: ئەمجار ئامانجی پەلامارەکە "بوحەیرەتوسسوموك" بوو لە خوارووی ئێراق، کە ئاشکرا بوو ئاخرین هێرشی گەورەی سپای پیادەی ئێرانە؛ هەڵبەت ئەو کات هیچ کەس شتێکی لەم بارەدا نەدەزانی. لەم وەختەدا کوردستان پڕ بوو لە ڕاکردوانی سپا و ئەم کەسانەی ناویان بۆ سەربازی دەرکەوتبوو و خۆیان بە دەستەوە نەدابوو و هەڵاتبوون و لە ئەشکەوت و ڕەندۆڵاندا خۆیان شاردبۆوە. عەلی کیمیاوی زۆر لەم بابەتەوە پەرۆش بوو، دەیگوت: "بە بێ ترۆمبێلێکی زرێپۆش ئێوە ناتوانن لە هەولێرەوە بچنە کەرکووك!" کاتێك لە مانگی مارسا سەرکردایەتی گرتە ئەستۆی، پێشمەرگە و هێزەکانی ئێرانی لە دوازدە سێزدە کیلومیتری ڕەواندز بوون، کە شارێکی گەورەیە لە باکووری کوردستان و لە سنوورەوە دوورە و پێشمەرگەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە دۆڵی جافتی [جافایەتی] هەڵکەوتوو لە ڕۆژهەڵاتی سلێمانی، خۆیان ساز دابۆوە.

هەر دوا بە دوای ئەوەی کە فەرمانی ژمارە ١٦٠ لە ٢٨ی فێوریەی ١٩٨٧دا لە لایەن سەددام حوسێنەوە ئیمزا کرا و بە پێی ئەو عەلی کیمیاوی دەسەڵاتی تەواوی درایە، ناوبراو سێ‌ودووی لەم دەسەڵاتە نەکرد و هەتا ئەوپەڕی پێهەڵابرد و کەلکی لێ‌وەرگرت. ئەم فەرمانە بە دوو بەڵگەنامەی گرینگی تر تەواو کرا کە وەك ڕێ‌وشوێنی کاری ڕۆژانەیان لێهات. یەکێك لەم دوو بەڵگەنامانە کە ڕۆژی سێی ژوەن درایەدەر لەمەڕ "ناوچە بەربەست کراوەکان"ەوە بوو – یانی ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی هێزی پێشمەرگە – کە گەمارۆی کڕین و فرۆشتن و هات‌وچۆی لەگەڵ پاشماوەی خاکی ئێراق دەکەوتە سەر. (بە گوێرەی ئەم بەڵگەنامەیە) وا داندرا بوو کە گوندەکان خاپوور بکرێن و دانیشتووەکانیان لە "شارۆچکەکانی سەرکەوتن"دا نیشتەجێ بکرێن. بە پێی بەڵگەنامەی ژمارە ٢٨/٣٦٥٠: "هێزە چەکدارەکان" دەسەڵاتیان هەبوو کە هەموو مرۆڤ یا گیانلەبەرێکی ئەم ناوچە بەربەست کراوانە بکووژن. ئەم ناوچانە سەر لەبەر "بەربەستن." بەڵگەنامەی دووهەم، بە ژمارەی ٤٠٠٨،

ڕێکەوتی ٢٠ی ژوەن دەستووری دەدا بە فەرماندەرانی سپا کە "لە تەواوی ماوەی شەو و ڕۆژدا، نیوەنیوە و بە ڕێکەوت، بە تۆپخانە و باڵەفڕ و فڕۆکە ئەم ناوچانە بدەنە بەر تۆپ و بۆمبا کە نیزیك هەزار دێیەکی دەگرتەوە و ئەوەندی دەتوانن ژمارەیەکی زیاتر بکووژن." بە گوێرەی ئەم بەڵگەنامەیە تەواوی ئەم کوردانەی لەم ناوچە بەربەست کراوانە دەردەست کرابان دەبوایە لە لایەن دەزگا زانیارییەکانەوە بکەونە بەر هەڵپێچران و لێ پرسینەوە و پاش دەرکێشانی زانیاری بە کەلك لێیان، کەسانی نێوان پازدە هەتا حەفتا ساڵە ئیعدام بکرێن. سەرۆك جاشەکان – کە بە "موستەشار" مەنشوور بوون – بۆیان هەبوو ماڵ و سامانی بە تاڵانبراوی کوردانی دانیشتووی ناوچە بەربەستکراوەکان وەك گاگەل و مێگەل و ژن و چەکی سووکی ئاوربار, جگە لە چەکە قورسەکان و نیمچە قورسەکان بۆ خۆیان گل دەنەوە.

بە گوێرەی یەکێك لە بەڵگەنامەکانی جبەخانەی فەرمانەکانی ئەلمەجید کە پەستاپەستا بە فەرمانی تازەتر دەئاخنرا هەر کوردێك کە لە سەرژمێری ١٩٨٧دا بەشداری نەکردبوو مافی ئێراقی بوونی لێ‌دەستێندرایەوە. جا چونکە تەنیا کەسانێك وەبەر سەرژمێری هاتبوون کە دانیشتووی ئۆردووگاکانی دەوڵەتی بوون، ئەم بەڵگەنامە باقی خەڵکانی تری کە لە گوندان یان ناوچە بەربەست کراوەکاندا دەژیان لە خەڵکایەتی ئێراق دەخست: "ئەم خەڵکە لە "گەڕانەوەدا بۆ ڕیزی گەل" کەمتەرخەمییان کردبوو و هەر بۆیە وەبەر "ڕێوشوێنی زەرووری کەوتبوون." لە مانادا بە ڕاوێژ و لێکدانەوەی جوانی حکوومەت وە بەر تێداچوون دەکەوتن. (کەمینەی ئاسۆرییەکانی مەسیحی و کوردانی یەزیدی لە خۆوە پێوە بوون. ئەم خەڵکە لە سەرژمێری‌دا بە ناوی عەرەب خۆیان پاراستبوو و هەر ئەم خۆ لادانە ئەوانی لە جەغزی "خەڵکی وڵات" دەرهاویشتبوو و زۆر بە زەرەدیان تەواو بوو. یەزیدییەکان سەرەڕای پاڕانەوەیەکی زۆر ڕێیان نەدرا بە ناوی کورد سەرژمێری بکرێن و بە گوێرەی ئەم هۆ و هۆکارانە وە بەر فەرمانی لێبوردنی سێپتامبری ١٩٨٨ نەکەوتن کە تەواوی کوردانی دەگرتەوە و لە ڕاستیش‌دا تەنیا دەهۆیەك بوو. ئەم فەرمانی لێبووردنەش یەکێك لەم زنجیرە لێ‌خۆشبوونانە بوو کە دەیویست هانی ئەو کوردانە بدا بۆ گەڕانەوەی وڵات

کە ببوونە پەنابەری تورکیا. کاربەدەستانی ئێراقی هەزاران ئاسۆری و کوردی یەزیدی کە لە تورکیاوە گەڕابوونەوە لەسەر سنوور گرتیانن و قوڵبەستیان کردن و ئیتر کەس چاوی پێیان نەکەوتنەوە.)

عەلی کیمیاوی لە ماوەی شەش مانگ پاش هەڵبژێرانی، نازناوی خۆی وەرگرتبوو. لە ١٥ی ئاوریلی ١٩٨٧دا فڕوکەکانی ئێراقی بار و بۆمبا شیمیاییەکانی خۆیان لەسەر ناوەندەکانی سەرکردایەتی پارتی دێموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان کە مەودایەکی زۆریان پێکەوە هەبوو، هەڵڕشت. ڕۆژی دواتر دێیەکانی شێخ وەسان و بالیسان، لە لای باکووری سلێمانی کەوتنە بەر پەلامار. ئەمە هەوەڵ پەلامار لە نیزیکەی ئەو شێست پەلامارە شیمیاییانە بوو کە لە ماوەی هەژدە مانگی دواترا کرایە سەر ئامانجە غەیرەنیزامییەکان. خەڵکی ئەم گوندانە، یەکەم تاقمی کوردان بوون کە بەرەوڕووی هەوری ڕەنگاوڕەنگی گەواڵە کراوی گازە شیمیاییەکان بوونەوە کە بۆنی سیر، سێوی گەنیو، سوورەگوڵ، نەعنە، گڕکە، خەیار یان عەتریان لێدەهات. بەرکەوتوان هەر خێرا تووشی ئاوسانی باتوو و مەمك هاتن؛ هێندێك هەر خوێن دەمیزتن و تاقمێك بە شێوەی کاتی کوێر بوون یا چاویان تارمایی بە سەرکشا و کەوتە ڕەشکەوپێشکان یان زردکاویان لە چاو و دەم دەتکا. پێستی لەشیان ڕەش هەڵگەڕا یا بلۆقی دا. دەستەیەك لەڕێوە کەوتن و پاش ئەمەی کە بە توندی تووشی لەرز و سەرەگێژە یا پێکەنینی دەمارپرووکێن هاتن، مردن. ئەم چەشنە نیشانە و دیاردە بەرچاوانە هی ئەو گازە خەردەلە نەبوو کە بە لێشاو دەکار کرابێ، بەڵکوو دەگەڕاوە سەر دەس بردن بۆ هۆکارێکی شیمیایی دی بە ناوی "سارین" کە شوێنی دەکردە سەر دەمار و نازییەکان قەت کەلکیان لێوەرنەگرتبوو.

لەو دوو دێیەدا کە باسیان کرا لە ماوەی کاتەژمێرێکا ١٢٠ کەس مردن و نیزیکەی ٢٠٠ کەسێك شەلوکوت بۆ تیمار کران لە پێشا ڕاگوێزرانە ڕانیە و پاشان هەولێر. لە هەولێر ئەم خەڵکەیان ناچار کرد کە بڵێن لە لایەن ئێرانەوە کەوتوونە بەر پەلاماری شیمیایی. بەڵام ئەمە هەروا نەبڕایەوە. دەزگای پاراستن بە زۆری سەرنێزە لە

نەخۆشـخانەی هەولێرەوە کە بۆ تیماری بلۆق و داپلۆخاوی ڕاگیرابوون، دەریکێشان و ڕایدانە بەندیـخانەی پۆلیسی نەهێنی. لەوێ پیاوەکانیان لە ژن و زارۆکان هـەڵاوارد و هەموویان بە بێ چاوەدێری دوکتۆر و خورد و خۆراك هەروا دەس بەسەر ڕاگرت. لێرە بەینی ٦٤ هەتا ١٤٢ کەس بە برینانەوە مردن، حەفتا کەسێکیان بە سواری ئوتووبووس لــە بەندیــخانە ڕاگــوێزت و ئــەوانیش وەك بارزانییــەکان ئیــدی کــەس چــاوی پێیــان نەکەوتەوە. پاشـماوەی ژنان و منالانیان لە دەشتی هەولێر بەرەڵڵا کرد تا هەرچـۆنێك بۆیان دەکرێ خۆیان بەخێو کەن. یەکێك لە فەرمانبەرانی مردووشـۆرخانەی شـارەوانی کە بە گوێرەی ئەرکی سەرشانی حیسابی مردوانی ڕاگرتووە کە زۆربەیان پـیر و زارۆك بوون، دەڵێ خۆی لە یەکێك لــە کاربەدەسـتانی بەشـی زانیـاری سـپای بیـستووە کـە گوتوویەتی: "ئەوانە ئاژاوەگێڕن ... هـەموویان ئاژاوەچـین. ئێمـە بـە چـەکی شـیمیایی پەلامارمان داون."

وەها دەقودۆغربێژییەك شتێکی نائاسایی‌یە، چونکە باس‌وخواسـی چـەکی شـیمیایی بە شێوەی ڕەســمی بەربەنـد کرابـوو. بـەڵام دەی، هەڵــەش دەکـرێ و بـە دەگمـەن بەڵگەنامە بە خەنیمەت گیراوەکان بە ئاشکرا باسـی "پـەلاماری شـیمیایی" یـا تەنانـەت "چەك و تەقەمەنی تایبەت" دەکەن کە ناودێر کردنێکی جـوانی گـازە ژاراوییەکانـە لــە لایەن حوکماتەوە. عەلی کیمیاوی لە وتارێکی تۆمـار کـراوی لەسـەر شـریت ئامـاژە دەکاتە ئەم یەکەم پەلامارە شیمیایی‌یە و پێشنیارە بێهوودەکەی تاڵەبانی کـە گوتوویـەتی ئامادەیە دەس لە هاوکاریی ئێران هەڵگرێ بـە مـەرجێ کـە دەوڵـەت خـاپوور و تـاپۆ کردنی کوردستان ڕابگرێ. تاڵەبانی ئەم ڕاسپاردەیەی بە دوو ئەفسەری پایەبـەرزی بـە دیل گیراوی ئێراقی‌دا بۆ خودی سەددام حوسێن نارد. عـەلی کیمیـاوی لـەم شـریتەدا دەڵێ: "تاڵەبانی داوای لـێ‌کردم لەگەڵی بکەومە وت‌وویژ. من هەر ئەو شەوە چوومە سلێمانی و ئەوانـم بە چـەك و تەقەمـەنی تایبـەت پـەلامار دا." لــە شـریتێکی دیکـەدا دەقودۆغر بە کۆمەڵێك لە جاشەکان دەڵێ: "من ناتوانـم دەس لــە گوندەکـەی ئێـوە بپارێزم، چونکە نازانـم ئەگەر بە چەکی شیمیایی پەلاماری بەرمێ چ دەقـەومێ ... کـە

وا بێ خاوخێزانتان قڕ دەبن. ئێوە دەبێ هەر ئێستا لەوێ باركەن، چونكە نازانم كەنگێ دەیدەمە بەر هەڵمەتی شیمیایی."

لە مابەینی ٢١ی ئاوریل و ٢٠ی ژوەنی ١٩٨٧دا مەجید پتر لە ٧٠٠ گوندی كوردستانی كە زۆربەیان كەوتبوونە جەغزی دەسەڵاتی حكوومەت و لەسەر شاڕێیان هەڵكەوتبوون، تاپۆ كرد و تەنیا نیازە سەربازییەكان لە شوێنەكانی دیكە بوونە هۆی ڕاگیرانی هەڵمەت و بەڕێوەنەچوونی گەڵاڵەیەك كە بە گوێرەی ئەو قەرار وا بوو هێرش بۆ سەر ناوچە بەربەست كراوەكانی ژێردەسەڵاتی هێزی پێشمەرگە بگاتە سەرەنجام. بەڵام هەتا ئەو كات عەلی كیمیاوی ئەزموونی كەلك وەرگیران لە چەكە شیمیاییەكانی بە دژی خەڵكی ئاسایی و بێسەروشوێن چوونی نێرەوەز و كۆچ پێدانی بە كۆمەڵ و "شوێنی دوورخرانەوە" و هەڵاواردنی نێر و مێ و بێبەش كردن لە چاوەدێرییەكانی تەندورستی و خۆراك و تاقمەكانی بكوژ و گۆڕە بە كۆمەڵەكانی لەسەر پشتی بوو. ئەو لە وتارێكدا بۆ كادرەكانی باڵای حیزبی بەعس باسی پیلانێكی ڕێكوپێك دەكا كە "بە مەبەستی گەمارۆدانی پێشمەرگەكان لە ناوچەیەكی بەرتەسك و خاشەبڕ كردنیاندا" دایڕشتووە. "من هەر تەنیا ڕۆژێك نایاندەمە بەر پەلاماری شیمیایی، هەڵمەتەكە بۆ ماوەی پازدە ڕۆژان درێژە پێدەدەم."

وا بەم شێوەیە لە دوایین پەلامارێكدا كە لە فێوریەی ١٩٨٨ەوە بە دژی كوردان دەستی پێكرد، تەواوی هێز و دەسەڵاتی ئیداری و نیزامیی سەركوتكەر كە بە كردەوە تاقی كرابوونەوە، هاتنە مەیدان. ناوی ئەم پەلامارە "ئەلئەنفال" بوو كە بە نیشانی ڕێزگرتن لە ئیسلام لە لایەن حوكماتێكەوە كە سەردەمانێكی زۆر دوورەدین بوو هەڵبژێرابوو. ئەلئەنفال هەشتەمین سوورەی قورئان و بەسەرهاتی سەركەوتنی ٣١٩ كەس لە پەیڕەوانی دینی تازەی ئیسلامە لە شەڕی "بەدر"دا، (٦٢٤ زایینی). ئەم دەستەیە بەسەر تاقمێكی سێهێندی خۆیانا زاڵ بوون. لەبزی "ئەلئەنفال" بە مانای خەنیمەتەكانە و هەر بۆیە ڕەنگە بۆ پەلامارێكی كە مەبەستی خاپوور و خاشەبڕ كردن بێ، شیاوترین ناو بێ؛ بۆ؟ چونكە هەڵمەتی عەلی كیمیاویش ئەشتەكی ئەوتۆ بوو: بە

پێی چەند فەرمان گلدانەوەی مەڕ و ماڵات و چەکی دەسکەوت – جگە لە چەکی قورس – و تەنانەت ژنی تاڵان کراوەکان بە شێوەی شەرعی حەڵاڵ کرابوو.[١]

گەڵاڵەی پەلاماری ئەنفال زەمانێك دارژا و سەرەتای قۆناخەکانی زەمانێك دەستی پێکرد کە حکوومەت تەواو تۆقیبوو. بە هەڵە لای وابوو کە ڕەنگە ئێرانییەکان سەرلەنوێ خۆ بدەنەوە پەلامارێکی گەورەی تری زستانی. جا هەر وەك دیمان لەم بابەتەشەوە زۆر پەرۆش بوون کە وا دیارە کوردان خەریکن واز لە نێوانگرژی کۆنی خۆیان بێنن. لە ڕاستیشدا، لە مانگی نوامبرا ئێران پێکهاتنێکی لە نێوان پارتی دێموکرات و یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا ڕێکخست و ئەم دوو ڕێکخراوە بۆ پێکهێنانی "بەرەی کوردستانی" کەوتنە خۆ، کە لە ڕاستیدا سێ حیزبی بچووکی تریشی دەگرتەوە. بەڵام ئێستا ئیدی سپای ئێران بەرەو "لێکهەڵوەشان" دەچوو. لە زستانی ١٩٨٨دا لە ژێر تەوژمی فێڵ و دەهۆی تۆقاندنی "شەڕی شاران"دا کەتبووە سەرەگێژە و ئەم تاکتیکە بریتی بوو لە پەلاماری "کوێرانە" بە مووشەکی زەوی بە زەوی ئێسکاد بۆ سەر شارەکانی ئێران. لە نێوەڕاستی ئاوریلا تێکشکانی ئێران ئیتر شتێکی سوور و ئاشکرا بوو و ئەمەش وەختایەك بوو کە هێزەکانی ئێران بەندەری "فاو"یان لەسەر یەکاویعارەبان و شوێنی ناردنی نەوتی ئێراق بۆ دەرەوە، پاش گرتن و لە ڕاستیدا دوای گەورەترین سەرکەوتنی ئێران لە خاکی ئێراقا چۆڵ کرد و کشانەوە.

پەلاماری ئەنفال کە بە ئامانجی دامالین و پاك کردنەوەی ناوچە گوندییەکانی کوردستان و دەرپەڕاندنی خەڵك و پێشمەرگە بوو لە ٢٣ی فێوریەی ١٩٨٨دا بە

١– سەر وەبەر ئیسلام هێنان و ڕێوشوێنی ئیسلامی "دەسکەوتێك"ی نوێ بوو. ئەوانەی بەر لە شەڕی ئێراق لەگەڵ ئێران، سەردانی وێندەرێیان کردبوو باسی ئۆگریی توند و تیژی حیزبی بەعسیان دەکرد سەبارەت بە مەبەست و بایخە دوورەدینییەکان. هێندێك لە شیرۆڤەکارانی سیاسی پێیان وایە کە میشێل عەفلەقی مەسیحی لە دەیەی ١٩٥٠دا بیر و بڕوای غەیرەدینی حیزبی بەعسی بەتایبەت بۆ خاتری ئەم مەبەستە داهێنا کە ڕێ بۆ کەمینە غەیرەمسوڵمانەکان خۆش دەکا لە سیاسەتەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستا دەور بگێڕن. بەڵام وەختایەك شەڕ لەگەڵ ئێرانی ئیسلامی درێژەی کێشا، سەددام وای بە بەرژەوەند زانی کە بڵێ بە ڕەگەز دەگاتەوە پێغەمبەر و بچێتە زیارەتی خانەیخودا و لەوێ وێنە بگرێ ...

پەلاماری بەربلاوی سپای ئێراق بۆ بنكەی سەركردایەتی یەكێتی نیشتمانی كوردستان لە دۆڵی "جافایەتی" لە ڕۆژهەڵاتی سلێمانی و نیزیك سنووری ئێران دەستی پێكرد. هێشتا یەكەم قۆناخی هەڵمەت و پەلامارەكە لە ١٩ی مارسا كۆتایی پێنەهاتبوو. كە هێندێك لە ئامانجە سەرەكی و بەرچاوەكانی دەركەوتن:

پەلاماری بەربلاو لە زەوی و ئاسمانەوە، خاپوور كردنی گوندەكان، كەڵك وەرگرتن لە چەكە شیمیاییەكان، ڕاگەیاندنی لێبوردنی بە دەهۆ بە مەبەستی هانی خەڵكی ساكار و بێخەبەر بۆ تەسلیم بوون و پاشان مەحكووم كردنیان بە "شوێنبزربوون" و سەرەنجام نەمانی یەكجارەكی.

"ئەنفال"ەكان سەرجەم هەشت پەلامار بوون و هەشت مانگیان كێشا. ئێراقییەكان لە گەڕیانی پەلامارەكانا وردەكاری و زیرەكی تایبەتی پێیان نواند: خاوخێزان كرانە ئامانج، ژن و زارۆك لە گەڕیانی پەلامار و پشكنین و تاپۆ كردندا، كە بە مەبەستی خاشەبڕ كردنی تەواوی خەڵك گەڕی دەدا، گیران. ئەم خەڵكەیان لە "قەڵایان" پەستاوت، پیاوەكانیان لە ژنان و منداڵان جوێ كردەوە، لێیان دان، ڕووتیان كردنەوە بە شێوەیەك كە جگە لە جلی ژێرەوە چیان لەبەردا نەبوو، خواردنی تەواویان نەدانێ، بەر لە بزر بوون قەت بۆ ماوەیەكی زۆر لە شوێنێك نەمانەوە، كەلەبچەیان كردن و لە ئامرازی هاتوچۆی پیس و پۆخڵیان پەستاوتن و بردیاننە ئەم كوشتارگایانەی كە سەدان میل لە مەیدانی شەڕ دوور بوون. بنەماڵەكانی ئەم خەڵكە ئەو "ڕێگا"یەیان زۆر لەسەرەخۆتر پێوا. چەند كەسێك لەوانەی مابوون بەسەرهاتی خۆیان بۆ گێڕامەوە: لە تەواوی ئەو ماوەیەدا بە بێ نان و ئاو بەرەو سارا و چۆڵگەكانی باشوور كەوتنە ڕێ؛ لە شوێنی مەبەست، لە بوولێڵی ئێواری و تاریكانیدا، ئەوانیان لە ئوتووبووسە بێ پەنجەرەكان دابەزاند، كەلەبچەكانیان بۆ كەڵك وەرگرتنی داهاتوو لە دەستیان كردنەوە؛ دەستیان بە تەناف بەستن؛ پاشان ئەوانیان بردە سەر لێواری كەندالۆكان و لە وێندەرێ لەبەر ڕووناكایی چرای بۆلدزێرەكان ڕایاندانە نێو قوڵكەكانەوە و دەستەی بكوژان بە چەكی خۆكار دەسرێژیان لێكردن.

دڕندانەترین پەلاماری ئێراق دژی کوردان بە شێوەی ڕەسمی بەشێك لە هەڵمەت و چالاکی "ئەنفال" نەبوو، چونکە وەك ئامانج گوندەکانی کوردستانی وە بەر خۆ نەدەدا بەڵکوو ڕاستەوخۆ بۆ سەر شاری هەڵەبجەی پڕ لە ئاوارە بوو: شاری هەڵەبجە کەتبووە لای سنووری ئێران و نیزیك بەنداوی گرینگی "دەربەندی خان". لە نێوەڕاستەکانی مانگی مارسا سپای پاسدارانی شۆڕشی ئێران بە یارمەتی پێشمەرگەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان چووە نێو هەڵەبجە, خەڵکی هەڵەبجە زۆر لەم کردەیە تۆقین، چونکە زۆرێك لەوان لاگیری حکوومەت بوون. ڕادیۆ تاران بە دەهۆڵ و زوڕنا هەواڵی ئەم سەرکەوتنەی بڵاو کردەوە و هەڵمەتەکەی بە تۆڵەی پەلامارە شیمیایی‌یەکانی ئەو وەختی بە دژی کوردان دانا. لە ١٥ی مارسا ڕادیۆ تاران هەواڵی دا کە پاسدارانی شۆڕش سەرکەوتنی خۆیان لەم شارە پەنجاهەزار کەسییەدا کردۆتە جێژن. هەر ئەو ڕۆژە ئێراق دەستووری دا بە فەرمانبەرانی حکوومەتی کە شار جێ‌بێڵن و ئەم وریایی دانە خەڵکی پتر تۆقاند. لەم بەڵگەنامانەدا کە لە دەزگا زانیاریی‌یەکانی ئێراقەوە بە خەنیمەت گیراون فەرمانی "نواندنی زەبر و زەنگ و توند وتیژی سەربازیی" دراوە. ڕێکەوتی ئەم بەڵگانە ١٦ی مارسە.

هەر بەیانەی ئەو ڕۆژە فڕۆکە دروشم کراوەکانی سپای ئێراق گڕگڕ بۆمبای ئاگرینیان بەسەر شارا باراند. دانیشتوانی شار لە پەنا و پەسیوی بەرفرەوان و لەرزۆك و خۆنەگردا پەنایان گرت. لای دوانیوەڕۆ فڕۆکەکان بە بار و بارخانەی بۆمبای شیمیایی‌یەوە گەڕانەوە و لەسەر شاریان هەڵڕشتن. ئەوانەی هێشتا لە حەشارگەکاندا بوون هەوڵیان دا قەڵش و کەلێنان بە قوماش و خاولی تەڕ بئاخنن و پارچەی تەڕیان لە دەموچاویان ئاڵاند و بۆ ڕەواندنی گازەکان ئاگریان کردەوە. بەڵام زۆران لە حەشارگەدا مردن. ئەو فریارەسانانەی تەقەلایان دەکرد مەیتی نیزیك چوارسەد کەسێکی لە عەمبارێکا دۆزیبوویانەوە، بیانێژن دەستیان لە تێکۆشانیان شرد، چونکە دەستیان بۆ هەر کوێی کەلاکەکان دەبرد، دەس یان پێ یان سەر لە لەش جیا دەبۆوە. ئەوانەی لە حەشارگەکاندا بە زیندوویی مابوون، بە ناچار لە پەناگا دەرکەوتن و

بەرەورووی وێنەیەكی "پەمپەئی"[١] سەردەمی نوێ بوونەوە: هەزاران هاوولاتی كوردیان هاتە بەرچاو كە وشك هەلاتبوون و مردبوون. دەستەیەك لە پشت سوكانی ئەو ئوتۆمبیلانەی كە نەیانتوانبوو بیانگەیەننە شوێنێكی هێور و ئارام، بە لادا هاتبوون و لەرێو گیانیان دەرچووبوو. تاقمێكی پتر بە روخساری شلەقاو و خوار و خێچ لە شەقامان كەوتبوون و تاقمێك دەتلانەوە و دەگەوزین و قاقای شێتانەیان دەكێشا، كە خۆی حیكایەتی نەهێندركێنی پیالەی مەرگی پر گازی كوشندەی "سارین" بوو.

شۆرش رەسوول، توێژەری وردبینی كورد، ژمارەی كوژراوەكان بە ٣٨٠٠ كەس دێنێتە حیساب، كە بەراوردێكی بەپارێزە و دیتران لایان وایە كە ٧٠٠٠ كەس لە هەلەبجە كوژراون. هەزاران كەسی دەربازبوو بە شاخاندا رایانكردە ئێران. لەوێ تاقمەكانی پزیشكی كە ساز و تەیار كرابوون بۆ بردنەوە پاش و نەهێشتنی شوێنەواری "سارین" بە "ئاترۆپین"ەوە چاوەروان بوون. هەوالنێرانی دەرەوە كە چەند رۆژ دواتر بە بالەفرانی ئێرانی گەیشتنە هەلەبجە چەند راپۆرتێكیان سەبارەت بەم كوشتارە ئامادە كرد. لە پێشدا بەغدا كەلك وەرگرتنی لە چەكە شیمیایییەكان وەدرۆ خستەوە و هەولی دا تاوانی ئەم كارە باوێتە ئەستۆی ئێران، بەلام بەلگە بە خەنیمەت گیراوەكانی ئێراقی وەها تۆماتێك ناهێننە گۆر. لە پەیامێكی بە دەسكەوت‌گیراوی دەزگای زانیاری سپای ئێراق لە رێكەوتی ١١ی ئاوریلی ١٩٨٨دا، لە بابەتێكی زۆر دەگمەندا، دەستووراتی تایبەت بە گازە شیمیایییەكان پێشێل كراوە: پەیامەكە ئاماژە دەكاتە سەر شریتێكی ڤیدۆیی كە لە سلێمانی دەفرۆشرێ و "پەلاماری شیمیایی ئێراق بۆ سەر هەلەبجە" نیشان دەدا. سەرەرای بوونی وەها بەلگەیەك كۆلێژی شەری ئەیالەتەیەكگرتووەكانی ئەمریكا لە "كارلایل"ی پێنسیلوانیا بەوپەری لاسارییەوە پێداگری دەكرد كە هەر دوو لایەنی كێشەكە – واتە ئێران و ئێراق – لە شازدەی مارسا چەكی شیمیایییان دەكار كردووە!

١– كۆنەشاری پەمپەئی لە باشووری ئیتالیا، لەسەر لێواری كەنداوی ناپل، لە سالی ٧٩ی زایینیدا بە گركانی چیای وێزۆ خاپوور بوو.

ڕووداوی هەڵەبجە بۆ ڕێبەرایەتی "پێشمەرگە" زەبرێکی گورچووبڕ بوو و "بەرەی کوردستانی ئێراق" کە تازە خەریك بوو خۆی دەگرت تلپاتیتەڕی هێز تێدا نەهێشت و برەو و زاکوونی ئەوی لە نێو ڕیزەکانی کۆمەڵی کوردەواریدا تەواو کەم کردەوە. هاوبەندی لەگەڵ ئێران بۆ چەندەمین جار کارەساتی لێکەوتبۆوە. ماوەیەك پاش ڕووداوی هەڵەبجە من لە دەمیشق بووم کە بە ڕێکەوت تووشی ڕێبەرانی پایەبەرزی کورد هاتم و دیدارێکی پڕ ژان و ئێشم لەگەڵ کردن. ئەم تاقمە بەوپەڕی ناهومێدییەوە لە بابەت هەڵسەنگاندنی بارودۆخەوە پێیان لە هەڵەی خۆفناکی خۆیان دەنا و جار لەگەڵ جار پتریان بۆ ڕوون دەبۆوە کە ئێران شەڕەکە دەدۆڕێنێ. دوکتۆر مەحموود عوسمان, لە گەورە ڕێبەرانی حیزبی سووسیالیست و هەڤاڵ و یاریدەدەری پێشووی ژێنێراڵ بارزانی, گوتی: "خەڵك تۆقیون و لە ئێمەش تووڕەن ... هەقیشیانە." بەڵام ئەو و دیتران خۆیان دابوویە دەس چارەنووس و دەیانزانی کە "سزا"دانی پتریان لە پێشە و بە ئیماوە باسی چالاکی پارتیزانی نێو شارانیان دەکرد. دوکتۆر عوسمان گوتی: "هەر دەڵێی ڕووداوی ساڵی ١٩٧٥ دووپات دەبێتەوە." پاش ڕووداوی هەڵەبجە, ئەو بە پایەبەرزانی تارانی گوت: "هاوبەندی ئێمە لەگەڵ ئێران یانی درێژەی شەڕ هەتا خاشەبڕ بوونمان." هەر وەها درێژی دایە: "ئەم قسەیان زۆر پێخۆش نەبوو." لە نێو ڕێبەرانی کوردا ئەو تەنیا کەسێك بوو کە بە ڕوونی دەیدیت ئەگەر بێتوو سەددام حوسێن لە شەڕا سەرکەوێ "ئێمە دەکەوینە بارودۆخێکی تەواو تاڵوتوون, چونکە دێت و بنەبڕمان دەکا. ئێمە لەبەر چاوی ئەو پۆلێك جرو جانەوەرین."

ڕێبەرانی کورد لەسەر ئەو مەبەستە پێداگر بوون کە بە بێ هیچ هەڵخەڵەتان و لەخشتەچوونێك دەستیان لەگەڵ ئێران تێکەڵ کردووە و تەنیا بە هۆی نەبوونی ڕۆچنەی هیوایەك لە لای ڕۆژاوا یان قۆڵی وڵاتانی کومۆنیستی یان دنیای عەرەبەوە ئەمەیان کردووە. دیسان هەر نەقڵی گۆرین کە دەڵێ: "دوژمنی دوژمنم دۆستی منە." کوردەکانی ئێراق لەم قۆناخە پتر وێوە نەچوون. ئێستا زیاترین کارێکی کە لە دەستیان دەهات ئەمە بوو کە بە بێ بەرعۆدە بوونێکی ڕوون لە لایەن ئێرانەوە, خۆیان لە هاوکاریی پتری چالاکی هاوبەشی بپارێزن. یەکێك لە کادرەکانی پێشمەرگە لە

گەڕیانی دیدارێکا لە ئورووپا وتی: "هیچ کەس تەنانەت قامکێکی بۆ پشتیوانیمان لێ‌هەڵنەهێناین. دیتنی فیلمی هەڵەبجە وەك بینینی ئەو ڕووداوانە بوو کە چلوپێنج ساڵ لێرەوبەر بەسەر جوولەکان هاتبوو."

هەمووشتێك تلّپاتی‌تەڕی مانا تێدا نەما: قسەکان وەك خەیاڵاتی موعتادێك وا بوون و ڕێبەرانی کورد وایان دەنواند کە هەموو شتێکیان لە پێشا زانیوە. بەڵام... تاڵەبانی هەر لە دەسپێکی پەلامارە شیمیایی‌یەکانی ١٩٨٧ڕا شتەکەی لێ‌حاڵی ببوو, ئەو پێشنیاری برانەوەی ملانەی دابوو. بەڵام عەلی کیمیاوی نەوی نەکێشابوو. لە ڕاستی‌دا ڕژیم تەنانەت وەختایەکیش کە هەڵمەتی ئەنفال لە سێپتامبری ١٩٨٨دا کۆتایی هات درێژەی بە کەلك وەرگرتن لە چەکە شیمیایی‌یەکان دا. بەهاری پاش کارەساتی هەڵەبجە, لە دەمیشق لێم حاڵی نەبوو کە بۆچی پێشمەرگەکان بۆ پارێزران لە چەکی شیمیایی پەنا نابەنە بەر ئێران. ئەوکات ڕەسووڵ پێی‌گوتم: "تەواوی کوردان دەیانزانی کە چەند ناوچەیەك کەوتوونە بەر پەلاماری شیمیایی, بەڵام لەمە تۆقیبووین کە ئەگەر بێتوو دەس لە خەبات هەڵگرین خەڵکەکەمان پەند و گۆڵمەزی خراپتری بە سەر بێ. ئێستا ڕاسپێراویی پێشمەرگە لە جیاتی پەلامار دانی هێزەکانی ئێراقی پاراستنی خەڵك بوو."

ئەم چەشنە بۆچوونانە بە خەیاڵات دەرچوون. هەر پاش لە دەس دانی "فاو", ئێرانییەکان ڕۆژ بە ڕۆژ لاوازتر بوون و لەشکری پتر لە بەرەکانی باشوور و ناوەندەوە بۆ ڕاپەڕاندنی پەلاماری ئەنفال ڕەوانەی کوردستان کران. لە قۆناخێکی پەلامارەکەدا, ئێراق لە پێکگرتنی ئەو هەشت لەشکرەی کە لە دەیەی ١٩٧٠دا بەرەنگاری ژێنێراڵ بارزانی ڕاوەستا بوو, چلوشەش لەشکری هێنایە مەیدان. لە مانگی ژوویەدا, ئەو کاتەی کە ئایەتوڵڵا خومەینی "بۆ خواردنەوەی پیاڵەی ژار ڕەزامەندی دەربڕی" و بڕیارنامەی ئاگربەسی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی قبووڵ کرد کە ساڵێکی لێ‌بەسەرچوو بوو, ئێران ئیدی دەربەسی ئەمە نەبوو کە بەر لە مۆر کردنی پەیمانێکی ئاشتی بە جودا, بەڵێنی خۆی بەرێتە سەر و لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی کوردستان بکەوێتە ڕاوێژ. ڕووداوی هەڵەبجە هەڵکەوتی زۆر شومی تریشی بۆ کوردان – لە

تەواوی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ناوچە کۆچەرنشینەکانی ئەو بەریدا – بە شوێنەوە بوو. ئەگەر کوردان زانیبایان کۆمەڵی نێونەتەوەیی ناتوانێ بەر بە ڕووداوێکی وەك ڕووداوی هەڵەبجە بگرێ – و ئامادە نیە لەم بوارەدا برشتێك بنوێنێ و بەرپرسانی کارەکە بەرێتە پای محاکەمە و بەردەمی عەدالەت – وردتر سەری خۆیان دەخوێندەوە و پتریان لێ سوور دەبۆوە کە دەبێ تەنیا پاڵ وەخۆیان بدەن. جارێکیتر هاتنەوە سەر گوتەی کۆنەباوی خۆیان: "هەرزن و بزن چیایە مەزن." دانوستان، مامەڵە، هاوبەندی، پشت بەستن بە یارمەتی دەرەکی و چالاکی لە نێوخۆی حکوومەتدا... بەڵێ ئێستا ئەوانە لێکرا خرانە زبڵدانی مێژوو. جووتیاران، ئەندازیاران، مافناسان، ڕانندەکان، دوکتۆران و مامۆستایان وێکرا لە نێو پەنجەی تووڕەییدا باسی خەباتی چەکدارییان دەکرد.

ئێستا ئیدی ئەم مەبەستە گرینگ نەبوو کە وەختایەك فەلەستینییەکان توانیان پیشتیوانی و سەرنجی کۆمەڵانی دەرەوە وە دەس بێنن، بە قازانجی سازانی سیاسی و هەڵلابەردێن "ئینتیفازە"[١]، وازیان لە چەك و توند و تیژی هێنا. سەیر ئەمەیە کە تەنانەت ئەم مەبەستە بە لای کوردانی خوێندەوار و پەروەردە کراویشەوە گرینگ نەبوو کە ئەم وەرچەرخانە زۆر گرینگەی سیاسەتی فەلەستینییەکان پاش هەڵبواردنی دوو وەچە ڕووی دابوو. هەمێت و قەدر و قیمەتی ڕێکخراوی ڕزگاریدەری فەلەستین بۆ کوردان تەنیا لەوە دابوو کە یارمەتی پەروەردە کردن و ڕاهێنانی ئەندامانی پارتی کرێکارانی کوردستان (پ.ك.ك)ە کەی دابوو. لە حاڵێکدا ئەمە خزمەتێك بوو کە ئەم ڕێکخراوە دەرهەق دەیان تاقم و دەستەی توندڕەو و بنیاتخواز، بە بێ سرنج دانە هەڵوێست و بۆچوونە سیاسییەکانیان ئەنجامی دابوو. ئەم زانستە سیاسییەی کە کوردان لە ماوەی سەدەیەکدا بە نرخێکی زۆر قورس و گران وە دەستیان هێنابوو، ئێستا وەك لاوێچێك پووڵی بێنرخ و چرووك وابوو لە سەردەمانی ئاوسانی فرەی

١– لەرزاندن، وە لەرزە خستن.

قەیرانی ئابووریدا. ئەوەی گرینگ بوو ئەمە بووکە ڕووداوی هەڵەبجە ئێستا وەك بانگەوازێك وابوو بۆ کردەوە و ئەم کردەوە هەرچەندی پتر برشت بوایە، ئەوەندە چاکتر بوو.

ئەگەر لەم بارەوە گومانیشم هەبوو، پاش ئەو شەوە درێژەی لەگەڵ پۆلێك لە دۆستانی کورد لە قامیشلی ڕامبوارد، ڕەوین. (قامیشلی شارێکی کوردنشینی سووریایە و کەوتۆتە سەر سنووری تورکیا و چی واش لە ئێراق دوور نیە.) یەکێك لە ئاشنا کوردەکانی ئێراقیم ئەم دیدارەی پێکهێنابوو. خانەخوێیەکانم یەکجار ماقووڵ و دلۆڤان بوون، بەڵام ئەم ئەندازیار و پزیشکانە لە جوابی تەواوی ئەم ڕەخنانەی سەبارەت بە توند و تیژی پ.ك.ك. دەمگرتن، تەنیا بە لەبزی "هەڵەبجە" وڵامیان دەدامەوە. لە وتەکانیانڕا بە ڕوونی دیار بوو کە تەنیا ڕێکخراوێکی لە تەمای تۆڵە وەرگرتنەوەیاندا قازانج دەکا "پ.ك.ك"ەیە.

ئەم هەڵبژاردنە بە ڕواڵەت هەڵبژاردنێکی سەیر بوو. عەبدوڵڵا ئۆجالان، یەکێکە لە کوردانی تورکیا کە بە باری فەرهەنگیدا وەهای کەسایەتی لێ ئەستێندراوەتەوە کە نەك بە کوردی، بەڵکوو بە ترکی دێتە ئاخافتن.[1] ئاپۆ کە خۆی پێیخۆشە وای پێبڵێن، خۆی بە بیردۆز دەزانێ. کەچی سەرەڕای تەواوی ئەمانە، من بە پێی چاوپێکەوتن و وتووێژێکی کە لە شازدەی مارسی ١٩٩١ لە دەمیشق، لە یەکێك لە ماڵە پارێزراوەکاندا، لەگەڵیدا بووم، لە ماوەی ئەو چوار سەعاتەدا کە دواندم ڕێوشوێنێکی ڕوون و ئاشکرام لە بابەت بناغەی فکری ئەم شەڕەی کە بۆ دابڕان لە تورکیا دەستی پێکردووە، وە بەرچاو نەهات. ئەو خۆی بە مارکسیست دەزانی، بەڵام نەك کومۆنیست. جا هەر وەك خۆی بە ئاشکرا گوتی، بێگومان کومۆنیستێکی "کلاسیك" یا کومۆنیستێك نەبوو بە دابی سۆڤیەت. ئەو لەگەڵ ئیسلام بە شێوەیەکی کە ڕەچاو دەکرا هاودەنگ نەبوو، بەڵام دانی بە گرینگایەتی ئیسلامدا دێنا بۆ زۆرێك

١- هاروی مووریس، لە ڕۆژنامەی "ئیندیپێندێنت"ی "لەندەن"ەوە، لە ڕا پۆرتێکدا دەڵێ لە سەردانێکی چەند مانگ لەوە پێشیدا بۆ قامیشلی، وێنەی ئۆجالانی لە پەنا وێنەی سەرەك حافز ئەسەد دیوە.

لە کوردانی گوندەکی و نەریتخواز. (پ.ك.ك. لەم بوارەدا بە کردەوە لێوەشاوەیی و چازانییەکی زۆری نواندووە: لە تێکەوتنیدا لەگەڵ خەڵکی پەروەردە کراوی شارەکیدا کەلکی لە مارکسیزم وەرگرتووە و لە وێککەوتن لەتەك کوردانی دێنشیندا یارمەتی لە ئیسلام وەرگرتووە.) ئەم کوڕە جووتیارەی باوك تێشکاوە, مەیلێکی سەیری لە کردەوەی توند و تیژە کە من لەمێژ ساڵە بە شێرپەنجەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی دەزانم. من ئەم دەس وەشاندن و توند و تیژییەم لە ڕیزەکانی "دەمارگرانی جوولەکە, سەرکردەکانی تاقمەکانی مەسیحی لوبنانی و بنیاتخوازانی ئێرانی ئیسلامیدا دیوە. دەوڵەتانی تورکیا و ئەیالەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا "ئاپۆ" بە ترۆریست دەزانن – وڵاتانی ڕۆژاواییش وەوتۆیان کردووە – بەڵام هەڵبەت جگە لە هەڵکەوتێکی بەرچاو: هەر شتێك کە تورکیا – ئەم کۆنە دوژمنە – لاواز بکا لە ڕوانگەی یۆنانەوە بەجێیە. یەکێك لە دیپلۆماتەکانی یۆنانی کە ئاپۆی چاك دەناسی, لە دەمیشق دەیگوت: "ئاپۆ خاوەنی زەینێکی چەقبەستوویە و پیاوێکی زۆریش درەوشاوە نیە, بەڵام زۆر چاك لە ترك کوژی دەزانێ."

ئاپۆ کە کراسێکی بۆری تایبەتیی سەربازانی ئینگلیسی لەبەردا بوو, وتەکانی خۆی بە هێنانەوەی قسەی مارکس, ئێنگڵس, فریدریش نیچە, ئارنوڵد توین بی, هانری بێرگسۆن و ئیمیل دورکهایم دەڕازاندەوە. گوتی شوێنەواری ئەم گەورەگەورانەی زەمانێك خوێندۆتەوە کە لە زانکۆی ئانکارا بە خەرجوبەرجی دەوڵەتی, وانەی مافی دەخوێند. هەر ئەمەی کە کوڕێژگەیەك لەسەر مەزرای بێڕێژەو و بەرهەمی "ئۆرفا"وە توانیویەتی ئەم گشتە ڕێیە ببڕێ و بگاتە پلەی باڵای خوێندن,خۆی تاریفاتێکە سەبارەت بەم سیستەمە سیاسییەی کە ئەو دەیەوێ لە کۆڵ خۆی کاتەوە. ئەوانەی کە لە زانکۆ دەیانناسی, دەیانگوت زەمانێك ڕووی کردۆتە ناسیۆنالیزمی کورد کە تیژڕەوانی چەپی جوولانەوەکانی خوێندکاریی ساڵانی دەیەی ١٩٧٠ ئەویان لە ڕیزی خۆیاندا ڕێ نەدا.

"گومان"ی ئاپۆ ئاکامی ئەم نیوسەدەیە بوو کە تێیدا کۆماری تورکیا پەیتاپەیتا حاشای لە بوونی زمان و فەرهەنگ و تەنانەت پێناسەی کوردی کردبوو. گوتی: "ترکان کارێکی وایان کردووە کە ژیانی ئێمە لە ژینی پاتاڵیش نزمترە." لە ڕاستیشدا

هەتا پەیدا بوونی سەروسۆراغی سەددام حوسێن و دادکوژییەکانی، زۆربەی کوردان تورکیایان لەبەر سەرکوتی توند و تیژی ڕاپەڕینەکانی کورد و هەڵوێست و سیاسەتێکی چەقبەستووی کە سەبارەت بە تواندنەوەی کوردان و وە ترک گێڕانیان ڕەچاوی کردبوو، بە خراپترین نەیاری خۆیان دەزانی. گوتی: "من لەبەر قبووڵ کردنی ڕەگەزی کوردێتی خۆم، تووشی گەلێك گیر و گرفتان بوومەوە. گوتنی ئەمەی کە من کوردم بەم مانایە بوو کە دەبوو خۆم بۆ بەرەوڕوو بوون لەگەڵ تەنگوچەڵەمەی زۆر ئامادە کردبایە و هەموو دەرگاکانم لە ڕوو دادەخران."

ئێستا مەودایەکی زۆر کەوتبووە نێوان ئاپۆ و ئەم گومانانە، مەگین ئەمەی کە ئۆگریی ئەو سەبارەت بە شاتوشووت و خۆهەڵکێشان وەك دیاردەیەکی بەردەوامیی ئەم گومانە دابنێین. بێ ئەوەی هیچ خۆنواندێکی لە قسەکانیدا بێتە بەرچاو گوتی: "من بەتواناترین پیاوی کوردستانم و خەڵکی کورد وەك پێغمبەرێك چاو لە من دەکەن." ئەو ئیددیعای دەکرد کە حیزبەکەی گرینگترین و لە واتادا تەنیا حیزبی ڕاستەقینەی خەڵکی کوردە، چونکە بە شتێکی کەمتر لە سەربەخۆیی ڕازی نیە و قەرزداری هیچ هێزێکی دەرەکیش نیە. بە بڕوای ئاپۆ "بەسترانەوە بە وڵاتێك" گوناه و کەڵکەڵەیەکە کە بیری تەواوی ڕەقیبانی وی لە ئێران و تورکیا و ئێراق و شوێنەکانی تر کردۆتە مەیانی ڕمبازێنی خۆی.

وا قاو بوو کە ئاپۆ لە دۆستانی گەرموگوڕی جەمیل ئەسەد، برای سەرکۆماری سووریایە. بەڵام ئەگەر سەبارەت بە درێژەی پشتیوانیی سووریا — و لەو سەیرتر پشتیوانیی — سەددام حوسێن — پرسیارێکی گوماناوی لێدەکرا بە زەحمەت تووڕەیی خۆی دەخواردەوە. من بێ ئەوەی بزانم لەم بارەدا کە داخوا ژنی هێناوە و ئەگەر هێناویەتی ژنەکەی لە شۆڕشدا خاوەنی چ دەورێکە، پرسیارم لێکرد و قامکم لەسەر شوێنێکی بارناسکتر دانا. هەڵبەت هیچ مەبەستێکی تایبەتیم نەبوو. ئەو بڕوای بە یەکسانی ژن و پیاو هەبوو و زۆربەی گریلاکانی ژنان و کچانی لاو بوون و باسی ژنەکەیم بۆیە هێنا گۆڕ واز لە قسە و باسی ئایدیلۆژیانەی پڕ لە ڕەمز و ڕاز بێنێ. کەچی ئەوم تووشی وتاردانێکی دوور و درێژ و تووڕانە و بێ سەرە و بەرە کرد، کە

تێیدا ژنەکەی کە وا دیار بوو لە چینی مامناوەندییە, تاوانبار کرد کە ویستوویەتی لە لای کاربەدەستانی ترك ڕاستی لێ بڵێ و بە گرتنی بدا و هەر وەها فەرمانی بەڕێوەچوونی دەس‌وەشاندنی لەزەبری وەهای داوە کە کەند و کۆسپێکی یەگجاری ناوەتەوە.

ئەو درێژدادرییەی کردی من زۆری تێنەگەیشتم, چونکە زانیارییەکم سەبارەت بە بەستێنی وتەکانی نەبوو, هەستم کرد کە شتێکن وەك "پارانۆیا".[1] پێم نابوویە هەرێمێك کە ئەو بە لایەوە باشتر بوو لە بیری بەرێتەوە. هاوسەرەکەی هەر دەورێکی لە ژیانی یان پ.ك.ك.دا گێڕابووی, ئێستا لە بیر چووبۆوە. ئەمە ئیدی جێی گۆمان نەبوو. چەند چرکەیەك بێدەنگ بوو کە من تێیدا تەواو دڵنیا نەبووم کە نەکەوتبمە مەترسی. بەڵام ئەو وەك ئەوەی هەر هیچ نەقەومابێ مەبەستی باسەکەی گۆڕی. تەقینەوەی توورەیی ئەو و نارەحەتی خۆم دەستیان تێکگرت و مەبەستێکیان هێنایە بەر سێرەی سەرەنجم کە لە تەواوی ئەو شەوەدا هەوڵم دابوو لە بنج و بناوانی حاڵی بم و بزانم کێیە: ئەم پیاوە قوڵە و قایمە, بەو چاوە ڕەشانە, بەو سەر و سمێڵە قەترانییەی, قەڵاقەتی "ئیستالین"ی دێناوە یاد کە ڕێوشوێنی پەرستنی کەسایەتی خۆی بەم گشتە تەبلیغات و وردەکاری و تەردەستییە هونەرییەی لە بیری خەڵکا بنەگر کردبوو.

ئاپۆ زۆر توند بڕوای بە ڕێك‌وپێکی بیر و ڕاهێنانی ڕامیاری بوو. لە ئۆردووگای پەروەردە و ڕاهێنانی لە دەرەی "بیقاع"ی لوبنان, پەروەردەکرانی بیر و باوەڕ لە پەلەی یەکەمدا بوو. ئەو داخوازەرانی ئەندامێتی "پ.ك.ك"ەی – کە بریتی بوون لە کوردەکانی تورکیا, ئێراق, ئێران و سووریا و تەنانەت کوردەکانی ئورووپای – بە چاوی‌سووك, وەك کاڵایەکی عەیبدار و خەسارۆمەند دەبینی. کوڕ و کاڵی گوندەکی شڕ و دڕ, خوێندکارانی زانکۆکانی تورکیا و ژنانی لاوی خوێندەواری شوێنە دوورەدەستەکانی چەشنی ئوستڕالیا و بلژیك و ... تێکڕا دەکەوتنە بەر شەپۆلی

١– شێتیی شوێن لە دووگێران و خۆ بە زل زانی...

ڕاهێنانێك كە پتر وەك شۆردنەوەی مێشك دەچوو. ئاپۆ لە ماوەی دیدارەكەماندا قەت وەها وتەیەكی بە زاریدا نەهات, بەڵام ئاشكرای كرد كە چەندین مانگ ڕاهێنانی سیاسی گەلێك گرینگترە لە پەروەردە كرانی پێشمەرگایەتی یا ڕاهێنانی لەش بۆ حاوانەوە و خۆڕاگری لە ڕۆژگارانی سەخت و دژواردا. گوتی كە سەرمایەنانەوە لەسەر بیر و باوەڕ پتر بەم بارەدا گرینگە كە ئێمە دەتوانین لە ماوەی ساڵێك پاش تەواو بوونی پەروەردە و ڕاهێنان, لە سەتا حەفتای داخوازەران لە مەیدانی شەڕا لە دەس بدەین." بەڵام ئەمە شتێك نەبوو كە ئەو خۆی لێبدا و مەترسیی بەرەوڕوو بوونەوەی بسەلمێنێ: وێرای تەواوی ئەم وتانە ئاپۆ كەسێك نەبوو كە ڕاستەوخۆ بێتە مەیدانی شەڕ و سەركردایەتی تێكهەڵچوون وە ئەستۆ بگرێ. ئەو پاش ئەمەی كە سپای توركیا لە ماوەیەكی نیزیك بە سی ساڵاناندا بۆ سێهەمین جار گۆدەتای كرد, لە توركیا بازرە بوو و ئیتر قەت نەگەڕاوە وێندەرێ.

وێڕای تەواوی ئەمانەش, لێبڕانی لاوانی پەیڕەوەی بۆ كوشتن — و كوژران لە مەیدانی شەڕا — بوو كە ئەو كۆمەڵە پزیشك و ئەندازیار و مافناسە سەركەوتوانەی كە لە قامیشلی دیتمن, بۆ لای خۆی ڕادەكێشا. هەر وەك چۆن باڵادەستانی توركیا قەت سەبارەت بە سوور بوونیان لەسەر ئەمە كە لەگەڵ تاقمێك ترۆریست كەوتوونە شەڕ هەستیان بە ماندوویەتی نەدەكرد و بێ پسانەوە ئەم مەبەستەیان چەنپات دەكردەوە, شێوەی ئاكار و جووڵانەوەی پ.ك.ك. لەوپەڕی توند و تیژی و دوورە ڕوحمی و بەزەییدا بوو. تەنیا ژاندرمەكانی ترك ئامانجی پەلاماری پ.ك.ك. نەبوون, بەڵكوو سەرباز و چەكدارانی هێزی تایبەت یان بە واتەی خۆی "كۆماندۆكانی كۆنترا" و گوندپارێزان یان بە واتەیەكی تر جاشەكانی خۆجێییش بوون. لەو وەختەوە كە پ.ك.ك. لە ١٩٨٤ەوە شەڕی سەربەستیخوازانەیان دەس پێكرد, پەیڕەوانی ناوبانگیان بە كوژەری ژنان و زارۆكان و سووتێنەرانی قوتابخانان و بكوژانی مامۆستایانێك كە بە زمانی تركی قوتابییانی كوردیان ڕادێنا, دەركرد. ئاپۆ بە شێوەیەك كە نەیدەتوانی بڕوا بە بیسەر بێنێ تاوانی ئەم دڕندایەتی و توند و تیژییەی دژی هاوولاتییانی كوردی دەخستە ئەستۆی ئەو خەیانەتكارانەی كە خۆیان خزاندبووە

ڕیزەکانی پ.ک.ک. بەڵام ئەوکەسانەی کە من لە قامیشلی دیتمن – و هەر وەها کوردەکانی شوێنەکانی دی – فریوی ئەم گوتە خۆفریودەرانەیان نەدەخوارد. ڕاست و ڕەوان گوێیان نەدەدایە ئەم شتانە.

سەبارەت بە زەبروزەنگی هێزەکانی ئاسایشی تورکیاش پەرۆشی و پەرێشییان نەدەنواند. ساڵ بە ساڵ شەڕی پ.ک.ک. قەڵافەتێکی دزێوتر و بێزۆکتری لە خۆ دەگرت و تۆڵە ئەستاندنەوەی هێزەکانی سپا و ئاساییشی تورکیاش بەو ڕادەیە ناحەزتر و بێزراوتر دەبوو. تەنیا لە یەکەم دە ساڵی شەڕا – کە ڕۆژ بە ڕۆژ توند و تیژتر دەبوو – پتر لە ١٦٠٠٠ کورد کوژران,[١] پتر لە هەزار گوندی کوردان لەگەڵ خاك تەخت کران یا بە کەڵەزەڕی جووقەواریان تێدا نەما و سەدان هەزار گوندنشینی کورد ناچار بوون پەنا بەرنە بەر بازێڕەکانی دیاربەکر و ئەستەمبووڵ و ئیزمیر لە ڕۆژاوای وڵات. ئاپۆ گوتی: "پاش ڕووداوی هەڵەبجە ئێمە بەهێزتر بووین و داخوازەری پتر ڕوویان تێکردین."

لە فێوریەی ١٩٩٣دا, دووساڵ پاش دەیدەنیم لەگەڵ ئاپۆ, بۆ دیداری ئۆردووگایەکی پ.ک.ک. کە لە لێواری سنووری ئێران ڕۆنرا بوو و ناوەندی پەروەردە کردنی لاوانی کورد بوو بۆ شەڕ لەتەك تورکیا, ملی کوێرەڕێیەکی بەفرگرتووی کوێستانیم وەبەر خۆ دابوو. نەمدزانی چلۆنم وەردەگرن و داخوا ڕێم دەدەن یان نا. لەو دووساڵەدا ئاڵوگۆڕێکی زۆر ڕووی دابوو: کووەیت بە دەستی هێزەکانی هاوپەیمان بە ڕێبەرایەتی ئەمریکا لە دەسدرێژی و داگیرکرانی بە چنگ ئێراق, قوتار ببوو؛ کوردەکانی ئێراق لە کۆتایی شەڕا ڕاپەڕیبوون و بە دەسی پاشماوەی هێزەکانی سپای سەددام حوسێن سەرکوت کرابوون و بازرەی کێو و کەژان ببوون؛ دەرفەتیان لە چەتری ئاسمانیی هاوپەیمانان هێنا بوو و لە مانگی مەی ١٩٩٢دا یەکەم هەڵبژارانی ئازادیان بۆ پێکهێنانی ئەنجومەنی هەرێم بەڕێوە بردبوو. بەڵام ئاپۆ ئەم بۆشایی

١– سەرچاوەکانی ترك و کورد ڕێژەی کوژراوان هەتا کۆتایی ساڵی ١٩٩٦ بە ٢٣٠٠٠ کەس دەقەبڵێنن.

دەسەڵاتەی کە شوێنکەوتی ئەم ئالۆزبڵۆزییە بوو بە دەرفەت زانیبوو و باکووری ئێراقی کردبوو بە بنکەی سەرەکی چالاکی بە مەبەستی پەلاماردانی تورکیا. پەرە گرتنی چالاکی و شەڕ و پێکدادانی تورکیا ئاپۆی لەگەڵ هێزەکانی پێشمەرگەی باکووری ئێراق یەکڕوو کردەوە کە بوو بە هۆی کوژرانی سەدان کەس، کە زۆربەشیان ئی پ.ك.ك. بوون. کوردەکانی ئێراق لەخۆوە تێکۆشابوون خۆ لەم تێکهەڵچوونە بپارێزن. ئەمانە لە ژێر گەمارۆی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و گەمارۆیەکی ئابووری و ئیداری تایبەت کە سەددام حوسێن لە ئۆکتۆبری ١٩٩١دا خستبوویە سەر باکووری ئێراق، بۆ بەڕێوە بردنی هەرێمی وێرانی خۆیان تووشی کەندوکۆسپێکی بەربڵاو ببوون؛ [کوردان] خوازیاری سەرێشە و تێکگیران لەتەك تورکیادا نەبوون کە ڕۆژ بە ڕۆژ بە پەرەگرتنی پەلامارەکانی پ.ك.ك. بۆ ژوورەوەی تورکیا زیاتر دەبوو. ڕێبەرانی کوردی ئێراق کە وازیان لە شەڕ و لێکدان نەبوو لەگەڵ هاونیشتمانانی کوردی خۆیان بەوپەڕی سەبر و دان بەخۆ داگرتنەوە تەقەلایان کرد نەهێڵن کە پ.ك.ك. خاکی ئێراق بکاتە بنکە و پەنا. بەڵام خۆ بەزل زانی و فرسواری ئۆجالان وەها بوو کە گوێی نەدایە ئەم بانگ و هاوارانە. بە لای ئەوەوە کوردستان هەمووی یەك بوو و سنوورە حکوومەتییەکان بێ مانا بوون. وای هەست پێدەکرد هەقی بە دەستە و دەتوانێ هەرچی پێیخۆشە بیکا و لە سایەی ئەم نیو میلیۆن کوردەی کە لە تورکیاوە چووبوونە ئورووپا و نیشتەجێ ببوون، پووڵی تەواوی بە دەستەوە بوو. هەر وەها ئەو لێی سوور بوو کە ناوبانگ و خۆشەویستیی لە نێو کوردەکانی ئێراق بە ڕادەیەکە کە بارزانی و تاڵەبانی ناوێرن دژی پ.ك.ك. پەل بزێون. بەڵام کوردانی بەسەر هەژاریدا کەوتووی ئێراق، جگە لە پەلاماری پ.ك.ك. چارەیەکی تریان نەبوو. بۆ دەس وێڕاگەیشتن بە تەنیا ڕێگای جێی متمانە بۆ دنیای دەرەوە پاڵیان بە تورکیاوە بوو و داهاتی ئەو گوومرگانەیەی کە لە بابەت فرۆشی بە قاچاخی گازۆڵ بە تورکیا گیریان دەکەوت تەنیا بازگەیەك بوو کە دەیانتوانی دەزگای لەرزۆکی ئیداری خۆیانی بێ ڕابگرن.

تورکیا لە پێشدا هەوڵی دابوو بە بۆمبارانی گوندەکانی باکووری ئێراق، کوردان کە خۆیان لە شەڕی پ.ك.ك. لا دەگرت، تێوە بدا. چاوەدێرانی نیزامیی ڕۆژاوا لە باکووری ئێراق لەسەر ئەم بڕوایە بوون کە بەرز و تیژفڕینی فڕۆکەکانی تورکیا لە گەڕیانی ئەم بۆمبارانەدا زیاتر لەمە بووە کە فڕۆکەوانان بزانن بۆمباکانیان وە گوندان دەکەوێ یان وە بنکەکانی پ.ك.ك. بەڵام هەرچۆنێك بوو "نیشانە" بۆ ترکان داکرابوو و ئەم ڕەوتە بۆ ترکان شێوەیەکی تازە نەبوو. (لە ساڵی ١٩٨٩دا فڕۆکەکانی شەڕکەری تورکیا بە تۆڵەی چالاکی پ.ك.ك. بنکەکانی بارزانییان پەلامار دا و تورگوت ئوزەل ، سەرەك وەزیری ئەوسای تورکیا، لە نێوەڕاستەکانی مانگی ئووتی ئەو ساڵەدا گوتی: لێی گەڕێ با ئەوانەی پەنای سەرهەڵداوان دەدەن لە خۆیان حاڵی بن.) سەرەڕای تەواوی ئەمانە چالاکی دووره کەوشەنی پ.ك.ك. ئەوەندەی درێژە کێشا کە تورکیا سنووری بەست. بۆ چەند ڕۆژ دواتر کوردەکانی ئێراق سەرەنجام لە پ.ك.ك. وەخۆ کەوتن و سپای تورکیا بە هێزێکی زۆر و زەوەندەوە لەم پەلامار و زەبرە کاڵ‌وکرچەدا کە ئیددیعای "پ‌ك‌ك"ەی لە بابەت سەرسپێراوی پێشمەرگانەوە بە تورکیا دەسەلماند، خۆی تێوەدا. ئەم هەڵمەتەی تورکیا یەکەم دەستدرێژی بوو لەم زنجیرە دەسدرێژییانەی کە ئاخرییەکەی ئەیالەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاشی نیگەران کرد، بەڵام ئەمریکا بە نیشانەی هاودەنگی لەگەڵ هاوپەیمانی ناتۆی خۆی لەم بوارەدا هیچ کارێکی نەکرد و لە مانادا بەم کردەیە پشتیوانیی ڕۆژاوای لە کوردەکانی باکووری ئێراق تەنیا خستە جەغزی پاراستن لە بەرامبەر سەددام حوسێندا.

پ.ك.ك. بە گێلۆکەیی وەیدەزانی کە ڕادەی پشتیوانی لێ‌کردنی لە کوردستانی ئێراق ئەوەندەیە کە ڕێبەرانی پێشمەرگە لە ترسی تاوانی بەشدار بوون لە سەرکوتی هاونیشتمانانی کورد ناوێرن لێی‌هەڵگەڕێنەوە. ئاپۆ یان لەم دۆزە نالەبارەی ئاوقای پێشمەرگان ببۆوە حاڵی نەبوو یا لای وابوو کە لە بار و پلەیەکی وەها قایم و پتەو دایە کە دەتوانێ لەم ئاڵۆزییەی کە خۆی سازی کردووە بەهرە وەربگرێ. ئەو هەروەها هیوادار بوو کە بەم دۆستایەتییەی وا لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی کوردستان دایگیرساندووە بتوانێ دووبەرەکی بخاتە ڕیزی کوردەکانی ئێراق. لە بیری چووبۆوە

کە بەشی زۆری سنووری گەڵ تورکیا لە ژێر دەسەڵات و حوکمی پارتی دێموکراتی کوردستان دایە و یەکێتی نیشتمانی لە وێندەرێ برەوێکی نیە. ئەگەر بارزانی و تاڵەبانی قبووڵیان کردبا کە پ.ك.ك. خاکی ئێراق بکاتە بنکەی خۆی، تێزی "کوردستانی یەکپارچە"ی ئاپۆ پتر بە زەرەدی ئەوان دادەشکا. لە ئۆکتۆبری ١٩٩٢دا وەختایەك پارتی دێموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە پەلامارێکی یەکدەست و خوێناویدا بە هاوکاری نزیك لەگەڵ تورکیا "پ.ك.ك"ە یان لە سنووری تورکیا ڕادا، ئاپۆ بەڕاستی سەری سوڕما. هەر لەبەر هەندێ بوو کە تەنیا بنکەی پ.ك.ك. لە ئێراق، یانی بنکەی پەروەردەی برای ئاپۆ، کە بە ناسەرسەنگی قبووڵ دەکرا، ڕاگوێزرایە شوێنێکی دوور لە تورکیا. بۆ ئەوەی کە پ.ك.ك. ئەم پەیامە لە یاد نەباتەوە فڕۆکەکانی تورکیا نێوەنێوە ئەم بنکەیە بوردمان دەکەن.

لەبەر هەڵسەنگاندنی ڕەفتار و ورەی پ.ك.ك. بوو کە لەو زستانەدا ڕەنج و کوێرەوەری ئەو ڕێبڕینەم لە سنووری تورکیا وە بەر خۆم نا. شەوێ بەفرێکی قورس باریبوو و من کازیوە وەڕێ کەوتم، هەتا ئەگەر دیدارەکەم بۆ نەکرا بۆ ئێوارێ بتوانم بگەڕێمەوە شوێنی خۆم، ئەو جێیەی کە پێشمەرگەی پارێزەرم لە بازاڕی قاچاخفرۆشان چاوەڕێم دەمایەوە. نیوەی هەوەڵی ڕێگاکە, زۆر خۆش نەبوو و پڕ بوو لە خوارەکە و پێچەکە. پاش دوو کاتەژمێر ڕێڕۆینی بێوچان، دیلمانجەکەم – موئەیید یۆنس – و من و پێشمەرگەی پارێزەرم گەیشتینە یەکەم بنکەی پشکنینی پ.ك.ك. کە دێیەکی بچووك بوو بە ناوی زەڵێ لەسەر سنووری ئێران.

لاوێکی کوردی سووریا، لەسەرەخۆ وەرەقەی دیدارەکەمی، وەك دەرکەوانی خانووبەرەیەکی ئاغاوەتی لە شەقامی پێنجەمی دەسپێکی ئەم سەدەیە، وەرگرت. بە تکای من دیداری پێشوومی لەگەڵ ئاپۆ بە وردی یادداشت کرد و ونبوو. کاتەژمێرێك پێچوو. ئۆقرەم لێهەڵگیرا، ماوەی مانەوەی زیادیم بنەی دەهات. ئێستا لە قسان دەبوایە "گەیامە ئوتووبووسی سەعاتی دە." شەیتان بە لەعنەت بێ! وەختایەك کار دەگاتە تەشریفات شۆڕشگێڕانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەتوانن شانبەشانی شاژنی

ئینگلستان پێبەندی ڕێوشوێنی تەشریفات بن و من لە پێشدا چوونی خۆم بە پ.ك.ك. ڕانەگەیاندبوو، هۆیەکەشی ئەمە بوو ئەگەر ویستباشم ڕێیەکم نەبوو بۆ ئەم کارە.

"وەسمان"، برای ئاپۆ کە وا دیار بوو لەم کارە و لەمەی کە دەیبینی دە نێوەوە چووم سەری سوڕما و من کە میوانێکی بانگهێشتن نەکراو بووم ڕێی دامە سەر مێزی نانی نیوەڕۆ. دەیەویست لەبەر ئەوەی کە ماوەیەك پێچووە و نەکراوە زووتر من لەم هۆدە سارد و سڕە ڕزگار کا، قبوولی بکەم بۆ خاتری ئەمە بووە کە بۆ دەسڕاگەیشتن وە براکەی لە سووریا تووشی تەنگەژەیەك هاتووە. بەلام من دوودڵ بووم کە بۆ ئەم کارە زەحمەتی وە بەر خۆی نابێ یان وەختی بە فیڕۆ دابێ یان ئاپۆ دیدارەکەمانی لە بیر مابێ. لە باری ڕواڵەتی قەلافەتەوە نەدەگەیشتە خۆفناکی کاکی. وای بۆ دەچم چاوپێکەوتن لە لایەن هەواڵنێرێکی ئەمریکایی و چاوەڕوانی بۆ بیستنی هەواڵەکانی جیهان، ئەم زستانە بەفرگرەی لە چەقوەستاوی و وەڕەزی دەرباز کرد.

هەروا کە گوێم دەدایە وتەکانی کاك عوسمان، ئاڵوگۆڕێکم لەسەر پێداگری هێندێك لە ویستەکان هەست پێدەکرد. پ.ك.ك. هێندێك لە داخوازەکانی وەلا نابوو، بەلام نەك هەموویان. عوسمان زۆر دەقودۆغر گوتی کە ئاپۆ "ئەوپەڕی" داخوازەکانی هێناوەتە گۆڕ. ڕەنگە هەروەك عوسمان بۆخۆی وتی لەبەر "لێکدانەوەی هەڵەی" بووبێ. قسەکانی سەر نان خواردنمان وا ویشك و ڕەسمی نەبوون کە من چاوەڕوانی بووم. عوسمان لە تەم و مژێکی قورسی تێکەڵ بە شۆق و زۆقی کوردانی سەر مێزی نیوەڕۆژ، لێکدانەوەی خۆش، بەلام کرچوکاڵی لەسەر مارکسیزم کرد، کە ڕەنگە ئیلهامی لەم کۆمەڵە وتارانەی ئیستالین وەرگرتبێ کە لەسەر ڕەفحەی کتێبەکانی ژووری چاوەڕوانی دیبوومن. دوو ژنی جحێڵ لە جلکی یەکدەستا، بە فانووسقەی سەر پشتێن و دەمانچە و نارنجۆکی کەلەکەیان زۆر بەگەرمە بە دەوری نان و خوانەکەدا دەهاتن. ئەم دوو ژنە لە کوردانی تورکیا بوون. لەم هۆردووگایەدا کوردانێك لە سووریا، لوبنان و خودی ئێراق و ئورووپا و تەنانەت ئوستڕالیاشی لێبوون کە پەروەردە دەکران.

عوسمان لە ژێر پەساری ئەو عیمارەتەی کە بە دە ساڵ بەر لە ئێستا بنکەی نەهێنی جەلال تاڵەبانی بوو، نیمچە ئاسوودە ڕایدەبوارد. هەزاروسێسەد خوازیاری لاو کە زۆربەیان ژن و کچ بوون لە ژێر خێوەتاندا دەژیان. سەرەڕای تۆف و بەند، ئەم ژنانە کەوشی سووکەڵەیان لە پێ دابوو. بێگومان ئەم کارە بە مەبەستی ڕاهاتن و تابشت هێنان بوو لە بەرامبەر گرژی و تاڵی ڕۆژگارا، ئەگینا پ.ک.ک. دارا و دەسڕۆیو بوو، ئەوجەل هەر وای کردبا سنووری ئێران بوو، هەروا بێتەوە کوردان هەر لە قەدیمەوە کە بە بیری کەس نەبوو، لە زستانانتدا کاڵە و پێتاوی وەها گەرمیان دەکردە پێ کە لەگەڵ هەوای سارد و سۆڵی چیا پتریان یەکتر دەگرتەوە. بە بێ دنە و گاڵدانی من زۆر جاران لەبزی "هەڵەبجە" دەکەوتە نێو وتەی ئەم داخوازەرانە و هەر ئەمە هەوێنی شۆر و سەرسپێراوی ئەوان بوو سەبارەت بە پ.ک.ک. ئەم لاوانە خڕ و پتوون ببوونە دەسکردی پەروەردەکراوی ئاپۆ، ئەمانە پیاوان و ژنانی تازەی پ.ک.ک. بوون.

موئەیید، دیلمانجی کوردم کە پیاوێکی ئاوەزمەند و ئارام و لەسەرەخۆ بوو، لەو ماوەیەدا کە لە ژووری چاوەڕوانی ڕۆنیشتبووین و چاوەڕوانی ئیزنی دیدار بووین، لەگەڵ سێ کەس لەم لاوانە کەوتە دمەتەقەیەکی بێهوودە. ئەو بەتایبەت زۆر لەمە توورە بوو کە ئەوان هیچ هەمێتێکیان بۆ ئەم هەلومەرجەی قبووڵیان کردبوو و پتر وەك خۆ بە دەستەوەدان وە هێزەکانی پێشمەرگە دەچوو، دانەدەنا. ئەم تاقمە بە چاویسووك دەیانڕوانییە پێکەوە سازانی کوردەکانی ئێراق، ئەویش بۆ پاراستنی ئەم خودموختارییە نەبەگەیە. ئەم داخوازەرانە گوتیان کە تەنانەت ئێستاش پ.ک.ک. داروودەستەکەی بە ئێراقا دەنێرتە نێو تورکیا: بە دانی بەرتیل لە سنووری ئێرانەوە دیانپەڕێنێتەوە ئێراق. (دواتر لێم حاڵی بوو کە پ.ک.ک. بە پووڵ بنکەی پشکنین و چاوەدێری کوردەکانی ئێراقی کە بە مەبەستی ڕاگیرکردنی ئەوان لە زەڵێ ڕۆنرابوون، کڕیوو. شەڕکەرانی پ.ک.ک. دەیانتوانی ڕاستەوخۆ بچنە خاکی ئێراق و لە سنوور نزیك ببنەوە و دژی ترکان دەس بکەنەوە بە هەڵمەت و چالاکی.) بینینی هەڵچوونی موئەیید، ئەم پیاوە ئارام و ئاوەزمەند و سینگ فرەوانە، لەو بەرزاییە هەشت هەزار پاییەدا (٢٤٣٨/٤میتر) و لەو دۆڵە لاپەڕەدا، لەو چلەی زستانەدا، بڕوای پێهێنام کە

پ.ك.ك. هێزێکی خۆفناکە؛ ئەویش نە تەنیا لەبەر ئەمە کە ئەم سێ داخوازەرەی وایان دەگوت و چەنپاتیان دەکردەوە.

دوای نانی نیوەڕۆ گەڕاینەوە شوێنی هەوەڵێمان، ئێستا بە پەلە بووم بەر لە تاریکانێ بگەینە شوێنی مەبەست. گەڕانەوەمان زۆر بە زەحمەت بوو: بەفر لەبەر تاوی نیوەڕۆیە شلکەی کردبوو، دەبوو لەو جۆگە و جۆبارانە بدەین کە ئیتر توابوونەوە. توولەڕێی باریك خۆی لە شانی کێوی قایم کردبوو و لە ترسی پسانی ڕنوو دەبوو بە پارێز ڕچەمان کوتابا. لە شوێنێك، لە دەرەوەی گوندێکی چۆڵکراو، بە لای پۆلێك شینکەی کرژهەڵگەڕاوی سەرمابردوو و پۆلێك ئالای ڕەشا تێپەڕین کە نیشانەی گۆڕستان بوون: گۆڕستانی شەهیدان، [ئی ئەو] پێشمەرگانەی کە بە درێژایی دەیان ساڵ بۆ کوردستان بە شەڕ هاتبوون و مردبوون. ئەم ئالا ڕەشانەی کە بە گڤەی بای تیژبەزی زستان ڕادەوەشان و فڕەیان دەهات منیان خستە سەر ئەم بیرە کە کوردانیش خەڵکێکی سەیرن: جاری وایە ئەوەندەی پابەندی مردوانن لە خەمی زیندواندا نین! هیچ بیرم لەوە نەکردەوە کە ڕەنگە ئەمە هەستێکی تەواو ڕۆژهەلاتیی بێ لەسەر تێگەیشتنی چارەنووس یا شێوە سڕبوونێك سەبارەت بە ئازاری تاکەکەسی لە شەهید بوونی بێبڕانەوەدا بۆ کوردستان.

تەواو ساڵێك لەمەوبەر، ڕۆژێکی تۆفانیم لەگەڵ تەیموور عەبدوڵلا تێپەڕ کردبوو کە ناسکەلاوێکی شازدە سالانەیە و لەگەڵ ئەوەشدا کە تازە خەتی سمێڵی داوە، وەك مێرمنالێکی سێزدە چاردە ساڵە دەچێ. لە جەنگەی شلێوەیەکی قورسا، لە سلێمانیڕا چووبوومە لای باشوور و کاتەژمێرێکم بە سەرلێشێواوی ڕابواردبوو، هەتا ئاخرییەکەی لە یەکێك لە "شارۆچکەکانی سەرکەوتن"ی دزێوی سەددام حوسێنا لە قەراخ کەلار، کە شتێکی وا لە سنووری ئێرانەوە دوور نیە، سۆراغیم کرد. هەتا ئەو کات وا دەزانرا کە تەنیا کەسێکە کە لەبەر دەستی تاقمەکانی بکوژی "ئەنفال" قوتار بووە – دواتر چەند کەس لەم قوتاربووانە سۆراغیان پەیدا بوو.) لەبەر ئەوەی کە پیاوکوژانی سەددام حوسێن بە ئازادی لە "کوردستانی ئازاد"دا ڕاویچکەیان دەکرد، ژیانی ئەم لاوە هەمیشە لە مەترسیدا بوو. لەگەڵ ئەمەشدا تەیموور بە بێپەسار لە

دە میلی هێڵەکانی بەرەی حکوومەتێکا دەژیا کە داهێنانەکانی لە شێوەکانی تۆڵە ئەستاندنەوە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستا خاوەنی ناوبانگێکی ئەفسانەیی بوو.

زۆر پێشتر، چەند جاران ئەویان بۆ وتوویێژ لەگەڵ ڕایەڵەی تەلەفیزیۆنەکانی دەرەوە، بە جل و بەرگی پێشمەرگەوە – بە ڕانك و چۆغە و پشتێن و جامانە و تفەنگەوە – بردبوو بۆ سلێمانی. لە پێشدا وامزانی ڕەنگە بۆیە وا بە لەسەرەخۆیی و ڕەوانی نەزیلەی دەرد و مەرەدی خۆی دەگێڕێتەوە، هی فیزی تافی لاوی یان لە ڕاستیدا هی هەمان ئازایەتییە چاوناسانە کوردانەکەی بێ. لێکدالێکدا دەستی بە سۆبە نەوتییەکە ڕادەداشت کە بە کەساسی تەقەلای دەکرد ژوورەکە گەرم دابێنێ. لەسەر دۆشەگێك دانیشتبوو و کایەی بە فینجانە چایەکەی دەکرد و دەنگێکی نێر، بەڵام لەسەرەخۆ نەقڵی بەسەرهاتی خۆی دەگێڕاوە، وەك ئەوەی قوتابییەك وانەی شیمی چاك لەبەر کردبێ و بۆ مامۆستاکەی بڵێتەوە. گوتی بەیانی ئەو ڕۆژەی ئاوریلی ١٩٨٨ جەیشەکانی ئێراقی کە لەوان دەوروبەران بەرەنگاری پێشمەرگە وێستابوون، لە یەکێك لەو هەڵمەت و چالاکییانەدا کە جاروبار بۆ "جاش گرتن" ئەنجامیان دەدا، هاتنە گوندەکەی وان. وتی بە پێچەوانەی پێشوو کە ڕاماڵیان دەبردە مالان و مەشموولەکانیان بە زۆرەملی بۆ جاشێتی دەبرد، ئەمجار "درۆیان لەگەڵ کردین." ئەو و باوك و دایك و سێ خوشکی چکۆلەتری لە ڕیزەی ئەو شەشسەت گوندییەدا بوون کە بردیاننە قەڵای سپا لە "خۆرەتوو"؛ کوردی دیکەشی لێبوون؛ ئەوانیان بۆ ماوەی دە ڕۆژان لە هۆڵێکی بەرزەمیچا ڕاگیر کرد. گوتی: "ئێمە تەنانەت ئەو وەختیش دەترساین و هەستمان پێدەکرد دەمانکوژن، چونکە دەمانزانی وەختایەك ئینسان لە گوندەکەی دەرکێشن ئیتر چارەڕەشی لە دوورەوە هاوار دەکا."

پاشان ئەوانیان لە لۆرییان پەستاوت و بردیاننە ڕۆژهەڵات، بۆ پێگەیەك لە "تۆبزاوا" لە دەرەوەی کەرکووك. پیاوەکانیان لە ژن و زارۆکی کەمتر لە هەژدە ساڵ هەڵاوارد، ڕووتیان کردنەوە و هەر جلی ژێرەوەیان لەبەرا هێشتن، تێانهەڵدان و سەرەنجام کەلەبچەیان کردن و بە سواری لۆری بەرەو چارەنووسێکی نادیاریان بردن. باوکی

تەیموور و دەستەیەك لە پیاوەکانی تر پاش بیست ڕۆژ مانەوە لە تۆبزاوا بەم شێوەیە شرتوگوم بوون. پاش دە ڕۆژی تر نۆرەی تەیموور هات، وەختایەکی کە ئەو و دایك و خوشکانی و سەدان کەس لە خێزانەکانی تریان بە کەڵەزەری پاڵ دایە نیزیك سێ لۆرییەکی سەرداپۆشراو و بردیانن بۆ باشوور. ئەو ڕۆژە یەکبین ئاژاوتیان. نان و ئاوێکیان نەدانێ و بە ناچار هەر لەو لۆرییانەدا کاری سەر پێشاویان کرد. یەکەم کەسانێ نەبوون کە وەوتۆیان دەکرد. نیزیك تاریکانێ لۆرییەکان لە شوێنێك ڕاگیران. ئاوێکیان پێدان، پاشان سەفەرەکە ساعەتێکی دیکەشی کێشا. کاتێك ئاخرییەکەی لۆرییەکان ڕاگیران شەو بەسەر دەستاندا هاتبوو، بەلاّم تەیموور لەبەر تیشکەی ڕووناکیی چرای لۆرییەکان توانی بەر لە پیادە بوون چاوێك بە ولاّتیدا بگێڕێ. جەیشی چەکدار دەورەیان دابوون کە هەڵ نەیەن.

هەر لۆرییەك لەسەر لێواری کەندالێکی پەل ڕاوەستابوو. جەیشەکان ڕایاندانە خوار تەپۆڵکە خۆڵەکان. تەنانەت ئەوانەی کە دەشگریان ئێستا بێدەنگ بوون. تەیموور گوتی هەروا کە لەگەڵ دایك و خوشکەکانی ڕۆنیشتبوون و دەستیان تێکگرتبوو، هەستی کرد هەر ئێستا دەمرێ. گوتی: چرکەی زەمان ڕادەبردن، "بەلاّم بیرم تەنیا لەسەر ئەمە گیرسابۆوە." پاش ماوەیەك کە لام وایە نیو سەعاتێك دەبوو، جەیشەکان دەسرێژیان کرد. گوتی: "بۆ ماوەیەکی زۆر هەرکەس جووڵەی هاتبا تەقەیان لێ دەکرد." تەیموور کە فیشەکی وە شانی چەپی کەتبوو و لە ژێر هەنگڵی هاتبۆوە دەر، لە قوڵکەڕا بە زگەخشکە هەڵکشا؛ ئەفسەرێك نەڕاندی و تەیمووریان گلۆر کردەوە. ئەمجار فیشەکێکی وە مووغەرەی پشتی کەوت. سەربازەکان ڕۆیشتن بۆلدزێران بێنن هەتا قوڵکەکان پڕکەنەوە و تەیموور ڕاستەوە بوو. کیژێکی بریندار دیت کە هێندێك لە خۆی باو خۆشتر بوو؛ شەقاوێکی لێدوور بوو و لە نێو کوژراوەکاندا کەوتبوو.

تەیموور گوتی: "لەگەڵم وەرە ..." کچە گوتی: "نا لە جەیشەکان دەترسێم." هەستی ژیان و مانەوە زاڵ بوو. خۆی مات کرد هەتا ئەو لۆرییەی بە تیشکی چرا لە

دووی بە دەگمەن نەكوژراوەكان دەگەڕا، تێپەڕی، پاشان بە چـنگەكرە لـە قولـّەكـەوە هەڵكشا. بە چنگان لـەسەر ئـەم تەپۆڵكانـەی بۆلـدزێران هەڵیاندابوونـەوە بـوودرێكی بچووكی لـێدا و خۆی تیا حەشار دا. هەر جارێـك كـە تیـشكەی چـرای لۆرییەكـەی بەسەر دەكشا، خۆی داویشتە قوڵكەیەكی تر و بەم شـێوەیە خـۆی دەشـاردەوە. پـاش ئەمەی كە لە نیزیك چوارەم قوڵك خۆی مەلاس دا دڵی دەبووڕەوە هات و لـەسـەرخۆ چوو، كاتێك هاتەوەخۆ قوڵكەكانیان پڕ كردبـۆوە، بـەڵام جەیـشەكان هـەروا لـە وان دەوەروبەران بوون. چوارڕێیانێكی وەبەر چاو هات و ئـەو ڕێیـەی كـە بـە لایـەوە لـە هەموان تازەتری دەنواند، دایە بـەر خـۆی و دوو سـەعاتێك ئـاژوای. هەنـدێك دواتـر سەگوەڕی بیست و عەرەبێكی دەشتەكی بە عەلـەتریكێكەوە لە خێوەتێك دەركـەوت و دەستی گرت.

تەیـموور گوتی: "برینەكەم خوێنی لـەبەر دەڕۆیی؛ من عـەرەبیم نـەدەزانی، ئـەویش كوردی." بە ئیما و ئیشارە تێیگەیاند كە برسییەتی؛ شێویان دایـە. عـەرەبی دەشـتەكی زامەكەی شۆردەوە. ئەم بنەماڵەیە سـێ ڕۆژ دواتـر جلكـی عـەرەبییان كـردە بـەری و بردیانە ماڵی یەكێك لە خزمەكانیان لە "سەماوا". داڵدە دانی تەیـموور ژیـانی كـابرای سارانشین و خاوخێزانی لە ئێراقـی سـەددام حوسـێنا تـەواو دەخـستە مەترسـی، بـەڵام ماڵەكە كۆچباری لـێنا و گوێزتییەوە. خزمەكانی ئەم پیاوە بۆ ئەمەی لە سـەماوا شـك نەهێننە سەر خۆیان، بە ناچار سەدان "میل"یان ڕێبڕی هەتا لـە بەغداوە دەوا و دەرمـان بێنن بۆ برینەكەی. پاشان بۆ مـاوەی دوو سـاڵ و نیـوان تەیـموور قـەت لـەو ماڵـەی سەماوا ترازا نەبوو. زمانی عەرەبی فێر بوو؛ تا ئەو جێیەی كە ئیدی كوردی لە بیرچۆوە و لـەگەڵ منداڵەكانی ئەم خێزانە كە ڕازی مانەوەیان نەدركاند، كایەی دەكرد.

یەكێك لە كوڕانی تایفەی بنەماڵە لە زاخۆ سەرباز بوو، كە شارێكە لە كوردستان، لە سنووری باكووری ڕۆژاوا لـەگەڵ توركیا. ئـەم لاوە لـەگـەڵ یـەكێك لـە سـەربازە كوردەكان بوو بە ئاشنا و ئاخرییەكەی بە وی‌دا لە مامی تەیـمووری ڕاسپارد؛ بـاوكی ئەم سەربازە ڕاسپاردەكەی گەیاندە مامی تەیـموور. جارێكی تر خەڵكی ئاسایی عەرەب

و کورد ژیانی خۆیان بۆ خاتری کەسانێك دەخستە مەترسی کە نەیاندەناسین. مامی تەیموور دڵنیا بوو کە تەیموور و تەواوی خێزانەکەیان مردوون، بەڵام سەرەڕای تەواوی ئەمانە بە بیانووی کڕینی تەراکتۆرێکی کۆنەونوێ بەرەو سەماوا کەوتەڕێ. یەکەم جار تەیمووری سۆراغ نەکرد. دواجار دوو کەس لە مامەکانی تەیموور وێڕای سەربازەی خزمی خێزانەکە و سەربازە کوردەی ئاشنای چوونە سەماوا؛ تەیمووریان سواری ئوتۆمبیلێك کرد و لای نیوەشەو هێنایانەوە "کەلار". ئەم ڕووداوە لە سێپتامبری ١٩٩٠دا، هەندێك پاش پەلاماری ئێراق بوو بۆ سەر کووەیت. پۆلیس هێشتا لە شەقامەکانی هەموو شار و شارۆچکەکاندا دەسووڕانەوە. لە شەو و ڕۆژدا یەکبین خەڵکیان دەپشکنی و پێناسیان لێدەخواستن.

تەیموور گوتی: "بە دیتنی مامەکانم کەیفم سازبوو، بەڵام بە ڕادەیەك لە سیخوڕ و خۆفرۆشان دەترسام کە نەمدەتوانی بچمە قوتابخانە. لەو سەردەمانەی دەسەڵاتداریێتی حکوومەتی بەعس لە باکووری ئێراقا، بنکەکانی پۆلیس کەلێن و قوژبنی شەقامەکان و تەواوی دانیشتوانییان بە توندی خستبووە ژێر چاوەدێری. کاتێك بنەماڵەکەی بیستی کە پۆلیس لە دووی تەیموور دەگەڕێ, ڕایانگوێزتە شوێنێکی هێور لە چیا و دایان بە شوان؛ کەس‌وکاری کردیانە دەنگۆ کە بۆ کار کردن لە ڕستوورانێك چۆتە بەغدا. ئەو تەنیا لە فێوریەی داهاتوودا، پاش ئازاد کرانی کووەیت گەڕاوە ماڵی مامی. ئێستا مامۆ و سێ پیاوی تر و تەیموور تێکرا چەکدار بوون. مامی گوتی: "بەڵام لەبەر نیزیك بوونی مەودای سپای سەددام و پیاوەکانی – کە لە هەموو شوێنێك هەن – ئێستاش دڵمان لێیدەترسێ." بۆ پەیوەندی کردن بەو ماڵە سەماواییە و بەجێهێنانی شوکرانەیان، کە هەروا لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی حکوومەتا بوون، هێشتا زوو بوو. چوونی تەیمووریش بۆ قوتابخانە زۆر پڕمەترسی بوو و ئەمە تەنیا شتێك بوو کە تەیموور ئاواتی بۆ دەخواست. تەیموور لەنەکاو سەری هەڵبڕی، لە وێنەی ڕەش و سپی هەڵواسراوی سەر دیواری باوك و مامی ڕوانی و گوتی: "زۆر پەشێوم. هەرگیز

ناپرسم كە چلۆن ئەم شانسە ڕووی تێكردم." درێژەی دا: "ژانـم هەیە و دەمەوێ بچمە لای دوكتۆر ..." و بێئیختیار كراسەكەی هەڵداوە و جێ گوللـەكانی نیشان دا.

بە بیستنی بەسەرهاتی تەیـموور دڵـم لـەرزی و سەبارەت بـە كەترەخـەمی ڕێبـەرانی كورد كە وا دیارە سەرنـجیان بۆ سەر ئەم لاوە تەنیا لـە دەوری نیشاندانـــی لـەســـەر شاشەی تەلـەفیزیۆن و تەبلیغات پێكردنیدا خولی دەخوارد، هەستم بە ناڕەحەتی كرد. بە بێ متەق كردن لـەتەك دیلمانـجەكەمدا گەڕاینـەوە بـاكوور. دەتگـوت پەرۆشـی و پەرێشم لێوەگر بوو، چونكە دیلمانـجەكەم گوتی: "ئەگەر توانیبام تەیـموورم لـە كـۆڵ دەكرد و دەمهێنا." دەستەوداوێنی تاڵەبانی و بارزانی و زۆر كوردی بەدەسەڵات بووم و لـەبەریان پاڕامـەوە كـە دەبـێ تەیـــموور وەك تـەنیا پاشـــماوەی پـەلاماری ئـەنفال لــە دەسڕەسی سەددام حوسێن دوور بكرێتـەوە و بـۆ چارەسـەر كـران و خوێنـدن بـەڕێی دەرەوە بكرێ. وەك هەواڵنێرێك، وەك غەوارەیەك، هیچ داخڵی بـە منـەوە نـەبوو كـە كوردان چ دەكەن و چ ناكەن، بەڵام لـە ڕووی سافیلكەییەوە وای بۆ چووم كـە ڕنگـە دواتر، ڕۆژایەك حوكماتی سەددام حوسێن لـەبەر ئەنـجامدانـی ڕەگـەزكوژی شـكایەتی لـێبكرێ و جا كە وا بێ بوون و مانی قوتاربوویـەكی وەك تەیـــموور زۆری كـەلك و بایخ دەبێ.

لام وایە هێندێكم پێ لـێهەڵێنابوو. تاڵەبانی پاش ئەمەی كە وتەكانی بیـستم، پیلـی گرتـم و لـەسەرەخۆ گوتی: "سەدانهەزار تەیـموور لـە كوردستاندا هەن." هەڵبەت كە بـە ڕواڵـەت بڕوانـی قـسەكەی وا نیـە. ئەمـــجۆرە بـیر كردنـەوە لـەوپـەڕی خۆیـدا لێكولووس كردنی دمە تیژەكانی مێژووی نـاودێركراو بـە ڕاسـتەقینەكان بـوو و هـەر چەشنە هەستی بەرپرسایەتی تاكەكەسی تێدا دەبـرد. ئـەم مەنتیقـە بـۆ كەسـانێكی وەك سەددام حوسێن — و تەنانەت بارزانی و تاڵەبانیش كە بۆ ماوەی دەیـان سـاڵ خـەریكی بەربەرەكانی دەسەڵاتێك بوون كە زۆرتر ئالوودە بە شەڕەنگێزی و چەپەڵكاری بووە — قبووڵ دەكرا. وە هەر حاڵ، لێپرسینەوە و هەڵپێچانی حوكمـاتی سـەددام حوسـێن لــە بابەت چەپەڵكاری و شەڕەنگێزییەوە بە هیچ بارێكدا گرنگایەتی خۆی بۆ كـوردان لــە دەس نەدابوو و شاهیدی دانی تەیـموور بەم قۆڵەدا كارێكی ژیانەكی بوو. بـەڵام وتـەی

تاڵەبانی بەم واتایە بوو کە تەواوی کوردەکانی ئێراق کوێرەوەرییان دیوە و ئەم خەڵکە چەوساوەیە تەنانەت پێویستییان بەمە نیە کە غەوارەیەکی نیازپاك لە شتێك حاڵی بێ کە خویایە و پێویست بە گوتن ناکا.

بێپسانەوە بیرم لەم ڕەوت و ڕووداوە دەکردەوە ... دوو هاوین دواتر لەسەر ڕێی گەڕانەوەم بۆ تورکیا، لە بارزان ئیستێکم کرد هەتا چاوێك بە هەرەس و کاولەکانی ئەم گوندەدا بگێڕم. بارزانییەکان چ لە سەردەمی عوسمانییەکاندا و چ پاشی وی لە زەمانی حکوومەتی ئینگلیسی و حوکماتی پاشایەتی و ڕژێمە هەمەڕەنگەکانی کۆمارییدا زۆر جاران بە هۆی سەرهەڵدانی یەك لە دوای یەك وەك "نموونەیەك بۆ تەمبێ گرتوویی" هەڵبژێراو و دیاری کرابوون. بەڵام وەختایەك سەددام حوسێن لە سزادانی کوردستان بۆوە, "بارزان"یش ئیتر گوندێکی وێران بوو چەشنی هەزاران گوندی تر کە خاپوور کرابوون و دوای ئەوەش گوندێك بوو کە زەوی بەرێژەوی نەبوو. لە بەرەکەتی خێر و خێراتی ئەڵمانییەکانەوە سەد خانووبەرەیەك خەریك بوو ساز دەکراوە و ژیانی گوندەکی وردە وردە دەیەویست ڕەگاژۆ بکاتەوە.

هەروا کە لەگەڵ دوو کەس لە دۆستانی ئەمریکایی، کە یەکەم جار بوو دەهاتنە سوێی کوردستان، بە دەوری کەلاوەکاندا دەسووڕاینەوە، تووشی عەبدوسسەلام بارزانی هاتین لە گەرمای ١١٥ پلەی فارانهایتا، خۆی وە پەنا دارێك دابوو. عەبدوسسەلام کە بە ناوی باوەگەورەی بەناوبانگییەوە کرابوو کە عوسمانییەکان لە دەسپێکی شەڕی یەکەمی جیهانیدا لەبەر دەس تێکەڵ کردن لەگەڵ ڕووسیا لە داریان دابوو، بەر لە گەڕانەوەی بۆ بارزان لە ١٩٩١دا لە سەردەمانی دوورخرانەوەی درێژخایەنی لە ئێران، مامۆستای عەرەبی و ئینگلیسی بوو. ئەو لە ساڵی ١٩٣٩دا هەر لەم گوندە لە دایك ببوو و "بارزان"ی بە کۆمەڵانی مەسیحی و جوولەکەوە وە بیر دەهات کە لەمێژ بوو ڕۆیبوون. شوێنی کلیسا و مزگەوت و کەنشتێکی نیشان دام کە بەر لە خاپوور کران بە کەرەسەی تەقینەوە، لە پەنا یەکتر بوون. گوتی: "ئیسحاقم دێتەوە بەر زەین کە بە گاجووتان مەزراکەی دەکێڵا." ئاماژە بۆ ئەم مەبەستە بوو کە بە

پێچەوانەی زۆرێك لە شوێنەکانی جیهان، کوردستان ڕێی جوولەکانی دەدا کە خاوەن زەویوزار بن و کاری لەسەر بکەن.

گوتی: "هەموو ئاواتمان دەخواست بگەڕێینەوە ئێرە — خۆی و نۆ منداڵەکەی کە گشتیان خوێندەوار بوون و لە جێی وەك تاران هەتا "ئۆرلاندۆ"ی فلۆریدا، پەراگەندە بوون. بەڵام لانیکەم بۆخۆی گەڕابۆوە، وەك دەمانبینی. گوتی: "ئێستا دوودڵین و لەم درندەیە تۆقیوین." مەبەستی سەددام حوسێن و ئاماژەی بەم هەلومەرجە متمانە بێنەکراوە بوو کە "شەڕی ناتەواو"ی بووش لە کوردستان پێکیهێنابوو. لە ڕاستیدا تەواوی ژیانی ئەم پیاوە لە لێقەوماوی و دەربەدەریدا تێپەڕیبوو.

مەلا مستەفا بارزانی و شێخ ئەحمەدی کاکی کە پیاوێکی یەکجار زۆر خاوەن ڕێز، بەڵام سەمەرە بوو،[1] بۆ یەکەم جار لە سەرەتای ساڵانی دەیەی ١٩٣٠دا "بارزان"یان خستە بەر سەرنجان و سەرێشەیان بۆ نایەوە. ئەم دووە دژی نەخشەی ئینگلیسییەکان کە دەیانویست هۆزە مەسیحییەکانی هەکاری لە بارزان و دەوروبەری بنەگر کەن ڕاستەوە بوون. (هەکاری ناوچەیەکی شاخاوی و زۆر چڕ و سەختە و کەوتۆتە باکوور و ئەوبەری سنوور.) لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا مەسیحییەکانی هەکاری شانبەشانی ڕووسیای هاوئایینیان دژی عوسمانی کەوتبوونە شەڕ، لە چیاکانیان ڕاو نرابوون و پەنایان بۆ دەوروبەری گۆلی ورمێ بردبوو. بریتانیا ئەم شەڕکەرە چیاییانەی بە ناوی "تاقمەکانی چەکداری ئاسۆری" هێنایە ژێر ڕکێف. ئەم شێوەیە، واتە کەڵك وەرگرتن لە کەمینە نەتەوەکان بۆ پاراستنی هێمنی و هێوری، شێوەیەکی کۆلەداریی باو بوو. ئەم

---

١ – عەبدوسسەلام دێتەوە بیری کە جارێك یەکێك لە مریدانی شێخ پێیگوت کە خەڵك بە خراپ دەدوێن و دەڵێن شێخ ڕۆژوو ناگرێ و نمێژ ناکا. گوتی: "گوتم هەر ئەوەندە دەڵێن؟" کاتێك پرسیم ئەو شێخە فیرقەیەکی تایبەتی ساز کردووە، بە ڕاوێژێکی زیرەکانە گوتی: "ڕەنگە ئەم باسە زۆر دوور نەبێ لە ڕاستی." پاشان ئایەتێکی قورئانی خوێندەوە: "نمێژ بکەن هەتا منتان بێتەوە بیر." هەروەها درێژەی دا: "ئێمە داکۆکی دەکەینە سەر وەبیر هێنانەوە هەتا نمێژ کردن. هێندێك دەڵێن دەبێ مرۆص لە شەو و ڕۆژا سێ یان پێنج جاران نمێژ بکا، بەڵام ئەگەر خواوەند هەمیشە لە بیری ئادەمیزادا بێ، هەمیشە هەیە، چ لە خەودا، چ لە بێداریدا، چ لە وەختی کار و ڕێڕۆیشتندا.

تاقمە چەکدارانە لەگەڵ سپای تازە پێ‌گرتووی ئێراقدا بە سەرکردایەتی ئەفسەرانی ئینگلیسی چوونە شەڕی سەرهەڵداوانی کورد.

ئاخرییەکەی ئینگلیسییەکان تاقمە چەکدارەکانی ئاسۆرییان بەرەڵلا کرد. ئەم کارە ئاکامی ئاڵوگۆڕی ئیشە سەرەکییەکانی ئیمپراتۆریتی بوو و ڕووداوی تاڵی لێ‌کەوتەوە. بریتانیا سەرەنجام ڕەزامەندی کۆمەڵی نەتەوەکانی سەبارەت بە نەوتی کەرکووك لە ساڵی ١٩٢٦دا وەرگرت و بە گۆڕینی سەرپەرستێتی بۆ ناسینی ڕواڵەتیی ئێراق وەك وڵاتێکی سەربەست لە ١٩٣٢دا تەقەلای کرد ناسیۆنالیزمی عەرەب بێدەنگ بکا. ڕاگوێزرانی دەسەلات بۆ دەوڵەتی هەوسارکراوی ئێراق بە واتای کۆتایی هاتنی پشتیوانیی بریتانیا بوو لە تاقمە چەکدارەکانی ئاسۆری, کە کەوتبوونە بەر نادلۆڤانی هەردوو کۆمەڵی عەرەب و کوردی ئێراق. کوردانیش بە هەق لەم بارودۆخە تۆقیبوون و ئەویان وەك کۆتایی هاتنی خەیاڵاتی خۆشیی خودموختاری – ئیدی چ بگا بە سەربەخۆیی – دانا و تەواو پەرۆش بوون. ئەم ڕاگوێزرانی دەسەلاتە بۆ دەوڵەتی هەوسارکراوی ئێراق – زیادە لەم نەخشەیەی کە ئینگلیسییەکان بۆ بنەگر کردنی ئاسۆرییەکان بوویان – یارمەتی هەڵگیرسانی ئاگری شۆڕشی دووبرالەی بارزانی دا.

لەوان سەردەماندا کە لێوردنی زیاتر باو بوو, دووبرالە و پەیڕەوانیان دوورخرانەوە بۆ خوارووی ئێراق و دواتر ماوەیەك لە سلێمانی خرانە ژێر چاوەدێری. شێخ ئەحمەد ڕێبەری دینی و دنیایی بارزانییەکان بوو, بەڵام ئەمە مەلامستەفا بوو کە لە سلێمانی ڕایکرد و ئاڵای شۆڕشی سەرەتا لە ١٩٤٣ و پاشان لە ١٩٤٥دا هەڵکرد. ئینگلیسییەکان لە گەرمەی شەڕی دووەمی جیهانیدا, زۆریان خۆش لەم ڕەوت و ڕووداوانە نەهات. هێزێکی سزادەری زەبروەشێنیان بۆ سەرکوتی دووبرالان هەنارد. عەبدوسسەلام کە منالۆچکەیەك بوو لەگەڵ مامەکانی بە شاخەکانی ئێراقا ڕایکردە ئێران و لە ئێران بارزانییەکان بوونە یەکە پاڵپشتی "کۆماری کەم تەمەنی مەهاباد."

لە ١٩٤٧دا کاتێك ژێنێراڵ بارزانی لە باتی گەڕانەوە ئێراق و بەرەوڕووی تاوانی سەربزێوی بوونەوە یا پەنا بردنە بەر ئێران بەری دایە ڕێ‌پێوانە حیماسییەکەی خۆی بۆ

یەكێتی سۆڤیەت, باوكی عەبدوسسەلام لەگەڵیا چوو. بەڵام عەبدوسسەلام و شێخ ئەحمەد و زۆربەی مێران و تەواوی خێزانەكان ئاودیوی سنوور بوونەوە و گەڕانەوە ئێراق و خۆیان بە دەستەوە دا. سەرەتا ئەوانیان لە كوردستان زیندانی كرد, پاشان ناردیانن بۆ كەربەلا — شاری پیرۆزی شیعان — و جا ئەوجار دوورخرانەوە بۆ بەندەری بەسرە و بەغدا. لە ١٩٥٨دا بالادەستانی شۆڕش كە حوكماتی پاشایەتی ئێراقیان ڕووخاندبوو, شێخ ئەحمەدیان ئازاد كرد و ئەویش بێ ڕاوەستان لە بابەت گەڕانەوەی مەلامستەفا و هاوڕێیانی كەوتەخۆ. عەبدوسسەلام گەڕایەوە بارزان؛ باوكی لە ١٩٦١دا چووە پاڵ شۆڕشی بارزانی؛ لە ١٩٧٥دا بازرەی ئێران بوو, هاتەوە ئێراق و دوورخرایەوە بۆ باشوور.

عەبدوسسەلام لەسەر یەك تەنیا چواردەساڵان لە بارزان ژیا بوو و سەرەڕای ناڕەحەتییەكی كە لە بابەت دەستێوەردانی غەواران لە كاروباری كوردستانەوە هەیبوو, تاوانی ئەم خەتا و هەڵانەی كە خەڵكی تووشی وەها چارەنووسێك كردبوو لە چاوی خودی ڕێبەرانی كوردی دەزانی. بە داخ بوو بۆ ئەو هەشت هەزار بارزانییەی كە ١٩٨٣ بێسەروشوێن چوون. بۆ ئەمەی كە بتوانێ باشتر ڕێبەرانی كورد بداتە بەر ڕەخنە, خۆی لە جێی ئەوان دادەنا و ئەم دەنگەی دەبردەوە پاش كە لاوەكی بەرپرسی ئەم ڕووداوەیان پێكهێناوە. دەیگوت: "ئێمە نابێ جگە لە خۆمان كەسیتر سەركۆنە بكەین. وەختایەك ئێمە یاریدەی دوژمنانی سەددامـمان دەدا و خەڵكەكەمان لە ژێر حوكم و دەسەڵاتی ئەوا بوون و ئێمە تەنیا بە دووی قازانجی خۆمانەوە بووین, كوا بیرمان دەكردەوە كە سەددام حوسێن بڵێی چ بكا؟ من كە لە ئێران بووم دەستی وێمڕانەدەگەیشت, بەڵام خۆ دەستی دەگەیشتە ئەوانەی لێرە بوون و بەداخەوە هاوناوی من بوون و پێیان دەگوترا بارزانی."

فاتم حەمەساڵە — كە یەكێك لەم خانووبەرە ساكارانەی وێدرا بوو كە بە پووڵی ئەڵمانییەكان چێ كرابوو — خۆی بە یەكێك لە بارزانییە بەختەوەرەكان دەزانی. كاتێك دایك و باوكی چوونە مەهاباد, ئەو منداڵ بوو؛ دواتر لەگەڵیان گەڕاوە ئێراق؛ لە

وەختی شکستەکەی ساڵی ١٩٧٥ لە ئاخرین دەما تەمای گرت کە ئیتر نەچێتەوە ئێران. گوتی: "یەسترێکمان نەبوو, هەتا سنووریش ڕێیەکی دوور و درێژ بوو." ئەویان لەگەڵ بنەماڵەکەی دوور خستەوە بۆ باشوور. "هەر خێزانە کوردێکیان بەسەر گوندێکا دابەشی, بۆ ئەوەی لێکدابڕێین." بەڵام پاش پێنج ساڵان خۆی و بنەماڵەکەی ئیزن دران بگەڕێنەوە کوردستان و نێردرانە "قوشتەپە".

وەختایەك سەددام حوسێن لەو بەرەبەیانەی ژووئیەی ١٩٨٣دا بە بێ هیچ وریایی‌دان و بێ‌ڕاگەیاندنێك ئەو ٨٠٠٠ بارزانییەی کۆ کردەوە, شووەکەی لە ماڵ نەبوو, چووبوو بۆ لای دوکتۆر و لە ئاکاما توانی خۆی حەشار دا و زیندوو وەمێنێ. بەڵام کورە یازدە ساڵانەکەیان "بزر بوو. گوتی: "پێیان گوتین پیاوەکانیان بۆ کۆبوونەوەیەك دەوێ و سێ ڕۆژی دی دەگەڕێنەوە. بەڵام کەس فریوی ئەم گوتانەی نەدەخوارد. ئەو ژنانەیان کوشت کە دەیانویست پێشی بردنی شووەکانیان بگرن و زەحمەتیان وە بەر هێزەکان نابوو. ژاندرمەیان نارد و ئێمەیان کوتا و ئاو و کارەبایان لێ‌هەڵبڕین. هەتا دوو مانگان هەر دەهاتنەوە هەتا بزانن داخوا پیاوێك ماوە یان نا و پێیان‌گوتین ئێوە دەبێ لێرە بمرن." ئەم ژنە لەسەر یەك نیزیکەی ٣٠٠ کەس لە کەس وکار و ئەقرەبای دوور و نیزیکی تێدا چوو بوون, بەڵام دوو کوڕ و پێنج دۆتی مابوون. لە ١٩٩١دا هەر کە توانی گەڕایەوە بارزان و دوو زستانی سەخت و ساردی لە ژێر خێوەتا ڕابوارد. گوتی: "تەواوی ڕەز و باخەکان تێك‌ومەکان دراو و سووتابوون, گایەکیشمان نەبوو جووتی پێ‌بکەین." دەست‌وپلی بە کاروباری مەزرا و بژارەوار و هەڵکەندنی دڕك‌وداڵ و خۆش‌کردنی زەوی‌وزار بۆ ناشتنی دارەسێو و هەنجیر و چاندنی بێستان و چەقاندنی هەنار و پستەیەکی کە تەمای وا بوو دیسان ڕەنێویان بێنێ, شەقار شەقار ببوو. گوتی:"لە ڕابردوودا بارزانییەکان پتر لە کوردانی دی تووشی دەرد و ئازار هاتبوون؛ بەڵام ئەمجار هەموو لایەك چەوسانەوە, تێکڕا زەحمەتیان ڕێنیشت."

بەشی ٩

بوولەرزەی کۆمەڵایەتی تورکیا

ئانکارا ڕەنگە بتوانێ دەریا وشك‌کا, بەڵام ناتوانێ ماسی بگرێ.
یاشار کەماڵ

تەنیا وڵاتێکی کە وەکوو کۆیلان سەبارەت بە ڕەگ و ڕیشەی ویشك و کرژهەڵاتووی بنەڕەتیی خۆی خاوەن ئیمان و وەفادار بووبێ توانیویەتی وەك تورکیا ئا بەم شێوەیە لە دوایین دەیەی سەدەی بیستەما خۆی بخاتە تەنگەژەوە. جا چاوت لە گاڵتەی ڕۆژگار بێ, هەر ئەم کوردانەی لە تورکیادا کرانە یەکەم قۆچی قوربانیی, ئێستا پاش حەفتا ساڵان خۆیان لە بارودۆخێك‌دا دیوەتەوە کە کەوتوونە ریزی پێشەوەی ئەم هۆکارانەی وا پەیتاپەیتا حوکماتێك بەرەو باریك و بنێسی دەبەن کە مستەفا کەمال ئاتاترك بناغەی ڕۆنا. بە کاو نەگەینی دەوڵەتیش لە شوێنی خۆی بۆتە هۆی ئەوەی هەتا ئاواتی زۆرێك لەم ترکانەی هیوادار بوون باشترین هەلی ڕێککەوتوو بۆ وە پیشەسازی گەڕانی پتر و پەرەپێدانی دێموکراسی لادینی و گەشەی سامان و ئێروو وڵاتی لێ‌بکەوێتەوە,تووشی مەترسی بێ. تەواوی ئەم ئاواتانە لەگەڵ ناکامی ئەو دەوڵەتانەی کە پاش ١٩٤٨ هاتنە سەر دەسەڵات و نەیانتوانی کۆتایی بە شەڕی نێوخۆ بێنن کە

خەریك بوو لە وڵاتا تەشەنەی دەکرد و زۆریش پڕ خەرجوبەرج بوو, وە ناهومێدی گەڕان.

لەگەڵ ئەمانەشدا ئەم دەرفەتانەی کە لەسەر کاغەز بۆ تورکیا ڕێککەوتبوون, قەت لەمە باشتر نەبوون. وێڕای کۆتایی هاتنی شەڕی سارد ولێکهەڵوەشانی یەکێتی سۆڤیەت, تورکیا بۆ یەکەم جار لە ماوەی دووسەت ساڵی ڕابردوودا ئیدی لە لایەن دراوسێی بە دەسەڵاتییەوە – ڕووسیا – نەدەکەوتە بەر هەڕەشە. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ئەم ئاواتانە نەهاتنە جێ و خەیاڵاتی وە دەس هێنانی توانایی و سەروەت و سامان لە کۆمارە ترکزمانەکانی کە لە ژێر دەسەڵاتی درێژخایەنی مەسکەو ڕزگاریان ببوو پووچ دەرچوو. کۆماری تورکیا بە دڵبەستن بە ڕواڵەتی دێموکراسی و ئەندام بوون لە پەیمانی ئاتلانتیکی باکووریدا و کەوتنە ریزی هەرە پێشەوەی ئەم بەرەیە و بەشدار بوونی لە دامەزراوە هەمە چەشنەکانی ئورووپاییدا, خۆی بەستبۆوە و بێپسانەوە مەیل و تاسەی ڕۆژاوایی خۆی وەك وەفاداری بە خەیاڵاتە "نوێخوازی"یەکەی ئاتاترك بە تەپیعالەم دەکوتا. بەڵام بە تێپەڕ بوونی زەمان, کەمالیزم وا بوو بە شوێنی ڕەنگدانەوەی بیرۆکە هەمە چەشنەکان و خوازراوە لە شۆڕشەکانی فەڕانسە و ڕووسیا و شێوەی بیری "مووسوولینی" لەسەر وڵاتی یەکپارچە, ئیتر واتایەکی "نوێ" نەبوو... ئەو شتەی کە وا زۆر بەگەرمە شوێنی لەسەر مستەفا کەمال دانابوو بۆ بنیاتنانی کۆماری تورکیا لە **۱۹۲۳**دا, بیروڕاکانی مووسوولینی بوو.

ڕێز و کڕنۆشی باوی حکوومەتیی بۆ ئەم "ناوەند"انەی کە ڕۆژ بە ڕۆژ قاڵورتر دەبوون, لەسەر سندووقەکانی دەنگدانا وە درۆ دەخرایەوە. لەنگ و لۆری کارەکە هەر چۆنێك بوو بێ تورکیا – لە مابەینی گۆدەتاکاندا – هەروا وڵاتێکی بە ڕواڵەت دێموکراتیك بوو کە بیروڕای هەڵبژاردنی ئازاد و فرەحیزبی دەپاراست. ئەمەش خۆی لە هەڵسەنگاندن لەگەڵ ئێران و ئێراق و سووریادا کە هەر کام جەماوەرێکی گەورەی کوردیان لە خۆ دەگرت, جیاوازییەکی بەرچاو بوو. بەڵام لە هەڵبژاردنی ساڵی **۱۹۹٥**دا لە سەتا چلوشەشی خاوەنانی حەقی بەشدار بوون لە هەڵبژدندا, دەنگەکانی خۆیان زایە کرد: سەرەڕای لە گۆڕا بوونی کەڵەزەربی قانوونی بۆ بەشداری لە هەڵبژاردنا, بەشدارییان نەکرد, دەنگەکانیان بە لاڕێدا برد و دایان بە پاڵێوراوانی

ئیسلامی یان بەو گچکە حیزبانەی کە لەبەر وە دەس نەهێنانی لە سەتا دەی تەواوی دەنگەکان و نەگەیشتنە ڕادەی پێویست بۆ چوونە پارلەمان, قرت بوون. ڕۆژنامەی "حوڕرییەت" کە سەر بە "گەڕیانی سیاسی بەرفرەوانی" وڵاتە بە داخ و کەسەرەوە بەم ئاکامە گەیشت کە ترکان بۆ یەکەم جار کەوتوونە دژایەتی کردنی بیروڕای ئاتاترك و "ناوەند"ەکانی کۆماری تورکیا. تەریق بوونەوە و تێشکاویی هەڵبژاردن بە ڕادەیەك بوو کە یەکێك لە ڕۆژنامەنووسانی بە ئەزموون نووسی: "ئەو دەزگایەی کە لە تورکیادا حکوومەت دەکا, دەوڵەتێکی هەڵبژاردە نیە, بەڵکوو "حوکماتێکە" کە لە لایەن هێزەکانی "پەنامەکی"یەوە هەڵدەسووڕێ کە بۆ قوتار کردنی خۆیان و "سیستمی ئیدئۆلۆژی باو" پاروان داوێنە بەردەمی دەوڵەتانی بەدرۆ."

لە سەرەتای نوامبری ١٩٩٦دا کارەساتێکی ئوتۆمبیل لە یەکێك لە شارێیەکانی سەد میل ئەولاتری باشووری ڕۆژاوای ئیستامبوڵ ڕووی دا کە ئەم مەبەستەی بە شێوەیەکی وا ڕوون دێنایە بەرچاو کە هیچ "نیشتمانپەرستێکی" توند و تیژیش نەیدەتوانی دەسکیسی دەزگای حکوومەتی تورکیای تێدا وە درۆ بخاتەوە. ئەو کەسانەی کە لەم ڕووداوەدا لەڕێوە مردن بریتی بوون لە یەکێك لە شاجوانانی پێشووی تورکیا و پاسەوانە پیاوکوژەکەی کە لەبەر ڕاکردن لە زیندانی سویس بە تاوانی دەس تێدابوونی لە کڕین و فرۆشتنی مەوادی موخەدیردا, پۆلیسی نێونەتەوەیی بە بێ‌وشوێنییەوە بوو؛ سێهەم کەسی کوژاو لەم ڕووداوەدا, یەکێك لە باڵادەستانی دەزگای ئاسایش بوو کە ماوەیەکی درێژ لە شاڵاوی دژی پێشمەرگەدا لە کوردستان چالاکی نواندبوو و لەم بابەتەوە بەناوبانگ بوو. تەنیا پاشماوەی ئەم ڕووداوە "سیدات بوجاك", دەربەگی کورد و ئەندامی پارلەمان بوو کە سپایەکی تایبەتیی جاشانی بۆ حکوومەت تەیار کردبوو و دەوڵەتی تورکیا بە دانی مانگانەیەکی یەك میلیۆن دۆلاری بۆ مووچەی جاشەکانی ڕێ‌وشوێنی "حیسابداریێتی" خۆی ژێر پێ خستبوو. دوکتۆری چارەسەرکەری بوجاك گوتی کە نەخۆشەکەی تووشی فەرامۆشیی کاتی هاتووە کە جارێ ناهێڵێ ئەشتەکی باش و بە کەلك وە بیر بێنێتەوە. بەڵام چەند ڕۆژێکی نەکێشا کە دۆستی لەمێژینی ئەم تاقمە چوارکەسییە, یانی "محەممەد ئاگار", وەزیری نێوخۆ,

ناچار بوو دەس لە کار بکێشێتەوە. ڕاگەیەنەرە گشتییەکانی تورکیا لەپەستا پەردەیان لەسەر بێئابڕوویی و چەپەڵکارییەکان لا دا: ئەم کارەیان لە چەك‌وچۆڵ و چەکی دەنگبڕدار و دەرکردنی چەند پەساپۆرتی ڕەسمی و پسوولەی ئیزنی چەك هەڵگرتن و پێنج شەش وەرەقەی پێناسین بۆ "عەبدوڵڵا جاتلی" بە ناوی جۆراوجۆرەوە دەس پێکرد. یەکێك لە خاڵە زەقەکانی ئەم ڕەوت و گەڕیانە دەریدەخست کە عەبدوڵڵا جاتلی پتر لە دە ساڵان یەك لە خافڵکوژە ڕەسمییەکانی دەوڵەت بووە و ئەمە سەرەڕای دەورێك بوو کە لە ساڵی ١٩٧٧دا بۆ قوتار کردنی "محەممەد عەلی ئاگجە" لە زیندان گێڕابووی: محەممەد عەلی ئاگجە هەر ئەو کەسە بوو کە دواتر پەلاماری گیانی "پاپ"ی دا. بەڵام لەم نێوەدا و لەم ڕەوت و ڕووداوانەدا هەمیشە یەکانگیری و خاڵێکی هاوبەش بەدی دەکرا: پەرەگرتن و بڵاو بوونەوەی جیناياتی ڕێکخراو لە سپا و هێزەکانی ئاسایش و دەوڵەت و پارلەماندا, کە زۆر جاران قاچاخگەریتی مەوادی موخەدیر و کوشتن و پێ لێ‌هەڵێنانەوەی ئەو چەند بەختەوەرەی کە لەم "حکوومەتە نێو حکوومەتییە"دا چالاك بوون, وە بەرچاو نەدێنا. ئەمانە سەرجەم نێوك و نێوەندی هەر ئەو شتەیان پێك‌دێنا کە لە قساندا بە تاقمی "لایەنگرانی شەڕ" مەنشوور بوو, کە چاوچنۆکی ماڵ‌کۆکردنەوەی خۆیان بە "نیشتمانپەرستی کەمالیستی" پەردەپۆش دەکرد و دژبەری چارەسەری کێشەی کوردستان بوون بە باری سیاسی‌دا. شتێکی کە بەتایبەت کەمالیستەکانی تەواو داخورپاند, سەرهەڵدانی حیزبی ئیسلامی ڕیفاه بوو, کە وەك تەنیا حیزبی بەربڵاوی وڵات هاتە مەیدان: ئەم حیزبە لە هەڵبژاردنا ٢١٪ تەواوی دەنگەکانی وە دەس هێنا کە سێ‌بەرابەری ڕێژەی ئەو دەنگانە بوو کە لە هەڵبژاردنی ١٩٨٧دا کۆی کردبۆوە. لە ١٩٩٤دا ڕیفاه زۆربەی شارەوانییەکانی گەورەی شارە قەوغاکانی تورکیای وەك ئانکارا و ئیستامبووڵ و ئیزمیری خستە ژێر ڕکێف.

زۆربەی کوردان بۆ تەمێ کردنی حیزبە گەورە لادینەکانی وڵات کە ئەوانیان بە بەرپرسی بارودۆخی تاڵ‌وتوونی کوردستان دەزانی, دەنگیان دا بە ڕیفاه. بەڵێنەکانی ڕیفاه و وادەی کۆتایی هێنان بە شەڕی کوردستان و ئیزنی کەلك وەرگرتن لە زمانی کوردی لە ڕادیۆ و تەلەفیزیۆن و قوتابخانەکانا, گەشەی بەم ڕەوتە دا. دەوڵەت بە ڕادەیەك لە دەسەڵات وە دەس هێنانی "ڕیفاه" تۆقیبوو کە مانگێك بەر لە هەڵبژاردن بۆ

شێواندنی كاروباری ئیسلامییەكان لـە كوردسـتان, ئیزنـی دا بـە هـادپ (HADEP)، ئاخرین حیزبی ئازادی كورد كە پاڵێوراوەكانی بۆ هەڵبژاردن بناسێنێ. سەرەڕای شەڕ و سەركوتێكی دە ساڵانە لە كوردستان, چالاكی هەڵبـژاردن زۆر گـەرم و لـەگوڕ بـوو. ژنانی كورد كە بە گوێرەی دابی كۆن دەكەوتنە پشتەوەی شانۆ, بۆ یەكەمجـــار ئـــەم نەریتەیان وەلا نا و لە كۆبوونەوە سیاسییەكان لە دیاربەكر و باژێرە كوردنشینەكانی ترا بەشداریان كرد و بوونە لاگیر و خوازیاری كۆتایی هێنان بە سەركوت و زۆرەملی.[١]

لـەم بەینەدا شتێكی تازەی دیكەش سەری هەڵـدا: بنكـە و دامـەزراوە گـەورەكانی پیشەسازی و بازرگانێتی, یانی ئەو بەشە لە توركیای تـازە كـە تـەمای وابـوو كـۆت و بەندی بە بێنەوبەرەی شێوازی كەمالیستی هەڵپسێنێ و خۆی قوتار كـا و وڵات بـەرەو بارێكی ئاواڵـەتر باژوێ, بۆ یەكەم جار گوتیان كە دەبێ شەڕ دژی كوردان كۆتـایی پـێ بێ. لە ١٩٩٥دا, یەكێتی گەورەی خاوەنكـاران ئاكـامی "توێژینـەوە و موتـالا"یـەكی لەسەر ڕاسپاردەیی خۆی دەرخست كە نیشانی دەدا كـوردان بـە پێـچەوانەی كوتـەی پ.ك.ك. و داكۆكی دەوڵەت لـەسەر ئەمـەی كـە بـە خـەڵك بـسەلـمێنن خوازیـاری سەربەسـتین, داواكـاری جیـا بوونـەوە نـین و بـەڵكوو دەیانـەوێ كـە لـە پارێزگـا كوردنشینەكاندا لە مافی سیاسی هاووڵاتییانی "پلە یەك" بەهرەوەر بن و ئەمـە هـەق و خواستێك بوو كە زۆر وە درەنگ كەوتبوو. ئاشكرا نیـە چ بـوو و چ هاتـە پـێش كـە

١-سەرەڕای دەربڕینی ڕەزامەندی درەنگ‌وەخت لە بابەت پاڵێوراوەكانی "هـادپ"ەوە, ڕیفـاه ٢٧٪ی دەنگـی پارێزگا كوردنشینەكانی وە دەس هێنا و لە كوردستاندا كەوتە پلەی یەكەم یـا دوو. بـەڵام هـادپ لـە ناوەنـدە قەوغاكانی كوردا زۆر سەركەوتوو بوو: هەكاری ٥٤٪, دیاربەكر ٣٧٪. لەم ناوچانە دەنگدەران بڕوایان وابوو كە هادپ پارێزگاری لە پێناسەی كوردی دەكا. بەڵام لە شارەكانی ڕۆژاوای توركیا گەلێك ناسەركەوتوو بوو. ئەم ناكامییە, یانی (٤/١٧٪ لە تەواوی وڵاتا) لەبەر هێندێك هۆ و هۆكاری جۆراوجۆر بوو: ناونووس نەكردنی ئەو كوردانەی بۆ شارەكانی تر دوور خرابوونەوە, كەم بوونی هەل و مەودا بۆ هەڵسووڕانی چالاكی هەڵبژاردن, مەیلی خەڵك بۆ زایە نەكردنی دەنگەكانیان و ترس لە پشتیوانی هادپ بۆ پ.ك.ك. و هاوبەندی هادپ لەگەڵ حیزبە بچووكەكانی باڵی چەپ. (بە وە دەس نەهێنانی لە سەتا دەی دەنگە پێویستەكان بۆ چـوونە پارلـەمانـەوە) ئاكامەكەی ئاوای لێهات كە زۆرێك لە كوردان, بەتایبەت لە ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهـەڵات بـەم ئاكامـە بگەن كە لە بەشدار بوونی ڕاستەقینە لە هەڵبژاردنا بێبەش كراون.

کۆمەڵی پیشەیی و بازرگانێتی ئاخرییەکەی ئەم غەیرەتەی وەبەرهات کە بڕوای خۆی دەقودۆغر دەربڕێ؛ باشە بۆچی ئەم گشتە ساڵە سەری دە قاپێلکی خۆی نابوو و متەقی نەدەکرد؟ هەرچۆنێك بوو ئەم خورد بوونەوە لە قازانجی تاکەکەسی سەرەنجام باسەکەی کێشایە ڕۆژنامە و ڕاگەیەنێرەکان.

سەرکەوتنە تازەکانی تورکیا لە کاروباری بانکداری و قوماشتەنی و سازکردنی کەلوپەلی هەمە چەشن لە ئوتۆمبیلەوە بگرە هەتا یەخچاڵ، بە هۆی هەڵوێستی بیرتەسکانەی دەوڵەت کە چارەسەریی ئەم شەڕە درێژخایەنەی بۆ نەدەکرا، کەوتە مەترسی. بەڵام تەنانەت کۆمەڵی سەنعەتی و بازرگانێتیش بە ڕادەی پێویست پتەو و خۆڕاگر نەبوو. ئەم کۆمەڵە وەها لە داهاتووی هاتنە سەر دەسەڵاتی حیزبی ڕیفاه تۆقی کە پاش ڕاگەیەندرانی ئاکامی هەڵبژاردن لەڕێوە دەستی یەکێتی دایە نیزامییان. دوو باڵی گەورەی سیاسی وڵات، یانی حیزبی "دایکی وەتەن"ی مەسعوود یەڵماز و حیزبی "ڕێی حەقیقەت"ی تانسوو چیللەر پاش دوو مانگ چەنە لێدان، ئاخرییەکەی یەکایەتێکی لەرزۆکیان پێکهێنا. کەم بوون ئەو ترکانەی لایان وابێ کە ئەم دەوڵەتەی وا قەرارە هەر بە چەن مانگان سەرۆکی یەکێك لەم دوو حیزبە سەرۆکایەتی بگرێتە ئەستۆ، بتوانێ هەتا کۆتایی دەوری پێنج ساڵەی پارلەمان خۆڕابگرێ، جا چ بگا بە وەی کە ڕێیەکی باش و بەجێ بۆ شەڕی کوردستان یان تەنگەژە و گرێ و کۆسپەکانی دیکەی تورکیا وەدۆزێ.

لەبەر ئەمە کاتێك دەوڵەتی هاوبەندی نوێ هەر لە سەرەتاوە سیاسەتێکی ڕاگەیاند کە وا دیار بوو ئاڵوگۆڕێکی گەورەی لە بەستێنی سیاسەتی حکومەتا سەبارەت بە کوردان نیشان دەدا، زۆرێك لە ترکان و کوردان کەوتنە شك و دوودڵی. یەڵماز هەندێك پاش ئەوەی کە لە مارسی ١٩٩٦دا وەك یەکەم سەرۆکوەزیری بە نۆرە و دەورە دەس بە کار بوو، لە نەورۆزا، لە ڕۆژی جێژنی نەتەوەیی کوردانا، کە کەمالیستەکان بە مەبەستگەلی تایبەت بە باری ترکانەیاندا خستبوو، چەند بەڵێنییەکی تەماوی لە بابەت هەڵسوکەوتی تازەی دەوڵەت لەگەڵ کێشەی کورد و کۆتایی هێنان بە باری نائاسایی لە کوردستاندا دەربڕی. گەلێك ترك و کورد بە

چاوی گومانەوە ڕوانییانە ئەم بەڵێنانە. یەڵماز ڕووی کردە ئەنجومەنی گەورەی نەتەوەیی (پارلەمانی تورکیا) و گوتی: " ئێمە بەم ئاکامە گەیوین کە ئەم کێشەیە بە باری نیزامییدا چارەی نایە و بەڵکوو دەبێ بە ڕێگایەکی هێمنانەدا چارەسەر بکرێ." ئەو یەکەم ڕێبەری ترك نەبوو کە لە وەختی هاتنە سەر دەسەلاتیدا ئەم چەشنە بەڵێنانەی دەدا و هەر وەها تەمای بۆ لا بردنی قەدەغە و قۆرغ لەسەر زمانی کوردی و کۆتایی هێنان بە باری نائاسایی لە کوردستانا بەم واتایە نەبوو کە دەوڵەت دەیهەوێ لە ڕێی وتوویژەوە کۆتایی بە شەڕ بێنێ لە کوردستان.

هەرچۆنێك بوو، دەوڵەتی هاوبەند لە ئاکامی تۆڵە ئەستاندنەوەی نەجمەدین ئەربەکان، ڕێبەری حیزبی ڕیفاه کە لە دەسەلات کەوتبوو، دروست بەر لە هەڵبژاردن ڕووخا: ئەو شتەی کە ڕووخانی دەوڵەتی هاوبەندی خێراتر کرد، تاوانێك بوو کە ڕیفاه خستیە ئەستۆی خاتوو چیللەر، یەکەم سەرۆکوەزیری ژنی تورکیا و ڕایگەیاند کە ٦/٥ میلیۆن دۆلاری بەرتیل وەرگرتووە. داب و ئەخلاقی سیاسەت لە تورکیادا کەوتبوە سەر وەها بارێك کە وێڕای تەواوی ئەمانە ئەربەکان و چیللەر خێرایەکی پێکەوە دەوڵەتێکیان پێکهێنا، کە لە ١٩٢٣ڕا بۆو لایە بۆ یەکەم جار سیاسەتمەدارێکی ئیسلامی وەك سەرۆك وەزیر کردە نێرۆی تورکیایەکی کە پەیڕەوی لە ڕێ و شوێنی جودایی دینی دەکرد لە سیاسەت. چیللەر لەپڕ ئەم شوێن و دەورەی کە پروپاگەندەی زۆر بۆ کرابوو و ئەوی وەك بەرهەڵستێك دادەنا لە بەرامبەر ئیسلام دا وەلا نا: ئەمەش هەڵوێستێك بوو کە ئەو لە واشینگتۆن و پایتەختەکانی تری ڕۆژاوایی بە چڕ و پڕی دەریپڕبوو. ئامادە بوونی خودی ئەربەکان بۆ شل کردنەوەی هەڵوێستە سیاسییەکانی پێشووی دەربارەی کوردان و نێوخۆی ولات و گەڕیانەکانی پێشتر، دەگەڕاوە سەر نیازێك بۆ ڕەواندنی دڕدۆنگی سپا سەبارەت بە خۆی کە زۆری تەبلیغات لەسەر کرا بوو.

ئەم پارێزکردنە جوان دیار بوو. لە سیاسەتا ڕەمزەکان گرینگن، بەلام ئەم ڕەمزانە زۆر جاران ئینسان لە ئەزموونی بەکەلك دەگێڕنەوە. ئۆگری و مەیلێکی تێکەڵاو بە پیرۆز دانانی شۆڕشی فەڕانسە لە لایەن ئاتاترکەوە، یارمەتی شی کردنەوەی تامەزرۆیی بەردەوامی تورکیای دا لەسەر ژاکوبینیسم، یانی بڕوا بە ولاتێکی کۆدەسەلات و جیا

لە دین کە گەلە جۆراوجۆرەکانی لە جەغزی ئایینی پەرستنی تاقە گەلێکدا, تەنانەت بە زەرەدی فەرهەنگ و زمان و مەزەب و گشت داب و نەریتی نەتەویی ئەم نەتەوانەی بە یەکەوە دەلکاند. دوای شەڕی یەکەمی جیهانی ژاکوبینیسم وەك تەنیا ڕێوشوێنێك هاتە بەر چاو کە بتوانێ ڕێ بۆ تورکیا تەخت کا هەتا ڕوو لە نەریتی بێشەرمانە و ئابڕووچووانەی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی وەرگێڕێ, ئەمەش وەختایەك بوو کە پەیمانی "سێڤر" هەرێم و ناوچەکانی پاشماوەی عوسمانی لە نێوان یۆنان و ئیتالیا و ئەرمەنی و تەنانەت کوردانا دابەش دەکرد. ئەم پەیمانە و دەستێوەردانی لێژنە ئایینییەکانی مەسیحی لە کاروباری عوسمانی سەدەی نۆزدەهەما وەها "پارانۆیا"یەکی لە نێو ترکانا بەدیهێنا کە پتر بە چاوی وێنەیەکی تازە لە پیلانێکی لەمێژین کە دەیروانیە دابەشینی تورکیا, تەماشای ئەم پشتیوانییەیان دەکرد کە بە سەرکردایەتی ئەمریکا لە کوردان دەکرا لە بەرامبەر سەددام حوسێنا.

لەگەڵ هەمووی ئەوانەدا "گرژهەڵاتنی" شادەمارە سیاسییەکان لە ساڵانی ڕابردووەوە, هەنتەشی کەڵەزەرپانەی پەیکەرە و وێنەکانی ئاتاترك لە شوێنەکانی گشتیی و گەرەك و کۆڵانان بوو بە سەمبولی بێ چەقاندن و مل نەدانی حکوومەت بۆ قبووڵ کردنی ئاڵوگۆڕ لە داب و ڕەسمە بنیاتنراوەکانی ئەوا, کەچی تەنیا سەلماندن و دەربڕینی ڕەزامەندی لەسەر ئاڵوگۆڕی ئەم داب و ڕێوشوێنانەیە کە دەتوانێ داهاتووی حکوومەتێك دەستەبەر بکا کە ناوی ئەو [ئاتاترك] تێیدا تواوەتەوە. تورکیا کە کەوتبووە ژێر پاپۆکەی سیاسەتێك کە ماوەیەکی درێژ مەیلی نەبوو ئەو شەریکە و دامەزراوە دەوڵەتییانەی زەرەبار بوون بداتە دەس بەشی ئەهلی و یان ڕایەڵوپۆی سیاسی پەككەوتە و دارزاو لە شكڵ و شێوەی کۆجێیی و یەكبنەکی دەرباز کا, بۆ هەڵس‌وکەوت لەگەڵ کوردان کەوتە توند و تیژی. پاش ئەوەی پەنجا ساڵێك بەسەر حاوانەوە و خۆ بە دەستەوە دانی کوردانا تێپەری, چالاکی بچووکی پارتیزانی لە ١٩٨٤ەوە لەسەر دەستی عەبدوڵڵا ئۆجالان و پارتی کرێکارانی کوردستانەکەی لە بنکەکانی سووریا و پاشان ئێراق و دواتر لە ئێرانەوە وردە وردە لە پارێزگاکانی ڕۆژهەڵاتی و باشووری ڕۆژهەڵاتیی وڵاتەوە پەرەی گرت. پێشمەرگەکانی پ.ك.ك. بەوپەڕی توند و تیژی, بە مەبەستی تۆقاندنی دەربەگ و مامۆستایانی قوتابخانە و

تەواوی بەشەکانی حوکمات و هەر وەها کوردانی ئاسایی, بۆ وێنە دژی ژمارەیەکی بەرچاوی ژن و زارۆکی خێزانە جاشاکان, دەستیان دایە پەلاماری خافڵکوژی. پ.ك.ك. بۆ وە دەس هێنانی پووڵ بە مەبەستی درێژەی خەبات ڕۆژ بە ڕۆژ پتر کەوتە نێو ڕایەڵەی قاچاخی هێرۆئین بۆ ئورووپای ڕۆژاوایی.[1]

***

لەساڵی ١٩٨٧دا, سەرەتا لە گوندان و دواتر لە سێزدە پارێزگای دراوسێدا, لە ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا باری نائاسایی و تایبەتی ڕاگەیەندرا, کە شتێکە وەك حکوومەت نیزامیی, کە ئەم هەرێمە لە ١٩٢٥ەوە تا ١٩٥٠ گیرۆدەی بوو و پاش وی لە ١٩٦٠ ڕا تا ١٩٦٣ و دیسان لە ١٩٧٠ڕا تا ١٩٧٤ نەپسایەوە. لە ١٩٩٠دا ئیزن درا بەم "قایمقامێتییە گشتییە"ی بنکەی لە دیاربکر بوو کە دەس بەسەر بڵاڤۆکی کوردی لە کوردستان و شوێنەکانی تری تورکیادا بگرێ و چاپخانەکانیان دابخا, کارمەندانی نێوخۆ جێگۆڕکە پێ بکا, گوندان بکاتە چۆڵەوار و بە تەگبیر و بەرژەوەندی خۆی خەڵك دوور بخاتەوە. (زۆر بە هەڵکەوت و دەگمەن) تەنیا ئەو ڕووداوانە لە ڕۆژنامە ڕەگەزپەرستەکانی تورکیادا بڵاو دەکرانەوە کە ئەم قایمقامێتییە بە سەلاح و پێویستی دەزانین و ئەم گۆڤار و ڕۆژنامانە بۆ هەڵپەرتاوتن و دەرهاویشتنی بەشێك لە هەواڵ و ڕووداوەکان نیازیان بە گاڵ دان نەبوو, بەتایبەت کە مەترسی دەس بەسەر داگیرانی چاپخانەش لە گۆڕێدا بوو. (دیسانیش جگە لە

١-کوردستان لەمێژە بەهەشتی قاچاخچییانە. بەناوبانگترین ناوەندەکانی قاچاخ "یووسکە کوا" لە تورکیا و "زاخۆ"یە لە ئێراق. بەر لە شۆڕشی ئیسلامی ئێران لە ١٩٧٩دا, بۆ ڕووخاندنی حکوومەتی پاشایەتی چەك لە باکووری ئێراقەوە بە قاچاخی دەچوو بۆ ئێران. لە ساڵانی دەیەی ١٩٨٠, بە تایبەت دەیەی ١٩٩٠دا هێرۆئین کە لە ئێران و ناوچەکانی ئەولاتریڕا دەهاتە تورکیا, ئاخرییەکەی بە دانی دمچەورانە بە کاربەدەستانی پۆلیس لە هولەند دەگەیشتە دەس کلۆ فرۆشانی پ.ك.ك. تێوەدرانی پ.ك.ك. لە کاروباری قاچاخی موخەدەراتا شتێکی تازە و بێ پێشینە نیە. نموونە بەرچاوەکانی ئەم کارە ئینگلیسییەکان بوون کە بارزگانێتی تریاکیان بەسەر چیندا دابڕی (شەڕی تریاك ١٨٤٢). ئەوان تریاکی هیندووستانیان دەناردە چین و پاشان فەڕانسەوییەکان بەشێك لە خەرجوبەرجی شەڕی هیندو چینیان (١٩٤٥ – ١٩٥٤) لەم ڕێیەوە دابین دەکرد. ئەیالەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش لە گەڕیانی شەڕی ویێتنام دا (١٩٦٣ – ١٩٧٤) بەم کارە تاوانبار بوو.

هەڵکەوتی دەگمەن) مەودای چالاکی بلاڤۆك و ڕاگەیەنەرەکانی ڕۆژاوایش لەمە باشتر نەبوو. سەرەڕای سووراوسپیاوێکی بە مەبەستی ئاڵوگۆڕی سەرسەرەکی لە ڕوخساری سیستمی دادوەری تاڵ و توندی تورکیا دەپژا – کە ئەویش دەگەڕاوە سەر زەختێکی وا وڵاتانی ڕۆژاوایی لە **١٩٩٢** خستیانە سەر تورکیا – بە کردەوە هیچکام لەم "چاکسازییانە" ئەو ناوچانەی نەدەگرتەوە کە باری نائاسایی و سنووردariyan بۆ دیاری کرابوو. بە گوێرەی ڕاپۆرتی چالاکانی خۆجێیی مافی مرۆص, ڕێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەیی, نێرەڤانی مافی مرۆص و ڕاپۆرتەکانی ساڵانەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە بابەت باری مافی مرۆص لە جیهانا, لەم ناوچانە پۆلیس و تاقمەکانی ژێربالی لەوپەڕی بێخەیاڵی و تەناهیدا خەڵکیان ئەشکەنجە دەدا و دیانکوشتن. هەزاران کەسیان لە "گومان لێکراوان" کێشایە پای محاکەمەی دەزگای ئاساییش کە تۆرەمە و پاشکەوتەی دەزگاکانی "مەحکەمەی ئیستقلال" بوون کە پاش شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران لە **١٩٢٥**ەوە کەوتبوونە گەڕ.

لە دەسپێکی دەیەی **١٩٩٠**ڕا بۆو لایە ڕێژەی کوژراو و بریندارەکانی شەڕی نێوان ترکان و کوردان ساڵبەساڵ پێهەڵاچوو. چ لەبەر دەسبزاوتنی پ.ك.ك. کە مامۆستایانی قوتابخانەی وەك بڵاوکەرەوەی فەرهەنگی بێزراوی ترك خستبووە بەر سێرە و پەلاماری یان لەبەر ئەمە کە دەوڵەت مامۆستای وای وەگیر نەدەکەوتن کە ژیانی خۆیان بخەنە مەترسی و لە کوردستان خەریکی وانە گوتنەوە بن, هەتا ساڵی **١٩٩٤** نیزیکەی **٤٠٠٠** قوتابخانە لە کوردستان داخران. لە ئاخروئۆخری ساڵی **١٩٩٤**دا شەڕ و دەسوەشاندنی هێزەکانی ئاساییش پتر لە **٢٦٠٠** گوند و کۆخی بە چۆڵ کردن دابوو[1] و نیزیکەی دوومیلیۆن گوندەکی کوردی بەرەو باژێرەکانی دوور و

١– ژمارەی سەرڕاستی ئەم گوندە چۆڵ کراوانە بەشێکن لە نەهێنییەکانی نیزامیی, بەراوردی بە جوێی چالاکانی کوردی مافی مرۆص, سیاسەتوانانی کورد, مامۆستایانی ترکی زانکۆکان و سەرچاوەکانی ڕۆژاوایی, بۆ وێنە دیپلۆماتەکان, زۆر لێك دوورن. ناهید مێنتسە, وەزیری نێوخۆ, لە کورت کراوەی ڕاپۆرتێکا کە لە ٢٧ی ژوەنی ١٩٥٥دا خستییە بەردەستی پارلەمان باسی ٢٠٠٠ گوندی کرد کە یان خڕوپتوون یا تەکولۆ چۆڵ کراون؛ هەر ئەم کاربەدەستە ڕادەی کوژراوانی لە نیزامیی و غەیرەنیزامیی بە ١٩٠٠٠ کەس دانا و ڕادەی کوژراوە گومان لێکراوەکانی بە ٢٠٠٠ کەس دانا. ئەو سەرچاوە ڕەسمییانەی باسی شەڕ و هەڵمەتی

نیزیك پاڵ پێوە نابوو؛ ئەو شوێنەی کە کارێکی بنەڕەتی بۆ دابینی ژیان و حەسانەوەیان بەڕێوە نەچووبوو. ئەم خەڵکە بێبەشە کانگایەکی حازر و ئامادە بوون لە بۆ "ئەندام گرتن"ی پ.ك.ك. هەنتەشی ئەم جەماوەرە بەرفرەوانە لە شارەکانی باشووری و ڕۆژاوایی تورکیادا بارودۆخەکەی پتر شڵەژاند, چونکە کوردان گلە و گازندەیان بوو کە لە وە دەس هێنانی خانووبەرە و شۆڵ و شوێن بۆ مناڵەکانیان لە قوتابخانەدا دەکەوتنە بەر شەپۆلی فەرق و جودایەتییەوە. چەن گەلاڵەیەکی نارێك‌وپێك بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ ئەم بارودۆخە ڕاگەیەندرا, کە لاسا کردنەوەیەکی عەمتەرانە بوو لەم ئۆردووگایانەی کە سەددام حوسێن بە ناوی "شارۆچکەکانی سەرکەوتن" لە لێواری شارێیان هەڵێخستبوون. بەڵام ئەم گەلاڵانە لەبەر نەبوونی پوول قەت ڕووی هەڵخرانیان بەخۆوە نەدیت. تورکیا ئێراق نەبوو کە لەسەر دووهەمین کانگا لە کانگا گرینگە ناسراوەکانی نەوتی جیهان ڕۆنیشتبێ.

لە ئاوریلی ١٩٩٤دا ئەم شەڕە لە ساڵدا ٨/٢ میلیارد دۆلاری بۆ تورکیا خەرج هەبوو و بە گوتەی "عەلی ساوکی ئەرك", وەزیری نێوخۆی پێشوو, دەگەیشتە لە سەتا ٢٠ی بودجەی وڵات و نیزیکەی دوو بەرامبەر کەم هێنانی بودجەی ساڵانەی وڵات. لەم شەڕ و لێکدانەدا کە لە نێو مەکۆی نێوخۆ و تایبەتیدا لەگەڵ شەڕی ئەمریکا لە ویێتنام پێکدەگیرا, ڕادەی ئەو فڕۆکە و باڵەفڕ و تانك و تۆپخانەیەی دژی سەرهەڵداوانی سووکەڵەچەکی کورد دەچوونە مەیدان, بە گوێرەی بەراوردی خودی تورکیا, تەنانەت بە سەرجەم تاقمەکانی پشتیوانیشەوە, نەدەبوونە شەش‌هەزار کەس. خەرج‌وبەرجی ئەم شەڕە کە لە دەسپێکەوە بە ٤٠ میلیارد دۆلار بەراورد دەکرا, لە ١٩٩٣دا لە پڕ بە خڕهەڵدان و تەیار کردنی هێزەکانی ئاسایش لە کوردستان و دامەزراندنی ٣٠٠/٠٠٠ سەرباز لە وێندەرێ, زۆر سەیر پێهەڵاچوو: هێزەکانی سپا و

سەربازی دەکەن هەتا ساڵی ١٩٩٤ و ژوئیەی ١٩٥٥ بڵاوکرایەوە, ژمارەی گوندە چۆڵ کراوەکانی بە ٢٦٠٠ دێ هێنایە ئەژمار. لە فێوریەی ١٩٩٦دا ئەو بەراوردانەی دایانە دەس من بریتی بوو لە ٢٧٠٠ هەتا ٣٠٠٠ گوند. ئەم کەمە جیاوازییەی نێوان ژمارە ئاشکرا کراوەکان لەبەر هەبوونی ئەم کۆخانەن کە زیاتر وا باوە بە گەورەدێ دێنە حیساب.

ژاندرمەیان لە "تەراکیە" و لێوارەکانی "ئێژە" کەم کردەوە و ناردیانن بۆ کوردستان. دەوڵەت لاپەڕەیەکی دیکەی لە کتێبی سەددام حوسێن ڕوونووس کردەوە و دەستی کرد بە دامەزراندنی "هێزەکانی گوندەکی" کە شتێك بوون وەك جاشەکانی ئێراق. هەتا ۱۹۹۵ نیزیکەی ۶۰/۰۰۰ کەس لەم چەکدارانە بە کرێ گیرا بوون, کە هەرکام مانگێ ۲۰۰ دۆلاریان وەردەگرت, کە بۆ شوێنێکی وەك کوردستان کە لە باری ئابوورییەوە گەشەی نەکردووە, داهاتێکی شاهانە بوو. ئەم تاقمە بە بێ ئەوەی کەس لێیان بپرسێتەوە دراوسێ کوردەکانی خۆیان ئازار و ئەشکەنجە دەدا و کۆنەڕقی ڕابردوویان پێ دەڕشتن و تاوانیان دەخستە ئەستۆی پ.ك.ك. نەچوونە پاڵ ئەم چەکدارە گوندییانە — کە زۆرێك لە کوردان لە ترسی گێرە وکێشەی نێوخۆ لووتیان لێ هەڵدەقرچاند — وەکوو لاگیری لە پ.ك.ك. حیساب دەکرا و دەبوو بیانوویەك بۆ خاپوور و چۆڵ کرانی گوندان.

لە مەودای ساڵانی ۱۹۹۳ و ۱۹۹٤دا نیزیکەی ۳۲۰۰ کەس لە گەڕیانی ئەم قەتڵە بە ڕواڵەت ڕەمزاوییانەدا کە چالاکانی مافی مرۆڤی تورکیا و دەرەوە لە چاوی تاقمەکانی بکوژی داردەستی حکوومەتیان دەزانین, بێسەروشوێنچوون. ئامانجی بەر پەلاماری ئەم تاقمانە چالاکانی سیاسی و حیزبی, چالاکانی بواری مافی مرۆص, ڕۆژنامەنووسان, مامۆستایان و بە گشتی ئەندامانی دامەزراوە ڕووناکبیرییە کوردییەکان بوون. بە کردەوە هیچکام لە بابەتەکان وەدی نەهاتن و نەکەوتنە بەر لێکۆڵینەوەی دروست و — چ بگا بە پێڕاگەیشتنیان لە مەحکەماندا — هیچکام لە تاوانباران سزا نەدران. جا لەبەر وەی کە دەوڵەت بە لانی تۆقاندنی چالاکاندا هەنگاوی دەنا, ئەم مافناسانەی کە دەکەوتنە بواری پارێزگاری کردن لەم کوردانەی تاوانی سیاسییان بە ئەستۆدا هاتبوو, زۆر جاران تاوانبار دەکران و بە تاوانی لەم چەشنە, وەك "دنەدان و تەبلیغ بۆ جیا بوونەوە" گوناهبار دەکران و زیندانی درێژخایەنیان بۆ دەبڕایەوە.

تورکیا بە چاولێکەری لە کردەوەیەکی نەفامانە کە ئیسرائیل و وڵاتانی عەرەبی بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ هێزە چەپەکاندا ئەنجامیان دابوو, کەوتە دنەدانی تاقمێکی ئیسلامی توندڕەو بە ناوی "حیزبوڵڵا" و — کە هیچ پێوەندییەکی بە حیزبوڵڵای بەرپشتیوانی ئێرانەوە نەبوو — بە دەستی ئەم تاقمە دەسی دایە کوشتنی ئەوانەی گومان

دەكرا ئەندامی پ.ك.ك. بن و تەنانەت كوردانی ئاسایی. هێزەكانی ئاساییشی توركیا لە ١٩٩٤دا لە ناكاو وایان بە بەرژەوەند زانی كە بەری دەس‌وەشاندنی ئەم حیزبوڵلایە بگرن؛ بە سەدان كەس لە ئەندامانیان گرت و گوناهی كوشتنەكانیان خستە سەر ئەم لێك‌دابڕان و جیابوونەوەی كە گۆیا تیا ڕووی دابوو, بەڵام وسكوتی لەسەر كرابوو. كەچی لەمەڕ زبروزەنگی نێو بەندیخانەی ئەم حیزبوڵلایە كە هەر وا پەنجا گەزێك واوەی بنكەی پۆلیسی "باتمان" بوو و لە وێ خەڵك دەكەوتنە بەر ئازار و ئەشكەنجە و بە سەدان كەسی تیا كوژرا بوو, هەروەها لەم بارەوە كە چلۆن و لەبەر چی پێشتر ئەم گشتە بێ‌فەزیحەتییان قبووڵ كردبوو, متەقیان نەكرد.)
ئەگەرچی سپا بە حوكمی خۆی پارێزەری كۆماری "لادینی" بوو, خۆی لە بەرەگەی هەرە پێشەوەی ئەم هەڵوێست و سیاسەتە ئیسلامخوازەدا بوو: ئەم سیاسەتە لە سەردەمانی دەسەڵاتدارێتی دەوڵەتانی پاش گۆدەتای نیزامیی ساڵی ١٩٨٠وە هەڵگیرسا. لەم ساڵەدا بوو كە پەروەردەكرانی ئایینی لە قوتابخانە و حوجرەی سەدان مزگەوت لەسەر خەرجی دەوڵەت دەستی پێكرد. ڕێكخراوی لێبووردنی نێونەتەوەیی, ڕاپۆرتی ساڵانەی وەزارەتی دەرەوەی ئەیالەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا, نێرەڤانی مافی مرۆص و زۆرێك لە تركان و تاقمەكانی تر هەموو ساڵێ گەلێك بەڵگە و بۆنە سەبارەت بە پێشێل كرانی مافی مرۆص لە توركیادا بڵاو دەكەنەوە. ئەم تەنگ‌پێ‌هەڵچنینانە لە ئەشكەنجەی ئاسایی چەشنی دەسدرێژی لە پێش و پاشەوە بۆ ژنان و كچان و فەلاقە كردن و دەردەس‌كردنی دڵخوازەوەڕا بگرە هەتا شێوەی ئەهوەنتری سووكایەتی پێكردنی وەك ئەم ڕووداوەی كە لە ١٩٨٩دا ڕووی دا, دەگرنەبەر: لەم ڕووداوە بەر باسەدا هێزەكانی سپا تینیان بۆ كوێخادێیەك هێنا و لە تەویلەدا پەینیان دەرخوارد دا. لەبەر ئەمە كە قانوونی سزادانی توركیا ئەو تاوانانەی كە لە ناوچەكانی گوندەكی ژێر "دەسەڵاتی نیزامیی" ڕوو دەدەن لە بێ‌ڕاگەیشتنی قانوونی لە دادگاكاندا هەڵداوێرێ, هەر وەها دادگاكانی "پێداچوونەوە" سەبارەت بەم چەند بابەتەی پێیان سپێرابوو بێ مەیلییان نواند, تەنیا ڕێ‌چارەی پێخوست كراوانی وەها ڕووداوگەلێك پەنا بردنە بەر "كۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی ئورووپا" بوو. توركیا

وەك ئەندامێکی شووڕای ئورووپا, بە پێی پەیمان لە ئەستۆی بوو کە داوەری شووڕا بسەلمێنێ, بەڵام ئەم کۆمیسیۆنە تەنیا پرژایە سەر بەشێکی ناچیزەی ئەم سکاڵایانەی کە پێی سپێرابوون و ملی بۆ ڕاکێشا. تەماگرتن گەلێجار ساڵگاران درێژەی دەکێشا, بە تایبەت ئەگەر وڵاتی لایەن لە کێشەکەدا, داوەریی کۆمیسیۆنی نەدەسەلماند و کێشەکەی دەبردە دادگای شووڕای ئورووپا. (بۆوێنە پەروەندەی "پەین خواردن" پێنج ساڵ دوای درانە دەس کۆمیسیۆن, بە دانی ۳۰۰/۰۰۰ فرانکی فەرانسە بە سکاڵاکار کۆتایی هات.) کوردانی تورکیا بێشك چارەنووسی خۆیان لەگەڵ چارەنووسێك پێکەدەگرت کە سەددام حوسێن بۆ کوردانی ئێراقی خرهەڵدابوو. ڕاستە, ناپاڵمەکانی تورکیا کوژراو و زامارێکی کەمتریان لە چەکە شیمیایییەکانی ئێراق یان پەلاماری ئەنفالی لێدەکەوتەوە, کە ئامانجیان خاشەبڕ کردنی تەواوی کوردان بوو, بەڵام هەردك حکوومەت بە دەستی ئاوەڵا و دڵفرەوانییەوە گوندەکانیان خاپوور و چۆل دەکرد و هەرتك مافی مرۆڤەکانیان بە شێوەیەکی بەربلاو و بە پۆل دەخستە ژێر پاوە. تەنانەت وەزارەتی دەرەوەی ئەیالەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دانی بەم وێکچوونانەدا هێنا: "جان کورن بلووم", یاریدەدەری جێگری وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا وەختایەك لە ۱۹۹٦دا پرسیاری لێکرا کە خاپوور کرانی ماڵی خەڵکی کورد لە تورکیا چ جیاوازییەکی هەیە لەگەڵ تێکدان و تەخت کردنی گوندان لە ئێراق, وڵامی داوە: "ئەگەر ئینسان لە گوند بێ, هیچ فەرقێکی نیە."

دەسدرێژی و کرداری نالەبار لە ناوچەی تونجلی (درسیمی پێشوو) لە پایزی ۱۹۹٤دا بە ڕادەیەك بوو کە "عیسمەت کۆیلۆغلوو" وەزیری بەرپرسی مافی مرۆص, ڕێوڕاست پێی لە دەسدرێژی و زوڵم و زۆری هێزەکانی ئاسایشی وڵات نا؛ هەڵبەت ئەمانە شتێك بوون کە چالاکانی مافی مرۆص لەمێژ بوو گوتبوویان. کۆیلۆغلوو گوتی: "زەبری خافڵکوژانەی ناوچەکانی تر کاری "پ.ك.ك"ەیە, بەڵام لە تونجلی ئەم خافڵکوژییە, خافڵکوژیی حکوومەتییە؛ لە تونجلی ئەوە حوکماتە کە گوندان چۆل دەکا و ئاگریان تێبەر دەدا. لە باشووری ڕۆژهەڵاتی وڵات دوو

میلیۆن کەس لە ماڵوحاڵ بوون. ئەم گوندییانەی ڕاگوێزراون دەبێ خورد و خۆراك و پەنا و پەسیویان بۆ دابین بکرێ." کە ئەو جۆرەی پێویست بوونەیاندانێ. بەڵام هەر ئەم وتانەی کۆیلۆغلۆو خۆی بناغەی پێشینەیەکی ڕۆنا, ئەگەرچی ئەو بە شێوەیەکی دوور لە ڕاستەقینە و ناڕاستەوخۆ "پ.ك.ك"ەی لە بابەت زەبرە تیرۆریستییەکانی تر لە کوردستانا بە تاوانبار ناساند. بەر لەوی هیچ باڵادەستێکی حکوومەتی هەتا ئەم ڕادەیە پێی لەم تاوانانە نەنابوو و پاش ویش کەس ئەوتۆی نەکرد. لە حەقیقەتا ئەم وەزارەتخانەی ئەو بەرپرسیاری بوو و چ بودجە و بەرێچوونێکیشی نەبوو, لە ١٩٩٢دا لە وڵامی ڕەخنەی پەرەگری وڵاتانی ئورووپایی و ئەمریکا لە کارنامەی مافی مرۆڤی تورکیا بنیاتنرا, ئەویش بەم ئامانجە کە بێ ئەوەی هیچ گیروگرفتێك بۆ دەوڵەت بنێتەوە لە ڕادە و چۆنیەتی ڕەخنەکان کەم کاتەوە.

تونجلی کە خەڵکەکەی کوردانی زازا لەهجەی عەلەوی مەزەب بوون, پارێزگایەکی ئاسایی و گۆترەکی کورد نەبوو. تونجلی کە ناوچەیەکی زۆر سەخت و شاخاوییە و پڕە لە دۆڵ و دەرەی قووڵ, تەنانەت بە پێودانی کوردانەش ناوچەیەکی زۆر چڕ و دڕ وکێوییە. ناوی پێشووی وی بەر لەوەی کە ترکان ناوی کوردی شوێنەکان بگۆڕن درسیم بوو و تەنیا لە مەودای ساڵانی ١٩٣٧ – ١٩٣٨ڕا هاتە ژێر ڕکێفی حکوومەت. سروشتی شاخاوی ناوچە و لە ئاکامدا بە هیچ دانەنانی حوکماتی ناوەندی و خۆ دزینەوە لە دانی خەرج و پتیاك, بیانووی وە دەس ئاتاترك دا تا ئەم ئاخرین قەڵایەی کە بەربەرەکانی حکوومەتەکەی دەکرد, تێكبکوتێ. لەبەر وەی کە کۆلکەخانەکانی تورکیا هەر وا پنجومۆر کراو مانەوە, هیچ شتێکی ڕوون و ئاشکرای دوور و درێژی ئەوتۆ بە دەستەوە نیە, بەڵام دەستەیەك لە کوردان بەردەوام دەمگۆی ئۆباڵ بۆ نەکێشراو لە بابەت کەلك وەرگرتنی دەوڵەتی مستەفا کەماڵ لە گازە ژاراوییەکان بۆ سەرکوتی ئەوان, دێننەگۆڕێ.

کەس حاشا لەم حەقیقەتە ناکا کە ئەم زبر و پەلامارە سەربازییەی درسیمی بە چۆك داهێنا بە ڕادەیەك ترسێنەر بوو کە ناسیۆنالیزمی کوردی لە تورکیادا بۆ ماوەی پەنجا ساڵان قڕوقپ کرد. بە حەوت ساڵ پێشتر, عیسمەت ئینۆنوو کە خۆی کورد و دەستەڕاستی ئاتاترك و جێنشینی ئەو بوو, هیچ گومانێکی لەمەڕ تەمای کۆمارەوە

نەهێشتبۆوە. ئەو ئەگەرچی خۆی کورد بوو بانگەشەی کرد و گوتی: "ئەوە تەنیا گەلی ترکە کە مافی هەیە لەم وڵاتەدا خاوەنی مافەکانی نەتەوایەتی و نەتەوەیی بێ. هیچ‌کەس لە ڕەگەزێکی دی مافێکی ئەوتۆی نیە." هەر ئەم بیرە ساکارە بوو بە بەردی بناغەی پەروەردە و ڕاهێنانەکانی "کۆمار" و لە ڕاستیدا ئینۆنوو بوو کە بۆشەڕی "درسیم" ڕاسپێرا.

بۆ وێنە "سەبحە گوکجێن", زڕ کچی ئاتاترك و یەکێك لە لایەنگرانی سەرەتای داگیرسانی کاری کۆمار, پەنجا ساڵ پاش بۆمبارانی ڕاپەڕیوانی درسیم دەڵێ کە نە ئەوکاتی و نە دواتر قەت لەم بابەتەوە مغابەتی هەست پێنەکردووە: "ئەم کارە بۆ پاراستنی ژیان و مافی کۆماری لاو پێویست بوو." ئەو ئەم مەبەستەی بۆ دیفاع لە بیروبڕوای نوێخوازانە و لاگیری جودایی دین لە سیاسەت بە دژی پەرەگرتنی بیرۆکەی ئیسلامـخوازانەی تاریك‌بیرا دێنێتە گۆڕ, کە کۆماریـخوازان دەیانگوت هێزەکانی کوردیان دنە دابوو. ئەم ژنە زیادی دەکا: "ئەمە ڕاسپێراوییەك بوو کە ئاتاترك خستیە ئەستۆی من و منیش بەڕێوەم برد." لە سەرکوتی درسیمدا زارکی ئەم ئەشکەوتانەیان بە قوڕ گرت کە پیاوان و ژنان و زارۆکی کورد پەنایان بۆ بردبوون و تێکڕایان بە زیندوویی سووتاندن؛ ئەم لێڕەوارانەی خەڵك خۆیان تێدا حەشار دابوون ئاگریان دان و جەماوەری پەناگرتوویان کوشتن. (ئەم کردەیە لە ١٩٩٤دا دووپات کرایەوە و خۆش ئەمەیە کە ئەم ناوچەیەی کە سووتێنرا, شوێنێك بوو کە کرابوویە "پارکە لێڕەوار" و قەرار وابوو دارەکانی بپارێزرێن.) کوردانی درسیم شەڕیان کرد هەتا تەقەمەنیان بنەی هات. گوندەکان سەر لەبەر خاپوور کران و هەزاران کەس لە پاشماوەکان مشەختی بوون و بۆ بەڕێوەچوونی ئەوەی ڕۆژنامەکانی ترك بە سەردێڕی درشت نووسیان و پتر وەك بە پیرەوەچوونی وتەیەکی مەنشووری "کاتوو" سەبارەت بە "کارتاژ" دەچوو, سەرپەڕی خۆیان ڕازاندەوە: "درسیم لەگەڵ خاك تەخت کراوە."

زۆربەی ئورووپاییەکان بە ئامادە بوونەوە ئەم ڕوانگە کەمالیستییەیان سەبارەت بەم "جیهادی نوێ بوونەوە"یە قبووڵ کرد.[١] ئەو کوردانەی کە لە درسیم ڕادرابوون تەنیا لە ١٩٤٦دا, یانی وەختایەکی ڕێوشوێنی زەرووری هەڵوەشایەوە, ئیزن دران بگەڕێنەوە ماڵی خۆیان. دووساڵ دواتر هەواڵنێرێکی ترك سەردانێکی ناوچەی کرد و نووسی: "ئەگەر لەگەڵ خەڵك باسی دەوڵەت دامەزرێنی, ئەوان لەڕێوە "دەوڵەت" دەبەنەوە سەر کاربەدەستی وەرگرتنی باج و پیتاك و پۆلیس..."چونکە لە درسیمدا "قوتابخانەیەك نیە, پزیشکێك نیە. ئێمە هیچ نادەین بە خەڵکی درسیم, تەنیا لێیان وەردەگرین. ئێمە هەقمان نیە ئاوایان لەگەڵ بجووڵێینەوە."

نیوسەدە پاش وی, وتەکانی "بت شکێنانە"ی "کۆیلۆغلوو"ی وەزیریش دیسان شوێن و ئاکامێکی بنەگری لێنەکەوتەوە. هەڵوێست و سیاسەتی چۆل کردنی گوندان ڕانەگیرا, ئەگەرچی لە ١٩٩٥دا هەوا و هەرەمەی چۆل کردنی گوندان و کوژرانی ڕەمزاوی و ئازار و ئەشکەنجەی حکوومەت لە کوردستانا کەوتە سەر بارێکی نەرم و ڕەنگە لەبەر ئەمە بووبێ کە حکوومەت بۆ دۆزینەوەی "قوربانییەکان" کورتی هێنابووبێ. لە ساڵی ١٩٩٤دا هەر خودی ئەو وەزیرەیان نەهێشت سەردانی گوندە چۆل کراوەکانی تونجلی بدا. هەر وەها سپا ڕێی نەدا خاتوو چیللەری سەرۆك وەزیر چاوی بەم گوندانە بکەوێ, ئەگەرچی خاتوو چیللەر خۆی یەکێك بوو لە لایەنگرانی زەبروزەنگ. خاتوو چیللەر لە وڵامی سکاڵای دێهاتییەکاندا کە گازندەیان بوو لەمە کە باڵەفڕەکانی سپا دەسڕێژ دەکەنە خەڵك و ماڵان, ڕووی کردە وە درۆ خستنەوەیەکی "سووررێئالیستی" و گوتی: "بێ و نەبێ ئەم باڵەفڕانە یا ئەفغانی یام ئەرمەنی یان ڕووسی بوون, بێگومان ترك نەبوون." یەکێك لەم دیپلۆماتە

١– دەگمەنەکان کەم بوون. بازیل نیکیتین, دیپلۆماتی پێشووی حکوومەتی خونکاری و خاوەنڕا لە کێشەی کوردانا, لە نامەیەکی ڕێکەوتی ١٦ی ژووئیەی ١٩٣٧دا نارەزامەندی خۆی سەبارەت بە سەردێڕێکی ڕۆژنامەی تایمزی لەندەن کە ڕیس‌وگوریس و پاساو هێنانەوەی کەمالیستی ئیشەکەی سەلماندبوو, دەربڕی: "ئەوانەی کە دژ بە پەروەردەن, ئەو شۆڕشەی کە بە دەس هێزەکانی سپا سەرکوت کرابێ." , "خەتایە بێتوو لامان وابێ کە کوردان دژی پەروەردەن, ئەوەی بەرەورووی وێستاون و دژایەتی دەکەن, بوون بە ترکە."

ئەمریکایی‌یانەی کە ڕاسپێرابوو هەتا بە بالادەستانی ترك بسەلمێنێ تاکوو دەس لەم دەسدرێژییانە بۆ سەر مافی مرۆڤ هەلگرن, پاش چەند ساڵ تێکۆشان بە دڵئێشاوی گەیشتە ئەم ئاکامە کە "تورکیا خراپترین دوژمنی خۆیەتی." بەلام چیللەر لەم وە درۆ خستنەوە و حەشار دانانەدا بە تەنیا نەبوو.

هاوپەیمانانی ناتۆی تورکیا بە دڵەڕاوکێ و دڵپەرۆشییەوە دەیانڕوانیە شەڕی کوردستانی تورکیا, بەلام خۆیان تێوەرنەدەدا هەتا کۆتایی بێنن بەم شەڕەی کە تورکیای کردبوو بە گاڵتەجاڕ: ئاخر تورکیا بە قسە دەیگوت کە هاوپەیمانی هەرە پێشەوەی بەرەی ناتۆ و مەتەرێز و بەرگێڕەوەی ناوچەیی ئەوە لە بەرامبەر کومۆنیزمدا. هەڵبەت ئەلمان جارناجارێك ناردنی چەکی دیاری و پێشکێشی ڕادەگرت, هەر وەك لە ١٩٩٣دا وەو تۆی کرد و ئەمەش وەختایەك بوو کە پێی زانی ئەم چەکانە بە دژی کوردان کەلکیان لێوەردەگیرێ. بەلام لەسەر یەك چاو لێپۆشین هەر وا بەردەوام بوو. لە ئێراقا, لەبەر ڕقبەرقەی بازرگانێتی و بەر گرتن لە تەنینەوەی دەسەلاتی ئێران لە ناوچەدا نەیدەویست زەحت بخاتەسەر ملهوڕی ناو زراوی ئێراق لە بابەت ئاکاری نالەباری سەبارەت بە کوردان. ئەو جار دەربارەی تورکیاشەوە یەکێتی ناتۆ لەبەر ئۆگریی ژێئۆئیستراتژیك و لەبەر دڵی هاوپەیمانێك و ململانییەکانی بازرگانی بۆ هەڵوێست گرتن لەبەرامبەر دەوڵەتێکا کە بە شێوەیەکی دێموکراتیك هەڵبژێرابوو, تێما.

لە ١٩٩٢ڕا بۆو لایە من لەم سەفەرەدا کە لەگەڵ دوو هەواڵنێری ئینگلیسی چووبوومە باشووری ڕۆژهەلاتی تورکیا, تێگەیبووم کە ئاژوانی چەرخی سەرکوت پتر وە سەر گەڕ کەوتووە. لەم سەفەرەدا بۆ دیاربەکر, ناوەندی چالاکی و هەڵسووڕانی پ.ك.ك. لەسەر کەوانەیەکی بەرفرەوانی دەشت و دۆڵ و کێوپاراندا سەرنجمان کەوتە لای ڕۆژهەلات: یانی لیجە, باتمان (کانگای نەوتی تورکیا کە لەبەر ئەم قەتڵە ڕەمزاوییانەی تیا ڕوو دەدا بۆتە گای قەشان), سیلوان, سیرت, ئەلوەندەرێ (ئەو شوێنەی کە وا زۆرێك لە کوردەکانی ئێراق لە ١٩٩١دا لێی ببوونە پەناگر)؛ لێرەوە بەر لە چوون بۆ باکوور و سەردانی سەرلەنوێی ماردین و دیاربەکر, گەڕاینەوە

ڕۆژاوا و شانبەشانی سنووری ئێراق و سووریا هاتینە سیلۆپی, جزیرە, میدیات, ئایدیل و نوسیبین. لەگەڵ یەکێك لە دۆستانی کوردی دانیشتووی ئانکارا قەرارمان دانابوو کە دیلمانجێکیم بۆ وەدۆزێ. ئەم دیلمانجە لاوێك بوو کە زۆر سەرسەرەکی ئینگلیسی دەزانی و گەلێك ئاشقی پ.ك.ك. و بیروڕای ئۆجالان بوو. حاڵی بوون لە وتەکانی جاروبارە زۆر دژوار بوو, بەلاّم وتەکانی نیشاندەری ئەم ئیمان و بڕوا چاوبەستراوانەیە بوو کە من گەلێ جار لە شەڕاندا دیبووم کە لاوانی بەرەو گیانبەختکردن پاڵ پێوەدەنا. ئەونده ساویلکە بوو کە دەبوو بە هۆی ئەوەی جاروبارە لەخۆوە ڕقیهەستێنم. دەقودۆغر دەیگوت کە من بە کابرایەکی ئەمپریالیستی تەواو عەیار دەزانێ؛ دیارە ئەمەش لەبزێك بوو کە پاش لێکهەڵوەشانی یەکێتی سۆڤیەت لە شوێنەکانی تری ڕۆژهەلاّتی نێوەڕاستا برەوی نەمابوو. ئەو قسانەی کە پێکەوە کردمان لە دڵنیگەرانیمی کەم کردەوە, چون دڵپەرۆشی ئەمە بووم ئەگەر هاتوو لەگەڵ هێزەکانی ئاساییشی تورکیا تێکگیراین ئەم لاوە چی بەسەر دێت, چونکە زۆر جاران ئەمجۆرە گیروگرفتە بۆ ڕۆژنامەنووسانی دەرەکی و ترك و دیپلۆماتەکان و نوێنەرانی مافی مرۆص و ئەو چەند کوردەی کە هێشتاش دەیانوێرا لە ناوچە گوندەکییەکانی ژێر دەسەلاّت و ڕێوشوێنی باری نائاسایی‌دا هاتوچۆ بکەن, دەهاتە پێش. بۆ ئێمە لە تاڵترین بارودۆخا مەترسی دەرکران و لام وایە تێهەڵدرانیش لە گۆڕێدا بوو, بەلاّم ئەم لاوە بۆ یارمەتی دانی چەند غەوارەی خۆ بەزل زانی بەرزەدەماغ کە دەیانویست سەرێشەیەك بۆ حکوومەت ساز بکەن, گیانی خستبووە مەترسی. زۆربەی ڕێگاکان ناخۆش بوون و پشکنینی لێکدالێکدا لە بنکەکانی پشکنین توند وتیژ و ئاڵۆز بوو و کەش و هەوای گشتیی لە باشترین بار و هەوادا تەمگرتوو بوو. بەلاّم سەیر ئەمە بوو بۆ هەر شوێنێکی مەیلمان لێبا دەمانتوانی بچین و ئەمە شانسێکی گەورە بوو.

دیلمانجەکەمان بۆ ڕاکێشانی سەرنجی ئەو کوردانەی کە ئێمە ئانقەستە بە"ڕێکەوت" وتوویژمان لەگەڵ دەکردن چاکی لێ‌دەزانی. (زۆر جاران لە شوێنەکانی کەم هاتوچۆ کە لامان وابوو بە شوێنمانەوە نین و گیروگرفت بۆ خەڵك

نانێینەوە, وەوتۆمان دەکرد.) لە نزیك "ئێروح", ئـەو شـوێنەی کـە وا یەکـەم زەبـری چەکداری پ.ك.ك. لـە ١٥ی ئووتی ١٩٨٤ دژی بنکەی ژاندرمە وەشا, جووتیارێـك لـە دەس گریلا و هێزەکانی ئاساییش ملیئنا لە گلە وگازنـدان, بەتایبـەت لـە چـنگ تاقمەکانی "تایبەت" کە زۆرتر جلوبـەرگی غـەیرەنیزامییان لەبـەر دایـە و گـوێ بـە گوارەن و هاواری خەڵك لەبەر زەبروزەنگیان گەیوەتە تەشقی ئاسـمان.

ڕوونتر لەم زوڵم و چەوساندنەوە باوە پەرەگرەی زەبروزەنگـان, نیگـای ڕامـاو و بەمۆلەقی چاوانی بوو, وەختایەك کـە پرسـیمان چـلۆن دەتـوانین بـچینە شارۆچـکەی ئەولاتر. چەن جار پرسیارەکەمان دووپات کردەوە, هەتا خۆم تێگەیـشتم زۆرنـین ئـەو کوردانەی لەگەڵ ئەم ناوانە ئاشنا بن کە دەوڵەت لە مەودای چەن ساڵاندا لـە جیاتی ناوە کوردییەکان لەسەر شار و گونـدانی دانـاوە. (دواتـر زانـیم کـە دەوڵـەت نـاوە ئەرمـەنی و عەرەبییەکانیـشی جگـە لەوانـەی کـە لەسـەر شـارێیان یـان نەخـشەکانی ئـاوەدێری بـوون گۆڕیـونی؛ لێـرەدا مەبەسـتی بەکـەلك بـوون بـۆ ڕۆژگـار بەسـەر بیروباوەڕدا زاڵ ببوو.) جا ترکان بە کردنـی ئـەم کارانـە و کێـشانی کارەبـا و هێڵـی تەلەفۆن – کە کارێکی بەکەلك و جێی ڕێزە – ڕواڵەتی کوردستانیان گۆڕیبوو, بەڵام نەك خودی کوردان کە تەنیا ئۆگریی بەربلاویان بە تورکیـاوە, ئەگـەر هێـشتاش لـەم ئاستەدا مابێ, هـەر ئەمەیـە کـە لـە سـەرمایەنانەوەکانی دەوڵـەت قازانـجێکی بـە ئینسافانەیان وەگیر کەوێ, چونکە لێیان حـاڵی بـووە ئەگـەر بێتـوو ئانکـارا بیهـەوێ دەتوانێ چیهایان کار بۆ بکا. ئەوەی هێشتا, ئەم چەشنە خەڵکەی کە وتوویـــــژمان لەگەڵ کردن و لێی حاڵی نەببوون ئەمە بوو کە حکوومەت خۆی خەریکی ئەمە بـوو کە ئەوان پتر لە هەر زەمانێکی پێشووتر داپلۆسێ و وردوپردیـان کـا. بـۆ ئـەوەی بـە وردی لـەم مەبەسـتە حـاڵی بووبـای کـە کـوردان دەسـتەویەخەی چ بـوون, دەبـوو چووبایەوە سەر ڕەوتی کوشت و کوشتار و دوور خرانەوەکانی سەردەمانی عوسـمانی و سەفەوی لە سەدەی شازدەدا. چەن ساڵێك دواتـر بـوو کـە "ئەحـمەد تـرك" ئـەم سەرکوتەی بۆ شی کردمەوە و گوتی: "باب و باپیرانـمان کـە لـە سـەرکوتی دوا بـە دوای شۆڕشی شێخ سەعید گیانیان قوتار کردبوو, بێ پسانەوە وریایان دەکردینـەوە و

بیریان دێنایەنەوە كە حوكمات بێڕوحــــمە, بــەڵام لـەمــە دژوار و تـاڵوتوونتر ڕۆژگــار بوو." ئەو كوڕی گەورەماڵێكی عەشیرەتی و ساڵگاران ئەندامی پارلـەمان بوو. بـاوكی بە درەنگەوە كەوتە ڕیزی شۆڕشی ١٩٢٥ی شـێخ سـەعید. لــە گــەڕیانی ســەركوتی شۆڕشا, شانس وە فریای هات و گیانی خۆی لـەم هەڵلایە قوتار كرد. گوتی: "زەمـانی پێشوو خەڵكێك سزا دەدران كە ڕاستەوخۆ بەشداری شۆڕش ببوون, یان تاقمێـك لــە سەرۆك هۆزەكانیــان ســزا دەدا هــەتا ڕێبەرایــەتی كــورد لاواز كــەن. بــەڵام ئەمـــجار خەڵكێكی ئاساییش كە هیچ فریان بەسەر شەڕەوە نەبوو دایــە بــەر شــاڵاوی ســزادان, هەر لـەبەر وەی لــە شــەڕا لاگیریــی حكوومــەتیان نــەكردبوو! لــە ڕابــردوودا ئامــانج وسكوت بێهێنانی شــۆڕش بــوو, ئەمـــجار مەبەســت و ئامــانج ســەركوتی خــەڵك و تێكهەڵــشێلانی كەســایەتی و پێناســەیان بــوو." پ.ك.ك. شــتێكی وەوتــۆی لــە خــوا دەویست و پێشتر دیاردەگەلێكی بە نیشانەی سەرمەستیی سەركەوتن دركانـدبوو. لــە ١٩٩٠ڕا بۆو لایە خۆپیشاندان بە لایــەنگری لــە پ.ك.ك. و گاڵــەدانی دووكــان و بازاڕ و تەبلیغاتی بە ئاشكرا, بوو بە هۆی هەڵگرانەوەی شــاڵاوی تونـد و تیــژی تۆڵــە وەرگرتنــەوەی هێــزە چــەكدارەكانی توركیــا. لـــە بـــاژێری "شـــیرناك" كـــە قـــەڵای نەتەوەخوازیی كوردستانی توركیایە, دروست چەند حەوتوو پێشتر سپا لــە شــاڵاوێكی توند وتیژا خەڵكی شاربەدەر كردبوو. ئەم لاوژۆ تۆقیوانەی كە لـە پێچ و پەنای كۆڵان و كۆڵانۆكان تووشیان دەهاتین بە سرتوخورت پێیاندەگوتین كـە چـلۆن پیاوەكـانی پۆلیس و تاقمە چەكدارەكانی سپا ئەڵلابەختەكی تەقەیان لـە هەر كەس و هەر شوێنێك كردووە. تەنیا باڵەخانەكانی دەوڵەتی تووشی خەسار نـەهاتبوون (كـە هــەر ئەمــە بــۆ خۆی ئیددیعای دەوڵەتی لە هورم و بایخ دەخست كە دەیگــوت تــاوانی ئــەم خــاپوور كرانانە لە ئەستۆی "پ.ك.ك"ەیــە.) ئێمــە خۆمــان بــە بــەختیار دانــا كــە توانیبوومــان ڕێیــەك بــەرەو شار بكەینەوە, كە زۆر لـەمێژ بوو بە ڕووی غەوارە و ڕۆژنامەنووسانـدا بەســتزابوو. لـــەوێ تووشـــی كۆبوونەوەیـــەكی ســـەمەرە هـــاتین و پیـــاو و ژن و زارۆك لـەدەورەی پەیكەرەی لە هەموو شوێنان قوت بۆوەی ئاتاترك هاڵابوون. بەشدار بــووان لـەم ڕێوڕەســمەدا – چەكدارانی گوندەكی و خێزانەكانیان و دەستەیەك مووســیقار – بە قەڵافەتێكی شێلگیرانە و شێوەیەك ڕاوەستان و جووڵانەوەی ڕوســمی ســەبارەت بــە

کۆمار وەفادارییان دەردەبڕی. خۆم گەیانـدە قایـــممەقامەکەی وێـنـدەرێ و ئەوەنـدەم پێداگری کرد کە ئاخرییەکەی بـە ناسەرسـەنگی ڕازی بـوو وەرمـان بگـرێ. بـە نێـو گەمارۆی پاسەوانە چەکدارەکانیدا بە ئوتۆمبیلـەکەی چووینە شـوێنی کارەکـەی. لـە پشت مێزەکەی دانیشت و گوێی دایە پرسیارەکانـمان, پاشان دە دەقیقەیـەك هێنـدێك شتی بێ سەرەوبەرەی تێك کردەوە, دوایە لەپڕێك دەستووری دا لـە شـار دەربـاز بـین. لەسەر هەوایەك نەبوو دمەتەقەی لەگەڵ بکرێ. دەرباز بووین.

چەند ڕۆژ دواتر, پاشنیوەڕۆیـەکی درەنـگ لـە نوسـیبین بـە ئوتۆمبیـل دەچـووینە چوارڕێیانێك کە لـە پـێش تـەلاری شـارەوانی بـوو: نوسـیبین شـارێکی هاوکەوشـەنی قامیشلی سووریایە. ڕێیەکی دوورمان کۆتابوو و هەوای زۆر گەرم بوو. لە یەکێك لە کافەکانی "سـەر شـەقامان" لـە دەوری مەیدانەکـە ویـستمان سـاردەمەنییەکی فێنـك وەخۆین. هەر ئێمە گەیشتینێ ئـەو دەنـگ و زەنایـەی وەختـی ڕاگرتنـی ترۆمبێلـەکـە دەهاتە گوێ, برا و ئێمە لە نێو پۆلی دە دوازدە پیاو کە بە قەڵافـەتێکی سـر و کـر و شێلگیرانەیان لەخۆگرتبوو, دانیشتین. زۆربەیان دەمانچەی ڕووتیان بە دەستەوە بـوو و هێندێکیشیان دەمانچەیان لە خۆ شەتەك دابوو. هەوڵمان بۆ هەڵگیرساندنی وتوویـــژ بری نەکرد: لـە پێـشتردا لەگـەڵ ڕۆژنامەنووسـانی دەرەکـی تێکـەڵاو نـەببوون و چ مەیلیان لـێنەبوو کە لە ئێمەرا دەس پێبکەن.

چووینە ئەوسەری مەیدانەکـە و سـەرۆکی شـارەوانی لـە تـەلاری شـارەوانی بـە ڕوویخۆشـە وەریگـرتین. نوسـیبین لەبـەر ئـەو قەتڵـە ڕەمزاوییانـەی تیـا ڕووی دەدا کەوتبووە بەر زار و زمانان. کوژراوەکان جاری وابوو کەسانێك بوون کە دیار بوو بە دانـــستە کەوتوونـــە بـــەر پـــەلامار: چـــالاکانی سیاسـی کـــورد, بڵاوکـــەرەوە یـــان ڕاپۆرتنووسانی ڕۆژنامەکانی مەیلەو کوردی کـە لـە ئیـستامبووڵ چـاپ دەبـوون و جاری واش کەسانێك کە چ دەورێکیان لە هـیچ گـەریانێکا نـەبوو و تەرمەکـەیان بـە نیشانەی دەسەڵاتی حوکمات بە چەند سەعاتان لە شەقاماندا دەکـەوت و دەمایـەوە. پرسیم ئەوە چۆنە کە بەڕواڵـەت کەس لەبەر ئەم قەتڵە سیاسییانە نـاگیرێ؟ بۆچـی بـە قەولی ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی, تاوانی سەبارەت بە "ئەشکەنـجەی بـەربڵاو و لەسەر ڕێوشوێن و شێواز" قەت لێینـاپرسـرێتەوە و توێژینـەوەی لەسـەر نـاکرێ؟

سەرۆکی شارەوانی کە پیاوێکی زۆر خاوەن ڕێز و فامیدە بوو و تەمەنی لە مابەینی سی وچلاندا بوو, وڵامی داوە کە زۆر ساکارە... زۆر بە نەرمی و لەسەرەخۆیی شی کردەوە کە ئەم چاکسازییەی کە بەم زوانە لە قانوونی سزدانی تورکیادا هاتۆتە ئاراوە و دەهۆڵ و زوڕنای بۆ هەڵگیراوە, ئەو ناوچانە ناگرێتەوە کە "باری نائاسایی"یان تێدا ڕاگەیەندراوە. فەرمانی هەڵپێچان و لێپرسینەوەی کارمەندانی دەوڵەت لە ئەستۆی "قایمەقامی گشتی"یە لە دیاربەکر و ئەویش بە کردەوە لەم بارەدا دەسەڵات دەداتە دەس سەرکردەی نیزامیی و ئەویش هەر وەك چۆن باوە هیچ کارێك ناکا.

بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەم تاوانانەی کە دێنەگۆڕ و بە گوێرەی ئەوان سەربازەکان و ژاندرمە و تاقمەکانی تایبەت بێ نێوبڕ مافی مرۆص لە جەغزێکی بەرفرەواندا پێشێل دەکەن, ناوبانگی حوکمات دەزڕێنێ؟!

سەرۆکی شارەوانی هەرتك دەستی بەرز کردنەوە, وەك ئەوەی ویستبێتی بڵێ کە ئەو قانوون دەبا بەڕێوە و لە گەرمەی شەڕا بۆچی دەبێ لێپرسراوێك بیهەوێ لە دۆخی قانوون لا بدا و ساڵمەخەتە بکا؟

هەڵتەزینەوەی ئەم لێپرسراوە حکوومەتییە نەقڵێکی بیر هێنامەوە کە یەکێك لە ڕۆژاوییەکانی دوو وەچە پێشتر باسی پیاوانێکی تەنیا و تێماو دەکا کە لە "کوردستانی کێوی"دا فەرمانی حوکمات دەبەن بەڕێوە: ئەم مامۆستایانەی کە کوردانی کێوی پەروەردە دەکەن, سەربازانێك کە تەکووز و هێوری سەقامگیر دەکەن و دادوەرانێك کە حوکمە تونـد و تیژەکانیان بەڕێوە دەبەن؛ [ئەوان] شەوانە هەتا بینەقاقەیان ئارەق هەڵدەقۆڕێنن و ئەو دووپشکانەی کە لە جێوبانیاندا خۆیان مەڵاس داوە دەدۆزنەوە. هەروا کە گوێم بۆ وتەکانی شل کردبوو لەپڕ کەوتمەوە بیر شتێکی تر: قانوونی ژمارە ١٨٥٠ کە لە ١٩٣٠دا بۆ ماوەی شەش مانگان تەواوی ئەوانەی کە لە سەرکوتی شۆڕشی ئاراراتدا بەشدار ببوون لە شوێنکەوتن و لێپرسینەوەی قانوونی عەپوولیان لێدەکرا. پاش ئەم دیدارە لەگەڵ ئەم لێپرسراوە, بە پێی ڕێوشوێنی ڕێزلێنان چووینە دیداری قایمەقام, کە دڵنیای دەکردینەوە هێمنی و

هێوری تەواو باڵی بەسەر نوسیبیین کێشاوە و سێمانگە بچووکترین ڕووداو تیا ڕووی نەداوە.

بۆ خواردنەوەی ئابجۆیەك هاتینەوە هەمان کافەی سەرشەقام. پیاوانی چەکداری دان بە خۆداگر وا دیار بوو بڕێکیان نۆشیبوو و ئێستا ڕووگەشتر بوون لە پێشوو, گەرچی خوڵكوخوویان لە جاری پێشوو خۆمانەتر نەبوو. پێیان گوتین بەر لەوەی شەو بەسەر دەستاندا بێ شار جێ بێڵین. بەڵام ئێمە خەیاڵمان نەبوو گوێ بدەینە ئەم ڕاسپاردەیە, چونکە نەماندەتوانی بەر لە ڕۆژاوا بوون بگەینە ماردین, کە باژێرێکی ئەوان دەوروبەران بوو و میوانخانەی لێبوو. هیچ پێمانخۆ ش نەبوو بە شەوڕەوی خۆمان بدەینە دەس چارەنووس و بە هەر حاڵ شەکەت بووین و تەمامان گرتبوو کە شەو لە نوسیبین وەمێنین. لە چێشتخانەیەکی هەرزانبایی شێومان خوارد و بۆ خەوتن هاتینەوە میوانخانەیەك کە لەویش هەرزانتر بوو.

هەندێك پاش سەعاتی دە گرمەی تەقینەوەیەکی لەزەبرمان بیست و دوا بە دوای ئەو شریخ و هۆڕی دەسرێژ. چوومە سەر پێگۆڕکەی پلیکانان هەتا بزانم دەنگی تەقە لە کوێوە دێ و هێندەی نەمابوو کە بکەومە ژێر پێوپلی ئەو دە دوازدە کەسەی بە هەڕەمە لە پلیکانەکان دەهاتنە خوار و هەر بەرێوە چەکەکانیان لە خۆیان شەتەك دەدا. بۆ دیدەنی ئەو شوێنەی وێدەچوو تەقەکە لە وێوە بێ, چووینەدەر: وێسگەی شەمەنەفەر بوو, هەر ئەو ئاسنەڕێیەی بە هێڵی بێرلەن – بەغدا ناسرابوو, کە ئەڵمانییەکان لە سەرەتای ئەم سەدەوە دەستیان دایە کێشانی و قەت تەواو نەبوو.

بەڵێ ئەمەش لە باسوخواسی حکومەت سەبارەت بە هێمنی و هێوری لە ڕۆژهەڵاتی کێویدا. وەختایەك هاتینەوە دیاربەکر زانیمان کە دوو کاتەژمێر بەر لە چوونەوەمان هەواڵنێرێکی جوانکەی ئاواڵی نیزیکی دیلمانجەکەمانیان, لە کاتی چوون بۆ سەرکار, لە ناوەندی شار داوەتە بەر دەسرێژ و کوشتوویانە.

چوارساڵێك دواتر وەختایەك هاتمەوە دیاربەکر نیشانەگەلی سەرکوت لە گوندان و – هێوری لە شاران دا – لە هەموو جێیەك وەبەر چاو دەهات. چەرخوخولی چۆڵ کردنی گوندان وەهای دەوور گرتبوو کە جەماوەری پایتەختی غەیرەڕەسمی کوردستانی تورکیا لە ۱۹۹۰ڕا بۆو لایە, لە ۳۰۰/۰۰۰ کەسەوە

بۆ ١/٥٠٠/٠٠٠كەس پێهەڵاچوو بوو. زۆربەی ئەو تازەكۆچەرانەی كـە لـە دێهـات هەڵكەندرابوون و پەنایان هێنا بوویە شاران كارێكی یەكسەرە و سەقامگرتوویان نەبوو و لـە سـایەی دڵاوایـی و پیـاوەتی هاونیـشتمانی كوردیـان دەژیـان, چـونكە یارمـەتی حكوومەتی بڕابڕ هەر لـە گۆڕێدا نەبوو. مافناسێكی كە خەریكی ڕاپەڕاندنی كاروبـار و سكاڵای سەر بە مافی مرۆص بوو و لەبەر ئەم سەرێشەیەی دەینایـەوە بـێ بڕانـەوە دەكەوتە بەر شاڵاوی ئازار و ئێشاندن, منی بردە دیدەنی ئـەو تەنكەئاوایانـەی كـە لـە دەوری ئەم كۆنەشارەی سەر ڕۆخی دیـجلە پەرەیان دەگرت.

یەكەم ڕاوەستانـمان لـە نێـو كۆمەڵـەی ئـەو ٤٥٠ خانووبەرانـە بـوو كـە تێكـڕا باڵەخانەی چوارنهۆم بوون و لـە ڕاستیدا بۆ نیـشتەجێ كردنـی ئـەو گوندییانـە سـاز كرابوون كە لـە بوومەلـەرزەی ١٩٧٦دا ماڵوحاڵیـان نـەمابوو. ئەمانـە جـەماوەرێكی بەختەوەر بوون, ئەم گوندییانە بـوون كـە لـە گونـدەكانی خۆیـان ڕەپـاڵ نرابـوون و خاوەنی پەنا و پەسیوێك بوون. بەڵام زۆربەیان بێكـار بـوون و بـە چـاوی تێكئـاڵاو و ڕوانینـی ورمـاوی تایبـەتی جووتیـارانی بێڕیـشەی هـەموو شـوێنان, بـە كـۆڵانی قوڕوچڵپاویدا ڕاوێچكەیان دەكرد. مناڵانی چـڵمنە لـە پـەنا كۆمـای چرپیوچـاڵ و لیژەی ویشكەڵ و مووروەداری بەر دەركان, كایەیان دەكرد, لێرو لـەوێ كـەرێك یـا بزنێك ئەم دیـمەنە گوندییەی دەڕازاندەوە, ئەمانە ئەم ماڵاتانە بوون كە ئەم دێهاتییانەی بە كەڵەزەری لـە ماڵی خۆیان ڕادرابوون, توانیبوویان قوتاریـان بكـەن. خـۆش ئەوەیـە ڕێنوێنەكە گوتی كە ئەم گوندییە پەڕەوازەكراوانە ببونە جێنشینی ئەو كوردانـەی كـە لەبـەر شـاڵاوی سـەركوتی سـەددام حوسـێن ڕایانكردبوویـە توركیـا. (ئـەم كـوردە ئێراقییانەی كە لـەبەر پەلاماری شیمیایی سەددام حوسێن لـە ئووتی ١٩٨٨دا گیانیان بە سلامەت دەرباز كردبوو و بـەرەو توركیـا تـەقیبوون, هـەر لـەم شـوێنە – هـەر لـەم كۆمەڵە باڵەخانەی كە بە ٤٥٠ دەزگا نـاودێر كرابـوو – نیـشتەجێ كرابـوون, هـەتا ئەوەی ئاخرییەكەی لـە ١٩٩١دا گەڕا بوونەوە ئێراق.)

بە كووچە و كۆڵانانـدا لـە شـار نیزیـك بووینـەوە؛ لێـرە تووشـی خانووچـكەی لاروكۆمی تەنەكەئاوای سەر گرد و تەپۆڵكەی قەراخ شار هاتین, كە ئاو و كارەبایـان

نەبوو. لەناکاو کۆمەڵێك باڵەخانەی پاك و خاوێن و ڕێك‌وپێك و تەیار بە پارکینگ و ڕێی هات‌وچۆمان لەبەر چاوی قوت بوونەوە کە هێشتا کەسیان تێدانیشتەجێ نەکرابوو. لە ئاخرین سەردانی پێشووم‌دا بۆ دیاربەکر شوێنەواری ئەم باڵەخانانە بەدی نەدەکران. بە دیتنی ئەم خانووبەرە تازە و تەیارانە سەرم سوڕما, خانووی لەم چەشنەم لە ناوەندی شار و دەوروبەرەکەی بینیبوو. کێ لە کوردستان دەیتوانی باڵەخانەی ئاوا ساز بکا؟! ڕێنوێنەکەم گوتی: "دەوڵەت ئەمانەی بۆ خێزانی ئەو ژاندرمە و سەرباز و پۆلیس و پیاوانەی دەزگای ئاسایش ساز کردووە کە بۆ شەڕ هێناونی بۆ کوردستان." دۆستێکی ئەندازیار کە لە کاری حیسابگەری‌دا ئەشتەکی لێ‌دەزانی دەفتەری یادداشتەکەی دەرهێنا و لەبەر خۆیەوە هێندێکی حیساب لێکدانەوە و گوتی: "بە هێندێك پتر لە نیوەی ئەم پووڵەی کە لەم ٤٠٠٠ یەکە خانووبەرەیەی دیاربەکر خەرج کراوە دەوڵەت دەیتوانی ئەو ٢٢٠٠ گوندە چۆل کراوە سەرلەنوێ بکاتەوە شوێنی ژیان و هەر خێزانێك لینگێك گا, مانگایەك, دوو سەر کاوڕ و دوو بزنیان وێبدا." ئەو پەناگرتووانەی دواندمن گوتیان بە ئاواتن وەگەڕێنەوە دێی خۆیان, بەڵام دەزانن کە هێزەکانی ئاسایش ئیزنیان نادەن. ئەم خەڵکە هەر نەبێ ئەوەندەیان دڵخۆشی هەبوو کە لە گوندەکانیان نیزیکن و ئەگەر شەڕ کۆتایی پێهات و کاربەدەستان بەزەیی‌یان بزووت و دەستیان لە پرکێشی کێشایەوە, دەتوانن بگەڕێنەوە گوندەکانیان. ئەم خەڵکە لێرە لە شوێنەواری ئەو زەخت و تەوژمانە پارێزرابوون کە دەبووە هۆی ئەوە چەشنی ئەو کوردانەی پەنایان بردبووە ناوچەکانی ڕۆژاوا و باشووری وڵات، زمان و داب و نەریتی خۆیان لەبیر بچێتەوە. ڕێنوێنی مافناسم ئەوەندی هەڕەشە لێ‌کرابوو کە هەوڵی دەدا بێ‌ونەبێ سەری سەعات شەشی پاش نیوەڕۆ لە ماڵەوە بێ. بەڵام بۆو کەسانەی کە نەکەوتبوونە بەر سێرەی ڕاستەوخۆی حوکمات, ژیان لە شاردا لە "سایەی سەری" هێزەکانی ئاسایشەوە وەك ڕابردوو هاڵۆز و پرکارەسات نەبوو. بەیانان, پاش‌نیوەڕۆیان و سەر لە ئەنگۆران بە قەراخ دیاربەکردا, بە خۆی و بە کۆنە شوورەیەکی هەڵچناوی بەردینی مەرمەری ڕەشا دەرۆیشتم و لە هەموو شوێنان خەڵکێکم دەدیتن کە لە تەواوی وەختان‌دا بە شوێن کار و سەیرانی خۆیانەوە بوون. لە ڕابردوودا بەر لە تاریکان کەس لە شەقامان بەدی

نەدەکرا. ئێستا پۆلیسێکی زۆریش لە شەقامان وەبەر چاو نەدەهات. داخوا حکوومەت بناغەی "پ.ك.ك"ەی هەڵتەکاندبوو و ئەوی ڕادابوویە ژێرخان و نەهێنگاوە؟

ئەو ماوەیەی کە لە ڕابردوودا دەبوو بە پاشنیوەڕۆیەکی دەمارپرووکێن, کەوتمە شوێن دۆزینەوەی مووزەی "زیا گوکالپ" و زۆر بە کوێرەوەری, لە کۆڵانێکی لاپەڕی دوور لە بازاڕی ناوەندیدا دیمەوە. گوکالپ لە ١٨٧٦دا, لەم شارە, لە بنەماڵەیەکی کوردا پێی نایە ژیانەوە, باوکی کارمەندێکی ئاسایی بوو. نەیخوێندبوو, خۆ فێرکردە و شاعیرێکی گڕگرتوو و کۆمەڵناسێکی هەڵبژاردە بوو. بوو بە بیردۆزێکی هەڵکەوتەی ناسیۆنالیزمی شەڕخوازی ترك.

گوکالپ کە کەتبووە ژێر بیروڕای ئیمیل دورکیم و بیرمەندانی تری فەڕانسە و خاوەنبیرانی ئەڵمان, لە ساڵانی بەر لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا لە حوکماتی ترکانی لاودا بوو بە جێی باوەڕ و ناوبانگی دەرکرد. بڵاوبوونەوەی ئەم بەرهەمەی بە ناوی "ڕێوشوێنی تورکیسم" لە ١٩٢٠دا توانی بەڵگە و بۆنەی سەرەکی بۆ دامەزراندنی حکوومەتێکی کۆدەسەلات و جیا لە دین و بە بێ لا کردنەوە لە کەمینەکانی نەتەوەیی و قەومی و وە ترکگێڕانی ئەوان بخاتە بەر دەسی ئاتاترك. ئەو دەڵێ: "گەل تاقمێکی ڕەگەزی یان قەومی یا جوغرافیایی یان سیاسی یان بەکەیفە نیە, بەڵکوو تێکەڵاوێکە لەم کەسانەی کە زمان و دین و ئەخلاق و جوانناسیی هاوبەشیان هەیە, یانی لەسەر شێوەیەك پەروەردە کراون." گوکالپ لە ١٩٢٤دا و بەر لەوەی کە ئاتاترك ئەم بیرۆکانە بخاتە گەڕ کە ئاکامی ئەوتۆ مەترسیداریان لە بۆ کوردان لێکەوتەوە, مرد.

"گوکالپ"یش وەك زۆرێك لەو کوردە هەڵکەوتوانەی کە ڕاژەی کۆماری تورکیایان کرد, خۆی بە کورد نەدەزانی. ئەم هاشا لە بنچاغ کردنە لەگەڵ بیروڕای عوسمانییەکان کە تەواوی جەماوەری مەسیحی و جوولەکە و مسوڵمانی وڵاتیان, وێڕای پاراستنی زمانی زگماکی و زێدی باب و کاڵان و تایبەتمەندییەکانی فەرهەنگی, بە عوسمانییان دەزانین, یەکتری نەدەگرتەوە. گوکالپ دەیگوت: "من ئەگەریش بۆم دەرکەوتایە کە باوك و باپیرانم لە ناوچەکانی کوردنشین یا عەرەبنشینەوە هاتوون, دیسانیش لە ترك بوونی خۆمدا ئەوندووکەم دڵاودڵ نەدەکرد, چونکە بە

گوێرەی موتاڵا و خورد بوونەوەکانی کۆمەڵایەتی خۆم بۆم دەرکەوتووە کە بناغەی نەتەوەیی لەسەر پەروەردە کران سەقامگیرە."ساڵگاران لەسەر ڕاستە شەقامی چوارڕێیانێکی شار تابلۆیەکم دیبوو کە ڕەوگەی گشتیی بەرەو مووزەی نیشان دەدا. هیوادار بووم کە چوونە سویێ وێندەرێ بۆ ڕەها کردنی ئەو گرێ و گۆڵە, واتە حاشا کردن لە تۆرەمە و ڕەگەزی کوردی بە ناوی ناسیۆنالیزمی پەرەگری تورك, کە بە لامەوە سەیر بوو, یارمەتیم بکا. وێنە و نموونەکان زۆر بوون, تەنیا گوکاڵپ و عیسمەت ئینۆنوو نەبوون... کە دواتر بوو بە سەرکۆمار. یەکی تر لەم تاقمە ژێنێراڵێکی کورد بوو بە ناوی "جەمال گورسێل" کە بوو بە سەرکۆمار و یەکەم گۆدەتا لەم سێ گۆدەتایەی تورکیا بە ڕێبەرایەتی ئەو بوو, کە لە ١٩٦٠دا دەسەڵاتی گرتە دەس. هەر ئەویش گەفی لە نەتەوەخوازانی کورد کرد: "سپا بۆ بۆمباران کردنی شاران و گوندانی کوردان دڵاودڵ ناکا و وەها خوێن دێ و سەران دەبا ..."

وەختایەکی ئاخرییەکەی مووزەم دیتەوە ئەو شتەی سەرنجی ڕاکێشام ڕەنگ‌وڕووی کاڵەوەبووی ئەو بوو: لە دەوری حەوشۆکەیەك ساز کرابوو کە جگە لە چەند مریشك و جووچکە شتێکی تێدا وەبەر چاو نەدەهات. بە تاقیتەنێ لەم بینایەدا کە تازە ڕەنگ‌کرابۆوە کەوتمە گەڕ, هەتا زێوانێکی ژاکاو و بێواز گوتی کە وا خەریکن دەستێك بە سەر و ڕووی مووزەکە دابێنن و کەڵتەی کەنەوە. لە ڕاستیش‌دا جگە لە بەژنی پەیکەرەی ئاتاترك کە ڕازینەوەی بینا نەتەوەیی و دەوڵەتییەکانە, پێنج شەش دیوی مووزە و سندووقچە شووشەبەندەکانی تێکڕا بەتاڵ بوون. سەرەتا تەریق بوومەوە, بەڵام ئێستا زۆریش دڵنیا نیم کە ئەو وڵامەی بە لێی دەگەڕام، نەمدۆزیبێتەوە.

***

ئەیالەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وەك کەڵەئەندامی ناتۆ بۆ تورکیا خاوەنی گرینگایەتییەکی تەواو بوو. تەنانەت پاش بڕانەوەی شەڕی سارد, تورکیا بۆ ماوەی چەند ساڵان لە ڕیزی سێهەمی یارمەتی‌وەرگرانی دەرەوی ئەمریکا چەقیبوو, ئەگەرچی لەم پلەیەدا مەودایەکی زۆر لە ئیسرائیل و میسرەوە لە دوا بوو. لە ١٩٩٤دا کە

ناخۆشترین ساڵی سەرکوتی پارێزگا کوردنشینەکان بوو, تورکیا گەورەترین خوازیار و مشتەری چەکوچۆڵی ئەمریکایی بوو. بەم شێوەیە گەورەترین کڕیاری چەک و تەقەمەنی بوو لە جیهان دا. جبەخانەی تورکیا کە لە سەتا هەشتای ئەمریکایی بوو, بریتی بوون لە تانکی ئێم – ٦٠, فڕوکەی شەڕکەری بۆمباوێژی ئێف – ١٦, باڵەفڕی تۆپداری گەورە و باڵەفڕی سووکەڵەی بلاکهاوک, کە تەواوی ئەمانە بە دژی کوردان کەلکیان لێوەردەگیرا. پێنتاگۆن لەپەستا تورکیای بۆ کڕینی چەکوچۆڵ دنە دەدا, جگە لە ماوەیەکی کورت کە تێیدا فرۆشتنی بۆمبا هێشووییەکانی دژی مرۆی ڕاگرت. وەختایەك تاقمەکانی مافی مرۆص ئاشکرایان کرد کە فڕۆکەکانی "ئێف – ١٦ ئێس"ی تورکیا دێهاتە کوردنشینەکانیان بۆمباران کردووە و پۆلێکیان خەڵکی ئاسایی داوەتە بەرخۆ و جەماوەرێك کوژراو و بریندارن, واشینگتۆن هێندێکی سەرلێشێوا. بەڵام پێنتاگۆن بە دۆزینەوەی "ڕێیقوتار بوون" کارێکی کرد کە دەوڵەتی کلینتۆن سەرەڕای بوونی قانوونێك کە دانی چەکوچۆڵی لەو جێیانەدا بەربەست دەکرد کە بە نابەجێ کەلکیان لێوەردەگیرا, هەر وا دانی چەکوچۆڵ بە تورکیا نەپسێنێتەوە. بەڵێ، هەرچی گرینگترە لە پێشترە.

چەندین هەزار ئەمریکایی کە دەزگا و دامەزراوەکانی کۆکردنەوەی زانیاری ناتۆیان دەگێڕا، لە گۆشە و کەناری تورکیادا بلاوبوونەوە، ئەم دەزگا و بنکانە بێگومان لە سەردەمانی شەڕی ساردا یەکجار گرینگ بوون، بەتایبەت پاش شۆڕشی ئیسلامی ئێران کە بنکەکانی "دەنگدزین و گوێخەواندن"ی سەر ڕۆخی دەریای خەزەری تێکەوپێچا، کە لەوەش پڕبایەختر بوون.

بەڵام لەم هەنتەشی سەربازییەی ئەمریکا کە پێشینەی دەگەڕایەوە ساڵەکانی دەیەی ١٩٥٠، قەت بۆ ئاشنایەتی لەگەڵ باری نالەباری ژیانی کوردانی تورکیا کەلك وەرنەگیرا. هێزەکانی ئەمریکایی ڕاستەوڕاست دەستووریان پێدرابوو کە خۆیان لە دمەتەقە سەبارەت بە کێشە سیاسییەکان لەتەك هاوپەیمانی "دڵناسك"یان بپارێزن. من ئەم مەبەستە دەزانم، چونکە لە نێوەڕاستەکانی دەیەی ١٩٨٠ڕا بێ نێوبڕ ئەو ئەفسەرە ئەمریکاییانەی لە تورکیا خزمەتیان دەکرد، لە بابەت کوردستانەوە هەڵمدەپێچان و پرسیارم لێدەکردن، کە هێندێك لە دامەزراوە گرینگەکانی

ئەمریکای لـێدامەزرابوون. هەمیشە لە نـەبوونی ئـۆگریی و لا لـێنەکردنەوەی ئـەم ئەفسەرانە سـەرم سـوڕمابوو. هەڵس‌وکـەوتی ئـەم ئەفـسەرانە لـە بەرچـاوم چەشـنی گەڕانەوە بۆ سەر نەبوونی ئۆگریی و لا لـێنەکردنەوەیەك قوت بۆوە کە هاوتا نیزامیی و سیاسییەکانیان لە باڵوێزخانەی ئەمریکا لە تارانی ساڵانی دەیـەی ١٩٧٠دا پێیانـەوە دیار بوو: ئەم کاربەدەستانە لەبەر ڕاگرتنی ڕێزی شا لە ڕووی زانینەوە و بـەپارێز، لـە هەوڵ دان بە مەبەستی تێگەشتن لە کەش و هەوای دژی ئەو خۆیـان دەپاراسـت. جـا ئەم سـەرنج نەدانـە بـۆ قـازانج و بەرژەوەنـدی نەتـەوەیی ئـەمریکا کۆئاکـامێکی پـڕ کارەساتی بە دواوە بوو.

بە درێژایی ساڵگاران دەوڵەتەکانی ئەمریکا یەك لە دوای یەك، هەر کام بەڵگـە و بۆنەی جیاوازیان بۆ پاسـاو هێنانـەوە لەمـەڕ خـۆ گێـل کـردن لـە بابـەت سـەرکوتی کوردانەوە نیشان داوە. لـە سـاڵانی دەیـەی ١٩٥٠دا، پەیـمانی بەغـدا (کـە دواتـر وەختایەك ئێراق دوابەدوای حکوومەتی پاشایەتی لـە ١٩٥٨دا لێی‌ـچووەدەر، نـاوی بوو بە ڕێکخراوی پەیـمانی ناوەندی) لە ڕاستیدا سەلـماندنی هـەمان ئامانـجەکانی دژ بە کوردان بوو کە لە پەیـمانی ١٩٣٧ی سەعدابادا ڕەنگی دابۆوە. نەتەوەخوازی، بەتایبەت لە نێو کەمینەکانی نەتەوەیی وڵاتانی مەیلەو ڕۆژاوای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاسـت و هەڵکەوتوو لە پەنا "شـوورەی پـۆڵایین" گومـانی خراپـی لـێدەکرا، هـەروەك لـە ئیمپڕاتـۆریێتی سۆڤیەتیـشا وەوتـۆ بـوو. بـە دامرکـانی شـەڕی سـارد لـە ١٩٩١دا و سەرقوت کردنەوەی ئێرانی خومەینی، تورکیا بۆ پلـەی ژاندرمێتی "لادینی" پێهەڵاچوو، بـەم ئەرکـەوە کـە دراوسـێ ئیـسلامییەکانی خـۆی لەسـەر هێڵـی پاراسـتنی بەرژەوەندییەکانی ڕۆژاوا ڕابگرێ. بڕانەوەی ئاڵۆزکاوانەی شەڕی کەنداوی فارس لـە ١٩٩١دا، ئەیالـەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای کردە زیندانیی ئانکارا و سیاسـەتەکانی خودی واشینگتۆن، کە پتر پێکەوە دژاودژ دەکەوتن. ساکارتر گوتبێتمان، واشـینگتۆن بۆ هەڵدانی چەتری ئاسـمانیی بە مەبەستی پشتیوانی لـە کوردەکانی ئێراق و کڕینەوەی ناوبانگی زڕاوی خۆی پێویستی بە ڕەزامەندی تورکیا هەبوو بۆ کـەلك وەرگـرتن لـە بنکەی ئاسـمانیی ئینجیرلیك — لە نزیك ئادەنە — کە سەرکوتی پەرەگری کوردانی لە خودی تورکیادا وەبەر چاو نەدێنا.

ئەم سیاسەتەی چەتری ئاسـمانیی کە بە ناوی "دابین‌کەری ئاسـاییش" و جاروبـارە بە "چەکوچی پارسەنگ" دەهاتە ناسین، بە کردەوە لە لای سیاسەت‌بـازانی تورکیـا هورمێکی نەبوو. ئەم سیاسـەتوانانە بـە هەڵـە بـە خۆیـان سەلـماندبوو کـە ئەیالـەتـە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە ئانقەست هـەوڵ دەدا پـەنا و پەسـیوێك بـۆ پ.ك.ك. لـە باکووری ئێراق جێ‌بەجێ کـا. (تـەنیا ناوەنـدی سـەرکردایەتی و بەدەسـەڵاتی سـپای تورکیا بوو کە بە واقع‌بینییەوە چالاکی دابـین کردنـی ئاسایـشی پـێ لـە گەڕانـەوەی میلیۆنان کورد و کۆ بوونەوەیان لەسەر سـنووری تورکیـا بـە باشـتر دەزانـی و هـەر ئەویش بوو کە دەوڵەتەکانی تورکیای بۆ نوێ کردنەوەی قەراروبڕی ناچار کـرد.) بـە دەیان ساڵی بێ‌پسانەوە ئەیالـەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا شان‌بەشانی کۆڵەکەی بڕوای چەقیوی تورکیا ڕەق ڕاوەستا بوو و لێکدانەوەی وی لەسەر کوردان بە نـاوی "ترکـی کێوی" سەلـماندبوو و حاشای لە بوونی کردبوون و ئێستاش ئەم ئیددیعایەی تورکیای لەسـەر وەی کـە پ.ك.ك. ڕێکخراوێکـی تیرۆریـستییە و لـەوە زیـاتر نیـە بەگەرمـە دەسەلـماند. سەرەڕای تەواوی ئەمانـەش سـەرکەوتنی پ.ك.ك. بـۆ دەرفـەت هێنـان لەسەرکوتی تورکیا بۆ بەرەوپێش‌چـوونی ئامانـجەکانی خـۆی و پـەرەگرتن لـە نێـو جەماوەری خەڵکی کوردا، بێ‌گومان ببوو بە هۆی دڵپەرۆشـی واشـینگتۆن و گـشت پایتەختەکانی ڕۆژاوایی تر.

زۆرێـك لـە کـوردان هـەر بەڕاسـتی لـە پ.ك.ك. تۆقیـوون و لەبـەر هۆکـاری مرۆڤ‌دۆستانە دژی شێوە و شـێوازی کردەوەکـانی بـوون و دەیـانزانی کـە چـلۆن دژکردەوەیەك لـە نێـو دەوڵـەتا بـۆ سـەرکوتی خـەڵکی ئاسـایی کـورد هەڵدەپێـچێ. سەرەڕای ئەمەش خەڵکی دانیان بە گرینگایەتی ئۆجالاندا دێنا. ئـەم پیـاوە (ئۆجـالان) بە تاقی تەنیا ئەم پێناسە ڕەگەزییەی کوردی کە لەمێژ ساڵ بـوو حاشـای لـێ‌کرابوو، زیندوو کردبۆوە. بەڵام واشـینگتۆن قـەت جگـە لـە دەس پێکداسـوونی دیپلۆماتیـك هیچی دیکەی نەکرد. یارمەتیدەرانی وەزارەتی دەرەوە لە بەشی مافی مرۆڤا زۆرجـاران چـوونە سـەردانی تورکیـا و زوڵـم و دەسـدرێژییەکانی دەوڵـەت و پارتیزانـەکانیان مەحکووم کرد. لەسەر ئەوەش‌ڕا ئەیالەتە یـەکگرتووەکانی ئـەمریکا هـەروا بەلایـەوە باشتر وابوو کە "فینجانی تورکیا بە نیوە پڕی" ببینێ، لـە حاڵێکـا زۆرێـك لـە ترکـان

دەیانزانی کە ئەم فینجانە لە باشترین باری خۆیدا "نیوە بەتاڵ"ە و ئاو دەدەڵێنێ.
دەوڵەتی ئەیالەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لێژنەکانی ئەمریکایی هان دەدا بچنە تورکیا و دەوڵەت دنە بدەن هەتا ئاڵوگۆڕ و چاکسازییەك بەسەر قانوونی سزادان و شێوە و شێوازەکانی لێپرسینەوە و هەڵپێچان دابێنێ کە بە پشتبەستن بەوانەوە و بە ئەشکەنجەدانی گیراوەکان قسەیان لێدەردەکێشن. بەڵام سەرەڕای بە دەستەوە بوونی بەڵگە و بۆنەی پەرەگر لە بابەت پێهەڵاچوونی زوڵم و زۆرەوە، باڵادەستانی ئەمریکایی ئومێدی خۆیان هاویشتە سەر ئەم مەبەستە کە گۆڕین و باش کردنی شێوەکانی ڕاهێنانی پۆلیس و فەندەکانی دادوەری یان پێکهێنانی وەزارەتخانەیەکی "بێ دەسەڵات"ی بەرپرسی کاروباری مافی مرۆڤ و ئاڵوگۆڕە سەرسەرەکییەکان کە بە بڕوای زۆرێك لە ترکان فرت و فێڵ یام دەستێوەردانی نێوخۆی وڵات بوو، دەتوانێ بەکەڵك و شوێندانەر بێ. ئەمریکایییەکان هەمیشە لەسەر ئەم مەبەستە پێداگر بوون کە ئەم چاکسازییانە نەك تەنیا بۆ کوردان بەڵکوو بۆ تەواوی خەڵکی تورکیاش بە قازانجە. بەڵام ئەیالەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە لە ڕەگەزپەرستی ترکان دەترسا و لە کێشە سیاسییەکانی ترا نیازی بە هاوکاریی تورکیا بوو بە ئاشکرا بە باری چارەسەر کردنی ڕامیاری کێشەکە و کۆتایی هێنان بەم شەڕە نێوخۆیییەی کە بە پانەوە خەساری دەگەیاندە ئێروو و بەختیاری تورکیا، کارێکی نەکرد.

پێوەندەکانی ئەمریکا و تورکیا تێکەڵاوی وەها دژاودژ کەوتنێك بوو. ئانکارا لەبەر گرفتێکی کە لەگەڵ پ.ك.ك. بووی بۆ جووڵانەوە لەتەك کوردەکانی ئێراقا تووشی هەڵسوکەوتی دژبەیەك دەهات: هەر ئەم کوردانە تەنانەت وەختایەك کە لە ١٩٩٤دا پێکەوە کەوتنە شەڕەوە دیسانیش لە جەغزی سیاسەتی واشینگتۆندا بۆ لێخستنی سەددام حوسێن – یان بەدیهێنانی وەها گومانێك – وەك هۆکارێکی بنەڕەتی مانەوە.
سیاسەتی خودی تورکیا ڕێبازێکی دروست و دیاری نەبوو: تورکیا نارەزامەندی خۆی سەبارەت بە پێکهاتنی پارلەمان و دەوڵەتی هەرێمی کورد نەدەشاردەوە و ئەوی وەك دەوڵەتێکی ئاوەڵەمەیی مەحکووم دەکرد و دەترسا کە پێشینەیەك لە بۆ کوردەکانی خودی تورکیا پێك‌بێنێ و گوتی کە بۆی قبووڵ ناکرێ. لەگەڵ ئەمانەشا یارمەتییەکی ساڵانەی ١٣ میلیۆن دۆلاری بۆ کڕینی خورد و خۆراك و پێتەویستی تر وێدان و

ئیزنی دا بە پارتی دێموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان کە "نووسینگەی پێوەندییەك" لە ئانکارا بکەنەوە و سەرەڕای گەمارۆی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کە ناردنی تەواوی یارمەتییەکانی مرۆڤدۆستانەی بۆ ئێراق بەربەست دەکرد، ڕێی لە فرۆشتنی ئیزن نەدراوی سووتەمەنی دزێلی ئێراق نەدەگرت کە دەکرایە خەرجوبەرجی مانگانە و پێویستییەکانی تری "دەوڵەتی هەرێم."

ئەم هەڵسوکەوتەی تورکیا بە هەموو بارێکدا وەك جووڵانەوەی دەوڵەتێك لەگەڵ دەوڵەتێکی سەربەخۆی ترا دەچوو. وێڕای تەواوی ئەمانەش تورکیا هەوڵی دا پێوەندی سیاسی و ئابووری لەتەك سەددام حوسێنا داگیرسێنێتەوە، بە هیوای ئەوەی کە ڕۆژایەك سەرلەنوێ دەسەلاتی خۆی بەسەر باکووری ئێراقا بسەپێنێتەوە و بەمجۆرە پ.ك.ك. لە دەس وێراگەیشتن وە پەناگا قوتبڕاو کا. تورکیا لە بیر خۆی بردبۆوە کە لە ڕابردوودا سەددام حوسێن لە یارمەتیدانی پ.ك.ك. و تەنگەژەنانەوە بۆ تورکیا بۆنە و بیانووی تایبەتی خۆی هەبوو: ئەم دژاودژ کەوتنانە بایەخیان بۆ دانەندرا. دیارە تورکیا بە پەلاماری لەپەستا بۆ سەر باکووری ئێراق بە بیانووی تێکەوەپێچانی بنکەکانی پ.ك.ك. و تێدا بردنی گریلاکانی، نێوانناخۆشی مابەینی پێشمەرگە کوردەکانی ئێراقی کە پێشتر گرژ بوو گرژتر کرد. هیچکام لەم کار و جووڵانەوانە پەسندی واشینگتۆن نەبوون.

بە سەرنجدان بە سیاسەتی هەوساری دوولایەنەی دەوڵەتی کلینتۆن و تاقکردنەوەی دەوڵەتانی ئێراق و ئێران، هەڵگیرسانەوەی سەرلەنوێی دەسەلاتی ئێران لە باکووری ئێراق لە ١٩٩٤ڕا بە مەیلی واشینگتۆن نەبوو. لە دابەش کردنی ئەم کارانەی لە نێوان زلهێزانی جیهانیدا کرابوو، دەوڵەتانی ئورووپایی بە ئاشکرا پەلامار و هێرشەکانی تورکیایان بۆ سەر خاکی باکووری ئێراق دەدایە بەر ڕەخنە، کەچی ئەمریکا لەبەر چاوی خەڵك پێچی بە قسەکانی دەدا و بەو کەسانەی کە ڕەخنەیان لە سیاسەتەکانی دەگرت، دەگوت لە بنەوە خەریکی کاروبارێکە، (کە هەڵبەت ئەو هەوایە هەمیشە دڵخوازی ئەمریکاییەکان بووە.) کاربەدەستانی پایەبەرزی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا جارناجارێك لەبەر چاوی خەڵك دەستێکیان

پێکدادەسوو و بە ڕاوێژێکی ئیماندارانەوە دەیانگوت کە بەڵێ، شەڕ لەگەڵ پ.ك.ك. تەنیا بە سەرکوت کۆتایی پێنایە.

بەم شێوەیە ئانکارا و واشینگتۆن لە ناوچەدا گیرۆدەی کێشەیەکی وەها بەرزەخوازانە و پێچەڵفلۆوچ بوون کە بە ڕواڵەت چی بەسەر کوردانا نەدابوو، بەڵام وێڕای تەواوی ئەمانەش دەگەڕایەوە سەر ئەوان. ئەگەر لەم مامەڵەدا لایەنی تێوەچووی کێشەکە هاوپەیمانێکی پتەوی ئورووپایی بووبا ڕەنگە ئەم کایە دیپلۆماتیکە بێشوێن و ئاکام نەبوایە. بەڵام لەبەر ئەم سیاسەتە چەندقۆڵییە کە هەر لە خۆیاندا بە باری لاواز کردنی کێشەکانیشدا دەکەوتن، سەرنجێکی ئەوتۆ نەدرابوویە تورکیا. تورکیا هێزێکی وانەبوو، وڵاتێك بوو کە جگە لە کێشەی لەگەڵ کوردان، نێوانی لەتەك هەر هەشت دراوسێی یان زۆر لاواز یان تەنانەت فرە ناخۆش بوو. وێڕای تەواوی ئەمانەش دەوڵەتی کلینتۆن تورکیای وەك پاڵپشتێکی گەورە لە ناوچەدا بە مەبەستی بەڕێوەچوونی سیاسەتی هەوساری دوولایەنەی خۆی هەڵبژاردبوو و ئەو دڕدۆنگییەی کە سەبارەت بە نوێ بوونەوەی کۆبوونەوەکانی وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی ئێران و سووریا – لەسەر شێوازی پەیمانی سەعداباد – هەیبوو، نەیدەدرکاند. ئێران و سووریا وڵاتانێك بوون کە واشینگتۆن هیچ نەیدەویست دەستیان لەم گەڕیانەدا بێ. بەڵام وەزیرانی دەرەوەی ئەم وڵاتانە لێك کۆ دەبوونەوە و قین و دوژمنایەتی خۆیان سەبارەت بە هەر شتێکی کورد و کوردی بوایە دەردەبڕی. (هەڵبەت دەربڕینی ئەم هەڤگرتنە ڕەسمییە دیپلۆماتیکە نەیتوانی ببێتە بەربەندی ئەم مەبەستە کە سووریا و ئێران و ئێراق جێ‌ڕێ نەدەن بە پ.ك.ك. هەتا لەوان بنکانڕا تورکیا بداتە بەر پەلامار.)

کردەوەی ئەم سێ دەوڵەتە شێوەیەك جەغز بەزاندن و قازانج لێهێنانی پێچەوانە بوو لە ڕەوتەکە. ئەمانە دەیانویست حاشا کردن لە بنچاغی کوردان لە لایەن تورکیاوە "وەك نموونەیەکی سەلمێندراو" بۆ بنلیچ دانی مافی کەمینە کوردەکانی خۆیان بکەنە سەرمەشق. تورکیا فریوی ئەم ڕەوتەی خوارد و کەوتە داو. تورکیا بە ڕادەیەك سەبارەت بەم وڵاتە بە کۆیلەکراوە عەرەبیانەی پێشووی عوسمانی هەستی بە سووکایەتی دەکرد و بە جۆرێك لەگەڵ ئێراق و سووریا دەجووڵاوە کە هەر

دەتگوت پێوەندی نێوانیان تەنیا دەگەڕێتەوە سەر کێشە و گرفتی هێمنایەتی و لەگەڵ قەڵەمڕەوی بالآتری دیپلۆماسی زاڵ بەسەر نێوان و تێکەلآیەتی ولآتاندا هیچ فرِیان بەسەر یەکەوە نیە. ئاکامەکانی ئەم هەڵوێستە پڕ کارەسات بوو، ئەگەرچی کەمیش بوون ئەو بالآدەستە ترکانەی کە لەوەیان پتر گلەیی هەبێ کە لەگەڵ "دراوسێیانی دڕ" بەرەوڕوون؛ دەتگوت لەسەر ئەم بنەڕەتە پاساویان بۆ کاڵی و نەکوڵیوی سیاسی خۆیان دێنایەوە!

لە هیچ شوێنێك ئاکامی کار چەتوونتر لە پرۆژەی عەنەدۆڵی باشووریڕۆژهەلآتی نەبوو، کە بە ناوی "گاپ" باشتر ناسراوە. لە سالآنی دەیەی ١٩٨٠دا تورکیا بە شێوەیەکی یەکلایەنە دەستی دایە بەڕێوە بردنی پەرەی ئەم گەلآڵە ئاوەدێرییەی کە بەری ڕووبارەکانی "دیجلە" و "فورات"ی دەگرت. تورکیا دەیگوت چونکە ئەم ڕووبارانە سەرینچاوەیان لە خاکی ئەوایە پێویستییەك نابینێ کە لەبەر بە دەستەوە نەبوونی قانوونێکی ڕوونی نێونەتەوەیی, نیازی ولآتانی دراوسێ بۆ دابەش کردنی ئاوی ئەم دوو چۆمە وە بەرچاو بگرێ, لە وەختایەکدا کە بوونی ئەم ولآتانە بە چلۆنایەتی نەپسانەوەی ئاژوانی ئەم ئاوانەوە گرێ درابوو. ئانکارا بۆ لە کۆڵ خۆ کردنەوەی گلەیی ئەم ولآتانە لەسەر ئەم خاڵە پێداگر بوو کە بەڵێ لە چاکە و سایەی سازکرانی ئەم بەنداوە تازانە بووە کە دەروجیرانەکانی توانیویانە بۆ یەکەم جار بێ نێوبڕ و پسانەوە ئاو وەربگرن. دانیشتن و وتوویێژی سێ قۆڵی و نێوەنێوە کە لە بابەت دابەشینی ئاوەوە کرا, نەگەیشتە ئاکام. سندووقی نێونەتەوەیی دراو, بانکی جیهانی و تەواوی سەرمایەدانەرانی دەرەکی, لە نێونەتەوەییڕا بگرە هەتا تایبەتی, لەبەر ئەمەی کە تورکیا پێشتر ئەم کێشە ناسکەی لەتەك ئێراق و سووریادا چارەسەر نەکردووە, لە ترسی تێوەگلان لە وەها گێرە و کێشەیەك لە دابین کردنی خەرجوبەرجی ئەم گەلآڵەیە ملیان بادا. ئەمە "ئەوپەڕی" پێمل نەبوونی ڕۆژاوا بوو.[1] کارناسانی

١– لە تەبلیغاتاندا باسی وەی دەکرا کە گاپ دەرگای خێرو بێرێکی زۆر بە ڕووی کورداندا دەکاتەوە, بەلآم لە ڕاستیدا قەت ئاوای نەکرد. گاپ تەنانەت ئەگەر ئەمجۆرەی کە گەلآڵەڕێژانی لایان وابوو, تەواو بووبا دیسانیش قازانجێکی بۆ کوردانی پەروەردە نەکراو, لەم ناوچەدا کە ڕێژەی بێکاری زۆر لە سەرێیە, نەدەبوو, چونکە ملکایەتی زەوی هی دەرەبەگانی خۆجێیی بوو(!)

نێونەتەوەیی لێکیان داوە کە بە تەواو بوونی پرۆژەکانی تورکیا, ڕەنگە سووریا تەنیا لە سەتا چلی ئەو ئاوەی کە پێشتر لە ڕووباری فوراتی وەرگرتووە, وەربگرێ, لە کاتێکا کە ڕادەی ئاوگرتنی ئێراق لە سەتا بیست پتر پێهەڵانەدەچوو. لە فێوریەی ١٩٩٦دا سیاسەتبازانی تورکیا هەوڵیان دا کە دەوڵەتێك بە تڕەکەڵەك پێك‌بێنن, ناوەندی سەرکردایەتی هێزە چەکدارەکانی تورکیا بە شێوەیەکی یەك‌لایەنە – بە بێ ئیزنی دەوڵەت – قەراروبڕێکی لە بواری پەروەردە و ڕاهێنانەوە لەگەڵ ئیسرائیل مۆر کرد: ئەم کارە کە بە تۆڵەی پشتیوانی کردنی سووریا لە پ.ك.ك. بوو, سیاسەتی "گەڕانگەریی" ئیسرائیلی زیندوو کردەوە, ئەگەرچی ئەمجار وڵاتی جوولەکە بۆ زەخت خستنە سەر سووریا و ئێران کەلکی لە تورکیا وەردەگرت کە لەمەوبەر هاوپەیمانی بوو.

وەختایەك کێشەی کوردان ئاڵوزبڵۆزی سیاسەتی ناوچەی پێهەڵابرد, پاڵوێدانی دەوڵەتی کلینتۆن لەبەر هەندێك هۆ و هۆکاری سیاسەتی نێوخۆ, بە تورکیاوە پتر بوو. پاش ڕێککەوتنی "دەیتۆن" لە نوامبری ١٩٩٥دا, کە کۆتایی بە شەڕی چلوسێ مانگەی بوسنی هێنا, واشینگتۆن بۆ چارەسەری تەنگەژەیەکی بەرفرەوان کە هەڵبژێرانەوەی سەرلەنوێی کلینتۆنی لە ١٩٩٦دا بە توندی تووشی مەترسی کردبوو, ڕووی کردە ئانکارا. دەوڵەت ڕاگرتنی هێزەکانی ئەمریکایی لە بوسنیدا بۆ ماوەی پتر لە ساڵێك لەباری سیاسییەوە بە کردەوەی مەترسیدار دەزانی, چ بگا بەوەی کە بیەوێ کاری ڕاهێنانی سپای نوێسازی مسوڵمان کە وەختێکی زۆری دەویست وە ئەستۆ بگرێ؛ ئەم سپایە دەبوو لە بەرامبەر سێرب و کرۆواتاندا پارێزگاری لە بوسنی کردبا. لەگەڵ ئەمەش ئەم پەروەردە کردن و ڕاهێنانە دەکەوتە ڕیزی گەورە دەسپێشخەرییەکانی سیاسەتی نێوخۆی ئەمریکا. واشینگتۆن هاتە سەر ئەم تەمایەکە دەکرێ تورکیا کە پێشتر یەکێك لە دەسەڵاتە کۆلەدارییەکانی باڵکان بووە بێتە سەر نژمی دۆستێکی مەیلەو ڕۆژاوا و مسوڵمانێکی میانەڕەو و شەریکی ناتۆ و کاری ڕاهێنانی کرۆواتەکانی پێ‌بسپێردرێ و بڕوای وابوو کە تورکیا زۆر بە چاکی دەتوانێ ئەم ئەرکە گرینگە ڕاپەڕێنێ.

تورکیا چونکە هەتا ئەم "پلە" گرینگە هەڵکێشرابوو کە ڕێی بۆ خۆش دەکرد لە داهاتوودا بتوانێ ئیددیعای جێ پێیەك بکا لە باڵکان, ڕازی بوو. کەس لەبەر چاوی خەڵك باسی ئەم دووشێوە هەڵسوکەوتەی نەکرد و نەیپرسی کە چلۆنە تورکیا کە خۆی بنچاغی کەمینەی کوردی خۆی هاڕیوە و پێخوستی کردووە ئێستا یارمەتی مسوڵمانانی بەر ئازاری کرۆوات و سێربان دەکا کە لە بەرامبەر "پارێزەرانی کرۆواسی و سێربستانی گەورە"دا لەسەر هەبوونی خۆیان وەجواب بێن؟ (ئاتاترك ڕووی لە جیهانی ئیسلام وەرگێڕابوو و وازی لە کۆمەڵانی ترکی نێو وڵاتانی بە کۆیلەکراوی پێشووی عوسمانی هێنابوو. بەڵام تورکیا لە ساڵانی دەیەی ١٩٨٠دا لەسەر ئەم داوایە بوو کە هیچ دژایەتییەك لە نێوان سەرکوتی کوردەکانی خۆی و پارێزگاری کردنەکەی لە کەمینەکانی ترکی بولغارستان و یۆنان و قوبروسدا نییە.) شتێکی کە لە ڕاهێنان و مەشق پێکردنی سپای بوسنیدا بۆ ترکان بەتایبەت سەرنج ڕاکێش بوو ئەم ئەمەگدارییە بوو کە دەکەوتە ئەستۆی ئەمریکا و دواتر دەکرا کەلکی لێوەربگیرێ، بەتایبەت ئەگەر لە داهاتوودا هاوپەیمانانی ناتۆ لە بابەت کوردان یان لایەنەکانی تری سیاسەتە ناجۆرەکانی زەختی بخەنە سەر. بۆ یەکەمجار تورکیا خۆی دایە مەترسی و بوو بە بەشێك لە سیاسەتی نێوخۆی ئەمریکا، کە خۆی لە خۆیا بۆ گەڵاڵەداڕێژی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا زۆر مەترسیدار بوو. دیپلۆماتەکانی ئەمریکا لە ڕووی ئەم هەڵسوکەوتەی کە لەگەڵ تاقمەکانی لایەنگری یۆنان و ئیسرائیل لە کۆنگرەدا بوویان, چاك لەگەڵ ئەم گەڕیانە ئاشنا بوون و لە ڕەوتەکەیان دەزانی.

ئاخ, پێوەندەکانی ئەمریکا لەگەڵ تورکیا لەم چەند ساڵەی ئاخریدا چەندە پڕ پێچوفلۆوچ ببوو! لە تەواوی دەورانی سەرکۆمارێتی ڕێگاندا, باڵوێزی ئەمریکا لە تورکیا ڕابێرت ئیشتراوس هووپە بوو, کە لە ویەن پێی نابووە جەغزی ژیانەوە. ئەو دامەزراوی دەستی خودی ڕێگان و زەمانێك ماوۆستای زانستی سیاسی زانکۆی پێنسیلوانیا بوو. نیزیك دە ساڵێك لێرەوبەر کە من لە دیدارێکمدا پرسیارگەلێکی ئازاردەرم لە بابەت کەمتەرخەمی ئەمریکاوە کرد سەبارەت بە پێشێل کرانی پەرەگری مافی مرۆص لە تورکیا, بەتایبەت لە کوردستان, هەشتا و چەند ساڵێك دەبوو. تەنانەت ئەو کاتیش پارێزگارانی مافی مرۆڤی ڕۆژاوا وێدانی ئەو گشتە چەكوچۆڵەیان

وە تورکیا بردبووە ژێر پرسیار و لەمە دەترسان کە هیچ دوور نیە لەم چەکانە بۆ گێرە و کێشەی نێوخۆ کەلك وەربگیرێ. (زۆر دواتر لە ساڵی ١٩٩٦ هەر ئەم پارێزگارانەی مافی مرۆص بێهوودە هەوڵیان دا بە وەزارەتی دەرەوە بسەلمێنن هەتا بە گوێرەی بەندی ٥٠٢ "ب"ێی قانوونی یارمەتییەکانی دەرەوە هەڵوێست بگرێ کە دەق‌ودۆغر دانی چەك‌وچۆڵ بە وڵاتانێکی کە پەیتاپەیتا مافی مرۆص پێخوست دەکەن، بەربەند دەکا – بەڵام سەیر ئەوەیە کە بە پێی دەسەڵاتێکی کە دراوەتە سەرکۆمار، ئەم چەکانە بەردەوام دەنێردران.) ئیشتراوس هووپە لە مەبەستەکەم حاڵیبوو. بەڵام ئەرکی سەرەکی ئەمە بوو کە لەوان ساڵانی سەختی شەڕی ساردا ترکان بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ "ئیمپراتۆرێتی شەیتانیی" رووس شان‌بەشانی ڕێگان رابگرێ. شتی زۆر بێ سەرەوبەرەی لەم چەشنەی گوت کە دەی، بڵا ئورووپاییەکان خەریکی "ئەرکی مافی مرۆڤیان" بن... پاشان رووی کردە فرت و فێڵی ناسراوی پیرەپیاوان: خەوی لێکەوت و یاریدەرانی کە لەسەر نووکی پەنجان دەرۆیشتن، منیان بۆ دەرەوەی ژوورەکە فەرموو کرد، کە نەکا خوای نەکردە وەخەبەر بێ.

ئەم سەردەمە هەر ئەو ساڵگارانە بوو کە باڵادەستانی ترك لە بابەت "ترکانی کێوی"یانەوە وسکوتیان کردبوو. لە ١٩٨٧دا گۆڤارێکی باڵی چەپ بە ناوی "ینی گوندیم" دەستی دایە کارێکی بوێرانە و تەواوی بابەتەکانی ژمارەیەکی بۆ باس سەبارەت بەم مەبەستە تەرخان کرد کە تەنگەژەی هەرەگەورەی تورکیا کێشەی کوردستانە، کە ئەویش تەنیا بە ڕێوشوێنی سیاسیدا دەکرێ چارەسەر بکرێ. هێندێك لە نووسەرانی بابەتەکان بریتی بوون لەم ئەفسەر و کاربەدەستە خانەنشینانەی کە لە باشووری ڕۆژهەڵات (کوردستان) کاریان کردبوو، بەتایبەت کەندال نزان، بەڕێوەبەری خۆهەڵبژاردەی "ئەنستیتۆ کورد"ی پاریس. کەندال بە مەیلی خۆی لە تورکیاوە کۆچی کردبوو بۆ هەندەران و بیرهێنانەوەی ناویشی لە تورکیادا کفر بوو. هەر وەك پێش‌بینی دەکرا، ئەم ژمارەیەی گۆڤارەکە کۆکرایەوە و دەستی بەسەردا گیرا، بەڵام شەش ڕۆژان لە پێشخوانی ڕۆژنامەفرۆشان ڕۆنرابوو. جا هەر ئەم

وەدرەنگی کەوتنــە بــۆ کــۆ کردنــەوەی وەك چاوپۆشــی و خۆبــواردنی حکوومــەت لێکدرایەوە.

***

ساڵێك دواتر یان ماوەیەکی ئەوتۆ، کایا توپری، گوتەبێژی ڕۆژنامەوانیی "ئـوزەل"م لـە نووسینگەی کارەکـەی لــە ئانکـارا چـاوپێکەوت. لـەمێـژ سـاڵ بـوو دەمناسـی و خۆشەویستی نواندبوو و چاوپێکەوتنێکی لە دیاربەکر لـەگەڵ قایـممەقامی گـشتیی بـۆ پێکهێنابووم: قایـممەقام پیاوێکی زۆر غلـلوور بوو و بە قەڵافەتێکی بەدگووزانەوە کـە تاڵ بـوونی ئـەم دیـدارەی لــێدەباری، ڕێی‌دام و لـە دانـەوەی وڵامـی ئاسـایی بـە پرسیارەکانـم خۆی پاراست. ئەو وڵامانەی کە دەیدانـەوە هـیچ وە ڕاسـتی نەچـوون. ئەوەندە لـەگەڵ توپری ئاشنا بووم و دەمناسی کە وریای کەمەوە کە ئەم چەشنە ئاکـار و چـارەڕەش کردنــەی کــوردان کـارێکی مناڵانــە و نیــشانەی تێماوییــە. ئــەو شــوو لــێهەکێــشان و زێدەڕەوییــەی کــە خــۆم دیبــوومن بــۆم گێڕایــەوە و گوتــم تورکیـا بێ‌گومان زۆر کاری لـەوە باشتر و واجبتری هەیە کە کوردان لـەبەر فرۆشتنی "شریتی" مووسیقی یان گۆرانی خۆیان بـخاتە بەندیـخانەوە، مەگین ئەمەی دەستی وا هـەبن لــە دەوڵەتا کە بیانهەوێ بە لاڕێ کردنی خواستەکانی حکوومەت لـەم بـوارە دا یاریـدەی پ.ك.ك. بکەن. نەچوومە نێو جـەغزی باسـی ئاکـاری تونـد و دڕانـەتری هێزەکـانی ئاساییش: لـە ڕووی ئەم هەڵتەزینەوەڕا کە لــە نارەحـەتییان دەینوانـد، ئـەم کـارەم بـە پێویست نەزانی. گوتـم ئەگەر بێتوو ئەم وت‌وویژانـەی کـە لــە ناوچـە گوندییـەکان کردوومن،پێوەر و بێ‌ودانێك بن بۆ ئەم گەڕیانە، ئازار و ئێـشاندنی خـەڵکی ئاسـایی و سووتاندنی گوندان ئەم مەترسییە دەنێتەوە کە کوردان لـە تورکیا نەبان بن و درێژەم دا کە زۆربەی هەرە زۆری ئەو خەڵکەی چاوم پێیان‌کـەوتووە و دوانـدوومن خوازیـاری سەربەستی نین، (کە هێشتا داخوازی سەرەکی پ.ك.ك. بوو) هەر وەهـا لــە ئـۆگریی "ئاپۆ"دا سەبارەت بە مارکسیزم بەشـدار نـین. ئـەم خەڵکـە تـەنیا دەخـوازن کـە وەك هاووڵاتییەکی پلە یەك هەڵس‌وکەوتیان لـەگەڵ بکرێ و ڕێز لـە کەلتووریان بگـیرێ و ناوچەی دواکەوتوویان بەشێکی شایانی لـە سەرمایەنانەوەی ئاوەدانی بەرکەوێ. گوتـم من ساڵگاران بە چاوی خۆم سەرهەڵدانـم لــە وڵاتـانی جیهـانی سـێهەما دیـوە و پـێم

سەیرە کە بۆ چی وڵاتێکی وەك تورکیا کە لە سەر ڕێوشوێنی ڕۆژاوا بەڕێوە دەچێ و ئەندامی ناتۆیە, دەبێ ئەم دیاردە ئاشکرایانەی کە لەسەر دیوار بوونە نەخش, ئەوتۆ بە نادروستیان دابنێ. هەڵبەت ترکان خۆیان ئەوەندە وریان کە تێبگەن کە سەرکوتی دەوڵەتی تەنیا یارمەتی ئاوسانی ڕیزی سەرهەڵداوان دەکا...

ڕەخنەکانم ئەوەند درێژە پێدا کە سەرەنجام بە بیرمدا هات ڕەنگە سەرەڕای دۆستایەتییەکی چەندساڵەی کە لەگەڵ توپری‌دا هەمە, داوام لێ‌بکا نووسینگەی کارەکەی جێ‌بێڵم. کاتێك وتەکانم کۆتایی پێ‌هێنا توپری بە ڕاوێژێکی وەك ئەوەی سرتە بکا گوتی: "دەزانم, دەزانم. بەڵام سپا کۆسپی سەرڕێمانە و تەنیا ئوزەل دەزانێ کە چلۆن لەگەڵیان هەستێ و دانیشێ."

ئەوەی توپری دەیەویست بیڵێ ئەمە بوو کە ئوزەل – کە لە خودی ئاتاترکەوە بۆو لایە بیرمەندترین و بتشکێنترین سیاسەتوانی تورکیا بووە و پیاوێك بوو کە ژێنێڕاڵەکان دوای گۆدەتای ساڵی ١٩٨٠, کە سێهەمین گودەتا بوو لە ماوەی سی‌ساڵاندا, ئەویان کردبوو بە سەرۆکی دەوڵەتێکی بە ڕواڵەت غەیرەنیزامیی – ئەگەرچی لە ١٩٨٣دا بە دەنگی خەڵك هەڵبژێرا بوو, هێشتا وەك دەبوو بێ, بەسەر کاراندا سوار نەبوو. ئەم وتەیەی توپری بۆخۆی لە هەڵلادەر بوو: ئاتاترك لە ١٩٢٣دا پێکهاتەی حکوومەتی بە یارمەتی سپا تێكومەکان دابوو و بناغەی کۆمارەکەی ڕۆنابوو. وڵاتانی تر دەوڵەتەکانی خۆیان لەسەر چینی مامناوەندی سیستمی دەرەبەگی یا هێزەکانی کۆمەڵایەتی تر دانابوو, بەڵام لە تورکیادا ئەوە سپا بوو کە کۆماری دامەزراندبوو. دیارە تورکیای ئەو زەمانی وڵاتێکی لاواز و دڵپەرۆشی لێکدابڕانی خاکەکەی بوو کە کەتبووە بەر دەسدرێژی مەسیحییان. لە ڕۆژاواوە کەوتبووە بەر پەلاماری یۆنانییەکان و لە ڕۆژهەلاتەوە بەر شاڵاوی ئەرمەنییەکان, کە بە تۆڵەی کوشتاری ئەرمەنییەکان لە لایەن عوسمانییەوە و بە مەبەستی وەرگرتنەوەی هەرێمە مێژوویی‌یەکانی خۆیان هێرشیان کردبوویە. جا تاقمی ئەفسەرانی ئاتاترك لە ڕاستی‌دا یەکە پاڵپشتی حکوومەت بوون, لە لووتکەوە تا داوێن و ئەم کۆمەڵە تەمایان وابوو کە بە بێ گوێ دانە پێخۆشی و پێناخۆشی خەڵك, هەرێمی سەرەکی

عەنەدۆڵی دواکەوتوو لە بنچوبناوانە ئیسلامییەکانی خۆی دابـڕن و بە یەکـجارەکی بەرەو ڕۆژاوی وەرسووڕێن.

شۆڕشی ساڵی ١٩٢٥ی شێخ سەعید کە ڕەنگی مەزەبیی لە خۆ گرتبوو، دەماری زاڵمانەی حکوومەتی ئەستوورتر کرد. شۆڕشـێکی تـریش[1] کـە لـە سـاڵی ١٩٣٠دا ڕووی دا و سەیر ئەمە کە ئەمـجار شۆڕشی هاوبەشی کوردان و ئەرمەنییان بوو کە لە پێشتردا بۆی ببوونە قوربانیی، ئەم ڕەوتەی دیسانیش بەهێزتر کـرد. وەختایـەك ڕەزاشـا ئیزنی هێزەکانی ترکی دا کە سنووری ئێران ببەزێنن و سەرهەڵداوانی ئارارات گەمارۆ دەن، ڕاپەڕین بە شێوەیەکی کارەساتاوی کۆتایی پێهات. (چلوپێـــنج ســـاڵ دواتـــر مـحەمـمەد ڕەزاشاه پەهلـەوی ئەم خەیانەتەی ڕەزاشای باوکی دووپات کـردەوە، ئـەو دەمەی کە لە ١٩٧٥دا لانی ژێنێراڵ بارزانی بەردا.) ئەم ڕووداوانە لەگـەڵ شۆڕشـی درسیم،[2] دڕدۆنگیـی سـەبارەت بـە ناسـیۆنالیزمی کـورد لـە هەرێمـە بـەربڵاوەکانی ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا زیندوو ڕاگرت و ئەم ناوچانە هـەتا ١٩٥٠ کەوتبوونە ژێر ڕکێفی حکوومەتی نیزامیـی و لـەوی بـە دوا هـەتا سـاڵی ١٩٦٥ لـە ڕووی غەوارانی وردبیـن و قوژبنپشکنا بەسـتـران.

لە سەردەمانی شەڕی ساردا و پێش و دوای ئەویش، هێزە چـەکدارەکانی تورکیـا هەمیشە بۆ ڕیسوگوریس هێنانەوە لەسەر دەوری گرینگـی خـۆی لـە ژیـانی سیاسـی تورکیادا "بەرگی بەرندە"ی کوردستانیان لـە باغـەڵدا بـوو، یـانی ئەگـەر وجـوودی هەشت وڵاتی ناجسنی دراوسێ بۆ ئەم کارە کیفایەتی نەکردبا. بۆ چما هەر لە مابـەینی ئەم دوو شەڕە جیهانییەدا کوردان بەشداری هەژدە ڕاپەڕین لـەم نۆزدە ڕاپەڕینە نەبوون کە لە تورکیادا ڕووی دا؟ دوودڵییە دەروونییەکانی توێژی نیزامییان لـەم ساڵانەدا، لـە بابەت سەرکەوتنیانەوە لە درێژخایەنتـرین شەڕیاندا هەرچـی بووبـێ، ئێـستا سـوور و ئاشکرایە کە شەڕ لەگەڵ پ.ك.ك. ئەم توێژەی لە نێوەندی سیاسەتی تورکیادا بنـەگر

١– مەبەست شۆڕشی "ئارارات"ە.

٢– ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٣٧ی درسیم، بە ڕێبەرایەتی سەید ڕەزا، کە ترکان بانگهێشتنیان کردە سەر وتوویـــژ و هەر لەم کۆبوونەوەدا گرتیان و لە داریان دا!

کردبوو. ئامرازی بەردەس و هەڵبژاردەی ئەم توێژە, یانی شوورای تـەناهی نەتـەوەیی, بە ڕواڵـەت دەکەوتە ژێر دەسەڵاتی سـەرکۆمار, کـە لـە ١٩٨٩ تـا ١٩٩٣ سـەرۆك ئـوزەل بـوو. ڕەنگـە جگـە لـە خـودی ئـوزەل قورسـایی و گرینگایـەتی کەسـایەتییە نیزامییەکان – یانی سەرۆکی ناوەندی سەرکردایەتی هاوبەشـی سـپا و سـەرکردەکانی سپا و هێزی ئاسـمانیی و دەریایی و ژاندرمە – پتر لە ئەندامانی غەیرەنیزامیی بوو, کـە بۆ وێنە لەم جەللـەیە وەزیری بـەرگری و دەرەوە و نێوخۆشـی دەگرتـەوە. شـووڕای تەناهی نەتەوەیی بە دەسـەڵاتترین نێوەنـدە و دامـەزراوەی تورکیـا بـوو. بـە گـوێرەی قانوونی بنەڕەتی تورکیا لە باری پلە و پایەوە سەرۆکی ناوەندی سەرکردایەتی هاوبەش باڵاترە لە وەزیری بەرگری و گشت ئەندامانی تری دەوڵەت.

پەیوەنـدی و نێـوانی ئـوزەل لەگـەڵ سـپا, کـە ئـەوی هێنایـە نێـو کاروبـاری بەڕێوەبەرایـەتی وڵات, پێـچاوپێچ و جـاری واش تەنانـەت تێکـەڵ بـە تـانووت بـوو, هەروەك جارێکیان بە بەشدار بوونی لە "ڕێژەیەکی نیزامیی"دا بە دوولینگەی کورتەوە قینی خەڵکی تورکیای هەستاند. لە ڕاستیدا ئەم هەڵسوکەوتە چـاوەڕوان نەکراوانـە یەکێك لەو چەکانە بوو کە ئەو نە تەنیا بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ نیزامییـان بـەڵکوو بـە مەبەستی ملانە لەتەك زێوانانی نەریتە "پیرۆز"ەکـانی ئاتـاترك دەکـاری دەکـردن. ئـەم خەڵکە هەمیشە حازر بوون بۆ بەرپەرچدانەوەی هەر کردەوەیەکی کە بنـەی دەچـۆوە سەر کرانەوە و [ئازادی] کۆمەڵی تورکیا, بیرەوەری ئاتاترك بێننەوە بەر بیران. تـەمای ڕچەشکێنانەی ئوزەل – یانی وەرگرتنی پەناخوازانی کورد, وە قانوونی گێڕانی کـەڵك وەرگرتن لە زمانی کوردی لە ئاخافتنا, لە ساڵی ١٩٩١دا و بەتایبەت دانیشتن و وت وویژ لەگەڵ ڕێبەرانی کورد لە بەهاری هەر ئـەو سـاڵەدا – نیـشانی دا کـە دەتوانـێ تەنانەت بە نرخی پەرێشاندنی ژێنیراڵەکان, نوێکاری و بەرژەوەندیی داهاتوو لەگـەڵ سیاسەتی تورکیا تێکەڵ بکا. یەکێك لە دیپلۆماتە ڕۆژاوییەکان کە لەمێژ سـاڵ بـوو لە تورکیا ئەرکی لە ئەستۆ بوو, دەیگوت: "ئوزەل هەر وەك کە بیری لـە زۆرێـك لـە کۆسپەکانی تورکیا دەکردەوە, بیری لە کوردانیش دەکردەوە, ئەویش بە شێوەیەك کە ئەم کۆمەڵە تەنانەت بە خەیاڵیشیدا نەدەهات, چ بگا بەمەی هەزمی بکا."

ئوزەل بە پێچەوانەی زۆربەی سیاسەتوانانی ترك هەمیشە لـە هێـزە چـەكدارەكانی ترك نەترۆقیبوو. مـحەمـمەد عەلی بیراند – ئەستێرەی تەلـەفیزیۆن و بلاّڤۆكان, كە لـە ١٩٨٨دا وەك یەكەم رۆژنامەنووسی ترك دیداری كرد لـەگەڵ ئۆجالان و هەڵلایەكی نایەوە – دەڵێ: "ئوزەل رێی بۆ كەسانێكی وەك من خۆش دەكرد كە لـە ژێر سێبەریـدا هەڵسووڕێین," هەتا دەرگایەك لـە ڕووی باسی ئازاد دەربارەی پرسی كوردا بكرێتـەوە. سـلێمان دیـــمیرێل, ڕكەبـەری لـەمێژینــەی ئـوزەل, كـە ماوەیـەك دواتـر لــە پلــەی سەرەكوەزیر و سەركۆماردا جێیگرتەوە, قەتی لـە بـیر نـەبردەوە كـە لـە دەیـەكانی سالانی پێشوودا سپا دووجارانی لـەسەر دەسەلات كێشاوەتە خوار و بە پانـەوە بـڕوای لـەسەر ئەمە بوو كە بە ڕایەدەیەك لـە ڕوودانی گۆدەتایەكی تر دەترسێ كە بـە قـەولی یەكێك لـە ڕۆژنامەنووسان هەر بـە خـەیالاتی ئەمـەوە "بەخۆیـدا دەڕی, نیزامییـەكان بۆگەنی هەست پێدەكەن و بە كەیفی خۆیان لێیدەخوڕن."

بەلام ڕەفتار و كرداری ئوزەل لـەگـەڵ نیزامییـان ئەوەنـدەش كـە تاریفكـەرانی بـە تێپەڕبوونی زەمان یادی دەكەنەوە سەرڕاست و بێ فڕ وفێلانە نەبوو. ئەو پـاش ئەمـەی كە لـە مارسی ١٩٩٢دا لـە مەودای بەڕێوەچوونی جێژنی نەورۆزا – جێژنی سەرساڵی كوردان – سەت كەسێك كورد لـە تێكهەڵچوونێكی یەكلایەنــە لـەگـــەڵ هێزەكـــانی ئاساییش كوژران, بەرپرسایەتی ئـەو ناوچـانەی كـە كەتبوونـە بـەر "بـاری نائاسـایی" ڕاستەوڕاست ئەسپاردەی هێزە چەكدارەكانی كرد. هەر لـە مانگی ئووتی ئـەو سـاڵەدا هێزەكانی ئاساییش بە پێی دەنگۆی بێبنەڕەت شالاویان بـردە بـاژێری شـرناك لـەسـەر سـنووری ئێـراق و خەسـارێكی زۆریـان تـووش كـرد, تـا ئەوجێیـەی كـە تـەواوی بیستهەزار كەسەكەی دانیشتووی شار لـە ترسی گیانیان ڕایانكرد.

بەر بەرەڵلا كردنی هێزەكانی ئاساییش وێنەدەچوو كە سیاسەتێك بێ بتوانێ ئاكامی دڵخوازی لـێ وەبەر بێ. لــە ١٩٩٣دا ڕەوتـی كوشـتار و تـاپۆ كردنـی كوردسـتانی توركیا گەیشتە چڵەپۆپەیەكی نوێ. ئێستا تەنانەت ئیتر كەمالیستە تونـد و تیـژەكانیش حاشایان لـەم ڕاستەقینەیە نەدەكرد كە شەڕی كوردستان گرێ و كۆسپی پلـە یەكـەمی توركیایە, كە بڕستی لـە هەموان بڕیوە. پاشان لـەپڕ بۆ یەكەمجـار لــە ١٩٨٤ڕا بـۆو لایە, برووقە برووقی تیشكەی هیوایەك لـە ئاسۆوە خۆی نواند: ئۆجالان بە هاندانـــی

جەلال تاڵەبانی, لە ١٧ی مارسی **١٩٩٣**دا ڕایگەیاند کە پ.ک.ک. ئاگربەسێکی شەش مانگە لە ٢١ی مارسەوە بەڕێوە دەبا. ئۆجالان پێشتر – لە ١٩٩٠دا – پێشنیاری ئاگربەسێکی دابوویە تورکیا, بەڵام ئەمجار دەستی خۆی ڕەپێش دا و ڕایگەیاند کە پێشمەرگەکانی تەنیا بۆ بەرگری کردن لە خۆیان وە دەس دێن. هەر وەها تاڵەبانی چوار ڕۆژ پێش وی بە یەکێك لە ڕۆژنامەکانی ترکی گوت کە ئۆجالان ئامادەیە بە ڕێککەوتن و پێکهاتنێکی کەمتر لە سەربەخۆیی دەس هەلبگرێ لە خەباتی چەکداری و تیرۆریزم, بە قازانج و بەرژەوەندی ڕێککەوتن لەسەر تەوەرەی گفتوگۆ, هەروەتر درێژەی دا ئەگەر دەوڵەتی تورکیا ئۆجالان وەك لایەنێکی دانوستان و وت وویژ وەرنەگرێ, ئەم وتوویژە دەتوانێ لە لایەن نوێنەرانی کوردی پارلەمانەوە بکرێ کە بە نوێنەرایەتی وی دێنە کایەوە. دیپلۆماتەکانی ڕۆژاوایی لەسەر ئەم بڕوایە بوون کە پ.ک.ک. دەسەڵات و کارتێکردنی سیاسی و نیزامیی خۆی پەرە پێدەدا. پ.ک.ک. زۆر بە قۆڕدەماغییەوە وریایی دا بە جیهانگەردانی ڕۆژاوایی کە بەر لە سەفەر بۆ باشووری ڕۆژهەڵاتی لە نووسینگە ئورووپاییەکانی ئەو ویزا وەربگرن. غەیرەنیزامییەکان و زۆربەی هێزەکانی ئاساییشیش نەیاندەوێرا شەوانە لە شار و شارۆچکان وەدەر بکەون – بەشی لای گوندانیش کە هەر مەپرسە. بەڵام ترکانی لایەنگری شەڕ کە چەند مانگێك دەبوو ئیددیعایان دەکرد کە پ.ک.ک. لەبەر کەڵەوەکێشی نێوخۆی پچڕپچڕ بووە و ئۆجالان لە نێو حیزبەکەیدا بڕشت و بڕەوی نەماوە, ئێستا دەیانگوت کە پێشنیاری ئاگر بڕەکەی بەم مانایەیە کە پ.ک.ک. لە مەیدانی شەڕا تێکشکاوە و نابێ ئیزن بدرێ کە ئەم شکستە بە سەرکەوتنی سیاسی قەرەبوو بکاتەوە. ئاشتیخوازان وەك هەلێك لەم پێشنیارەیان دەڕوانی کە ڕەنگە بە دەرفەت لێهێنانی بکرێ ڕۆچنەی هیوایەك وەدۆزرێ. نێوانی ئوزەل لەگەڵ هێزە چەکدارەکان سەرەڕای نەویکێشانی پارەکەی لەپڕ کەوتە قۆناخێکی ناسك. لە نێو سیاسەتوانانی ترکا تەنیا ئەو بوو کە خاوەنی لێرانینی سیاسی و چێشکە و بیرێکی ئاوەڵە بوو بە لانی دەس بردن بۆ ئەزموونی "نەریتشکێنانە", داهێنانی ڕێوشوێنێکی هەردك لا پەسند و کۆتایی هێنان بە شەڕ زۆر پێویست بوو.

ئوزەل لە ڕێی ئەو هەواڵنێرە ترکانەی کە لـە لوبنـان پەیوەنـدییان بـە ئۆجالانـەوە دەکرد، ئاگادار کرایەوە کە بەم زوانە ئاگربەس ڕادەگەیەندرێ. ئـوزەل لـە سـەرەتاوە دوودڵ بوو، لای وابوو کە سووریا گەورەپشتیوانی ئۆجالان، تەگەرە دەخاتە کـارێکی وەوتۆ و خۆ ناداتە دەس مەترسی لە دەس دانی ئۆجالان کـە بـۆ نـاکۆکی لەمێژینـەی تورکیا و سووریا لەسەر ئاوی فورات گـەورەترین لۆسـەی زەختـی ئـەوە. بـەلاّم لـە ماوەی چەند ڕۆژێکی ترا مەیلێکی پتری نواند. ئەو تەنانـەت هێڵـە گـشتییەکانی ئـەو نەخشەیەی کە لە مێشکیدا بوو بۆ "گنجیز چاندار"ی شی کـردەوە. گنجیـز چـاندار هەر ئەو ڕۆژنامەنووسە بوو کـە ۱۹۹۱دا بـوو بـە بایيـسی دیـداری ئـوزەل لەگـەڵ ڕێبەرانی کوردی ئێراق و تازە لە دیدەنی ئۆجالان گەڕابۆوە. ئوزەل شەودرەنگانێ لـە ئانکارا ڕێی دا چاندار چاوی پێیبکەوێ و ڕەزامەندی لەسەر لێبوردنی بەربلاّو، بەلاّم بە پێخۆر دەربڕی: لە پێشدا خۆش بوون لە پێشمەرگەی سادە کـە تـاوانی تایبـەتییان لەسەر نەبوو، ئەم تاقمە دەبەخشران و ئیزن دەدران کە لـە ژیـانی کۆمەلاّیـەتی ولاّتـا بەشدار بن؛ پاش دوو ساڵان ڕێبـەرانی پێـشمەرگان دەبەخـشران و پـاش پێـنج سـاڵان سەرکردە گەورەکان و تەنانەت خودی ئۆجالانیش دەکەوتنە بەر لێبووردن.

ئێستا ئەوەی ببوو بە هۆی پەرێشی ئوزەل و بیری ئەوی لـە خـۆی شـەتەك دابـوو ئەمە بـــوو کـــە چۆنچۆنی ڕەزامەندی پارلـەمانێك وە دەس بێنێ کە لە ژێـر ڕکێفـی شەڕخوازنێكدا بوو کە ڕایاندەگەیاند حکوومەت "قەت لەگەڵ ترۆریـستان دانوسـتان ناکا." ئوزەل بە خاترجەمییەوە بە "چاندار"ی گوت: "ئەوەندەی کە سیاسەتوانان هـۆی دڵپەرۆشین، پیاوانی لەشکریی نین، چونکە ئەوان لە ڕیزی بەرەکانن و دەزانن کە تەقە کردن لە ئادەمیزاد یانی چی." ئەو هەروەها دڵنیا بوو کە دەتوانێ ڕەزامەندی ژێنێـراڵ دوگان گوێریش وە دەس بێنێ. گوێریش سەرۆکی ناوەندەی سـەرکردایەتی هاوبەشـی هێزە چەکدارەکان و پیاوێکی "کەڵلـەڕەق"ی لەشـکریی بـوو. ئـوزەل بـە ڕاوێـژێکی "زیرەکانـە" گـوتی وەك سـەرکۆمارێك دەسـەلاّتی ئـەوەی هەیـە کـە مـاوەی سەرۆکاتییەکەی ساڵێکی تر درێژ کاتەوە.

تەواوی کوردان لەم گەشبینییەدا بەشدار نەبوون. هێندێکان دەسەڵاتی ئوزەل یان هەر کەسێکی تریان بۆ شوێندانانە سەر پیاوانی لەشکرییان دەبردە ژێر پرسیار, چ بگا بە وەی کە کەسێك پەیدا بێ و ئەوان بکاتە هاودەنگی خۆی. ئەحمەد ترك, نوێنەری [کوردی] پارلەمان گوتی کە ئوزەل ئەوان دەمان پێی گوتووە "دەمەوێ هەوڵێك بدەم هەتا گەورە ژێنێراڵەکان بۆ چارەسەرییەکی ئاشتیخوازانە هان دەم و پێیان بسەلمێنم." ئەحمەد ترك ئەو کات وەهای لێکدایەوە کە ئوزەل زۆر دڵنیا نەبوو لە دۆزی خۆی لەم بوارەدا, چونکە "گوتنی ئەمەی کە تێدەکۆشی پەیوەند و نێوانێکی خۆش لەگەڵ پیاوانی لەشکریی دامەزرێنێ, بەم مانایەیە کە دەسەڵاتی ڕاستەقینە لە دەس ئەودا نیە."

ئوزەل لە بواری باس لەسەر کارەکانی داهاتووی خۆی پێی لەسەر ئەم خاڵە دادەگرت کە حکوومەت نابێ لە مامەڵە لەگەڵ "پ.ك.ك".دا پەلە بکا: نابێ ئەوان بێنە ڕیزەی حوکمات. حکوومت دەبێ "کۆتایی بەم دەوری پلە دووهەمییەی" خۆی بێنێ لە بەرامبەر ئۆجالاندا, دەبێ سەرلەنوێ ڕاستەی کاران بگرێتەوە دەست.

ڕەمەزان, مانگی ڕۆژووی مسوڵمانان بەرەو تەواو بوون دەچوو و ئوزەل وای بە بەرژەوەند زانی کە حەوتەی داهاتوو کە حەوتەی پشوودان بوو, هیچ کارێك نەکا. بە ڕێکەوت نەورۆزیش تێکەڵی ئەم پشوودانە ببوو, کە لە سایەی دەستووری ئۆجالان و فەرمانی ئوزەل بۆ هێزە چەکدارەکان بە بێ خۆێنڕێژی بەسەرچوو.

وەختایەك چاندار دیسانەوە لە ١٥ی ئاوریلا دیمانەی لەگەڵ ئوزەل پێکهێنا, ئەم دیمانەیە لە فڕۆکەدا کرا: ئوزەل لە سەردانێکی ڕەسمی بۆ کۆمارەکانی ئاسیای ناوەندیی سۆڤیەتی پێشوو دەگەڕایەوە تورکیا. چاندار پێیگوت کە سبەینێ ئۆجالان ڕەزامەندیی خۆی بۆ درێژ کردنەوەی بێ شەرتومەرجی ئاگربەس ڕادەگەیەنێ. ئوزەل کەیفی پێیساز بوو بەڵام گوتی: "دەترسم ئەو نەفامانە کارەکە تێکدەنەوە." چاندار پرسی: "ئەو نەفامانە" کێن؟ ئوزەل لەبەر خۆیەوە گوتی: "دەوڵەت." ئوزەل لە خێرو بێری بەشدار بوونیان لە تەگبیر و ڕای گەڵاڵەیەکدا کە بتوانێ چارەسەری کێشەکان بکا, دەرچووبوو؛ بە چانداری گوت خەیاڵی وایە "جەغزیان بە دەوریدا "بکێشێ و بێ پرسی وان فەرمانی لێخۆش بوونی سەرکۆمار لە دادگای قانوونی بنەڕەتیدا

بگەیەنێتە پەسند کران." هەر وەها زیادی کرد: "هەر کـە گەیـشتمەوە ئانکـارا دەبـێ وەخۆ کەوم... و خێرا. چونکە ئەگەر بێتوو ئەم هەلـەش لە کـیس بـدەم دۆزەکـە لـە ئێستاش تاڵتر دەبێ." وا داندرا کە دوو ڕۆژی دی ڕێی چاندار بداتەوە هەتا چاوی پێی بکەوێتەوە و سەبارەت بەو بڕیارانەی کە دەبوو بدرێن, لەگەڵیا بکەوێتەوە قسان.

بەڵام سەرکۆمار لـە ١٧ی ئاوریلا بە هـۆی جەڵتـەی دڵ مـرد. ئـاخرین دیـداری – ١٦ی ئاوریل – لـەگەڵ دیـمیرێل بـوو, کـە لـە پلـەی سـەرۆك وەزیـرا بـوو بـە جێنشینی و مانگێك دواتـر وەك سـەرکۆمار جێیگرتـەوە. سیاسـەتوانانی تـرك وەهـا لـەگـەڵ پرسـی جێنـشینیی سـەرکۆمار تێکگیرابـوون کـە سەرنـجێکیان نەدایـە ئاگربڕەکەی پ.ك.ك. چ بگا بەم داخوازانەی کە ئێستا دەیهێنانە گـۆڕ و زۆریـش لـە بەر و داوێنی ویستەکانیان کەم کرابـۆوە. ئـەزموونێکیش نـەکرا هـەتا بـزانین داخـوا ئۆجالان بەڕاستی ئامادە بوو بۆ دانوستان, هەڵبەت هـەتا ئێـرەش چ تاقیکارییـەك لـەم بوارەدا نەکراوە. وەختایەك پەیوەندی پرسەکان دەگەڕێتەوە سەر کوردستان, ترکان چ لە لانی بەهێزی یان کەم دەسەڵاتیڕا, ئەگەر بێتوو چارەیەکیان هـەبێ ئامـادە نـین بـۆ وتووێژ. چەند کەس لـە ڕۆژنامەنووسانی چاوناس و خاوەن ئەزموون کە تـەنیا پـردی نێوان لایەنەکانی شەڕەکە بوون گومانیـان هەیـە لەمـەدا کـە کاربەدەسـتانی نـەهێنیی تورکیا لە بنەوە نێوانێکیان لەتەك ئۆجالانا هەبێ.

هێشتاش ڕوون نیە کە بۆچی ئۆجالان پێشنیاری ئەم ئاگربڕەی کە تاڵەبانی هێنایـە گۆڕ, قبووڵ کرد. ڕەنگە لێی حاڵی بووبێ کە "خەرجوبەرجی" درێژەی شەڕ خەریکە یەکـجار زۆر پێهەڵادەچێ. لە مانگی مارسا بە چانداری گوتبوو کە بەم ئـاگربڕە یـەك لایەنەیە دەیەوێ "کۆتایی"بە هەڵوێست و سیاسەتی دەوڵـەت لـە بابـەت تـاپۆ کردنـی گوندەکان و ڕاگوێزتنی جەماوەر "بێنێ." ئەمە دەریدەخست کە "پ.ك.ك"ەش خـاوەن هەستە. بەڵام ئۆجالان پیاوێکی یەکـجار زۆر بە دەمار بوو. ئەو لـە درێژەدا گوتبـووی: "دەزانـم کە لـە بەرامبەر سپا دا سەرناکەوین, بەڵام دەتوانین خەرجوبـــەرجێکی زۆر قورسـی بەسـەردا سـەپێنین." ئەمـە شـێوەی دوانـی مـەنتیقی بـاوی جووڵانـەوە ڕزگاریدەرەکانی نەتەوەیی بوو, کە نیشانەیەك بوو لـە بڕستبڕ کردنی خەنیمی بەهێز و قەوەت. ئەو هەروەها بیری لەمە کردبـۆوە کـە لـە داهـاتوودا بتوانـێ لـە سیاسـەتی

تورکیادا دەورێك بگێڕێ, بێ ئەوەی شی بکاتەوە کە چلۆن دەستی دەگاتە وەها ئاڵوگۆڕێك.

ئەحمەد ترك مانگێك پاش دیداری لەگەڵ ئۆجالان لە لوبنان, گەڕایەوە, بەم باوەڕەوە کە "ئاپۆ" ئێستا بۆی دەرکەوتووە کە ئەمپریالیزم "شێرە بەفرینە"[1] نیە, ئەگەرچی بە بۆچوونی وی, ڕێبەری پ.ك.ك. زۆری مابوو هەتا بگاتە پلەی سیاسەتوانێکی لە کڵ دەرچوو. سەیر ئەمەیە کە داخوازە بڵاوکراوەکانی ئۆجالان هەنووکە خودموختاریشی نەدەگرتەوە. ئەو لە وەختی نوێ کردنەوەی ئاگربڕەکەی نێوەڕاست مانگی ئاوریلدا داخوازە ڕامیارییەکانی خۆی هەتا پلەی ئازادییەکانی فەرهەنگی و تەنانەت بڵاوکردنەوەی بەرنامەکانی ڕادیۆ – تەلەفیزیۆن بە زمانی کوردی و هەڵوەشاندنەوەی ڕیزەکانی هێزی چەکدارانی گوندەکی و هەڵگرتنی ڕێوشوێنی "باری نائاسایی" و دان هێنان بە مافی سیاسی ڕێکخراوە کوردەکانا هێنایە خوار. میانەڕەوانی ترکیش چیان لەمە زیاترنەدەویست.

بیری ئۆجالان هەر چلۆنێك بوو, بە مردنی ئۆزەل سەیر داترووسکا. لە ١٩٩١دا گوتبووی "ئەگەر بێتوو کەسێك هەبێ کە چارەسەرێك بۆ ئەم کێشەیە وەدۆزێ, ئەو کەسە تەنیا ئۆزەلە." ئێستا بە وەبەر چاو نەگرتنی پێشینەی نەخۆشیی ئەستەمی دڵی ئۆزەل, نوێنەرانی کوردی پارلەمان کە بە دەستووری ئۆزەل چووبوونە سەردانی, پێیگوتن کە لای وایە ئۆزەلیان دەرمانداو کردووە هەتا نەهێڵن ئاشتییەك لە نێواندا وەدی بێنێ. ئەمەش شتێکە کە تەواو لەگەڵ بیروڕای تێکەڵ بە "پارانۆیا"ی ئەو ڕێكدەکەوێ.

لەبەر وەی کە ترکان هیچ چەشنە مەیلێکیان سەبارەت بە دەربڕینی ڕەزامەندی لەسەر پێشنیارەکانی ئۆجالان نەنواند, بە ناچار ئاگربەس بێ ئاکام مایەوە. لە ٢٤ی مانگی مەیدا گریلاکانی پ.ك.ك. لە نیزیك بینگوول پێشیان بە ئوتووبووسێك گرت و ٣٢ سەربازی بێچەك کە بۆ حەسانەوە دەچوونەوە, لەگەڵ چوار کەسی

١– ئاماژەیە بە وتەی مائۆ: "ئەمپریالیزم لە شێرەبەفرینەیەك ویەتر نیە..."

ئاسایی‌یان كوشت. مانگی دوایی ئۆجالان بــە ڕەســمی كۆتــایی ئــاگربڕی ڕاگەیانــد. پ.ك.ك. شالاوێكی دڕانەی دژی تركانی لـە ئوروپا و دژی ناوەندە گەشـتیارییەكانی توركیا دەس پێكرد كە هەموو ساڵێ چوار میلیــارد دۆلاریــان دەخــستە ســەر داهــاتی وڵات. ئەم كردەوە توند و تیژە لێكدالێكدایــە وای كــرد كــە دەوڵــەتانی فەڕانــسە و ئاڵمــان نووســینگەكانی پ.ك.ك. دابــخەن, بــەڵام شــالاو بــە شــێوەی نــەهێنی هــەر نەبڕایەوە. لـە كوردستان بە هۆی هێرشی هێزەكــانی حكوومــەت بــۆ ســەر "لیجــە" و "كولـپ" لـە لای دیاربەكر, كە قەڵای پ.ك.ك. بــوون, شــەڕ بەگەرمەیــەكی پــتر لــە پێشوو هەڵگیرسایەوە. زۆرێك لـە كوردان و تركان لـەم بڕوایەی ئۆجالاندا بەشــدارن كە ئوزەل بە شوێن ڕچە و ڕێبازێكەوە بوو كە بتوانێ ڕێوشوێنێك بۆ كۆتایی هێنان بــە شەڕ بدۆزێتەوە؛ ئەگەرچی بەڵگە و بۆنەی پتەو بۆ سەلــماندنی ئەم بڕوایە بە دەســتەوە نیە. بەڵام ئێستا تێكڕا بەوپەڕی نائومێدییەوە دەیانبینی كــە هــیچ كەســێك لــە ئاســۆی سیاسی توركیادا بەدی ناكرێ كە كۆتایی بەم شەڕە بێنــێ, چ بگــا بــە وەی كــە وەهــا كەســێك لەســەر دەســەڵات بــێ و بیــەوێ هــەنگاوێكی بــەجێ و پتــەو لــەم بــوارەدا هەڵێنێتەوە. تاقمێك لـە تركان كە ئەویان (ئوزەلیان) دەناسی, لایان وابــوو كــە ئەگــەر زیندوو بوایە كورد بۆیان هەڵنەدەخەڵەتا و قانێكی ئەوتۆی وێنەدەدان. بۆ وێنە, بیرانــد كە زۆری ئوزەل دەبینی, دەڵێ: "بێتــوو ئــوزەل زیندووبایــە و خــۆی دابایــە ســەر ئــەم گەڕیانە – گێرە و كێشەكەی بە شێوەیەك كۆتایی پێ دێنا كە شــتێكی لــەوە كــەمتری دەدا بە كوردان كە خۆیان لــێ‌خۆش كردبوو."

خەمێكی كە منیش لـە ئاخرین دیدارمان, لــە شەشــی ژانویــەی ۱۹۹۳دا تووشــی هاتــم, ڕاست هەر ئەمە بوو. ئەوان دەمان ڕێچارەی پێشنیاركراوی بــۆ چارەســەری كێشەی كورد, بەر لـەوە كە پێكهاتن و تەساڵحەیەكی سیاسی یا تەنانــەت فەرهــەنگی بێ, تێكەڵاوێك بوو لـە گەشەی "ئابووری" و "ڕاكێشان" بەرەوخۆ. دەیگــوت نیازمــان بە دەرفەت و پشوو بە خۆ بوونە. بیست ساڵ لێرەوبەر لــە ســەتا ۹۰ی كــوردان لــە ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهــەڵات دەژیــان, ئێــستا تــەنیا ســەتی ٦۰ تــا ٦٥ی لــە ڕۆژهەڵاتی ئانكارا بنەگر بوون. بیست ساڵی تر تەنیا سەتی ۱٥ تا ۲۰ لـەوێ دەمێنن."

ئەمە بە ڕواڵەت شیلە و هەوێنی بیری ئەو بوو یان لانیکەم ئەو هێندە بوو کە دەیەویست بە لای منەوە بیدرکێنێ. دەبێ هەمیشە بەپارێزەوە چاو لە سەرژمێرییەکانی تورکیا بکرێ و من هەتا ئێستاش نەمزانی کە ئەم ژمارانەی دەریخستن هەتا کوێی وان و وا نین.بنەوانی قسەی ئوزەل ئەمە بوو کە لە ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵات, واتە کوردستان, زەوی کشتوکاڵیی زۆر کەم و ڕێژەی جەماوەر فرە زۆر بوو.

ئوزەل کە خۆی وەختایەکی یەکێك لە ئابووریزانانی شێلگیری بانکی جیهانی بوو, ئابوورییگەشەی خستە کایەوە. لە ساڵانی دەیەی ١٩٨٠دا بۆ دابین کردن و ڕۆنانی بناغەی ئابووری و ڕاکێشانی سەرمایە بۆ ئەم ناوچە پاشکەوتوو و لە بیر کراوە کە زۆر پێویست بوو, کارەبا و تەلەفۆنی بۆ بچووکترین کۆخە کوردنشینەکان کێشا. دەوڵەت بە شێوەیەکی یەكلایەنە دەستی دابوویە گەلاڵەیەکی فرە بەرزەفڕانە و ئاژاوە لە دووش بە ناوی "گاپ". ئەم گەلاڵەیە ٣٢ میلیارد دۆلاری خەرج هەڵدەگرت و بنەی بە خەزێنەی دەوڵەت هێنابوو و گیر و گرفتێکی بەگەرمەی لەگەڵ ئێراق و سووریا ساز کردبوو؛ یانی ئەم دوو ولاتەی پاڵ پێوە نابوو کە بە تۆڵەی ئەم کارەی ببنە پشتیوانی پ.ك.ك. وە هەر حاڵ, شەڕ ئەم ئومێدەی کە پەرەپێدانی ئابووری بتوانێ چارەسەری پرسی کورد بکا, خستبووە مەترسی. بەمجۆرە ئوزەل بە بێ ئەوەی دەقودۆغر بیدرکێنێ, لێی حاڵی کردم کە کوردان بە کۆچ کردنیان بەرەو ڕۆژاوا خوایینەخوایی "دەبنە ترك." هەر وەها بە گوێرەی حیساباتی وی لە داهاتوودا تەنیا سێیەکی جەماوەری سێزدە تا پازدە میلیۆن کەسی کوردی تورکیا لە کوردستان دەمێننەوە, ڕەنگە لەوەش پتر دابەزێ. بەم شێوەیە زۆربەی ئەم خەڵکە و کەلتوور و پێناسە و بەتایبەت "نەتەوەخوازیی" توند و ڕقاوییان لە بیر دەبەنەوە. لە ١٩٨٨دا لە تورکیا پەناخوازانی کوردی ئێراقی داڵدە دا, ئوزەل پێیگوتن کە دایەگەورەی کورد بووە و تاقە کەلیمەیەکیشی ترکی نەزانیوە؛ کوردان کەیفیان پێیساز بوو. هەر کە ترکان لە داچڵەکینی دەرکەوتنی ئەم ڕازە وەخۆ هاتنەوە, تەنیا شتێکی کە چاویان پێیکەوت ئوزەل بوو کە سەرکۆماری ولاتی تورکیا بوو و کوردیشی نەدەزانی.

بەڵام ئەو پرسی بنەڕەتی، واتە نێوەرۆکی ئاڵوگۆڕ کراوی کۆچ کردنی لەبەر چاوان ون دەکرد: کۆچی یەکەمی کوردان شتێك بوو بە مەیل و ئیشتیای خۆیان و دەگەڕاوە سەر باری ئابووری، بەشێك بوو لە جووڵانەوەی گەورەتری جەمینی جەماوەری گوندنشین بۆ شارەکانی ڕۆژاوا. هەنووکە هێزە چەکدارەکان بوون کە بە ئانقەست دێیەکانیان چۆل دەکرد و دێهاتییەکانیان ڕادەدایە شاران. ئێستا ئوزەل بە چاوپۆشی کردن لە زیان و زەرەد و تەنگەژەکانی شەڕ بەگەرمە و هەڕەمە باسی ئەو کارانەی دەکرد کە لەشارەکانی ڕۆژاوا و لێوارەکانی باشوور، دەیاندایە کوردان. ئەمەش بەشێك بوو لەم خەیاڵاتە بەربڵاوەی کە دەیەویست هاوکاریی ئابووری دەریای ڕەش لە ئابووری ولاتا دابین بکا. ئەم زمانبازییە و سەرمەقولاتانە فڕی بەسەر ڕاستەقینەوە نەبوو، بەڵام بە ڕواڵەت لە دڵان خۆشبوو، چونکە هەرچییەك بێ لەگەڵ هەواڵنێرێکی ئەمریکایی دەدوا، جا کە وابوو بۆچی تاڵی و ناخۆشی دۆزەکە نەخاتە بەردەستی تاقمێکی باش و خۆشەویست؟

شەش مانگ دواتر ڕوون بۆوە کە دروست پاش دیدارمان پێکەوە، نامەیەکی شەش لاپەڕەی بۆ دیمیرێل نووسیوە و تێیدا باسی کارتێکردن و شوێندانانی پەرەگری "پ.ك"ەی کردووە لەسەر ئەو کوردانەی کە هەتا ئەو وەختی بێلایەن مابوونەوە. ئەو لەم نامەیەدا دەڵێ: "کۆمار بەرەورووی گەورەترین هەڕەشە بۆتەوە: بوولەرزەیەکی کۆمەڵایەتی دەتوانێ بەشێك لە تورکیا لە بەشەکەی تری جیا بکاتەوە و تەواومان لە ژێر هەرەسی خۆیا بنێژێ." چارەسەرێکی "شێوەپەخشانی" کە بۆ ئەم تەنگەژەیەی دیبۆوە، هەڵگیرساندنی باس و دوان بوو دەربارەی کێشەکە و هاوکاتیش دوورخستنەوەی ٢٠٠/٠٠٠ کورد لەو ناوچانەی کە هێزە چەکدارەکان زووتر تووشی زەبر وێکەوتن و خەسار دەهاتن؛ ئەمەش سیاسەتێك بوو کە ماوەیەك پێشتر دەستی پێکردبوو. جا چ لە کاردانەوەی ئەم کردەیە حاڵی ببوو یان نا، هەرچۆنێك بوو ئاکامی ڕوون و پتەوی ئاوا دەهاتە بەر چاوان: بەم کارە ئەم جەماوەرە کوردەش لە شوێنی خۆیان هەڵدەکەندران و بەمجۆرە لایەنگران و شەڕکەرانی پ.ك. نە تەنیا لە کوردستان بەڵکوو لە شارەکانی تورکیاشدا بنەیان لێدەخست.

ڕاگوێزتنی دەیان هەزار کورد ئەوسەرێکەی دەیتوانی گرفتی سەربازیی بە شێوەی کاتی ڕەها کا, بەڵام یارمەتییەکی ئەوتۆی بۆ وەدیهاتنی ئامانجی بەر سەرنجی ئوزەلی نەدەدا. لەم شێوە بیر کردنەوەدا – سەرنجێکی ئەوتۆ نەدرابوویە سەر واقعییەتەکانی هەلومەرجی وێندەرێ بە گوێرەی سەردەم. ڕاستە, کۆچ و پەرەوازە بوونی بەرەبەرە لە پێشا کێشەی تێکەڵ بوون و توانەوەی هاسانتر کردبوو: چونکە کوردان کاروباری, هەرچەندە سووکیشیان لە شاران وە چنگ هێنابوو و منداڵەکانیان لە قوتابخانەی ترکان خوێندبوویان. بەڵام ئێستا شەڕ,جەماوەر و ئاپۆرایەکی لە تەنەکاوای قەراخ شاران لێك‌کۆ دەکردەوە و ئەم خەڵکە چەندین "دورگە"یان لە ژیانی گوندەکی کوردی لەم شوێنانە قوت دەکردەوە کە لە بەرامبەر کۆمەڵی گەرانگەریاندا و هۆکارەکانی توانەوەدا خۆڕاگر و پتەو بوون. خاوەن‌کارانی ترك لە دانی کار بە کوردان خۆیان دەپاراست و ئەمە ڕێسایەکی گشتیی بوو. زۆربەی ڕێ‌ورەسمی ناشتنی ئەو سەربازە ترکانەی کە لە کوردستان کوژرابوون دەبوو بە هۆی تێکهەڵچوون لەگەڵ کوردانی کۆچەری خۆماڵی‌دا. ئامانج و توانستی ئوزەل بۆ جێبەجێ کردنی گەلاڵە و نەخشەکانی هەر چەندێکیش بوو, لە هەر حاڵێکا بێ ئەو وەك "تورمزێك" مەیلی هێزە چەکدارەکانی بۆ تاپۆ کردن هێور دەکردەوە. پاش مەرگی وی جێ‌نشینانی بەرپرسایەتی خۆیان بۆ ڕابەرایەتی شەڕ یەکسەر دایە دەس هێزە چەکدارەکان. دیمیرێل ماوەیەك بەر لەوەی کە وەك سەرکۆمار بچێتە جێی ئوزەل, وتەکانی خۆی لە بابەت "ناسینی ڕاستەقینەی کورد" و بەڵێنەکانی سەردەمانی هەڵبژاردنی لە یاد بردبۆوە: وادەی دابوو کە بنکە ناو زراوەکانی پۆلیس بکاتە "کۆشکی بلوورین". ئەم قسانەی کە چەند حەوتوو پاش سەرکەوتن لە هەڵبژاردنی نوامبری ١٩٩١دا کردی, هیوایەکی زۆری خستە نێو کوردان و باڵوێزخانەکانی رۆژاوایی‌یەوە. بەڵام هەر خێرایەکی ئەم ئومێدانە بوونە بلقی سەر ئاو. دیمیرێل لە دەسپێکی سێهەمین دەورانی سەرۆك وەزیری خۆیا نیشانی دا کە ئامرازێکی نەرم و ئادمیزادێکی گوێ لەمستی هێزە چەکدارەکانە – بەڵێنی دا کە لە پێش‌دا ڕەگ‌وریشەی پاشماوەی گریلاکان دەربێنێ و خاشەبریان بکا, ئەوکات لە بابەت

کوردستانەوە بە سیاسەت و هەڵوێستی خۆیا بچێتەوە – ئیتر لەم بارەشەوە هیچ متەق ناکا.

سەرکەوتنی بۆ پلەی سەرکۆمارێتیش ئاڵوگۆڕێکی بە سەر ئەم تەمایەدا نەهێنا. تەنسوو چیللەر کە جێنشینی دەسبژێرکراوی بوو بۆ سەرۆکوەزیرایەتی, لە سەرەتاوە مەیلی نواند لەسەر ورد بوونەوە و موتالای ئەم "دابی باسک"ە کە ناوێکی ڕەمزیی بوو و تورکیا بۆ "چەنبەنەکی" سیاسی هەڵبژاردبوو کە لە ئیسپانیا بەڕێوە دەچوو. خاتوو چیللەر لە بابەت وردەکاری کارەکەوە لەگەڵ "فلیپە گۆنزالێس" سەرۆک وەزیری ئیسپانیا قسەی کرد و بەینێکیش کایەی بە بیری بلاوکردنەوەی بەرنامەی ڕادیۆ – تەلەفیزیۆنی کرد, بە زمانی کوردی. بەلام تەنیا کۆبوونەوەیەك لەگەڵ دیمیرێل و سەرۆکی ناوەندی سەرکردایەتی سپای تورکیا, خاتوو چیللەری کردە شەڕکەرێکی لەزۆق و ڕایگەیاند کە چاکسازی دەبێ بۆ سەردەمانێك ڕابگیرێ کە ترۆریزم خاشەبڕ کرابێ. چیللەر کە خۆی خاوەنی هیچ جێگە و پێگەیەکی سیاسی نەبوو, تێگەیی کە یەکێتی و هاوبەندی چڕ و پڕ لەگەڵ هێزە چەکدارەکان دەتوانێ ئاستی دەنگەکانی لە هەڵبژاردنا فرە پێهەلابەرێ و هەر ئەم هاوبەندییە بە نۆرەی خۆی یارمەتی ئەم خاتوونەی دا کە لە ئەمریکا خوێندبووی, هەتا لە بەلای کارەساتاوی کردەی چەپەڵی دەزگای ماڵیی وڵات بە سەلامەت بۆی قوتار بێ. بودجەی لەشکری لە دوو هێندان پتر پێهەلاچوو و هەر ئەمە خۆی بوو بە هۆی چوونە سەری ئاستی سەرسوڕهێنەری ئاوسانی ئابووریی تورکیا لە ١٩٩٤دا: ئاستی ئاوسان سەتی ١٢٤ بەرزبۆوە و ئەمە لە حاڵێکا بوو کە ئابووری تورکیا کە زۆربەی وەختان چالاك بوو بە دابەزینی سەتیشەشی بەرهەمی خالیسی میللی ڕووی کردە باری پێچەوانە.

ئەم ڕەوگەیەی کە دەوڵەتی چیللەر پێیا تێپەڕی نیشاندەری سەرسووتانی سیاسەتوانانی "گەورە باڵی سیاسەتی" تورکیایە. خاتوو چیللەر بۆ توورِ هەڵدانی ئەوەی بە "ڕەوت و ڕێباز" ناودێر کرابوو نیازی بە بێسەلمان نەبوو. ئەو لەبەر ئۆگریی و مەیلی سەبارەت بە کەوتنە بەردلانی, ئیددیعای دەوڵەتی غەیرەنیزامیی لەسەر مەشرووع بوونی لە وەندەی دیش کرد, یانی بێ ئەوە بۆخۆی بزانێ وای کرد کە پاساوی بۆ گۆدەتایەکی تر دایە دەس نیزامییەکان, واتە ئەگەر هێزە چەکدارەکان

بۆ ڕیس‌وگوریس هێنانەوە لە بۆ سەرکوتی خوێناوی خۆیان لە کوردستان بە ناچاری نیازیان بە بەلاگێڕەوە بووبا. ئەو هەمان "نەفامی بەکەلك"ی چیرۆکیی بوو, نەفامێکی بێ سێ‌ودوو. ئەو لە بەرامبەر هیچ چەشنە سەرکوتێکدا کەمترین نارەحەتی لە خۆی نیشان نەدا. چۆل کرانی گوندان, بێ‌سەروشوێن چوونەکان, کوژرانە ڕەمزاوییەکان... تەواوی ئەم ڕووداوانە لە دووساڵەی هەوەڵی سەرۆکوەزیرایەتی ئەوا یەکجار زۆر پێهەلاچوون. تاقمێکی بەرچاو لەو ڕۆژنامەنووسانەی کە بارودۆخی کوردستانیان دەکردە ڕاپۆرت, ون بوون, کوژران و سەدان کەسیان بە تاوانی بلاوکردنەوەی پڕو پاگەندەی جودایی‌خوازانە یان تاوانی زۆر خراپتر درانە دەس دادگاکانی ئاساییشی ئەوپەڕ کەمالیستی.[١] بلاوکەرەوەی ئەم ڕۆژنامانە و ڕووناکبیرانێکیش کە لانی پارێزکردنیان بەردابوو و ڕەخنەیان لە حکوومەت گرتبوو تووشی وەها چارەنووسێك بوونەوە. ئیسماعیل بێشیکچی, کۆمەڵناسی سەربەخۆ وسینگ فرەوانی ترك, کە یەکەم جار لە ۱۹۷۱دا بە تاوانی وەجواب هاتن لەسەر کوردان کەوتە بەندیخانە, لەبەر پێداگری لەسەر بیر و باوەڕی کە دەقودۆغر دەریدەبڕی, پتر لە دووسەت ساڵی زیندان بۆ بڕایەوە. تەنانەت یاشار کەمال , ناوبەدەرەوەترین ڕۆماننووسی ولات کە کوردە و بەلام ڕۆمانەکانی خۆی بە زمانی ترکی دەنووسێ و لەمێژ ساڵیشە پالێوراوی وەرگرتنی خەلاتی نۆبێلە, لە حەفتاویەك ساڵیدا کێشرایە پای مێزی محاکەمەی دادگای تەناهی. ئەو لەبەر کردەوەی نالەبار سەبارەت بە کوردان لەگەڵ دەمارگرژانی کەمالیست تێکەوت. [یاشارکەمال] لە مقالەیەکدا کە لە گۆڤاری "ئێشپیگێل"ی ئەلماندا نووسی دەوڵەتی تورکیای هەر لە سەرەتای دامەزرانی

١- کومیتەی پارستنی ڕۆژنامەنووسان کە بنکەی ناوەندیی لە نیۆیۆرکە لە توێژینەوەی ساڵی ۱۹۹۵ی خۆیا ڕایگەیاند کە تورکیا بە باری گرتن و زیندانی کردنی ڕۆژنامەنووساندا خاوەنی "پلەی یەکەم"ە. لە ۱۹۹۵دا پەنجاوسێ کەس ڕۆژنامەنووس بە هۆی نووسینی ڕاپۆرت لەسەر ڕووداوەکانی کوردستان کەوتبوونە بەندیخانە. "کەتی مارتۆن" سەرۆکی کومیتەی پاراستنی ڕۆژنامەنووسان گوتی: "تورکیا لەم بارەوە – یانی لە باری زیندانی کردنی ڕۆژنامەنووسانەوە – پێشبڕکەی ولاتانی پاوانخوازی وەك چین و سووریای داوەتەوە. "مارتۆن" داوای لە دەوڵەتی تورکیا کرد کە قانوونی دژی خافلکوژی ڕێکەوتی ساڵی ۱۹۹۱ کە پتر بۆ سەرکوتی ڕۆژنامە و بلاڤۆکان بەهرەی لێوەردەگیرێ, هەڵوەشێنێتەوە.

کۆمارێتەوە هەتا ئێستا ڕاستەوخۆ تاوانبار کرد کە بە شێوەیەکی ڕێکوپێـــــــــک و شێوازێکی دیاریکراو دەستی داوەتە سـەرکوتی خـەڵك کـورد و "کوشـتنی زمـان و کەلتووریان". وەختایەك لە مارسی ١٩٩٦دا بە تاوانی دنەدانی خەڵك بۆ ڕقەوەنی و دوژمنایەتی و تەبلیغاتی جودایی‌خوازانە بیست مانگی زیندانی "تەعلیقی" بـۆ بڕایـەوە, گوتی: "لەم وڵاتەدا نە دێموکراسی هەیە, نە قانوون."

وەدەرخستن و لە قاو دانی ئەم زوڵم و زۆرانە دەرهەق خەڵکی کورد – بەتایبەت شاهیدی دان لە کۆبوونـەوەکانی توێژینـەوەکانی کـۆنگرەی ئـەمریکا و دامـەزراوەی وەقفی کارەنگی بۆ ئاشتی و پارلەمانی ئورووپا یان شـووڕای ئورووپـادا – بـە کـورتی سەرجەم ئەم چالاکییانە، هەڵپێچران و وە شوێن کەوتن و زۆر جـاران کێـشرانە پـای مێزی مـحاکەمەی "دادگای تەناهی" بە دواوە بوو. لە نێوەڕاستەکانی ساڵی ١٩٩٤دا چیلـلەر حیزبی "دێموکراسی" کە حیزبێکی کوردی بوو هەڵوەشـاندەوە. پێـنج شـەش کەس لە نوێنەرانی ئەم حیزبە لە پارلەماندا پەنایان بردە ئورووپا, شەش کەسی تر کـە مانەوە و سوور بوون لەسەر هەڵوێستی خۆیان یام تەواوێك درەنگ وەخۆ کـەوتبوون, گیران و مـحاکەمە کران و زیندانیی درێژخایەنیان بۆ بڕایەوە؛ وا بـەم شـێوەیە کۆتـایی درا بەم ڕەوتە ناکامڵەی کە هەرنەبێ [ئەوە تەنیا]هەڵبـژاردنێك بـوو کـە لـە مـاوەی حەفتا ساڵی ڕابردوودا ئازادانە بـەڕێوە چـووبوو. شـتێکی ئـەوتۆ بـوو کـە دەتگـوت دەوڵەت و پارلەمان قەت لەم تەکانەی کـە ***"لـەیلا زانـا"*** لێـدان, هـەرگیز وەخـۆ نەهاتنەوە, لەیلا زانا کە "پاسیوناریا"[1]یەکی جوان و حجێڵ بوو لە پارلەمان بـە زمـانی کوردی و ترکی سوێندی خوارد. چیلـلەر ئەگەریش پەرۆشی و چزەی ویـژدانیش لـە بابەت داخرانی ئەم ئاخرین دەربیجە متمانە قانوونییەی کە لە وەختی سەرکوتی سیاسی کوردەکانی تورکیادا هەستی پێکردبوو, ئەم پەرۆشییەی قەت نەدرکانـد. لـە ئەیالەتـە یەکگرتووەکانی ئەمریکا زاڵ بوونی ئەم سەرۆك وەزیرە "فۆتۆژێنیك"ە[2] بە سەر زمـانی

١– Pasionaria (پازیوناریا), گوڵی کاتژمێر "پاشناو"ی وەزیری دەرەوەی ئیسپانیای شۆڕشگێڕ.

٢– Photogenic, لە ڕاستیدا یانی پڕشەنگدار, بەڵام وەکی دی بەکەسێك دەڵێن کە لـە وێنـەدا جـوان و دڵگـر خـۆ بنوێنێ.

ئینگلسیی ئەمریکایی‌دا لە دیمانە تەلەفیزیۆنییەکانا, کردی بە کەسایەتی بەرسرنجی ئەم ڕایەڵەیە: هەموو بە تاسەوە لەم ژنە جوان و ڤژکاڵەیان دەڕوانی کە وڵاتێکی مسوڵمانی بەڕێوە دەبرد. تێکڕا تامەزرۆی بوون و کەس ڕاستی و دروستی سیاسەتەکانی نەدەبردە ژێر پرسیار. لە سایەی کایە و گەمەی شانۆکارانەی ئەوا هێزە چەکدارەکانی تورکیا توانیان سەرلەنوێ جڵەوی کاران بە دەستەوە بگرنەوە و تەنانەت ناوچەیەکی بەرفرەهی کوردستان کە پێشتر لە ژێر حوکم و دەسەڵاتی پ.ك.ك.دا بوو "هێور" کەنەوە, بەڵام قەت دەرەقەت نەهاتن شۆڕشی کورد دامرکێنن و بیهاڕن.

***

لە فێوریەی ۱۹۹٦دا لە ئیستامبووڵ, کە وەها لە پەناخوازان ئاوساوە کە دەکرێ بە بێ‌ترس بە گەورەترین شاری کوردنشین ناودێر بکرێ, بنەماڵەی ئیریك لە ڕۆژێکی تۆف و تۆفانی‌دا منیان بردەوە ماڵی خۆیان. لە کلکەی کۆڵانێکی بە قوڕوقاڵی گەڕەکی هەژارنشینی "کاناریە"دا بنەیان لێ‌خستبوو کە بیست خولەکێك لە فڕگەوە دوورە و ٦٥٠٠٠ تازە دابەزیوی گوندەکی لێ‌نیشتەجێن و زۆربەشیان کوردن. ماڵی ئیریك – چوار برا و پتر لە سی کەسی تری تەمەن خوار و ژوور – بە کردەوە تا ئەو شوێنەی دەخڵی بەسەر تورکیاوە بوو, خەڵکێکی "وەبەر چاو نەهاتوو" بوون. ئەوانەش وەك زۆرێك لەم کوردانەی کە لە ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵاتی وڵاتەوە بە کەڵەزەڕی لە خانە و لانەیان تەوەلا دەکرێن گیر و گرفتی "قانوونی"یان هەبوو. دوو لە براکان دەیانگوت کە بە تاوانی یارمەتی‌دانی پ.ك.ك. لە دێیەکەیان, لە دەوارنپشتی شرناك, کەوتوونە بەندیخانە و ئەشکەنجە دراون. (شرناك یەکێ لە قەڵا چاوناسەکانی نەتەوەخوازانە و کەوتۆتە لای سنووری ئێراق و سووریا.)

عەبدوڕڕەحمان, برا گەورەکە کە چلویەك ساڵی تەمەن بوو, گوتی گرفتی وی لەگەڵ گیرانەکەی لەو ڕۆژەی مانگی ئووتەوە دەستی پێکرد کە پ.ك.ك. یەکەم شالاوی سەربازیی خۆی لە "ئیروح" ئەنجام دا. (ئیروح شێست میلێك لە گوندەکەیەوە دوور بوو.) گوتی هیچ فرێکی بەسەر پەلاماری "پ.ك.ك"ەوە نەبووە, بەڵام بە پێی دووشك بوونێکی لەخۆوە, لەسەر ئەندامێتی لە پ.ك.ك.دا

١٩٣ ڕۆژ جەزرەبە دراوە، پاشان حەوت ساڵی زیندان بۆ بڕاوەتەوە، چونکە (بە گوتەی خۆی) پێمل نەبووە کە بچێتە ڕیزی "هێزی چەکداری گوندی". بێ ئەوەی کە کەس لێی پرسیبی گوتی، بەڵێ کوڕێکی لە پ.ک.ک. دایە. گیرانی خۆی بوو بە هۆی گیرانی "خالید"ی برای کە لە دەرەوەی سنووری پارێزگا کوردنشینەکاندا سەرباز بوو. (سەربازی کردن بۆ کوردان لە دەرەوەی کوردستان ئەرکێکی دیاری کراوە.) خالید کە پیاوێکی سی‌وپێنج ساڵانە بوو گوتی مانگێکی لەو پێنج مانگەی کە لە زیندانی نیزامیی‌دا بووە ئەشکەنجە دراوە، پاشی وی دە جارێك دەردەس کراوە، چاکی لەبیر نەمابوو چەند کەڕەت گیراوە. پۆلیسی نەهێنی تورکیا هەوڵی دابوو بە زۆرەملی بیکاتە سیخوڕ و ڕاپۆرتچی.

هێزەکانی ئاسایش لێکدالێکدا دەچوونەوە گوندەکەیان، ئەو ماڵانەی دەسنیشان دەکران بە گاوگۆل و مێگەلەوە ئاگر دەدران و ئاخری بنەماڵەکە لە خۆی حاڵی دەبوو. لە ١٩٩٣دا یەك یەك و دوو دوو دەستیان لە گوندەکانیان بەردا و هاتنە کاناریە، یەکێك لە ژنبراکان پێشتر هاتبوو. ژن و زارۆك بە ئوتووبووس هاتبوون، بەڵام پیاوەکان نیوەنیوە بە لۆری ڕێیان بڕیبوو: "چونکە ئاوا هەم هەرزان بوو، هەم پشکنینی دەزگاکانی ئاسایش کەمتر بوو." ناوی هیچکام لە ئەندامانی بنەماڵە وەك دانیشتووی کاناریە نەنووسرابوو. هەر وەك لە بابەت زۆرێك لەم کوردە مشەختییانەوە دێتە پێش ئەوەی بلووغیان ببوو نەیاندەتوانی بەشداری دەنگ دان بن. براکان کە زۆر وکەم قسەکانیان وەسەر خۆیان گێڕابوو، تاقمێك بوون لە لایەنگرانی بەدەنگ و هەرای هادەپ (Hadep)، چونکە بە قەولی عەبدوڕڕەحمان "تەنانەت ئەگەر سەربەستییەکیش کە شیاومانە، وێمان نەدەن، ئەم حیزبە دیسانیش پارێزەری بنچاغی کوردیمانە..." ئەو لە حاڵێکا کە وردترین خاڵی هاوبەشی دێنایەگۆڕ کە تەنانەت ئەوان کوردانە دەیهێننە گۆڕ کە دژی "پ.ك.ك"ەن، درێژەی دا: "لانی‌کەم دەبێ مافی یەکسان و بەشێکی دادگەرانە لە سەرمایەنانەوەکان بۆ کوردان دیاری بکەن."

بەبێ بە دەستەوە بوونی "بەڵگە"ی پێویست نە خۆی و نە هیچکام لە ئەندامانی بنەماڵەی بە گوێرەی قانوون نەیاندەتوانی کار بکەن. بەڵام خەڵکێکی چاونەترسی ئازا

بوون و هەمیشە لەو شەیتانەبازارەی کاردا, کارێکیان پەیدا دەکرد و دەبوون بە کرێکار یان ئیشی کەمداهاتیان دەدۆزییەوە کە پێویستی بە پسوولە و بەرگەی ڕەسمی نەبوو و نەیدەخستنە بەر ویژەی لێپرسینەوە. بەرتیلێکی جاروبارە پۆلیسی لە شوێنی بنەگربوونیان دوور دەکردەوە. ئەم خانووە یەك نهۆم و قەوغایە بێ سەنەد و قەباڵە بوو. ئەو شەریکە بیناسازییەی کە دوو براکانی بە کرێکار گرتبوو, لە بری هەقدەس یارمەتی ئەوانی دابوون و براکان خانووەکەیان پێکەوەنابوو. ژمارەیەك لە مناڵەکان لە سایەی چاکەی دۆستێکەوە – خاتوونێکی ترك – کە گوتبووی مناڵی خۆنی و بە ناوی خۆیەوە دەبەر خوێندنی نابوون, دەچوونە قوتابخانە.

لە ژووری دانیشتنی بەرەکراوی ماڵی برالانی ئیریك کە بە گڵۆپێك ڕوون دەبۆوە کە لە کارەبای شەقامەوە دزرابوو, جێگای شانازی تایبەتی بۆ دەزگا تەلەفیزیۆنەی ماڵێ تەرخان کرابوو. خاوخێزان هەموو شەوێ چاویان لە بەرنامەکانی "مێد" دەکرد کە پ.ك.ك. بڵاوی دەکردەوە و بڵاوکرانەوەی لە ١٩٩٤ڕا لە دەرەوەی وڵاتەوە دەستی پێکردبوو. هەوڵ و تەقەلای ڕەسمیی تورکیا بە مەبەستی داخستنی هەروا بێپسانەوە درێژەی هەبوو. (لە سایەی سەری دارشتی "ڕێسایەکی" یەکجار ورد و باریکی ڕایەڵەی ڕێکخراوی "ئاپۆ" لە پێنج وڵاتی ئورووپاییدا, تەنیا لە هاوینی ١٩٩٦دا بوو کە تورکیا توانی چالاکی ئەوپەڕسنووریی پڕ پێچوفلۆوچی ئاپۆ لە قاو بدا و بە وڵاتانی پەیوەندیدار بسەلمێنێ هەتا ئەم ئیزەگەیە گاڵە دەن. لەگەڵ تەواوی ئەمانەشدا لایەنگرانی کارزان و بیرمەندی هەر خێرایەکی سەرکەوتن و توانیان بڵاوکرانەوەی بەرنامەکان دەس پێبکەنەوە.) براکان بۆ کڕینی "دیکۆدۆر" (Decodor) بۆ خاتری جیا کردنەوەی ئەو بەرنامانەی کە بە زاراوەی کرمانجی, سۆرانی و زازا و بە زمانی عەرەبی و ترکی بڵاودەکرانەوە, نیزیکەی ٢٠٠ دۆلارێکییان کۆکردەوە. بۆ شاردنەوەی ئانتێلی دەرەوە و "دیکۆدۆر" لەبەر پەلاماری لەنەکاوی پۆلیس, وردەکارییەکی تایبەتیان دەکار کردبوو.

داخوا هەر ئەم تەماشا کردنەی بەرنامەکانی تەلەفیزیۆن بەس بوو؟ براکان و کەسوکاریان یەکبین دەیانگوت هەر خەیاڵی ڕۆژێکیان دێتە بەر بیر کە بگەڕێنەوە گوندەکانیان. خالید کە لە نێو براکانیدا تەنیا کەسێك بوو هەتا پۆلی دووەمی

دواناوەندی خوێندبوو, دەربارەی بایەخی دژایەتی لەگەڵ حوكمات بە حاڵودووبەڵاش دوودڵ نەبوو. گوتی: "من پتر لە سەت كەس لە دۆستانم, بۆ وێنە بیست كەس زیاتر لە هاوپۆلەكانی دواناوەندیم, كوژراون... بەڵێ[خەبات] ئەوەندە دێنێ!" لە ڕاوێژی دەنگیدا كەمترین گومانێك بەرگوێ نەدەكەوت.

بڕوایەكی لەم چەشنەی وەك بە ڕاست و هەق زانینی ئامانجیان, كاردانەوەیەكی ئەوتۆی بوو كە هەواڵنێرێكی گەنجی ترك بە ناوی "قەدری گورسێل" پاش بیست ڕۆژ بە دیل گیرانی لە لایەن "پ.ك.ك"ەوە, پێیەوە دیار بوو. ئەو هەواڵنێری ئاژانسی "فرانس پرێس" بوو. زۆرتری ماوەی ئەم دیلایەتییەی لە دەورانپشتی زێدی ئیریك, لە لای شرناك ڕابردبوو. گورسێل نەقڵی ئەم ڕووداوەی لە **٣١**ی مارسی **١٩٩٥**دا بۆ گێڕامەوە. گوتی لە گەرمەی هێرشێكی **٣٧٠٠٠** كەسی هێزەكانی توركیا بۆ باكووری ئێراق لە شاڵاوێكی ناودێر بە "شاڵاوی پۆڵا"دا لە ڕێگیرانێكی نیزیك "نوسیبین"دا بە دەس پۆلێك پێشمەرگەی پ.ك.ك. بە دیل گیرا, كە تێكڕا كەڵەشینكۆفیان لە شانیدابوو.

خۆی و ژنەكەی كە وێنەگری ڕۆیتێر بوو، تاوانی خۆیان بوو كە تووش هاتبوون: دەیانزانی كە شەوانە ڕێگا پڕ مەترسییە، بەڵام بە لەز بوون. پ.ك.ك. بە ڕووی‌خۆشەوە لەگەڵیان جووڵاوە، بەڵام بۆ ئەوەی كە بە جێ و مەكانیان نەزانن، بێ‌پسانەوە و پتر شەوانە ڕایاندەگوێزتن. جارێك كەوتنە داوی هێزەكانی حكوومەت و تەقە دەسی پێكرد. هەر خۆمپارە بوو كە لە گەڕانگەڕیان دەتەقینەوە، باڵەفڕەكان ڕاستەوڕاست لەسەر سەریان دەسووڕانەوە و ئەم دووە ئەوەندەی كە لە هێزەكانی توركیا دەترسان قەت ئەوەندەیان ترس لە پ.ك.ك. نەبوو. كیژانی نەخوێندەوار تەنیا بە كوردی دەهاتنە ئاخافتن، جگە لەو تاقمەی كە كوردی سووریا و ئێراق بوون؛ پیاوەكان بە تركی دەدوان و قسەیان لەگەڵ هەواڵنێرەكان دەكرد و گاڵتەیان پێدەكردن و دەیانگوت كە دەست‌وپێ سپیلكە و قزەن. جا هەر لەبەر ئەمە لەم پەیامانەدا كە بە بێ‌تەل دەیانگۆڕینەوە بە ناوی "دوو لقە گوڵاڵە" باسیان دەكردن.

فەرماندەران خوێندەوارییان زیاتر بوو و یەکی حەوت هەشت ساڵێك بوو پێشمەرگە بوون و قسەیان لە مارکسیزم دەکرد؛ ئەوانەی کەمتریان خوێندبوو تەنیا سەبارەت بە ناسیۆنالیزمی کورد مەیلیان دەنواند. تێکڕا دەیانویست وڵاتی کوردستانی یەکپارچە بنیاتبنێن و کوردی هەموو شوێنەکان پێکەوە یەکگرتوو کەن؛ ئەوان لێیان سوور بوو بەم خەسارەی بە باری ئینسانی و ماددیدا بەسەر تورکیای دێنن و بەم گیروگرفتەی بۆیان ناوەتەوە سەرەنجام ڕایدەکێشنە پای مێزی وتوویژ. ئەمانە زۆر جاران بۆ دڵخۆشیدانەوەی خۆیان باسی شکستی ئەمریکایان لە ویتنام دەکرد. لە نێو ڕیزی خەڵکی ئاساییدا کەم بوون کەسانێکی کە پتر لە یەك دوو ساڵیان خزمەت کردبێ، هەڵبەت دیارە بە سرنج دان بەم کەرەستە هەمەچەشنەی قڕکردنێ کە دەوڵەتی تورکیا بۆ کوشتنیان لەبەر دەستی دایە، ماوەیەکی کەم نیە. خەساری قورس‌وگران خۆیان نەدەشاردەوە. ئەم هەواڵنێرانە بە نێو نیزیکەی بیست‌وپێنج گونداندا تێپەڕین کە لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا حکوومەت خاپووری کردبوون یان خەڵك خۆیان دەستیان لێ‌بەردابوون و ڕۆیشتبوون. ئەمە نیشانەی "سەرکەوتنی" هێزەکانی ئاساییش بوو کە شۆڕشگێڕانی لە دەس وێراگەیشتن بە سەرچاوەی ژیان و جەماوەر بێ‌بەش کردبوو.

خواردن ببوو بە هۆی بیرئاڵۆزکاوی پێشمەرگە ڕەنگ بزڕکاوەکان کە ڕەنگ و ڕوویان هاواری کەمخوێنی و کەمخۆراکی دەکرد. زۆر وەختان خۆیان لە "چەکدارانی گوندەکی" لا دەدا، بەڵام جارجارە پەلاماری کەرکە مەڕێکیان دەدا کە ئەم جاشانە نیگادارییان بوون و جارێکیان بۆ وە دەس هێنانی گۆشت هەشت کەسیان لەوان جاشان کوشت. خواردنی پێشمەرگان بە لای زۆریدا برینج و ماکارۆنی و ... چایی بوو، کە لەم ئازووخەیەی کە لە ئەشکەوتاندا حەشار درابوو، دابین دەکرا. جارێکیان پەنایان بردە بەر ئەشکەوتێك کە پڕ بوو لە قودوولەی بەتاڵی ساردین و قاورمەی ماسی و ڕۆن زەیتوون و ساردەمەنی؛ وا دیارە بوو کە لە ڕابردوودا ئەوێ گەورە هەمارێکی پشتیوانیی و دابین کرانی پێشمەرگە بووە. یەکێك لە پێشمەرگەکان زەمانێکی دێنایەوە یاد کە ئەم کەڵوپەلانە بە سالادی تازە و زەیتوون و پەنیرەوە بێ نێوبڕ دەهاتن و

درێژەی دا: "بە قەدرایە خودی دەوڵەت دەوڵەمەند بووین." تەنیا دیاردەی ئاشکرای خەمۆکی وەختایەك دەردەکەوت کە پاشەکەوتی شەکر بنەی دەهات. گاڵتەیان دەکرد بە هەموو چەشنە وەرەزی و لاوازی نوانـدنێك، بـۆ وێنـە دڵتـەنگ بـوون بـۆ خاوخێزان ...

شوێنێکی کە گورسێل لەم تێکەوتنەدا کرایە سەری شێلگیری و تەما و "نـامرادی" بوو. زۆرێك لەم کوردانەی کە لـەم پەلـە شێـست کەسـییەدا [پێـشمەرگە] بـوون، لاوانێ بوون کە خولی دواناوەندییان تەواو کردبوو، ماوەیەکی درێـژ لـە دیاربـەکر و شارەکانی ترا بە دووی کارا هەڵاتهەڵاتیان کردبوو و وەختایەك هیچ کارێکیـان گـیر نەکەوتبوو، لێبڕابوون کە بچنە ریزی پ.ك.ك. و لەگەڵ حکوومـەت بکەونـە شـەڕ. گورسێل پێی گوتـم: "من پێم وایە درێژەی ژیان بۆ هەر کەسێکی تر بێجگە لەوان لـە بارودۆخێکی وەوتۆدا زۆر دژوارە. بەڵام ئەمانە، تین و گوڕ و گڕێ و ئیمانێکی تایبەت بە خۆیان هەیە. بە بڕوای من بە باری سەربازییەدا زۆر بەهێزن، شـتێکن وەك جیـوەی نەسرەوتوو، نەبەز و لە شکان نەهاتوو، چونکە ڕاستەقینەی ژیانیان لایـەنێکی تـرە لـە ڕاستەقینە." ئەم وتانەی وی لەگەڵ ئەو شتانەی کە ئۆجالان لـە دەمیـشق لـە بابـەت شێوەی فێرکردن و ڕاهێنانێکدا هێنابوویە گۆڕ کە تازە داخڵبووەکانی بێ وەبـار دێنـا، یەکتـریان دەخوێندەوە: گرینگترین مەبەست هەلومەرجی ماددی و جەسـتەیی نـەبوو، بەڵکوو ڕاهێنانی سیاسی و ئامادە بوونی فکری بوو.

سەیر ئەمەیە کە وێنەی ئەم بۆچوونەم لە نووسـینگەی کـاری کـامران ئینـان، لـە کۆشکی پارلەمانی تورکیا لـە ئانکـارا بـەرگوێ کـەوت. ئـەم کـوردە چاوناسـە کـە ئەندامی "چواربەندە"ی قەڵافەتی حکوومەتە، گوتی: "شێوەی حکوومـەتی کەمالیـستی لەبـەر هەڵـەی دەوڵـەتانی تووشـی تەنگـەژە بۆتـەوە و لـە ڕۆژهـەڵات و باشـووری ڕۆژهەڵات بە ڕادەی پێویست خۆیان نەدایە بواری پـەروەردە و دابـین کردنـی کـار و ڕێگا لێدان و ئەمـجۆرە شتانە بۆ لاوانی کورد و "بەم شێوەیە خەڵکیان کردە ئەستێ و پووشوی تیرۆریستەکانی پ.ك.ك." پرسی: "پ.ك.ك. چیە، جگە لە تاقمێك لاو کـە لە قوتابـخانەی دواناوەندی دەرکـەوتوون و نەچـوونە زانکۆکـان و ئـیتر نـەیانتوانیوە بگەڕێنەوە سەر مووچە و مەزرا یان کارێکیان گیر نەکەوتووە؟" گەنـجانێکی کورد ئەم

شەڕەیان هەڵگیرساند کە لەماڵەوە بەرەورووی داهاتوویەکی تاریک ببوونەوە و دەیانزانی کە کۆچ کردن بۆ باژێرەکانی ڕۆژاوا و باشوور گەیوەتە ئەوپەڕی خۆی و کەسی تر هەڵناگرێ. لێکدانەوە و شیکردنەوەیەکی کە لەسەر هەلومەرجەکە کردی یەکجار ورد و دروست بوو و من چاوەڕوانی ئەمە نەبووم کە شتی وای لێ ببیستم، ئەویش بە ڕاویژێکی ئەوتۆ و ئاوا توند و تیژ.

دە ساڵێك پتر بوو کە "ئینان"م دەناسی و ئەوم وەك "مام تام"[1]ێکی کورد لەسەر لاپەڕەی بیرم کێشابۆوە. لە ڕابردوودا وام زانیبوو کە لە شێوە بیر کردنەوەی حاڵی بووم، بەڵام ئێستا لێم سوورە کە تێنەگەیوم یان زەمانە گۆڕابوو. ئەو کە کۆماریخوازێکی بێخەوشوخاڵ بوو، لە ڕابردوودا دەکرا وەك وێنەیەکی شیکردنەوەی ڕوونی ڕێبازی کەمالیستی بناسێنی. [ئینان] لە بەشی "ماف"ی زانکۆی ژنێو خوێندنی باڵای تەواو کردبوو. ئەو کۆنە دیپلۆمات، کۆنە وەزیر، پاڵێوراوی سەرکۆماریێتی و بێنێوبڕ ئەندامی هەردك مەجلیسی وڵات بوو. بە درێژایی چەندین ساڵان، بەتایبەت ئەو کاتەی کە وەزیری وزە و سەرچاوە سروشتییەکان بوو، زۆر جاران سەبارەت بە گەڵاڵەی وەبەرداڵ کەوتووی، یانی "گاپ"ەوە وتوویژم لەگەڵ کردبوو. ئەوەندەی دنیای خەیاڵ بڕ دەکا پیاوێك لەوی "دژاودژ"تر وە بەر بیر نەدەهات.

ڕەچەڵاکی کوردێتی "ئینان" بۆ ئەم ڕۆڵەی بنەماڵەی شێخانی نەقشبەندی مەبەستێکی زۆر بارناسك بوو. دایکی لەم ئەرمەنییانە بوو کە لە قڕکرانی ساڵی ۱۹۱۵ خەلەستبوو. ئەو لە ساڵی ۱۹۲۹دا لە واگۆنێکی گواستنەوەی ئاژەڵدا کە بنەماڵەکەیانی لە پارێزگای ڕۆژهەڵاتیی بدلیسەوە دەبردە تاراوگەی ڕۆژاوای تورکیا، لە دایك بوو. دوابەدوای شۆڕش و ڕاپەڕینی یەك لە دوای یەکی کوردان، دوورخرانەوەی وەوتۆ شێوەیەکی "ئاسایی" لە خۆی گرت. کەمالیستەکان مامۆستایانی

۱- ئاماژەیە بە ڕۆمانی "کۆخی مام تام"، بە قەڵەمی هێنریت بیچێر ئوستوو؛ دەورگێڕی سەرەکی ڕۆمانەکە "مام تام"ە. مام تام قولەڕەشێکە کە شێوەی ئاکاری لەگەڵ سپیپێستان وەك مەرایی کردن دەچێ.

پایەبەرزی ئایینی یان سەرۆك هۆزەکانیان لەم شۆڕشانەدا بەشدارییان کردبا یا نەکردبوو، لە شوێنی خۆیان هەڵیاندەقەندن و دووریان دەخستنەوە. (ئیسکان عەزیز ئۆغڵوو، نوێنەری دیاربەکر لە پارلەمان، کە پیاوێکی زۆر لەبەردڵانە، لە بابەت ناوی خۆی واتە "ئیسکان" چاکەی ئەم کارەی لە ئەستۆیە کە لە ۱۹۳۹دا، لە ماوەی دوورخرانەوەی بنەماڵەکەی لە شاری سیلوان، کە لە ۱۹۲۵ تا ۱۹۷٤ی کێشا، پێی‌نایە جەغزی ژیان.) ئەم تاراندن و دوورخرانەوانە لەبەر وەی بوو کە ئیتر ڕێبەرێك لە نێو کورداندا نەمێنێ. ئەم دوورخراوانە لە پێکگرتن لەگەڵ ئەو بەڵایەی بەسەر سەدان خوێندەواری کوردیان هێنا کە بە گومانی پشتیوانی کردن لە شۆڕشی ۱۹۳۰ ئارارات لە تەلیسانیان ئاخنین و شووژن‌دروویان کردن و لە گۆلی "وان"یان هاویشتن، چاکی بۆ قوتار بوون. ئەم دوور خرانەوەی نێوخۆ ئەگەرچی تاڵ و ناخۆش بوو، بەڵام تاڵتر لەم "سیاسەتە" نەبوو کە ئامانجی بەربیری ئاتاتورك بوو. ئەو وای پێ‌باشتر بوو کە تەواوی کوردان لە جیاتی ڕاگواستن و دوورخستنەوە بۆ نێوخۆی وڵات، ڕایانداتە وڵاتانی دراوسێ و تەنیا شتێکی بەری بەڕێوەچوونی سیاسەتێکی ئەوتۆی گرت، بێ دراوی بوو.[1]

پاش ساڵی ۱۹۵۰ "ئینان" و تەواوی کوردانی مەزنەماڵ، سەرەڕای ئەم ئێش و ئازارەی بە ئەستۆی خاوخێزانەکانیاندا هاتبوو، بۆی‌گەرتن و کەوتنە سەر دەور. ئەمەش مەبەستێك بوو کە زۆرێك لە کوردان و ترکان وەك بەڵگەیەك لەسەر دانەنانی فەرق و جیاوازی سیستمی حکوومەتی [لە مابەینی نەتەوەکاندا] دەیانهێنایە گۆڕ و پەسنیان

۱– تۆفیق ڕوشدی‌بەگ، وەزیری دەرەوی تورکیا لە ۱۹۲٦دا، بە "هێنڕی دابز"ی کۆمیسێری باڵای بریتانیای لە بەغدا، کە سەردانی ئانکارای دەکرد، گوت: "دەوڵەتی تورکیا گەیوەتە ئەم ئاکامە کە قەت کوردی بۆ وەخۆی ناخرێن و دەبێ لە وڵاتیان وەدەربنێ. تورکیای نوێ لەسەر مەیتی قڕکراوان بناغەی ڕۆنرا و دەبێ دەس لە توند و تیژی خۆی نەکێشێتەوە. وڵات لە چنگ گێچەڵی یۆنانی و ئەرمەنییان ڕزگار بووە و هەنگاوی دواتری ئەمەیە کە گێچەڵی کوردان لە کۆڵ خۆی کاتەوە". ڕوشدی‌بەگ پاساوی بۆ دەرکرانی کوردان بە گوێرەی دواکەوتوویی هزریان دێنایەوە. گوتی: "تورکیا پێویستی بە زەوی‌وزاری بەرێژەوی ئەوان هەیە و متمانە بە هەنتەشی ئەوان ناکا لە ناوچەکانی سەرسنووری. دابز لە درێژەدا دەڵێ، ڕوشدی‌بەگ گوتی: "کاتێك لە وڵات ڕەپاڵنران، ئیتر قەت ناهێڵین بێنەوە ژوور."

دەدا. "ئینان" بوو بە خزمەتکارێکی ڕووراست و گیانیگیانی کۆمار. ئەم خزمەتکارییە تایبەتی کۆمار بوو و هیچ پەیوەندێکی بە کوردانی پارێزگای بدلیسەوە نەبوو، کە ئەو دەیان ساڵ لە مەجلیسی پیراندا نوێنەریان بوو. ئەویش وەك زۆرێك لەم کوردانەی کە لە سیستمی کۆمارێتیدا گەیبوونە پلە و پایەیەك، ئەو نێوانگرژییەی کە لەسەر وەفادار بوون بە کەمالیزم و ڕەچەڵاك و باپیرانیان سەری هەڵدابوو، دەیبردەوە سەر بارێکی دیکە و لە چاوپێکەوتنەکانی پێشوودا کاتێك باسی ئەو ڕەوت و ڕووداوانەم کردبوو خۆی لە باسەکە کلا کردبوو و وڵامی پرسیارەکانمی نەدابۆوە. ئەمجار وەختایەك دەقودۆغر لێم پرسی داخوا خۆی بە کورد دەزانێ یان ترك، وڵامی داوە: "من قەت ئەم پرسیارە لە خۆم ناکەم. من وەك سەیدێك – یانی تۆرەمەی پێغەمبەر – پێم وایە دەبێ بە عەرەبم دانێن."

ئەم وەرسووڕانە، زیوانێکی زیرەکانە بوو. لەگەڵ ئەمەشا وەك لە وتەکانیڕا سەبارەت بە لایەنە دڵگرەکانی پ.ك.ك. دەرکەوت، وەکوو پیاوێك بە لایەنی دیار و نادیاری پتر لە ڕابردۆوە قوت بۆوە. ئاشکرایە ئەو هەتا ئێرە هیچ کارێکی بە پ.ك.ك. نەبوو. لە مەڵبەندی خۆی (خیزان) ئەوەندەی هێز و دەسەڵات هەبوو کە ساڵگاران ڕوو لەوێ نەکاتەوە و هەڵبژێردرێتەوە، جا چ بگا بە وەی کە خۆی ڕێبەرایەتی چالاکی هەڵبژاردن لە ئەستۆ بگرێ. بەڵێ تەریقەتی نەقشبەندی وای کار لەسەر خەڵکی مەڵبەندەکە کردبوو کە بێ ئەوەی خۆی لە هەوێڵدا بێ هەڵدەبژێرایەوە. بەڵام لە دەزگای حکوومەت توورە بوو، بەتایبەت لەبەر وەی کە چوار ساڵ بوو یەکبێن خەرجی جێبەجێ کرانی گەلاڵەی وەبەردڵ کەوتووی – گاپ – ی کەم کردبۆوە. دابین کرانی پووڵ لە لایەك بۆ کڕینی نان و لە لایەکیش بۆ فیشەك لە وزەی ئابووریی تورکیادا نەبوو. تەنانەت لە هەل و دەرفەتی زۆر باشتردا خەرجوبەرجی گاپ قەبارەی کەم هێنانی یەکجار زۆری بودجەی وڵاتی پتر پێهەڵابرد، وا ئێستا کەم کرانەوەی پەیتاپەیتای خەرجی گەلاڵەکە دەریدەخست کە خەرجوبەرجی شەڕی کوردستان پێهەڵاچووبوو. لە ڕاستیدا تەنانەت یەکەم قۆناخی گاپ کە دابین کرانی ئاوی ئاوەدێری بوو، ئەویش نەك بۆ کوردستان بەڵکوو بۆو عەرەبانەی دەشتەکانی حەڕڕان لەسەر لێواری سنووری لای سووریا، قەتیس کەوتبۆوە و چ بەرەوپێشەوە چوونی نەبوو، چونکە بۆ کڕینی لوولە

گەورەکانی چیمەنتۆی پێەویستی "میل"ێك مەودای کۆتـایی کارەکـە، هـیچ پوولێـك بـە دەستەوە نەبوو.

"ئینان" بە توندی ڕەخنەی لـە کاربەدەسـتانی دەوڵـەتی ئانکـارا دەگـرت. جارێکیـان ڕووی کردە تاقمێك کە خەریکی گەلاڵەیەکی ئاوەدان کردنەوە بوون و لێیپرسین داخوا چوونە بەشی ئورووپای ڕۆژاوا؟ هـەموویان جگـە لـە یـەك دوو کەسـان دەسـتیان بـەرز کردەوە. بە نارەحەتی و بێزارییەوە گوتی: "وەختایەك پرسیم چـەند کەسـتان چـوونە لای ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهـەڵاتی وڵات، تـەنیا کەسـێکتان دەسـتی بـەرز کـردەوە ... وڵاتەکـەیان نەدەناسـی. پرۆژەکانیـان هـەر لێـرە – لـە ئانکـارا – خـڕ هەڵـدەدا و ڕێکیاندەخستن؛ کە وایە هیچ جێی سەرسوڕمان نیە کـە پرۆژەکانیـان پووچـەڵ دەرچـن." گوتی ئەندازیارێکی ئیتالیایی کە لە ڕۆژهەڵاتی وڵاتەوە گەڕابۆوە و سەردانی ئەو شوێنەی کردبوو کە بۆ سازکرانی کارخانەیەك وەبەر چاو گیرابوو، زۆر بـە ڕێـزەوە پرسـی داخـوا گەلاڵەدارێژان و ئەندازیارانی ترك چوونە وێندەرێ؟ چونکە لە گەلاڵەکانیاندا هەڵومەرجی ئەستەمی مەڵبەند و وارووێخـی شـوێنەکەیان وەبـەر چـاو نـەگرتووە. (ئـەم هەڵکەوتە ماوەیەك بەر لە دەسپێکی شەڕی نێوخۆ بوو.) ئینان زیادی کرد: "نـا، کەسـێك نەویستبوو بچێ و چاوێك بە شوێنەکەدا بگێڕێ."

ئینان لە مابەینی قسەکانیدا گوتی کوردان ئەوەندەی کە زوڵمیـان لێکـراوە تاوانبـار نین و ئەوە ئیدیعایەکی تازە بوو. دەتگوت بە ئاشکرا پێیان دەخوڕی، ئەگەرچی بە "دابـی باو" وەباڵی زۆرێك لە گیروگرفتەکانی تورکیای دەخستە ئەستۆی وان: "هەمیشە لـەگـەڵ دوژمنانی نیشتمان دەس تێکەڵ دەکەن." ئەو بە بەرزەدەماخی باسی ئەو دەورە گرینگـەی کوردانی کرد کە لـە سـاڵانی بـەر لـە دامـەزرانی کۆمـارێتی بـۆ یارمـەتی دانـی ئاتـاترك گێڕابوویان. (ئەگەرچی بە شێوەی ڕەسـمی قسە لـەم دەور و ڕووداوانـە نـاکرێ.) ئینـان درێژەی دا: "ئەوە کوردان بوون کـە کۆماریـان دامەزرانـد و بـەخاتری ئاتـاترك لـەگـەڵ فەڕانـسەوێکان، ئینگلیـسێکان، یۆنانێکـان و ئەرمـەنێکان شـەڕیان کـرد. زۆربـەی ئـەو ڕێبەرانەی کە ئاتاترك لە وتارێکا کە بە بۆنەی دەیەمین ساڵوەگەڕی دامـەزرانی کۆمـارێتی دای و نـاوی هێنـان کـورد بـوون." دەتگـوت "دەرزی گۆزەڵـەی حەقیقـەت"ی پێوەهەڵاوەسراوە و ئێستا بێ گرێ و کۆسپ غاری دەدا. بە پێداگرییەوە گوتی: "بڕوانـە! ٢٥٠ تا ٣٠٠ کەس لە نوێنەرانی پارلەمانی ٥٥٠ کەسی بە ڕەگەز کـوردن، ئەگەرچـی

لە ئیستامبووڵەوە هەڵدەبژێردرێن." ئەمە قانێکی باوە کە ئەو و تەواوی کەسانی هاوچین و تایەفەی زۆر جاران دەیهێننە گۆڕ هەتا دەریخەن کە چلۆن "سیاسەتی ڕاکێشان" گشت هاووڵاتیانی نیشتمان بە بێ فەرق و جیاوازی و سەرنجدانە تۆرەمە و ڕەگەز، کردوونی بە کۆماریخوازانێکی باش.

ئەو ئینانەی من ناسیبووم، لە ڕابردوودا لە کۆبوونەوە غەیرەڕەسمی و دۆستانەکاندا هەست و سۆزە کوردانەکانی خۆی وەلا دەنان یان تەنانەت دەکرێ بڵێی کە "دەیتەزاندن". بەڵام ئێستا واقم دەبردەوە، لە پێشدا قەت ژمارەی ئاوا بالاّم لێنەبیستبوو. ئینان وا دیار بوو دەیەویست بڵێ کە کوردان خاوەنی توانایی سیاسی تایبەتین و دەبێتە هۆی ئەوەی کە خەڵك بە شێوەیەك کە لەگەڵ ڕێژەی جەماوەریان یەكتر ناگرێتەوە هەڵیانبژێرن. کەلکم لەم دەرفەتە وەرگرت و پرسیم داخوا ئەویش هاودەنگی بڕوای ئەو کەسانەیە کە وا پێشبینی دەکەن لە نێوەڕاستەکانی سەدەی داهاتوودا کوردان بە باری ڕێژەی جەماوەردا وە پێش ترکان دەکەون؟ وڵامی داوە: "بە سرنجدان بە ڕێژەی بالاّتری زاوزێیان هیچ دوور نیە." ئەمەش ترازانێکی تر لە "تابوو"[1]ی کەمالیستی بوو بۆ هەڵاواردن و لێكجیا کردنەوەی ڕێژەکانی جەماوەریی بە گوێرەی سەرچاوەی ڕەگەزی و قەومی.

١- Tabou، کەسێك یا شتێکی پیرۆز کە دەس لێدان و لێنیزیك بوونەوەی قەدەغە بێ. "وەرگێڕ"

بەشی ١٠

لێر و لەوێ[1]

بەشی هەرە زۆری سەرەتاکانی ساڵی ١٩٩٦م سەرفی وتوویژ لەگەڵ ئینان و کوردانی تری تورکیا کرد. بەڵام لە تەواوی ماوەی ئەو ساڵەدا، بەتایبەت لە چەند حەوتووی ئاخری هاوینا، ئەو کوردانەی دڵنیگەرانی دۆزەکە بوون لێکدالێکدا لە هەموو شوێنەکانی کوردستان، لە لەندەن و واشینگتۆنەوە تەلەفۆنیان بۆ دەکردم هەتا سەبارەت بە کارەساتێکی کە بەڕێوە بوو ئاگادارم کەنەوە. تەواو هەشت ساڵ لێرەوبەریش چەند کەسێك هەر لەوانە تەلەفۆنیان کردبوو و هەواڵیان دابوو کە سەددام حوسێن لە بادینان گازی شیمیایی دەکار هێناوە. ئەمە ڕێزگرتن بوو لە ئاگربەسی شەڕی ئێران و ئێراق بە دابی سەددام حوسێن. ئەمجار ئەم خەڵکە دەچۆقین و هەڵدەچوون و پەرۆشی ئەوە بوون کە ڕق و دوژمنایەتی ژان سارێژنەبۆوەی نێوان پارتی دێموکراتی بارزانی ویەکێتی نیشتمانی تاڵەبانی دەڵێی خەریکە ئەو بڕە هیوایەش کە بۆ وە دەس هێنانی خودموختارییەکی سەقامگیر لە سەدەی بیستەما لەگۆڕێدابوو، بداتە دەم باوە. بەڵام تەنانەت وریاترین و خۆشخەیاڵترینی ئەم کەسانەی پێوەندییان

١– سەردێڕی بەشەکە ئەمەیە: **Dog's Breakfast**، سەولەی سەگ. (شتێك وەك چێشتی مجێور, شەڵپیتاو)

پێوەدەکردم نەیاندەتوانی ئـەم هێـرش و دژەهێرشـە هێزپرووکێنانـەی ئـەم دوو ڕێبـەرە شەڕخوازەی کە سەرمایەی هاوخەمی لەگەڵ کوردەکـانی ئێراقـی لـە دەرەوەی وڵات تەواو فەوتاند، لێکدەنەوە و بە پێشبینی لێیحاڵی بن. لە ماوەی مانگەکانی داهـاتوودا ئاغایان شێوە شەڕێکی ئەوبەرەوبەرەکێنەیان ساز کرد و لە پێشدا پـارتی دیمـوکراتی کوردستان و پاشان یـەکێتی نیـشتمانی کوردسـتان ناوچـەیەکی پـان و بـەرینی خـاکی کوردستانیان داگیر کرد. بەشی زۆری خەڵکی ئاسایی کورد وەختایـەك دەیـانبینی ئـەو کەسانەی کە ڕۆژگارێکی قارەمانی نەتەوەییـان بـوون، ئێـستا بوونـە داردەسـتی پـشتیوانانی ئێرانـی و ئێراقییـان، خۆیـان دەخـواردەوە و هەسـتیان بـە سـووکایەتی و شەرمەزاری دەکرد.

لە مانگی ئووتا سەددام حوسێن، لە ماوەی چەند ڕۆژی نەپساوەدا دەیانهـەزار کەسی لە هێزە کارامەکانی خۆی – یانی گاردی سەرۆك کۆماریی لەگەڵ سەدان تانك و تۆپ – لە خـوارووی هێڵـی ٣٦ کـە سـەرهەدی ناوچـەیەکی پـاوان بـوو و پۆلـە فڕۆکەی ئەمریکایی و ئینگلیسی و فەڕانسەوی پارێزگاراییان لێـدەکرد، کـۆ کـردەوە. من هیچ سـەرم سـوڕنەما. لـە مـانگی فێوریـەدا کـە لـە کوردسـتان بـووم، دەنگـوێ لێکدالێکدای ئەوەم بیستبوو کـە بـارزانی چـەند مانگێکـە لەگـەڵ سـەددام حوسـێن کەوتۆتە وتوویژ. بۆ چما هەر لەو زستانیدا دەیـان تانـك و زرێپۆشـی لـە بەغـدا نەکڕیبوو؟ ئەوانەی تەلەفۆنیان دەکرد ئێستا لەوپەڕی نائومێدیدا ئـاخرین داوەکـانی باریکی هیوایان لە ویست و هەڵوێستی دەوڵەتی کلینتۆن گرێدابوو کە بـە مەبەسـتی بەرگرتن لە ڕوودانی کارەسات کەڵك لە هێزی ئاسـمانیی وەربگـرێ. مەبەسـت لـەم کارەساتە شاڵاوی هاوبەشی سەددام و بـارزانی بـوو، کـە لەوپـەڕی تـرس و تـۆقین و پەرۆشی ئەم خەڵکەدا، بەر لە تاریكوڕوونی بەیانەی ڕۆژی ٣١ی ئووت دەستی پێکرد و خێرایەکی پاشـماوەی ناسـیۆنالیزمی کـوردی ئێـراق و ئیـدیعاکانی "پەڵـەگرتووی" تۆفانی سارای بە باری سەرکەوتنا خستە مەترسی.

لە ساڵی ١٩٨٨دا، لە "مارتا وینیارد"ەوە بە پەلە، لە حاڵێکا کە دوعای بـەخێری ڕۆژنامەکەم, واشینگتۆنپۆست, بەسـەرمەوە بـوو, چـووبوومە سـنووری تورکیـا هـەتا

دەربارەی بارودۆخێ تاڵوتوونی دەربازبوانی شاڵاوە شیمیاییەکانی ئێراقەوە ڕاپۆرتان بنووسم. ئێستا سەرنووسەری ڕۆژنامە سەرەڕای ئەوەی بێ‌وچان تینم بۆ دێنا و دنەم دەدا کە وا باشترە ڕاپۆرتی تازە لەمەڕ نیشانەی ئاشکرا و ڕوو لە زیادبوونی ئامانجەکانی ئێراقەوە ئامادە بکەین، کەمترین مەیل و سەرنجێکی نەدەنواند. لەمەش خراپتر ئەمەبوو کە وا دیار بوو دەوڵەتی کلینتۆنیش مەیل و سەرنجێکی نەدەدایە سەر ئەم مەترسییەی کە هەڕەشەی لە "هەولێر"ی پایتەختی غەیرەڕەسمی کوردەکانی ئێراق دەکرد کە هەر وا بیست کیلۆمەتریێك لە ناوەندی مۆڵگەی هێزەکانی ئێراقەوە دوور بوو. دەوڵەتی کلینتۆن بە دڵنیاییەوە سوور بوو لەسەر ئەمە کە دۆزەکەی — هەر وەك جارانی پێشوو کە باسی هەڕەشەی ئێراق هاتبووە گۆڕ و بە پووچ دەرچووبوو — لە ژێر چاوەدێری دایە. واشینگتۆن دیار بوو لای وایە کە سەددام حوسێنی بە زللە تەزیو، قەت ناخوازێ کە مامەڵەی "نەوت بە خۆراك" کە بە کوێرەوەرییەکی زۆر سەری گرتبوو و بە گوێرەی ئەو دەیتوانی لە ماوەی چەند حەوتەی داهاتوودا، بە هەر شەش مانگان بایی دوملیارد دۆلار نەوت بفرۆشێ، بخاتە مەترسی.

مەبەست و ئامانجە ڕاستەقینەکانی واشینگتۆن هەرچییەك بوو کارناسان بڕوایان وابوو کە دەوڵەتی ئەیالەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا تەمای گرتبوو ئەم مەترسییە هەڵزەقاوە بێنێتە سەرشانی و لە سەردەمانی چالاکی هەڵبژاردنی سەرکۆمارێتیدا دەس نەبزێوێ. بەڵام لە ڕوانگەی دەوڵەتەوە کارێکی ئەوتۆش نەدەکرا. ژمارەی دەورگێڕانی سەر شانۆ پتر لە ڕادەی پێویست بوو: ئێران، سووریا، تورکیا، ڕاپەڕیوانی کوردی تورکیا، سەددام حوسێن و سەرۆکی دوو حیزبی بەشەڕهاتووی کورد... جا ئەم پۆلەش بە کەس ڕانەدەوەستان، ئەویش بە دانانی خەرجوبەرجێکی کەمەوە. دەستێوەردان بە دژی سەددام حوسێن و لاگیری هەرکام لە لایەنە کوردەکان، شتێك بوو کە سەرکەوتنی وێڕا نەبوو: یەکیان سەر بە ئێران و ئەویتر هاوپەیمانی ئێراق بوو. بە درێژایی ساڵی ڕابردوو دەوڵەتی ئەمریکا لە چەند کۆبوونەواندا کە لە کوردستان و ئیرلەند پێکهاتبوون هەوڵی دابوو بارزانی و تاڵەبانی پێکەوە ئاشت کاتەوە و سەرنەکەوتبوو. پێشینەی ئەم دوژمنایەتی و ئینکەبەرییە خوێناوییە دەگەڕایەوە ساڵانی

دەیەی ١٩٦٠ و ئەم دووە سەرنجیان نەدەدایە ئەم مەبەستە کە پشتیوانێتی ئەمریکا بە یەکایەتی هەردك بەرەوە بەسراوەتەوە. ئەم دووە یانی پارتی دێموکرات و یەکێتی نیشتمانی کوردستان, ڕاست یان هەڵە, بڕوایان وابوو کە ئەیالەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەم تێکۆشانە ئاشتیخوازانەدا شێلگیر نیە, چونکە ئەو چەند میلیۆن دۆلارە پێویستەی بۆ دابین‌کردنی ئەم هێزە نێوبژیوانەی هەردوولا ملیان بۆ ڕاکێشابوو, دابین نەکرد.

لە باتیان چوارهەزار کەس لە بشێوی و چنگەپڕژەی هاوینی ١٩٩٦دا تێداچوون؛ زۆربەی ئەمانە خەڵکی ئاسایی بوون و هەزاران کەسی تر لە ماوەی خولی پاش ئەوا کوژران. لاگیری کردنی کوردان لە ڕۆژاوا کە وەختایەکی گەرموگوڕ بوو, ڕۆمرکا و ئیتر هەنگاوی کوردەکانی ئێراق لە "ڕاڕەوەکانی دەسەڵات"دا باشی پێشوازی لێ‌نەدەکرا. (جارێکیان بە بۆنەیەك دیپلۆماتێکی ئەمریکایی کە ئەندامی لێژنەیەك بوو کە وتوویێژی لەگەڵ کوردان کردبوو و لە کەللەشەقی کوردان وەگیان هاتبوو, بە شێوەی پەنامەکی گوتبووی: "ئەگەر لە پێش‌دا نەمدەزانی کە کوردان بۆچی خاوەنی وڵاتێکی سەربەخۆ نین, ئێستا دەزانم بۆچی وایە.") تامەزرۆیی ئەمریکاش بە باری لەشکرکێشی‌دا لە باکووری ئێراق دامرکا. ڕێبەرانی دوو تاقمی دژبەر, کاردانەوە و بەهرەمەندیی "کۆنگرەی میللی ئێراق"یان فەوتاند: ئەم کۆنگرەیە ئۆپۆزیسیۆنێك بوو کە "سیا" بەخێوی دەکرد و بنکەی لە کوردستان و ئامانجی لابردنی سەددام حوسێن و دابین کردنی دێموکراسی بوو لە ئێراق.

وێڕای تەواوی ئەمانەش ئۆگرییە ناوچەیی‌یەکانی دژاودژی ئەمریکا وای حوکم دەکرد کە ئەیالەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا – سەرەڕای ئەم خوت‌خوتانەی تووشی دەهات کە کورد و کۆسپەکانیان سەرلەبەر بەرەڵلا بکا و لێیان بێتەوە – لانی کەم هەنتەشێکی لە باکووری ئێراق هەبێ. دڵپەرۆشی گەورە و گران دەگەڕاوە سەر تورکیا. لە ئاوریلی ١٩٩١ڕا بۆو لایە پارێزگاری لە کوردەکانی ئێراق – تەنانەت لە وەختی پێویستا لە بەرامبەر ڕێبەرانیاندا – ئەگەر تەنیا هەر لەبەر ئەم مەبەستەش بووبێ کە دیسان سەددام حوسێن میلیۆنان کورد نەتۆقێنێ و پەڕەوازەی سنووری تورکیایان

نەکا، خاوەن گرینگایەتێکی تایبەت بوو. بە هەر حاڵ ئەوە ئاشکرایە کە لەسەر داخوازی سەرۆك ئوزەل بوو کە سەرۆك بووش سەرەڕای ئەم گشتە خۆگنخاندنە ئاخرییەکەی کوردەکانی لە چیا و کوێستانان ڕزگار کرد. هەر پاش ئەمە بوو کە ئەیالەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لێبڕا کە لەبۆشایی پێکهاتوو بە دامەزراندنەوەی سەرلەنوێی کوردان و بەهرە لێوەرگرتنی وەك بنکەیەکی پێشەنگ بۆ ڕێکخستنی ئۆپۆزیسیۆنی دژی سەددام کەلك وەربگرێ. جا [خۆش ئەمەیە] یەکەم هەنگاو بۆ دابین کرانی بودجەی ئەم ئۆپۆزیسیۆنە هاوبەندەی لایەنگری دێموکراسییە (کە پاشان بە "کۆنگرەی میللی ئێراق" ناودێر کرا) نەك دەوڵەتی بێمەیلی بووش، بەڵکوو کۆنگرە لە ١٩٩١دا هەڵیهێنایەوە، کە لێبڕابوو سەری سەددام حوسێن بە گۆمێ داکا.

ئەم پشتیوانییە بەم بارەدا پارسەنگی ڕادەگیرا کە نەکا کارێکی وا بکرێ کە ترکانی لە ڕادەبەدەر دڵناسك کە بە هۆی ناکامی بۆ کۆتایی هێنان بە شەڕ لەگەڵ سەرهەڵداوانی نێوخۆی وڵاتا — کە تووشی دڕدۆنگییەکی ئەوتۆ ببوون کە تەنانەت مەیلەو "پارانۆیا" بوو — دڵیان بێشێ.

تورکیا — ئیتر با کارمان نەدابێ بەسەر ئێران و سووریا و خودی ئێراقەوە — هەمیشە لەوە توقیبوو کە نەکا ئەیالەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە بنەوە بەستێنی دامەزرانی وڵاتێکی کورد لە ئێراقا خۆش بکا. بە بۆچوونێکی تر ترکان هەم خودایان دەویست هەم خورما: نابێ هیچ کارێك لە باکووری ئێراق بکرێ کە بۆنی دامەزرانی وڵاتێکی کوردی لێوەبێ، بەڵام ڕۆژاوا بەتایبەت ئەمریکا دەبێ نەهێڵێ سنوورەکانی تووشی ئاڵۆزی ببنەوە: ئاڵۆزییەکی کە ڕەنگە سەددام حوسێن سازی بکا، سەددام حوسێنێکی کە کردەوەکانی پێشبینی ناکرێن. بەم شێوەیە سیاسەت و هەڵوێستی ڕۆژاوا وای لێهات کە کوردستانی ئێراق بە باری ئابووریدا بخاتە تەنگەژەوە؛ ئەم کارە ژانی تورکیای هێور کردەوە، بەڵام بوو بە هۆی تەنینەوەی بێکاری و پەرێشانییەکی بەربڵاو لە باکووری ئێراق و نێوانگرژی بارزانی و تاڵەبانی تەشەنا پێکردەوە. لە ئابوورییەکی لاوازی بەرەو مەرگدا بە شاندادانی کلاشینکۆفێك بوو بە هاسانترین ڕێگای دابین بوونی بژبو و بەڕێچوون.

سیاسەتی ئەمریکا لە بەرەوڕوو بوونەوە لەگەڵ بۆشایی دەسەڵات لە باکووری ئێراق بۆ بەربەرەکانی لەتەك تەواوی ئەم بەرژەوەندییە دژاودژانە هەتا ئاستی کەمترین خاڵی هاوبەش دابەزی [کە بریتی بوون لە]: پێکهێنانی هاوسەنگی لە نێوان ئەم تاقمە کوردانەی لێك دوور دەکەوتنەوە، ڕاگرتنی ترکان لەسەر شانۆ و ڕاگیرکردنی کۆنگرەی میللی ئێراق وەك ناوەندی مەکۆیەکی دژی سەددام حوسێن. ئەم سیاسەتە بە مانۆڕەکانی ئێران – نێوەنێوەش هی سووریا – تینی بۆ هات. بەڵێ وەوتۆ بوو بێتەمایی و دڵاودڵییەکی بۆ واشینگتۆن بە میرات بەجێ ما، [ئەویش] ئەو کاتەی کە دەوڵەتی بووش لە ١٩٩١دا قامکی نا بە دوگمەی کۆتایی شەڕەوە و کارەکەی یەکسەرە نەکرد. پاش ئەوەی کە چەتری پاراستنی ئاسمانیی ئەمریکا کۆکرایەوە, ئیتر بەرێوە بردنی ئەم گەلاڵەیەی کە "سیا" بۆ کەلك وەرگرتن لە کوردان بە مەبەستی وەرێخستنی شۆڕشی دژی سەددام لە سپای ئێراقا لە مارسی ١٩٩٥ وەبەر چاوی گرتبوو، دژوار بوو. بارزانی کە ئێستا لەگەڵ تاڵەبانی دەستەویەخە ببوو، بە مەسەلەکەی زانی و لە ئاخرین پشوودا خۆی کەنار دا. ئەم هەڵکەوتە پارتی دێموکراتی کوردستان و "کۆنگرەی میللی ئێراق"ی لێك ترازاند و نێوانناخۆشیی مابەینی دوو ڕێبەری کوردی زیاتر کرد. هیچ سەیر نیە ئەگەر لە وەها هەلومەرجێکدا ئەیالەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ناچار بوو بە ئاگربەسێکی قرچۆك دڵخۆش بێ کە دیپلۆماتەکانی هەر ئەو هاوینە لە ئیرلەند پێکیانهێنابوو. (ئەم پێکهاتنە قەتی خۆ ڕانەگرت؛ بەشێکی لەبەر نەبوونی نیازپاکی لە دڵی ڕێبەرانی کوردا و بەشێکی تریشی بە هۆی نەبوونی ئەو دوو میلیۆن دۆلارە بوو کە دەبوایە بۆ دابینکرانی چارەسەرێکی بەردەوام درابایە کوردانی بێلایەن و تەواوی هێزەکانی دژبەری حکوومەت. بە کوتەی هێندێکان ئەم نەبوونی پووڵە ئاکامی شەڕ و هەڵلایەك بوو کە لەسەر بودجە لە کۆنگرەدا لە گۆڕێدا بوو و کۆماریخوازان تێیدا خاوەن دەسەلات بوون و بڕێکیان تین بۆ دەوڵەتی فێدراڵ هێنا. تاقمێکیش لایان وابوو کە واشینگتۆن لەسەر ئەم بڕوایە بوو کە دەبوایە خودی کوردان ئەم پووڵە پەیدا بکەن و لانی کەم پێشەکی نیوەی بدەن.)

چارەسەری کێشەکە لە قساندا زۆر سادە و ساکار بوو، ئەگەرچی وەك هەمیشەش جێی دڵنیایی نەبوو: تاڵەبانی دەس لە دەسەڵاتی بەسەر هەولێرا هەڵدەگرێ و ئیزنی دەوڵەت و پارلەمانی کورد دەدا سەرلەنوێ بکەونەوە گەڕ؛ لە بەرامبەردا بارزانیش لەو "بارانە" زۆر و زەوەندەی کە لە فرۆشی بە قاچاخیی سووتەمەنی دزێلی ئێراق بە تورکیا گیری دەکەوت، دانی بەشی یەکێتی نیشتمانی دەس پێدەکاتەوە. بە گوێرەی ئەم ڕێ و شوێنانە پشتبەستنی ڕۆژ دەگەڵ ڕۆژ زیاتری تاڵەبانی بۆ سات و سەودا و هاتوچۆ لەگەڵ ئێران کە بە هێنانە ژێر ڕکیفی تەنیا ڕێگای گەیشتنە تورکیا لە لایەن بارزانییەوە، هەلومەرجی جوغرافیایی بەسەریدا سەپاندبوو، ئەگەر بە تەواویش خاشەبڕ نەبێ بە ڕادەیەکی زۆر دادەبەزێ. بەمجۆرە دۆخی جاران دەگەڕێتەوە.

واشینگتۆن کەوتە داوێك کە دەکرێ بە سیاسەتی "پارێز" ناودێر بکرێ و ئەویش شتێکە کە هەمیشە درەنگ یان زوو لێکهەڵدەوەشێ. تەنیا لە نێوەڕاستەکانی ئووتی ١٩٩٦دا بوو کە دەوڵەتی کلینتۆن دژکردەوەی بە ئاشکرای نواند و ئەمەش وەختایەك بوو کە لە ماوەی پتر لە ساڵێکا بۆ یەکەم جار شەڕێکی قورس لە نێوان پارتی دێموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستانا هەڵگیرسا و دەوڵەتی کلینتۆن تەماشای کرد ئەوە خەریکە [دەبێتە پاشاگەردانی و] جڵەوی کاران لە دەس دەردەچێ. لە ٢٧ی ئووتا، ڕابێرت ئێچ، پێلترۆ، جێگری وەزارەتی دەرەوە بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی نیزیك، تەلەفۆنی بۆ هەردك ڕێبەری کورد کرد و بە مەبەستی کۆششێکی تر بە لانی ئاشتی و پێکەوە سازاندا ڕەزامەندی وەرگرتن: بۆ بنی مانگێ قەراری چاوپێکەوتنێك لە لەندەن داندرا. بەڵام ئەم وەختە زۆر درەنگ بوو و بۆ سبەینێ شەڕ دەستی پێکردەوە. ئێستا تەواوی گەلاڵەی لەرۆزك و نەبەگەی پاراستنی کوردان خەریکبوو لێکهەڵدەوەشا. دەوڵەتی کلینتۆن بۆ تێگەیشتنی ڕادەی ڕق و دڕدۆنگی دوولایەنەی ڕێبەرانی کورد سەبارەت بە یەکتر تێما و ئەم ڕق و دوژمنایەتییە گەیبۆ پلە و شوێنێك کە ئیتر گەڕانەوەی لێوە نەدەکرا.

گەمارۆیەکی ئابووری کە دەوڵەتی بەغدا و خودی ڕۆژاوا بەسەر کوردستانیاندا سەپاندبوو – هەروا بێتەوە دەسدرێژی و شاڵاوی گەورە و بچووکی ئێران و تورکیا بۆ

سەر باکووری ئێراق – خودی بیرۆکەی "ناوچەی هێور"ی بۆ کوردان لـە واتـا و مانـا بێبەری کردبوو: ئەم بیرە داهێنانی "هاوپەیـمانان" بوو، کـە بـە پاڵپـشتی ئـەو بکرایـە پەناخوزان بۆ شۆڕبوونەوە و هاتنەخوار لـە چیا و چۆلان دنە درابان و لـە زەختی تورکیا سەبارەت بە پەنا دانیان کەم کرابایەوە. لـە وەها بارودۆخێکدا خزینی پەنامەکی بـەرەو سەربەستی، کە بیرۆکەیەك بوو جاروبارە دۆخی ناسـائایی بـاکووری ئێراقـی بێوەسـپ دەکرا، کاڵ بۆوە. هەم بارزانی و هەم تاڵـەبانی، هـەردك بـە خۆیـان سەلـــماندبوو کـە خودی "مانەوە"یان لـە مەترسیدایە و هەردووکیان ڕوویان کـردەوە ئـەو داوە کۆنـەی نەریتی کوردی: پاڵوێـدان وە وڵاتـانی ئینکەبـەر. وتوویـژە نامبارەکەکـەی بـارزانی لـەگەڵ سەددام حوسێن و وتوویژەکانی تاڵـەبانی لـەگەڵ ئێران لـە ژوەنی هەمان ساڵدا دەستی پێکردبوو.

ئاخرین زەنگی مەترسیی بە دەسدرێژی سێ ڕۆژانەی پاسدارانی شۆڕشـی ئێـران بـۆ قووڵایی کوردستانی ئێراق وەجرینگە هات. بـە گوتـەی پـارتی دێمـوکراتی (بـارزانی) ژمارەی ئەم پاسدارانە دوو هـەزار کـەس بـوون؛ ئامانـجی ڕواڵـەتی ئـەوان "بنکـە"ی پێـشمەرگەکانی حیزبـی دێمـوکراتی کوردسـتانی ئێـران لـە هەشـتا میلـی قـووڵایی کوردستانی ئێراق، لـە نیزیك کۆیە بوو. ئەم پێشمەرگانە ئێستا زۆر بێدەسـەڵات بـوون و لـە ماوەی چەند ساڵاندا ڕۆژ بە ڕۆژ پتر لـەسـەر سـنوورەوە ڕادرابـوون و ئـیتر وەك هەڕەشەیەك بۆسەر ئێـران نەدەهاتنـە ژمـار، کـە وابـێ مەبەسـتی ئێـران لـەم پـەلامارە بێگومان شتێکی تر بوو. بارزانی لێی سوور بـوو کـە ئـەم هێـزە بـەم مەبەسـتە چـۆتە کوردستان کە چەکی قورس بداتە دەس تاڵـەبانی. بـا لـە بـیری نەبەینـەوە کـە چـەند مانگێك بوو تاڵەبانی شاتەشاتی دەکرد کە ڕاپـەڕینێك دژی پـارتی دێمـوکراتی بـارزانی بەڕێوەیـە و پ.ك.ك. یارمـەتی دەدا. بـەڵام ئـەم دەسـدرێژییە ئـازادیی کـردەوە و جووڵانەوەی ئێرانیشی لـە باکووری ئێـراق دەرخـست: تورکیـا و "پ.ك.ك"ش – کـە ئامانـجی وی بوون – لـەمێژ ساڵ بوو کە لـەم هەرێمەدا بە ئازادی هاتوچۆیان دەکرد. لـەمە گرینگتر، ئەم شاڵاوە پووچ بوونی ئیددیعاکانی دەوڵـەتی ئەمریکای لـەسەر بـەڕێوە بردنی سیاسەتی "هەوساری دوو لایەنە" کە قەرار وابوو بە گوێرەی وی ئێراق و ئێـران

هەردك ڕادرێنە سووچ و کەناران، بە ئاشکرا نیشان دا. بارزانی داخوازی کرد کە هەروەك لە وتوویژەکانی "ئیرلەند"دا قەرار کرابوو ئەمریکا دەسدرێژیکار دیاری بکا و بیناسێنێ؛ کەچی واشینگتۆن تەواو متەقی لە خۆی بڕی.

وا بەم شێوەیە بەستێن بۆ گرتنی سەیروسەمەرەترین تەما لە مێژووی کوردا ئامادە کرا. لە حاڵێکا کە ئەم مێژووە پڕە لەو شتانەی کە بە ڕواڵەت لەگەڵ مەنتیق نایەنەوە و وەك کایەی ئەسکەملە دەچن. تاڵەبانی کە لێی سوور بۆوە ئێران بەگەرمە پشتیوانی لێدەکا، شووی لێ‌هەڵکێشا و وەك زۆرێك لە ڕۆژگارانی ڕابردوو "زیرەکایەتی" لە تام بردەدەر. ئیدی گوێی بۆ ڕاسپاردەکانی دەرەوە کلۆر نەدەکرد. ئێران بە ئاشکرا دەست و دەسەڵاتی وەچنگ هێنابوو. تاڵەبانی بە چەند پات کردنەوەی ئەم قسەیە کە بارزانی تەنیا لە بنکەی سەرچیای [سەری‌ڕەش] ڕا لە سەلاحەددین و لە گەروولەی لوولەی دووربینەوە دەتوانێ هەولێر بەدی کا و دەستی وێ‌ڕابگا، تانە و توانجی گرتە خەنیمەکەی.

وەختایەك تاڵەبانی لە ١٧ی ئووتا بە هاوبەشیی ئێران دەستی دایە پەلامارێکی بەربلاو، ئەم شالاوە هاوکات بوو لەگەڵ پەنجاهەمین ساڵهاتی دامەزرانی پارتی دێموکراتی کوردستان و پەنجاهەمین ساڵوەگەڕی لە دایك بوونی خودی مەسعوود بارزانی. پارتی دێموکراتی کوردستان زۆر جاران ئێرانی تاوانبار کرد کە پشتیوانی لە یەکێتی نیشتمانی دەکا و بە زەبری تۆپخانە و باڵەفڕ یاریدەی هێزەکانی دەکا و داوای لە ئەمریکا کرد کە ئێران و تاڵەبانی مەحکووم بکا. هەڵبەت کوردان لێیان ڕوون بوو کە ئێران لە گێرە و کێشەکانی پێشوودا — لە مابەینی یەکێتی نیشتمانی و پارتی دێموکراتا — ڕاست ئەم یارمەتییانەشی بە بارزانی کردبوو و هەر بە پێی نەریتی کۆن پارتی دێموکراتی کوردستان لە دەستەبەندییەکانی کوردستانی ئێراقا، حیزب و تاقمی بەر سەرنجی ئێران بوو.

لە حەوتەی کۆتایی مانگی ئووتا، ئەو دەمەی کە پێلترۆ ئامادە دەبوو هەتا لە لەندەن چاوی بە هەرتك ڕێکخراوە کوردێکە بکەوێ؛ بڵاوکراوەیەکی سەر بە پارتی دێموکرات دیسان کەوتە پاڕانەوە لەبەر وەزارەتی دەرەوە و شووڕای تەناهی نەتەوەیی

ئەمریکا و "سیا" و هەرکەسێکی تر کە لە واشینگتۆن گوێڕایەڵی ئەم مەبەستە بێ و داوای کرد کە " وریا کردنەوەی ڕوون و ئاشکرا دژی دەستێوەردانەکانی ئێران " بەرەورووی ئەم وڵاتە بکەنەوە. ئەم بلاڤۆکە داوای دەکرد کە دەوڵەتی ئەمریکا "لەم بابەتەوە ورياييش بداتە ئێراق." ئەمەش فەرتەنەیەکی سەیر بوو، چونکە هەرچی بێ تاڵەبانی بەم زوانە لە بابەت دەس تێکەڵ کردن و پێکهاتنی بارزانی و سەددام حوسێن چەند جاران وریایی دابوو. بابەتەکانی ئەم بلاڤۆکەی پارتی دێموکراتی کوردستان شوێنێکی بەتاڵی ئەوتۆی لە خەیاڵا نەدەهێشتەوە. بلاڤۆکەکە دەیگوت کە گردبوونەوەی هێزەکانی ئێراقی نیشانەری ئەمەیە کە ئێراقییەکان "خۆیان دە دەسك دەنێن هەتا بە بیانووی بەرپەرچدانەوەی ئێران حوکم و دەسەڵاتی خۆیان لە باکوورا سەقامگیر کەنەوە." پارتی دێموکراتی کوردستان بە وردبوونەوە لەم مەبەستە کە ئەیالەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و وڵاتانی دراوسێی ئێراق تەنانەت حازر نین دەس بەرن بۆ کردەیەکی سیاسیش زەنگی وریا بوونەوەی لێدەدا: "تەنیا ڕێ چارەیەکی ماوەتەوە، گەڕانەوەی ئێراقییەکانە بۆ باکوور کە زۆر تامەزرۆن دەسەڵاتی ئێران بشکێننەوە. بێتوو هەڵکەوتێکی ئەوتۆ ڕوویدا پارتی دێموکراتی کوردستان بەرەگەیان لێناگرێ." خودی بارزانی هەر ئەو هەفتەیە لە وتوویژێکی تەلەفۆنیدا هەوڵی دا بە پێلتزۆ بسەلمێنێ کە "ئەم شەڕە کێشەیەکی کوردی نیە کە بکرێ خۆی لێ کەنار بدرێ، بەڵکوو شاڵاو و دەسدرێژی ئێرانییەکانە." گوتی: "من خۆم پێ لە ئاست ئەم تەوژمە ڕاناگیرێ. ئەگەر ئێوە دەستێك نەبزێون, ڕەنگە من داوای یارمەتی لە ئێراقییەکان بکەم."

بەڵام ئەیالەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هێشتاش هەروا لێبڕا بوو کە لەم گێرە و کێشەیەدا لاگیری هیچیان نەکا؛ لەگەڵ تێکشکان و داگیرکرانی مەتەریزەکانی پارتی دێموکراتی کوردستان لە شانبەشانی جادەی بارناسکی نیزامیی هامیلتۆن, ئەویش لە سایەی سەری تۆپخانەی ئێران بۆ پشتیوانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان. بارزانی لێی سوور بۆوە کە هێزەکانی بەرەورووی مەترسی تەفروتونا بوونن, مەگین خۆ بداتە کارێك کە ڕاوێژکارانی نیزیکی بە "مامەڵە لەگەڵ شەیتان"یان ناودێر کرد. بارزانی

ئێستا کوژرانی سێ برا و پتر لە هەشتهەزار بارزانی و دەیان هەزار کوردی تری بە دەست سەددام حوسێن لە بیر بردەوە و بۆ وەدەرنانی یەکێتی نیشتمانی لە هەولێر داوای یارمەتی لێکرد. ئەو بلاڤۆکەی سەر بە پارتی دێموکراتی کوردستان کە باسمان کرد لە باشترین حاڵەتا هێندێکی خەوشوخاڵ تێکەڵکردبوو: پارتی دێموکراتی کوردستان نە تەنیا بەری هێرشی "ئێراقییەکانی نەگرت" بەڵکوو وەك دواتر ئێراقییەکان ئاشکرایان کرد, هەر زۆر پێشتر, یانی لە ۲۲ی ئووتا داوای یارمەتی سەربازی لە سەددام حوسێن کردبوو... ئاشکرا بوونی ئەم نەهێنییە زۆری بارزانی پەرۆش کرد.

لانیکەم ئەمە شتێك بوو کە "تارق عەزیز", جێگری سەرۆك وەزیری ئێراق بە شێوەیەکی زیرەکانە لە قاوی دا. ئەو گوتی کە بارزانی لەو ڕۆژیدا (۲۲ی ئووت) نامەیەکی بە سەردێری "جەناب"ەوە بۆ سەددام حوسێن نارد و تێیدا پاڕایەوە کە "بێتە مەیدان و بە مەبەستی ڕادانی مەترسی دەرەکی یاریدەیان بدا." مەبەست لە مەترسی دەرەکی ئێران بوو. ئەم مەبەستە بە لای زۆربەی کوردانی ئێراقەوە ڕوون نەبوو کە بارزانی و "مەکۆی تایبەتی خۆی" هەتا کۆی کاردانەوەی کردەکەیان لێکدابۆوە و یان بە وردی چ وەختایەك گەیشتبوونە ئەم تەما بێفەڕە. ئەوەی ڕوون بوو ئەمە بوو کە پارتی دێموکراتی کوردستان بە ئاشکرا گاڵتەی بە پێلترۆ کرد, ئەوی ڕاکێشایە لەندەن و لە کۆبوونەوەی ۳ی ئووتا بەشداری کرد و بە فێڵ و تەڵەکە و دووڕوویی قەراروبڕی چاوپێکەوتنێکی بۆ ڕۆژی دواتر لەگەڵا دانا, لە حاڵێکا وا داندرابوو کە پەلامار دانی هەولێر هەر ئەو ڕۆژە دەس پێبکا. بەلام تەنانەت ئەگەر بلێین کە واشینگتۆن هورمی بە وریاییدانەکانی پارتی دێموکراتی کوردستان نەکردووە, دەوڵەتی ئەمریکا بە گوێرەی ئەو وێنانەی لە ئاسمانەوە و لە ڕێی مانگە دەسکردەکانەوە لە بابەت خڕبوونەوەی هێزەکانی ئێراق دەگەیشتە دەستی, ناتوانێ لەم بارەوە هیچ بیانوویەك بێنێتەوە.

بۆ حاڵی بوون لەم سەمەدانەی پارتی دێموکراتی کوردستانیان بۆ ئەم کارە پاڵ پێوەنا, ڕەنگە ساکارترین وڵام ئەمە بێ کە بڵێین بارزانی ئەوەندەی ڕقی لە تاڵەبانی بوو, قەت هێندە لە سەددام حوسێن نەدەترسا یان بە گوێرەی کەونە دابی

ڕۆژهەڵاتی‌نێوەڕاست کێشەکەی ئاوا دەبینی کە "دوژمنی دوژمنم دۆستی منە." بەڵام ئەم تەمایەی بارزانی هەڵگری شتێکی پتر لەمە بوو, چونکە هەرچۆنێك بێ هاوکاری لەگەڵ خراپترین و خۆفناکترین دوژمنی کوردان لە سەدەی بیستەما پەڵەیەکی پڕ شەرمەزاری سەیری خستە سەر دوایێی. بەڵام تەواوی پاژە تاڵ و ناخۆشەکانی ئەم کورتە مێژوویەش گرینگ بوون: مەسعوود بارزانی قەت خەیانەتی‌کی‌سینجێری لە ١٩٧٥دا لە بیر نەبردبۆوە؛ قەت بە شێوەیەکی تەواو لە ژێر کاردانەوەی سووکایەتی پێکرانی سالآنی دوورخرانەوەی بە زۆرەملی کە ئەو لەم بابەتەوە ئەیالەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای بە تاوانبار دەزانی, وەخۆی نەهاتبۆوە. ئەو بێ‌گومان لەو مەبەستە لێڵانەی کە لە ساڵی ١٩٩١دا کوردانیان ڕزگار کردبوو, حاڵی ببوو. لەو دەمەڕا قەت لە بابەت سوور و پتەو بوونی ئەمریکایی‌یەکان لەسەر قسەی خۆیان, سەرەڕای بەڵێنی لێکدالێکدای بالآدەستانی ئەمریکایی, لە "برێنت ئیسکووکرافت" و "جیمز بێیکێر"ەوە لە دەوڵەتی بووشا بگرە هەتا "ئاڵ‌گۆر" جێگری کلینتۆن و "ئانتۆنی لیك" ڕاوێژکاری تەناهی نەتەوەیی, دڵپەرۆشی وەلا نەنا. وەك دەڵێن هێندێك لەم بەڵێنییانە بە نووسراوەشن.

ئیسکووکرافت کە ئێستا خانەنشینە بەم مەبەستانەی کە بەلای ڕۆژنامانەوە درکاندی ئەم دوودڵییانەی بە شێوەیەکی سەیر بەهێزکرد: "ئێمە دەمانزانی کە ئەم ئامانجە جوانەی قوتار بوون لە گۆڵمەزی سەددام حوسێن پرس و کۆسپەکان چارەسەر ناکا یان تەنانەت وەك پێویست ئارمانجەکانیشمان وەدی ناهێنێ. کەوایە بە ناچاری ڕێ‌چارەیەکی نەشیاوی ترمان هەڵبژارد کە زۆر جاران تەنیا ڕێگای بەردەستانە." لە درێژەدا بۆ پاساوی قسەکانی خۆی گوتی: "ئەگەر درێژەمان بە شەڕ دابایە و سەددامـمان لێخستبایە, ڕەنگە ئەمڕۆ وەزعمان لە هی ئەمڕۆ خراپتر بوایە." چونکە ئەم ڕووداوە "بۆشایی‌یەکی دەسەڵاتی لە کەنداوی فارسا بەدی دێنا, کە ئێران پڕی دەکردەوە" و ئێمەی ناچار دەکرد کە هێزەکانی ئەمریکایی بۆ دەس بەسەر داگرتنی ناوچە بۆ ماوەیەکی نادیار لە وێندرێ سەقامگیر کەین.

لەم نێوەشدا بارزانی لێبڕابوو کە تازە ڕوو نەکاتەوە تاراوگە. دەنگدانەوەی وتەکانی کە لەو تاران و ڕەوینەی ڕۆژی یەکشەممەی جێژنی "پاك"ی ۱۹۹۱دا بەرەوڕووی جەماوەرەکەی کردی و هانی دان کە نەتۆقن و "ڕا نەکەن و چەشنی ئەرمەنییان سەر وەبەر پەناخوازیی نەهێنن" هێشتا لە گوێمدا دەزرینگێتەوە. هەر ئەم مەیلی مانەوەیەی لە ئیراقا، بە هەر نرخێك، یارمەتی شی کردنەوەی خۆڕاگری و هەوڵەکانی بۆ وتوویژ لەگەڵ سەددام حوسێن هەتا ژانویەی ۱۹۹۲، دەدا، کەچی هەر ئەو کاتی لێی ڕوون ببۆوە کە هیچ هیوایەك لە گۆڕێدا نیە. وەها بەڵگە هێنانەوەیەك قەت "باوەڕ پێکراویی نەتەوەیی" ئەوی تووشی خەسار نەکرد، هەر لەو ژانویەی ۱۹۹۱ەدا، هەر لەو بنکە کوێستانییەی خۆیا پێی گوتبووم کە کوردان بە هەموو حیسابێك هەقیانە خاوەنی ولاتێکی سەربەخۆ بن؛ هەڵبەت دیارە دەیزانی کە سرشتی سەرکوتکەرانەی ولاتانی دەروجیران ئەوتۆ نیە کە گەیشتنە ئەم ئامانجە بەرزە هەتا تێپەڕ بوونی سەدەیەکی تر ئیتر ڕێی وەدیهاتنی بۆ خۆش بکرێ.

ئەو بۆ ماوەیەکی کورت دوودڵی خۆی سەبارەت بە سەمەدەکانی ئەمریکا قەیتەرقوو کرد: لە ژانویەی ۱۹۹۲دا کاتی سەردانی بۆ واشینگتۆن بەوپەڕی نیازپاکی گەلاڵەی ئەمریکای بۆ کەڵك وەرگرتنی لە "کۆنگرەی میللی ئێراق" بە مەبەستی ڕووخاندنی حکوومەتی سەددام حوسێن سەلماند. بەلام سەرسەختی ئەمریکا لە کومیتەی گەمارۆکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دا، ئەو دەمەی کە خۆی لە ئەنجام دانی هەر چەشنە یارمەتییەکی دابینی ژیانی کوردان پاراست، زۆر بێزرا. چونکە کوردان لە لایەکەوە بەرەوڕووی کوێرەوەری گەمارۆی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ببوونەوە و لە لایەکی ترەوە گەمارۆی ئابووری سەددام حوسێنیان بەسەردا سەپابوو. پرسەکانی ئابووریش ئەوەندەی دیکە نێوانی لەگەڵ بارزانی گرژتر کرد. مانەوەی سەددام حوسێن لەسەر تەختی دەسەلات تەنیا سووچ و تاوانی بارزانی نەبوو: ئەگەر لە جەنگەی گێرە و کێشەیدا لەگەڵ تالەبانی و لە مەترسی خستنی دژبەرانی حکوومەت بەشە تاوانێکی دەگەڕاوە ئەستۆی، ئەویش هەقی بە دەس بوو لەبەر خۆیەوە وا بیر بکاتەوە کە داخوا ئاکامی کارەکە "بە شێوەی پەنامەکی" بە دڵی

واشینگتۆن نەبوو؟ لە خولی چەند ساڵاندا وێڕای گەشە کردنی ئیسلامی بنیاتخواز لە عەرەبستانی سعوودی و وڵاتانیتری هاوپەیمانی واشینگتۆن, مەیل و تاسەی ئەمریکا بۆ خاشەبڕ کردنی سەددام حوسێن وا دیار بوو لە کزی دابوو. ئەمریکاییەکان ڕەنگە کەمتر لەوەی خۆیان دەیاننواند, لەم بوارەدا شێلگیر بوون.

وەختایەك ئاوا بوو داخوا کایەی واشینگتۆن دووپاتی هەمان کایەی کیسینجێر نەبوو؟ یانی بەهرە وەرگرتن لە کوردان بۆ لاواز کردن بەڵام نەك ڕووخاندنی دەوڵەتی بەغدا؟! بارزانی هەر تەنیا کوردێك نەبوو کە لە خۆی بپرسێ ئەرێ مانای "هەوساری دوولایەنە" چما هەر ئەمە نەبوو؟ هەرچۆنێك بوو, یەکێك لە دیپلۆماتە پایەبەرزەکانی ئەمریکا پێیگوتم کە تەنگەژەی بنەڕەتی کوردەکانی ئێراق سەددام حوسێن نیە, بەڵکوو ئەو ژێنێراڵە "سوننییە چاکەیە" کە ڕەنگە جێی بگرێتەوە. پاشان پرسی: "تۆ لات وایە چ دەقەومێ وەختایەك کۆمەڵی نەتەوەکان وەها کەسێك وەك "توماس جێفرسۆن"ێکی نوێ پەسن بدا و ئەو تەما بگرێ کە دەسەڵاتداریێتی ئێراق بەسەر تەواوی وڵاتا بسەپێنێتەوە؟ ڕەنگە کۆنگرە و دەوڵەت بەرەورووی تەماگەلی دژوار ببنەوە!؟"

ئەگەر ئەمریکاییەکان, هاوپەیمانە ڕۆژاواییەکانیان, کوردان و ئۆپۆزیسیۆن, تووشی کۆمەڵێك نیگەرانی وەها بڕستبڕ بوون, سەددام حوسێن تووش نەبوو. مامەڵەی "فرۆشی نەوت بە خۆراك" وە دوا خرا – ئەویش وەك دیمان هەتا مانگی دێسامبر – بەڵام ئەم کارە خەساری دەگەیاندە جەماوەری ئێراق و کاری نەدابوو بەسەر فەرمانڕەوا و بنەماڵەکەی و گاردی کۆماریی بە ناز پەروەردە کراوی یان دەزگاکانی پاراستن و ئاساییش کە خۆی و حکوومەتەکەیان لەسەر دەسەڵات ڕاگرتبوون. وەختایەك سەرەنجام تەمای گرت کە لە بەرەبەری ساتەکانی تاوهەڵاتی ڕۆژی شەممۆ, ٣١ی ئووت دەس بەکار بێ, بە لێبڕاویی تایبەت بە خۆی وەهای کرد. سەددام حوسێن لە خۆنواندنێکی دەسەڵاتا, هێزێکی گەورەی بریتی لە ٣٠٠ تۆپ, پتر لە ٣٥٠ تانك و سیچل هەزار جەیشێکی کە زۆربەیان گاردی کۆماری بوون, هێنانە مەیدان. ئەم قومارە ئاکامی بە دەستەوە دا: سەرەڕای ناوچەی "دژەفڕین" لە جەغزی

هێڵـی ٣٦دا، فڕۆکـەکانی هاوپەیـمانان خۆیـان تێهەڵنەقوتانـد. چـەند ڕۆژ دوای وی وەزیری بەرگری، "ویلیام پێری"، بۆ پاساو هێنانەوە لـەسەر تەمای دەوڵـەت، کێـشە و ڕووداوەکانی بە "شەڕی نێوخۆی کوردان" لـە قەڵەم دا و سەرۆك کلینتۆن بە دەربڕینی ئەم گوتەیە کە توانایی‌یەکانی ئەیالـەتە یـەکگرتووەکانی ئـەمریکا بـۆ ڕاگـرتن و پـەرچ دانەوەی ڕووداوەکانی ئێراق "سنووردار"ە ڕیس‌وگوریـسی بـۆ کـرِ کەوتنـەوە و خـۆ تێوەنەدانی ئەمریکا هێنایەوە. دەوڵـەتی کلینتۆن لانی‌کەم خـۆی بـەم بـیرەوە دڵخۆشـی داوە کە سیاسەتی دەس لـەسەر دەس دانان لـە کوردستانا، لای‌کـــەم ئـــەم ئاکامـــەی لێکەوتەوە کە دەسەلاتی ڕۆژ بە ڕۆژ پەرەگر و سەرودڵگری ئێرانی لـە باکووری ئێراق کۆتایی پێهێنا. بەڵام ئەم دامرکانەش بەکاتی و خۆنەگر دەرچوو.

سەددام حوسێن هەتا ئێوارەی یەکەم ڕۆژی شـالاوەکە بـێ‌گرێ و بـە بـێ خـۆ لـە شەڕوەردانێکی ئەوتۆ، ئامانـجە گەورەکانی خۆی وە دەس هێنابوو: ئالای ئێراق لـەسەر بانی بینای پارلـەمان و دەوڵـەتی هـەرێم و دەزگـای ڕادیـۆ و تەلـەفیزیۆن لـە هـەولێر شەکایەوە. پارتی دێموکراتی کوردستانی بـارزانی بـە پـشتیوانی ئاگربـارانی هێزەکـانی ئێراقـی دەسـتی دایـە پـەلامار و هێزەکـانی سووکەڵەچـەکی یـەکێتی نیـشتمانی کـە بەرەنگارییەکی ئەوتۆیان نەنواند، لەبەر یەك بلاو کرد. سپای دووبارە ژیاوەی سـەددام حوسێن و پۆلیسی نهێنیشی هەوڵ و تەقەلای خۆیـان خـستە سـەر ئامانـجە گـەورە و گرینگەکان: تێکەوەپێچانی دژبەرانی ئێراق کە "سیا" خەرج‌وبـەرجی دابـین دەکـرد و بریتی بوو لـە عەرەبەکانی شیعە مەزەب وئاشۆری و تورکمان و تاقمەکانی تـر. بنکـەی ئەم دژبەرانە لـە لای گەڕەکی مەسیحی‌نـشینی "عـەنکاوە"ی هـەولێر بـوو. "سـیا" لـە جەنگەی خۆی‌دا دەس‌و پێوەندەکانی لـەوێ ڕاگوێست، بەڵام ئامرازە ئەلـەکترۆنیکییە بە نرخ و پڕ پێچەڵفلۆوچەکانی بە پەروەندەکانی تایبەت بە ئۆپۆزیسیۆنەوە بەجێ‌هێشت.

ئەو کوردانەش کە لـە دەزگا و دامەزراوەکانی ئەمریکایی‌دا لـــە هـــەولێر کاریـــان دەکرد تووشی چەرمەسەری بوون. لـەمێژ بوو کە ئەمریکا بەڵێنی ڕاگوێزتنی ئەم تاقمەی لە هەولێر دابوو، ئەم بەڵێنییانە بە پـووچ دەرچـوون. سـەدان کـەس لـە شـەڕکەرانی ئۆپۆزیسیۆن کە زۆریان ئەوان ئەفسەر و سەربازانە بوون کە ڕیزەکـانی سـپای ئێراقیـان

جێهێشتبوو و چووبوونە جەغزی دژبەرانـەوە, دەیـانزانی کـە نابـێ چـاوەڕوانی هـیچ چەشنە بەزەیی و دلۆڤانییەك بن لـە لایەن سەددام حوسـێنەوە,[بۆیـە] شـەڕیان کـرد و کوژران یان گیران و لەڕێوە گوللـەباران کران, یـام گـیران هـەتا لـە داهـاتوودا پـاش ئەشکەنـجەدران ئیعدام بکرێن. پۆلیسی نهێنی ئێراق کە جاری وابوو بەرگی کوردییـان لەبەردابوو, لـە سـایەی زانیارییـەکی وردی کـە سـەبارەت بـە شـوێنی کـار یـا مـاڵی قوربانییەکانی خۆیان هەیانبوو, دەستیان دایە کوشتاری خەڵك. ئـەو خەڵکـە تۆقیـوەی لەم بگرە بەردەیە گیانیان قوتار کردبوو, دەبوایە خۆیان لـە بیری خۆیاندا بووبان؛ لێیان سوور بوو کە دەستە و دەیارەی پۆلیسی نهێنی ئێراق ڕەنگە هەر ئێـستا نـا تـاوێکی تـر بیانگرن و بیانکوژن. لـە بارزانیڕا بگــرە هـــەتا کاربەدەســـتانی پایەبـــەرزی پـــارتی دێموکرات, وا دیار بوو کەسیان لـە بابەت ئەو خەیانەتەی بە هاوپەیـمانانی خۆیان "لــە کۆنگرەی میللی ئێراق"دا کردبوویان هەسـتیان بـە شـەرمەزاری نـەدەکرد. وتـەکانی ویلیام پێری لـە بابەت "شەڕی نێوخـۆوە" چـنۆکی بـوو لەسـەر درکانـدنی هەقیقـەت, چونکە "کۆنگرەی میللی ئێراق"ی لەبەر چاوان نەدیو دەکرد: ئەمە شتێك بوو کە لـە لایەن پتر لـە دووسەت کەس لـە چالاکانی "کۆنگرەی میللی ئێراق" کە لـە هۆتێلێـك لـە سەلاحەددین ڕاگیرکرابوون, پێی لەسەر دادەگیرا. ئەم شکست هێنانـەی گەلاڵـەی "سیا" – کە هێندێك لـە کارناسانی بەئەزموونی ئـەم شـێوە "بـەڕەڵڵا کردنانـە" ئـەویان لەگەڵ ڕووداوەکانی ١٩٧٥ی سایگۆن یا گەڕیانی کەنداوی خووگان[١] لـە ١٩٦١دا پێکدەگرن – بێ شك نەیتوانی یاریدەی هەوڵی داهاتووی دژبەران بدا یـا تەنانـەت بـۆ دابین کردنی هاوکاریی لـە هەر چەشنە چالاکییەکدا لـــە هـــیچ کـــوێی ڕۆژهـــەڵاتی نێوەڕاست پاڵپشت بێ.

خەسارێکی کە ئەم کردارەی سەددام حوسێن بەجێیهێـــشت هـــەر بـــەم هێنـــدە نەبڕایەوە. سستی و کڕ کەوتنەوەی ئەمریکا پووچ بـوونی حیکایـەتێکی زۆر بـە وردی داڕژاو و لێكولووس کراوی بە ڕوونی دەرخست, کە دەیگوت هێزەکـانی ڕۆژاوایـی

١-Bay of pigs, پەلاماری بەکرێگیراوانی کووبایی سەر بە ئەمریکا بۆ کووبا.

پشتیوانی لەم ٣/٥ میلیۆن کوردە دەکەن کە لە سەر ١٧ هەزار میلی چوارگۆشە پەراگەندەن. ڕاستە، لە نێوەڕاستەکانی ئاوریلی ١٩٩١ڕا فڕۆکە شەڕکەرەکانی هاوپەیمانان لەسەر ناوچەی دژەفڕینی باکووری هێڵی ٣٦ سووڕابوونەوە، بەڵام ئەیالەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا سێمانگ دواتر بەهەشتاو هێزەکانی زەوینی خۆی لە ناوچە دەرباز کرد. لە سەردەمی پاش شەڕی ویتنام و کۆتایی شەڕی ساردا یەکە کەڵەهێزی جیهان ئەوەندە ئازا و بوێر نەبوو کە سیاسەتێکی دەرەویی بەهێز ڕەچاو کا و ئەو هێزە چەکدارانەی ئەوهەمووە پووڵەیان لێ خەرج دەکا بێنێتە مەیدانی کردەوە. لە باتیان، واشینگتۆن بۆ ئەوەی کە هەڵوێست و سیاسەتی خۆی لە بابەت باکووری ئێراقەوە بکاتە جێی باوەڕ دژی سەددام حوسێن دڵبەستەی هەڕەشەی هێزی ئاسمانیی بوو، کە بە شێوەی سەرزارەکی ئامانجی هەڕەشە کردن بوو لە دام و دەزگا نەوتییەکانی ئێراق کە بە زەحمەتێکی یەکجار زۆر سازی کردبوونەوە. بەڵام لە ڕاستیدا تۆڵەی ئەمریکا لە بابەت کردەی ئێراقەوە لە هەولێر، ئامانجە سەربازییەکان بوون: یانی لێدان و تێکشکاندنی سیستمی بەرگری ئاسمانیی بە مووشەکی کرووز وەك نیشانە هەڵبژێران کە سەددام حوسێن خێرایەکی سازی کردبوونەوە.

تەواوی ئەم ڕووداوانەی کە لە پایزی ساڵی ١٩٩٦دا قەومان، سەرنجیان بردەوە سەر دوور و درێژکەوتنەوەی پڕ گرێپووچکە و ناسراوی "چالاکی دابین کردنی ئاساییش" لە ١٩٩١دا کە ئێستا جەفەنگبازان بە تەشەر پێیاندەگوت "چالاکی خەیاڵات". بەڵێنی هاوپەیمانان بۆ پاراستنی کوردان لەسەر زەوی قەت پەلی ناویشتە دەرەوەی ناوچەی پارێزراو و ئەم ناوچە هێمنەی خۆی سێسووچەیەکی بچووك بوو لە باکووری ڕۆژاوای ئێراق کە ئەوەندە هەڵنەدەکشا کە تەنانەت "دهۆك"یش بگرێتەوە. زیادە لەمەش، دژبەرانی ئێراقی لێیان سوور بۆوە کە ئەیالەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانانی لە ژێر تەوژمی بێپسانەوەی تورکیادا – کە بوونی چەتری ئاسمانیی بە وێوە گرێ درابوو – ناچار بوون کە لە ١٩٩٥ڕا بۆو لایە باز و بڕستی ئەم ڕاسپێراوییە کەم کەنەوە و دەوری زەبروەشێنی فڕۆکە شەڕکەرەکان یەکجار بەرتەسك کەنەوە. ئێستا کە هێزە زرێدارەکانی ئێراق لە باکووری هێڵی ٣٦

کەوتبوونە ئاژوان, دیواری ڕواڵەتگەریی تەواو جمی. هەر کوردێك هەستی دەکرد ئەم کردارەی کە سەددام حوسێن بە بێ سزادران کردوویەتی دەکرێ دووپات بێتەوە.

جان دۆیچ, سەرۆکی سیا, ئەنگوستی نایە بان دڵپەرۆشی سەرەکی, ئەویش ئەو کاتەی کە گوتی سەرەڕای پاشەکشەی هێزەکانی ئێراقی "ئاشکرایە کە کارگێڕانی دەزگای زانیاری و دارودەستەی پۆلیسی نهێنی ئێراق لە ناوچەدا ماونەوە." کوردەکانی خوار هێڵی ٣٦, یانی ئەوانەی کە لە سلێمانی یان دوور لە وێ لە کفری و کەلار دەژیان و قەتیان چەتری ئاسمانیی هاوپەیمانان بەسەر نەکشابوو, ئێستێ پتر لە پێشوو کەوتبوونە بەر مەترسی. لە ڕابردوودا کاتێك دیپلۆماتەکان سەبارەت بەم کوردانەی دانیشتووی ناوچەکانی خواروترى باکووری ئێراق پرسیاریان لێدەکرا, داکۆکییان دەکرد کە بۆ پاراستنی ئەوان دەکرێ بڕیارنامەی ٦٨٨ بێتەگۆڕ, کە یەکەم بەڵگەنامەی نێونەتەوەیی بوو کە لە پەیمانی "سێڤر"ەوە بۆو لایە ڕاستەوخۆ ناوی کوردانی دێنا.

ئەو ئاکامانەی کە ئەیالەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە بابەت بە هەنتەشی ئێراقەوە لە هەولێر پێیگەیشت هەم ڕەشبینانە و هەم لە ڕاستی بە دوور بوو. گەلاڵەداڕێژانی ئێراقی چاوەڕوانی ئەوە بوون کە ئەمریکا دژی گاردەکانی کۆماریی هەڵوێستێکی گورج بنوێنن؛ ئەگەرچی ڕەنگە ئەم چاوەڕوانییە بگەڕێتەوە دوای پاشەکشەی ئەم هێزانە لە هەولێر, چونکە ئەمریکا لەم شەڕەدا نەیدەویست لای هیچکام لەم دوو تاقمە کوردە بگرێ. بەڵام وەها شتێك نەقەوما, چونکە دەوڵەتی ئەمریکا زەبرکوت کردنی سەددام حوسێنی لە کوردستاندا بە کارێکی بێهوودە دادەنا و هەر لەبۆیە بۆ تۆڵە ئەستاندنەوە باشووری هەڵبژارد, ئەویش بەم دەلیلە هاسان و بێ بنج و بناغەیە کە ئامانجی ڕاستەقینەی سەددام حوسێن لە حەقیقەتا لە بری بێئیعتیبار کردنی "هاوپەیمانان" یان پەرە پێدانی دەسەڵاتی ئێراق لە باکوور, ناوچە نەوتییەکانی کووەیت و عەرەبستانی سعوودی بووە. گوتەبێژانی دەوڵەت هەوڵیان دا بەرپرسایەتی ئەمریکا لەسەر پشتیوانی کردن لە کوردان بە کەم بنوێنن؛ کردەوەی ناماقووڵ و بێفکرانەی بارزانی و تاڵەبانییان مەحکووم کرد و بە سەری زمانی درکاندیان کە ئەیالەتە

یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئێستا لەبەر هەڵەی ڕێبەرانی کورد بە باری ئەخلاقییدا بۆی هەیە لە پێوەندی لەگەڵ داهاتووی خەڵکی ئاسایی کوردا بەرپرسایەتی لە ئەستۆی خۆی دارنێ.

نیکۆلاس برۆنز گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوە حاشای لەم ڕاستییە کرد کە گوێخەواندن و کەترەخەمی ئەمریکا و ئاور لێنەدانەوە و چنۆکی ئەو بۆ یارمەتی دانی کوردان بە باری ماڵییدا بۆتە هۆی داگیرسانی ئەم قەیرانە. ئەو گوتی: "ئەگەر لە هەڵگیرسانی ئەم شەڕەدا بەرپرسایەتییەك هەبێ, ئەم بەرپرسایەتییە لە ئەستۆی دوو تاقمە کوردەکەیە نەك ئەیالەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. ئێمە بۆ ماوەی پێنج ساڵان هەر چەشنە هەل و مەودایەکمان داوەتە کوردان. لە بواری سیاسیدا پشتیوانیمان لێکردوون, یارمەتی ئابووری و مرۆصدۆستانەمان وێداون و ناوچەی پارێزراومان لە باکوور بۆ دابین کردوون کە دەیانتوانی کاروباری خۆیان بە شێوەیەکی تەواو خودموختار هەڵسوورێنن. بەڵام کوردان نەیانتوانی لەم هەلە مەزنە مێژووییەی بۆ خەڵکی کورد ڕەخسابوو، کەلك وەربگرن."

ڕووداوە نەپساوەکانی کە لەسەر "زەوی" قەومان ئەم خەیاڵاتەی نەڕەواند کە لە ڕوانگەی واشینگتۆنەوە باکووری ئێراق ئیتر مەبەستێکی بڕاوە و قەڵەم بەسەرداکێشراوە. چەند سەعاتێك بەر لەوەی کە یەکەم شەپۆلی تۆڵە کردنەوەی مووشەکە کرووزەکان لە ٣ی سێپتامبر بەرەورووی دامەزراوەکانی بەرگریی ئاسمانیی ئێراق ببنەوە لە ناوچەی ژێردەسەڵاتی سەددام حوسێن، پێنتاگۆن فەرمانی چۆڵ کردنی "ناوەندی ڕێکخستنی نیزامیی" لە زاخۆ دەرکرد، کە دروست لەم بەرەی ڕووباری "خابوور"ە. من وەختایەك گەیشتمە ئەم ناوەندە کە چۆڵ کرابوو و ئەو کوردانەی بە ئاشکرا سەریان لێشێوابوو پارێزگارییان لێدەکرد. ئەم ناوەندی ڕێکخستنە لەمێژبوو ئەو ئەرکە گرینگەی کە لە ١٩٩١ڕا بۆو لایە لە ژێر چاوەدێری سەرهەنگ "ناب" بەڕێوەی دەبرد وەلا نابوو. سەرهەنگ ناب یەکەم فەرماندەی ئەم ناوەندە بوو و پێیخۆش بوو وتوویژی خۆی لەگەڵ سپای تێکشکاوی ئێراق بە وتوویژ لەگەڵ "هیتلێر" بشوبهێنێ. لەو سەردەمیڕا بۆ دوایە ترکان یەکێك لە

ئەفسەرانی خۆیان لەم ناوەندە خزانـد و خـستیانە پـاڵ ئـەو تاقمـەی بریتـی بـوون لـە ئەفسەرانی ئەمریکایی، ئینگلیـسی، فەرانـسەوی و هولـەنـدی، پاشـان لـە بـری ئیزنـی کـەلك وەرگرتنـی هاوپەیـمانان لـە بنکـەی "ئینجیرلیـك" چـوونە نێـو دەسـتەی سەرکردایەتی ناوەندەوە. بڕوای شێتانەی تورکیا لەسـەر ئـەم مەبەسـتە کـە "ناوەنـدی ڕێکخستنی نیزامیی" لە باکووری ئێراق یارمـەتی پێـشمەرگەکانی پ.ك.ك. دەکـا، بـە کردەوە کاری ئەم ناوەندەی شەلەل پێهێنا. وەختایەك لە ئاوریلی ١٩٩٤ هەڵەیەك لـە لایەن هێـزی ئاسـمانیی ئـەمریکاوە بـوو بـە هـۆی خرانـە خـوارەوەی دوو باڵـەفڕی ئەمریکایی هەڵگری پایەبەرزانی کورد و ئەفسەرانی ناوەندی ڕێکخستنی نیزامیی، ئەرك و ڕاسپێراوی ئەم ناوەندە لە هەموو بارێکەوە بە کردەوە کۆتایی پێهـات. ئـەم ڕووداوە بوو بە هۆی خەم و پەژارەی قووڵی کوردان، چونکە لایان وابـوو کـە هـەر هـەبوونی ئەفسەرانی ڕۆژاوایی لەوێ بارزانی و تاڵەبانی لە پێکهەڵپڕژان دەگێڕایەوە. ئەمریکا بـە سەرکەوتوویی داخوازی تورکیای بۆ ڕاگوێزتنی چالاکیی "ناوەند"ی بۆو بـەری سـنوور – بۆ سیلۆپی لە خاکی تورکیادا – لە کۆڵ خۆی کردەوە و دروست چـەند حـەوتوو بەر لە ڕووداوی هەولێر، تورکیا ڕەزامەندی خۆی لەسەر نـوێ کردنـەوەی چـالاکیی "چەتری ئاسـمانیی" هەتا کۆتایی ساڵ دەربڕی، بەڵام دەوڵەتی تورکیا لەبـەر پێخۆشـی بوونی ئێراق بە کردەوە "چەتری ئاسـمانیی" لە کاردانـەوە و بـەرەو خـست: نەدەبوایـە لەوی بەو لاوە ئینجیرلیك بە مەبەستی شاڵاوی تۆڵە ئەستێنانەوەی ئاسـمانیی کـەلکی لێوەرگیرابا. تاقمێك لە کوردان گوتیان کە ترکان ئیزنیان نەدەدا فڕۆکەکان بۆمبـا یـان تەنانەت جاروبارە تەقەمەنیش هەڵبگرن.

چۆڵ کردنی لە نەکاوی "ناوەندی ڕێکخستنی نیزامیی" یەکەم دیاردەی ئاشکرا بـوو لەسەر ئەوەی کە ئەیالەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئیتر کوردستان بە شـوێنێکی ئـەمین نازانێ لەبەر پیاوەکانی سەددام حوسێن، هەر ئەوانەی کـە "بڕۆنـز" وەك "ئیـشکەڕنانی دەزگای زانیاری" وەسپی دەکردن. (پارتی دێموکراتی کوردستان "واقی بردەوە": ئەمـە یەکەم دان پێداهێنانی ئاشـکرای بـوو لەسـەر ئەمـە کـە جیهـانی دەرەوە ئیـددیعاکانی چەندپاتەی لەسەر ئەمـەی کـە هاوکارییەکـەی لەتـەك سـەددام حوسـێنا ڕووداوێکـی

دەگمەن و سنووردار بووە و ئیتر کۆتایی پێهاتووە، باوەڕ ناکا.) ئێستا "دەزگای یارمەتییەکانی پێویست و خێرای دەرەکی" وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا کە لە ١٩٩١ڕا بۆو لایە بایی ٧٩٥ میلیۆن دۆلاری خوردوخۆراك و یارمەتی دیکەی لە نێو کوردانا دابەشیبوو، ئەوێندەرێی چۆل کرد و ڕۆیی. پاشی چەند حەوتەی تر سەدان کەس لە پارێزگاران و کارگێرانی "ناوەندی ڕێکخستنی نیزامیی" و "دەزگای یارمەتییەکانی پێویست و خێرای دەرەکی" و نیزیکەی ٢٠٠٠ کەس لە ئەندامانی, خێزانەکانیان لە پێشدا ڕاگوێزرانە تورکیا و پاشان بردیانن بۆ ئادەی گوام لە ئوقیانووسی ئارام، هەتا ئاخرییەکەی بیانبەنە ئەمریکا، بەلام جارێ هەتا پاش هەلبژاردنی ئەمریکا با لەبەر چاوان نەبن. (لە نێوەڕاستەکانی ئۆکتۆبرا ٧٠٠ کەس لە ئەندامانی کۆنگرەی میللی ئێراق و بنەماڵەکانیان ئاخرییەکەی پاشی ئەم تاقمە دەرباز بوون. من نیزیکەی پێنج حەوتوو بەر لەو کاتە لە بابەت هەلومەرجی تاڵ و تاریکی ئەم تاقمەوە مەترسیم ڕاگەیاندبوو؛ لەگەڵ ئەم خەڵکە ترساوانەی کە هێشتا لە سەلاحەددین لە بنکەی بارزانی بوون، وتوویژم کردبوو. بارزانی یارمەتییانی دا هەتا گەیشتنە شاری سەرسنووریی زاخۆ.)

ئەم بڕیارانەی ئەمریکا ئەو چەند ڕێکخراوە ناحکوومییە ڕۆژاوایییانەشی کە هێشتا خەریکی یارمەتیدانی کوردان بوون، دنە دا لە کوردستان وەدەرکەون. لە کۆتایی نوامبردا ٥٠٠٠ کەس لەو کوردانەی کە لە ڕێکخراوە فریاڕەسەکاندا کاریان دەکرد ـ لەگەڵ خاوخێزانیان ـ بە سواری فڕۆکە ڕاگوێزرانە "گوام"، هەتا لەوێوە بچنە ئەمریکا: ئەمە کردەیەك بوو کە ویژدانی ئەمریکای ئاسوودە کرد، بەلام کوردستانی ئێراقی لە وجوودی زۆرێك لە کارزانترین ژنان و پیاوانی بێبەش کرد. ئەم ڕێکخراوە ناحکوومییان پاژێکی جوێوە نەبوو لە سیاسەتی ئەمریکا بوون و کارمەندەکانی کە ئێراق ویزای وێنەدابوون زۆر چاك دەیانزانی ئەگەر بێتوو بکەونە دەس ئێراقییەکان زیندانیی درێژخایەن چاوەڕوانیان دەبێ. دە ڕۆژ پاش گیرانەوەی هەولێر، دەوڵەتی ئێراق پێری تین هێنا. سەددام حوسێن بە بێ ئاگاداری پارتی دێموکرات کە زۆر نیگەران بوو بەغدا پەردە لەسەر نێوانیان هەڵداتەوە، ئەو گەمارۆ ئابوورییەی شکاند کە پێنج ساڵ لێرەوبەر خستبوویە سەر باکوور: (لەم گەمارۆ ئابوورییەدا) مووچەی کارمەندانی

نێوخۆی لە باکووری ئێراق بڕیبوو، ناردنی کەلوپەلی خواردەمەنی و سووتەمەنی بەربەست کردبوو و هەوڵی دابوو بەم زەختانە کوردان بە چۆک دابێنێ. لەگەڵ ڕاگەیاندنی هەڵگیرانی گەمارۆی ئابووری، بەغدا دانانی سێ سەرۆکی دەزگای پاراستنی بۆ سێ پارێزگای کوردنشینیشی ڕاگەیاند، کە دەرکەوت تەنیا هەر بۆ خۆنواندبوو. ئەم گەمارۆ ئابوورییە دەماری نەتەوایەتی کوردانی جووڵاندبۆوە، بەڵام کوێرەوەری و بەشمەینەتییەکی زۆریشی بە شوێنەوە بوو. ئێستا لابردنی ئەم گەمارۆیە مانای وابوو کە گەشت و گەڕان لە مابەینی ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی حکوومەت و کوردستان بۆ هەموان، بۆ وێنە بۆ سیخوڕان، کە خەڵك زراوی لەبەریان چووبوو، ئازادە، لەگەڵ ئەوەدا ڕێوشوێنی لێبوردنی ڕاگەیاندراو، ئەو کوردانەی وەلا دەخست کە کاریان بۆ "ڕێکخراوە فریارەسەکان" کردبوو. هەروەها ئەم ڕێوشوێنانە ئەو کوردانەشی وەخۆ هێنایەوە و هێوری کردنەوە و خۆشحاڵ بوون کە ئیتر لەوی بەولاوە دەتوانن بێنزین, بەتایبەت نەوت بە نرخی لە سەتایەکی شەیتانەبازاڕ بکڕن و ماڵەکانیانی بێ گەرم دابێنن. تەنانەت لە بنکەی سەرکردایەتی بارزانی لە سەلاحەددین کۆنەئاشناکانم بە دزی ترسیان لە پەرەگرتنی دەسەڵاتی پۆلیسی نهێنی دەردەبڕی و لە مینان دەپرسی داخوا ئەمریکاییەکان و هاوپەیمانان بڵێی دیسان چەتری پاراستنی ئاسمانیی هەتا ساڵی ١٩٩٧ نوێ کەنەوە؟ ماوەی ڕا ئەنگاوتنی ئەم چەتری پاراستنە لە کریسمەسدا درێژ کرایەوە, ئەگەرچی لەسەر پێداگری تورکیا ئیدی پێی دەگوترا "چالاکی دابین کرانی ئاساییش" و تەنیا پاوان و تەرخانی وە دەس هێنانی زانیاری بوو لە ئاسمانەوە و فەڕانسەش لەپڕ فڕۆکەکانی لەم چالاکییە قرت کردبوو. ئەم دار و لەلە تازانە یەکجار زۆر ترس و دڵەڕاوکەی کوردانی پێهەڵابرد.

خەڵکی ئاسایی کورد باش دەیانزانی کە سەودای سەددام حوسێن لەگەڵ بارزانی هاوبەندییەکی کە بووش لە ١٩٩٠دا بە زەحمەت سەر و بنی وێکهێنابوو تۆزی لێبەبا کردووە: دوو لە وڵاتانی بەشدار، یانی فەڕانسە و ڕووسیا دە ساڵ پتر بوو کە چەندین میلیارد دۆلاریان لەسەر ئێراق بوو و هیوادار بوون لە داهاتوودا قەراروبڕی پڕ قازانجی نەوتی و بازرگانی لەگەڵ گرێ بدەن و ئێستا لە شووڕای تەناهی دا لە

ئەیالەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا دەكشانەوە. فەرانسە بە ئاشكرا لە چوونە پاڵ ئەمریكا و ئینگلستان بۆ هەراوتر كردنی ناوچەی دژەفڕین لە باشوور، لە هێڵی ٣٢را بۆ هێڵی ٣٣، لووتی هەڵەنگاوت و وتوویژی ڕاستەوخۆی نێوان سەددام حوسێن و پارتی دێموكراتی كوردستانی ڕائەسپارد و ئەمەش ڕاسپاردەیەك بوو كە واشینگتۆن هیچ پێیخۆش نەبوو هیچی دەربارەی بژنەوێ. گەورە هەڤگرانی ئەمریكا لە دنیای عەرەبدا – جگە لە كووەیت كە هێشتا لە داچڵەكانی پەلاماری ئێراق تەواو وەخۆ نەهاتبۆوە – سەبارەت بە پەلاماری مووشەكیی ئەمریكا بە تۆڵەی شاڵاوی هەولێر نارەحەت بوون، ئامانجە پەلامار دراوەكان زۆر لە كوردستانەوە دوور بوون. دەنگ و زەنای ئەوتۆ دەهاتە گوێ كە سەددام حوسێن بە مەبەستی گێڕانەوەی دەسەڵات بۆ سەر باكوور، هیچ قانوونێكی نێونەتەوەیی پێشێل نەكردووە. عەرەبستانی سعوودی، ئەو شوێنەی كە وا هێزەكانی ئەمریكایی لە ماوەی كەمتر لە ساڵێكا كەتبوونە بەر پەلامار، تەنیا وڵاتێكی عەرەبی نەبوو كە نیگەرانی ئەمە بێ كە پێوەندی لەتەك واشینگتۆن دەتوانێ بە دەس دژبەرانی خەنیمی ڕۆژاوا و ئیسلامی ببێتە ئاڵقەی پەتی جەللاد. عەرەبستان بۆ دەمكوتی كردەی سەددام ئیزنی ئەمریكای نەدا كەلك لە بنكەكانی وەربگرێ.

لە ئانكارا، سەرۆكوەزیری ئیسلامخوا، نەجمەددین ئەربەكان كە بەم زوانە بۆ نێوانخۆش بوونەوەی توركیا لەگەڵ ئێراق دوو وەزیری ناردبوونە بەغدا، بەرەورووی سێ حەوتەی قەیراناوی بۆوە؛ تەنسوو چیللەر، وەزیری دەرەوە و ناوەندی سەركردایەتی سپا كە هەمەكارەی وڵاتە، بەهرەیان لەم "قەیران"ە وەرگرت و بە هێنانە گۆڕی ئەم دەلیلە كە پ.ك.ك. كەلك لە بارودۆخی نەچەسپیوی ڕووەو ئاڵۆزكانی باكووری ئێراق وەردەگرێ، چەند گەڵاڵەیەكی بۆ دانانی "پشتێندەیەكی هێمنایەتی" لە باكووری ئێراق ڕاگەیاند، كە وێنەیەكی لاساكراوەی گەڵاڵەیەك بوو وا ئیسرائیل لە خوارووی لوبنان بەڕێوەی بردبوو و خۆی پێی دەگوت "پشتێندەی هێمنایەتی". بەڵام هۆی هانی ئەم خەڵكە چ بڕ ڕوون و ئاشكرا نەبوو: دیپلۆماتەكان دەیانگوت بێتوو دەوڵەتی ئێراق ئاخرییەكەی بگەڕێتەوە كوردستان و ناوچە سنوورییەكان بگرێتەوە

سەددام حوسێن دەکەوێتەوە هەلومەرجێك کە لەبەر وەی تورکیا لە ١٩٩١دا بنکەکانی خۆی نایە ئیختیار واشینگتۆنەوە، تۆڵەی لێبکاتەوە.

وە هەر حاڵ، گەلاڵەی "پشتێندەی هێمنایەتی" بە بێدەنگێکی وەلا نرا، تورکیا کە لە ماوەی پێنج ساڵی ڕابردوودا باکووری ئێراقی دابوویە بەر پەلاماری گەورە و بچووك و لەم شاڵاوانە ئەشتەکی وەچنگ نەکەوتبوو و قەت نەیتوانیبوو هەنتەشی پ.ك.ك. لەوێ بنەبڕ بکا، بە ناچاری پاشگەز بۆوە و شێواوی نێو جەرگەی هەڵوێست و سیاسەتی وەختایەك بە تەواوی دەرکەوت کە خاتوو چیللەر لە ئاخروئۆخری سێپتامبردا گوتی: لەمەدا هیچ گرێ و کۆسپێك نابینێ کە سەددام حوسێن بگەڕێتەوە سنوورەکان و زیادی کرد کە سەددام حوسێنیش ئا بەم شێوەیە ئاگادار کراوەتەوە. وەختایەك وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا سەبارەت بەم کردەیە نارەزامەندی دەربڕی، خاتوو چیللەر بە شێوەیەکی کە هیچ بڕوای پێنەدەهات گوتی هیچ ناکۆکییەك لە نێوان ڕوانگەی سیاسی ئانکارا و واشینگتۆندا نیە.

لە نێوخۆی کوردستانا بارودۆخێکی سەیروسەمەرەی ڕووحیی هەموو جێیەکی داگرتبوو. من توانیم زۆر بە سانی چاوم بە مەڵبەندەکان بکەوێ. لە پێنجی سێپتامبردا دۆستان و کۆنە ئاشناکانی پارتی دێموکرات تەنانەت وەرەقەیەکی هاتوچۆی تایبەتییان ویدام کە ئیزنی دەدا خەتوکووزی ئەوان هەڵبوێرم و بچمە لای تاڵەبانی، کە لە بنکەی خۆی لە قەلاچوالان، هەڵکەوتوو لە نێوان شاخەکانی سلێمانی و سنووری ئێران، دامەزرا بوو. بالادەستێکی پارتی دێموکراتی کوردستان داوای لێبووردنی کرد کە ڕێی لێ دوور کردوومەوە و بۆ شیکردنەوەی کارەکە گوتی: "ڕێی ڕاستەوخۆ گیراوە، چونکە هەر ئەمڕۆ لەم نیزیکانە دەستمان داوەتە شالاوێکی تر هەتا نەهێڵین تاڵەبانی تەما بکا دیسانەوە هەولێر بگرێتەوە." وەختایەکی کە هیو پاپ، هەواڵنێری ئیندیپێندێنت و من گەیشتینە قەڵەمڕەوی یەکێتی نیشتمانی، خەڵکی خۆجێیی گوتیان دەیان ئامبولانسی پڕ لە برینداریان دیوە کە بەرەو سلێمانی ڕۆیشتوون. لەم پەناگا چڕ و شاخاوییەدا تاڵەبانی و هێرۆی خێزانی – ئێمەیان وەك ئەندامانی بنەماڵە کە لەمێژ بێ نەیاندیین – پێشوازییان لێکردین. هێرۆ لە وارگەی دەرەوەی هەولێریان کە ئێستا

خاپوور کرابوو، بە شێوەیەکی ئیعجازاوی لە ژێر گەرمەی ڕەهێڵەی ئاگر و دەسڕێژا دەرباز و بە سلامەت دەرچووبوو.

وتەکانی تاڵەبانی لە وڵامی پرسیاری هەواڵنێری ئیندیپێندێنتدا کە چلۆنایەتی سەرهەڵدانەوەی دوژمنایەتی و شەڕەکانی لێ پرسی، ئەوەندێکی کە ڕەنگی خوتبەی لەخۆ گرتبوو، قەت هێندە هەڵگری ڕاستی نەبوو. ئەو ڕەخنەی لە ئەمریکایییەکان گرت کە گوێیان نەداوەتە وریاییدانەکانی و پێشی پێشڕەوی هێزەکانی سەددام حوسێنیان بەرەو هەولێر نەگرتووە. گوتی: "هەل و هەڵکەوتێکی زێڕینیان بۆ تەفروتونا کردنی چوار لەشکری گاردی کۆماریی لە هەولێر لە کیس دا. ئەگەر وەوتۆیان کردبا هەر ئەمە خۆی دەبوو بە کۆتایی کاری سەددام حوسێن." فەڕانسەی لەبەر ئەمە کە دژایەتی تەمای هاوپەیمانانی کردبوو سەبارەت بە تێککوتانی سەددام لە حەوارا، سەرکۆنە کرد و سوێندی خوارد کە یارمەتی لە "خودی شەیتانیش" وەربگرێ. دەستی بە جگەرەوە لە حەوادا ڕاوەشاند و زیادی کرد: "خۆم ناکوژم." هەروەها درێژەی دا کە تەمای وایە لەگەڵ ئاغای بارزانی نەك وەك کوردێك بەڵکوو چەشنی خائینێك درێژە بە شەڕ بدا. جارێکیان کە دەیویست بە تەلەفۆنی ماهوارەیی لەگەڵ پێلترۆ یان ڕابێرت دۆویچ (سەرۆکی کاروباری باکووری کەنداو کە دانوستانی سەبارەت بە ڕێککەوتنی ئاشتی بێئاکامی لە ئیرلەند لەتەکا کردبوو) قسان بکا و لە بیری چووبوو دەرگا پێوە دا، کۆتایی وتوویژەکەیمان بیست: پێیان‌گوتبوو کە ئاغایان کۆبوونەوەیان هەیە یان بە هەرحاڵ بە دەستەوە نین. بە گوتوبێژ لەتەك کاربەدەستێکی ژێرووتر ڕازی بوو کە ڕەنگە قسەکانی بەم ڕستەیە دەس پێکردبێ: "حاڵتان چلۆنە؟" یان شتێکی وەوتۆ و ئەو گوتی: "حاڵم باش نیە." بێگومان لای وابوو ئێمە گوێمان لە دەنگی نابێ.

ئەمە دەربڕینی هەڵسەنگاندنێکی دروست بوو لەسەر لێکهەڵوەشانی یەکێتی نیشتمانی. سێ ڕۆژ دواتر پارتی دێموکرات خێرایەکی پەنجا میلی لە ڕۆژهەڵاتی هەولێر پێشڕەوی کرد و بەرزاییەکانی "هەیبە سوڵتان"ی لە لای ڕۆژهەڵاتی کۆیە گرت و بەرەوڕووی بەرەنگارییەکی گرینگ نەبۆوە. ئەگەرچی تاڵەبانی لەم وەختەدا

تۆمەتی دەدایە پاڵ پارتی دێموکرات کە سەددام حوسێن بە تانـك و تۆپخانـە و چـەکە شیمیاییەکان یاریدەی دەدا، هیچ هێزێکی ئێراقی لـەم شـاڵاوەدا بەشـدار نـەبوو. ئـەم تۆمەتانەی دەگەڕانەوە سەر کەلك وەرگرتن لـە چەکە شیمیاییـــەکان و ئەگـــەر کاردانەوەیەکیشیان هەبوو بە باری تێکشکاندنی وورەی هێزەکانی یەکێتی نیشتمانـــیدا شکانەوە کە لـە هەولێر پرژ و بڵاو کرابوون. لـە ڕۆژی یەکشەمـــمۆدا نیـــشانەیەکی ئەوتۆی شەڕ و لێکدان لەسەر جادە وەبەرچاو نەدەهات. یەکێتی نیشتمانی تەواوی ئەم ڕێگایەی هەتا سلێمانی کە قەڵایەکی تری بوو، جێهێشتبوو.

ڕۆژی دواتـــر "کـــورت شـــورك" هـــەواڵنێری ڕۆیتێـــر و مـــن لـەســـەر گـــەورە "چوارڕێیانێك" لە لای ڕۆژهەڵات، هەندێك لـەو لای هەڵڵا و گرمەکە وێستابووین، لە کاتێکا پێشمەرگەکانی پارتی دێموکرات چاوەڕوانی فەرمان بوون. چێشتەنگاوێکی زۆر گەرم بوو. لـەپڕ لاوێك لـەسەر ئوتۆمبیلێکی وانێتەوە هاواری کـرد: "کـێ دەیـەوێ بـە مفت بڕواتە سلێمانی؟" و دوو پێشمەرگە خۆیان هاویشتە سەر وانێتەکە. هەر کـە ئـەم دووە سوار بـوون، پێـشمەرگەکانی دیکـەی پـارتی دێمـوکرات کردیانـە تـەپوتۆز و هروژمیان برد و بەرەو بەنداوی دووکان کەوتنە ڕێ کە ئامانـجێکی بەرواڵەت نیزامیی بوو، چونکە یەکێتی نیشتمانی کە ئەم بەنداوەی بـە دەسـتەوە بـوو، کارەبـای تـەواوی پارێزگای هەولێری بە تۆڵەی گیرانەوەی ئەم شارە هەڵبـڕیبوو.

هێزی بێتـەکووز و ناڕێـكوپێکی پـارتی دێمـوکرات کـە وێدەچـوو پێـنج هـەزار کەسێکی تەمـەن خـوار و ژوور بـێ، بـە سـواری کۆمـەڵێك لـۆری و ئوتووبـووس و ئوتۆمبیلی دەس بەسەر داگیراو کەوتە ڕێ. "شورك" کە لـە ساڵی ١٩٩١ – ١٩٩٢دا بەر لـە چوونە "سارایەڤۆ" بە مەبەستی نووسین و کۆکردنەوەی ڕاپۆرت لـەسـەر شـەڕی بوسنی بۆ ماوەی ساڵێك لـە کوردسـتان مـابۆوە و بـە سـاخی دەرچـووبوو، هـەروەك سەربازێکی پیادەی چاك لـە حەیفی بێپارێزی ئەم خەڵکە و گوێ نەدانە سەرەتاییتـرین ڕێوشوێنی سەربازی خۆی دەخواردەوە، منیش هەرواتر. بـەڵام "شـورك" هـەوڵی دەدا کە ئێمە هەروا لـە نیزیکی جەمسەری ڕیزی هێرشبەران بین، ئـەو شـوێنەی کـەوا دوو کەس لـە کادرەکـانی پـارتی بـە نـاوی "ڕۆژ نـووری شـاوەیس" و "فـازل میرانـی" کـە

وەختیاك لە "ناش ویل" فرۆشەری ئوتۆمبیلی كۆنەونوێ بووە، جەماوەرە شێلگیرترەكەیان دنە دەدا كە برۆنە پێش و لێكدالێكدا دەیانگوت و چەنپاتییان دەكردەوە: "مام جەلال ڕایكردووە، با نەهێڵین ئەم دەرفەتە لە كیس بچێ، با تۆزی لێ بە با كەین!"

بە لای ڕستوورانێكدا كە چەند ڕۆژ پێشتر, ئەو كاتەی وا دەچوومە دیدەنیی تاڵەبانی و نیوەڕۆژم لێ كردبوو و ئێستا چۆل كرابوو، تێپەڕین. لە خوارتر، شریخ و هۆڕی دەسرێژی چەكان لە گرد و تەپكی لێژ و هەڵەتی ڕۆژهەلاتی جادەوە كەوڵی ئاسمانی دادەڕی. تەنیا ئەو كاتی بوو كە پۆلی هێرشبەرانی پارتی تاقمێكی ناردە ئەم لاوئەولایان و ئەو دۆشكەیەی كە لەسەر وانێتێك دابەسرابوو, وە پێش دا. هەر قۆڵەی پێشمەرگەیەكی لێ كوژرا و خێرایەكی تەرمەكانیان خستنە وانێتەوە و لە مەیدان دووریان كردنەوە و ئاپۆرای هێرشبەران هەروا بەرەوپێش ئاژوای. نیو كاتەژمێر دواتر شورك و من و ڕانندە و دیلمانجە كوردەكە لەبەر تەقەی تاقتیرهاوێژێكی یەكێتی نیشتمانی بە ئەردەوە مەلاس بووین. ئەم تاقتیرهاوێژە ئەوەندە لێمانەوە نیزیك بوو كە فیشەك بەسەرماندا ویزەیان دەهات. شەڕكەرانی پارتی دێموكرات بۆ دۆزینەوەی پەنا و پەسیوێك هەر كام بۆ لایەكی تەقین. شورك لە خۆوە چاوەڕوان ما كە تەقە بوەستێ. ئاخرییەكەی خۆی پێ ڕانەگیرا: لەپڕ خۆی هاویشتە پشت فەرمان و ئاماژەی پێكردین كە سوار بین و بە دەستوبردی قاچاخچییەكی كە لە دەس پۆلیس ڕابكا, سەری ئوتۆمبیلەكەی بادایەوەو وەك تێزەی تفەنگێ دەرپەڕی و ئێمەی لە هەڵلایە قوتار كرد. بەلام من ژان و ئێشێكی توند و تیژم لەسەر پشتم هەست پێكرد؛ بۆ تاوێك پێم وابوو بریندار بووم و لە خۆم تووڕە بووم كە هاتبوومە نێو جەرگەی شەڕێكی گومان لێكراو.

بۆم دەركەوت كە زەرگەتە پێوەی داوم, لە ڕاستیشدا شەڕێكی واش نەبوو. مووشەكهاوێژی چەند لوول و تۆپی دژی ئاسمانیی كە لەسەر كامیۆنان دابەسترابوون, جارجارە بۆ ڕادانی جەماوەری یەكێتی نیشتمانی و چۆل كردنی سەنگەرەكانیان یان بێدەنگ كردنی قرمژنی چەكەكانیان تەقەیان لە كێوەكان دەكرد. شورك بێ پسانەوە لەبەر خۆیەوە دەیگوت: "ئاخ! دەستەیەك خۆمپارە دەیتوانی تەواوی ئەم تاقمە

تێکهەڵشێلـێ!" وا دیاربوو لـە یەکێتی نیشتمانیش‌دا کەسێك لـەسەر ئەم گومانە بوو: لـە مەیدانی کایەکەدا گیرمان خواردبوو کـە دە دوازە خۆمپـارە لـەم بەرەوبـەری ڕێگاکـە تەقینەوە، شەش کەسێك لـە شـەڕکەرانی پـارتی دێمـوکرات برینـدار بـوون, کـە زۆر خۆڕاگرانە چاوەڕوان مانەوە هەتا ڕایانگوێزنە پشتی بەرە. پارتی دێمـوکرات ئـەو ڕۆژە پێنج شەش کەسێکی لـێ کوژرا و هـەتا ئێوارەیـەکی درەنـگ پـتر لـە بیـست میلێـك پێشڕەوی کرد و بەنداوی دووکانی گرت. بەڵام تەماشای کرد کە ڕۆژی پێشتر یەکێتی نیشتمانی بەرنامەی کامپیوتێری بەرهەم هێنانی وزەی کارەبای دووکـانی هـەڵگرتووە و بردوویەتی.

بارزانی لـە حاڵێکا بزەی لـەسەر لێوی بوو, لـەگەڵ گەورە یارانی وەدەرکەوت و لـە ژێر سێبەری داران ڕۆنیـشت. بێ‌گومـان پـارتی دێمـوکرات نەیدەویـست لێـرە — لـە دووکان — بـەری بگـیرێ... تەنانـەت ئەگـەر بـارزانیش ویـستبای هێرشـەکەی دژی دوژمنـی ورە دۆڕاو کـەم و کـورت کاتـەوە. ڕۆژی دواتـر بـە دزی پێـی گوتـم کـە هێزەکانی لـە هەڵەبـجە, لـە لای سنووری ئێران, پەلاماری سـلێمانی دەدەن هـەتا دنیـا بزانێ وەختایەکی تاڵەبانی هاوار دەکـا کـە هێزەکـانی ئێراقـی لـەم شـەڕەی دوایی‌ـدا بەشدارن, درۆی کردووە. لـەگەڵ سەرئەندازیاری قیت و قـۆزی بەنـداو وامـان قـەرار دانا کە شەو لـە شوێنی حەسانەوەی ئەو وەمێنیـن؛ وەختایەك گەیشتینییە سەرکردەکانی باڵای پارتی دێموکراتـمان بینی کە لـە سەوزەڵانی زەنوێری بارگای ئەوا کە سـوار بـوو بەسەر بەنداوەکەدا ڕونیشتبوون و ویسکییان دەخواردەوە. خانەخوێیەکـەمان پێـداگری کرد کە شێو میوانی بین و ئەم ڕووداوە بە خواردنی خۆراکی ماسی بکەینە جێژن.

لای سەعات نۆی شەو نەفەرێك هەواڵی گیرانی سلێمانییەی لـە بوولێڵەی ئێوارەی ئـەورۆژدا هێنـا. هێزەکـانی بنـەگر لــە هەڵەبـــجە تفەنگـەکانیان لـەســەر ســەریان هەڵسووڕاندبوو و بە بێ هیچ تەقە و لێکدانێك شـاریان گرتبـوو. لـەسـەر سـەوزەڵانی حەوشەی بارگای سەرئەندازیاری بەنداو لـە ژێر تروسکەی ئەستێراندا خـــــــەوتین؛ سەعات شەشی بەیانی کە لـە خـەو هەسـتاین, پـارتی دێمـوکرات بـۆ تـەواو کردنـی سەرکەوتنەکەی لـە سلێمانی کەوتە ڕێ. ئێمە ڕوومان کردە سنوور, لـە لای کلکـەی

ڕێیە تووشی ئەندامانی پرژ و بڵاوی یەکێتی نیشتمانی بووین کە بە پێیان بەرەو ئێران دەیانکوتا. تووشی تاقمێکیش خەڵکی چینی مامناوەندی هاتین کە چل و هەشت سەعات پێشتر هەڵاتبوونە کێوان و ئێستا دەگەڕانەوە سلێمانی. زۆرێك لەم جەماوەرە ئەوەندە لە بازگەکانی سەر سنوور مابوونەوە کە ئێران خۆی لە کردنەوەیان دەپاراست، وەڕەز ببوون. ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٩١ لە بازنەیەکی تەسکتردا دووپات بۆوە: کۆچ دیسان بە کۆمەڵ بوو، ئوتۆمبیل، لۆری، تراکتۆر و ئوتووبووس سەریان دەبەریەك نابوو و چاوەڕوانی گۆڕانی تەمای[ئێرانییەکان] بوون.

لە قەراخ شارۆچکەی کێوپارەی پێنجوێن تووشی سێ لاوی تەڕپۆش هاتین کە بۆ ڕۆیشتن یا مانەوە هێشتا تەمایان ساخ نەکردبۆوە. هەرسێك زۆر چاکیان ئینگلیسی دەزانی. پیاوی ئەم تاقمە لە یەکێك لە ڕێکخراوە فریارەسانەکانی نێونەتەوییدا کاری دەکرد، دوو خوشکەکەی لە زانکۆی سلێمانی دەرسیان دەتگوتەوە. ئەم سێ کەسە دوو ڕۆژ پێشتر، ئەو کاتەی کە یەکێتی نیشتمانی دەستی کردبوو بە چۆڵ کردنی شار، ڕایان کردبوو؛ ئەم سێ کەسە، لەوەی کە خوشکەگەورە بە "خەیانەتی مەسعوود"ی دادەنا و هەروەها لە سەپینەوەی حکوومەتی بەعس تۆقیبوون، لێیان سوور بوو کە درێژەی ئەم شاڵاوە دەبێتە گەڕانەوەی خودبەخودی بەعس. لەوەی کە لە "ماڵەوە" چاوەڕوانیان بوو، زۆر تۆقیبوون. جا باشە ئەدی بۆچی ناچنە ئێران؟

***

ئەم پێداچوونەوە هیوابڕانەیە، دەرخستنی بارودۆخی ڕووحیی بەشی زۆری کوردانە پاش چارەگە سەدیەك زوڵم و چەوسانەوە بە دەس ئێراقییەکان و پێنج جار بشێوی و هەڵڵا و بگر و دڵەڕاوکە. بەڕاستی ئەمەی کە چلۆن کوردان توانیویانە ئەم ماوەیە وەرەیان ڕابگرن، هیچ بڕوا ناکرێ. هەر لە سەرەتاوە هەر شتێکی کە بۆنی دارشتنی ئابوورییەکی خۆڕاگر و چەسپیوی لێدەهات، لە لایەن هاوپەیمانانی ڕۆژاواییی هەڵوەشێنرایەوە، ئەویش بەم بیانووە کە ئەگەر وا نەبێ تورکیا، واشینگتۆن و لەندەن پاریس بەمە تاوانبار دەکا کە دەیانەوێ وڵاتێك بۆ کوردان دامەزرێنن (و ئەم بیانوو یان "دەلیل"ە قەت بە زماناندا نەهات.) هەڵبەت سووریا و ئێران و ئێراقیش کەیفیان ساز

بوو کە کوردان ئاوا کەوتبوونە تەنگەژە. بە ڕەسمی بە کوردانی ئێراق دەگوترا کە فەرق و جیاوازی دانان بە قازانجی بەغدا دەبڕێتەوە و هەل بۆ هاوپەیمانانی دەڕەخسێنێ کە ئەو "نەرم کێشانە" بۆ ویش بخوازن.

کومیتەی گەمارۆکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ئیزنی چوونی سووتەمەنی یان کەلوپەل و ئامرازی کەڵتەکردنەوەی نەدا هەتا بکرێ ئەو چەند کارخانەیەی لە باکووری ئێراق بوون بە پێوە ڕابگرن تەنانەت بە دژی چوونی دەزگا و کەرستە بۆ سازکردنی پاڵاوگەیەك بە مەبەستی بەرهەم هێنان و پاڵاوتنی ئەو بڕە نەوتەی کە بە دەس کوردانەوە مابوو, هەڵوێستی گرت. تورکیا ئیزنی نەدا کە "ڕێکخراوێکی ئینگلیسیی پسپۆڕ لە بواری دۆزینەوە و پووچەڵ کردنەوەی مین"دا ئامراز و دەزگای پێویستی ئەم کارە بەرێتە باکووری ئێراق, ئەویش لە ترسی وەی کە ئەم کارە لە باتی پووچەڵ کردنەوەی ئەو چەند میلیۆن مینەی کە لە شەڕی ئێران و ئێراق بەجێمابوون, یاریدەدانێکی پ.ك.ك. بێ. لەگەڵ ئەمەدا ئەم هەمووە پرکێشییەش بۆ پاراستنی ڕێوشوێن نەیتوانی ڕێ لەمە بگرێ کە گەمارۆکان بە شێوەیەکی بەربلاو هەڵوەشێنەوە. بەم شێوەیە بەڵگە هێنانەوەی "بەراوەژوو"ی ڕۆژاوا, ئیزنی دایە کوردان کە گەنم بە ئێراق بفرۆشن و بارانە لە بازرگانیێی پڕ بەهرەی سووتەمەنی دزێلیی نێوان دەوڵەتانی تورکیا و ئێراق وەربگرن و تەنانەت نرخی کارەبایەکی کە لە ئێراقیان دەکڕی, بە دۆلار بیدەن. بەڵام ئیزنیان نەبوو کە ئامراز و کەرستەی پێداویستی ناوەندی تەلەفۆنی دهۆك بە بڕی ٤٠٠٠ دۆلار بکڕن و بیهێنن.

تەنیا سەرخۆشیی بەدیهاتوو لە ڕزگاربوون لە چنگ حکوومەتی ترس و خۆفی سەددام حوسێن ساڵگاران خەڵکی کوردی بە پێوە ڕاگرتبوو. یەکەم هەڵبژاردنی ئازادی کوردستان کە لە مانگی مەی ١٩٩٢دا بەڕێوە چوو, شەپۆلی شادی و ئیفادەیەکی ئەوتۆی بزاوت کە کوردەکانی ئێراق بۆ ماوەیەکی درێژ بە بێ گلە و گازندە خۆیان لەبەر تەواوی تەنگ و چەڵەمەکان ڕاگرت. بەڵام مخابن ئەم هەڵبژاردنە ناکۆکییەکانی نێوان بارزانی و تاڵەبانی پێهەڵابرد. بە گشتی بانگەشەی هەڵبژاردن لەبەر ئەمە بوو کە بارزانی لە دانوستانەکانیدا لەگەڵ بەغدا هیچ ڕێی

دەبەردا نەمابوو و دەیەویست بەر لە ئەنجامی مامەڵەکە شەرعییەتی سندووقەکانی هەڵبژاردنی لە پشت بێ. لەم بەینەشدا تاڵەبانی "داوی" قومـاری پێهەڵابردبوو و قان وداخوازی زیاتری لەو داخواز و قانانە هێنابووەگۆڕ کە لە ڕێککەوتنامەی خودموختاری ساڵی ١٩٧٠دا لە مابەینی سەددام حوسێن و مەلا مستەفا بارزانیدا ڕێککەوتنی لەسەر کرابوو و قەتیش بە تەواوی بەڕێوە نەچووبوو. ئەو ئێستا خوازیاری "فێدرالیزم"ێك بوو کە بە دروستی ڕوون نەکرابووە. لە گەرپانی هەڵبژاردنا — کە جەوهەریان لە ئاڵمانەوە بۆ هێنابوو و بە پێچەوانەی ئەوەی پروپاگەندەی بۆ کرابوو کە "پاك نابێتەوە" دەرکەوت وا نیە, زۆری خەسار لێدا — بارزانی و تاڵەبانی هەرکام لێیان سوور بۆوە کە ئەمیان سەرکەوتووە و ئەوی تری بە گزیکاری هەڵبژاردن تاوانبار کرد. (حیزبە بچووکەکان, چونکە لە سەتا حەوتی دەنگەکانیان بۆ چوونە نێو پارلەمان وە دەس نەهێنا, وەلا کەوتن. دەستەیەك لە کوردان لایان وابوو کە ئەگەر ئەم حیزبانە چەند کورسییەکیان وە دەس هێنا با دەیانتوانی وەك بەرگێڕەوە وابن و ببنە بەرهەڵستی تێکهەڵچوونەکانی پاشەڕۆژ.)

تەنیا لە سایەی ڕێککەوتنێکی نەبەگە کە لە سێهەمین ڕۆژی پاش هەڵبژاردن لە نێوان دوو گەورەڕێبەری کوردا کرا, بەری شەڕ و لێکدان گیرا. زۆرێك لەو کوردانەی کە لەم توند و تیژییانە بێزرابوون, دواتر لێیان سوور بوو کە ئەگەر ئەم تەساڵحەیە نەکرابا شەڕ هەر ئەو دەم هەڵدەگیرسا. وێڕای تەواوی ئەمانە ورەکان بەرز بوون وبادەی سەرکەوتن هەمووانی سەرخۆش کردبوو. گرێ و کۆسپی ڕابردوو هەرچی بوون یان دوودڵی سەبارەت بە داهاتۆوە هەرچەندێك بوو, پێشمەرگەکانی هەر دوولا بە شادمانی لە سەیتەرەکانی پشکنین کە بە ئالای زەردی پارتی دێموکرات و ئالای سەوزی یەکێتی نیشتمانی ڕازابوونەوە, وێکرا ئەرکیان بەڕێوە دەبرد.

زەختی دەرەوەش, بە تایبەت زەختی ئەیالەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەم تەساڵحەیەدا کاردانەوەی نواند. ئەیالەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە پێی ڕێسا وەك هەمیشە لایەنگری هەڵبژاردن بوو, بەڵام لە ترسی وەی کە تاوانبار بە دنەدانی کوردان نەکرێ بۆ جیا بوونەوە, لە ڕۆژی هەڵبژاردنا چاوەدێرێکی نەناردە کوردستان.

(سەرهەنگ "ناب" لە جێژنێکدا کە تاڵەبانی بە بۆنەی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن پێکیهێنابوو هاتەوە سەرشانۆ و چاوەڕوان مایەوە هەتا فڕۆکەکانی شەڕکەری هاوپەیمان بەسەر سەری جەماوەرا فڕین. [لەم وەختەدا] گوتی: "ئەمەش جان میجێر و حاجی بووش کە دەنگی خۆیان خستە سندووقەکانەوە.") سەرەنجام پارتی دێموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەسەر دابەشینی دەسەڵات پێکهاتن: پارتی دێموکرات لە پارلەماندا چاوی لە کورسییەکی پۆشی هەتا هەرکام لەم دوو حیزبە گەورە یەکی پەنجا نوێنەریان بچێتە پارلەمان, بارزانی و تاڵەبانی ناڕاستەوخۆ خۆیان لە هەڵبژاردنی ڕێبەرایەتی پاراست, لە هەڵبژاردنێکا کە کرا ڕێبەرایەتی دێموکرات لە پێش بوو, بەڵام لە دەوری یەکەمدا لە سەتا پەنجای تەواوی وە دەس نەهێنا. لە ڕاستیدا بەرندەی ئەم هەڵبژاردنە تاڵەبانی بوو کە دژی هەر چەشنە مامەڵەیەك بوو لەگەڵ سەددام حوسێن و خوازیاری فێدرالیزم بوو, کە هەنگاوێك لە پێش ڕێککەوتنی خودموختاری ساڵی ١٩٧٠ بوو و خەباتی بۆ کردبوو.

ئەم "بەرژەوەندییە" حیزبییانە, لە چەند مانگی دەسپێکی کاری دەوڵەت و پارلەمانی هەرێم لە ژووئیەی ١٩٩٢دا, ڕەنگدانەوەیەکی ئەوتۆی نەبوو. بەڵام لە مانگی ژانویەدا خەڵك دەیانگوت کە ئەم پێکهاتنە "پەنجا بە پەنجا"یە بۆتە شێوازێك بۆ "ڕەوتێکی زنجیرەیی": وەزیرێك لە پارتی دێموکرات دەبوو ڕێوڕێ جێگرێکی لە یەکیەتی نیشتمانی بووبایە و وەزیری یەکێتی نیشتمانی دەبوو جێگرەکەی لە پارتی دێموکرات بوایە. دۆستێك دەیگوت: "هێندەی پێنەچوو کە ئەم شێوە و شێوازە تەنانەت پێشخزمەتە چاپەزەکانیشی گرتەوە." کاردانەوە و هەڵوێستەکانی دواتری ئەم ڕەوتە، بەتایبەت پاش ئەو تەقە و لێکدانانەی کە لە ١٩٩٤ەوە دەستیان پێکرد، بەگەرمەتر و توندتر خۆیان نواند. لە ماوەی سەردانێکی فێوریەی ١٩٩٦دا بۆ باکووری ئێراق، دۆستان سفرەی دڵیان بۆ دەکردمەوە و دەرد و زووخاویان هەڵدەڕشت. "یۆنس موئەیید"ی ئاشنام گوتی: "لەو ناوچانەی کە لە ژێر دەسەڵاتی پارتی دێموکرات دایە خەڵکی ئاسایی ڕقیان لە بارزانی دەبێتەوە و لە ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی یەکێتی نیشتمانی لە تاڵەبانی بێزراون."

پارتی دێموكرات و یەكێتی نیشتمانی وا لە پێش چاوی خەڵك كەوتن كە هەر ئەم جەماوەرەی ساڵی ١٩٩٢ بۆ دانی خوێن بە زامار و قوربانییەكانی تەقینەوەی بۆمبایەك كە دەستەوبەستەی ئێراق لە ئوتۆمبیلێكدا نابوویانەوە، جەللەیان دەبەست، ئێستا هەر گوێشیان نەدەدایە ئەو داخوازانەی پەیتاپەیتا لە تەلەفیزیۆنەوە بڵاو دەكرانەوە و داوای یارمەتی و دانی خوێنیان دەكرد بۆ قڕكراوانی شەڕی نێوخۆ. گرانی، ئەستاندنی بارانەی زۆر لە سەیتەرەكانی سەر ڕێوبانان و وەرگیرانی باج و پیتاكی دیكە هێندە بوو كە وەك موئەیید دەیگوت: "هەركەس پێنسەد دۆلاری لە گیفانیدا بێ دەیهەوێ لە وڵات بڕوا، ئەگەریش خۆی نەڕوا كوڕەكەی بنێرێ, كە لەوێ پوولْ پەیدا بكا و بۆ بنەماڵەكەی بنێرێتەوە." جەماوەری شارنشین لە هەموان پتر تووشی خەسار هاتبوون، چونكە درێژەی ژیان و مان بە "گەڕانەوە بۆ سەر مڵكوماشە"وە بەسترابۆوە. جەماوەرێكی زۆر گەڕانەوە گوندە خاپوور كراوەكانی پێشوویان، كە ئێستا بە یارمەتییەكانی ئەیالەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا و وڵاتانی تری ڕۆژاوا سازكرابوونەوە. سەدان كەس لە پزیشكان و ئەندازیاران و مامۆستایانی زانكۆ و گەلێ لە پسپۆڕانی تر كە بوونیان یەكجار زۆر بۆ وڵات پێویست بوو و هاتبوونە ڕیزی ئەم جووڵانەوە نەتەوایەتییە، ئێستا تووشی بارودۆخێك هاتبوون كە بۆ درێژەی ژیان كەلوپەلی ماڵەكانیان هەڕاج دەكرد, ئەم پۆلە خەڵكە پاشی ماوەیەك نائومێد بوون و ڕێی كۆچیان گرتەبەر.

دڵتەزێنتر لە هەموو شتێك كردەوەی پێشمەرگەكانی دوو تاقمەكە بوو كە بە حوكمی خۆیان خەڵكیان لەسەر ماڵ و مڵكیان هەڵدەقەند و ڕایاندەماڵین. تەنانەت سەددام حوسێنیش لە شاراندا دەستی بەسەر ماڵی كەسدا نەگرتبوو و وای بە باشتر زانیبوو كە حوكماتی پڕ ترس و خۆفی خۆی باوێتە نێو گوندان، كە وە دەس گرتنی دەسەلات لەوێ دژوار بوو. ڕێكخراوی لێبووردنی نێونەتەوەیی نووسی: "ئەمە زوڵمێكی دزێوی ئاشكرایە, كوردان كەوا خۆیان ماوەیەكی دوور و درێژ بە باری پێخوست كرانی مافی مرۆڤەوە بە دەس هێزەكانی دەوڵەتی ئێراقەوە چەوسانەوە، دیسان

دەبێ تووشی وەها زوڵم و زۆرێك ببنەوە، بەڵام ئەمجار لـە لایـەن ڕێبـەرانی سیاسـی خۆیانەوە." (ژوەنی ١٩٩٤ ڕێکەوتی ئەم ڕاپۆرتەیە.)

ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی لە ڕاپۆرتی ڕێکەوتی فێوریـەی سـاڵی داهـاتووی خۆیا پارتی دێمـوکراتی کوردسـتان و یـەکێتی نیـشتمانی کوردسـتانی بـە "بەرپەرسـی گشتیی" زۆربەی ئەم دەسدرێژییانە ناساند کە لـە ئەشکەنـجە و گرتنـی خودبەسـەرەوە بگرە هەتا کوشتنی موخالیفانی سیاسی و بەشداربوانی خۆپیشاندانی ئاشتیخوازانـــە و ئیعدامی پێشمەرگە بـــە دیل گیـــراوەکانی دەگرتەوە. ئەم ڕێکخراوە لـە ڕاپۆرتەکەیدا دەیگوت: "وەبەر چاو نەگرتنی ڕێوشوێنە بنەڕەتییەکانی مافی مرۆص کـە ڕێبەرایـەتی کورد بە ئاشکرا خۆی لـە ئاستیان بە بەڵێندار نواندبوو، زیاتر لـەم ڕووەوە جێـی داخ و کەسەرە کە ئەم ڕێوشوێنە هەر ئەوانـە بـوون کـە دەوڵـەتی ئێـراق لەپەسـتا پێـشێلی کردبوون و ئاکام و سەرەنـــجامی کارەکـە بـە لای ئـازار و ئەشکەنـــجەی کـوردانی ئێراقدا شکابۆوە." ئەم زوڵم و زۆرانــە بێگومـان چـالاکانی مـافی مرۆڤـی ڕۆژاوای دڵپەرۆش کرد. لـە لایەکی تـر "نێرەڤـانی مـافی مـرۆص" ماوەیـەك بـوو هـەوڵی دەدا هەندێك لـە دەوڵـەتان دنە بدا کە ئێراق بە تـاوانی "تـۆوبڕ کـردن" ڕاکێـشنە بـەردەمی دادگای جیهـانی. ئـەو ئومێدانـەش کـە وەختایـەکی لەسـەر هـەقی دەسـتێوەردان لـە قەیرانەکانی ترا خۆی دەنواند و بەهێزیش بوو، کاڵ بۆوە و "ناوچەی پارێزراو" بـوو بـە لـەبزێکی دزێو: "ناوچەی یارمەتییەکانی ئینسانی" کە تیپەکانی فەڕانسەوی لـە ژووئیـەی ١٩٩٤دا لـە باشووری ڕۆژاوی "ڕواندا" دایاننا, ئەویش ئەوەندە درەنـگ بـوو کـە نـە تەنیا ژیانی خـەڵکی تووتـسی ڕزگـار نـەکرد، بـەڵکوو بـە لای پـشتیوانی کـردن لـە "کەڵەزەڕانی هووتوو"دا شکایەوە و لـە ١٩٩٥دا لـە بوسنی، لـە "ناوچەی پـارێزراو"ی سێربرێنیکا کە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان باڵی بەسەرکێشابوو هـەزاران کـەس لـە مسوڵمانان بە دەس سەربازانی سێرب کوژران.

لـە کوردستان ئەوتۆ نەبوو کە بلێین بارزانی و تاڵەبانی نازانن چیان لـە دەورانپـشتی دەبوورێ. لـە ڕاستیدا هیچکامیان هەوڵی شـاردنەوەی زوڵمـەکانیان نـەدەدا. بـارزانی خۆی لـە ١٩٩٦دا پێیگوتـم: "شەڕی ئێمە و پێشێل کردنی مافی مرۆص خەسـارێکی

لە ڕادەبەدەری لە جووڵانەوەی کورد داوە. من ئەوەندە لە دیتنی دۆستانی دەرەوە هەست بە شەرمەزاری دەکەم کە تەنانەت بەر لە دەربڕینی ڕەزامەندی بۆ چاوپێکەوتنتان هەر لەسەری دوودڵ بووم." هیچ شتێك بە دەستەوە نەبوو کە لە ڕاستی و دروستی وتەکانی شك هەڵگرێ. بەڵام کوردستان کەتبووە سەر دۆخێك و تاڵ و گرژی وەهای سەرتێکنابوو کە تەنانەت بێخەوشترین دان پێداهێنانیش ڕەنگی تەقەلای خۆپەڕاندنەوەی لەخۆ دەگرت. بۆ ڕێبەران ئاسان بوو کە تاوانی کارەکە بخەنە ئەستۆی یەکتر یان جیهانی دەرەوە بە تاوانباریان بزانێ و سەرکۆنەیان بکا، بەڵام بارودۆخەکە وەها بوو کە دەتگوت زەبروزەنگی لەپڕ و پتر لەخۆوە قەت بنەیان نەدەهات. کەسانێکی کە ڕەخنە لە کوردان دەگرن لەمێژە هاتوونە سەر ئەم باوەڕە کە ئەم زەبروزەنگە بەشێکە لە "سرشت"ی کوردان.[1] بەڵام کوردان و هەروەها خەڵکانی تری ئێراق نیزیکەی سی ساڵێکە کە کەوتوونەتە ژێر ڕکێفی حکوومەتی چەپەڵی بەعس و بە ناچار مۆرکی ئەم زەبروزەنگەیان لەخۆ گرتووە. سەرکوت، زەبر و زەنگ و حکوومەتی چەقبەستوو، ڕوحی هەموانی تەزاندووە و ژاکاندووە و لەم بەینەدا کوردان پتر لە هەموان ئازار دراون و شوێنەواری ئەم جەزرەنەیان لەسەر ڕوح و دەروونی دیارە.

ئەو پۆلە کوردەی کە شانبەشانی بارزانی و تاڵەبانی و ڕێبەرانی تری نەتەوەیی شەڕیان کرد، ساڵگارانی درێژ لە یەکێك لە سەخت و چڕترین هەرێمەکانی جیهانا لە خەڵك تاق بوونەوە. پێشمەرگەکان کە بۆ یەکەم جار لە ١٩٩١دا کاروباری بەڕێوەبردنی شارانیان گرتە دەس، ڕاهاتن و ئەزموونێکیان لە بواری کارگێڕی و بەڕێوەبەرایەتی‌دا نەبوو. ئەم جەماوەرە جگە لە ڕاهاتنی سەر بە حیزبایەتی خۆیان و شەڕی پارتیزانی، ڕاهاتنێکی تریان نەبوو. ئەمانە لەبەر بزر بوونی دیاردە بەنرخەکانی کوردایەتی، کە لە چیا هەتا ئەوپەڕی دڵخوازیان پێهەڵابردبوو، داترووسکان. ئەم کارە پتر بە مانای بڕانەوەی کۆمەڵی سوننەتیی ئەم خەڵکە گوندەکییە بوو: جەماوەرێکی کە

١- Genetic. زەبروزەنگی ئەڵمانییەکان یا هی ئەمریکاییەکانیش لە وێتنام بەم پێیە پاساو دەدران!

گوندەکانیان خاپوور کرابوو و ژیانی دێهاتییانەیان تێداچووبوو و لە شوێنی ئەو ژیانی "بێکەسایەتی" نێو "شارۆچکەکانی سەرکەوتن" بنەگر بوو کە لە باتیان، کارەبا و چاوەدێری و پۆلیس و پەروەردەکرانی بەعسیی لە قوتابخانان وە پێش دێهاتییەکان دەکرد. ئەو کوردانەی کە لە دەرەوە خوێندبوویان و بەسەر ڕەوتی ڕووداوەکانی جیهانا ئاگادار بوون، ئیتر جگە لە بۆ دیدار نوێکردنەوەیەکی کورت نەگەڕانەوە کوردستان و زۆربەیان بوونە کلۆڵترین "ماڵ بە کۆڵان".

لە ماوەی سەردانی فێوریەی ١٩٩٦شمدا بۆ هەولێر، لە موئەییدم پرسی بۆچی وای لێهاتووە؟ وە بیری هێنایەوە کە ساڵی پێشوو باسی دیداری خۆم لەگەڵ "نزار حەمدوون" کردبوو. نزار حەمدوون بالادەستێکی ئێراقی بوو کە لە مەودای شەڕی ئێران و ئێراقا وەك باڵوێزی سەددام حوسێن بەوپەڕی شێلگیری و کارزانییەوە لە واشینگتۆن کارەکانی ڕاپەڕاندبوو، پاشی ویش هەروا باڵوێزی ئێراق بوو لە ئەیالەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. موئەیید گوتی: "ئەو بە ئێوەی گوت کە ساڵێك بێناچێ کە کوردان بە چۆکدا دێن و لەبەر خودا دەپاڕێنەوە کە سەددام حوسێن بگەڕێتەوە. ئەم قسەیە ئی ١٩٩٢یە و من ئەو کاتی سەرم سوڕما."

پرسیم، ئێستا چلۆن؟

بە ژاکاوی وڵامی داوە: "تاقە خەونێك دەبینم؛ دەبینم سەددام دەگەڕێتەوە، پێشمەرگەی کورد ڕادەماڵێ و پاشان دەگەڕێتەوە بەغدا کە خەڵکی کورد بتوانن خەریکی ژیانی خۆیان بن." تینی دەنگی ڕۆمرکا: "وتەکانم بە باری خراپدا لێكمەدەوە. من شانازی بەوەی دەکەم کە کوردم و دەوڵەتم هەیە. هیچ کوردێك لە ڕاستیدا ناخوازێ بچێتەوە ژێرسێبەری سەددام، بەلام لام وایە ئەم خەونە بەم واتایەیە کە کوردان بە دەس ئەم دەوڵەتە پاراتیزانییە پەنجا بە پەنجایەوە زۆر جەزرەبە دراون و زۆر و کەم ئەشتەکیان وە دەس نەهێناوە."

هەر بۆ تاقیکردنەوە، ئەم خەیاڵەی "موئەیید"م بۆ بالادەستانی پارتی دێموکرات و یەکێتی نیشتمانی گێڕایەوە. زۆر و کەم چاوەڕوان بووم دەرهەڵبن و بۆ داکۆکی لە

حکوومەتەکەیان وە جواب بێن. بەڵام نا، لە باتیان شانیان هەڵتەکاند. یەکێك لەوان پرسی: "چی دیکەم لە دەس دێ؟"

نرخاندن و پێداچوونەوەی زۆری لەم چەشنە وا دیارە لە ماوەی کەمتر لە سێ حەوتوو پاش شالاوی هەولێر، ئەو کاتەی کە پێلترۆ و بارزانی لە ئانکارا پێکەوە دیداریان کرد، لە گۆڕێدابوو. لەم دیدارەدا کە ئاکامی بێ ئەملاوئەولای لێنەکەوتەوە هەردك لا ئۆگریی خۆیان سەبارەت بە سنووردار کردنی تەنینەوەی خەسارەکان و پێشبینی کردن و تێڕاچوون بۆ سەر خواستەکانی داهاتووی لایەنەکەی تر دەربڕی. هەردك پێویستیان بە هەل و دەرفەتێکی لەبار بوو. دەوڵەتی ئەمریکا کە نیزیك دوو مانگێکی هەتا هەڵبژاردنی مانگی نوامبری سەرکۆماریێتی مەودا مابوو دەیەویست ئەم کاردانەوەیەی کە دەڵێ "هەموو شتێك لە کیس چووە" داشکێنێ، چونکە ڕەخنەگرانی سیاسەتی واشینگتۆن لە شایەتییەکانی کۆنگرەدا بارودۆخەکەیان لەگەڵ تێکشکانی "کەنداوی خوودگان" لە سەردەمانی سەرۆك "کێنێدی" لە ۱۹٦۱دا پێکەوە هەڵدەسەنگاند. لە وەزارەتی دەرەوەدا "برۆنز" ئێستا بارزانی وەك کەسایەتییەکی "زۆر گرینگ لە باکووری ئێراق" دادەنا و ئاماژەی بەم خاڵە دەکرد کە ڕەنگە بکرێ دەوڵەت بخرێتە سەر ئەم بڕوایە "ئەگەر بێتوو کوردێك بەڕێوە بردنی باکووری ئێراق وە ئەستۆ بگرێ، ڕاپەڕاندنی کارەکان سادەتر دەبنەوە." یەکێك لە دیپلۆماتەکانی ڕۆژاوایی و دانیشتووی ئانکارا هەر ئەو وەختی گوتی: "بارزانی بە یارمەتی سەددام تەواوی کوردستانی قووت دا و ئێستا دەیەوێ ئێمە دیسانیش یاریدەی بدەین."

بارزانی نیازی بەمە بوو کە کوردەکانی ئێراق دڵنیا بنەوە کە ئەمریکاییەکان نەگەیشتوونە ئەم ئاکامە کە ئەو هەموو شتێکی بە سەددام حوسێن فرۆشتووە. یاریدەدەرانی گوتیان بێتوو واشینگتۆن چەکی قورسی وێبدا و کۆمەڵێك دەستەبەرایەتی بگرێتە ئەستۆ کە هەتا ئێستا هیچ دەوڵەتێکی ڕۆژاوایی بۆ کەسی وەبال نەگرتووە، ئەوێ دەمێ، بارزانی پێشوازی لە داگیرسانەوەی پێوەندی نیزیکی "کاران"

دەکاتەوە لەگەڵ واشینگتۆن؛ ئەگینا بارزانی بە ناچاری ئەو وتوویژانەی کە لە ١٩٩٢دا لەگەڵ بەغدا دابڕابوون، دەس پێدەکاتەوە.

بارزانی دەیەویست ئەوپەڕی هەوڵی خۆی بدا. هەڵبژاردنێکی نوێی ڕاگەیاند، هەتا شەرعییەتێك بە مەبەستی پاساو هێنانەوە بۆ کردارەکانی داهاتووی کە ڕاوێژکارانی بە پێویستیان دەزانی پەیدا بکا. ئەو بە ڕاگەیاندنی لێخۆش بوونی گشتیی ویستی لە توند و تیژی ڕەخنەکان کەم کاتەوە. ئەم لێبوردنە تاڵەبانیشی دەگرتەوە. بارزانی، زیندانی کراوێکی گرینگی یەکێتی نیشتمانی، یانی "فوئاد مەعسووم"ی ئازاد کرد, ئەو یەکەم سەرۆکوەزیری کورد بوو کە لە ١٩٩٢دا ئەم پلەیەی درابوویە و بە پەیامی ئاشتییەوە بۆ ڕێبەرانی یەکێتی نیشتمانی کە لە ئێران دەژیان، گەڕاوە لایان. پارلەمان بە خۆی و بە ٦٩ نوێنەر لە ١٠٥ نوێنەری پێشوو دیسان کرایەوە و سەرۆکوەزیرێکی تازە لە پارتی دێموکرات بۆ سەرۆکایەتی دەوڵەت دانرا.

بەڵام داخوا بارزانی کە سوێندی خواردبوو کە کوردستان بکاتە قەڵاتی دێموکراسی و کۆمەڵی فرەحیزبی, دەیتوانی – ئەگەریش ویستبای – کۆتایی بە دەس تێکەڵاو کردن لەگەڵ ئێراق بێنێ؟ داخوا ئەگەر وا بوایە ئەیالەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا "ناوەندی ڕێکخستنی نیزامیی" بە نیشانەی باوەڕ پێکردنی دووبارە بەو, دەگێڕایەوە کوردستان یان بەم بیانووە کە سەرکردەکانی "هاوپەیمانان" و ئەو پاسەوانانەی کە دبوایە سەرلەنوێ لە نێو خەڵکی خۆجێیی هەڵبژێرابانەوە, لە ترسی وەی کە بکەونە بەر ویژەی پۆلیسی نهێنی سەددام حوسێن خۆ نادەنە ئەم کارە و بە ناچار دەبێ بە بێ مەیل و ڕەزامەندی خۆیان ئەم کارەیان پێبکرێ, خۆ لەم کارە دەپارێزێ؟ داخوا ئەیالەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەیتوانی پاساو بۆ درێژکردنەوەی مانەوەی ئەم "چەتری ئاسمانی"یە بێنێتەوە هەتا ساڵی ١٩٩٧؟ داخوا تورکیا ئێستا تێدەگەیی کە ئەو چەتری ئاسمانییە بە قازانجی خودی وی ئامرازی زەخت دەکار کردنە بە سوودی وی؟

شەش حەوتە پاش پەلاماردانی هەولێر, یانی ئەو کاتە کە تاڵەبانی یەکێتی نیشتمانی کوردستانی ڕێكوپێك کردەوە و هێرشی خۆی لە ناوچە سنوورییەکانی ئێرانەوە دەس‌پێکرد و پارتی دێموکراتی کوردستانی هەتا "پایتەختی بەرپشتیوانی ئێراق" تاراند,

زۆرێك لەم پرسیارانە – بەڵام نەك هەموویان – وەك شتێکی زیادی و لە خۆوەیان لێبەسەر هات. خێرایی ئەم گەڕانەوەیە لە مانگی ئۆکتۆبردا, ڕەخنەگرانی تاڵەبانی حەپەساند, تەنانەت ئەگەر بیسەلمێنین کە ئەمە ئێران بوو کە لە زنجیرەشاڵاوێکی سنوورییدا چەکوچۆڵ و تەقەمەنی و تۆپخانەی قورسی دایە و هەر ئەمانە بوون ورەی پارتی دیموکراتیان دابەزاند و سلێمانییان بێچۆل کرد. پاشی چەند ڕۆژان پارتی دێموکرات لە هەوڵێکی نائومێدانەدا بە مەبەستی گێڕانەوەی دەسەڵاتی بۆ سەر تەواوی باکووری ئێراق دەستی دایە دژەهێرشێك, بەڵام جگە لە کوژرانی سەدان شەڕکەر ئەشتەکی دیکەی لەم تێکۆشانە گیر نەکەوت. (گوترا کە یەکێتی نیشتمانی لەم ناوچانەی کە پێشتر بەجێی هێشتبوون و سەرلەنوێ دەستی بەسەردا گرتبوونەوە, دەستی داوەتە کوشتار و ڕق بێڕشتن و پارتی دێموکراتیش وەوتۆی کردووە... ئەمەش خۆی شاهیدێك بوو لەسەر هەڵسووڕاوی "دەزگای ئاساییشی" کوردان و تاقمەکانی خافڵکوژ و کاردانەوەی دزێو و شومی "مۆدێلەکانی" باوی سەددام و لاسا کردنەوەیان.)

داوای مەسعوود بارزانی لە سەر پاشایەتی کوردستان, بوو بە دووکەڵ و بە حەوادا چوو و کوردستان بە سەر قەڵمڕەوی دوو دەسەڵاتا دابەش کرا: ئێران لە ڕۆژهەڵات و بارزانی سەر بە ئێراق لە ڕۆژاوا. لە کۆتایی ئۆکتۆبرا "پێلترۆ" گەڕایەوە ئانکارا و سەبارەت بە ئاگربڕی نێوان دووقۆڵەکە لەگەڵ نوێنەرانی پلە دووهەمی هەردك تاقم دەستی کرد بە وتوویژ, بەم هیوایە کە بەشێك لە نفووزی ئەمریکا لە ژێر هەرەسەڕووخاوی بارودۆخەکە ڕزگار بکا. بەڵام بە لە هەوێڵدا نەبوونی ڕێبەرانی هەر دوو تاقمەکە ئەم وتوویژە لە "شانۆ"یەك ویۆەتر نەبوو. (پێلترۆ لە ژانویەی ۱۹۹۷ بۆ ئەنجامی وتوویژی زیاتر گەڕایەوە تورکیا.)

***

لە نێوەڕاستەکانی مانگی سێپتامبردا, پاش ئەنجامی تەشریفاتێکی سەرسەرەکی کە کوردان بۆ پەڕینەوە لە سنوور و چوونە تورکیا دایاننابوو, چاوم بە تابلۆیەك کەوت کە ئاوای لەسەر نووسرا بوو: "بەخێر بێن بۆ کوردستانی ئێراق." لەبەر خۆمەوە گوتم تۆ

بڵێی ئەگەر ڕۆژێك بێیەوە ڕێزی هەنگاوت بگیرێ یا هەر بڵێی ئیزنی چوونە ژوورەوەت بدەنێ؟ لە ساڵانی ڕابردوودا بارزانی و تاڵەبانی, هەر کام بە جیا پێیان گوتبووم کە باشتر وایە لۆرییەك تفەنگچی بە کرێبگرم هەتا لە بەرامبەر شالاوی پیاوەکانی ئێراقا بمپارێزن کە کەیفیان بەوە ساز دەبێ هەواڵنێرێکی ڕۆژاوایی بە نێچیر بگرن و ٧٠٠٠ دۆلار خەلات وەربگرن. ئێراق بۆ کوشتنی ڕۆژاواییەکان خەلاتی دیاری کردبوو و ترکان هەر ڕۆژەی تەگەرە و تەنگەژەیەکی زیاتریان بۆ چوونی هەواڵنێرانی غەوارە لە تورکیاڕا بۆ ئێراق ساز دەکرد. ئەگەر ڕۆژایەکی ئێران و ئێراق پاپۆکەی دەسەلاتیان لەسەر باکوور کۆتایی پێهێنابا, داخوا دۆستانی ڕۆژاوایی وازیان لە دیداری کوردستان دەبوو؟ داخوا من ئەم مەترسییەم دەخستە سەرشانم کە بچم و ڕاپۆرت لەسەر شەڕێك بنووسم کە هەمیشە بە نوێنەرایەتی ئێران و ئێراق و تورکیا لە ناوچەدا لە گۆڕا بوو؟ داخوا ئەم دەرفەتەم بۆڕێدەکەوت؟ داخوا دەمویست؟ هەواڵنێران بە گوێرەی ڕێسایەك لایەنگری لە هیچکام لە لایەنەکانی شەڕ ناکەن و منیش ئەوپەڕی تەقەلای خۆم کردبوو کە لە ڕاپۆرتەکانمدا لانی هیچ تاقمێك نەگرم و هەر ڕووداوەکان وەگێڕم, چونکە هەرچۆنێك بێ داستان داستانە و تەنیا داستان.

سەرەڕای ئەمانەش, ئەو "ڕووحی قوماربازی"یەی کە لە دەروونی من دایە بە لای کورداندا شکابۆوە و پێمخۆش بوو لەم هەلومەرجەی کە لە ساڵی ١٩٩١دا ڕەخسا, شتێکیان وەگیر کەوتبایە. حەقیقەت ئەمەیە کە هیچیان وە دەس نەهێنابوو... ئێستا با زۆریش گوێ نەدەینە هۆ و هۆکاران کە هەمووشی دەستاوی خۆیان نەبوو. لە ماوەیەکی برێك پتر لە پێنج ساڵان کە بەسەر یەکەم سەفەرمدا بۆ ئەو بەشەی ئێراقی ژێر دەسەلاتی کوردانا تێدەپەڕی, ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دە دوازدە ولاتێکی بە ئەندام وەرگرتبوو کە زۆربەیان کۆنە "ڕعێتی" یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو بوون و تاقمێکیان لەم نیزیکانە, لە ئاسیای ناوەندیی و قەفقاز بوون؛ کەچی ئێستا نە تەنیا سەربەخۆیی بەڵکوو خودموختاریش بۆ کوردان خەیاڵێکی نەگونجاو بوو. ئەم خەڵکە تەنانەت خاوەنی هەلومەرجێکیش نین کە وەك "چاوەدێر" لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا حوزووریان هەبێ. تەنانەت فەلەستینییەکان خاوەنی ئەم هەلومەرجە

بوون. ئەو ڕێبەرە کوردانەی کە زەمانێکی بە ئاقڵمەندیان دەزانین, ئێستا یان مردبوون یان کوژرا بوون یان لە مەیدانیان وەدەر نابوون. ئەو ڕێبەرانەی کە مابوون و وەختایەکی وامدەزانی دەیانناسم و لە دیترانم پتر خۆش دەوێن – بارزانی و تاڵەبانی – ئێستە لەسەر پێوشوێنی باووباپیران و لە چنگی مەیل بە خۆکوژیدا تەنانەت لێکدانەوە و شیکردنەوەی ئاقڵمەندانەی نیزیکترین کەسانی خۆیان نەدەسەلماند. زۆربەی ئەوانەی کە لە کوردستاندا چاوم پێیانکەوت تۆقیو و تێمابوون. لە نەبوونی ڕێبەرانی ئاقڵمەندا, تورکیا ئێستا وەك باشترین هیوای ناسیۆنالیزمی کورد خۆی دەنواند, ئەویش نەك لەبەر شەڕێکی توند و پتەو کە پ.ك.ك. لە مەیدانی تێکهەڵچوونا کەوتۆتە پێوشوێنی – ئەگەرچی گڕی ئەم شەڕە هەندێك ڕۆمرکاوە – بەڵکوو لەبەر وەی کە توانیویەتی هەستی بنچاغێکی کە لەمێژ بوو لە نێو کوردەکانی تورکیادا خەوی لێکەوتبوو, ببزێوێ و وەخەبەری بێنێ.

لە باژێری سەرسنووریی زاخۆ, شەودرەنگانێك بەر لە ڕۆیشتنم لە دووکانێکی کە لە پەنا "هوتێل بەغدا" موبایلی دەفرۆشت, ڕاستەوڕاست لە کوردێکی زەندەقچوو هەڵنەگوتم کە کاری بۆ یەکێك لە ڕێکخراوە فریارەسانەکان کردبوو. ئەو لێیسوور بوو ئەگەر بێتوو بچێتەوە ماڵی خۆی لە سلێمانی, دەکەوێتە بەر وێزەی پۆلیسی نهێنی ئێراق. بە هەر حاڵ ئەمە شتێك بوو کە گوتی. بەڵام من داخوا دەمتوانی بە "بە کرێ گرتنی" یارمەتی بدەم و لە ئێراقی دەربازکەم؟ بۆم شی کردەوە کە ئەو بەڵگەیەی من ئیمزای کەم لەبەر چاوی کاربەدەستانی یانەی "کۆچەران"ی ئەمریکا هیچ هورمێکی نابێ. ئەم شی کردنەوەیە قەناعەتی پێنەهێنا. هەوڵم دا لانی ڕێز و ئیحترام ڕابگرم, بەڵام زۆر شەکەت بووم; ڕەنگە ئەوەندەش کە دەکرا تێگەیشتنم نەنواندبوو. هەڵبەت من شتێکم پێنەدەگوت کە ئەو لە پێشدا نەیزانیبێ. بەڵام هەرچۆنێك بێ من غەوارەیەك بووم – ئەمریکاییەك – لە ڕاوێژم ڕا زانیبووی – چووزانی خودا چ دەکا, ڕەنگە شانس ڕووی تێکردبێ. ئەویش چەشنی زۆربەی کوردانی تر گوناهبارێك بوو کە وەبەر غەزەبی خودایەکی فرەدەسەلات کەوتبوو.

کوردێکی زۆرم دەناسین کە لە ماوەی چەند ساڵاندا نـەمامی ژیانیـان خاشـەبڕ کـرا و ئەمە کوردێکی دیکە بوو کە دەیەویست بژی.

کەوتـمەوە بیر دۆستەکەم عەبدوڕڕەحـمان قاسـملوو: قاسـملوو لـە کوردەکـانی ئێران بوو؛ پیاوێك بوو ئاشنا بـە داب و نـەریت و ڕێوشـوێنی جیهـان کـە لـە ١٣ی ژووئیەی ١٩٨٩دا تاقمێك پۆلیسی نهێنی ئێران, لە جلکی ئەندامانی دەسـتەیەکی وت وویێژکاری سیاسی باڵادا, دایانە بـەر دەسـڕێژ و کوشـتیان. ئـەم کردەیـە بـۆ پیـاوێکی زیرەکی وەك ئەو, کردوەیەکی بێفکرانە بـوو. ئـەو دروسـت پـاش مردنـی ئایـەتوڵڵا خومەینی, بە هەڵە بە خۆی سەلـماندبوو کە تاران پێیخۆشە لەگـەڵ کـوردانی ئێـران ڕێككەوێ. [قاسـملوو]کە زۆربە خۆی دەپاراست و ئەم کارەی بەلاوە گرینگ بـوو, وەك ئـادەمیزادێکی ناشـارەزا و کاربەکەیفـە ڕاکێـشرایە گـەرووی مەرگـەوە: لەبـەر پارێزنەکردن, ئەو پارێزەرانەی کە تاڵەبانی لە "خول"ەکانی پێشووی وتوویـــژا لـــە دێسامبری ١٩٨٨ و ژانویەی ١٩٨٩دا خستبوونیيە بەردەستی "مەرەخەست"ی کردن. دروست دوو ڕۆژ بەر لەوە, لە ماڵەکەم لە پاریس, بە بۆنەی دەرچوونی یەکەم ویزای چوونە ئەمریکای بە بوتڵێك ویسکی کردبوومانە جێژن: لەمێژ ساڵ بوو وەك کەسـێکی مارکسیست و خرابکار لە لیستی ڕەشی ئەمریکادا بوو. شـەڕی سـارد – بـە خـۆی و تەواوی دمـارگری و بیرچـەوتییەکانیەوە, کـە پێداچوونەویەکیـشیان لەسـەر نـەکرا – خەریك بوو دەبڕایەوە. ئەو بە دانی کۆمەڵێك زانیاری دەربارەی بەدکرداری دەوڵـەتی ئێراق لەگەڵ کوردان یارمەتی باڵوێزخانەی ئـەمریکای دابـوو لـە بەغـدا. هـەر خـودا دەزانێ, ڕەنگە دواتر هێندێکی دەس لە کوردێتی وەکێشابێ.

وەهەرحاڵ بێ هەتا ئەو دەمەی ئاوا پارێزی وەلانـا هەمیـشە بـە بـڕوای مـن تـەنیا کوردێك بوو کە ئەوەندەی ئازایەتی و بۆیری [لە وجوودیدا] هەبوو کە لەگەڵ هەر حکوومەتێك مامەڵە و پێکهاتنێکی شەرافەتـمەندانە و شیاو ئەنـجام بدا. تێگەیـشتنێکی کە لەسەر ڕەوت و گەڕیانـەکانی جیهـانی بـووی و دۆسـتایەتی و پێوەندگـەلێکی کـە لەگەڵ سیاسەتوانان و ڕۆژنامەنووسان و کەسانی زانستگایی ئورووپا و شوێنەکانی تـر هەیبوو, لایەنی ڕەسەن بوونی کردەوەی دەخـستە سـەر کەسـایەتی ئەوکـە بـارزانی و

ئۆجالان و تاڵـەبانی و نوێنـەرانی تازەكـاری پارلـەمانی توركیـا لێـی بێبـەری بـوون. ژمارەیەك لـە كوردان لێیان سوور بوو كە ئەگەر زیندووبایە كـاری تـەواوی كـوردانی وەپێش دەخست, ئێستا ئەو یەكێكی تر لـە شەهیدانی كورد بوو.

ئێـستا كـە, وردە وردە سـەر و سـۆراغی مـحەمـــەد جەعفـەر سـەحرارِوودی, كاربەدەستی دەزگای زانیاری ئێران كە گەلاڵەرێژی سەرەكی كوژرانی قاسـملوو بـوو و خۆی لـەم كوشتارەدا بەشدار ببوو؛ لـە كوردسـتانی ئێـراق پەیـدا بـوو. ئـەو لایـەنی سەرەكی وتوویژ بوو لـەگەڵ تاڵـەبانی كە دەیان ساڵ شـانازی بـە دۆسـتایەتی لـەتـەك قاسـملوودا كردبوو. (رێبـەری پـارتی دێمـوكراتی كوردسـتان (بـارزانی) كۆمـەڵێكی بەڵگەنامە نیشان دا كە دەریدەخست تاڵـەبانی لـەبەر پێخـۆش بـوونی سـەحرارِوودی و ئەربابەكانی, تاقمێكی لـە لایەنگرانی قاسـملوو كە لـە ساڵی ١٩٩٤دا هـەوڵیان دابـوو بچنە ئێران, گرتبوونی. ئەگەر ئەم چیرۆكە راست بێ, كە وابـێ ئـەم رەوتـە "گـۆرِانی ئامیان"ەكانی "دەق"یَكن, چونكە سی ساڵ پێشتر مەلامستەفا بارزانی رێبـەرانی كـوردی ئێرانی دابۆوە دەستی شا.) هیچ كوردێكی خاوەنبـیر هەڵبـژێرانی سـەحرارِوودی بـۆ وتوویژ لـە بابەت خۆش كردنی نێوان لـەگەڵ تاڵـەبانی بـە رووداوێكـی بەهەڵكـەوت نازانێ. ئەمە هەر ئەو شێوە سەرنـجەی ئێرانییەكانە بۆ سەر "خاڵی ورد و باریك" كە بە درێژایی ساڵ و زەمانان بۆ وەبەرچاوگرتنیان بەناوبانگ بوون.

داخوا ئەمەش لـەبـەر پـەرەگرتنی دەسـەلاتی ئێـران بوولـە نێـو یـەكێتی نێـشتمانی كوردستاندا كە لـە هـاوینی ١٩٩٦دا شـێوەی روخـسارە وێنـە كێـشراوەكانی سـەر دیواری سەرەرێی هاتوچۆی ناوەندی شاری سلێمانی گۆرِا؟ ئەمانە كـوردانی خـاوەن ناو و ناوبانگ بوون, رێبەرانی جوولانەوەی نەتەوەیی كورد بوون كـە لـە مـاوەی ئـەم سەدەیەدا گیانیان بەخت كردبوو. پاش ئاخرین سەردانـم بـۆ سـلێمانی لـە ١٩٩٣دا, نیگارخانەی شەهیدان هەر بەو رەنگە زەق و "هەڵپـژاو"ەی كـە كـرێملین لـە سـالانی "گەشە"دا روخساری كەسانی گومان لێكراوی پـێ پـاك دەكـردەوە, تووشـی گـۆرِان هاتبوو: شوێنەوارێك لـە وێنـەی قاســملوو نـەمابوو؛ وێنـەی مەلامـستەفاش بـوو بـە هەڵمەدووك. بە خۆم گوت داخوا بـزر بـوونی وێنەكـەی رەنگدانـەوەی ركەبەرایـەتی

تاکەکەسی و بوغزاوی تاڵەبانی بوو یان وەرچەرخانێك بوو کە لە بیرورِای ئێرانی ئیسلامیدا بەدی هاتبوو, کە من تێی‌نەدەگەیشتم؟ جارێ تەنیا قازی محەممەد بوو کە لەسەر دیوارەوە دەیروانییە رێبواران و بینەران. قازی محەممەد خاوەنی کەسایەتی و روخسارێکی پلە دووی خۆماڵی بوو؛ ئەو سەرۆکی کۆماری کەمتەمەن و بە ئاکام نەگەیشتووی مەهاباد بوو. مانەوەی وێنەکەی لەسەر ئەم دیوارە جێی سەرسورمان بوو. بەڵام داخوا بە لێکەوتنی شا و داکووژانی شەرِی سارد ئێستە هورمی قازی محەممەد خەوش‌وخاڵ هەڵنەگری دەنواند یان ئەمەی کە "قانوونێکی ناوچەیی, قانوونێکی نەنووسراو", ئیزنی شتێکی ئەوتۆی دەدا؟

ویلیام ئێنگلتۆن لە کۆتایی مێژووی کۆماری مەهابادەکەیدا دەگاتە ئەو ئاکامە کە ئەو کوردانەی وا لە ساڵانی ١٩٦٠دا شەریان بۆ بارزانی دەکرد, لە هێندێك بابەتاندا جگە لەم نەریتە کوردییەی کە لای وایە "شەرِ چاکترە لە بێکاری" بناغەیەکی فکریی ئەوتۆیان نەبوو. ئەم وتەیە بێگومان بۆ شی کردنەوەی بەشێکی بەرفرەوانی ئەم رووداوانەی کە منیان هێنایەوە سلێمانی, یاریدەر بوو. لانیکەم ئەمجار بە پێچەوانەی سەردەمی کی‌سینجێر واشینگتۆن دەرگاکانی خۆی لە رووی کوردان گاڵە نەدا و پەیتاپەیتا جێگری وەزیری دەرەوی بۆ ئەنجامی وتوویژ لەگەڵیاندا هەنارد. داخوا ئەمە بە بارێکدا پێشکەوتنێك بوو؟ یا ئەمەی کە — زۆریش وێدەچێ — تەقەلایەك بوو بۆ کەم کردنەوەی شوێنەواری خەسارێکی کە وە شوێن کەوتنی سیاسەتێکی سەرنەکەوتوو بەدی هێنابوو, کە نەیتوانیبوو سەددام حوسێن تێکەوەپێچێ یان ئاشتییەك بخاتە نێوان ئیسرائیل و فەلەستینییەکان کە خۆی وادەیەکی نەگوتراو بوو کە ئەمریکا بە پاڵپشتی وی توانی پشتیوانیی عەرەبان لە هەڵمەتی "تۆفانی سارا"دا بۆ لای خۆی راکێشێ؟

هەروەها ئێگلتۆن دەڵێ: "دەکرێ پێش‌بینی بکرێ کە هەر وەك چۆن لە کۆنەوە دەزانین, لە داهاتوویەکی نیزیکیش‌دا کوردان لە ناوچە پرِ دۆڵ و دەرەی دوورەدەست و شاخاوییەکانیاندا لایان لێ‌نەکرێتەوە یان لە بیران بچنەوە. ئەودەم بە تەماگرتن یان بە هۆی پیاوەتی و ئازایەتی, هێندێك لە چاوناسەکانی ساڵی ١٩٤٦ی مەهاباد و دیتران و لاوانێك کە ئەو دەمی لە مەهابادا نەناسرابوون, دیسان جارێکی تر سەرهەڵدەنەوە و

دەنگیان بگەیەننە گوێی خەڵکی جیهان." تەواوی هیوایەکی کە من دەمتوانی بمبێ ئەمە بوو کە کوردانی لاوتر و ئاقڵمەندتر دیسانیش بتوانن ئەشتەکێك لە ژێر هەرەسی ئەم دەرفەتەی کە بۆ "ژیانەوە" زۆر لەباری دەنواند, قوتار بکەن. بەڵام زۆرێك لە کوردان دەترسان کە سەردەمێکی نوێی داپلۆسین, لە داهاتوویەکی نەپساوەدا, لە لایەن وڵاتانی دەروجیرانەوە بێتە کایەوە: ئەم دەرودراوسێیانەی کە ئەگەر لە هیچ خاڵێکیشدا هاوبیر و هەست نەبن, لە رق و دوژمنایەتییەکی قووڵدا سەبارەت بە کوردان و ناسیۆنالیزمی کوردا هاوبیر و هەستن. کوردان – رەنگە بە رەشبینییەکی زۆرەوە – ئاور و سەرنج وێنەدانی رۆژاوایان بە ئێستاش نەدرکاندبێ, بەڵام لە داهاتوودا بە کارێکی ئاشکرا و بێئەملاوئەولایان دادەنا.

لە ئاخروئۆخری ئۆکتۆبرا, وەختایەکی کە لە وەزارەتی دەرەوە لە نووسینگەی کاری یەکێك لە گەورە کاربەدەستەکاندا رۆنیشتبووم, لە خۆم دەپرسی: داخوا ئەم خەڵکە بەشەرەفە چ لە وتەکانی ئەم کاربەدەستە پایەبەرزە هەڵدەکرێنن کە زۆر پێداگرانە دەڵێ ئەو چەترە ئاسمانییەی کە کوردستان دەپارێزێ, تەنانەت ئەگەر ئەیالەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا تاقیش بکەوێتەوە دیسانیش هەر کۆ ناکرێتەوە!؟ دۆستە دیپلۆماتەکەم ئێراق و کوردانی وەك "لوبنانی ساڵانی دەیەی ۱۹۹۰" باس دەکرد؛ ئەویش وێڕای تەواوی ئەم خەفەتانەی کە ئەو گێرە و کێشە دووورودرێژ و پڕاوپڕ لە زوڵم و زەبروزەنگ و ئاژاوەیەی رۆژهەڵاتی مەدیتەرانە بە دوایەوە بوو. هەرچۆنێك بوو, من گومانم لەمەدا هەیە کە پێشبینی رابوونەوەی هەتاهەتایی, لەو ماوەیەدا کە توانای کارانم ماوە, وەدی بێ. لێمببوورن ئەگەر وەك هەواڵنێرێکی پیر و لەخۆبایی خەم دەخۆم, چونکە لە ناخی دڵەوە ئاواتەخوازم کە ئەی خۆزگە ئەو کات لەوێ بووبایەم و هەواڵی رەوتی خەباتیانم بڵاوکردبایەوە.

ئەو هێزانەی کە لە ماوەی پاشەکشەی بارزانییەکان لە ئێراقەوە بۆ ئاراز بەشداری شاڵاوەکان بوون.

١- هێزەکانی دامەزراو لە بەرەگەی بەرگریی خۆی - قتوور
ئەلف - ٤ گوردانی پیادە کە بریتی بوون لە:
گوردانی ٣ی هەنگی ١٠
گوردانی ٢ی بەهادور
گوردانی ٢ی هەنگی ٣٢
گوردانی ٣ی هەنگی ئاهەن
ب - ئاگربارێکی تۆپی ٧٥ی چیایی ٤ قەبزە
ج - ئارەبانەی شەڕ ٤ دەزگا
د - بێتەل ١ دەزگا
٢- هێزەکانی شوێنگێڕ لە ستوونی تەرگەوەڕ کە بریتی بوون لە:
ئەلف: گوردانی ئیسفەهان
ب - گوردانی ئازەرپاد
ج - تۆپی ٧٥ی چیایی ٢ قەبزە
د - ئارەبانەی شەڕ ٢ دەزگا
هـ - بێتەل ١ دەزگا
٣- هێزەکانی پاشەکەوت و پشتیوان دامەزراو لە شاپوور (سەڵماس):
ئەلف - هەنگی سوارەی فەوزیە جگە لە پۆلەسوارێك
ب - ئاگربارێك تۆپی ٧٥ی چیایی ٤ قەبزە
ج - بێتەل ١ دەزگا
٤- ستوونی ماکۆ بریتی بوو لە:
ئەلف - گوردانی ١ی هەنگی ١٢ی کرمەشان

ب – گوردانی ٢ی هەنگی ٢٧

ج – دەستەیەك خۆمپارەهاوێژ ٢ قەبزە

هـ – بێتەل ١ دەزگا

٥– سیاچەشـمە:

ئەلف – گوردانێك لە هەنگی بەهادور

ب – بێتەل ١ دەزگا

٦– قەرەزیائەددین:

ئەلف – گوردانی ٢ی هەنگی ١٢

٧– خۆی:

ئەلف – هەنگی سوارەی کوردستان جگە لە پۆلـەسوارێك [1]

٨– سەرجەمی ئەو پۆل و لکانەی نێردرابوونە بەرە:

ئەلف – ١٠ گوردانی پیادە (بە بێ قۆرخانەی پشتیوان)

ب – دوو هەنگی سوارە جگە لە ٢ پۆلـەسوار

ج – ١٤ قەبزە تۆپی ٧٥ی چیایی

د – ٦ ئارەبانەی شەڕ

هـ – ٢ قەبزە خۆمپارەهاوێژ

و – ٥ دەزگا بێتەل

٩– ئەوانەشی بێتە سەر:

ئەلف – فڕۆکەکانی بنەگر لە فڕگەکانی تەورێز و ڕەزائییە و ماکۆ

ب – جاشە چەکدارەکانی شکاك بە سەرکردایەتی سەرگورد سوڵحجوو – جاشە چەکدارەکانی ڕەشید بەگی هەرکی بە سەرکردایەتی سەروان زەررابی و بەکرێگیراوانی چەکداری سەرۆك عەشیرەتەکانی ماکۆ بە سەرکردایەتی سەرهەنگ زالتاش

ج – هێزەکانی ژاندرمە [2]

١- زەربەخت, مورتەزا, لە کوردستانی ئێراقەوە تا ئەوبەری چۆمی ئاراز, لاپەڕە ٨٣ – ٨٤, ڕاپۆرتی سەرهەنگ فیوزی سەرۆکی ناوەندی سەرکردایەتی لەشکری ٤ی ئازەربایجان.

٢- هەمان.

یادداشتەکان

بەشی ١

- "قەتڵی ڕێبەرانی کورد لە ئێراق", بڕوانە سیامەند عوسمان: "موتالا لە مێژووی پارتی دێموکراتی کوردستانی ئێراقا ١٩٤٦ – ١٩٧٠", کۆتاییnامەی بڵاونەکراوەی خولی دوکتۆرای قوتابخانەی باڵای موتالاکانی کۆمەڵایەتی, پاریس ١٩٨٥, لاپەڕە ١١٥ و "سوڵحێکی کە کۆتایی بە هەموو سوڵحێك هێنا": "ڕووخانی ئیمپراتۆریتی عوسمانی و پێکهاتنی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی نوێ." نیۆیۆرك ١٩٨٩, لاپەڕە ٤٢٢.

بەشی ٢

- "هەزاران ئاخ..." ڕێنێ مووریە, "یا مەرگ یا کوردستان" پاریس ١٩٦٧, لاپەڕە١٥.
- ژمارەکانی زیادبوونی جەماوەر: دێیوید مەك داوڵ, "مێژووی هاوچەرخی کورد", لەندەن, لاپەڕە ٤٤١.
- بەراوردەکان پێشاندەری ئاستی مامناوەندی ئەو ژمێرانەن کە لە چەندین دەوڵەت و سەرچاوە نەتەوەیی‌یەکانی کوردەوە وەرگیراون. دەبێ بە پارێزەوە چاو لەم ژمارە و ڕێژە جەماورییە بکرێ. بۆ وێنە دەتوانین بە مەبەستی لەبەریەك ڕۆنان و پێکگرتن ئەمە بزانین کە کۆمەڵی نەتەوەکان لە ١٩٢٥دا جەماوەری کوردستانی بە سێ میلیۆن کەس قەبڵاندووە کە نیوە لە تورکیا, ٧٠٠/٠٠٠ کەس لە ئێران ٥٠٠/٠٠٠ کەس لە ئێراق و ٣٠٠/٠٠٠ کەسیان لە سووریا دەژیان. بیست ساڵ دواتر وێڕای نەخشەیەکی کە لە سانفرانسیسکۆ درایە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ژمارەی ٩ میلیۆن کەس هاتە گۆڕ, کە بێگۆمان ژمێرەیەکی باڵا بوو. لە نێو ئەو کەسانەدا کە

لانی‌کەمیان دێنایە گۆڕ ویلیام لین وێسترمان دیارە کە لە بەرهەمەکەی خۆیا بە ناوی کاروباری دەرەوە (ژووئیەی ١٩٤٦) جەماوەری کوردی بە ٢/٤١٩/٠٠٠ کەس دا دەنا, بەمجۆرە: تورکیا و ئێران هەرکام ٧٠٠/٠٠٠ کەس, ئێراق ٤١٩/٠٠٠ کەس, یەکێتی سۆڤیەت ١٢/٥٠٠٠ کەس و سووریا ١٠٠/٠٠٠ کەس. مارتین وان برووئین سێن ئاگادار لەسەر کێشەی کورد لە ١٩٧٠دا ژمارەی جەماوەری کوردستان بەمجۆرە دەقەبڵێنێ: تورکیا ٥/٧ میلیۆن, ئێران ٤ تا ٤/٥ میلیۆن, ئێراق ٢ تا ٢/٥ میلیۆن, سووریا ٥٠/٠٠٠ و ٦٠/٠٠٠ تا ١٠٠/٠٠٠ کەس لە یەکێتی سۆڤیەت. دێیوید مەك داوڵ لە بەرهەمی خۆیا بە ناوی "کوردان, گەلێکی مافخوراو" (لەندەن ١٩٩٢, لاپەڕەی ١٢) سەرجەم کوردان بە ٢٢ میلیۆن کەس دەزانێ, بەمجۆرە: تورکیا ١٠/٨ میلیۆن یان لە سەتا ١٩ی جەماوەری ٥٧ میلیۆن کەسی وڵات؛ ئێراق ٤/١ میلیۆن یان لە سەتا ٢٣ی جەماوەری ١٨ میلیۆنی وڵات؛ ئێران ٥/٥ میلیۆن یان لە سەتا ١٠ی جەماوەری ٥٥ میلیۆنی وڵات؛ سووریا ١ میلیۆن یان لە سەتا ٨ی جەماوەری ١٢/٥ میلیۆنی وڵات. نیومیلیۆن لە یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو و ٧٠٠/٠٠٠ کەس لە شوێنەکانی‌تر, بە لانی زۆر لە ئورووپای ڕۆژاوا.**Mountainaus irrelevancy**: بڕواننە کتێبی کوردان، نووسراوی مێهرداد ئیزەدی. واشینگتۆن و لەندەن ١٩٩٢، لاپەڕە ٤١.

– ژمارەی مردووەکان نیزیکەی ٤٠٠٠ کەس بوو؛ هەمان سەرچاوە.

➢ ٧٠٠٠٠٠ کەس کە زۆر و کەم نیوەیان تێداچوون: سورەییا بەدرخان "سکاڵای کوردان دژی تورکیا" پرینتێستێن، لاپەڕەکانی ٣٣ – ٣٤، بە گوێرەی گێڕانەوەی "کوردان و کوردستان" نووسراوی ئارشاك سێفراستیان، لەندەن، ١٩٤٨، لاپەڕە ٧٦. سەرچاوەکانی تر کوژران و تێداچوونی کوردان لە ماوەی شەڕا بە ٧٠٠٠٠٠ کەس دەقەبڵێنن. بڕواننە نووسراوەی کەندالّ لە "خەڵکی بێدەوڵەت"دا، (ژرار شالیان).

➢ "کوردستان نیشتمان بوو": ئیزەدی، "کوردەکان"، لاپەڕە ٥٩.

➢ "سازکردنەوەی مێژووی کوردی": هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ٢٣.

➢ "کـــوردان دەتـــوانن ... بـــیخەنە ڕوو": وێـــستزمان؛ "کاروبـــاری دەرەوە"، (ژووئیەی ١٩٤٦).

➢ گزنفۆن، "ئاناباسیس" (لەشکرکێشی سەرنەکەوتوو).

➢ "ژمارەیـــان ڕوو لـــە کـــەم بوونەوەیـــە": ئیـــزەدی، "کوردەکـــان"، لاپـــەڕەکانی ١٤٥ و ١٥٨.

➢ "دوژمنایەتییـــەکانی بنەماڵـــەیی": مـــارتین وان بـــرۆین ســـێن، گۆڤـــاری گوزارشـــتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست (ژووئیە – ئووتی ١٩٨٦).

بەشی ٣

➢ مالرۆ: "دارگوێزەکانی ئاڵتنبێرگ"، پاریس ١٩٤٥.

➢ "ئەگەر لە بیرتان چۆتەوە": واشینگتۆن پۆست، ٢٥ی ژانویەی ١٩٩١.

➢ نیزیکەی ٤٠٠ پیاوی بەعسی: وتوویژ لەگەڵ وشیار زیباری، سەلاحەددین، ٢٠ی فێوریەی ١٩٩٢. کەنعان مەککیە لە نووسراوەی خۆیا بە ناوی "دڵڕەقی و بێـدەنگیی، شەڕ، زۆرکاری، شۆڕش و جیهانی عەرەب" ژمارەیەکی باڵاتر، واتە دەڵێ ٧٠٠ کەس.

➢ "لە هەڵەبـجە چیان کرد": بە گوێرەی نووسراوەی مەککیە، لاپەڕە ٨٩.

➢ "نیزیکەی ٣٠٠٠ کەس": وتوویژ لەگەڵ نۆشیروان مستەفا ئەمین، لەندەن، ٢٣ی نوامبری ١٩٨١ [١٩٩١].

➢ "چـرکەیەك": گـوین ڕابێـرتس – فیلـمێکـی بەڵگـەداری تەلـەفیزیۆنی بـە نـاوی: "ئەوخەیاڵەی خەیانەتی پێکرا"، ئاوریلی ١٩٩١، کەناڵی چواری لەندەن، بە گـوێرەی گێڕانەوەی مەککیە لە "دڵڕەقی و بێدەنگیی"دا، لاپەڕە ٨٩.

➢ "ئاکامی حەفتا ساڵ خەبات": کۆنفرانسێکی ڕۆژنامـەوانی، هـەولێر، ٢٤ی مارسـی ١٩٩١؛ بڕوانە ژمارەی ٢٧ی مارسی ١٩٩١ی واشینگتۆن پۆست.

➢ "من قەت وامنەدەزانی": وتووێژ لەگەڵ نۆشیروان مستەفا ئەمین، لەندەن، ٢٣ی نوامبری ١٩٩١.

➢ "ژمارەی تانکەکانی ئێراقی": ژمارەی ٢٥ی مارسی ١٩٩١ی نیۆیۆرك تایمز.

➢ "دەمانتوانی بمانبێ": نیۆیۆرك تایمز، ٢٥ی مارسی ١٩٩١.

➢ "شیاوی باس": گوزارشت لە ئیندیپێندنتی یەکشەممۆیاندا، ڕێکەوتی ٨ی دێسامبری ١٩٩١، جان بولاك لە زمان "ژێنێراڵ کالین پاوێل" سەرۆکی ناوەندی سەرکردایەتی هاوبەشەوە دەگێڕێتەوە کە لە ٢٥ی ئووتی ١٩٩١دا بە یەکێك لە ژێنێراڵەکانی گوتووە: "من تەنیا بیر لە کۆتایی کایەکە دەکەمەوە. ئێمە سەرەنجام لەگەڵ ئێراق چ دەکەین؟ ئێمە دەتوانین هیچیان بۆ نەهێڵینەوە. بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی لەتەك ئێرانا چیمان بە دەستەوە نیە. بە بڕوای من باشتر وایە لێیان گەڕێین سپایەکی ١٠٠٠٠٠ کەسی و نیزیکەی ١٠٠٠ تانکێکیان هەبێ."

➢ "پێنج ساڵ دواتر": وتووێژی ناوەندی وتە وەشاندنی پابلیك برروود کستینگ کوورپوورێیشن لەگەڵ دێوید فراست، بە گێڕانەوەی لۆس‌ئانجلێس تایمز، لەگەڵ چاپی دووبارە لە ژمارەی ١٦ی ژانویەی ١٩٩٦ی ئینتێرنەشناڵ هرالد تریبیۆندا: "بووش گوتی دەبوو بیر لە لابردنی سەددام کرابایەوە ... من دروستم لێك‌نەدابۆوە، لام وابوو دەڕوا."

➢ "سەدان هەزار کەس لە کوردەکانی تورکیا": سەرهەنگ فرانسوا بووك واڵتێر، وابەستەی پێشووی نیزامیی فەڕانسە لە تورکیا حیسابی کرد کە ٤٠٠٠٠٠ تا ٧٠٠٠٠٠ کورد ڕایانکرد. وتووێژ لەگەڵ نووسەر، پاریس، ١١ی نوامبری ١٩٩١.

بەشی ٤

➢ سەری سوڕمابوو کە "ئەم خەڵکە بۆچی هێندە بۆ کوردان خۆیان دەچۆقێنن": وتوویژ لەگەڵ یەکێك لە کاربەدەستانی کۆشکی ئێلیزە کە زۆر پێداگر بوو ناوی نەدرکێ.

➢ "گریمانەی تاوانی مێژوویی": وتوویژ لەگەڵ دێیوید گوربووس، لە یانەی کاروباری دەرەوە و شەریکەقازانج، لەندەن، ٢٨ی نوامبری ١٩٩١.

➢ "منالەکان جوانن": وتوویژی تەلەفۆنی لەگەڵ ئالێن پیزی، ڕۆم، ١٤ی ژانویەی ١٩٩١.

➢ ئێریك ڕۆلۆ: وتوویژ لەگەڵ ڕۆلۆ، پاریس، ١٦ی ژوەنی ١٩٩٤.

➢ "فرۆشتنی فرۆکەکانی هانتێر"، وتوویژ لەگەڵ باڵوێز "بێرنار دووریێن"، باڵوێزخانەی فەرانسە، لەندەن، ٢٧ی نوامبری ١٩٩١.

➢ "ڕاکردنی گالبریس لە یەکشەممۆی جێژنی پاکدا": وتوویژ لەگەڵ پیتێر گالبریس، واشینگتۆن دی.سی. ٢٩ی ژووئیەی ١٩٩١.

➢ "وەك خۆکوژیی سیاسی دەبوو": وتوویژی تەلەفۆنی لەگەڵ باڵوێزی ئەمریکا "مورتۆن ئابراموویتێس، واشینگتۆن دی.سی. ٨ی ئووتی ١٩٩١.

➢ "کەلامی سێحراوی": وتوویژ لەگەڵ پاتریش پاتۆلی، وەزارەتی دەرەوە، پاریس، ٢ی نوامبری ١٩٩١.

➢ "هەڕەشە لە ئاشتی و تەناهی جیهان": وتوویژ لەگەڵ تونگای ئوزچری باڵوێزی تورکیا، بنکەی ناتۆ، برووکسێل، ٢٢ی ئۆکتۆبری ١٩٩١.

➢ Refoulement (گێڕانەوەی پەنابەران بۆ زێد و نیشتمانیان): پێنج ساڵ پاش گێڕانەوەی بە زۆرەملی هووتووەکان لە تانزانیا و زەئیرەوە بۆ نیشتمانیان (ڕواندا)، یەکێك لە کارناسانی کاروباری پەنابەران باسی بڕیارێکی کرد کە بە گوێرەی وی قەرار وابووە لە ١٩٩١دا لە بری وەی کوردان بچنە خاکی تورکیاوە، وەك پێشەکی و دەسپێکێ بۆ کۆتایی هێنان بە پەنابەریی سیاسی بە جۆرێك کە لە بەشی هەرە زۆری نیوەی دووەمی ئەم سەدەیەدا لەم لەبزەوە دەردەکەوێ، لە خاکی ئێراقا ڕاگیریان کەن. بەڵام ئەمە ڕەنگدانەوەی شێوە تێگەیشتنێك بوو کە لە بڕانەوەی شەڕی دووەمی

جیهانییەوە بۆ ئەم لایە و لــە مـاوەی شەڕی ساردا بــرەوی هەبوو. لەوان سەردەماندا لەبری دابین کردنی یارمەتی و باڵ بەسەرکێشان بەسەر ئەم چەشنە پەنابەرانە لە زێـد و نیشتمانیاندا، لە وڵاتانی سێهەمدا وەك جەماوەری جیهانی وەردەگـیران و میوانـدارییان دەکرا.

➢ "نارەزامەندیی سەرەتایی دەوڵەتی بووش سەبارەت بە گەڵاڵەی ناوچـەی پـارێزراو": وتووێژ لەگەڵ ئوزچـری، ٢٢ی ئۆکتـۆبری ١٩٩١. ئوزچـری گـوتی: "وەختایـەك ئوزەل یەکەم جار فکری دانانی "ناوچەی پارێزراو"ی لەتـەك "بێیکێـر"دا هێنایـە گـۆڕ، بێیکێر سەری سوڕما و گوتی کە دەوڵەتی ئەمریکا لەگەڵ ئەم بیرە کـە بـە بـڕوای وی مەترسیدار و نائاسایی بوو ڕێكناکـەوێ و زیـادی کـرد واشـینگتۆن دەیـەوێ زۆر زوو هێزەکانی لەم گەڕ و گەرداوە بەرێتە دەر نەك ئەمەی کە لە باکووری ئێراق لە شەڕیان وەردا.

➢ "لـــە بابــەت نــاردنی یارمەتییــەکانی مــرۆڤدۆســتانەوە": ماریۆبتــاتی، مامۆســتای کاروباری دەرەوە، زانکۆی پاریسوو (پاریسی باشووری)، لە وتاری ژمارەی ڕێکـەوتی ١٤ی ئاوریلی ١٩٩١ی واشینگتۆن پۆستدا.

➢ "کارتێکردنی ڕۆڵۆ لەسەر ئابرا موویتێس و هەناردنی دیپلۆماتەکانی ئـەمریکایی بـۆ سەر سنوور": وتووێژ لەگەڵ مارك گروسـمەن، باڵوێزخانـەی ئـەمریکا لــە ئانکـارا، ٢ی ئۆکتۆبری ١٩٩١.

➢ "لوێچێك گەنـمەشامی باوێیە بەر پۆلە کۆترێك": ئان دێـو ڕووی و مـوولی مـوور. واشینگتۆن پۆسـت. چـاپی سـەرلەنوێ لــە ژمـارەی ڕێکـەوتی ٥ی ئـاوریلی ١٩٩١ ئینێتـرنەشناڵ هرالد تریبیۆن.

➢ "گرینگایـەتی دیدارەکـەی بێیکێـر": وتووێـژ لەگـەڵ ئـابراموویتێس، ٨ی ئـووتی ١٩٩١.

➢ "ڕەنگە باشترین دوازدە خولەکێکی بەختەکراو بێ": لەســەر زمـانی دان کـرووم، کاربەدەستی بەرپرسی کاروباری پەنابەران، سەر بە باڵوێزخانەی ئەمریکا لە ئانکارا، لە وتووێژ لەگەڵ نووسەراندا، ژنێڤ، ٣١ی ئۆکتۆبری ١٩٩١.

➢ "تەنیا شاڵاوی نیزامیی": وتوویژ لەگەڵ جین هووارد، ئیدارەی کاروباری دەرەوە و شەریکەقازانج، لەندەن، ٢١ی ژووئیەی ١٩٩١.

➢ کەلك وەرگرتن لە فڕۆکەی سی – ١٣٠: ویکتۆر تاتێر. "شاڵاوی بێ هاوتا، ئەو پەندانەی کە لە ١٩٩١دا فێریان بووین" ڕاپۆرتی ئینتێر تێکت، فرێدریك کۆنی، کە لە ماوەی چالاکی دابین کردنی ئاسایشدا ڕاوێژی بۆ هێزە چەکدارەکانی ئەمریکا دەکرد.

➢ "ئەو حەوتە ترسناکانەی کەس لە پای تەلەفۆن نەبوو": وتوویژ لەگەڵ گوربووس، ٢٨ی نوامبری ١٩٩١.

➢ "ژمارە و ڕادەی تێداچووەکان": ناوەندی پێش‌گرتنی نەخۆشییەکان، ڕاپۆرتی حەوتانەی نەخۆشییەکان و مەرگ و نەمان، ٥ی ژووئیەی ١٩٩١، بەرگی ٤٠، ژمارەی ٢٦ بۆ سنووری تورکیا، وتوویژی بە تەلەفۆن لەگەڵ کۆمیساریای باڵای ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە کاروباری پەنابەراندا, ژنێڤ, ١٤ی دێسامبری ١٩٩٣. سەبارەت بە ژمارەکانی پێوەندیدار بە ئێرانەوە, کاربەدەستێکی ئەمریکایی لە دەسپێکی ئاوریلا مەترسی گەورەی لە بلاڤۆکاندا بلاوکردەوە: "ڕۆژانە ١٠٠٠ کەس دەمرن و ئێمە بە بەرپرسیار دەزانن" و هەروەها یەکێك لە کاربەدەستانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ئێران کە گوتی ڕۆژانە ٢٠٠٠ کەس لەم وڵاتە دەمرن. ڕادەی مەرگ و نەمان بە پێی ڕاپۆرتی "ناوەندی پێش‌گرتنی نەخۆشییەکان" دابەزی, چونکە دوو باڵی زۆر ناسکی جەماوەر, یانی منالان و پیران, خێرا تێدا چوون و هەروەها لە سایەی خۆتێوەردانی خێرای پزیشکانی کلاوشین لە سنووری تورکیا, کە خێرا باری ساخلەمییان بەرەو باشی برد, ئاوی خاوێنیان دابین‌کرد.

➢ "نەك تەنانەت دۆلارێك": وتوویژ لەگەڵ جەلال تاڵەبانی, هەولێر, ١٢ی فێوریەی ١٩٩٦.

➢ "دەرفەتێك لە دەس نادا..." دێوید برووددێر, لە واشینگتۆن پۆست لە ئینتێرنەشناڵ هرالد تریبیۆن, ڕێکەوتی ١٠ی ئاوریلی ١٩٩١.

➢ "ئەوانەی بردیانەوە...": ویلیام سافایر, لە نیۆیۆرك تایمز, لە "ئینتێرنەشناڵ هرالد تریبیۆن"ی ڕێکەوتی ٢ی ئاوریلی ١٩٩١دا.

➢ "کاربەدەستانی ئینگلیسی بڕوایان وا نەبوو ...": وتوویــــژ لەگـــەڵ دیپلۆماتـــە ئینگلـــسییەکان کـــە ویـــستیان ناویـــان نـــەبرێ – ئیـــدارەی کاروبـــاری دەرەوە و شەریکەقازانج, ٢٣ی ژووئیەی ١٩٩١.

➢ "لەسەرەخۆ سەری هەڵێنا..." وتوویژ لەگەڵ ریچارد هاس, واشینگتۆن دی.سی. ١٩ی دێسامبری ١٩٩١. هاس پێنج ساڵ دواتر دەستی لە کار هەڵگرت. کاتێک کوردان دایانە کێو, ئەو لە دۆزەکە نەگەیشت و دەوڵەتی بۆ خۆگنخاندن دنە دا. بە شێوەیەکی کە هیچ قسەیەکی بە بیسەر نەدەهێشت, گوتی: "هەڵەم کرد."

➢ "ڕاوێژیان لەگەڵ ئێمەدا نەکرد..." وتوویژ لەتەك یەکێك لە کورسی‌نشینان کە پێی‌خۆش بوو بە نەناسیاوی وەمێنێ, وەزارەتی دەرەوە, واشینگتۆن دی.سی. ٢٨ی ژووئیەی ١٩٩١.

➢ "دوژمنایەتی خەڵك": وتوویژ لەگەڵ فیبی‌مـــار, واشـــینگتۆن دی.ســـی. ٢٨ی ژووئیەی ١٩٩١.

➢ "لە شوێنی خۆیان بنەگر ببوون": ئان دێو ڕووی و موولی موور, واشینگتۆن‌پۆست و چاپی سەرلەنوێ لە ئینتێرنەشناڵ هرالد تریبیۆندا, ١٥ی ئاوریلی ١٩٩١, دەربڕی کە ئەم بڕیارانە لە پایزی ١٩٩٠دا گیراون.

➢ "ئەگەر بێیکێرت دواندبا": وتوویژ لەگەڵ دیپلۆماتێکی باڵای ئەمریکا کە لەگەڵ بێیکێر یەك‌بوو و بەم مەرجە وتوویژی کرد کە ناوی نەدرکێ.

➢ "١٠٠٠٠ کەس": بە گوتەی ژێنێراڵ ئێچ. نۆرمەن. شوارتسکۆف لەم شەڕەدا ٢٨ کەس لە هێزە هاوپەیمانەکان کوژران. (شوێنێك بۆ قارەمانێتی نامێنێتەوە, نیۆیۆرك و لەندەن, ١٩٩٢, لاپەڕە ٥٦٤.) کوژراوانی ئەمریکایی بریتی بوون لە ١٤٨ کوژراو, بە پێی گوتەی تێئۆدۆر دریپێر ٣٨ کەس بەر گوللە و دەسرێژی هێزەکانی خۆیی کەوتن, توێژینەوەی کتێبی نیۆیۆرك, ٣٠ ژانویەی ١٩٩٢, لاپەڕە ٤٢.

➢ "لیزگەیەك بێ‌ئابروویی": ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی لە فێوریەی ١٩٩٦دا گوتی پتر لە دە دوازدوە دامەزراوەی ئورووپایی بۆ تەیار کردنی ئێراق بە چەکی ناوکی

پێکەوە کێبەرکێیانە؛ ئەو چەکانەی کە وێدەچێ لە ساڵی ١٩٩١دا دژی هێزکانی ڕۆژاوایی دەکار کرابن. دەربڕینی ئەم مەبەستە دروست بەر لە بڵاوکرانەوەی ڕاپۆرتی ئێسکات بوو کە سەبارەت بە کەترەخەمی بە ئانقەستی بریتانیا، لەمەڕ نەدانی گوزارشت بە پارلەمان، پاش شەڕی ئێران و ئێراق، خەریکی کۆڵینەوە و بێڕاگەیشتن بوو؛ چونکە دەوڵەت لەمە ترسابوو کە ئەم شێوە مامەڵانە لە باری سیاسییەوە سەرێشەی بۆ ساز کا. هەروەها لە ١٩٩٢دا کۆمیسیۆنی کۆڵینەوەی کاروباری سەبارەت بە وزە و بازرگانێتی پارلەمان شایەدی کاربەڕێوەبەرانی دەوڵەتی لە بابەت سیاسەتی ئەمریکاوە دەربارەی ئێراق گوێ دایە: نیۆیۆرك تایمز لە ٨ی مارسی ١٩٩٢دا بە وتەی گاری میلوولین، بەڕێوەبەری پرۆژەی چاوەدێری چەکە ناوکییەکان و یەسکانسین نووسی: "لە مابەینی ساڵانی ١٩٨٥ و ١٩٩٠دا وەزارەتی بازرگانی ئەیالەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وەرەقەی ناردنی کەلوپەل و کەرەسەی بارناسکی ئیستراتژیکی بە بڕی ١/٥ میلیارد دۆلار بۆ ئێراق پەسند کرد. زۆرێك لەم کەرەسە و کەلوپەلانە ڕاستەوخۆ بۆ ساز کردنی چەکی ناوکی و شیمیایی و دامەزرانی بنکەی هاویشتنی مووشەك دەکار دەکران." ڕاستەوڕاست دەقی ئەم مەبەستە لە ژمارەی ٢٥٠ی "میدێل ئیست ئینتێرنەشناڵ"ی ڕێکەوتی ١ی مارسی ١٩٩٦یشدا چاپ کراوە.

➢ "یەکێك لە سەرچاوەکانی بانکی ناوەندیی ئێراق": یەکێك لە دوورخراوە کوردەکان کە زۆری نێوان لەگەڵ ئەم بانکە خۆشە، بە مەرجی ناو نەدرکانی ئەم زانیارییانەی وێدام، وتوویژ لەگەڵ نووسەر، پاریس، ٢٥ی سێپتامبری ١٩٨٨.

➢ "ئورووپاییەکان شتی زیاتر بفرۆشن": وتوویژ لەتەك یەکێك لە کاربەدەستانی وەزارەتی دەرەوەدا، کە لە دەیەی ١٩٨٠دا لە کەنداو کاری دەکرد و بە شەرتێك ناوی نەدرکێ وتوویژی کرد. ٢١ی دێسامبری ١٩٩١.

➢ "ئێراق کە بە خۆی و سپایەکی یەك میلیۆن کەسی لە شەڕ قوتار بووە". شوارتسکۆف: "شوێنێك بۆ قارەمانێتی نامێنێتەوە"، لاپەڕە ٣٤٦.

➢ "دەفتەری کاروباری ڕۆژهەڵاتی نیزیك و باشووری ئاسیا، هێزەکانی تەواو لێ ڕاگوێزابوو": وتووێژ لەگەڵ یەکێك لە کاربەڕێوەبەرانی نووسینگە، بە مەرجی ناو نەدرکانی؛ واشینگتۆن دی.سی. ٢٢ی دێسامبری ١٩٩٣.

➢ "کاری ئێمە لە ڕووی بینینەوە بوو": ڕابێرت دی.کاپلان: "لایەنگرانی عەرەبان: ڕۆمانسی یەکێك لە هەڵکەوتوانی ئەمریکا، نیۆیۆرك، ١٩٩٢، لاپەڕە ٢٧٤.

➢ "درایە دەس کارناسێکی خانەنشینی کاروباری کوردستان": وتووێژ لەگەڵ ئێگلتۆن، ویەن، ٢ی ژانویەی ١٩٩٢.

➢ "هەڕەشەیەك نەبوو بۆ سەر ئێمە": بە کوتەی دێو ڕووی و موور لە واشینگتۆنپۆستەوە لە ئینتێر نەشناڵ هرالد تریبیۆندا، ١٥ی ئاوریلی ١٩٩١.

➢ "تاڵەبانی لە وەزارەتی دەرەوە": وتووێژ لەگەڵ دیپلۆماتێك لە نووسینگەی کاروباری ڕۆژهەڵاتی نیزیك و باشووری ئاسیا کە سوور بوو لەسەر ئەمەی ناوی نەدرکێ، واشینگتۆن دی.سی. ٢١ی دێسامبری ١٩٩٢.

➢ "مەیلی سەبارەت بە ... فەرمانی بەڕێوەبەرایەتی لە لایەن سەرکۆمارەوە": وتوویژی تەلەفۆنی لەگەڵ شبلی مەلات، مامۆستای قوتابخانەی باڵای موتاڵای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئەفریقا، لەندەن، ١٥ی فێوریەی ١٩٩٥.

➢ "پرسیارەکانی ئێوە سەرنجڕاکێشتر بوون": وتووێژ لەگەڵ کایا توپری، ئانکارا، ٣٠ ژانویەی ١٩٩١.

➢ "سێسەت چوارسەت لاپەڕەم خوێندەوە": وتووێژ لەگەڵ تورگوت ئوزەل، کۆشکی سەرکۆمارێتی، ئانکارا، ٦ی ژانویەی ١٩٩٣.

➢ "ئەو شتانەی هێشتا بیرمان لێنەکردوونەوە": وتوویژی تەلەفۆنی لەتەك کامران قەرەداغیدا، لەندەن، ٢ی فێوریەی ١٩٩٤.

➢ "گەشتی چاندار بۆ لەندەن": وتوویژی تەلەفۆنی لەگەڵ چاندار، ئیستامبووڵ، ١٥ی ئۆکتۆبری ١٩٩١.

➢ "تکا دەکەم، تکا دەکەم ..." وتووێژ لەگەڵ قەرەداغی، لەندەن، ٢٩ی نوامبری ١٩٩١.

➢ "هێزەکانی ئێراقی دەکەوتنە خۆ" وتووێژ لەگەڵ پاتترووس، جێگری سەرۆکی لێژنە، باڵوێزخانەی ئەمریکا، عەممان، ١٤ی مەی ١٩٩١.

➢ "پێکەنیون و پرسیویانە تۆ چیت لێ‌هاتووە ...": وتووێژ لەگەڵ ئابراموویتێس، ٨ی ئووتی ١٩٩١.

➢ "یەکەم دیداری ترکان و کوردان": زۆر دواتر تاڵەبانی گوتی کە گرینگترین دەسکەوتی ئەم دیدارە ئەمە بوو کە ئیتر تورکیا سەبارەت بە پێوەندی ڕاستەوخۆی نێوان ئەمریکا و کوردان ئیعتزازی نەکرد. بڕواننە نووسراوەی مایکێل ئێم. گونتێر بە ناوی "کوردەکانی ئێراق"، تراژێدی و ئومێد"، نیۆیۆرک، ١٩٩٢، لاپەڕە ٥١، هەروەها وتووێژ لەتەك ئوزچری‌دا لە ناوەندی ناتۆ، برووکسێل، ٢٤ی ئۆکتۆبری ١٩٩١؛ ئوزچری وە بیری هێنایەوە کە ناوەندی سەرکردایەتی سپا لە تورکیادا بە دروستی تێکشکانی هێزەکانی سووکەڵەچەکی کوردی لە بەرامبەر سپای ئێراقا پێش‌بینی کردبوو: هەڵبەت نەك بەو شێوەیەش کە ئێراقییەکان لایان وابوو تەنیا گوردانێکی زرێدار بەس دەبێ.

➢ "زانیارییەکان ... دەنێردران بۆ ددانسازێکی کورد": وتووێژ لەگەڵ پیتێر گالبریس، زاگرێب، ٣٠ی ژوەنی ١٩٩٣.

➢ "ڕیچارد شیفتێر ... خۆی کەنار دا": وتووێژ لەگەڵ کەندال نزان، سەرۆکی ئەنستیتۆی کوردی پاریس، ١٨ی فێوریەی ١٩٩٤، نزان لە کۆبوونەوەکانی وەزارەتی دەرەوەدا ئامادە نەبیوو.

➢ "هەر سەرنجێکیش ...": وتووێژی تەلەفۆنی لەگەڵ زال وی خالدزە، واشینگتۆن دی.سی. ٢١ی دێسامبری ١٩٩٣. جان کلی لە کۆبوونەوەکانی کومیتەی دەرەوەی مەجلیسی پیراندا کە دەبوایە هەڵبژێرانی وی بۆ باڵوێزێتی لە فنلاند سەلماندبا، لە پێش‌دا گوتی کە وەزارەتی دەرەوە بە گوێرەی پێشینەی بەردەس کوردانی وەرگرتووە و

چونکە سەناتۆر کلی بوورن پۆل و سەناتۆر ئالێن کرانستێن بە پرسیارگەلێکی وردتر تێیانهەڵپێچا، بە ناچار پێی لێنا کە وەزارەتی دەرەوە کوردانی لە ٢١ی ئاوریلا وەرگرتووە نەك پێشتر. بۆ زانیاری پتر لەمەڕ وردەکاری سیاسەتی دەرەوە لەم پێوەندییەدا بڕوانە: "شەڕی نێوخۆ لە ئێراق" کومیتەی پێوەندییەکانی دەرەوە، ڕاپۆرتی مەجلیسی پیران، ڕێکەوتی ١٩٩١.

➢ "سیاسەتی ئێمە خلاس بوونە لە دەس گەڕی سەددام حوسێن": لە "شەڕی نێوخۆی ئێراق"دا هاتووە.

➢ "واشینگتۆن تووشی ئالۆزی ... بێ ئەملاوئەولا بوو": وتوویژ لەگەڵ فرێدریك کۆنی، پاریس، ١٠ی دێسامبری ١٩٩١.

➢ "٥٠٠٠٠ تا ١٠٠٠٠٠ پەنابەری ئێراقی": وتوویژ لەگەڵ یەکێك لە لێپرسراوانی نووسینگەی ڕۆژهەلاتی نیزیك و باشووری ئاسیا، کە بە مەرجی ناو نەدرکانی وتوویژی کرد. واشینگتۆن دی.سی. ٢٣ی دێسامبری ١٩٩٣.

➢ "لێپرسراوانی سعوودی پێشنیاریان کرد": "شەڕی نێوخۆی ئێراق".

➢ "پێویست ناکا لەمە پتر وەمێنێ": وتوویژی تەلەفۆنی لەگەڵ کامران قەرەداغی، ٨ی فێوریەی ١٩٩٤.

➢ "قەت بەڵێنی ئەوتۆمان نەداوەتە خەڵك": لەسەر زمانی دێو ڕووی و موور لە ئینتێرنەشناڵ هرالد تریبیۆندا، ١٥ی ئاوریلی ١٩٩١.

➢ "دیداری سێیەمی مارس": شوارتسکۆف؛ شوێنێك بۆ بوونە قارەمان ... لاپەڕە ٦٠٠.

➢ "دەقودۆغر بیڵێم ...": بێیکێر لە بەرنامەی "مەتڵەبی ڕۆژنامەکاندا"،١٧ی مارسی ١٩٩١ کە ڕاپۆرتەکەی لە ڕۆژنامەکانی ڕۆژی دواترا ڕەنگیدایەوە.

➢ "قەت هاودەنگی ئەو کارانە نیم کە سەددام حوسێن دەیکا": جۆزێف – فیچت، بە گوێرەی گێڕانەوەی ئینتێرنەشناڵ هرالد تریبیۆن، ٢٧ی مارسی ١٩٩١.

➢ "کردنەوەی سندووقچەی پاندۆرا": کریستیەن مووس هێلمز، بە گێڕانەوەی ئینتێرنەشناڵ هرالد تریبیۆن، ٢٠ی مارس ١٩٩١.

➢ "ڕاستییەکەی دەمانویست سەبر بکەین ...": بە گێڕانەوەی دێو ڕووی و موور لە ئینتێرنەشناڵ هرالد تریبیۆن، ٥ی ئاوریل ١٩٩١.

➢ "لەو شەوە تاریکەدا" نەزیلەی تەفروتونا بوون، لە زمان بارزانی و تاڵەبانییەوە، کوردستانی ئێراق، ئاوریلی ١٩٩١.

➢ "داستانی سەبراخان گرینگ": وتوویێژ لەگەڵ گرینگ، ڕانیە، ٢٩ی ئاوریلی ١٩٩١.

➢ "ئەرکی ئێوە ئەمەیە کە لە هەق ..." وتوویێژ لەگەڵ کەنداڵ نزان، پاریس، ٨ی مارسی ١٩٩٦.

➢ "ئەم گشتە کوژراوە ..." وتوویێژ لەگەڵ تاڵەبانی، ڕانیە، کوردستانی ئێراق، ٢٩ی ئاوریلی ١٩٩١.

➢ "وەختایەك گەڕانەوە واشینگتۆن چاوەڕوان مانەوە ...": وتوویێژ لەگەڵ "دان کرووم"، ژنێڤ، ٣١ی ئۆکتۆبری ١٩٩١.

➢ "ئەگەر دەتوانن کارێکی وا بکەن کە ئێراقییەکان ڕێگاتان بدەنە دهۆك": وتوویێژ لەگەڵ کۆنی، پاریس، ١٠ی دێسامبری ١٩٩١.

➢ "سیاسەت پێویستی بە بەڕێوەبەرایەتی بەردەوام هەیە": یەکێك لە لێپرسراوانی نووسینگەی کاروباری ڕۆژهەڵاتی نیزیك و باشووری ئاسیا، ئەو بە مەرجێك ئامادەی وتوویێژ بوو کە ناوی نەدرکێ؛ واشینگتۆن دی.سی. ٢٢ی دێسامبری ١٩٩٣.

➢ لە "بیست ساڵی ڕابردوودا ..." هەمان.

➢ "بڕوانن ...": وتوویێژ لەگەڵ دیپلۆماتێکی ئەمریکایی کە ویستی ناوی پارێزراو بێ. زاخۆ، کوردستانی ئێراق، ٢٣ی ژوەنی ١٩٩١.

➢ "بەراوردەکانی زێباری و سامی عەبدوڕڕەحمان": وتوویێژ لەگەڵ زێباری و سامی عەبدوڕڕەحمان، سەلاحەددین، ١٠ی فێوریەی ١٩٩٦.

بەشی ٥

➢ "خەباتی نەتەوەیی کورد": دێیوید مەك داوڵ، "کوردان، گەلێکی مافخوراو"، لەندەن ١٩٩٢، لاپەڕە ٢٠.

➢ "بەو هۆیەوە کە شەڕانی بوو": سێرمارك سایکس، هۆزە کوردەکانیئیمپراتۆریێتی عوسمانی، گۆڤاری مەردمناسی پاشایەتی، ئەنستیتۆی بریتانیای گەورە و ئیرلەند، بەرگی ٢٨ و ٣٨، ژانویەی ١٩٠٨.

➢ "لە بەرمەمکانەوە بۆ زیندان ..." دانا ئادامز ئیسمیت، "سەفەر بە نێو دلێراندا"، بوستێن، ١٩٦٤، لاپەڕە ١٣٨.

➢ "تەنانەت لە هەڵدێرەوە خۆیان هەڵدەدێرن": مارتین وان برووئین سێن، ئاغا، شێخ و دەوڵەت، زانکۆی ئوترێخت، ١٩٧٨، لاپەڕە ٣١١.

➢ "هەرکام لە ئەندامانی بنەماڵەی بارزانی": وتوویژ لەتەك سامی عەبدوڕڕەحماندا، ڕەواندز، ١٠ی ئۆکتۆبری ١٩٩١.

➢ "دەتوانم هەموو ولات ..." لەسەر زاری ڕێنێ مووریە، یان مەرگ یان کوردستان، پاریس ١٩٦٧، لاپەڕە ١٥٨.

➢ "کە وابێ عەداڵەت چی بەسەر دێ ..." وتوویژ لەگەڵ حەئیم لە واکۆف، تلاویو، ئۆکتۆبری ١٩٩١.

➢ "فیڵ و تەڵەکەی ئەمیر نیزام ...": بازیل نیکیتین، "کوردان، پێداچوونەوەی کۆمەڵایەتی و مێژوویی"، پاریس، ١٩٥٦، لاپەڕە ١٥٨.

➢ "دلڕەقی سمکۆ": ئارچی ڕۆزوێلت، ئەوینی فێربوون، بیرەوەری ئەفسەرێکی دەزگای زانیاری، بوستێن ١٩٨٨، لاپەڕە ٢٥١. لە ماوەی شەڕی یەکەمی جیهانیدا سمکۆ، "مارشیمۆن بنیامین"ی نەوەد ساڵانە، ڕێبەری مەزهەبی ئاشوریانی خستە بۆسەوە و پاش کوشتنی خوێنەکەی خواردەوە. شوو لێهەڵکێشانی سمکۆ بۆ پیاوکوژی و نواندنی زوڵم و زۆر، کوردانی یەکجار شەمزاند. یەکێك لە

مێژوونووسانی کورد دەڵـێ: "پێـشینەی دڵڕەقییـەکانی دەیــخاتە ڕیـزی خوێنخـۆرانی مێژوو، دەیـخاتە ڕیزی کەسانێکی وەك ئـاتیلا و ئەگەرچـی هـەتا ئـەمڕۆ لـەبۆ ترکـان خاوەنی قەڵافەتێکی قارەمانانەی شازە، بەڵام لـەبۆ کوردان و ڕۆژاواییـان بـە پێچەوانەیە. مێهرداد، ئیزەدی، "کوردان"، واشینگتۆن و لەندەن ۱۹۹۲، لاپەڕە ۵۷.

➢ "نامەی عوبەیدیللا": کتێبی شینی دەوڵەتی بریتانیا، تورکیـا، ژمـارە ٥، ۱۸۸۱، بـە گوێرەی گوتەی دێرك کینان لـە "کـوردان و کوردسـتان"دا، واشـینگتۆن و لـەنـدەن، ۱۹٦٤, لاپەڕە ٢٤.

➢ "لـە دەرەوەی شارە گەورەکان شتێکی ڕواڵـەتی بوو": ئیلی بانیسترسۆن، سـەفەر بـۆ دووچۆمان و کوردستان بە جلوبەرگی کەس نەناسەوە"، ۱۹۲٦، لاپەڕە ۱۲.

➢ "لۆرد کرۆزۆن، بە گوێرەی گوتەی ویلـسۆن ئـێن. هاوێـل، "یـەکێتی سـۆڤیەت و کوردان": پێداچوونەوەیەك بە کەمینەیەکی نەتەوەییدا، کۆتایینامـەی دوکتـۆرای بڵاونەکراوە، زانکۆی ویرجینیا، ۱۹٦٥، لاپەڕە ۱٤۳.

➢ "دۆزینـەوەی نـەوت": بەڵگەنامـەی دەزگـای زانیـاری ناوەنـدیی (سـیا)، هێلانـەی سیخوڕی، "کێشەی کورد لـە داهـاتوودا"، پێداچـوونەوەیەکی توێـژەوانی، ۳۰ ژوەنـی ۱۹۷۹.

➢ جەماوەری تێکەڵاوی کەرکووك کە بۆتە هۆی دووبەرەکی. تاقمێك لایان وایـە کـە زۆربـەی جـەماوەری وێ تورکمـانن، کـوردانیش گـەرەکێکی خۆیـان هەیـە، لـەگـەڵ کۆمەڵێك عەرەب و مەسیحی و جوولەکە.

➢ "لـە سەتا ۷٥ی نەوتی ئێراق": فانینەشاڵ تایـمز، ژمـارە ۲۰ی ئـووتی ۱۹۷٤ بـە گوێرەی گێڕانەوەی ژرار شـالیان لـە "خـەڵکی بـێ دەوڵـەت"دا، لـەنـدەن، ۱۹۸۰، بروو‌کلین ۱۹۹۳، لاپـەڕە ۱٦۱. لـەگـەڵ بەرهـەم هـاتنی پـتری نـەوت لـە چـاڵاوە نەوتییەکانی بەسرە، بەرهەمهێنانی نەوتی کەرکووك بە هەمان ئەندازە کەم بۆتەوە.

➢ "پەیـماننامەی سـێڤر سـووکایەتی بـە شـوێنەوە بـوو": سەرچـاوە ژرار شـالیان لـە "خەڵکی بێ دەوڵەت"دا، لاپەڕە ۳۷.

➢ "٤٠٠٠٠ تا ٢٥٠٠٠٠ وەرزێر"، مەك داول، "كوردان گەلێكی مافخوراو"، لاپەڕە ٣٧.

➢ "ڕەنگە میلیۆنێك": بازیل نیكیتین دەڵێ كە تەنیا میلیۆنێك كورد دوا بە دوای شكانی شۆڕشی شێخ سەعید دوورخراونەوە، "كوردەكان"، لاپەڕە ١٣٤.

➢ "ئیحساساتی كوردان زۆر لەگوڕبوو": ئارنوڵد ویلسۆن، "دووچۆمان ١٩١٧ – ١٩٢٠"، بە پێی گێڕانەوەی شالیان لە "خەڵكی بێدەوڵەت"دا، لاپەڕە ١٩١. ویلسۆن كە ئەو زەمانی ئەفسەری بڵندپایەی سیاسی بریتانیا بوو لە بەغدا، دەڵێ: "كوردان نە دەیانەوێ بكەونە ژێر ڕكێفی عوسمانی و نە ژێر دەسەڵاتی حكوومەتی دەوڵەتی ئێراق ... لە كوردستانی باشووری لە هەر پێنج كەسان چواریان پشتیوانییان لە گەڵاڵەی شێخ مەحموود دەكرد بۆ دامەزراندنی كوردستانی سەربەخۆ.

➢ "ڕاپۆرتی دەزگای زانیاری سپای بریتانیا": یانەی كۆلكەوانی (بایگانی) گشتیی، كیێو، ئینگلستان، ٤٥٣٣٤٠ e ٢١٩٩ ، ١٤ ژووئیەی ١٩٤٥.

➢ "دەوڵەتی مەحموود و بەیاننامەی دەوڵەتی ئینگلیس كە پاشی وی بڵاوكرایەوە": سی.جی. ئێدمۆندز، "كوردان، تركان و عەرەبان – سیاسەت، سەفەر و توێژینەوە لە باكووری ئێراق"، ١٩١٩ – ١٩٢٥، لەندەن، ١٩٥٧، لاپەڕە ٣٠١.

➢ كۆمیسێری باڵای ئێراق، لە نامە گۆڕینەوەی لەگەڵ وەزیری كۆلەدارییەكان بوردلیۆن، كۆمیسێری بریتانیا، لە ١٠ی فێوریەی ١٩٢٦دا هەروەها دەڵێ: "من ئەم مەبەستە دەسەلمێنم كە هەتا بەهاری ١٩٢٣ وا دەهاتە بەرچاو كە ڕەنگە پێویست بێ جۆرێك خودموختاری خۆجێیی بدرێتە كوردستانی ئێراق؛ چۆل كرانی سەربازگەی ڕەواندز لە لایەن تركانەوە لە كۆتایی ئاوریلی ١٩٢٣دا ئاڵوگۆڕێكی گەورەی لە بارودۆخەكەدا بەدی هێنا."یانەی كۆلكەوانی گشتیی، كییۆ، ئینگلستان، وەزارەتی دەرەوە ٣٧١/١١٤٦٠١٣٢١١٢.

➢ "مامەڵەی ئاتاترك لەگەڵ بریتانیا": وان برووئین سێن، "ئاغا, شێخ و دەوڵەت", لاپەڕە ٢٦٣.

➢ "وریایی دانی سەرۆكوەزیری ئێراق": مەك داوڵ, "كـوردان, گـەلێكی مـافخوراو", لاپەڕە ٨٤.

➢ "تووڕەیی و هیوابڕاوی ئینگلسییەكان": "ئاخرییەكەی خـەڵكی ئینگلـیس بێتـوو بـە وەی بزانن كە فڕۆكەكانی ئینگلیسی بۆ بەڕێوە بردنی بەرنامە پـڕ هەڵـەكانیان كـە لـە قاوەخانەكانی بەغدا ڕێكوپێك كـراون, عێـل و عەشـیرەتەكانی فـورات و كوردسـتان بۆمبـاران دەكـەن, دەرهەڵـدەبن." یانـەی كۆلكـەوانی گـشتیی, كییـۆ, ئینگلـستان, ڕاپۆرتەكانی نەهێنی, دۆلابچەی ٢٠١/٢٤ نوسخەی دووەم بە ژمارە ٣٣٨, فێوریـەی ١٩٢٩.

➢ "نامەی ڕێكەوتی ٣ی مارسی ١٩٣١ی شێخ مەحـموود بـۆ كۆمـەڵی نەتـەوەكان", سەرەچاوە: بازیل نیكیتین, "كوردەكان", لاپەڕە ٣٠٠.

➢ "هەر كە ئەو بارزانییە نەعاملاوانە ": "ویلیام ئێگلتۆن"ی "كـوڕ", كۆمـاری كـورد, ساڵی ١٩٤٦, لەندەن, ١٩٦٣, لاپەڕە ٥٠.

➢ "هەزاران كوردی خوێندەوار": عیسمەت شەریف وانلی وای لێكدەداتەوە كـە لـە مابـــەینی ١١ و ١٥ی مارســـی ١٩٧٤دا, دروســـت بـــەر لـــە هەڵگیرســـانەوەی تێكهەڵچوونەكان, سەتهەزار كوردی شارنشین ڕایانكردە كوردستانی ئـازاد. بڕواننـە شالیان, "خەڵكی بێ دەوڵەت", لاپەڕە ١٦٥.

➢ "مانگانە بێقابیلەتەكەی حكوومەتیی": ئەگەر دەوڵەتی ئێـراق هێنـدێك بـە دەسـتی ئاوەلاتر و نەرمتر لـەگەڵ مەلامستەفادا جوولاباوە ئەم گشتە پووڵـە و گیـانی هـەزاران مرۆڤ و ئابرووی حكوومەت نەدەكەوتە مەترسی.

➢ ڕەخنـــەگری ئـــەمریكایی, ئێگلتـــۆن, "كۆمـــاری كـــورد": لاپـــەڕەكانی ٥٠ و ٥٤ دەربارەی بارزانی و لاپەڕەكانی ١٠٢ و ١٢٦ لەمەڕ پاشەكشەوە.

➢ "هەستی نەتەوایەتی كوردان": وتوویژ لـەگـەڵ موحـسین دزەیـی, لەنـدەن, ٢٨ی نوامبری ١٩٩١.

➢ "بە نێو مەزرای گولەبەڕۆژەدا": وتوویژ لەگەڵ سامی عەبدوڕڕەحـمان, ڕەوانـدز, ١٠ی ئۆكتۆبری ١٩٩١.

➢ "باسی دوور و درێژ سەبارەت بە مەهاباد": ئێگلتۆن, "کۆماری کورد", ئارچی ڕۆزوێلت, "کۆماری کورد", گۆڤاری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست, بەرگی ۱, ژمارە ۳, ژووئیەی ۱۹٤۷.

➢ "تاوانبار کردن بە خەیانەت لە لایەن بارزانییەوە": وتوویژ لەگەڵ عەبدوڕڕەحمان قاسملوو, پاریس, ۳۰ سێپتامبری ۱۹۸۸.

➢ درانەوەی ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە دەوڵەتی ئێران, هەمان.

➢ "کوردان شکستیان نەهێنا": سەرچاوە ئێگلتۆن لە "کۆماری کورد"دا, لاپەڕەی ۱۱۳ و لاپەڕەکانی دواتر.

➢ "کۆبوونەوەی بارزانی و وتەکانی بەرەوڕووی جەماوەرەکەی": وتوویژ لەگەڵ سامی عەبدوڕڕەحمان, ڕەواندز, ۱۰ی ئۆکتۆبری ۱۹۹۱.

➢ "بیرەوەری یەکێك لە کۆنەپێشمەرگەکان دەربارەی پاشەکشە": میشێل هانزۆ لە Handelsblad سەر بە شووڕای نەتەوەیی لێکۆڵینەوە) ۲ی ئووتی ۱۹۹۱. ژمارەی سەرڕاستی هاوڕییانی بارزانی لەم پاشەکشەدا و ماوەی ئەم پاشەکشەیە بە وردی دیاری نەکراوە, بارزانی خۆی بە "دانا ئادامز ئیسمیت"ی گوتووە کە ژمارەی ئەوانەی لە پاشەکشەدا بەشدار بوون ٤۹٦ کەس و ماوەی پاشەکشە ۵۳ ڕۆژ بووە.

➢ "تاڵەبانی و بارزانی لە مەسکەو": وتوویژ لەگەڵ تاڵەبانی, ۱۹ی ژانویەی۱۹۹۲.

➢ "ڕاپۆرتی جێبەجێ کراو لە لایەن ڕاوێژکاری تەناهی سەرکۆمار": ۱۹۵۱, سەرچاوە "هێلانەی سیخوڕی" لاپەڕە ۹۲.

➢ "من کومۆنیست نیم": مووریە, کوردستان, لاپەڕە ۱۵۳, ئەو لە ۱۹٦۲دا هەر ئەوەشی بە دانا ئادامز ئیسمیت گوت.

➢ "بارزانی و دیدارکەران": وتوویژ لەگەڵ تاڵەبانی, هەولێر, ۱۱ی فێوریەی ۱۹٦٦.

➢ "ڕۆژانی ئارام": وتوویژ لەگەڵ "ئانتۆنی پارسونێز"ی باڵوێز, لەندەن, ۲۱ی نوامبری ۱۹۹۱.

➢ "هیواکانی سەربەخۆیی": وتوویژ لەگەڵ عیسمەت شەریف وانلی, لۆزان, ٣١ی ئۆکتۆبری ١٩٩١, وتوویژ لەگەڵ سامی عەبدوڕڕەحمان, ڕەواندز, ١٠ی ئۆکتۆبری ١٩٩١.

➢ "١٢٧٠ گوند خاپوور کرا", ڕابێرت دی. کاپلان. "لایەنگرانی عەرەبان: ڕۆمانسی یەکیک لە هەڵکەوتووەکانی ئەمریکا", نیۆیۆرك, ١٩٩٢.

➢ "٧٠٠٠ کومۆنیست": ماریۆن فارووق سلووگلێت و پیتێر سلووگلێت, "ئێراق لە ١٩٥٨ەوە بۆو لایە, لە شۆڕشەوە هەتا دیکتاتۆریەت", لەندەن, ١٩٨٧, بەگوتەی جان بولاك و هاروی مووریس, لە دەقی "جگە لە چیا هیچ دۆستێك نا, مێژووی پڕکارەساتی کوردان"دا, نیۆیۆرك, ١٩٩٢, لاپەڕە ١٢٤.

➢ "ڕێپێوانی نیزامیی": مووریە, "کوردستان", لاپەڕە ١٦٧.

➢ "تاڵەبانی غەیانەتکارە": بڕواننە تەلگرامی سپای ئێراق, لەسەر زمانی مووریە لە "کوردستان"دا, لاپەڕە ١٤١.

➢ "بەکرێگیراوی هەموو لایەك": بڕواننە "کێشەی کورد لە ئێراقا", نووسراوی ئێدمۆند غەریب, سیراکوز, ١٩٨١, لاپەڕە ١٨١.

➢ زانیارییەکانی ئابووری, شالیان, "خەڵکی بێ دەوڵەت", لاپەڕەکانی ١٥٩ و ١٦٠.

➢ "فێڵ": ئیزەدی, "کوردەکان", لاپەڕە ٦٨.

➢ "عوبەیدیللا: ئەو قسەیەی کە لە ١٩ی ژوونیەی ١٩٧٤دا بە غەریبی گوت", چاپکراو لە "کێشەی کورد"دا, لاپەڕە ١٥٥. عوبەیدیللا لە سەرەتاکانی شەڕی ئێران و ئێراق و دوای دەمەقرەیەکی لەگەڵ سەددام حوسێن کردی بە دەستی ئێراقییەکان کوژرا: ئەو لەم دەمەقڕەدا دەڵێ خۆ مەلامستەفا هەر نەبێ دەیزانی باوکی کێیە و ئاوای لەسەر وەجواب هات. (سەددام حوسێن بە ئیددیعای دژبەرانی دیار نیە باوکی کێیە.)

➢ "کوردەکانی ئێراق هیچیان نیە": وتوویژ لەگەڵ قاسملوو, پاریس, ٣٠ سێپتامبری ١٩٨٨.

➢ "سپای کورد": بڕواننە "کوردان", نووسراوی مەك داوڵ, لاپەڕە ٩٥.

➢ "بارزانی بۆ ئێمە وەك خودایەك وابوو": وتوویژ لەگەڵ ئەحمەد بامەڕنی، نوێنەری تاڵەبانی لە پاریس، ٢٥ی سێپتامبری ١٩٨٦.

بەشی ٦

➢ "بەرزەخی موتڵەق" ئەسەدوڵلا عەلەم، "شا و من"، دەفتەری یادداشتی ڕۆژانەی وەزیری بارگای ئێران، ١٩٦٩ – ١٩٧٩، لەندەن و نیۆیۆرك، ١٩٩٢، لاپەڕە ٢٢٤.

➢ "وەختایەك ئەمیر ئەسلان ئەفشار": ویلیام شاكرووس، "ئاخرین خۆنواندنی شا، چارەنووسی هاوپەیمانێك"، نیۆیۆرك و لەندەن، ١٩٨٨ ، لاپەڕە ١٦٤.

➢ "هەرکە پێشوازیمان لە شا کرد": جۆرج دابلیو. باڵ،"مەسەلە و شوێنهاتەکانی قەیرانی ئێران"، دێسامبری ١٩٧٨.

➢ "وتەکە وەوتۆ بوو": ڕاپۆرتی کومیتەی پایك، ناتینگهام، ١٩٧٧، لاپەڕەکانی ١٩٥ و ٩٨ و ٢١٢ و ١٦.

➢ نامیلکەی ڕوون کردنەوەکە بریتییە لە ٤٣ لاپەڕە، وەزارەتی دەرەوە، "لە سەردانی ڕیچارد نیکسۆن بۆ وڵاتی پاشایەتی ئێران"، مەی ١٩٧٢، کۆلکەخانەی تەناهی نەتەوەیی، واشینگتۆن، بەڵگەی ژمارە ٠٠٧٦٧ – نیزیکەی چوار لاپەڕە لەم بەڵگەیە ڕەش کراوەتەوە، پاشان لە هێندێك شوێنان بە ناوی "نەهێنی" و "زۆر نەهێنی" دیاری کراوە و ئەوکات لە ڕیزی بەڵگەی تەبەقەبەندیکراو وەلا خراوە. نێوەرۆکی بەڵگەنامەکە وای لێ‌وەدەرناکەوێ کە ئەم ڕەش کراوانە سەبارەت بە کوردان بووبێ.

➢ یەکێك لە ئەفسەرانی گرینگی دەزگای پاراستنی ئیسرائیل: دێیوید کیمچە: "دوایین هەڵبژاردە – پاش ناسر، عەرەفات و سەددام حوسێن، بە شوێن سوڵحەوە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستا" لەندەن، ١٩٩١، لاپەڕە ١٩٤.

➢ "بارزانی و کارۆلان": وتوویژ لەگەڵ ئەحمەد چەلەبی، لەندەن، ئووتی١٩٩٦.

➢ "ئەو گشتە نەهێنکارییە": بڕوانە "گومانی دەسەلات"، سیاسەتی دەرەوە لە سالانی سەرکۆماریێتی نیکسۆندا، نیۆیۆرك، ١٩٧٨، لاپەڕەکانی ٥٨٢ و ٥٨٥.

➢"چی ئەوتۆمان لەمەڕ کوردانەوە نەدەزانی": وتووێژ لەگەڵ هێنری کیسینجێر, مارتا وینیارد, ماسا چووسێت, ٢٣ی ئووتی ١٩٩٢.

➢"لەمەڕ کوردانەوە زانیاری پێویستمان هەبوو": وتووێژ لەگەڵ ریچارد هێلمز, واشینگتۆن دی.سی. ٢١ی دێسامبری ١٩٩١.

➢"کوردان تەنیا کەمۆکەیەك لە..."وتووێژ لەگەڵ مووریس درییێر, واشینگتۆندی.سی. ١٨ی دێسامبری ١٩٩١.

➢"پەراوێز": وتووێژ لەگەڵ ئەحمەد چەلەبی, ١٠ی ئووتی ١٩٩٦.

➢"تەنانەت پاشی مامەڵەکەش": عەلەم, "شا و من", لاپەڕە ٢١٥.

➢ڕۆژی پاش فڕینی نیکسۆن بۆ ئەمریکا, هەمان, لاپەڕە ٢٢٥.

➢"ئیستراتیژی زۆر ڕوونی ئێمە": وتووێژ لەگەڵ کیسینجێر, ٢٣ی ئووتی١٩٩٢ .

➢"گوڵدامایەر... بە نەناسیاوی کەوتە یەکێك لە سەفەرەکانی": عەلەم, "شا و من", لاپەڕە ٢١٥.

➢سەرجەمی سەرمایەنانەوەی ئەیالەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ١٦ میلیۆن دۆلار بوو: کیمچە لە, "ئاخرین شۆڕش" لاپەڕە ١٩٤دا دەڵێ: "کرانەوەی نێوانی ئەمریکا و کوردان بە کەیخودایەتی تاران سەری گرت, ئەگەرچی ئەوتۆ نەبوو کە ئێمە چاوەڕوانیمان دەکرد."

➢هێندێکیان لە یارمەتییەکە پاشقول دا: نامەی ڕێکەوتی ٢٧ی ژانویەی ١٩٩٣.

➢"واشینگتۆن لە بنبەستا": وتووێژ لەگەڵ تامس کارۆلان, ئیستامبووڵ, ١٥ی ئۆکتۆبری ١٩٩١.

➢"زۆری سێودوو لێنەکرد..." وتووێژ لەگەڵ سامی عەبدوڕڕەحمان, ڕەواندز, ١٠ی ئۆکتۆبری ١٩٩١.

➢"لە قووڵایی دڵەوە ...": وتووێژ لەگەڵ سامی عەبدوڕڕەحمان، ڕەواندز، ١٠ی ئۆکتۆبری ١٩٩١.

➢دیداری ڕۆزوێڵت – بارزانی: ئارچی ڕۆزوێڵت: "دەمەویست بزانم: بیرەوەری ئەفسەرێکی دەزگای زانیاری", لەندەن, ١٩٨٨, لاپەڕە ٢٨٤.

➢"کوردەکانی تر": وتوویــژ لەگــەڵ عەبدورڕەحــــمان قاســــملوو, پــاریس, ٦ی ژووئیەی ١٩٨٩.

➢"یان دەکەوتنە دژایەتی کردنی...": بارزانی, نامە بۆ نوێنەرانی کـۆنگرە و ئەنـدامانی مەجلیسی پیران, ٢٤ی فێوریەی ١٩٧٧.

➢"یەکتر نەگرتنەوە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا": نامەی ڕێکەوتی ٩ی فێوریەی ١٩٧٧ی بارزانی بۆ سەرۆك جیمی کارتێر.

➢"دەوڵــەتی ئەیاڵەتــە یــەکگرتووەکانی ئــەمریکا هــیچ دەســتەبەر بــوونێکی ڕەســــمی وێنەداین": بە پێی وتوویژ لەگەڵ جیم هۆگلەند, ٥ی نوامبری ١٩٩١.

➢"کاکی"، وتوویــژ لەگــەڵ ســامی عەبدورڕەحــــمان, ڕەوانــدز, ١٠ی ئۆکتــۆبری ١٩٩١.

➢هیچ کارێك نەکرا": وتوویژ لەگــەڵ موحــسین دزەیــی, لەنــدەن, ٢٦ی نــوامبری ١٩٩١.

➢"ژێنێراڵ بارزانی تەنیا بیری دەکردەوە": وتوویــژ لەگـــەڵ دوکتــۆر مەحـــــموود عوســمان, سلێمانی, ١٢ی ئۆکتۆبری ١٩٩١.

➢"بە پێی ئەخلاق ئەرکی سەرشانێتی": بارزانی، نامە بۆ ســەرۆك جیمــی کــارتێر، ٩ی فێوریەی ١٩٧٧.

➢"هیوادارم سەرەنــجامی کارەکەم بکەوێتە پێکەن": سەرچاوە: وتوویـــژ لەگـــــەڵ مــحەمــمەد دۆسکی, واشینگتۆن دی.سی. ٢٧ی ژووئیەی ١٩٩١.

➢"نازانــم چ فەرقێکی دەکرد": وتوویژ لەتەك کیسینجێردا, ٢٣ی ئووتی ١٩٩٢.

➢"منالّی ڕیشدار": وتوویژ لەگەڵ هێلمز, واشــینگتۆن دی.ســی. ٢١ی دێــسامبری ١٩٩١.

➢"گرچــکۆ لــە بەغــدا": بڕواننــە نووســراوی ویلیــام ســافایەر, لــە ژێــر ســەردێری "واشینگتۆن ســافایەر", نیۆیــۆرك, ١٩٨٠, لاپــەڕە ٨٥, ئــەو لــەم بەرهەمــەدا وتــاری ڕێکەوتی ١٢ی فێوریەی ١٩٧٦ی خۆی بە بەڵگە هێناوەتەوە کە لە نیۆیۆرکتایــــمزدا چاپ کراوە.

➢"ئێمە هێزدارترین لەوەی ئێوە لاتان وایە و بێتوو شەڕێك بقەومێ": ئالێن سیولینۆ, "دەوڵەتی قانوونشکێن": سەددام حوسێن بە شوێن وە دەس هێنانی دەسەلاتەوە و قەیرانی کەنداو, نیۆیۆرك, ١٩٩١, لاپەڕەکانی ٢٧٧ و ٢٧٨.

➢"بریتانیا و یەکاو": بریتانیا لەوە ترسابوو ئەگەر بێتوو ئێران لە شەڕی داهاتوودا بێلایەن وەمێنێ, ڕەنگە بەرەگە لە پاپۆرە شەڕکەرەکانی بریتانیا بگرێ بەرەو بەسرا. بڕواننە نووسراوەی کیمچە بە ناوی "دوایین هەڵبژاردە",لاپەڕە ١٩٣.

➢"ئەگەر بکەوینە تەنگەژەوە": سیولینۆ, "دەوڵەتی قانوونشکێن", لاپەڕەکانی ٢٧٧ و ٢٧٨.

➢"پتر لە جارێك": قەرەداغی, بە گوتەی ژرار شالیان, لە "خەڵکی بێ دەوڵەت"دا, لاپەڕە ٢٦٦.

➢"ژیان و مانەوەیان بە شێرەیەکەوە بەندە": وتوویژ لەگەڵ ئێریك ڕۆلۆ, پاریس, ٢٣ی ئۆکتۆبری ١٩٩٣.

➢"مووشەکە ڕاپیەرەکان لەسەر سنوور و تۆپخانەی ئێران": عەلەم, "شا و من", لاپەڕە ٤١٨.

➢"درەنگمان پێزانی": نامەی ڕێکەوتی ٩ی فێوریەی ١٩٧٧ی بارزانی بۆ سەرۆك کارتێر.

➢"لە سێپتامبری ١٩٧٤دا": عەلەم, "شا و من", لاپەڕەکانی ٣٨٧ و ٣٩١ .

➢"وەك شێر شەڕیان کردووە": هەمان, لاپەڕە ٤١١.

➢"چەند حەوتوو ڕایانگرت": وتوویژ لەگەڵ دزەیی, لەندەن, ٢٨ی نوامبری ١٩٩١.

➢"پیلان گێڕان لە عەممان و قاهیرە": وتوویژ لەگەڵ دزەیی, لەندەن ٢٨ی نوامبری ١٩٩١ و لەگەڵ چەلەبی لە ١٠ی ئووتی ١٩٩٦دا.

➢"نامەی بارزانی بۆ کیسینجێر, ٢٢ی ژانویەی ١٩٧٥": وتوویژ لەگەڵ دۆسکی, واشینگتۆن دی.سی. ٢٧ی ژووئیەی ١٩٩١.

➢"کیسینجێر زۆر پێشتر "هەموو شتێکی" دەزانی": وتوویــــژ لەگــەڵ مەحـــــموود عوسـمان، سلێمانی، ٩ی ئۆکتۆبری ١٩٩١.

➢"ژێنێراڵ عەزیز": نامە؛ لە وتوویژ لەگەڵ دۆسکیدا، واشینگتۆن دی.سی.

➢"هەڵبژادەیەك بۆ شا" و گێرانەوەکانی تر" وتوویـــــژ لەگـــــەڵ ویلیـــــام ئـــــی. کۆلبی،واشینگتۆن دی.سی. ٢١ی دێسامبری ١٩٩١.

➢"پێم وابوو واشینگتۆن پێیخۆشحاڵ دەبێ": وتوویـژ لەگــەڵ هێلمـز، واشــینگتۆن دی.سی. ٢١ی دێسامبری ١٩٩١.

➢" بۆ ئێمە یەکێ لە دەگمەنترین ڕێبەران بوو ": کیسـینجێر، "ســاڵگارانی کۆشــکی سپی"، نیۆیۆرك، ١٩٧٩، لاپەڕە ١٢٦١.

➢"ئێران وەك ئێمە": ڕاپۆرتی کومیتەی پایك.

➢"واقی بردەوە – بیر و بڕوای ئێمەی نەپرسی": وتوویژ لەگەڵ کیســـینجێر، ٢٣ی ئووتی ١٩٩٢.

➢وتوویژ لەگەڵ چەلەبی، لەندەن، ١٠ی ئووتی ١٩٩٦.

➢"شا و دیتـران": ئانتۆنی پارسونێز، باڵوێزی پێـشووی بریتانیـا لــە ئێـران و جێگـری وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا، لێپرسراوی کاروبـاری ڕۆژهـەڵاتی نێوەڕاسـت لــە دەیـەی حەفتادا دەریبڕی کە خۆڕاگری کوردان لە ڕاستیدا لـــە زســتانی ١٩٧٤ – ١٩٧٥ڕا کۆتایی هاتبوو و شا ناچار بوو خۆ بداتە بەر تەسـاڵحە یـان ڕاسـتەوخۆ لەگـەڵ ئێـراق بکەوێتە شەڕ، لەندەن، ٢١ی نوامبری ١٩٩١.

➢"کێشەی کوردان و کۆتایی پڕ پەژارەی": کیسینجێر، "ساڵگارانی کۆشـکی سـپی"، لاپەڕەی ١٢٦١.

➢"بڕیارەکان لە سالّی ١٩٧٥ ": هەمان لاپەڕە ١٢٦٥.

➢"کاتێك چەلەبی وریایی دایە بارزانی": وتوویژ، ٤ی دێسامبری ١٩٨٦.

➢"بڕیارێك بوو کە دەبوو شا بیدا": کیسینجێر، "ساڵگارانی کۆشـکی سـپی"، لاپـەڕە ١٢٦١.

➢"چوار هەتا شەش حەوتوو": وتوویژ لەگەڵ کیسینجێر, ٢٣ی ئووتی ١٩٩٢.
➢"دڵمان خوێن دەدەڵێنێ" بە گوێرەی ڕاپۆرتی پایك, لاپەڕەکانی ٢١٥ و ٢١٦.
➢"شالاوی پەنامەکی": ڕاپۆرتی کومیتەی پایك, لاپەڕە ١٩٨.
➢"لاوازیی هەڵوێستەکەی": وتوویژ لەگەڵ دزەیی, لەندەن, ٢٨ی نوامبری ١٩٩١.
➢"دەزگای ناوەندیی... پێوەندی هەیە؟": ڕاپۆرتی کومیتەی پایك.
➢"سەرکەوتووترین": عەلەم, "شا و من", لاپەڕەکانی ٤١٧ و ٤١٨.
➢" ئێمە کارمان کراوە ": وتوویژ لەگەڵ دزەیی, لەندەن, ٢٨ی نوامبری ١٩٩١.
➢"بە توندی": وتوویژ لەگەڵ دزەیی, لەندەن, ٢٦ی نوامبری ١٩٩١.
➢"شا چاوپێکەوتنی لەتەك ئەوا وە دوا خست": کامران قەرەداغی, سەرچاوە, ژرار شالیان لە "خەڵکی بێ دەوڵەت"دا: "کوردان و کوردستان", لاپەڕە ٢١٥.
➢"ئێستا ئێمە چ بە خەڵکەکەمان بڵێین؟" وتوویژ لەگەڵ مەحموود عوسمان, سلێمانی, ٩ی ئۆکتۆبری ١٩٩١.
➢"من دەزانم, چونکە بەڵگەنامە ڕەسمییەکانی دەوڵەتی ئێراقم دیوە": وتوویژ لەگەڵ دزەیی, لەندەن, ٢٦ی نوامبری ١٩٩١.
➢"وڵامم دایەوە": عەلەم, "شا و من", لاپەڕە ٤١٩.
➢"ئێوە دەتوانن خۆ بدەن بە دەستەوە": بە گوێرەی گوتەی جیم هۆگلەند, وتوویژ, پاریس, ٥ی نوامبری ١٩٩١.
➢"چۆڵەپێچ کراو و ورە دۆڕاو": عیسمەت شەریف وانلی, بە گوێرەی گوتەی شالیان, "خەڵکی بێ دەوڵەت", لاپەڕە ١٧٣.
➢ "بۆنی ماڵاوایی": قەرەداغی, بە گوێرەی گوتەی شالیان, "خەڵکی بێ دەوڵەت", لاپەڕە ٢١٥.
➢"یەکێك لە کوڕەکانت": وتوویژ لەگەڵ سامی عەبدوڕڕەحمان, ڕەواندز, ١٠ی ئۆکتۆبری ١٩٩١.

➢"بێهوودە": عیسمەت شەریف وانلی, سەرچاوە, شالیان, "خـەڵکی بـێ دەوڵـەت": "کوردان و کوردستان", لاپەڕە [n] ١٩٨.

➢"ئەم ڕەوتە و ڕووداوانە بارزانی دەهاڕێ": وتوویژ لـەگەڵ دەزیـی, لەنـدەن ٢٨ی نوامبری ١٩٩١.

➢"ئەگەر بارزانی مابایەوە": وتوویژ لـەگەڵ یەکێك لـە گـەورە ڕێبـەرانی کـورد کـە نەیەویست ناوی بدرکێ, شەقڵاوا, ١١ی ئۆکتۆبری ١٩٩١.

➢"بابەت و وێنەیەکی ترم وە بیر نایا": عیسمەت شەریف وانلی, لـە کتێبـی "خـەڵکی بێ دەوڵەت"دا, لاپەڕە ١٧٧.

➢"مەرگی عیسا سوار": وتوویژ لـەگەڵ وشیار زێباری, سەلاحەددین, ١٨ی ژانویەی ١٩٩٢.

➢"درێژە کێشانی تۆڵە ئەستاندنەوەی ئێراق": قەرەداغی, لە "خەڵکی بێ دەوڵەت"دا, لاپەڕە ٢١٦.

➢"تۆوبڕکردنی فەرهەنگیی": وتوویژ لـەگەڵ ویلیام ئێگلتۆن, ٢ی ژانویەی ١٩٩٢.

➢"ئەگەر بێتوو لێپرسراوانی باڵای ئەمریکا": بە گوێرەی ڕاپۆرتی کومیتەی پایك.

➢"وای زانی کە هۆگلەند یەکێك لـە لێپرسراوانی دەوڵەتی ئەمریکایە": وتوویـــــژ لـەگەڵ هۆگلەند, پاریس, ٥ی نوامبری ١٩٩١.

➢"تووڕە ببوو": وتوویژ لـەگـەڵ دۆسـکی, واشـینگتۆن دی.سـی. ٢٧ی ژووئیـەی ١٩٩١.

➢"بێگومان هەوڵمان دەدا": وتوویژ لـەگەڵ کـۆلبی, واشـینگتۆن دی.سـی. ٢١ی دێسامبری ١٩٩١.

➢"ئێوە ئەوتان... کوشت": وتوویژ لـەگەڵ دۆسـکی, واشـینگتۆن دی.سـی. ٢٧ی ژووئیەی ١٩٩١.

➢"حەئیم لـە واکۆف": وتوویژ لـەگەڵ حەئیم لـە واکۆف, تلاویو, ٢٠ی ئۆکتـۆبری ١٩٩١.

➢"بە گومانی دریپێر": وتوویژ لەگەڵ دریپێر, واشینگتۆن دی.سی. ١٨ی دێسامبری ١٩٩١.

➢"شا تەلگرافێکی لێدا": وتوویژ لەگەڵ دۆسکی, ٢٧ی ژووئیەی ١٩٩١.

➢"دەتگوت ڕووداوی ڕێپێوانی گەورەی چینییەکان...": وتوویژ لەگەڵ دریپێر, واشینگتۆن دی.سی. ١٨ی نوامبری ١٩٩١.

➢"کیسینجێر وەها سوور بوو لەسەر..." جیمز ئێ. بیل. "هەڵۆ و شێر", نییو هی ون, کێنەتێکت, ١٩٨٨, لاپەڕە ٢١٩.

➢"چما چارەیەکی تریان هەیە؟": کیسینجێر، "ساڵگارانی کۆشکی سپی", لاپەڕە ١٢٦٥.

➢"بارزانی پێیخۆش بوو": وتوویژ لەگەڵ دزەیی, لەندەن, ٢٨ی نوامبری ١٩٩١.

➢"دۆستانێکی لە... هەبوو": وتوویژ لەگەڵ دریپێر, ١٨ی دێسامبری ١٩٩١.

➢"بڕوانە کەوتۆتە چ ڕۆژێك؟": بە گوێرەی وتوویژ لەگەڵ دۆسکی, ٢٧ی ژووئیەی ١٩٩١.

➢"من لە... ناترسم": بە گوێرەی گوتەی ڕۆزوێڵت, "ئەوینی فێربوون", لاپەڕە ٢٨٤.

➢"دەترسن...؟" هەمان, لاپەڕە ٢٨٨.

➢"کارناسی لەسەرەخۆی کاروباری دەرەوە": وتوویژ لەگەڵ کیسینجێر, ٢٣ی ئووتی ١٩٩٢.

بەشی ٧

➢"چلەی چڕ و پڕ": وتوویژ لەگەڵ حەئیم لە واکۆف, مناخیم ناوت و تسووری ساگۆیی, تلاویو, ئۆکتۆبری ١٩٩١.

➢"پایەبەرزێکی مووساد": وتوویژ لەگەڵ ئالووف هارۆین, ئوورشەلیم, ١٧ی ئۆکتۆبری ١٩٩١.

➢"ئەنگلۆساکسۆنەکان هەمیشە تامەزرۆی...": لە زمان ئارچی ڕۆزوێڵتەوە, "ئـەوینی فێربوون", بیرەوەری ئەفسەرێکی دەزگای زانیاری, بوستۆن, ١٩٨٨, لاپەڕە ٢٠٥.

➢"کوردێك بە خۆی و کولێرە جۆیەك و چەن سەلك پیواز...": وتوویـــژ لـەگـــەڵ ساگۆیی, تلاویو, ١٨ی ئۆکتۆبری ١٩٩١.

➢"دژبەران وریایی‌یان دەدا": بڕوانە نووسراوەی "ئیان بلاك و بێنـی مـووریس, لـەژێر سـەردێری: "شـەڕی پەنامـەکی ئیـسرائیل: حیکایـەتی نەبێـژراوی دەزگـای زانیـاری ئسرائیل, لەندەن ١٩٩١, لاپەڕەکانی ٧٧ – ٧٨.

➢"سیاسەتی گەڕانگەڕی": بڕوانە نووسراوەکانی بـلاك و مـووریس و نووسـراوەکانی دان ڕایوو و یووسی ملمان", "هەر سیخوڕێك پاشـایەکە – مێـژووی کـامڵی دەزگـای زانیاری ئیسرائیل"، بوستۆن, ١٩٩١, لاپەڕە ٢١.

➢"ترس لە..." دێوید کیمچە, "دوایین هەڵبژاردە, پـاش ناسـر, عـەرەفات و سـەددام حوسێن, گەڕان بە شوێن سوڵحدا لە ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست", لەندەن ١٩٩١, لاپـەڕە ١٩٠.

➢"بەدرخان": شەڕی پەنامەکی ئیسرائیل, نووسراوی بلاك و مووریس و وتوویـــــژ لەگەڵ جوویی بلاو, پاریس, ١ی ژانویەی ١٩٩٣, لە دەفتـەری یادداشـتی ڕۆژانـەی سەرگورد نۆئێل سەبارەت بە ڕاسپێراویی تایبـەتیی لـە کوردسـتانا کـە لـە ١٩٢٠ لـە لەنـدەن بـلاو کرایـەوە. بـەدرخان دەڵـێ کـە بنەماڵـەکـەی بـە جۆرێـك بـە لای عوسـمانییانەوە وەك کلکە نەفتینە ناسرابوو کە لە دەفتەری نەهێنییەکاندا, ڕەمزێکـــی تایبەتییان بۆ دانابوون.

➢"ڕۆژنامەنووسێکمان بە ڕێی کوردستان...": وتوویژ لەگەڵ برایم ئەحـمەد, ساتێن, سـاری, ئینگلـستان, ٢٥ی نـوامبری ١٩٩١. ڕاپـۆرتێکی تـر دەڵـێ کـە دوو بـە کرێگیراوی ئیسرائیلی کار پێسپێراو لە ئەلـمانی ڕۆژاوا, کە بە ناوی ڕۆژنامـەنووس کاریان دەکرد لەم گەڕیانەدا بوون. بڕوانە نووسراوەی سیامەند عوسـمان بـە نـاوی "توێژینـەوە لەسـەر مێـژووی پـارتی دێمـوکراتی کوردسـتانی ئێـراق لـە سـالانی

١٩٤٦ – ١٩٧٠" کۆتاییی‌نامەی دوکتۆرا, قوتابخانەی باڵای توێژینەوەی زانستەکانی کۆمەڵایەتی, پاریس, ١٩٨٥.

➢"ئیسرائیلییەکان پاروویەکی ئەوتۆ نەبوون": وتوویژ لەگەڵ سیامەند عوسمان, لەندەن, ٢٤ی نوامبری ١٩٩١.

➢"گەدای کوێر..." وتوویژ لەگەڵ کامران قەرەداغی, سەرنووسەری دەرەوەی "ئەلحەیات", لەندەن, ٢٩ی نوامبری ١٩٩١.

➢"پیرتر لەوەی کە دەینواند": وتوویژ لەگەڵ ناوت, تلاویو, ١٨ی ئۆکتۆبری ١٩٩١.

➢"بیست‌هەزار دۆلار": وتوویژ لەگەڵ ناوت, تلاویو, ١٨ی ئۆکتۆبری ١٩٩١.

➢"لە یەکێك لە ڕۆژنامە نووسانی دەرەوە کە...": وتوویژ لەگەڵ ئالیکس ئێفتی لە ئاسۆشیێتێدپرێس, نیکۆزیا, ٢١ی ئۆکتۆبری ١٩٩١.

➢"لە هەر شتێکا کە پێویست بە ڕێنوێنی بوو": وتوویژی تەلەفۆنی لەگەڵ ئێماتسیا بارام, ئیسرائیل, ١٥ی ئۆکتۆبری ١٩٩١.

➢"ڕووداوی پەیوەندیدار بە "ئێریك ڕۆلۆ"وە, وتوویژ لەگەڵ لە واکۆف, تلاویو, ٢٠ی ئۆکتۆبری ١٩٩١.

➢"ئەفسەرێکی ئسرائیلی... بە ئانقەست خۆی ئاشکرا کرد": ئەننوور, ڕۆژنامەی ئەحمەد – تاڵەبانی، کە لە دەورانی جیا بوونەوە لە بارزانی لە بەغدا بڵاو دەکرایەوە, لە ٢٩ی ژانویەی ١٩٦٩ ئەم پەیوەندییەی لە قاو دا.

➢"کوردان زەوییان چاك دەناسی": وتوویژ لەتەك "لە واکۆف"دا, ٢٠ی ئۆکتۆبری ١٩٩٦.

➢"هەرکام بۆخۆی سەگوانێك بوو": وتوویژ لەگەڵ ساگۆیی, ڕامات گام, ئیسرائیل, ٨ی ئۆکتۆبری ١٩٩١.

➢"خوا لە بۆ شەڕ کردنی ئافراندووە..." وتوویژ لەگەڵ ساگۆیی, ١٨ی ئۆکتۆبری ١٩٩١.

➢"ژمارەی ئەوانەی ئەم سەرکەوتنەیان...": سیامەند عوسمان, نامە بۆ نووسەری ئەم کتێبە, ٢٧ی ژانویەی ١٩٩٣.

➢"گوزارشتی شەڕی هەندرێن و هەڵتەزینەوەی بارزانی": وتوویژ لەگەڵ ساگۆیی, ١٨ی ئۆکتۆبری ١٩٩٣.

➢"ژمارەی کوژاوەکان": ڕێنێ مووریە, "یان مەرگ یان کوردستان", پاریس ١٩٦٧.

➢"گفتوگۆی نێوان ساگۆیی و ژێنێراڵ ئاهارۆن یاریو: دواندنی ساگۆیی, ڕەنگدانەوەی لە وتوویژی ١٨ی ئۆکتۆبری ١٩٩١دا.

➢"ڕاکردنی فڕۆکەوان": ڕاویو و مێلمان, "هەر سیخوڕێك پاشایەکە", لاپەڕەکانی ١٤١ و ١٤٣.

➢"بە پشتیوانی شا": ئەسەدوڵلا عەلەم. "شا و من". بیرەوەرییەکانی عەلەم وەزیری بارگا ١٩٦٩ – ١٩٧٧, لەندەن ١٩٩١, نیۆیۆرك, ١٩٩٢, لاپەڕەکانی ٤١ و ٨٣ و ٨٤.

➢"پەلامارەکەی کەرکووك": وتوویژ لەگەڵ لە واکۆف و سامی عەبدوڕڕەحمان, ڕەواندز, ١٥ی ئۆکتۆبری ١٩٩١.

➢"ئێمە کۆسپێکین بۆ وان": وتوویژ لەگەڵ ناوت, تلاویو, ١٨ی ئۆکتۆبری ١٩٩١.

➢"ئەو لێپرسراوانەی...": وتوویژ لەگەڵ عیسمەت شەریف وانلی, لۆزان, ٣١ی ئۆکتۆبری ١٩٩١,

➢"دۆگۆڵ و نیکسۆنتان لەسەر کار وەلا دا": ماتی گولان, شیمۆن پریز, لەندەن, لاپەڕە ١٥٠, بارزانی لە مەودای دیدارەکانی خۆیا زۆری ئیشتیا لێبوو چاوی بەو جوولەکانە بکەوێ کە سەردەمانی پاشەکشەی لە ئێرانەوە بۆ سۆڤیەت نانیان بۆ هێزەکەی کڕیبوو.

➢ "کیمچەی سەر بە مووسادیش ئەم گەڕیانەی داویشتە سەر ئەستۆی ئیسرائیل" کمیچە لە "دوایین هەڵبژاردە", لاپەڕە ١٩٤دا ئاماژە دەکاتە ئەم مەبەستە کە ئیسرائیل یارمەتی ئەم ئاڵوگۆڕە بنەڕەتییانەی دا. "کیسینجێر لە گەڕیانی هەوڵ و تەقەلاکانی ئێران و ئیسرائیل بە مەبەستی بەهێز کردنی کوردان ئاگادار کرابۆوە. پێمانسەلماند

کە بێتە ڕیزی ئێمە و سەرەڕای بەرژەوەندیی کارناسانی وەزارەتی دەرەوە بە ڕێبەرایەتی درپیێر پشتیوانی لە کوردان بکا. کارناسانی وەزارەتی دەرەوە بەڵگەیان دێنایەوە کە ئەمریکا بەم کردەیەی هیچ وە دەس ناهێنێ. کی‌سینجێر بە پێچەوانەی ئەم پێشنیارە تەمای گرت.

➢ "وت‌وویژە تەکۆلۆیەکان": ویلیام سافایەر, واشینگتۆن سافایەر, نیۆیۆرك, ١٩٨٠, لاپەڕە ٨٣؛ لە پێش‌دا لە ٥ی فێوریەی ١٩٧٦دا لە ڕۆژنامەدا بڵاو کرابۆوە. "کوردان پێیان‌خۆش بوو دەس بەرن بۆ پەلامارێك کە هەم ئازادی بۆخۆیان بکاتە دیاری و هەم باری ئیسرائیل سووك بێ" بەڵام کی‌سینجێر لەو پەلامارەی پەژیوان کردنەوە. لە ١٦ی ئۆکتۆبری ١٩٧٣دا فەرمانی دا بە کۆلبی سەرۆکی سیا کە پەیامێك بۆ کوردان بنێری کە تێی‌دا ڕوون کرابێتەوە "کە ئێمە چەن‌پاتی دەکەینەوە ئەو ڕێ و پەلامارەی خستوویانەتە بەر دەمی ئێوە بەجێ و بە باشی نازانین." (گوزارشتی کمیتەی پایك دەڵێ مەبەست لە وڵاتی پێشنیاردەر ئیسرائیلە.)

➢ "بەڵام بارزانی ڕەزامەندی لەسەر ئەم کارە نەبوو": وت‌وویژ لەگەڵ مەحموود عوسمان, سلێمانی, ٨ ئۆکتۆبری ١٩٩١.

➢ هێنری ئێ. کی‌سینجێر, "ساڵگارانی کۆشکی سپی", نیۆیۆرك, ١٩٧٩, لاپەڕە ١٢٦٥.

➢ "وردوپرد دەبن...": وت‌وویژ لەگەڵ کی‌سینجێر, مارتا وینیارد, ٢٣ی ئووتی ١٩٩٢.

➢ "تێگەیشتنی کی‌سینجێر لەم بابەتە" وت‌وویژ لەگەڵ کی‌سینجێر, ٢٣ی ئووتی ١٩٩٢.

➢ "نامەوێ کوردان وەك بەکرێ‌گیراوی ئەمریکا و ئیسرائیل بناسرێن...": بە گوتەی عەلەم, "شا و من", لاپەڕە ٢٧.

➢ "ئەویش بە درۆ دەرچوو": وت‌وویژ لەگەڵ ساگۆیی, ١٨ی ئۆکتۆبری ١٩٩١.

➢ "گوردانێك تانکی تـەیار کـراو": گفتوگـۆی تەلـەفۆنی لەگـەڵ قـەرەداغی, ٢٨ی ژانویەی ١٩٩٤.

➢ "ساگۆیی واقی بردەوە": وتوویژ لەگەڵ ساگۆیی, ١٨ی ئۆکتۆبری ١٩٩١.

➢ "خەیانەت لە ڕیزی پێشمەرگەدا": گفتوگۆی تەلـەفۆنی لەگـەڵ قـەرەداغی, ٢٨ی ژانویەی ١٩٩٤.

➢ "کشانەوەی لەنـەکاوی دوو گـوردان و نیـو بـە بیـانووی جێگۆڕکـێ"" کیمـچە. "ئاخرین ئینتیخاب", لاپەڕە ١٩٥.

➢ "بە دەستووری لەپڕی ساواك": وتوویـــژ لەگـــەڵ ئیـــوری لـــوبرانی, وەزارەتـــی بەرگری, تلاویو, ١٨ی ئۆکتۆبری ١٩٩١.

➢ "واقی بردەوە": هەمان.

➢ لێپرسراوێکی بالادەستی ئێرانی: بڕواننە " دواین هەڵبژاردە ", نووسـراوی کیمـچە, لاپەڕە ١٩٥.

➢ "لێپرسراوانی پایەبەرزی کورد ئەم مەبەستەیان سەلـماندووە": کامران قەرەداغی لە گفتوگۆیـەکی تەلـەفۆنی ڕێکـەوتی ٢٨ی ژانویـەی ١٩٩٤دا گـوتی کـە مەحـــموود عوسـمان کە ئەوان سەردەمان نزیکترین ڕاوێژکاری بارزانی بووە ئۆبـاڵی دەکێـشا کـە ڕێبەرایەتی کورد ئاگاداری پەیوەندی نێوان وەزیرانـی دەرەوەی ئێـران و ئێـراق بـووە. "تاوانی خۆمان بوو کە تێنەگەیشتین ئەو پێوەندگرتنانەی چەند مانگ درێـژەی کێـشاوە خەریکە دێتەبەر."

➢ "کیمچە حاشای لێکردووە": کیمچە, " دواین هەڵبژاردە ", لاپەڕە ١٩٥.

➢ "بەڵام مێژوونووسێکی ئیسرائیلی": وتوویژی تەلـەفۆنی لەگـەڵ ئوفرابنجبـو, لـە ناوەندی دایان, زانکۆی تلاویو, ئیسرائیل, ١٧ی ئۆکتۆبری ١٩٩١.

➢ "مەلامستەفا مەبەستی باسەکەی گۆڕی": وتوویـــژ لەگـــەڵ مـــووریس دریپێـــر, واشینگتۆن دی.سی. ١٨ی دێسامبری ١٩٩١.

➢ ویلیام سـافایەر, مەقالـەی ڕێکـەوتی ٢٠ی ئـاوریلی ١٩٩١, ئینترنەشـناڵ هرالـد تریبیۆن, جیاوازییەکی ئەوتۆی مارلین فیتس واتێـر گوتـەبێری کۆشـکی سـپی بەرچـاو

کەوت (گوزارشتی ٦ – ٧ی ئاوریل) و جۆزێف فیچت (١٠ی ئاوریلی ١٩٩١, ئینترنەشناڵ هرالد تریبیۆن.)

➢ "گفتوگۆی تەلەفۆنی لەگەڵ قەرەداغی": پاریس, ٢٨ی ژانویەی ١٩٩٣, فرێدریك کۆنی ڕاوێژکاری هێزەکانی ئەمریکایی لە کاتی گەڕانەوەی پەنابەرانی کورد بۆ سەر ماڵوحاڵیان, بە ڕێکەوت لە نزیك شاری کوردنشینی دیانا تووشی سێ کەس هاتبوو کە بە عیبری دوابوون, بەڵام نەیتوانیبوو ڕوونی کاتەوە کە لەوێ لەچی گەڕاون, وتووێژ، پاریس, ١٣ی دێسامبری ١٩٩١.

➢ "هەتا پتر لە گەڕیانەکەوە دەچووی": وتووێژ لەگەڵ ویلیام ئی. کولبی, واشینگتۆن دی.سی. ٢٠ی دێسامبری ١٩٩١.

➢ "خەڵکی ساکاری ناوچە": وتووێژ لەگەڵ لوبرانی, ١٨ی ئۆکتۆبری ١٩٩١.

بەشە ٨

➢ سیمۆن وایزنتاڵ" وتووێژ, ویەن, ٣ی سێپتامبری ١٩٩٤.

➢ "کوشتاری ئەرمەنییەکان": بە پێی گوتەی لۆرد برایتس, لە زمان هوارد ئێمەوە. ساکۆ، لە "وەدیارکەوتنی ڕۆژهەڵاتی‌نێوەڕاست"دا, ١٩١٤ – ١٩٢٤, نیۆیۆرك, لاپەڕەکانی ١٠٦ و ١٠٧؛ لەم قەڵاچۆکردنەدا نیزیکەی ١/٣٩٦/٠٠٠ ئەرمەنی کوژران. نەتەوەپەروەران لەسەر ئەم بڕوایەی کە نیزیکەی ٧٠٠/٠٠٠ کوردیش بە دەستی هێزەکانی عوسمانی کوژران یان لە ماوەی دوورخرانەوەدا لە برسان مردن. بۆ ڕوون بوونەوەی زیاتر لە بابەت بەشدار بوونی کوردانەوە لە قڕ کردنی ئەرمەنییەکاندا بڕواننە گوزارشتەکانی قونسولەکانی ئەمریکا "جی.بی. جەکسۆن" و "لێزلی ئی. دێیویس" لە زمان مورگنتاوەوە, لە کتێبی "داستانی مورگنتاوی باڵوێزدا", گاردێن سیتی, نیۆیۆرك, ١٩١٨, لاپەڕەکانی ٢٦٣, ٢٧٣, ٣٨٣ و ٣٨٦.

➢ "تەما بە خاشەبڕ کردن؛ بورۆکراسی سەرکوت؛ دەوڵەتی ئێراق بە پێی گوتەی خۆی": نێرەڤانی مافی مرۆڤ، ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، نیۆیۆرك، فێوریەی ١٩٩٤، لاپەڕە ١٠، یادداشتەکان، "ئەگەرچی نەخشەی گشتیی خاشەبڕ کردنی کوردان وە دەس نەکەوتووە، بەڵام بەڵگە و دیاردەکان بە ڕادەی پێویست و پتەو دەریدەخەن کە دەوڵەتی ئێراق تەمای لەسەر تەفروتونا کردنی ئەم خەڵکە بووە." کۆنوانسیۆنی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەربارەی بەرگرتن لە تۆوبڕکردن و سزادانی بەرێوەبەرانی ئەم جینایەتە لە دێسامبری ١٩٤٨دا مۆرکرا و لە ١٩٥١دا وەك قانوون بەرزکرایەوە. دەوڵەتی ئێراق لە ١٩٥٩دا مۆری کرد.

➢ "گوزارشتەکانی سەبارەت بە دەزگای پشکنینی بیروڕای ئیسپانیای خوێندەوە": بڕوانە "داستانی مورگنتاوی باڵوێز"، لاپەڕە ٢٦٦. تاقمێك لەم بارەوە دوودڵییان نواندووە. هیس دابلیو. لوری، لە نووسراوەکەیدا بە ناوی "لە پشت داستانی مورگنتاودا"، ئیستامبووڵ، ١٩٩٠، لای وایە ئەم داستانە تەبلیغاتێکی ئەمریکاییە و لەسەر ڕاسپاردەی لێپرسراوانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، پاش ڕاگەیەندرانی شەڕی ئەمریکا دژی عوسمانی لە ١٩١٧دا نووسراوە. ئەولای وایە کە هاوکارانی نیزیکی مورگنتاو بۆ ڕێكوپێك کردنی ئەم بیرەوەرییانە هەم لە ئیستامبووڵ و هەم پاش گەڕانەوەی بۆ ئەمریکا، ئەم ئەرمەنییانە بوون کە بۆ ڕەش کردنی عوسمانی و دانانی پەیوەندی لە نێوان چالاکی و شالاوی ئەو دەوڵەتە و دەزگای پشکنینی بیروڕای ئیسپانیا بەڵگە و بۆنەی خۆیان بە دەستەوە بووە.

➢ "بە بێ هیچ ڕوحم و بەزەیەك قڕیان کەن": سەرچاوە: نامەی هایك ئەرسەلانیان، ئینتێرنەشناڵ هرالد تریبیۆن، ٢٠ی ئۆکتۆبری ١٩٩٣.

➢ "زانیارییەکانی کامپیۆتێری": ئازاد عەونی، ئەو کوردەی کە لە وەختی پەلاماری ئاسمانیی بۆ سەربەغدا لە ژانویەی ١٩٩١دا لە زیندان ڕایکرد. ئەو گوتی کە بۆمبایەك وە بەندیخانەکەوت و ناوەندی کامپیووتێری لە ژووری بەندیخانە تەفروتونا کرد. وتوویژ لەگەڵ عەونی، هەولێر، ٢٢ی مارسی ١٩٩١.

➢ "ئیشتاسی": بڕوانە "بێسەروشوێنەکان و قەتڵە سیاسییەکان، قەیرانی مافی مرۆڤ لە ساڵانی دەیەی ١٩٩٠دا"، ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی، لەندەن، ١٩٩٤، لاپەڕە ١٨.

➢ "لە بنەماڵەی خۆی": وتووێژ لەگەڵ وشیار زێباری، سەلاحەددین، ١٢ی فێوریەی ١٩٩٢.

➢ "پۆلیسی نهێنی": دەرمان مشک یەکێك لە فێڵ و تەڵەکە گلاوەکانی گوێ لەمستانی ئێراق بوو. دوکتۆر مەحموود عوسمان و عەدنان موفتی لە وتووێژێکی ڕێکەوتی یەکی فێوریەی ١٩٩١دا، ڕووداوێکی کە خۆیان تووشی هاتبوون، گێڕایانەوە: لە ٢٤ی نوامبری ١٩٨١دا عوسمان، جێگری سەرۆکی حیزبی سووسیالیست و عەدنان موفتی یاریدەدەری و یەکێکی دی لە هاوکارانی، ئەو ماستەی کە ژاری تالیۆمی تێکرابوو، خواردیان و نەمردن. ژنێکی جوانی یەکێك لە گەورە پارێزەرانی تاڵەبانی ماستەکەی ئاوا لێ کردبوو. ئەم ژنە بە بێ ئاگاداری عوسمان و دۆستەکانی دەستی دابوویە هاوکاریی پۆلیسی نهێنی هەتا شووەکەی لە بەندیخانە ڕزگار بێ. سێ کوردی تر پاش ڕشانەوە و دڵئێشەیەکی زۆر مردن. (نیشانەکانی بەرچاوی ئەم ژارە کزانەوە و گڕگرتنی گەدە و بلۆق دەرکردنی قاچ و قول و موو وەرینە.) زانیارییەکانی پزیشکیی عوسمان، یارمەتی دا کە خێرا لە دیاردەکانی دەرماندراو بوون حاڵی بێ. ئەو خۆی لە ئێراق مایەوە، سێ پیاوەکەی دیکەیان بە مەفرەشبار، لەسەر پشتی یەکسم ئاودیوی سنوور کرد و بە ئامبوولانس ناردیانن بۆ تاران. لە سایەی سەری ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی دژەژاری ئەم ژارە بە ناوی پروشێن بلوو خێرایەکی لە ئەڵمانەوە نێردرا و ئەم کەسانە لە مردن خەلەستن. کۆمیسێری باڵای کاروباری پەنابەرانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کارێکی وای کرد کە ئەم تاقمە بۆ تیمار کران نێردرانە لەندەن و لەوێ باشتریان پێ ڕاگەیشتن. پێشمەرگەکان دژەژاریان بە قاچاخی لە بۆ عوسمان نارد. دەوڵەتی ئێراق مێردی ئەم خاتوونەی ئازاد کرد، بەڵام بەو مەرجە کاری بۆ بکا. لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١دا ئەم

ژنە لە سلێمانی گیرا و محاکەمە کرا و ئیعدامی بۆ بڕایە و ئیعدام کرا. مێردەکەشی بە جیا لە دار درا.

➢ "دڕندایەتییەکی کە بە بۆنەی ئەوەوە ئێراق لە ماوەی دوور و درێژی مێژووی خۆیا ...": فریا ئێستارك، "تۆز و غومار لە چنگی شێرا"، لەندەن ١٩٢٦، لاپەڕەکانی ١٤١ و ١٤٢. تالکوت سیلیە، دیپلۆماتی ئەمریکاییش کە ئەزموونێکی دوور و درێژی دەربارەی جیهانی عەرەب هەبوو، گوتی: "ئێراقییەکان مەیلێکیان بۆ دڕندایەتی و زەبروزەنگ هەیە کە ناکرێ تەنیا لە ڕووی دەسکرد بوونی دەوڵەتی ئێراقەوە شیرۆڤە بکرێ." لەسەر زاری ڕابێرت دی. کاپلان لە کتێبی "لایەنگرانی عەرەباندا: ڕۆمانسی یەکێك لە هەڵکەوتووانی ئەمریکا"، نیۆیۆرك، ١٩٩٢، لاپەڕە ٢٥٢.

➢ "مەیل و ئیشتیای لارێیانە": یەکێك لە ئەفسەرانی دەزگای ئاسایشی ئێراق کە ڕایکرد بوویە عەرەبستانی سعوودی، گوتی چەند جارێکیان لە ساڵی ١٩٨٥ و ١٩٨٦ ئەو و ئەفسەرانی پایەبەرزی ئاساییشیان بۆ کۆڕەکانی جێژنێك لە سارای "سەرسەر" بانگهێشتووە. پاش خواردن و خواردنەوەی ئابجۆ و ویسکی چەکیان داوەتە دەس هەموان و دەستووریان پێداون کە تەقە لە پۆلێك زیندانی دەس و چاو بەستراو بکەن. قوربانییەکان کەوتنە ئەو قوڵکانەی کە پێشتر هەڵکەندرابوون و بۆڵدزێرەکان تەرمەکانیان داپۆشی. وتوویژ لەگەڵ ئەحمەد چەلەبی، شوورای نەتەوەیی ئێراق، لەندەن، ١٠ی ئووتی ١٩٩٦.

➢ "٤٢٤٠ گوندی کوردان": وتوویژی تەلەفۆنی لەگەڵ شۆڕش ڕەسووڵ، لەندەن، ١٩ی نوامبری ١٩٩٤. "لە ١٩٦١دا هێزەکانی ئێراقی نیزیکەی ١٢٧٠ گوندیان خاپوور کرد": کاپلان، "لایەنگرانی عەرەبان"، لاپەڕە ٢٥١.

➢ "ئەگەر ڕەوتەکە ئاوا بەرەوپێش باژوێ": وتوویژ لەگەڵ مەسعوود بارزانی، دەمیشق، ٣ی دێسامبری ١٩٨٧.

➢ "خەباتێکی کەوا کەوتۆتە بەر ئافەریمی تەواوی کۆمەڵانی جیهان": تۆوبڕکردن لە ئێراقا: شالاوی ئەنفال دژی کوردان، نێرەڤانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، نیۆیۆرك، لاپەڕە ١١١.

➢ "لە داردانێل": مورگنتاو، "داستانی مورگنتاوی باڵوێز"، لاپەڕە ١٩٧.
➢ "ئەگەر ئەوتۆ نەکەین ..." تۆوبڕکردن لە ئێراقا، لاپەڕە ٣٤٧.
➢ "کێ دەیەوێ متەق بکا؟": هەمان، لاپەڕە ٣٤٧.
➢ "وایان چاوەڕوانی لێمە ..." هەمان، لاپەڕە ٣٥٢.
➢ "ئەم ژمارە پێهەڵابراوە یانی چی؟": بە پێی وتووێژ لەتەك عەدنان موفتیدا، پاریس، ٢٨ی ئۆکتۆبری ١٩٩١.
➢ "٦٠٠٠٠ هەتا ١١٠٠٠٠": وتووێژی تەلەفۆنی لەگەڵ شۆڕش ڕەسووڵ، ١٩ی نوامبری ١٩٩٤.
➢ "سەدان هەزار؛ بێسەروشوێنەکان و کوژراوانی سیاسی؛ قەیرانی مافی مرۆص لە ساڵانی دەیەی ١٩٩٠دا": بلاڤۆکی لێبووردنی نێونەتەوەیی، ١٩٩٤، لاپەڕە ١٧ باسی ئەو دژوارییانە دەکا کە بۆ وە دەس هێنانەوەی ژمارەی ڕاست و دروست دێنە سەرڕێ. بەڵام دەکرێ بەراورد بکرێ کە جگە لەو بێسەروشوێنانەی کە ئیعدام کراون یا کوژراون، لە مەودای ساڵانی ١٩٨٠دا سەدان هەزار کەسی تر هەروا بێ محاکەمە و لەرێوە ئیعدام کرابن.
➢ "بە ڕادەیەك بەربلاو": گۆڤاری نەشناڵ جیۆگرافی، بەرگی ١٨٢، ژمارە ٢ ئووتی ١٩٩٢، لاپەڕە ٤٦.
➢ "لانی کەم شێست دێ": "تۆوبڕ کردن لە ئێراقا" لاپەڕە ٣٥٩.
➢ "شالاوی تۆوبڕکردن": وتووێژ لەگەڵ ویلیام ئێگلتۆن، واشینگتۆن دی.سی. دێسامبری ١٩٨٦.
➢ "کابرای سەر بە بارزانی": وتووێژ لەگەڵ غازی زێباری، دەمیشق، ٦ی مەی ١٩٨٧.
➢ محێدین مەعرووف، یاریدەدەری سەرکۆمار: لە ئینتێرنەشناڵ هرالد تریبیۆن، ٨ – ٩ی نوامبری ١٩٨٨.

➢ "گلاسپی پێی گوتم": وتووێژ لەگەڵ ئیپریل گلاسپی, واشینگتۆن دی.سی. ٢٢ی دێسامبری ١٩٩٤.

➢ "بەرهەمەکانی سووکایەتی و پەستی": "تۆوبڕکردن لە ئێراقا", لاپەڕە ٢٩.

➢ "ئاگامان لێ نیە": "بورۆکراسی سەرکوت, دەوڵەتی ئێراق بە گوێرەی گێڕانەوەی خۆی", مافی مرۆص , نێرەڤانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست, نیۆیۆرك ١٩٩٤.

➢ "لە دیداری مانگی ژوەنی ١٩٨٨دا": وتووێژ لەگەڵ تاڵەبانی لە پاریس, ٢١ی سێپتامبری ١٩٨٨.

➢ "بەغدا حاشای لەم بەڵگانە کرد": "بورۆکراسی سەرکوت, دەوڵەتی ئێراق بە گوێرەی گێڕانەوەی خۆی", نێرەڤانی مافی مرۆص, نیۆیۆرك ١٩٩٤, لاپەڕە ٢٣ ساختەکاری بە دوور و درێژی وە درۆ دەخاتەوە. لەگەڵ ئەمەدا کە نەخشەیەکی گشتیی وە دەس نەکەوتووە, بەلاّم یەکسانی بەڵگە و بۆنەکان لە گەلێك پەروەندانەدا دانەبڕانی کارەکە دەسەلمێنێ و ئاخرییەکەی سەری دەگاتەوە خشتەیەکی پڕ گرێپووچکە.

➢ "خوارەکەو پێچەکە و وردەکارییەکانی مافی نێونەتەوەیی": وتووێژی تەلەفۆنی لەگەڵ [شۆڕش] ڕەسووڵ, لەندەن, ١٩ی نوامبری ١٩٩٤.

➢ "نیشانی دا کە بووز هەر دەخوا": ئوستوون دیك "داوەری هەڵە لە نورێنبێرگ", پێداچوونەوە بە کتێبی نیۆیۆرکا, ژمارە ١٦, ٧ی ئۆکتۆبری ١٩٩٣.

➢ "ڕەنگە لە داهاتوودا ببینین."

➢ "ناتوانن لە هەولێرەوە بچنە کەرکووك..." هەمان, لاپەڕە ٣٤.

➢ "خراپکاران": هەمان, لاپەڕە ٦٨.

➢ "ئەو دوو ئەفسەرە ئێراقییەی بە دیل گیرابوون...": وتووێژی تەلەفۆنی لەگەڵ [شۆڕش] ڕەسووڵ, لەندەن, ١٩ی نوامبری ١٩٩٤.

➢ "تاڵەبانی داوای لێکردم...": "تۆوبڕکردن لە ئێراقا", لاپەڕە ٣٤٩.

➢ "لانیکەم ٣٨٠٠ کورد تێداچوون": وتووێژ تەلەفۆنی لەگەڵ [شۆڕش] ڕەسووڵ, ١٩ی نوامبری ١٩٩٤.

➢ "سەرەڕای بوونی ئەم بەڵگانە": ئەم باسە لە كتێبی شەڕی ئێران و ئێراق: پەرێشانی لە بۆشاییدا, نیۆیۆرك, ١٩٩٢, بە قەڵەمی "ئێستیفێن س. پلە تییەر"دا دووپات كراوەتەوە. تاوانبار كردنی ئێران لە لایەن "كارلایل"ەوە لە هەڵەبجەدا دەگەڕاوە سەر ئەوەی كە لێوی هێندێك لە تەرمەكان ڕەش‌وشین هەڵگەڕابوون و ئەمەیان دەبردەوە سەر شوێنەواری گازی سیانید كە ئێراق ئەو گازەی بە دەستەوە نەبوو. بەڵام لە ٢٣ی مەی ١٩٩٣دا دوكتۆر هوارد هوو, مامۆستای ساخلەمی هاروارد و پزیشكی نێرەڤانی مافی مرۆڤ گوتی كە ڕەش‌وشین بوونەوەی دەم و لێوان دەكرێ هی شوێنەواری ماددەیەك بێ بەناوی Acetylcholinesterase كە كار دەكاتە سەر دەمار و دەبێتە هۆی شەلەل بوونی كۆئەندامی هەناسەكێشان. بڕوانە "تۆوبڕ كردن لە ئێراقا", لاپەڕە ٢٦.

➢ "خەڵك تۆقیون": وت‌وویژ لەگەڵ دوكتۆر مەحموود عوسمان, دەمیشق, ٢٣ی ئاوریلی ١٩٨٨.

➢ "تێكڕای كوردان دەیانزانی": وت‌وویژ تەلەفۆنی لەگەڵ [شۆڕش] ڕەسووڵ, لەندەن, ١٩ی نوامبری ١٩٩٤.

➢ "یەكجار جێی ڕێز, بەڵام..." وت‌وویژ لەگەڵ عەبدوسەلام بارزانی, بارزان, ئێراق, ٢٣ی ژوەنی ١٩٩٣.

➢ "یەكێك لە بارزانییە بەختەوەرەكان": وت‌وویژ لەگەڵ فاتم محەممەد ساڵح, بارزان, ئێراق, ٢٣ی ژوەنی ١٩٩٣.

بەشی ٩

➢ "هێزە نهێنییەكان": ڕەمزێكە بۆ هێزە چەكدارەكان و ئاساییش, یاووز گوكمەن, ٢٣ی دێسامبری ١٩٩٥.

➢ "خەرج‌وبەرجی شەڕ": بڕوانە هەواڵەکانی ڕۆژانەی تورکیا, ٢١ی ژانویە, ٢٥ی مارس و ١٦ی ژوەنی ١٩٩٦, ئەو دیپلۆماتە غەوارانەی کە من لە ئانکارا وت‌وویژم لەگەڵ کردن, خەرجی ساڵانەی شەڕی تورکیایان بە دە میلیۆن دۆلار دانا.

➢ ٣٠٠/٠٠٠ کەس, بەراوردی مەسعوود یەڵماز, سەردەمایەکی کە لە دەوڵەتا نەبوو, حوڕرییەت, ١٦ی ئووتی ١٩٩٥.

➢ نیزیکەی ١٢٠٠ کوردێك بێ‌سەروشوێن‌چوون. میللییەت لە دێسامبری ١٩٩٤دا ژمارەی کوژراوەکانی بە ٣٢٤٠ کەس دانا. تەواوی ئەم قەتڵانە جگە لە ژمارەیەکی کەمیان لە پارێزگا کوردنشینەکاندا قەومان.

➢ "بێتوو مرۆص لە گوند بێ...": شێست خولەك, ١٤ی ژانویەی ١٩٩٥.

➢ "کردەوە ترۆریستییەکان": سەرچاوە, جومهوورییەت, ١١ی ئۆکتۆبری ١٩٩٤.

➢ "دریسم... گازە ژاراوییەکان": یەکێك لە مێژوونووسانی سەربازیی ترك کە لە سەرەتاکانی دەیەی ١٩٧٠دا ڕاپۆرتێکی لێك‌ولەباری سەبارەت بە ڕاپەڕینەکانی کوردانی تورکیا لە مەودای نێوان دوو شەڕاندا لە گۆڤارێکا بڵاو کردەوە; بەڵام ئەم بەرهەمە خێرایەکی کۆکرایەوە. کۆژمارەیەکی گرینگ و بەرچاوی سەبارەت بە ڕادەی کوژراوان تێدا نەنووسرابوو, بەڵام سەرچاوەیەکی باوەڕ پێکراوی فەڕانسەوی وای دانا کە ٤٠٠٠ کورد لە ڕووداوەکانی دریسمدا تێداچوون; کە ڕەنگە زۆری پێوەنرابێ: لووسین ڕامبۆ, "کوردان و مافەکانیان", پاریس ١٩٤٧, لاپەڕە ٣٩.

➢ "تەنیا گەلی ترك": بە پێی نووسینی میللییەت, ٣١ی ژووئیەی ١٩٣٠, گوتەی وەزیری داد ڕوونتر بوو: "ئەوانەی کە لەم وڵاتەدا لە ڕەگەزی ترك نین, تەنیا خاوەنی هەقێك دەبن و ئەویش ئەمەیە کە خولام و کۆیلەی ترکان بن."

➢ "پێوست بوو": بە گوێرەی وت‌وویژ لەگەڵ هیدر گوتیاس, هەواڵنێری ڕۆیتێر, ئانکارا, فێوریەی ١٩٩٦.

➢ "کارتاژ خاپوور کەن": بۆ ماوەیەی چەند حەوتەیەك پلاقۆکانی ترك سرووودی ڕزگار کرانی درسیمیان هۆندەوە و هاواریان بەرز کردەوە: ئیتر درسیم نەماوە; درسیم

خاپوورکرا! ئارشاك سێفراستیان: "کوردان و کوردستان", لەندەن, ١٩٤٨, لاپەڕە ٨٦, سێفراستیان جێگری کونسوولی بریتانیا بوو لە بدلیس و لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەرمەنی بوو و ئەرمەنیش لە ١٩١٥دا قەلاچۆ کرابوون, هەروا دۆستی کوردان بوو.

➢ "ئەگەر باسی دەوڵەت بکەن": عوسمان متە, سوون پوستا, ئاوریلی ١٩٤٨, بە گوێرەی گێڕانەوەی کەندال نزان لە "خەڵکی بێ دەوڵەت"دا, ژرار شالیان, لەندەن, ١٩٨٠, لاپەڕە ٧٢.

➢ "باوکانی ئێمە کە لە سەرکوت..." وتووێژ لەگەڵ ئەحمەد ترك, ئانکارا, ٨ی فێوریەی ١٩٩٦.

➢ "وتەکانی گوکاڵپ": سەرەتا لە "بنج و بنەڕەتەکانی تورکیسم"دا چاپکرا, پاشان لە "کوچوك مەجموعە", ژمارە ٢٨, دیاربەکر, ١٩٢٣, بە گوێرەی سەرچاوەی "پان تورکیزم لە تورکیادا", توێژینەوەیەك لەسەر ئیردانتیزم (وێککەوتنی تەواوی ترکان پێکەوە), بە پێی نووسراوەی جاکوب ئێم, لاندۆ, لەندەن, ١٩٨١, بڵاو کرایەوە.

➢ "نێوانی ئوزەل لەگەڵ نیزامییەکان": لە ١٩٩١دا ئوزەل بە تووڕەیی بە نیزامییەکانی گوت: بۆ گۆدەتا کردن و سازکردنی خانوو لە بۆ ئەفسەران هیچ کەم و کورتییەکتان نیە و ئیتر هیچ. نووسینگەکانی ڕۆژهەڵات, ١٩٩٣, پاریس, لاپەڕە ١٥.

➢ "ئوزەل.. لای وابوو": وتووێژ لەگەڵ دیپلۆماتێکی ڕۆژاوایی کە نەیویست ناوی بدرکێ؛ ئانکارا, ٧ی فێوریەی ١٩٩٦.

➢ "هەلی بۆ کەسانێکی وەك من دەڕەخساند...": وتووێژ لەگەڵ محەممەد عەلی بیراند, ئیستامبووڵ, ٨ی فێوریەی ١٩٩٦.

➢ "جێژنی نەورۆز": بەرپرسێتی ڕاستەوخۆی کوژراوەکانی نەورۆز لە ئەستۆی نیزامییان و هێزەکانی پۆلیس بوو, نێرەڤانی هیلسینکی, بەرگی ٤, ژمارە٩, ژوەنی ١٩٩٢, حیزبی سووسیال دێموکراتی گەل کە بەشداری دەوڵەت بوو, زەبروزەنگی هێزەکانی ئاساییشی مەحکووم کرد و وە بیری هێنایەوە کە هێزەکانی حکوومەتی کەسیان تێدا نەچووە.

➢ "ئۆزەل و چاندار": وتوویژ لەگەڵ گنجیز چاندار, ئیستامبووڵ, ١٨ی فێوریەی ١٩٩٦.

➢ "خەیاڵم وایە هەوڵێکی بدەم...": وتوویژ لەگەڵ ئەحمەد ترك, ئانکارا, ٨ی فێوریەی ١٩٩٦.

➢ "ئەگەر زیندوو بوایە و درێژەی ئەم ڕەوتەی دابا...": وتوویژ لەگەڵ بیراند, ئیستامبووڵ, ٨ی فێوریەی ١٩٩٦.

➢ نامەی ئۆزەل" ئیندیپێندێنت, لەندەن, ١٣ی نوامبری ١٩٩٣.

➢ "تورکیا پێشبڕکەی حکوومەتە پاوانخوازەکانی داوەتەوە": نیۆیۆرك تایمز, ١٥ی مارسی ١٩٩٦.

➢ "لە ماڵەکەیاندا": وتوویژ لەگەڵ بنەماڵەی ئێریك, ئیستامبووڵ, ٧ی فێوریەی ١٩٩٦.

➢ "ئەو گرفتەی تووشی هات": وتوویژ لەگەڵ قەدری گورسێل, ئیستامبووڵ, ٥ی فێوریەی ١٩٩٦.

➢ "نەخۆشیی و لاوازی": کوردەکانی ئێراق کە لە ١٩٩٢دا لەگەڵ پ.ك.ك. پێکهەڵپڕژان, ئاشکرایان کرد کە پ.ك.ك. بریندارەکانی خۆی دەکووژێ کە نەکەونە دەس دوژمن. وتوویژ لەگەڵ نووسەری ئەم کتێبە, هەولێر, ١٤ی ژانویەی ١٩٩٣.

➢ "بنئاورە بۆ پ.ك.ك.": وتوویژ لەگەڵ کامران ئینان, ئانکارا, ٨ی فێوریەی ١٩٩٦.

➢ "بەم ئاکامە گەیشتبوو کە کوردان": کۆلکەخانەی گشتیی بریتانیا, کییۆ, بەڵگەی ژمارە ٣٧١/١١٥٥٧.

بەشی ١٠

➢ "ئەگەر پێشتر نەمدەزانی..." وتووێژ لەگەڵ ئەحمەد چەلەبی, لەندەن, ٢٧ی سێپتامبری ١٩٩٥.

➢ "دوو میلیۆن دۆلار": بارزانی و تاڵەبانی پێشنیاریان كرد كە ئەوان نیوەی خەرجەكەی بدەن و واشینگتۆن تەنیا میلیۆنێك دۆلار بدا. وتووێژی تەلەفۆنی لەگەڵ وشیار زێباری, لەندەن, ٢٧ی ئۆكتۆبری ١٩٩٦.

➢ "سووتەمەنی دزێلیی ئێراق" سەرچاوە هەمە چەشنەكانی كوردی وایان دادەنا كە لە ١٩٩٦دا داهاتی ڕۆژانە ١٥٠/٠٠٠ تا ٢٠٠/٠٠٠ دۆلارە. كاربەدەستێكی باڵای وەزارەتی دەرەوە بڕی ئەم داهاتە بە ٢٥٠/٠٠٠ دۆلار دادەنێ. واشینگتۆن دی.سی. ٣٠ ئۆكتۆبری ١٩٩٦.

➢ "گوێی... نەدایە": چەند مانگان بێهوودە تاڵەبانیم وریا كردەوە كە دەس لە تیر و تانە و لاتار هەڵگرێ سەبارەت بە مەسعوود. گوتم بێتوو شەڕ بكەوێتە قۆپێ ئێران یاریدەی یەكێتی نیشتمانی نادا، هەتا یەكێتی نیشتمانی بەرەو سنوور ڕەپاڵدرێ و بە سەروبەرەوە بكەوێتە كۆشی ئێران." وتووێژ لەگەڵ چەلەبی, ٢٧ی سێپتامبری ١٩٩٥.

➢ پلاڤۆكی پارتی دێموكرات و وتووێژی تەلەفۆنی لەگەڵ بارزانی – پێلترۆ: وتووێژ لەگەڵ زێباری, لەندەن, ٢١ی سێپتامبری ١٩٩٦.

➢ دەیانگوت ئەو هێزە یاریدەدەرەی كە ئێراق بۆ گرتنەوەی هەولێر ناردی, لە ١٢ی ئووتەوە لە تكریت, باژێری زاگەی سەددامەوە وەڕێ كەوتووە و ئەمە نیشانی دەدا كە شالاو بۆ سەر هەولێر پاش دەستێوەردانی ئێران لە مانگی ژووئیەدا پتر كەوتۆتە سەر دەور و دانوستانی بەگەرمەی نێوان بارزانی و ئێراق بە مانگێك پێشتر دەستی پێكردووە. وتووێژی تەلەفۆنی لەتەك چەلەبیدا, واشینگتۆن دی.سی. ١٥ی سێپتامبری ١٩٩٦.

➢ "بەڵێنی بە نووسراوە": لە ١٩٩٢دا واشینگتۆن هەوڵی دەدا ڕێبەرانی پارتی دێموكرات و یەكێتی نیشتمانی بۆ چوونە پاڵ شووڕای میللی ئێراق پێمل بكا, وەختایەك بارزانی باسی خەیانەتی كیسینجێری كرد و ئێسكووكرافت پێی گوت كە "ئێمە پشتی ئێوە بەر نادەین."

بێیکێر بە نووسراوە بەڵێنییەکی وەوتۆی دا, وتوویژ لەگەڵ زێباری, سەلاحەددین, ٥ی فێوریەی ١٩٩٦. "گۆر", یەکێك لە پایەبەرزانی ئەمریکا, کە تەنیا کەسێکە بە ئاشکرا خوازیاری خاشەبڕ بوونی سەددامە, هەروەها "لیك"یش پشتیوانی ئەمریکاییانی بۆ کوردان و شیعان دووپات کردەوە: شایەتی دانی پۆل ولفۆ ویتس لە بەردەم کومیتەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی مەجلیسی پیراندا (سوو کومیتەی ڕۆژهەلاتی نیزیك و باشووری ئاسیا) ١٩ی سێپتامبری ١٩٩٦.

➢ ئێسکووکرافت, نیووزویك, ٢٣ی سێپتامبری ١٩٩٦.

➢ "سێسەت قەبزە تۆپ و ..." جان دۆویچ, سەرۆکی سیا, شایەتی دان لە بەر دەم کۆمیسیۆنی هەڵبژێراوی مەجلیسی پیراندا (تایبەتی زانیاری) ١٩ی سێپتامبری ١٩٩٧.

➢ "شەڕی نێوخۆی کوردستان": پێری، بە پێی نووسراوەی ئینتێرنەشناڵ هرالد تریبیۆن, ٩ی سێپتانبری ١٩٩٦.

➢ "کردەوەی بێ‌مانا": ئەمریکاییەکان وادەیان دابوو بە کارمەندە کوردەکانیان کە نەخشەیەکیان هەیە لە بۆ ڕاگوێزتنیان, کە قەت وە کردەوە نەگەڕا. وتوویژ لەگەڵ موئەیید یۆنس, ٦ی فێوریەی ١٩٩٦.

➢ "لە بابەت ئەم خەیانەتەوە هەستیان بە شەرم و شوورەیی و سەرشوڕی نەدەکرد": سامی عەبدوڕڕەحمان ئیددیعای دەکرد کە پارتی دێموکراتی کوردستان تاقمی سەر بە شووڕای میللی ئێراقی لە ناوچە ڕاگوێزتووە, بەڵام بۆ ئەوانەی کە لە ناوچەی تاڵەبانی بوون ئەرکێکی لە ئەستۆ نەبووە. مەبەستی هەولێر و عەنکاوە بوو. وتوویژی ڕۆژنامەوانی, سەلاحەددین, ١٢ی سێپتامبری ١٩٩٦.

➢ "کەنداوی خووگان": پۆل ولفۆ ویتس, شایەتی دان لە بەردەم کومیتەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی مەجلیسی پیراندا لە پێوەندەی لەگەڵ ڕۆژهەلاتی نیزیك و باشووری ئاسیا, ١٩ی سێپتامبری ١٩٩٦.

➢ "ڕوونە..." دۆویچ, شایەتی دان لەبەر دەم کومیتەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی مەجلیسی پیراندا لەمەڕ زانیارییەکانەوە.

➢ "ئەگەر لە هەڵگیرسانی ئەم شەڕەدا بەرپرسایەتییەك هەبێ..." ئینتێرنەشناڵ هرالد تریبیۆن, ١٢ی سێپتامبری ١٩٩٦.

➢ "ناوەندی ڕێکخستنی نیزامیی": لێپرسراوانی پارتی دیموکرات و یەکێتی نیشتمانی، بە جودا سوور بوون لەسەر ئەوەی کە ناوەندی ڕێکخستنی نیزامیی هەر ئەو دەم دەیتوانی بە هەنتەشی خۆی و سەرکۆنەی بارزانی و تالەبانی پێش بە هەڵگیرسانی شەڕی نێوخۆ بگرێ, وتوویژ لە کوردستانی ئێراق، فێوریەی ١٩٩٦.

➢ ٧٩٥ میلیۆن دۆلار, نزیکەی ٥٨٣ میلیۆن دۆلار لە ساڵی ماڵیی ١٩٩١دا درا؛ ئەو دراوەی دەدرا بێ نیوبڕ لە ٧١ میلیۆنەوە بۆ ٢٢/٤ میلیۆن لە ١٩٩٦دا دابەزی. گوزارشتی ئاژانسی ئەمریکا بۆ پەرەی نێونەتەوەیی, ٥ی سێپتامبری ١٩٩٦.

➢ "بڕیارە بەدرۆکان": وتوویژ لەگەڵ زێباری, لەندەن, ٢١ی سێپتامبری ١٩٩٦.

➢ "بە شێوەیەکی وا کە بە تەرکەندە نەدەسەلمێندرا": سەرچاوە:نیۆیۆرك تایمز, ٢١ی سێپتامبری ١٩٩٦.

➢ "ئەمە زوڵمێکی ئاشکرایە": ڕاپۆرتی لێوردنی نێونەتەوەیی, پێخوست کرانی مافی مرۆڤ لە کوردستانی ئێراق لە ١٩٩١ بۆو لایە, فێوریەی ١٩٩٥.

➢ "تاوانی تۆوبڕ کردن": نێرەڤانی مافی مرۆڤ, پاش خوێندنەوەی بەڵگەنامە بە خەنیمەت گیراوەکان لە ئێراق و ڕاگوێزرانی ئەم بەڵگەنامانە بۆ ئەیالەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا, بەم هیوایە کە دەوڵەتێك ئەم تاوانە لە دادگای نێونەتەوەیی لاهە بێنێتە گۆڕ پێوەندی بە چەند دەوڵەتەوە گرت. یادداشتی کنێس ڕووس, بەرپرسی کارگێڕی, ٣٠ سێپتامبری ١٩٩٤.

➢ "شەڕی ئێمە": وتوویژ لەگەڵ بارزانی, سەلاحەددین, ١٣ی فێوریەی ١٩٩٦.

➢ "بارزانی تەواوی کوردستانی قووت دا...": دیلی تێلگراف, ١٨ی سێپتامبری ١٩٩٦.

➢ "ئێگلتۆن هەروەها لەسەر ئەم بڕوایە بوو": ویلیام ئێگلتۆن, "کۆماری کورد, ساڵی ١٩٤٦", لەندەن, ١٩٦٣, لاپەڕەکانی ١٣١ و ١٣٢.

فەرهەنگۆك

(ئـ)

ئادە: جەزیرە.

ئارا: نێوان و دۆستایەتی.

ئاراز: ڕووبارێکی نێوان سنووری ئێران و ئازەربایجان (رودارس).

ئارام: ناوچە, دەوروبەر. *کابرا هەر لەو ئارامە نەماوە.*

ئاسنڕفێن: ئاسنفڕێن (آهن روبا).

ئامیان: هەوێن.

ئاوەلمە: نەبەگە, خۆنەگرتوو, دەڵەمە ئاسا, ئاولمە, بێچووی نێو زگ کە باش خۆی نەگرتووە.

ئۆقرەورووژێن: ئۆقرەئەنگێو (هیجان‌انگیز).

ئۆینگێڕان: فێڵوفرت کردن, جامبازی نواندن, گەمە ساز کردن, مەکر و دۆلاب نانەوە.

ئەرباب: خاوەن, ئاغا.

ئەزمواو: بەتاقی‌کراوە, ئیمتیحان‌کراو.

ئەسکەملە: سکەملە, ملە کردن بە سکە, قوماری شێر و خەت.

ئەڵڵابەختەکی: گەللایی, ڕەشۆکی, شانسەکی, کردنی کارێك بێ ئەوەی بناغە و ڕێوشوێنی لە پێشا بۆ دیاری کرابێ. کردنی کارێك هەر لەسەر خودا نەك لەسەر لێکدانەوە و مەنتیق.

ئەلمان: ئالمان, ئەڵمان.

ئەنگڕان: لە ڕادەبەدەر و زۆر دەوڵەمەند بوون, لە خۆبایی بوون لەبەر دەوڵەمەندی و سامان, غللووری.

ئەوسەرێکەی: ئەوپەڕێکەی, سەری‌ئەوسەری.

ئیشکەڕن: گاڵتەجاڕی گەمەی تەنافبازی (دلقك).

ئینکەبەری: لاساری, گوێنەبیستی (لجبازی).

ئیوهایە: ئاوایە, وەوتۆیە.

(ب)

باخی لەبەر: باخی بە بەر, باخی بە میوە.
بادی هەوا: غللوور, قۆڕدەماغ, بەفیز.
بازرە: تەرەبوون, هەلاّتن و ڕەوین و دەرپەڕین.
باڵەخانە: نهۆمی دووهەم, خانووبەرەی لە یەك نهۆم زیاتر.
باڵەفڕ: باڵگەرد, باڵسوور, باڵفڕفڕە (هلیکۆپتێر). *پێشنیاری خۆمە*.
باندۆر: کارتێکردن, شوێن لەسەر دانان.
بانگێشتن: بانگهێشتن, دەعوەت کردن, بانگ کردن بۆ میوانی.
باوباوێن: چاوچاوێنی بە دزی ئاشقە و ماشقە.
باییس: باحیس, سەبەب.
بڕەمبڕەم: کەڵەکەبڕێن, پاڵڕێکدانی جەماوەر بە شانەچرکە و بزووتن بەرەوپێش, بە پەلەپەل کار کردن.
بزۆك: هەر شتێکی بزووتن و جووڵەی هەبێ (متحرك).
بۆندژی: خراپ لە مەبەستێك حاڵی بوون (سوءتفاهم).
بووکەڵە: بووکی بچووك, بووکی دەسکرد بۆ منالاّن (عروسك).
بە حاڵ ودووبەلاّ: بە ئاستەم, بە حاستەم, زۆر بە کەمی.
بەدەس گرتن: هەڵگرتنی کچێنی کێژ, دەسدرێژی بۆ کردن.
بەربەست: بەربەس, گرێ و کۆسپ, تەگەرەی سەر ڕێگا (مانع).
بەربەلاّ: وەبەر بەلاّ هاتوو, بەلاّ لێدراو, قوربانی کراو.
بە تەبیعالەم: بە ئاشکرا, بە دەنگ و هەرایەکی ئەوتۆکە خەڵك پێبزانێ.
بەردەباز: پردەباز, ئەو ڕیزە کوچکەی لە بەرینایی شەقەجۆگە یا ڕووباری تەنكدا بۆ پەڕینەوە جەللە دەکرێن.
بەرعۆدە بوون: زەمانت کردن, وە ئەستۆگرتن, دەسبەربوون.
بەرگروانی: زەمانەت, دەستەبەرێتی.
بەرگە: وەرەقە, وەرەقەی هاتوچۆ.
بەرگریکار: پارێزەر (مدافع).
بەرهەڤ: ئامادە, حازر.
بەزێنە: ڕقە و ملبەملە کردنی دوو یان چەند کەس پێکەوە بۆ بەزاندنی یەکتر. "چاوبەزێنە"ش هەیە, دووکەس چاو لە چاوی یەکتر دەبڕن و هەرکامێکیان زووتر چاو بتروکێنێ بەزیوە (رقابت).
بەفیتی فلاّن کەس: بە دەسیسەی فلاّن کەس, بە دەهۆی فلاّن کەس, هانە, دنە (تحریك).
بە قەباڵ هەڵگرتن: دەستەبەر بوون بۆ ئەنجامی کارێك بە دەمبڕ, پەیمانکاری, لەبڕ کارکردن.

بەگەرمە: بە پتەوی, شێلگیرانە, سوور بوون لەسەر مەبەستێك, بە جیددی.

بە لێشاو: یەگجار زۆر, زۆر و زەوەند.

بەندیواری: پێوەندی, پەیوەندی.

بە هەشتاو: بە شتاو, بە لەز, بە پەلە.

بێبەروپشت: کەسێکی جێی متمانە و باوەڕ نەبێ, وەك نیسك وابێ و بەروپشتی دیار نەبێ, بێ بەقا.

بیبیجان: بیبیجانخانم (عروسك خیمەشببازی).

بێتەل: بێسیم.

بێرەبێر: دڵخورتە, دڵاودڵی.

بیمە: وە ئەستۆ گرتنی زەرەد و زیانی گیانی و ماڵی کەس یا کەسانێك یان هی بنکە و دامەزراوەیەك لە لایەن شەریکە یا بنکەی "بیمە"وە لە بەرامبەر وەرگرتنی هەقێکی دیاری کراوا, پێش ڕوودانی زیان و زەرەر.

بۆرەبەڵێنی: وادەیەکی سەرزارەکی و لەرزۆك, بۆرە قەول.

بێونەبێ: بێگومان, بێشك.

(پ)

پا: ئەندازەیەك بۆ پێوان و میتر کردن. هەر "پا"یەك ٣٠/٤٨ سانتیمیترە.

پارێزگا: ئوستان.

پارێزگار: ئوستاندار.

پارێزەر: حەرەس, پاسدێر و پاسەوانی کەسێك یا شوێنێك.

پاشقول دان: کینایەیە لە حەشاردان, ماڵی کەسێك خواردن.

پاوان: قەدەغە, تایبەتدراو.

پاڵەوپاڵ: پاڵوێکداو, تەواو لێكجووت بوو, بە چڕی تێکبەزین.

پرس: قەزیە, مەسەلە.

پرکە: وردکە, کەمۆکە, پرتك.

پڕکێشی: پێ لێهێنان, شوو لێهەڵکێشان، پێداگری یەگجار زۆر لەسەر مەبەست.

پسمام: ئامۆزای نێرینە، کوڕەمام.

پشت ڕاست کردنەوە: ئۆباڵ بۆ کێشان و تەئید کردن.

پووش بەسەر کردن: کینایەیە لە شاردنەوە، لە بەرچاوان ون کردن.

پەرانپەران: پەرەمپەرەم، لێكدابڕان بە پۆل یان تاق و واز.

پەرداخ: زەرك، شەربە، لیوان, ئاوخۆری.

پەژار: خەمبار، پەژارەدار.

پەرێش: پەرێشان، پرشوبڵاو، نیگەران.

پەیکەردەی: شوێن لە دوو گێڕان، دواکەوتن (تعقیب).

پێتەویستی: پێداویستی، پێویستی.

پێداپێدا: وردەوردە، بەرەبەرە.

پێگۆڕکە: ئەم تەختاییەی لە بادانەوەی پلیکانانەدا باری هەوای پێی لێدەگۆڕدرێ (پاگرد). *ئەم وشەیەم لە شاعیری ناسک خەیاڵ "میرزا محەممەد نووری" بیستووە.*

(ت)

تاقەتپرووکێن: تاقەتبڕ، بڕستبڕ (طاقت فرسا).

تانك: دەبابە.

ترکزەخواز: سەر بە گێچەڵ (ماجراجو).

ترەکەڵەك: کارێکی خۆنەگر کە هەر بە چووکترین هەڵکەوت تێکبچێتەوە. لەسەر یەکتر هەڵچنینی هەر شتێك بە شێوەیەکی ناشیانە، کاری ڕواڵەتیی و لەرزۆك (سرهمبندی بە صورت نیمبند).

توخم: ماك، تۆو (عنصر).

تۆوبڕکردن: بڕینەوەی تۆو، ڕەگەزکوژی، ژێنۆسایدە. *تێبینی:* پێم وایە چونکە ژێنۆسایدە زۆر لە ڕەگەزکوژی بەرفرەوانترە کە ئێستا لە ئەدەبیاتی سیاسیدا جێی کردۆتەوە، وەك ژێنۆسایدی فەرهەنگی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و ... "ڕەگەزکوژی" پڕ بە پێست نیە. بۆیە پێشنیارم وایە "تۆوبڕکردن" لە بری "ڕەگەزکوژی" دابندرێ. تۆوبڕکردنی فەرهەنگی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و ...

تێکهەڵگلان: تێکهەڵگلان، لەپڕ سەرەونخوون بوون، بەربوونەوە، وە حەرز کەوتن.

تێیتەقاند: هەڵات، بە پەلە تێپەڕی.

تەتەڵە کردن: هەڵتەکاندنی دەغڵ و تووتن بۆ پاك کردنەوە لە چێوك و قاچك و زێدەدەمار. کینایەیە لە لێکجودا کردنەوەی چاك و خراپ.

تەراکتۆر: تەراختۆن، تراکتۆر.

تەرەکەمە: بازرە، ڕاکردوو، خانەولانە جێهێشتن لە ترسان، تەرە بوون، پەڕەوازە بوون.

تەفرەدان: هێنان و بردن و ئەو دەستەودەست پێکردن، چزاندن بە حەواڵە بە گەواڵە، جزیا دان.

تەقیو: تەرەکەمەبوو، بازرەبوو، هەڵاتوو.

تەلەفیزیۆن: تەلەویزیۆن، تلەیزوون، تەلەبزیۆن، تلفیزیۆن، تلەویزیۆن و ...

تەناهی: ئاسوودەیی، ئاساییش و هێوری و ئارامی، هێمنایەتی.

تەنکەخەڵك: ئەو شوێنەی وا خەڵکی کەم لێ بێ. *خەڵك تەنکەی کردبێ و ڕۆییبێ. ئەم تەرکیبەم لە ڕووی "تەنکەدار" ساز کردووە. میچێك کە پڕ دار نەبێ، یانی داری زۆر پێ ڕایەڵ*

نەکرابێ "تەنکەدار"ە. یان باخێك کە زۆر چڕ و چغور نەبێ پێیدەگوترێ "تەنکەدار".

(ج)

جگەزەرد: جگی گۆڕین، جگی مەنشوور لە جگێندا. جگی هەرە باش، یەکەجگ.

جوغز: جغز، جەغز، هێڵی بازنەیی.

جەڵتە: خوێنی مەییو، خوێنی پندرەوەبوو, جەغەتە بەستوو.

(چ)

چاکسازی: چاك کردن، دەس پێداهێنان بۆ گۆڕین بەرەو باشی، هەنگاوی بەرەو ئاڵوگۆڕ بە باری چاكدا (اصلاحات).

چاوناس: مەشهوور، مەنشوور، بەناوبانگ، ناوبەدەرەوە.

چاوەدزکە: بە دزی ڕوانین بۆ کەسێ، چاوچاوێنی پەنامەکی, چاو حەشاردان.

چرپانچرپان: بەگەرمە و لێکدالێکدا و بە هەڵلا و گرمەوە بزووتن، سرپانسرپان, سمرسمر.

چلووبڕ پێکردن: چلەبڕ پێکردن، دەرکردن لە جەنگەی چلەی زستاندا، بە ڕۆژی تۆف و تاڵ و توون دەرپەڕاندن.

چنگڵە: چنگاڵ، قولاپ، قولاپە (قلاّب).

چواربەندە: چوار گەی سەرەکی قەلافەتی ئینسان, تێکڕای ئێسقانی قەلافەتی زیندەوەرێکی ئێسقاندار, کۆئێسقان (استخوان بندی - اسکلت).

چەت: لەمپەر، بەرهەڵست.

چەندبنەکی: چەن بنەکی، خاوەنی چەندین بنە. *ماڵی چەند بنەکی، بنەیەکی سەرەکی هەیە و ئەوانی دیکە نیمچە سەربەخۆن. "دەوڵەتی چەنبنەکی" پێشنیاری خۆمە بۆ "دولت نامتمرکز".*

(خ)

خافڵکوژ: غافڵکوژ، ترۆریست.

خشتە: جەدوەل.

خواییەنخوایی: بتهەوێ و نەتهەوێ.

خوتخوتە: خورتخورتە، دڵەخورتە، دڵنیگەرانی.

خۆڕایی کردن: بەرەڵلا کردن، خۆ لێ بێخاوەن کردن.

خۆشئاژۆ: خۆشاژۆ، خۆشڕەو، تیژڕۆ.

خویا: خۆیا، خوویا، ئاشکرا، دیار، بەرچاو.

خەمۆکی: ژاکان بە خەم (افسردگی), خەمۆك (افسردە).

(د)

داخڵە: کەشەوی مێز (کشو میز).

دارولـەلـە: ئەنـدازە، ڕادە. قـەدیم بـۆ پێـوانی ئاسـتی ئـاو داریـان لـە گـۆلاو دەچـەقاند و شـوێنی ئاوەکـەیان لـەلـە دەکرد تا بزانن داخوا کـەم دەکـا یـان زیاد.

دایــە بــەرەوە: وەپێــشی دا، خــستیە پێشەوە.

دژدیــن: موخــالیفی دیــن، نــەحاواوە لەگەڵ ئاینی ئاسـمانی.

دوعــاگیرابوون: دوعــاگرتن، قبــووڵ بوونی پاڕانەوە.

دووچۆمان: نێوان چۆمان، میانـدواو. *دوو چۆمان پێشنیارێکە پتر لە دەقەکانی مامۆســـتا "هــــەژار"دا دیومــــە بــــۆ "بین‌النهرین".*

دووشك: دوودڵ، دڕدۆنگ، بەشك.

دەرزی گۆزەڵە: سێرۆم (سرُم).

دەس بەردانــەوە: دەس هــەڵگرتن و تەسلیم بوون.

دەس‌پیس: دز، نائەمین.

دەستەودەیارە: دەسـتەودایەرە، تـاقم، دەستەوبەستە, لایەنگرانی کەسێك.

دەس شــــکاندنەوە: کینایەیــــە لــــە پەژیوان بوونەوە, تاسووف خواردن.

دەق: مەتن (متن).

دەق‌ودۆغر: ڕاستەوڕاست و بێ‌پێچ و پەنا (صر احتـاً).

دەگوشت: دەکوشت.

دە ناخێ ڕۆکردن: ناشتن، لـە خـاك ڕاکردن، کینایەشە لە کوشتن.

دی: دیکە، تر.

دیزە بە دەرخۆنە کردن: کینایەیە لە حەشاردان، شاردنەوە.

دیوە: دیومە، دیتوومـە. *ئـەو کابرایـەم دیوە.*

(ر)

ڕابوونـــــــەوەی هەتاهـــــــەتایی: هەستانەوەی یـەکجارەکی و ئەبـەدی و هەمیشەیی (رستاخیز جاوید).

ڕاز هەڵێنانەوە: نـەهێنی هەڵێنانـەوە، زانینــی جــوابی ســورێکی دایــدێنن، دۆزینەوەی مانای ڕاز.

ڕاستەکی: ڕاستییانە، هەر مەبەسـتێکی سەری بچێتەوە سەر ڕاستی.

ڕاوە: ڕاڤە، شەرح، مانا، تەفسیر.

ڕەفحە: ڕەف، تاقە, ڕوفحە.

ڕەوشـــــتەکی: ئـــــەخلاقی، هــــەر مەبەستێکی بـچێتەوە ڕەوشـت و ئاکـار (اخلاقی).

ڕەوگە: شوێنی پێداڕۆیشتن (مسیر).

ڕێژە ڕۆیشتن: بەڕیز ڕۆیشتنی سپا بە شێوەیەکی ڕێکوپێک بە مەبەستی مەشق پێکران یان خۆ نیشاندان لە بەرامبەر سەرکردەدا.

ڕیازیات: ڕیازی، ماتیماتیك.

(ز)

زڕەچێرگ: زڕەچرگ (هوبرە).

زیوان: جوولان، تەکان خواردن.

زێوان: زێوەوان، ئاگادار و پاسەوانی گۆڕی کەسانی ماقووڵ.

(ژ)

ژیانەکی: ئەوەی بەسترابێتەوە بە ژین (حیاتی).

(س)

ساختەکاری: جەعل کردن، بە درۆ مەبەستێك هەڵبەستن.

ساخلەمی: ساخی و سلامەتی و بێهداشت، تەندروستی.

ساڵمەخەتە: هەڵە، خەتا، لە جەغز دەرچوون، پەل بزاوتن لە جێیخۆ.

سۆزە: سۆراغ کردنی باس و هەواڵ، هەست بە مەبەستێکی نەدرکاو کردن، سووسە.

سوکان: فەرمانی ئوتۆمبیل.

سەربادان: مل بادان، بریتییە لە موخالیفەت کردن.

سەرپشکایەتی: سەربەشێتی، ئەولەوییەت پێبوون، سەرەتی، بەرێتی (اولویت).

سەرڕەو: پڕتاو، بە غار و هەڵەداوان هەڵینگدان.

سەرڕەوی: پێشەنگایەتی، پێشڕەوێتی.

سەرسووتان: نابووت بوون و هیچ بە دەستەوە نەمان، تەواوی ماڵ و دەسمایە لە چنگ بوونەوە (افلاس).

سەر وێهێنان: پەنا بۆ بردن، خۆ وەژێر باڵدانی کەسێ.

سەرتەقە: کارکردن بە هەوڵێکی نەزۆر توند و پتەو، تێگەیشتنیکەم.

سەرەدا: سەرەتا، دەسپێك.

سەرەك: سەرۆك.

سەرهەڵدان: ڕاپەڕین، سەربزاوتن، جووڵانەوە و خەبات.

سەگوان: تیرهاوێژی سێرەڕاستی ئەنگێوە.

سەمەد: هۆ، سەبەب، مەیلێکی دەروونیی کە هانی مرۆڤ بدا (انگیزە).

سێسووچ: سێکوان، سێسووچە، سێگۆشە (مثلث).

سێیەك: لە سێ بەشان بەشێك (يكسوم).

(ش)

شاری ئاواتەخواستە: شاری پاکژ، بازێری بە ئاوات خوازراو (مدینەی فاضلە).

شالوولە: لوولەی هەرە گەورە، بۆری ئەستوور.

شانۆ: سەکۆ و شوێنی هونەر نواندنی شانۆگەران (صحنە، صحنەی نمایش).

شوێنکەوت: ئەو مەبەستەی بە دوای کردە یان وتەیەکدا دێ، ڕەنگدانەوەی دوایی، ئاقیبەتی ڕەوت و ڕووداو (پیامد).

شوێنکەوتە: پەیڕەو، کەسێکی دەکەوێتە شوێن مەبەستێك و پەیڕەوی لێ‌دەکا، وەشوێن کەوتوو.

شەڕکەوتنە قۆبی: ئیدیۆمە و بریتییە لە کار کەوتنە جێی باریك و ئەستەم، کار کەوتنە ڕۆژی خۆی.

شەڕوەنی: شەڕەنگێزی، خراپە خوازی (شرانگیزی).

شەریکە قازانج: هاو قازانج، *لە هیچ شوێنێك نەمدیوە لە بری "مشترك‌المنافع" هاتبێ، پێشنیاری خۆمە بۆ مانای "مشترك المنافع"؛ "هاوبەرژەوەند"یش دەکرێ بێ.*

شەیتانە بازاڕ: بازاڕی ڕەش، ئەو بازاڕەی کە نرخ خوار و ژووری زۆرە و بە پەنامەکیش مامەڵەی تیا دەکرێ. *ڕەنگە هەمان "بازار سیاه" بێ.*

شێرە: ئامرازی کردنەوە و گرتنەوەی لوولەی هەر شتێکی ئاوەکی.

(ع)

عەداوەت: دوژمنایەتی، دوژمنی.

(ف)

فڕسوار: لە خۆبایی، مەغروور.

فڕۆکە: ڕفۆکە، تەیارە، بالآفڕی شەڕکەر یا هی موسافیربەر.

فڕهەڵدان: قوم لێدان، بە قومێك شتی ئاوەکی خواردنەوە و هەڵقوڕاندن، پێداکردنی لێکدالێکدای مەشرووب.

فیفی: واز وازی، تۆتەکە نەگر.

(ق)

قان: دەرفەت و ئیمتیاز.

قایمە: سیایی، لیست، لیستە.

قزە: ترسەنۆك (ترسو، بزدل).

قورمیشی: ئەوەی بە قورمیش کار بکا (کوکی).

قوژبن‌پشکن: کەلێن و کاژێرپشکن (کنجکاو). *شاعیری نەمر "سوارە ئێلخانی‌زادە" سازی کردووە.*

قەراروبڕی: قەرار و بڕیار، پەیمان.

قەیتەرقوو: قووت دان، لێس دان، خواردنەوە.

(ك)

کار بەکەیفە: کار کردن هەروا لە ڕووی ئیشتیاوە، کاری نێوەنێوە و جاروبارە هەر کات مرۆڤ کەیفی لێبوو، کەسێکی کار بۆ سەرقاڵی وەك شتێکی لاوەکی چاو لێ بکا (متفنن).

کامووس: کابووس، سرنجك.

کلابوون: کل بوون، تلاسا بوون، لادان.

کۆلەداری: بەردەداری، ئیستیعمارگەری، کوێلەداری.

کۆدەسەلات: ناوەندیخواز (متمرکز).

کۆنەونوێ: هەر شتێکی تازە نەبێ و کاری کردبێ، دەستی دوو.

کەسیرە بوون: سڕ بوون، ڕەق هەڵاتن لە سەرمان.

کەڵتە کردنەوە: نوێسازدانەوە، چاك کردنەوە (تعمیر کردن).

کەڵکەڵە: خولیا، خەیاڵ، وەسوەسە.

کەڵەشاخ: شاخەکەڵ، کینایەیە لە ملهوڕی سەروەشێن.

کەینەوبەینە: تەگبیر کردنی پەنامەکی و ڕێکەوتن بە دژی کەسێ یا کەسانێ.

کێوی: کێفی، وەحشی، دڕندە، دوڕندە.

(گ)

گلدانەوە: گێڕانەوە، دەس بەسەر داگرتن.

گۆدەتا: کۆدەتا، کۆدیتا، کوودێتا.

گەڕانگەڕ: دەورانپشت، دەوروپشت، دەوروبەر (پیرامون).

گەرداو: گەرداڤ، کینایەیە لە بەڵا و گێرە و کێشە.

گەرمەتەندوور: نانی گەرمی تازە لە تەندوور کراوە، نان و کولێرەی گەرم و تازە. کینایەیە لە باس و هەواڵ و مەبەستی زۆر نوێ و تازە لە کەڵ دەرچوو.

گەڕیان: جەریان، سووڕیان (جریان). *پێشنیاری کاك "ئەحمەد قازی"یە.*

(ل)

لاتار: فڕ و لاتاو، تیر و تانە.

لادەستە: هەر شتێکی کە سەرەکی نەبێ و بکەوێتە ئەملا و ئەولا، لادەستەکی بێ، وەك ڕێگای لادەستە (راه فرعی).

لامەلامە: مەرایی، ڕیایی.

لاوژۆ: لاوە، گەنج، لاوژە.

لۆسە: مەڵغە، باری، لـۆس. لۆسـەی دەسەڵات (اهرم قدرت).

لووت تێبوون: ڕووی‌خـــــۆش تێبوون، موافیق بوون.

لەبەریەك گرتنەوە: لە ڕووی یـەكتر وێنە و كـۆپی هەڵگرتنـەوە، لـە ڕووی یەك زەبت كردنەوە.

لە پای سەری دان: غەیبەت كـردن و بۆ تێچاندن، ژێر پێ‌كۆڵین.

لەپەســـــتا: یــــــەكبین، لەسەریەكلەســـەریەك، بـێ وچـــان و هەدا.

لە پێپەڕین: لە پـێ كـەوتن، چـورتە لـێبڕان.

لەتەركێن: قەت قەت، هەرگیز.

لــەزۆق: بـە زۆق و شـەوق، شـاد و بەدەماخ.

لــە گــڕی خۆدابـــوون: لەوپـەڕی خۆشی دابوون، زۆر زۆر بـە كـەیف و شاد بوون.

لێـك دەركـردن: تۆڵـە لـە یـەكتر كردنەوە, ڕق بە یەكدی ڕشتن.

لێوەگر: لـێ‌گیرەوە (مُسری، اپیدمی).

(م)

متەق مردوو كردن: متەق لـێبڕین، فزە لـێبڕین، وسكوت پێ‌هێنان.

مراد مردوو: ناكام، نامراد، بێ‌مراد.

مسەوەدە: بەڵا و نەهامەتی.

معاش: توێشەی بەڕێچوون، مانگانە.

مەدار: هێڵكـی بازنـەیی خـەیاڵیی لـە ڕێكی زەویڕا شانبەشان و هاوتـەریب لـەگەڵ هێڵی پشتێندەی ئوستوا، هێڵ.

مەسەب: مەزەب، مەزهەب.

مەفرەشبار: دوو تا باری پڕ لـە كا كـە لە بارەبەر دەنـدرێ و نەخۆشـی تێـدا ڕادەكێشن بۆ گوێزانەوە.

میتر: مێتر, گەز.

میل: هەزار هەنگاو. میلـی ئینگلیـسی ١٦٠٩ میتر و میلـی دەریـایی ١٨٥٢ میترە.

(ن)

ناچیزە: پووچەكە, هیچ و پووچ.

ناسەرســـــەنگی: نــــا بــــەدڵی, سەرسەنگینی (اكراه).

نردوو: دەستەوارە, نان و كـولێرە یـا هەر شتێكی لەسەر یەك قـەد بكـرێ و هەڵبگیرێ. *كابرا نردوێكـی پـووڵ لـە باخەڵی‌دایـــە. (هەڵبـــەت پـــێ لـێ‌هەڵێنانە)*. نردوێكـی قاقـەز لـە بـن هەنگڵی ناوە.

نژم: قەڵافەت, تـەرح و دیـدار, بیـچم (ریـخت و قیافە).

نـــژیارڤانی: ئەنـــدازیاریی خـــانوان (مهندسی معماری). نژیارڤان: (مهنــدس معمار).

نسحەت: پەند, ئامۆژگاری, نسیحەت (نصیحت).

نوشتاوە: تا کراوە, قەد کراو.

نەبەدی: ون, بزر, نائاشکرا(نامرئی).

نـــەهێنگا: حەشـــارگە, شـــوێنی خـــۆ حەشاردان, جێگەی ماتە تێدا هەڵگرتن (مـخفیگاه).

نێرۆی: ئاگادار و چاوەدیری جەماوەر (سرپرست).

نێرەڤان: دێرەوان, پاسـەوانێ کـە لـە ڕوانگـــەوە دەڕوانێتـــە دەوروبـــەر (دیدەبان).

نێرینە: نێوەڕاستی ڕووبار, چـەقی ڕێ, نێوەڕاست.

وارگە: شوێنی ژیان, شوێنی دامـەزران و حەسانەوە (اقامتگاه – زیستگاه).

واش: ئاواش, *واش نەبێ هەر دەبێ*.

وان: ئاوان, وەوتۆن.

وارووێخ: چلۆنایەتی بوون و نـەبوون (موقعیت). (وار و یـۆخ) یـانی هەیـە و نیە؛ ترکییە. بەڵام لـە کوردیدا ئـاوای بەسەر هاتووە, ئەوێکی هەیە و نیە.

وسکوت: وسکت, بێـدەنگی, کـڕ و کپ.

وڵوڵـــە: گـــەرای نێـــوزگی مـــەل و پەلەوەری هێلکەکەر, ورورە.

ونـجڕونـجڕ: لـەتوپـــــــــەت, لـەتوکوت, تڵیشتڵیش.

وە تەنگ هاتن: تەنگ پێهەڵـچوون, وە ئامان هاتن.

وەچە: تۆرەمە, ڕەگەز, نەسل.

وەحشی: دڕندە, کێوی, نەعاملاو.

وەخۆکــا: نـــەیتارێنی, وەریبگـــرێ, وەخۆی بـخا.

وە قلەهاتن: وە کەیف هاتن, وە زۆق هاتن, وە هەیەجان هاتن.

وەندووکــــــە: ئەوەندووکـــــــە, کەمۆکەیەك.

وەندە: ئەوەندە.

وەوتۆ: ئاوا, بەم شێوەیە, بەمـجۆرە.

وە وی: وەك وی, چەشـــنی ئـــەو. وە وی دەچێ.

ویـــشکەسوێ: ئیـــشکەسوێ, زۆر تامەزرۆ, کەسێکی کە هەوا و هەوەسی زۆرە (بوالـهوس).

وێزە: پەلاماری پەنامەکی, وە بەر وێزە هاتن: وەبەر پەلامار و سـێرە هـاتن. بـە مانای تاقەت و تواناش هەیە.

وێنـدەرێ: ئەوێنـدەرێ, ئـەو شـوێنە, ئەوێ.

(هـ)

هاتنەوەخۆ: وە خۆ هاتنەوە.

هاشا: حاشا.

هرس: ئەزم، هەزم.

هورم: ئیحتوبار، جێ باوەڕی (اعتبار).

هۆك و بەرهۆك: هۆ و بەرهۆ (علت و معلول).

هەزارە و دوولا: خوارەکە و پێچەکەی کەروێشك بۆ شوێنەونکە لەسەر بەفر، (زیگزاگ).

هەس دانەوە: بە دەم دادانەوە، گێرانەوەی پاتاڵ، بە دەمداهاتنەوە.

هەڵمەدووك: بۆخ، قەدەم (بخار).

هەمێت: گرینگی، گرینگایەتی (اهمیت).

هەنتەش: حوزوور: (حضور - محضر).

(ی)

یا: یان، یام.

یەکبین: بێپشوو، بێنێوبڕ، یەكپشوو.

یەگدی: یەکتر. *لە یەگدی بە بیانوون.*